رۆمان

# مەملەکەتی مێش هەنگ

PDF4Kurd

هەژار عوسمان ئەحمەد

# بەشـەکان

بەشی یەکەم
کۆچی باڵندەکان
* ئۆقیانوسی هێمن
* وەستا کاوەی چەکوش پەرست

بەشیدووەم
زرمەی چەکوشو مەرگ. . . بەرەو گەندەڵی
* مامۆستا شادمانو جەمال نەسرەوت
* بەکری چیاییو کۆتری شۆڕش
* باوکـــی مـیللـەت
* موورادی عاشقو فریشتە

بەشی سێیەم
ڕۆمانی "خەمەکانی لارە گوڵ دەگرن"
* گـوڵ
* گوڵـە نێرگـز
* گوڵـە مێخەك
* گوڵـە بەیبوون
* گوڵـە بـــاخ
* گوڵـە لاولاو
* گوڵـە نازناز
* گوڵـە هێـرۆ
* گوڵـە وەنەوشە

دووبارە بەشی دووەم
زرمەی چەکوشو مەرگ.... بەرەو گەندەڵی

لەپاش بەشی موراد عاشقو فریشە
* هەرێمو دەستەی حوکمڕانی
* شێخبەختەوەر

بەشی چوارەم
مەملەکەتی مێش هەنگ
* چیا هەزار بە هەزارەکان
* کوڕی دایە
* فریشتەی عاشق
* شێتە میهرەبانەکان
* شاری سەردەم
* حاکم پاشا
* زەعیم هەستیار
* هاوڕێ دێرینەکان
* میرانی ڕۆمان نوس

# بەشی یەکەم

# کۆچی باڵندەکان

# 1

## ئۆقیانوسی هـێمن

چەند ڕۆژێك بوو هەستم بەکەمبوونەوەی باڵندەکان کردبوو. کۆچێکی سەیر بوو دەڕۆشتن و نە دەگەڕانەوە. ئەو ماوەیە بەرەبەیان لەخەو هەڵدەستام وسەیری درەختەکانوگوێسوانەی سەربانەکانم دەکرد،تەماشای ئاسمانم دەکرد و بەسەرنجەوە بەراوردی باڵندەکانی ئەمڕۆم لەگەڵ دوێنێدا دەکرد. باڵندەکان ڕۆژبەڕۆژ کەمتروکەمتردەبوونەوە،دواباڵندە کەبینیم ئەو چۆلەکە دایکەبوو بەسەریەکێك لەدرەختەکانی ناوحەوشەکەمان لەناو هێلانەکەی خۆیدا بەکزی هەڵنیشتبوو. بۆ یەکەمجاربوو بینیم باڵندە دەگری،پێشتر هەرگیز نەمبینیبوو کە باڵندەکان بگرین، باوەڕیشمنەدەکرد، وەكچۆنئێستا کەس باوەڕبەمن ناکات. ئەودەمە نەمدەزانی بۆچی دەگری، بەزەیم بەحاڵیدا دەهاتەوە. لەپاش ماوەیەکی دووروودرێژ، لەدوای ئاشکرابوونی کۆچیباڵندەکان ئەوسا زانیم ئەو چۆلەکەدایکە غەمگینە بەزەیی بەمندا هاتبووەوە، ئەوبەرەبەیانە بۆحاڵی من گریابوو. چەند جارێك بەغەمبارییەوە ملی شۆڕکردەوە بۆناو هێلانەکەی، بەدەم جوکەجوکەوە تەماشای منی دەکرد، دواجارلەسەر هێلانەکەی هەستا بەفڕەیەكلەدارەکە دورکەوتەوەو لەبەرچاومدا ونبوو.

ڕۆژگارێکی ترسناكبوو. کۆچی باڵندەکانیش هێندەی ترخەڵکی هەرێمەکەی توشی ترسو دڵە ڕاوکێ کردبوو. هەرێمەکە خۆیلەخۆیدا شلۆق وشپرزەوپڕ لەکارەسات بوو، وەك پاپۆڕێکی شکاوی ناو دەریایەکی پڕ لە شەپۆلی توڕە. خەڵك لەسەرلێواری مەرگ ژیانی بەسەر دەبرد. هەرکەسو بەجۆرێك ئەو دیاردە غەریبەی لێکدەدایەوە. یەکێك دەیگووت:بەڵایەکی گەورە بەڕێوەیە ، زەمانی عوسمانلێکانیش دیاردەی وا

ترسناك ڕوینەداوە. كەسێكیتر لێوەكانی هێشتاهەر دەلەرزین كە وەڵامی دە دایە: ئەوە تۆچی دەڵێیت ؟ساڵی سەفەربەلەكو گرانی گەورەش بخەیتە سەریەك هێندەی ئەم ئافاتە ترسناك نییە. پیاوێكی ترلەناو خەڵكەكەدابەدەنگێكی نوساو هاواری دەكردو دەیگووت:بەخوا خەڵكینە هەموو تۆفانەكانی مێژوو پێكەوە هێندەی ئەم دیاردە غەریبە ترسناك نییە.

كەس سەری لەنهێنی كۆچی باڵندەكان دەرنەدەچوو، هەرێمەكە غەرقی تۆفانێكی ئەفسوناوی ببوو، خەڵك بەیەكتری دەگەیشتن لەبری سڵاوكردن دەیانگووت: ئافاتە... ئافات، ئەوانی تر دەیانگووت:قیامەتە قیامەت.

كۆچی باڵندەكان دیاردەیەكی ترسناك بوو، پێشتر كەس دیاردەی وا ترسناكی نە بیستبوو، دەیانگووت نیشانەی هاتنی بەڵایەكی گەورەیە، ڕەنگە بەڵاكە دەمەو ئێوارەیەك پەیدا ببێت. هەرلەعەسرێكی زووەوە كەس بەكۆڵانو بازاڕەوە نەدەما، هەموو دەخزانە ژورەكانی بنی بنەوە. ئەو بەڵایەی كە خەڵكی تۆقاندبوو هەرنەهات، بەڵام ترسو نیگەرانی سەرتاپا ڕۆحی خەڵكەكەی داگیركردبوو وەك لەبەر دەرگای قیيامەت ڕاوەستابێتن بەورتەورت یەكتریان دەدواند. بەتەنها كۆچی باڵندەكان خەڵكی غەرقی ترسو گومان نەكردبوو، مەلی دیلی ناو قەفەزەكان كەچەندین ساڵ بوو نەوە دوای نەوە ژیانیان تاكو مردن لەكونجی تەنگی قەفەزەكاندا بەسەربردبوو لەناكاو هەمویان یان مردن یاخود هەڵهاتن. هەندێك كەس گێڕایانەوە لەماڵێكدا كەوێك بە دەنوك قەفەزەكەی خۆی وردوخاش كردبوو، وەك باڵندەیەكی باڵ درێژی سوكەڵە بەرەو چیاهەزاربەهەزارەكان لەشەقەی باڵی دابوو. زۆربەی كەناریو بولبولو كەو و باڵندە وردیلەكانی تر لەرۆژێكدا هێندە خۆیان بە قەفەزەكاندا كێشابوو پەڕیان بەسنگی خۆیانەوە نەهێشتبوو، دواجار هەموویان لەسەر پشت كەوتبوون، قاچە كانیان ڕووەو ئاسمان، مردارببوونەوە. دیاردەكان ترسناكو تۆقێنەربوون، مردنی مەلی ناو قەفەزەكان لەكۆچی باڵندەكان ترسناكتربوو، خاوەن باڵندەكان زەلیلی بەر دەستی مەلە مردابووەكانی ناو قەفەزە كانی خۆیان بوون، غیرەتیان نەبوو ئەو باڵندە وردیلانە بەمردویی لەناو قەفەزەكاندا دەربهێنن. میرزا بەگی خەنجەر تیژ چەندین ساڵ بوو ئاشنایەتی لەگەڵ كەودا هەبوو، جۆرەها كەوی لەسەردەمی باڕییەوە تاكو مردن لەقەفەزە تەنگەبەرەكاندا لەلای مابوونەوە. میرزا بەگ بەپێی ئەقڵی خۆی كەوی زۆر خۆشدەویست، هەرگیز دڵینەدەهات ئازادیان بكات. میرزا لەم ساڵانەی دوایدا تەنها نێرە كەوێكی گرانبەهای دەنگ خۆشوئازای مابووەوە . میرزاش وەك هە موو خەڵكی هەرێمەكە ترس تاكو سەر لوتی هاتبوو ، خەنجەرەكەشی هەر بەلا قەدەوەبوو. كە وەكەی ئەویش وەك هەموو باڵنەكانی تر لەناو قەفەزەكەیدا، پشت لە عەرزو قاچەكانی بەرەو ئاسما نو سنگی ڕوتوخوێناوی مرداربووەوە.

میرزا بەگی خەنجەر تیژ لەپێش کۆچی باڵندەکان هەمیشە لەماڵەوە وەك شێر نەڕەیدەهات، دەنگی لەدەنگی گڕەی موەلیدەی ماڵە مەسولەکەی دراوسێیان زلتربوو. ئەوڕۆژە بەرامبەر بە کەوە مرداربووەکە وەك شەتڵی ساوا هەڵدەلەرزی، لەناو نهێنی ئەو دیاردە غەریبەدا گەورەیی خۆی لەدەستدابوو، هاوار هاوار ژنەکەی بانگدەکرد کەوە مرداربووەکە فڕێبداتەدەرەوە. میرزا بەگ پیاوێکی بەخۆی خڕیلانەبوو، کەقسەیدەکرد بەزۆر دەنگی خۆی گڕدەکرد، خەنجەرێکی گەورەی حەوت عەیام لەمەو پێش خۆی بەپشتێنەحەوت لۆفەکەیدا دەچەقاند. خەنجەرەکەی میرزا دەسکێکی زیوی هەبوو کە وێنەی دووخەنجەری لەسەر هەر دوو دیوی دەسکەکەی تێدا نەخشابوو، تەزبیحێکی سوری دەنك گەورەی تێوە دەئاڵاند. میرزا بەگی خەنجەر تیژ هێندە عەنتیکەبوو ئەگەر دەست پیاوی خۆی بکەوتایە تاکو مۆزەخانە داینەدەنا، لەوێش لەبەرزترین شوێندا بۆ تاهەتایە بەپێوە دایدەنا. خێزانەکەی میرزا کەوە مرداربووەکەی لەناو قەفەزەکە دەرهێناو فڕێیدایە بەردەمی میرزاو بەنیگایەك ڕوخساری ترساوی میرزای خوێندەوە، هەرئەو نیگایەبوو کە دوا جار بووە هۆی کوشتنی بە دەستی مێردەکەی.

کۆچی باڵندەکان بەرهەمی رۆژگارێکی تاڵو پڕمەرگەسات بوو، هێندەی نەهامەتیەکانی ئەو سەردەمە ترسو نیگەرانی لەگەڵ خۆیداهێنا. بێزاری خەڵک لەئاستی تاوانەکاندا جگە لەبێدەنگ بوون هیچی تری لێنەکەوتەوە. بێدەنگبوون هەورێکی خەماوی بوو بەسەرئاسمانی هەرێمەکەوە، کەدادەباری هەزارەها خونچەی خەماوی تریان دەگرت. سەرهەڵدانی دیاردەغەریبەکان ئاشکرابوون، بێدەنگی خەڵکەکە لەئاستی ڕوداوەکاندا دیاردەکانی بەنهێنی دەهێشتەوە. سەرچاوەی بێدەنگی خەڵکەکەش لە و ترسەوەبوو لەپشت دیاردە غەریبەکانەوە بۆدەربڕینی ناڕەزایی سنوری کێشابوو.

چەند ڕۆژێك بوو باڵندەکان کۆچیان کردبوو، هێشتا خەڵکی هەرێمەکە لەناو ترس وخەمی کۆچی ئەواندا ژیانی پڕ لە مەرگەساتیان بەسەردەبرد. ئێوارەیەك ، ئێوارەیەکی خەماوی لەدەمی ماڵئاوابووندا جۆرە مێشولەیەکی عەجایب وەك لەشکری هۆلاکۆ و مەغۆل بەگیزە گیز هێرشیان بۆ سەر هەرێمەکە هێنا. لەدوای کۆچی باڵندەکان خەڵکەکە چاوەڕوانی هاتنی بەڵایەکی گەورەبوون، پەیدابوونی مێشولەکان لەناکاودا ئەو بەڵایە نەبوو کەخۆیان چاوەڕوانیان دەکرد، پێشبینی هاتنی جۆرەمێشولەیەکی لەوجۆرەشیان نەدەکرد. (ئەقڵی خەڵکی هەرێمەکە هەمیشە لەدوای ڕوداوەکان زەنگی لێدەدا)

هاتنی مێشولەکان ترسی کۆچی باڵندەکانی لەبیر خەڵکەکەبردەوە. پەیدابوونی مێشولەکان لەوبەڵایە ترسناکتربووکەچاوەڕوانیان دەکرد. ئەو بەڵایە تەنها وەهم بوو

لەخەیاڵی خەڵكەكەدا، ئەگەرنا عەسڵی نەبوو، بەلای ڕاستەقینە ئەو دیاردانەبوون كە گەندەڵی فەرمانڕەوایی‌و بێدەنگی خەڵكەكە خوڵقاندبوویان. یەكەم شەو لەبەر گیزەو ئازاری لمۆزی تیژی مێشولەكان كەس ماڵی خۆیدا نەمایەوە، وەك شێت هەموو دەرپەڕینە دەرەوە ، تەنها ماڵە خاوەن موەلیدەكان نەبێت، ئەوان وردبینبوون پێشتر حسابیان بۆڕوداوەكان دەكرد. ئەو شەوە كۆلانەكان جەنجاڵبوون لەمەخلوق كە وەك شێت لەمسەر بۆ ئەو سەر دەڕۆشتن، بەتەنها شێتەكان لەماڵەوەبوون، ئەو شێتانەی چەندین ساڵ بوو لە كونجو ژێرزەمینەكاندا بەكۆتو زنجیر بەسترابوونەوە.

چەند ڕۆژێك شەڕێكی گەرم لەنێوانی خەڵكو مێشولەكاندا ڕویدا، ڕۆژانە چەندین مێشولەو پیاو دەبوون بەقوربانی ئەوجەنگە كتوپڕە . شێتەكان قاقای پێكەنینیان دەگەیشتە ئەو پەڕی شار. ئەو پیرەمێردانەی شەڕی دژ بە مێشولەكانیان بۆ نەدەكرا لەكۆچەو كۆلانەكاندا بەسەرسامیەوە تەماشای ئەو جەنگە خوێناوییەیان دەكرد، سەریان لەقاقای شێتەكانیش سورمابوو. لەبەر خۆیانەوە دەیانگووت: عەجیییییب. . . عەجیییییب.

دەوری شێتەكانی ئێمە لەم چیرۆكەدا بەتەنها پێكەنین نییە بەشەڕی مێشولەو خەڵكی هەرێمەكە، ئەوان ئەو مەخلوقە عاقڵو پڕ هەستەبوون كەمەملەكەتی مێش هەنگیان دۆزییەوەو شۆڕشێكی ئارامیان خوڵقاند. شێتەكانی ئەم مەملەكەتە گیرۆدەی دەستی عاقڵەكانبوون. ڕۆژانە شێتێك نەبوو لەناو بازاڕدا بەدەستی عاقڵەكانەوە هێندەی تر شێت نەبێت. شێتەكان هەرئەوانەش نەبوون ڕۆژانە لەناو بازاڕدا دەسوڕانەوە ، زۆر لەو ژمارانە زیاتر لە ژێرزەمینی ماڵەكان شاردرابوونەوە. پیاوێك شێتی سروشت بوو، كەچی دیمەنەكانی سروشتیان لێ حەرام كردبوو، كچێك عاشقی خۆر بوو، كەچی خۆریان لێ شاردبووەوە، پیاوێكی تر مەیلی گەڕانی بوو ، كەچی هەردوو قاچیان بەزنجیر بەستبووەوە تاكو ئەو سەردەمەی ئەویش وەك هەموو شێتەكانی تر كۆتو زنجیری پچڕاندو دەرگاو پەنجەرەی ژورەكەی لەبن دەرهێنابوو، لەناو كۆلانەكەی خۆیاندا زۆر بەهێمنی بەرەو چیا هەزار بەهەزارەكان بەڕێكەوتبوو.

نەهامەتیەكانی خەڵكی هەرێمەكە بەتەنها سەرهەڵدانی دیاردە غەریبەكان نەبوو، نەخۆشییەكی كوشندەتر كە بەرۆكی خەڵكی هەرێمەكەی گرتبوو، ڕاهاتنی خەڵك بوو لەگەڵ ئەو دەردانەی كە پێویستبوون چارەسەربكرێن، یاخود بنەبڕبكرێن. جەنگی نێوان خەڵكو مێشولەكان وردە وردە بەرەو كزی دە ڕۆیشت، هەرچەندە مێشولەكان جاربەجارێك جزەیان لەسەر لوتو لە گۆی سمتی پیاوەكان هەڵدەستان بەتایبەتی ئەو پیاوانەی لەدەمی نیوەشەودا كەبەبێ خەم لەسەر جێگاكانیان بەقونگی ڕوتی ڕاكشابوون.

رۆژێك مێشولەكان بانگەوازی وەستانی شەڕیان ڕاگەیاند، بەڵام شاریان چۆڵ نەكرد. ئەو ماوەیە سەرقاڵی خۆدامەزراندنبوون، جگە لەوەش چەند دەردیان بۆ خەڵكی هەرێمەكە هێنا. رۆژانە چە ندین دانیشتن لەوەزارەتە پەیوەندیدارەكان بەو كێشە یە ئەنجامدەدرا. هەموو دانیشتنێك تاكو كۆتایی خواردنی سێوو مۆزی سەرمێزەكە بەردەوام دەبوون.

بەسەردانێكی فەرمی وەزیری بازرگانی هەرێم بۆ هێنانی خواردەمەنی سەوزە ی وەك كەوەرو لۆبیاو بیبەری تیژ چوو بۆ وڵاتێكی دراوسێ. جەنابی وەزیر ئەوەندە خەم خۆری چارەسەركردنی بارودۆخی خراپی هەرێمەكەبوو، لەدوای باس وخواسی ئەركی بازرگانی بەفرسەتی دەزانێت كێشەو گرفتەكانی هەرێمەكەباسدەكات كە بەهۆی هاتنی مێشولەكانەوە توشیان بووە. دەستەی گرووپی دراوسێ كە لەگەڵ ئەماندا دانیشتبوون زۆر زۆرزانتربوون، هەڵبەت ئەوان تەنها پسپۆری بازرگانی نەبوون لەناردنی سەوزە، زۆر كاریتریان لەئەستۆدابوو. پێیاندەڵێن، ئێمە لەم دانیشتنەدا تەنها سەبارەت بەناردنی سەوزە دەتوانین لەگەڵتاندا گفتوگۆبكەین، بەڵام بەڵێنی ئەوەتان پێدەدەین كە هاوكاریتان بكەین بۆ لەناوبردنی مێشولەكان. بۆ ئەو مەبەستەدەبێت لەگەڵ بەر پرسانی دەوڵەتدا قسەبكەین، دەتوانین ڕێكەوتنێكیش ئەنجام بدەین. بەڵام نازانین یارمەتییەكان چۆن دەبێت. ئەوەی ئێستا بۆ ئێمە گرنگەو لەتوانای دەسەڵاتی ئێمەدایە، ناردنی ئەو سەوزانەیە كەداواتان كردووە، بەڵام لەم كاتەدا لۆبیاو كەوەرمان نییە دەبێت هەر پەنجا تەن سەوزەكە بیبەری توون ببەن. وەزیری بازرگانی ڕەزامەندی خۆی دەردەبڕێت بۆ هێنانی هەر پەنجا تەن بیبە رە كە، هەرلەوێشدا سەبارەت بەكێشەی مێشولەكان ڕێكەوتنێك ئیمزا دەكەن.

ڕەنگە ئەم ڕوداوە بابەتی ناو چیرۆكەكەی ئێمە نەبێت، بۆ ئەوەی بەنیوە ناچڵیش بەجێینەهێڵین، لەكۆتایدا وەزیر لەسەر كارەكەی دەردەكرێت. وەزیر لەلای ناسیاوێكی خۆی وتبووی(دەرمدەكەن بە گونمەوە، خۆ نامرم لەبرساندا... بەشی تاكو مردنم هەیە). جەنابی وەزیر ڕاستی فەرموو بوو، لەبرساندا نەدەمرد، بەڵام قوڕیكرد بەسەرخەڵكی هەرێمەكەدا. دەوڵەتی دراوسێ گێلی جەنابی وەزیریان هەر زوو قۆستبووەوە، لەدوای گەڕانەوەی لەماوەیەكی زۆر زوودا جۆرە باڵندەیەكی زۆر سەیریان بەرهەم هێنا. گرانی نرخی هەر باڵندەیەك هێندەی نرخی گایەك دەبوو، ئەوەش كێشەی دروستكرد لەنێوانی هەرێم و وڵاتی دروسێدا، دوا جار لەبەر ئەجری دراوسێتی ناچاربوون هەموو پرۆژەكان ڕابگرنو پارەی باڵندەكان بدەنو بیانهێنن بۆ هەرێم. هۆی دەركردنی وەزیری بازرگانیش تەنها گرانی باڵندەكان بوو، ئەگەرنا كەس لەپۆستەكەی دەرنەدەكرا. گرانی نرخی باڵندەكان سەیر نەبوو، ئەوەی كەسەیر بوو شێوەی ڕوخسارو هەیكەلیان بوو. وەفدی هەرێم كەچووبوون بۆ هێنانیان

بەبینینیان توشی سەرسامی ببوون، لەو جۆرە باڵندەیەیان نەبینیبوو. ئەوان زوو هەستیان بەسەرسامی وەفدی هەرێم کردبوو، پێیان وتبوون، سەرسام مەبن... ! ئەمباڵندانە تایبەتین بۆ لەناو بردنی مێشولەکان پەروەردەکراون. وەفدی هەرێم هەر بەسەرسامییەوە پرسیبوویان چیان پێدەڵێن، ناویان چییە؟ ئەوانیش لەسەر خۆ گوتبوویان : پێیان دەڵێن (فســــــقلی). ڕەنگە تاکو ئێستا چیرۆکەکەتان پێ سەیربێت، بەڵام دڵنیام کەسەیر نییە ئەوەی کە سەیرو سەمەرەیە لەدوای هاتنی باڵندەکان بوو، باشتر وایە بڵێم لەدوای هاتنی فسقلیەکان. ئەو تەیرە گولانە نەك مێشولەکانیان لەناو نەبرد ، بەڵکو بوون بەدۆستێکی زۆر نزیکی مێشولەکان کەتاڵێك موو بەنێوانیاندا نەدەچوو. زۆر کەس پێیان وابوو پەیوەندی نێوان مێشولەو فسقلیەکان پەیوەندییەکی ئەزەلییە. هەندێك کەسانیتر دەیانگووت:لەوانەیە پێش چەند عەیامێك دایکی مێشولەو باوکی فسقلی ژنو مێرد بووبن، یاخود بەپێچەوانەوە. لەهەموو ئەمانەش سەیرتر لەپاش ماوەیەك ئاشکرابوو.

من پێم باشە درێژە بەم باسە نەدەم، بەڵام ڕەنگە زۆر کەسیش هەبن ئارەزوی زانینی کۆتایی ئەم چیرۆکەیان بێت، بۆیە بڕیارمدا جارێ لەسەر ئەم چیرۆکە بنوسم، دواتر بێمەوە سەر ڕۆمانەکەی خۆمان.

پاش ماوەیەك هەرێمەکە پڕبوو لەباڵندەی هاوردە. . . (فســــــقلی). فسقلیەکان چاوی خەڵکیان دەردەهێنا، بەهەموو شوێنێکەوە بوون. کاتو جێگایان بۆ نەبوو، لەناکاو پەیدادەبوون و دەبوون بەشەریکی سەر سفرە ، چەندیان دەخوارد هێندەشیان دەبرد بۆ مێشولەکانی هاوڕێیان. مێشولەکان دووبارە لێمان ڕاستبوونەوە، سەد دەردی بێ چارەیان توشدەکردین. هەرێمەکە بەگەورەو بچوکەوە بێزاربببوون، کەچی زۆرجار گەورەی فسقلیەکانیان کاتی قاوەڵتی لەماڵی حاکم پاشا بینیبوو. لەو ڕۆژگارەدا لەسەر ئەو هەڵوێستە لەیەکێك لەڕۆژنامەکاندا گلەییان لەحوکمەتی هەرێم کردبوو. ڕۆژی دواتر لەڕۆژنامەیەکی زمان حاڵی خۆیان بەتوندی وەڵامی گلەییەکەیان دابووەوە بەوتارێك لەژێر ناونیشانی (دیبلۆماسیەتو شەڕی سەردەم ).

ڕۆژگارێکی ترسناکبوو، زەمەنی خولْقاندنی نەهامەتیو سەر هەڵدانیدیاردە غەریبەکان ، هاو کات بوون. ئەم دوو ساوایە لەناو منداڵدانی بێدەنگی خەڵكو گەندەڵی دەسەڵاتدا لەدایك ببوو. لەناو هزری بێ غیرەتیدا میللەت فێری سرودی قەناعەت ببوو، دەیانگووت «هەر تەحەمول باشە، کەی باوی شەڕو قین ماوە، سەردەمی ئارامیو دیبلۆماسیەتە». ڕستەیەکی دروست بوو بەڵام لەگەڵ هاوکێشەی پەیوەندییەکانی حوکمەتو میللەتدا یەکی نەدەگرتەوە، دوو مادەبوون لەخزمەتی خەڵکدا تێکەڵنەدەبوون، وەك چۆن فسقلیەکان باڵندەبوون ، بەڵام بۆ دژایەتی خەڵکی هەرێمەکە خولْقابوون. فسقلیەکان موعجیزەبوون، هەر ئەوەندەی چاویان کرایەوە

هەموو شوێنێك شارەزابوون، ئیتر بەفەرمانو كاری خۆیان هەستان. لەسەر بانی هەموو ماڵێكو لەبن هەموو گوێسوانەیەك هێلانەیان كردبوو. هێلانەی سەر دارو درەختی باڵندەكانی پێشوشیان داگیركردبوو. ڕۆژتائێواره فڕكەو شەو تاكو بەیانی زیقەیان دەهات كەكەس نەتوانێت پشوبدات و ساتێك بخەوێت. لە هەموو ئەمانە خراپتر هەڵگری دەردێك بوون لەڕێگای پژمینەوە خەلكی هەرێمەكەیان توشی نەخۆشی كوشندەدەكرد . پێشتر كەس باوەڕی بەگریانی چۆلەكەدایكەكە نەدەكرد ، ئێستا بەچاوی خۆیان دەبینن فسقلیەكان دەپژمن.
من لێرەدا كۆتایی بەم چیرۆكەدەهێنم، بەڵام مەرج نییە كۆتایی ڕۆڵی فسقلیەكان بێت، چونكە فسقلیەكان لەناو هەرێمەكەدامانەوە. مرۆڤەكانی ئەم مەملەكەتەش وا خۆیان فێركردبوو لەسەر دەردو كێشەكان ڕابێن نەك بنەبڕیبكەن. فسقلیەكان جارێكیتر دێنەوە ناو چیرۆكەكەمان، ئێوەش ئەوەندە بەحەسرەتەوە چاوەڕوانی هاتنەوەی مەكەن، لەوانەیە ئەفسانەیەك بێت لەواقیع بدوێت یاخود بابەتێكی پێویست بێت لەناو ڕۆمانەكەدا. من كەلێرەدا چیرۆكەكە دەوەستێنم خواستی خۆم نییە، وا دەگونجێت. گونجاندنیش لەنێوان بابەتەجیاوازەكاندا مافی تاكەكان دەپارێزێت بۆئەوەی مافی كەسیش نەخورێت، دەگەڕێینەوە لای شێتەكان. ئەو مەخلوقەی لەئەزەلەوە مافیان خوراوە ، با ئێمەش لەم ڕۆمانەدا بەشیان نەخۆین. هەرچەندە ئەوان تاكو ئاستێكی بەرز لەڕزگاركردنی خەڵكی هەرێمەكە ڕۆڵی گرنگیان هەبوو.
لەدوای كۆچی باڵندەكان، سەفەری شێتەكانیش سەریهەڵدا، ئەو كەسانەی بەپێوانەی عەقڵی ئێمە شێتن. لەسەرەتادا شێتەكانی ناو بازاڕ دیار نەمان، ئەوانەی زۆر ناسراوبوون. شێتەكان جۆریان زۆرە، گەورەترین توخمی شێت ئێمەین، ئێمەی عاقڵ. ڕێز لەیەكتری ناگرین، زووهەڵدەچین، گوو بەقەبری مێژودا دەكەین. منداڵەكان ئازاردەدەینو سەری یەكتری دەشكێنینو خییانەت لەگەڵ یەكتری دەكەین. ئێمە ئەو مەخلوقەین كەشێتەكان دەبەستینەوەو لەئارەزووەكانیان مەحرومیان دەكەین. لەناو بازاڕ بەردیان تێدەگرینو فێری قسەی ناشیرینو جنێویان دەكەین. جاربەجار ئافرەتەكانیان ئاوس دەكەینو كەسوكاریان هاندەدەین بیانكوژن تاكو ناموسی خۆیان بكڕنەوە، دواجاریش سەرزەنشتیان دەكەین. ئێمەی عاقڵ ئەو مرۆڤەین هەمیشە بەدەم وشەكانی دەسەڵاتدارانەوە بزەی لوتفو خەندەی ڕێز دەنوێنین، لەپاش ملەش ورتەورت قسەیان پێدەڵێین كەكەسمان لەیەكتری تێنەگەین.
كۆچو سەفەری باڵندەو شێتەكان دوو دیاردەی ترسناكبوون لەو ڕۆژگارەدا كەژیانی خەڵكی هەرێمەكەی خستبووە هەلەكەسەماوە، بەڵام پڕبوو لەئومێد بۆ ئایندەی هەرێمەكە لەنهێنیئەو پەیوەندیە ڕۆحییەی لەنێوان باڵندەو شێتە كانداهەبوو. بەیانییەكی زوو « مەستی» شێتیان بەكۆڵە پشتێكەوە بینیبوو لەو چایخانەیەی

کەهەموو بەیانییەك کاسپکارانی ناو بازاڕ بەدەم چاخواردنەوە سەریان دەکردە سەر مەستی. ئەوبەیانییە مەستی جیاوازتر لەڕۆژانی تر زۆر بەهێمنی وەلامیاندەداتەوە کەهەرهەموویان توشی سەرسامی و ئەبلەقبوون دەبن. بەهەستو شعورێکی ناسك وەلامیان دەداتەوەو پێیان دەڵێت:ئێوەکەلەخۆتان خافڵن بەخۆتاندا بچنەوە باشترە لەوەی بەدیاردە غەریبەکان سەرسامبنو گاڵتەو قەشمەریش بەئێمە بکەن. مەستی چایەکەی بەردەمی تەواو نەکردبوو چایخانەکەی بەجێهێشتبوو. لەناو دەرگاکەدا پێی وتبوون ، بیرێك لەحاڵی خۆتان بکەنەوە، تۆزقاڵێك عەقڵتان ماوە. ئەو بەیانییە کەس بەرامبەر بەمەستی هیچی بۆ نەگوترابوو، هەرئەوەندە نەبێت، تکایان لێکردبووکەجێیاننەهێڵێت هەر بەو ڕۆژە مەستی شاری جێهێشتبوو بەرەو چیا هەزار بەهەزارەکان بەڕێکەوتبوو.

هێشتا دەنگو باسی ڕۆشتنی مەستی بەتەواوەتی بڵاونەببووەوە، هەواڵی ڕۆشتنی چەندین شێتیتر بیسترا. سەفەری شێتەکانیش دیاردەیەکی نامۆ بوو کە ترسو لەرزینی خستە ڕۆحی خەڵکی هەرێمەکەوە. ئەو ڕۆژگارە بەردەرگی مەرقەدەکان جەنجاڵبوو لەو مەردومە عاقڵانەی پێشتر گاڵتەجاڕییان بەشێتەکان دەکرد . لەمەرقەدەکان دەپاڕانەوە، لەگوناهەکانیان خۆشبن. لەکارەکانیان پەشیمان ببوونەوەو تۆبەیان دەکرد.

شێتەکانیش ڕۆشتنو دنیایەك ترسو گومانیان بەجێهێشت. خەڵکی بیرەوەریەکانی ڕۆژانی زوویان بەگریانەوە دەگێڕایەوە. سەفەری ئەوان ئاسای نەبوو هەر بۆیە لەکاتی ڕۆشتنیان دیاردەی سەیرو سەمەرەیان لێدەگێڕانەوە، هەمووش باوەڕیان بەیەکتری هەبوو، چونکە هەرکەس بۆخۆی شتێکی سەیرو سەر سوڕهێنەری بینیبوو ، بیستبوو. دواین شێتی هەرێمەکە (غەیبی)بوو. غەیبی کوڕی میرزا بەگی خەنجەر تیژ . غە یبی تەنها لەسەردەمی منداڵیدا دەرەوەی بینیبوو. ئەو کاتەی هەستیان بەجیاوازی غەیبی کردبوو لەگەڵ منداڵانی ئاسایدا، ئیتر غەیبی تەمەنی منداڵی کۆتایی پێدێت. میرزا بەگی باوکی لەبەر سومعەی سمێڵی و گەورەی جامانەکەی لەو گەڕەکە ماڵ و منداڵ دەگوێزێتەو غەیبی لەخەڵك دوردەخاتەو لەبەر چاو وندەبێت. میرزای باوکی سوێند دەخواد بەهەچ شێوەیەك غەیبی نابێت بچێتە دەرەوە بۆئەوەی کەس نەیناسێتو ئاشکرانەبن. کاتێك ماڵیشیان گواستەوە شەوێکی تاریكو درە نگ بوو. غەیبی لەماڵەوە ئارامی نەدەگرت. هەولێدەدا بەسەر دارو دیواردا هەڵگەڕێت بۆئەوەی خۆی بگەهێنێتە کۆڵان بۆیاریکردن. میرزا هەموو ئاواتەکانی کوێرکردەوە، لەژێر زەمینی ماڵەوە بەکۆتو زنجیر غەیبی بەستەوە. غەیبی پەپولە هەرلەمنداڵییەوە دیمەنەکانی منداڵی لێ حەرامکراو تەمەنی منداڵی کوژرا. غەیبی زۆر لەباوکی ئاقڵتربوو، چەندین ساڵبوو زیندانی دەستی باوکی بوو. هێشتا سەرەتای هەڵهاتنی

شـێتەکـان بـوو میـرزا خـەم دایگـرت لـەوەی کـوڕەکـەی هـەڵبێـتو ڕەفتـارو نهێنـی ئاشکرابێت. غەیبی بەدەرگای ژێر زەمینەکەوە بەستەوە. خەڵکی ئەم گەڕەکەتازەیە غەیبیان نەبینیبوو، نەیاندەناسی ، لەکۆلانە کۆنەکەش بەونبووی دانابوو. لەسەرە تادا بۆ ئەم کۆلانەهاتن لە وەلامی هەواڵ پرسینی ناسیاوەکانیان بەمنجەمنج دەیگووت، بەخوا خۆشم هەولی نازانم ، شەوێك دیارنەماو غەیب بوو. ئەو منداڵە ئیتر بەغەیبی ناوبرا.

ئـەو ڕۆژەی غـەیبی وەك هـەمـوو شـێتەکـانیتـر هـەڵهـات ، میـرزای بـاوکی لەماڵەوەنەبوو. پاسەوانی ماڵە مەسئولەکەی دراوسێیان بۆمیرزای گێڕایەوە. دایکی غەیبی پێرانەگەیشت چیرۆکی هەڵهاتنی غەیبی بۆ مێردەکەی بگێڕێتەوە، میرزا دەستبەجێ ژنەکەی بەخەنجەر دەکوژێت.

گرمـەیـەکـی بـەهێز خـانووەکـەی هـەژاندو کۆلانـەکـەی ڕاپـەڕاند. پاسـەوانـی ماڵـە مـەسـولەکـەی دراوسـێیان بـەجۆرێك لـەسـەر کورسـییەکـەی بـەربـووەوە، پێیوابـوو بوومـەلـەرزەیـە. غـەیبـی لـەگـەڵ نـەڕەیـەکـی گـەورەدا دەرگاکـەی لـەبـن دەرهێنـابوو، زنجیرو کۆتی پساندبوو. میرزا هەر دەیگووتو دەیگووتەوە چۆن ئەو دەرگایەی لەبن دەرهێنابوو. هەر کەس غەیبی بینیبایە ناهەقی میرزای نەدەگرت کەدەیگووت، شێت هەبێت ئەم هەتیوەیە. غەیبی لەهەموو کاتێکی هێمنتربوو. دایکی لەحەوشەکەدا ڕاوەستابوو، ، بەسەر قاچی دایکیدا نوشتابووەوەو ماچیکردبوون . دایکی وەك پەیکەر وشکببوو. دیمەنی نامۆی شێتەکان هەموو کەسێکی سەرسامدەکرد. لەناو کۆلانەکەدا ڕاوەستا، پاسەوانەکە هێشتا نەهاتبوەوە سەر خۆی کەغەیبی بینی بە جلوبەرگێکی دڕاو و سەرو ڕیشکی زۆرو چڵکنەوە، تفەنگو کورسیو بەر دەرگای ماڵی ئاغای بەجێهێشت. غەیبی سەرسامو نیگەران بوو بەدیمەنی شڵەژاوی پاسەوانەکە. لەسەر خۆ کابرای بانگکرد، بۆکوێ دەڕۆیت. . . بۆچی ئەترسیت ؟ من لەمرۆوە ئازادم ، هەرگیز لەمرۆڤی ئازاد مەترسە. کاتێك دایکی غەیبی هاتەوە سەر خۆی و چووە کۆلانەکە ، غەیبی دەمێك موو ڕێگای چیا هەزار بەهەزارەکانی گرتبووە بەر. کاتێك میرزای باوکی غەیبی گەرایەوە بۆ ماڵەوە ، دایکی غەیبی هێشتا هەر لەکۆلان بوو، سـەرو قـژی خـۆی بـەچنـگ دەڕنییـەوە، بـەدەم گریانـەوە هـاواری کـوڕەکـەیبـوو. سەردەمی هەڵهاتنی شێتەکان بوو، میرزا لەو ڕۆژانەدا زۆر خەمی کوڕەکەی بوو دەربازبێتو نهێنی چەند ساڵە ئاشکرابێت. میرزا لەهەمووشتێك تێگەیشت کەژنەکەی لەناو کۆلانەکەدا بینی لەخۆی دەداو دەگریا. میرزا سەری سوڕدەمێنێت لەهەڵهاتنی غەیبی کەئەو بەزنجیر بەدەرگاکەوە بەستراوەتەوە، گومان لەژنەکەی دەکات ، هەڵبەت هەر ئەو دەستی لەزنجیرو کۆت کردۆتەوەو دەرگای بۆ خستۆتە سەر پشت. میرزا نیگایەکی غەزەباوی دەگرێتە ژنەکەی کە پڕە لەقینو تۆڵەی ئەو ڕۆژەی

کەمیرزا نەیوێرا کەوە مردار بووەکە لەناو قەفەزەکەدا دەربهێنێت ، ژنەکەی بەپیاوێکی ترسنۆك تەماشای دەکرد. میرزا لەلای ژنەکەی ئازایەتیوجوامێری جارانی لەدەست دابوو، چەند ساڵ بوو غیرەتی خۆی لەناوجامانەزلەکەییو خەنجەرو نەڕەکەیدا شاردبووەوە . دەست بۆخەنجەرەکەی بەرپشتی دەبات، ئەو خەنجەرەی کەئەفسەرێکی سوپای عوسمانلی بەباپیرە گەورەی دەبەخشێت و پێی دەڵێت:ئەمە دیاری سوڵتانە بۆ بەڕێزتان، هیوادارین جوامێریتان نوکی لەخوێندا سوربکات. میرزا بۆ تۆڵەی خۆییو جێبەجێکردنی وەسێتی سوڵتانو باپیرەگەورەی لەساتێکی زۆر کەمدا ئەو ئافرەتە بێ تاوانە بە خەنجەر دەکوژێتودەڵێت«حاشا لە ئافرەتی وا کەئەولادی شێت دەخاتەوە.

خەنجەرەکەی میرزا دیاری عوسمانلییەکان بوو، ئەوان کەرژانە وڵاتەکەمانەوە دیاری سەیریان بۆ هێنایین تاکو ئێستاش بەدەستیانەوە دەناڵێنین، وەك ئەو تاپۆ ڕەشەی بەشانازییەوە تاکو ئێستا قبوڵمان کردووە، ئەوان بەمەبەستی دوبەرەکیو ئاژاوەنانەوە زەویو زاری خۆمانیان بەسەردا دابەشکردینەوە. میرزا بەگ بۆخۆیشی نەیدەزانی ناو وناو بانگی بەگی چۆن وەرگرتووە. زۆر کەسی تر وەك میرزا چەواشە ببوون ، نانی شەویان نەبوو یان کۆڵکێشو بێ کار بوون کەچی ناوی ئاغاو بەگیان لەخۆیان نەدەکردەوە. دیارییەکیتری عوسمانلییەکان ناو لێنانی گوندەکانمان بوو بەزمانی خۆیان، ئەو ناوانە تاکو ئێستا لەبری ناوی باوكو باپیرمان جێگای گرتۆتەوە، بەشانازیشەوە نەوە دوای نەوە وەك میراتی بۆ یەکتری بەجێدەهێڵین.

ئۆقیانوسی هێمن یەکەم کەس بوو هەوڵی گۆڕینی ناوە بێگانەکانی گوندەکانی دا بۆ ناوی کوردی. ئۆقیانسی هێمن ئەو پیاوە هوشیاروبلیمەتەبوو پێش سی ساڵ لەمەو بەر لەڕۆژگارێکی وەك ئەمرۆی دژوارو پڕ لەنەهامەتی، وەك باڵندەکان ، وەك شێتەکان شاری بەجێهێشت و ڕوی لەدەشت و چیاکان کرد، بەڵام سەد مخابن هەستە جوان و پیرۆزەکانی ئەو سەردەمە ئەمڕۆ میرات گرەکان بەئاقارێکی تریان برد، لەناو زوڵمەتدا دیاردەی عەجایبی وەك کۆچی باڵندەکان و سەفەری شێتەکانی لێکەوتەوە. دەرکەوتنی ساتە شیرینەکانیان گەڕاندەوە بۆ ڕۆژگارە تاڵو دژوارە سەرەتاییەکان. ئەم جارە باڵنداکان باڵی بێ ئارامییان بەیەکداداو کۆچیان کردو نەگەڕەڕانەوە، شێتەکان ڕۆژی سەد جار سەریان بەدیوارەکاندا دەکێشا، تەحەمولی ئەو بارو دۆخە ئاڵۆزەیان نەدەکردوبەناچاری بەرەو چیا هەزار بەهەزارەکان هەڵدەهاتن، ئەو چیایانەی تاکو ئەم سەردەمە کەس غیرەتی نەببوو ڕویان تێبکات. چیاکان ناوچەیەکی چڕی شاخاوی بوو. کەوتبوەوە باکوری هەرێمەوە، چەندەها چییای بەرزو سەخت هەزارەها مەتر بەئاسماندا هەڵچوبوون. چیرۆکی زۆر سەیرو سەمەرە سەبارەت بەناو چیاکان پشتاو پشت دەماو دەم دەگێڕدرانەوە. چیرۆکەکان جێگای

گومان بوون چونکە کەس نەچووبووە ناو چیاکان تاکو بەسەرهاتی ناوەوە ڕاستەو خۆ لەزاری کەسێکەوە ببیستن. زۆر جاریش مێژوی چیرۆکەکانیان دەگەڕانەوە بۆ هەزاران ساڵ لەمەو پێش، کە ڕەنگە باپیرە گەورەی خەڵکی ئەم هەرێمە لەناو چیاکاندا ژیابووبن، لەبەر مەترسی ڕوداوی ناو چیاکان لە سەر ژیانیان ، ئەوێیان بەجێهێشتووەو ڕویان لەناوچەکانی خواروی هەرێمەکەکردووە. چیرۆکەکانیش هەر لەسەر زمانی ئەوانەوە پشتاو پشت تاکو ئێستا لەگەڵ خەڵکی هەرێمەکەدا ژیاونو ماونەتەوە. گەورەترین ترسی زیندو کە لەناخی خەڵکەکەدا دەژیا ئەو ئێسكو پروسکانەبوو کەنزیك بەدەروازەی چیاکان پەرتو بڵاو کەوتبوون. لەسەردەمە جیاوازەکاندا زۆر جار هەوڵی چوونە ناو چیاکان دراوە، بەڵام پێدەچوو هیچ لەو هەوڵانە بەئەنجام نەگەیشتبێتو بەمەرگی خۆیان کۆتایی پێهاتووە، هەرکەس نزیکبوبێتەوە بەهەزارەها مێش هەنگ هێرشیان بۆهێناوە.

دەگێڕنەوە لەدوای کۆتایی شەڕی چاڵدێرانو دابەشکردنی هەرێمەکە بەسەر هەردوو دەوڵەتی سەفەوی‌و عوسمانلیدا. هیچ کامیان ئەو ناوچە شاخاوییە مەترسیدارەیان نەویستووە، هەرچەندە ئاگاداری خێرو بەرەکەتو سامانی ناو چیاکان بوون. چیا هەزار بەهەزارەکان لەهەموو سەردەمێکدا تاکو ئێستا بەئازادترین ناوچەی هەرێمەکە ماوەتەوە.

ڕەنگە پرسیاری ئۆقیانوسی هێمن بکەن، لەناکاو کەوتە ناو چیرۆکەکەو ناویشی ونبوو، ئەگەر پەلەنەکەن جارێکیتر دێتەوە بەردیدەتان، چونکە بەشێکی سەرەکی‌و گرنگی ناو ڕۆمانەکەمانە. کۆچی باڵندەو سەفەری شێتەکان بەجۆرێك خەڵکی هەرێمەکەی سەرسام کردبوو. منیش‌جارێ ناتوانم لەناو ڕۆمانەکەدا دەست بەرداریانبم. بیرتان نەچێت هەموو شێتەکانی هەرێمەکە هەڵهاتن، بەنێرو مێوە. سەرتاپای هەرێم لەشێتو باڵندەخاڵییوو. لەهیچ جێگایەك سێبەریشیان دیارنەبوو. خەڵکی هەرێمەکە بەگومان بوون کە ئەوان ڕوویان لەچیا هەزار بە هەزارەکان کردبێت ، چونکە ئەوێ شوێنێکی مەترسیداربوو تاکو ئەو سەردەمە کەس نەیتوانیبوو پێ بخاتە ناوچیاکانەوە . زۆر کەسیش هەندێکیانیان بینیبوون بەرەو ئەوی ڕۆشتبوون، باڵندەکانیش بەرەو ئاسمانی چیا هەزار بەهەزارەکان هەڵفڕی بوون.

سەردەمی سەرهەڵدانی دیاردە غەریبەکان بوو کەهەرێمەکەی شڵەژاندبوو . خەڵکەکە هەقیان بوو، چونکە نەبەبیری کەسدا دەهات دیاردەی وا ترسناکیان ببینیبێت نە لەهیچ چیرۆکێکدا گوێبیستی ببوون.

بەتەنها هەر خەڵکی ئاسایی توشی سەرسامی‌و ترس‌و نیگەرانی نەببوون، خاوەن دەسەڵاتەکان وەك تاکە کەس لەخەڵکی ئاسایی دۆخی دەرونییان خراپتربوو. ئەوان زەمانێك بوو کوڕی چیا سەختو ترسناکەکانبوون، شەوان جنۆکە لەترسی ڕاویان

لەدەستیان هەڵدەهاتن، بەگژ مەرگا دەچوونونانو نەهامەتییان دەخوارد. لەو ڕۆژەوەی گەرمیانبووەوە زۆر توانای گەورەو پیرۆزیان لەدەستدا. ڕۆژگارێك بوو بۆ ئازادی سوتابوون ، کەچی هەندێکیان جۆرە باڵندەی وایان هەبوو، لەکونجی قەفەزەکانی ماڵەوە بەندیان کردبوون، هێشتا لەهەرێمەکەدا نەبینرابوون. کاتی هەڵهاتنی باڵندەکان ئەوان لە هەموو کەسێکیتر زیاتر ترس دەرونی داگیر کردبوون . لەزمانی خزمەتکاری دەسەڵاتدارێکەوە بیسترا، کاتی هەڵهاتنی باڵندەکان توتییەڕەنگاو ڕەنگەکەی دێتە زمانو بەتوڕەییەوە بەخاوەنەکەی دەڵێت(تاکو کەی بەندم دەکەیت؟ ئەی کوڕی. . . ، ئەگەر دەمتوانی تفەنگ بگرم شۆڕشم لەدژت بەرپا دەکرد .)کابرای خزمەتکار گووتبوی، هەردووکمان بەجووتە ئەبڵەق ببووین، ئاغام لەمن خراپتر بوو، بەدەم تۆقانو سەرسامیەوە بوو بەتوتیو لەدوای توتییەکەوە رستەکەی ئەوی وتەوە(تاغو غەی بەنغم ئەغەی ئەی غوغی غەغبە) نیوەکەی تری ڕستەکەی بۆ تەواو نەکرابوو بورابووەوە.

دەسەڵاتدارانی هەرێم بێ خەمو گۆشەگیر دانەنیشتن لەبەرامبەر سەرهەڵدانی دیاردەکان ، چەندین جار ئەو بابەتەیان تاو و توێکرد. ئەوانیش هاتنە سەر قسەو بۆ چوونی ئەو خەڵکانەی کە دەیانگووت، شێتەکان و باڵندەکان ڕووەو چیا هەزار بەهەزارەکان ڕۆشتوون. بەنهێنی تیپێکیی کارامەی تیرو تەسەلی پڕ لە کەلو پەلی سەربازیو تەقەمەنیان ئامادەکرد. بەتایبەتی لەو کەسانەی کەساڵانێکی دوورو درێژ ئەزمونیان لەبواری سەربازیدا هەبوو. بەڵام گومانی تێدا نەبوو ناوی چیاکان هەزاران ساڵ بوو ترسی لەدڵی خەڵکی هەرێمەکەدا دروستکردبوو. وەك درەختێکی ئەستوری ڕەگو ڕیشە بەزەویدا داکوتراوی بەهێز کەبە هیچ بایەك نەجوڵێت، بەڵام تاکو بەرەو سەرەوە بڕوانین بەهێزی خۆی لەدەسدەدات، لەدواین ترۆپیدا بە سروەیەك لەبێهێزیدا هێواش هێواش لەنجەی بۆ دەکات. ئەو تیپە تایبەتە لەسەرەتادا کەوتنە ڕێ قایم و تۆکمەو بەهێزو خاوەن ورە، تاکو نزیکتر دەبوونەوە، ترس زیاتر گەمارۆی دەدان. دڵەرزین چۆقەی دانیان دەهات. ناهەقیشیان نەبوو ، ڕوبەڕوبوونەوەیەکی ترسناك بوو، مرۆڤ هەستی بەماڵئاوایی ڕۆحو جەستە دەکرد لەیەکتری. هەندێکیان دەیانگوت" بە کۆشکە تازەکە ڕاناگەین . پیاوێك تفەنگەکەی دانابوو، وەك منداڵ بۆ ژنە تازەکەی دەگریا . هەندێکیشیان بازاڕو ئوتێلەکانیان دەکرد بەخێری مەولودی پێغەمبەر کە بەسەلامەتی بگەڕێنەوە.

چیرۆکی چیا هەزار بەهەزارەکان گەورەو گرانو ترسناك بوو، خاوەن مێژویەکی دوورو درێژی پڕ لەڕوداوی سەیرو ئەفسوناوی بوو. لەم ڕۆمانەدا چەند هەوڵدەدەم نرخی گونجاوی خۆی بدەمێ، ناتوانم و قەرزداری دەبم، بەڵام پەیمان دەدەم ئەو ڕوخسارە ترسناکەی مێژوی خەڵکی هەرێمەکە بەسەریدا داوە، هەڵبەمەوەو نهێنییە

پڕ لەمیهرو جوانو پیرۆزەکانی ئاشکرابکەم و لەدێوو درنجو جنۆکەی ناو چیرۆکە ئەفسانە ئەندێشەو خەیاڵیەکانی خاڵیبکەمەوە. من هەر لەئێستاوە ئەو ناوە ترسناکو خەماویو تاریکەی لێدەکەمەوە و ناوی دەنێم (مەملەکەتی مێش هەنگ).

ئەو تیپە بەنهێنی ڕۆشتن. مەبەستی دەستەی حوکمڕانی هەرێم دۆزینەوەی شێتو باڵندەکان نەبوو وەك هەستی بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بەخەمەکانی خەڵك. ئەوان بەمەبەستی دۆزینەوەی نهێنی دیاردەکان شوێنی باڵندەو شێتەکانیان هەڵگرت بەرەو چیاکان، نەکا لەدورەوە قولابی قەدەر لەقاچی کورسییەکانیان بئاڵێتو لە ژێریان دەرچێت. ئەو سەردەمەی ئازارەکانی چەوساندنەوەی ڕەگەزایەتی بزوێنەر بوو بۆ جوڵاندنی هەستکردن بە پێویستی هەڵگیرساندنی شۆڕشێکی مەعقولی سەردە م، گوندو چیاکان بوو بەشوێنی سەرەکی ئەو خەڵکانەی کەئێتر لەشارەکاندا جێگایان نەبووەوە. جارێکیتر لەوێوە هەست بە زەروریەتی بەرنامەیەکی گونجاوی پەروەردەکردنی ئەندامەکانی شۆڕش کرا لە ئەنجامی سەر هەڵدانیحەزە سەرشێتەکانی هەندێك کەسی بەرچاو کە لەڕۆحیاندا مەترسی گەورەی هەبوو لەسەر ئایندەی ژیانی خەڵكو بەرێوەبردنی حوکمڕانی هەرێم، وەك بارودۆخی ئێستای هەرێمەکە. هەندێك لەو خەڵکانە بەناچاری هەڵدەهاتن، ئەوانەی شۆڕش بۆی نەئەدۆزرانەوە، دەیانگووت ، بێشك ڕوویان لەچیا هەزار بەهەزارەکان کردووە ، ئەویّ تاکەجێگایە پەنای بۆبەرن، هەر ئەوە بەشیان بێت کەمێش هەنگەکان بیان کوژن. کوڕی دایە ناسراوترین کەسبوو لەسەر پەرۆشی بۆ شۆڕشو ئایندەیەکی گەشوجوان بۆهەرێمەکە، لەیەکێك لەتەویلەکاندا زیندانی کرا. لە شەوێکی ئاهەنگ مەستی ئامێزدا خۆی دەربازدەکاتو هەڵدێت. بۆ بەیانی لەدوای خوماری شەو پێدەزانن هەڵهاتووە، گوندەکە لەبن هەڵدەگێرنەوە، تەویلەو خانوی زۆر جوتیار دەرو خێنن، خەڵك لەخۆیان ئەتۆرێنن، بەڵام (کوڕی دایە) هەر نادۆزنەوە، مەفرەزەی تایبەت بۆ گوندەکانی دەورو پشت دەردەکەن هەرنایدۆزنەوە. لەهەرکەس پرسیار دەکەن دەڵێت"ڕەنگە بەرەو چیاکان هەڵهاتبێت". کوڕی دایە تاکو ئێستا هەر نەیانتوانی بیدۆزنەوە. ئەوتیپە چاپوکەی هەڵیانبژاردن بۆ سۆراغی باڵندەو شێتەکان، هەموویان ئەو کوڕە قەدیمانەبوون کە زەمانێك پێشتر هاوڕێی کوڕە هەڵهاتووەکانی ناو شۆڕش بوون. لەناو ئێسكو پروسکەکانی نزیك بە دەروازەی چیاکان ، ڕەنگو بۆنی هاوڕێکانیان ناسینەوە، بەڵام بۆنی لاشەی کوڕی دایە لە هیچ شوێنێك نەهات، ڕەنگی ڕوخسارو ئێسكو پروسکی لەهیچ جێگایەك نەبینرا.

چەند لاپەڕەیەکە ناوی فسقلییەکانو مێشولەکان بەر چاوتان ناکەوێت، واتێنەگەن شاریان بەجێهێشتووەو لەکۆڵ خەڵکی هەرێمەکە بوونەتەوە. . . نەخێرماونەتەوەو بوون بە شەریکەبەشی خەڵکەکە لە موڵكو سامانی هەرێمدا. هەرچی هێلانە

کۆنەکانیشە بۆخۆیانیان داگیرکردووەو ناوبەناویش بەو درمەی هەڵیان گرتبوو خەڵکیان توشی سەد دەردی بێچارە دەکرد. مێشولەکانیش لەوان باشتر نەبوون، بەڕۆژ کەمتر دەردەکەوتن، شەو تابەیانیش بە ویزەویز ئارامیان لەخەڵکەکە هەڵگرتبوو. بەڵام ئێمە کەبێدەنگین ئەوە خەڵکی ئەم هەرێمەن زوو لەگەڵ دەردو نەهامەتییەکاندا ڕادێن لەبری ئەوەی ڕێگا چارەی بۆ بدۆزنەوە. فسقلیەکان نەبەدارو لاستیك دەکوژران نە گەنمی ژەهراوی کاری تێدەکردن. بێزاریو توڕە بوونی خەڵك بەدەست مێشولەو فسقلیو بێخەمی دەوڵەت، گەیشتە بەردەمی کۆشکی حاکمپاشا وسەرۆكو سوڵتانو هەموو ئەندامەکانی تری دەوڵەت. وەك لەخەو ڕاچڵەکێن ، ڕاستبوونەوە. لەدوای خواردنی چەند سندوق مۆزو خواردنەوەی ئاوی کانزایی لەسەر مێزی گفتوگۆ، گەیشتنەبڕیارێك بۆ پەیداکردنی کەسێك کەزمانی باڵندەکان بزانێتو توانای تێگەشتنیهەبێت. تاکو بزانن چیان لەخەڵکی ئەم مەملەکەتەدەوێت.

کەس نەبوو زمانی باڵندەکان بزانێت. خۆزگەیان بە سەردەمی «حەزرەتی سلێمان »و «فەقێی تەیران» دەخواست. دەستیان لەحەزرەتی سلێمان شتبوو، چونکە پێش چەندهەزارساڵلەمەوبەر ژیاوە. بیریان لەفەقێی تەیران کردەوە، ڕەنگە وەچەکانی مابنو ئەو بەهرەیەیان بەمیراتی بۆ مابێتەوە. کاربەدەستانی دەوڵەتو هەموو خەڵکی هەرێمەکەش باش دەیان زانی فسقلیەکان لەکوێوە هاتوون، بەڵام هەوڵی ئەوەیان نەدەدا سەبارەت بەفسقلیەکان لەگەڵ دەوڵەتی جیراندا وتوێژ بکەن، تازەببوون بەموڵکی هەرێمەکە تاکە چارەسەر هەر پەیداکردنی کەسیکی شارەزایە لەبەشی زمانی باڵداران.

پێم باشە ئەم بەشە لێرەدا کۆتایی پێبهێنم، نەبا لەخوێندنەوەی بێزاربن، یاخود ئارەزوبکەن زوتر بچنە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە.

2

# وەستا کاوەی چەکوش پەرست

لەدێر زەمانەوە ناوچەی چیا هەزار بەهەزارەکان بەشوێنێکی پڕ لە نهێنی و ترسناکترین دەڤەری هەرێمەکە ناسراو بوو، ئازادترین ناوچەش بووتاکو ئێستا کەهیچ لەشکرێکی داگیر کەر نەیتوانیوە دەستی بەسەردا بگرێتو پێ بخاتە ناوی. هەر لەنزیك دەروازەی چیاکانەوە بەهەزارەها گروپ لەمێش هەنگ هێرشیان دەهێنا. بەرگری لەخۆکردن بەرامبەر هێرشی هەنگەکان لەتوانای هیچ لەشکرو کەسێکدا نەبوو. بەرگریکردن مانای مەرگ هەڵبژاردن بوو. وەك پێشتر گوتمان لەسەردەمی سەفەوی عوسمانلێکانیش کەهەرێمەکەیان بەسەر خۆیاندا دابەش کرد بەپێی ڕێکەوتننامەی (ئوماسییە)، لەبەر ترسو سامی چیاکان هیچ کامیان ئەو بەشەی هەرێمەکەیان نەویست، ئەو زەمانەش بەسەربەخۆی مایەوە.
کەس سەبارەت بەناو چیاکان زانیاری نەبوو، بەڵام ئاشکرابووکە بەهەزارەها پورەیهەنگیان هەر لەسەرەتای دروست بوونی دنیاوە تێدابوون. هەندێك جار باسی گیاندارو دەعبای قەبەو عەجایبیشیان دەکرد، بەڵام کەس ئەسەرو سێبەری گیاندارێکی لەو شێوانەی نەبینیبوو. کەسیش نەیتوانی بوو بچێتە ناو چیاکانەوە تاکو ڕاستی و درۆکان ئاشکرا بکات، بۆیەگومانەکانیش لەلای خەڵك هێشتا هەر زیندوبوون. لەدورەوە بریسکەو بۆنی هەنگوین نیگای ڕادەکێشاو هۆشو دەرونی مەست دەکرد. چەند جارێك وەفدی وڵاتان بەهاوبەشی پسپۆری شارەزا لەبواری زانستی سەبارەت بەمێش هەنگ سەردانی هەرێمەکەیان کردبوو. ئەوانیش هیچ زانیارییەکی تایبەت بە مێش هەنگەکانیان دەست نەکەوتبوو، جیاوازییان نەبینیبوو لەنێوان ئەوانو مێش هەنگەکانی تری دونیا، ئەوەندە نەبێت ئەمان بە جۆرێك دڕن کەشەڕی مەرگ دەکەن. ڕەنگە ئە م دیاردە تایبەتە پەیوەستبێت بەڕۆحیانەوە. بەهای ئەو هەنگوینەش لە چیاکانداهەبوو، مەزەندەیانکرد بەرامبەرگەورەترین سەرچاوەی نەوتی جیهان.
توێژینەوەو لێکۆڵینەوەکانی پسپۆرەکان سەبارەت بە زۆری هەنگوینو ناو هێنانی بەرامبەر بەنەوت ، ترسو نیگەرانی لەلای خەڵکی هەرێمەکە دروستکرد. هەنگوینەکەش بۆن نەوتی گرت. بۆنی نەوت لەلوتی خەڵکدا، وەك قوڕ وابوو کەبەسەریاندا بکرێت. بۆنی نەوت هەنگوین لوتی جیرانەکانی پرکردو سەرسام بوون. جارێکیتر کۆبونەوەو ڕێکەوتنامەکەی پێنج سەدە لەمەو پێشیان هێنایەوە

مەیدان. ئەمجارە ئەو شەڕەیان بە فسقلییەکان کرد، فسقلییەکان لەو شەڕەدا بە قونگی دڕاوەوە هەڵهاتن نهێنی هاتنیشیان ئاشکرابوو.

ئێسکەو پرسکی مرۆڤ هەر لەسەر دەمی شەڕی چاڵدێرانەوەو زۆر پێشتریش لەنزیك دەروازەی چیاکاندا پەرشو بڵاو کەوتبوون. دەڵێن ئێسکەو پروسکی واهەیە نیشانەی زۆر کۆنتری پێوە دیارە، ڕەنگە هی زەمانی هاتنی شمشێر بەدەستەکان بووبێت، چونکە چەندین پارچە شمشێری ژەنگاوی لەنزیك ئێسکەکانەوە کەوتوون. چیرۆکێکیش دەگێڕنەوە لەسەر ئەو قەبیلانەی کەتەسلیم بە شمشێر بەدەستەکان نەبوون و تاکو ئێستا لەناو چیاکاندا ماونەتەوە. ئەم چیرۆکە لەبیرەوەری زۆر کەسدا سڕابووەوە، خەڵك پرسیاریان لەخۆیان دەکرد"ئەگەر کەس توانای چوونەناو چیاکانی نەبێت، ئەم قەبیلانە چۆن گەیشتنە ناو چیاکانو تاکو ئێستاش لەوێ دەژین". چیا هەزار بەهەزارەکان ترسناکترین شوێنی هەرێمەکەبوو، هەموو کەسێك ئەم ڕاستییەی دەزانی. بەڵامبەومانایە نایەت کەهیچ کەسێك نەتوانێت بچێتە ناو چیاکانەوە. کابرای ئاسنگەر کەسێکبوو تاکو چەقی چیاکان چوو، لەوێش مایەوە. ڕەنگە پرسیار بکەن ئەو ئاسنگەرە کێیە؟ من ئەو پیاوەتان پێ دەناسێنم ئەگەر ئێوە پرسیاریش نەکەن، چونکە یەکێکە لە گرنترین کەسەکانی ناو ڕۆمانەکەی ئێمەیە کە ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت. ئەوەی ئێوە سەرسام دەکات ئاسنگەرەکە نییە. . . ئەو پیاوەیە کە کابرای ئاسنگەر لەناو چیاکاندا بینی ، بیستوپێنج ساڵ بوو لەوێ دەژیا.

سەردەمێك بوو وەك ئێستای کۆچی باڵندەو سەفەری شێتەکان بۆ دورگەیەکی نادیارو نەزانراو، بارودۆخی هەرێمەکە ئاڵۆزو شێواو، دنیا تاریکو بێ تروسکە. هەورەکان ڕوخساری ئیزرائیلیان دەنواند، مەرگیان دەباراند. دووسەردەم بوو وەك ئێستا، جیاوازیان تەنها لەزەمەندا هەبوو، وەك سێوەکانی ئەم ساڵو پاری دارێك، بەڵام دوو سێوی ڕزیو. دوو ڕۆژگاری لێکچوو وەك بەڵێنەکانی سەرکردەیەکی درۆزن. ئەو سەردەمە لەبری باڵندەکانو شێتەکانی ئێستا، ئەو کەسانە هەڵهاتن کەقبوڵی ئەشکەنجەو گەندەڵی حوکمو جیاوازی نەتەوایەتییان نەکرد. "کوڕی دایە" یەکێك بوو لەوکەسانەی هەر زوو هەستی بەئازارەکان کردو ڕاپەڕی. ئەو زەمانە کوڕی دایە لاوێکی هەڤدە ساڵان بوو، گەنجێکی وریاو هۆش گەرم بوو، یەکێك بوو لەو کەسانەی لەناو تاریکی ئەڕۆژگارەدا زوڵمەتەکانی دەبینی، هەستی بەنەهامەتیەکان دەکردو ئەشکەنجەکانی پێقبوڵ نەدەکرا. ئەو سەردەمە لەبری کۆچی باڵندەو سەفەری شێتەکان خەڵکی هەرێمەکە بەرەو گوندو چیاکان هەڵدەهاتن بەتایبەتی گەنجەکان. کەسانێکیش هەبوون هۆکاری تایبەتی خۆیان ناچاری کردبوون بەرەو چیاکان هەڵبێن، بەڵام هەرچۆنێك ئێستا هەڵسەنگاندن بۆ هەڵهاتنی ئەو خەڵکەبکرێت لەو سەردەمەدا، کاریگەری خۆی هەبووە لەبەگژداچوونەوەو ڕووبەڕووبونەوەی زوڵمو

نەهامەتیەکانی ئەڕۆژگارەدا. هەڵهاتن سنبوڵی قارەمانێتی بوو، سیمایەکی پیرۆزی پۆشیبوو. کوڕی دایە بەتەنها ئەشکەنجەکانی سەر هەرێمەکەی ڕەتنەکردەوە، کە هەڵهات بۆ گوندەکان لەوێش بەگژ خۆپەرستیو نەزانیندا چوو، تاکو بەناچاری لەدەستی مەرگی بەناهەق هەڵهات. ئەو پیاوەی بیستو پێنج ساڵبوو لەچیا ترسناکەکان دەژیا، کوڕی دایەبوو. بۆ ئەوەی توشی سەرسامی نەبن لەئێستاوە هەوڵدەدەم هەنگاو بەهەنگاو شوێن پێکانی هەڵبگرم تا ئەو کاتەی بەیانییەك خۆی گەیاندە چیا ترسناکە هەزار بەهەزارەکان. ئەو ئاسنگەرەش ڕویکردە چیاکان (وەستا کاوەی چەکوش پەرست بوو). وەستا کاوە عاشقی زرمەی چەکوش بوو. هەمیشە چەکوشێك بەلاقەدیەوە بوو، بەڵام ئەوڕۆژەی ڕویکردە چیاکان جگە لەچارۆکەیەك نان‌و کۆمەڵێك پەڕە کاغەز هیچیتری پێنەبوو. پێشتر چیاکانم ناونا( مەملەکەتی مێش هەنگ)، لەئێستاشەوە ئیتر بەو ناوەوە ناوی دەهێنم. وەستا کاوە کەسی شك نەدەبرد لەمەملەکەتی مێش هەنگ، نەیدەزانی کەسێك لەوێ دەژی، ناچار بوو بەرەو ئەوێ هەڵبێت. وەك خۆی لەپاشاندا گوتی، بڕیارم دابوو ڕووبکەمە ئەوێو نەگەڕێمەوە، دڵنیاشبووم مێش هەنگەکان دەمکوژن.

بەرەبەیانییەکی زۆرزوو لە دەمی بوڵێڵبووندا وەستا کاوەی چەکوش پەرست بە ماشێنی برادەرێکی لەناو شار دەرچوون. مەملەکەتی مێش هە نگ لەشارەوە دوور بوو، تاکو ئەو شوێنەی توانییان بە ماشێنەکە ڕێگایان بڕی، دواتر وەستا کاوە گوند بەگوند بەرەو مەملەکلەتی مێش هەنگ ڕێگای گرتە بەر. سەردەمێك بوو وەستا کاوە گوندا و گوند بۆ سەردانی برادەرەکانی هاتو چۆی گوندەکانی کردبوو، شارەزایی تەواوی هەبوو. دەمەو ئێوارەیەکی ڕەنگ زەرد لەچیاکان نزیك بووەوە، لەدورەوە بریسەکەی هەنگوینی تکاوەی چیاکانی بەدیکرد. شکست و ماندو، چەند کاتژمێرێك بوو بەڕێگاوە بوو. نیگای پڕ ترس‌و گومانی بۆ دوای خۆی سوڕاند، کەسی نەبینی، لەخەمی پیاوەکانی ئاسایش ڕەخسابوو، بەڵام هەموو هەنگاوێك لە دەروازەکە نزیك دەبووەوە کە دنیایەك ترس‌و نا ئارامی لەدەرونی خەڵکی هەرێمەکەدا دروست کردبوو. ئێسك و پروسکە پەرت‌و بڵاوەکانی سەرڕێگاکەش هێندەیتر غیرەت‌و ئۆقرەیان لێبڕیبوو. هەموو ئەو چیرۆکانەی لەمەڕ چیاکانەوە بیستبوونی، بەبیریدا دەهاتەوە. وەستا کاوە نیگەرانی ئەوەبوو دەمرێت و ئاواتەکانیشی لەگەڵ خۆیدا دەمرن. لاشەیەکی زۆری بینی وشك ببوونەوە وەك چلکەداری پاش لافاو و تۆفان، ئێسك و پروسکی چەندین ساڵ لەمەو پێشیبینی. هەموو ئەو شمشێرە ژەنگاویانەی بینی کەپێشتر بیستبوونی. لەناو لاشەکاندا بیری لەڕوداوەکان دەکردەوەو لەخۆی دەپرسی"بۆچی ئەم لاشانە گەیشتونەتە ئێرە؟ ئەمهەنگانە بۆچی بەشەر دەخۆن؟ من بۆچی گەیشتمە ئێرە؟

تۆ بڵێی لەم هەرێمەدا پەنایەك نەبێت بۆ كەسانی هەڵهاتوو، ئەی زەعیم هەستیار مەبەستی چ شارێك بوو؟

لەناو ئێسكو پروسكەكاندا ترسو نیگەرانی كەمێك هێوربووەوە، ڕوخسارو دەرونی بەرەو ئاساییو ئارام بوونەوە دەچوو. بیری لەئەفسانەو دڕندەی ناو چیاكانو قسەكانی زەعیم هەستیار دەكردەوە كەرۆژانە تێكەڵ بە هەوا دەبوو و بەرەو ئاسمان دەكشا. لەناكاودا دەنگی گێزەو فڕەی باڵە نەرمەكانی گورزەیەك مێش هەنگ بەسەر سەریەوە هۆشی پڕ لەترسو گومانو دڵی ڕاڕای داچڵەكاند. مێش هەنگەكان بەبەرزی ئاسمانەوە وەك وردە ئەستێرەی بچوك بچوك دەبریسكانەوە. جوانی مێش هەنگەكان ئومێدو ئاسودەییان پێبەخشی. مێش هەنگەكان لەپاش چەند جارێك سوڕانەوە بەسەر سەریەوە، بەرەو خوار دابەزینو لەوەستا كاوە نزیك بوونەوە، ئەویش ئاسودەو ئارام بەوردی سەرنجی مێش هەنگەكانی دەدا. نەخۆی هەستی بەترسو شڵەژاندن كرد، نە بوغزو توڕە بوونی لەچاوو ڕۆحی ئەواندا بینی. هەنگەكان بەئاراستەی چیاكان بەهێواشی فڕین، وەك بە هەموویان هەڵیبگرن هەستی بەسوكی لەشی خۆی كرد، ئەویش هەنگاو بەهەنگاو بەدوایاندا ڕۆشت. وەك لەخەوێكی خۆشدابێت ڕۆحی نوقمی ئاسودەیی ببوو. وەستا كاوە بەنیازی پەنایەك بۆ ڕۆحی ڕوی لەم چیا عاسیانە نەكردبوو، ئەو هەرگیز پێی قبوڵ نەبوو تەسلیمی مەرگی نا سروشتیبێت. بەئومێدی كەسێكیش نە هاتبوو لەمەملەكەتی مێش هەنگ بژی. بەڵام لەناو چاوی هەنگەكاندا پەیامی كەسێكی دەخوێندەوە كە هەنگەكانی بەشوێندا ناردبێت.

كوڕی دایە زۆر ئێوارە لەناو چیاكان دەهاتەدەرەوە، لەپێش دەروازەكەدا لەسەر تاشە بەردێك ڕادەوەستاو دوراو دوور سەیری دنیای هەرێمەكەی دەكردو بە بیرەوەریەكانیدا دەچووەوە. هەمیشە ئەو بەرەبەیانەی بیردەكەوتەوە كە پێش بیستو پێنج ساڵ لەمەوبەر بۆ یەكەم جار ڕوی لەم ناوچەیە كرد. بەسەر هاتی كوڕی دایەو وەستا كاوە نزیك بەیەكن، وەك یەك چیرۆك دوو جار بنوسرێتەوەو ناوی پاڵەوانەكەی بگۆڕن. ئێوارەیەكی ڕەنگ زەرد بوو، لەسەر بەردێكی گەورە ڕاوەستابوو. بەڕابردوی خۆیدا دەچووەوەو لەو ئاسۆیەی دەڕوانی كەبەسەر ئاسمانی هەرێمەكەدا وەك هەورێكی ڕەش پەخشببوو. دوراو دوور تەماشای شارەكەی دەكرد كە لە تەمەنێكی زۆر لاویدا بەجێیهێشتو نەگەڕایەوە. ئەوسەردەمە كوڕی دایە گەنجێكی ڕۆح سوكی هێمنو وریا بوو. زیرەكترین قوتانی قوتابخانەكەیان بوو. ڕەفتارو هەڵسوكەوتی بەو جۆرەی كەكوڕی دایە لەو ڕۆژگارەدا هەیبوو، لەلای هەندێك كوڕانی كۆڵانو قوتابخانەو هەرێمەكەش پەسەند نەبوو. كوڕێكی هاوتەمەنی سەرەڕۆی دراوسێیان، باوكی سەرزەنشتی دەكات و پێیدەڵێت"هەر نەبێت تۆزقاڵێك

چاو لەکوڕی دایە بکە" ئەویش بەدەنگی بەرزو بەشانازییەوە دەڵێت: من قەد نامەوێت وەك ئەو گێژەبم. . تاکو ئێستا بۆکس خەنجەرێکی نییە، جەقۆیەکی ئەبو ئەڵقەیەکی نییە.

بەدرێژایی حوکمی چاو ڕۆحلەبەر نەدەبینرا، زۆربەی هەنگەکانیش چووبوونەوە کونەکانی خۆیان. ڕەنگی ئاسۆ بەرەو پرتەقاڵی دەچوو. دیمەنی دونیا وەك تابلۆیەکی غەمگین دەینواند، ئەویش کزو غەمبار بوو. مەرج نییە ئەوەی لەمەملەکەتی مێش هەنگ بژی هەمیشە ئاسودەبێت، بەڵام ئەو کەسەی وەك مێش هەنگ کار بکات بەختەوەرە. لەسەرەتادا پەیوەندییەکی ئاسایی لەگەڵ هەنگەکاندا هەبوو، ئەو سەردەمە کوڕی دایە میوانێکی خەماوی گۆشەگیر بوو. هەر ئێوارەیەك دەهاتە دەرەوە لەسەر ئەو بەردە ڕادەوەستاو سات بەسات بەیادگاریەکانیدا دەچووەوە تاکو دوا یادگار ئەو بەرەبەیانییەی بەچارۆکەیەك نانو کیسەیەکەوە ڕوی کردە چیا هەزار بە هەزارەکانو دەمەو ئێوارە لەمەملەکەتی مێش هەنگ نزیکبووەوە. ئەم ئێوارەیەش وەك زۆربەی ئێوارەکانیتر لەسەر هەمان بەرد ڕاوەستاوەو لەو شوێنە دەڕوانێت کەیەکەم جار دەمەو ئێوارەیەك گەیشت و لەدورەوە دەروازەی چیا ترسناکەکانی بەدیکرد. لەناکاو تارمایی کەسێکی بینی وەك خۆی لەڕابردودا ببینێت. دڵنیابوو کەمرۆڤێکە، کەسێکی شکستو ماندووش دیار بوو. تارماییەکە ڕونتر هاتەبەر چاو بەشێوەیەك کەکوڕی دایە سە رسام بوو، وەك بەرامبەر بەئاوێنەیەکی گەورە ڕابردوی خۆی ببینێت کەپێش بیستو پێنج ساڵ بەر لەئێستا لەئێوارەیەکی ڕەنگ زەردی وەك ئەم ئێوارەیە، وەك ئەو ڕێبوارە ماندووە، بەرەو چیاکان دەهات. کابرای ڕێبواریش بەهەمان شێوە چارۆکەیەك بەکۆڵیەوەو کیسەیەك بەشانیەوەبوو. کوڕی دایە هیچ گومانێکی خراپی لێنە دەکرد . دڵنیا بوو کاسێکی هەڵهاتووە. لەوە زیاتر نەیتوانی ئارام بگرێت، نەبا مێش هەنگەکان بەئاگابێن و لەناکاودا هێرشی بۆ بەرن. بەئەسپایی لەدەروازەکەوە چووەوە ناو چیاکان بەبێ ئەوەی کە ڕێبوارەکەببینێت. کوڕی دایە دەستەیەك مێش هەنگی ئاگادارکردەوەو بۆلای ڕێبوارەکەی ناردن.

مێش‌هەنگەکان لەپێش وەستا کەوەوە بەرەو ناو چیاکان بەهێواشیو نزمی دەفڕین، ئەویش بێ خەمو ئاسودە بەدوایاندا بەرەو ناو چیاکان دەڕۆشت. وەستا کاوە جگە لەمیهرەبانیو سۆز هیچ هەڵسوکەوتێکی دڕندانەی لەهەنگەکان نەبینی. هەموو چیرۆکە ترسناکەکانی لەبیرەوەری خۆیدا سڕینەوە. دەروازەی چیاکان لەدەربەندێك پێکهاتبوو لەنێوان دوو چیای هەڵچوودا. لەودیو دەربەندەکەوە چیا بەرزو هەڵچووەکان شانبەشانی یەکتری هەزارەها مەتر بەئاسماندا هەڵچووبوون وتاکوسەر گەردنیان بە سنگی هەورا چووبوون. دیمەنەکان بەجۆرێك سەرسوڕهێنەر بوون وەستا کاوە نوقمی سەرسامی ببوو. هەنگەکان بەرەو ناو قوڵای چیاکان بردیان . تاکو بەرەو

ناوەوە دەچوون دنیای ناو چیاکان لێڵ تر دەبوو، دیمەنەکانیش سەرسوڕهێنەتر. چیاکان هێندە بەرز بوون کەس نەیدەزانی کامیان لەکامیان بەرزترە، سەر لە ڕوانینی لوتکەی چیاکان کڵاوو جامانەی پێوەبەند نەدەبوو. لەئاسمانێکی دوورەوە ئەستێرەکانی دەبینی، بەڵام لوتکەی چیاکانی بەدینەدەکرد. لەناوەوە چەندین دەربەندو ئەشکەوت دروست ببوون. هەرچیایەك بەهەزارەها پورەی هەنگی پێوەبوو. هەنگوینێکی ڕەنگ زەرد بەدامێنی چیاکاندا بەرەو خوار تاکو ناو جۆگەو چاڵەکان چۆڕابوونەوەو بریسکە بریسکیان بەدەورو پشت پەخشببوو. وەستا کاوە هەستی بەبوونی هیچ ڕۆح لەبەرێك نەدەکرد. لەدڵی خۆیدا دەیگووت ، ئاخۆ باڵندەو شێتە کان بۆکوێ چووبێتن؟. مێش هەنگەکان تاکو بەردەم ئەشکەوتێك بردیان و خۆیان بەرەو بەرزی چیاکان هەڵفڕین. دەرگای ئەشکەوتەکە کونێکی گەورەبوو کە هەموو گیان لەبەرێکی پێوە دەچوو. لەبەردەم کونەکەدا هەڵوێستەیەکی کردو ڕاما، بەدیقەتەوە تەماشای دیوارو ناو ئەشکەوتەکەی دەکرد. وەك گوێی لە هەناسەی کەسێك بێت هەنگاوێك چووە پێشەوە. بەئەسپایی دەنگێك لەناوەوە بانگیکرد، دیار بوو ئەوکەسە وەستا کاوەی دەبینی، بەڵام ئەم کەسی بەدینەکرد. هەرچەندە بەدڵ ئاواتەخواست بوو لەتەنیای خۆیدا کەسێك هاودەنگی بێت، بەڵام ئەو دەنگە نەبینراوە لەناو ئەو چیا ترسناکانەدا، دەنگێکی ئەفسوناویبوو کە حاڵەتی دەرونی توشی نائارامی کرد. گەڕانەوە مەحاڵ بوو، بەئەسپایی هەنگاوی بۆ پێشەوە هەڵهێنا. شێوەی هەڵکەوتنی ئەشکەوتەکە وابوو کەئەم دەنگەکەی ناوەوەی نەدەبینی. چەند هەنگاوێك بەناو ئەشکەوتەکەدا ڕۆشت، بەلای ڕاستدا کونێکیتر هەبوو، لەو کونەشەوە چووە ناوەوە و لەوسەرەوەی کونێکیتری پڕاوپڕ لەڕوناکی دەرکەوت کەناو ئەشکەوتەکەی ڕوناکردبووەوە، ڕوناکییەکی ئەفسوناوی بوو بەو دەورو پشتەدا پەخشببوو. بەرەو کونە پڕ لەڕوناکییەکەچوو، لەو دیوەوە ئەشکەوتێکی فراوان بوو کە ئاسمانی لێوە دیار بوو، سەرسام ببوو لەدیمەنو شێوەی ئەشکەوتەکان، بەڵام ئەو پیاوەی لەسەر بەردێك دانیشتبوو هەموو نیگاو سەرنجەکانی وەستا کاوەی بەلای خۆیدا ڕاکێشا. چارۆکەو کیسە پەرەکاغەزەکانی هەر پێبوو، بە ڕامانەوە تەماشای کیسەکەی دەستی وەستا کاوەی دەکرد، وەك بیر لەڕابردو بکاتەوە. قەدەرێك بەسەرسامیەوە لەیەکترییان ڕوانی. کوڕی دایە بیستو پێنج ساڵ بوو لەناو ئەو چیایانەدا دەژیا، براو دۆستی خۆشی بێن نایانناسێتەوە، کەسیش دوای ئەو زەمەنە درێژە ئەو ناناسێتەوە. بەڵام وەك ڕۆحیان یەکتری بناسنەوە، وەك دوو ڕێبواری ژێر هەوری غەدرو نەهامەتی کە چەتری یەکتریین ، باوەشیان بەیەکتریدا کرد. هەردووکیان یەك بۆنیان لێدەهات، وەك لەبەر هەتاوێك تاکو پلەی گڕگرتن خۆیان هەڵخستبێت بۆنی سوتانیان لێدەهات، یاخود زیندانی یەك ژێر زەمین بووبێتن، بۆنی شێیەکی غەمباریان گرتبوو. کوڕی دایە

بەپەرەو كاغەزەكانی دەستی، شتێك لەچیرۆكی بەسەرهاتی وەستا كاوە حاڵیبوو. ئەو شەوە هیچیان نەگووت، وەستا كاوە زۆر هیلاكو ماندوبوو، چەندین كاتژمێر بەرێگاوە هاورێی ترسو گومانوئازاری دەرونی بوو. پاش ئەوەی لەباشترین جۆری هەنگوینی خوارد، بەئارامی لەجێگایەكی باشدا چاوەكانی سەریەك ناو چووە دنیای خەو و بێئاگایی.

بەرەبەیان تیشكی هەتاودەموچاوی گەرمكردو بەئاگاهاتەوە. پێشتر باوەری نەدەكرد هەرگیز ناو قوڵای چیاكان هەتاوی تێبكەوێت، بەتایبەتی لەو جێگایەی كەئەوی لێخەوتبوو. هێشتا هەر پاڵكەوتبوو، لەكەلێنی هەورەكانەوە تەماشای ئاسمانی دەكرد. روخساری وادیار بوو لەدونیایەكی ترو لە مەملەكەتێكیتردا بێت. ئاسودەیی لەناو چاوەكانیدا دەبینرا. بەپاڵكەوتنەوە سەرنجی دیمەنەسەرسورهێنەرەكانی دەدا. ناو چیاكان پربوون لەنهێنیو مرۆڤیان سەرسام دەكرد. سەر لوتكەی شاخەكان و پەڵە هەورەكان و ئاسمانیش هێشتا هەر كەمێك تاریك بوون، كەچی ناو دەمی ئەو ئەشكەوتەی كەدوێنێ ئێوارە لێوەی هاتە ناوەوە روناك بوو، وەك زەمەن لەوێ لەپێشتر بێت. بەسەر سورمانەوە لەسەر جێگاكەیی خۆی راستبووەوە، كوری دایەی لەدووری خۆی بەچەند هەنگاوێك بینی دانیشتبوو. ویستی پرسیاری دوێنێ ئێوارەی لێبكات چۆن لێرەوە ئەوی بینیبوو لەبەركونی ئەشكەوتەكەدا راوەستابوو كاتێك كە بانگیكرد بێتەژورەوە. پێش ئەوەی پرسیار بكات چەند كەلێنێكی بچوكی لەلای كونی ئەشكەوتەكەوە بینی كەلەوێوە دەروازەی یەكەمی ئەشكەوتەكەی لێوە دیار بوو. دوێنێ ئێوارەش كوری دایە هەر لەو كەلێنانەوە وەستا كاوەی چەكوش پەرستی بینیبوو. هەر دووكیان دووراودوری یەكتر لەسەر جێگاكانی خۆیان دانیشتبوون. كۆمەڵێك مێش هەنگ بەسەسەری كوری دایەوە بەنەرمی هەڵدەفرین وەك قسە بۆی بۆ بكەن. مەملەكەتی مێش هەنگ پربوو لە دیمەنی ئەفسوناوی كەوەستا كاوەیان سەرسام كردبوو، ئەو پێشتر وەك هەموو خەڵكی هەرێمەكە ناو چیاكانی بەنا ئارامترین جێگا بیستبوو كەپرە لەگیانداری درندەو عەجایب كە هێشتا لەشوێنی تر نەبینیراون. ناوەرۆكی چیرۆكەكان زۆر دوور بوون لەو راستیانەی كەئێستا بە چاوی خۆی دەیبینێتو ئاگادارە. وەستا كاوە هێشتا هەر لەسەر جێگاكەی دانیشتبوو كەنوقمی سەرسامی ببوو، بەڵام ئاسودەبوو. هەستیدەكرد لەهەموو ژیانیدا وەك ئەمشەو بە ئارامی نەخەوتبێت. كیسە پەرە كاغەزەكان شەو چۆن لەلای سەریەوە داینابوون، هەروا دانرابوون، ئەو دەمە مێش هەنگەكان بەسەر سەری كوری دایەوە رۆشتبوون. لەیەك كاتدا تەماشای یەكتریان كرد، بەدەم بزەیەكی دۆستانەوە سەری رێز و سڵاویان بۆ یەكتر لاقاند. كوری دایە ئەو كانی و كارێزەی نزیك ئەوێبوو پیشانی وەستا كاوەی دا. ئاوێكی رونی سازگار لەنێوانی دوو تاشە بەردی گەورەدا خورخور

دەڕژایە ناو جۆگەلەیەکی باریکەوە. کانییەکی بچوکی مەستی خەواڵوش، پێدەچوو زەمانێك بێت نەشڵەقابێت لەدامێنی بەشی خواروی چییایەکدا لەناو باوەشی سەوزاییەکدا ڕاکشابوو. دیمەنەکان لەبەشێکی بەهەشت دەچوون، لەسەر کانیلە بچکۆلەکە دانیشتو بەوردی سەرنجی بن ئاوە ڕونەکەی دەدا، بەڵام هەموو ئاسمانو پەڵە هەورەکانی سەرو خۆی لێوە دیار بوو. بەدیقەتەوە ڕامابوو، وەك بۆ فریشتە بگەڕێت بە بەهەشت تێدەگەشت. هەموو دیمەنەکانی ناو کانیلەکەی بەسەر یەکدا تێکشکاند کەدەستی لەئاوەکە وەرداو بەدوو شڵپ دەمو چاوی شوشت. هەنگوینی چۆڕاوەی قەد پاڵی چیاکان تاکو دامێنی خوارونزیك بەتولە ڕێگاکان، بەسەر خرە بەردەکاندا ڕژابوون. چەند تولە ڕێگایەکی باریك لەنزیك کانیو ئاوەکەوە سەریان بەیەکەوە نابوو، لەوێشەوە هەریەکەیان بەرەو شوێنێکی نادیار بۆ ناو قوڵای چیاکان سەری خۆیان هەڵگرتبوو. شوێن پێی مرۆڤ بەسەر ڕێگاکانەوەبوو، جارێکیتر نیگا سەر شێتەکانی سەرسامیان کردەوە، بوو بەپارچەیەك لەبیرکردنەوەو تێ ڕامان، ئەو هێشتا دەربارەی کوڕی دایە هیچ زانیارییەکی نەبوو. بەگومانبوو لەشوێن پێکان کەشوێن پێی ئەوبن، چونکە جێگا پییەکان چەند جۆرێك بوون.

وەستا کاوە لەدوێنێ ئێوارەوە سات بەسات دیمەنەکان سەرسامیان دەکرد، لەهەموشیان کاریگەرتر ئەم جێگا پێیانەن کەنەیدەتوانی بەئاسانی فەرامۆشیان بکات، چونکە هێشتا بەسەر تەختی ڕێگاکانەوە ئەسەریان مابوو بەهەردوو ئاڕاستەی چوونو هاتن. هەندێك جار وا هەستی دەکرد خەو دەبینێت، لەناو واقعی ئەم بەیانییەدا خەمی بوو کەخەوتووەو بەئاگابێتەوە.

کۆچی باڵندەو سەفەری شێتەکان بەتەنها دیاردەیەکی ترسناك نەبوو، نهێنییەکی ئەفسوناویشبووکەهیچ کەسێك دەرکی بەجێگاو شوێنیان نەکرد بەرەو چ هەرێمێك هەڵهاتن. زۆربەی خەڵك پێیان وابوو لەدوای ئەوان بەڵایەکی گەورە ڕودەکاتە هەرێمەکە، جار بەجاریش کەسانێك هەبوون دڵخۆشی خۆیان و خەڵکیتریشیان دەدایەوەو دەیانگوت، بەڵکو بەڵاو نەهامەتیەکانیان لەگەڵ خۆیان بردبێتو خێرو خۆشی ڕومان لێبکات. لەدێرزەمانەوە لەو سەردەمەی باڵندە دڕندەکانی ناو ئەفسانەکان کۆتاییان پێهات، ئیتر باقی باڵندەکانیتر بوون بەهاوڕێی مرۆڤ، جگە لەمیهرو خۆشەویستیو سود چ بەڵاو نەهامەتیو زەرەریان نەبووە بۆمان. ئەمە ڕاستییەکی ئاشکرابوو لەلای خەڵك بەقەد ئەو ڕاستییەی کە خەڵکی هەرێمەکە باش دەیان زانی نەهامەتیو سەرهەڵدانی دیاردەکان لەکوێوە سەرچاوەی وەرگرتووە. بێدەنگی کۆمەڵ لەئاستی ڕوداوەکان بۆخۆی ئەو بەڵایە بوو کەچاوەڕوانیان دەکرد. هەستی باڵندەو شێت بەبێ بەهاو بە هیچ وەردەگێرا. هاتنی مێشولەو تەیرە فسقلیەکان، لەنەبوونی باڵندەبوو لە هەرێمەکەدا. لەدوای ڕۆشتنی مەستی ئیتر کەس

نەبوو لەچایخانەکەدا بەیانیان بەقاڵو کاسبکارەکانی ناو بازاڕ سەرکەنەسەری، ناچار بەگاڵتەو قەشمەری کردن لەناو یەکتردا، ڕۆژانە پێش چوونە سەر کار سەرو گێلاکی یەکترییان داغان دەکرد، هەزار شەقیان لە قونگی یەکتری هەڵدەدا. ماوەیەك لەبیر خەڵك چوونەوە، ئەوەی بیری بردنەوە هاتنی مێشولەو فسقلیەکان بوو لەگەڵ ئەو هەموو دەردو میحنەتو ئەندێشەو ئازارانەی وەك دیاری بۆ هەرێمەکەیان هێنا بوون. جەنگی نێوان خەڵكو مێشولەکان ، جەنگێکی گەورەو سەخت بوو تا ئەو ڕادەیەی خەڵکی نەك کۆچی باڵندەو شێتەکان، بەڵکو خۆشیانیان بیرچووەوە. ڕۆژانە خەڵك دەبوون بەقوربانی ئەو جەنگە. فسقلیەکانیش لەمێشولەکان کەمتر نەبوون ، ئەوان بەبەرنامەیەکی تایبەتو دروست هاتبوون، ئەرکیان گرنگترو کاریگەر تربوو لەسەر هەرێمو خەڵکەکەش. گرفتێکیتر لەئاستی کۆی هەموو بەڵاکان، هەرێمەکەیان چۆڵ نەدەکرد، بوون بەشەریکە بەشی میراتی هەزار پشتی خەڵکی هەرێمەکە. سەردەمێکی شومو گرانو سەخت بوو، مرۆڤ وەک کەلاکی مردوو هەرچییەك پێیدەگەیشت برسی بوو، بەشی خۆی لێدەپچڕی. سێ بەڵای گەورە ، سێ سوچکەییەکیان لە نەهامەتی دروست کردبوو هەرێمەکەیان پێ گەمارۆ دابوو، خەڵکی هەرێمەکە لەناو ئەندێشەو ئازاردا نقوم ببوون.

ڕۆژێك مێشولەکان تاکیان لەهەرێمەکەدا نەما، قڕیان تێکەوت. وەك باسیان کرد لەو ڕۆژە دەچوو کە هۆلاکۆ بە قونگی دڕاوەوە لە هەولێر هەڵهات. بەڵام نیگەرانیو نائومێدی هەر بەڕوخساری خەڵکەکەوە بوو، لەناو بیلبیلەی چاوەکانیاندا هەمیشە وێنەی فسقلیەکان دەبینرا. بوونی ئەو تەیرە فسقلیانە هیوای لە دڵی خەڵکدا بڕیبوو، کەس پێی وانەبوو کە ڕۆژێك هەرێمەکە بەجێبهێڵنو لەشانو کۆڵی خەڵکەکە ببنەوە، بەڵام من لەئێستاوە مژدەی ئەوەتان پێدەدەم، ئەوانیش ڕۆژێك بۆ جەنگێکی چارەنوسسازی خوێناوی هێرشیان بۆ سەر دەڤەرێکی هەرێمەکە برد، هەر ئەو ڕۆشتنەبوو ئیتر نەگەڕانەوە. قاچاخچییەکانی مەرزەکانی سەرسنور بەئاسمانێکی زۆر بەرزەوە فسقلیەکانیان بینیبوو بەرەو ڕۆژهەڵهات ملی ڕێگای خۆیان گرتبوو. لەو کاتەدا بۆنێکی کەسکونی پیسیان بڵاوکردبووەوە کەترسو نیگەرانی لای خەڵك دروست کردبوو، بەتایبەتی قاچاخچییەکانو دانیشتوانی سەر سنورەکان، هەر چەندە کاریگەری خراپی بۆنەکە لەسەر کەس دەرنەکەوت، بەڵام ئاشکراش نەبوو، هەر بەنهێنی مایەوە. خەڵکی ئەم هەرێمە ناهەقیان نەبوو لەو بۆنانە بەگومانبن کەلەناکاودا پەیدا دەبنو تێکەڵ بە هەوا دەبن. دەیانگووت"بەبۆنی سێو بەو دەردە چووین، ئاخۆ ئەم بۆنە پیسە چ ئافاتێکمان بەسەر بێنێت". دواجار گووتیان، گرنگ ئەوەبوو فسقلیەکان ڕۆشتن.

منیش دەڵێم ڕۆشتنی فسقلیەکان گرنگ بوو لەسەر ژیانی خەڵکەکە، بەڵام کەئەوان ملیان شکاندو ڕۆیشتن، ئیتر دواین بەڵا نەبوو لەکۆڵمان بووبێتەوە. مێشولەکان زۆر پێش فسقلیەکان قڕیان تێکەوت. ئەو سێ سوچکەیەی کە هەرێمەکەی نوقمی ناو نەهامەتیەکانی خۆی کردبوو، سوچێکی هەر مابووەوە ، هەر گەندەڵی ئەوانیش بوو کەمێشولەو فسقلیەکانی بەرهەمهێنابوو. مێشولەو فسقلیو گەندەڵی حوکمڕانی ئەو سێ کۆڵەکە دەرداوییە بوون کە هەوری نەهامەتیەکانیان بەسەرئاسمانی هەرێمەکەوە ڕاگرتبوو، بەلێزمە دادەباری. ڕەنگە ژمارەی« سێ» بابەتێکی گرنگ بێت لە ڕۆمانەکەماندا.
چەند ڕۆژێك پێش قڕکردنی مێشولەکان ، زەعیم بێ شەرەف لەناو ئاپۆرەی خەڵکدا لەناو بازاڕ لەحاڵەتێکدا کە موچوڕکەبەهەموو لەشیدا دەهات، بەزمانێکی پچڕپچڕو بەدەرونێکی شێواوەوە هاواری دەکرد"هۆ خەڵکینە. . . !گوێم لێبگرن ، ئەسەری یەکێك لەشێتەکان دەرکەوت. ئێستا مەستیم بینی. . . مەستییەشێتم بینی شێوەی خۆی گۆڕیبوو، قاتێکی شینی جوانو عەینەکێکی ڕەشی لەچاوکردبوو.
زەعیم بێ شەرەف کەسێکی بێ باوەڕ بوو لەناو خەڵکدا، بۆیە هیچ کەسێك باوەڕی پێنەدەکرد. مەرج نەبوو لەناخیدا هەڵگری ئەو خەسڵەتانە بووبێت کەناز ناوی خراپی وەك بێشەرەفی بخەنە پاڵ. نەهامەتی و نەگبەتی کە ڕوی لە میلەتێك کرد، ئیتر خەڵکەکەش دەبن بە ئەرکو ملۆزم بەسەر یەکترییەوە، کەس ڕێز لەویدی ناگرێت، خۆشەویستی بوونی نامێنێتو گوێ لەیەکتر ناگیرێت. کوڕێکی گەنج لەناو خەڵکەکە داهاواری‌لێکرد"زەعیمە بێ شەرەف فشەبۆکێ دەکەیت؟کەس لەم هەرێمەدا جێگاو ڕێگای شێتێکی نەدیوە تۆ نەبێت. هەر ئەمەمابوو خۆتی پێدەربخەیت. . .تاکو کەی تاقەتت لەم بەزمە ناچێت؟ خەڵکەکە قوڕ کراوە بەسەریاندا تۆش لەفشەو هەڵای خۆت ناکەویت. زەعیم بێ شەرەف لەسادەیی خۆیدا گوێی بەتانەو تەشەری کەس نەدەدا، جێگای سەرسامی بوو ئەمجارە قسەکانی ئەو کوڕە گەنجە سەرو دڵی گرت.
بەدەنگێکی بەرزترو بەحیرسێکی زیاتر هاواریکرد: خەڵکینە دڵنیا بووم کە باوەڕم پێناکەن، بەڵام نەمدەتوانی بێدەگیشببم، بەچی باوەڕدەکەن ئەی کافرینە تاکو سوێنتان بۆ بخۆمو باوەڕم پێبکەن؟ بەشەرەفم ئەو پیاوەی بینیم (مەستی) بوو، مەستییە شێتی جاران، بەڵام بەڕوخساریدا لە هەمووومان ئاقڵتر دیاربوو، زۆر پاكو تەمیز بوو، هێمنو لەسەرخۆ دەڕۆشتو لەژێر چاویلکەکانیەوە سەرنجی هەموو لایەکی دەدا، منی بینی زانی دەیناسمەوە بەپەلە خۆی ونکرد. تکاتان لێدەکەم باوەڕم پێبکەن. لەمنداڵییەوە هەرچییەکم وتبێت، ئەگەر درۆ بووبێت . . . ئەمجارەیان سەد دەر سەد ڕاستە. مەستی خۆی بوو.

ئەو خەڵكەی لەدەوری زەعیم بێ شەرەف كۆببوونەوە ، قاقا بەقسەكانی پێدەكەنین. دەمێك بوو خەندەو پێكەنین بەسەر لێو و روخساری خەڵكەكەوە تۆرابوو. كوڕێكی باریكەڵەی درێژ كەدەنگێكی گڕی پێوەبوو، لەئاستی لەشولاریدا نەبوو، وەك هەوربەگاڵتەجاڕییەوە گرماندی:زەعیم گیان، ئەی بێ شەریفی شارەكە. . . تۆ شەرەفت لەكوێبوو تاكو سوێندی پێبخۆێت، خەڵكی بەسەر كۆستی خۆیاندا كەوتوون، هێشتا چارەسەری مێشولەو فسقلیەكانمان بۆ نەكراوە ، دەتەوێت سەرقاڵمان بكەیت بەدوای سێبەری شەیتاندا رابكەین؟

زەعیم بێشەرەف پیاوێكی سادەو دڵپاك بوو، لەهەر كەسێكیش برەنجایە ماوەیەكی كورت بوو، لە بوغزو كینە دەرونی زوو پاكدەبووەوە. هەموو كەسێكی خۆشدەویست. بەنیگەرانییەوە گوتی:ئەوەی من بینیم مەستی بوو ئیتر ئێوە ئارەزوی خۆتانە. رەنگە بەلای تۆوە من شەرەفم نەبێت كە هەموو كەسێكم خۆشدەوێت، كەڕاستییەكانی ناخو هەستم بەئێوە دەڵێم، نازانم تاكو كەی ئەو كلتورە تێكناشكێنین كە هەر هەموومان سەقەت پەروەردە دەكات؟چ ئارەزوویەكە یەكتری بشكێنین، هەستی یەكتر بریندار بكەین؟ كێن ئەوانەی خاوەن شەرەفن. . . ئەوانەی ئەم رەوشەیان خوڵقاندو شەرەفی خەڵكیان لەبن باخەڵو سەری هەوەسیاندا دارزان، ئێوەش بەگەورەو قوربانو بەڕێز ناویان دەهێنن؟ زەعیم بێشرەف بە دڵشكاویو نیگەرانی خەڵكەكەی بەجێهێشتو رۆشت.

هەرلەمنداڵییەوە ناوی زەعیم بێشەرەفیان بەسەردا دابڕی، كە هێشتا تەمەنی چواردەو پانزە ساڵان بوو. داوای لێبوردن دەكەم كە بە زەعیم بێشەرەف ناوی دەهێنم، ئەو لەقەبە قێزەونەیە شایستەی ئەو پیاوە میهرەبانە نەبوو. ناچار بووم لەسەر زمانی خەڵكەوە ناوی بهێنم، نەكو چەواشە ببنوو نەیناسنەوە. زەعیم كوڕێكی دڵپاكوخاوەن ڕێز بوو، كەسی نەدەڕەنجاند. ڕوداوەكانی كەدەگێڕایەوە، زادەی هەستو ڕۆحی خۆی پێوە دیاربوو. لەبری بە بەهاوەرگرتنو هاندانوڕێزلێنان، بە درۆزنو فشەكەر ناویان دەهێنا. زەعیم بێشەرەف خاوەن هەستێكی تایبەت بەخۆی بوو كە لەخەڵكی ئاساییدا نەبوو. زۆر جار دەیگوت"لەشەوە تاریكەكاندا لەدوری دورەوە ڕوناكییەك دەبینم هێندەی دەنكی نۆكێك، لەئەستێرە ناچێت، وەك خۆرێكی بچوك وایە. خەڵكی قاقا بەقسەكانی پێدەكەنینو بەفشەكەر ناویان دەبرد.

زەعیم بێشەرەف شەوێك هەموو شاری هەژاند. سەرەتا كۆڵانەكە ی خۆیانی لەشیرن خەودا داچڵەكاندو هەموو بەئاگاهاتنەوە. بەهاوار هاوار هەرچی خەوتو هەبوو بەشپرزەیو دڵە خورپەوە دەرپەڕینە دەرەوە بۆ كۆڵان. زۆر پیاو هەبوو لەترساندا بەقونگی ڕووت لەناو جێدا دەرپەڕیبوون. ژنێك لەشپرزەیدا شەرواڵەكەی خۆی دادەكەنێتو دەیدات بەمێردەكەی، كاتێك دەبینێت مێردەكەی بەقونگی رووت

لەناو ژنو پیاوی کۆڵانەکەدا ڕاوەستاوە. کابرا کەژنەکەی دەبینێت بەبێ دەرپێ، چاوی دەچێتە پشتی سەری. هەزار جنێو بەخۆیو بەژنەکەیو بەزەعیم بێشەرەفو بەوەزعی ئەو شەوە دەدات، پڕ بەکۆڵانەکە هاواردەکات ، ئافرەت ئەوە چی دەکەیت؟ ئابڕوی هەزار ساڵت بردم. کابرا لەناکاودا هەست بەخۆی دەکات قونگی ڕووتە ، شلّپە شلّپ خۆیو دەعباکەی ڕادەکاتە ماڵەوە. ژنەکەی چەندە بەجنێودانی مێردەکەی پەست و غەمبار بوو، ئەوەندەش پێکەنینی بەپاشەڵی دەهات لە پشتییەوە دەعباکەی لەرەلەر زرمو کوتی بوو، هەر ئەوەندەی گووت "نازانم کەی ئابڕوی خۆتان ئەچێت؟ بەقونگی ڕووتو دەعبای بەڕە لا، واپێدەچێت لەئەزەلەوە ئابڕوتان نەبێت وا هەرگیز ناچێت.

ئەو شەوە بوو بەهەراو فەرتەنەیەکی گەورە، وەختە بوو زەعیم بێشەرەف بکوژن، بەپەلە فریای خۆی کەوتو گووتی: دەستو برد بکەن ، لەخانووەکان دوور بکەونەوە، بوومەلەرزەیەك بە ڕێگاوەیە ، زەعیم هێشتا قسەکەی تەواو نەکردبوو بوومەلەرزەیەك هەموو شاری هەژاند.

زەعیم زوو هەستی بەدیاردەکان دەکرد، مەرج نەبوون هەموو دیاردەکان وەك بوومەلەرزەکەی ئەو شەوە بۆ خەڵك بە ئاشکراو ڕوونی دەربکەوتنایە. زۆر جار هەستەکانی زەعیم لەداهاتویەکی دووری دەڕوانی، ئەو حاڵەتانە لەبەختی زەعیم نەبوو، بۆیە گرنگی پێنەدەدرا. زەعیم بێەشەرەف لەمنداڵیشدا هەستو هەڵسوکەوتی جیاوازتر بوو لەگەڵ منداڵانی تردا، ئەوەشمان بیرنەچێت کە زەعیم ناوی تەواوی خۆی (سەدیق)ە. ئەوسەردەمەی تەمەنی چواردەو پانزەساڵان دەبێت، ئەفسەرێکی سەربازی ڕژێم بە پلەی (زەعیم) دەکرێت بە فەرماندەی گشتی هەرێم ، هەموو دەسڵاتێکی لەلایەن ڕژێمی ئەو سەردەمەوە پێدەدرێت. پیاوێکی خراپو بەد کردەوە دەبێت، جگە لە تاوانو داوێن پیسی و ئەشکەنجەو ئازاردانی هاوڵاتی ، هیچ کارێکی مرۆڤ دۆستانە لەئەستۆی خۆی ناگرێت، لەئەنجامی کردەوە خراپو بێ ڕەوشتەکانی ، خەڵکی هەرێمەکە ناوی دەنێن( زەعیم بێ شەرەف). دانیشتوانی هەرێم چەند بێزاربوون لەڕەفتاری ئەوەندەش زندۆقیان لێی چووبوو، ڕووی لە هەر ناوچەیەك دەکرد وەك درندەی بەشەر خۆریان بینیبێت، کەس بەدەرەوە نەدەبینرا. لەترسی بەڵای زەعیم بێشەرەفی فەرماندە خۆیان دەخزانە دوکانو کۆڵانو ماڵەکانیان. بۆ نەگبەتی ئەو میللەتە زۆر جار دایکەکان منداڵەکانی خۆیان لەکاتی گریانو وڕکگرتن بەناو هێنانی ئەو دەترساند. لەو سەردەمەدا ڕۆژێك سەدیق جلو بەرگە پۆلیسییەکانی باوکی لەبەردەکاتو دارێك بەدەستیەوە دەگرێتو خۆی دەکات بە زەعیم بێشەرەفی فەرماندە . بۆ خۆشیو گاڵتەکردن دەیەوێت هاوڕێکانی کۆڵانەکەی بترسێنێت، لەو ڕۆژەوە ئیتر ناوی دەنێن زەعیم بێشەرەف.

سەدیق لەمنداڵیەوە خاوەنی هەستی تایبەتی بوو. کەسی نەدەڕەنجان، لەگێڕانەوەی بابەتەکانیش تایبەتمەندێتی خۆی هەبوو کە لەئاستی پلەی ژیانی کۆمەڵایەتیو ژیریو هوشیاری هاوڕێکانیدا لەپێشتر بوو. بەداخەوە ناوی ئەو کابرا خراپەیان بەدەرونو ڕۆحی پاکو میهرەبانیەوە لکاند. ئەو پیاوە شایەنی ئەو ناوە نەبوو، بۆیەمنیش هەر لەئێستاوە ئەو ناوە لە بەرۆکی دەکەمەوەو ناوی دەنێم(زەعیم هەســتیار).
ئەو پیاوەی کە زەعیم هەستیار بینیبووی، مەستی بوو، چونکە جارێکی تریش بینیبەوە. ئەمجارەش وەك جاری پێشو موچوڕکەیەکی بەتەوژم سەرتاپای گیانی سڕکرد. بەزمانێکی تەتەڵەو پچڕ پچڕ هاواری لەخەڵکەکەی دەوروپشتی خۆی کرد"هـــۆ خەڵکینە. . ! زەعیم هەستیار لەناکاودا جاری پێشوتری بیرکەوتەوە، جگەلەوەی کەس باوەڕی پێنەکرد، بەقسەی ناشیرینیش سەرزەنشتیان کرد. لەبەختی ئــەو خــەڵکێکــی زۆر لــەمــاوەیــەکــی زۆر کــەمــدا لــەدەوری کۆبوونــەوە، ئــەویــش پەشیمانبووەوە ، بڕیاریدا هیچیان بۆ نەگێڕێتەوە. ماوەیەکی کورت چاوەڕوان بوون ، بەڵام زەعیم هەستیار هیچی نەگووت. پێی دەڵێن ئەم جارە چی ڕویداوە، بۆچی قسە ناکەیت؟ ئەویش لەسەرخۆ وەك هیچ ڕوینەدابێت دەڵێت "هـــیچ".

ئێوە زانیتـان ڕۆژێك مێشـولەكـان قڕیـان تێكـەوتو دانـەیـەكیـان لـەهـەرێمـەكـەدا نەمایەوە. دوای ئەوانیش تەیرە فسقلیەکان بۆ شەڕ چوونو نەگەڕانەوە. لەسەر سنور بەئاسمانەوە بینیبوونیان بەرەو باوانیان گەڕابوونەوە. بەڵام جاریێ كەس نازانێت چۆن لەناوچوونو لەکۆڵی خەڵکی هەرێمەکە بوونەوە. ڕەنگە هەندێك پێی وابێت بە هەوڵو تەقەلای دەستەی حوکمڕانی هەرێم، ئەوانیش هەوڵیاندا، چەند جارێك پەیوەندییان کرد بە دەوڵەتی دراوسێوە بەڵکو بێنو فسقلیەکان بەرنەوە بۆخۆیان، پارەکەشیان لێوەرناگرینەوە. جیرانەکانمان هەرگیز کاری وا چاکەیان لەگەڵدا نەدەکردین فسقلیەکان لەکۆڵمان بکەنەوە، ئەوان خۆیان بە مەبەستی تایبەت بۆیان ناردبووین. هەرگیز هەرێمەکەیان چۆڵ نەدەکرد، ببوون بەشەریك، خۆیان بە خاوەنی دەزانی، هەر بەو جۆرەش بەرنامە ڕێژکرابوون تاکو لە شەڕێکی خۆتڕێندا توشی شکستو دۆڕاندن هاتن ئیتر ڕوویان نەهات بگەڕێنەوە بۆ هەرێمەکە.
کۆچی باڵندەو سەفەری شێتەکان دیاردەیەکی نامۆ و ترسناك بوو، بەنهێنیش مایەوە. هەرچەندە لێرەو لەوێ بڵاو بووەوە کەهەندێك لەشێتەکانیان بینیوە، زۆریشیان بە گومان بوون لەخۆیان ، چونکە دەیانگووت شێوەی ڕوخسارو هەڵسوکەوتو تەنانەت جلو بەرگیشیان گۆڕاوە. زەعیم هەستیار چەند جارێکی تریش مەستی بینییەوە، بەڵام بێدەنگ بوو، کەسیش ئاگاداری پەیوەندی مەستیو زەعیم هەستیار نەبوو. پەیوەندی نێوانیان تایبەت نەبوو، هەرئەوەندەبوو بەیەکتری دەگەیشتن، ئەگەر

نهێنییەکیش لەنێوانیاندا هەبوو بێت ، زەعیم هەستیار باسی هیچی نەدەکرد. باسی ئەو بۆن هەنگوینەشی نەکرد کە لە هەناسەی دەهاتە دەرەوە. زەعیم هەستیار هەمیشە بەناو بازاڕدا دەسوڕایەوەو نهێنییەکی دەدرکاند کەدەبووە مایەی گاڵتەجاڕی لەلای خەڵك. ئەو شتانەی دەیگووت لەبەر چاوو لە زەین و هۆشی خەلکدا بوونی نەبوو، ئەوان هەستیان پێنەدەکرد، بۆیە گرنگییان پێنەدەداو بەفشەکەرو درۆزن ناویان دەبرد. زۆر جار دەیگووت"لەشەوە تاریکەکاندا لەدوری‌دورەوە ڕوناکییەکی بچوك دەبینم بەقەد دەنکە نۆکێك، ئەستێرە نییە لەخۆرێکی بچوك دەچێت. لەم ڕۆژگارەی سەر هەڵدانی دیاردانەدا کەبەر هەمی گەندەڵی‌و خۆخۆیی‌و بچوككردنەوەی ئارەزووەکانی مرۆڤ بوو، زەعیم هەستیار بەناو بازاڕو کوچەو کۆلانەکادا دەسوڕایەوەو دەیگوت:هەست بەبوونی شارێك دەکەم وەك دایك ئامێزی گرتۆتەوە بۆمان، ڕۆژێك هەمووومان لەم زوڵمــەتە ڕزگار دەکات.

زەعیم هەستیار سەردەمێکی زووتر پێش کۆچی باڵندەو سەفەری شێتەکان ئەم ڕستەیەی بەناو خەڵکدا بڵاوکردبووەوە. ئەو تەنها جارێك شتێکی دەگووت‌و ئیتر باسی نەدەکردەوە، بۆ یەکەم جار ڕستەیەکی کۆنی خۆی گووتەوە. خەڵکی سەرسام بوون بەم ڕەفتارەی زەعیم هەستیار، هەستیان بە نهێنییەك دەکرد. لەڕودانی کارەساتەکەی ئەو شەوەش، کەخەڵکی لەهاتنی بوومەلەرزە ئاگادار کردەوە، باوەڕو متمانەی پەیدا کرد کەگوێ لەقسەکانی بگرن، بەتایبەتی لەم ڕۆژگارەدا کەدانیشتوانی هەرێمەکە نوقمی دەریایەك لەنەهامەتی ببوون، بەبێ چارەسەروبەبێ بوونی پەنایەك ژیانیان بەسەر دەبرد. زەعیم هەستیار مژدەی بە خەڵك دەدا کە شارێك هەیە وەك دایك لەئامێزیان دەگرێت‌و لەزوڵمە ت ڕزگاریان دەکات. ڕۆژانە چەندین جار ئەم ڕستەیەی لەلای خەڵك دەگووت. هەست‌و تێڕوانینی خەلك بەرانبەر زەعیم هەستیار گۆڕابوو، درۆو فشەو قسە زلەکانی ڕابردوی ئێستا وەك موعجیزە باسدەکرا، ڕۆژانە هەزار جار باسی شەوی بوومەلەرزەکەیان دەکرد کە وەك پێغەمبەرێك خەلکی لەکارەسات ڕزگار کردووە. زۆر جار گوێبیستی ئەو قسەو باسانە دەبوو کەبەسەرشان‌وباڵ‌و توانای ڕۆحیدا هەڵیاندەدا. بەهێمنی دەیگووت:پێغەمبەری چی؟ بۆ خاتری خوا توشی گوناح‌و بەڵام مەکەن. خۆشەویستی بەم جۆرە نابێت، بوومەلەرزە خوا دەینێرێت ئیتر چ پێغەمبەرێك دەتوانێت خەڵك ڕزگار بکات. من نە ئێستا پێغەمبەرم نە جاران فشەکەرو درۆزن بووم، کەسێکم وەك ئێوە بەڵام هەستەکانم لە هەستی ئێوە بە هێزترە و دەرك بە هەندێك شت دەکەم کەئێوە هەستی پێناکەن. هەر من بەتەنها پێش وەخت هەست بەهاتنی ڕوداوەکان ناکەم . ئەو شەوە چۆلەکەکانیش پێش وەخت هەستیان بە هاتنی بوومەلەرزەکە کرد، لەخەو ڕاپەڕین ودرەختەکانیان

بەجێهێشت، کوێرانە بەئاسماندا هەڵدەفرین. دەڵێن ئەسپەکانیش هەست بەهاتنی بوومەلەرزە دەکەن، فیلە گێژەکانی هندستانیش.
ڕوداوی بوومەلەرزەکە پێش کۆچی باڵندەکان بوو. ئەو سەردەمە زەعیم هەستیاریان بەکورێکی فشەکەرو درۆزن ناو دەبرد، هەرچەندە ڕوداوەکە هەر هەمان کات ڕویدابوو. ئەمڕۆی ناو نوقمی نەهامەتی و ترسی هاتنی بەڵاو سەر هەڵدانی دیاردە نامۆو ترسناکەکان، باوی گەورە کردنی زەعیم هەستیاریش بوو. بۆ گەورەیو پیرۆز کردنی چەندین چیرۆکیان لە ناو هەستە پڕ لە موعجیزەکانی دەگێڕایەوە، شەوی بوومەلەرزەکەیان بە حەماسێکی ڕۆحیانی باسدەکرد. ماوەیەك دەنگوباس بڵاو بووەو کە زەعیم هەستیار ئاگاداری شێتەکانە، لێرەوە دەیانبینێت لە چ جێگایەکن. زەعیم هەستیار زۆر نیگەران دەبوو قسەو باسەکان سەبارەت بەتوانا هەستییەکانی ئەو سنوری ڕاستیو حەقیقەت ببەزێنن. دەیگووت، وا نەزانن کابرایەکی ڕۆحیانییم کەپەیوەندیم لەگەڵ سروشتو ئاسماندا هەبێت، مرۆڤێکی سادەم، هەرئەوەندە نەبێت لەهەندێك حاڵەتدا هەستی من بە هێزترە، ئەمەش زۆر ئاساییە وەك چۆن چۆلەکەکان هەست بەهاتنی دیاردە سروشتییەکان دەکەن، بەڵام لە شەوە تاریکەکاندا هەستی بینینیان لاوازە وەك شەوی بوومەلەرزەکە. . لەئاسماندا کوێرانە دەفرینو خۆیان بەیەکتریدا دەکێشا. کەسێکم وەك ئێوە، تەنها لەو کاتانەدا جیاوازیم هەیە کە هەست بە دیاردەیەکی غەریبو نهێنی دەکەم ئێوە هەستی پێناکەن، ئەوەش لەتوانای زیرەکیو بیرکردنەوەی خۆمدا نییە، لەدەرەوەی ئیرادەی خۆمە، نازانم چییە؟ حاڵەتێکی شازە تێکەڵ بەهەستەکانم دەبێت. لەبەر ئەوە هەندێك چیرۆكو قسەم سەبارەت بەخۆم بیستوتەوە دوورن لەڕاستییەوە. من ناتوانم بڵێم ئاگاداری شێتەکان و ڕێگاو شوێنیانم کەدوورە لەڕاستییەوە، ئەگەر لێرەشەوە ئاگاداریانبم، ئەوکاتەش ناتوانم بێدەنگ بم، خۆم لەڕاستیەکان خافڵ کەم کەدێنە بەر دیدەی هەستەکانم. هەستەکان دوور لە ئیرادەی خۆمن، هەرچەندە خۆمم هەستیان پێدەکەم، بەڵام نازانم چییە؟
زەعیم هەستیار ئارەزوییبوو زیاتر دەربارەی هەستەکانی خۆی قسەبکات، هەرچەندە سەردەمی گەورەکردنو پیرۆزی ئەو بوو، بەڵام گومانیشی دەکرد نەکو قسەکانی لەئاستی تێگەشتنی خەڵکدا نەبێتو وەك پێشو گاڵتەی پێبکەن. بەزمانێکی نیگەرانو غەمبارەوە کەبۆنی گلەی و گازندەی لێدەهات گووتی: زۆر جار لەسەر هەستە شاراوەکانم و گووتنی ڕاستییەکان ڕووبەڕووی جنێو و ڕەخنەی ئێوە بوومەتەوە، ئەو ڕۆژە گووتم مەستیم بینیوە، ڕاستیمگووت وەك شەیتان ڕەجم بکەن وەختە بوو بەردەبارانم بکەن. پێتان دەگووتم دوای سێبەری جنۆکە ناکەوین. گوێم لەکەسێك بوو دەیگووت، خوا ناردی شێتێك، ئەم شارە شێتی تیدا نەمابوو. من کەسێکی درۆزنو فشەکەر نەبووم، ڕاستگۆبووم. . . ڕاستگۆیمە درۆ و

دەلەسەکانتان قبووڵ نەکەم کەپڕن لەشانازی ژەنگاوی و ڕزیو بەسەر شانو باڵامدا. ئەمجارەش دەڵێم هەستە شاراوەکان لەدەرەوەی ئیرادەی خۆمن، لەناکاودا پەیدا دەبنو ناتونم لێیان بێدەنگ بم. . . ناتوانم خۆم لەو شارە خافڵ بکەم کە وەك دایك ئامێزی گرتۆتەوەو ڕۆژێك هەمووومان لەم زوڵمەتە ڕزگار دەکات.

ئەو ڕۆژگارە لەبەختی زەعیم هەستیار بوو، خەڵکی بەڕێزەوە تەماشایان دەکرد، بەسۆزەوە گوێیان لێدەگرت، وەك پێغەمبەری خۆیان باوەڕیان بەقسەکانی دەکرد. کەس نەبوو لەڕابردوی خۆی پەشیمان نەبووبێتەوەو بەرامبەر بەزەعیم هەستیار شەرمەزار نەبێت. لەو سەردەمەدا ناوە کۆنەکەی لەبیر خەڵکی چوبووەوە، بە لوتفو حورمەتەوە ناویان دەبرد. پێیان دەگووت زەعیم هەستیارگیان، کاك سەدیق، کاك زەعیم. پیاوێك لەناو خەڵکەکەدا دەستی مۆڵەتی هەڵبڕی بۆ پرسیار کردنو گووتی:کاك زەعیم پرسیارێك لە حزورتا. . . ئەوەندەی ئێمە بزانین هەستە شاراوەکانت لەحاڵەتی ئاشکراکرندا تەنها جارێکت وتووەو ڕاتگەیاندوون، ئێستا بەردەوام ڕستەیەکی پێشوتر دەڵێیتەوە، گومان لەم حاڵەتە دەکەین.

زەعیم هەستیار خۆیشی هەر ئەوەی مەبەست بوو. بەپیاوەکە و بەهەموو خەڵکەکەی دەورو پشتییشی گووت: هەر دیاردەیەکی غەریبم باسکردبێت ئەوە خۆم نەبووم ، هەستە شاراوەکەی ناو ڕۆح بووە خۆیان لێ ئاشکراکردوم. ماوەیەکە سەرقاڵی گێڕانەوەو ئاشکراکردنی نهێنییەکم لەڕێگای هەستمەوە، دوور لەئیرادەی خۆم بووە، ئەو ماوەیە بۆ هەمیشە ئەو هەستە شاراوانەی ناو ڕۆحم میوانم بوون. خۆشم نازانم چییە؟ بۆ یەکەم جارە هەستەکانم دیەمەنێکی پێشوتر دەخەنەوە بەر دیدەو هزرو هۆشم، ئەو حاڵەتە دوور لە ئیرادەی خۆمە بۆیە ناتونم بێدەنگبم کە هەستدەکەم" شارێك هەیە وەك دایك ئامێزی گرتۆتەوە، ڕۆژێك هەمووومان لەم زوڵمەتە ڕزگار دەکات".

زەعیم هەستیار چەند جارێکیتر لەناو بازاڕدا مەستی بینییەوە، بەڵام وەك جارەکانی پێشو موچڕکە بەهەموو لەشیدا نەهات مووەکانی سەری ڕەپ ڕابوەستن، ئاسای بوو. ئەوەی زەعیم هەستیاری سەرسام کردبوو ئەو گۆڕانەبوو کەسەرتاپای مەستی گرتبووەوە. بۆن هەنگوینێکی خەستی ئەفسوناوی لەناخی دەهات، وەك زانایەکیش قسەی بۆ زەعیم هەستیا ر دەکرد. هەندێك جار گومانی لێدەکرد و دەیگووت"تۆ مەستیەکەی جارانیت؟ مەستی بەهێمنیو میهرەمانی وەڵامی دەدایەوە"ئائا زەعیم گیان ئەوم. . مەستیم. وادەزانیت جاران شێت بووین، تۆ کابرایەکی خاوەن هەست بوویت، لەهەموو کەس باشتر تێدەگەیت کەئێمە شێت نەبووین. . . بەڵێ ئێمە شێت نەبووین. هەمووخەڵکی ئەم هەرێمە تۆیان بەفشەکەرو درۆزن دەناسی، بەزەعیم بێشەرەف ناویان دەبردیت. پێم بڵێ کێ لەئێمە بە درۆزنو فیشاڵکەر بانگی

کردوویت، ئەوە ئیسپاتە کەئێمە شێت نەبووین. ئێمە لەهزرو تێگەشتنی ئەو کەسانەدا شێتبووین کە هەستیان نە بوولە ئازارو ئارەزووەکانی ئێمە تێبگەن، لە ژێر زەمینی ماڵەکاندا کۆتو زنجیریان دەکردین، لە تەماشای دیمەنەکانی سروشتیان دەکردین، حەزەکانیان زیندە بەچاڵ دەکردین، دەیانترساندینو وشەکانیان سەردەبرین. بڕوانە خەڵکی ئەم هەرێمە لەدوای سەفەری ئێمە چەندە زەلیلو داماون، بە سێبەری خۆشیان سەرسامن. نوقمی دەریایەك لەکارەساتو چەواشەکردن بوونو گێژ گێژ هەر دەخولێنەوە، ئێستاش نازانن باڵندەکان بۆچی کۆچیان کرد، ئێمەبۆکوێ ڕۆشتین؟لەخەڵکی ئەم هەرێمە وایە ئێمە بۆکوێ چووین؟نە عەرز قوتیداین نە ئاسمان هەڵیلوشین، هەر لەم مەملەکەتەداین. زوڵمەتەکانمان پێ قبول ناکرێت. قەبیلەیەکی خاوەن ڕێزو هەست ناسکین. ئێمە لەگەڵ یەکتری تەبا بووین، بە ڕۆح یەکتریمان خۆشدە ویست یەکتریمان دەدواند. هەستەکانی ئێمە سەرو هەستی مرۆڤەکانی تر بوو. پەیوەندییەکی ڕۆحی لەنێوانماندا هەبوو. دوای کۆچی باڵندەکان بریارماندا ئێمەش سەفەری ئێجگاری بکەینو نەگەڕێینەوە. ئەم هەرێمە پڕ لەئافاتە بەجێبهێڵین. هەر باڵندەکان بوون ئێمەشیان لەو قیامەتە ئاگادار کردەوە. باڵندەکان هەستیان بە ژیانی پڕ لەمەرگەساتی ئێمە دەکرد. زەعیم گیان ئەم قسانە بۆتۆ دەکەم دەزانم تۆ خاوەن هەستێکی تایبەتیت کە دەرك بە پێشهاتەکانو نهێنیەکانو ئازارەکانمان دەکەیت. تۆ دەبێت پرسیار لەخۆت بکەیت، بۆچی لەم شارە جەنجاڵەدا دێمە بەر دیدەی تۆ؟ تۆ لە هەموو کەس بە هەستترێکیت ئەی زەعیم هەستیاری میهرەمان. زەعیم گیان بەڵایەك بە ڕێگاوەیە هەزار قیامەت هەڵدەگیرسێنێت. ئەو باڵندانەی بە ناچاری لە قەفەزەکانیاندا مانەوە بەچاوی خۆیان ئەو قیامەتەیان لەدوورا دەبینی. ئاگری قیامەت پەڕو باڵی سوتاندن، سنگی شە قار شەقار کردن.

لەم ڕۆمانەدا کەس نازانێت مــن کێم ، ئێستا بەبیرتان دەهێنمەوەو پێتان دەڵێم من کێم. من( میرانی ڕۆمان نوسم) ئەو کەسەم بەیانییەکی زوو لە حەوشەکەی خۆماندا ئەو چۆلەکە دایکەیەی کە دوا باڵندە بوو لە هێلانەکەی خۆیدا بە چاوی پڕ لە فرمێسكو ڕوخساری غەمگینەوە تەماشایدەکردم و دواجار ماڵئاوای لێکردم. ئەو دەمە من وامدەزانی بۆ خۆی دەگری، بەزەیم بە حاڵیدا دەهاتەوە. ئێستا دەزانم بۆ من گریا بوو، بەزەیی بە حاڵی مندا هاتبووەوە.

ئەو ڕۆژە مەستی زۆر بە پەرۆشەوە قسەی بۆ زەعیم هەستیار دەکرد. لە گۆشەیەکی چەپەکی بازاڕدا ڕاوەستابوون هیچ کەسێك نەیدەبینین، تەنانەت فسقلیەکانیش.

زەعیم گیان تۆ خاوەن هەستێکی پیرۆزو پاکیت، ڕەنگە هەرچییەکت بۆ باسبکەم خۆت ئاگاداربیت، بەڵام هەر پێم خۆشە ئاگادارت بکەمەوە ئەو بەڵایەی بە ڕێگاوەیە

لەسەر سنورەکان نایەنە ناوەوە، لەناو هەرێمەکەی خۆماندا دەخولێین، زەویەکە شەقارشەقار دەبێتو هەڵدەقولێن. ئەو دەمە جێگایەك نامێنێتەوە کە مرۆڤ قاچی لەسەر دابنێت. ئەگەرکەسێك ئەوەندەی بستێك جێگایەکی دۆزییەوەو لەسەر نوکی پێ ڕاوەستا، دەنگێکی زل و قۆڕ وەك نەڕەی دڕندەیەك دایدەچڵەکێنێتو چێگای پێ لەقدەکات و بەسەریدا دەخورێت" ئەرێ کابرا لەسەر عەرزی من چیدەکەیت؟ گێلی . . . گەمژەی، تۆ چێت؟ نازانیت بە مەودای بینینی چاوەکانی گورگ ئەم زەویانە موڵکی منن. زەعیم گیان ڕۆژگارێك دێتە پێشەوە قیامەت بەچاوی خۆمان دەبینین، لە ئێستاوە بۆنی ئەو ئاگرە دەکەین کە پێی دەسوتێین. ئەگەر خەڵکی هەرێمەکە بەخۆیاندا ڕانەگەن نوقمی ئاگری ئەو قیامەتە دەبن. هەموو خەوتوون ، خەوتنێکی نا ئاراموو قورسو ترسناك. دڕندەکان لە خەودا هێرش دەهێنن، گەر بەئاگا نەیەنەوە ، دەیان خنکێنن، لەت لەتیان دەکەن و دەیان خۆن. زەعیم گیان ئەم ژیانە خەوە ، دەبێت خەڵك بەئاگابێتەوە تاکو لەخەودا نەیان خنکاندوون.

زەعیم هەستیار ڕۆژانە چەندین جار دوور لەئیرادەی خۆی بە ناو بازاڕدا دەڕۆشت و دەیگووت"هەست بەبوونی شارێك دەکەم وەك دایك ئامێزی گرتۆتەوە، ڕۆژێك هەمووومان لە باوەش دەگرێت و لەم زوڵمەتە ڕزگارمان دەبێت". زەعیم هەستیار وەك خۆی دەیگووت، لەدەرەوەی ئیرادەی خۆمە هەستکردن بەو شارە بۆیە ناتوانم بێدەنگبم. زەعیم لەناو خەڵکدا ڕێزو گرنگی تایبەتی هەبوو، بەئاواتەوەبوون زەعیم هەستیار دەرکەوێت و قسەیان بۆ بکات، مژدەی شارێکی دایك ئامێزیان پێبدات تاکو لە نەهامەتیەکانی ئەڕۆژگارە بیانپارێزێت. بەپێچەوانەی جارانەوە ، وەك پێغەمبەرێك قسەکانیان بە پیرۆزو بە گرنگ وەردەگرت. بەڵام سەبارەت بە مەستی هیچی باسنەدەکرد، گفتوگۆ و چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ مەستیدا ئاشکرا نەدەکردو نەیدرکاندبوون. مەستیش جێگاو شوێنی خۆیانی بە زەعیم هەستیار نە گوتبوو. تاکو ڕۆژێك زەعیم هەستیار بە مەستی دەڵێت، بۆنی هەنگوین لە ڕۆحت دێتە دەرەوە و ڕۆژەڕۆیەك دەڕوات، ئاگاداری خۆتبە مەستی گیان. . . زۆر ئاگاداربە.

بۆنی ئەو ئاگرەی کە مەستی بۆ زەعیم هەستیاری باسکردبوو، وردە وردە دەگەیشتە لوتی هەرێم. ئاسمانی هەرێمەکە تاریك بەسێبەری شومی نەهامەتیەکان، ڕێگاکان پڕبوون لە تاشە زوڵمەتی نوك تیژ و نەدەبینران. زۆر کەس بەناچاری بەختی خۆیان خستە سەر شەپۆلەکانی دەریایەکی بێ چارەنووس. وەستا کاوەی چەکوش پەرست تەنها بەشی یەکەمی گوتارەکەی بڵاوکردبووەوە، هەستی بە ترس و سامناکی کرد. بەشی دووەمی گوتارەکەی بڵاو نەکرایەوە، وەك خۆی بۆیانناردەوە لەگەڵ وێنەی باڵندەیەکی پەڕو باڵ هەڵپروزکاو لە بەردەم قەپێکی کراوەی پڕ لە ددان و کەڵبەی تیژ کە هیچ کەسێك نەیدەزانی دەمی چ جانەوەرێکە.

وەستا كاوەی چەكوش پەرست هەرچەندە ترسێكی كوشندە خزێنرایە ناو ڕۆحیەوە، بەڵام بڕیاریدابوو كۆڵنەدەر بێت، لەسەر بەرنامەو بیرو باوەڕو هیواكانی بەردەوامبێت ئەگەر وەك باڵندەش پەڕو باڵی هەڵپرووزكێنن و بە قەپ لەت لەتیشی بكەن. وەستا كاوە یەكێك بوو لەو كەسانەی لەو خەوە مەرگەئامێزەی ئەو ڕۆگارە بە زەنگی وریا بوونەوە بەئاگاهاتەوە. چە ند جارێك هەوڵی بڵاوبوونەوەی گوتارەكانی لە ڕۆژنامەكاندا دا، بەڵام هەوڵەكانی بێ ئاكام بوون. دواین ئومێدی برادەرێكی خۆی بوو، ئەویش دەستی بەڕوویەوە نابوو، پێیگوتبوو"پێویست ناكات لەپێناوی بە فەتارە بوونی سەرت خۆت ماندوو بكەیت". ئێوارەیەكی درەنگ بوو، غەمگینو نیگەران و نائومێد لەلای برادەرەكەی گەڕایەوەو بەكۆلانە چۆڵ و تەنیاكاندا دەڕۆیشتو نیگای بێزاریو غەمباری دەگرتە دیوارە ئازاراویەكانو درەختە بێ ناز و بێ باڵندەكان. هەستی دەكرد لە ژێر عەرزەكەوە بۆنی قیامە دێتەدەرێ، سێبەری هەموو شتەكانی بەسوتاوی دەهاتنە بەر چاو. هەستیدەكرد هەموو شتەكان هانای بۆ دەبەن كە لەگەڵ خۆیدا بیانبات كاتێك ئەم بەلایاندا ڕەتدەبوو، ئەو لەبێ ئۆقرەیدا خۆیشی نەیدەزانی بەرەو كوێ هەنگاو دەنێت. بەناو یادگارەكانی ڕابردویدا دەچووەوە و بیری لە چارەسەرێكیتر دەكردەوە. بەتەنیشت پەنجەرەیەكی كراوەی لەسەر كۆلانی ماڵێكدا ڕەتبوو . گوێی لەدەنگێكی ئەفسوناوی بوو دەیگووت (هەست بەبوونی شارێك دەكەم وەك دایك ئامێزی گرتۆتەوە بۆمان، ڕۆژێك هەموومان لەئامێز دەگرێت و لەم زوڵمەتە ڕزگارمان دەكات). ئەو دەنگە بە گوێی وەستا كاوە ئاشنا بوو، دەنگێكی نامۆی ترسناك نەبوو. ئەوڕستەیە بوو لەو ڕۆژگارەدا هیوای دەخستە دڵی نائومێدەوە. وەستا كاوە لەبن پەنجەرەكەدا هەڵوێستەیەكی كرد. چەند جارێكیتریش گوێی لە زەعیم هەستیار بوو هەمان ڕستەی دووبارە دەكردەوە. دڵنیا بوو كە زەعیم هەستیارە، ڕۆژانە لەناو بازاڕدا دەیبینی. وەستا كاوە یەكێك بوو لەو كەسانەی ڕێزی لە هەمو وكەسێك دەگرت، بەتایبەتی زەعیم هەستیار. پێشتریش بە كەسێكی میهرەمانی دادەدەنا. وەستا كاوە بە پەرۆشەوە گوێی بۆ ڕاگرتبوو، قەد وەك ئێستا بەو ڕۆحەوە گوێی بۆ ڕانەگرتبوو. ئەویش لەناخیدا وشەكان دەهاتنە دەرەوە. نەیتوانی بڕوات و بەجێیبهێڵێت، یاخود بێدەنگبێتو خۆی لێ ئاشكرانەكات. بەئەسپایی لەپەنجەرەكەوە سەری بردە ژورەوە، لەناو تاریكی ژورەكەدا زەعیم هەستیاری بینی. ناو ژورەكە ڕوناكی تێدا بوو، كەچی ئەو زەمانە هەموو شوێنێك تاریك بوو، ئەویش دیاردەیەكبوو هەموو كەسێك هەستی پێدەكرد. زۆر جار دەیانگووت، نیشانەی هاتنی بەڵاكە و هەڵگیرساندنی ئاگری جەهەنەمە.

وەستا كاوە بەئەسپایی بە زەعیم هەستیاری گووت: زەعیم گیان ئەوە تۆی لەم ژورە تاریكەدا، پێم ناڵێیت تاك و تەنیا قسە بۆ كێ دەكەیت؟. زەعیم هەستیار وەك ئاگاداری

وەستا کاوە بووبێت کە لەبن پەنجەرەکەدا گوێی لێراگرتبێت، بە بینینی وەستا کاوە ئاسایی بوو. وەك پیشەی هەمیشەیی بە هێمنی گووتی:وەستا گیان لەم ژورە تاریکەدا نەبم... ئەدی لەکوێبم؟ بۆچی پەنایەك لەم هەرێمەدا ماوە ڕوناکی تێدابێت؟ جگە لەو شارەی لەدوورەوە هەستی پێدەکەم. وەستا گیان ئەی تۆ بۆچی وا غەمبار دیاریت، ڕوخسارت بۆچی وا تاریکە؟ ڕەنگە تۆ خۆت باش نەبینیی، بەڵام من زۆر چاك دەدبینم. بە هەر کەسێکیش گەیشتیت، لێی مەپرسە بۆچی تاکو تەنیایت، تەنیا نییە هەر نەبێت ئەو کاتە تۆ لەگەڵیدا ڕاوەستاویت. لەبەر ئەوە لەم ژورە تاریکەدا بەتەنها قسە بۆ خۆم ناکەم، دەزانم ڕێبوارێك بەبەر پەنجەرەکەمدا گوزەر دەکات، ئەویش تۆیت ئەی هاوڕێ غەمبارەکەم. . . قسەم بۆتۆ دەکرد.

ئێوارەیەکی کزو غەمناك بوو. دەنگی کزەی" بـــا " لەبری زیقەی زەرنەقوتەکان ویزەی دەهات و گەڵای سەر ترۆپکی لقی درەختەکانی دەلەراندەوە. کۆڵانەکان لەسەر قەبرانێکی ڕووتەڵە دەچوون کەرێبوارێك بە ترسەوە پیا تێپەرێت و گوێی لە زریکەی ئەشکەنجەو ئازاری مردووەکان بێت. هەرگیز وەك ئەو ئێوارەیە لەبێ‌باڵندەیداهەستی بە سامناکی ناو شار نەکردووە. درەختەکان لە دایکێکی ڕەشپۆشی غەمگینی بێ ئارام دەچوون کە کۆرپەلەکەیان لێفڕاندبێت. دەرۆشت و بیری لەوتەکانی زەعیم هەستیار دەکردەوە، بیری لە چارەنوسی هەرێمەکەی دەکردەوە، یادی ئەو کەسانە دایدەچڵەکاند کە لەناکاودا لەو ڕۆژگارەدا دیار نەدەمان. . . ئاخۆ کێ هەڵیانلوشێت. بەناو سنگی تاریکی شەقام و کۆڵانەکاندا دەرۆشت و نەیدەزانی دەبێت بەرەو کوێ بڕوات. هەستی دەکرد لە زەمانێکی تردا چەند جارێك ئەم ئێوارە غەمبارەی بینیبێت. بیرەوەریەکان دەیانبردەوە بۆسی ساڵ بەر لەئێستا، ئەو زەمانەی کە هەندێك جار لەدەمی تاریکبووندا هاوارێکانی ناو شاریان لەترسی مەرگی گرتن بە دەستی رژێم، بە نهێنی لەشار دەربازیان دەکردن بۆ ناوچە ئازادەکان، بۆ چیاکان . ئەو زەمانەش قیامەتێك بە دەستی ڕژێم هەڵگیرسا بوو، بەڵام شێرانە ڕاپەڕین و بە گژ ئاگری ئەو قیامەتەدا چوونەوە. بە شەقامە مەست و خەوتووەکاندا دەرۆشت و بیری زەمەنێکی زۆر دووری دەکەوتەوە کە دیمەنەکانی وەك ئەم ئێوارەیە لێکچووبوون، وەك دوو تابلۆی هەمان ڕەنگ و هەمان شێوە کە هەر یەکێکیان بەدەستی هونەرمەندێکی شێوەکاری جیاواز کێشرابێت.

وەستا کاوە لە دوای ئەو ئێوارەیە ئیتر نەیتوانی لەناو شاردا بمێنێتەوە، ناچار بوو لەکاتێکی بێدەنگ و تاریك و چۆڵدا شار بەجێبهێڵێت. بەیانییەکی زۆر زووکە هێشتا دونیا تاریك بوو، نوسراوەکانی پێچایەوەو چارۆکەیەك نانی لە کۆڵناو بەرەوچیا هەزار بە هەزارەکان ڕێگای گرتەبەر.

بەشی دووەم

## زرمەی چەكوش و مەرگ. . . بەرەو گەندەڵی

* مامۆستاشادمانوجەمال نەسرەوت
* بەكری چیایو كۆتری ئاشتی
* باوكی میللـەت
* مورادعشقو فریشتەی عاشق
* شێخبەختەوەر

# 3

## مامۆستا شـــادمـانو جەمانەسرەوت

عـەیامێك پێش ئێستا. . . سی ساڵ لـەمەوبـەر، سەردەمێك وەك ئـەمڕۆی کۆچی باڵندەکانو سەفەری شێتەکانو مەرگی منداڵەکان. ئـەم هـەرێمـە کۆلانێکی داخراوبـوو بۆ گردبوونـەوەی زوڵمـەت ، کـە ڕەشـەبـا نـەهامـەتیـەکـانی ئـەو سـەردەمـە دژوارەی لەگەڵ خۆیدا ڕادەماڵیو لەبەر دەرکی هەموو ماڵێکدا دایدەنا. لەئاسمان تۆفانو لـەسـەر زەوی زریـانـی ئـەندێشـەو ئـازارو بـەڵا دەبـاریو هـەڵـدەقـولا. هـەر دەبـاریو تـەواو نەدەبوو، هەڵدەقولاو. . هەڵدەقولاو کۆتایی نەدەهات. خانووەکان پڕببوون لەپاشماوەی تۆفـان. زریـان لـەدوای زریـان شـەقامو کۆلانو ماڵـەکـانی لـە پاشماوەی خۆی پڕتـر دەکرد. زریانی نەهامەتیو ئەشکەنجەو چەوسانەوە تاکو بینە قاقای مرۆڤەکان هاتبوو، وەك چنگێکـی ئاسـنین لـە قـورتم گیرببـوو بـۆ خنکانـدنی وشـەکـانی دەرون. خـەڵکـی هەرێمە کە وەك ئێستا بەسەر زیندوو بە ڕۆحیش خەوتوو بە لاشەش سستو مردوو. وەك ئێستا ئاسمان تاریك، خۆر غـەمگینو ئاسۆ دوورو تـەسكو باریك. وەك ئێستا هەرێم دەست بـەستراو و خـەواڵو، لـە نـاو دەریـای غـەزەب و توڕەبووندا هانـای بۆ کـلاوەکـەی سـەری خـۆی دەبـرد. وەك ئێسـتاش کۆمـەڵێك هـەر هـەبـوون لـەو خـەوە مەرگە ئامێزە بە ئاگاهاتنو لـەنـاو ئـەودەریا توڕەو غە زەبـەدا ، فـەرزو ئـەشکـەنجـەو مـەحاڵیـان ڕەتکردەوەو بـەگژ تاریکیدا چوون تـاکو ئاسۆی خۆریـان لێدەربکـەوێت. سەردەمێکی سەختو دژوار بوو وەك ئەمڕۆ. سـات بـە سـاتی لـەیـەك دەچوو، هـەمـان زەمـینو هـەمـان هـەرێمـیش بـوو. ئێـوە پێتـان سـەیـر نـەبێـت دوو قۆنـاغی جیـاوازو لـەیـەکچـوو. مـن کـە ئـەم ڕۆمانـە دەنوسـمەوە، خـۆم هـەردوو سـەردەمـەکـەم بینیـوە. لـەسـەرەتـادا بـاوەڕتـان نـەدەکرد کـە چۆلـەکـە بگـری، تـاکو بـە چـاوی خۆتـان بینیتـان باڵندەکـان لـەگریـان سـەر سوڕهێنەتـر دیمـەنـی سـەیرو نامۆیـان نوانـد، وەك شکاندنی قـەفـەزەکـانو شـەقارشـەقـار کردنـی سـنگی خۆیـان لـەتـاو زوڵمـەتو هـەستکردن بـە هەڵگیرساندنی قیامەت و کۆچی نەگەڕانەوەیان. دڵنیام لەپاش خوێندنەوەی ڕۆمانەکـە، ئێـوەش دێنـە سـەر بۆچوونـەکـەی مـن، بـەڵام حـەزدەکـەم هـەر لـە ئێستاوە بـاوەڕ بەلەیەکچوونی ئەو دوو سەردەمە جیاوازە بکەن. لەیـەکچوونی زەمـەنـەکـان ، یـاخود دووبارەبوونەوەی قۆناغێك ڕەنگە پرۆسەیەکی ئەفسوناوی گەردوون بێت بۆ برەودان بە بەردەوامی خۆی، گرنگی گەردوون لەمانەوەو درێژە پێدانی بوونی مرۆڤ دایـە. کاتێـك باسـی گرنگـی لـەیـەکچـوون دەکـەیـن، چـەمکـی جیـاوازی هـەر زینـدووە،

لەیەكچوون بۆ دژایەتیكردنی جیاوازی نەخوڵقاوە، بەپێچەوانەوە. . . یارمەتیدەری یەكترین. من باسی لەیەكچوونی دوو قۆناغی جیاوازتان بۆ دەكەم، بەو مانایە نا كە جیاوازی لە ڕۆحی ئەواندا مردووە، جیاوازی بە پێی قەبارەی خۆی بوونی هەیە. هەر نەبێت لەزەمەندا جیاوازییان هەیە، چونكە هیچ دوانەیەك سەد دەرسەد لەیەكتری ناچن، تەنانەت كۆپیكردنی وێنەیەكیش لەگەڵ یەكتریدا، یان دوو پارچە دراوی وەك یەك. هەر نەبێت لەزەمەندا جیاوازییان هەیە یاخود لە داگیركردنی جێگای هەنوكەی خۆیاندا، شیكاری زیاتر ، جیاوازی زیاتر دەردەكەوێت.

پێش سی ساڵ لەمەو بەر ئەو كەسانەی بەگژ مەرگ و ئازارو چەوساندنەوەدا چوونەوە ، بۆقبوڵ نەكردنی زوڵمەتو سەلماندنی مافە سروشتی و سەرەتاییەكان، بۆ خامۆشكردنی ئاگری ئەو قیامەتەی كە هەڵگیرسابوو، وەك كۆچو سەفەری ئەم سەردەمەی باڵندەو شێتەكان ئەوانیش شارەكانیان بەجێهێشتو ڕوویان لە گوندو چیاكان كرد. بە ئەركێكو بۆ ئامانجێك ڕۆیشتن، دواتر هاتەدی وگەڕانەوە. سەدمەخابن. . .جارێكیترزەمەن لە ڕۆژگارێكی دژوارو پڕلە نە هامەتی بەر هەمەی ئەقڵی مرۆڤی خۆویستو بەرژەوەند پەرست ، خۆی دووبارە كردەوەو ئەمڕۆی وەك سی ساڵ لەمەوپێشی بەر هەمهێنا.

ئەوانەی لەو ڕۆژگارەدا شارەكانیان بەجێهێشتو بەرەو چیاكان ڕۆشتن، دواتر هەموویان نەگەڕانەوە. زۆریان وەك گۆمی مەنگ لەناو ئاگری كارەساتەكاندا كە شلەقان، بوونبە ڕوبار، بوون بە دەریا، بوون بە ئۆقیانوس. قارەمان بوون ، . . . بوون بە شەهید.

قارەمانەكان زۆر بوون، شەهیدەكان زۆر تر. ڕەنگە من نەتوانم لەم ڕۆمانەدا ناویان بهێنم، بەڕاستیش ناتوانم. لەوانەشە مەبەبەستم ئەم دەڤەرەی خۆمان نەبێت، ڕەنگە هەرێمێكی ئەفسوناوییبێت لەخەیاڵمداو بەم هەرێمەی خۆمانی بشوبهێنم، یاخود مەملەكەتێك بێت لەو پەڕی دونیا، یان شارێك لەسەر ئەستێرەیەكی تر. من ئەو كەسەم چۆلەكە دایكەكەم بینی بە چاوی پڕ لە گریانەوە. خۆشەویستیم بۆ باڵندەكان هەستو ویژدانی بزواندم چیرۆكێك دەر هەق بەكۆچكردنیان بنوسم. نوسینی چیرۆكی كۆچی باڵندەكان سنوری خۆی بەزاندو لەپانتاییەكی فراوانتردا تابلۆی واقعی سەردەمەكانی خۆی كێشا. كەواتە پێویست ناكات لە جوگرافیای حەقیقەت دوور بكەومەوە كە بەشێكی گرنگی ناوەڕۆكی ڕۆمانەكەیە. خەمی من ئەو قارەمانەن تاكو ئێستا بە هەمان پەرۆشیو جۆشو ویژدانی جارانەوە ڕۆحی خۆیان بەرزو ئاسودە هێشتۆتەوە، نەكو وشەیەك لەم ڕۆمانەدا دڵی پڕ لە میهرو ئازارو ماندویانم لێبرەنجێنێت. یاخود ئەو شەهیدانەی بە بەخشینی خوێنی خۆیان، لەمێژودا بەنەمریو زیندویی خۆیان هێشتەوە، خەمی ئەمان لەدڵی مندا زۆر گەورەترە، نەبا نوسینی

ڕۆمانەکە لە ئاستی گەورەیی‌هەنگاوەکانیاندا نەبێت. هەرچەندە پاڵەوانەکانی ناو ئەم ڕۆمانە خەیاڵین، دروستکەری زەینی خۆمن، بەڵام هەریەکێکیان نمونەی کەسە ڕاستەقینەکانن. کەباس لە شەهیدێك دەکرێت، هەموو کەس بە شەهیدی خۆی بزانێت. کەباس لە ڕۆڵی گرنگی قارەمانێك دەکەم، هەر کەسێك خۆی لە ئاستی ڕۆڵی ئەو کەسەدا دەبینێتەوە، منیش مەبەستم ئەوە. کەسایەتیەکانی ناو ئەم ڕۆمانە پاڵتون، کام لە پاڵتۆکان بەشیاوی بەری‌خۆتی دەزانیت، بەسەر شانی خۆتیدا بدە، ئەوەشت لەبیر نەچێت چاوەکانی مێژو ڕونترو بە ویژدانتردەڕوانن، لەخۆت باشتر دەدبینن ، ئایا ئەو پاڵتۆیەی بەشانتا داوە، گونجاوی بەری تۆیە؟. یاخوا کەس سەبەبکاری خولْقاندنی ئەم رۆژگارە پڕ لە نەهامەتیی‌و مەرگەساتە نەبوایە، ئێستا ئێمەش ئاسودە و کامەران دەبووین. ئەوانەش بە فکری خۆ بە زل زانین ئەمڕۆی ئاشوبیان بەرهەم هێنا، با بە ویژدانەوە دان بە گوناح وهەڵەو تاوانەکانیاندا بهێنن لەسەر شانۆی چاکسازی .

زۆر بوون ئەو کەسانەی لەشەوە تاریکەکاندا، لە مەرگی خەوێکی ترسناك بە ئاگاهاتن‌و خەڵکانی تریشیان لەبێداری خەو ڕاپەڕان. وەستا کاوەی چەکوش پەرست، زرمەی چەکوش‌و دەزگا لەژێر بالیفی زوڵمەت‌و چەوساندنەوە بەئاگای هێنایەوە. ئەشکەنجەو ئازاردان چەند "سەر" سەرکوتبکات ئەوەندەش "سەر"ڕادەپەڕێنێت. وەستا کاوە یەکێك بوو لە ئەندامە چالاکەکانی سەرەتای دروست بوونی شۆڕش، هەر زوو کشایەوە، وەك ئەندامێکی ڕاستەوخۆ پەیوەندی نەما پێیانەوە، بەڵام لەناخیدا ویژدانێکی گەورەی هەبوو لەئاستی تاوانەکاندا بێدەنگ نەبێت، بەوەفاو ڕاستگۆ بێت. کوڕێکی زۆر سادەبوو، خەڵك‌و هەرێمەکەی خۆشەویست. عەشقێکی زۆری بۆ ئیشکردن هەبوو. چەکوش‌و دەزگای بە دوو هاوڕێی نزیك‌ودڵسۆزی خۆی دادەنا. خۆشیدەویستن، چێژی لەگەمەی دەست بازی‌و وردە ماچی لێوی چەکوش‌وکوڵمی دەزگا وەردەگرت. لەناو زرمەی گەروی چەکوش‌و دەرونی دەزگا، هەزارەها ئاوازی ڕەنگاوڕەنگ وەك خانەخوێ لە دەروازەی گوێکانیەوە خۆیان بە دەرون‌و هزرو هۆشیدا دەکرد. ڕۆحی پڕ دەبوو لە خۆشی‌و دڵی دەهێنایە سەر بەزمی گۆرانی‌و ویژدانی ئاسودە دەبوو. دەرون‌و ڕۆحی هەمیشە والابوون لە پێشوازیکردنی ئەو زرمە پڕ لە ئاوازانە. چیبێت لە زرمەی پیاکێشانی چەکوش‌و دەزگا خۆشتر؟قیژەی ژنەکانی گەڕەك ، یاخود نەڕەی پیاوە گەمژەو سەرخۆشەکان بە سەریاند

هەمیشە دەیگووت: زرمەی چەکوش‌و دەزگا وەك نالەی جیابوونەوەی بەردێك نییە لەخۆی. ئەو زرمەیەی لەگەروی چەکوش‌و دەرونی دەزگا دێتەدەرەوە، قیژەی ئافرەتێکی برسی دەبڕێت. من چیرۆکەکان لەسەر زمانی خۆی دەگێڕمەوە.

ڕستەیەكی زۆر سادەبوو، نازانم بۆچی تێنەدەگەیشت؟ڕەنگە خۆی نەیویستبێت تێبگات. پێكەنینی دەهاتو دەیگووت"هاوكێشەیەكی ناتەواوە، هەر هیچی لێتێناگەم". من بە پەرۆشەوە ڕستەكەم بۆ دووبارە دەكردەوە، بۆشم ڕوندەكردەوەو دەمگووت: بۆچی تێناگەیت؟ خۆ عیلمی ماتماتیك نییە. زرمەی چەكوشو دەزگا ڕۆحم ئارام دەكاتو ویژدانم ئاسودەدەبێت كاتێك قیژەو هاواری ئافرەتێك دەبڕێت. من ڕقم لە چەك بوو، قینم لە دەنگی فیشەك بوو. ئەو دەیگووت، بۆچی؟ چەكوشی چەكو تەرەقەی فیشەك هەردووكیان ئاسنن وەك چەكوشو دەزگاكەی خۆت. ئەم جارە هەقم بوو بەڕویدا تورەبم. . . هاوارم كرد بەسەریا، تۆ وەك تێناگەیت خۆشت نازانی دەڵێیت چی. زرمەی چەكوشو دەزگا هەزارەها ئاوازی ڕەنگاوڕەنگی تایبەت بەڕۆحی مرۆڤیان تێدایە. وەك پێمگووتیت، كپكردنی هاواری ژنی گیرۆدەو گریانی منداڵی برسی. ئەو دەنگە ناسازەی زەمبەلەكی تفەنگ دەیخوڵقێنێت، هاوارو گریانی ژنو منداڵ دروستدەكات. ئای ئافرەتە بێ بەختەكان، یان نەڕەی پیاوی گەمژەو سەرخۆشو دەبەنگ، یاخود ناڵەی جەرگبڕی دەنگی تفەنگ ڕاتاندەچڵەكێنێت، یان گریانی منداڵی برسی هەناوتان دەپچڕێنێت. بەدەنگی بەرز پێمدەگووت"من ڕقم لەدەنگی چەكە ، ئاشنای زرمەی چەكوشم" .

لەمێژ بوو یەكتریمان دەناسی. ئەو زەمانە هەردووكمان گەنج بووین كە بووین بە هاوڕێی یەك ڕێگا. سەردەمی خوێن جمانبوو بەفكری نوێو خوێندنەوەی كتێبە مەیدانییەكانی ئەوڕۆژگارە. هەستكردن بە چەوساندنەوەو جیاوازی نەتەوایەتیو خۆشەویستی بۆ نیشتیمان تەزویەكی تری بزوێنەر بوو لەڕۆحماندا. ئیشكردن لەپێناوی بابەتێكی چارەنوسازدا پێویستییەكی ئەو سەردەمەبوو لەسەر بنەمای فكری فەلسەفی شۆڕشگێڕانە. هەرچەندە بیركردنەوەو بۆچوونەكان جیاوازبوون لەسەر هەندێك بابەت. لەلای من جیاوازی فكری مەودای بیركردنەوەو بۆ چوونەكانی فراوانتر دەكرد بەو پێیەی ڕێز لە بۆچوونی بەرامبەر دەگیرێت. من هەستم بە مەعقولێتو پێویستی ئەو جیاوازییە دەكرد، ئەو كەمتر لە ڕاستییەكان تێدەگەیشت. بە زمانەكەی خۆی دەیگووت "حەی" ئەم كتێبەشت خوێندەوە هەر حاڵینەبوویت. لەڕاستیدا بۆچوونەكان هەموویان بەرەو ئاڕاستەی خۆیان گونجا و بوون، من لەو ڕوانگەیەوە باوەڕم بە چەمكی جیاوازی هەبوو. بۆ ئێمە سەرەتای بڵاوبوونەوەی فكری هاوچەرخ و نوێ بوو، لەوێوە فێری گرنگی بنەماكانی چەمكی جیاوازی بووم. ئەو برادەرەم هەمیشە دەیگووت: من باوەڕم بەو جیاوازییە نییە كە تۆ باسی دەكەیت.

" ئازادی لە لولەی تفەنگەوە دێت". قسەیەكی باوی سەرزاری هەموو كەسێكی شۆڕشگێڕو تێكۆشەر بوو لەو سەردەمەدا. خاوەنی ئەو ڕستەیە بە كردەوە ئیسپاتی بۆ چوونەكەی خۆی كردبوو. كات هەمیشە بۆ پێشە وە دەڕوات، كۆن بەجێدێڵێتو بە

شتی نوێ دەگات، دەڕواتو باڵای تەمەنی شتەکان دەبڕێتەوە. ئاسن دەڕزێنێت، نوێ کۆن دەکات ، تازەتر دەخولقێنێت. من باوەڕم بەچەمکی جیاوازی هەبوو، جیاوازیم دەکرد لە نێوانی ئەو تفەنگەی نەغمەی ئازادی دەگووت و ئەو تفەنگە مەترەلۆزەی شیرەی دڵی دادەخوڕپاندو جەرگی دەسوتاندو منداڵی هەتیو و برسی دەکرد.
ماوەیەکی زۆر پێکەوەبووین، دواین جار کە لەناو شاردا بینیم پێی گووتم:دەڕۆم بۆ شاری ئازادی بۆ شارە بچکۆلەکان، بۆ ناو لولەی تفەنگ. دەبم بە هاوڕێی شوانو جوتیارەکان، ئیتر بەدەنگی کارو بەرخەل لەباوەشی گزنگێکی گەشی پڕ لەبۆنو بەرامەی گوڵدا چاوی خەواڵم هەڵدەهێنم. بە شەونمی تەڕ دەمو چاوم دەشۆم، بە سروەی فێنك خۆم دەسڕم. لەناو خانووە گڵێنەییەکاندا پشودەدەم.
من لە مەبەستی تێگەشتم، دەیەوێت پێم بڵێت لەسایەی لولەی تفەنگدا، لەباوەشی سروشتدا ئاسودە دەنووم. ڕۆشتنی ئەویش جگە لەوەی ناچار بوو کە دەبێت شار بەجێبهێڵێت، گرنگیش بوو. ئەرکەکانی ئەو لەو ڕۆژگارەدا وا پێویستی دەکرد. کوڕێکی چالاكو لە خۆبوردو وریابوو. دەستمان لەملی یەکتریدا بووکە پێی گووتم : تۆش وەرە لەگەڵمدا باپێکەوە بڕۆینو هاوڕێی ئەو سەفەرە پیرۆزەبین. بەسەرسامیەوە هێواش هێواش دەستەکانم لە ملی بەردا. پرسیارێکی گوماناوی بوو چونکە ئەو لە هەمووکەسێك باشتر دەیزانی ئەرکو چالاکیو هەلومەرجی کەسەکە بڕیاری ڕۆشتنی ئەنداميك دەدەن. مانەوەی من لەناو شاردا گرنگتر بوو وەك لەڕۆشتنم بەرەو گوندەکان. هەستم بەوەکرد لاشعوری لە گانگای سۆزو خۆشەویستییەوە قسەم لەگەڵدا دەکات، دەبوایە وەڵامێکیشم پێبێت. بە سۆزو میهرەبانییەوە لەسەر ڕیتمی ئاوازەکە خۆی گووتم: هاوڕێ گیان ڕەنگە دواجار ئەوە ڕێگامان بێت، بەڵام مەرج نییە هەموومان لەیەككاتدا ئەوسەفەرە بکەین. هەموومان ئاشنای تفەنگ و خانووە گڵێنە ئازادەکانبین، ئەگەر هەمووشمان هەر بڕۆین، گونجاو نییە. ئەو هەموو تفەنگە چۆن پەیدا بکەین؟ئەرکەکانی شار چۆن ئەنجام بدەین؟. بە خەندە ئامێزەوە گوتم :ئەگەر هەمووشمان بەتفەنگەوە لەچیاکانبین، تۆ دەزانیت زۆربەمان بە گوللەی یەکتر لەناو دەچین.
کوڕێکی بەتواناو قسەزان بوو. ڕەنگە کەسێك پرسیاربکات قسەی چی زانیبێت؟ ئەو سەردەمە قسەزانی پانتاییەکی فراوانی چالاکی سیاسیو خەباتگێری داگیر کردبوو، کاریگەری ڕاستەوخۆو بەر چاوی هەبوولە پەرەسەندنو گەشەکردنی شۆڕشدا. بەخوێندنەوەی کتێبەکانی ئەو سەردەمەوە زۆر خۆی خەریك دەکرد، بەڵام ڕقی لەچەمکی جیاوازی بوو. خەڵکی ئەم شارە نەبوو، پێم وابوو کاریگەری تەواوی لەسەربیرکردنەوەی هەبوو بەرامبەر بەچەمکی جیاوازی، ئەوەندەی لەمیانەی گفتوگۆکاندا پێوەی دیار بوو. ئەو جیاوازی وەك مەعدەنێکی ڕەشو سپی دوو دیو

تەماشادەکرد، بەتەنها دیوە ڕەشەکەی دەبینی. دەیگووت:جیاوازی چییە؟ جگە لەوەی وشەیەکی شاخدارە کە هەموو یەکبوونێك لەت دەکات. وشەیەکە ڕووی خۆ دەرخستنی نییە، لەگەڵ هیچ ڕستەیەکدا ناگونجێت، پارچەیەك ترسی ڕووتە کە دەتوانێت ڕەوتی بەرنامە بگۆڕێت. نمونەی منو خۆی دەهێنایەوەو دەیگووت:بۆچی جیاوازی منو تۆ هەبێت لەم شارەدا؟ لەم ڕستەیەدا جیاوازی پەیامێکی ترسناكو خەتەرە لەنێوان دۆستایەتی منو تۆدا. زۆر جار هەستی بە ڕستەیەکی مانداری خۆی دەکرد، بە نەرمی پێدەکەنی کە هەردوو چاوەکانی بۆ کزکز دەکردو دەیگووت: توخوا وانییە هاوڕێ. بەلای منەوە بۆچوونو نمونەکانیشی هەڵەبوون. ئەو چاوەڕاوان بوو کەمن بڵێم "وایە هاوڕێ"، لەسەر خۆ دەمگووت:نەخێر وانییە هاوڕێ گیان.

خەڵکی ئەم شارە نەبوو، ئەمە جیاوازییەك نەبوو کەشایانی باسکردنبێت، ئەگەر باس لەوەش بکرێت بۆ ئەو جێگای شانازی بوو، دوور لەشارو کەسو کاری خۆی بە هەمان توانای جەستەو دەرونی ئێمەوە چالاك بوو، ئیرادەی بەهێزبوو. حاڵەتێکی بەر چاوبوو لەبوونی ئەودا کە هەمووومان هەستمان پێدەکرد. نازانم بۆچی هەر ئەوەندە تێگەشتنی بۆ چەمکی جیاوازی هەبوو. هەردووکمان لەژێر کاریگەری فکرو بۆچوونو هەڵوێستەکانی کەسی سێیەمدابووین.

وەستا کاوە لەنوسینی وتارەکانی خۆیدا ڕاستەوخۆ ناوی کەسی سێیەمی بردووە. بەڵامەن لە سەرەتای ڕۆڵی ئەو لە ڕۆمانەکەدا بەکەسی سێیەم ناوم هێناوە، هەرچەندە لە بەشەکانی پێشەوەی ڕۆمانەکەدا ناوی هێنراوە. ڕەنگە پرسیارێك لەلای خوێنەر دروستببێت بۆچی من وتارەکانی وەستا کاوەم کردووە بەڕۆمان؟ ئەم پرسیارە لەبەشەکانی تری ڕۆمانەکەدا وردە وردە بۆخۆی وەڵام دەدرێتەوە. ئەوەندەی ئێستا گرنگبێت کە باسیبکەم نوسینی ڕۆمانی کۆچی باڵندەکانو نوسینی ڕۆمانێکی وەستا کاوە لەگەڵ وتارەکانیدا جگە لەوەی هاوکات بوون، پەیوەستیش بوون بە یەکتری کە بەرهەمی بارودۆخو سەردەمێك بوون. هەڵهاتنی وەستا کاوەو هەندێك کەسیتریش بەرەو چیا هەزار بە هەزارەکانو مانەوەیان لەناو قوڵای چیاکان، دواتر بوو بە ڕۆمانێکی واقعی کە هەردوو ڕۆمانەکەی منو وەستا کاوە بە وتارەکانیشەوە بەبێ ڕووداوەکانی ئەو ڕۆمانە واقعییە، کەمو کوڕو بێ مانا دەبوو. لەپاش کۆتایی هەموو ڕووداوەکان وەستا کاوە داوای لێکردم بارودۆخی هەرێمو گۆڕانکاریەکان لە شێوەی ڕۆمانێکدا بنوسمەوە.

وەستا کاوە خوێنەرێکیبە پەرۆشی نوسینو ڕۆمانەکانی من بوو، دڵنیابووکە مێژوی هەموو ڕووداو و گۆڕانکاریو هۆکارەکان هەر لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی لە ڕۆمانێکدا بەر جەستە دەکەم کە ڕۆحی حەقیقەتو واقعی خۆی لەدەست نەدات. کەواتە نوسینی ئەم ڕۆمانە لەدایك بووی پاش هەموو ڕووداوەکانی هەرێمەکەیە، لە

ئاوێتەبوونی دوو ڕۆمانو کۆمەڵە وتارێکی وەستا کاوەو ژیانو بەسەرهاتەکانی چیا هەزاربە هەزارەکان لەسەر زاری ئەو خەڵکانەی لەوێ ژیابوون کە خۆشم نزیکیانبووم، بە قەڵەمو نوسینی منو گێرانەوەو نوسینی هەندێك بابەت بەزمانو دەستو پەنجەی وەستا کاوە.
کەسی سێیەم پیاوێکی هوشیارو وردبینو خۆشەویست بوو، هەر ئەویش مامۆستای یەکەم بوو. من پێشتر نەمدەناسی، بەڵام زوو ئاشنایەتیم لەگەڵیدا پەیداکرد. ئاوازەکانی گەروی چەکوشو دەرونی دەزگا هاوتەریب دەرۆشتن لەگەڵ وشە پرشنگدارەکانی ئەودا کە لە هزرێکی ڕوناکەوە خوڵقابوون. بووین بەدوو دۆستی نزیك لە پەیوەندییە رۆحیو دەرونییەکاندا. خۆشەویستی من بۆ چەکوشو دەزگا لەناخمدا بوو ، ڕەنگە زۆر جار هەستم بە نهێنی هۆکارەکانی نەکردبێت، بەڵام دڵنیابووم لەوەی ئەو زرمە ئاوازدارە فێری زۆر شتی جوانی کردم. ئەو دۆستە میهرەبانەش مانای پەیوەندییە ئەفسوناوییەکەی منو چەکوشو دەزگای لە شیکارێکی فەلسەفیدا بۆ ڕوونکردمەوە. ئێوارەیەك لەگەڵ وەستامدا بۆ ماڵی دوو ئافرەتی هەتیوبار چووین، لەو ئێوارەیەوە خۆشەویستیم بۆ چەکوشو دەزگا تامەزرۆترو بە پەرۆشتر بوو کە مانا نهێنییەکانی ناو ناخم وەك عاشقێك منیان بۆ ژیان پیشانی خۆمدا، ئەو ژیانەی کە مامۆستاکەمان لە شیکارێکی فەلسەفیدا لایەق بە مرۆڤ بۆی ڕوونکردمەوە.
لەمنداڵییەوە ئاشنای زرمەی چەکوشو دەزگا بووم. وەك چۆن ژێیەك بۆ خوڵقاندنی ئاوازەکان دادەمەزرێت، منیش دەتگووت بۆ ئەو بەزمە خوڵقاوم. زۆرجار ژیان بەشێوەیەکی ئەفسوناوی بەندە بەرێکەوتەوە، وەك پرۆسەیەکی بەرنامەڕێژکراو سەرو بەندی هەموو کارەکان دروستو گونجاو دێنەوە. بەڵام ڕێکەوت لەکارێکی سیاسیدا ئێمەی بەیەکتری نەناساند، هێزی ڕاکێشانی قیبلەیەك نیگای هزرو ناخە لەیەك چووەکانی بۆ خۆی ڕاکێشا. لێرەوە گەشەکردنی کۆی بیرو بۆچوونەکان پێویستە بۆ گەیشتن بە هیواکان بە پیتاندنی جیاوازی فکری مەعقول. چەمکی جیاوازی کێشە نەبوو لەنێوانماندا، بەڵام بابەتێکی گرنگ بوو بۆ ئایندە کە دەبوایە هەر لەئێستاوە لەسەری ڕابێینو ئیشی جدی لەسەر بکەین. من دەمویست لەجەوهەری وشەکە تێبگات. مەودای تێگەشتنی ئەو سەبارەت بەو بابەتە تاکو ئەو ئاستە بڕی دەکرد کەخۆی قەناعەتی پێی هەبوو. ئەگەر مرۆڤ بییەوێت بۆ بابەتێك مەودای تێگەیشتنی زیاتر بێت لەو ئاستەی کەپێیگەشتووە، دەبێت لەپاش ئاستی تێگەشتنەکەی خۆیەوە خوێندنەوەی ورد بۆ بابەتەکە بکات لەبەردەم حوکمی وەڵامدانەوەی کۆمەڵێك پرسیاردا کە هەر خۆی ئاراستەی خۆی دەکات. ماوەیەکی زۆرژیانی چالاکی سیاسی ناوشارمان پێکەوەبوو. یەکەم جار لەماڵی برادەرێکمان بینیم، لەسەرەتادا نەمزانی خەڵکی ئەم شارە نییە. هەرچەندە هەمیشە خۆی شاردبووەوە، لەگەڵ ئەوەشدا

ئەرکێکی زۆری ڕێکخستنەکانی ناو شاری بەسەر شانەوەبوو. لەناو ترس‌و دڵە ڕاوکێ‌و دوور لەکەسوکاری، ئەرکەکانی بەباشی‌و دڵسۆزی ئەنجامدەدا. ژیانێکی دژواری بەسەر دەبرد، بەو پێوانەیەی لەبچوکترین مافی سەرەتای‌و سادەترین خۆشی بێبەش بوو. هەرچەندە هەر کەسێك لەئێمە خۆی ئەم ڕێگایەی هەڵبژاردبوو، باشترە کە بڵێم هەستکردن بە ئەرکێکی مرۆڤایەتی‌و نەتەوایەتی و نیشتیمانی فەرزیکرد بوو. لەو سەردەمەدا جێگای شانازی بوو، بۆ هەندێك کەسیش لە ئێستادا پڕە لەبەختەوەری‌و موڵك‌و سامان.

دەربارەی ژیانی هیچم نەدەزانی، برادەرانیش هیچیان بۆ باسنەکردم، هەر ئەوەندەیان پێگووتم کە ناوی مامۆستا شادمانە. تەنانەت نەشمزانی کە خەڵکی ئەم شارە نییە، هەرچەندە ئەوە کێشەیەك نەبوو. چووم بۆماڵی براەرەکەمان، کەئەو لەماڵیان بوو. ئەویان لە سەردانەکەی من ئاگادارکردبوو. نزیك دەرگای ژورەکەی بوومەوە گوێم لەدەنگی گۆرانییەکی بەسۆز بوو"ئەڵوەن ئای"بوو. ئاوازێکی زۆر حەزین بوو کتوپڕ گوێ بیستی بووم. بە هێواشی لەدەرگای ژورەکەمدا، دەنگی گۆرانییەکە بڕا، دیار بوو تەجیلەکەی کوژاندەوە. بە خەندەیەکی پڕ لە خۆشەویستی کە زۆر لەمێژبێت یەکتری بناسین ، باوەشمان بە یەکتردا کرد، ئەو دەمە هەمووومان لەسەر خولگەیەك بە دەوری چەقێکی پیرۆزدا خولمان دەخوارد، ئیتر ئەو حاڵەتە زۆر ئاسای بوو کە خۆشەویستیمان ڕۆحێکی جازبی وەرگرتبوو. ئەو ڕۆژە دەربارەی زۆر تەوەر گفتوگۆمان کرد. کەسێك نەبوو کەبتوانیت چاو لەتواناکانی بپۆشیت،مەگەرئەو غەریزە نەزۆکەی کە زۆر جار لەناخی مرۆڤدا بەرامبەر بە هەق بەجوانی، بە پاکی. . . پەنگ دەخواتەوە. کوڕێکی لاوی تێگەشتوبوو لەمەڕ بابەتە پێویست‌و مەیدانییەکان بیرو بۆچوون‌و بەرنامەی گونجاوو دروستی پێبوو. ئێمە لەو ڕۆژەوە بووین بەدووهاوڕێ‌کە پەیوەندییەکانمان لەسەر بنچینەی گفتوگۆ لەسەربارودۆخی ڕامیاری هەرێمەکەو تاو وتوێکردنی ئەو کتێبانەی تازە دەکەوتنە بەر دەستمان،ئەرکەکانی سەرشانمان دامەزرابوو. لەگەڵ پەرەسەندنی پەیوەندییەکان‌وچڕبوونەوەی گفتوگۆ فکرییەکان، خاڵە جیاوازیەکانیش دەرکەوتن. چەمکی جیاوازی بوو بە تەوەرێکی هەمیشەیی کەگفتوگۆمان لەسەر دەکرد. ئەودەیگووت"بڕوانە جیاوازی بوو بە چەکێك دژایەتی یەکتری پێدەکەین. "بەڵام مەرج نەبوو هەمیشە جیاوازیەکان دژ بەیەکتری بن، ئەو بۆ چوون‌و لێکدانەوەی بەو جۆرەبوو، چەمکی جیاوازی لەناو چوار چێوەی دژایەتی دەگرت. زۆر جار جیاوازیەکان بەبێ یەکتری ناپێتێن. وەك جیاوازی دوو ڕەگەز، دووڕەنگ ، دوو مادە. ئەمانە هەموو یەکتری دەپێتێن‌وخوڵقاندنی نوێ بەرهەم دەهێنن.

تازە ببووین بەهاوڕێی یەكتری كەپێكەوە سەردانی كەسی سێیەمان كرد كە مامۆستای هەمووومان بوو. من پێشتر بینیبووم، ئەویش هەروا. یەكەم چاوپێكەوتن هەستم بەدوو چاوی ئەفسوناوی كرد لەژێر چاویلكەكانیدا، وەك "با "كورەی هۆشی جۆشدەداو وەك ماگنێتیش دەرونی پڕ لە كەفو كوڵی ڕادەكێشا. دەنگی هەرچەندە نەرم بوو، بەڵام وەك زەنگ لە دەرگای هزرو ویژدانی خەوتوی دەدا. دوو چاوی هێمن، بەڵام دونیایەك خۆشەویستیو ئازایەتیو ئارامی تێدابوو. بەجەستە بچوك هەر ئەوەندەی چنگێك، بەڵام گەورەو بەهێز لەفكرو خۆڕاگریدا ، هێندەی ئۆقیانوسێكیش بەرینو فراوان.

بەخۆشحاڵییەوە بۆلای دەچووین، هەردووكیشمان ئاگاداری یەكتریبووین كەپێشتربەدیداری‌گەیشتووین.

هەنگاوەكانمان خێراتر دەكرد بۆئەوەی زووتر بە جەنابی بگەین، بەبێ ئەوەی كەس گومان لەپەلەكردنمان بكات. بەدەم ڕێگا ڕۆشتنەوە هەڵوێستە بەرزەكانیو وتە بەنرخو پیرۆزەكانیمان دووبارە بۆ یەكتری دەگێڕایەوە. كە گەیشتینە نزیك ئەو خانووەی ئەوی لێبوو بە وریاییەوە هەنگاوەكانمان هێواشكردەوە. دەرگای حەوشەكە درزێكی بچوكی تێدابوو، كرابۆوە و چووینە ژوورژەوە.

زۆربەی ئەو برادەرانەی لەو ڕۆژگارەدا ناچاربوون دەرنەكەون، لەبنەوەی خانووەكاندا خۆیان حەشاردابوو. ئەویش لە ژوورێكی پشتەوەی ئەو ماڵەدا دەژیا. زۆربەی ئەو كەسانە بە بیرێكی فراونو قوڵتر تەماشای ژیانیان دەكرد لەوەی كەخۆی هەیە، بەڵام بەشی خۆیان ژورە بچوكو كونجە تەنگەبەرو تاریكەكانی زیندانو ماڵەكان بوو. هەر ئەو ڕۆژە لە سەرەتای قسەكردنمان ئەو دیاردەیەم وەك بابەتێكی گرنگ لەلا باسكرد. ئەویش گووتی وایە ، بەڵام دڵنیام سەرئەنجامی كاری ئەقڵی ئێمەو تەمەنی ڕەفتاری ئەوان، دیمەنەكانی ئەمڕۆ پێچەوانە دەبنەوە. جێگای ئەوان ژورە تەسكەكانی زیندانوشوێنی ئێمەش ئەو دونیا ڕەنگاوڕەنگە دەبێت كە ئێستا ئیشی بۆ دەكەین، بەڵام دەبێت هوشیار بین كە ئەو ڕۆژەی چاوەڕوانی دەكەین لە ئێستاوە بە لەچاوگرتنی بەرژەوەندی گشتی بەرنامەی وردو گونجاوی بۆ دابڕێژین تاكو دووبارە توشی ڕۆژگارێكی وەك ئەمڕۆ دژوار نەبینەوە، پێش هەموو شتێك بیركردنەوەو ئەقڵێتی ڕژێم بۆ هەتا هەتایە ڕەفزبكەین.

گەشەكردنی جوڵانەوە ئێمە زۆر بەخێرای گەشەیكرد، هەر بۆیە زۆجار ڕەخنەی ئەوە دەگیرا كەپێش زەمەنی خۆی كەوتبێیت. زۆربەی كارەكانمان بە پەلەبوو. ماوەیەك بوو هاوكاری ڕكخستنەكانی ناو شاربووم كەوتمە ژێر باری چەندین ئەركی سەختەوە. ئەو ڕۆژە قسەی زۆر بۆكردین. كەمێك بێدەنگ بوو، جگەرەیەكی تری داگیرساندوكەوتەوە قسەكردن. من تێگەیشتم بۆچی ناردوێتی بەشوێنمدا، هەردووكیان

بە جووتە پێکەنینو تەماشایان کردم. ئەمجارە باشتر حاڵیبووم. چارەسەرێکیتر نەبوو، دەبوایە داوای یارمەتی دارایی لەمن بکرێتو من جێبەجێی بکەم. بەبێ گفتوگۆکردنو پاساو هێنانەوە ئامادەیی خۆم پیشاندا. زۆریان پێخۆشبوو، بەتایبەتی مامۆستاکەمان کە بەرپرسی یەکەم بوو. پێشیگووتم، پێویستییەکان هەندێك جلو بەرگو پێڵاوە بۆ برادەرانی ئەودیو، کەی هەواڵی ئەوانم پێگەیشت. . . کەلوپەلەکان ئامادەبکەن.
سەرەتای دروستبوونی مەفرەزە سەرەتاییەکانبوو، لەماوەیەکی زۆر کەمدا چەندین مەفرەزە دروستبوونەوە. وەك هەڵهاتنی کۆچی باڵندەکان، خەڵکی هەرێمەکە لەبەر گڕی ئەو قیامەتەی لەو ڕۆژگارەدا هەڵگیرسابوو بەرەو گوندو چیاکان هەڵدەهاتن. ئەو ڕۆژە زۆر بابەتی گرنگی بۆ شیکردینەوە، وەك ئێستا لەیادمە پێشهاتو ئاکامەکانی بەوردی لەدوو تەوەری جیاوازدا بۆ دەستنیشان کردین. بەڵام ڕۆژنامەنوسەکە پرسیاری زۆر وردتری دەکرد، لە مێژبوو ڕوداو کارەساتە دڵتەزێنەکان خوڵقابوون کە بیرەوەریەکانی لەیادی مرۆڤدا سڕیبووەوە، کێ هەبوو هەمووساتەکانی ئەو ڕۆژگارەی بەبیرمابێت، مەگەر بابەتێکی تایبەت کە پەیوەندی بە ڕوداوەکانی ئەمڕۆوە هەبێت. ئەو ڕۆژە ماوەیەکی دوورودرێژ لەلای ماینەوەو هاتینەدەرەوە. دوو بەدوو بەکۆڵانە باریکەکەدا دەڕۆشتین، تاکو ئەو ماڵەی کە ئەوی لێدەژیا لەگەڵیدا ڕۆشتم، دواتر خۆشم بەرەو دوکان بۆلای دۆستەکانم(چەکوشو دەزگا)گلۆربوومەوە. هەردووکمان لەلای کەسێکی قاچاغو حەشاردرواوبووین. مامۆستا شادمانیش کە لەگەڵ مندابوو، وەك ئەو قاچاغ بوولەماڵێکیتردا دەژیا. من بووم کە قاچاغ نەبووم بە پێوانەی لەخۆبوردوی خۆم، دەنا لە هەردووکیان زیاتر ژیانم لەمەترسیدا بوو. منیش خۆم ئەو چارەنوسەم هەڵبژاردبوو بۆیەشانازیم پێوە دەکرد. لە و ڕۆژگارەدا بەچەشنی من هەموو تێکۆشانو خەباتیان کرد، سەد مەخابن زۆریان ماندو بوونی ئەو سەردەمەمان پێدەفرۆشنەوە.
عەشقم بۆ کارەکەم ئەوینی لێئەتکا، تك تك دەچۆڕایەوە ناو ڕۆحم. من هەمیشە بەرگی کارم لەبەردابوو. گەیشتمە دوکانو دەستم بەکار کرد. زرمەی چەکوشو دەزگا خزانە ناو گفتوگۆکانو هەزار عەشقی تری لە ڕۆحمدا چاند. مامۆستا شادمان ماوەیەك بوو شاری بەجێهێشتبوو، لەسەردانێکی بەپەلە بە جلو بەرگی کارەوە بۆ ئەو گوندە چووم کەئەوی لێبوو. یەکێك لەو برادەرانەی لەگەڵ مامۆستا شادماندابوو ڕووبەڕوی من گووتی:هەندێك جار بیرەوەریەکانی ناو شار بەرەو ناخی خۆیان پەلکێشم دەکەن، نازنم ئەو حەزانە چ مانایەکیان هەیە لەناو ئەم بەرگە پیرۆزانەی خۆمدا و لەم مەملەکەتە ئازادەدا خۆزگە بەئێوارەیەكو بە بەرگێکیتر ببەم. من لەزەردە خەنەیەك زیاتر وەڵامێکی ترم پێنەبوو، خۆزگەو هیواکەیم بە بێ ناوەڕۆك و بەبێ مەبەست وەرگرت، وەك ئەو خەیاڵە کتوپڕە سەرکێشەی لەناوەختا بە دزی

هەستەکانی بیرو هزرەوە دەبن بەمیوانێکی کاتی . مامۆستا شادمان لەبری من وەڵامی دایەوە ، ئەو بەجۆرێکیترلێکدانەوەی خۆیبۆ قسەکانی هەبوو. دەستی بۆ من درێژ کردو و بە برادەرە چەکدارەکەی گووت:ئەویش پێشمەرگەی کارەکەی خۆیەتی، هەمیشە ئەو جلوبەرگەی لەبەردایە. ئەو ڕستەیە هەرچەندە زۆر لەمێژبوو سەبارەت بەمن گووترابوو، بەڵام هەرگیز لەیادم دەرنەدەچوو، چونکە تەنها ڕستەیەکی سادەی گووتراو نەبوو، هەڵگری دیمەنێکی واقعیو مانەیەکی بەنرخو پڕ لەشانازیش بوو. کەچی لەدوای هاتنەوەیان ئەو دیمەنە مێژوییە لە ئەرشیفی بیرەوەریەکانیاندا سڕایەوە، هەرکاتێکیش پێویستی بکردایە بەبیریان بهێنمەوە، کێشەی دەسەڵات هێندە بەبەهابوو کەنەتوانن بیەرژێنە سەرڕابردوی خەڵکانی تر. ئەو سەردەمە ئێمە لاوبووین، سەرەتای ئەو ژیانەبوو کە زوڵمەتەکان لەنێوانی مەرگو مانەوەدا ئیجباری هەڵبژاردنێکی دوو چەمکی دژ بەیەکتریان کردین. ئێمە ئەو کەسانە بووین کە چەمکی مەرگمان لە پێناوی ژیاندا هەڵبژارد لە دژی چەمکی مانەوە کە لە ناوەڕۆکدا چەمکێکی زیندوو کوژ بوو. ئەو فکرەیە ئێستا بەسەر چووە وباوی نەماوە، باشترە بڵێم " پێچەوانەبۆتەوە" زیاتر لە پێچەوانەش کەسانێك هەن هەموو هەڵوێستو بناما مرۆڤیەکان تەسلیمی ژیانی خۆپەرستی دەکەن کە پێیان وایە هەرگیز نامرن. ئەو ژیانەش کە هەموو شتێکیان بۆ گۆڕیوەتەوە، هەر ساتێکی مردنی شەرمەزارییە

لەئێوارەیەکی تایبەتدا لەگەڵ برادەرێکدا پیاسەمان دەکرد، پیاسەکردنی ئێواران لەلای من نەبوو بەپیشە بۆیە ناوی دەنێم ئێوارەیەکی تایبەت. عەشقم بۆ ئیشەکەم بواری زۆری لەژیانمدا داگیر کردبوو کەنەتوانم کات بە هەندێك شتیتر ببەخشم. نازانم چۆنبوو کە ڕازیبووم هاوڕێی ئەو ئێوارە پیاسەیەبم. هەموو جار کات تەسلیمی خۆزگەو حەزو خوی خاوەنەکەی نابێت، بەپێچەوانەوە ڕوودەدات کەسەکە دوور لەحەزو هیواکانی بۆناو ڕۆحی خۆی پەلکێشدەکات. ڕەنگە ئەوبرادەرەش لەو ئێوارە پیاسەیە مەبەستی تایبەتی خۆی هەبووبێت. بە شەقامێکی گشتی دوورو درێژی جەنجاڵدا پیاسەمان دەکرد. بەناوابانگترین شەقامی شارەکەبوو بەکۆشكو تەلاری بەرزو جوان ڕازابووەوە، لەناوچایەکی جیادەچوو کە سەر بە وڵاتێکی پێشکەوتووبێت. بەڵام لەناخیدا هەر شەقامێك بوو وەك هەموو شەقامەکانی تری شارەکە. شان بە شانی یەکتر دەڕۆیشتین، دەیان کەسیتر بەشانی چەپو ڕاستی ئێمەدا پێ بە پێ هەنگاوەکانمان بۆ پێشەوە تاکو ئەو سەری شەقامەکە دەڕۆشتن، لەوسەریشەوە بە پێچەوانەوە دەگەڕانەوە. تەلارو باڵەخانەکان دانە دانە بەتەنیشتی یەکترییەوە ڕیزکرابوون، لەسەر شێوەی تەلار سازی نوێ کە سیمایەکی جوانی سەردەمیانەی دەنواند. بە هێمایەکی ڕەخنەئامێز تەلارێکی بەرزو جوانی هاوڕێیەکی سەردەمی خەباتی شاخی پیشاندام .

ئەگەر ناوی بنووسم هەمووتان دەیناسنەوە، دڵنیام ئێستا هەر کەس لەلای خۆیەوە گومان دەخاتە سەر کەسێك. (گومانەکان چەندە درۆبن، ڕاستی خۆیان پێکاوە لەسەر نیشانەی ئەو کەسەی لەزەینی خۆیاندا وێنەیان بۆ کێشا بوون). من لەهەموو شتێك تێدەگەیشتم، لە قسەی پڕ لەمانای براددرەکەم، لەگومانو تێڕوانینی خەڵك لەسەر دەسکەوتی شەرعیو ناشەرعی هەندێك بەرپرسو کارمەندی گەورە. من هەستم بەو جوهدو هەناسانەش دەکرد لەسەردەمی سەختی تێکۆشاندا لە ڕۆحو هەناو دەهاتنە دەرەوە. بۆیە ویستم بەویژدانەوە قسەبکەم. لەسەرخۆ پێمگووت، زۆر کۆشکی لەم شێوەیە لەناو شاردا هەیە، گرفتێك نییە ئەگەر ئەمەیان کۆشکی ئەوبێت. ئێستا قۆناغێکی جیاوازترە ، خۆناکرێت لەم سەر دەمەشدا هەر بە چیاکانەوەبن. من لەمەبەستی ئەو تێگەشتم، هەرگیز داکۆکیشم لەکەسانی هەلپەرستو خاوەن کۆشکو سامانی ناشەرعی نەکردووە. قسەکانیشم ڕاستییان تێدابوو، ئەو ڕۆژگارەی خەڵکانێك سەگەرمی خڕکردنەوەی دراو بوونو لەئاسودەی حەزەکانیاندا خۆیان دەگەوزاند، ئەوانیش باجی ئاواتەپیرۆزەکانی گشت کۆمەڵانی خەڵکیان بە خوێنو ڕۆحی خۆیان دەدا. بەڵام ئەوەی جێگای فەخرو سەروەرییە بۆمرۆڤ لەڕۆحی ئەو کەسانەدا جێگای نابێتەوە کەدەستێکیان بەکڵاوەکەیانەوە گرتووەو دەستەکەی تریان سەرقاڵی پەیداکردنی هیواو خۆزگەو خۆشییە تایبەتییەکانی خۆیانن، ئەمانە کەسانێکی ئاساین هەر بۆیە لە فەرهەنگی ڕیساوبوون ناویان تۆمار ناکرێت، خۆشیان پڕوپاگەندەی کەسایەتییەکی پیرۆزیان بۆخۆیان بەیان نەکردووە، جگەلەوەی دیاردەیەکی سروشتییە دابەشکردنی ئەندامەکانی کۆمەڵ بەسەر پێگە پیشەیو کۆمەڵایەتیەکاندا، خۆشیان ڕاستگۆیانە لە دیمەنەکانی ڕۆحو دەرونو هیواکانیان دوابوون.

کرۆکی باسەکەی ئێمە ئەمە نییە، چونکە لەڕۆحی ئەم جۆرەکەسانەدا بناماکانی کەسایەتییەکی پیرۆزو بەخشندەو میهرەبان دانامەزرێت، هەروەها هیچ لەپایەو بنەماکانیش نارِوخێنن چونکە لەبنچینەدا نیانە، لەبەرئەوەی تەنها کەسانی ئاساین. ئەوەی ئێمەی توشی بارودۆخی سەختو دژوار کردووە، دارمانی پایە پیرۆزەکانی بەخشندەییو میهرەبانییە لەڕۆحی ئەوکەسانەی کەخۆیان بێئاگا ئەگرن لە هەرەسهێنانی ئەو پیرۆزییەی لەڕابردودا بەدەستیان هێنا. ئەو کەسانەی بەتەنگ مێژوی خۆیانەوە نەهاتن، بە ئێمەیان فرۆشتەوە، هیچمان نەبوو لێیان بکڕین، لەبری ئەوە خۆیان سەرپشکگرت کە ببن بەباوك، باوکێکی تەنها خاوەن فرمان. ببن بەئاغا ، ئاغایەکی تەنها بەش خۆر. ببن بە خاوەن، خاوەنی هەموو شتێکمان. من لە هەموو شتێك گەیشتم، لەمەبەستی برادەرەکەشم، بەڵام پێویستی نەدەکرد بەبینینی خانوویەکی کۆشك ئاسا وشەکانم بۆنی ڕقو کینە بگرن. جارێکیتریش بە هێمنی پێمگووت، زۆر

ئاساییە. . . . با ئەو برادەرەش خاوەنی كۆشكێكبێت لەو هەموو كۆشكەی لەم شارەدا هەیە.
ئەو ئێوارەیە بەدەم پیاساكردنەوە زۆر بابەتمان باسكردونەگەیشتینە كۆتایی. من پێم وابوو هەرگیز ناگەینە كۆتایی. گفتوگۆكان بەبێ ئەنجامبوون بۆیە كۆتاییان نەبوو. ئێوارەیەكی هەینی بوو، بەناوبانگترینو قەرەباڵەغترین شەقام بوو. لەناو ئاپۆرای پیاسەكەراندا سەرم گێژی دەخواردو خەڵكیش گوڵەبەڕۆژەیان دەتروكاند. توێكڵە گوڵە بەڕۆژە بەسەر لێوی خەڵكەوە پەیتا پەیتا بەبای ئەو ئێوارەیە دەدراو بەسەر هەواوە وەك كولەی مردوی بێ باڵو قاچ دەكەوتنە سەر شەقامو شۆستەكەو لەژێر پێڵاوەكاندا وردوخاش دەبوون. بەرەبەیانی دواتر ئەوشەقامە وەك قەبیلەی كولە بنەو بارگەیان لێهەڵدابێت دەهاتە پێش چاو. ئەگەر كەسێكی غەریب بەو ناوچەیەدا ڕەتببوایە، بێشك دەیگووت كارگەیەكی گوڵە بەڕۆژە نزیك بە شەقامەكە هەیە، شەو ڕەشەبایەكی توڕە عەمبارەكەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووەو هەرچی گوڵە بەڕۆژەی خەزنكراو هەیە لەسەر ئەم شەقامە وەك تۆو بڵاویكردۆتەوە. شەقامێكی پانو فراوان بوو، بەكۆشكی بەرزو كۆگاو بازاڕی قەشەنگ ڕازابووەوە. ئەو شەقامەبوو كە نرخی مەترێك عەرز لەكڕین نەدەهات، كەچی بستێكیش بۆ فرۆشتن نەمابووەوە. من زوو لەوئێوارە پیاسەیە وەڕسو بێتاقەت بووم. بە ڕەفتاری ئەوخەڵكە سەرسام ببووم ، ڕۆژ تاكو ئێوارە گازندەو گلەییان بوو، ئێوارانیش بۆ بەسەر بردنی كاتو ڕەوینەوەی خەمەكانیانو حەسانەوەی جەستەی ماندوو شەكەتیان ڕویان لەو جێگایانە دەكرد كە بازاڕە گەورەو قەبەكان و كۆشكو تەلارە بەرزەكان سیمای خاوەنەكانیانی پێوە دیار بوو. بەدەم قسەو پیاسەكردنەوە نیگاشمان دەگرتە كۆشكو تەلارەكان. تەلار لەدوای تەلارو كۆشك لەدوای كۆشك شان بەشانی یەكتری ریزببوونو لەپێش نیگاكاندا شەڕی قەشەنگیو هونەری تەلار سازییان دەكرد. دیمەنەكان لەكوێوە هاتبنو بەدەستی هەركەسێك ڕەنگیان كێشرابێت، یاخود دەرئەنجامی كێشمە كێشی هەرێمێكی بێ خاوەن بێت، لە گۆشە نیگایەكەوە سیمایەكی كاڵی شارستانی سەردەمی پێوە دیار بوو.
لەسەری گۆشەیەكدا تەلارێكی بەرزی بەئاسماندا هەڵچوو، ببوو بەمیوانی هەورەكان. بەبێ بڕانەوە قسەی بۆدەكردم، هەرچەندە زۆر زەینم لەسەر قسەكانی ئەو نەبوو، بەڵام هەستمكرد بەرەوكوێ سەرنجم ڕادەكێشێت. بۆ خۆشم لەدیمەنە تازەكانی تەلارەكەم دەڕوانی كە نوقمی ناوكۆمەڵێك پرسیاری كردبووم. من خاوەنی ئەو كۆشكەم نەدەناسی، نەشمدەزانی هی چ كەسێكە. گووتم تەماشاكە ئەو كۆشكە بە گەورەیو نەخشو نیگاری شەڕ لەگەڵ هەموو ئەوانیتردا دەكات، ڕەنگە پێگەی كەسایەتی خاوەنەكەی لەئاستی بە خاوەن بوونی ئەو كۆشكەدا نەبێت، ئیترئەو

کەسانەی کە ڕۆژگارێك ماندووبوون هەرنەبێت ئێستا جێگایەکیان بۆ پشودان پێویستە هەبێت. ئەو دڵنیا بوو کەمن نازانم کۆشکی کێیە. . . بەڵام ئاسای پرسیاری خاوەنەکەی کرد. گووتم : نەخێر نازانم کۆشکی کێیە. گووتی کەواتە ڕاستەدەکەیت ڕەنگە خاوەنەکەی شیاوی کۆشکێکی لەو جۆرە نەبێت، چونکە کۆشکی هەمان کەسە کە پێشتر کۆشکەکەیم پیشاندایت. وێنەی ئەم ئێوارە پیاسەیە زۆر بوونو هەرجارەی بەدیمەنێکی جیاوازتر خۆیان پیشاندەداو هۆکارەکانی بەر هەمهێنانی گەندەڵیان لە هزرو ویژدانمدا بەئامانەتەوە گەلاڵە دەکرد. ئەوسا ڕازیبووم کە ڕۆژنامەنوسەکە چاوپێکەتنم لەگەڵدا سازبکات. . . نەبا بێدەنگی بمخنکێنێت.

من کابرایەکی سەر جادەو پیاسەکەر نەبووم، تەنانەت حەزم بەهاتنی ڕۆژانی هەینیش نەدەکرد، جگە لەوەی لە هاوڕێیەتی چەکوشو دەزگا دوور دەکەوتمەوە، دەبووم بەئاشنای پۆخڵترین دیمەنەکانیش. ئەو گووتی "نابێت لەئاستی گەندەڵیو حوکمی خۆبەخۆییاندا بێدەنگبینو چاوی ویژدان بنوقێنین. من هەستم بەنهێنی ئەو ئێوارە پیاسەیەکرد، بەڵام تێنەگەیشتم بۆچی ئەو شەڕە بەمن دەکات؟ ناچاربووم کە پێبڵێم، مەسەلەکە چاونوقاندن نییە، ڕەنگە بتوانم شەڕی بەرامبەر بە دیکتاتۆرێکی گەورەم پێبکرێت، بەڵام شەڕی بەرامبەر بە خەباتگێڕێکی کۆنم پێناکرێت کەمەبدەئی بە قەسرو پارەو بۆیاخی سەرو ژنی تازە گۆڕیبێتەوە. نەمدەزانی بە چ ئامرازێك شەڕیان لەگەڵدا بکەم تاکو تێکیانبشکێنم، کەزانیشم لە کرۆکی خودی خۆیاندا وردوخاشبوون بە دامەزراندنی پایە گەورەو قورسەکانی دەسکەوتی ئابوری ناشەرعی وەك کۆشكو تەلارو موڵکی زەویو زار لەرێگای دەسەڵاتی سەپێندراو. ئیتر پەنام بۆ قەڵەم برد، دڵنیابووم تاکە ئامرازە کە بتوانم شەڕی دژ بە فکرو ڕەفتاری ئەوانی پێبکەم و کەسایەتییە ناوەکییە وردوخاشبووەکەی ژێرپایەکانی ئابوری ناشەرعیان ئاشکرابکەم. حەزدەکەم ئەوەشتان پێبڵێم ئەو کەسانەی ڕووبەڕویان بوومەوە زەمانێك بوو زۆربەیان هاوڕێی یەك سەنگەرو یەك رێگای تێکۆشان بووین، ئێستاش دوژمنی یەکترنین، ئەوان دۆستایەتی من لەگەڵ رێزو وەفادا لەچوارچێوەی بێدەنگی دەگرنو لەسەر دڵیان هەڵیدەواسن. منم ڕێزی دەرەکی قبوڵ ناکەم کە کانگا پڕ لەرێزەکەی ناخم لێڵو تەماوی بکات، چ باکیشم بە شەڕێکی دەرەکی نییە، ئەوە ویژدانە لەناخمدا بەرەو ناو ئاگری شەڕێکی هەق پەلکێشمدەکات کە زمانی چارەسەرو خامۆشکردن دەکات بە ڕابەرو سەر لەشکر، قەڵەمیش چەك . ئەم شەڕە هەروا ئاسانیش نەبوو، چونکە دواجار بوو بە شەڕی ڕۆحو جەستە کە دابڕانی زۆر لەو دۆستانەی لێکەوتەوە، بەڵام دوو هاوڕێ میهرەبانەکەم پەرەیانسەند بە گەشەکردنێکی ئەفسوناوی کە تەنها لەڕۆحو منداڵانی چەکوشو دەزگادا دەخولقا، پەیوەست بە ناخی ئەو دەستو پەنجانەی گەمەی عەشقی ویژدانو حەقیقەتیان

دەهێنایە سەر زمانی قەڵەم. هاوڕێکانم ژمارەیان بوون بە" سێ "هاوڕێ. . چەکوشو دەزگاو قەڵەم. هاوڕێیەتی ئەمان بۆ هەمیشەبوو، هەمیشەش لەیەك بەرەی خێرو ئاشتیدا بووین، چونکە ئەوان لە بەخشین زیاتر بۆ مرۆڤایەتی هیچ تۆوێکی شەڕانگێزیان لەناخی خۆیاندا نەچاندبوو. هەرچەندە بەرهەمی فکری مرۆڤ بوون، ڕەنگە مرۆڤ نەیویستبێت خەسڵەتە شەڕانگێزەکانی خۆی لە بەرهەمەکانی فکری خۆیدا بەرجەستە بکات کە بۆ بەرژەوەندییەکانی تایبەت بەخۆی خوڵقاندونی، لێرەوە هاوڕێیەتی ئەوان پاكو بێ خەوشترن، چونکە ئاسودەبوونی ڕۆحو جەستە لەسەر بەشو جوهدی کەسانیتر لەزۆر کەسداغەریزەیەکی کاریگەرو چالاكو بە هەڵپەیە، ئەگەر نا ئەو هۆکارانە چین سەنگەرێك دوو کەرتدەکات، ڕێگایەك دوو لەت دەکات؟..ئەگەر غەریزە شەڕانگێزە بە هەڵپەکە نەبێت، ئەو هۆکارانە چیین کە مرۆڤێك بەگەڕەکێك خانوو تێرنابێتو سەرکردەیەکیش بە شارێك ڕازینابێت؟

لەبەرچاوگرتنی مێژوی ئەو ماوە دورودرێژەدا، ئەتوانم بڵێم هێشتا هەر سەرەتای ئیشکردنم بوولە ڕێکخستنەکاندا کە دەستبەرداری کاری شۆڕشو چالاکی سیاسی بووم. بەڵام هەستی نەتەوەیونیشتیمانیو ویژدانو وەفا ئەو پێکهاتەیەبوون کە منیان لێدروستببووم. ئیتر ئەوانە خەسڵەتی بوونی دەرونم بوون، بۆ هەموو کارێکی فکرییو جەستەیی ، بنەمای ئیشکردنو بیرو بۆچوونو هەلسەنگاندنم بوون. زۆر جار ناڕاستەوخۆ هاوکاریم دەکردن، ئەوانیش وەك پێشو متمانەیان پێم هەبوو، هەوڵی جدیشیان لەگەڵمدادا کەدووبارە بگەڕێمەوە و وەك جاران ڕاستەوخۆ کاریان لەگەڵدا بکەم . من نەچوومە ژێر باری داواکەیان ، بەڵام لەئاستی داوای یارمەتی ئابوری هەمیشە ئامادەبووم.

لە پاداشتی ئامادەکردنو کۆکردنەوەی بڕێك یارمەتی دارایی، نامەیەکی ستایشکردنیان بۆ ناردم کە پڕ بوو لە دێرە شیعری وەسفو پیاهەڵدان کە ئەخلاقی شۆڕشگێڕانەی لێئەتکا. من پێویستم بەو ستایشکردنەنەبوو، چونکە ئەوەم دەزانی یارمەتیەکان بۆ پێویستی تایبەتی خۆیان نەبوو، هەموو شۆڕشێکیش کۆی هەموو یارمەتییە جۆراو جۆرەکان دوا جار دەبوو بە ستوتەمەنی تێکڕایی بۆ وەگەڕ خستنی. لەکۆتای نامەکەشدا نوسیبویان. . . !ئێمە دەزانین لەدەرگای کام ڕۆح بدەین کە پڕە لە وەفا لەویژدان لە هەڵوێستی مەردانە، ڕەنگە هوشیاری ئێمە ئەوەندەش نەبێت؟ کەواتە هەستە پیرۆزەکانی ناخی خۆتە بەرامبەربە نەتەوە و نیشتیمان، بەرامبەر بە خودی پیرۆزی مرۆڤ بەبێ ترسو گومانو سڵەمینەوە لەدەسکەوتو خۆزگەو هیوا تایبەتیەکانی خۆت، بە ئاشکرا خۆیان بۆ ئێمە بەیان دەکەن. بەڵام بەدڵنیاییەوە ئاگادارین کە ئەم هەڵوێستەت کاریگەری لەسەر بارودۆخی ژیانی خێزانەکەت کردووە. . . نازانین لەئاستی گەورەیتو گوناهەکانمان چی بڵێین؟ بەلێبوردنەوە

دەڵێین، لە پێناو بەدەستهێنانی مافە پیرۆزەکاندا، لەپێناوی وەرگرتنەوەی موڵکە ڕۆحیو سروشتییە ئەزەلیە مرۆییەکانمان، نەك خانوو بفرۆشین، دەبێت سەرو ماڵیشمان ببەخشین. . . دەبێت شەرەفمان بفرۆشین. لە وشەکانم بەگومان نیم، چونکە دڵنیام تۆ تێدەگەیت دەڵێم چی، شەرەفیشمان لەناو موڵکە ئەزەلیە ڕۆحیو سروشتیەکاندایە، پەیوەستن بە لەناوچوونو پاراستنی ئەوانەوە. سوپاس بۆ هەڵوێستت ئەی هاوڕێی بەوەفا.

لەئێستاوە دەتوانم مژدەی سەرکەوتنت پێبدەم کە کەسانی خاوەن هەڵوێستی وەك بەڕێزتان هاو زەمەنی خەباتو تێکۆشانمانەو بەرەو لوتکەی ئاسۆ هەنگاو دەنێین، ئەو لوتکەیەی بەگەیشتنی سەرو ماڵو ڕەنجی لە دەستچوومان زیندودەبێتەوە، ئەو لوتکەیەی شەرەفمان دەکڕێتەوە.

لەو ئێوارەپیاسەیەدا کە وتوێژو بیرەوەریەکان بەناو دیمەنە ڕەنگاوڕەنگەکانی کۆشكو تەلارەکاندا لمۆزیان لە گومانو پرسیارەکان دەدا، نامە نا پێزە نەکلۆکەکەی زەمانی زووی بڕادەکانم بەبیر هاتەوە کە بەوشەی زلو قەبە دێڕە خاڵییەکانیان پڕکردبووەوە. هەندێك کەس لوتکەی ئاسۆ بەسەربانی کۆشکە بەرزەکانیان تێگەشتبوون. ئەو دەمەی لەسەربانی کۆشکەکانیان ڕادەوەستانو تەماشای هەموو شاریان دەکرد، پێیان وابوو بە لوتکەی ئاسۆ گەشتوون و هەموو لەدەستچووەکانیان بۆ گەڕاوەتەوە، ژنە تازەکانیش کڕینەوەی شەرەف بوو. خۆشیو ئاسودەیی خۆیان کردبوو بە پێوانە بۆ هەموو خەڵکی هەرێمەکە.

مێژو زۆر جار خۆی دووبارە دەکاتەوە، بەتایبەتی لەجەستەی شۆڕشەکاندا . کەم شۆڕش هەبوو لەخاڵی کۆتایدا ڕەوشی کۆمەڵگا بۆ سەرەتا نەگەڕێنێتەوە، بۆ ئەو سەردەمە دژوارپڕ لە کارەساتەی کە خۆیانی بەرهەمهێناو بەگژیدا چوونەوە. ئەوە دیاردەیەك نەبووچارەسەر کردنی ماحاڵبێت، یاخود تۆژینەوەو لێکدانەوە قبوڵ نەکات، چونکە سوڕی ژیانی هەموو شۆڕشەکان مەرج نەبوو ئەم بۆچوونە بەسەر خۆیدا ئیسپات بکات. من ئاگاداری چالاکیە سەرەتاییەکانی هەموو شۆڕشێك نیم، بەڵام گڕو تینو بە پەرۆشی هەموو ئەندامەکانی ئەو سەردەمەم باش بەبیردێت، بەجۆرێك سەختی بەراوردکردنی لەگەڵ رەفتارو هەڵوێستی ئێستایاندا سەرسامی کردوم. سەدمخابن بۆ ئەو سەردەمە کە پڕ بوو لەگەورەیی‌و پیرۆزی، لە وەفاو جوانی‌و نەمری، لە هەڵوێستی دڵسۆزانەی هەموو هاوڕێکان، بۆ" ئۆقیانوسی هێمن".

ئۆقیانوسی هێمن ئەو پیاوە میهرەبانەبوو کە من بەکەسی سێیەم ناوم برد . دۆستێکی نزیکی وەستا کاوەی چەکوش پەرست بوو. لە نوسینو تارەکانیدا بە ڕوونی کاریگەری ئەو لەسەر ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتی وەستا کاوە بەدی دەکەین تاکو ئەو ئاستە بەرزەی وەك نوسەرێك دەرکەوتو دواتر ڕوداوێکی مێژویی لێکەوتەوە.

لەڕوانگەی نوسینەكانیەوەو لەسەر زاری خۆی درێژە بە چیرۆكەكەمان دەدەینو بەردەوام دەبین.

دووەمجار لەگەڵ مامۆستا شادماندا بەدیداری گەیشتم. ئۆقیانوسی هێمن كاریگەری ڕاستەو خۆی لەسەر ژیانو بیركردنەوەی من هەبووە هەتاكو ئێستا، بەتایبەتی لەو سەردەمەی كە لەناو شاردابووە، وەك دوو هاوڕێی زۆر نزیك من لەژێر فەرمانەكانی ئەودا كارم دەكرد. سەرەتای تێكۆشانی ئێمە جەنجاڵبوو بەكارەساتو ڕوداوی جۆراوجۆر. چالاكییە گەرمو گوڕو پەرەسەندنە خێرا قەتیس ماوەكان هەندێك دیاردەی تاڵو خەماوی لێكەوتەوە. ئەو ڕۆژگارە ئۆقیانوسی هێمنیش ناچاربوو شار بەجێبهێڵێتو بەرەو گوندەكان بڕوات. لەدوای ڕۆشتنی ئەو ئەركو چالاكی من گرانتر بوو، بەڵام هەمیشە لەئاستی فەرمانەكانی ئەودا هەستم بە سەختی جێبەجێكردنو ڕاپەڕاندنیان نەدەكرد. بڕیارەكانی كارێكی سوكو ئاسان بوو لەسەرشانمان، چونكە زادەی بیرێكی مەعقولو گونجاوی سەردەمەكە بوو. هەرچەندە ئەو ڕۆژگارە بۆ من لەبار بوو بەئاسانی ڕوو لەگوندە ئازادكراوەكان بكەمو بەجۆرێكیتر خەبات بكەم. ئەركی بەخێوكردنی ماڵەوەم بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ لەسەر نەبوو، ئەو دەمە باوكم مابوو خۆشم هێشتا خاوەنی خێزان نەبووم، ژنم نەهێنابوو. بەڵام مانەوەی من لەناو شاردا گرنكتربوو. ڕۆژانی كۆتایی پێش ڕۆشتنی بۆ گوندەكان بە حوكمی گرنگی ئیشو كارەكانمان زۆربەی كاتەكان پێكەوە بووین، دواین هەفتەش لەماڵی خۆمان بوو. ئەو ماوەیەش لە گوندەكان بوو بە پێی پێویستی ئیشوكارەكانو پەیوەندییەكانی ناو شاربەبرادەرانی دەرەوە، هەمیشە سەردانم دەكرد، بەڵام تاكو خۆی بەكەسێكدا نامەی بۆنەناردمایە نەدەچووم. ئەگەر سەربەخۆ بچوومایە هەرگیز نەمدەدۆزییەوە لە چ گوندێكە، هەمیشە لەگەڕانو سوڕاندنەوەدابوو. هەر ڕۆژەی لە ناوچەیەكو هەر ساتەی لەگوندێك بوو. ئارەزوی گەڕانی زۆر بوو. لەماوەیەكی كەمدا گوندنیشینێك نەبوو كەنەیناسێت. خۆی بەئاشنای هەموویان دەزانی، ئاشنایەكی خۆشەویستو ڕۆح سوكو میهرەبان. هەر ئەو میهرەبانی خۆشەویستییە بوو دوا جار وەك ئەندامێكی چالاكتر منی لەناو شاردا هێشتەوە. ئەو ماوەیەش كە نیازمبوو دەست لە ئیشو كاری حیزبایەتی هەڵبگرم، هەركاتێك سەردانم دەكرد پێشتر خۆم ئامادە دەكرد یەكەم وشە ئەو بابەتەی لەگەڵدا باسبكەم. بەڵام هیچ جارێك لەسەردانەكانمدا بواری ئەوەم بۆ هەڵنەدەكەوت باسی خۆمی لەگەڵدا بكەم. هەر بەگەشتنم بۆ لای بابەتێكی نوێو كارێكی تری پێدەسپاردم، ئیتر من پێم شەرمبوو لەدوای ڕاسپاردەیەكی نوێ باسی كشانەوەی خۆم بكەم. لەسەردانێكدا بڕیاری خۆمدا هەر بەگەشتنم ئەو بابەتەی لەگەڵدا بكەمەوە. ئەو گوندەی بۆی دەچووم زۆر جاریتر لەوێدا چاومان بەیەكتری كەوتبوو. هەموو جارەكان لەژێر

دارێکدا لەنزیکی گوندەکە چاوەڕوانی دەکردم. لەناو گوندەکە خۆم دەرنەخستو نەمامەوە. بەرەو ژێر دارەکە هەنگاوەکانم هەڵهێنا ونزیکی بوومەوە ، پێش ئەوەی خۆی ببینم چەرەدوکەڵێکی خەستو چرو سپیم بینی لە ڕۆحیەوە دەهاتەدەرەوەو بەبالای درەختەکەدا بە لەنجەیەکی خاو بەناو چڵو گەڵاکاندا هەڵدەکشا. پاکەتە جگەرەکەی بە قوپاوی لە دەستابوو، بەرەو پێشەوە بەرووی مندا فڕێیدا. هاوارم لێکرد "خەمت نەبێت دوو پارچە سۆمەرم بۆ هێناویت". دڵنیابوو کە جگەرەم بۆ هێناوە، پەنجەکانی دەستی ڕاستی هێنایەوە یەکترو توند لە مستێکدا گوشینیو وەك هێمای سەرکەوتن ڕایوەشاندو گووتی: ڕۆحی ڕۆح. . . بەخوا تۆ خێری زینەی فریای هەموو کەس دەکەویت. لەناو خەندەیەکی پڕ لەموحیبەتدا کەله ڕۆحی خۆیم وەگرتبوو پێمگووت، خێری زینەی چیو فریاکەوتنی چی. . . خۆت بەباشی بەرنامەکان ڕێکدەخەیت، دەزانی کەی لەدوم دەنێریت.

دەڵێن ساتەکانی ئێستا زیندووە ڕابردوش مردوو. ئەی ئەو خۆزگە پڕ لەتاسە ڕۆحیانە چین هەندێك جار دەبن بە شیوەن بۆ ڕابردو؟وەك من" ئێستای زەمەن" سەد جار دەکەم بە قوربانی ڕابردو. ئەوە سادەیی زەمەنە لە ئەزەلەوە کەبێ ڕەنگە بێ بۆنە، بێ دەنگە. . . کە لەئەزەلەوە عەدەمە و بۆ بوونی بەئەقڵی ئێمە خۆی بارگاوی دەکات. زەمەن ئەو میکرۆبەیە لەسەر گرنگی بوونی ئێمە دەژی تاکو دوا جارگرەوی خۆی بەفەتا بوونی ئێمە دەباتەوە. ئێستا ئەو کاتە دۆڕاوەیە کە خۆزگە بە ڕابردوو دەبەین. ئەگەر ئێستا دۆڕاوبێت، ڕابردوش زەمانێك بوولە حاڵەتی ئێستابوو، ئەی خۆزگەو ئاواتەکانی ئێستا بۆ کام لەساتەکانی ڕابردوون؟ بۆ هیچ کام لەساتێکی ڕابردو نییە، بۆ خودی مرۆڤەکەیە کە زەمەنی بە ژێری خۆی بارگاوی کرد و ڕابردوشی بە زیندویی هێشتەوە. ئۆقیانوسی هێمنیش بۆ هەمیشە زیندووە.

ئۆقیانوسی هێمن ئەو پیاوە بەخشندەیەبوو زەمەنی بە خۆشەویستی خۆی بارگاویکرد، ئێستا ئاخو حەسرەت بۆ ئەو ڕۆژگارە هەڵدەکێشین کە هاوکات بوون لەگەڵ بونی ئەودا. هەمیشە لەگەڕانو هاتوچۆدابوو لەنێوان گوندەکاندا، بۆ ئاگاداری لە باروودۆخی ژیانی خەڵکەکەو ڕونکردنەوەو باسکردنی کۆڕانکاریە دەرەکییەکان کەپەیوەندیان بە ناوچەکەوە هەبێت. کات لەلای ئەو نرخی بەرز بووتەنها بەهەستکردن بە گرنگی کات خۆی،ئەوسا پێوانەدەکرا یاخود دەکرا. زۆر جار بێجوڵەو ورتە دەچووە ناو دنیای گومانو بیرکردنەوە. جارێك لە پاش ئەو حاڵەتە تایبەتییە کە تەنها هەردووکمان بووین گووتی، واهەستدەکەم ڕەوتی زەمەن یەك بینە نەبێت. بۆ بەردەوامی زەمەن، ئێستا ڕابردو وەردەگرێت بۆ داهاتو، داهاتو لەهەمان کاتدا بەکرداری خۆیشی هەڵدەستێت ، چونکە بەخێرای دەچێتە قۆناغی ئێستاوە. خێرایی لەم کردارە ئاڵوگۆڕەی هەرسێ زەمەنەکەدا بە جۆرێکە کە ئەقڵی مرۆڤ

توانای لێکدانەوەو پێڕاگەشتنی نەبێت. هەر ئەو جوڵە هەستپێنەکراوەیە هەر سێ زەمەن هەمیشە لە حاڵی یەکتریدان کە نە ژێری مرۆڤ دەرك بە نێوانی ساتەکان دەکات ، نە ساتەکان خۆیان تەسلیمی مردن دەکەن. ئەمانە کاتی بنچینەیین، بەئامرازەکانی پێوانەی ژێری ئێمە ناپێورێن، چونکە خۆیان لەکات بالاترن، کاتی بنچینەین. گووتم : هیچ حاڵی نەبووم. . . چیت گووتو مانای چی بوو؟ گووتی: بەنمونەیەك بۆت ڕوندەکەمەوە کە چیم گووت، بەڵام مەبەستم بوو کەکات بکرم بە بیرکردنەوە لەخودی خۆی. ماوەیەك بێدەنگ بوو، دواترگووتی با نمونەیەکی ئاسانتر بڵێین: ئێمە هەموو درێژییەك یاخود بالایەك بە ئامرازی مەتر دەپێوین، بەڵام ناکرێت مەتر بە ئامرازی خودی مەتر خۆی بپێوین، چونکە خۆیئامرازی پێوانەیە. مەتری یەکەم بالایە ، مەتری بنچینەییە. نێوان ساتەکانیش بۆشاییە بنچینەیەکانن کەخاڵی نیین لەزەمەن ، چونکە زەمەن لەوێدا خۆی دووبارە دەکاتەوە بۆ بەردەوام بوونی خۆی. ئەگەر یەك بینە بێت هەر سێ حاڵەتی( ڕابردو، ئێستا، داهاتو)دروست نابێت. یاخود لەچ ساتێکدا تەسلیمی یەکتری دەبن؟

ئۆقیانوسی هێمن مەیلێکی تایبەتی بۆ ژمارەی سێ هەبوو. گووتم بۆ هێندە بەو ژمارەیە سەرسامی؟ گووتی من بەو دیاردە سروشتیانە سەرسامم لە کۆی ژمارە سێدا خۆیان خوڵقاندووەو بنەماکانی ژیانیان لەسەربەندە. ئەو هەوڵیدەدا پەروەردەکردنی ئەندامەکانی شۆڕشو گەشەکردنی خودی شۆڕشیش لەسەر سێ بنەمای فکری بەسێ قۆناغدا پیادە بکات. لە سەردانێکمدا بۆ لای لە میانەی گفتوگۆیەکدا سەرەتای بیرۆکەیەکی لەو جۆرەی ئاشکراکرد. من بەهۆی مردنی باوکمەوە ئەو هەڵەم قۆستەوە باسی کشانەوەی خۆمی بۆ بکەم، ئەو باسو خواستی منی بەلایەکیتردا برد. پرۆسەی ژیانو مردنی گەڕاندەوە بۆ کاتە بنچینەییەکان. ئەو ساتە وردیلەییانەی بنچینەی گەردونو هەموو بنچینە گرنگەکانی گەردون پێکدەهێنن کە بەرهەمی هەر سێ هەسارە بنچینەیەکەیە وەك (خۆر و زەویو مانگ)کە (ساڵو مانگو ڕۆژ) بەرهەمدەێنن. بەسەرسامیەوە گوتم: حاڵینەبووم. . . ڕونتر بابەتەکەم تێبگەیەنە! بە زمانێکی ئاسای پێی گوتم: ئەمە سەرەتای باسەکەیە ، ئەگەر لەئێستاوە توانای تێگەیشتنت نەبێت، هەر ئەوەندە بەسە کە جارێ پێتبڵێم، ژیان بۆ بەردەوامبوونی پەیوەستە بە پرۆسەیەکی بنچینەیی کە لە کۆی ژمارە سێدا ئەخولێتەوە، وەك( باوكو خودو منداڵ). ئەم سێ توخمە بنچینەییە وەك ساتە بنچینەییەکانی(ڕابردو، ئێستا، داهاتو) هەمیشە لە قۆناغی یەکتریدان بۆ بەردەوامبوونی خۆیان. بنەما بنچینەییەکانی گەردون لە هەموو بوارو دیاردەیەکی سروشتیدا لە سێ پێکهاتەی سەرەکی دەستکردی سروشت دروست بوون. بەردەوامی مرۆڤیش دیاردەیەکی سروشتییە لە پرۆسەیەکی هاوکاری پێکهاتەیەکی سێی کە خود پەیوەستییەکی ڕاستەو خۆی بە

ڕابردو و داهاتوی خۆیەوە هەیە. خود هەمیشە لەنێوانی ڕابردوی خۆیو داهاتوی خۆیدایە کە پشتو نەوەیە، مانای (باوك، خود، مندالّ). ئەم پرۆسەیەشیەك بینە نییە!وەك سیستەمی "زەمەن" نێوان لەهەرسێحالّەتەکەداهەیە، ڕابردو، ئێستا، داهاتو.

نێوان پرۆسەی کرداری بەردەوام بوونی خود یاخود مرۆڤ، لە ئالّوگۆڕو بەرەو پێشەوە چوونی پرۆسەکەدا بۆشاییەکان زۆر فراوانترن کەبەئاسانی بەهۆی هەستەکانەوە دەرك بەڕاستیان دەکرێت. ئەم بۆشاییەی نێوانیان ئەگەر یەك بینە بێت پرۆسەی بەردەوام بوونی مرۆڤ یاخود "خود" پەکدەخات. بەلاّم خۆشبەختانە ئەو دەمەی خود ئەرکی خۆی تەواو دەکات هەر هەمان سات لە وردیلەترین سەرەتاکانی ساتێکداکە ئیتربۆشایی لەنێوان خودو نەوەدا نییە، نەوە ئەرکی پرۆسەی بەردەوام بوون لەئەستۆ دەگرێتو هەموو بۆشاییەکەی پێشوی نێوانیان ئەسرێتەوە لە بونی خودی خۆیدا، بەجۆرێك کە ژیری هەستی پێناکات . ئۆقیانوسی هێمن ئەو ڕۆژە بەشێوەیەکی جیاوازتر دەدوا، تاکو ئێوارەیەکی درەنگ بەدەم جگەرە کێشانەوە قسەی بۆ دەکردم. هەموو جارێك خواردنیشم لەگەلّ خۆمدا دەهێنا، هەر لەوێشدا نانمان خوارد. لەدەمی ئێوارەدا بەزەردەخنەیەکی مانا ئامێزەوە گووتی:زینەگیان هەستە با بڕۆین بۆ ناو ئاوایی. ئێستا درەنگەو کەس بەدەرەوە نییە. کاك جەمالیش ڕەنگە گەشتبێت. بەبیستنی ناوی کاك جەمال زۆر سەرسام بووم، بینینی ئەو بۆ من زۆر گرنگ بوو ، لەمێژبوو دەبوایە چاوم پێی بکەوتایە، ئێستا هاتوتە بەر دەمم، دیارە بە ختم باشی هێناوە . ئەگەر ئەم ڕێکەوتە دروست نەبوایە دە بوایە سەردانی تایبەتیم بکردایە ئیتر خوا دەیزانی لە چ گوندێك دەمدۆزییەوە. بەسەرسامیەوە پێمگووت بۆچی زووتر پێتنەگووتم؟ یادیان بەخێر . . . پێی گووتم"چۆن قسەدەکەم، دەزانم چاوتان بەیەکتری بکەوێت منتان بیر دەچێتەوە، لەدوای ئەوەش خۆم کارم پێتبوو، دەبێت کارەکانی خۆم تەوابێت، ڕەنگە ئەویش تازەگەشتبێت.

یەکەم کەس لە ناو شاردا کەپەیوەندی پێوەکردم کاك جەمال بوو. پێشتریش یەکتریمان دەناسی، لەیەك قوتابخانەبووین، ماوەیەکیش لە تیپێکدا یاری تۆپی پێمان دەکرد. من هەر زوو وازم لە هەردووکیان هێنا، لە قوتابخانەو لەتیپەکەش. ڕووم لە ئیشکردن کرد، بووم بە هاوڕێی چەکوشو دەزگا. بە هۆی سەرقالّبونم بە ئیشکردنەوە، وردەوردە لە کۆلاّنو لە هاوڕێکانم دووردەکەوتمەوە. لە جاران کەمتر دەمبینین، کاك جەمالیشم دەمێك بوو نەدیبوو. ڕۆژێکی هەینی نزیك دەمی نیوەڕۆ بۆ مالّەوە دەگەڕامەوە، لەسەر گۆشەی کۆلانەکە وەك خۆی بۆمن نابێتەوە، ڕاوەستابوو چاوەڕوانی دەکردم. کەنزیکی بوومەوە بەگەرمی سلاّوی لێکردمو بە "کاوە"ناوی بردم. بۆمن جێگای سەر سوڕمان بوو، لەدلّی خۆمدا گووتم ، تۆ بلّێی نەمناسێتەوە.

لەدوای هەڵوێستەیەكی كەم كە چاوم لەناو چاوی بڕیبوو، هەستم بە نهێنییەككرد. بەخەندەیەكی گومان ئامێزەوە پێمگووت، لەوە دەچێت نەمناسیتەوە؟ ئەمجارە دۆستانەتر گووتی:بەم نیوەڕۆیە لەچاوەڕوانی تۆدا لێرەدا ڕاوەستاوم، تۆ بڵێی هەروا زوولەیادمدا نەمابیتو نەتناسمەوە. . . زۆر باشت دەناسمەوە هاوڕێ گیان. گووتم ئەی بۆچی بە كاوە ناوم دەهێنیت؟

گووتی:هەر هاوڕێیەكی من ئاسنگەر بێت بە" كاوە" بانگی دەكەم.

بۆ یەكەم جار جەمال بوو ناوی "كاوە"ی لێنام. دواتریش لە عەشقم بۆ ئیشەكەم، پێیاگووتم(وەستاكاوەی چەكوش پەرست). لەو ڕۆژەوە ناوەڕەسەنەكەی خۆم لەبیر هەموو كەسێك چووەوە. وشەكانی جەمال لەسەرەتادا ئاسایی بوون، دواتر بۆنی ڕەوایی بابەتێكی زۆر ترسناكو زەروریان لێوە دەهات. ئەوەدەمە زۆر بەنهێنی پرۆسەی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی نەتەوەی بەگوێی خەڵكداد دەدرا. من زوو لەمەبەستی تێگەیشتم. چەندە وشەكانی لەگەڵ ئاوازەكانی دەرونو ناخمدا بۆ چڕینی سرودی ئازادی گونجابوون، بەڵام هیچ بەڵێنێكیشم پێنەدا. دەمێك بوو هەستم بەبۆ شاییەك دەكرد لەژیانمدا، ئەو بۆشاییەم دۆزیەوە، پێویست بوو بەوردیش بیر لە پڕكردنەوەی بكرێت، هەرچەندە جەمال بە دڵنیاییەوە باسی لە پاراستنی كارەكان كرد بەلەبەرچاوگرتنی داڕشتنی بەرنامەی گونجاو. منو جەمال وەك جاران بووینەوە بەهاوڕێ، بەڵام لە سەر ڕێگایەكی تر. لەسەرەتادا پەیوەندیمان هەر دوو بەدوو بوو، ئیشوكاری ئەو سەردەمەی ناو شاربەو شێوەیە پەیڕەو دەكرا. پاش ماوەیەك وا پێویستی كرد بە خەڵكی ترم بناسێنێت، بە هاوڕێیەكیتری ناساندم كە ناوی عەزیز بوو. لە بڕیارێكی چاوەڕوان نەكراودا جەمال شاری بەجێهێشتو ڕووی كردەگوندەكان .

بەڕوخساریەوە نائارامیو شپرزەیی پێوە دیار بوو. بورای مانەوەی ئەوەندە نەبوو لەسەرخۆ چیرۆكی خۆیم بۆ بگێڕێتەوە، بە چەند وشەیەك ڕستەیەكی شێواوی دروستكرد، من حاڵیبووم بە هۆی ڕوداوێكەوە دەبێت شار بەجێبهێڵێت. بە پەلە ئەوەشی پێگووتم كە زۆر گرنگە بچم بۆماڵی عەزیز، برادەرێك لەماڵیانە دەبێت چاوم پێیبكەوێت. ئیتر لەبەر شڵەژاوی پێڕانەگەیشت ناوی ئەو برادەرەی ماڵی عەزیزم پێبڵێت . ڕۆشتو ماڵئاوای ئێجگاری لێكردم. منیشی بەخۆیەوە شپرزەكرد، بیرم نەبوو هەواڵی عەزیزیش بپرسم لەكوێیەو بۆچی نەهات بۆماڵی خۆیانم بەرێت و چاوم بەو برادەرە بكەوێت. من ماڵی عەزیزم دەزانی، بەڵام حەزمدەكرد لەگەڵ خۆیدا بچم بۆ ماڵیان. ئەو ڕۆژە لە هیچ شوێنێك نەمدۆزیەوە، نە مزانی سەفەرێكی كورتی كردووە. ناچاربۆ ماڵەوەیان خۆم بەتەنیا چووم، كە چوومە ژورەوە گوێی لەگۆرانی ئەلومن ئای دەگرت. دەنگی تەجیلەكەی بڕیو بەخێرهاتنی كردم. تاوێك یەكیتریمان

لەئامێز گرت و بەناوە تازەکەی خۆمەوە بانگی کردم"وەستا کاوە". دیار بوو لەچوونی من ئاگادار بوو. هەرچەندە یەکەم چاو پێکەوتنمان بوو، بەڵام زۆر بابەتی گرنگ پەیوەست بەبارودۆخی ئەو ڕۆژگارەمان تاووتوێ کرد. داوای لێبووردنم کرد ئەگەر لە سەردانەکەم دواکەوتبێتم. حاڵەتی نائاسای جەمالیشم بۆ باسکرد. ئەو خۆی لە حاڵی جەمال باش ئاگاداربوو، گرنگی ڕۆشتنی ئەویشی بۆناو گوندەکان بۆ ڕوونکردمەوە.

هەر ئەو ڕۆژە ئێوارەکەی کاك عەزیزم بینی، دڵنیابووم کەزانیویەتی لەماڵی خۆیان بووم و سەردانی ئەو برادەرەی ماڵیانم کردووە. بە گلەییەوە پێمگووت، نەمزای خەڵکی ئێرە نییە، ئێوەش کەستان قسەتان نەکرد. عەزیز گووتی: بەرنامەکانمان بەهۆی ڕوداوێکەوە پێش وەختی خۆیان کەوتن کە ژیانی جەمالی خستە مەترسییەوە، هەر ئەوەندە بواری بۆ هەڵکەوتبوو کە خۆت بینیبووت. منیش لێرە نەبووم . بابەتێکی ئەوەندە گرنگیش نییە خەڵکی کام شاری ئەم هەرێمە بین. گووتم ، بەڵام ناویشیم نەزانی. پێیگووتم ، ناوی (مامۆستا شادمانە).

منو مامۆستا شادمان بووین بە دووهاوڕێی نزیك و خۆشەویست بە هۆی کارو چاڵاکی شۆڕشەوە، بەڵام هەمیشە بۆچوونەکانمان جیاواز بوو سەبارەت بە خودی چەمکی جیاوازی. باوەری بە لایەنە ئەرێنەکانی ئەو چەمکەنەبوو، دوا جار دەگەڕاینەوە سەر ڕێگای‌هەمان تەوەرو گفتوگۆ کە هەردووکمان ڕێبواری بووین. لە هەموو قۆناغەکاندا هاوڕێ بووین، بەڵام جیاوازی بیرو بۆچوونمان وردەوردە پەرەیدەسەند ، هەر یەکەیان بە ڕێگای خۆیدا دەڕۆشت ، تاکو ئەو ڕۆژەی باڵندەکان یاخیبوونو هەڵهاتن و منیش بەناچاری بەرەو چیا هەزار بە هەزارەکان کەوتمە ڕێگا.

جەمال زووشاری بەجێهێشت، خەباتی خۆی لەچیاکان دەستپێکرد، خەباتێکی پڕ لەسەروەری. پەیوەندیمان گەرمو گوڕبوو، هەمیشە ئاگاداری یەکتری بووین. ئارەزووم بووجارێك سەردانی بکەم. ئەو سەردەمە من زۆر سەرقاڵ بووم، ئەویش هەر ڕۆژەی لە گوندێك بوو. کوڕێکی چالاكو گورجو گۆڵ بوو، لەناو خەڵکدا زوو ناسرا، نازناوی "جەمال نەسرەوت"یان لێنا. لەمێژبوو دەمویست بیبینم، بواری سەردانیم بۆ هەڵنەدەکەوت. ماوەیەکی زۆر لەگەڵ ئۆقیانوسی هێمندا پێکەوەبووین و گفتوگۆمان دەکرد. لەدەمی ئێوارەدا پێیگووتم جەمال نەسرەوت لێرەیە! بۆمن مژدەیەکی خۆشو گرنگ بوو. چووین بۆ ناو ئاوایی، لەو ماڵە میوان بووین کە جەمال نەسرەوتی لێبوو ئاگادار نەبوو کەمن لەو گوندەم، لەناکاو بە بینینیم سەرسام بوو. بەخێرای هەستایە سەر پێو توند باوەشی پیاکردم و گووتی:وەستا کاوە گیان ئەوە تۆی لێرە یان خەو دەبینم. دەستەکانی لەملی من بەرداو باوەشی بە ئۆقیانوسی

هێمنیشداکرد و بە مانایەکی ڕەخنە ئامێز گووتی: وەستا کاوە کەی هات بۆ ئێرە؟ ئۆقیانوسی هێمن بەدەم پێکەنینەوە شانی هەڵتەکاند، مانای نازانم. ئەو شەوە تاکو درەنگ هەرسێکمان پێکەوە بووین، لەمیانەی گفتوگۆگاندا جەمال نەسرەوت ئەوەی درکاند کەمن دەمەوێت لەچالاکی سیاسی دەست هەڵبگرم. سەرنجێکی نیگەرانی خستەسەرم کە پڕبوو لە وشەی بیدەنگو بەرۆح تێدەگەیشتم. بە جەمالم گووت"لەبەختی من لێرەیت". حەزمنەکرد وازهێنانی من ببێت بە باسی ئەم شەومان، ویستم ئەو بابەتەیان لەبیر بەرمەوە. ئۆقیانوسی هێمن لێم حاڵیبوو کە نامەوێت لەو بارەیەوە جارێ هیچ بڵێم، جەمالیش وەڵامی دامەوەو گووتی:مەبەستت نامەکەیە کە لەبەختی تۆ لێرەم؟ هەر ئەوەندەم گووت"بەڵێ". ئۆقیانوسی هێمن لەجێگای خۆی نەجوڵاو گووتی:کەواتە من بەجێتانبهێڵم. . . . کەسمان قبوڵمان نەکرد، دەبوایە ئەو هەر لەوێبوایە، مامۆستای گەورەی هەمووومان بوو. ئەوشەوە منو جەمال دوو بەدوو دەربارەی ناوەڕۆکی نامەکە قسەی زۆرمان کرد، کێشەوگرفتەکانمان شیکردەوەوە. ئەو کەسەی لەنامەکەدا جەمال باسی کردبوو، پێشتر هەردووکمان گومانمان لە هەڵسوکەوتو کەسایەتی هەبوو، لەبری لێپرسینەوە گەورە کرابوو، ئەرکی گرنگیان پێسپاردبوو لەوانەبوو زۆر بەرنامەی گرنگو نهێنی ئاشکرابکاتو هەڵوەشێنێتەوە. من نەدەکرا بێدەنگبم ، هەر ئەوەندەش دەمتوانی بەدەنگبێم کە لەچالاکیو ئیشوکاری ناو شار بکشێمەوە. ئۆقیانوسی هێمن لە گۆشەیەکی ژوورەکەدا سەرقاڵی نوسین بوو، جانازانم چەند ئاگاداری ئێمەبوو. ئەو شەوە جەمال بەدوای کاری خۆی کەوتو ئێمەی بەجێهێشت. من ماندو بووم، ڕومکردە ئۆقیانوسی هێمنو پێگووت، خەریکی چیت، ناتەوێت ئەمشەو بخەویت؟ قەڵەمو دەفتەرەکەی داناو گووتی:سەرقاڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی داهاتووم لە ئێستادا . دەمەوێت بەرنامەیەکی تۆکمە دابڕێژم بۆ پەروەردەکردنی هەموو ئەندامەکانی شۆڕش، تۆ لەبری ئەوەی وازبهێنیت ، دەبێت ئەندامێکی چالاکتربیت. ئەوەی دەرك بە کێشەو گرفتو کەمو کوڕی دەکات، جگە لەوەی مافی خۆیەتی بەدەنگ بێت، ئەرکی سەرشانیشیەتی هەوڵی چارەسەرکردنی بدات. خاوەن کێشە نابێت ڕابکات، دەبێت بە پەرۆشترو چالاکتربێت. ئۆقیانوسی هێمن بە گرنگی ناوەڕۆکی بەرنامەکەی دڵخۆشیکردم و لەسەر کەڵکەڵەی کشانەوەم لە کاروچالاکی دووری خستمەوە. ئەمشەو وەك خۆی بۆ من نابێتەوە لێنەگەڕا ڕاکشێمو پشوبدەم، بە ماندویی هێشتمیەوە تاکو ڕازیکردم. لەناو بیرەوەریەکاندا چووەخانەی روداوو یادە لەیەك چووەکان، وەك ئەو ڕۆژەم دەهاتە بەرچاوم کە جەمال نەسرەوت لەسەری کۆڵانەکەدا چاوەڕوانی دەکردم. لەسەرەتادا بینینی جەمال بۆ من ئاسای بوو، دوای قسەکردن زانیم بەتەنها بۆ

بینینـی مـن ڕاوەسـتاوە. پێمگـووت ، چـۆن منـت هـەڵبژارد؟ گـووتی: بـۆ کـارێکی بـە م جۆرە تۆم بەگونجاو زانی. . . ئەی کاوەی ئاسنگەر..!

ئـەندامێکی چـالاكو دڵسـۆزو بـە پـەرۆشـبووم بـۆ کـارەکـەم. هـەمیشـە بـە توانایـەکـی بــەهێـزەوە دەسـوڕامەوە بــەدەوری کرۆکــی ئامانجــەکانمــان کــە ببــوو بــە تــەوەری کارکردنمـان . ئـەو کاتـەش لییـان کشـامەوە، ویـژدانمو هـەمـوو بنـەماکـانی کـە بـوونی مـرۆڤ بـوونی لـەسـەر بـەنـدە، هانـدەرم بـوون خافـڵ نـەبـم کـە بـەنـدی پێکـەوەبـەسـتنی مرۆڤەکان نە پچڕێنم. ناڕاستەوخۆ یارمـەتـی زۆرم دەدان، ئاگـاداری دەنگوباسیشـیان بووم. کابرای ڕۆژنامەنوس بە هەندێك زانیـاری سـەرسـام بـوو. . . گـووتی: چـەنـدت لێتێگـەشـتبووم تـۆ زیـاتر دەزانیـت. ئـەگـەر یارمـەتیم بدەیـت ، ئـەم چاوپێکـەوتنـە درێـژ بکەینەوە بۆ چەند زنجیرەیەك چاوپێکەوتن لەچوار چێوەی پرسیارو وەڵامـدا، هـەمـوو بەشێکیش لەژمارەیەکی ڕۆژنامەکەدا بڵاودەکەینەوە.

یەکەم بەشـی گفتوگۆکامان بڵاوبـووەوە، بـۆ ڕۆژی دواتـر دوو کـوڕ هـاتن بـۆ دوکـان، نامەیەکی بەڕێوەبەرایەتی ئیشو کاری ئـەندامـە دێرینـەکانیـان پێبـوو، بـە خۆشـحاڵیەوە داوایان لێکردبووم سەردانیان بکەم. زوو تێگەشتم مـەسـەلـە چییـە، بـۆ هێورکردنـەوەم بوو، هەرچەندە هیچ توڕەبوونو هەڵچونێکم نەنواندبوو، تەنها بیرەوەریو ڕوداوەکانم وەك خۆی گێڕابوونـەوە.

ئەو بەرنامەیەی کە ئۆقیانوسی هێمن بۆی باسکردم، پێشتریش باسی قوتابخانەیەکـی هاوشێوەی بەرنامەکەی بۆکردم ئە و ماوەیەی لەماڵی خۆمان بوو، پێش ئـەوەی شـار بــەجێبهێڵێــتو بــەرەو گونــدەکــان بــڕوات. بــەڵام ئــەوەنــدە نــەمایــەوە کــەجــارێکیتر بچیتــەوەســەر ئــەو باســەو بــەوردی بــۆم شــیبکاتەوە. شــەوێــك لــەمیانــەی گفتوگــۆدا گــووتی:دامــەزرانــدنی قوتابخانــەیــەکــی پــەروەردە بــۆ ئــەنــدامان پێویســتییەکــی بەڵگەنەویستەکە لە داهاتودا هۆکارو ئەنجامەکانی بەبوونو نەبوونی لەئێستاداو باشو خراپیشی لەداهاتوودا دەردەکەون. ئـەو بابـەتـەم زۆر بـەگرنـگ نـەگـرت، پێم وانـەبـوو ئەوەی لەزاری کەسێکی سەرکردەوە یاخود ئەو کەسەی کەپێی سەرسـامیت لـەهـەمـوو حاڵەتێکدا ڕاستبێتو پێت قبوڵبێت، وەك پێچەوانـەکـەی، مـەرج نییـە گـەوجو گێلـەکـان هەمیشە لەحاڵەتی گەمژەییدابن، جار بەجارێك وشـەیـەکـی جـوان، ڕسـتەیـەکـی بـەنـرخ ئەدرکێنن. ئەو سەردەمە زۆر بە پەرۆش بووم، گەرمو گوڕبووم بۆ ئەو ئەرکانـەی لـە ئامێزی مندا گەرمیان دەبووەوە. ئەركو فەرمانەکانی ئوقیانوسی هێمن لەسـەر شـانمان بـارێکی قـورس نـەبـوو. هـەرچـەنـدە خۆمـان بـەپـەرۆش بـووین لـەبـەرامبـەر ئـەرکـە نەتەوەییو نیشتیمانییەکـان، فـەرمـانـەکـانی ئـەویش ئـەوەنـدە جێگـای شـانازی بـوون کـە هەستمان بە لەش سوکیو چستو چالاکی دەکرد. ڕۆشتنی ئـەو بـۆ گونـدەکـان ئـەرکـی منـی لـەنـاو شـاردا زیـاتر دەکـرد، بـە خۆشـحاڵییەوە پرسـیارم لێکـرد"لـەدوای تـۆ چ

بەرنامەیەك دابڕێژین تاكو بتوانین زۆرینەی خەڵك بەلای خۆماندا پەلكێش بكەین؟ گووتی، هەمیشە دەبێت لەبیركردنەوەدابین بۆ دارشتنی بەرنامەی باشو گونجاو لە ئێستاو داهاتودا دەرئەنجامی باشیان هەبێت، ئەویش بەپەروەردەكردنی خۆمان بەدیدێت، ئیتر ئەوە ئەركی خەڵكە هەست بە لێپرسراوی خۆیان لەئەندام بوونیاندا ببیننەوە. ئەندامی زۆر گرنگ نییە، گرنگ ئێمەی كەئەندامینو نوێنەرەی خەڵكین تاكو چ ئاستێك توانیومانە بە پەرۆشەوە گوێمان لێبگرنو خاوەن هەڵوێستبن. هەموو میللەت ناتوانن ببن بە ئەندام، چونكە قەوارەی میللەتێك لەناو شۆرشێكدا جێگای نابێتەوە، بەڵام هەڵوێستی شۆڕشگێرانەو نیشتیمان پەروەری قەبارەی چەندە گەورەیە، لەناخی هەموو تاكێكدا جێگای دەبێتەوە، لەبەرئەوەیە میللەتێك بەر لەوەی پێویستی بە ئەندام بوونی هەموو تاكەكانی هەبێت، پێویستی بە مامۆستاو دارتاشو دكتۆرو كرێكارهەیە، ئەمەش بەو مانایە نایەت بەهاكانی تاكی ئەندام كەمبێت، بە پێچەوانەوە ، كەسێكی ئەندام گەورەترە بەو پێوانەیەی ئەركی سەرشانی قورسترو پیرۆزترە چونكە ئیش بۆ ئایندە دەكات. لێرەوەیە هەموو ئایندەیەك پەیوەستە بە ئێستاوە، كەواتە ئێستا ئێمە پێویستیمان بە بەرنامەیەكی پەروەردەیی هەیە بۆ ئەندامەكانمان بە تێكرایی هەمووومان لە پێناوی ئایندەیەكی گەشدا.

ئەو سەردەمەی ئۆقیانوسی هێمن باسی ئەو قوتابخانەیەی بۆ دەكردم، گومانم لە بۆچونەكانی هەبوو، تێگەیشتنم بۆ بابەتەكە هەرئەوەندە بری دەكرد. گووتم پرۆژەیەكی نەشیاوە ئێمەی لێوان لێو لە هەستی بەر پرسیاریەتی بەرامبەر بە ئێستاو ئایندەی چارەنوسمان كە ئاشكرایە شەر لەگەڵ مەرگی خۆماندا دەكەین، تازە بەتازە بخرێینە بەر قۆتابخانەیەكی پەروەردەیی. ئۆقیانوسی هێمن بە هیچ دیمەنێك سەرسام نەدەبوو، لەسەر خۆ گووتی:پێتوانەبێت كاری پەروەردەیی نەشیاوبێت، یاخود نەفسێتی ئێمە لەئاستی ئەودا نەبێت. . . مرۆڤ هەمیشە پێویستە خۆی پەروەردە بكات. پەروەردەكردن لە ڕوانگەی تێگەیشتنی ژیری خۆت، زۆر شیاوترە لەوەی كە ڕاپێچی بەردەم پەروەردەكردنت بكەن. هەرچەندە پەروەردەكردن لەهەردوو حاڵەتەكەدا گرنگی خۆی هەیە. ئەو پەروەردەكردنەی من قسەی لەسەر دەكەم جیاوازە لەوەی تۆ لێیتێگەشتویت. ئەوەشبۆمن گرفتە كە ڕەنگە زۆر كەسانیتریش بە پێچەوانەوە حاڵیبن. ئێمە هەموومان ئەندامی بیرو بۆچوونو هیواو ئامانجێكین، واتای وایە كەسێكین، كەواتە زۆر ئاساییە بەژیری خۆمان باشترخۆمان پەروەردەبكەین. من لەدڵسۆزی هەموو ئەندامێك دڵیانم، ئاگادارم چەندە بە پەرۆشەوە بەناو ئاگردا تێدەپەڕن بۆ ڕاپەڕندنی كارەكانتان، بەڵام لەو غەریزە تۆقێنەرە گۆشەگیرەی ناخی شۆڕشگێر ئەترسم كە لەداهاتودا ڕوخساری ئەم ڕۆژگارە پیرۆزانە بە ڕەنگی خۆی بارگاوی دەكاتو سیمای دیكتاتۆرێك قووت دەكاتەوە. لەپاش ڕۆشتنی ئۆقیانوسی

هێمن ئەرکو چالاکی من لە هەموو بارەیەکەوە سەخت بوو، بەڵام پەرۆشیو دڵسۆزیم بۆ ژیانی کارکردنم لە هەردوو بواردا، قورسی ئەرکەکانی خستبووە سەرشانی خۆی.
سەرباری ئیشوکاری دوکان، ئەرکی ڕێکخستنو پەیوەندییەکانی ناو شارو دەریشەوەم لەسەرشان بوو. کارەکانی دوکانم بەشێکی زۆری لە وەختم گرتبوو، بەبێ ئیشوکاری دوکانیش هەموو کارێکیتر ڕادەوەستا، ڕەنگە ترپەی دڵیشم ڕابوەستایە چونکە ڕۆحم بە زرمەی چەکوشو دەزگا بەندبوو. پەیوەندییەکی ڕۆحیو ئەفسوناوی لەنێوان منو کارەکەمدا هەبوو بەتایبەتی لەگەڵ چەکوشودەزگا. ئەو دەنگەی لەگەروی چەکوشو سنگی دەزگاوە دەهاتنە دەرەوە، هاوتای ئە و ترپەیەی دڵم بوو کە ڕۆحو جەستەمی بەیەکەوە گرێدابوو. هەر لەسەرەتای ئیشکردنمەوە عەشقێکی نهێنی لە نێوانماندا دروست بوو، بۆیە من بە پەیوەندی ئەفسوناوی ناوم دەبرد، هەر بەو جۆرەش مایەوە تاکو ئەوکاتەی ئۆقیانوسی هێمن زرمەو دەنگی چەکوشو دەزگای بە نۆتە لەسەر ڕۆحو دەرونو ویژدانم نوسییەوە. تا ئەو کاتەش نەمدەزانی چەکوشو دەزگا یەکتری ماچ دەکەنو پەیامی خۆشەوستی دەدرکێنن.
دیمەنەڕەنگاو ڕەنگەکان لە هەم ئاهەنگی ڕەنگەکانەوە بەر جەستە دەبێت، ئەو سەردەمەی کەڕۆحو جەستەم نوقمی ماندوبوون ببوونو هەستم پێنەدەکرد، هەڵوێستی وەستام بوو گڕو تینی بەناخم دەدا لە ئیشو کاری دوکانو ڕێکخستنەکان بەردەوامبم . پیاوێکی میهرەبانو خۆشەویشت بوو، بیرکردنەوەو ڕەفتاری زۆر مەعقول بوو. گوێی بەوە نەدەدا من چەند دوکان بەجێبهێڵم، دەیزانی ئەو کاتانە بۆ کوێ دەچمو مەیلم بەلای چیدا هەیە. کاتی پشودانی نیوەڕۆ بەدەم شەپۆلەکانی خەیاڵەوە وردە وردە وبە ئەسپای لیوی چەکوشو دەزگاکەم بۆ ماچ لە یەکتری دەوروژاند. زرمەی ماچی لێویان ئەو ئاوازەبوو کە ڕۆحی ئاسودە دەکردم. وەستاکەم پیاوێکی ژیر بوو، لەگەڵ ڕۆحمدا ئاوێتە بوو. زوو لەناخی من تێدەگەیشت. دەیگووت"خەیاڵ بۆکوێی بردوویت؟ هەستە بڕۆ شوێنی بکەوە .
لەدوای بڵاوبوونەوەی یەکە م بەشی چاوپێکەوتنی منو ڕۆژنامە نوسەکە، نامەی دەزگای ئەندامە دێرینەکانم بەدەست گەیشت کەسەردانیان بکەم. خۆم و نامەکەم چووین بۆ دەزگاگە. لە ژورێکدا دوو کوڕ دانیشتبوون، خۆم پێناساندن کە بە نامەیەك داواتان کردوم لێرە ئامادەبم. زوو لە مە بەستی نامەکە گەیشتن. دەفتەرێکی گەورەیان پەڕە بە پەڕە هەڵدایەوە، بەوردی چاویان بە ناوەکاندا دەگێڕا، هەر لاپەڕەیەك چەندە ها ناوی تیا نوسرابوو. واپێدەچوو ناوی دۆستو دوژمنی تێدا بێت، هەر لەدوای برادەرە شەهیدەکانی خولە پیزەو پۆلیسەکانەوە تاکو ئەم سەردەمە تێکەڵاوەی ئێستا. ئەو دیموکراتییەم بەبیر هاتەوە کەبانگێشەیان بۆ دەکرد. هەموو کەسایەتیەجیاوازە کان

لەو دەفتەرە دا وەك برا پێكەوە دەژیان. پەرە پەرە بەردەوام بوون، لەدوالاپەرە دواین ناو ، ناوی من بوو. بە كۆمەڵێك وشەی بریقەداری قەرزكراو وەسفیان كردم . بەناوی دەزگاكەوە داوای لێبوردنیان لێكردم كە تاكو ئێستا لەیارمەرتی شۆڕش بێبەشبووم. بڕیاری بڕینەوەی موچەی مانگانەیان پێ ڕاگەیاندم.

من لە هەموو ڕاستیەكان تێگەیشتم، لەگەڵ ئەوەشدا ڕامابووم كە هەردووكیان هەستیان كرد. ماوەیەكی كورت بێدەنگ بووین، وا چاوەڕوانبوون بە سوپاسەوە بڕیارەكەیان پەسەند بكەم. ویستم دان بەخۆمدا بگرم بەرامبەر بەو دووكوڕە موچە خۆرە ڕازو گلەیی نەدركێنم، بەڵام نەمتوانی تاكو ڕادەی گێلی بێدەنگبم. پێمگووتن: من مووچەی ئێوەم ناوێت، بیدەن بەو كەسانەی شۆڕشیان بۆخۆیان كرد، بیدەن بەو كەسانەی بەر چاویان تێرنابێتو ئێوەیان بۆ ئەم كارە ڕاسپاردووە، بیدەن بە فڵانو بەفڵانو بە . . .

دوو سەردەمی جیاواز هەمیشە لەشەڕی دژ بەیەكرتدا خۆیان دووبارەدەكەنەوە كە لەسەر تەمەنی یەكتری دەژین. سەرەتای جوڵانەوەی هەستی نەتەوایەتی بوو لە ڕۆحی شۆڕشێكدا، هەڵوێستو بیرو باوەڕی خەڵك بە هایەكی پیرۆزی هەبوو كە بەهیچ نرخێك نەدەكڕدرا، بەڵام ئێستا چ پارەیەك قەڵبە نرخی لە مە بدەئی هەندێك كەس بەرزترە. نازانم بۆچی دەبێت وابێت هەموو شۆڕشێك ڕاپەڕینێك لەدژی خۆی بخوڵقێنێت. ئەو كەسانەی هۆكارن بۆ سەرهەڵدانی نەهامەتیەكان، ڕۆژگارێك بوو ڕۆحی ئەوانیش چڵێك بوو لەو چەپكە گڕانەی بەردەوام دەسوتان بۆ وەگەڕخستنی ئەو شەمەندەفەرە سپییەی بەرەو ئاسۆ ڕێیدەكرد، كەواتە تەنها ئەوە گرنگ نییە چۆن لە ئاسۆی ڕوون بڕوانین، لەوە گرنگتر لەئاسۆی ڕووندا چۆن بیربكەینەوە تاكو ڕەشو تاریكی نەكەین. ئۆقیانوسی هێمن ئەو سەردەمە خەمی ئاسۆی بوو لێڵنەبێت، هەوڵی دارشتنی بەرنامەیەكی چڕوپڕیدا كەڕاستییەكان بپارێزێت و پیرۆزی شۆڕش وەك خۆی ڕابگرێت، بەڵام پێڕانەگەیشت.

ئەو شەوەی جەمال نەسرەوت لەلامان ڕۆشت، تاكو شەوگارێكی درەنگ باسی بەرنامەكەی خۆی بۆكردم. سەرەتا منیش بەگومان بووم، لەناو گڕی شۆڕشێكی كڵپەداردا بەدوای تەزووە ساردەكاندا وێڵبیت. گووتی: بۆچی بەگومانی هاوڕێم؟ بابەتێكی زۆر سادەیە. منیش دڵنیام لەپاكی و دڵسۆزی هەموو ئەندامێك، بەڵام كەس دەتوانێت لە ئایندەی كەسێكیتر دڵنیابێت كە شیاوی جێگاكەیبێت؟چونكە گومانی تێدانییە كورسییەكانی حوكمڕانی لەدوا ڕۆژدا هەر بەخۆمان دەدرێت، لەبەر ئەوە پەروەردەكردنی ئەندامەكان لەئێستاوە زۆر باشترە لە چاكسازی لەداهاتودا. منداڵەكانی ئەمڕۆ پیاوی دوارۆژن، ئەمە ڕاستییەكە دوور لەخواستو داوای ئێمە، بەڵام چۆن پیاوێك؟ئەركی ئێمە لێرەدایە چ پیاوێك بۆ ئایندە پەروەردەبكەین.

پــەروەردەكردنــی منــداڵێكی دروســت ئاســانترە بــۆ دوارۆژ وەك لــەوەی لــەئاینــدەدا بمانەوێت پیاوێكی گەوجو گێلوشەڕانگێز چاكبكەین. ئێستا ئێمە لـەسـەرەتاداین وەك منداڵین، منداڵی شۆرش. بۆئـەوەی ببین بـەپیـاوێكی دروسـتو گونجـاو بـۆ دوا ڕۆژ، پێویستمان بە بەرنامەیەكی پوختی پەروەردەكردن هەیە كە ئەم شەو پێكـەوە گفتوگۆی لەسەر دەكەین.
هەرچییەكەم بیربوووبێت بۆ ڕۆژنامەنوسەكەم باسكرد، پرسیارەكانیم بەبێ كەموكوڕی زیادەخستنەسەر وەڵام دانەوە. قسەكانم هەمووی ڕاستیبوون، هەق بوون بۆیە لەگوێی هەندێك كەسدا ڕەق بوون، بەڵام ترسم نەبوو تاكو ئاستێك مافی نوسینو بڵاوكردنـەوە درابـوو. زۆر جـاریش گومـان لـەو ڕۆژگـارە دیموكراتییـە دەكرا، لـەناكـاو عـەرزەكـە قڵیشدەبوو كەسێك بێسەرو شوێندەبوو.
پرسـیارو وەڵامــەكـانی مــنو ڕۆژنامــەنوســەكــە كـرا بــەچــەنـد ژمـارەیــەكو لــە ڕۆژنامــەكــەدا بڵاوكرایــەوە. ئێـوارەیــەك بــەرەو ماڵــەوە دەڕۆشـتمەوە، ئـەو كۆڵانــەی لەسەر ڕێگای گەڕانەوەم بووكە هەمیشـە پیا تێدەپـەڕیم لـەناكـاو كـەوتمە بـەرهێرشـی ژنـان. نـازانم چۆن قسـەكانیـان بیستبووم ، دڵنیـابووم بـە پێچـەوانـەوە هـەمـوو شتێكیان تێگەیاندبوون. ڕۆژی دواتر نەچووم بۆ دوكان، كـابرای ڕۆژنامـەنـوس خـۆی گـەیانـدە ماڵەوە. زۆر شپرزەو بێ ئارام بوو، نیگایەكـی ئـەفسوناوی تێگرتم و قـەڵـەمو دەفتـەرو تـەسجیلە بچكۆلانـەكـەی دەرهێنـا. بـواری هیچـی پێنـەدام، نـازانم بـۆچی هێندە شپرزە بوو؟بـە دەمهـەنـاسـە بڕكێـوە گـووتی: داوای لێبوردنـت لێـدەكـەم كـە زۆر بـەپـەلـەم، كـەمێكیش لـەدوكـان چـاوەڕوانم كردیت، هەر دیارنـەبوویت بۆیـە هـاتم بۆ ماڵـەوە.
پێموایە ئـەمڕۆ ماندویتو دەتـەوێت پشوبدەیت. یـەكبینـە قسـەی دەكرد، بـەخێرایـی وەڵامــم دایــەوە و گــووتم: نــەخێــر دەچــووم بــۆ دوكــان ، بــەڵام كــەمێـك دڕەنگتــر لەڕۆژانیتر. بە مەبەستەوە پێمگووت، پشودان لـەكلتوری ئێمـەدا نییـە، تۆش هێندە شـپرزەو بـە پـەلـەی بـۆچی هاتیـت؟خۆ مـەرج نییـە هـەمووڕۆژێـك ئـەم حـەكایـەتـە بگێڕینەوە. لەسەر هەمان ڕیتمی شپرزەیو نائارامی خۆی لاشعوری بەتوڕەبوونـەوە وەڵامی دامەوەو گووتی:كاكەگیانچۆن مەرج نییە. . . بۆ سبەینێ چی ئامادەبكەم بۆ بڵاوكردنـەوە؟ لـەسـەر خۆ پێمگووت، سبەینێی چیو ڕۆژنامەی چی؟ بـەسـەرهـاتی دوێنێ ئێوارەی خۆم بۆگێڕایـەوە لـەسـەر ڕۆژنامـەكـەی جـەنـابی ژنـان چییـان پێكـردم. خۆیكرد بـەشـەریكی منو گووتی بـەسـەرهـاتی ئێمـەومـانـان ئـەم جۆرە چیرۆكـانـەیـە. بەخیرایی ڕوداوەكەی قۆستەوەو گووتی: بۆچی هـەمیشـە باسـی ئـەو كـەسـانە دەكـەن كەگومانیان لەسەرە؟ كەسانێكیش ماون كە تاكو ئێستا پارەو سامان و كورسی پەرستی زەلیلی نەكردوون، كەچی ئێوە لە هیچ باسێكدا ناویان ناهێنن.

من دەمزانی کە کابرای ڕۆژنامەنوس دەزانێت بۆچی ناویان ناهێنم. ئەوان بەدوای پرسیارو بابەتی درێژدا دەگەڕێن، ئەگەر سەد دەر سەد لە ناوەکەشت دڵنیابن هەردەپرسن"ناوت چییە". چاوەڕوانی وەڵامی لێدەکردم. پێمگووت: هەرکەسێك لەوانەی کەتۆ مەبەستە ناویان بهێنم، خۆیان وەك ئەستێرە لەشەوی تاریکیشدا بەئاسمانەوە دیارن، ئیتر چ پێویست بەوە دەکات من بەخەڵکیان بناسێنم، ئەوە ئەرکی منیش نییە بەشانو باڵای خەڵکدا هەڵبدەم، ئەوان بۆ خۆیان سەر وەرن. بەڵام ئاشکراکردنی ناوی ئەوکەسانەی کە نیوەی ئەم هەرێمەیان خواردووە بەئەرکی خۆمی دەزانم، لەچوارچێوەی هەستی بەرپسیارێتیدا دەیبینم.

ئەو زرمەیەی لەگەروی چەکوشو سنگی دەزگاوە دەهات، ئەو ئارەقەی لەبن باڵو ناوچەوانو نێوان پەنجەکانی دەستەو قاچی ماندوبووندا دەڕژان، ئەو کزانەوەیی چاوەکانی شەونخونی هەڵدەگڵۆفیو سوێ دەگەشتە هەناو دڵ، هەوێن بوون بۆ خۆڕاگریو بەگژداچوونەوە، بۆ هەڵوێستی بەرزو پیرۆزی نەتەوەیی، بۆ گەشەکردنی فکری نوێ کە واقعی ئە ڕۆژگارە پێویستی پێیان بوو. کۆمەڵگای هەرێمەکە بەهەموو چینو توێژەکانەوە، بە کرێکارو مامۆستاو دکتۆرو نێرو مێوە، کۆمەڵگایەکی ژێر دەستەبوون. لەحاڵەتی ژێر دەستەیدا ئیتر جیاوازی چینەکانی کۆمەڵگا نامێنێت. هەموو خەڵکی هەرێمەکە ژێردەستەبوون، ئەشکەنجەدراوبوون. ئەو ژیانە جێگای شانازی نەبوو، بەڵام حاڵەتێکی تایبەت بوو کە هەموو چینەکانی کۆمەڵگای لەسەر کەناری چارەنوس ڕیز بەند کردبوو. چالاکیەکان لەو ڕۆژگارەدا لەناو چوار چێوەی نەتەوەیو نیشتیمانیو مرۆڤایەتیشدا لەسەر دەستی هەر کەسێك لەو کۆمەڵگا ژێر دەستەیەدا ئەنجام بدرایە، جۆرێك بوو لە خەبات. کەم کەس هەبوو کە هەستەکانی بەرەوکارو چالاکی مرۆڤانەو خەباتگێرانە نەبیزوێنێت. بەڵام ئەمڕۆ تەنها ژمارەیەکی دیاریکراو بەری ئە و ماندوبوونە دەچننەوە.

لەشەوێکی مانگە شەوی هاوینێکی گەرمدا کە هێشتا خاکەکە هاڵاوی داخبووی گەرمای نیوەڕۆی لێهەڵدەستا. ئالەو شەوەپڕ لە بریسکە جوانەدا بەبەر چاوەگەشەکانی مانگەوە، لەداستانێکدا بۆ سەر مۆڵگای دوژمن خوێنی پاکو سوری هاوڕێی قارەمانو لەخۆبردو کاکە ( بەکری چیایی) ڕژا. ئەو خاکە گەرمو بە حەسرەتو تینووە هەر زوو خوێنەکەی کاکە بەکری هەڵلوشی. بەکری چیایی یەکێکبوو لەقارەمانانی سەرەتای شۆڕش کە بەپەرۆشو خۆشحاڵیەوە ڕویکردە چیاکان و خەباتی چەکداری دەستپێکرد. کاکە بەکر هاوسەرەکەیو دوو منداڵی بەجێهێشت، بەردو چیاو ئاسمانو گوندەکانی کرد بە هاوڕێو بە کۆڕپەکانی. هەرچەندە هاوسەرەکەی ئەندامێکی ڕاستەو خۆ نەبوو، بەڵام هاوکارێکی زۆر چالاك بوولەنێوان بڕادەرانی شارو دەرەوەدا. دوو ڕۆژ لەپێش شەهید بوونی هاوسەرەکەی لەلای ببوو. لە هەموو

سەردانەکاندا هەواڵەکانی برادەرانی دەرەوەی بۆدەهێناو نامەو ڕاسپاردەکانی وەك کۆترێکی نامەبەر دەگەیاند. لەسەر ئەو کارە گەورەو گرانو پیرۆزە ناویان نابوو(کۆتری شۆڕش). کات بەرەو نیوەڕۆ بەدوای خۆیدا پەلکێشی دەکردین، ئەو دەمە لەگەڵ چەکوشو دەزگادا گەمەی ئاسودەبوونی ڕۆحم دەکرد کە کۆتری شۆرش خۆی کرد بەدوکاندا. هەرکاتێك دەهات دەمزانی هەواڵێکی تازەی پێیە، نامەیەکی بەکری هاوسەری بۆ هێنابووم. گووتی :دووڕۆژە لەلای بەکر گەڕاومەتەوە بەڵام بوارم نەبوو نامەکەت زوتر بۆ بهێنم. هەر ئەو ڕۆژەی کۆتری شۆڕش لەلای بەکری چیای هاوسەری گەڕابووەوە، ئێوارەکەی بۆ ئەنجامدانی چالاکییەك ڕوودەکەنە شار بۆ هێرشکردنە سەر مۆڵگایەکی ڕژێم، کاکە بەکر لەو شەڕەدا شەهید دەکرێت. تاکو ئەو کاتەی کۆتری شۆڕش هات بۆلام، نەمن هەواڵی شەهید بوونی بەکری مێردیم دەزانی نە خۆی. کاتژمێرێك لەپاش ڕۆیشتنی کۆتری شۆڕش برادەرێکی خۆمان هەواڵی شەهید بوونی کاکە بەکری پێڕاگەیاندم، بەداخەوە لاشەپیرۆزەکەی بەجێمابوو، کەوتبووە بەردەستی دوژمن. ناوجەرگەی شاربوو، جێگایەکی زۆر قایم بوو. نزیك بەمۆڵگاکە کاکە بەکری چیایی شەهید کرابوو. کاکە بەکر قارەمانێکی دلێری ناو ئەو شۆڕشە نوێیە بوو، ڕژێم لەمێژبوو هەوڵی لەناوبردنی دەدا، بەڵام هەموو جارەکان بە پێچەوانەی خواستی دوژمنەوە ئەنجامی پیلانەکان کەوتبووەوە. ڕۆژی دوای شەهیدبوونی جەلادەکانی ڕژێم لەجێگای لاشەکەی، لەسەر عەرزە بەخوێن سورهەڵگەڕاوەکە ئاهەنگی شادیو سەرکەوتنیان سازدابوو. کاکە بەکر نە مەزاری هەبوو نە لاشەکەی دیار بوو، کەس نەیدەیزانی بۆ کوێ براوە، بەڵام خاكو خۆڵەکەی کەلاشەکەی ئەوی لەسەر کەوتبوو، بووبە مەزاری خاڵی هەموو ڕۆژانی هەینی کۆتری شۆڕش سەردانی نزیك مۆڵگاکەی دەکردو دوراو دور تەماشای جێگاکەی دەکرد، بەهەنسكو گریان گۆرانیو سرودی سەرکەوتنو نەبەردی بۆ دەگووتو بەفرمێسکە تەڕەکانی گوڵ بارانی دەکرد. ئەو ئافرەتە قارەمانە وەك کۆترێکی میهرەبان لەناو شارەوە بەنهێنی هەڵدەفڕیو پەیامەکانی شاری لەژێر باڵە سپییەکانیدا حەشاردەداو دەیگەیاندە لوتکەی چیاکان، لەوێشەوە بەئاهێکی ساردەوە باوەشی گەرمی هاوسەرەکەی بەجێدەهێشتو جارێکیتر لەگوندەکانەوە هەڵدەفڕی. بەناو داڵو واشە گۆشت خۆرەکاندا پەیامەکانی ئەودیوی لەژێر باڵە میهرەبانەکانیدا بۆ ناو شارە پڕ لە کارەساتە ترسناکە دەهێنا. کۆتری شۆڕش ئافرەتێکی بەئەمەكو دڵسۆز بوو، ڕۆژانی هەینی لەهەرکوێیەك بوایە بە پەلە دەگەڕایەوەو خۆی دەخستە بەردیدەی پڕ لەغەزەبی جەلادەکانو لەدورەوە سەردانی مەزاری چۆڵو خاڵی هاوسەرەکەی دەکرد. لەدورەوە بۆنی بەخاکە خوێناویەکەوە دەکردو پەیمانی وەفاو خۆشەویستی لەگەڵ ڕۆحیدا دووبارە دەکردەوە.

لەپاش تەفروتونابوونی حوکمی جەللادەکان لەهەرێمەکەدا، کۆتری شۆڕش لەژێر ئاسمانێکی ئازادو لەسەرخاکێکی ئارامدا گوڵە ڕەنگاوڕەنگەکانی باخی حەسرەتی دەچنییەوەو لە زوخاوی ڕۆژگاری پێشو بژاریدەکرد، بەکامەرانیو سەرفرازیەوە دور لەترسو چاوی پڕ غەزەبی جەللادەکان لەسەر جێگای شەهیدبوونی بەکری چیایی هاوسەری دایدەنان. بەردو خۆڵی خوێناوی هەڵدەگرتو ماچی دەکردن کەهێشتا بۆنی ڕۆحی هاوسەرەکەیان لێدەهات. ئەو ڕۆژگارە ڕەشو پڕ مەرگەساتانەی لە یادەوەری خۆیدا دەسڕیەوە کەبەترسوگومانەوە دوراودور سەردانی مەزاری خاڵی هاوسەرەکەی دەکرد. ئێستا وەك خۆر بەبەرزیو شانازیو شەوقەوە لەسەر خاکەکەی سرودی ئازادی بۆ دەڵێت، وەك لەباوەشی خەوێکی ئاسودەدا پێکەوەبن، قسەی لەگەڵدا دەکاتو مژدەی پێدەدات کە خوێنی بەفیڕۆ نەڕۆشتووە.

دواین سەردانی کۆتری شۆڕش بۆ سەر مەزاری هاوسەرەکەی، ڕۆژێکی هەینی بوو وەك پێشتر کردبووی بەپیشەی. لەناکاو خورپەیەك هەموو هەستەکانی لەیەکتری ئاڵۆزکاند، وەك لەئاسمان بەرببەنەوەو هەرگیزنەگات بەزەویو لەناو گێژاوی مەرگێکی بێ کۆتای هەموو گەردونی سەرەو ژێر دەبینی. خورپەیەکی ناوەخت هەموو هەستەکانی لە جولە خست. تەنها چاوەکانی هەستیان بەبینینی دیمەنێکی قێزەونە دەکرد. زەق زەق هەردوو چاوەکانی دەرپەڕیبوونە دەرەوە کەوەختەبوو وەك دوو تۆپی شوشەیی دەکەوتنە سەر عەرزەکەو دەشکانو لەبینینی ئەو دیمەنە خەماویانە رزگاری دەبوو. چەند هەنگاوێکی مابوو بگاتە سەر مەزاری خاڵیو چۆڵی هاوسەرەکەی، توند هەردوو چاوی هەڵگلۆفی، وەك باوەڕ بە خۆی نەکات، بەڵام هەمان دیمەنی کەرەستەی بیناسازی وەك چەو و لمو چیمەنتۆی بەرچاوکەوتەوە. بە خەمو نیگەرانییەوە چووە پێشەوە، نەخشەی بینایەکی گەورە لەسەر زەویەکە هەڵکەندرانوو، جێگای شەهید بوونی بەکری هاوسەری کەوتبووە ناوەڕاستی بیناکەوە، ئاهێکی خەم ڕەوێن بە دڵی پەژارەو غەمگینیدا هات. لەبەر خۆیەوە گووتی: ڕەنگە بکرێت بە قوتابخانە، کارێکی پیرۆزە و جوانە. دەست خۆشی لەخاوەن بیرو بەرنامەکە کرد. بەسەر نەخشە هەڵکەندراوەکەدا دەسوڕایەوە، سەری سوڕمابوو لەماوەی تەنها یەك هەفتەتەدا ئەم هەموو ئیشە کراوەو ئەم هەموو کەرەستەیە ئامادەکراوە. لەناو خەیاڵی قوتابخانەیەکی گەورەو تازەدا دەیویست ڕستەیەك لەوشەی ڕەنگاوڕەنگ دروست بکاتو، وەك مژدەیەك بە ڕۆحی هاوسەرەکەیدا بیچرپێنێت. لەناکاو چەند ئوتومبیلێك پەیدا بوون کە پڕ بوون لە چەکدارو لەبەردەم بیناکەدا ڕاوەستان. کابرایەکی برۆ ئەستوری دەموچاو چرچی سەرو سمێڵ ڕەش لەیەکێك لەئوتومبیلەکان هاتەخوارەوە. کۆتری شۆڕش زوو

ئەوی ناسییەوە، باشتر لەنەخشەی بیناکە گەیشت کەهیچ سیمایەکی قوتابخانەی پێوە نییە. خۆی بەخۆی گووت"دەبوایە هەر زوو هەستم بەوە بکردایە کێ ئەوەندە بە پەرۆشە لە ماوەی یەك هەفتەدا ئەو هەموو کارە بۆ قوتابخانەیەك بکات، بەکر گیان لەمڕۆوە ئیتر هەست بە ونبوونت دەکەم".

باوکی میللەت وەستاکەی من بوو، ئەو پیاوە بوو لەگەورەی خۆیدا خۆی بەخاوەنی هەموو شتێك دەزانی، دەستو دڵ فراوان بوو، هەرچییەکیشی هەبوو لەسەر لەپی دەستی لەبەردەم خەڵکدا داینابوو. هەندێك ماڵی دەست کورتو نەدار هەبوون کە مانگانە پارەی بۆ بڕیبوونەوە بەبێ ئەوەی بیاناسێت. هەندێکیان ماڵە شەهید بوون، هاوڕێی خۆمان بوون ، مانگانە من یارمەتیەکەی وەستام بۆ دەبردن. یەکەم جار وەستام پێدەناساندن تاکو بزانن یارمەتی من نییە و هی باوکی میللەتە. هەندێك جار وەستام تورە دەبوو دەیگووت، چ پێویست دەکات تۆ ئافرەتێك دەهێنیت بۆ ئێرەو بەمنی بناسێنیت، گرنگ ئەوەیە یارمەتییەکەیان بەدەست بگات، لەوەش دڵنیام کە بەدەستیان دەگات. منو وەستام گومان لەنێوانماندا نەبوو، لەسەر خۆ پێم دەگووت، باوکی میللەت تۆ باش دەزانیت هەموو چرکەیەك لەم هەرێمەدا پڕە لە قەدەری ترسناك، هەتا لەچرکەیەکدا لەیەکتری دادەدبڕێین، ئەو ماڵانە بەهۆی چارەنوسی منەوە با لەیارمەتییەکانی تۆ دانەبڕێنو بێبەش نەبن، باشترە تۆ بناسنو ئێرە پێبزانن.

وەستاکەیمن ناوی باوکی میللەت نەبوو، لەئەنجامی هەڵوێستێکی گەورەو پیرۆزدا بۆ شۆڕش نازناوی (باوکی میللەتیان)پێبەخشی. ئەو ڕۆژەی نامەی بڕادەرانم پێگەیشت سەبارەت بە دابین کردنی یارمەتی دارایی، وەستام یەکەم کەس بوو کەبتوانم هانای بۆ بەرم، هەر ئەو ئێوارەیە دواکانی بەجێهێشتو ڕۆشت، ئیتر بۆدوکان نەگەڕایەوە. دڵنیا بووم کەسەردانی چایخانەکەی گەوهەری کردووە، وەستا سەعیدی چایچیش وایگووت کە هاتووە بۆ ئێرەو پاشان بەپەلە ڕۆشتووە، ئیتر من تێگەیشتم کە باوکی میللەت شتێکی بەگوێی وەستا سەعیدی چایچیدا چرپاندووە. ڕۆژی دواتر کەچووم بۆ دوکان، وەستام لەپێش من لەدوکان بوو، وەك هەمیشە ڕووی گەشبوو، پێیگووتم یارمەتییەکان دوو ڕۆژی تر ئامادە دەبێت، زۆر ئاسایی قسەی دەکرد، بەڵام بۆمن مژدەیەکی گەورەبوو، سەرکەوتنێکی تازەو پیرۆز بوو کە وەختەبوو لەخۆشیدا باڵ بگرمو بفڕم. هەستم دەکرد شۆڕشێك بەرپابوو کە هەرگیز هەرەس ناهێنێت. ئەوەشی پێگووتم کە بە تەنها یارمەتی خۆی نین. لەپاش ناردنی یارمەتییەکان بۆ بردەران ، سەردانی دەرەوەم کردو چاوم بە ئۆقیانوسی هێمن کەوت، سەرەتا باسی هەڵوێستی بەرزو جوامێرانەی خەڵکم بۆ کرد بە رامبەر بە شۆڕشە کەیان. ئۆقیانوسی هێمن گووتی: زۆر ئاساییە کە دەبێت هەر واشبێت، شۆڕش بۆ خەڵکەو بەبێ یارمەتی ئەوانیش هیچمان بۆ ناکرێت، هەڵوێستیان چەندە پیرۆزە

ئەوەندەش ئەرك‌و پێویستی سەر شانیانە. چاكەی هەڵوێستی ئەوانیش بەخۆشەویستی‌و وەفا دەدرێتەوە، وەفاداری ئێمەش بەرامبەر بە میللەت لەداهاتودا ئەنجام گیر دەبێت لەسەر ئەو بنەمایەی لەئێستاوە خۆمان پەروەردەبكەین كەدوارۆژ بەئاسانی پێمان قبوڵ بكرێت كوڕی شۆڕش‌و میللەتین.

وەستام زۆر شادمان دەبوو كە یارمەتییەكانی بۆ دابین دەكرا. شۆڕشێكی بچكۆلانەی خوڵقاندبوو. گروپێكی خاوەن هەڵوێست بوون بۆ شۆڕش، سەربازی ون بوون ، دواجار هەر ونیش بوون ، نە ناویان ما نەئەسەر. كەم كەس هەبوو بزانێت ئەوانە كێبوون. وەستاكەی من لە هەموویان ناسراوتر بوو، دواجار ناوی ئەویش لەبیرەوەرەیەكاندا سڕایەوە. كێ هەیە باوكی میللەت بناسێت؟ ئەوە عەیامێك بوو تێپەڕی‌و نایەتەوە. لەپاش چەندین ساڵ ژیانی ئاوارەیی كوڕەكەی گەڕایەوە بۆ شارەكەی خۆی، لە ئەنجامی مامەڵەیەكی نادروستدا كە بە خیانەت كارو ڕاكردوی ناونەبەن ناچار بوو بڵێت من كوڕی باوكی میللەتم تاكو چیتر سوكایەتی پێنەكەن‌و لە پاڵ گەورەی ناوی باوكیدا ڕێزی لێبگرن‌و لوتفی پێ ببەخشن، كەچی پێیان گووت، ئەوە تۆ باسی كێ دەكەیت ؟میللەتێك هەتیوبێت باوكی لەكوێ بوو. ئۆقیانوسی هێمن ڕاستی فەرموو( پەروەردەكردنی ئەندامەكانی شۆڕش لە پێشەوەی هەموو ئەركەكانمانە تاكو دوا ڕۆژ نەكەوین بەسەر هەڵەكانی خۆماندا. )

لەدوای شەهیدبووی بەكری چیایی كوڕە تەمەن دە ساڵانەكەی هەموو پشوی هاوینێك لەلای خۆمان ئیشی دەكرد. ئەگەر وە ستاكەی من سەرۆكی ئەم وڵاتە بووایە هەر ئەوەندەی خۆی پارەو سامانی دەبوو، كە هیچی نەبوو، بەڵام كەس بێ نان‌و ئاوو بێ بەرگ نەدەبوو. دەست‌و دڵی زۆر فراوان بوو. هەمیشە حەزی بەیارمەتیدانی خەڵك بوو. ئەویش وردەوردە زەمەن بەرەو لێواری تەمەنی برد. جار بەجار نەخۆش دەكەوت‌و نەدەهات بۆ دوكان، لەماڵەوە بۆی دەكەوت‌و توانای ئیش‌و كاری نەبوو. ماوەیەك لەدوكان دابڕا، ڕۆژێك دلێری كوڕی نارد بەدوامدا. دلێر ئەوكاتە تەمەنی بیست ساڵ دەبوو. باری تەندروستی زۆر خراپ بوو. گووتی ئیتر من ناگەڕێمەوە بۆ دوكان‌و توانای ئیشوكارم نەماوە، لەئێستاوە لەگەڵ دلێردا بە هاوبەشی پێكەوە كار دەكەن، هەموو یارمەتییەكانیش با هەر بەردەوام بێت. لەو ڕۆژەوە ئیتر من بووم بەشەریك لەئیش‌و كاری دوكاندا.

لەدوای مردنی باوكی میللەت دواكانەكە لەجاران زیاتر بوو بە دەزگای یارمەتیدانی ماڵە نەدارو دەست كورتەكان. من‌و دلێر پیشەی وەستامان بەرنەدا، وەك ئەو دەست‌و دڵ فراوان بووین، "ئاوەكەش هەروا ڕژابوو". لەبەختی ئارەزوی ئێمەو ئەو ماڵانەی یارمەتیمان دەدان، گەڕەكەكەی ماڵی دلێر بە خانووەكەی ئەوانیشەوە لە پڕۆژەیەكی شەقام دروستكردندا ڕوخێنراو پارەی لەبری وەرگیرا. بە پارەی

خانووەکە دوکانەکەی پێ گەورە کردو خانویەکی بچوکتریشیان بۆخۆیان کڕی. من بەتەنها لەئیشدا لەگەڵیاندا شەریك بووم. بە گەورە کردنی دوکانەکە ئیشوکاریشمان زۆرتربوو. ماوەیەکی دورودرێژ تەنها بیرم لەئیش کردن دەکردەوە، هەردووکمان پێکەوە زۆر گونجاو بووین. دلێر لە من و باوکی دەستو دڵی فراوانتر بوو. بەزۆری منو دایکی ژنی هێنا، هەمیشە بیری لەیارمەتیدانی ماڵە هەژارو دەستکورتەکان دەکردەوە.

ئەو دوکانە زۆر کەسی دروستکردو پێگەیاند، دواتر بەجێیانهێشتو ڕۆشتن. بەتەنها من لەسەرەتای ئیشکردنمەوە تاکو ئێستا لەوێ ماومەتەوە. ڕۆژێك هات دلێریش دوکانی بەجێهێشتو بەرەو هەندەران کەوتە ڕێ. ئەوە هەر منم تاکو ئێستا لەگەڵ زرمەی چەکوشو دەزگادا خەریکم. تەمەن بەرەو باڵا دەڕوات باقی ژینو تاقەتیش بەرەو خوار . ئیتر چیبکەم هەموو یادگارو بیرەوەریو ئارەزووەکانی منیش لەگەڵ ئەم دوکانەوئەم کەلو پەلانەدایە . زۆر لەمێژە ئەو هاوڕێیانەی ڕۆژانی زوو بۆ ئەم دوکانە هاتوچۆیان دەکردم، ئێستا ماونو سەردانم ناکەن. . بۆ کوێ بڕۆن؟ دەبا هەر نەیەن. من بەدەنگی چەکوشو دەزگا ڕۆحم ئاسودە دەبێت، ئەوان پەنجەکانیان دەئاخننە ناو کونی گوێچکەکانیان و دوور دەکەونەوە. سەردەمێك بوو چەکوش سنبوڵێك بوو لەسەر دڵیان، لەناو هۆش و فکرو هزریان، ئێستاش بە خاوەن مەچەكو دەست بە چەکوشو ناوچەوان ئارەقاویەکان دەڵێن( چینی خواروی کۆمەڵ).

4

# بەكری چیاییو كۆتری شۆڕش

لەپاش بڵاوبوونەوەی چەند زنجیرەیەك گفتوگۆو پرسیارو وەڵامی منو ڕۆژنامەنوسەكە، هەواڵی كوشتنی خۆم لەڕۆژنامەیەكی تردا خوێندەوە. دەستبەجێ توشی شۆكو سەرسامی بووم، ئەو ساتەبوو كە هەمیشە مرۆڤ بەگومانە لەڕاستی بوونی خۆی لە واقعێتی ئەم ژیانەدا. وەك لەدنیایەكی تردابم بە خۆم دەگووت :ژیانی پێشومان وەك خەو وابوو، ئەگەرنا مرۆڤ چۆن دەتوانێت هەواڵی كوشتنی خۆی ببیستێت؟هەرزووش بە ئاگاهاتمەوەو گەڕامەوە ژیانو دنیاكەی جارانی خۆم كە پێشتر لێی بە گومان بووم. بەڵام زۆر شەرمەزاری لای خۆم بووم كە بۆ پرسەی خۆم نەچووبووم. گلەیم لەدۆستو خزمان دەكرد، بۆچی كەس پێی نەگوتووم؟هەر خۆشم گلەییەكەی خۆم لەسەر ئەوان بەتاڵ دەكردەو دەمگوت ، ڕەنگە هێشتا كەس نەیزانیبێت، خۆم یەكەم كەس بووبم كە هەواڵەكەم خۆێندبێتەوە. وردەوردە هۆشم دەهاتەوە، پێكەنینم بەخۆمو بە هەواڵەكەش دەهات. لەناكاو خورپەیەك لە ڕۆحمەوە لەناو دونیای پێكەنین دەریهێنامو بەرامبەر بە كێوێك ڕامانوپرسیارو نیگەرانی ڕایگرتم. یەكەم پرسیار بەرەو ڕووم بووەوە، بۆچی دەبێت بكوژرێم؟ڕاست بوو نەكوژرابووم و مابووم، بەڵام ئەم هەواڵە بەبێ مەبەست بڵاونەبۆتەوە. ئاخۆ چ ڕۆژنامەنوسێك بەهەڵە ئەم هەواڵەی بڵاوكردۆتەوە، ڕەنگە هەڵەش نەبێت، دەستی لایەنێك بێت. تەواو هاتمەوە سەر خۆم، بەڵام بەئاسانی بیرم نەدەچووەوە، چونكە نوقڵانەی كوشتنم درابوو. نەمدەزانی بۆچی دەبێت بكوژرێم. هەندێك جاریش لەو داڵغە خراپانە خۆم لادەداو نەمدەویست لە خۆڕا كەسو لایەنێك تۆمەتبار بكەم، زۆر جار هەواڵی لەوە گەورەتریش بە هەڵە بڵاوبۆتەوە بەبێ هیچ مەبەستێكیش، ئاهێكی خۆشی سەرتاپای دادەگرتمو بەبەختی خۆم خۆشحاڵبووم كەماومو نەكوژراوم. هەواڵی كوشتنی خۆم زۆر لەلا سەیروسەمەرە بوو، وەك هێشتا نەمبیستبێت كەسێك كوژرابێت. ڕۆژنامەكەم بەدەستەوەبوو كابرای ڕۆژنامەنووس گەیشتە سەرم، كەبینیمی بەڕوخساریدا خۆشحاڵی پێوە دیار بوو. لە هەڵوێستەیەكدا نیگای خستە سەر ڕۆژنامەكەی دەستم وگووتی:سوپاس بۆ خوا هەواڵەكە درۆبوو، فرێیدە...!شتی تورەهات مەخوێنەرەوە، ئەوانە درۆزنو گێرەشێوێنن. سەرسام بووم بەوبەیانییە

زووە چۆن بەوەی زانیو گەیشتە سەرم. ئەمانە دەڵێی جنۆكەن، ئاگاداری یەكترین، بەڵام جنۆكەكان وەك ئەمان ملی یەكتری ناشكێنن. ویستی ڕۆژنامەكەم لەدەست وەربگرێت، دەستم ڕاپسكاندو پێم گووت:تورەهاتە... تورەهات، ئەگەر تورەهات نەبوایە ئازاد نەدەبوو. لەناو گێژاوی ئەو هەواڵە سەرسامەدا بەو بەیانییە زووە وشەی تورەهاتی قۆستەوەو پرسی، پێتوایە ئەوەی ئازاد بێت تورەهاتە؟

بەپێوەری ئازادی بە هەموو دیاردەیەكەوە لەم هەرێمەدا، دیاردەكان سیمای ئازادییەكی تورەهاتیان وەرگرتووە. ئازادی بووە بە چەمكێكی هێرشبەر، هەركاتێك بەرامبەرەكەت پێ قبوڵ نەبێت دەتوانیت تڕۆی بكەیت، لێرەوە هەموو دیاردە ئازادەكان تورەهاتن. ئەم دەردە كۆمەڵایەتییە لە ئەندامانی حیزبەكانەوە بۆناو كۆمەڵ بڵاوبۆتەوە. چارەسەركردنی بۆ ئێستا زۆر زەحمەتە، چونكە لە دەسەڵاتیئەو كەسانەدایە كە خۆیان توشبووی ئەو ڤایرۆزەنو خۆیان گێل دەكەن كە هەڵگری ئەو دەردە كۆمەڵایەتییەبن. ئەم گرفتەش لەبارە بۆ تەشەنەسەندنی ڤایرۆزەكە، چونكە هەوڵی چارەسەر كردن دەبێت لەخۆیانەوە دەست پێبكرێت، ئەو هەوڵەش ئیسپاتی بوونی ڤایرۆزەكە لەخودی خۆیاندا ئاشكرادەكات، قبوڵكردنی ئەم ڕاستییەش لەم قۆناغەدا زەحمەتە. ئۆقیانوسی هێمن هەر لەسەرەتای شۆڕشدا هەستی بەسەرهەڵدانی ئەو نەخۆشییە كرد كە لەدواڕۆژدا گاریگەری ترسناكی لەسەر ژیانی كۆمەڵایەتیو ئابوریو سیاسی هەرێمەكە دەبێت. بۆ ڕێگاگرتن لەو دەردە كۆمەڵایەتییە هەوڵی دارشتنی بەرنامەیەكی پوختی زانستی گونجاویدا بۆ پەروەردەكردنی ئەندامەكانی شۆڕش، بەڵام بەداخەوە كۆسپو تەگەرە لەسەر ڕێگای بەرنامەكەی دانراو پێرانەگەشت. لەپاش خۆیشی تەنها كوڕی دایە هەڵگری بەرنامەكەی بوو، ئەویش ڕوبەڕوی بەرەنگاریو زیندانیكردن بووەوە. ناویان زڕاندو لە تەویلەیەكدا بەندیانكرد تاكو شەوێك لەناهەنگی مەستبونیاندا هەلی دەربازبوونی بۆ گونجاو لەدەستیان هەڵهات. كوڕی دایە هاوڕێیەكی نزیكو باوەڕپێكراوی ئۆقیانوسی هێمن بوو، هەرچەندە من ئاگاداری پەیوەندی نێوانیان نەبووم، كوڕی دایەشم وەك هاوڕێیەك نەدەناسی، بەڵام دڵنیابووم كە ئۆقیانوسی هێمن پڕۆژەی بەرنامەكەی لەلای كەسێكیتر ئاشكراكردووە. یەكەم بەیانی لە مەملەكەتی مێش هەنگ هەموو نهێنییەكان ئاشكرابوون، لە هەموو دیمەنە سەرسوڕهێنەرەكانی ناو چیاكان زیاتر پێی سەرسام بووم.

بەرنامەكەی ئۆقیانوسی هێمن سەبارەت بە پەروەردەكردنی ئەندامەكانی شۆڕش ئایندەیەكی گەشی بۆ هەرێمەكە هەبوو، پوچەڵكردنەوەو لەبار بردنی بەرنامەكەش لەئایندەدا هەرێمەكەی بەرەو حوكمڕانییەكی تاقم گەرای دەبرد كە پڕبێت لە گەندەڵی لەدەرئەنجامی تەنها خۆ ویستن وەك ئەوەی هاتەدی. ئۆقیانوسی هێمن دەیویست

ئەندامەکانی شۆڕش فێربکات بۆچی ئەمڕۆ شۆڕش بەرپادەکەن تاکو لەئاییندەدا ئەرکی خۆیان بزانن‌و شیاوی جێگاو بەرپرسیاریەتی خۆیان بن. ئەو شەوەی جەمال نەسرەوت لەگوندەکە ئێمەی بەجێهێشت، پێشتر من دەمویست باسی کشانەوەی خۆمی لەگەڵدا بکەمەوە، بەڵام ئەو بەرەو ناو بابەتێکی تازە پەلکێشی کردم کە لەجاران زیاتر لەسەر ئیش‌وکاری ناو شار بە پەرۆشتربم. بەرنامەکەی پرۆژەیەکی پەروەردەیی بوو بۆ دەوڵەمەندکردنی فکری مرۆڤی شۆڕشگێر کە ڕەنگدانەوەی هەمەلایەنەی لە سەر ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکی هەرێمەکەو بەڕێوەبردنی حوکمڕانییەکی دەستوری هەبێت. دەبوایە هەموو کەسێك بە خۆشحاڵییەوە پەسەندیان بکردایە. هۆکاری بەرەنگاربوونەوەو دژایەتی کردنی، بوغرابوون بوو بە ئەقڵێتیان کە لەسەرو هەموو بیرو بۆچوون‌و فکرێکی ترەوە خۆیان دەبینی‌و بەرامبەریان پێ قبوڵنەدەکرا. ئەو زەمانە ئۆقیانوسی هێمن باسی نەهامەتیەکانی ئەمڕۆی هەرێمەکەی بۆ کردم بەبێ بوونی بەرنامەی پەروەردەکردنی ئەندامانی شۆڕش. ژورەکە لە هەردووکمان زیاتر کەسیتری لێنەبوو، کەچی زۆر بەئەسپای پێی گووتم: لەجاران زیاتر ئیشم پێتە، دەمەوێت پێتبڵێم ئەم شۆڕشەی ئێمە بەبێ پەروەردەکردنی ئەندامەکانی، مانای لەدوارۆژدا توشی حوکمڕانییەکی بازنەیی دەبین کە تەنها چەند کەسێك دەسەڵاتیان لەبەڕێوە بردنی هەرێمەکەدا دەبێت. ئەم جۆرە حوکمڕانییە قەوارەی میللەت بچوك دەکاتەوە، بچووککردنەوەی میللەتیش لەبەرژەوەندی مانەوەی دەسەڵاتی حوکمی ئەواندا دەبێت کەئاسانتر تواناى  کۆنترۆڵکردنی هەموو سەر هەڵدانێکی جەماوەریان دەبێت، لێرەوە پانتایی گەندەڵی سیاسی‌و بەڕێوەبردن فراوانتر دەبێت. دەرئەنجام سازدانی شۆڕشێکی جەماوەری تر پێویستییەکی سەردەم دەبێت. لەبەرئەوە باهەرئەم شۆڕشە بەرەو ئاراستەی مەبەست بەرین بە پەروەردەکردنی هەڵوێست‌و فکرو ڕەفتارمان. ئەوەش باش دەزانم لەسەرەتادا سەختی زۆرمان دێتە ڕێگا، بەڵام دەبێت خۆڕاگرو ئارام‌و لەسەر خۆبین. ئێستا تێگەشتیت کە لەجاران زیاتر کارم پێتە.

ئەو شەوە نەك نەمتوانی لە ئیشوکاری ناو شار واز بهێنم، بەپێچەوانەوە گڕوتینی دەرونم بۆ کارەکەم زیاتر کڵپەی سەند. بە پەرۆشتر ئەرکەکانم تێکەڵ بە ڕۆح‌و گیانم کرد. هەر زوو لە زەرورییەتی بەرنامەکەی گەیشتم‌و پەسەندم کرد. واپێدەچوو لەمێژبێت ئیشی تێدا کردبێت، لە تەواوبووندا بوو. پێگووتم ئەگەر ئەمجارە هاتیت بۆ لام هەموو بەرنامەکە ئامادە دەبێت، یاخود بە برادەرێکی خۆماندا بۆت ڕەوانە دەکەم. بەڵام باشترە کە خۆت بۆ ئێرە بێیت، چونکە هاوڕێیەکی دڵسۆزیتر ئاگاداری بەرنامەکەیەو لە گوندەکانی سەروترە، ڕەنگە ئەو سەردانم بکات کاتی ئامادەبوونی هەموو بەرنامەکە. زۆر گرنگە لە نزیکەوە یەکتری بناسن، ئێستا زووە ناوی ئاشکرابکەم.

لەو كاتەوەی لەلای ئەو گەڕامەوە، وەك جاران لەكاری ناوشاردا بەردەوام بووم، هەمیشەش چاوەڕوان بووم بە دوامدا بنێرێت سەبارەت بەبەرنامەكەی سەردانی بكەم. شەوێك برادەرێكی خۆمان هات بۆ ماڵەوەو كۆمەڵێك كاغەزی بەلولكراوی لەلای ئۆقیانوسی هێمنەوە بۆ هێنابووم. من تێگەشتم كەبەرنامەكەیە، بەڵام بۆچی نەیویستووە سەردانی بكەم، نەمدەزانی. لەدوای ڕۆشتنی ئەو بە پەلە سەیری كاغەزەكانم كرد، بەرنامەكە خۆی بوو، بەڵام لە سەرەوە بە خەتی خۆی نوسیبووی، "بەشی كۆتای بەرنامەكەم بۆ نەناردویت لەبەرئەوەی ئەم ماوەیە سەرقاڵبووم. لەداهاتویەكی نزیكدا ئەو بەشەی تریشت بۆ دەنێرم، یاخود ئەگەر دەرفەتێك گونجا خۆت سەردانم بكەیت. " هەر ئەو دەمە كەوتمە گومانەوە، هەستم بە نهێنییەكی مەترسیدار كرد. ئەو خۆی پێی باش بوو كە سەردانی بكەمو لەنزیكەوە برادەرەكەی ترم پێبناسێنێت، ئێستا بەپەلە بەرنامەكەی بە كەموكوڕی بۆ ناردوم، جێگای پرسیارو گومانە.

ماوەیەك چاوەڕوانبووم دواین بەشی بەرنامەكەم بۆ بنێرێت، دەنگی نەبوو. بڕیارمدا خۆم سەردانی بكەم، بەڵام بەداخەوە پێڕانەگەشتم لە ئێوارەیەكی ناوەختا بەدەستی كەسانی نەفس نزمو خۆفرۆش شەهیدكرا. ئیتركەسی سێیەمم بۆ نەدۆزرایەوە. لەسەرەتادا بیرم بۆ مامۆستا شادمان چوو، چونكە ئەویش برادەرێكی نزیك بوو، لەبنكەكانی سەریشەوە دادەنیشت. لەمێژ بوو هەواڵی مامۆستا شادمان نەدەزانی، ڕاستەوخۆ پەیوەندیم بە ئۆقیانوسی هێمنەوە هەبوو. لەپاش نەمانی ئەویش منو چەند هاوڕێیەكم كە پەیوەندیمان لەگەڵ ئەودا هەبوو توشی نائومێدیو دابڕابووین، جارێكیتر مەیلی دوركەوتنەوەم لەكاری سیاسی سەری هەڵدایەوە. لەو ماوەیەدا نامەیەكی مامۆستا شادمان بەدەست گەیشت، دەبوایە سەردانم بكردایە. ئەو نامەیە بۆمن دڵخۆشكەر بوو، خۆم دەمێك بوو دەویست بیبینم، ئێستا خۆی لەشوێنی ناردوم، زۆر باشترو گونجاوترە. من مەبەستم بوو بەرنامەكەی ئۆقیانوسی هێمنی لەگەڵدا باسبكەم، دۆزینەوەی كەسی سێیەم زۆر گرنگ بوو. بەرنامەی سەردانەكەم بە پەلە ڕێكخستو ڕۆشتم. لە ژورەكەی خۆیدا دوو بە بوو دانیشتبووین، تاكو ئەو دەمە پێموابوو ئە و هاوڕێیەی ئۆقیانوسی هێمن باسیكرد، مامۆستا شادمانە. بەڵام هەر ئەو ڕۆژە دڵنیابووم كە ئەو نییە. مامۆستا شادمانو برادەرانیتر بۆ ئەوە لە شوێنیان ناردبووم لە پاش مردنی ئۆقیانوسی هێمن بۆچی لە چالاكیوكاروباری سیاسی دابڕاوم؟ بەڵگەم زۆر بەدەستەوە بوو، یەكێك لەهۆكارەكان، خۆمان سەر بەخۆ نەماندەتوانی پەیوەندی بە هیچ كەسێكی ترەوە بكەین. مامۆستا شادمان نیگەرانیو پەشێوی بە ڕوخساریەوە دیاربوو. لەناو چاوەكنیدا دورە پەرێز خۆی دەردەخست، وەك بێئاگایەك لەو بابەتە خۆی پیشاندەدا. منیش لە هەموو ڕاستییە ترسناكەكان

حاڵیبووم، ئیتر لەسەر ئەو بابەتە نەڕۆشتم. گیروگرفتو کێشەی نێوان برادەرانی سەرەوە لەوەگەورەتر بوو کە ئێمە لەناو شاردا ئاگاداریان بووین. دەربارەی زیندانی کردنی کوڕی دایە هیچم نەدەزانی، بەڵام زۆر پێی نیگەرانو سەرسام بووم. کوڕی دایە قارەمانترین گەنجی سەردەمەکەی خۆی بووکە دەستی لە هەموو بەرژەوەندیەکی تایبەتی خۆی هەڵکردو بە دنیایەك چالاکیو بیری نوێوە ڕوی لەشاخو گوندەکانکرد. شۆڕشێکی گەورەو بەهێزی لەناو لاوەکاندا هەڵگیرساند. لەدوای مردنی ئۆقیانوسی هێمن بەبێ تاوان ناویان زڕانو تڕۆیان کرد. لەتەویلەیەکدا بەندیان کرد تاکو لەشەوێکی مەست ئامێزدا بەهۆی پاسەوانەکەوە لەدەستیان قوتار بوو. ژیانی کوڕی دایە چیرۆکێکی سەرنج ڕاکێشبوو کە پڕبوو لەقارەمانێتی، لەناو خەڵکدا بە شانازییەوە باسی لێوەدەکرا. زیرەکترین قوتابی قوتابخانەکەی خۆیانبوو. کەم کەس هاوڕێیەتیان دەکرد، بە کوڕێکی شەرمنو ناسكو کچانی ناویان دەبرد، زۆربەی کاتەکانی لەدوای قوتابخانە لەماڵەوە بە خوێندنەوە بەسەردەبرد، هەربۆیە بەکوڕی دایکی ناویان دەبرد. کوڕانی گەڕەك بە گاڵتە جاڕییەوە دەیاندواند. ئێواران لەسەربان خەریکی خوێندنەوەی کتێبەکانی قوتابخانە بوو، ئەوانیش بەدەم بەزمی کۆتر هەڵدانەوە فیکەو هوهایان بۆ دەکێشا. هیچ کاتێك نەبوو بە قسەی ڕەق وەڵامیان بداتەوە، ئەم ڕەوشتەشیان بە ترسنۆكو بێ غیرەت لە قەڵەم دەدا. یەکەم چالاکیشی لەئازایەتیو جوامێریدا هەموو هەرێمەکەی هەژاند. لە دوا پۆلەکانی ناوەندیدا پلەی یەکەمی لە ئاستی شارەکەیدا بەدەست هێنا، هەموو خەڵك چاوەڕوانی ئایندەیەکی گەشوسەرکەوتویان لێدەکرد. بەڵام هەستکردن بە چەوساندنەوەو زوڵمەتی سەر میللەتەکەی لەو ئاستە زیاتر بواری بەردەوامی خوێندنی پێنەدا. کەس گومانی نەبوو کەکوڕی دایە پەیوەندی لەگەڵ شۆڕشو ڕکخراوەکانی شاردا هەبێت، ئێوارەیەك دامو دەزگای سەربازیو ئاسایشی ڕژێم بەسەر سەربانو دەرگاو دیواریاندا دابارین، ڕژانە حەوشەو ژورەکانەوە، دایكو باوکیو هەر سێ خوشکەکەیان ڕاپێچی زیندانەکانکرد. کوڕی دایەیان بەر دەست نەکەوت، ئەو دوو ڕۆژ بوو شاری بەجێهێشتبوو. لەدوای ئەنجامدانی چالاکییە نەبەردو بێ وێنەکەی بەرەو گوندەکان هەڵهاتبوو، خۆی گەیاندبووە ناو برادەران. هێرشکردنە سەر بنکەیەکی هەستیاری گرنگی ڕژێم بە سەرپەرشتی کوڕی دایە، دەسکەوتێکی گەورەو مێژوویی بوو بۆ ئەوکاتەی سەرەتای شۆڕش کە ناو و قەبارەیەکی زۆر گەورەترو گرنگتری بە شۆڕش بەخشی. دامو دەزگای ڕژێمی هەژاند بەجۆرێك گومان لە پەیڕەو سیاسەتی خۆیان بکەن. ڕژێم لەدوای دوو ڕۆژ زانیاری دەسکەوت کە بەسەرپەرشتی کوڕی دایە چالاکییەکە ئەنجام دراوە. ئەو ئێوارەیەی هەڵیانکوتایە سەر ماڵەکەیان، ڕەنگە ڕژێم ئاگاداربووبێت کە کوڕی دایە لەماڵەوە نییە. لەپاش تەواو بوونی کارەکانیان

هەر ئەو شەوە بە خۆیانو دەسکەوتەکانیانەوە بەرەو گوندە ئازادکراوەکان بەڕێکەوتبوون. گەورەی چالاکییەکە لە بڕوای کەسدا جێگای نەدەبووەوە، گومانیان لە چۆلەکەکان دەکرد، بەڵام کەس گومانی نەدەخستە سەر کوڕی دایە. سەرتاپا هەرێمەکە سەرسام بوون، بەتایبەتی ئەوانەی لەنزیکەوە کوری دایەیان دەناسی. گەورەیی نهێنییەکانی ناخی بۆ هەموو کەسێك ئاشکرابوو. کوڕانی گەڕەكو قوتابخانە، ئەوانەی ڕۆژگارێك بوو گاڵتەجاڕییان پێدەکردوو، ناوناتۆرەی سوكو ناشیرینیان لێدەنا، بە کوڕی باوەشی دایکی بانگیان دەکرد. ڕەنگو ڕویان نە بوو بێنە دەرەوە، لەبەرامبەر ئاوێنەکانی ماڵەوەدا، تەماشای قەدو باڵای خۆیان دەکردو لەگەڵ لەشو لاری ناسكو کچانی کوڕی دایەدا بەراوردیان دەکرد، سەد تفی پڕ نەعرەتەیان لەناوچەوانو بەژنو باڵای خۆیان دەکرد، جنێوی سوکیان بە خۆیان دەداو شیری دایکی خۆیان لە خۆیان حەرام دەکرد.
سەردەمێك کوڕی دایە پاڵەوانی هەموو چیرۆكو داستانەکان بوو، کەچی لە ناو ناوبانگی خۆیدا نەدەژیا. لەنامەیەکدا کە بۆ برادەرێکی نوسیبوو، دەڵێت" ئەرکی من لەگوندەکان کۆتای پێهات، ئێستا نازانم لە کوێ دەژیم؟ کە مرۆڤ ڕکەبەری بۆ پەیدا بوو، خۆی لەبیر دەچێتەوەو لە پیلانی دوژمنیش بێ خەم و بێ ئاگادەبێت. کەواتە هەر لە ئێستاوە پێویستمان بە شۆڕشێکی پەروەردەیی هەیە لەناو ئەندامەکانی شۆڕشدا". ئەم نامەیە لە دوای هەموو بەسەرهاتەکان ئەوسا ئاشکرابوو.
لەدوای ڕۆیشتنی کوڕی دایە بۆ گوندەکان، هەڵمەتێکی فراوان لە گەنجەکان بۆ دەرەوە بە مەبەستی بەشداریکردنیان لە شۆڕشدا دەستی پێکرد. بەتایبەتی کوڕانی گەڕەكو هاوڕێکانی قوتابخانەی. زۆربەیان یان لەماڵەوە بێزاربوون، یاخود توانای خوێندنیان نەبوو، ئەوانەش هەستی نەتەوەیو نیشتیمانی بەرەو خەباتو تێکۆشان جوڵاندبوونی، لە ڕێگای خۆیانەوە ڕۆشتبوون. ئەو کوڕە لاوانە لەشوێن ناوی کوڕی دایە وێڵ بوون. گونداو گوند هەواڵیان دەپرسی تاکو دەیاندۆزییەوە. یەکەم شەو لە دەوری کۆدەبوونەوە، وەك ڕابەرو مامۆستای خۆیان تەماشایان دەکرد. بەرامبەر بەچاوەکانی شەرمەزار دەبوونو سەریان دادەخست، لەڕابردوی خۆیان پەشیمان دەبوونەوە. هەستیان بە گەورەی ئەو و بچوکی خۆیان دەکرد. کوڕی دایە وەك جاران بە نەرمیو ئارامی دەیدواندن و باسی ڕوداوەکانی بۆ دەکردن. هەریەکەم شەو دورە ماڵیو غەریبیان پێوە دیاربوو. هەندێکیان لەو حاڵەتە خراپتر، لوشکە لوشك بۆ دایکیان دەگریان. بەیانی زوو بەچاوی پڕ فرمێسكو گریانەوە بەرەو شار دەگەڕانەوە. زۆریشیان بوون بە قارەمانی شۆڕشو میللەت کە چەندین داستانی نەبەردیان بۆ مێژو تۆمار کرد. کوڕی دایە بووبە پاڵەوانی ڕاستەقینەی ئەو ڕۆژگارە، بەڵام بە ڕەفتارو هەڵسوکەوت هەر کوڕە ناسكو لەسەرخۆکەی جاران بوو. نازناوی پیاوە

مەزنەكەیان پێیەخشی ، بەڵام ئەو ناوەی قبوڵ نەكرد. لەماوەیەكی كەمدا خۆی بە خەڵكی گوندەكان ناساند. زۆربەی گوندەكانی بەسەر كردەوە. چەندجارێك لەگەڵ ئۆقیانوسی هێمندا لە گوندێكدا بە یەكتری گەیشتبوون. پەیوەندییەكی چڕی هاوبیرو بۆچوونو لێكدانەوە پێكەوەی بەستبوونەوە. كوڕی دایە لە مەملەكەتی مێش هە نگ بنەمای پەیوەندییەكانی خۆی لەگەڵ ئۆقیانوسی هێمندا بە وردی بۆ گێرامەوە، هەمان چیرۆك بوو كە من لەگەڵ ئۆقیانوسی هێمندا هەمبوو. هەردوكمان ڕێبواری سەر یەك ڕێگا بووین كە قەدەرەكان وەكیەك بەسەرماندا دابەشببوو، بەڵام بێ ئاگابووین لە یەكتری، یاخود لەژێر هەتاوێكی شاقوڵیدا وەكیەك تیشكەكانمان بەسەردا پەخشببێت، بەڵام بێ ئاگابین لەیەكتری. ئۆقیانوسی هێمن ویستی بە هەرسێكمان سێ گۆشەیەك پێكبهێنێت بەرنامەكەی تێدا سەوز بكات. ناو وكەسایەتی منی لەلای ئەو ئاشكراكردبوو، بەڵام پێرانەگەشت ئەو بەمن بناسێنێت. لەدوای مردنی ئۆقیانوسی هێمن بۆ كەسی سێیەم دەگەڕام، نامەكەی مامۆستا شادمان هاوكات بوو لەگەڵ بیرو بۆچوونم لەسەر كەسی سێیەم كە گومانم هەر لەخۆی دەكرد. كەدڵنیابووم ئەو نییە، هەواڵی كوڕی دایەم پرسی، ئاگادار بووم كە دەست بەسەرە، مامۆستا شادمان حەزینەدەكرد زۆر لەسەر ئەو بابەتە قسەبكات، هەر ئەوەندەی گووت كە كوڕی دایە هەڵگری فكری جوداخوازیو تێكدانی ڕیزەكانی شۆڕشە.

لەو سەردانەدا هەواڵی ئەو كەسەم دەست نەكەوت، بە نائومێدی گەڕامەوە. توانای ئیشوكاری ناوشارم نەمابوو، دڵنیاشبووم بەدوركەوتنەوەم بەرنامەكەی ئۆقیانوسی هێمن بەتەواوی لەبار دەچێت. لە دوای ماوەیەك نامەیەكی ترم لەبرادەرانی سەرەوە بە دەست گەیشت، داوایانكردبوو بە پەلە سەردانیان بكەم. دووەم جاریش هەر چووم بۆلای مامۆستا شادمان ، ئەو كاتە كوڕی دایە لەتەویلەكە هەڵهاتبوو. پرسیاری ئیشوكارەكانی ناوشاری لێكردم، بەڵام من هیچم پێنەبوو كەجێگای ڕەزامەندی ئەوان بێت. وەك برادەرەكەی جاران خولقی نەكردم، منیش بەگژ ئەو هەڵسوكەوتەدا چوومەوە، باسی كەموكوڕیو هەڵەو مەترسییەكانم كرد، زوو لێم تێگەیشت كە دەمەوێت بەتەواوی واز لەئیشوكاری شۆڕش بهێنم. شێوەی قسەكانی گۆڕی بۆ ناو چوارچێوەی ئەركو هەستكردن بە ئەركەكانمان. باسی گرنگی ئامادەكردنی پێویستییەكانی شۆڕشی بۆ كردم بەرامبەر بەكەسێك ئیتر خۆی دورە پەرێز بگرێت.

بڕیارمدابوو وازبهێنم، بەڵام نەمدەتوانی لەئاستی ویژدانو وەفاو بەهاو ئەركە مرۆییەكان خۆم گێل بكەم. بەڵێنی هەموو یارمەتییەكی دارایم پێدان ناڕاستەو خۆ بە پێی تواناو دەرفەت. لەنزیكەوە ئاگاداربووم كە چەند پێویستیان بە كۆمەكی دارای هەیە، ئەو كارەشم بەئەركی سەرشانی خۆ دەزانی، كەگەڕامەوە زۆر بە پەرۆشەوە هەوڵی كۆكردنەوەی ئەو برە یارمەتییەمدا كەداوایان كردبوو. زۆر كەس هەبوون

ئەندامی ڕاستەوخۆ نەبوون، بەڵام هەستی نەتەوەیو مرۆڤایەتی لە ڕۆحیاندا هەبوو، بەئاسانی کۆمەکی دارایيان دەکردین. یارمەتییەکانم بۆ ئامادە دەکردنو بۆم ڕەوانە دەکردن. بەهۆی ئەم کارەوە لە ئیشوکار چالاکی سیاسی دورکەوتمەوە، ئەوانیش هەستیان بەوەکرد کە ئیتر وەك جاران ناتوانم هاوکاریانبم. ئەو سەردەمە هاوکات بوو لەگەڵ دەرکەوتنی دیاردە پیرۆزەکانی وەستاەو هاوڕێکانی کە تاکو ئەو ساتە لەلای من نەهێنیبوون. ڕۆژگارێك هاتە پێشەوە بەتەواوەتی لێیان دورکەوتمەوە، جگە لەو ئەرکانەی لە گانگای وەفاو خۆشەویستیم بۆ هاوڕێو نیشتیمانو مرۆڤایەتی هەڵدەقوڵا. خۆم ئەم کارەم پێباشبوو کە خزمەتێکە گەردی زوڵمو خیانەتی لێنانیشێت، هەڵوێستێکە هەمیشە ڕۆح بە پاکیو ئاسودەیی دەهێڵێتەوە.

وەستام بەبێدەنگی زۆر شتی فێرکردم. یەکەم کەس بۆ کۆکردنەوەی یارمەتییەکان پەنام بۆ ئەو برد، هەر ئەو ئێوارەیە ڕۆشت بۆ بەیانی بە مژدەیەکی خۆشەوە هاتەوە. پەیوەندی ئەو و هاوڕێکانی پەیوەندییەکی ئاساییو تەقلیدی نەبوو. لەسەرەتادا وامدەزانی لە چایخانەکەی وەستا سەعیدی چایچی تەنها بۆ کات بەسەر بردن کۆدەبنەوە، ئەو کەسانەبوون هەوێنی شۆڕشەکان بوون.

لەکاری شۆڕش دورکەوتمەوە، لەدۆزینەوەی کەسی سێیەمیش هیوا براوبووم. ئەسەری کوڕی دایەش لەدوای هەڵهاتنی لەتەویلەکە لە هیچ شوێنێکی هەرێمەکە دەرنەکەوت. بن بەرد نەما لەشوێنی نەگەڕێن ، گوندێك نەبوو بەوردی نەیپشکنن. لەناو شۆڕشەوە دەنگ بڵاوبوەوە لەگەڵ پاسەوانەکەیدا خۆیان داوەتە دەست هێزەکانی ڕژێم. لە هیچ بنکەو مۆڵگاو سەربازخانەیەکی ڕژێمیش دییاری نەبوو. خەڵکی دەیانگووت هەرخۆیان فتیان کردووەو پروپاگەندەی ناو ڕژێمی بۆ دەکەن. هەردوو بۆچوونەکە هەڵەبوو. لەبیر خەڵکیش چووەوە تاکو عەیامێکی دوورو درێژ لە مەملەکەتی مێش هەنگ هەموو ڕاستییەکان ئاشکرابوون. بە درێژایی ئەو هەموو ساڵە سەرقاڵی ئیشکردن بووم. خولیام بۆ کارەکەم عەشقێکی ئەفسوناوی بوو کە تێکەڵ بە ڕۆحم ببوو. هاوڕێیەتیم لەگەڵ چەکوشو دەزگادا پەیوەندییەکی فێرکاری هونەری بوو کە هەزارئاوازی پڕ لەوانەی ژیانیان بە گوێمدا دەچرپاند. وەستاشم پوختەتر زرمەی چەکوشو دەزگای بۆ وەرگێڕامە سەر زمانی هەست. ماوەیەك لەدوای کارکردن یەك کاتژمێر لەگەڵ خۆیدا کاری زیادەی پێدەکردم. ڕۆژێك پێمگووت، وەستا زەمانێك شاگردی بەردەست بووم ئاواتە خواستبووم ببم بە وەستاو ئێواران سەرقاڵی کەلوپەل کۆکردنەوەو دوکان پاکردنەوە نەبم و بڕۆمەوە، کەچی ئێستا وەستام و کاتژمێرێك لە جاران دڕەنگتر دەست لەکار هەڵدەگرم. گووتی وەستایی بەتەنها لەدەستو مەچەکدانییە، دەبێت وەستابیت لە تێگەیشتن بۆ ژیان، بۆ مرۆڤایەتی. ئەو کاتژمێرە زیادەیەی ئێواران فێرت دەکات باشتر لەئاوازەکانی

چەکوش‌و دەزگا تێبگەیت. لەسەرەتادا لە مەبەستی بەباشی تێنەدەگەیشتم، بەڵام لە هیچ بیرو هەڵوێستێکیشی بە گومان نەبووم. پیاوێکی زۆر مەعقول بوو لەناو خەڵکدا. زۆربەی ژیانی لەناو دوکاندابوو، بەڵام خەڵکێکی زۆری دەناسی‌و دەیانناسی. هەندێك لەپەیوەندییەکان نهێنی‌و ئەفسوناوی بوون ، ئەگەرنا ئەو هەموو ئەزموونە لە چ قوتابخانەیەك فێرببوو. یەکێك لە هاوڕێ نزیکەکانی وەستا سەعیدی چایچی بوو. وەستا سەعید چایخانەیەکی بچکۆلانەی هەبوو، بەڵام خۆی دەریایەك بوو لە هەڵوێستی جوامێرانەو خۆشەویستی بۆ مرۆڤایەتی. وەستا سەعید ڕۆژێك ماڵئاوایکردو مرد، ئێستا لەمێژە مردووە، بەڵام لە هەزارەها بۆنەدا ناچارین بە هێنا نەوەی ڕۆحی پاکی، بە یادکردنەوەی هەستە پیرۆزەکانی. لەڕۆحی وەستای خۆشمدا دیاردەیەکی غەریب‌وگەورە هەبوو کە من نە مەدەبینی، دواتر ئێواران لەدوای کاری ئاسای خۆمان هەستم پێکرد. لەناو گەروی چەکوش‌و سنگی دەزگا ئاوازێکی حەزین دەخوڵقا کە ڕۆحی ماندومانی ئاسودە دەکرد. ئێستاش ئەوە دوای چەندین ساڵە کەگوێم لەو زرمەیە دەبێت وا هەستدەکەم کە وەستام لەناو گۆڕەکەیدا گۆرانی بەختەوەریم بۆ بڵێت. لەدوای کۆچی وەستا سەعیدی چایچی وەستاکەی منیش( باوکی میللەت )مرد. ئەو کۆمەڵە هاوڕێیە کەسیان نەمان، بەڵام ئەگەر تیشکی ئاسۆیەکی ڕوون لەناو چاوی هەرکەسێکی ئەمڕۆی گۆڕەپانی خەباتو تێکۆشاندا دەرکەوت، باوکی میللەت‌و هاوڕێکانیم دێتەوە یاد. هەمیشە ئەو ئاسۆیەش دەبینم بۆیە هەرگیز نائومێدنیم و ئەوانیش هەر زیندون لە دڵمدا، هەر زیندون لە ڕۆحمدا.

گرێکان لەسەرەتادا کوێرن، ڕەش‌و تاریك دێنە بەر دیدە، کە دەکرێنەوە ڕەنگیان دەگۆڕێت‌و مانایەکی تر دەبەخشن‌و بەر چاو ڕۆشن دەکەن، نهێنییەکانی ناو ڕۆحیان دەخەنە ڕوو. لەو سەردەمەدا دوو ڕستە وەك دوو گرێی کوێر بیرو هۆشیان تاریك‌و ڕەش کردبووم، دڵیان پڕ کردبووم لەگومان‌و تێنەدەگەیشتم. بە ڕۆژ تاکو ئێوارە کارم دەکرد، بۆچی دەبێت تەنها ئەو کاتژمێرە زیادەیەی دوای ئیشی ئاسای من بکات بەوەستای تەواو؟لە گەرمەی گیان فیداکردن‌و خەباتی پڕ لە شکۆمەندیدا، ئۆقیانوسی هێمن بەرنامەی پەروەدەکردنی ئەندامەکانی شۆڕشی بە ئەرکی هەرە لەپێشینەی شۆڕش دەزانی کە لەسەرەتادا من گومانم لەبۆچونەکەی دەکرد. هەر لەسەرەتای ئاشکراکردنی بەرنامەکەی بەتوندی دژایەتی کرا. ئەو دژایەتی کردنە ئیسپاتی پێویستبوونی بەرنامەکەی کرد کە عەقڵەکانی شۆڕش دەبێت بخرێنە بەر گاریگەری بەرنامەیەکی پەروەردەیی شۆڕشگێڕانە تاکۆ لەدوارۆژدا هەمووومان خۆمان بە کوڕی شۆڕش‌و میللەت بزانین. چیرۆکی ژیانی ئۆقیانوسی هێمن لەسەر زاری کوڕی دایە لەمەملەکەتی مێش هەنگ جارێکی تر دێتەوە ناو باسەکەمان. ئەو سەردەمەی بۆ شۆڕش دەژیاین‌و تك تك ڕۆحمان بەگەرویدا دەکرد تاکو ڕۆحی ئەو

وشك نەبێت، وەستام لەبەردەم پەیکەرێکی پیرۆزدا ڕایگرتم کە نەمتوانی ڕۆحی خۆمی پێنەبەخشم. هەرئێواران دەمامەوەو ئیشم دەکردو لەنهێنی ئەو کاتژمێرە زیادەیە تێنەدەگەیشتم. ئێوارەیەك لەدوای ئیشکردن لەناو دۆلابەکەدا دەفتەرەکەی دەرهێنا، هەموو کاتژمێرە زیادەکانی ڕۆژانی پێشوتری کرد بەپارەو کردی بە دوو بەشەوە. پێیگووتم دوکان دابخەو بابڕۆین. بە دەم ڕێگاوە قسەی بۆ دەکردم .

ئێستا دەچین بۆ ماڵێك، دوو دایكو چەند منداڵێكن، بێ باوكو بێ کەسوکارن . لەخانویەکی بچوکدا دەژین. ئەم پارەیە بۆ ئەوان دەبەین. ئێمە هیچیترمان بۆ ناکرێت جگە لەوەی هەڵوێستی خۆمان بە پیرۆزی ڕابگرینو ویژدانمان ئاسودە بکەین. ڕۆژگارێك بوو ئێمەش سەرقاڵی کاری سیاسی بووین، بەڵام بەویژدانەوە ئیشمان دەکرد، ملی یەکتریمان نەدەشکاند، سوێندمان بە نیشتیمان خواردبوو ڕاستگۆبین، خاوەن هەڵوێستبین، هەر بەو شێوەیەش پەروەردەکرابووین، بەڵام بەمەبەستی خۆمان نەگەیشتین، هەرچەندە کەم تەرخەمیمان نەبوو. سەرکەوتن گرنگە، بەڵام مەبدەئپاراستن پیرۆزترە. چی لەسەرکەوتنێك بکەین کە سەرکردەکان لەپاشاندا مەبەدەئی خۆیان لەدەست بدەن. ئێمە سەرنەکەوتین، بەڵام نەشدۆڕاین بەو ئاستەی ئیتر خاوەن هەڵوێستی خۆامان نەبین. ئێستا هیچی ترمان بۆناکرێت، دڵنیام ئەمکارە هەڵوێستمان بە بەرزیو پیرۆزی ڕادەگرێت ، شۆڕشێکیشە هەرگیز خۆت بە دۆڕاووشەرمەزار نازانیت. مەبەستم لەوە نییە هەموو کارێکی سیاسی ڕەفز بکرێت، مەبەستم ئەوەیە ببیت بە وەستای تەواوتاکو هەموو جوانییەکانی ژیان ببینیت. زۆرکەس بەتەنها جوانیو خۆشییەکانی خودیخۆیان دەبینن‌و هەوڵی بۆ دەدەن. هەندێك لە خۆشییەکانی مرۆڤ لەناو ئازارەکانی کەسێکی تردا بەرجەستە دەبێت، بەو مەرجەی ئازارو خەمەکانی لە پیرۆزی هەڵوێستی خۆت هەڵسویت، ئەودەمە ڕۆحو ویژدان ئاسودە دەبێت کە ڕۆحی جەستەیەکی تر لە خەمو ئازار دەربهێنیت.

دوو بە دوو دەڕۆشتین‌و قسەی بۆ دەکردم. ڕۆحم لەئاستی گەورەیو پیرۆزی ئەودا، شەرمەزار بوو، لەپشتمەوە خۆی شاردبووەوە. لەبەر دەرگای ماڵێکدا ڕاوەستاین‌و تەق تەق لە دەرگایدا. منداڵێك دەرگاکەی کردەوەو خۆی ڕایکردە ژورەوە. بەدوای منداڵەکەدا ئێمەش چووینە ژورەوە . کۆمەڵێك منداڵ لە حەوشەیەکی بچکۆلانەدا یارییان دەکرد. دوو ئافرەت لەناو دایکایەتی خۆیاندا توابوونەوە، ڕوخساریان نوقمی نیگەرانیو خەمو نەهامەتییەکانی ڕۆژگار ببوو. وەستایان بینی بۆساتێك ڕەونەقێکی گەش‌و خەم ڕەوێن سەرتاپای ڕۆحو جەستەی داگیر کردن . باوکی میللەت ئەو پارەیەی لە دوکان کردی بەدوو بەشەوە، هەر بەشێکیدا بەیەکێك لەدایکەکان. لەناکاو دیمەنێکی ئەفسوناوی وەك لە بەهەشتەوە هاتبێتە خوارەوە، یاخود من بۆ دنیای خەوەکان بەرنەوە، لە حەوشەیەکی پڕ لە پەپولەو گوڵی ڕەنگاوڕەنگدا

بووم، منداڵەكان دوو باڵی سپی ناسكیان پێوەبوو بە قەدو باڵای دایكیاندا هەڵدەزنان. هەردوو دایكەكە ڕوخساری مریەمیان وەرگرتبوو كە هەریەكێكیان بەقەد ژمارەی منداڵەكانیان دەستیان پێوەبوو، هەر دەستێك منداڵێكی لە ئامێز گرتبوو. دەنگی ئاوازێكی غەریبو حەزینو نەرم وەك خەندەی سەر لێوی دایك ئاسودەو بەخشندە دەهاتەبەر گوێم. ویستم وەستام لەو دیمەنە بەهەشتییە ئاگاداربكەم كە ئاخۆ ئەویش وەك من دەیبینێت؟وەستاشم لەبەرگێكی سپیدا بینی كە گیرفانەكانی پڕ بوون لە شیرینیو دەستەكانی سەوز بە میهرەبانییەوە بەرامبەر ئەوان درێژی كردبوو. هەموو دیمەكان لە بروسكەساتێكدا گەڕانەوە بۆ دۆخی پێشویان كە وەستام شانی ڕاتەكاندم و پێیگووتم، بابڕۆین ئەوە بۆچی وا وشكبوویت؟ وەڵامی وەستام بۆ نەدرایەوە. بەخێرای هاتینەدەرەوە، چەند هەنگاوێكیش ڕۆشتین هێشتا هەر نەهاتبوومەوە سەر خۆم. بەوەستام گووت: چەندماینەوە؟ پرسیارەكەی پێ ئاسای نەبوو، چونكە هەردوكمان پێكەوە بووین. وەڵامیشی دامەوەو گووتی: تەنها چەند خولەكێك، هەرئەوەندەی پارەكەم پێدان. بەسەرسامییەوە پێیگووتم ، بۆچی دەپرسیت؟ ئەمجارەش وەڵامم نەدایەوەو هیچم نەگووت. هەستم بە بچوك بوونەوەی خۆم دەكرد لە ئاستی وەستامدا، وەك شاگردێكی سەرەتایی خۆم دەبینی. وەستایی خۆم لە هیچدا بەدینەدەكرد. قسەكانی ئەوم وشەبەوشە بەخێرایی بەبیر خۆم دەهێنایەوە، هێندەیتر گەورەو پیرۆز بوو. وشە بە وشە ئەو گەورەترو من بچوكتر دەبوومەوە. خۆزگەم بە بەو غەریزانەی ناخی دەخواست كە دەوری ڕۆحیان دابوو. ڕاستی دەگووت"كارێكی ئاسانو خزمەتێكی گەورە" هەر ئەوەندە سەختە كە بڕیار بدەی، لەپاشاندا تێكەڵ بە ژیانت دەبێت كە نەتوانیت دەستبەرداری ببیت، چونكە خۆشیو ئاسودەیت پێدەبەخشێت.

ئەو حاڵەتەی بە دەرونو هۆشو ڕۆحمدا هات وەستام لێی بێئاگابوو. من خۆشم لە واقعی بوونی بە گومان بووم، لە حاڵەتێكی غەریبو تایبەتیشدا بۆ ساتێك دنیایەكیترم بینی لە نێوانی بوونو نەبوونیدا ڕاماوم، نازانم چۆن لێكیبدەمەوەو پێناسەی بكەم، بەڵام دڵنیام هەقیقەتێك لەو دیو دیمەنە ڕاستییەكانەوەن كە بەچاو نابینرێن، بە دڵوبە ڕۆح هەست پێدەكرێن . منو وەستام لەماڵێكی تاریكو بێ شەوقدا لەگەڵ كۆمەڵێك منداڵی غەمگینو دوو دایكی نیگەرانو پەرێشاندا ڕاوەستاوین، لەناكاو لە هەڵوێستە كردارێكدا هەمووديمەنەكان دەگۆڕدرێن كە ڕەنگدانەوەی لەسەر هەموو دەرونە خەماویەكان دەبێت. ئەمە ئەو هەقیقەتەیە لەودیو دیمەنەكانەوە بە ئاسودەبوونی ڕۆح هەستی پێدەكرێت.

پێش ئەوەی بۆ مەملەكەتی مێش هەنگ هەڵبێم، مامۆستا شادمانم لە ماڵی خۆیان بینی. لە هۆڵێكی گەورەی پڕ لە چڵچرادا دانیشتبووین. ئەو كابرایە سەرتاپای

ژورەکەی تاریك کردبوو. هەزار تارمای ڕەشم لە شێوەی خۆیدا دەبینی. حاڵەتێکی زۆر نامۆ بوو، هەموو ناخم بە شێواوی هاتە سەر ڕوخسارم، دەمودەست هەستی بە تێکچونی باری دەرونم کرد. بە سەرسامییەوە گووتی: ئەوە بۆچی وا تێکچویت؟ بێدەنگ بووم، بەڵام زۆری لێکردم ڕاستی بڵێم، لە خۆی بە گومان بوو. سەردەمی سەرهەڵدانی دیاردە عەجایبەکان بوو. نە مویست هیچ بدرکێنم، لە ڕاستی دیمەنەکان دوو دڵ بووم. تارماییەکانیش هەر زۆر دەبوون. هەموو هەنگاوێك کە دەجولایەوە تارماییەکی تری لە شێوەی خۆی دەخوڵقاند. هۆڵەکە تاکو دەهات پڕترو پڕتر دەبوو. بۆشاییەك نەمایەوە کە جێگای خۆمی تیا بکەمەوەو بە ئازادی هەڵبسوڕێم. چواردەورم بە تارمای تەندرابوو، هەناسەم سوار ببوو، بەڵام ئەو هیچی نەدەبینی. لە پاشەڵی خۆی بێئاگابوو کە چی جێدەهێڵێت. بە خێرایی هاتمە دەرەوە، هەر لەو ساتە گێژاو و شپرزەیەدا، ئەو ئێوارەیەم بەبیرهاتەوە کە کەوتمە ناو دونیا میهرەبانو ڕۆحیانییەکەی باوکی میللەت. لەماموستا شادمان دڵنیابووم کە تارماییەکان نابینێت، ئەگەر وەك منیش بیانبینێت ئاشکرایناکاتو خۆی لەڕاستی بابەتەکە ناداتو منیش بەشێتو بوختانکەر دادەنێت. لە ناو هۆڵەکەدا وەك لەسەر شانۆ نمایشی دوو ڕۆڵی جیاواز بکەین پڕ بە ژورەکە هاواری دەکرد"ئەوە تۆ چیدەڵێیت هەی شێتی خڵەفاو" منیش وردەوردە بچوك دەبوومەوە بۆ ئەوەی لە نێو تارماییەکاندا جێگای خۆم بکەمەوە. من وشەکانم پچڕپچڕ بۆ دەگووترا، بەڵام لێم حاڵی ببوو. هەناسەم سوار ببوو هیچم بە ڕەوانی بۆ نەدەگووترا، تاکو بە پەلە خۆم دەرباز کرد. لەدەرەوەی هۆڵەکەش گوێم لە هاواری بوو دەیگووت: بۆچی من هیچ نابینم؟ کوا تارمایی؟ هەر ئەم بوختانە مابوو بیخەیتە پاڵم ئەی هاوڕێی دێرینم.

لەدوای ئەو ڕوداوە ماوەیەکی زۆر لە شاردا نەمامەوە تاکو بزانم چەند دیاردەی نامۆو سەیر و سەمەرەیتر پەیدابووە. دڵنیابووم زۆر کەسیتردەبن بەتارمایی، دەبن بە عیبرەت ، دەبن بە دیاردەی سەیرو عەجایب، دەبن بە پەنگ. لە مە ملەکەتی مێش هەنگ چیرۆکی ئە و ئێوارەیەم دووبارە بۆ ماموستا شادمان گێڕایەوە، ئەمجارە بە هێمنی گوێی بۆ شلکردبووم و دەیگووت تۆ ڕاستدەکەیت ئەی هاوڕێی دێرین.

لەگەڵ وەستامدا بە کۆڵانەکەدا دەڕۆشتین، من هێشتا سەرسامو سڕی ئەو دیمەنە ڕۆحیانییە خەوئامێزەبووم. وەستام بێباك بوو لە گەورەیی خۆی، منیش لە بچوکی خۆمدا ڕۆحم هەر لە پشتمەوە خۆیشاردبووەوە. ئارەزوم بوو هەر لەو کاتەدا پەیڕەوی قسەو پرۆگرامی وەستام بکەم تاکو منیش ببم بەو. لەناو دەنگی زرمە زرمی ئەو ئێوارانەی کە ئیشی زیادەم کردبوو ڕایچڵەکاندم. ئاوازێکی نەرمو ئاسودە بەخشبوو. هەستم بە ڕۆحم دەکرد بەسەر سەرمەوە وەك پەپولەکانی بەهەشت لەپێش خۆمەوە هەڵدەفڕی. لەئاستی وەستامدا خۆمم دەبینی. بە پەرۆشترو بە دیقەتتر گوێم بۆ

ئـاوازەكـان ڕادەگـرت، هـەرئـەودەنگانـە بـوون لـە زرمـە زرمـی چـەكوشودەزگاكـەوە دەخولْقان، بـەلاْم ویژدانو هـەلْوێستی مرۆڤانـە لـە ڕۆحو دەرونێكـی ئاسودەدا لـەسـەر ڕیتمی ئاوازی مۆسیقایەكی ئەفسوناوی بە گوێی منیاندەدا. وەك بالْندەیەكی ڕۆح سوك ڕێم دەكرد، بە جۆرێك هەستم بە لەش سوكی خۆم دەكرد وەك پێكانم لەسـەر زەویـەكـە نەبن. ئاوڕم بۆ دوای خۆم دەدایـەوە تـاكو بزانم لـە جێگا هـەنگاوەكـانم چـی دەڕوێن، جگە لە تەپوتۆزی كۆلاْنە خۆلاْوییەكە هیچیترم نەدەبینی. ئێوارەیـەكـی تایبـەتبـوو بۆ من، دلْم بە تواناو هـەلْسوكەوتـی خۆم خۆشبوو. زۆر ئاسودەبووم كـە بـاوكـی میللـەت وەستام بوو، وشەكـانی لـەگوێمدا دەزرنگانـەوە، بـە هـەمـوو هێـزە نـاوەكییـەكـانی نـاخو دەرونو ڕۆحو فكـرم بـاوەڕم بـە قسـەو بیـرو بـاوەڕی هێنـابوو. هـەمیشـە پێیـدەگـووتم خۆشیو ئاسودەیی مرۆڤ لە سارێژبوونی ئازارەكانی كەسانیتردابەر جـەستە دەبێت. ڕەنجی ئێوارەیەك ئیشـی زیـادە لـە پێنـاوی بـەهـا مرۆییـەكانـدا گـەڕانـەوەی هێزو توانـا لەدەستچووەكانی هەموو ڕۆژەكەیە و ئاسودەبوونی ڕۆحو ڕەوینـەوەی ئـازارو مانـدو بوونی جـەستەیـە. خۆشییەكـان هـەرئـەوەندە نین كـە پـەیوەستن بـە نـاخی خۆمانـەوە، ئازارەكانی كەسانیتریش تێكەلْ بە ناخی خۆمان بكەین دەبن بـە خۆشـی و ئاسودەمان دەكـەن، ئـەوەش بـۆ ئێمـە لـە زرمـەی مـاچی چـەكـوشو دەزگـاوە بـەرهـەم دێـت. ئـەم ئێوارەیە تۆم لەگەلْ خۆمدا هێنا، تاكو ڕاستییەكان هەست پێبكەیت.

5

# باوکی میللەت

لەپاش مردنی باوکی میللەت، منو دلێری کوڕی لەسەر هەمان پەیڕەو فکرو هەڵوێستی ئەو کارمان دەکرد. زرمەی چەکوشو دەزگا بوون بەو ئاوازە ئەفسوناویانە کە ئیتر نەتوانم بەبێ ئەوان بژیم. ئەو زرمەیە هەمان دەنگ بوو کە لە چەکوشو دەزگاکانی ترەوە دەهاتن، بەڵام شەڕی نێوان چەکوشو دەزگاکەی من وەك نەرمە پێکدادانی لێوەکانی دوو عاشق شەقەی ڕاموسانی دەچڕی، زێدی منیان جێدەهێشتو وەك مەلی باخەکانی بەهەشت میهرەبانانە دەفڕین. دەفڕینو دەفڕین تاکو دەگەشتنە ئەو ڕۆحانەی کەبۆنی سوتانی نەهامەتییەکانی قیامەتێکی ناهەقیان لێوەدەهات. لە ناخی ئەواندا ئارام ئارام گوڵو گەڵای خۆشیو ئاسودەییان دەچنییەوەو بەدیاری بۆیان دەهێنام. منیش وەك باوکی میللەت هەڵوێستم هەبوو، وەك ئەو بیرم دەکردەوە، وەك ئەو لە کۆکردنەوەی سامان بێ خەمبووەو لەئاستی ئاسودەبوونی ڕۆحو ویژدانمدا بێباك بووم. دلێریش وەك من بەپەرۆش بوو، وەك باوکی خەم خۆر بوو تاکو ئەو ڕۆژەی دوکانو منی بە جێهێشتو ڕووی لە هەندەران کرد. لە ئێوارەیەکی چاوەڕوان نەکراودا"هەرچەندە کۆچی خەڵك وەك پەتایەکی ساری هەموو کەسێکی گرتبووەوە"لەپاش کاری زیادەی ئەو ئێوارەیە، کەلوپەلەکانی دوکانی بەدەم هەنسکی گریان کۆکردەوە کە پڕبوو لەنەعرەتەی توڕەبوونو ڕیسواکرنی پیرەحوکم، یەکەیەکە کەلوپەلە بەردەستەکانی ڕۆژانەی خۆی بە ئەسپایی ماچ دەکردن. دیمەنی تازەو غەریبو بۆمن، سەرسام بووم. جلو بەرگە خاوێنەکانی لەناو دۆڵابەکەدا دەرهێناو خۆی گۆڕی. جلوبەرگی کاریشی بە بزمارەکانی سەر دیوارەکدا هەڵواسی، بەرامبەریان ڕاوەستاو قسەی بۆ دەکردن. . . .

"داوای لێبوردنتان لێدەکەم بە جێتاندەهێڵم، ڕەنگە خۆم ونبکەم کە پێموایە بەدوای خۆمی ونبوودا دەگەڕێم. ئێوە تەنها جلو بەرگ نەبوون بۆ من، هاوڕێی هەمیشەیم بوون، ئەو کەلە بوون خۆری ئاسوی منی تێدا هەڵدەهات تاکو مەلی ڕۆحم بەدڵنیاییەوە هەڵفڕێتو لەناو ئەم مەملەکەتە پڕ لەژانەدا ئاسودە ببێت. " بەدەم گریانەوە وەك بۆ کەسێك بدوێت لەناخەوە قسەی دەکرد. ویستم لەو دنیا خەیاڵە ڕاپیکێشمە دەرەوەو بەئاگای بهێنمەوە نەبا ئەندێشەو خەیاڵ شێتی بکات. جلە هەڵواسراوەکان لەبەر دیدەمدا ڕوخسارو هەیکەلی(مامبرایمیکۆڵکێشیان)وەرگرت دەستی ئامێزی بۆ دلێر درێژ دەکرد. ئەو دیمەنە تەنها ساتێکی کەم بوو، زوو لەبەر

چاوم ونبوو. منیش بۆ ساتە وەختێکی کەم لەهۆشی خۆم چووم، لەناو یادی ئەو ئێوارەیەدا بە ئاگاهاتمەوە کە باوکی میللەتو دوو دایکەکەو منداڵەکانم لەدیمەنێکی بەهەشتیدا بینی. بە شپرزەیو سەرسورمانەوە رووم بەلای دلێردا وەرگێرا، بەڵام دلێر لەوێدا نەمابوو.

لەدوای راپەرین ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتی هەرێمەکە بە هەموو شتەکانەوە پێچەوانە بووەوە. ئاواتو خۆزگەکان بە هەڵگەراوی کەوتنەوە. هەڵوێستە شۆڕشگێرییە مەعنەوییەکان لەگەڵ حەزە مادییەکاندا ئاڵوگۆڕی پێکرا. گەورە بچوك دەکراو بچوکیش دەخرایە شوێنی گەورە. بەسەرهاتی مامبرایمی کۆڵکێشیان بە قەد کێویێك گەورە کردو زوڵمو دزیو خیانەتی خۆیان پێشاردەوە. شەوێك لەکەناڵە تەلەفزوێنەکانەوە پیاوێکی دزیان بە خەڵك ناساند. مام برایمی کۆڵکێش بە روخسارێکی نیگەرانەوە بوو بە میوانی هەموو ماڵەکان. مام برایم پیاوێکی بەساڵاچووی ماندوو بوو. لە هیچ سەردەمێکدا بەحوکمی قولاپو کۆپانو شانو بازوی ماڵو منداڵی پێویستییان بەکەس نەبووە جگە لە رۆژگارەکانی دوای راپەرین کە هەرێمەکە بەدەست نەهامەتییەکانی حوکمڕانییەوە سەر گەردان ببوو. دلێر هاورێی بەرهەمی کوری مام برایم بوو، یەکێك بوو لەو خێزانانەی کە مانگانە یارمەتی دەدان، مام برایمیش تەنها یارمەتی لە دلێر قبوڵ دەکرد. لەو رۆژگارە هەڵگەراوەیەدا کە هەموو شتێك پێچەوانە ببوەوە، خەباتگێرو خاوەن هەڵوێستەکان لە جێگای فەرمانرەوا جەللادەکانی پێشو بوون. بە پێی دیاردەی پێچەوانەبوونی هەموو شتەکانی ئەو سەردەمە، خیانەت کارو بوردەڵەکانیش باڵادەست بوون. مام برایمی کۆڵکێشی نەفس بەرزی تەمەن ئارەقاوی ماندویان بە روخساری غەمگینەوە هێنایە سەر شاشەی تەلفزوێنەکانو کردیان بە میوانێکی دزی رەزا گرانی هەموو ماڵێك. رووی رەشی خۆیان بە روخساری میهرەبانی مام برایم سپی دەکردەوە. وەك دزی سەرسنورو مەرزەکانیان گرتبێت، سوێندیان دەدا کە دان بە دزییەکەیدا بنێت چۆن ئەو قوتووە رۆنە یەك کیلۆییەی دزیوە. مام برایمی میهرەبان شەرمنو نیگەران راوەستابوو سوێندی بە قولاپەکەی دەستی دەخوارد کە دزی نەکردووە. باوەریان پێنەدەکرد. سوێندی بە کۆپانەکەی کۆڵی دەخوارد، بە تورەییەوە پیا هەڵدەشاخانو دەیانگووت، قولاپ چییە تاکو سوێندی پێبخۆیت؟ کۆپانی کۆنەو دراو چییە ئێمەی پێ فریو بدەیت؟ مام برایم لە پاکی خۆیدا دەگریا. وایان دەزانی پیاوێکی تاوانبارو ترسنۆکە، بۆ ئەوە دەگری سۆزیان بۆی هەبێتو لە تاوانەکەی خۆشبن. دەیگوت: بۆ رۆحی پاکی قولاپو کۆپانەکەم دەگریم کە سوێند بە گیانی پیرۆزیان دەخۆمو باوەرم پێناکەن، لە گەورەییو حورمەتی ئەوان کەم دەکەنەوە، بە کۆنو دراو و هیچیان ناو دەبەن. ئێوەن دز کە خاوەنی هیچ پیرۆزییەك نین تاکو باوەرتان پێی هەبێت.

سەردەمێكی ناهەموار بوو، هەموو شتەكانی لە سیستێمی حوكمێكدا پێچەوانە بووەوە. مام برایمی كۆڵكێشیش لەسەر تەنافی جامبازەكان لەگەڵ هەموو شتەكاندا كەوتو هەڵگەڕایەوە. مام برایم لەمێژ بوو جێگای متمانەی خەڵك بوو، ڕێزی دەست پاكیو میهرەبانیان لێدەگرت، ئێستا بە بلە دز ناوی دەبەن، كەس متمانەی پێناكات، كارێكی پێبسپێرێت. بەرهەمی كوڕی لەناوشەرمەزاریو ئازارە دەروونییەكانی خێزانەكەیاندا كە دەسكەوتی حوكمی گەندەڵیو بەرهەمی بێدەنگیو تێنەگەیشتنی جەماوەر بوو ، نەیتوانی ئارامی مانەوە بگرێت. لە نامەیەكدا كە بۆ دڵێری نوسیبوو:

"دڵێر گیان هەموو شتەكان پێچەوانەبوونەتەوە. كەواتە سەرسام مەبە كە لە خواستەكانی خۆم هەڵبێم، منیش لەناو جامولكەی ڕۆژگاردا وەك هەموو شتەكانیتر سەرەونخون بوومەتەوە. ئەمرۆ هەڵدێم لەو جێگایەی هەرگیز باوەڕم نەدەكرد كە جێیبهێڵم، ڕەنگە هەڵهاتنم گەڕانبێت بەدوای خۆمدا، پێموایە لەناو زێدی خۆمدا ونبووم، دەڕۆم تاكو خۆمی ونبوو بدۆزمەوە، ئەی هاوڕێ گیان ! ڕامەمێنە كە دەڵێم ونبووم. مرۆڤ كە هەستی بە نامۆیو بێزاری كرد لە مەملەكەتی خۆی، مانای ونبووە. چۆن وننەبووین كە لەناو كۆمەڵی خۆماندا پێگەیەكی كۆمەڵایەتیمان نەمابێت، بنەماو پایەكانی ئینسانی بوونت بڕوخێنن، ڕوخسارت ڕەش كەن، ناخت تا سەر ڕۆحت بڕوشێنن. ئەوە ونبوونە تاوان بەسەرتا ببارێنن، بێدەنگی مرۆڤگەلێكیش جارێكیتر نوقمی ونبوونت دەكات. لەنزیكی خۆمان ونبووین، بەڵام دڵنیابە ئەبێت لەدوور بۆ خۆمان بگەڕێین. ئەی هاوڕێ گیان من دەبێت ئێرە بەجێبهێڵم، پێتوانەبێت لەسەر سونەرەكان فریشتەی بەخت بە بەرگی سپییەوە چاوەڕوانم دەكات، من هەر دەبێت بڕۆم، دڵنیاشبە لە قەدەر زیاتر كەسیتر شك نابەم چاوەڕوانم بكات. دەڕۆم خۆمو باوكمو هاوڕێكانی خۆمو باوكم بدۆزمەوە، هەموو ئەو كەسانە بدۆزمەوە كەلەم هەرێمەدا ونكراون".

بەرامبەر بە جلە هەڵواسراوەكانی دڵێر نوقمی سەرسامی ببووم، كە هاتمەوە سەر خۆم دڵێر دیار نە مابوو، منیش بە خێرای دوكانم داخستو ئاوێتەیەك لە خەمو نیگەرانیو شپرزەیو سەرسامی، سەرتاپای ڕۆحو جەستەمی گرتبووەوە. لەماڵەوە ئارامم نەگرت، بەرەو ماڵی دڵێر ڕۆشتم، هەواڵم پرسی گووتیان هاتۆتەوە. لەژوورەوە بەتەنها دانیشتبوو، تاكو ئەو كاتە هەر هەنسكی دەدا، زۆر گریا بوو، چاوەكانی سور هەڵگەڕا بوون. هەوڵمدا ئاسای بكەمەوە بۆ ئەوەی بتوانم ڕازی بكەم كە بەتەنها بەجێمنەهێڵێت. پێمگووت، دڵێر گیان لە هەمووو كات زیاتر ئێشم بەتۆیە، بەیانی دەبێت بێیتەوە بۆ دوكان، چاوەڕوانت دەكەم، نەك بەتەنها من كەلوپەكانیش، جلوبەرگەكانیشت چاوەڕوانت دەكەن. ڕوداوە ئەفسوناوییەكەی جلەكانیم بۆ گێڕایەوە، بۆ ساتێكی كەم بزەیەكی بێبڕوایی كەوتە سەر لێوەكانی، كاتێك پێمگووت، مام برایم

بینی لەناو جلە هەڵواسراوەکانتا، دەستی تکای بۆ درێژ کردبوویت کە بەجێینە هێڵیت. دلێر بە دڵی غەمگینو گریانەوە گووتی: هەر دەبێت بڕۆم، جارێکیتر ناتوانم وەك پێشو بگەڕێمەوە سەرکار. دەڕۆم بۆ بەرهەم دەگەڕێم، بۆ خۆمی ونبوو دەگەڕێم. واپیدەچێت هەموومان ونبووبین.

دلێر ڕۆشتو من و دوکانو کە لوپەکانو هەرێمەکەشی بە جێهێشت. لەسەرەتادا من حەزم نەدەکرد کە بەجێیهێشتین، بەڵام دواتر لەپاش زیاتر چوونە ناو ئەو قیامەتەی کە هەڵگیرسابوو، ئەو ڕۆژگارەی کە تیشکی ئاسۆکان کزترو لێڵتر دەبوون، ڕۆژی سەد جار خۆزگەم بە دلێر دەخواست. وردە وردە هەستم بە ونبوونی خۆم دەکرد. بۆ چرکەیەکیش لەخۆم خافڵ نەدەبووم ، بەڵام گومانم لە خۆم هەبوو کە هەم. دڵنیابووم لەو واقیعەی کە مرۆڤەکان لەناو ڕۆحی خۆیاندا لەناو شارەکی خۆیاندا، لەباوەشی کۆمەڵگا کەی خۆیاندا هەر هەموویان ونن. ڕۆح بەهای خودی خۆیان لێسەندبووەوە، هەرێمەکە ببوو بە قیامەت، کۆمەڵگا بێ دەنگو بێ هەست، ئیتر تاك بوونی خۆی لە کوێدا ببینێت.

لەدوای مردنی ئۆقیانوسی هێمن من لەکاری سیاسی سارد بوومەوە، بەڵام پەیوەندی دۆستانەم لەئاستی یارمەتییە مادییەکان لەگەڵیاندا هەبوو. لەسەرەتادا دەمویست درێژە بە بەرنامەکەی بدەم، بەڵام کەسی سێیەم کە ئۆقیانوسی هێمن بۆی باسکردم، هەر بۆم نەدۆزرایەوە، ئەویش لە هیچ زەمانێکدا خۆی لێ ئاشکرانەکردم، دڵنیاشبووم بەتەنها هیچم بۆ ناکرێت، سەرەڕای ئەوەی بەرنامەکەی لای من کەمو کوڕی هەبوو. سەردانەکانیشم بۆلای مامۆستا شادمان مەترسی بەر نامەکەم بۆ ئاشکرابوو. بەڵام بەئاسانی لە هۆکارەکانی تێنەدەگەیشتم. بەرنامەیەکی پەروەردەیی بۆچی دەبێت دژایەتی بکرێت؟

لەپاش ڕاپەڕینو هاتنە خوارەوەی برادەرانوسەرهەڵدانی نەهامەتیەکان، کەڵکەڵەی دووبارە زیندوکردنەوەی بەرنامەکەی ئۆقیانوسی هێمنم کەوتەوە سەر. ئەو چەند بەشەی ئۆقیانوسی هێمن بۆی ناردبووم، بە وردی چاوم پێدا خشاندنەوە، لەگەڵ ڕەوشی سیاسی ئەو رۆژگارەدا بەراوردمکردن. گرنگیو ترسناکی ناوەڕۆکی بەرنامەکەم بۆ سەر بارودۆخی هەرێمەکەو لەسەر گروپی حوکمڕانی بۆ ئاشکرابوو. ئۆقیانوسی هێمن دەیویست بەپێی بەرنامەیەکی پەروەردەیی هەر هەموومان بکات بە کوڕی شۆڕش، شۆڕشیش باوکێکی داد پەروەربێت بۆ میللەت. بەرنامەکە بەرهەمی ڕەفتارو بیرکردنەوەی ئەو عەقڵانەبوون کە ئۆقیانێسی هێمن گومانی مەترسی پاشەڕۆژی لەسەریان هەبوو. ئەشێ لەو سەردەمەدا ئۆقیانوسی هێمن لایەنگری زۆری لەناو شۆڕشدا هەبووبێت، بەڵام بە چاوی گومانەوە لەوانەی دەڕوانی کە ڕابەرایەتی شۆڕشیان دەکرد پێویستیان بە پەروەردەکردن هەبێت تاکو دواڕۆژ

كەسایەتییەكی گونجاوبن لە ئاستی كارو دەسەڵاتیاندا. بەرنامەكەیان كوشت، ئایندەش بەو جۆرە كەوتەوە كە ئۆقیانوسی هێمن بەبێ بەرنامەیەكی پەروەردەیی شۆڕشگێڕانە وێنەی كێشابوو. ڕۆشتنی دلێرو هەزارەهای وەك ئەو و پەیدابوونی هەموو نەهامەتیەكانی هەرێمەكە، دەرئەنجامی ئەو عەقڵانە بوو كە خۆیان بەباوكی شۆڕش‌و میللەت دەزانی، هەمیشە میللەتیان قەرزاری ڕابردوی خۆیان دەكرد. زەروریەتی بەرنامەكەی ئۆقیانوسی هێمن لەسەرەتای شۆڕشدا، لەو سەردەمە پڕ لە نەهامەتییەدا خۆی سەلماند. بۆ هەلو مەرجێك دەگەڕام بەش بەش دەست بە بڵاوكردنەوەیان بكەم، نەبوونی دوا بەش مەراقم بوو، بەرنامەكەش بەبێ بەشیكۆتایی گرنگی‌و كاریگەری نەدەبوو. چەند جارێك خوێندنەوەو لێكدانەوەی وردم بە مەبەستی نوسینی دواین بەشی ئەنجامدا، ئەو سەردەمە هیچم بۆ نەكرا، بەڵام چەند بابەتێكی گرنگم سەبارەت بە بارودۆخی ئەو سەردەمە لەلا گەڵاڵەبوو. نوسەر نەبووم بۆیە هەندێك جار لەنوسینی وتارەكانم بەگومان بوومو لە بڵاوبوونەوەیان پەشیمان دەبوومەوە. دووبارە بەسەر بابەتەكاندا دەڕۆشتمەوە، زۆرگرنگترو بابەتیانە تربوون لەو وتارانەی كە لەو ڕۆژگارەدا بڵاودەبوونەوە. ناوەڕۆكی وتارەكانیشم بەقەد باڵای واقعی سەردەمەكەدا بڕابوو. بەخۆم دەگووت ئیتر نوسەر ئەو كەسەیە لەئاستی گەندەڵی ئەندێشەو ئازارەكاندا بێدەنگ نەبێت، بە گژ زوڵم و ناهەقیەكاندا بچێتەوەو ڕوداو كارەساتەكان هەست پێبكات‌وچارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە. خۆ ئەو كەسانەی دەنوسن لە خواوە فەرمانیان بۆ نەهاتووە تاكو توانایەكی ئەفسوناوی لە قەڵەمەكانیاندا هەبێت. وتارەكانی خۆم بڵاوكردەوە، دیاربوو بابەتەكان ئامانجیان پێكابوو. لەدوای بڵاوبوونەوەی چەند وتارێك كۆمەڵێك كەسی هاو شێوەی خۆم پەیوەندییان پێوەكردمو دەستخۆشییان لێكردم. وتارەكان هەر بەناوی خۆمەوە(وەستا كاوە) بڵاودەكردەوە. ئەو كەسانەی پشتگیری‌و دەستخۆشی نوسینی وتارەكانیان دەكردم، پشتگیرییەكی مەعنەوی بوو، زادەی هەستكردن‌و قبوڵ نەكردنی ئەو بارودۆخە بوو كە حوكمڕانییەكی بەر تەسك لەناودەسەڵاتێكی بازنەیەكی داخراودا بەرهەمی هێنابوو. پشتگیری ئەو جۆرە كەسانە بۆمن گرنگ بوولە حاڵەتی تایبەتیدا بێدەنگی جەماوەر نەمخنكێنێت. زۆربەی كەسانی ناو شۆڕش بوون، بەرژەوەندی تایبەت هەڵوێستی نەتەوەیی‌و مرۆڤانەی نەشێواندبوون. لەم سەردەمەشدا لەئاستی زوڵمەتەكاندا نەیادەتوانی بێدەنگ ببن. "موراد عاشق" یەكێك بوو لە قارەمانەكانی سەرەتای شۆڕش، لەسەر هەڵوێستی پاك‌و پیرۆزو جوامێرانەی خۆی لەناو جەرگەی كۆمەڵدا لوتكەیەكی بەرزی هەڵچنیبوو، بە شانازییەكی سادەو ڕۆح بەخشانەوە لەسەری ڕاوەستابوو. لەگەڵ هەموو گەندەڵی‌و لادان لە هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە ، ئەو دەستبەرداری ئەركەكانی نەبوو لەناو شۆڕشدا، دەیگووت"من كوڕی شۆڕشم بۆ خزمەتی خاك‌و میللەت خوڵقاوم".

ڕۆژانی سەختی خەبات چۆن بەگژ دامودەزگا سەربازییەکانی ڕژێمدا دەچووەوە، لەم سەردەمە تێکڕژاوو چەواشەو حوکمی تاك هەڵپەیەشدا، دوور لەبەرژەوەندییەکانی خۆی ڕووبەڕوی دەسەڵاتداران دەبووەوە کە وەك گورگی برسی چاو تێرنەبوو دانیان لە داهاتوو بەشی میللەت گیرکردبوو، چنگیان لەخاك گیر کردبوو.
لەبەیاننامەیەکی فەرمی سەرۆکایەتیدا، لەدوای چەندین ساڵ خەباتی پڕ لە سەروەری موراد عاشق ترۆکرا. شریتی بیستو هەشت ساڵ لەمەوپێشیان بۆ لێدایەوە بە نیازی بەهانەگرتنو سوکایەتیو تاوانبارکردنی. موراد عاشق بەهەمان هەڵوێستی قارەمانانەی ڕۆژانی پێشوی خەبات، بەگژ بەیاننامە پڕ لە درۆو دەلەسەکەدا چووەوەو بەرگری لەخۆی دەکرد. لەگۆڕەپانی ناوەڕاستی شاردا لەسەر سەکۆی "قارەمان"ڕاوەستابوو، بەدەنگی دلێرو نەترس حوکمی گەندەڵی سەردەمەکەی ڕیسوادەکرد. لەناو ئاپۆڕای خەڵکو دەنگی چەپڵەی پشتگیری، دەنگی گریانێکی بە کوڵو حەزینیش بیسترا. موراد عاشقی قارەمانبوو، بۆ فریشتەی دەستگیرانی دەگریا.
پێش چلو پێنج ساڵ لەمەو بەر دایکێکی گەنجی میهرەبان لەگەڵ کۆرپەلەکەیدا وەك لەئاسمان هاتبێتنە خوارەوە لەیەکێك لە کۆلانەکانی شاردا لە بەرە بەیانییەکی زۆر زوودا قوتبوونەوە. بەیانییەکی زۆر زووبوو، دونیا لەدەمی تەسلیم بوونی تاریکیدا بوو، دوای ساتەکانی تەمەنی ئەو شەوەبوو. ڕۆژێکی نوێ وردە وردە بەڕەنگی خۆڵەمێشییەوە دەردەکەوت. لەگەڵ سپیبوونەوەی دیمەنەکاندا ڕەنگو ڕوخساری دایکە میهرەبانەکەش سپیتر دەبوو. بە حوکمی سروشت دایك بوو، ئەگەرنا هێشتا گێژۆڵەیەك بوو لەدەمی عاشق بووندا.غەمگینو نیگەران کۆرپەلەکەی لە ئامێزی ترسو شپرزەییدا بە ڕۆحی خۆیەوە نوساندبوو. لەبەردەرکی هەر ماڵێکدا هەڵوێستەیەکی پڕ لە گومانی دەکردو بەرەو دەرگای ماڵێکیتر بەجێیدەهێشت. قرتەی کردنەوەی دەرگای ماڵێك دایچڵەکاند، وەستا خەیامی کاشی بوو، لەناو دەرگای حەوشەی ماڵەکەی خۆیاندا چاوەکانی بۆ باشتر بینینی دایکەکە هەڵگڵۆفی، سەرو قژ گیڤنو ئاڵۆزکاو، هێشتا خوماری شەو بەرینەدابوو. وەستا خەیام هەموو بەیانییەکی زوو بەرەو ئیش دەچوو. بە جلو بەرگی کارەوە لەناو دەرگاکەی خۆیاندا بەسەرسوڕمانەوە سەرنجی ئافرەتەکەی دەدا. وەستا خەیام پیاوێکی قسە خۆشو ڕاستگۆو دەستو دڵ فراوان بوو. شەوان لەدوای هەموو پیاوانی گەڕەك بەدەم نەرمە گۆرانییەوە دەگەڕایەوە، بەیانیانیش لە پێش هەموو پیاوێکی کۆلانەکە بەبێدەنگی لەماڵەوە دەهاتەدەرە، بۆ سەر کار دەچوو. بۆ یەکەم جار بوو وەستا خەیام لەبەیانییەکی وا زوودا ئافرەتێکی تەنیای نامۆو نەناسیاو ببینێت. ئەوەی وەستا خەیامی خستە گومانەوە، ڕوخساری پڕ لەنهێنی ئافرەتەکەبوو، لەبەر زەینی وەستا خەیامدا لە فریشتەی ئاسمان دەچوو، کەچی بە چرکەی دەرگایەك وەك کەسێکی هەڵهاتوی

گوناهبار، ڕۆحی لەئازاری ترسێکی دەرونیدا سەرتاپای جەستەی ڕاپسکاند. قەستی بوو خۆیی‌و کۆرپەلەکەی هێندە بچکۆلانە بکاتەوە، لە پەنای تەنەکەی خۆڵی بەر ماڵێکدا خۆیان حەشاربدەن. نهێنییەکی سەرسوڕهێنەرە کاتێك ترس‌وغەزەب لە جێگای خۆت هەڵتەکەنێت بە ناچاری پەنا بۆ جێگایەکی تر دەبەیت. ئەو شوێنەی پەنات بۆ هێناوە هەر لێی بەگومانی ، چرکەیەك ڕۆحی گەورەت دەهەژێنێت. ئای گەردونە زەبەلاحەکە زاڵمەکانت بە هەموو کونجو پەنایەکی خۆت ئاشناکردووە، جێگایەکی نهێنیت بۆ مرۆڤە مەزڵومەکانی خۆت بە نهێنی نەهێشتۆتەوە تاکو لەناچاریدا پەنای بۆ بەرن.

وەستا خەیامی کاشی تاس‌و چەکوش‌وکەمچەکەی بەئەسپای لەبەر دەرگای ماڵەوە دانا. بە سەرسامیەوە لەدایك‌و کۆرپەلەکەی ئامێزی نزیکبووەوە. جارێکیتر چاوە خومارەکانی بە پەنجە زبرەکانی هەڵکڵۆفی، لەناخەوە ڕۆحی دەلەرزی. خەیاڵی هەر لای مرۆڤە ئاسمانییەکان بوو. دایکەکەش بە کۆرپەلەکەوە وەك ئاخرین چڵی نەمامێکی بەرزلە شەوێکی شەماڵدا هەڵدەلەرزی، لەرزینێك شێوەی سەمایەکی خودای دەنواند لە ڕۆحی دەرویشێکدا. ڕەگو ڕوخساریشی سپی هەڵگەڕابوو، وەك دەنکێك ئەبڵەقی سپی داگیرساو کە هەمیشە بە بریقەی پرشنگدار بدرەوشێتەوە. وەستا خەیامی هەمیشە خومار لەناکاودا دوو تەزووی ساردو گەرم بە ڕۆحیدا تێپەڕی، لەمێژبوو هێندەی ئەو ساتە "زیت" خۆی نەبینیبوو. بێدەنگو بێ جوڵە لە حاڵەتێکی زۆر تایبەت‌و ئەفسوناویدا چاویان لەناو چاوی یەکتری بڕی. وەستا خەیام وێنەی دوو مانگی بچوکی هێندەی قەبارەی بیلبیلەی چاو لەناو چاوەکانی دایکەکەدا بینی. بە خێراییەکی شپرزەی دەستی بەسەرو قژە تێکئاڵاوەکەیدا هێنا. دایکەکە بەڕوخساریدا ئارام تر دیاربوو، وەك لەگەڵ سۆفییەکی میهرەبانی ڕۆحانی ڕوخسار نورانیدا ڕاوەستا بێت، سەرتاپا گیان‌و جەستەی نوقمی ئارامی‌و دڵنیای بوو. وەستا خەیام بە هەستێکی پیرۆزەوە گوتی: دادە گیان تۆ کێیت؟مرۆڤی ئاسایت یاخود پەری‌و فریشتەی ئاسمانیت؟

دایکەکە بەنەرمی لێوە وشکەکانی بە زمانی تەڕ کردو گووتی:بەو ڕوناکییەی لەدەرونی تۆوە پرشنگ دەدات ڕاستت پێدەڵێم نە فریشتەمو نە پەری‌و نە گوناهبار. هەنسك لە ناخیەوە تێکەڵ بە وشەکانی سەرزاری بوو. گووتی لە ئاسمانیشەوە نەهاتووم، بیریشم نایەت ئەمشەو لە چ جێگایەك بووم، لەگەڵ سپێدەی ئەم بەیانییەدا لەم کۆلانەدا دەرکەوتم. بەخوا گوناهبار نیم، کەچی ترسێك ڕۆحو لاشەی داگیر کردوم، هەڕەشەی مەرگم لێدەکات. وەستا خەیام کەمێك لەبەسەر هاتەکەی حاڵیبوو، بە ئەسپایی دەستی بۆ درێژکرد، دایکەکەش بە ئارامی دەستی خستە ناو دەستی. پێیگووت، وەرە با بچینە ماڵەوە، ئیتر لەناو ئەم کۆلانەدا ڕانەوەستین،

قەدەرێکیتر پڕ دەبێت لە پرسیارو گومانی بێ کەڵكو نابەجێ. لەبەر دەرگاکە تاسو چەکوشو چەمچەکەی هەڵگرتو چوونە ژورەوە. مرواری ژنی هێشتا لەخەو هەڵنەستابوو کە وەستا خەیام بە هاوار هاوار گەڕایەوە"ژنەکە هەستە میوانمان هاتووە". مرواری مێردەکەی خۆی باش دەناسی، زۆر جارمیوانی ناوەختی بۆ ماڵەوە هێنابووەوە. پیاوێکی کراوەو بێ ماڵ بوو لەئاستی میوانو خەڵکی لێقەوماودا. ئەو ڕۆژەی خەڵکی گەڕەکی لەماڵی خۆیان کۆکردەوە، سەبارەت بەو دایکە میهرەبانە قسەی بۆ دەکردن کە بەیانییەکی زۆر زوو وەك فریشتەی ئاسمان لە کۆڵانەکەدا بووە، چاوەکانی وەك دوو مانگی بچوكو ڕوون دەبینران. هەندێك لەپیاوەکان بەگاڵتە جاڕییەوە پێیان گووت، وەستا خومار ئەگەر باوەڕت بە فریشتەی ئاسمان هەیە بۆچی ڕوو لە قاپی خوا ناکەیتو واز لەبەزمی ئێواران بێنیت؟ وەستا خەیام پیاوێکی حازروەڵام بوو، بە خەندەوە پێیدەگووتنەوە، ئەی ئێوە کە ڕووتان لە قاپی خودایە، بۆچی دەستو دڵو دەرونتان لە ئاستی عەبدە لێقەوماوەکانیدا هەمیشە نوقاوە؟ بەڵام زمانتان بۆ وشەی خراپو بوختان کراوەیە. ئەم دایکە میهرەبانە، ئەم شۆخە پاكو بێ گەردە ڕووی لەدەرگای ماڵەکانی ئێمە کردووە، کەچی ئێوەی بەر دەرگای خوا بەبێ ئەوەی چیرۆکی ژیانی بزانن لێی بە گومانن. ئێوە من بە مەستو خومارو گوناهبار ناو دەبەن، ئەو بەیانییە بە هەستێکی باوکانە لێی نزیکبوومەوە هەتا بە ئارامیو دڵنیاییەوە چاولەچاوم ببڕێت. دەیگووت"هەستم بە ڕوناکییەکی ئەفسوناوی کردووە لە دەرونی منمدا، وەك لەبەر دەم شارێکی گەورەدا ڕاوەستابێتمو هەموو دەرگای ماڵەکان بەڕوومدا کرابێتنەوە". دایکە میهرەبانو نازدارەکە بە باوەڕێکی بەهێز لە دەرونێکی پاکەوە خوڵقابێت قسەکانی وەستا خەیامی ئیسپات دەکرد. "بەخوا دروناکەم ، ناخی ئەوم بەقەد شارێکی فراوانوپڕشنگدار بینی ، بەخوا هیچم نەکردووە بێ گوناهم.

چیرۆکی بەسەرهاتی ئەو دایکە ئاشکرابوو، لەگەڵ کوڕێکی گەنجی ناوچەکەی خۆیان عاشق دەبن. بەڵێن دەدەنکە بۆ یەکتری ببن، بەڵام کەسوکاری کچەکە دەچن بەرقدا. عەشقی پاکی ئەوانیان پێ قبوڵ ناکرێت. دەڵێن بیدەین بە سەگ نایدەین بەو هەتیوە داوێن پیسە. قیبلەی کوڕو کچەش ئەو ئەوینەیە کە ڕۆحیانی تێکەڵ بەیەکتری کردووە. شەوێك بەسەر هەموو ڕێگا دڕکاوییەکاندا دەڕۆن تاکو دەگەنە جێگایەکی ئارام، دوور لە ترسی عەشق کوشتن. لە جێگایەکی هێمنو ئارامدا بەبەر چاوی هەموو شتەکانی گەردوونەوە جگە لە چاوە سورەکانی مرۆڤ، ئاوێتەی یەکتری ببوون، ڕۆحو جەستەیان لەیەکتری دەئاڵێنن تاکو بە ئارامی دەبن بەیەك. ئەو دایکە دەیگووت: هەرگیز دونیام هێندە جوان نەدیبوو، لەو دەمەیدا ئاسمان سافو شینو پڕ لەئەستێرەی پڕشنگدار بوو، مانگ گەش گەش چاوەکانی نەدەتروکاند تاکو یەکبینە

تەماشای جوانییەکانی شەو بکات. بەتەنها هەر ئەوساتە ئارامو بەختەوەربووین. هەمیشە دوو عاشقی غەمگینو نیگەران بووین، لەترسو مەرگدا دەژیاین. هەڕەشەی مەرگ نزیك بە ڕۆحم کەوتەوە لەدواین ڕۆژەکاندا کەئیتر بواری شاردنەوەی کۆرپەلەکەی ناو سکم نەمابوو، بە ناچاری لەچنگی ئەو مەرگە پڕ لە تاوانە هەڵهاتم، بەرەو دەشتو چیا چۆڵەکان هەڵهاتم. غەمگینو شکستوشیواو جگە لە تۆزێك نانە وشکەو پەڕۆپاتاڵ بە هیچیتردا ڕانەگەیشتم. شەوێك لەبن تاشەبەردێکی گەورەی چیاکاندا، ئەوکۆرپەلەیە هاتە دونیاوە. ئازاروژانەکانم تێکەڵ بەخەموشێواوی باری دەرونم ببوون. لەنێوانی بێ ئومێدیو مەرگێکی تەنیای سەخت کە ئەگەر ڕۆژ بوایە ڕەنگە داڵەکان بەسەر ڕۆحمەوە چاوەڕوانی لاشە پڕ لە ئازارو شکستەکەیان دەکردم. ئەو شەوە تەمەنی زۆر کورت بوو، زەمەن هەموو ئازارو خەمەکانی لەگەڵ خۆیدا بەرەو بەرەبەیانییەکی ڕوون بە ئومێدەوە پەلکێشکرد. ئەوشەوە یەکێك بوو لە هەرە دیاردە ئەفسوناویەکانی گەردون لە بەرامبەر هەقیقەتدا کە ئازارە ڕۆحیەکان لەناو زەمەنێکدا ونبکاتو مرۆڤیش لەو زەمەنە داببڕێت تاکو سەرەتای بەختەوەرییەك. ئەو شەوە هەر ئەوەندە خۆم لە گەردوندا بینی، لەبەرەبەیانییەکی تازەدا خۆم لە کە سایەتی دایکدا بینی. منداڵەکەم لەسەر سنگم بوو، دەمی لە گۆمی مەمکەکانم نابوو هێمن هێمن شیری دایکی خۆی دەخوارد. ئەو دیاردانە لەبەرامبەرجوانیو پیرۆزیدا دەردەکەون، بوونی هەقیقەت دەسەلمێنن. من گوناهبار نیم، پاكو میهرەبانم، حەزدەکەم باوەڕم پێبکەن، ئەم چیرۆکە ڕاستییە لەمێژنییە، تەمەنی منداڵەکەم تەنها چەند ڕۆژێکە.

دایكو منداڵەکە لە ماڵی وەستا خەیامی کاشی مانەوە. ببوون بە ئەندامی خێزانەکەیان. دایکەکە ناوی "پیرۆز" بوو. منداڵەکەشیان ناونا"فریشتە". پاش ماوەیەك شەوێك پیرۆز خەوێکی ناخۆش بەدایکی خۆیەوە دەبینێت کە قژی بە دەستی باوكو براکانیەوەیەتیو بەدوای خۆیاندا ڕایدەکێشنو پێیدەڵێن پیرۆز لەکوێیە؟ ئەویش هیچ ناڵێت هەر ئەوەندە نەبێت دەڵێت"پیرۆز گیان ڕزگارم بکە". ئەو بەیانییە پیرۆز زۆر نیگەران دەبێت، فریشتەی لەباوەشدایەوەو شیری دەداتێ. زۆرغەمبارە تەنانەت نانیشی بۆ ناخورێت. دەنك دەنك فرمێسك بۆ ئازەرەکانی دایکی هەڵدەڕیژێت .
مرواری خێزانی وەستا خەیام لێیدەپرسێت: بۆچی وا غەمباریت؟ چی بووەو بۆ کێ دەگریت؟. پیرۆز خەوەکە بۆ دایە مرواری دەگێڕێتەوە. تکاشی لێدەکات کە ڕێگای بدەن بچێتەوە ناوچەکەی خۆیان دورراو دور هەواڵی دایکی بزانێتو بگەڕێتەوە. شەوێ مرواری وەستا خەیام بە مەستی ئاگادار دەکات. وەك بەرمیلێك ئاوی سارد بەسەریدا بکەن، مەستیو خەیاڵ بەریدەدات. ڕوو لە پیرۆز دەکات. بۆ کوێ دەچیت؟ بۆ ناو ئەو مەرگەی لەترسی هەڵهاتیت؟ ئەی نازانیت ئەگەر پێبزانن لەت لەتت دەکەن. پیرۆز لە تاوی دایکی بڕیاریدابوو ئەگەر لەتلەتیشی بکەن هەردەچێت هەواڵی

دایکی بزانێت. زۆر لە وەستا خەیام پاڕایەوە، مامە گیان هەردەبێت ڕێگام پێبدەیت، تکات لێدەکەم. ئەگەر نەڕۆم لە خەفەتی دایکم شێتدەبم. بەڵێن بێت نەچمە ناو ئاوای هەرلە دورەوە هەواڵی بزانم، خێرا دەگەڕێمەوە. زۆر ئاگاداری خۆم دەبم، ئەگەر پێشیانزانیم داوای لێبوردنیان لێدەکەم، دەستیان ماچ دەکەم ، قاچیان ماچ دەکەم. ڕوودەکەمە شەخسو قیبلەکانو سوێندیان پێ دەخۆم کە گوناهم نەکردووە، پێشیان دەڵێم ئێستا خێزانی "شوانم"ژنو مێردین. ئەگەر ئاگاداربوون منو شوان پێکەوە نین، شوانەیان بەدەردی مەرگ بردبێت، ئیتر بۆ بژیم؟دەبا منیش بەدەردی ئەو بەرن، منیش بکوژن. نانا فریشتە تەنها دەبێت، بێ دایك دەمێنێتەوە، ئەوسا لێیاندەپاڕێمەوە کە منداڵێکی بچوکم هەیە ناوی فریشتەیە، لەبەر خاتری ئەو مەمکوژن با بێ دایك نەبێت. بەیانی دواتر پیرۆز بەرەو ناوچەکەی خۆیان بەڕێکەوت. فریشتەشی لەلای دایە مرواری بەجێهێشت. پیرۆز هەر کە نزیکی ئاوای دەبێتەوە، باوكو براکانی بۆنی هاتنی پیرۆز دەکەن. لەناو باخە چۆڵو چڕو بێدەنگەکاندا وەك کۆترێکی بێ باڵ قڕ دەیگرن. ئەو حیکایەتو بەرنامەیەی کە بۆ وەستا خەیامی گێڕایەوە، ئەگەر گرتیان لێیاندەپاڕێتەوە،بە هیچی ڕانەگەیشت. وەك براکانی بە شانازییەوە باسیان کرد بوو، گرتنو کوشتنی یەك ساتی خایاندبوو. پیرۆزەی ناسك بەرامبەر یەك چنگ بوو، کەچیسەد خەنجەریان لێدابوو. فریشتەی بچکۆلانە بەبێ دایك دەمێنێتەوە. دەبێت بە کچی دایە مرواری بەناوی "فریشتە خەیام ڕۆستەم" فریشتەی وەستا خەیامی کاشی. فریشتە ئاگاداری چیرۆکی ژیانی خۆی نابێت، بەڵام هەموو گەڕەك لەبەختی ئەو لەسەرەتاوە چیرۆکی ژیانو گەورەبوونی دەزانن. وەك هەموو منداڵێکیتر لە ماڵی باوکی"دایە مرواریو بابە خەیام"گەورەدەبێتو پەروەردە دەکرێت. لەو دایكو باوکە زیاتر کەسیتر ناناسێت. منداڵانی هاوتەمەنی خۆی لە کۆڵان وردە وردە لەزاری دایكو باوکیانەوە ئاشنای بەسەرهاتی فریشتەی هاوڕێیان دەبن. لە ئاشکراکردنی ئەو نهێنییە خراپتریش هەندێك جار دوور لە هەموو ڕێزو ئەخلاقو بەهایەکی مرۆیی، ئەو پەپولە ناسكو میهرەبانو بێ گەردە بە "زۆڵ"ناو دەهێنن. فریشتە بێ خەمو بێئاگایە لەپاکی خۆیدا لە قسەو تانەی خەڵك. ئەو شتەی ئەو بیری لێناکاتەوە ئەو بابەتەیە کە خەڵکی بێ ویژدانو بێ ئیشو کار سەبارەت بە فریشتە دەیڵێن. فریشتە بۆ جوانییەکانی ژیان دەژیت، بۆ سۆزو خۆشەویستی، بۆ ئایندەیەکی گەشو ڕوون هەنگاو دەنێت تاکو ئەو ڕۆژەی لەگەڵ موراد دا عشقی یەکتری دەبن. فریشتە هەر لەتەمەنی منداڵییەوە کیژۆڵەیەکی وریاو زیرەكو چاوکراوەبوو. ڕوخۆشو میهرەبانودەم بە پێکەنین بوو. ئەوین لەلای فریشتە لقێك بوو لەداری عەشق، بەبێ خۆشەویستی ئەویندار داری عەشق پەلێکی شکاوە، دارێکی نا تەواوە. لەسەر ئەو بنەماو باوەڕەی کە عەشقی گەورەو گشتی لە بوونی ئەودا زەلیلو ئیفلیج نەبێت،

چاونەترس‌و ڕاستگۆیانە ئەوینی خۆی‌و مورادی لەکوچەی کۆلان‌و پەنای دیوارەکان لەمردن ڕزگارکردو دلێرانە لەسەر سنگی خۆی دانابوو بۆ ئەوەی هەمیشە بەو بڕوایەی لەناخیدا بوو بەرامبەر بە پیرۆزی عەشق بیپارێزێت. فریشتە دیوارێکی سەخت‌وبەرزی لە ڕێگای عاشقدا شکاند، بۆ عاشقی پەناو پاسارەکان ئەم بوێرییە زۆر ئاستەم بوو، بۆیە چاویان بە کەسایەتی ئەودا هەڵنەدەهات کە لێوان لێو بوولە جوانی‌و زیرەکی‌و خۆشەویستی‌و بوێری کە تایبەتمەند بوون بەناخ‌و ڕۆح‌و هزرو ژیری خۆی. فریشتە بوو بەسەرقافڵەی هەموو عاشقە تەوق دراوەکان بەرەو ئاسمانی عاشقان فێری فڕینی سەربەستی ئەوینی کردن. فریشتە لەبری ئافەرین‌و بەخشینی سنبوڵی عەشق لە هاوڕێکانی، تانەو تەشەری ئەو کەسانەی بەرکەوتکە دڵ‌و دەرونیان پڕ بوو لە تۆوی ئیرەیی بەرامبەرگەورەیی‌و جوانی‌و پیرۆزی. هەر بەتەنها هاوتەمەنە ڕقاویەکان نەبوون کەچاویان بە فریشتەی پەری ئاسماندا هەڵنەدەهات، زۆر لە گەورەکانیش کە شانازییان بە کلتورێکی ئیفلیجەوەدەکرد، لە دەرونێکی بەتاڵ لە ویژدان‌و ئەقڵێکی خاڵی لە ژیری‌و مەعریفەت بە" زۆڵ" ناویان دەبرد. دەیانگووت: کچی ئەو بێ چاوو ڕووەبوو، لە دایکی باشرت دەرناچێت. کێشەکانی خەڵکی گەڕەك هاو ئاستی ئاوێتە بوونی ڕۆحی فریشتەو موراد لە عەشقێکی پاك‌و پیرۆزدا پەرەیان سەند. مافوڕەوای وشەی زۆڵ‌و هەق‌و تفیان بە ئاسانی بە خۆیاندابوو بە ڕوخساری پاك‌و بێ گەردی فریشتەدا بیپرژێنن. پێناسەی زۆڵیان لە فەرهەنگی کلتورو عەقڵی ڕەشیاندا بە باڵای فریشتەی خوای پاکیدا بڕیبوو. فریشتە بە ڕەفتاریان غەمبارو نیگەران بوو، بەڵام دەست بەرداری عاشقەکەی نەبوو. بە ئاسانی لە وشەی زۆڵ تێنەدەگەیشت، لە هۆکاری کینەو جنێوو ڕەفتاریان حاڵی نەدەبوو، لەو کاتانەدا دوای لێدەکردن کە هێمنبن تاکو بتوانێت لەیەکتری حاڵیببن، ئەگەر پێویستیان پێیبێت یارمەتیان بدات. بەڵام ئەوان خێڵێکی عاشق کوژ بوون، قەبیلەیەکی ڕقاوی جوانی داخانکەر بوون. بە وشە ناسك‌و پیرۆزەکانیشی گرژو پەست دەبوون‌و زۆڵە زۆڵ بە کۆلاندا شوێنی دەکەوتن. وشەی زۆڵ بەو جۆرەی دڵ ڕەشەکان پێناسەیان کردبوو، هۆش‌و بیرو لێکدانەوەی فریشتەی داگیرکرد کە ماوەیەك هەمیشە نیگەران بوو، بەڵام لەلای خەڵك ئاسای باری دەرونی خۆی پیشاندەدات، تەنانەت لەلای موراديش. ڕۆژێك نەیارە دڵ رەق‌و عەقڵ ڕەشەکانی لە کۆلانێك دەیگرن‌و هەموو چیرۆکی ژیانی بۆ دەگێڕنەوە. فریشتە بە غەمبارییەوە دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، دەرگای ژورەکەی لەسەر خۆی دادەخات‌و نایەتە دەرەوە. دایە مرواری چەند جارێك هەوڵ دەدات بچێتەلای، بەڵام فریشتە داوای لێدەکات کە ئەمشەو حەزدەکات بە تەنیا بێت. وەستا خەیامیش وەك شەوانیتر بە مەستی دێتەوە، چ باس نییە، شەوێکی ئاساییەو دەنگ دادێت‌و دەخەون. وەستا خەیامی کاشی بەرەبەیان وەك ڕۆژانی پێشوتری

هەڵدەستێت بچێت بۆ کار، دەرگای ژورەکەی فریشتە بە کراوەی دەبینێت، سەرێك دەکێشێتە ژورەوە فریشتە نابینێت، ماڵەکە دەگەڕێت بەڵام فریشتە دەنگو ڕەنگی نییە. دەچێتەوە ژورەکەی خۆیانو مرواری لە خەو هەڵدەستێنێتو ئاگاداری دەکاتەوە کە فریشتە لەماڵەوە نییە.

فریشتە ونبوو نەدۆزرایەوە. چەند ڕۆژو مانگو ساڵ تێپەڕی، هەر دیار نەبوو. کەسێك نەبوو لە جێگایەك بینیبێتی. دایە مرواریو وەستا خەیام شوێن نەما بە دوایدا نەگەڕێن، بەڵام نەیاندۆزییەوە، هەر بەو داخەشەوە سەریان نایەوەو مردن. کەس نەیزانی ئەو کیژۆڵەیە چی بەسەرهات. لەدوای ونبوونی فریشتە وەستا خەیام ئێواران لەپاش ئیشکردن دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە، ئیتر کەس بە مەستی نەیبینی. شەوان وەك دێوانەی دەشتێکی چۆڵ تاکو دەخەوت بۆ فریشتە دەگریاو دەیلاواندەوە .

فریشتە لە هیچ شوێنێك ئەسەری نەبوو، گومانەکان بە بەرۆکی شکستو خەماوی موراادی دەستگیرانی نیشتنەوە. وەستا خەیام هەر لە سەرەتادا موورادی بە بێ گوناهو بێئاگا دانا لە ونبوونی فریشتە. ئەوانەی فریشتەیان بەو دەردەبرد، هەر ئەوانیش تاوانەکەیان خستە ئەستۆی موراد. پڕوپاگەندەیان بڵاوکردەوە کە موراد فریشتەی کوشتووەو لە دەشتێکدا لە ژێر خاکدا شاردوێتیەوە. موراد لەدوای فریشتە وەك شێتێکی ئازاراوی ئۆقرەی نەبوو، جێگای بە خۆی نەدەگرت. بە کۆڵانو شەقامەکاندا دەسوڕایەوەو بانگی فریشتەی دەکرد. لەسەر ئەو حاڵە پڕ لە ئێشو ئەندێشەیەدا، فەرمانی گرتنی درا بە تاوانی کوشتنی فریشتە. موراد بڕیاریدا شارو گوندودەشتو شاخی هەرێمەکە بۆ سۆراغی فریشتە پەی بکات. شاری بەجێهێشتو ڕۆشت. ماوەیەکی زۆر لەدوای فریشتە گەڕا، بەڵام هیچ هەواڵێکی دەستنەکەوت. چەندین شەو لە دەشتە سامناکو چیا ترسناکو تاریکەکاندا مایەوە. گوندێك نەما بۆ سۆراغی فریشتە سەری پێدا نەکات، هەر نەیدۆزییەوە. کە سێك نەمابوو هەواڵی ئەوی لێنەپرسیبێت. لەو ماوەیەدا چەندین جار بە گروپە چەکدارە سەرەتاییەکان دەگەیشتو هەواڵی فریشتەی لێدەپرسین. ئەوانیش دەیانگووت ، موراد عاشق ئەوە هەر بەدوای فریشتەدا وێڵیت؟بەخوا نەمانبینیوە. ئەگەر مابێت تاکو ئێستا هەواڵێکیت هەردەزانی. موراد زۆرجارانیش توشی وەڵامی جەرگبڕ دەبوو، بەڵام بێ هیواو ماندوو نەدەبوو، چەند جارێکیش تاکو نزیکی چیا هەزار بە هەزارەکان ڕۆشتبوو، لاشەو ئێسكو پروسکی زۆری بینیبوو، بەڵام فریشتەی بە مردویش هەر نەدۆزییەوە.

موراد عاشق جارێکیتر نەگەڕایەوە بۆ شارەکەی. نە چاوی بەو شارە هەڵدەهات بە بێ فریشتە، نە ئامادەبوو خۆی تەسلیم بکات بەتاوانی کوشتنی خۆشەویستەکەی زیندانی بکرێت. لە گوندەکان مایەوە بوو بە پێشمەرگە. تازە گروپی چەکداری دروستببوون، هەمیشە بە گوندەکاندا دەسوڕانەوە، بە ئومێدی ئەوەی ڕۆژێك فریشتە

بدۆزێتەوە. موراد بوو بە پێشمەرگەیەكی چالاكو دڵسۆزو تێكۆشەری ناودار. لە چەندین داستان ڕۆڵی گرنگو بەر چاوی بینیبوو. كەسێكی خۆشەویستی ناو خەڵكو شۆڕش بوو، هاوڕێیەكی نزیكی ئۆقیانوسی هێمن بوو. موراد عاشق بە هەمان عەشقی ئەویندارییەوە بۆ پێشمەرگایەتیش بە پەرۆشو بە وەفابوو، بوو بە عاشقی شۆڕش. ناوبانگی بە هەموو جێگایەكدا بڵاوبوەوە، ڕژێم دوای چەندین ساڵ فەرمانی گرتنی بە تاوانی كوشتنی فریشتەی لەسەر لابرد بەو مەرجەی بگەڕێتەوە ناو ڕژێم. موراد دەیگووت" عاشقەكەم لێبزربووهەمووهەرێمەكەی بە شوێندا گەڕام، ئێستا عاشقی ئەم شۆڕشو خاكەم، ئیتر بۆكوێ بگەڕێمەوە.

لەپاش بڵاوكردنەوەی بەیانامەكە سەبارەت بە تۆكردنی موراد عاشق، موراد وەك زەمانی شاخ چاونەترسو دلێرانە ڕووبەڕووی هەموو بوختانەكان بووەوە. هەوڵیدا پەردە لەسەر ڕوخساری شاراوەی هەندێك لابەرێتو نهێنییەكانیان ئاشكرابكات. ئەوان مورادیان باش دەناسی كە سڵیان لێناكاتەوە. لە بنكەیەكی حیزبەوە بانگیان كرد تاكو لەنزیكەوە بە بێدەنگی سەرزەنشتی بكەن و دەمكوتبێت. موراد زۆر بێ خەمبوو لە ڕەفتارو هەڵوێستی. قاچ لەسەر قاچ بەرامبەریان دانیشتبوو. گووتیان :موراد ڕابردوی تۆ لەلای ئێمەیە، ئیتر خۆتمان لێ مەكە بە قارەمانانی دوانزە سوارەی مەریوان. دێوانەیەكی شێتو حۆل بوویت. لەو دەشتو چیایانە بەدوای عاشقەكەتدا دەخولایتەوە، ئەو كچەی كە خۆت كوشتت. دواجار لەترسی گرتن بە تاوای كوشتن نەگەڕایتەوە بۆ شارو بوویت بە پێشمەرگە. پێشمەرگەیەكی نمەك حەرامی بێ مەبدەئی تورەهات. هەرئەودەمە ئاگادار بووین كە خۆت فریشتەت كوشتبوو، بەڵام بەزەیمان بە حاڵی شێتیو دێوانەیتدا دەهاتەوە. ئەگەر بێدەنگ نەبیت ئێستاش هەمان تاوان هەر لە ئەستۆتدایە، خۆ فریشتە زیندو نەبۆتەوە تاكو بدبورێت و تاوانەكەت لەسەر لابچێت. موراد تەنها گوێی گرتبوو تاكو قسەی خۆیان تەواو كرد. گووتی:

ئێوە ڕاستدەكەن من دێوانەی ئەو دەشتانەبووم بۆ سۆراغی عاشقەكەم، كەواتە من نەمكوشتووە، ئەگەرنا چۆن بەدوایدا وێڵ دەبمو لەتاو مەرگی دێوانە دەبم، دڵنیاشم هەر دەیدۆزمەوە بە هەرشێوەیەك بێت، هەرچەندە ئەوە عەیامێكی زۆر دورە ئەو ڕوداوە تێپەڕیوە. كەبووم بە پێشمەرگەش خاوەن مەبدەئی شۆڕشگێرانە نەبووم، بەڵام لەناو شۆڕشدا لەسەر بنەماكانی مەبدەئی شۆڕشگێرانە خۆمم پەروەردە كرد كە هەڵوێستم لەڕابردو و لە ئێستادا ئاشكرایە . بەڵام بەداخەوە هەموو شتەكان پێچەوانە بۆتەوە لە حوكمی ئێوەدا، سەردەمێك بوو ئێوە خاوەنی مەبدەئێكی پیرۆز بوون، لەدوای هاتنەوە، ئەو هەڵوێستە شۆڕشگێرانیەتان لە بەرۆكی خۆتان كردەوەو مەدالیای پارەتان پێدا هەڵواسی. ئێستا خەڵكانێكن پڕاوپڕن لە تاوان، لە گەندەڵی. لەدزیكردنو بەشی میللەت خواردن. هەق وایە شۆڕشێكیتر لە دژتان بەر پابكرێت. ئێوەن ئەم

هەرێمەتان پڕكردووە لە ئازارو ژانو نەهامەتی. ئێوەن بوون بەمیراتگری ڕژێمی دیكتاتۆری. لەدوای چەندین ساڵ بە بڕیارێكی نابەجێی بوختاناوی ڕژێم تاوانبارم دەكەنەوە، شوێن پێو شوێن بڕیاری ڕژێم كەوتوون ئەی میرات گرەوەكان. ئەگەر ئەو دەمە دەتانزانی من فریشتەم كوشتووە بۆچی گوێی خۆتان لێ كەڕكردو بێدەنگ بوون.

موراد عاشق خۆی هەموو بەسەرهاتەكانی بۆ گێڕامەوە. دواتر بە تووڕەییەوە هاتبووەوە دەرەوە. دوو بە دوو دانیشتبووین باسی باروودۆخی خراپو ئاڵۆزی هەرێمەكەمان دەكرد. بە حەسرەتەوە یادی ڕابردومانكردەوە. لەبەر خۆیەوە گووتی"یادت بە خێر ئۆقیانوسی هێمن، هەر تۆبوویت لە سەرەتای شۆڕشەوە هەستت بە بەرنامەیەكی پەروەردەی كرد بۆ ئەندامەكانی شۆڕش تاكو توشی ئەم ڕۆژگارە پڕ لەئازارە نەبووینایە، بەڵام بە داخەوە پێرانەگەیشتیت".

لە پاش ساڵانێكی دوورودرێژ بۆ یەكەمجار بوو ئەو نهێنییەی بە دوایدا وێڵ بووم لە سەر زاری برادەرێكی خۆمەوە گوێبیستی ببم، لە سەردەمێكیشدا لە هەموو كاتێك گرنگتر بوو. ئاوێتەیەك لە سەرسامیو هیواو خۆشی ڕوخساری داگیر كردم كە موراد بە ئاسانی هەستی بە ڕامانونهێنی بزەی لێوەكانم كرد.

6

# موڕادعــاشق و فریشــتە

من نوسـەر نـەبـووم، بـەڵام ئێستا خـاوەنـی چـەنـدین وتـارم کـە لـە ڕۆژنامـەکانـدا بڵاوکراونەتـەوە. ئێستا نوسـەرم، ڕۆژنامـەکـان بـە ڕێزەوە وتـارەکـانم لێقبوڵ دەکـەن‌و بڵاویدەکەنەوە. بیریشتان نـەچێت هـەندێکیان بـە پـولێکی قـەڵب نایانـەوێت، نـەك هـەر نایانەوێت بـەڵکو ڕێگای بڵاوبونـەوەشـم لێدەگرن‌و دژایـەتیم دەکـەن. من نوسـەرێکـی تـازەی ئـەم سـەردەمـەم، بـەر هـەمـی ڕەفتـاری خۆیـانم. ئـەوان منیـان خولّقانـد، کـەچـی دژایەتیم دەکەن، مافی بڵاوبونەوەی وتارەکانم پێ ڕەوا نابینن. "حوکمڕانی بازنەیەکی داخـراوی بـێ دەرگـاو بـێ دەروازەیـە، نـەکـەس دەتوانێـت بچێتـە نـاوی بـەشـداربێت، نەئەوانـەی ناوبازنـەی حـوکمڕانی دەست بـەرداری پلـەو پایـەی دەسـەڵاتیـان دەبـوون‌و بێنە دەرەوەی بازنەکە". ئـەم ڕستەیـە نوسینی منـە، بـەڵام هـەموو کـەس ئـەو ڕاستییە دەزانن ئەوە چەنـدین سـاڵە هـەر ئـەو گـروپـەن بـەکورسییەکـانی دەسـەڵاتـەوە نوسـاون، هەندێك جار بۆ چەواشەکردن جێگا گۆڕکێ بـە شـوێنەکانیان دەکـەن، لـە ئـەنجامدانی پرۆسـەی گۆڕانکاریدا. ئـەم کورتـەیـە بـەشێك بـوو لـە وتـارێکی بڵاوکراوەم. بـەخـوا بەزمە. . . . ئەمجارەش لە بنکـەیـەکـی تـری حیزبـەوە بانگیـان کـردمـەوە. گـووتیـان:تۆ هاوڕێیەکی دێرینی دلسۆزو بەوەفای ئێمەی، ئێمەش هەمیشە بەرامبەر بە هاوڕێیـانی خۆمان بەئەمەك‌و بـە وەفـاین، نـاتوانین وەك کـەسـانیتر لێپرسینەوەت لـەگـەڵدا بکـەین، ئـەگینـا بـە سـوکایەتـی کردنـی داوو دەزگاکـانی حوکمـەت تاوانباریـت. پێمگـووتن، هـەڵوێست وەرگـرتن لـە بـەرامبـەر بابـەتێکـی گشـتی چـارەنـوس سـاز پـەیـوەسـت بـە کۆمەڵەوە برادەرێتی لەبەر چاوناگیرێت، منیش ئەوە دەزانم کە ئێوەش برادەری منن. هـەرچییـەکیشـم بڵاوکردبێتـەوە وێنـەی ڕاسـتی بـارودۆخی هـەرێمـەکـەم بـە ڕەنگـی حـوکمڕانی کێشـاوە. بـۆ چونـەکـانی خـۆم دەردەبـڕم لـە سـایەی ئـەو دیموکراسییەی بانگێشەی بۆ دەکەن. ئەگەر گومانتان لەڕەفتارو هەڵسوکەوتی خۆتان نییە، لێبگـەڕێن کە هاوڵاتی مافی نوسین‌و دەربڕینی بۆچونـەکانی خۆی هـەبێت. سـەردەمانێك بـوو بـەگـژ زوڵـمـەت‌و ئـەشـکـەنجـەکـانی ڕژێمـدا دەچـووین. مـافی ڕەوای خۆمـان بـوو شۆڕشێکی جەماوەری بۆ بەرگری‌و ڕووبەڕو بوونەوە بـەرپا بکـەین، بـەڵام ڕژێم بـە گروپێکـی تێکدەرو گێـرەشـێوێن ناویـدەبـردین. دەیویست لـەئاستی گـەنـدەڵـی‌و تونـدو تیژییـەکانی بۆ سـەر ژیـانی ئێمـە کـە خـۆی چێـژی مـادی‌و مـەعنـەوی لێوەردەگـرت بێدەنـگ بـین. ئێسـتاش هـەمـان دیمـەنـە لـەسـەر دیوارێکیترکێشـراوە، یـەك قۆنـاغـە لـە زەمەنێکی تردا، یەك مینۆدە لە حوکمی کـەسـانێکی تـردا. ئێسـتاش وەك ئـەو سـەردەمـە

ئەشكەنجەو زوڵم دەبارێت، خەڵك برسی وبەبێ خزمەت. جیاوازی نێوان چینەكان كێوێكی زەبەلاحە كە هەرگیز بەدیوی یەكتری ناگەن. زەمانێك بوو سەرتاپا خاكی هەرێمەكە زەوتكرابوو، لەڕاپەڕینێكدا هەمووی وەرگیرایەوە. ئێستا خاكتان لەت لەت كردو،بەسەر خۆتاندا دابەشتانكرد، تازە چ شۆڕشو ڕاپەڕینێك لێتان وەردەگرێتەوە. ئەی هاوڕێ دێرینەكان! من بوختانو سوكایەتی چیم پێكردوون؟وێنەی دیمەنەكانم وەك خۆی كێشاوە.

چەند ساڵێكە دلێر لە هەندەرانە، ئاگادارم لەگەڵ بەرهەمی مام برایمدا یەكیان گرتۆتەوە. جاربەجارێك نامەی بۆ دەناردم، هەر لەگەڵ زرمە زرمی چەكوشو دەزگادا خەریك بوو، بەڵام نەمدەزانی بەرهەم سەرقاڵی چییە؟كاتێك لێرە بوو زۆر مەراقی تەواو كردی زانكۆی بوو، ڕەنگە لەوێش خەریكی خوێندن بێت.

لەدوكان تەنهاو تەنها دانیشتبووم، لەدوودەڕابەكە یەكێكیانم هەڵدابووەوە. ئیشوكار بەتەواوەتیماڵئاواییان لە هەرێمەكە كردبوو. دەزگاكە لە ناخی خۆیدا پەنگی خواردبووەوە، وەك ناخی من. چەكوشەكە لە بێ زرمەیدا دەنگی نوسابوو بە پێچەوانەی دەنگو گەروی من. خۆشم نەمدەزانی چاوەڕوانی كێم دەكرد؟ باوەڕ ناكەم چاوەڕوانی كەسم كردبێت، چونكە كاتیش بێزاربوو، قەستی بوو بە هەڵەداوان خۆی لەو زەمانە ڕزگار بكات، كەچی لەناكاودا هەموو دیمەنەكان گۆڕان. لەبەر دەم دەڕابە كراوەكەدا دلێرو بەرهەم لە ساتێكی ئەفسوناویدا قووت بوونەوە. زۆرم پێ سەیر بوو لەو ڕۆژگارە پڕ لەكێشەیەدا لەسەربالّی بیرەوەریەكانی ڕابردوو بەرەو ئاسمانی دۆزەخێك هەڵبفڕن كە سەردەمانێك بوو چەرە دوكەڵی ئەو دۆزەخە هەڵگیرساوە ڕێگای ژیانیانی تاریكو ڕەش كردبوون. دلێر گووتی: پێتوانەبێت بە یادی نەهامەتیو نەهامەتكاران هاتبێتینەوە، ئەوەی هەمیشە لەگەڵ بیرەوەرەكانیدا دەژین بەرەو ناخی خۆی ڕایكێشاوین. ئەم نیشتیمانە میهرەبانەیە، چەند سەیرە ئەگەر مرۆڤ لەزێدی خۆی هەڵبێتو بڵێت تاكو ئەبەد ناگەڕێمەوە. ژیانی هەندەران نائارامییە، هەمیشە لەگەڵ ئازارەكانی ئێرەدا دەژین. سەردانی ئەمجارەشمان بەڵگەی ڕاستین بۆ قسەكانم، بەرهەم پڕۆژەیەكی خزمەتگوزاری بەدەستەوەیە كە لەناو بیرەوەریەكانو ئازارەكانی ئێرەدا لەڕۆحی غوربەتیدا هەڵیهێنجاوە.

بەرهەم خۆی سەبارەت بە پڕۆژەكەی قسەی بۆكردمو گووتی:من لە شەرمەزاریدا بەرەو هەندەران هەڵنەهاتم، ڕوداوێك وەك زەنگ لە مەترسی دەسەڵاتدارانولە ئازارە شاراوەكانی ناخی چینێكی ئاگادار كردمەوە كە ڕەنگە حوكمێك لە بێ هەستیو شەرمەزاریدا بەرەو نەمانو هەڵدێری مێژویی ببات. من دەمەوێت گارگەیەكی بچوكی ڕۆن دابمەزرێنم تاكو ئەوكەمێك لەئازاری شاراوەی ناخی چینێك سارێژ بكەمو قەرزی دزینی قوتووە ڕۆنەكەی باوكم بدەمەوە. ئەو قوتووە ڕۆنە یەك

کیلۆییەی کە شارێکی دزراووسەرخانو ژێر خانی بارکراوو مەرزە پڕ لە قاچاغەکانی خۆیان پێشاردەوە.
بەرهەم پرۆژەی گارگەیەکی ڕۆنی بچوکی ئامادە کردبوو، لە هەندەران لەو بوارەدا دەیخوێند. دواین ساڵی خوێندنی بوو، بەرنامەیەکی پوختەو گونجاوی لەگەڵ خۆیدا هێنابووەوە، نەخشەی دروستکردنی هەموو ئامێرەکانی تێدابوو لەگەڵ شێوەی دامەزراندنی کارگەکە. بەرنامەکەیان بەو جۆرە دارشتبوو، من خەریکی دروستکردنی ئامێرەکانبم. بۆکڕینی کەلوپەلەکان برێك پارەیان دانابوو. دلێریش خانووەکەی ماڵی باوکی بەرەو ڕوو کردمەوە بۆ فرۆشتن بۆ دابینکردنی پێویستێکانی ئامێرەکان. گووتیان:ڕەنگە ساڵی ئاینده بە ئێجگاری بگەڕێنەوە بۆ سەرپەرشتیکردنو بەڕێوەبردنی کارگەکە. من پرۆژەیەکی لەو جۆرەم زۆر پێباش بوو. لەگەڵ بارودۆخی ژیانی خەڵکی هەرێمەکەدا هاو زەمەن بوون، بەڵام گومان هەبوو بە ئاسانی بۆمان ئەنجام بدرێت بەبێ بوونی شەریکێکی عەنتەری مشەخۆر. ئەم گومانەشم بۆ بەرهەمو دلێریش ڕوونکردەوە.
من لە کردنەوەی ئەم کارگەیە مەبەستم دەسکەوتی ئابوری نییە، خۆم بە شەرمەزاری ئەو خەڵکە دەزانم هەست بە ئازارەکانیان بکەمو هەوڵی سارێژبوونیان نەکەم. هەرنەبێت ئەم کارگەیە چەند کەسێك لەبێ کاری ڕزگار دەکات، جگە لەوەی بە نرخێکی زۆر گونجاو دەفرۆشرێت کە هەموو کەسێك توانای کڕینی هەبێت. قوتویەك ڕۆن قەرزارین، کارگەیەك ڕۆنیان دەدەینێ، ئیتر شەریکی چیو دەسکەوتی چی؟
دڵنیا بووم کە ئاگاداری ڕەوشی هەرێمەکە بوون، بەڵام هەر حەزمکرد کەمێکیان بۆ باسبکەم بەو مەبەستەی ڕاستییەکانیان بۆ بخەمە ڕوو. پێمگووتن هەموو کارەکان بەمن ناکرێت، هەر پرۆژەیەك بە هەر مەبەستو لە هەر بوارێکدا لەم هەرێمەدا ئەنجام بدرێت پێویستی بە مۆڵەت وەرگرتنە، ئەمە دیاردەیەکی ئاساییە بۆ پەیرەوکردنیئەو یاسایانەی لە هەرێمەکەدا کاری پێدەکرێت. بەڵام ئەوەی گرفتەو نامۆو پێچەوانەو شکاندنی یاسایە، مۆڵەت پێدان لە دەسەڵاتی کەسانێکدان کە خۆیان بەشیان دەوێت، دەڵێن خێرو خزمەتەکەی بۆخۆت، ئەوەیان بەشی خۆتە سەربەستی چۆن بڕیار بدەیت، ئێمەشلە بەشی خۆمان سەربەستین، جەستەی ماندوی ڕۆژگاری سەختی ڕابردوی پێدەحەسێنینەوە. هەرچییەکیترتان بۆ باسبکەم تەنها مەبەستم ئەوەیە ڕاسگۆبم لەگەڵتاندا دەرهەق بە توانای خۆم، ئەگەرنا ئێوە پرۆژەیەکی پیرۆزتان هەستپێکردووە کە هەق وایە پشتگیری بکرێنو خەڵاتی گەورەی مرۆییتان پێببەخشن. منیش جارێکیتر پەیامنتان پێدەدەم لەئیشوکاری حوکومیو ئیداری بەقەد تواناو

دەسەڵاتو پەیوەندی دۆستانەی خۆم هەوڵتان بۆ بدەم، بە هەموو هێزی فکریو جەسەدیومادیش هاوکاریتان بکەم.

دلێرو بەرهەم گەڕانەوە بۆ هەندەران، ئەمجارە لەبری خەمۆئازار دونیایەك بەختەوەریو ئومێدیان ڕژانە ڕۆحمەوە. هەسمکترد هێشتا زۆر کەس هەن بە پەرۆشەوە شانی خەمیان ناوەتە بەرکۆڵەکە لارەکانی کۆمەڵو دەیانەوێت لە ڕمانی ئێجگاری بیپارێزنو ڕاستییکەنەوە. پڕۆژەکەی ئەوان هاندەرێکی بەهێز بوو بۆ بەردەوام بوونم لەسەر نوسین سەبارەت بە بارودۆخی هەرێمەکەوپەردە هەڵدانەوە لەسەرنهێنییە شاراوەکانو ئاشکراکردنی دزیوتاوانەکان. جارێکیتر لەگەڵ ماچی پێکدادانی نێوان چەکوشو دەزگا ئاشنا دەبوومەوە کە ماوەیەك بوو بێ نازبوون. دەستی ڕەشی بێ خەمەکان بەسەر ئەوانیشەوە دیاربوون. دروستکردنی ئامێرەکان بۆمن کارێکی سەخت نەبوو ، دابینکردنی زەوییەکی فراوان بۆ دامەزراندنی کارگەکەو چاندنی تۆوی ئەو گوڵەی ڕۆنەکەی لێوەردەگیرا زەحمەت بوو. وەك جاران بە کاری دوکانەوە خەریك بووم. واتێنەگەن لە نوسینی وتارەکان دوور کەوتبێتمەوە، بەپێچەوانەوە لەجاران بە پەرۆشتر بووم. بەتایبەتی لەو ڕۆژەوەی موراد عاشق ناوی ئۆقیانوسی هێمنی لە ڕستەیەکی گرنگدا درکاند. وەك سەردەمی سەرەتای شۆڕش بەنهێنی دەمویست بەشوێن ئە و کەسانەدا بگەڕێم کە هاوڕێی نزیکی ئۆقیانوسی هێمن بوون. موراد پەڕەیەکی سپی بوو لە دەفتەری بەختی مندا کە هیواکانی خۆمی تێدا بنوسمەوە. بەدۆزینەوەی موراد گەش بینبووم لە ئایندەی هەوڵەکانم. هەڵبەت موراد لەمن وننەببوو، نهێنییەکەی کە من لەدووی وێڵبووم لە ڕۆحی ئەودا حەشاردرابوو. لەو ڕۆژگارەدا پەنایەکی قایم بووم بۆموراد، ئەویش بۆمن کلیلی ئەو دەروازەیە بوو کە چەندین ساڵ بوو بە ڕوومدا داخرابوو. موراد زەمانی ئیشوکاری ناو شاری نەبینیبوو، بەهۆی گەڕان بەدوای عاشقەکەیدا ببوو بە پێشمەرگە. ئەمرۆش بەدوای ڕاستییەکاندا وێڵەو لەئاستی تاوانەکانیش بە دەنگ دێت. بڵاوکردنەوەی وتارەکانم هاندەر بوون بۆ زۆر لەو دەنگانەی لەئاستی سەرتاپای گەندەڵییەکانی ئەو سەردەمەدا بێنە هاوار. موراد یەکێك لەو کەسانەی زوو دەستخۆشی وتارەکانی لێکردم. لە ڕۆحی مندا پەنایەك بۆ خۆی دەدۆزێتەوە، منیش کلیلی نهێنییەکانی خۆم لە بیرەوەریەکانی ئەودا دەدۆزمەوە. بۆ من زۆر گرنگ بوو لەسەر ئەو بابەتە بدوێین، کەچی بۆ ئەو حیکایەتێکی ئاسایی بوو. ناچار بووم کە پێیبڵێم موراد گیان با پێکەوە بەدوای عەشقی ونبووی یەکتریدا بگەڕێین، زۆر بە وەفا بوو، لە دوای ئەوهەموو ساڵە فریشتەی هەر لەیاد بوو. گووتی: بۆچی تۆش فریشتەت لێونبووە؟ گووتم: هەر هەموومان فریشتەمان لێونبووە، بەڵام هەرکەس فریشتەکەی خۆی لێونبووە. من دڵنیام تۆ بە فریشتە دەگەیت، بەڵام مەرج نییە

فریشتەکەی جاران بێت، بە هەقیقەت دەگەیت کە فریشتەی لەناو ئامێزی خۆیدا خەواندووە. بەو پاکییە دەگەیت کە چەند ساڵە عەشقی خۆت بۆ خۆشەویستی فریشتە تیا پاراستووە. بە ڕاستیو بەرائەت دەگەیت کە ویستیان ڕۆحت لە گوناح هەڵکێشن. گووتم موراد مەبەستت چی بوو ناوی ئۆقیانوسی هێمنت لەم سەردەمەدا دووبارە زیندوکردەوە. موراد زۆر ئاسای دوور لە خواستو مەبەستی من گووتی: بێ مەبەست بووم، وەك نمونە ڕستەکانی دەڵێمەوە، ئەو سەردەمە باسی ڕوداوەکانی ئەمڕۆی بۆ دەکردین، ئێمەش ئەمڕۆ بە خەمەوە وشەکانی دەڵێینەوە. گووتم بۆچی بەخەمەوە ؟بە نیگەرانییەوە گووتی :هەمیشە هەروابووە کە بە خەمەوە باس لە سامانێکی لە دەست چوو بکرێت، وەك وتنەوەی وشە بەنرخەکانی پێغەنبەرێك کە زەمانێك بەدەستی خۆمان کوژرابێت، ئیتر ئەمڕۆ ناکرێت وتەکانی نەڵێینەوە، لەشەرمەزاریشدا بە خەمەوە دەگوترێنەوە. گووتم زوو زوو ئۆقیانوسی هێمنت دەبینی؟ گووتی: هەر جارێك بۆ ناوچەی" بوکی چیا "بچومایە دەبوایە سەردانی ئەویشم بکردایە. ناو هێنانی بوکی چیا بۆمن دەروازەیەکی تر بوو لە ڕووی پرسیارەکانمدا کرانەوە، مەبەستم بوو کە بپرسم "بوکی چیا" کوێیە؟ گوتی ناوچەی قەرەداغە. . . زۆربەی ناوە بێگانەکانی گوندەکانیگۆڕیبوو. دەیگووت، دڵنیام ئەو ناوانە لە پرۆسەیەکی داگیرکردندا بە مەبەستی سڕینەوەی لە فەرهەنگی نەتەوەیماندا هەموو ناوەکانیان گۆڕیوە، ئێمەش لە پرۆسەی ڕزگارکردندا لە تێکۆشانی شۆڕشگێریماندا بە سڕینەوەی ناوە زۆرەکان دووبارە دەیانهێنینەوە ناو فەرهەنگی نەتەوەیمان. شۆڕش دەبێت لەئاستی قەبارەی بوونی خۆیدا بێت بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەکانو هێنانەوەی لە دەست چووەکان، دەسکەوتەکانیش دەبێت لەئاستی قوربانییەکاندا بێت، ئەگەرنا کۆمەڵ دەبێت بەژێر بەرژەوەندیو بیرکردنەوەی چەند کەسێك. ئەم ترسو گومانە لە عەقڵی مرۆڤی شۆڕشگێر بۆ ئاییندە دەمانباتە سەر ئەو قەناعەتەی بەرنامەیەك بۆ پەروەردەکردنی ئەندامەکانی شۆڕش پێویستییەکی سەد دەر سەدی ئەم قۆناغە سەرەتاییەیە. من دڵنیا بووم لە ڕاستی قسەکانی موراد عاشق. ئۆقیانوسی هێمن لەنامەکانیشدا کە بۆی دەناردم لەبری ناو قەراغ "بوکی چیای "دەنوسی. لەهەموو ئەمانە گرنگتریش بنەمای بەرنامەکەی لەسەر سێ تەوەری گرنگ دامەزراند بوو کە موراد بەشێوەیەکی تر ئەو بابەتەشی درکاند کە زیاتر دڵنیابوو پەیوەندی ڕاستەوخۆی بابەتیانەی لەگەڵ ئۆقیانوسی هێمندا هەبووە. ئۆقیانوسی هێمن پەیوەندییەکی ئەفسوناوی لەگەڵ ژمارەی سێدا هەبوو کە لە زۆر پێکهاتەی بنچینەیی هەمە لایەنەی گەردوندا هەبوو. هەمیشە دەیگووت، لە ئێستادا شۆڕش دەکەین لەسەر هۆکارە ڕابردووەکان بۆ ئاییندە، کەواتە کات دەبێت بنەمایەکی بنچینەی بێت بەهەر سێ قۆناغەکەیەوە لە بەرنامەکەماندا، وەك ئەو فەلسەفەیەی کە

گەردون لەناو کاتدا دەبینێت. کات پێکهاتەیەکی جوڵەییە لە ئاوێتە بوونی هەر "سێ" هەسارەی خۆرو زەوی‌و مانگ لە دایك دەبێت کە ئەویش"کات" بەسەر "سێ" دیاردەی گەردونیدا دابەش دەبن کە "ڕۆژو مانگو ساڵە"و جارێکیترلە تیوێرێکی فەلسەفی "سێ"قۆناغیدا"ڕابردو، ئێستا، داهاتو"دا بەردەوامی بە خۆی دەدات. ئێمە لە ئێستادا هیچمان نە کردووە ئەگەر ڕابردوی خراپو شێوێنراومان ڕاستنەکەینەوە. بە هەمان بۆچوون دەبێت لەئێستادا پلان بۆ داهاتویەکی باش دابنێین ئەگەرنا هیچمان نەکردووە.

نهێنییەکانی ناخی موراد عاشق هاندەرێکی گەورەتر بوون بۆ بەردەوام بوونم لەنوسینی وتارەکانمدا. بەردەوام لەسەر ئەو بابەتانەم دەنوسی کە پەیوەست بوون بەو ڕۆژگارەوە. لەجاران توانام باشتر بوو لەنوسیندا، زیاتریشم دەخوێندەوە، هاوکات سەرقاڵی دروستکردنی ئامێرەکان بووم لەدوکان، گومانم هەبوو بە ئاسانی دابمەزرێت. نەمدەتوانی دەستبەرداریشیبیم، پرۆژەیەکی شیرین‌وپیرۆز بوو. بیرۆکەی دوو کوری گەنج بوو کە ئازارەکانی خەڵکی هەرێمەکەیان لە ناخی خۆیاندا هەڵگرت بوو. من لەسەر بەڵێنی خۆم بەردەوام بووم لە ئیشوکاری کارگەکەدا. کە گەڕانەوە بۆ هەندەران برێك پارەیان بۆ خەرجی کەلوپەلەکانی بەجێهێشت. دلێر بۆ پێویستی کارگەکە خانووە بچوکەکەی خۆشیانی دانا بۆ فرۆشتن، منیشی بە بریکاری خۆی دانا. وردە وردە خەریك بووم تاکو پێویستم بە فرۆشتنی خانووەکە بوو بۆ کڕینی کەلوپەلی ئامێرەکانی کارگەکە. لەناو گرێ بەستی بریکاریەکەدا دیاریکرابوو کە خاوەنەکەی دانیشتوی هەندەرانە. لە فەرمانگەی باج داوای پارەیەکی زۆریان کرد کە چەندین جار لە باجی خەڵکی تر زیاتر بوو. پرسیم ئەو پارە زۆرە لەبەر چی؟ گوتیان بڕیارە هەرکەسێك دانیشتوی هەندەران بێت، باجی زیاتری لێوەدەگیرێت لە مامەڵەی فرۆشتندا. ویستم بەپێی بڕیار لێبوردنی بۆ وەرگرم بۆ لابردنی پارەی باجەکە. "ئەو لێبوردنە بڕیار بوو لە ماوەی سێ ساڵدا ماڵو موڵکت نەفرۆشتبێت هەموو کەسێك مافی وەرگرتنی هەبوو بۆ لابردنی ئەو باجەی لەسەری دانرابوو". گوتیان بڕیاری لێبوردن ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە لە هەندەرانن، لەبەر ئەوەی ئەوان سود مەندن . توشی شۆكو سەرسامی بووم کە هیچم بۆ نەگوترێت. هەرچییەکیشم بگووتاییە ڕوی فەرمانبەرەکەی دەگرتەوە، ئەویش هاولاتییەکی موچەخۆر بوو هیچی بەدەست نەبوو. فەرمانبەرەکە دیاربوو چاوەڕوانی دەکردم.

گووتی: چی دەڵێیت، بینوسم؟ هاتمەوەسەر خۆم.

گووتم:چی بنوسیت؟

گووتی:پسوڵەی پارەدانەکە . من دەمزانی ئەویش موچەخۆرێکی گیرخواردووە، بەڵام ئارامیشم نەگرت کە بێدەنگ بم. پێمگووت، ڕاوەستە مەینوسە! تۆ پێتوایە ئەو بڕیارە

ڕەوابێت، یاخود گشتی بێت هەموو ئەو کەسانە بگرێتەوە کە لە هەندەرانن؟ ئەو تەنها شانەکانی هەڵتەکاند وەك بڵێت "نازانم" بەڵام لەمەبەستی تێگەیشتم لەناخەوە قسەکانم پەسەند دەکات. گووتم:دەزانم بڕیارەکە دوور لە دەسەڵاتی تۆیە، بەڵام قسەکردن لە بێدەنگی باشترە لە بەرامبەر ناهەقی. من ناوی نانێم بڕیار، ناوی دەنێم شاربەدەرکردن. هەموو کاغەزەکانم لە فەرمانبەرەکە وەرگرتەوەو هاتمە دەرەوە. ئەو پیاوەش کە ویستی لێمان بکرێت مرۆڤێکی باش بوو بەئاسانی کشایەوە. ئەم چیرۆکەم کرد بە وتارێکی دووردرێژو بڵاوم کردەوە. مامۆستا شادمان گلەیی لێکردم کە گوایە ئازادی نوسینم پێشێلکردووە، بەپێی یاسا تاوانە. نوسینەکانت وەك بەدەم خەوەوە نوسرابن گوێ بە هیچ ڕێنماییەکی نوسین نادەیت، گوێ بە هەستو شعوری کەس نادەیت. سوکایەتی کردن بە مرۆڤ لەلای تۆ بووە بەخۆراکو لەسەری دەژیت. ئێمە دەمانەوێت هەموو کەسێك بگەڕێتەوە بۆ ئەم هەرێمە، بۆ نیشتیمانی خۆی، بەڕێزو خۆشەویستییەوە پێشوازیشیان لێدەکەین. نوسەر دەبێت چارەسەری کێشەکان بکات نەکو ئاڵوزیان بکات. تۆ هەر لەناونیشانی وتارەکەتەوە بانگێشەی شەڕ دەکەیت، هیچ حوکمەتو وڵاتێك بەبێ کەموکوڕی نابێت. حوکمەتەکەی ئێمەش جاری ساوایە هەروا دەبێت تاکو دەکەوێتە سەر پێی خۆی باشترو باشتر دەبێت.

پێکەنینم هات کە گووتی حوکمەتەکەمان ساوایە بۆ هەموو پاساو هێنانەوەیەك لە گەندەڵیو کەمو کوڕیو فرو فێڵێك دەیانگووت "حوکمەتەکەمان ساوایە". گووتم ئەگەر ساوایە چۆن ئەوەندە بە هەڵپەیە؟ ئەمە ساوایە هیچ بەرگەی ناگرێتو تێر خواردنی نییە، ئەی ئەگەر بکەوێتە سەر قاچی خۆیو گەورەبێت، وەك گەلە دایناسۆر هەموو هەرێمەکە لوش دەدات. ناونیشانی وتارەکە"نامانەوێت بگەڕێنەوە". گووتم من بانگێشەی شەڕ ناکەم، پەردە لەسەر کەموکوڕییەکان هەڵدەدەمەوە، بێدەنگیم لە ئاستی هەستکردن بە کاری دزێوی تاوانە نەك نوسینی وتارێك کە ڕاستییەکان ئاشکرادەکات. بڕیارێك خودی هاوڵاتی بوون پەك دەخات بە کەسانی ڕاکردو ناویان دەزڕێنێت کە لە ناخیاندا هەڵوێستێکی پیرۆز هەیە بەرامبەر بە خەڵکو هەرێمەکەیان. با لە خۆمان پرسیار کەین ئە و هۆکارە کاریگەرانە چیبوون کە خەڵك نیشتیمانەکەی خۆی بەجێهێشت؟ هەموومان دەزانین ئەگەر خۆمان گێل نەکەین. ئەی ئەو خەڵکە ڕۆڵیان چی دەبوو ئەگەر لێرەبوونایە؟ وەك ئەوانەی کە لێرە مانەوە دەبوون بە خۆراکی شەڕ، ناچار دەبوون لەبەرەیەکدا خۆیان ببیننەوە. یاخود خەمەکانی ڕۆژانەی بەرهەمی گەندەڵیو نەفامیو بێهەستی دەبوو بە داخو بە جەرگیاندا دەجزا. ئەگەر ئێوە بەڕێزو خۆشەویستییەوە چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئاوارەکانی هەندەرانن، دەبوایە کار ئاسان بۆ هاتنەوەیان بکرایە، نەك بە بڕیارێك بە هاوڵاتی پلە دوو یان بە کەسانی جیاوازتر مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. مامۆستا شادمان زۆر بابەتی گرنگی دێرینی

بیرچووبوو کە لە بەرژەوەندی ئەم سەردەمەی نەبوو، کەچی بە نەرمە پێکەنینەوە گووتی:هاوڕێی دێرین جیاوازی چینەکانی ناو کۆمەڵ هەر هەبووە، چەمکی جیاوازی بوونی پێویستە. لەبیرتماوە سەبارەت بە چەمکی جیاوازی گفتوگۆمان دەکرد. بەتوندی دژایەتی منت پێدەکرد، بە چەمکێکی پیرۆزو بەهێزت دادەنا بۆ گەشەکردنی کۆمەڵ. کەچی ئێستا ئەو دیاردەیە بە دزێو ناودەبەیتو ئێمەی پێ ڕیسوا دەکەیت.

لەمێژ بوو لەگەڵ مامۆستا شادمان لەمەڕ چەمکی جیاوازی گفتوگۆمان نەکردبوو. لەدوای چوونی بۆ شاخ چەند جارێك یەکتریمان بینیبوو، لەپاش هاتنەوەشیان بۆناو شار زۆر جار پێکەوەبووینو سەبارەت بە بارودۆخی هەرێمەکە گفتوگۆمان سازدابوو، بەڵام هیچ جارێك لە سەر چەمکی جیاوازی قسەمان نەکردبوو، چونکە جیاوازی لە نێوان ئەندامەکانی کۆمەڵدا لەسەر ئاستی دەسەڵات وەك دیاردەیەکی سروشتی ئەزەلی خۆی فەرز کردبوو کە بەهایەکی فەلسەفی بۆ خودی چەمکی جیاوازی نەهێشتبووەوە، ئیتر سەردەمەکە بەجۆرێك خولْقێنرابوو گفتوگۆو شیکردنەوە لەسەر ئەو بابەتە کاتێکی ڕەهای بەخۆی پێنەدرابوو. چەمکی جیاوازیش لەو حاڵەی خراپتر تێکەڵ بەو جیاوازیانە ببوو کە بەرهەمی دیاردە دزێو سیما ڕەشەکان بوو کەلە هـزری زۆربەی کەسدا جیاکردنەوەیان مەحاڵبوو. بەلای منەوە پێویست نەبووجارێکیتر لەسەر ئەو بابەتە قسە بکەم، هەرئەوەندەم گووت:ئیتر بەسە ئەم تێکەڵکردنە، تاکو کەی حاڵینابیت؟. پێش ئەوەی بێمە دەرەوە هەواڵی شێخ بەختەوەرم لێپرسی، لە کوێ ببینم؟ گووتی:دوێنێ بەسەردان گەڕایەوە بۆ ماڵی باوکی، هەفتەیەك لەوێ دەبێتو دەگەڕێتەوە بۆ شارە حەیاتەکە.

شارە حەیاتەکەیان لێکردین بە قیامەت. هەموو هەرێمەکەیان کرد بە قیامەت. ئەو شارە هەر ئەوەندە حەیات بوو کە کوڕەکانی لە دەمی پێگەشتندا بوون بۆ بەکارهێنان. جیاوازی چینایەتی لە ئاستی ئابوریدا لەسەر ئەستۆو ڕۆحی خەڵکی هەرێمە حەیاتەکە گەشتبووە سەرو ئەو ڕێژەیەی کە زانستی ئابوری لەمەڕ داهاتو چینەکانی کۆمەڵدا پلەی مەحاڵی بۆ دانابوو. بەخشینەوەی داهاتو سامانو موڵکی هەرێم بەسەر کۆمەڵێکی دیارکراودابوو، خۆ باقی خەڵکەکانیتریش خەڵکی شارە حەیاتەکەبوون. هەرێمەکە سیمای حەیاتی پێوەنەمابوو، پارچەیەك قیامەت بوو. بەڵام بۆ زۆر کەسیش هەر حەیات بوو، لەبەهەشتی هەندەرانەوە دەگەڕانەوە بۆ ئەو قیامەتە. پلەیەکی ئیدارییان وەردەگرتو پاش چەند مانگێك بە موچەیەکی باش خانەنشین دەکرانو پارچەیەك عەرزەی باشیان وەردەگرت، پارچەیەکی ترو دووانی تریش. دواجار لەشارە حەیاتەکەوە دەگەڕانەوە بۆ هەندەران.

دلێر ناچاربوو بۆ فرۆشتنی خانووەکە بگەڕێتەوە. هەمان گرفتی پارەی باجدان سەریهەڵدایەوە. چەند جارێك هەوڵماندا وەك هاوڵاتییەك مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

ئەگەر مافی وەرگرتنی لێبوردنی پارەی باجدانی نییە، باوەکو خەڵکێکی ئاسای پارەی لێوەربگیرێت. بەڵام هەموو هەوڵەکان بێسود بوون. گووتیان ئێوە کە کەلە هەندەرانن سود مەندن. دلێر پێیگووتن ، خانووەکەمان لە سەردەمێکدا کڕیومانە هێشتا هەرێمەکەمان بەجێنەهێشتبوو. لەم خانووە گەورەتریشمان هەبووە، ئیتر لەهەندەران ئەوەندە سودمەند نەبووین تاکو بڕیاری تایبەتیمان بۆ دەربکرێتو لە هاوڵاتیتر جودابکرێینەوە. لە کۆتایدا دلێر ناچار بوو کە بڵێت ئێمە خاوەن هەڵوێست بووین، من کوڕی"باوکی میللەتم". هەرئەوەندە وەڵامیاندایەوە، پێیانگووت: ئەم میللەتە باوکی نییە، هەتیوە.

خانو فرۆشراو باجێکی زۆری لێدرا. باقی پارەکەش لە کارگەی ڕۆنەکەدا خەرجکرا. من ئاگاداربووم کە دلێر لە هەندەران سودمەند نەبوو، لەوێشەوە سودی دەبەخشی بە هەرێمەکە. هەر نەبوایە مانگانە یارمەتی کەسێکی یاخود هاوڕێیەکی دەداو لە ناو هەرێمەکەدا خەرجدەکرا.

سەردەمێکی سەیرو عەجایب بوو. لەهەموو قۆناغەکاندا کۆمەڵانی خەڵك بە هەموو گۆڕانکاریەوە ئازارو ئەندێشەکانی خەڵك وەك خۆیو زیاتریش بوو. سەردەمێکی زۆر لاسەنگ بوو، تایەك سێبەشی کۆمەڵی تێدابوو، ترنجابوونە ناو یەکتری، هەناسەیان بۆ نەدەدرا، نانیان بەرنەدەکەوت، ئاویان لێ حەرامکرابوو. قیامەتێکیان هەڵگیرساندبوو کۆلانەکانیان ناونابوو، جەننەت، شاری پالاس، چوارچرا، پارکی ئازادی، هاوینەهەوار. تای تەرازووەکەیتر کۆمەڵێکی کەمبوون، هێندە مەودای نێوانیان دوور بوو بەیەکتری نەدەگەیشتن. گلەییان لە بەختی خۆیان هەبوو کۆلانێکیان تەنها دوو خانوو بوو. لەتاموچێژی هەوای ئازادی مەحروم بوون لەبەر سەرقاڵبوونیان بە کڕینو فرۆشتنو هاتوچۆی سەر مەرزەکان. هەموو شتێك پێچەوانە ببوەوە، لەپەنای خودی خۆتدا هەستت بە ونبونی خۆت دەکرد، کەچی لە دورەوە خۆتت دەدۆزییەوە. دیاردەیەکی سەیربوو بە هەر کەسێك دەگەیشتیت دەیگووت:ونبووم، نازانم لەکوێدام تاکو بەدوای خۆمدا بگەڕێم، نیگەرانی بە ڕوخساری هەموو کەسێکەوە دیاربوو. ئەو سەردەمەبوو کە گەندەڵی سیاسیو ئیداری بەرهەمی ئەو عەقڵانەبوو کەپێش زەمانێك ئۆقیانوسی هێمن دەیوست بەبەرنامەیەکی پەروەردەیی ئیش بۆ ئاینده بکات . ئەم سەردەمە کە چەندین ساڵبوولە ئەندێشەو ئازاردا چاوەڕوانیان دەکرد، ئێستاش خۆزگە بۆ زەمانێکیتر دەخوازن کە نازانن لەسەر چ ڕێگایەك پێیدەگەن. من هەر ئەو سەردەمە بەرنامەکەی ئۆقیانوسی هێمنم پەسەند کرد، بڕیاریشمدابوو بە پەرۆشەوە ئیشی لەسەر بکەم، بەڵام قەدەر بەرەو هەڵدێری برد، ئەو قەدەرەی کە ئەمڕۆی پڕ لە نەهامەتی خوڵقاند. موراد عاشق زۆری بۆ باسکردم، وەك لە ساتی تینونەبووندا بەلای کانییەکی ڕووندا بێباك

ڕەتبێت‌ولە جێگایەکی وشك‌و بێ ئاودا حەسرەتی تینو بوونی بۆ هەڵکێشێت، ئاخی بۆ ئەو زەمانە دەخواست ئۆقیانوسی هێمن وەك كانییەكی ڕونی سازگار دەرژایە ناو گەروی وشكی كۆمەڵگاوە، بەڵام بێ باكانە بەدەم وردە بەردی شەقی ڕێگاوە كوێر كراو پڕكرایەوە. موراد عاشق لە حەیبەتی لەدەست چوونی ئەو ڕۆژگارە لەمن بە پەرۆشتر بوو بۆ بەدوادا چوون‌و زیندوكردنەوەی بەرنامەكەی ئۆقیانوسی هێمن. زۆربەی ڕۆژ سەردانی دەكردم بۆ دوكان، بەوردی باسی پەیوەندییەكانی خۆی‌و ئۆقیانوسی هێمنی بۆ دەكردم. دەیگووت ئێمە "سێ"كەس بووین كە دەچووین بۆ ناوچەی بوكی چیا بەتایبەتی سەردانی ئەومان دەكرد. لەو بڕوایەدام كەسانیتریش پەیوەندیان لەگەڵیدا هەبووە سەبارەت بەبەرنامەكەی، بەنەمانی خۆی بەرنامەكەش مردو خەڵكەكانیش لەیەكتری ترازان‌و پەرت‌و بڵاوبوونەوە. هەواڵی ئەو دوو برادەرەم لە موراد پرسی كە پەیوەندییان لەگەڵ ئۆقیانوسی هێمندا هەبووە. موراد عاشق گووتی:بەداخەوە هەردووكیان زوو شەهید بوون، یەكێكیان "بەكری چیایی"بوو ئەویتریان هاوڕێ "سەلاح" بوو.

بەرنامەكەی ئۆقیانوسی هێمن چووەوە ناو ڕۆحم، جارێكیتر پیاداچوومەوە. بڕیارمدا هەوڵی تەواوكردنی بدەم. دڵنیا بووم بەبێ دۆزینەوەی هاوڕێ دێرینەكان كە پەیوەندییان لەگەڵ ئۆقیانوسی هێمندا هەبووە، ئەو كارە مەحاڵە. دڵنیا بووم كە خەڵكانێكی زۆر سەبارەت بە بەرنامەكە پەیوەندییان لەگەڵیدا هەبووە، ئەگەر زۆریشیان شەهید بووبێتن هەندێكیان هەر لە ژیاندا ماون. بەڵام ئەو كەسانە كێن؟ خوا دەزانێت. خۆ لەناوچەوانیان نەنوسراوە تاكو بیانناسینەوە، ناكرێت جاری ئاشكراش بدەین، بە ئاشكرا دەمانكەن بە پەندی زەمانە. بیرم لە پلانێكی گونجاو دەكردەوە بۆ دۆزینەوەیان. موراد‌و بەكری چیایم لە كۆمەڵێك سیفاتی هاوبەشی شۆڕشگێڕانە، وەك دوو مرۆڤی ڕاستگۆو پاك‌و خاوەن هەڵوێست پێكەوە بەستەوە. هاوڕێ سەلاحم نەدەناسی، شارەزای ڕەفتارو هەڵسوكەوتی نەبووم. دەربارەی ئەخلاقی شۆڕشگێڕانەی پرسیارم لە موراد كرد. موراد لە وەڵامێكی مەنتیقی كورتدا گووتی: بەكری چیایت باش دەناسی؟ بە خیرای وەڵامم دایەوەو گووتم:بەڵێ ، لەئێستای تۆ زیاتر. گووتی: ئەویش هەر بەكر بوو، بەڵام ناوی سەلاح بوو. وەڵامێكی زۆر دڵخۆشكەربووكە هانیدام لەسەر ئەو بەرنامەیە بڕۆم كە لە زەینمدا بیرم لێكردبووەوە. ئۆقیانوسی هێمن پیاوێكی زیرەك‌و وردبین بوو، خۆی دەیزانی لەگەڵ كێدا سەبارەت بە بڵاوكردنەوەی بەرنامەكەی پەیوەندی دەبەبەستێت. لەو ڕوانگەیەوە بەباشم زانی پەیوەندی بەو كەسانەوە بكەم كە هاوتای موراد‌و هاوڕێكانین لە هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە دا بە هەموو مانا جوانەكانییەوە. ئەو كەسانە ئەگەر پەیوەندیشیان لەگەڵ ئۆقیانوسی هێمندا نەبووبێت، یاخود سەبارەت بە بەرنامەكەی زانیارییان نەبێت.

كەسانێكن جێگای دڵنیاین كە مرۆڤ بتوانێت نهێنییان لەكن بدركێنێت لەو سەردەمە دژوارو ترسناكەدا. ئەم پێشنیارەم لەلای موراد باسكرد، ئەویش زۆری پێ پەسەند بوو. یەكەم كەس شێخ بەختەوەرم هەڵبژارد، گووتم: موراد باشی دەناسی، تۆ چی دەڵێیت؟ موراد گووتی: حەتمەن یەكەم دەستنیشانكردن دەبێت ئەو بێت، گونجاوە.

شێخ بەختەوەریش یەكێك بوو لەو كۆمەڵەكەسەی هەر لەسەرەتاوە بەشداربوو، ئەندامێكی چالاكو دڵسۆزو خاوەن هەڵوێست بوو. ئەویش خەڵكی ئەم شارە نەبوو، كوڕێكی گەنج بووئەوسەردەمەی پێویستیو ئەركی سیاسی ناچاریكرد ڕووباكاتە ئێرەو بوو بە هاوڕێمان. ئێستاش لە یادمە یەكەم جار یەكتریمان بینی سەرسامی چێژی خۆشی بووم بە ئاخاوتنی. بە زمانێكی زۆر شیرین قسەی دەكرد، لەگەڵ مامۆستا شادمان خەڵكی یەك جێگا بوون، بەڵام ئەو هەر بە دیالەكتی ئێمە قسەی دەكرد. شێخ بەختەوەریش زوو دیالەكتی ئێمەی وەرگرت. هەر كاتێك دەمبینی دەمگووت:" تو گیان شێخ وە لەهجەی شیرینەكەی خوت بخافتە". بەكوڵ پێدەكەنیو دەیگووت: باشە باشە، بەڵام تۆ زمانەكەی ئێمەت شێواندووە. ماوەیەك بوو خۆم بەنیاز بووم سەردانی بكەم بۆ ئیشوكاری كارگەكە بە تایبەتی بۆ دابینكردنی زەوی‌وزار. ڕۆژێك چووم بۆ ماڵەوە بۆلای، دەمویست چاوێكەوتنەكەمان دوو بە دووبێت، گرنگ بوو سەبارەت بە بەرنامەكەی ئۆقیانوسی هێمن قسەی لەگەڵدا بكەم. زۆر شتمان باسكرد هەر لەسەرەتاوە تاكو ئێستا، لەكۆنو تازە، لەیادگاری شیرینو تاڵ، لە بیرەوەری خۆشو ناخۆش. یادی برادەرانی زیندو مردومان كردەوە تاكو هاتینە سەر ئۆقیانوسی هێمن. مەبەستم بوو زوو بچمەناو باسەكەوە. شێخ بەختەوەریش كەسێكی ناو دەسەڵات بوو، بەڵام خۆیشی لە حوكمی ئەو ڕۆژگارە بێزار بوو. بە نیگەرانییەوە باسی لە نەهامەتییەكانی هەرێمەكە دەكرد. ئەو بیركردنەوەیە بۆمن هاندەربوو كە بتوانم بەراشكاوی باسی خۆمی لەگەڵدا بكەمەوە. زۆربوون لە وێنەی شێخ بەختەوەر، كە بەشداربوون لە بەڕێوەبردنی حوكمدا، كەچی گلەیشیان زۆربوو. لێكدانەوەی من بۆ ئەو كەسانە لە هەڵوێستی بەرزیانەوەبوو بۆ خەم خواردنو بەتەنگ هاتنی ئازارو ئەندێشەكانی خەڵكی هەرێمەكەو كۆڵنەدانیان لەتێكۆشان لە پێناوی چارەسەر كردنو گەیشتن بە ئاسودەی. شێخ بەختەوەر خۆیشی گووتی: بەتەنها خۆشەویستی خەڵك ئێمەی لە حوكمڕانیدا هێشتۆتەوە كە گۆڕەپانەكە بە هێجگاری بۆ خۆپەرستەكان چۆڵنەكەین. ئێمە هەمیشە كوڕی شۆڕشین، خزمەتكاری میللەتین. وشەی كوڕی شۆڕش بۆمن زۆر گرنگ بوو لە زاری ئەوەوە بیستم. ڕاستەوخۆ لێمپرسی:سەبارەت بە بەرنامەكەی ئۆقیانوسی هێمن ئاگاداریت هەیە؟بەكورتی بەدەم ئاخێكی گرانو غەمگینەوە وەڵامی دامەوە گووتی:نەخێر هیچ نازانم. لەناو وەڵامە كورتەكەیدا وشەی نهێنیم بەدیدەكرد. پێمگووت: دەتوانین

لەوبارەیەوە قسەی زیاتر بكەین؟ئەگەر كاتت هەیەو بیرەوەریەكان ئازاری دەرونت نادەن.
گووتی: ئازاری دەرونی چی؟ ئێمە دەرونمان پڕە لە تاوان. . . . . تاوانی بێدەنگی بەرامبەر بە ناهەقیوزوڵم، بە ئەشكەنجەدانو هەڵهاتنو ونبوون. دەبوایە هەرلەسەرەتادا بێدەنگ نەبوینایە چونكە كوری دایە تاوانبار نەبوو.
بەبیستنی ناوی كوری دایە توشی حاڵەتێكی دەرونی تایبەت بووم كە ئاوێتە بوو لە شۆكو سەرسامیوخۆشحاڵی كە ڕەنگە دەرگایەكی ترم لەسەر بكاتەوە بۆ چوونە ناو بەرنامەكەی ئۆقیانوسی هێمن. شێخ بەختەوەر هەستی بەو حاڵەتە تایبەتییە كرد ، واپێدەچوو بەروخسارمەوە دیاربێت، گووتی:وەستا كاوە نیگەران بوویت؟ هیچ شتێكم گووت كە ئازاری دەرونم دابێتی؟زۆرجار كە یادی بیرەوەریەكانی زوو دەكەم ، بەتایبەتی بێدەنگیمان لەئاستی تاوانەكان، ئیتر هۆشم لەلای خۆم نامێنێت چیم گووتووە. ئەگەر هەڵەیەكم كردبێت داوای لێبوردنت لێدەكەم.
نەمزانی بڵێم چی؟ ڕێكەوتێكی باش بوو بۆمن كە سەردانم كرد. گووتم :یاشێخ گیان من داوای لێبوردن لەتۆ دەكەم بۆ ڕۆژگارێكی دێرینم بردیتەوە. ئەو ڕۆژە هیچیترمان نەگووت. باسی كارگەی ڕۆنەكەشم بیرچووەوە. هەردووكمان نیگەران بووین، هەردووكمان لەناخی خۆماندا تاوانبار بووین، زەمانێك بوو بێدەنگ بووین، هەردووكان لە یەكتری جیابووینەوە، ئەو لەماڵەكەی خۆی مایەوە منیش هاتمە دەرەوە. بۆ سبەینێ لەدوكان سەرقاڵی كاركردن بووم. بەدەم زرمە زرمی چەكوشەوە بیرم لەدوێنی دەكردەوە. جارێك نیگەران بووم جارێكیش خۆشحاڵبووم. لەناكاو موراد عاشق پەیدا بوو، ئاگادار بوو كە دوێنی چووم بۆلای شێخ بەختەوەر. گووتی: دەی بۆم بگێڕەوە. . باسی شێخم بۆ بكە، خۆی بوو. موراد زۆر بە پەلە بوو. گووتم :موراد گیان پەلەمەكە، جارێ دانیشە. موراد دیاربوو بە ڕوخسارمەوە خۆشییەكی بینیبوو، بۆیە ئەویش خۆشحاڵ بوو. گووتم: نەخێر هیچ نازانێت. موراد نیگەران بوو، گووتم: موراد گیان نیگەران مەبە، بەرنامەكەمان سەركەوتووە. ئەو كەسانەی دەستنیشانیان دەكەین ئەگەر پەیوەندیشیان لەگەڵ ئۆقیانوسی هێمنیشدا نەبێت كەسانێكن هاوبیری ئێمەن. شێخ بەختەوەر ئاگاداری هیچ نەبوو، بەڵام زۆر شتی لەلابوو، ئەو كەسەیە كە ئێمە لەشوێنی دەگەڕێین.
ماوەیەك بوو زۆر سەرقاڵبووم بە دروستكردنی ئامێرەكانەوە. بارودۆخی خراپی هەرێمەكەش كۆمەڵێك وتاری لەلا كەڵەكە كردبووم. گەڕان بەدوای ئەو كەسانەشدا كە پەیوەندیان لەگەڵ ئۆقیانوسی هێمندا هەبووە، كارێكی ئاسان نەبوو، پێویست بەكاتێكی زۆر هەبوو لەو زەمەنە بێ كاتییەی مندا. موراد عاشق ئەو كەسەبوو كە قەدەری ڕۆژگار بۆ ژیانی منی خوڵقاندبوو. خاوەنی خەباتێكی دوورو درێژی پڕ لە

سەروەریو هەڵوێستی شۆڕشگێرانەبوو. خەڵکێکی زۆری دەناسی. دەربارەی ژیانی زۆریشیان ئاگاداربوو. بۆ ئەو ئاسان بوو بە دوایاندا بگەڕێتو پەیوەندیشیان پێوە بکات. ئەو کارەم بەو سپارد، بە خۆشحاڵییەوە پەسەندی کرد. کۆمەڵێك کەسی باشی دەستنیشان کرد، هەندێکیانم لە نزیکەوە دەناسی. موراد دەست بەکاربوو، بە پەرۆشەوە هەوڵی خۆی دەدا. زووزوو هەواڵەکانی بۆ دەهێنام. هەندێك کەسیشی دۆزیبووەوە کە پەیوەندیان بە بەرنامەکەوە هەبووە. ڕۆژێك بەپرتاو هات بۆلاەو گووتی: هاوڕێیەکی دێرینم بەناوی"سەروەر دڵپاك"پەیوەندی بەهێزو ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئۆقیانوسی هێمندا هەبوو، زۆر جار لەسەردانەکانم بۆ ناوچەی بوکی چیا لەلای ئەو بینیبووم. ئەو دەمە بۆمن ئاسای بوو، سەروەر دڵپاك لەناو شاردا کاری سیاسی دەکرد، هەر بەمەبەستی ئیشوکاری شۆڕش دەهات. بەداخەوە لەسەردانێکدا بە دەستی ڕژێم دەگیرێت. بەهۆی ئەشکەنجەو ئازاری زۆرەوە باری دەرونی تێکدەچێت. لە لێبوردنێکی گشتیدا ئازاد دەکرێت. لەبەرخراپی باری دەرونی بۆ چارەسەرکردن بە خێرای ڕەوانەی هەندەرانی دەکەن. لە ناوبیرەوەریەکانمدا سەروەرم هاتەوە یاد، هەواڵم لە برادەرکێم پرسی. گووتی :ئێستا لە بەریتانیا دەژی لەگەڵ"سوارە ئیسکانیدا" پێکەوەن. هەربرادەرەکەم گووتی:سوارەش ئێستا لێرەیە، بەسەردان هاتۆتەوە. چەند ڕۆژێك پێش ئێستا پێکەوەبووین، من هەواڵی سەروەریشم لێپرسی. گووتی: تەندروستی زۆر باشە ، پەیوەندی خێزانیشمان بە هێزو گەرمو گوڕە. لەگەڵ ئەو برادەرە بڕیارە بچین بۆلای سوارە ئیسکانی. خۆشم سوارە باش دەناسم ئەویش یەکێکە لەو کەسانەی کە ئێمە بەدوایاندا وێڵین. خاوەن خەباتێکی پاكو بێگەردو بە هەڵوێستە.

من سوارەم نەدەناسی، بەو جۆرەی موراد بۆی باسکردم حەزمدەکرد سەردانی بکەمو لەنزیکەوە بیناسم. بەڵام سەروەر دڵپاك باش دەناسم، زەمانێك بوو هاوڕێی یەکتربووین. زۆر تامەزرۆی هەواڵی بووم. ئارەزوم بوو لە نزیکەوە سوارە دەربارەی ژیانی سەروەر قسەم بۆبکات، لە گەڕانەوەشدا نامەیەکی پێدا بنێرم بۆ سەروەر. موراد گووتی: ئەگەر وا ڕێکەوت بەتەنها سەردانی بکەم، جارێکیتر لەگەڵ خۆمدا دەیهێنم بۆ دوکان. بۆمن جیاوازی نەبوو ، گرنگ ئەوەبوو ببینم.

سەردەمێکی زۆر ترسناك بوو، سەرهەڵدانی دیاردە غەریبەکان بوو. لەناو ئەو دنیا جەنجاڵەدا دیاردەیەکی تر وەك نەخۆشی درم بەناو خەڵکدا بڵاوبووەوە. لە ناخی خۆیاندا هەستیان بە ونبوون دەکرد. کەناڵەکانی تەلەفزیۆنیش ڕۆژ تاکو ئێوارە بە شاتە شات دڵخۆشی خەڵکیان دەدایەوە. هۆ خەڵکینە. . . هۆ هاوڵاتیانی خۆشەویست هەر هەمووومان لە هەرێمەکەی خۆماندابن. لە هەرێمە جوانەکەی خۆتاندان. کەس

وننەبووە، تەنها دیاردەیەکی دەرونییەو بەس. زاڵبن بەسەر گرفتو کۆسپەکاندا، خۆڕاگربن دڵنیاتان دەکەین کەس وننەبووە ، لێرەوە چاومان لە هەمووتانە.

خەڵکەکە دڵنیابوون لە هەرێمەکەی خۆیاندان. لەناو کەسو کاری خۆیاندان. بەڵام لەناخی خۆیاندا ونببوون. جوتیارەکان کە ناو شارەکاندا سەرقاڵی بازرگانی بوون، ئێواران بە تورەکەیەك پارەوە دەگەڕانەوە بۆ ماڵەوە بە ژنەکانیان دەگووت: ئافرەت ئەو پارانەمان لێوەربگرن، ئێمە ونبووین نەبا ئەو پارانەش بە خۆمانەوە ونبکەین. ژنەکان دەستیان لە گوانی بزنەکان بەردەداو وازیان لە دۆشینیان دەهێناو دەیانگووت: بێنە تورەکە پارەکە با لەلای ئێمەبێ، ئێمە هێشتا وننەبووین. لەو سەردەمە پڕ نەهامەتییەدا، لەناو ئەندێشەی ونبوونی مرۆڤەکان لە ناخی خۆیان، مردنی منداڵەکانیش سەریهەڵدا کە ترسناکترین دیاردەبوو. بەڵام کەمترین خەمی بۆ دەخورا، ئەوەی پێیدەگووترا دەسەڵاتو بەرپرسی خەڵكو هەرێم زۆر خەم سارد بوون لەو دیاردە نائاساییە ترسناكو تاوانکارییە. دەیانگووت"قودرەتی خودایە، دەسەڵاتی کەسی تێدانییە. ڕۆژانە لە سۆماڵ چەندەها منداڵ دەمرن، لە ئەفەریقاش ساڵانە هەزارەها منداڵ لە بەر بێ خواردنی لە برسا دەمرن. خەمی حوکمەت هەر ئەوەندەبوو.

غەریب بار چاوەش گووتی:ڕۆژانە لە ناو چاڵە هەڵکەندراوەکاندا منداڵ بە مردویی دەدۆزینەوە. لە دادگا چەند جارێك داوایان لەسەر ئەو بەڵێندەرانە تۆمار کردبوو، چاڵەکانیان هەڵکەندووەوە بەبێ ئەوەی گوێ بە پاراستنی گیانی هاوڵاتیان بدەن، بە دروستکردنی دیوارێکی تەختە یاخود دانانی تابلۆی ئاگادارکردنەوە لە نزیکی چاڵەکان. بەڵێندەرەکان بۆ بەرگریکردن لە خۆیان پاسەوانەکانیان تاوانبار دەکرد، دەیانگووت:پاسەوانەکانمان ئاگادارکرۆتەوە ئێواران لەپاش ئیشکردن چەند بلۆکێك بەدەوری چاڵەکاندا دابنێن. پاسەوانەکان سوێندی یاساییان خوارد بوو کە هەرچاڵێك دووبلۆکو نیویان بەدەوردا دانابوو، بە شەوان کە دەزانن من خەوتوم بلۆکەکان دەدزن، بەیانیانیش تاریكڕوون ئەو منداڵنەی بە چاوی خەواڵووەوە بەوێدا ڕەتدەبن دەکەونە ناو چاڵەکانەوە. ئوتوموبیلەکانیش لە چاڵە قوڵەکان زیاترڕۆحی پاکی منداڵەکانیان لە جەستەیان جیادەکردەوە. لەو هەرێمەداهیچ ئازادییەك نەگەشتبووە ئاستی ئەو ئازادییەی کە مرۆڤ لە ماشێن ئاژاودندا هەیبوو. منداڵێکی پانزە ساڵ لە یەکەم ڕۆژی جەژندا کیژۆڵەیەکی بچکۆلانەی تەختی شۆستەکە کرد، منداڵەکە مۆڵەتی ئۆتۆمۆبیل ئاژوتنی نەبوو، لەبەندیخانە بە هۆکاری کوشتنی منداڵێك مایەوە تاکو باوکی لە سەفەر گەڕایەوە. ئای لەو باوکە بەسۆزو بە ڕەحمە، لەتاو جەرگەکەی گڕی گرت. تەڕو وشکی پێکەوە دەسوتان، غەزەب لە چاوەکانی دەباری، بەردی ڕەقی بەبادەکرد. پاسەوانەکانی خۆی نارد بۆ بەندیخانەکە کە پۆلیسەکان لەبری منداڵەکەی زیندانی بکەنو منداڵەکەشی بۆ بهێننەوە. لەناو کۆلانەکەدا هاواری دەکردو

جنێوی بەو كەسەش دەدا كە بەڕێوەبەری بەندیخانەكەی دامەزراندووە. دەیگووت ئەگەر من فەرەج كلاشینكۆف بم ئەم هەقەتان بەسەرەوە ناهێڵم. بە چ دینێك ڕەوایە بەم جەژنە منداڵێكی پانزە ساڵان بەندبكرێت؟ قەزاو قەدەر كە هات ناگەڕێتەوە، تەنها كوڕی من منداڵی نەكوشتووە، ڕۆژانە چەندین منداڵ مردار دەبنەوە.

وابوو. . . ڕۆژاگارێكی مەرگەسات بوو، ڕۆژانە چەندین منداڵ دەبوونە قوربانی قەدەری گەندەڵیو بێ یاسایو خەمساردی لایەنە بەر پرسەكان. نەخۆشخانەكان لە هەموو جێگایەك منداڵی زیاتر تێدا دەمرد. جگەلەوەی نەخۆشخانەكان لەئاستی پێویستیدا نەبوون فەرمانبەرەكانو دكتۆرەكانیش وەك هاولاتییەك، وەك بەرپرسێك لەئاستی بەتەنگ هاتنی خەمەكانی خەڵكدا نەبوون كە خۆشیان یەكێكبوون لە خەڵكی هەرێمەكە. ئەوەش دیاردەیەكی ترسناك بوو لەسەر فەرهەنگی نەتەوەیی. سەرباری گەندەڵیو بێ خەمی دەسالات بەرامبەر بە میللەت، خەڵكیش دەرئەنجامی بێ هەستی بێ هەڵوێستی بەرامبەر ئەركەكانی خۆیان تەمەڵو لەش قورس بوون، بەدەست یەكترییەوە دەیاناڵاند.

شەوێك لەماڵەوە خەریكی نوسینی وتارێك بووم دەربارەی دیاردەی مردنی منداڵەكانو هۆكارەكانی. لەدەرگا درا، "موراد عاشقو سوارە ئیسكانی "بوون. ئەو شەوە تاكو درەنگ لەسەر بارودۆخی هەرێمەكە قسەمانكرد، ئەویش بیركردنەوەو لێكدانەوەی وەك خۆمان بوو. موراد ئاگاداریكردم كە سوارە سەبارەت بە بەرنامەكە پەیوەندی لەگەڵ ئۆقیانوسی هێمندا نەبووە، بەڵام ئەو شەوە حەزمكرد لەسەر ژیانی "سەروەر دڵپاك"قسەم بۆ بكات. بەدرێژی لەسەرەتای چوونی بۆ بەریتانیا تاكو ئەو ڕۆژەی ئەم گەڕاوەتەوە بۆ هەرێم، باسی ژیانی سەروەری بۆ كردم. بەناسینی یەكتری خۆشحاڵبووین، بڕیاریشماندا پێش گەڕانەوەی بۆ بەریتانیا دانیشتنێكیتر ساز بكەین، بەڵام بەداخەوە مردنی منداڵەكان دانیشتنەكەی ئێمەشی پەككخست. پێرانەگەیشتین جارێكیتر پێكەوەبین. لەدواین ڕۆژەكانی گەڕانەوەیاندا بۆ بەریتانیا، كچە بچكۆلانەكەی سوارەش بووبە قوربانی قەدەری بێ خەمیو بێ هەستی خەڵك بەرامبەر بەیەكتریو لێنەپرسینەوەی تاوانبارانو بەڕێوەبردنی دەزگاكانی هەرێم بە ئەقڵی پیاوە گەوجەكان.

پەپولەیەكی باڵ تەنكی ڕەنگ كاڵ لەباخە دوورەكانی تاراوگەوە نەرم نەرم بەسەر گوڵو گەڵاكاندا لەژێر ئاسمانێكی شینوساماڵی بێ پەڵە هەوری ڕقو بوغز پڕ لە هیواوخۆزگەو خەندە، فڕە فڕ بەرەو گوڵە ڕەنگاوڕەنگەكانی باخچەی زێدی پڕ لە كارەسات. بە هەستو دڵێكی خاڵی لەقەدەری تاوانكاران ، دەمەو ئێوارەیەك بە ئەسپای بەسەر گوڵێكی دڕكاویدا نیشتەوەو هەموو تەمەنی لێفڕاند. بە مردنی ناوەختی ئەو پەپولەیە زیاتر هەستم بە ئازارەكانی ئەو قیامەتە كرد كە هەڵگیرسابوو. مردنی

ئەو لە ویژدانمدا زۆر سەختر بوو، لە هەموو دیاردە غەریبەکانی تر زیاتر کاریان تێکردم کە وتارەکانم لەسەرکارەساتی مەرگی ئەو چڕبکەمەوە. ئازاری مردنەکەی ئەوەندە بەسوێ بوولە ڕۆحی مندا، هەندێك جار باوەڕم نەدەکرد کە بەڕاستی مەرگی بەو جۆرە ڕویدا بێت. هاوارم دەکرد تاوانە تاوان... نابێت قەدەر ئەوەندە بێ حورمەت بێت لەباڵی پەپولەیەك بئاڵێت لەو دەمەیدا بەسەر گوڵێکەوە شیلەی کامەرانی هەڵمژێت. ئازارێك لە گەرومدا پەنگی خواردبوەوە کە وەختەبوو بمخنکێنێت، ڕستەیەك بەگوێمدا بەبێ دەنگی دەیچرپاندو دەیگووت:بۆچی باوەڕناکەیت کە ئێرە وڵاتی مەرگ بێت، مەملەکەتی قەدەر بێت.
منوسوارە دەرفەتێکمان بۆ نەمایەوە کە پێکەوە دابنیشین، بەڵام بۆ دڵدانەوەی مەرگی کیژۆڵەکەی سەردانم کرد. لەگەڕانەوەشدا سەردانم کرد، ئەو نامەیەشم بۆ برد کەبۆ سەروەردڵپاکم نوسیبوو. نامەکە تایبەتبەخۆم بوو، ڕەنگە دواتر ناوەڕۆکی نامەکە ئاشکرا بکەم ئەگەر پێویستیکرد.
مردنی ناوەختی ئەو منداڵە لە هەموو نەهامەتیەکان زیاتر کاریگەری لەسەر نوسینەکانم هەبوو. چەند وتارێکم لەسەر نوسی، بەڵام هەر نەدەگەیشتمە ئاستی خەمو ژانەکانی، کاغەزەکانم دەدڕاند. قودرەتێکی سیحراویش لە ناخمدا هانیدەدام کە هەر بنوسمو بنوسم بەبێ ئەوەی ماندوببم. خەمو ئازارەکانو قەدەری دەستی مرۆڤە گەوجەکانم دەکرد بەوشەو ڕستەو لەسەر پەرە کاغەزەکان دەمنوسییەوە. نوسینەکان کۆتاییان نەدەهات وەك هێشتا زامەکان سارێژنەبووبن، دەمنوسیو هێشتا هەگبەی خەمەکان پڕبوون لە وشەی غەمگینی تر. لاپەڕەکان ڕەشبوونەوەو لەسەریەك کەڵەکەبوونو چوونە بەرگی چیرۆکەوە، کەچی هێشتا وشە ڕەنگاوڕەنگەکان لە ئازارو ئارامی، لە خۆشیو ناخۆشی. لەژیانومردن، بە وروژم لەناخمەوە دەڕژانە ناخی قەڵەمەکەم. نوسینەکانم لەسەر ئەو کیژۆڵەیە سیمای چیرۆکیان لە خۆیان گرت. بیرم لەنوسینی ڕۆمانێك کردەوە، یاخود ڕەوتی چیرۆکەکە بەرەو ڕۆمان ببەم. من ڕۆمان نوس نەبووم، بەڵام ناخێکی پڕ لە ئاخومەرگێکی پڕ لە ئازاروگەرویەکی پڕ لە وشەو مەملەکەتێکی پڕ لە قەدەر، فەرزیانکردم دەست بەنوسینی ڕۆمانەکە بکەم، ڕۆمانێك سەبارەت بە مەرگی کچە بچکۆلانەکە. بە پەلە ئەو نامەیەم بۆ سەروەر دڵپاك نوسی کەبردم بۆ سوارە . ناوەڕۆکی نامەکە زیاتر دەربارەی ژیانی ماڵی سوارە خۆی بوولە شاری لەندەن لە وڵاتی بەریتانیا. نامەیەکی دووورودرێژ بوو، پرسیاری زۆرم سەبارەت بە خێزانەکەی سوارە بۆ سەروەر نوسیبوو بەمەبەستی زانیاری کۆکردنەوە بۆ نوسینی ڕۆمانێکی واقعی. پاش ماوەیەك سەروەر بە نامەیەك وەڵامی دامەوە. دەربارەی ژیانی ئەوان بە چڕوپڕی بۆی نوسیبووم، موراد عاشقیش هاوڕێی سوارە بووتاکو ئەو ڕۆژەی بۆ هەندەران چووبوون. دڵنیابووم سودیش لە موراد وەردەگرم.

بەپێی نامەکەی سەروەر ژیانی هەردوو خێزانەکە لە شاری لەندەن زۆر ئاوێتەی یەکتری ببوون، جیاکردنەوەیان ڕۆمانەکەی توشی شکست دەکرد. دەستم بەنوسینی ڕۆمانەکە کرد، زۆربەی کاتی خۆم بۆ تەرخانکرد. جگە لەوەی بۆمن سەرەتای ژیانێکی نوێ بوو، هەمان کات کوزارشت بوو لە واقعی هەرێمەکە کە پێشتریش لە وتارەکانمدا ڕەنگیاندابووەوە. لە سەرەتادا چەند ناوێکم بۆ ڕۆمانەکە دانا، دواتر ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە سیمایەکی تری پۆشی کە مژدەی سەر لە نوێ ژیانی پێداینەوە. هەستمدەکرد خەمەکانی ناو ڕۆمانەکە وردە وردە دەبوون بە گوڵ، منیش بڕیارمدا ڕۆمانەکە ناوبنێم(خەمەکانی لارە گوڵ دەگرن). دواجار ڕۆمانی خەمەکانی لارە گوڵ دەگرن تێکەڵ بە ڕۆمانی (مەملەکەتی مێش هەنگ)بوو. لە بیرۆکەو نوسینی هاوڕێی خۆشەویستم"میرانی ڕۆمان نوس"بوو. هەردوو ڕۆمانەکە زادەی سەردەمێکی پڕ لەنەهامەتیو ئەندێشەو سەرهەڵدانی دیاردەی نامۆبوو کە هەموو شتەکان پێچەوانە ببووەوە، مرۆڤ بەئازاری ڕۆحی خۆی پێدەکەنی، لە ئاهەنگەکان سەرسامو نیگەران دەبوون. تاکو ئەوپەڕی گەردون دەچوونو دەگەڕانەوە، کەچی لە خودی خۆیان ونببوون. قیامەتێك هەڵگیرسابوو مەلەکان کۆچیان کردو نەگەڕانەوە، شێتەکان شاریان بەجێهێشتو هەڵهاتن. هەمووشتێك پێچەوانەبووەوە، ئەو ناوچە شاخاوییە ترسناکە کە چەندین هەزار ساڵ بوو مەردومێك زاتی قاچ تێهاویشتنی نەبوو، بوو بە مەملەکەتی هەنگوین، بوو بە فێردەوسی بەرین. زەعیم هەستیار وەك پێغەمبەرێك گوێ لە وتەکانی دەگیرا، پەیامێکی ئەفسوناوی مژدە بەخشی لەو سەردەمە گێژاوو تەمومژە ئاشوبەدا بە ڕۆحی نیگەرانوپەشۆکاوی خەڵکی هەرێمەکە دەدا. بەکۆڵانو بازاڕەکاندا دەسوڕایەوەو دەیگووت:هەستدەکەم شارێکی شاراوە هەبێت وەك دایك ئامێزی گرتۆتەوەو ڕۆژێك هەموومان لە باوەش دەگرێتو لەم زوڵمەتە ڕزگارمان دەبێت.

لە دوای ئەم بەشە ڕۆمانی "خەمەکانی لارە گوڵ دەگرن" دەست پێدەکات، لە نوسینی وەستا کاوەی چەکوش پەرست بە ڕێکخستنو ئاوێتەکردنی بیرۆکەی من لەگەڵ هەندێك لەوتارەکانیو گێڕانەوەی ژیانی سیاسی خۆیو بارودۆخی هەرێمەکە لەناو بەرگی ڕۆمانێکدا بە ناوی"مەملەکەتی مێش هەنگ". وەستا کاوەش هەندێ بابەتی ناو ڕۆمانەکە بە خەتی خۆی دەنوسێتەوە بۆ یارمەتیدانی منو جوانکردنی شێوەی نوسینی ڕۆمانەکە. لەپاش ڕۆمانی"خەمەکانی لارە گوڵ دەگرن" دێینەوە سەر ڕۆمانەکەی خۆمان کە لەسەرەتاوە سەرقاڵی خوێندنەوەی بوویت. ئەگەر تۆ ئارەزوی خوێندنەوەی ڕۆمانی"خەمەکانی لارە گوڵ دەگرن"ت نییە؟ دەتوانیت هەموو لاپەڕەکانی ئەو ڕۆمانە بەجێبهێڵیتو نەیخوێنیتەوەو بچیتەوە سەر ڕۆمانی"مەملەکەتی مێش هەنگ" کە لە سەرەتاوە خەریکی خوێندنەوەی بوویت بەبێ

ئەوەی هەست بەکەموکوڕی ڕۆمانەکە بکرێت. ئەگەر هەردوو ڕۆمانەکەش وەك خۆی کەبەدوای یەکتریدا نوسراونەتەوە . . . بخوێنیتەوە، بەجۆرێك ئاوێتە بوون چێژ لە پەیوەستبوونو ئاوێتە بوونیان وەردەگریت.

"میرانی ڕۆماننوس"

رۆمانی

" خەمەكانی لارە گوڵ دەگرن"

* گوڵ
* گوڵە نێرگز
* گوڵە مێخەك
* گوڵە بەیبوون
* گوڵە باخ
* گوڵە لاولاو
* گوڵە نازناز
* گوڵە هێرۆ
* گوڵە وەنەوشە

7

# گـــوڵ

لە ئاوێنەیەكی بچكۆلەی دەستی ، تەماشای ڕوخسارو سیمای خۆی دەكرد. هەوڵی دەدا لەگەڵ خۆی بدوێت. هەندێك جار لەخۆی بەگومان بوو، واهەستی دەكرد سەرو زمانی توانای گێڕانەوەی بەسەرهاتو ڕوداوەكانی نەبێت، یاخود دەمو لەفزی شیاوی ئامۆژگاریو دڵنەوایكردنی نییە. ئەم گومانكردنە دەرئەنجامی شكستو بێسودی هەوڵەكانی بوو بۆ ئارامكردنەوەی نەمامی هاوڕێی . هەرچەندە دڵنیابوو لە خودی خۆی كە مرۆڤێكی زیرەكو بەتوانایە، هەر لەمنداڵیشەوە هەستی بە بەهرەكانی خۆی كردبوو. زۆر جاریش لەزاری كەسو كاروماموستاو هاوڕێكانیشی بیستبوو كە كچێكی زیرەكو بەتواناو خۆشەویستە. منیش لەتواناكانی ئەو دڵنیابووم، لەزۆر حاڵەتی تایبەتدا ئافرەتێكی لێهاتوو بوو. دایكی "ترێ و باران"یش دەیگووت: خوشكی خۆمە باشی دەناسم، هەر لەمناڵییەوە زیرەكو وریا بووە، توانای ڕازیكردنی بەرامبەریشی بەئاسانی هەبووە چونكە خۆشەویستو زمان شیرین بووە.

بە دیقەت تەماشای خۆی دەكرد، بەڵام بۆ ساتێك خۆی نەدەبینی. بیرەوەری ئەو كارەساتە هەموو ساتەكانی ژیانی داگیر كردبوو، بیرو هۆشو زەینی نوقمی ناو خەمە پڕ لە تاسەكان ببوون. بەئەسپای ئاوێنەكەی لەسەر مێزەكە دانا. ئاخێكی ساردو قوڵی هەڵكێشاو لەبەر خۆیەوە گووتی: خوا سەبوری دایكو باوكی بدات، خواسەبوری "دایكی" بدات. كارەساتێكی گرانو جەرگ بڕ بوو.

ئەو ڕۆژە هەر خۆی لەماڵەوە بوو، لە خانویەكی بچوكی ناو شاری لەندەن ژیانیان بەسەر دەبرد. ماڵ چۆڵو هۆڵ" كڵپەو چرا"ش لە قوتابخانە بوون. لارەش لەگەڵ باوكیدا بۆ پاركێكی ناو شاری لەندەن چووبوون. لەو ڕۆژەوەی"ئەوین"ی كچی نەمام مردبوو، هەموو ڕۆژێك لارە پەڵپەو بیانوی ئاهەنگ بە دایكو باوكی دەگرێت. ئەوانیش بەپێی بواری خۆیان هەر جارەو یەكێكیان بۆ پاركێكی دەبەن. تاكو لەتوانایدا بێت یاری بە جۆلانەو كورسی كورسیو خلیسكێنەكان دەكات، كاتێكیش ماندو بوو دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە. هەر دەگاتە ماڵەوە بیانوی ئاهەنگیان پێدەگێڕێتەوە. بەگریانەوە دەڵێت: من بۆ پاركەكان ناچم، دەچم بۆ حەفلە... بۆ حەفلەی ئەوین.

لەناو خانووە بچوکەکەدا بەتەنها هەر دەهاتو دەچوو، وەك لە گۆڕەپانێکی گەورەدا پیاسەبکات بە موبەقو ژورەکاندا هەر هاتو چۆیبوو. لەناو خەمەکانی نەمامی هاوڕێیدا هەناسەی دەدا، لەبەر خۆیەوە سەد جار دەیگووت:بەخوا تێکدەچێت ئەگەر هەروا بەئەندێشەو خەمو ئازارەوە بژی، بۆچی ئێستا تێکنەچووە؟ ناهەقی ناگرم من خەریکە شێت دەبم ئینجا ئەو کە دایکێتی. بەڵام چاریش نییە هەر دەبێت چاکببێت، ئەو نەیەکەم کەسەو نە ئاخرکەس کە جەرگی سوتابێت.

لەناو خەم وئازارەکانی نەمامدا دەژیا، ئەو ڕوداوە کتوپڕەی لە بیرو خەیاڵ دەرنەدەچوو. ئەمجارەش خۆیکردەوە بە موبەقەکەدا، پەنای بردەوە بۆ کوپێك قاوەی ڕەشو تاڵیتر. لەدەرگا کراوەکەی پشتەوەی موبەقەکە کەلەسەر باخچە بچکۆلەکە بوو، هەوایەکی کەمێك فێنك دەهاتە ژورەوە، هەڵمێکی گەرمو خاوی لە کوپە قاوەکەی دەستی بە ماڵەکەدا بڵاودەکردەوە، موبەقەکە پڕبوو لەبۆنی قاوەی گەرم. بەهارێکی درەنگ بوو. خۆری ئەم بەیانییەی شاری لەندەن لەپشت هەورەکانەوە وەك لە خەڵکەکە تۆرابێت خۆی شاردبووەوە. لە پەنجەرە دوو تاکییەکەی سەریشەوە هاژە هاژی با بەرەو ژورەکانی خوارەوە وروژمی دەهێنا، پێدەچوو پەنجەرەکە کرابێتەوە. بە کوپە قاوەکەوە بە قادرمە باریکەکاندا سەرکەوت بۆ نهۆمی دووەمی خانووەکە. پلە بە پلە سەردەکەوت 'با'یەکە زیاتر یاری بە قژە ڕەشە خاوەکەی دەکرد. کوپە قاوەکەی لەسەر مێزە بچکۆلەکەی بن پەنجەرەکە دانا کە گوڵدانێکی بچوکی ناسکی لەسەر بوو. بەبێزارییەوە توند لە پشتەوە قژی دەسك کردو بە لاسیکێکی مۆر خڕ بەستی. دوو ڕۆژ پێش مردنی ئەوین بۆ ئاهەنگی لەدایك بوونی ئەو قژی خاوکردبووەوە. بەو قژەنەرمو خاوەوە دڵنەوایی نەمامی دەکرد، ڕقی لەخۆیو لەقژیشی دەبووەوە. لەبەر خۆیەوە دەیگووت: ئەمجارە قژ خاوکردنەوەم پێوە نەهات. هەر خۆشی دەیگووت "قژ بڵێت چی، کەی گوناهی قژی تێدایە، کەواتە مرۆڤ دەبێت هیچ نەکات نەکو بەڵایەکی بەسەر بێت." ڕوداو وکارەساتەکان هەرهەن. خۆیان دەشارنەوە تاکو لە خافڵبونێکدا وەك مار پێوەمان دەدەن. پەنجەرەکەی بە توندی داخست. بەبۆڵە بۆڵ گووتی: ئەم کاول بووە قەد باو بارانی لێنابڕێت. لە پەنجەرەکەوە تەماشای دەرەوەی دەکرد ، بە غەمگینیشەوە قومی لە قاوەکە دەدا. خەیاڵو بیری هەر لەلای نەمام بوو. هەستی بە ماندوبوونی ڕۆحومێشکی دەکرد سەرئەنجامی ئەو هەوڵانەی لە پێناوی ئارامکردنەوەی ڕەوشی نەمامدا بە فیڕۆچوون. لەناخیەوە کە پڕبوو لە خۆشەویستی بۆ نەمام و کەمێك بۆنی بێزاریشی لێدەهات دەیگووت:ماڵیئاوابێت ناخۆشیکردووە، تۆزقاڵێك گوێ لە بەشەر ناگرێت، ژیانی لە هەموو ماڵەکە تێکداوە، چ قورەتە یەکێك لەو ماڵەدا بە دەنگی بەرز قسەبکات، پێبکەنێت، یاخود گوێ لە گۆرانییەك بگرێت. هەموو شتێکیان لێ حەرامکراوە.

لەبەردەم پەنجەرەکەدا هەر ڕاوەستابوو، زەق تەماشای دەرەوەی دەکرد، بەڵام هیچی نەدەبینی. بەڕوکەش ڕووی لە دەرەوە بوو، هەموو هۆشو زەینی هەر لەلای نەمام بوو. بەدوای چارەسەرێکدا دەگەڕا کە تۆزقاڵێك لە خەمەکانی نەمامی هاوڕێی کەمبکاتەوە. بارودۆخی دەرونی بە ئاستێك خراپ بوو، خەمە گەورەکەیان بیرچووبووەوە کە مەرگی ئەوین بوو، کەسو کارو هاوڕێکانی هەموو خەمێکیان هەر نەمام بوو، بەتایبەتی سەروەر دڵپاکی مێردی. لەسەرو خەمەکانەوە پەشێویو بێزاریش تاکو کونە لوتەکانی هاتبوون. ڕۆژانە چەند جارێك بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵدا دەکرد. دڵخۆشی دەدایەوە، باسی گرنگی ئارامی ناو ماڵی بۆ دەکرد. گرنگی دایك بۆ منداڵەکانی تر، بۆ ئایندەی خێزانەکەیان. باسی سەروەری بۆ دەکرد کە چەند پێویستی بە هێمن بوونەوەی ئەو هەیە. زۆر جاریش بۆ ماڵەوە سەردانی دەکرد.

نەیدەزانی چەندە لەبەر پەنجەرەکەدا ڕاوەستاوە. کۆلانەکە چۆڵو هۆڵ بوو، یەکێك بوو لە ڕۆژە ئاساییەکانی هەفتە. زۆربەی خەڵك لەسەر کار بوون. منداڵو گەنجەکانیش لە قوتابخانەکان بوون. پیرو پەککەوتەکانیش لە ژورە چۆڵەکانی ماڵەوە. بایەکە بەهێزتر دیار بوو، لقو گەڵای دارەکانی دەهێناو دەبرد. خەمی لارەی بوو، ئێستا لەو پارکە لە سەرمادا ڕەقبۆتەوە. خۆزگە پارچەیەك جلیترم لەبەر کردایە. تۆ بڵێی سوارە زوو بیهێنێتەوە بۆ ماڵەوە؟لەبەر ئەو سەرمایە هەر خەریکی یاریکردن بێت. بیانوی ئەویش نابڕێتەوە، هەر ڕۆژ دەبێتەوە بیانوی ئاهەنگمان پێدەگێڕێت، کە دەیبەین بۆ پارکێك بۆ یاریکردن هیچ دەنگ ناکات تاکو دێتەوە بۆ ماڵەوە، لەماڵەوە دووبارە بەزمی ئاهەنگ سەر هەڵدەداتەوەو دەڵێت:حەزم لە پارك نییە. دەچم بۆ حەفلەی ئەوین.

ئەوین کچی نەمامو سەروەر دڵپاك بوو، پێش چەند مانگێك لە ڕۆژی لەدایك بوونی خۆیدا بە ڕوداوێك مرد. لەو ڕۆژەدا کە هاتەدنیاوە، هەر لە هەمان ڕۆژدا لە پاش چوار ساڵ تەمەن ماڵئاوای لە هەموو کەسێكو لە هەموو شتێك کرد. ئەمە قەدەری ژیانە. مردنیش بەشێکی ژیانە، دوابەشی ئەم ژیانەیە، درێژترین بەشی ژیانە. کەس لە دوینا لەچارەنوسی خۆی ئاگادار نییە، بەتایبەتی منداڵەکان، کۆرپەکان کە هێشتا ڕۆحو تەمەنو هەستوناخیان کاڵە. مرۆڤ مەخلوقێکی خافڵە لە بوونو چارەنوسی خۆی. ئادەمیزاد ڕێبوارێکی تەنیای دەشتێکی چۆڵە بە تورەکەیەك نانەوە. بۆ ئەوەی درێژە بە بەردەوامی ژیان بدات، دەبێت هەر ڕۆژەی نانێك لەتورەکەکە دەربهێنێتو بیخوات. ئەو باش دەزانێت ئەگەر ڕۆژی نانێك نەخوات ناژی، ناتوانێت بەردەوامی بە ژیانی بداتو دەمرێت. ئەوەش دەزانێت کە ڕۆژی نانێك لە تورەکەکەی کەم دەبێتەوە تاکو دەگاتە دوا نان، بێنان دەمێنێتەوەو دەمرێت. بەڵام هیچ ڕێبوارێك نازانێت تورەکەکەی کۆڵی چەند نانی تێدایەو بەشی چەند ڕۆژ دەکات کە بتوانێت بمێنێتەوە.

ئەمە قەدەرە کە پەیوەستە بەبەختی مرۆڤەکەوە. خافڵبوونی مرۆڤە لە چارەنوسی خۆی. چارەنوسێکی بێ چارەیە ، حوکمی سروشتێکی بێ ڕەحموبێ سۆزە بەسەر نازدارترین بونەوەری خۆیدا.

نەورۆز هەمیشە دڵنەوای نەمامی هاوڕێی دەکرد. پەندو بەسەرهاتوچیرۆکی زۆری بە نمونە بۆ دەگێڕایەوە. دەیزانی ڕۆژێك خەمو مەراقەکانی وردەوردە لەدڵو دەرونیدا دەرەوێنەوەو خوا سەبوری دەدات. بەڵام پێویستی بە یارمەتی کەسانی نزیکە کە هاوکاری بکەن. دڵنیابوو ڕۆژێك خەمەکانی کاڵدەبنەوەو سەرو شانو دڵی بەردەدەنو دەرونی ئارامدەبێتەوە، خۆلەمن زیاتر نییە، لەدوای مردنی باوکم لەو باوەڕەدا نەبوو کە جارێکیتر خۆشی بێتەوە ژیانم.

کەس بەقەد من مردنی باوك کاریگەری خراپی تێنەکرد. هەرگیز هێندەی ئەو ڕۆژە لە دائیرە ماندو نەبیووم. ئاواتە خاوستبووم زوو بگەمەماڵەوەو تەخت لێبڕاکشێم. لەڕێگای ماڵەوە دوعام دەکرد کە میوانمان نەهاتبێت بۆئەوەی بە ئارەزوی خۆم پشوبدەم. میوانی ئەوێ زۆر کتوپڕبوون، وەك قەدەر لەناوەختا پەیدا دەبوون. کۆلانێك پێش ماڵی خۆمان پۆلێ چۆلەکە بە جریوە جریو بەرەو خوار هەڵفڕین. من خەمی ئەوەم بووم بەسەر دار تووەکەی بەر دەرگای ماڵەوە بنیشنەوە، لەبەر خۆمەوە گووتم: دەك قڕتان تێبکەوێت، میوانمان بۆ نەهێنن. هەندێك جار ئەو شتەی لەلای مرۆڤ سەختو گرانو خەمە، لەئاستی ڕوداوێکی چاوەڕوان نەکراوی تردا. وەك خۆشی شادییو ئاهەنگە. لەپاش ماوەیەکی زۆر بیری ئەو ڕۆژەم دەکەوتە کە خەمی میوانم بوو، وەك کەسێکی گێلو نەفام خۆم دەهاتە بەرچاو، بەخۆم دەگووت"بەخۆڕای دڵی خۆم تەنگ کردبوو، خەمی میوانمبوو لە ماڵەوەبن. میوانەکان جۆریان زۆرە. . . ئەگەرماڵەوە میوانی لێبوایە کێ دەڵێت بۆ کارێکی خێرو خۆشی نەدەهاتن. لەوانەیە ماڵێك باشبوونایەو بۆ داواکاری من هاتبن. با هەر میوانی ئاسای بوونایە، بۆ هیچ کارێك نەهاتبن، نازانم بۆچی بەخۆڕایی دڵی خۆم تەنگ کردبوو. هەر ئەوەندە نەبوو کە ماندوبووم. . .پێمدەگووتن بە یارمەتی خۆتان ماندومو پشویەکی کەم دەدەمو دێمەوە خزمەتتان. . . نا نا مەعقول نەبوو بەگەیشتنم بۆ ماڵەوە بەجێیانبهێڵم، دڵنیابووم لێم زیزدەبوون، خۆ خەڵکی لای خۆمان دڵیان زۆر ناسکە هەر لە خۆیانەوە دەتۆرێنو دڵگران دەبن.

بەدەم بیرکردنەوەی ماندوبوونو خەیاڵی میوانەوە نزیکی کۆلانەکەی خۆمان بوومەوە. پۆلە چۆلەکەکە لە یادمدا نەمابوو، کۆلانەکە نائاسای دەهاتە بەرچاوم، زۆر چۆڵ بوو، دەنگە دەنگەو غەڵبە غەڵبم دەبیست، دەنگی گریانیشم گوێ لێبوو لە دوڕا هێرشیان بۆدەرونیپەشێوو ماندوم دەهێنا. هەستم بە پەشۆکاویو لەرزینی ئەژنۆکانم کرد. منداڵێکی دراوسێمان لە دورەوە منی بینی ڕایکرد بەرەوپیرم. من هەستو

خەیاڵم لەلای منداڵەکە نەبوو، نیگاکانم بۆ ئەو سەری کۆڵانەکە بۆ لای ماڵی خۆمان دەهاویشت. خەڵکێکی زۆر لەبەر دەرگای ماڵەوە کۆببوونەوە. ئیتر توانای ڕۆیشتنم نەما، گوێم لە تەپەی خێرا خێرای دڵەو قرچەقرچی شکاندنی ئێسکانی ئەژنۆکانم بوو. منداڵەکە گەیشتە بەر دەمم، نازانم چۆن زمانم گۆی کرد پرسیاری لێبکەم. . .ئـــاژین گیان ئەوە چیبووە؟کەناوی باوکمی برد لە هەموو شتێك حاڵیبووم. بەرچاوم تاریك بوو، لەشم خاوخاو بووەوەو بێ هۆش بوومو کەوتم، تاکو ئێستاش نازانم کێ هاتبوو بە هانامەوەو کەی هۆشم هاتبووەوە بەر خۆم؟

لەدوای مردنی باوکم زۆر بێ تاقەتو غەمبار بووم. هەمیشە هەر دەگریام. توانای قسەکردنو وەڵامدانەوەی پرسیاری کەسیشم نەبوو، تەنانەت دایکیشم دڵنەوای دەدامەوە، باسی هەموو کەسوکارە مردووەکانی خۆی بۆ دەکردم کە ئێمەش ڕۆژێك وەك ئەوان دەبێت ئەم ژیانە بەناچاری بەجێبهێڵین. بەڵام هیچ بەگوێمدا نەدەچوو. سەبوریم بە هیچ نەدەهات. لە دائیرەش ئیشوکارم بۆ نەدەکرا. هاوڕێکانی ژوورەکەم یارمەتی زۆریان دەدام. هاوڕێکانم دڵسۆزبوون، هەستیان بە ڕەوشی خراپی من دەکرد. منیش وەك منداڵێك کە هەرگیز ژیرنەبێتەوەو کەسیش نەزانێت چی دەوێت، گریانم کردبوو بە پیێشە هەموو چواردەورەکەشم بێزار کردبوو. نازانم هۆکارەکان چیبوون؟ هی ئەوەبوو کە باوکم بوو. ؟ خۆ باوکی ئەوانیتریش بوو، خۆ هەر من باوکم نەمردبوو، بەڵام ئەو بەیانییەم لەیاد دەرنەدەچوو کە بۆ دائیرە دەڕۆشتم لە حەوشەکە دانیشتبوو، چایەك لەبەر دەستیدابوو جگەرەیەکیشی بە لێوەوەبوو. ڕوخساری گەشو کراوەبوو، تەندروستی لە هەموو کاتێکی ژیانی باشتر بوو. ئەوە دوا جار بوو کە بینیم بۆیە بە زەحمەت سەبوری بە دڵمدا دەهات. ئێستا دەڵێم: بێ مانایە مرۆڤ گیرۆدەو غەمباری ڕوداوێك بێت کە چارەسەر کردنی مەحاڵبێت، مردن بەشێکیش بێت لە ژیان کە لەسەر هەموو مرۆڤێك فەرزبێت. ئەو سەردەمە ناخم تاریكو زەینم ڕەش پێموانەبوو ئیتر خۆشی بێتەوە ژیانی من. ئەو زەمەنەم تێپەڕاندو بڕایەوەو ئەو خەمەشم بیرچووەوە. ئەوەی لەپاشاندا ئازاری ڕۆحی دەدام بیرەوەریەکانی ئەو ڕۆژگارەبوو، خۆم بە شەرمەزاری لای هاوڕێکانم دەزانی. ئەوان مرۆڤی باشو دڵسۆزبوون، یارمەتییان زۆر دەدام، هاوبەشی خەمەکانم بوون، دڵنەواییان دەکردم، زۆر بۆنەیان لە پێناوی ڕەوینەوەی خەمەکانی من ڕێکدەخست، بەڵام من بۆ تەنها جارێك دڵسۆزی ئەوانم بە بەها وەرنەدەگرت. پێم وابوو هەقی هاوڕێیەتیو کۆستی مرۆڤ بەو شێوەیە گوزارشتی لێدەکرێت کە نوقمی خەموکەساسیولاوازیبیت. ئەو حاڵەتوهەڵسوکەوتەی من بە پێچەوانەی تێگەشتنم بوو بۆ ڕاکێشانی سۆزو خۆشەویستی هاوڕێکانم بەلای خۆمدا. ببووم بەمایەی بێزارییان لە ناسینو لە هاوڕێیەتیم. زۆر جار مرۆڤ واهەستدەکات کەسایەتیو

خۆشەویستی دروستكردنی خۆی لەناخو دڵی كەسانی نزیكی خۆیدا لە حاڵەتی غەمباری‌و گۆشەگیری‌ولاوازیدا بەدەستدەهێنێت. ئەم بۆچوونە زۆر پێچەوانە دەكەوێتەوە بەپێی ئەو غەریزە هاوبەشەی لە هەموو كەسێكدا هەیە هەمیشە چاوەڕوانی خۆشی‌وخەندەو ڕووگەشی لە بەرامبەرەكەی دەكات. سۆزو دڵسۆزی‌و هاوخەمبوونی هاوڕێكانم وردەوردە بەرەو بێزاربوون دەچوو، تاكو ئەو ئاستەی وەك مرۆڤێكی نوقسان تەماشام بكەن. گێلاس یەكێك بوو لە هاوڕێ دلسۆزەكانی ژورەكەم. كچێكی قسە لە ڕووبوو، هەرواش ناسرابوو. هەندێك كەسیش بە گێلاسە قسە ڕەق ناویان دەبرد. بەڵام قسەكانی ئەوەندە هەق بوون مرۆڤ لەبێئاگای خۆی هوشیار دەبووەوە.

بەیانییەك چووم بۆ دائیرە، وەك خۆی بۆمن نابێتەوە لە ژورەكە دانیشتبوو. بەهەمان شێوەی بەیانیانی پێشوتر بە كزی‌و ماتی بەیانی باشم لێكرد، كەمێك سەرسام بووم كە وەڵامی نەدامەوە، دڵنیابووم كە گوێی لێم بووە، بۆیە دووبارەم نەكردەوە. پێمگووت: بۆچی وەڵامم نادەیتەوە. . . گوێت لێنەبوو؟

گووتی:بـــا ، گوێم لێتبوو، بەڵام بەئاستەم وەك نوزەی مێشولەیەك هاتە بەر گوێم. حەزمنەدەكرد گوێم لەوەش بوایە. تۆ دەزانیت بەیانی باش پەیامی ڕۆژێكی نوێی پێیە، بۆیە دەبێت بە ڕوویەكی خۆش‌و بەدەنگێكی بەرزو پڕ لەئاوازی شادمانی بگووترێت. ئێمە هاوڕێی دڵسۆزی تۆین، هاوبەشی خەمەكانتین، بەتەنگ خۆشی‌و كامەرانی تۆوەین، خۆشی‌و ناخۆشی تۆ بە هی خۆمان دەزانین. چەند مانگە بە هەموو شێوەیەك لەگەڵ تۆدا خەریكین ، كەچی جارێك هاوڕێیەتی ئێمەت قبوڵ نەكرد، گوێت لە قسەو داخوازییەكانمان نەگرت. خۆشی ئێمەش بە شادی‌و كامەرانی تۆوە بەندبوو، جارێك ڕەوشی ئێمەت لەبەر چاونەگرت كە ڕۆژانە چەند كاتژمێرێك لەم ژورەدا پێكەوەین. هەست بەوە ناكەیت كە ئێمەش نوقمی خەمەكانی تۆ بووین.

من شارەزای سروشتو هەڵسوكەوتی گێلاس‌بووم، دەمزانی بەچ مەبەستێك قسە دەكاتو دەڵێت چی، لەگەڵ ئەوەشدا سەرتاپای ڕۆحم نوقمی سەرسامی بوو. چاوەڕوانی ئەو هێرشە كتوپڕەم نەدەكرد، هاوڕێیەكم لەسەر ئەو حاڵەتە خراپەی باری دەرونم بەڕومدا بتەقێتەوە. هەر ئەو كاتە هەستم بە گۆڕانێكی لەناكاویش كرد، وەك تەزویەكی گەرم بە ڕۆحی ساردمدا تێپەڕێت بیرو هۆشی جوڵاندم كەمێك لە خەمەكانم لە دڵو دەرونم چۆڕان. ڕەقی قسەكانی گێلاسیش لەبەر دڵمدا نەرم بوونەوە. ویستم وشەیەك بڵێم، بەڵام هیچم بۆ نەگووترا تەنها هەرئەوەندە نەبێت بە پەشۆكاوییەوە گووتم:گێلاسە ڕەزا قورس بۆچی ئەوەندە قسە ڕەقی؟. قسەكانم تۆسقاڵێك ڕاستی‌و جدییان تێدا نەبوو. ئێ چییكەم هەر ئەوەندەم بۆ گووترا، ئەو ڕستەیەش هەر باش بوو، خۆشەویستی ناو دڵمی بەرامبەر بە گێلاس پیشاندا. لەدوای

خەمی ئەو چەند مانگەش نەمدەتوانی بە ئاسانی و لەناكاودا تەسلیمی قسەكانی ببم. گێلاس بە زەردە خەنەی سەر لێوەكانی پیشانیدام كە لەناخم گەیشتووە. بەدەم لوشكەی گریانەوە گووتم: ئەوەی بەسەر من هات بەسەر كەس نە هاتووە. باوكم بەساغی چووە دەرەوەو بەمردویی گەڕایەوە. باوكم هیچی نەبوو. گریانەكەشم زوو تەواو بوو. گێلاسیش هەستی بە نهێنی گریانەكە كرد. بە گڕژی گووتی: لوشكە لوشك، هەمیشە گریانت ئامادەیە. باوكم ساغ بوو هیچی نەبوو، كەس نەیگووتووە كە باوكت ناساغ بووە. ئێمە دەڵێین ئەم گریانە بەسە ئیتر بابیڕێتەوە، ئەم گۆشەگیریو بێدەنگییە تاكو كەی؟ ئێمە هاوڕێی تۆین، هەست بە ئازار دەكەین كاتێك بەغەمباری دەتبینین. نیگەران دەبین كەگوێ بە قسەكانمان نادەیت، پەندو ئامۆژگارییەكانمان بێ بەها وەردەگریتو وەلایان دەنێیت. ئێمەش هەمووومان وەك باوكت دەمرینو ئەم دنیاو ژیانە بەجێدەهێڵین. ئاگاداری دەنگوباسی ئەم بەیانییەیت چی ڕویداوە؟

پەشۆكام، ترسام هاوڕێیەكمان ڕوداوێكی ناخۆشیان بەسەرهاتبێتو من لە بێ ئارامی خۆمدا نەمزانیبێت. خەمم بوو ئەوەندەی تر شەرمەزاری لای هاوڕێكانم ببم . بە ترسوگومانەوە گووتم:چی ڕویداوە؟

دەنگو باسی ئەمڕۆ لەبەشی ڕوداوەكانی جیهان بڵاویانكردەوە، ئەم شەو زەوی لەرزەیەكی بەهێز خواروی ژاپۆنی هەژاندووە. دوو سەد كەس بوونەتە قوربانی ئەو ڕوداوە كە زۆربەیان منداڵن. هیچ لەوان چاوەڕوانی ڕوداوی بەو جۆرەیان نەكردووە، ئەم شەو دەمرنو ڕۆژێكیتر نابیننەوە. ڕەنگە زۆربەشیان لەشیان ساغ بووبێت. ڕوداوی دووەم فڕۆكەیەك لە ئێرانەوە بەرەو پاكستان فریوە، لەپێش گەیشتنی كەوتۆتە خوارەوە، هەر هەموو سەرنشینەكانی ناوی مردوون. هەر هەموشیان وەك باوكت لەش ساغبوون. شەمەندەفەرێكیش لە ئیسپانیا لەسەر سكەكەی لایداوە، بووە بە هۆی گیان لە دەستدانی پانزە كەس. ڕۆژانە چەندەها ڕوداوی گەورەو بچوك لە جیهاندا ڕودەدەن كە ئێمە نایانبیستین، ژیان بەم جۆرەیە كە دەیبینین. ئیتیر پێویست بەو هەموو خەمە درێژ خایەنە ناكات كە خۆت وێران بكەیتو دەوروپشتیش بێزاربن لە هاوڕێیەتیو تێكەڵاو بوونت. مرۆڤ دەبێت ئەوە بزانێت "هەموو دەستپێكردنێك هەر لەیەكەم ساتەوە هەنگاونانە بەرەو كۆتایو لە ناوچوون".

من هەموو چیرۆكەكانی خۆمو خەڵكانیتریشم بۆ نەمام بەنمونە باسدەكرد تاكو بتوانم كەمێك لە ئازارو خەمەكانی كەمبكەوە، بەڵام سودی نەبوو. بۆمن خۆش نەبوو كە تۆزێك گوێ لە قسەكانم ناگرێت. ئاواتە خواست بووم بەر هەمی هەوڵو ماندوبوونەكەم لە ڕەوینەوەی خەمەكانی نەمامدا ببینم، تاكو لەخۆم دڵنیابم كە هاوڕێیەكی دڵسۆزی ئەو بووم. هەندێك جار بەگومان بووم لەخۆم ، ڕەنگە وەك پێویست نەتوانم دڵنەوایی بكەم، یاخود هاوبەشی خەمو ئازارەكانینیم. ئەو ڕۆژگارەم

بەبیردا دەهاتەوە کەخۆم لە حاڵەتی ئەمامدا بوومو هاوڕێکانم بەخۆمەوە بێزارو خەماوی کردبوون. ئێستا هەستدەکەم لاوازیو کەساسی مرۆڤ دەبن بەئازارو خەم بۆ بەرامبەرەکانیان. ئەمام نزیکترینو خۆشەویسترین هاوڕێم بوو لە لەندەن. ئازاری خەمەکانی زۆر بەسوێ بوون، دڵنیاشبووم لەپاش ماوەیەك وردەوردە بەرەو باشی دەچێتو سەبوری دێت. بەڵام پێویستی بە یارمەتی دەوروپشت هەیە بە ئارامو سەبر هەڵسوکەوتو مامەڵەی لەگەڵدا بکەن. منیش بڕیارم دابوو هاوڕێیەکی دڵسۆزو کۆڵنەدەربم. هەندێك جاریش کەمێك بێزار دەبووم کە هەوڵو دڵسۆزی خۆم لە ڕۆحو ناخی ئەودا نەدەبینی. ئاواتی من گەڕانەوەی باری دەرونی ئەو بوو بۆ دۆخی جارانی نەبا کاریگەری خراپتر لەسەر هەموو خێزانەکەیان بکات. زۆرجار بەتەنیاش لەماڵی خۆمان بە خەیاڵ بەرامبەر بە خۆم دامدەناو قسەم بۆ دەکرد، هەر کاتێك دەمزانی کەڵکی نییەو بێسودە خۆم دەکرد بە گێلاسە قسە ڕەق. ماڵ چۆڵو هۆڵ بوو، بە ئارەزوی خۆم دڵسۆزی خۆم پێدەڕشت.

هاوڕێیەتی چۆن وادەبێت، تۆش دەبێت بیرێك لەمن بکەیتەوە. وەك دەزانێت کە ناتوانم دەستبەردارتبم، کەمێك گوێ بە هەوڵو دڵسۆزیو هاوڕێیەتیم بدە، تۆزێك قسەکانم لێوەربگرە. لەم مەملەکەتی غوربەتەدا کێ شك دەبەیت لە چەند هاوڕێیەك زیاتر. هاوڕێی باش لە غەریبیدا هەموو کەسو کار دەهێنێت، هەموو سامانی دونیا دەهێنێت. هاوڕێی باش لەم شارە بێکەسانەدا وەك کتێبە بەنرخەکانە وەك ڕۆمانە بە پێزەکانە لە تەنیایدا. هەڵوێستەیەکم کرد، لەدنیا خەیاڵ دەرهاتمو بەرەو خەیاڵێکی واقعیتر چووم کە سەردەمێك تیا ژیابووم. بەخۆم گووت: باشبوو ڕۆمانم بیرکەوتەوە، چەند وەختە بۆ بیرم نەبوو. هەر ئەمرۆ دەچم بۆماڵیانو ڕۆمانەکەشی بۆ دەبەم. خوێندنەوەی ڕۆمانەکان باشترین هاوڕێم بوون بۆ تەنیایو دڵنەوایکردنم لەم مەملەکەتەدا لەداوی مەرگی "جوانە مەرگ".

ڕۆژێکی زۆر هێمنو بێدەنگ بوو، کۆڵانەکە چۆڵ تاکە تاکەیەك پیرێك بە هێواشی ڕەتدەبوو. ماڵیشەوە هەر چۆڵ بوو، بەتەنها خۆی لەماڵبوو. لەبەردەم پەنجەرەکەی سەرەوە ڕووەو کۆڵان هێشتا هەر ڕاوەستا بوو. نیگا بێ هەستەکانی لەدەرەوەو زەینو خەیاڵیشی لەلای ئەمام بوو. هەندێك جار "با"یەکە بەهێزتر دەبوو، گەڵاو لقی دارەکانی بە توندی دەهێناو دەبردو لەناو دونیا خەیاڵ دەریدەهێنا. تاکو ئەوسەری کۆڵانەکە بە دیقەتەوە تەماشای دەکرد ، هیچی نەبینی . دڵی هەر لەلای لارەبوو، لەبەر خۆیەوە دەیگووت:هەرنەهاتەوە، بەخوا ئەو کچە سەرمای دەبێت. لەناکاودا لەدوورەوە شێوەی پیاوێكومنداڵێکی بەدیکرد، هەرزوو هەردووکیانی ناسییەوە. خۆشییەك کەوتە سەر ڕووی. لەدڵی خۆیدا گووتی، "باش بوو هاتنەوە. . بەڵام ئێستا دێتەوە بۆ ماڵەوەو وەك هەموو جارەکانیتر بیانوی حەفلەمان پێدەگێڕێت".

لارەو باوكی لەماڵی خۆیان نزیك بوونـەوە. كۆڵانـەكـە تـەنـها هـەردووكیـانی پێوەبـوو. سوارە بەرەو ڕووی پەنجەرەكە لارەی بەرزكردەوەو بە لارەی گووت: دایـە دەبینێت لە پەنجەرەكەوە تەماشامان دەكات؟ لارەو دایكی یەكترییـان بینـی، تـاكو هاتنـە ماڵـەوە بە پێكەنینو دەست ڕاوەشاندن سڵاوی هاتنەوەیان بۆ یەكتری دەكرد.

8

# گولـە نێـــرگـز

ژیان دوو دیوە، ڕەشو سپی. . . ئەم قۆناغەی ژیانی ماڵی نـەمام پڕە لە خۆشـیو پێكەنین وشادیو كامەرانی لـەسـەر ساتە ڕەنگاوڕەنگە گەشـەكانی دیوە سپییەكـەی ژیان، كە ڕەنگدانـەوەی ڕاستەوخۆی لـەسـەر هاوڕێیـەتـی نێوانیـان لـەگـەڵ نـەورۆزدا هەبوو. دوو ساڵ لەپاش مردنی ئەوین نەمام لە ژیانێكی بـەختـەوەردا بووكـە پڕاوپڕی خۆزگـەكـانی نـەورۆز بـوو لـەسـەر بنـەمـای پیـرۆز ڕاگرتنـی هاوڕێیـەتـی بـۆ ئـارام بوونەوەی بارودۆخی ژیانی نەمام بێوچان كاری لەسەر دەكرد. نەورۆز دڵنیابوو كـە ڕۆژێك دێت نەمام ئەو قۆناغە خەماوییەی تێپەڕاندبێتو وەك جاران ژیانی ئاسای بـۆ گـەڕابێتـەوە. هـەمیشـە وەك كـەسێكی زۆر دڵسۆزو خـەمخۆری دڵنـەوایـی دەكـردو پێیدەگووت: نەمام گیان حەزدەكەم بزانیت كەمن هاوڕێی ڕاستەقینەی تۆم، لە قسەكانم حاڵیببـە كـە دەڵـێم هـەمـوو ناخۆشـییەك دەبڕێتـەوە، دڵنیـام ڕۆژێـك هـەمـوو شـادیو كامەرانییەكەت بۆ دەگەڕێتەوە بە مەرجێك گوێ بۆ قسەو ئامۆژگارییەكانم ڕابگریت. ئەزمونی زۆرم لەو بارەیەوە هەیە، بەسەرهاتو چیرۆكی زۆرم بیستووە.

ئێستا نـەمام سـەرقاڵی بـەخێوكردنی دوو منداڵی ئێسك سوكو خنجیلانـەیە، كوڕو كچێكی تەمەن دوومانگ. ژیانو ماڵو دڵو دەرونی نەمامیان پڕكردووە لـە پێكـەنینـی خۆشیوشادی، لە گوڵی ڕەنگاوڕەنگ. نەمام واهەستدەكات هـەمـوو بـەختـەوەری ئـەم گـەردونـە خـەستكراونـەتـەو خزێنـراوەتـە ماڵـەكـەی. لـەكـونی دەرگاوپـەنجـەرەكانـەوە شـادیو پێكـەنـین پـرژەیـان دەكـردە دەرەوە، ئـەو ڕێبوارانـەش بـەوێدا تێپـەڕدەبـوون پریشكی شادومانییان بەردەكـەوت. نـەورۆز بـە سـەردانـی مـاڵی نـەمام زۆر خۆشحاڵ دەبووكـە ئـەو ئـافرەتـە غـەمگینـەی جارانی لـە فـەزایـەكدا دەبینـی كـە لێوانلێوبـوو لـە خۆشیەكـانی ژیـان كـە هـەمیشـە مرۆڤ لـە بـەختـەوەریدا خـۆی ببینێت. هـەندێك جـار نەورۆز یادی ڕۆژانی زووی دەكردەوە كە نەمام نوقمی ئـەندێشـەكـانی بـەختـی خـۆی ببـوو. نـەورۆز ئـەو ڕۆژگـارە ڕەشو تاڵـەی بـەبیر نـەمام نـەدەهێنایـەوە، هـەرئـەوەنـدە خـۆی بـە خێرایـی بـەنـاو یادەكانـدا گـوزەری دەكـرد كـە بـەرهـەمـی هـەوڵـەكـانی ئـەو ڕۆژگـارەی لـــەنـــاو ژیانـــە پـــڕە لـــەخۆشـــییەكـــەی نـــەمامـــدا دەبینـــی، لـــە باخچـــە ڕەنگاوڕەنگەكەی دەرونی نەمام پشوی ماندوبوونی ئەو سەردەمەی بە ئارامی دەدا.

سەختی ئەندێشەکانی دەرونی نەمام لە ئازارەکانی قەدەری ئەو خێزانە بە سوێ تربوو کە پریشکەکانی کەسوکارو هاورێ نزیکەکانی گرتبووەوە، ماڵی نەورۆز لە هەموو ماڵەکان زیاتر پریشکی ئازارو ئەندێشەی نەمامیان بەردەکەوت. هەوڵەکانی نەورۆز وەك هاورێیەکی دڵسۆزی لە ئاستێکدا بوو لە ئەرکی ماڵو خێزانەکەی خۆیانی دواخستبوو. بەڵام ئەمەیان کێشەی بۆ نەورۆز دروست نەکردبوو، سوارە ئەو قۆناغەی پێشتر بریبوو، هەمان حاڵەتی ئێستای نەمام پێش چەند ساڵێك لەمەوبەر نەورۆزی تێدا دەژیا بەهۆی مردنی جوانە مەرگی خوشکی. ئەو سەردەمە سەرەتای ژیانیان بوو لە شاری لەندەن. سوارە رۆژانە کەمتر بۆ دەرەوە دەچوو، زۆربەی کاتەکان لە ماڵەوە لەگەڵ نەورۆزدا بوو. هاورێو هاوسێیان بە رادەی ئێستا نەبوو. هەر تەنها خۆی بوو کە بتوانێت دڵنەوای نەورۆز بکات بۆ کەمکردنەوەی خەمەکانی، "کڵپەو چراش" منداڵ بوون. سوارە لە بەهێزی نەورۆزی هاوسەری دڵنیابوو، بەڵام ئەم بەهێزییە قودرەتێکی دەرەکی هاوسۆزو هاوخەمی راستەقینەی دەوێت کە لە دارمانو هەرەس هێنان بیپارێزێت تاکو ئەگاتەوە ئاستی بەهێزی پێشوی خۆی. سوارە گوێبیستی ئەو زەمەنە دژوارەی باری دەرونی نەورۆز ببوو بەهۆی مردنی باوکییەوە توشی هاتبوو، هەر لەسەر زمانی نەورۆز خۆیەوە کە بۆ سوارەی گێرابووەوە ، پێش ئەوەی ببن بە هاوسەری یەکتری. چیرۆکی ئەو بەیانییەشی بۆ باسکردبوو کە گێلاسی هاورێی لە ژورەکەی خۆیان لە فەرمانگە بە رویدا تەقیبووەوە. ئەوان ئێستا دوور لە کەسوکار دەژین. لەمەملەکەتێکی نامۆدا ژیان بەسەر دەبەن کە کێشەوخەمو ئەندێشەکان لەسەر دەرونی مرۆڤ کاریگەرترو ئازاراویترن. ئەمە راستییەك بوو سوارە بەباشی هەستی پێدەکرد، بۆیە هێمنو هەناسە درێژ بوولەگەڵ خەمەکانی نەورۆزدا بە ئارام بوونەوەی.

نەورۆز گیان بە پەرۆشەوە قسەت بۆ دەکەم، هیوادارم بە هەمان پەرۆشی من تۆش گوێم لێبگریتو لە مەبەستو قسەکانم حاڵیبیت. دڵنیابە خەمەکانی تۆ بە زیادەوە خەمی منیشن. دەزانم کەسێکی بەهێزو خاوەن ئەزمونی. ئەم حاڵەتەی کە ئێستا بەسەر تواناکانتا زاڵبووە، هەست بە هۆکارەکانی دەکەم. بەڵام دەبێت ئەزمونێکی تربن لە ژیانتا کە کەڵکیان لێوەربگریت. چەند جارێك بۆتباسکردوم لەدوای مردنی باوکت لەو باوەرەدا نەبوویت جارێکیتر خۆشیو شادی بگەرێتەوە وبێتەوە ناو ژیانت. کەچی چەندین رۆژو بۆنەو بەسەرهاتی خۆشمان بینی لەدوای ئەو کارەساتە، رۆژگاری ناخۆشیشمان هەر بینییەوە. ژیان چەترێکی گەورەی کونکونە، ئێمەی مرۆڤ بە ژێریدا گوزەر دەکەین ئەو دڵۆپانەی لەو کونانەوە بەسەرماندا دەتکێن، رەشو سپین، ساردو گەرمن، لێڵورونن، رەقو نەرمن. ئێمە لە هەموو دڵۆپە جیاوازەکانمان بەردەکەوێت هەتاکو لەژێر ئەو چەترەدابین. نەورۆز گیان من

نامەوێت ڕۆژگاری ڕەش‌و بەسەرهاتی تاڵت بەبیر بهێنمەوە، هەرچییەکیشت بۆ باسبکەم دەمەوێت باشتر لە ژیان تێبگەیت، لەڕوداوەکان پەند وەربگریت‌و ئەزمونی ژیانی فێربیت. ئەوسەردەمە سەختەت بیردێت کە سەرەتای ژیانمان بوو لە ناو شاردا، بەناچاریش بۆ چیاکان هەڵهاتین، بەڵام لەوێ شادمان بووین، پڕ بە بەرزی چیاکان‌و ناخی دۆڵەکان پێدەکەنین‌و گۆرانیمان دەگووت. ئەی‌ئەو زەمانەت بیرماوە کە جەنگ بەرۆکی گرتین، بەرەو سنورەکان هەڵهاتین‌و لە یەکتری دابڕاین. سەرباری هەموو نەهامەتییەکانی ڕێگا من بەتەنها دوور لە ئێوە لە باوەشی مەرگدالە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی ئێران بەدەم ئازاری جەستەی بە کیمیاوی‌بووم زیاتر لە مەرگ ژان‌و ئێشم دەچەشت. نەورۆز بەبیرهێنانەوەی ئەو سەردەمە سەخت‌و دژوارە، گرژی‌و بێزاری بە ڕوخسارییەوە دیاربوو. لەو ماوەیەوەی لەناو خەمەکانی مەرگی خوشکیدا دەژیا بۆ یەکەم جاربوو بەدەنگی بەرز هاوار بکات. بیرەوەریە تاڵەکانی ئەو ڕۆژگارە بوونەوە بە ئازارو تاکو ناو مێشکی هەڵچوون، ئیتر ئارام لە ڕۆحیدا نەماو پڕ بە ماڵەکە بەسەر سوارەدا هاواریکرد:بەسە بەس، باسی چیم بۆدەکەیت سوارە؟ چ مەرگێکم بەبیر دەهێنیتەوە، تۆ شێتبوویت؟ئەو ڕۆژانە لەوە بەولاتر بڕۆن‌و نەگەڕێنەوە.

سوارە هەستیکرد کە ئازاری دەرونە پڕ لە خەمەکەی نەورۆزی داوە، بەسۆزمیهرەبانییەوە گووتی: نەورۆزگیان! من نامەوێت لەسەر ئەم بارودۆخەوە ئازارتبدەم، دەمەوێت خەمەکانت کەمبکەمەوە. هەرگیز ئەوڕۆژگارە پڕ لە مەرگەساتەم بیرناچێتەوە، بەڵام ناشمەوێت لەناو یادگاریەکانیدا بژیم، تەنها ئەوەندە مەبەستم بوو پێتبڵێم لەدوای ئەو نەهامەتی‌و گرفت‌وئەندێشانە ڕۆژانی خۆش‌و شادیش هاتن. ئەو ڕۆژەی چرا لەدایك بوو، ڕۆژێکی چەندە خۆش بوو، زۆر شادمان بووین. یان ئەو ڕۆژەی گەیشتینە لەندەن لەدوای دەربەدەری‌و ماڵوێرانی، بیرت‌ماوە چەندە ئاسودەو دڵخۆشبووین. ڕۆژگاری خۆشیترمان زۆر بەسەر برد. نەورۆز گیان ئەوەی مەبەستی منە ڕەوشی دەرونی خۆت ئارام بکەیتەوە نە با کاریگەری خراپترلەسەرکلپەو چرا دابنێت. ئەوان منداڵن، ژیانی ئەوان ناسکترە، پێویستیان بەدایکێکی‌ئاراموئاسودەیە.

نامەوێت ئەوەت لێبشارمەوە کە نامەیەکی ماملۆستاکەیانم بەدەستگەیشت تاکو سەردانی قوتابخانەکەیان بکەم، بۆ یەکەم جاربوو گلەیی لە کلپەو چرا بکەن لە وانەکانیان دواکەوتوون، کە پرسیاریشیان لێکردون، هۆکارەکانیان گەڕانۆتەوە بۆ بارودۆخی خراپی تۆ. هەموو ئەم شتانەت بۆ باسدەکەم تاکو بە حاڵەتی دەرونی خۆتدا بچیتەوەو بیرێکیش لە داهاتوی هەموومان بکەیتەوە. هیوادارم لەمڕۆوە هەوڵبدەیت بەسەر کێشە دەرونییەکانتا زاڵببیت. دەبێت ئەوەش بزانیت لەم مەملەکەتەدا تەنیاو

بێکەسین، چوونەوە سەرکارت چاکترین هاوڕێیە بۆ تەنیایتو ڕەوینەوەی خەمەکانت. ئەمڕۆش لە کتێبخانەیەك ڕۆمانێکی باشم بۆ هێناویتەوە بەناوی" چارەنوسی ئادەمیزاد". کتێبەکان باشترین هاوڕێی مرۆڤن لە تەنیایدا. ئەو کاتانەی لەماڵەوەی دەتوانیت خەریکی خوێندنەوەی بیت. هەرنەبێت ئەو ماوەیە لەناو ئەودەریا غەمگینە ڕزگارت دەکات کە تیا نقوم بوویت.

ئەو ڕۆژەی نەورۆز لەبەر پەنجەرەکەدا چاوەڕوانی هاتنەوەی لارەو باوکی بوو، تاکو ئەوان هاتنە ژورەوە، نەورۆزیش لە نهۆمی دووەمی خانووەکە بە قاڵدرمەکاندا هاتە خوارەوە. دەستە ساردەکانی لارەی لەناو دەستی خۆیدا گەرم کردەوە. چاوەڕوانی گریانو بیانوی لارەبوو وەك جارەکانی پێشوتر داوای ئاهەنگی ئەوین بکات، بەڵام ئەم جارە هیچی نەگووت. نەورۆز بە خۆشحاڵییەوە سەرسام بوو. لارەی بەجێهێشتوو لە کتێبخانە بچکۆلانەکەی ژوری میوان نزیکبووەوە. یەکە یەکە ناو کتێبەکان دەگەڕا، بەدەم گەڕانەوە بە سوارەی گووت: ئەرێ نازانیت ڕۆمانەکە لە کوێدایە؟

سوارە وەك بەدەم خەوەوە گوێی لەدەنگی نەورۆز بووبێت، لەناو باوێشکێکی دووردرێژی پڕ لە حەسرەت بۆ خەو گووتی:ڕۆمانی چی؟

نەورۆز دەستی لەناو کتێبەکان کێشایەوەو ڕووی لە سوارەکردو گووتی:ڕۆمانەکە. . . ڕۆمانی"چارەنوسی ئادەمیزاد". هاتە لای سوارەوە قسەی بۆ بکات، بەڵام ئەو چاوەکانی نوقاندبوو، وەك دەمێك بێت خەوتبێت نەرم نەرم پرخەی دەهات. بەتوندی شانی ڕاوەشاندو گووتی: کوێرا خەوتیت، هەستە قسەت بۆ بکەم. ئەمڕۆ بیرمکردەوە کە نەمام سەرقاڵی خوێندنەوەی ڕۆمانەکان بکەم. تۆ دەڵێیت چی؟ سوارە چاوەکانی کردەوەو بەدەم خەندەیەکەوە گووتی:چی بڵێم. . . لەوە باشتر دەبێت شتی خۆمم پێ بفرۆشیتەوە.

نەورۆز چەپۆکێکی هێواشی بەسەریدا کێشاو چووەوە لای کتێبخانەکە، ئەم جارە کتێبێکی لەناو کتێبخانەکە دەرهێناو گووتی:لەم ڕۆمانە باشترم دەست ناکەوێت. هەر ئەم ئێوارەیە سەردانی دەکەم و کتێبەکەشی بۆ دەبەم.

لەدوای مردنی ئەوین هەرکاتێك نەورۆز بۆ ماڵی نەمام بڕۆشتایە لارەی لەگەڵ خۆیدا نەدەبرد. جگە لەوەی نەمام بەبینینی لارە یادگاریەکانی ڕۆژانی زووی ئەوینی بە بیردەهاتەوە، لارەش هەواڵی ئەوینی دەپرسی. ئەم دیمەنانە بۆ نەورۆز ناخۆش بوو.

سەرەوەر دڵپاکی باوکی ئەوین سەرباری خەمو پەژارەی مردنی کچەکەی کە کۆستێکی گەورەبوو، بێ ئارامیو دیاردە خراپەکانی باری دەرونی نەمامیش ئەوەندەیتر غەمباریانکرد. نەمام دونیای کردبوو بە یەك بەشەوە، هەمووشی لەناو جەستەو ڕۆحی ئەویندا کۆکردبووەوە. بەمردنی ئەویش هەموو دنیای لێبوو بە ئازارو

هەمیشە هەر غەمبار بوو. مردنی ئەوین کاریگەری لەسەر نەمام زۆر بوو، دابڕانی نەمامیش لەدونیای خۆشیو کامەرانی کاریگەری لەسەر سەروەری هاوسەری هەبوو کە وردە وردە باری تەندروستی وەك جاران ڕوو لە خراپ بوون دەچوو. چەند ساڵێك لەمەو پێش بەهۆی ئەشکەنجەدانەوە توشی نەخۆشی سەربببوو. لە لێبوردنێکی گشتی ڕژێم بۆ زیندانییەکان ئەویش ئازاد دەکرێت. لەبەر خراپی باری تەندروستی بە پەلە ڕەوانەی ئێرانی دەکەن ، لەوێشەوە کاری سەفەری بە ناوی نەخۆشییەوە بۆ وڵاتی بەریتانیا بۆ جێبەجێدەکەن. نەمام لەپێش هاتنی سەروەر لە وڵاتی ئیسپانیا بوو. لە نەخۆشخانەیەکی شاری لەندەن بە ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکی گەورە چارەسەری نەخۆشییەکەی بۆ کرا، بەڵام بۆ هەمیشە دەبوایە لە کەشو هەوایەکی ئارامو هێمندا ژیانی بەسەر بردایە. نەمام ئەم حاڵەتەی سەروەری دەزانی لەپاش نەشتەرگەریو چارەسەرکردنی. بەڵام نەمام لەناو خەمەکانی خۆیدا لەبەرچاوگرتنی ئەم حاڵەتە تایبەتەی سەروەری ونکرد. سەروەر هیوایەکی نەما لە ئارامیدا خۆی پێبسپێرێت، هێدی هێدی ماڵەکەی لێدەهاتەوە یەك بەجۆرێك واهەستی دەکرد دیواری ژورەکان دێنەوە یەکو توند بە خۆیانەوە دەیگوشن. لەو ڕەوشە تەنگە بەرەدا توانای خۆڕاگرتنو زاڵبوونی نەبوو، کاریگەریو قورسی هەموو پاڵەپەستۆکانیش لەسەر ناسکترین جێگای بوو کە تەنها لە دۆخێکی ئارامدا دەپارێزرا. ئەو جێگایەش سەری بوو کە پێش عەیامێك بە حەیزەرانی بەعسییەکان زامدار ببوو. سەروەر وردە وردە ماڵەوەی لەبەر چاوکەوت. نەك تەنها لەبەر چاوکەوتن، ئارامی تێدا نەدەگرت. لاشعوری ڕوویدەکردە جێگایەك کە هەرگیز لە ژیانیدا نە چووبوو.

نەورۆز بێئاگابوو لەبارودۆخی ئەو ڕۆژانەی دوایی سەروەر. نە نەمام هیچی بۆ باسکردبوو نە سوارە. ئێوارەیەك سوارە بە ڕێکەوت بە بەردەم یەکێك لە مەیخانەکانی شاری لەندەندا تێپەڕدەبێت. وەك قەدەر بییەوێت ئەو ئێوارەیە سوارەو سەروەر بەیەکتری بگەن، لەئاستی جامخانە شوشەکەی مەیخانەکەدا سوارە بە چاوێك نیگا دەهاوێتە ژورەوە، لە بچوکترین ساتدا سێبەری سەروەر دەبنێت. بڕوا بەو ساتە کەمەی چاوەکانی ناکات، چونکە قەد سەروەری نەبینیوە شەراب بخواتەوە، نە مەشروب خۆربووە نە دکتۆرو باری تەندروستی ڕێگای پێداوە بخواتەوە. سوارە وەك باوەڕ بە چاوەکانی ناکات، لە خۆشی بەگومانە. چەند هەنگاوێك مەیخانەکەی بەجێهێشتووە، دیسان دەگەڕێتەوە. لە شوشەی جامخانەکەوە سەروەر دەبینێت بەکەساسی لەبەردەم شوشەیەك شەرابی ڕەشدا دانیشتووە. سەروەر لەناکاو سەر بەرزدەکاتەوەو لەدیوی دەرەوە سوارە دەبینێت. تەزویەك سەرتاپا گیانی دێنێتەوە بەر،

لەسەر ئەو هەموو ڕەوشە نائاسایی‌و خراپەیدا هەست بە شەرمەزاری دەكات. سەری‌دادەخات وەك بییەوێت لە پەنا بوتڵەكەدا خۆی بشارێتەوە.
زۆر لە بەسەرهاتەكان وەك یەكن بە هەموو شێوەكانیەوە. وەك قەدەر ئاژەڵێكی درندەبێت بە یەك جۆر نێچرەكانی ڕاوبكات هەموویان یەك جێگا كەڵبە بە سەر ڕۆحیانەوە بوو، یاخود وەك وێنەی كچێكی غەمبار هەر هونەرمەندە بە ڕەنگێك نەخشی چاوە خەماوییەكانی كێشابێت.
لەدوای چەند ساڵێك، ئەو دەمەی تەمەنی كوڕو كچە بچكۆلانەكەی نەمام"شادی‌و خۆشی"چوار ساڵان بوو، لە پشویەكی هاویندا لەگەڵ نەورۆزو "گوڵە لارەی "بچكۆلانە بە گەشتێكی دوو هەفتەیی بۆ كەناری دەریاكانی ئیسپانیا چوون. لەو گەشتەیاندا هەموو بەسەرهاتەكانی ژیانی خۆیان بۆ ئەو ژنە بەرازیلییە گێڕایەوە كە پێش دوو مانگ منداڵە كەی لە كەناری ئەو دەریایەدا بەدەم هێرشی شەپۆلە توڕەكانەوە بەرەو ناخ‌و قوڵای دەریاكە ڕۆشت‌و نەدۆزرایەوە. ئەو دایكە بەرازیلییە بێ كەسە شەو تاكو بەیانی، بەیانی تاكو ئێوارە لە خوداو لە شەپۆلە شێتەكان دەپاڕایەوە كە جەستەی ساردوسڕی بێ ڕۆحی كوڕەكەی بۆ بگەڕێننەوە. ئەو ژنە هەر بە گەنجی وڵاتە پڕ لە كارەساتەكەی خۆی بەجێهێشتبوو. لە كەناری دەریاكانی ئیسپانیا سەرقاڵی فرۆشتنی ساردەمەنی بوو. لەگەڵ كوڕێكی ئیسپانی دەبن بە هاوڕێ‌و پێكەوە ژیان بەسەردەبەن. لەدوای بوونی ئەو منداڵە لەیەكتری جیادەبنەوەو لەگەڵ كوڕەكەیدا پێنج ساڵ ژیانی تەنیای لە كەناری دەریاكان بە فرۆشتنی ساردەمەنی بەسەر دەبەن. زۆر بە كەساسی بەسەرهاتی ژیانی خۆی بۆ نەورۆزو نەمام دەگێڕایەوە. بەتایبەتی ئەو ڕۆژەی شەپۆلەكان كوڕەكەیان بەدیاری بۆ قوڵایی دەریا برد.
نەمام‌و نەورۆز بۆ دڵنەوایكردنی دایكەكە هەموو بەسەرهاتەكانی خۆیان بەوردی بۆ گێڕایەوە. دایكەكە بە پەرۆشەوە گوێی بۆ ڕاگرتبوون. لەدوای مردنی كوڕەكەی بۆ یەكەمجاربوو بە تەنیا خۆی نەبینێت. هەستی بە سەبوری‌و ئارامی دەكرد. بەڵام دواجار سۆزی دایكایەتی بۆ چركەیەك دەیخستەوە سەر ڕیتمی گریانێكی حەزین‌و دەیگووت: خۆزگە منیش بە جەستە ساردەكەی شادببوومایە، ڕۆژێك بێ بەها فڕێیبدایە. نازانم بۆچی دەریا هەقی ڕاوچییە ماسی گرەكان لە من دەكاتەوە؟
شەپۆلەكان هەندێك جار توڕەتر بەرەو كەنار دەكشێن. وەك بیانەوێت لە دەریاكە یاخیبن‌و بەرەو عەردێك هەڵبێن كە دەبێتە مەملەكەتی لەناو چونیان. ئەوە حوكمی سروشتە هەموو سەرەتایەك هەنگاو نانە بەرەو كۆتایی. ئەو شەپۆلانە چەندە بەكەف‌و كوڵ‌و توڕەبن دواجار بە ناچاری دەگەڕانەوە باوەشی دەریاكە و بەدەم شەپۆلە تازەكانەوە وندەبوون‌و تەمەنی خۆیان كۆتای پێدەهێنا. هەموو كشانەوەیەكیشیان بۆ

ناخی دەریا بێ ڕەحمانە بوو، هەرچی شتەکانی کەنار دەریاکە هەبوو بە منداڵو تەرمۆزەو کورسیو پاکەتی جگەرەو پسکیتیش لەگەڵ خۆیاندا پەلکێشی قوڵایی دەریاکەیان دەکرد. ئەوە حوکمی سروشتە قەدەرەکان بەدەستی خۆمان لەسەر یەکتری فەرز دەکات. شەپۆلە تووڕەکان تەمەنی ئەو دایکەیان لەناو خەمی مەرگی کوڕەکەیدا بڕییەوە، کەچی لەدوای بێ ئومێدی هەر شەپۆلێك بە هیواوە چاوەڕوانی شەپۆلێکی بەهێزترو تووڕەتر بوو کە منداڵەکەی بەسەر پشتی خۆیانەوە بۆ بهێننەوە.

مرۆڤ پەناترین جێگای خەمەکانی ئەم گەردونەیە. دەرونی مرۆڤ دوا کەناری خەمەکانە. خەمەکان بەبێ بوونی مرۆڤ لە ئازاری خۆیاندا وەك دێوانەیەکی شێت بەبێ هیوا هەر دەخولێنەوە تا بزر دەبن.

نەمام سەرقاڵی دڵنەوایکردنی دایکە بەرازیلییەکە بوو، وەك منداڵ، وەك هاوڕێو خوشکی خۆی سەری بەسنگی خۆیەوە نوسانبوو.

نەورۆزیش لەناو لمی کەنار دەریاکەدا یاری لەگەڵ گوڵە لارەی بچکۆلانەدا دەکرد. هەموو کە ناری دەریاکانی ئیسپانیای بە قوربانی بزەیەکی سەر لێوەکانی دەکرد.

9

# گـوڵــی مـێخــەك

نەمانی "لارە" کارەساتێکی زۆر گەورە بوو، هەربۆیە خەمەکانیشی گەورەو گران بوون. خەمەکانی کۆچی لارە هێندەی بارستایی دەرونـی خـەڵکی هـەرێمـەکە گـەورە بوون. خۆی چەندە بچکۆلانـە بـوو، خـەمـەکانی ئـەوەنده گـەورەو نـهێنـی بـوون. نـهێنـی خـەمـەکـان کـەس نـەیـدەزانـی، تـەنـها هـەسـت بـە خـەمـەکـانی دەکـرا. هـەنـدێك کـەس دەیانگووت"داخی زۆرە منداڵێك لەو پەڕی دونیاوە بێتەوە بۆ زێدەکەی خۆی ، بـەڵام مـەرگ بـواری گـەڕانـەوەی پێنـەدات. هـەندێکیکـەش بـە فرمێسـکی چـاوەکانیـان گوزارشتیان لـە بـەرائـەتـیو پاکی منداڵ دەکرد. زۆربـەی خـەڵکەکانیتریش بێزاری نـاخی خۆیـان لـە دەسـت حـوکمی ئـەو ڕۆژگـارە تێکـەڵ بـە ئـازارەکـانی مـەرگـی لارە دەکردو دەیانگووت: بێ مانا مرد، پف لەم هەرێمەو لە هەزار پێشکەوتنی وا. بە خوا ڕاستە وڵاتی قەزاو قەدەرە، چ قەدەرێك ؟دەرئەنجامی نـەبوونی ڕێزو خۆشـەویستیو گـوێ پێنـەدانـی هـەقو مـافی مرۆیـی لـەنـاو هـەمـوو تاکـەکـانی کۆمـەڵدا بـەرامبـەر بەیەکتری. ئەویش بەرهەمی ئەو سیستەمەبوو کە ئیشی لەسـەر بـەرژەوەندی تایبـەتـی هەندێك کەس دەکرد دوورلە چاندنی تۆوی خۆشـەویستی بۆ نیشتیمان بۆ نـەتـەوە بۆ مـرۆڤ. دایـكو بـاوكو کـەسـوکاریش دەیـانگووت:خـەمـەکـانی زۆر گـەورەن، ئـەم گـەردونـە نایکێشـێت. منـیش هـەروا دەڵـێم، زیـاتر لـەخـەم پـڕ لـە نهێنیشـن. مـن لـە نهێنییەکان بێدەنگ بووم، تەنها لەلای دایکی "ترێ و باران"جاربەجارێك دەمگووت: هـەسـت بـە نهێنییـەکـی گـەورە دەکـەم لـەنـاو خـەمـەکـانی لارەدا. ئـەو کـەمتـر لـەمـن تێدەگـەیشـت. . . ناهـەقیشـی نـەبوو. من نـەمدەتوانی نهێنییـەکان ئاشکرا بکـەم. تـەنـها دەمگووت :هـەسـت بـە نهێنـی ئـەو قـەدەرە دەکـەم. منـیش گونـاهم نـەبوو هـەرئـەوەنـدە هەستم پێدەکرد بۆنێکی ئەفسوناوی نهێنی لە خەیاڵی دونیایەکی تردا مەستی دەکردم.

لەپـاش کۆچی لارە نـهێنییـەکـان وردە وردە دەردەکـەوتن، خۆیـان بـە سیمای چـاو و پەردەی زەوینو هەستدا دەدا، تاکو ئەو ئاستەی لارەی بچکلۆلانە ئـەو خێزانـە بچوکـەی گەیاندە ئاستی گەورەی شاری لەندەن. لارە کە مرد تەمـەنـی تـەنـها سـێ سـاڵو حـەوت مانگ بوو. ئێستا لە مێژە مردووە، ئـەو هـەر تـەمـەنـی سـێسـاڵو حـەوت مانگـەکـەیـە.

بەڵام لارەی بچکۆلانە لەگەڵ دەرکەوتنی نهێنییەکان سات بەسات لە گەورە بووندایە. ئەمڕۆ هەموو دایکی لارە دەناسن، بەڵام کەس نەورۆز ناناسێت. ناوی دایکی لارە ڕۆژانە لەچەندین زارەوە بە ڕێزو گەورەیی‌و خۆشەویستی‌و پیرۆزییەوە ناودەبرا. باوکی لارە دەیگووت:من کەسێکی کراوەو خاوەن ڕێز بووم لە ناو خەڵکدا، ئەم پێناسەیە ئازیزان بۆخۆیان لە خۆشەویستییەوە بە منیان بەخشیبوو، نەك خۆم وەسفی خۆم بکەم. بەڵام ئێستای دوای مردنی لارە بە زمانی خۆم بەشانازییەوە باسی گەورەی خۆم دەکەم‌و دەڵێم:لارە منی زۆر گەورە کرد، زۆر زیاتر لەو کەسایەتییەی کە پێشوتر هەبووم. ئەم ڕاستییە لە قودرەتی شاردنەوەی مندا نەبوو، بۆیە ناتوانم بێدەنگبم، لە نهێنییەکانی خەمی کۆچی لارەوە سەریان هەڵدا. لەمانەش زۆر سەرسامترو نهێنیتر، جار جار وا هەستدەکەم کەمن کوڕی لارە بم.

خەمەکانی لارە لە گەورەبوونیاندا دەگۆڕان، قاڵبێکی تریان وەردەگرت، نهێنییەکانیان دەردەکەوتن. نەورۆز لە مانگەکانی کۆتایی سکیدا هەستی بە نهێنییەکان دەکرد. زۆرجار لەلای نەمام شتێکی دەدرکاند. نەمام ئەگەر باوەڕیشی پێی نەبوایە، واخۆی پیشان نەدەدا کە نەورۆز هەست بە گومان بکات. نەمام ئەو ئاسودەبوونەی نەورۆزی دەویست کە ماوەیەکی زۆرپێوەی ماندو ببوو. خۆشی‌وشادی خۆی لە بەختەوەری نەورۆزدا دەبینی.

ئەو ڕۆژەی گوڵە لارە لە دایك بوو نەمام زوو گوڵە کاڵەکەی لای چەپی سەرسنگی منداڵەکەی بینی. خوشکە سستەرەکان سەرقاڵی نەورۆزو منداڵەکە بوون، دیاربوو سوارەش گوڵە کاڵەکەی سەرسنگی منداڵەکەی بینی بوو. نەمام ویستی نیشانەی گوڵەکە پیشانی سوارە بدات، سوارە بە ئاستەم سەری بۆ لەقاند، بە نەمامی گووت"بینیم".

نهێنی خەمەکان زوو دەرکەوتن، بەڵام کەمتر هەستیان پێدەکرا. کات پێش نیوەڕۆ بوو، لە گەرمەی گەورەبوونی خەمەکاندا بوو، تەنها هەر چواریان لە ماڵەوەبوون. لەناو خەیاڵێکی دژوارو پڕ لە ئازاردا لە بێدەنگیدا هاوڕێی خەمەکانیان بوون، جاربەجارێك زەنگی تەلەفۆنەکە لە هاوڕێیەتی ئەوبێدەنگییە خەماوییەی دایدەبڕین. کەسێکی ناسیاو بوو بۆ دڵنەوایکردن‌و دەربڕینی هەستی هاوڕێیەتی بۆ بەشداریکردن لە خەمەکانیان زەنگی لێدەدا. بە ئەسپاییەکی خەماوی ساتێکی کەم چەند وشەیەکی غەمگین بێدەنگی ژورەکەی دەشکاند. چرکەی دانانەوەی دەسکی تەلەفۆنەکە جارێکیتر دەیکردنەوە بە هاوڕێی بێدەنگییەکی غەمبار. قەدەرێکیتریش بێدەنگییە خەماوییەکان میوانی گەورەی ماڵەکە دەبوون تاکو دەنگی تەپەی کۆمەڵێك نامە لەکونی پۆستی ناو دەرگای سەرەکی ماڵەوە فڕێدرایە ژورەوە. بۆ ساتێك نیگاکان چوونە سەر چرا. چرا نزیك بە دەرگاکە دانیشتبوو، هەستاو کۆمەڵە نامەکەی هێنا.

یەكێك لە نامەكان ناوی كڵپەی لەسەر بوو، بۆ كڵپە نیردرابوو. نامەكەی دایە دەست خۆی
كڵپە ئەم نامەیە بۆ تۆ هاتووە.
كڵپە نامەكەی كردەوە، بەدەم خوێندنەوەوەی بزەی شادی كەوتە سەر لێوەكانی. هەموویان سەرنجی كڵپەیان دەدا. نامەی قبوڵكردنی لە زانكۆوە بۆ هاتبوو. هیوایەكی گەورەی كڵپەبوو بۆ ئایندەی كە لەم نیوەرۆ غەمبارەدا هاتەدی. رەنگە ئاسای بێت ، بەڵام بۆ ئەوان نامەیەكی ئەفسوناوی بوو كە توانی بۆ ساتێك لە نیوەرۆخوانێكدا بە ئاسودەی كۆببنەوە. لەناو زەرفی نامەكەدا مەدالیایەكی میتاڵیشیان وەك پیرۆزبای بەو بۆنەیەوە بۆ ناردبوو كە شێوەی گوڵێكی لەسەر نەخشكرابوو. خەمەكان لە گەورەبووندا نهێنییەكانی دەردەكەوت. نهێنییەكانیش لە سەرەتادا بە شێوەیەكی نهێنیو هەست پێنەكراو دەردەكەوتو دەبوون بە گوڵ.
ئێوارەیەك نەورۆزو خەمەكانی بەرەوە روباری'تـــایمز"رۆشتن. زۆرجار ئەم سەفەرە كورتە ناوەختانە سازدەكرا. ئێوارەیەكی زۆر رەنگاو رەنگ بوو، بەڵام نەورۆز بەتەنها یەك رەنگی دەبینی وەك رەنگی كراسەكەی رەشی قەترانی. بە كەناری روبارەكەدا بێئاگا لە هەموو شتەكانو بێئاگا لەهەموو هەستەكانی بە پێچەوانەی خۆر ئاوابوونەوە وەك گالیێسكەیەكی تێكشكاو رێیدەكرد. تەنانەت توانای دواندی خەمەكانیشی نەبوو، بەڵام بە ناچاری دەستی لە ملیان ئاڵاندبوو، ئەوانیش بەشانو بەرۆكیدا خۆیان هەڵواسی بوو، بەرچاویان گرتبوو گەڵاوگوڵە رەنگاڵەكانیشی نەدەبینی لە هەناسەو بۆنی گوڵەكانیش بێزاربوو. بەبێ ئاوڕدانەوە لە هیچ دیمەنێك بەبێ هاورێیەتی هەستەكانی بەكەناری باخچەكاندا دەرۆیشت. پیاوێكی پیری شەبقە بەسەر لە كەنار باخچەیەك بە دیار فەرشەباخێكی بچكۆلانەی پڕ لە گوڵی رەنگاورەنگ دانیشتبوو. بۆنی پێوە دەكردنوهاڵاوی هەناسەیئەوانی هەڵدەمژی. لەناكاو سێبەرێكی رەشو خەست لە شێوەی تابلۆی بەژنو باڵای ئافرەتێكدا وەك پەڵەیەكی ئەفسوناوی قەدەرێك تاكو تێپەری بەسەر پیاوەپیرەكەوگوڵە رەنگاورەنگەكاندا مایەوە. وەك باڵی شەو سێبەری تارماییەكە بەسەر گوڵە رەنگاورەنگەكاندا رەنگی رەشی دایەوە. پیاوە پیرەكە دڵیانبوو كە سێبەری خانمێكە، بۆ ئەو ئاسایی بوو زۆر كەسیتروەك ئەم بە پشتیدا تێپەرببوون، بەڵام بە تێپەربونی ئەم سەرسام بوو، چونكە لەناو هەموو گوڵەكاندا بەتەنها گوڵێك لەژێرسێبەری تارماییەكە بە رەنگی خۆی مایەوە. كاتێك پیاوە پیرەكە رووی بۆ نەورۆز وەرگێرا، ئەو چەند هەنگاوێك تێپەرببوو. ناچاربوو كە بانگیبكات.
خانم..! خانمی بەرێز. . . دەتوانیت بۆ ساتێك رابوەستیت؟ كابرا جارێكیتر بەدەنگی بەرزتر بانگیكردەوە.

خانمی بەڕێز گرنگە کە گوێم لێبگریت، ئەگەر بتوانیت ڕابووەستیت. کابرا چەند هەنگاوێك بە دوای نەورۆزدا چوو. نەورۆز لەجێگای خۆی ڕاوەستاو ئاوڕی بۆ پیاوەکە دایەوە. پیاوێکی پیری ڕیش سپی چاو شین بوو. گوڵە ئەفسوناوییەکەی بەدەستەوە بوو. بە لوتفەو ڕێزەوە شەبقەکەی لەسەری داگرتو کەمێك بۆ پێشەوە بەرامبەر بە نەورۆزچەمایەوەوبە خەندەو خۆشەویستییەوە سڵاوی لێکرد. نەورۆز بە ڕوخساری گەش‌و میهرەبانی پیاوەکە شادمان بوو، ئەویش بەهەمان میهرەبانی‌و حورمەتەوە سڵاوی لێکردەوە. پیاوەکە گووتی: خانمی بەڕێز من نامەوێت کاتتان لێبگرم، نەشمتوانی لەئاستی نهێنییەکی ئەفسوناوی بێدەنگبم. بۆئەوە ڕامگرتوویت کە ئەم گوڵە گەشە بکەم بە بەرۆکی کراسە کەتدا ئەگەر لوتفتان هەبێت. نەورۆز ڕەفتاری پیاوەکەی بە سادەیی وەرگرت، ڕەنگە ڕۆژانە زۆر ڕێکەوتی بەم شێوەیە دروست ببێت. لێرە زۆر ئاساییە پیاوێك لەو تەمەنەدا بە میهرەبانی ناخی‌خۆی بە ئافرەتێك سەرسام ببێت. ئەوەی نەورۆزی توشی گومانکرد بۆ ساتێك دابڕان لە خەمەکانی ئەو ئێوارەیە کە لە شان‌و مل‌و گەردنی ئاڵابوون. بە شادی‌و خەندەوە سنگی هێنایە پێشەوە. پیاوەکەش وەك پێغەمبەرێك موریدی خۆی خەڵات بکات، بە دڵنیاییەوە گوڵە ئەفسوناوییەکەی بە کراسەکەیەوە کرد. بە ڕێزەوە یەکتریان بەجێهێشت، ئەو ڕۆشتەوە بۆلای گوڵەکان، نەورۆزیش بەدەم پیاسەکردنەوە تەماشای دوورو نزیکی دەکرد. دیمەنی جوان‌و دارو درەخت‌و گوڵی ڕەنگاوڕەنگی زۆری دەبینی کە پێشتر هەستی بینین‌و سەرنجدانی نەبوو. بە شادمانی گەڕایەوە بۆ ماڵەوە. هەموویان هەستیان کرد کە نەورۆز کەمێك لەخەماکانی لە بەرۆك بوونەتەوە. سیماو ڕوخساری لە پێش چوونە دەرەوەی بۆ سەر ڕوباری تایمز گەشاوەتروکراوەتربوو. لە ژوری دانیشتنەکە نەمایەوە، چووە سەرەوە. سوارە بە کڵپەوە چرای گووت: زۆر جارم پێگووتووە کە بچێتە دەرەوە، هەر نەبێت لەناو چوار دیواری ئەم ژورەدا باشترە. نەورۆز لەسەرەوە خەریکی خۆ گوڕینبوو. جلە ڕەشەکانی لەبەر خۆی داکەندو جلی ماڵەوەی لەبەر کرد. گوڵەکەشی لە کراسەکە کردەوە، کردی بە ئێخەی کراسەکەی ماڵەوەی کە تازە لەبەریکردبوو. لەبەر ئاوێنەکە خەریکی ڕێکخستنی بوو.

نەورۆز لەسەر چەرپاکە پاڵکەوتبوو. منداڵەکەی هێشتا بە دەست خوشکە سستەرەکانەوە بوون. لە خاولییەکیان پێچابووەوە. نەورۆز چاوەڕوان بوو بۆی بهێنن تاکو لەسەر سنگی خۆی دایبنێت. هێشتا نیشانە گوڵەکەی لای چەپی سەر سنگی منداڵەکەی نەبینیبوو. سوارەو نەمامیش باسیان نەکردبوو. هەردووکیان بەسەر سەریەوە ڕاوەستابوون. بە پێکەنین‌و خۆشحاڵییەوە باسی جوانی‌و خەپانی منداڵەکەیان بۆ دەکرد.

یەکەم ڕۆژی گەشتەکەیان بۆ کەناری دەریاکانی ئیسپانیا ماوەیەکی زۆر لەگەڵ دایکە بەرازیلییەکەدا مانەوە. دواتر تاکو ڕۆژئاوابوون لە کەناری دەریاکە لەسەر لمەکە یارییان دەکردو بەرامبەر بە خۆرەکە خۆیان هەڵدەخست. بڕیاریان دابوو چەند ڕۆژێك لە کەناری دەریاکە بمێننەوەو پاشان سەردانیماڵی خەسرەوی برای نەمام بکەن لە شارێکی تری ئیسپانیا دەژیان. خەسرەو ئاگاداری هاتنی ئەوان بوو بۆ ئیسپانیا، بەڵێنیشی پێدابوون کە بە ئۆتۆمۆبیلەکەی خۆی بچێت بە دوایاندا. نەمام دڵی بە ئیسپانیا زۆر دەکرایەوە، بیرەوەری زۆری لەو وڵاتەدا هەبوو، هەرچەندە ماوەیەکی زۆر بوو بۆی نەکرابوو سەردانی بکات. هەمیشە باسی ئیسپانیای بۆ نەورۆز دەکرد. چەند جارێکیش بڕیاریاندا بوو پێکەوە گەشتێك سازبکەن، بەڵام بۆیان نەگونجابوو. لەپاش مردنی ئەوین نەورۆز هەوڵی زۆری لەگەڵ نەمام دا کە سەفەرێکی ئیسپانیا بکات، بۆ سەردانی براکەیو یادی بیرەوەریەکانی جارانی. بەڵام ئەو کاتە نەمام زۆر بێ ئارامو هەراسان بوو، خەمەکانی تەوقیان دابوو، ڕێگای سەفەرکردنیان پێنەدەدا. توانای سەفەری نەبوو، هەرچەندە ئیسپانیا بۆ نەمام تاکە وڵات بووکە ئارامترین شەوەکانی خۆی تێدا بەسەر برد.

ئەو جێگایەی بۆ یەکەم جار لەدوای ترسو نیگەرانیو دڵەڕاوکێ ڕووی ناچاری خۆتی لێدەکەیتو بەئاسودەی وەك پەنایەك بە ئارامی پشوی تیادەدەیت. لەبیرەوەریەکاندا بە زیندویی دەمێنێتەوەو لە دڵو دەرونیشدا دەبێت بە سونبوڵی خۆشیو شادیو بەختەوەری. ئەو ڕۆژەی نەمام گەیشتە فڕۆکەخانەی شارێکی ئیسپانیا، هەژدە ساڵ پێش ئەم گەشتەی ئێستایان بوو. کات نیوەڕۆ بوو. بۆ ماوەی شەش مانگ ژیانی تەنیایو خەمو پەژارەی بەسەر دەبرد. هەر ڕۆژەش لە جێگایەكو لەگەڵ کۆمەڵێك کەسی جیاوازدا بوو کە نەیدەناسین. هەواڵی سەروەری نەدەزانی، ئاخۆ هەر لە زینداندا ماوە؟یان مردووە؟

شەوێك ڕەشەبا بەلورەلور خۆیکرد بە هەموو کۆڵانەکانی شاردا، وەك زۆربەی شەوانی تر پیاوەکانی ڕژێمی لەگەڵ خۆیدا هێناو کردنی بە میوانی ماڵی سەروەر دڵپاك. سەروەرو نەمام چەند مانگێك بوو ژیانی هاوسەرییان پێکەوە نابوو. سەروەورو نەمامیان لەباخەڵی یەکتری دابڕی. هەر بەو شەوە سەروەریان برد، جارێکیتریش جەلادەکان دڵی شارە سوتاوەکەیان داخورپاند. ئیتر نەمام سەروەری نەبینییەوە. لەپاشچوار ساڵ لە شاری لەندەن بەیەکتری شاد بوونەوە. دوای گرتنی سەروەر جەلادەکان بۆ گرتنی نەمامیش هاتن، بەڵام نەمام لە ماڵەوەنەبوو. نەمام ئاگاداربوو کە بۆ گرتنی هاتبوون، ئیتر نەیتوانی لەماڵەوە بمێنێتەوە. زۆر ماڵی ناسیاویتر لە شوێنی گەڕان، بەڵام هەر بەردەستیان نەکەوت. بەناچاری لەترسی گرتن شاری بەجێهێشتو بە سکێکی دوو مانگەوە ڕووی لە چیاکان کرد. مانەوەی لە

شاردا زەحمەتو گران بوو، زۆر ئافرەتی تر لـە لایـەن ڕژێمـەوە دەستگیر كرابـوون بۆڕوخاندنی ورەی هاوسـەرەكانیـان، كـە هاوسـەرەكانیـان لـە زیندانـەكـان بـوون. ئـەو ئـافرەتانـەی لـە چنگـی جـەلـلادەكـان ڕزگـاریـان دەبـوو، وەك لـە كـارەسـاتێك ڕزگـاریـان بووبێـت كـە گـەورەتـرین نـە هامـەتـی بـەدواوەبێت. ئـەو سـەردەمـە هـەرێمـەكـە وەك منداڵێكی نەخۆشی بێ دایكو باوك بوو. خـەزەبـی چنگـی دیكتـاتۆر لـە نـاخی گیرببوو. خوێنی ڕۆحمان بەر چاوی ویژدانی دونیای گرتبوو. نەمام هەر ڕۆژەی لە گونـدێك و لەماڵێك بوو. ئافرەتێكی تەنیاوبێ كەس بوو. بـارودۆخی تـەندروستیشـی تـەواو نـەبـوو، جگە لەو بێزارییەی كە گاریگەری لەسەر دەرونیشی كرد بوو. ژیـانی گونـدو چیاكـان بۆ ئەو زۆر سەخت بوو. لەپێش شاڵاوی قوتابیەكانی هۆلاكۆو شاگردەكانی تـەیمورو مامۆستاكانی تەتەر، بەهۆی هەوڵی برادەرەكانی سەروەر كـە ئـەو دەمـە لـە گونـدەكـان بـوون نـەمـام گونـدەكـانی بـەجێهێشـتو ڕەوانـەی ئێرانیـان كـرد بـۆ مـاڵی بـرادەرێكـی خۆیـان. خـەسرەو زوو پـەیوەندی بـە نـەمـامی خوشكییەوە كـرد، بـەڵێنـی پێدا هـەمـوو هەوڵێكی بۆ بدات لە تاكو ڕۆژێك زووتر بەرەو ئیسپانیا ڕایكێشێت.

ژیـانی نـەمـام لـە ئیسـپانیا كـۆپی دوووەمـی خـەوە سـەوزەكـانی بـوو كـە ڕۆژانـی نەهامەتی ئاواتە خواستیان بوو. سەردەمێكی تازەو پڕ لە شادی بـوو. بـەڵام لـەو دیـوی بـەدیـهێنـانی خـەوە سـەوزەكـانی خـەمێكـی گـەورە هاوتـای هـەمـوو خۆشـییەكـانی ڕووبـەڕوی خـەنـدەو پێكـەنـی سـەرلێوەكـانی دەبـووەوە. زینـدانیبوونی سـەروەرو بـێ هەواڵی ژیانی پڕ لـە ئاسودەیی نـەمـامی تـاڵكردبوو. ئـەو سـەردەمـەی نـەمـام گـەیشتە ئیسپانیا، هەرێمەكە نوقمی خوێنی برینـەكـانی خـۆی ببـوو، سـاتەكـان ژەهرێك بـوو بـە هیچ تاوانبارو گوناهبارێك نەدەدرا. ئیسپانیا مەملەكەتی غوربەت بوو، بەڵام لە ئاستی غەزەبی عەفلەقیەكان بەسەر هەرێمەكەدا ئیسپانیا بۆ نەمام بەهەشتێكی ئـارام بـوو كـە دەرونی شپرزەو شێواوی ئاسودەبكات. لەمێژبوو بەئاواتی وڵاتێكی ئەوروپاوە بوو كە گەشە بە هونەرەكەی بدات، بەڵام ئەمڕۆ لەیەكێك لەو وڵاتانەیەو خەم سارده لە بەهرە هونەرییەكەی، تەنانەت توانـای خوێندنی فێربـوونی زمانیشـی نییـە. نـەمـام دەرچـووی پەیمانگای هونـەرە جوانـەكان بوو بـەشی وێنەكێشان. بەهرەی وێنە كێشان لە منداڵییەوە لە دەستو پەنجەكانیدابوو. نەمامی زیرەكوگەشبینو بەهرەمەند لـە ئیسپانیای سـەوزو پڕ هونـەر بـوو بـە كـەسێكی گۆشـەگیـرو بێهێـزو خـەمـاوی. توانـای هیچـی نـەمـابوو. ماوەیەك بوو لە ماڵی خەسرەوی برای دەژیا. ڕۆژێك لـەنـاو بیرەوەریـەكـانی ڕۆژانـی زوو بـەیـادی سـەروەر دەسـتو پـەنجـە پڕ لـە هونـەرەكـەی تێكـەڵ بـەڕەنگـی خـەمو ئازارەكانی كرد. بۆ یەكەم جار لە ئیسپانیا بەرامبەر بە تەختـەیـەكـی كـەتـانی ڕاوەستا. زام و ئەندێشەكانی نـاخی تێكـەڵ بـە ڕۆحـی تابلۆیـەك كـرد كـە سیمای سـەروەری تیـا كێشابوو. ئەو ڕۆژەی "مامۆستا كارلۆسی"هاوڕێی خەسرەو بۆ یەكـەم جـار تابلۆكـەی

بە هەڵواسراوی لە ماڵی خەسرەو بینی، بەدیقەتەوە سەرنجی تابلۆکەی دەدا. وەک دەوترێت"قەدری زێڕ لەلای زەڕنگەرە"بەرامبەر بە تابلۆکە ڕامابوو. مامۆستا کارلۆس مامۆستای زانکۆ بوو، هونەرمەندێکی بەناوبانگی شێوەکار بوو. بەزمانی ئیسپانی پرسیاری لە خەسرەو کرد ئەو تابلۆیەی لە کوێ دەستکەوتووە؟ خەسرەو وەڵامی دایەوە کە نەمامی خوشکی کێشاویەتی. نەمامیش لە ژورەکە دانیشتبوو، ئەو دەمە زمانی ئیسپانی نەدەزانی، یەکەم جاریش بوو لەگەڵ مامۆستا کارلۆسدا یەکتری ببین. مامۆستا کارلۆس سەرسامی خۆی بە تابلۆکە بۆ خەسرەو شیکردەوە. خەسرەو قسەکانی کارلۆسی بە کوردی بۆ نەمام دووبارەکردەوە. مامۆستاکارلۆس دەڵێت: یەکەم جارە ئەم تابلۆیە دەبینم، هەروەها هونەرمەندەکەش کە ئەو خوشکەی تۆیە. سەبارەت بە ژیانیشی هیچ زانیارییەکم نییە. بەڵام ناخی تابلۆکە کە ڕۆحی هونەرمەندەکەی تێدا بەرجەستە کراوە، بە زمانی هونەری دەدوێت کە ڕەنگە تەنها ئێمە لەنهێنی وشە شاراوەکانی تێبگەین. من مەبەستمە کە بڵێم: سیمای ئاسای وێنەکە پڕن لە خەمو ئازارو ئەندێشە وەك لەناو چاوە غەمگینەکانیدا بەدیدەکرێت، بەڵام دیوی ناوەوە کە ڕۆحی تابلۆکەیە هونەرمەند خۆشەویستیو سۆزی خۆی تێکەڵ بە خەمو ئازارەکانی کردووە، ڕەنگەکان ئیسپاتی ئەو ڕاستییەن، ڕەنگە ئەم لایەنەیان چاوی هونەرمەندەکان دەرکی پێبکەن. نەمام بەدەم گوێگرتنەوە چاوەکانی پڕببوون لە فرمێسك بۆ سەروەرو بۆ هونەرەکەیو بۆ پیرۆزی وێنە کێشان لە زەینی هونەرمەندا. بۆ تاوێك هەڵڕشتنی فرمێسکی خۆشەویستی بۆ سەروەرو بۆ تابلۆکەی ژورەکەی بەجێهێشت. ئەو کاتەی نەمام لەلای ئەوان نەبوو، خەسرەو چیرۆکی ژیانی نەمامی بە دورودرێژی بۆ مامۆستا کارلۆسی هاوڕێی گێڕایەوە. مامۆستاکارلۆس بە حاڵی نەمام زۆر نیگەران بوو، بەزمانی خەسرەو تکای لێکرد کە ژیانی خەمو گۆشەگیری بەربداتو دووبارە بگەڕێتەوە ناو دونیای هونەر، دڵنیایکرد تاکە ڕێگایە بۆ ڕەوینەوەی خەمەکانیو سارێژکردنی برینی ئازارەکانی، پەیامێکی پیرۆزیشە بۆ ئاوێتە بوونی ڕۆحیان لەگەڵ هاوسەرەکەی، هەر لە ڕێگای وێنەکانیشەوە دەتوانێت دوراودور بیدوێنێت. میستەر کارلۆس بەڵێنیشی پێدا گەر بە خیرای خۆی فێری زمانی ئیسپانی بکات، بۆ خوێندن لە زانکۆ یارمەتیو پشتگیری بکات. کارلۆس لەکۆتایشدا گووتی: من دڵنیام لە بلیمەتی ئەو لە بواری وێنەکێشاندا ئەگەر گەشەی زیاتر بە خۆی بدات.

نەمام هەموو جار یادگاریەکانی خۆی لە ئیسپانیا بۆ نەورۆز دەگێڕایەوە. هەمیشە باسی گەورەییو بلیمەتی مامۆستا کارلۆسی دەکرد. باسی جوانی وڵاتەکەو ئاوو هەوای خۆشو سازگاری. نەورۆز بە گاڵتەو پێکەنین پێیدەگووت: دەك سەرت شینکەیت بۆچی هاتیت بۆ ئەم کاولبووە؟کە ئەوێ ئەوەندە خۆشە.

نەمام بە ئاخێکەوە دووبارە چیرۆکی هاتنی خۆی بۆ نەورۆز دەگێڕایەوە:نەورۆز گیان کەس نەزانێت تۆ باش دەزانیت من بۆچی ئیسپانیام بەجێهێشت. لەمێژبوو بە هیوای گەیشتنم بۆ وڵاتێکی وەك ئیسپانیا دەژیام تاکو پەرە بە هونەرەکەم بدەم. دواجار گەیشتم، بەڵام بەو جۆرە نا کە هیوام بۆ دەخواست. هەرچەندە بە هیواکانم گەیشتم بەهۆی هەوڵو دڵسۆزی مامۆستا کارلۆس. ئەگەر لەئیسپانیا بمامایەتەوە ئێستا کەسێکیتربووم لە بواری وێنە کێشاندا. لە زانکۆ دەمخوێند کە هاتم بۆ لەندەن. پێم ناڵێیت لێرە چیم بەچی کردووە؟ وێنە کێشانیشم بیرچۆتەوە. هەرچەندە هاتنەکەشم بۆ ئێرە ئاواتێکی گەورەیتربوو لەسەرو هەموو هیواکانم کە هاتەدی. چوار ساڵ بوو سەروەرم نەدیبوو، نەك تەنها بینین، هەواڵیشم نەدەزانی. . . ماوە، مردووە. چی بەسەر هاتووە؟

سەروەر لە زینداندا توشی نەخۆشی گرانو کوشندە دەبێت بەهۆی ئەشکەنجەدانەوە. لە حاڵەتی مانو مردندا بە بڕیارێکی گشتی لێبوردن لە زیندان ئازاد دەکرێت. بارودۆخی تەندروستی بە جۆرێك خراپو ئاڵۆزبوو هیوای ژیانو مانەوەی لێنەدەکرا ئەگەر هەوڵی بە پەلەی بۆ نەدرایە . لەماوەیەکی کەمدا مامەڵەی بۆ جێبەجێکراو ناردیان بۆ ئێران. ئەو سەردەمە ئێران بۆ ریسواکردنی ڕژێمی بەعسییەکان زۆر لەنەخۆشو زامدارەکانی لە ڕێگای ڕێکخراوە مرۆییەکانەوە بۆ وڵاتەکانی ئەورووپا دەنارد. سەروەر یەکێك بوو لەو کەسانەی کە نەخۆشییەکەی سەختو ئاشکرابوو. ڕەوانەی وڵاتی بەریتانیایان کرد بۆچارەسەرکردن. نەمام هەواڵی گەیشتنی سەروەر دەبیستێت بۆ شاری لەندەن هاتووە. هەر ئەو ڕۆژە کەلوپەلەکانی کۆدەکاتەوە، زانکۆو مامۆستاو هاوڕێکانیو براکەی بە جێدەهێڵێتو ڕوو لە بەریتانیا دەکات. نەمام هەموو هیواکانی لە ئیئسپانیا بەجێدەهێڵێتو بەرەو لەندەن دەڕوات، بەڵام زیاد لە خەمی دابڕانی لە هیواکان، ئاسودەو خۆشحاڵە چونکە بەسەروەر شاد دەبێتەوە کە دەتوانێت لەنزیك ئەو بە هەموو هیوا لەدەستچووەکانی بگاتەوە لەگەڵ کۆمەڵێك هیواو خۆزگەی تر کە تەنها لەناو ڕۆحو خۆشەویستی سەروەردا پێیدەگەیشت. لەپاش چەندین ساڵیش بەختەوەری ئەو ڕۆژە بە ڕوخسارییەوە دیاربوو. نەورۆز هەستی بەو خۆشییە گەورەیە دەکرد لە ڕۆحو دڵو دەرونی نەمامدا مابوونەوە، لەو ڕۆژەوەی کە لە شاری لەندەن دوای چوار ساڵ دابڕان بەیەکتری گەشتبوونەوە. ئەو قۆناغە غەمگینو شێواوەی ماڵی نەمامی گرتەوە ، بە ناچاری سەروەری لە خۆشەویستی ماڵەوە دابڕیو ڕەوانەی مەیخانەکانی کرد. کێشە دەروونییەکانی نەمام بەهۆی مردنی ئەوینەوە توشیانببوو، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر نەخۆشییە کۆنەکەی سەروەر دانا کە دوبارە بەو ئازارانەوە بتلێتەوە. سەروەر لە ئەنجامی ئەشکەنجەدان لەزیندان توشی نەخۆشی دەرونیو لەبیرچوونەوە ببوو. نەورۆز هەوڵی زۆری لەگەڵ نەمامدا

کە بەئارامی بیر لە هەموو کێشەکان بکاتەوە، ئەو وەك کەسێکی ماڵەکە گرنگی لە سەر هەموویان زیاترە کە ڕەنگە سەروەر لەم قۆناغەدا لە هەمووکات زیاتر پێویستی بە ئارامی خێزانەکە هەبێت. نەورۆز ئەو ڕۆژەی بە بیر نەمام دەهێنایەوە کە دوای چوار ساڵ چاوەڕوانی بە سەروەر شادببووەوە کە پێشتر هەرگیز باوەڕی نەدەکرد ڕۆژێك بێت سەروەر ببینێتەوەو جارێکیتر خۆشی بێتەوە ناو ژیانی. بەئاشکراو بە دڵنیایشەوە پێگووت: ئەگەردووبارە هێمنیو ئارامی بۆ دەرونی خۆتو ماڵەکە نەگەڕەێنیتەوە سەروەر بە دەردی نەخۆشییە کۆنەکەی دەبەیتەوە. تۆ وەك مرۆڤێك دەبێت تێبگەیت کە مرۆڤەکان توشی خۆشیو ناخۆشی دەبن. ئەگەر ئادەمیزاد نەبێت خۆشیو ناخۆشییەکان بە شانو بەرۆکو دڵو دەرونی کێدا خۆیان هەڵبواسن؟ ئەوەش باش بزانە کە مرۆڤ خۆی هۆکاری یەکەمی سەرهەڵدانی خۆشی ناخۆشیەکانی خۆیەتی. ئەو سەردەمەی لە سەروەر دووربوویت بە ڕۆژگاری ڕەشو تاریك ناوت دەبردن، بەڵام کۆتاییان پێهاتو چەندین ڕۆژی خۆشو روناکتان بە ئاسودەیی بەسەربرد. بۆچی وانە لە ئەزمونی ژیانی خۆت وەرناگریت؟بۆچی باوەڕت بە داهاتو نییە کە پڕە لە ڕۆژگاری گەش؟ئەم قۆناغەی کە ئێستا ئێوەی تێدا دەژین زەمەنێکەو دەبڕێتەوە، دەبێت بەڕابردو و بیردەچێتەوە.
نەمام بە گریانەوە قسەکانی پێشوتری دووبارە دەکردەوە. وەك دایکێکی میهرەبان گوزارشتی لە مەرگی کیژۆڵەکەی دەکرد. ئەوین دوای چوار ساڵ تەمەن لە ڕۆژی لە دایك بوونی خۆیدا مرد. زۆر کەسیان لە ناسیاوو هاوڕێکانی خۆیان بانگێشی جەژنی لە دایك بوونی ئەوی کردبوو. ئەوینی بچکۆلانە کۆمەڵێك تایبەتمەندی لەرۆحیدا بە نهێنی خۆیان شاردبووەوە کە ئەویان لەلای هەموو کەس خۆشەویست کردبوو. ماڵی نەورۆز یەکێك بوون لەو ماڵانەی کە بانگێشکرابوون، ڕەنگە لە پێش هەموو ماڵێکیشەوە بانگێشکرابێتن؟ هەرواش بوو چونکە پەیوەندی خێزانییان بەهێز بوو. نوسینی کارتی داوەت نامەکانیشیان بە سوارە سپاردبوو، لەبەرئەوەی سوارە خەتی خۆشبوو، بێگومان یەکەم کارتیشی بۆ خۆیان داناوە.
دوو ڕۆژ لە پێش ئاهەنگی لە دایك بوونی ئەوین، بۆئەو بۆنەیەوە نەورۆز قژی خاوکردبووەوە. لەپاش مردنی ئەوینیش وایدەزانی تەوقەو بەشانو ملیدا شۆڕبوونەتەوە. لە ناخیشیدا ئەوەی دەزانی کە هیچ گوناهێك لە ئەستۆی قژیدا نییە. چەند ڕۆژێك پێش ئاهەنگەکە نەورۆز دڵی زۆر خۆشبوو، کەیفی بە ئاهەنگی ئەوین دەهات لەبەر لارەی کچی. لارە زۆری حەز لە ئاهەنگ بوو، بەتایبەتی هی ئەوین. هەموو ڕۆژێك لە دایکی دەپرسی: چەند ڕۆژی ماوە بۆ ماڵی ئەوین بچین؟ نەورۆزیش بە ڕوویەکی خۆشی پڕ لە سۆزی دایکانە وەڵامی دەدایەوە: دەچین دایە گیان دەچین، نازانم بۆچی ئەوەندەت حەز لە ئاهەنگی ئەوینە؟ ڕۆژی ئاهەنگەکە

نەورۆز چەند كاتژمێرێك پێشتر خەریكی خۆ ئامادەكردنو ڕازاندنەوەی لارە بوو. چەند جارێك بە شێوازی جیاواز لارەی گۆڕی، دوایین جار خۆی كراسە سەوزە كاڵەكەی پێخۆش بوو كە ئەو ڕۆژە لە بەری بكات. ئەو ڕۆژە سوارەشی ئاگادار كردەوە كە زوو بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، لەكاتی خۆی بۆ ئاهەنگەكە دوانەكەون. سوارە لەكاتی ڕۆشتنیدا لەلای دەرگای دەرەوە هاواری كرد: بیرم ناچێت، خەمت نەبێت. لەبەیانییەوە دە جارت پێگوتم. نەورۆز لە ژورەوە گوێی لە هاوارەكەی سوارە بوو، خۆی پێنەگیرا بێدەنگ بێت، هێشتا سوارە لەناو دەرگاكەدابوو وەڵامی دایەوە:یەكێك نەزانێت دەڵێت ئەم پیاوە زۆر پەرۆشی "كات"ە. لە بەیانییەوە دە جارم پێگووتووە ئینجا لە كاتی خۆیدا نایەتەوەو دەبێت دوابكەوین. دەبوایە من بۆ یارمەتیدانیان هەر لە بەیانی زووەوە لە ماڵیان بوومایە. سوارە زرم دەرگای دەرەوەی لە دوای خۆیەوە داخستو ڕۆشتە دەرەوە. لارە لەنزیك دایكی بوو، پێیخۆشبوو هەر لە بەیانییەوە لە ماڵی ئەوین بوونایە. بەدایكی گووت: دایە ئەی بۆچی ئێمە لە بەیانییەوە نەڕۆشتین؟نەورۆز سەرقاڵ بوو، لە ژورەكەدا هەر دەهاتو دەچوو. بەدەم گەڕانێكی شپرزەوە كە خۆێشی نەیدەزانی بە دوای چیدا دەگەڕێت بە لارەی گووت؟ بە قوربانی باوكتبم بە كوێدا ئەم قسەیەی منت هەڵگرت، تۆش حەزت لە ماڵی ئەوانە. ئەو پرسیارە لەمن مەكە . . . لەباوكت بپرسە. بۆچی من لەم ماڵەدا بڕیارێكی بچوكیشم لەدەستدا ماوە. خۆ بە نەمامیشم گووت كە من زووتر دێم بۆ ئەوەی یارمەتیتان بدەم. ئەو گووتی پێویست ناكات ، سەروەریش لە ماڵەوەیە، پەسەندو گۆڤەندیش هەر لە ماڵەوەن دەتوانن یارمەتیمان بدەن.

نەورۆز لارەی ئامادە كرد. ئینجا خەریكی دروستكردنی خواردن بوو بۆ كڵپەو چرا. ئەوان بۆ ئاهەنگی ئەوین نە دەڕۆشتن. نەورۆز ناچار بوو خواردنیان بۆ دروست بكات. لە موبەقەكە بەدەم ئیشكردنەوە هەر بۆڵەی دەهات: خۆ خوانەكات ئەو پیاوە لە بازاڕ خواردنیان بۆ بهێنێتەوە، هەر دەبێت چاوی لە دەستی منەوە بێت. دەزانێت ئەمڕۆ من سەرقاڵم دەبوایە خۆی بیگووتایە خەمی ئەوانت نەبێت، لەگەڵ خۆم خواردنیان بۆ دەهێنمەوە. بەدەم بۆڵە كردنەوە خواردنەكەی ئەوانیشی ئامادەكردو بانگیكردن: خواردنەكەتان ئامادەیە ئەگەر دەتانەوێت ئێستا نان بخۆن؟ دوایش نانتان خوارد موبەقەكەم بۆنەیەن بەسەر یەكدا، لەوەدا چوونەتەوە سەر باوكتان. ئاگاداری ئاگریش دەبنو دەرگاش لەكەس ناكەنەوە. ناسیاوێك بێت ، پێشتر تەلەفۆن دەكات. كاتژمێری سەر دیوارەكە دوو پێنج خولەك كەمی پیشاندەدا. كاتژمێر "سێ" دەبێت لە ماڵی نەمام ئامادەبن. نەورۆز كەمێك شپرزەی كات بوو، لارەش زوو زوو لێی دەپرسی: دایە بۆچی منت گۆڕیوە؟ بۆ كوێ دەچین؟ نەورۆز بە قسە خۆشەكانی لارە هێور دەبووەوە. ئەی عەیار نازانیت بۆ كوێ دەچین؟ چەند ڕۆژە مێشكت تێكداوم،

ئێستاش خۆتم لێ گێل دەکەیت وەك نەزانیت بۆ کوێ دەچین. یان هەر دەتەوێت بڵێم"بۆ حەفلەی ئەوین دەچین".
کاتژمێرەکە پێنج جاریتر بە دەوری خۆیدا سوڕایەوە. کات بوو بە دووی تەواو، بەلام سوارە هێشتا نەگەڕاوەتەوە. نەورۆز کەوتەوە بۆڵە: لای خۆی دەجارم پێگووت کە زوو بێتەوە، ئەی ئەگەر پێم نەگووتایە. ئەو کابرایە زۆرسەیرە، گوێ بە کات نادات، بێخەمە لەوەی کەی بگەینو نە گەین. دەبڵێ ئێستا تۆ لەکوێیت؟ بۆچی نایەیتەوە؟ کڵپە هاتە ژورەوە، چاوی بە ژورەکەدا گێڕا، باوکی نەبینی، لەدایکی پرسی: باوکم هاتەوە؟
نەورۆزبە بێزارییەوە وەڵامی دایەوە: هاتنەوەی چی. . ئەگەر بێتەوە نایبینیت، خۆ کوێر نەبوویت؟
کڵپە گووتی: کوێر نەبووم، بەڵام تۆ قسەت لەگەڵ کێ دەکرد؟
نەورۆز بە ڕووی کڵپەدا هەڵشاخا: لەگەڵ سێبەرەکەی باوکت، توخوا ئەگەر نەچیتە دەرەوە.
کڵپە لە کاتی بێئارامیدا دایکی خۆی باش دەناسی. حەزیدەکرد زیاتر توڕەی بکات. بەدایکی گووت: مەبەستت لەم ژورە بچمە دەرەوە یاخود هەر دەری دەرەوە، دەرەوەی ماڵەکە؟
ئەمجارە سەبری نەما. بەدەم ڕاونانی کڵپەوە گووتی: ئائا بەقوربان بۆ دەرەوەی ماڵەکە، تۆش بچۆ بۆ لای باوکت. زۆرتان حەز لە دەرەوەیەو نەیەنەوە بۆ ماڵەوە.
دەرگاکە کرایەوە، سوارەبوو هاتەوە. گوێی لە ناوی باوك بوو، کڵپەشی بینی بە قادرمەکاندا ڕایکرد بۆ سەرەوە. شتێك حاڵییوو لەودیمەنە. ئاگاداری پەیوەندی نێوان کڵپەو دایکی بوو، زۆر جار لە خۆشەویستیدا بە گاڵتەوە کڵپە دایکی توڕە دەکرد. سوارە هەستیکرد نەورۆز توڕەبووەو خۆیشی لەکاتی هاتنەوە کەمێك دواکەوتووە. هاواری لە کڵپە کرد: کوڕە بۆکوێ ڕاتکرد؟ دایکت پەستو بێتاقەت نەکەیت، ڕۆحی ماڵەکەیە. نەورۆز ڕووی لە سوارە کرد: باشی لێدەزانیت، توخوا ئەمە وەختە دێیتەوە؟ نازانیت کاتژمێر سێ دەبێت لەماڵی نەمام بین. سوارە لەسەرخۆ گووتی: بۆچی وەخت نییە؟ کاتژمێر دوو چارەکە. ئێستا بە چارەکێك خۆم دەشۆمو خۆم دەگۆڕم. بە چارەکێکیش دەگەینە ماڵی ئەوان، مانای کاتژمێر چارەك بۆ سێ لەوێ دەبین. ئاهەنگەکەش کاتژمێر سێ دەست پێدەکات. دەبێت یەك چارەك لەبەر دەرگاکەیان چاوەڕوان بکەین تاکو دەبێت بە کاتژمێر سێ. نەورۆز هێندەی تر لە سوارە پەست بوو. سوارە زانی کەتنی خۆی کردووەو نەورۆزی توڕەکردووە، ئیتر کاتی ئەوەبوو لە دەستی ڕابکات. تەپ تەپ ئەویش بە قادرمەکاندا ڕایکرد بۆ سەرەوە. کڵپە لەسەرەوە بوو، تێگەیشت کە باوکیشی ڕاوناوە، هاتە خوارەوە. چرا دانیشتبوو

پێکەنینی بە دیمەنـەکـەی دایکـیو بـاوکی دەهات. کڵپـە هێشتا عـاری نـەنـابوو، ئـەویش لەپاڵ چرادا پێدەکەنیو بە دایکی دەگووت. بە خوا هەر باوکم پێت دەوێرێت. نـەورۆز وەك جارەکانی تر لەدوای تورەبوون هەمیشە پێدەکەنی. بە پێکەنینەوە بە کڵپەو چرای گووت: باوکیشتان پێم ناوێرێت. سوارە گوێی لە نەورۆز بوو، لەسـەرەوە هـاواریکرد: راستدەکات، بە خوا منیش پێی نـاوێرم. ئـەمجارە نـەورۆز زۆر بـە جدی هـاواری لـە سوارە کرد: ئەوە هەر نەچوویت خۆت بشۆیت؟ دەخیراکە ماڵئاوابێت. . . درەنگە.

هـەموویـان ئامـادەی رۆشـتن بـوون. لارە پاکـەتێکـی گـەورەی بـەدەستەوە بـوو، بـە کاغەزی رەنگاو رەنـگ پێچرابووەوە. بـوکێکی جـوانی بـۆ ئـەوین بـە دیـاری کڕیبوو. نەورۆز بە سوارەی گووت: ئەو پاکەتـە لـەو منداڵـە بگرە، هـەر لـە قسـەی زلـت داوە. سوارە گـووتـی: بابـەخۆیبێت خۆی حـەزدەکـات. دەبـا تـۆ لێیـوەربگریت. بـە پێکـەنـینو رووی گەشو خۆشییەوە بە نەورۆزی گووت:فەرموو پێشمان بکـەوە رۆحـی ماڵـەکـە. نـەورۆز پێشـکەوتـو گـووتـی: پێشـدەکـەوم، ئـەو زەمانـە رۆشـت پـانزە هـەنگـاو پـێش ژنەکانتان بکەون. دەرگای دەرەوەی کردەوە. دواجار بە دەنگی بەرز بـە کڵپـەو چـرای گووت: ئێمـە وا دەرۆین، ئاگـاداری. . .نـەورۆز قسـەکـانی تـەواو نـەکرد، کڵپـەو چـرا قسەکەیان بە دایکیان بڕی: دەزانین دەڵێیت چـی، ئاگـاداری ئـاگر بـن، دەرگـا لـەکـەس مەکەنەوە، ماڵەکەم بۆ نەکەن بە وێرانە، بێدەنگـوئاقڵبن تاکو دەگەڕێینەوە.

سـەروەرو نـەمـامو گۆڤـەنـدو پـەسـەنـدی کـوڕو کچیشـیان سـەرقـاڵی ڕێکخسـتنو ئامەدەکردنی کەلوپەلاکان بوون بۆ ئاهەنگەکە، ئاهەنگی لەدایك بوونی ئـەوین. نـەمام لە موبەقـەکـە سـەرگـەرمـی ئامـەدەکردنـی خـواردنو خواردنـەوەوکێكو شیرینی بـوو. ئـەوینـیش لـەلایـەوەبـوو سـەیـری دەسـتی دایکـی دەکـرد. هـەمـوو پێویستییەکـانی وەك قاپوپەرداخو چەقۆوکەوچك کوپی لـەسـەر مێزی نـانخواردنی موبـەقـەکـە دانـابوو. گۆڤەندیش خـەریکـی هـەڵواسینی میزڵدانو کاغـەزی رەنگـاوڕەگ بـوو بـە هۆڵـەکـەدا. سەروەرو پەسەندیش کامێرای ڤیدیۆ فۆتۆکەیان بەدەستەوە بوو سەرقاڵی ئامـادەکردنـی بوون. گۆڤەند لەسەر مێزێکی بەرز ڕاوەستابوو بۆ پچڕاندنی ئەو داوەی کە میزڵدانو کاغەزەکانی پێ هەڵدەواسی پێویستی بە مقەستێك بـوو. بـانگی دایكو بـاوکی کـرد کـە یەکێکیان مقەستێکی بۆ ببەن. دایکی گووتی:گۆڤەند گیان هەمووموان دەستمان گیراوە، مقەستەکـەش خـوا دەزانێت ئێستا لـە کوێدایـە . خۆت وەرە خـوارەوە چـەقۆیـەك بـەرە یـاخود شـتێکیتر. لـەسـەر مێـزی نانخواردنـەکـەی موبـەقـەکـە چـەقۆی زۆر لـەسـەر دانرابـوو. ئـەویـن گوێبیسـتـی گفتۆگۆکـەی نێـوان گۆڤـەنـدو دایکـی بـوو، یـەکێـك لـە چەقۆکانی سەر مێزەکەی هەڵگرتو بەڕاکردن بۆ گۆڤـەندی بـرد. عـەزییـەکـی نـوێی درێژی بۆئاهەنگەکە لەبەر کردبوو، قاچەکانی لەیەکتری ئـاڵانو بـۆ پێشـەوەی خـۆی

هەڵنووت. کە ئەوینیان هەڵگرتەوە چەقۆکە لەسەر سنگی چەقیبوو، خوێن لەهەناوییەوە فیچقەی دەکرد.
کات گەیشتنی میوانەکان بوو بۆ ئاهەنگی ئەوین. میوانەکان پاشو پێشی یەکتری دەگەیشتنە ماڵی نەمام. هیچ کام لە میوانەکان چاوەڕوانی ئەوانیتری نەدەکرد. بەپەلە خۆیان دەگەیاندە نەخۆشخانە. گۆڤەندو پەسەند لە ماڵەوە مابوونەوە، ئەو ڕوداوە دڵ تەزێنەیان بۆ میوانەکان دەگێڕایەوە کە دەگەیشتنە ماڵی ئەوان. میوانەکانیش بە پەلە بۆ هەواڵی ئەوین بەرەو نەخۆشخانە دەڕۆیشتن. ماڵی نەورۆز لەپێش هەموو ئەوانیتر گەیشتبوونە نەخۆشخانە. هەموویان بەنیگەرانیوبە پەشۆکاوی لە نەخۆشخانە لە دەوری یەکتری کۆببونەوە، بە غەمبارییەوە چاوەڕوانی هەواڵی ئەوین بوون. هەواڵێك سەبارەت بە ئەوین لە کارمەندێکی نەخۆشخانەکە گەیشتە گوێی میوانەکان کە لە نەخۆشخانەکە کۆببوونەوە. (ئەو کاتەی ئەوینیان گەیاندۆتە نەخۆشخانە، نە دڵۆپێك خوێنی تیا مابوو نە تۆزقاڵێك ڕۆح. )

10

# گوڵـە بـەیـبـوون

ژیانی ئەو دوو خێزانە لە شاری لەندەن ئاوێتەی یەکتری ببوو، لـە هـەنـدێك كاتیشـدا هێنـدە جیـاواز بـوو تـەواو پێچـەوانـەی یـەکتـری. هـەوڵو مانـدو بـوونی نـەورۆز بـۆ دڵنەوایکردنـی نـەمـام لـە زەمـەنێکی تـردا پێچـەوانـە بـووەوە. پـەنـدو ئامۆژگارییـەکـانی نەورۆزبۆ ئارامکردنەوەی باری دەرونی نەمام، ئەمجـارە نـەمـام هـەمـوو ئـەو شـتانەی بە نـەورۆز خۆی دەفرۆشتەوە . خەمەکانی نەمام وردە وردە لەگەڵ تەمەنی دێڕەکـانی ڕۆمانەکاندا کاڵدەبوونەوە تاکو لەنـاو هـەواڵێکی کتـوپڕ سـەبـارەت بـە سـەروەر خۆیـان ونکرد.

دوو مانگ لەپاش ماڵئاوای لارە، شەوێك وەك هەموو شەوەکانیتر نەورۆز پشتی لـە خەو کردو ڕوویکردە یادگارەکـانی ڕۆژانـی زوو. بـەنـاو هـەمـوو بیرەوەرییـە ڕەنگـاو ڕەنگەکانی پێشودا پیاسەی دەکرد. ڕەنگێگ نەمابوو لە ناو یادگـارەکانـدا بـە فرمێسکی ئەمڕۆ پەڵەی ڕەشی وەرنەگرتبێت. شەوگارێکی دووردرێژ بـە ئاگـابوو، ئاگابوونێك بەبێ وچان خەم دڵی دەگوشی. وەك نەخۆشێکی بێ هەستو بێ ئاگا لـە ڕۆحـی خۆی. نەیدەزانی کەیو بۆ مـاوەی چـەند خـەویلێکـەوتبوو. لـەدەنگـی لێدانی زەنگـی دەرگاکـە بەئاگاهاتەوە. ژنە دراوسێکەیـان بـوو شوشـەیـەك مرەبـای بـۆ هێنـابوو. نـەورۆز تـامی مرەباکەی کرد ئەوسا هەستێکی ئەفسونای خەوەکەی بە بیرهێنایەوە.

خەمەکانی لارە لە دوا کوڵی گریانیو ئازاردا دەبوون بـە گوڵ، بـەڵام لـە سـەرەتـادا هـەستیان پێنـەدەکـرا. خـەمـەکـان هـەستەکانیشیان زامـدارو مانـدو کردبـوو. شـەوێکـی درێژو خەماوی بوو. شەکەتو ماندوبوو. نـەیدەتوانی لـە یادگـارەکـانیش خۆی قوتـار بکات.تاکو بەرەبەیانی بە ئاگابوو، نەیدەزانی چۆنو کەی خەویشی لێکـەوتبوو. ساتێك نییـە لـەنێـوانی بـەئاگـابوونو خـەودا، ئـەگـەر هـەیـە چ سـاتێکە؟ ئـەو دەمـە مرۆڤ لـەچ حاڵەتێكو لـە کوێدایـە؟ نـەورۆزی غـەمگینو مانـدوسـاتێکی نـەبینی لـە نێوانی خۆیو خەودا. ئێستا ئەو لە خەودایە. لەناو باخچەیەکی پڕ لـە گوڵو گوڵزاردا لـە نـاوەڕاستی هـەمـوو ئـەو ئـافرەتانـەدا دانیشتووە کـە سـەرقـاڵی یـارییو پێکـەنینو گۆرانین لـەگـەڵ

منداڵەکانیان. منداڵەکان تاکو ئەو سەری باخچەکە ڕایاندەکرد. لەو سەرەوە بەڕاکردن بەرامبەر بەدایکیان دەهاتنەوەو باوەشیان بە دایکیاندا دەکردو دەمە بچکۆلانەکانیان دەکرد بە خونچە بۆ ماچی دەمی دایکیان. تەنها نەورۆز نیگەرانو غەمگین لەناو دایکەکاندا دانیشتبوو. لەبری پێکەنین هەنسکی دەدا، لەبری گۆرانیش دەگریا. لە باخە دورەکانەوە پەپولەیەکی باڵ ڕەنگاوڕەنگی بینی بۆلای منداڵەکان بەنەرمی بەسەر گوڵەکاندا هەڵدەفڕی. بەسەر هەموو گوڵەکاندا دەنیشتەوەو شیلەکەی هەڵدەمژین. پەپولەکە تاکونزیك دەبووەوە گەورەتر دەبوو. ڕەنگی باڵەکانیشی شێوەی ئەو کراسەی وەردەگرت کە دواین ڕۆژ لارە لە بەریدا بوو. بە هێواشی بە ناو منداڵەکاندا بە فڕەفڕ لە نەورۆز نزیکبووەوە تاکو لەسەر لێوەکانی نیشتەوە. هەرچی شیلەی گوڵەکانبوو کە هەڵیمژیبوو پرژاندی بەسەر لێوەکانی نەورۆزدا. تاموچێژێکی شیرینی خۆش ڕژایە ناو دەمی، هەر ئەو کاتە هەستی بەکامەرانی کرد. نەورۆز ویستی پەپولەکە لە ئامێزی بگرێت، بەڵام ئەو بەرەو ئاسمانی باخچەکە هەڵفڕیو هەموو منداڵەکانی تریش بوون بە پەپولەو بەدوای پەپولەکەی تردا بەرەو قوڵای ئاسمان هەڵفڕینو دایکەکانیان بەجێهێشت. هەموو دایکەکانو نەورۆزیش بە شادیو پێکەنینەوە ماڵئاواییان لە پەپولەکان کرد.

نەورۆز بەدەنگی لێدانی زەنگی دەرگاکە بە ئاگاهاتەوە. نەیدەزانی کەیو چۆن لەناو ئەو هەموو خەمو ئازارەدا خەوی لێکەوتبوو. بیری خەوەکەی نەبوو، هێشتا هەر ماندوو بوو. بەدەم خەوەوە گووتی: بەم بەیانییە کێیە لە زەنگی دەرگا دەدات؟تاکو هەستا گوێ لەدەنگی کڵپەبوو دەرگاکەی کردەوەو بەیانیباشی لە کەسێککرد. نەورۆز دەنگی ژنەکەی دراوسێیانی ناسییەوە کە قسەی لەگەڵ کڵپەکرد. بەپەلە ڕۆبەکەی لەبەر کردو بەرەو دەرگای دەرەوە چوو. ڕاستیکرد، دروا‌سێ بەریتانییەکەیان بوو.

بمبوورن ئەگەر بەم بەیانییە هەراسانم کردبێتن؟شەودرەنگ بۆ ماڵەوە گەڕاینەوە، دیاربوو ئێوە بە ئاگا نەبوون، ئێستاش دەبێت بۆسەرکار بچم بۆیە بەم بەیانییە زووەهاتووم، دڵنیاشبووم کە هەستا بوون. ئارەزوم بوو ساتێ زووتریش ئەم شوشە مرەبایەت بۆ بهێنم. مرەبای گوڵە، دایکم خۆی دروستی کردووە، لە دەرەوەی شاری لەندەن دەژین. خەریکی کاری کشتوکاڵین، باخی زۆری پڕ لە گوڵی ڕەنگاو ڕەنگیان هەیە. من بەسەرهاتی ئێوەم بۆ دایکم گێڕایەوە. ئەو گووتی: گەڕان بەناو باخە پڕ لە گوڵە ڕەنگاڕەنگەکاندا بۆ ئەودایکانە زۆر باشە لەگەڵ خواردنی مرەبای گوڵ. مرەبای گوڵیان هەمیشە هەیە، ئەم شوشەیەی بە دیاری بۆ ناردویت.

بەیانییەکی نوێ بوو بۆ نەورۆز. دڵی بەو دیارییە زۆر خۆش بوو بەبێ ئەوەی دایکی ئەو ژنەی بنیبێت. دەرگاکەی داخستو بە لێوی خەندەوە هاتە ژورەوە. تامەزۆری چێژی مرەباکەبوو،خەریکی کردنەوەی سەری شوشەکەبوو، لەناکاودا

تامی شیلەی ماچی پەپولەكەی كە لە خەودایدا شیلەی بەسەر لێویدا پرژاند، دەمی پركرد لە تامی شیرینی. نەورۆز خەوەكەو پەپولەكەو منداڵەكانو دایكەكانی بیركەوتەوە. بە كەوچكێك كەمێك لە مرەباكەی خوارد، سەرسام بوو بە تامی مرەباكە، هەر هەمان تاموچێژی شیلەی دەمی پەپولەكەی هەبوو. ئەو بەیانییە هەستی بە كەمێك ئاسودەیی كرد. لەدوای ئەو ڕوداوە ئەوە یەكەم بەیانی بوو هەموویان پێكەوە بە شادی نانی بەیانی بخۆن.

قەدەر ژیانی ئەو دوو خێزانەی لە شاری لەندەن ئاوێتەی یەكتری كردبوو، هەر قەدەریش بەتەواوی لە زەمەنە جیاوازەكاندا پێچەوانەی یەكتری دەكردن. وەك قەدەر لەسەر جۆلانەیەك هەر گوژمەو بەرەو لەیەكیان خۆی تاوبدات. ئەو ڕۆژەی نەورۆز لەبەر پەنجەرەكەی نهۆمی دووەمی خانووەكە لە ناو ژیانی پڕ لە ئەندێشەی نەمامدا بۆ چارەسەرێك دەگەڕا، بیری لە خوێندنەوەی ڕۆمانەكان كرد كە نەمامیان پێوە خەریك بكات. لەناو كتێبەكاندا بۆ ڕۆمانی "چارەنوسی ئادەمیزاد " دەگەڕا، بەڵام ڕۆمانێكی تری بەر چاو كەوت. دواتر ڕۆمانی چارەنوسی ئادەمیزادیشی دۆزییەوە. بڕیاریدا هەر ئەو ئێوارەیە هەردوو ڕۆمانەكەی بۆ ببات. نەورۆز بە سوارەی گووت كە ئێوارە پێكەوە بچن. بەڵام سوارە ئامادە نەبوو. دەیگووت سەروەر لە ماڵەوە نییە. نەورۆز گووتی:باشە كاتێك دەچین كە سەروەر گەڕابێتەوە، پێشتر تەلەفۆنیان بۆ دەكەین. سوارە دڵنیابوو هەر كاتێك بچن سەروەر لەماڵەوە نابێت، نەیدەویست ئەو نهێنییەش لەلای نەورۆز ئاشكرابكات.

نەورۆز گیان خۆت بڕۆ باشترە، من دەزانم هەر كاتێك بچین سەروەر لەماڵەوە نابێت. ئەگەر چووشیت بە گومانەوە هەواڵی سەرەوەر مەپرسە.

نەورۆز هەستی بە نهێنییەك كرد كە سوارە دەیەوێت لێی بشارێتەوە.

چی بووەوە سوارە؟ شتێك هەیەو لەمنی دەشاریتەوە. پێم بڵێ چونكە بیزانم باشترە.

تۆ بڕۆ نەورۆز، دڵنیابە هیچت لێناشارمەوە. ئەگەر نەمام دەربارەی سەروەر قسەی بۆكردیت، ئەوا هەموو شتێك دەزانیت، ئەگەر هیچیشی نەگووت كە گەڕایتەوە خۆم بۆت باسدەكەم.

نەورۆز هەردوو ڕۆمانەكەی هەڵگرتو بەرەو ماڵی نەمام ڕۆشت. بڕیاریدا هەڵسوكەوتی لەگەڵ نەمامدا بۆ شێوەیەكیتر بگۆڕێت بە هەمان سۆزو خۆشەویستی جاران. گەیشتە ماڵی نەمام. گۆڤەندو پەسەند وەك ڕۆژانی پێشوتر بە كزیو ماتی دانیشتبوون. نەورۆز شێوازی خۆی لە گرژیو پەستییەوە بۆ ڕوخسارێكی گەشتر گۆڕی. بە خەندەوە گۆڤەندو پەسەندی دەدواند. كەمێك تونتر قسەی لەگەڵ نەمامدا دەكرد، زۆر غەمگینیش خۆی دەرنەدەخست. جارجار نیگای دەهاویشتە سەر دەرگای ژورەكان، وەك چاوەڕوانی سەرەوەر بكات، بەڵام چەند چاوەڕوانبوو سەروەر هەر

دەرنەکەوت. گۆڤەندوپەسەند چوونە ژوورەکانی خۆیان. وەك جاران ئاسایی هەواڵی سەروەری پرسی. بەڵام نەمام لە ورتەیەکی ژێر لێو هیچیتری نەگووت. نەورۆز هێشتا ڕۆمانەکانی نەدابوو بە نەمام، خۆی ئامادەکردبوو بە شێوازێکیتر نەمام بدوێنێت.

نەمام گیان بۆ دواجار تکات لێدەکەم دەرونو مێشکی خۆت ئارام بکەیتەوە. ئەو شێواوی تێکشکانەی لە ناخی تۆدایە لە ناو هەموو خێزانەکەتاندا ڕەنگی داوەتەوە. واهەستدەکەم ئەم ماڵە بەرەو وێرانی دەڕوات. ماڵێك کە وێرانبوو ئەندامەکانیشی سەرگەردان دەبن. گۆڤەندو پەسەند چ گوناهێکیان هەیە لە دۆخێکی وەك ئێستادا بژینو بەرەو خراپتریش، لە هەموو کات پێویستیان بەتۆ زیاترە، هەروەها سەروەریش. تۆ هەستناکەیت رووبەڕوی مەترسییەکی گەورەتردەبیتەوە لەوەیکە ئێستا هەیە. یەکێکت لە دەست چووە، ئەمە حاڵو گوزەرانتە. پێتوانەبێت ئەوانەی ئێستا لەلاتن خەمو ئازاریان لە ئەوین کەمتر بێت. تۆ کاتێك پەشیمان دەبیتەوە کە بنچینەی خێزانەکەتان داڕماو ئیتر چارەسەرکردنی مەحاڵ بێت، ئەو دەمە پەشیمان بوونەوەش هیچ سودێکی نییە جگە لەوەی خەمو ئازارەکانت زیاتر دەکەن. تۆ هەستناکەیت کە ڕۆژێك گۆڤەندو پەسەند منداڵی خۆت بووبن، ئەگەرنا بۆچی بەم شێوەیە ئازاریان دەدەیت. سیمای منداڵی لە ڕوخساریاندا نابینیت، هەمیشە کزەڵەوماتو گۆشەگیرن. تۆ بیرلە سەروەریش ناکەیتەوە، ئەو پیاوە ئێستاش پێویستی بە کەشێکی ئارامو تایبەت هەیە. چۆن خۆت ئامادەدەکەیت لەسەر ئەم ڕەوشەی خۆتەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە هەر گرفتێکی تر کە توشی خێزانەکەت ببێت، بەتایبەتی سەروەر، ڕەنگە لەم قۆناغە ئاڵۆزەی ماڵەکەدا توشی هەمان نەخۆشی بێتەوە، خۆت ئەوە باش دەزانیت، دکتۆرەکانیش کاتی خۆی هەموو ڕاستییەکیان بۆ باسکردوویت، باشبوونی ئەو بە تۆوە بەندە. ڕەوشی تەندروستی ئەویشیان بە تۆ سپاردووە. لەسەر ئەم هەموو خەمەی خۆت، چیدەکەیت ئەگەر خەمو نەهامەتی تر ڕوووتان تێبکات؟هەموو خەمەکانی تریش دەرونی تۆ دەکەن بە پەنا بۆ خۆیان.

نەورۆز ئەمڕۆتونترو ڕاستەوخۆتر قسەی بۆ دەکرد. نەمام تەنها گوێی گرتبوو، لە قاڵبی کەسێکی لاوازو بێ زماندابوو. نەورۆز چاوەڕوان بوو سەبارەت بە سەروەر وشەیەك بدرکێنێت، بەڵام هیچی نەگووت. تەنانەت سکاڵایەکی سادەشی لە سەروەر نەکرد کە لەم حاڵەتەدا ماڵەکەی بەجێهێشتووە. چونکە دڵنیا بووکە نەورۆز هۆکاری بەجێهێشتنو ڕاکردنی سەروەر لە ماڵوخێزانەکەی دەگەڕاندەوە بۆ هەڵسوکەوتی نەمام خۆی، بۆ ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەی لە ناو خێزانەکەیاندا خولقاندبووی. ئەمڕۆ نەمام وەك ڕۆژانی تر کزو زەردو داخراوە، بەلام لەبەر تیشکی نیگاکانی نەورۆز ڕوخساری بە شێوەیەکیتر گوزارشت لە خەمەکانی دەکەن، ڕەنگە کاریگەری

ڕۆشتنی سەروەر بێت، یاخود شێوازی قسەکرنی ئەمڕۆی نەورۆز. قەدەرێك بێدەنگ بوون، هێشتا کتێبەکان هەر بەدەستییەوە بوون.
نەمام ئەم دوو کتێبەم بۆ هێناویت، دوو ڕۆمانن. لەم قۆناغەدا باشترین دیارین لەمنەوە بۆ تۆ، وەك دوو هاوڕێی دڵسۆز پێشکەشتی دەکەم کە هانای تەنیاییان بۆ ببەیتو هاوبەشی خەمەکانتبن. من هیچ ناڵێم دەربارەی سودی ئەو دوو ڕۆمانە بۆ تۆ، ئەوەندە نەبێت کە پێتبڵێم بیانخوێنەرەوە، پشت گوێیان نەخەیت، ئەوسا خۆت کەڵكوسودی ڕۆمانت بۆ دەردەکەوێت، ئەوسا دەزانیت کە من بە دوو هاوڕێی دڵسۆزم ناساندویت. یەکێك لە ڕۆمانەکان"چارەنوسی ئادەمیزادە"ئەو ڕۆمانەیە کە سوارە لە دوای مردنی جوانە مەرگ، ڕۆژێك بۆی هێنامەوەو کردی بە هاوڕێی خەمەکانم لە تەنیایدا. لە سەرەتادا نەمام گووتی: من پێویستم بە خوێندنەوەی ڕۆمان نییە، حەزدەکەم لەناو ئازارەکانی خۆمدا بژیم.
ئەمڕۆ نەورۆز بڕیاریداوە بە شێوازێکی تونترو بە پەرۆشترقسەی لەگەڵدا بکات کە بۆنی دڵسۆزی زیاتر بە ماڵەکەیاندا بڵاوبکاتەوە. نەورۆز ئەو ڕۆژە لەناو یادگارەکانیدا گێلاسی هاوڕێی یادکردەوە کە دڵسۆزی لە ناو قسە ڕەقەکانیدا سەریهەڵدەدا. لەئێوارەوە قسە بۆ نەمام دەکات کەچی تازە دەڵێت، کتێبم ناوێت، حەزدەکەملەناو ئازارەکانی خۆمدا بژیم. نەورۆز ڕستەکەی گێلاسی هاوڕێی بیرهاتەوە کە دواین بەیانی بەڕووی ئەودا کردی. نەمام تۆ بەشەرێکی زۆر سەیری، گوێ بە هیچ بەهایەکی هاوڕێیەتی نادەیت. تاکو ئێستا تۆزقاڵێك بیرت لە من نەکردۆتەوە کە بە خەمەکانت غەمگین دەبم بە ئازارەکانت منیش سوێ بە دڵمدا دەچێت. دەبێت باش لەوە بگەیت کە وەفاو دڵسۆزی هاوڕێیەتیمە هانم دەدات لە کۆڵت نەبمەوە تاکو ئازارو خەمەکانت لە ئەستۆ دەبنەوە، کەچی تازە بە تازە پێمدەڵێیت"حەزدەکەم لەناو خەمەکانی خۆمدا بژیم". مرۆڤی نوقسان لە هۆشو ئەقڵدا ئاشنای خەمو تامەزرۆی ئازارە. ئایا تۆ نوقسانیت. نەمام هەر بێدەنگ بوو، بەڵام فرمێسکەکانی ناو چاوی ئیسپاتی گریانێکی بە کوڵی لە ناخیدا دەردەخست. جا بۆ ناگری، خۆ شەرم لە کەس ناکات ئەو هەمیشە لەبەر دەمی نەورۆزدا بۆ ئەوین دەگری. بەڵام کێ دەڵێت گریانی ئەم جارە بۆ مەرگی ئەوینە؟نا بۆ ئەونییە، ئەگەرنا هەموو فرمێسکەکانی سینەی بە گریانێکی بە کوڵ لە دەروازەی چاوە کزەکانیەوە هەڵدەڕشت. بێدەنگیشە. . . هیچ قسەیەك ناکات تاکو خۆی ئاشکرای بکات کە بۆ کێ دەگری. نەورۆزیش تاوێك بێدەنگ بوو، نیازی نەبوو بڕوات، پێدەچوو چاوەڕوانی سەروەر بکات. بێئاگابوو لە بەزمی سەروەر کە نایەتەوە بۆ ماڵەوە. بە دەنگێکێکی هێواشو مات وەك لە نەمام تۆرابێت گووتی: نازانم سەروەر کەی دەگەڕێتەوە؟

ئەگەر دەزانی کەمێکی تر دێتەوە دەتوانم چاوەڕوانی بکەم، ئەگەر ئەمشەویش نایەتەوە با درەنگ نەکەومو بڕۆم؟
نەورۆز گیان ئەم شەو سەروەر نایەتەوە، ئەگەر دەتەوێت بڕۆیت با لەوە زیاتر کات درەنگتر نەبێت. ئەمشەویش من زۆر بێتاقەتومانددووم. بەیانی خۆم پەیوەندیت پێوە دەکەم، هەوڵیش دەدەم کە ڕۆمانەکان بخوێنمەوە.
نەورۆز گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام سەبارەت بە سەروەر هیچی لێ ئاشکرانەبوو. لەناخیدا ئاسودە بوو، وەك نیشانەی خۆی پێکابێت لە دەرونو ڕوخساری نەمامدا وشەکانی خۆی دەخوێندەوە. بە ڕێگاوە هەر خەیاڵی لەلای سەروەر بوو. لەماڵەوە سوارە سەبارەت بە سەروەر هەموو ڕاستییەکانی بۆ گێڕایەوە. هەردووکیان بڕیاریاندا کە سبەینێ سەروەر بهێننەوە بۆ ماڵی خۆیان تاکو لەوە زیاتر توشی سەرگەردانیو سەر لێشێواندن نەبێت.
قسەکانی نەورۆز بۆ سەر نەمام کاریگەری خۆی هەبوو. خەمەکانیشی بەرەو ئەو نەهامەتیانە چوون کە نەورۆز بۆی دەگێڕایەوە. چەند ڕۆژێك بوو سەروەر نەچووبوو بۆ ماڵەوە. نەمام نەیتوانی زیاتر گوێی پێنەدات. وردە وردە خەمە کۆنەکانی پاڵپێوەدەنا تاکو سینەی، گەروی، چاوەکانی، بەشی خەمو ئازارو گریانو فرمێسکی دوری سەروەریش بکەن. بەڵام ئەو ڕۆژانە سەروەر لەماڵی سوارەبوو، هێدی هێدی باری دەرونی ئارام دەبووەوە. نەمام ئاگادار نەبوو کە سەروەر لە ماڵی نەورۆزە. هەر ئەو شەوەی کە نەورۆز لە ماڵی نەمام گەڕایەوە بڕیاریاندا بۆ سبەینێ بهێننەوە بۆ ماڵی خۆیان. سوارە لە پاش کارکردن نەهاتەوە بۆ ماڵەوە، بۆ عەوداڵی سەرور ڕووی لەمەیخانەکە کرد کە پێشتربەرێکەوت سەروەری لەوێ بینیبوو.
لە هەمان مەیخانەدا سەروەری دۆزییەوە. مەیخانەکە پڕ بوو لە پیاوی هاوشێوەی سەروەر کە نوقمی ناو شەرابی بتڵەکانی دەستیان ببوون. ئەم دونیایە پڕە لە دەردی جۆراو جۆر بۆ پیاو، ئەگەرنا بۆچی ژنێك لە مەیخانەیەکدا نابینیت؟ناکرێ ئەوانیش بەبێ کێشەو مەراق نەبن، بەڵام ئەوان دەردی خۆیان بە خێزانەکەیان دەڕێژن، دڵیان ناهێنێت منداڵەکانیان بەجێبهێڵن بۆ ڕەوینەوەی خەمەکانیان پەنا بۆ خواردنەوەی شەراب ببەن لە مەیخانە پۆخڵەکان . سەروەر شەراب خۆر نەبوو، لە خەمی خێزانەکەشی هەڵنەهات، بەتەنگ خۆشی منداڵەکانیشیەوە بوو. سەرهەڵدانەوەی کۆنە زامەکەی دووبارە توشی کێشەی دەرونیو لە بیرچوونەوە بوو. سوارە سەرسام ببوو، چۆن سەروەر ئەم مەیخانەیەی لەم کونەدا دۆزیوەتەوە؟دوای ماوەیەك لەپاش بەسەر چوونی کێشەکان هەمیشە سوارە پرسیاری ئەو جێگایەی لە سەروەر دەکرد. چۆن لەو کونەی شاری لەندەندا تۆ شەراب خۆر نەبوویت ئەو مەیخانەیەت دۆزییەوە.

سەروەر خۆیشی نەیدەزانی چۆن ئەو جێگایەی دۆزیوەتەوە، بەڵام بۆ گاڵتەو خۆشی بە پێکەنینەوە دەیگووت:جێگا هەیە شەرابی تێدابێت من نەیدۆزمەوە.
ئەم زەمینە دونیای هەموو مرۆڤەکانە. هەر جێگایەك دونیایەکی بچوكو بچوکترە، هەر مرۆڤو کۆمەڵێك جێگایەك دەکەن بە دونیای خۆیان کە هێندەی دونیا گەورەکە لەبەر دڵیاندا شیرینو فراوانە. ئەگەرنا کێ دەتوانێت لەو مەیخانە تاریكو بە دوکەڵ سیخناخە خەمەکانی خۆی لە ناو گریانو پێکەنینو هاوارو گۆرانیدا بڕەوێنێتەوە. ئەوانە کێن ئەو مەیخانەیە کە بە دۆزەخێکی بچکۆلانە دەچێت کردویانە بە دونیا بەرینەکەی خۆیان. سەروەر بە بتڵێك بادەوە لە ناو گروپی یاخیبووەکان لە ژن، وەك سەد ساڵ لەناو ئەو کلتورەدا ژیابێت ڕاوەستابوو. پیاوێکی قەبەی ڕیشن چاوەکانی لە مەستیدا سور هەڵگەڕابوون بەدەنگێکی نووزنو نوساو قسەی بۆ هەموویان دەکرد. لەدوای هەموو ڕستەیەکیش بوتڵە شەرابەکەی بەرامبەر هەموویان بەرزدەکردەوەو دەیگووت: نۆش، لە چاوی ئەو کەسانەی لە دەستی ژنەکانیان ڕزگاریان بووە. هەموویان پێکەوە لەگەڵ کابرادا سەرو قوم شەرابیان نۆش دەکرد. سەروەر لە هەموویان زوتر شەرابەکەی هەڵدا، بەڵام هێشتا هەر لەناو گەرویدا بوو بە دەستەکەی تری توند ناوچەوانی خۆی دەگرت. من لەودیو جامخانە شوشەکەوە دەمبینی ، هەستم بە ئازارەکانی دەکرد. هەندێك لە پیاوەکانیترلە گەندەڵیو بوردەڵەیی خۆیان لە ژنە هارەکانیان هەڵهاتبوون، کەچی کە نوقمی مەستیدەبوون بۆ ژنەکانیان دەگریان. لە سەرەتادا من نەمدەزانی ئەوانە بۆچی دەگرین. منیش لەودیو جامخانەکەوە بۆ حاڵی سەروەر گریام، زۆریش گریام. بەشی خەمەکانی نەمامیش گریام، ئای چەندە بەکوڵ دەگریام. تامو چێژی شەرابم قەد نەکرد بوو، بەڵام قەستم بووبوتڵەکە لەدەستی سەروەر ڕابکێشمو تاکو دوا چۆڕی بیخۆمەوە. نـــا نـــا، ناخۆمەوە هاتوم سەروەر بەرمەوە. زۆر گریام، پێشتر خۆم بۆ گریان ئامادەنەکردبوو، نازانم ئەی ئەو هەموو فرمێسکانە لەکوێی چاوەکانم خۆیان حەشاردابوو. من لەودیو جامخانەکەوە دەگریامو سەروەریش لەناوەوە پێدەکەنی، پێکەنینێکی زۆر بێمانا. بەخێرای چوومە ناو مەیخانەکە، هەرچی مەیخۆربوو داچڵەکین. بەسەرساميشەوە تەماشایان دەکردم، تێرامابوون لەچی یاخیبووم؟ بەبێ ئەوەی بوتڵێك بەدەستمەوەبێت، مەستی بەڕوومەوە دیاربێت، ئەدی بۆچی دەگریم؟ زیاد لەمەست بوون سەرسامبووم کە وەختەبوو تێکبچم، هەموویان پێدەکەنینو لێوەکانیان وشكو چاوەکانیان تەڕبوو. بەخوڕ چاویان فرمێسکی هەڵدەڕشت. سەروەر لە هەموویان زیاترئاو لە چاوەکانی وەك دوو ڕوباری بچکۆلانە دەهاتنە خوارەوە. ڕۆحم تەسلیمی شۆکێکی لەناکاو و بەهێزبوو. ئەو پێکەنینە چیبوو لەو دیو جامخانەکەوە؟ئەدی ئەم گریانە بێدەنگە پڕ لە فرمێسکانە چین؟. سەروەر هەرگیز پێنەکەنی بوو. بەشەرمەزارییەوە تەماشای منی

دەكرد. دواجار باوەشی پێداكردم. بەدەستێكی منی دەگوشی بەخۆیەوەو بە دەستەكەیتری بوتڵە شەرابەكەی توند گرتبوو. منیش بە هەردوو دەستم باوەشم پێداكرد. وەك نوقڵێكی شیرینی سەردەمی منداڵی قەستم بوو بە دوو مژ بیخۆمو تێكەڵ بە ڕۆحی خۆمی بكەم. گوێم لە لوشكەی گریانی بوو. سەد ماچم كرد هەر ژیرنەبووەوە. دەستم لە ملیدا بوو كە هاتینە دەرەوە، لەناو دەرگای مەیخانەكەدا هەموو هاوڕێ مەی خۆرەكانی بۆ دواین جار ماڵئاواییان لێكرد. هاتینە دەرەوە هەر دەگریا. دەگریا بۆ بەختو چارەنوسی، بۆ منداڵەكانی بۆ نەمامیش. بەدەمگریانەوە گەشتینە ماڵەوە، بە ڕوخسارێكی شێواو و دوو چاوی سوری پڕ لە فرمێسك. ڕیشی هێشتا هەر بۆنی دوكەڵی لێدەهات، هەناسەی بۆن شەرابی گرتبوو. نەورۆز لە سەرەتادا وەختەبوو نەیناسێتەوە. ناهەقیشی نەبوو بەو شێوەیە هەرگیز سەروەری نەبینیبوو.

ژیانی ئەو دوو خێزانە ئاوێتەی یەكتری بوو. قەدەرە خەماویو ترسناكەكان هەر زەمەنەو بە ئەستۆی خێزانێكیاندا خۆی هەڵدەواسی. قەدەرەكانیش تەمەنی دیاریكراوی خۆیان هەیە. تەمەنیان بەندە بەتەسلیمبوونیان، تاكو بەهێزتربیت تەمەنی ئەو كورت دەبێتەوە. كە قەدەرێك دەڕوات ئیتر دواین قەدەر نییە، كە قەدەرێكیش دێت ئیتر تاكو كۆتای تەمەن نییە. خەمەكانی زۆر گەورەبوون بە ئاستێك ئەگەر هەموو مرۆڤی شارەكە بیانخوردایە هەر تەواو نەدەبوو. خەمەكان كاڵبوونەوە، بەڵام نە بیرچوونەوە نە كەمبوونەوە. لەگەورەیدا دەبوون بەگوڵ، هەرچەندە لە سەرەتادا هەستیان پێنەدەكرا. خەمەكانی لارە هەموو هەستەكانیشی پەك خستبوون. ئەو ڕۆژگارە تازە نەمام لەدونیای خۆشیو شادی خۆیدا بوو، دووبارە كەوتەوە ناو دەریای قەدەرێكی ناوەخت كە پڕبوون لە شەپۆلی خەماوی. ژیانی ئەو دوو خێزانە بە خەمەكانیشەوە ئاوێتەی یەكتری ببوون. جگە لەوەی نەمام هێندەی نەورۆز بۆ مەرگی لارە غەمگین بوو، دڵنەوایكرنودەربڕینی سۆزو ئاگادار بوونی ئەویشی لەسەر بوو كە هێندەی خەمەكان ماندوی دەكرد. نەمام لەسەردەمی خەمەكانی خۆی ئەزمونی لە قسەو وانەكانی نەورۆز پەیدا كردبوو. هەر وانەو ئاموژگارییەكانی نەورۆز خۆی بوون كە نەمام پێیدەفرۆشتەوە بە سۆزوخۆشەویستیو وەفای هاوڕێیەتی. هەموو ڕێگاكانی بۆ هێمنكردنەوەو ڕەوینەوەی خەمەكانی نەورۆز بەكار هێنا. دواین جار بیری ڕۆمانەكانی كەوتەوە كە نەورۆز بۆی هێنابوو. دڵنیابوو خوێندنەوەی ڕۆمانەكان بۆ ساتێكیش بێت لە خەمەكانی دادەبڕێت. خۆی بەكردار كەڵكی لە خوێندنەوەی ڕۆمانەكان وەرگرتبوو، كاریگەری ڕاستەوخۆشی لەسەر كەمكردنەوەی خەمەكانی هەببوو. شیاو نەبوو هەر هەمان ڕۆمانەكانی خۆی بەدیاری بۆ بەرێتەوە. داوای لەسەروەر كرد هەرچۆنێك بێت دەبێت ڕۆمانێكی باش بۆ نەورۆز پەیدا بكات. شەو سەروەر بەخۆییو ڕۆمانێكی تازەوە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە. كتێبەكەی لەناو

کیسەیەکی کاغەزدا بە دەستەوەبوو. نەمام لە موبەقەکە خەریکی ئامادەکردنی خواردن بوو. سەروەر ئەم ئێوارەیە کەمێك درەگتر لەکاتی خۆیدا هاتبووەوە، چاوەکانی نەمام چاوەڕوانکردنی ئەم ئێوارەیەی تێدا دەخوێندرایەوە.

نەمە گیان دەزانم دەتەوێت شتێك بڵێیت، بەڵام هیچ مەڵێ بەهۆی خۆتەوە دواکەوتم، دیارییەکی گەورەم بۆ هێناویت.

دیاری چیو شتی چی. . . . بەخوا لە داخی ئەو نەورۆزە ئاگام لە دونیا نەماوە. ئەمڕۆ لەلای بووم هەروەك جاران وایە. بەهیچ شتێك سەبوری نایە . چەند قسەی بۆ دەکەم هەر بێ سودە. دەڵێم دایە گیان خۆ هەر ئامۆژگاریو پەندەکانی خۆتن کە هەوڵدەدا خەمەکانی من بڕەوێنیتەوە بۆ ئەوەی ماڵەکەمان وێران نەبێتو منداڵەکانیش سەر گەردان نەبن. لەبیرت دێت پێتدەگوتم ژیان ڕۆژگاری زۆر بەبەرەوە ماوە، ئومێدت هەبێت بە دواڕۆژ کە ژیان پڕ دەبێتەوە لە خۆشیو شادی. سەیری ئێستای من بکە لەدوای ئەوین هەرگیز باوەڕم بەم ڕۆژە بەختیارە نەدەکرد کە لە ڕۆحی "شادیو خۆشی"دا دەبینم بەهۆی هەوڵی دڵسۆزی بێ وچانی تۆ. دەتۆش تاوێك گوێ بە ماندو بوونو ئەرکی هاوڕێیەتی من بدە.

نەمام زۆری پێبوو بۆ سەروەری هەڵبڕێژێت. سەروەریش ئارامی نەبوو زیاتر گوێی لێبگرێت. پەلەی دیارییەکەی بوو کە پیشانیبدات.

نەمام گیان جارێ بێدەنگ بە! دیاریم بۆ هێناویت، دیاری.

ئەرێ دیاری دیاری چیتە؟ ئابێنە بزانم چییە؟

نەمام گیان دیارییەکی زۆر گرنگە، تاکو ماچێکم نەدەیتێ ناتدەمێ.

ماچی چی هەتیو؟منداڵەکان لەودیو دانیشتوون، گوێیان لێمانە.

ئێ باگوێیان لێبێت، چ قەیدی هەیە؟لەماڵی خۆمدام دەزانن کێ ماچ دەکەم. بۆچی ماچکردن قەدەغەیە؟

نەمام ناچار بوو ڕوومەتی هێنایە پیشەوە. سەروەر گووتی ڕوومەت نا، لێوەکانت. ئەوەندە تامەزرۆی ماچی نەمام بوو. هەستی لەلای خۆی نەما بەدەنگی بەرز گووتی"ئای چەندە خۆشبوو" نەمام توند دەمی گرت. هەتیوە حەیابەرەیە منداڵەکان گوێیان لێبوو.

گۆڤەندو پەسەند لە هۆڵەکە دانیشتبوون. چاوەڕوانی دایکیان بوون کە بۆ نان خواردن بانگیان بکات. گۆڤەند هاواری لێهەستا: بۆچی هەر خۆتان نان دەخۆن؟ ئێمەش لەم دیو چاوەڕوانین. دایکی وەڵامی دایەوە: جارێ نانمان نەخواردووە گۆڤەند گیان، بەبێ ئێوە چۆن نان دەخۆین. گۆڤەند بە ماناوە گووتی: ئەی گوێم لەباوکم بوو گووتی "ئای چەند خۆشبوو" ئەی نان ناخوات، چی دەخوات؟

ئەو ئێوارەیە جارێکیتر لەسەر مێزی نان خواردن بە کامەرانیو شادییەوە کۆبوونەوە . نەمام هەر لە خەیاڵی دیارییەکەدا بوو، زۆر بە پەلە نانی خوارد. سەروەر کتێبەکەی نەدایە، دەیزانی کەبەرگەکەی خوێندەوە ئیتر درێژە بە خوێندنەوەی دەداتو نانی بۆ ناخورێت. لەدوای ماچەکە پێیگووت"لەپاش نان خوارن دیارییەکەت پێدەدەم". لەبەختی نەمام "شادیو خۆشیش" نوستبوون. کتێبەکەی لە کیسە کاغەزەکە دەرهێنا. زۆر خۆشحاڵبوو کەکتێبە. دڵنیاشبوو ڕۆمانێکە ئەو ڕۆمانەیە کە بۆ نەورۆزی دەویست. بەدەم ڕۆشتنی وردو هێواشەوە بۆ هۆڵەکە، ناونیشانی بەرگی کتێبەکەی دەخوێندەوە. توشی سەرسامیو شۆك بوو، وەك لە بیرێکی قوڵدا بێت بە ئاستەم نوزەیەکی لێوەهات"سەروەر".
دەنگەکە هەر ئەوەندە بڕی کرد کە سەروەر گوێبیستی ناوی خۆی بوو. وەڵامی نەمامی دایەوە
نەمام منت بانگکرد؟چیت دەویَ؟
نەمام بێدەنگ بوو، وەك گوێی لە سەروەریش نەبووبێت. سەروەر تێگەیشت لە نهێنی ئەو دەنگە خەیاڵییە کە ناونیشانی ڕۆمانەکە سەرسامی کردووە. ڕێکەوتێکی ئەفسوناوی بوو لەوکاتەدا خەمەکانی لارە دەبوون بە گوڵ، ڕۆمانێکیش بەناوی" خەمەکان دەبن بە گوڵ" لە دایك ببێت.
ڕۆمانی "خەمەکان دەبن بە گوڵ" نهێنییەکی تربوو لەناو گەرمەی خەمەکانی لارەدا دەرکەوتن. ئەو شەوە تاکو درەنگ نەمام سەرقاڵی خوێندنەوەی ڕۆمانەکە بوو. نەیدەتوانی دەست لە خوێندنەوەی هەڵبگرێت. سەروەر دەیگووت: خۆم زانیم ئەگەر پێش نانخواردن ڕۆمانەکەی ببینیایە، نانیشی نەدەخوارد. نەمام پەڕە بە پەڕە زیاتر دەچووە ناو دونیای سەرسامیو ڕێکەوتە ئەفسوناوییەکانو نهێنییەکانی ناو ڕۆحی لارە کە لەدوای مەرگیشی وەك زیندو دەردەکەوت.

11

# گوڵــه بـــاخ

چەند ڕۆژێکیان لە کەناری دەریاکانی ئیسپانیادا بەسەر برد. دوایین نیوەڕۆی ئەو ماوەیە خەسرەوی برای نەمام لەگەڵ "پەخشین"ی خێزانیدا بە دوو ئۆتۆمۆبیل گەیشتنە ئەو خانووە بچوکەی کەنار دەریاکە کە نەمامو نەورۆزو منداڵەکانیانی تێدا دەژیا. ئەو ڕۆژە تاکو نزیکی نیوەڕۆ لە کەناری دەریاکە بوون. بە خۆشحاڵییەوە ژنە بەرازیلییەکەیان بەجێهێشت، بۆ خۆئامادەکردن گەڕانەوە خانووە بچکۆلانەکە.
لە پەنجەرەی ژورەکەوە ژنە بەرازیلییەکەیان لێوە دیاربوو، بەناو گەشتیارەکانی کەنار دەریاکەدا وەك ڕۆژانی پێش مەرگی کورەکەی ساردەمەنی دەفرۆشت. بڕیاریدابوو تاکو ئەبەد ئەو کەنارە بەجێنەهێڵێت، مەگەر قەدەرێکی لە ناکاو خۆیی و بڕیارەکەی لەبن دەربهێنێت. ئەو ماوەیەی ئەوان بوون بە هاوڕێی هەستی بەسوکی خەمەکانی دەکرد کە وەك دوو دایکی هاوخەم دڵنەواییان دەکردو سەری کاسیان بە سنگی پڕ لە موحیبەتی خۆیانەوە دەنوساندو بە دڵە دایکانەکەیان هاوبەشی خەمەکانی بوون.
دوو ئۆتۆمۆبیل لەپێش خانووەکە ڕاوەستان، خەسرەو وپەخشین بوون. ئەوان تەواو ئامادەبوون تەنها چاوەڕوانی ئەوانیان دەکرد کە بێنو بەرەوئەو شارەی کە خەسرەوی لێینیشتە جێبوو بەڕێ بکەون. پەخشینیش حەزیکردبوو بە ئۆتۆمۆبیلەکەی خۆی بێت، نەکو کەلوپەلیان زۆر پێبێتو جێگایان نەبێتەوە. ماوەی نێوان دەریاکەو شارەکەی خەسرەوی لێبوو زۆر دوور نەبوو. . بە درێژای ڕێگاکە دیمەنە جوانەکانی ئیسپانیا سەرنجی ڕادەکێشان. شادیو خۆشی لەگەڵ خاڵیاندابوون. نەمامو نەورۆزو گوڵە لارەش لە ئۆتۆمۆبیلەکەی پەخشیندا بوون. ڕێگاکە زۆر دووور نەبوو، ئەمانیش بەدەم قسەکردنەوە هێندەی تر نزیکیان کردەوە، کات زۆر زوو ڕۆشت، تەنانەت پەخشینیش هەستیپێکردو گووتی: هەردوو سەر هەمان ڕێگا بوو لە هاتنو چووندا، بەڵام لەم سەرەوە زۆر زووتر گەیشتین.
هەموویان لە هۆڵی میوان دانیشتبوون، شادیو خۆشی هەردووکیان لەسەر قاچی چەپو ڕاستی خاڵیان دانیشتبوون. ژورێکی جوانو دڵگیر بوو. سەرمێزەکە تاقمێك

فنجانی ناسکی ئیسپانی بە گوڵ نەخشێنراوی لەسەر بوو. قۆرییەکی خنجیلانەی هاونەخشی کوپەکان لەسەر ئاگرێکی کزی مۆمێك هاکا ژورەکەی پڕ لە بۆنی چا کرد. لە لایەکی مێزەکە قاڵبێك کێکی میوە لەگەڵ سوراحییەك شەربەتی پرتەقاڵو چەند پەرداخێکی بچوك سەر مێزەکەی ڕازاندبووەوە. هۆڵەکە بۆ ساتێك بێدەنگ بوو، وەك بۆنی چایەکە ئەبڵەقی کردبێتن. چاوەڕوانی یەکەم قولْپی کوڵانی چایەکە بوون کە زڕەی فنجانەکان ئەو بێدەنگییە بشکێنێت. پەخشینیش بەبێدەنگی دەم بە خەندە بە دەستەیەك قاپی لەپی بچکۆلانەو چەند چنگاڵێکی کورتی ڕەنگ زیوین هاتە ژورەوە. دەنگی زڕەی دانانی چنگاڵەکان لەبری فنجانەکان بێدەنگی ژورەکەی شکاند. ژورەکەش وردەوردە پڕ بوو لە بۆنی چا. خەسرەو بەئەسپای شادیو خۆشی لەسەر قاچاکانی داگرت. فنجانوو ژێر فنجانەکانی یەکە یەکە لەبەردەم نەورۆزو نەمام دانا، بۆخۆییوبۆ پەخشینیش. پەخشینیش لەدوای دانانی قاپو چنگاڵەکان بە چەقۆیەك کێکەکەی قاش قاش کردو سەرو قاش کێکی لەسەر قاپەکان بۆ دانان. خەسرەویش خەریکی تێکردنی چایەکە بوو. لەدوای تێکردنی چایەکان، سەرو پەرداخ شەربەتیشی بۆ منداڵەکان تێکرد. لەگەڵ خواردنەوەی چایو کێك ڕازی قسەشیان دامەزراند. نەمام پێش هەژدەساڵ لە ئسپانیابوو، لەو ماوەیەدا یەك جار سەردانی ئیسپانیای کردبوو. بەڵام لەگەڵ هەندێك لە هاوڕێکانیدا پەیوەندی نامەو تەلەفۆنییان هەر هەبوو، بەتایبەتی لەگەڵ مامۆستا کارلۆس. مامۆستا کارلۆس کەسێکی تایبەتی بوو لە ژیانی نەمامدا کە گرنگی بە بەهرەمەندی نەمام دابوو، یەکەم هاندەریشی بوو کە بەردەوام بێت لە خوێندن لە بواری هونەرەکەی خۆیدا. نەمام کە ئیسپانیای بەجێهێشت لە قۆناغی دووی زانکۆ بوو. بەبیستنی هەواڵی گەیشتنی سەروەر بۆ لەندەن، هەموو هیواکانی لە ئیسپانیا بەبێ ناز بەجێهێشتو بەرەو بەریتانیا هەڵفڕی. سەروەر بەهۆی ئەشکەنجەدانەوە توشی نەخۆشی سەختو لە بیرچوونەوە ببوو. لە هەلومەرجێکی دژواردا بە خێرای لە ڕێگای ئێرانەوە گەیاندیانە شاری لەندەن لە بەریتانیا. نەمام چەند ساڵێك بوو سەروەری نەبینیبوو. ئەو ڕۆژەی لە نەخۆشخانەیەکی لەندەن بۆ یەکەم جار دوای ئەو ماوەیە سەروەری بینی، نەیناسییەوە. لەڕووی ڕوخسارو جەستەوە زۆرگۆڕابوو بەرەو تێکچوونو شێواوی، لەسەر چەرپاکە ڕاکشابوو، چاوەکانی زەق کرابوونەوە، بەڵام وەك هیچ نەبینێت بێ تروکەو بێ نتوق بوو، پێدەچوو نەمامیش نەناسێتەوە. کۆمەڵێك دکتۆری لەبوارەکانی دەرونیوهەناو و دەماخی بەسەرەوە بوو. جۆری نەخۆشیەکەیان بۆ نەمام شیکردەوە. پێشیان ڕاگەیاند تاکو ماوەیەکی تر سەردانی نەکات، هیوای چاکبوونەوەشیان بە دڵنیاییەوە بە نەمام دا.

هەژدە ساڵ لەمەو بەر لەئیسپانیا لە باروودۆخکی نائارامی دەرونیدا بۆ یەکەم جار لەماڵی خەسرەوی برای لە ڕۆژێکی ئەفسوناویدا بە مامۆستا کارلۆس ئاشنابوو. کارلۆس بە تابلۆی سەر دیوارەکە سەرسام بوو کە بەرهەمی دەستو پەنجەو خەیاڵی پڕ ئەندێشەی ئەو سەردەمەی نەمام بوو لە وێنەیەکی شێوەکاری ڕوخساری سەروەردا بەر جەستەی کردبوو. کارلۆس خۆیشی هونەرمەندێکی شێوەکاری بەناوبانگی ئیسپانیا بوو. پیاوێکی باڵا بەرزی قژ بژنی چاو بە قوڵا چووبوو. میهرەبانی دڵو دەرونی لەسەر ڕوخساری ڕەنگیان دابووەوە. مەحبووبو ئێسك سوك بوو. ڕستەیەك بەنهێنی لەناو چاوەکانیدا نوسرابوو، بەئاسانی بەرامبەرەکەی دەیخوێندەوە. لەماوەی ئەو هەژدە ساڵەدا لەسەفەرێکیدا یەك جاریتر مامۆستا کارلۆسی بینییەوە. ئەمڕۆ لە ماڵی خەسرەو کۆبوونەتەوەو سەرگەرمی قسەوباسو بیرەوەرییە کۆنەکانن. سبەینێ ئەو ڕۆژەیە کە نەمام جارێکیتر مامۆستا کارلۆس دەبینێت. وەك جاران ڕوخساری پڕە لەخۆشەویستیو هونەر، وەكجاران چاو بە قوڵاچوو و قژ بژ، بەڵام ئەمجارە بەرەنگی سپییەوە لەناو یەکدا ئاڵاون. خەسرەو بە نەمامی گووتبوو، مامۆستا کارلۆسم ئاگادار کردووە کە تۆ ئەمڕۆ دەگەیتە ئێرە. ئەو خۆشحاڵ دەبوو هەر ئەمڕۆ بهاتایە، بەڵام پێی باشتر بوو کە سبەینێ سەردانت بکات.

مامۆستا کارلۆس یەکەم کەس بوو هانی نەمامیدا بۆ خوێندنو بەڵێنیشی پێدا هاوکاری بکات. ئەو ڕۆژەش وازی لە هەموو هیواکانی هێنا بۆ بینینی سەروەر لە لەندەن، کارلۆس تکای زۆری لێکرد کە سەردانەکە چەند ڕۆژێك بێتو پاشان بگەڕێتەوە. بەڵام نەمام بڕیاری خۆیدابوو ، هەموو هیواکانیشی لە ڕۆحی سەروەردا دەبینی. ئەو سەردەمەش کە نەمام لەناو خەمی کچەکەیدا هەموو هیواو بیرەوەریوخۆشەویستیو ئایندەی خێزانەکەی تواندبووەوە، باش دەیزانی کە سەروەر لەهەموو کاتێك زیاتر پێویستی بە دڵنەوایی‌و باروودۆخی ئارام هەیە. ڕۆژ بەڕۆژ باری تەندروستی دەرونی سەروەر خراپ دەبوو. نەمام بێباكبوو لە هەوڵو ئامۆژگاریو قسەی دەوروپشتو کەسو کار.

ئەو بەیانییەی کە سەروەر ماڵەوەی بە جێهێشت، شەو تاکو بەیانی لەناو ئازاری خەمەکانیدا چاوەکانی نەچوونە خەو. تاکو دەمەو گزنگ هەزار خەیاڵی ئاڵۆزی کردەوە. بڕیاری هەڵهاتن لە ماڵەوە دوا چارەبوو بۆ یەکالاکردنەوەی خەیاڵە ئاڵۆزەکانی. وردە وردە گزنگ دەردەکەوتوو و دەرونی ئەویش تاریك دەبوو. ئەوە دواین بەیانییە بە ناچاری ماڵومنداڵ بەجێدەهێڵێت. بە ئەسپای لە ماڵەوە هاتە دەرەوە، کۆڵانو شەقامەکانی بێ هەست دەبڕی. هەموو هەنگاوێك خۆر زیاتر ناو شاری لەندەنی ڕوناکتر دەکردەوە، تەنها دڵو دەرونی ئەو نەبێت کە تاڵە تیشکێکی ئەو بەیانییەی بەرنەدەکەوت. هەنگاوەکانی ڕێگای نێوان خۆیو ماڵەوەیان دەکشاند،

زەمەنیش هێدی هێدی هیواکانی دەکوشتو زەینی کوێر دەکرد. کۆلانو شەقامو خانووەکانی یەکە یەکە بەجێدەهێشت. بێیاك لەوەی قەدەر بۆکوێی دەبات ، ملی ڕێگای بێ ئومێدی گرتبووەبەر. هێدی هێدی لەبوونی خۆی بێئاگا دەبوو. نەیدەزانی کێیەو لە چ ساتو جێگەیەکدایە. ئەو شەقامو کۆلانانەی ئەم بەیانییە بوون بە هاوڕێی. بە هەموو ئەو ماوەیەی لە لەندەندا ژیابوو بۆ تەنها جارێك گوزەری پێدا نەکردبوو. ئەم بەیانییە قەدەر هاوڕێیەتی، بە دڵنیاییەوە پەلی خۆی داوەتە دەست بەرەو کام شاری نهێنی دەبات. لەناو بێگایی خۆیدا چڕببووەوە. هەستەکانی سڕببوون، وەك هەرگیز دوێنێو پێرێی نەدیبێت. بیرەوەری تەنها ساتێك لە ڕابوردوی لە زەیندا نەمابوو. بێ خەم بوو ڕوو لەکام شوێنی ئەم شارە غوربەتە دەکات. کەس نەبوو بزانێت کەی گەشتتوتە ئەم مەیخانەیەو بەم بەیانییە ئەمە چەندەم بوتڵی شەرابە قوم قوم نۆشی دەکات. وەك پیرێکی مەیخانە لەنێو تاقمی مەستبووانەدا لە هەموویان مەستر بوو. یەکەمجارکە سوارە بینی باوەڕی بە چاوەکانی نەکرد کە وێنەی سەروەری پیشاندەدەن. ئەو لە ژیانیدا مەی نەخواردبووەوە. ئەی چۆن ئەم جێگا عاسییەی دۆزیوەتەوە؟

لەپاش بەسەر چوونی تەمەنی کارەساتەکان، زۆرجار سوارە بە سەروەری دەگووت:پێمناڵێیت ئەو مەیخانەیەت لەو جێگا عاسییەدا چۆن دۆزیبووەوە؟

سەروەر بۆخۆیشی نەیدەزانی چۆن گەیشتبووە ئەو جێگایە، ڕەنگە ئێستاش نەیدۆزێتەوە. ئەو بێئاگابوو لە کاتو شوێن، بێئاگا بوو لە خۆیشی. بەبێ هەست بە شەقامەکاندا دەڕۆی. ئەو ساتەبوو کە توشی دەردی لەبیرچوونەوەببوو. بەڵام بۆ گاڵتەو پێکەنین دەیگووت: شوێن هەیە من نەیدۆزمەوە ئەگەر مەبەستم بێت. لەماڵی سوارە چەند ڕۆژێك مایەوە. پەیوەندییان بە دکتۆرەوە کرد. حاڵەتی نەخۆشییەکەی هێشتا لە سەرەتادا بوو. دکتۆر دڵنیایکرد بە ئارام کردنەوەی باری دەرونی دووبارە ڕەوشی بەرەو باشی دەچێتەوە. سوارەو نەورۆز بە پەرۆشەوە هەوڵی ئاسایکردنەوەی باری دەرونی سەروەریان دەدا. بۆ چارەسەرکردنی گرفتە سەرەکییەکەی نەمامیش بڕیاریاندا چەند ڕۆژێك سەروەر بە نهێنی لەماڵی خۆیان بهێڵنەوەو نەمام بخەنە بەر کاریگەری تاقیکردنەوەیەکی تر. ئەو ئێوارەیەی نەورۆز دوو ڕۆمانەکەی بۆ برد، سەروەر دوو ڕۆژ بوو لەماڵەوە دەرچووبوو، بەڵام نەمام دەربارەی سەروەر هیچی لەلای نەورۆز نەدرکاند. لەدوای ڕۆشتنی نەورۆز، نەمام سەرسامبوو بە هەڵسوکەوتو ڕەفتاری، لەبری ئەوەی نیگەرانبێت لە نەورۆز هەموو قسەکانی ئەوی بەبیر خۆی دەهێنایەوە. سەبارەت بە رۆشتنی سەروەر هێدی هێدی ترسو خەمی لە دڵدا دروست بوو. دەیزانی ڕەوشی سەروەر باش نەبوو، گوێشی پێنەدەدا. ئاگادار نەبوو کە سوارە دەزانێت سەروەر ماڵەوەی بەجێهێشتووە. سوارەش

بەڵێنی بە نەورۆز دابوو ئەگەر نەمام هیچی سەبارەت بە سەروەر بۆ باسنەکرد، کەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە خۆی هەموو ڕاستییەکانی بۆ بگێڕێتەوە. سەروەر دوو ڕۆژ بوو لە ماڵی نەورۆز بوو نەمام ئاگادار نەبوو. خەمەکانی سەروەر لە دڵی نەمامدا وردە وردە جێگایان داگیر دەکردو پاڵیان بە کۆنە خەمەکانەوە دەنا. ئەو ماوەیە نەمام پەرێشانی هەواڵی سەروەر بوو. لە نەورۆزیش بە گومان بوو دوو ڕۆژە بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵدا نە کردووە. هەرگیز ئەوە نەورۆز نەبووە. لە دڵی خۆیدا دەیگووت" بەخوا ئەویش ماندو بوو لەگەڵمدا". سێیەم ڕۆژ بەناچاری تەلە فۆنەکەی هەڵگرتو زەنگی بۆ نەورۆز لێدا، بەڵکو نەورۆز بە هانایەوەبێتو لەناو ئەو دەریا پڕ لە گومانو ئازارو خەمو خەفەتەدا دەریبهێنێت. ئەو چەند ڕۆژە زۆر نیگەرانو بێ ئارامبوو زیاد لە جاران. دەمێك بۆ ئەوین دەگریا دەمێك خەمی چارەنوسی سەروەری بوو ئاخۆ قەدەر بەرەو کوێی بردبێت. ڕقی لە خۆیی‌و گریانەکەشی دەبووەوە. بەخۆی دەگووت: قەدەری چی؟ هەموو تاوانەکە خۆم بووم. نەورۆز ڕاستی دەگووت کە ڕۆژێك ئەو ماڵو منداڵە توشی وێرانی‌و سەرگەردانی دەبن. بەپەلە تەلەفۆنی بۆ نەورۆز کرد. چرا وەڵامی دایەوە. . . . . .

چرا گیان دایکت لە ماڵەوەیە؟

بەڵێ لێرەیە. چرا بەدەنگی بەرز دایکی بانگکرد، دایە تەلەفۆنە . نەورۆز لە چرای پرسی: نەتزانی کێ بوو؟

دەنگیم نەناسییەوە، پێم وابوو یەکەم جارە گوێم لە دەنگی بێت. بەڵام ئەو دەنگی منی ناسییەوە.

• بەڵێ نەورۆز

• نەورۆز گیان دەبێت هەر ئێستا سەردانم بکەیت، ئیشم زۆر پێتە.

• نەمام ئەوە تۆیت؟ چی بووە ؟بۆ وا پەشۆکاویت؟خۆ چرا دەنگی نەناسیتەوە.

نەورۆز گیان لە تەلەفۆندا هیچ ناگووترێت، ئەگەر بۆت دەکرێت سەردانم بکە. نەورۆز کەمێك گومانی کرد نەکو ڕوداوێکی تر بووبێت.

• نەمام گیان ڕەنگە بەم پەلە پەلە بۆم نەکرێت. هەرچییەك ڕویداوە ئێستا پێم بڵێ.

• نەورۆز گیان چەند ڕۆژە لێم شاردونەتەوە کە سەروەر دیار نییەو نەهاتۆتەوە بۆ ماڵەوە. مەراقی ئەو هەموو خەمەکانی تری بیر بردومەتەوە.

• نەورۆز ئاسودەبوو کە زانی نەمام پەشۆکاوی سەروەرە. چەندە بۆ نەمام خەمێکی گەورە بوو، بۆ نەورۆز نەك خەم هەنگاوێکی دڵخۆشکەر بوو. بەڵێنی بە نەمامدا کە سەردانی دەکات. پرسیاری ڕۆمانەکانیشی لێکرد، ئایا هیچ کام لە ڕۆمانەکانت خوێندۆتەوە؟ نەمام سەیری بە پرسیاری هاوڕێ دڵسۆزەکەی دەهات کە ئەم لەو پەڕی پەشۆکاوی‌وخەمو نا ئارامیدایە کەچی پرسیاری خوێندنەوەی ڕۆمانی لێدەکات. ڕەنگە

نهێنییەك هەبێت. نەمام هیچ لە ڕۆمانەکانی نەخوێندبووەوە. هەروەها وەڵامی نەورۆزی دایەوە.

• نەمام گیان بەڵێن بێت سەردانت بکەم، بەڵام تاکو دێم یەکێك لە ڕۆمانەکان بخوێنەرەوە. بەڵکو سەروەر لەناو ڕۆمانێکدا بدۆزیتەوە. نەمام لە پەشۆکاوی و بێهێزی خۆیدا بە هەموو مەرجێکی نەورۆز قایل بوو، هەرچەندە بە مەرجەکانیشی سەرسام بوو. پێشتر بەم شێوەیەی ئێستا نەمامی نەدواند بوو.

نەمام بەخەمێکی گەورەتردا کەوت، بەڵام لەلای نەورۆزی هاوڕێی خەمێکی سادەبوو چونکە چارەسەرکردنی ئاسانبوو. بێباك بوو لە پەشۆکاوی نەمام، بێ خەم بوو لە خەمە تازەکانی. نەمام نیگەران بوو لە نەورۆز لەناو ئەو دنیا پڕ لە ئازارو هەراسانییەدا پرسیاری خوێندنەوەی ڕۆمانەکانی لێدەکات. وەك کەسێکی لاواز بە کەساسییەوە داوەی یارمەتی لە نەورۆز دەکرد، کەچی نەورۆز گۆشەگیرو خەم سارد خۆی پیشاندەدا.

ئەو کاتەی نەمام تەلەفۆنی بۆ کردن ، هەموویان لە موبەقەکە نانی بەیانییان دەخوارد. سەروەر هەستی بەوەکرد کە نەورۆز لەگەڵ کەسێکی خەماوی و پەشۆکاوو نائارامدا قسەدەکات. دڵنیابوو کە ئەو کەسە هەر دەبێت نەمامی هاوسەری بێت. بە شیاوی نەزانی لە پشت نەورۆزەوە گوێ بۆ قسەکانیان هەڵدێرێ، بەڵام بە دەنگی هەناسەیەکی بەرزەوە لە پشتییەوە ڕاوەستا. نەورۆز بەڵێنی بە نەمامدا کە سەردانی دەکات، ماڵئاوایینکردو دەسکی تەلەفۆنەکەی بە ئەسپایی دانایەوە. نەورۆز هەستیکرد کە سەروەر لە پشتییەوە ڕاوەستاوە. هێشتا ڕووی بۆلای سەروەر وەرنەگێڕابوو پێگووت:وەرە با نانەکەمان بە ئاسودەیی بخۆین. هەموویان بە دەوری مێزەکەو نان و چای بەیانی کۆبوونەوە. نەورۆز حاڵی نەمامی بۆ گێڕانەوە. سەروەر زۆر نیگەران بوو، داوای لە هەردووکیان کرد کە هەر ئێستا تەلەفۆن بۆ نەمام بکات لە بوونی خۆی لە ماڵی سوارە دڵنیای بکات، چی زووترە لەو بارودۆخە پەشۆکاو و غەمگینە دەریبهێنێت. سورارەو نەورۆز تکایان لە سەروەر کرد کە ئارام بگرێت، نەورۆز بەڵێنیشی پێدا کە هەر ئەمڕۆ سەردانی دەکەمو ناڕاستەوخۆ هەواڵی بینینی تۆشی پێدەدەم.

نەمام لە نهێنی خوێندنەوەی ڕۆمانەکان حاڵی نەدەبوو، ناچاریش بوو کە دەست بە خوێندنەوەی ڕۆمانێکیان بکات. هەردوو ڕۆمانەکە هێشتا لەسەر مێزی هۆڵەکە لەسەر یەك دانرابوون. ڕۆمانی چارەنوسی ئادەمیزاد لە سەرەوە بوو کە نەمام دەستی بۆ بردن. قەدەرێك لە بەرگی کتێبەکە وردبووەوە. ناوی نوسەرەکەی زۆرجار بەرگوێ کەوتبوو. زەمانێك بوو خوێنەرێکی بە پەرۆش بوو، بەیادی ئەو ڕۆژگارە لەیەکەم لاپەڕەی ڕۆمانەکەوە دەستی بەخوێندنەوە کرد. لەپاش خوێندەوەی چەندە لاپەڕەیەك

ڕۆحی تێكەڵ بە ڕوداوەكانی ناو ڕۆمانەكە بوو كە ئیتر بێئاگابوو لەدونیای ڕاستەقەینەی خۆی. نەمام بوو بە یەكێك لە كەسەكانی ناو ڕۆمانەكەو پەیوەندی بە ژیانو دونیای خۆیەوە نەما. بێهەستبوو لە ئاستی خەمەكانی ئەویندا، بێخەم بوو لەچارەنوسی سەروەر. وەك ڕۆژانی پێشوتر لە چاوەڕوانی گۆڤەندو پەیوەستدا هەمیشە چاوی لەسەر دەرگای دەرەوەنەبوو. پەڕەبەپەڕە بە دوای چارەنوسی ئەواندا وێڵبوو. خەمەكانی ناو ڕۆمانەكە لە ڕۆحیدا دەتوانەوەوە دەبوون بە دەنكە فرمێسكی تەڕو گەش، بەچاوەكانیدا دەڕژانە خوارەوە بۆسەر پەڕەكانی ڕۆمانەكەو تێكەڵ بە وشەكان دەبوونەوە. قەستی بگاتە ڕۆخی دەریاكەو ئەو منداڵە تێر تێر لە باوەش بگرێت. هەندێك جار فرمێسكەكانی سۆمای چاویان لێڵدەكرد كە وشەكانی بە باشی بۆ نەدەخوێنرانەوە. بە پاڕچە دەسرێك بە خیرای فرمێسكەكانی وشكدەكردەوە تاكو ئەو وشانەی ببوون بە چرا بۆ سەر ڕێگای وێڵی بە باشی ببینێت. نەمام بە جۆرێك چووبووە ناو ڕۆمانەكەوە لە دونیای ڕاستەقینەی خۆی بێئاگابوو، بێخەمبوولە هاتنو نەهاتنی نەورۆز، هەر بیریشی لێنەدەكردەوە، ئەوەی لەدنیای ئەمڕۆیدا نەبوو، چارەنوسی سەروەر بوو. ئەمڕۆ دوور لە هەموو خەمەكانی ڕۆژانی پێشوی لە ناو خوێندنەوەی ڕۆمانەكەدا تەنانەت بیری خواردن ئامادەكرنیشی نییە، هاكا كۆڤەندو پەیوەست لە قوتابخانە گەڕانەوە، گۆڤەندو پەیوەست كێن؟نەمام ئەمڕۆخەمی ئەو منداڵەی لە كۆڵناوە. پەڕەبە پەڕە بەدوای چارەنوسی ئەودا وێڵە تاكو ئەگاتە كۆتایی. ئەمڕۆقاوەیەك یاخود چایەكیشی نەخواردەوە. كێ ئەپەرژێتە سەر چا خواردن بەسەر باڵی ڕۆحیەوە بەرەو جیهانێكی تر هەڵفڕێت؟ پەڕەیەكیتریشی هەڵدایەوە، بەڵام بە دێڕێكدا ڕانەگەیشت، زەنگی دەرگاكە لەسەر باڵی ڕۆحی خۆی خستییە خوارەوە . وەك لە خەو ڕاپەڕیبێت تەماشای كاتژمێری سەر دیوارەكەی كرد، كات دووی پاش نیوەڕۆ بوو. وشەی "ئۆی" لەگەڵ داخورپاندا فڕێیدایەوە ناو دونیاكەی خۆی. نیوەی ڕۆمانەكەی خوێندبووەوە. زەنگێكی تر لێدرا، بیری لەلای منداڵەكانی بوو. بەخێرای هەستا دەرگاكەی كردەوە. كەسیان نەبوون نە گۆڤەند نە پەیوەست، نەورۆز بوو. هەر كە دەرگاكەی كردەوە گووتی: وامزانی لەماڵەوەنیت، بەیانی لە تەلەفۆنەكەدا بەڵێنم پێدایت كە سەردانت دەكەم. نەمام بەگەرمی فەرمووی لێكرد بۆ ژورەوە. نەورۆز كە مێك جیاوازیو گۆڕانی لە ڕوخساریدا هەستپێكرد. كتێبەكەشی دەمەو نوخوون بە كراوەی لەسەر مێزی هۆڵەكە بینی، زانی سەرقاڵی خوێندنەوەی ڕۆمانەكە بووە، لێیپرسی:وادیارە خەریكی خوێندنەوەبوویت؟ نەمام بە خەندەوە گووتی:ئەی نابینیت كاتژمێر دووە هێشتا هیچم ئامادەنییە. ئەگەر وابڕوات بە هیچدا ڕاناگەم. باوەڕت هەبێت لە بەیانییەوە دەستم لە خوێندنەوەی هەڵنەگرتووە، هەستم نەكردووە بەسەر ئەم دونیایەوەم. خۆزگە زوو تەوامدەكردو چارەنوسی ئەو منداڵەم لێئاشكرا ببوایە؟

مرۆڤ لە دونیای خۆی دادەبڕێت بەجۆرێك دەچێتە ناو ڕۆمانەكەوە وەك كەسێك بێت لە پاڵەوانی ڕۆمانەكە. نهێنییەكی ئەفسونای هەستپێدەكەم لە نێوانی خودی خوێنەرو خوێنەر خۆی لە كاتی خوێندنەوەدا. من بێئاگابووم لە دونیای ڕاستەقینەی خۆم تاكو ئەو كاتەی بە زەنگی دەرگاكە لەناو ڕۆمانەكەدا هاتمە دەرەوە، كەچی هەمان كات هەستم بەوەشكردووە كە جگە لەژیانی من ژیانێكیتریش هەیە پەیوەست بەخودی مرۆڤەكان خۆیانەوە كە گاریگەری لەسەر دەوروپشت دەبێت. نەورۆز بە جدی گوێی لە نەمام گرتبوو كە نەمام هەستی پێبكات، دەیویست خۆیشی لە بابەتەسەرەكییەكەی نەمام بدزێتەوە تا ئەو كاتەی نەمام خۆی بابەتەكە دەوروژێنێت. ئارەزوشیبوو درێژە بە باسی ڕۆمانەكەبدات. بە نەمامی گووت: دیارە ڕۆمانی چارەنوسی ئادەمیزاد دەخوێنیتەوە؟ نە مام گووتی: ئائا، ئەی باسی چیت بۆ دەكەم، بۆچی ڕۆمانەكەی كەش هەروەك ئەم ڕۆحت بۆناو جەستەی خۆی ڕادەكەێشێت؟ نەورۆز گووتی: وتەی ئەو پیاوەم بەبیردێتەوە كە دەڵێت"نوسەرەكان ناتوانن دونیا بە نوسینەكانیان بگۆڕن، بەڵام بە ئاسانی گاریگەریان لەسەر ناخی مرۆڤ دەبێت"، لەو بڕوایەدام ئەو ڕۆمانەی تریش دەتوانێت كاریگەری لەسەر دەرونت هەبێت. وەك خۆت گووتت"لە دەرەوەی ژیانی هەر كەسێكمان ڕەنگە هاوتای ڕوداوەكانی ژیانی ئێمە هەبێت، گەران بەدوای ئە كەسانەدا كۆلانی ناو ڕۆمانەكان بگەڕێ. نەمام وتەكەی ئەم بەیانییەی نەورۆزی بەبیرهاتەوە كە پێیگووت"ڕەنگە سەروەر لەناو یەكێك لە ڕۆمانەكاندا بدۆزیتەوە". ڕوخساری نەمام بۆ ئاسایی پێشوی خۆی گۆڕا. بە غەمبارییەوە گووتی: نەورۆز گیان هەربیرمچووەوە كە بۆچی تەلەفۆنم بۆكردیت بێیت بۆ ئێرە. سەروەر چەند ڕۆژێكە نەهاتۆتەوە بۆ ماڵەوە، هەواڵی هیچ نازانم، زۆر دەترسم توشی بەڵایەك هاتبێت. دەبوایە هەریەكەم ڕۆژ پێم بگووتیتایە نەك لێم بشاردنایەتەوە. زۆرپێویستیم بە یارمەتی ئێوەیە، بەڵكو بە سوارە بڵێیت هەواڵێكیم بۆ بزانێت. هەر خوابكات توشی ئەو دەردە پیسە نەبووبێتەوە ئیتر من هیچم ناوێت. نەورۆز چاوی لەناو چاوەكانی بڕیبوو. بە ددان لێوەكانی خۆی دەخوارد، بەدەم سەر لەقاندنەوە بە نەمامی گووت: ئەی پێمنەگووتی، ماڵەكە وێرانمەكەو ئەوانیش سەرگەردان مەكە، ڕابردو ئەو زەمەنەیە كە هەرگیز پێیناگەیت. ئەو ڕوداوەی بەسەر ئێوەدا هات، ئێمەیشی هەژاند، بەڵام كەسمان هیچمان بۆ نەكرا تاكو زەمەن بگێرینەوە پێش ڕوداوەكە. شینو گریانیش ئەوەندە پێویست بوو تێكەڵ بە هەموو ژیان نەبێت چونكە سەرگەردانیو ماڵوێرانی بەدواوە دەبێت. پێم گووتی سەروەر لە هەمووكاتێك زیاتر پێویستی بە تۆ هەیە. بەڵام بەداخەوە هیچت بە گوێ نەكردم، بۆ تەنها جارێك ڕێزی ماندوو بوونو هاوڕێیەتیت نەگرتم. دەزانیت ئێستا چەند نیگەرانم كە بە غەمباری دەتبینمو كارێكیشمان لەدەستنایەت. نەمام دەمێك بوو قوڵپی گریانی ئامادەبوو. سەری خستە

سەر شانی نەورۆزو فرمێسكەكانی بەسەر ڕۆحی ئەودا ڕژاند. فرمێسكەكانی ئەوەندە گەرمبوون نەورۆز هەستی بەئازاریان دەكرد، دڵی نەدەهات نەمام ئازاری زایتر بچێژێت، بە ئەسپای وەك دڵی منداڵێك ئارام بكاتەوە دەستی بەسەریدا هێناو پێیگووت: نەمام گیان هەموو گرفتێك چارەسەر دەكرێت، هەموو خەمێكیش دەڕەوێتەوە، سەرت هەڵبڕەو مەگری. من هاوڕێیەكی دڵسۆزی تۆم هاوبەشی خەمەكانتم، تۆش دەبێت لەدڵسۆزی هاوڕێیەتی من تێبگەیت، كە هەوڵو ماندووبوونم بۆ گەڕانەوەی ئاسودەی ئێوەبووە تاكو سەرگەردان نەبن. نەورۆز بۆئەوەی نەمام لەو ڕەوشە ناڕەحەتوخەماوییە دەر بهێنێتو ناڕاستەوخۆ لە هەواڵی دۆزینەوەی سەروەر دڵنییای بكات گووتی: نەمام زۆرت لە ڕۆمانەكە خوێندەوە؟نەمام بە هەنسكەوە گووتی: ئەی قسەم بۆ نەكردیت، دەڵێی ئاگات لەمن نەبووە، بەخوا تاقەتی ڕۆمانیشم نەماوە، چی لە ڕۆمان بكەم، ؟ڕۆمان چی لە من دەكات؟نەورۆز لەسەرخۆ پێیگووت:نەمام گیان وا مەڵێ!ئاگام لێت بوو چیت بۆ باسكردم، هەرنەبێت چەند كاتژمێرێك لە خەمەكان دوور كەوتویتەوە. وەك پێشمگووتیت" ڕەنگە سەروەر لەدێڕێكی لاپەرەیەكدا بدۆزیتەوە؟نەمام لە گریان تەواو ببوو. بەدەنگێكی توندوجدی گووتی:بۆچی بە مەتەڵ قسەم لەگەڵدا دەكەیت، هەرچییەك دەزانیت سەبارەت بەسەروەر پێمبڵێ، خۆمن منداڵ نیم نەورۆز گیان. تاكو ئێستا كەسێكی ونبووم نەبیستووە لەناو ڕۆمانێكدا دۆزرابێتەوە، مەگەر ونبووەكەش مرۆڤێكی ئەفسانەیبێت تاكو لەناو دێڕی ڕۆمانێكدا جێگای بێتەوە. نەورۆز بە غەمگینییەوە گووتی:ڕەنگە ژیان دواجار ئەفسانەبێت، ئەیئەوەنییە مرۆڤ دوای سێبەرەكەی خۆی دەكەوێتو دەشیدوێنێت. زەمەن كە تێپەڕی ناگەڕێتەوە، ئیتر تۆ بۆچی چاوەڕوانی دەكەیتو سەرومالّی خۆتی دەدەیتێ كە بیخوات. مرۆڤی ئەفسانەیی تۆیت كە لە واقیع تێناگەیت. ئەمجارەش پێتدەڵێم لەناو ڕۆمانەكاندا بۆ سەروەر بگەڕێ، دێڕبەدێڕی بخوێنەرەوە تاكو كۆتایی، ئەوكاتەی ڕۆمانەكەت تەواو كردووەو سەروەرت نەدۆزیوەتەوە، تەلەفۆنێكم بۆ بكەو باسی خۆتم بەڕاستیودروستی بۆ بكە كاتی خوێندنەوەی ڕۆمانەكە. نەمام دووبارە بە ئومێدەوە ئارەزوی، هەرچی زووتره خوێندنەوەی ڕۆمانەكەی بوو، بەنەورۆزی گووت:باشە مرۆڤ چۆن بخوێنێتەوە كاتێك كە میوانی هەبوو. نەورۆز بە خەندەوە گووتی: لەو كاتەدا میوانەكە دەڕوات، چونكە زۆری پەلەیە. مەرج نییە تۆش پەلە لە خوێندنەوەیدا بكەیت، پەلەت نەبێت. وەك چایەكت بەمن نەدا هەستە خواردن بۆ ئەو دوومنداڵە ئامادە بكە، نزیكی كاتی هاتنەوەیانە. نەمام لەسەر شێوەی خەندەكەی ئەو گووتی:ئەمڕۆ هاوڕێ دڵسۆزەكەم شەڕی دڵئارامبوونەوەم پێدەفرۆشێت، من كارم بەوبووسەردانمبكات، كەچی ئەو مەرجوگلەیی زیاتر بوو. بۆتۆ بواری هیچت پێدام تاكو چایەك لەسەر ئاگر بنێم؟ئەی

خۆت بۆ نەڕۆشتیت لەبری من چا بۆخۆتو بۆ منیش ئامادەبکەیت؟خۆ میوانیت لە ماڵەکەدا؟ ئەمجارە نەورۆز خەندەکەی گۆڕی بۆ پێکەنینو گووتی:من خۆم بەمیوان نەدەزانی، بەڵام تۆ منت بە میوان دانا. ئەی پێتنەگووتم"مرۆڤ چۆن بخوێنێتەوە کاتێ میوانی هەبێت". لەدوای مردنی ئەوینەوە بۆ یەکەم جار بوو نەمام بۆ گاڵتەو خۆشی بە نەورۆز بڵێت: چەتیو خۆ من وامنەگوتووە، ئەوە پەندەکە وای گوتووە. نەورۆز کەیفی بە دڵخۆشی نەمام دەهات، حەزیدەکرد زیاتر بیدوێنێت. گووتی: توخوا ئەوە پەندە یاخود قسەی خۆتە، بەڵام ئیترلەمڕۆ بە دواوە وەك پەندی پێشینان بۆ نمونە لەکاتی قسەکردندا دەیڵێین. پێش ئەوەی نەورۆز بڕوات زەنگی دەرگاکە لێدرا. نەمام گووتی: بەخوا ئەوە گۆڤەندو پەسەندە هاتنەوە، دایکتان کوێربێت دەزانم ئێستا چاکتان برسییە. نەورۆز هەستیکرد وەك جاران لەناخی دڵەو دەرونییەوە خەمی منداڵەکانێتیو وەك ئەوسا بە پەرۆشە بۆیان. ئەوان هاتنە ژورەوەوە، پاش کەمێکیش نەورۆز بە دڵئارامی چووە دەرەوە.

ژیان پەیوەستە بە دووبارەبوونەوەی ساتەکان، بەڵام کات بێخەمە لە تەمەنی ژیان، کەی تاقەتی لێیچوو دەستی لە کەمەری خۆی بەردەدات. زەمەن گالیسکەیەکە لەسەر هێڵێکی ڕاست هەمیشە بۆ پێشەوە دەڕوات. بۆ بەردەوام بوونی خۆی، دەمێك کات لە چاڵ دەنێت، دەمێك دەیخولقێنێت. ئێمە لەیەکەم ساتی دوای خولقاندنمان، هەنگاو بەرەو دابڕانو لە ناو چوون هەڵدەهێنین. لەناوچوونێك بۆ بەردەوام بوون کاردەکات. دووبارەبوونەوەش پرۆسەیەکی واقعی سروشتە لە هەموو دیاردەکاندا. قەدەرە سروشتییەکانیش هەر هەبوون، دووبارەش بوونەتەوە. بەڵام نابێت مرۆڤ هۆکاری قەدەربێت. ئەو کاتەی خۆمان دوورە پەرێز دەگرین ، ئەوە خۆمان لەقەدەرە خەیاڵییەکان لاداوە، بەرەو قەدەرێکی واقعی دەڕۆین.

ئەو ڕۆژانەی نەورۆز لەناو خەمەکانیدا بێئاگا بە چنگ بەختی خۆی دەڕنی، نەمام هێندەی نەورۆز دڵگرانو غەمگینبوو، سوێی ئەو ئازارەی چەشت بوو. قەدەر ئەمجارەش لەژیانی ئەو دوو خێزانەدا خۆی دووبارە کردەوە. ئەوان ئاوێتەی یەکتریببوون، خەمەکانیشیان هاوبەش بوو. نەمام لەپاش تێپەڕبوونی ئەو زەمەنەی کەپڕبوو لە خەمی هاوتای مەرگێکی ئازاراوی، بەهۆی لەدایك بوونی شادیو خۆشی دووبارە بەختەوەری بۆناو خێزانەکەیان گەڕایەوە، بەڵام ئەمڕۆ لەناو خەمەکانی نەورۆزدا هەموو بەختەوەرییەکانی تواونەتەوە. ئەمڕۆ نەمام لە هەوڵی ڕەوینەوەی خەمەکانی نەورۆزدایە. وەك نەورۆز دڵتەنگو غەمگینە، هەمیشە چاوەکانی پڕن لەفرمێسکی تەڕوگەرم کە لەناخێکی پڕ لە ئێشەوە هەڵدەقوڵێن. بەدەم هەنسکەوە تکای لە نەورۆز دەکرد ئەوە حوکمی سروشتە، هیچ گوناهێکی تۆی تێدانییەخوشکی

ئازیزم. بەبیرت دێت لە خەمەکانی ئەویندا چەند ئامۆژگاریت دەکردم، هەوڵدەدات بەدڵسۆزی خۆت ڕێگا لە خەمەکانمان بگریت نەچنە ناو بابەتە هەستیارو ناسکەکانی ژیانمانەوە. ئەمڕۆ من هەر هاوڕێکەی جارانتم کە وتەکانی خۆت دووبارە پێدەدەمەوە تاکو توشی ماڵوێرانیو سەرگەردانی نەبن. تۆش دەتەوێت ماڵە کە بکەیت بە دۆزەخ، ژیان لە کڵپەو چرا تاڵ بکەیت ، سوارە سەرگەردان بکەیت. لەبیرت دێت پێتدەگووتم"ژیان بە هەموو دیاردە جوانو ناشرینەکانیەوە دواجار دابڕانە، دابڕان لە هەموو شتێك، مردنیش دوا بەشی ژیانە کە حوکمی مرۆڤ لە ئاستیدا تەنها کات بە فیڕۆدانە". ئەوڕۆز تۆ لە هەموو کەسێك باشتر دەزانیت لەپاش ئەو کارەساتەی کە ژیانی ئێمەی هەژاند، بەگومان بووم لە ئایندە ئەگەر تاکە ڕۆژێکی ئاسودەی بۆ من پێمابێت. بەبوونی شادیو خۆشی هەموو ڕۆژەکانمان پڕن لە ئاسودەیو کامەرانی. تۆ هەرنەبێت چاوێك لەمن بکەو گوێ لە قسەکانی خۆت بگرە، بیری ئەو هەموو ئامۆژگاریانەت بکەوێتەوە. هەوڵو ماندوبوونی تۆ ئێمەی ئاسودەکرد. ئەو بەرنامەیەی بۆ دووبارە ژیانەوەی ئێمە داتڕشتبوو سەرکەوتووبوو. من هیچم لە تۆ ناوێت تەنها پەیڕەوی بەرنامەکەی خۆت بکە. بەگوێی ئامۆژگاریەکانی خۆت هەڵسوکەوت بکە. من دڵنیام هێدیهێدی ژیانت ئارام دەبێتەوە، من خاوەن ئەزمونی بەرنامەکانی تۆم. لەو سەردەمەدا هەرگیز نەم دەتوانی لەگەڵ سەروەردا پێکەوە بخەوین، خۆشەویستیودڵسۆزیو تکای ئێوە بوو کە ژیانی ئاسایمان دەستپێکردەوە، لەبری منداڵێك دوو منداڵمان بوو، ژیانیان پڕکردووین لە پێکەنینی شادیو دڵ ئارامی. ئێستا لە خۆشیەکانی ئەوان زیاتر ئاسودەترم کە هەوڵی دڵسۆزانەی ئێوەم بە فیڕۆنەدا. ئەوڕۆز گیان ژیان دابڕانو دووبارە بوونەوەیە. بەگژداچوونەوەی قەدەر بەردەوامبوونی ژیانە، هیواو ئومێدە بە ڕۆژانی داهاتوو. تکات لێدەکەم وانە لە ژیانی من وەربگرە کە بەرهەمی بیرکردنەوەو پەندو ئامۆژگاری تۆن، حەزدەکەم لێم تێبگەیت.

ئەو چەند ڕۆژەی نەمام لە ناو دونیا بێدەنگو ونبووەکەی سەروەردا ژیانی لەگەڵ خەمێکی تازەو دەرونێکی پەشۆکاوو گوناهباردا بەسەر دەبرد، سەروەر لەماڵی سوارەبوو، تەندروستی زۆر باشببوو. سەرقاڵی دۆزینەوەی چارەسەرێك بوون بۆ کێشەکەیان. زۆر بابەتیان تاووتوێ کرد، سەروەر بەهەموو مەرجەکان ڕازیبوو لە پێناوی گەڕانەوەی ژیانی ئاسایی بۆ خێزانەکەیان. دڵی لەلای نەمام بوو، وەك دایك بیری لە خەمەکانی نەمام دەکردەوە بەهۆی مردنی ئەوینەوە. زیرەکانەو واقعیانەش دیاردەی قەدەری هەڵدەسەنگاند. گەشتنە ئەو بڕوایەی گەڕانەوەی سەروەر بۆ ماڵەوە کەمێك دڵ ئارامی بە نەمام دەدات، بۆ ڕەوینەوەی خەمەکانو گەڕانەوەی ئاسودەیی

بۆ خێزانەکە، دروستکردنی منداڵێك دوا چارەسەر بوو. سەروەر بە پێشنیارەکەیانی قبوڵ کرد.
نەمام دووبارە بۆ تەواوکردنی ڕۆمانەکە دەستی کردەوە بە خوێندن، تاکو لەیەکێك لەلاپەڕەکاندا سەروەربدۆزێتەوە. نەمام ئافرەتێکی ڕۆشنبیرو هونەرمەندیش بوو. بەڵام بێهێزی ئیرادەی بەسەر دەرونیدا، هەندێك واقعی لە بیر دەبردەوە. هەستی بەنهێنییەکیش دەکرد لەقسەکانی نەورۆزدا کە پێیدەگووت"ڕەنگە لەناو ڕۆمانەکاندا سەروەر بدۆزیتەوە". نەمام زوو لە دونیای واقعی خۆی دابڕاو بەرەو کۆڵانەکانی ناو ڕۆمانەکە گلۆر بووەوە. وەك جاری پێشو یەك بینە خەریکی خوێندنەوە بوو. ناو بەناویش سوێی زامەکانی، ئازاری خەمەکانی دڵیان دەگوشیو لەبەر خۆیەوە دەیگووت: گەشتمە کۆتای ڕۆمانەکەو لەهیچ دێڕێکدا سێبەری سەروەریشم نەبینی. بەخێرای پەرەکانی کۆتایی کتێبەکەی هەڵدایەوە، چەند پەڕەیەکی کەمی مابوو لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە بێتەوە. دووبارە چووەوە ناو دونیای ڕۆمانەکە. ئەمجارەش هەر زەنگی دەرگاکە لە خوێندنەوەی پچڕاند. نەمام داوای لە پەسەند کرد کە دەرگاکە بکاتەوە. کەسێك پێشتر بە تەلەفۆن پێیڕانەگەیاندبوون کە سەردانیان دەکات، بۆیە گووتی ڕەنگە هەرهاوڕێی خۆیانبن. پەسەند دەرگاکەی کردەوە. نەمام گوێی لەدەنگی نەورۆز بوو، بەڵام باوەڕی نەدەکرد نەورۆز بەو درەنگە سەردانیان بکات کە نیوەڕۆی هەمان ڕۆژیش لەماڵیان بووە. پەسەند هاواری بۆ دایکی کرد: دایە پورە نەورۆزە. نەمام بە هاتنی نەورۆز سەرسام بوو، دڵخۆشیش بوو. ڕەنگە هەواڵی سەروەری بۆ هێنابێتم. نەمام کتێبەکەی بەدەستەوەبوو کە بەرەو دەرگاکە بۆ پێشوازیکردنی نەورۆز چوو. ئارەزوییبوو پیشانی نەورۆزی بدات کە خەریکی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەیە. بە ڕویەکی گەشەوە بەخێر هاتنی نەورۆزیکرد، کتێبەکەی دەستی بە جوڵەیەك پیشاندا کە سەرنجی نەورۆز ڕابکێشێت.
نەورز گووتی:هەر خەریکی خوێندنەوەی؟
نەمام لەگەڵ ئاهێکدا بە خەمەوە گووتی: چی بکەم، بەڵام تەنها ماندوی کردم، ئەگینا هیچ ئەسەرێکی سەروەرم لە لاپەڕەیەکدا نەبینییەوە، وا دەگەمە کۆتای ڕۆمانەکە.
نەورۆز بە ئاوازێك قسەی دەکرد پڕبوون لە هیوا، بە نەمامی گووت: بۆ هەرشتێکی ونبوو گەڕایت، دەبێت تاکو ئەوسەری ڕێگاکە بچیت، ئەگینا بۆ هەمیشە بەگومان دەبیت. ئەو چەند لاپەڕەیەی تر بخوێنەرە بەڵکو بدباتە سەر ئەو ڕێگایەی بەرەو لای سەروەرت دەڕوات.
نەمام بە نیگەرانییەوە گووتی: نازانم چی بڵێم؟ مرۆڤ کە ئیرادەی شکستی هێنا وەك ئێستای من دوای ئەفسانە دەکەوێت، وەك ئەو کەسەی لە ئاوێکی خوڕدا دەستی پەنا بۆ پوشێکی سوکەڵە دەبات.

نەورۆز بە تەوسەوە پێیگووت: هەقیقەتمان زۆر گووت، گوێت لێنەگرتین، واقعی حاڵەتەکانمان بۆ لێکدایتەوە هەر باوەڕت پێنەکردین، چارەنوسی داهاتوی خێزانەکەمان خستە بەر چاوت بێباك بوویت لە بینینی. ئێستاش دوای ئەفسانەکان بکەوە، بەڵکو بەختت باش بهێنێت. نەورۆز هەستی بە نارەحەتیو دڵگرانی نەمام کرد. دووبارە کەوتەوە قسەکردن: خوشکی خۆم بۆ نیگەرانی لە قسەکانم، هەموو کاریگەرییە خراپەکانم لە سەر داهاتوی خێزانەکەتان پیشاندایت، تەنها جارێك هاوڕێیەتی منت قبوڵ نەکرد کە ئێمەش هاوبەشی خەمەکان بووین، چونکە ژیانمان ئاوێتەی یەکتری بووە. ئێستاش بۆ ئەوە هاتووم کە پێتبڵێم دوا شانس لە دەستماندا ماوە کە نابێت بەفیڕۆی بدەین. نەمام وەك منداڵێك بەرامبەر بە نەورۆز دەپاڕایەوە. ئارامی نەگرت نەورۆز قسەکانی تەواو بکات، بە پەرۆشەوە گووتی:

نەورۆز گیان چ شانسێکمان ماوە؟ قسەم بۆ بکە، هەواڵی سەروەر دەزانیت؟...

نەورۆز لەسەرخۆ گووتی: ئارام بگرە خوشکی خۆم، هەموو شتێکت بۆ باسدەکەم. من تۆم هاندا بۆ خوێندنەوەی ڕۆمانەکان تاکو هەستبکەیت لەدەرەوەی ژیانی تۆ دونیایەکی تریش هەیە پەیوەست بە مرۆڤەکان خۆیان کە دەرئەنجامی ڕوداوەکانیان هاوتای خەمەکانی تۆ گەورەو سەختو بە ژانن. من ویستم هەرنەبێت ڕۆژانە چەند کاتژمێرێك بە خوێندنەوە سەرقاڵبیت، هەرنەبێت ماوەیەك لە خەمەکانت دابیڕێیتو دڵت ئارام بێتەوە. ئەمانە نهێنی خوێندنەوەی ڕۆمانەکانن. ژیان دابڕانە، بۆ بەگژداچوونەوەی دابڕانیش بەردەوامبوونە بەژیان بە خۆ دووبارەکردنەوە. نەمام گیان ئەمجارە بەقسەم بکە. نەمام بە پەشۆکاوی گووتی:

چیت بە قسەبکەم؟ خۆتۆ هیچت پێنەگوتووم. نەورۆز گیان بەردەوام بە.

نەورۆز هەستی بە گۆڕانی نەمام کرد کە لە ناخەوە دەیەوێت لەو ژیانە دەربازبێت. بە هێمنی پێیگووت: بەگژ مەرگو دابڕاندا بچۆرەوە بۆ بەردەوامی ژیان. خۆتان دووبارە بکەنەوە لەناو گیانێکی تردا. هەوڵی دروستکردنی منداڵێك بدەن. نەمام ناو چەوانو برۆکانی بەسەر یەکدا گرژکرد، وەك لەشتێك ڕامانێت یاخود پێی سەرسامبێت. ئەمجارەش بە دەنگێکی غەمبارەوە گووتی:

نەورۆز گیان من نیگەرانی بێسەرو شوێنی سەروەرم، گووتم ئاخۆ باسی چیم بۆ دەکەیت؟ دووبارەبوونەوەی چیو منداڵ لەگەڵ کێ دروست بکەم؟ خوا دەکات جارێ هەواڵێکی سەروەر لە شوێنێکەوە دەبیستم...ئەوسا بڕیاری شتێك دەدەین.

نەورۆز بەو حاڵەی نەمام خۆشحاڵ بوو، تەواو لەناخی دڵی تێگەیشت. خەمەکانی نەمام ببوون بە خەمی سەرهەڵگرتنی سەروەر. نەمام پێیوانەبوو بەئاسانی سەروەر بدۆزێتەوە بەو وەزعەوە کە ماڵەکەی بەجێهێشت. هەندێك جار وا بیریدەکردەوە لە ناکاو لە نەخۆشخانەیەکەوە تەلەفۆنی بۆ دەکرێت. بە پەشۆکاویوگریانەوە ڕوو لە

خەستەخانەکە دەکات، لەسەر چەرپایەك سەروەر دەبینێت پاڵکەوتووە وەك یەکەم ڕۆژکە لە ئیسپانیاوە گەیشتە لەندەن، چاوەکانی زەق بەرامبەر بەنەمام کردۆتەوە. نەمام دەڵێت: سەروەر گیان ئەوە منم، نەمامم. چییە دەڵێی نامناسیتەوە؟بۆچی وا بێدەنگ تەماشام دەکەیت؟ نەمام لە هەمووشتێك بێئومێد بووە، باوەڕی بەخۆشی‌نەماوە. چاوەکانی بەرامبەر بە سەروەر پڕن لە ئەسرین. لەبەر خۆیەوە دەڵێت:دڵنیابووم یەکەم جار بێ‌هەست بوویت، ئاگاداری دونیای خۆت‌و من نەبوویت، بەڵام باش دەزانم ئێستا لێم زویریت‌و ناتەوێت بمدوێنیت. توخوا سەروەر گیان ڕووتم لێوەرمەگێڕە، منیش ئەمڕۆ پێویستم بەتۆیە لە تەنیایدا دەرمبهێنێت. بۆچی ماڵەکەت بەجێهێشت‌و منت لەگەڵ خۆت نەبرد. نەمام بەدەنگی نەورۆز دادەخورپێت.
نەمام ئەوە بیر لە چی دەکەیتەوە؟ من دەبێت بڕۆم. دڵنیابە دواین لاپەڕەکانی ڕۆمانەکە دەدگەیەنێت بە سەروەر. لە تەواوکردنیشی ئاگادارم بکەرەوە، ڕەنگە دواین دێڕمنبم کە دەسست بگرم بۆلای سەروەرت بەرم، یاخود دەستی ئەو بگرم بۆتانی بهێنمەوە. شەو دڕەنگ بوو، نەورۆز نەمامی بەجێهێشت. نەمام جارێکیتر چووەوە ناو دونیای خەمو تەنیای‌و لێکدانەوەی نهێنییەکانی ناو ڕۆمانەکە تاکولەسەر جێگا ساردو تەنیاکە چووە ناو خەوێکی غەمگینی ترەوە.
شەوی دواتر، دواین شەوی ڕۆمانەکەبوو. نەمام هێدی‌هێدی هەستی بە ئاسودەبوونی ڕۆحی دەکرد لەناو دونیای ڕۆمانەکەدا، بەڵام ئاواتەکانی خۆی لە هیچ دێڕێکدا نەدەبینی. دوا وشەی لە ڕۆمانەکەدا کرد بە ماڵئاوای‌بۆ ئەو کوڕە. ئیتر شتێك نەمابوو کە چاوەڕوانی بکات، جگە لەوەی نەورۆز ئاگادار بکاتەوە. هێشتا ڕۆمانەکەی بەدەستەوە بووکە تەلەفۆنی بۆ نەورۆز کرد. نەورۆز گیان لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە تەواو بووم، لەبەرگی دوای کتێبەکەش سەروەرم نەدۆزیەوە. هیچ وشەیەکیش ئاماژەی بە دۆزینەوەی ڕێگایەك نەدا بەرەو لای سەروەرم بەرێت، . نازانم تاکو کەی چاوەڕوانبم؟
نەمام گیان ئەم‌شەو دوا تەمەنی خەمەکانتە ئەگەرهێندە ئارامت هەبێت چاوەڕوانی هاتنی من بکەیت. دەمەوێت دوالاپەڕەی ڕۆمانەکە بخوێنیتەوە ، ڕەنگە من دواین لاپەڕەبم کە سەروەر لە نێوان وشەکانمدا بدۆزیتەوە. نەمام لە پاش تەلەفۆنەکە ماوەیەکی کەم لەناو جۆرەها دیاردەی جیاوازو بیرکردنەوەی ئاڵۆزو دژ بەیەکتری چاوەڕوانی هاتنی نەمام بوو. زەنگی دەرگا لێدرا. پێش ئەوەی نەمام دەرگاکە بکاتەوە، سەروەر کلیلی ماڵەوەی پێبوو، بە ئەسپای دەرگاکەی کردەوە. لەو کاتەدا نەمامیش گەشتبووە بەردەم دەرگاکە. بەکردنەوەی دەرگاکە سەروەرو نەمام بەرامبەر بەیەکتری ڕاوەستابوون، توند ئامێزیان بەکتردا کرد، تاسەی دووری‌و خەمی دەرونیان لە ئامێزی گەرمو ماچی تەڕدا تواندەوە. سوارەو نەورۆزو گۆڤەندو پەسەند

هێشتا لەپشت دەرگاکەوە ڕاوەستابوون. بەخەندەوە کە پڕبوو لە گریانی شادیو ئاسودەی تەماشای یەکتریان دەکردو گوێیان بۆ ئاوازی هەنسکی ئەوان ڕاگرتبووکە لە کانگای دەرونێکی بەسۆزو دڵێکی پڕ لە خۆشەویستی هەڵدەقوڵا. کڵپەو چرا دەمێك بوو لەلا باڵی ئەوانەوە خۆیان گەیاندبووە ژورەوە بۆ لای گۆڤەندو پەسەند. نەمامو سەروەر دەستیان لە ملی یەکتر بەردا، شەرمەزاری لای نەورۆزو سوارەبوون کە قەدەرێك لەدەرەوە چاوەڕوانی ئەوانیان کردبوو. بەپێکەنینێکی شادی کە بەر هەمەی ئاوێتەبوونی دڵو ڕۆحیان بوو داوای لێبوردنیان کرد. بۆ ئەوان زۆر ئاسایی بوو، لە ئاسایی زیاتریش بەو دیمەنە شادمانو دڵ کراوەو خۆشحاڵبوون.

ئەو شەوە بۆ ساتێکی کەم هەموویان پێکەوەبوون، ساتێك بوو کە مرۆڤ ئاواتەخواست بوو هەموو تەمەنی خۆی بەو ساتانەدا تێپەڕێنێت. پێکەنینوشادی لەناخیانەوەبوو، ناخیشیان ئاوێتەی یەکتری ببوو. هەرکاتیش فەرزی کردن کە لە یەکتری جودابینەوە. شەو درەنگ بوو، سوارەو نەورۆزو منداڵەکانیان بەرەو ماڵی خۆیان گەڕانەوە. گۆڤەندو پەسەندیش دەمێك بوو چاوەڕوان بوون شەوێك ڕۆحیان بە خەوێکی شادی بسپێرن، ئەمشەو شەوی ئەوان بوو، بەئاسودەیی زوو خەوتن. نەمامو سەروەریش لە بێدەنگی شەوێکی پڕ هیواو چاوەڕوانیدا بۆ جارێکیتر چوونەوە سەر جێگا ساردو تەنیاکەی ئازارو خەمی شەوانی پێشو، لەپێکەنینێکدا ئاوەدانیان کردەوەو بەیادی جاران لەناو کەژاوەی خۆشەویستیدا لەیەکتری ئالان. ئەوە شەوی بەگژداچوونەوەی ڕقو خەمبوو، بەگژداچوونەوەی دابڕان بوو. هەر ئەو شەوەش دەسپێکی خوڵقاندنی "شادیو خۆشی"و دووبارە بوونەوەی ژیان بوو.

12

# گـوڵـه لاولاو

ئەو ئێوارەیەی سەروەر ڕۆمانی "خەمەکان دەبن بە گوڵ"ی بۆ نـەمام هێنایـەوە، لەپاش نانخواردن نەمام تاکو شەوگارێکی درەنـگ خـەریکی خوێندنـەوەی ڕۆمانـەکە بوو. نەمام لـەمێژبوو لـە نهێنـی خوێندنـەوەی ڕۆمانـەکان تێگەشـتبوو . ئـەم شـەویش چووەوە ناو دونیای ڕۆمانەکەی دەستی . بێئاگابوو لەکاتو شوێنی خۆی. نـەیدەزانـی لەکوێدا دانیشتووەو ماڵەکە کێیتێدایە. ڕوداوەکانی ناو ڕۆمانەکە سەرسامیان کردبوو، هـەنـدێك جـار پێیوابـوو سـەروەر ڕۆمانـەکـەی نوسـیبێوە. دەیگـووت نـەخێـر چۆن لەماڵەکەدا بەم هەموو پەڕانە ڕاگەشتووە کە ڕەشیان کاتەوە من ئاگادار نـەبووم. نـا سەروەر نەینوسیوەتەوە، بەڵام دڵنیام سوارە نوسیویێتی، یاخود کـەسێك کـە ئاگاداری ژیانی ئێمەیە. ڕوداوەکانی ناو ڕۆمانەکەو نـاوەڕۆکـی هاوشێوەی بەسـەرهاتی ژیـانی ئەمان بوون. هەرچەدە نەمام بـەشێکی کـەمـی لـە ڕۆمانـەکە خوێندەوە. ژیـانی ئـەمان لەنـاو ڕۆمانـەکەدا نوسرابووەوە، یاخود نـاوەڕۆکـی ڕۆمانـەکە لـەسەر ژیـانی ئـەمان نوسـرابێتەوە . مـاری زسـتانێکی سـەخـت سـڕی ڕوداوەکـانی ببـوو. جاربـەجارێـك لاشـعوری بـانگی سـەروەری دەکـرد"سـەروەر". دەنگـی ئـاوازی سـەرسـامی تیـا دەبیستـرا. سـەروەر تێدەگەیشت مەسـەلـە چییـە، وەڵامیشـی دەدایـەوە: هـا نـەمـام بزانم چیتدەوێـت؟ بـەڵام نـەمـام لـە ژورەکـەدا نـەبوو، لـەنـاو ڕۆمانـەکـەدا بـوو. مرۆڤـی نـاو کتێبـەکـانیش دەنگـی دەرەوە نابیسـتن. لـە بـەختـی ئـەم شـادیو خۆشـی تـاکو ئـەو کاتـە خەوتبوو، بـەدەنگـی گریـانی ئـەوانیش لـەنـاو دونیـای ڕۆمانـەکە نـەهاتـە دەرەوە، هـەر گوێشـی لـە دەنگـی گریانیـان نـەبـوو. پـەسـەنـد بـە بۆڵـە بـۆڵ هـەردووکیـانی هێنایـە خـوارەوەو ڕوویکردە دایکی: ئـەوە تۆ لـەکوێیت؟ ئـەو دوو منداڵـە لـەوساوە دەگـرین، دەڵێی هەر لەماڵەکەشدا نیت.

نەمام بەناچاری هەردوکیانی لە باوەش گرت، بەبێزارییەوە گووتی: خۆ هەر من لە ماڵـەکـەدا نیم، ئـەوا من ئیشم هـەبـوو بـا ئێوە خـەریکیـان بـن. سـەروەر بـەرامبـەری دانیشـتبوو، وەك نـەیبینێـت هـەواڵـی پرسـی: ئـەی باوکتـان لـە کوێیـە؟ سـەروەر سەریسوڕمابوو، ئـەم بـەڕاستێتی نایبینێت یاخود بـە تـەوسـەوە پرسیار دەکـات. بـەڵام نەمام هیچ خۆی گێل نەکرد، ئیتر سەروەر هەستیکرد نەمام نـەیبینیوە بـەدەنگـی بـەرز

گووتی: باوکیان لێرەنییە ، لەناو ڕۆمانەکەدایە. نەمام هەموو ئەرکەکانی شادیو خۆشی لە ئەستۆی خۆی گرتبوو. زیاد لە سۆزی دایکایەتی خۆشیدەویستن، هەر لەسەرەتای بوونیشیانەوە تەنها خۆی بەخێویدەکردن. ئەم ڕەفتارەی نەمام هەل بوو کە سەروەر بێدەنگ نەبێت. گووتی: نەمام گیان بۆڵە بۆڵە بۆڵی چیتە؟ خۆت بەو جۆرە فێرت کردوون. تەنانەت بەدەستی خۆشت نەبێت شیریش ناخۆن. نەمام هەر لە سەرەتای دروستبوونی سکی خۆشەویستی بۆ کۆرپەلەکەی ناو سکی هەبوو. ئارەزوییبوو کە کچی ببێت، وەك ئەوین وریاو ئێسك سوك بێت. لەکاتی کۆنترۆڵی مانگانەدا شەرمی پێدەهات کە پرسیار لە خوشکە سستەرەکە بکات. حەزی مرۆڤ بۆ بوونی کوڕ ئەو پرسیارەی لە گۆشەی شەرمەزاریدا بەند دەکرد. سەیرە مرۆڤ زۆرجار شانازیو حەزی شەرمەزاربوونی هەبێت. نەمام لەسەردانێکیدا بۆ نەخۆشخانە، هەلی ئەو پرسیارەی بۆ هەڵکەوت کە بپرسێت کۆرپەلەکەی سکی کچە یاخود کوڕ، بەڵام پێش ئەوەی خوشکە سستەرەکە بە گومانەوە تەماشای بکات، نەمام کورتەیەك لە بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕایەوەو گووتی: من حەزدەکەم کچم ببێت. خوشکە سستەرەکە بە دڵێکی پڕ لەسۆزەوە ئاواتی ئارەزووەکەی بۆ خواست. لەپاش کۆنترۆڵکردن بە خەندەیەکی میهرەبانانەوە خوشکە سستەرەکە پێیگووت: کۆرپەکەت وەك خواستی خۆتە، بەڵام بە پێچەوانەوەش. نەمام گووتی: باشترو ئاسانتر بۆم ڕونبکەرەوە. هەر بەو ڕووە گەشو شیرینەوە گووتی: مژدە. . . سکی تۆ دوانەیە، کۆرپەلەکان کوڕو کچن.

ڕۆژ بەڕۆژدڵو دەرونی نەمام دەکرایەوە. قەستی بوو زەمەن زوو تێپەڕێت تاکو بە دیداری کۆرپەلەکانی شاد ببێت. ماڵەکەیان پڕببوو لە شادیو خۆشی. هەرکەسێك بەو کۆڵانەشدا ڕەتبوایە هەستی بە هەناسەی بەختەوەریو شیرین دەکرد. دوعاو نزای بۆ نەورۆز دەکرد وەك هاوڕێیەکی دڵسۆز پەلی گرتو بۆ ئەم باخچە ڕەنگاو ڕەنگو پڕلەگوڵو گوڵزارەی ئەم ژیانە نوێیەی هێنا. نەورۆز هێندەی نەمام ئاسودەبوو بە شادومانیو کامەرانی ئەوان. بەری ڕەنجو ماندوبوونی خۆی لە چاوە پڕشنگدارو ڕوخسارە گەشەکەی نەمامدا دەبینی. ئاواتە خواست بوو ئەو شادیو خۆشییەی ماڵی نەمام هەمیشە بێت، بۆیە داوای لە نەمام و سەروەرکرد کە هەردوو منداڵەکە ناو بنێن"شادی، خۆشی".

ژیانی ماڵی نەمام بەهۆی قەدەرێکی ناوەختی بەرهەمی ئەقڵی مرۆڤە گەوجەکان، دووبارە جێگای بە بەختەوەریان هەڵکەند. مەرگی لارە تەنها خەم نەبوو بۆ نەورۆزو سوارە، دڵی هەموو کەسێکی تەزاند بەتایبەتی ماڵی نەمام کە تازە باری خەمێکی گەورە لە ئەستۆیان ببوەوە بەسەر خۆشی وشادی لەدایك بوونو گەشەکردنی هەردوو کۆرپەلەکەیاندا کەوتبوون. ژیانی ئەو دوو خێزانە بەجۆرێك ئاوێتە ببوو

خۆشی و ناخۆشی هەرلایەکیان هی هەردووکیان بوو. خەمەکانی لارە هێندە گەورە بوو، هێندەی ماڵی نەورۆز بەر ماڵی نەمامیش کەوتوو. نەمام زۆر ماندو بوو لەگەڵ ئازارەکانی نەورۆزدا، دەیویست ئەزمونی ژیانی خۆی کە بەرهەمی پەیڕەوکردنی بەرنامەکانی نەورۆز بوو، دووبارە لەسەر ژیانی نەورۆز ڕەنگبداتەوە. نەمام دڵنیابوو خۆشی ژیان دەگەڕێتەوە، بەڵام ئازارەکانی مەرگی منداڵی بەدڵ چەشت بوو، پێوابوو هەروا ئاسان نییە کە دایك لەبیری بچێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ ناکرێت لەگەڵ ڕابردووی لەدەست چوو، هەوڵی بێوچان باشترین دەرمانی ئەو دەردەیە لەلایەن کەسانو هاوڕێی دڵسۆزەوە لێنەگەڕێن تەنیای و خەم ئەو کەسە بکوژن. نەمام ڕۆژگاری ڕابردوی خۆی تاکو ئەو ساتە دەکرد بە چیرۆکو بۆ نەورۆزی دەگێڕایەوە. نەورۆز هەموو قسەکانی نەمامی بە بەهاو پیرۆز وەردەگرت، هەموو قسەکانیشی وشەبە وشە بیرمابوو کە ڕۆژگارێکی پێشتر خۆی بۆ ڕەوینەوەی خەمەکانی نەمام وتبوونی. نەمام دەیگووت: نەورۆز لە یادت ماوە پێتدەگووتم باماڵەکە وێران نەبێتو منداڵەکانیش سەرگەردان نەبن، بە گژ مەرگدا بچۆرەوە، بەردەوامی بە ژیان بدە. کارێك مەکە توشی بەڵایەکی تربببیت ئازەرەکانی خەمی ئێستات لەبیر بەرێتەوە، وەك من بەرۆشتنی سەروەر توشی خۆم کرد، بەڵام ئێمە زوو بە خۆماندا ڕاگەشتین بەهۆی هەوڵی دڵسۆزانەی ئێوە.

خەمەکانی لارە هەر لە سەرەتادا دەرکەوتن کە دەبوون بە گوڵ، بەڵام کەمتر هەستیان پێدەکرا. لەگەڵ هەستکردندا خەمەکانیش کاڵدەبوونەوە، هەڵبەت هەوڵەکانی نەمامو سورارەش کاریگەری خۆیان هەبوو. نەمام ئەزمونی لەو بارودۆخە شێواوەدا هەبوو. تکای زۆر لە نەورۆز دەکرد: نەورۆز گیان ئەم خەموخۆکوشتنە ئیتر بەسە، باوەڕت هەبێت خەم خەم دەهێنێت. منت بیرچۆتەوە؟ نە زەمەنێکی ئەوەندە دوورە، نە من کەسێکی دووربووم لە تووە. ئێستا دان بەو ڕاستییەدا دەنێم چەندە پەشیمان بووم لە ڕەفتارم کە سەروەرم بەوە دەردەبرد. ئەوەندە هەقی خۆم بوو وەك دایکێك فرمێسکە قەتیس ماوەکانی هەناوم بەشینو گریانەوە هەڵبرێژم، بەڵام باقی ئەندامەکانی تر گوناهیان نەبوو ڕۆحیانم بە ئازارەکانی خۆمەوە بەستبووەوە. تۆش ئاگاداری ئەو منداڵانەیتربە، لەنازی دایکانە بێبەشیان مەکە. نەك بەتەنها هەر ئەوان، سوارەش لە هەمووکات زیاتر پێویستی بە دڵئارامی تۆ هەیە.

خەمەکانی لارە بەپێی تێپەڕبوونی زەمەنو کاریگەری دەوروپشت بەتایبەتی ماڵی نەمام، سوارەش خۆی زۆر هەوڵیدەدا نەورۆز لەو دەریا خەمە دەربهێنێت کە تێیدا نقوم ببوو، وردەوردە بەرەو کەنار پەلی دەربازبوونی دەهاویشت. سەرهەڵدانی گوڵەکانیش لەناو خەمەکاندا ئەو نهێنییە ئەفسوناوییەبوو کە نەورۆز هەرگیز لارە لەیاد نەکاتو گرنگییەکی پیرۆزیش بەو دیاردەیە بدات کە خەمەکان دەبوون بە گوڵ.

ڕۆمانی"خەمەکانی دەبن بە گوڵ" نهێنییەکی تربوو کە هەموویانی سەرسام کردبوو. زۆرجار نەورۆز گومانی دەکرد ڕەنگە نەمامو سوارە کەسێکیان ڕاسپاردبێت بەسەرهاتی ئەوان لە شێوەی ڕۆمانێکدا بنوسێتەوەو تێکەڵ بە نهێنییەکانی تربێت کە خەمەکانی لارەیان دەکرد بە گوڵ تاکو نەورۆز ئەو دیاردەیە بە ڕۆحیانیو پیرۆز لێکبداتەوەو خەمەکانی برەوێنێتەوە. نەمامو سوارە بە پەرۆشەوە سوێندیان بۆ دەخوارد کە ئاگاداری نوسینی ئەو ڕۆمانە نین. سوارە دەیگووت:ئەم ڕۆمانە نوسەرێکی فەرەنسی نوسیویەتی پێش چەند ساڵ لەمەوبەر، ئێستا وەریانگێراوەتە سەر زمانی کوردی، پێش ڕوداوی مەرگی لارە، سەیری بەرگی کتێبەکە بکە. . ! بزانە کەی چاپکراوە؟

دواین هەوڵی نەمام سەرقاڵکردنی نەورۆز بوو بە خوێندنەوەی ڕۆمانەکان. ئەوەش هەر بەرنامەی نەورۆز خۆیبوو لە زەمەنی خەمەکانی نەمامدا بۆئارامکردنەوەی ڕەوشی نەمام وەك دوا چارەسەر پێشنیاری کرد. وانەیەکی سەرکەوت بوو کە نەمام کەڵکی لێوەرگرتو نەورۆزیش پێیخۆشحاڵبوو ئاسودەبوو. نەورۆز نەیدەتوانی لەئاستی بەرنامە کۆنەکەی خۆیدا بێخەمیو بێبەهای پیشانبدات. یەکەم ڕۆمان کە سەروەر بۆ نەمامی هێنایەوە ڕۆمانی"خەمەکان دەبن بە گوڵ"بوو. نەمام ئەو شەوە تاکو درەنگ خەریکی خوێندنەوەی ڕۆمانەکە بوو. پێیوابوو یەکەم ڕۆمان دەبێت کە کاریگەری لەسەر وەزعی نەورۆز هەبێت. ئەو شەوە نەمام لە دۆخێکی سەرسامیدا ڕۆژی کردەوە. سەد جار بەسەروەری گوتووە" چ ڕێکەوتێکە پەیدا بوونی ئەم ڕۆمانە لەم کاتەدا، ڕەنگە ڕێکەوت نەبێت بەختی ئێمە باشی هێنابێت. ئای خودایە چ بە ختێك؟ بە ناشوکری نەبێت هەرئەوەندەی پێمان خستە ناو ڕۆژێکی خۆشو بەختەوەر، کارەساتێك وەك قومبلە پێماندا دەتەقێتەقەوەو لەناخەوە هەموو خۆشییەکان دەردەهێنێت. نەمام زۆر دڵخۆش بوو بە ڕۆمانەکە وەك دیارییەك بۆ نەورۆزی ببات. بەیانی دوای نان خواردنو بە ڕێکردنی گۆڤەندو پەسەند بۆ قوتابخانە، زەنگی بۆ نەورۆز لێدا. نەمام بە دڵێکی فراوانەوە خۆی بۆ دواندنی نەورۆز ئامادەکردبوو. نەورۆز بەپێچەوانەوە، بەدەنگێکی کزو خەماویو دڵپەستو گریانەوە وەڵامی نەمامی دەدایەوە. نەمام بەڵێنی پێدا هەر ئێستا سەردانی دەکات. ئەو ڕۆژە سەروەر لەماڵەوەبوو، نەمام خەمی دوو منداڵەکەی"شادیوخۆشی" نەبوو. بە پەلە خۆی ئادەکرد بۆ ماڵی نەورۆز بچێت. سەروەریشی ئاگادار کرد کە دەبێت بە خێرای سەردانی نەورۆز بکات. سەروەرخەمی دوو منداڵەکەی بوو کە نەتوانێت خزمەتیان بکات. بە نەمامیگووت: چی لەو منداڵانە بکەم؟ نەمام زۆرشپرزەبوو، بە توندی گووتی: ئەی من چی لە نەورۆز بکەم لەم دورەوە؟ خەمی ئەوانت نەبێت تازە خەوتوون، ڕەنگە تاکو من دێمەوە هەر خەبەریشیان نەبێتەوە. سەروەر گووتی: کە

تـۆ ڕۆشـتی وا زوو دێیتـەوە ئـەمـان هـەر خـەوتبێتن؟هـەرگیـز بـاوەڕ ناکـەم. نـەمـام ئامادەبوو بۆ ڕۆشتن، هاتە بەردەمی سەروەرو گووتی: سەروەر گیان دەبێت تێبگەیت من بۆکوێ دەچم؟ دەچم بۆلای نـەورۆز ڕۆمانـەکـەی بـۆ دەبـەم. ڕەوشـی زۆر خـراپ دیـاربوو کـە قسـەم لـەگـەڵدا کـرد، بـەڵێنم پێدا هـەر ئێستا بچم. ئـەوە نـەورۆزە، ئـەو ئـافرەتـەی هـەمیشـە بـە گـەورەی خـۆی تـەنیـای دەرونـی ئێمـەی پـڕ کـردبـۆوە، بـەدڵ هاوبەشی خەمەکانمان بوو. کۆڵێنـەدا تـاکو دوا خـەمـی لـە ناخماندا وەدەرنـا. سـەروەر لەوە زیاتر ئارامی نـەگرتو گـووتی: بـەسـە بـەس ماڵئاوابێت، کـەسێك گـوێی لێتبێت وادەزانێت من ڕێگات لێدەگرم. هەموو ئـەو شتانە دەزانـم، تـۆتازە بۆم دەگێڕیتـەوە. ئێمەو ئەوان یەك خێزانین، کێیان هەیە لە ئێمە زیاتر لەم مەملەکەتـی غوربـەتـەدا؟ من تەنها مەبەستم منداڵەکان بوو، خۆت دەزانیت لەلای خۆت نەبێت ئـارام نـاگرن. پێشت نـەگووتم کـە نـەورۆز ڕەوشـی بـاش نییـە. نـەمـام زۆر بـە پـەلـە بـوو. هـەر ئـەوەنـدەی گووت: سەروەرگیان ناهەقیم لێمەگرە، نەورۆز منیشی بـە خۆیـەوە پـەشـۆکان. ئـەگـەر منداڵـەکـانیش خـەبـەریـان بـووەوە، شـیرێکیان بـۆ بکـە، مـن دەبێـت بـڕۆم. کتێبـەکـەی بیرچوو، لەسەر مێزەکە دایـنابوو. سەروەر بە پـەلـە کتێبـەکـەی بۆ بـرد. هێشتا چـەند هەنگاوێك لە ماڵـەوە دوور کـەوتبـووەوە. نـەمـام نـەمام، وەرە ڕۆمانـەکـەت بیـر چـوو . نەورۆز بەتەنها خۆی لـە ماڵـەوە بـوو. ئـەو کاتـەی نـەمـامیش گـەشتە ماڵیـان ئـەو هـەر دەگریا. بەدەمگریانەوە داوای لێبوردنی لەدایکی دەکرد. گریانێکی بەکوڵ کـە نـەمـام بـە ئاستەم لە وشە پچڕپچڕەکانی تێدەگەشت. نەمام هەرچۆنێك بوو حـاڵیبوو کـە نـەورۆز ئـەم بـەیانییـە پـەیوەنـدی بـە مـاڵی خۆیانـەوە کـردووە بـۆ هـەواڵـی دایکـی کـە نیـازیبووە سەفەری حەج بکات. خوشکەکەی نەورۆز بەنەمام دەڵێت: ئەو فڕۆکەیـەی کـە دەبوایـە ئەمڕۆ لێرە ئامادەببوایە بۆ گواستنەوەی ئـەو گرووپـەی کـە دایکیمـان لـەگـەڵدایـە، پێش گەیشتنی بە ئاسمانەوە کەوتۆتە خوارەوە، لەبەر ئەوە سەفەرەکەی ئەمان چەند ڕۆژێك دوادەکەوێت. نەورۆز لەتاو خەمو پەشۆکاوی باری دەرونی خۆی هەواڵەکە پێچـەوانـە وەردەگرێت. چاوەڕوانی وشەکانی دوای خوشکەکەی ناکات تەلەفۆنـەکـە دادەخاتـەوەو دەیکات بە شینو شـەپۆڕ. نـەمام بـەگومـان بـوو لـە هـەواڵـەکـە. بـەبـێ ئـەوەی نـەورۆز ئاگادار بێت لە ژوورەکانی سەرەوە تەلەفۆنی بۆ مـاڵی بـاوکی نـەورۆز کـرد. ئـافرەتێك وەڵامی تەلەفۆنەکەی دایەوە. نەمام خۆشییەك بە دڵیدا هات، وەك بەم دەنگە ئاشنـابێت، گووتی: من نـەمامم هاوڕێی نەورۆز لە لەندەنەوە قسـەتـان لـەگـەڵدا دەکـەم، حـەزمکـرد لـــــــــــەگـــــــــــەڵ دایکــــــــــــی نــــــــــــەورز قســــــــــــەبکــــــــــــەم.

فەرموو...من دایکی نەورۆزم نەمام خان. نەمام لـەخۆشـیدا وەختـەبوو بـاڵی دەگـرت. ئەوەندە بۆ ئەو زۆربوو. لەوەزیاتریش مەگەر بە تەلی تەلەفونەکەدا تـاکو مـاڵی دایکـی

نەورۆز بچوایە. نەمام ئارەزوییبوو زوو تەلەفۆنەکە دابخاتەوەو مژدە بە نەورۆز بدات. نەمام گووتی
پوریّ گیان لەنەورۆزم بیست کە سەفەری حەج دەکەن، تەنها ویستم پیرۆزبای ئەو سەفەرەتان لێبکەم. ئێستاش بۆلای نەورۆز دەچم ئەگەر کارێکتان پێی هەبێت؟
نەمام خان ئێوە ماندو بوون بەتەلەفۆنی منەوە ، من زۆر سوپاستان دەکەم. ئەم بەیانییە نەورۆز خۆشی تەلەفۆنی کردبوو، بەڵام من پێڕانەگەیشتم کە قسەی لەگەڵدا بکەم، "تەلەفۆنەکە داخرابووەوە". تەنها هەواڵی بپرسە، وەك خوشکێکیش ئاگاداری بە، دەزانم زۆرغەمبارە، تەنیایە ئەوەندەی تر خەمەکانی دەیکوژن. سەفەرەکەی ئێمەش بۆ چەند رۆژێکیتر دواکەوت.
نەمام کە هاتەوە هۆڵەکە نەورۆز لە گریانو شینی خۆیدا بوو. بۆ ئەو رۆژانە دەگریا کەدایکی لەناو خەمی ئەودا کزومات وەك منداڵ لێیدەپاڕایەوە کە هێندە خەمەکان توند بە کۆڵیەوە نەگرێت گۆشتو ئێسکانی برزێنێت. نەمام خۆی لێئاشکرا نەکرد، هەوڵیدا ئارامی بکاتەوە، بەڵام نەورۆز بەردەوام دەگریاو گلەیی لە بەختی خۆی دەکرد. شینو گریانی بۆ دایکی بوو. نەمام وەك کەسێك گرەوی بردنەوەی لە دەستابێتو پاداشی گرەوەکەش بۆ نەورۆز بێت، بەتوندیو رەقی بەگژ شینو شەپۆرو گریانەکەی نەورۆزدا چووەوە. بەدەنگی بەرز هاواری بەسەردا کرد: بەسە بەس ئەم گریانە، مێشکمان چوو، کەس نازانێت بۆچی دەگریت؟تەنها خووت پێوەگرتووە، چەند جارم پێگووتیت هەوڵبدە بەسەر خەمەکانتا زاڵبییت، خەم خەم دەهێنێت. جارێك نەبوو هاوڕێیەتی منت لەبەر چاوبێت، کەرەتێك بەگوێی قسەکانی خۆتت نەکرد، تەنها وشەیەکت لێوەرنەگرتم. وانەیەك لەمن وەربگرە لەسەردەمی خەمەکانو دوای بوونی شادیوخۆشی. منیش باوەرم نەدەکرد لە دوای مردنی ئەوین جارێکییتر خۆشیو کامەرانی بێتە ژیانمەوە، بەڵام زۆر بە پێچەوانەوە، هەموو ساتەکانی ژیانم پڕبوون لە شادمانیو هیواو پێکەنین. نەورۆز گیان . . . تۆ هاوڕێیەکی دڵسۆزی من بوویت، لەوڕۆژگارەدا زۆر ماندو بوویت لەگەڵمدا ئێستا قەرزاری تۆم. دەمەوێت هەموو قەرزەکانت پێبدەمەوە. دەمەوێت ڕووبەڕوی مەرگ بیتەوە، بەگژ دابڕاندا بچیتەوە بۆ بەردەوامی ژیان. پێویستە خۆتان دووبارە بکەنەوە. نەورۆز بە رەفتاری نەمام سەرسام ببوو. ئەم لە چ وەزعێکدایە ئەویش چی بۆ دەڕێسێت. بەدەم لوشکەی گریانەوە کە بۆنی گلەیو تورەبوونی لێوەدەهات بە نەمامی گووت: خوشکی خۆم قەرزی چیو ژیانو مەرگی چی؟ باسی چیم بۆ دەکەیت؟ خۆشت نازانی دەڵێی چی. نەمام تونتر وەڵامی دایەوە، بەڵام سەری بەسنگی خۆیەوە نوساندو گووتی: نەورۆز بۆچی لێم تێناگەیت؟ هەر قسەکانی خۆتن کە زەمانێك دڵی منت پێ دەدانەوەو خەمەکانمت پێ دەڕەواندەوە. ئەگەر قسەکانت بەهایەکیان نەبوو، بۆچی رۆژی سەد

جار بۆت دەگوتمەوە، ئەگەر کاریگەریشیان لە گۆڕینی ژیانی مندا هەبووە، ئێستا خۆت پێویستە پەیڕەوی بەرنامەکەی خۆت بکەیت، پێویستە بە گژ مەرگدا بچیتەوە، پێویستە خۆتان دووبارە بکەنەوە.
نەورۆز هەستی بەراستی قسەکانی نەمام دەکرد، هەموو وشەکانی خۆشی دەناسیەوە. وەك شەرمەزار بوو بێت لەئاستی هەوڵی دڵسۆزانەی نەمام، بەسۆزەوە گووتی: نەمام گیان لەتۆ باش تێدەگەم، بەڵام چی بڵێم لەگەڵ بەختو ناوچەوانمدا خەمێکم لە کۆڵ نەبۆتەوە کۆستێکی تر شانو ئەستۆی گرتم. نەمام بەسەرسامیەوە گووتی: کۆستی چی نەورۆز؟ باسی چی دەکەیت؟ بۆ ئاگاداری هیچنیم؟
نەورۆز گووتی:نەمام یان ئەمڕۆ تەواو نیت، یاخود دەتەوێت شێتم بکەیت. ئەی لەبەیانییەوە چیت بۆ باسدەکەم؟ئەی کە ئاگات لەهیچ نییە بەم بەیانییە چۆن گەشتیتە لام؟ئەی بۆچی ناپرسیت لەبەر چی دەگریم؟ نەمام قا قا بە نەورۆز پێدەکەنی بە جۆرێك ڕۆحی نەورۆزی سەرسام کردبوو. گوتی: نەورۆز گیان نەتێکچووم نەدەمەوێت تۆ تێك بدەم، خوادەکات تۆ کەمێك هێمن دەبیتەوە من هیچم ناوێت. بەم بەیانیە بۆیە هاتووم ئەم ڕۆمانەم بۆ هێناویت. "ڕۆمانەکان باشترین هاوڕێی مرۆڤن لە تەنیایدا" ئەو ڕستەیەت بیر ماوە هاوڕێی دڵسۆزم؟ دەزانم بۆچیش دەگریت، ... بۆ هیچ. تۆ خۆت فێری گریان کردووە، لەبەر ئەوە خەم بۆخۆت دەهێنیت. بۆ دایکت دەگریت، دایکیشت لەماڵەوە دانیشتووە... نەورۆز نەیهێشت نەمام بەردەوام بێت. بە پەشۆکاوی و گریانەوە گووتی: نەمام گیان بەم بەیانییە خەم سەرودڵی گرتین، تۆش بە مەتەڵ قسەم لەگەڵدا مەکە، توانای دۆزینەوەی نهێنییەکانی ناو دڵی تۆم نییە.
نەمام حەزینەکرد نەورۆزی هاوڕێی بەو حاڵەتەوە بمێنێتەوە، گووتی:
نەورۆزگیان باش گوێم لێبگرە، خەمو پەشۆکاوی هەموو هەستەکانو ئیرادەی لە دەست داویت، تەنانەت نەتوانای گوێگرتنت هەیە، نەباش لە وشەکان دەگەیت. ئەو فڕۆکەیەی دەبوایە ئەو گروپەی دایکتی تێدابوو بەرەو سعودییە بگوێزێتەوە، دوێنێ بە ئاسمانەوە بەرەو ئێرە کەوتۆتە خوارەوە. ئێستا خۆم قسەم لەگەڵ دایکتدا کرد. نەورۆزحەپەسابوو نەیدەزانی چی بڵێت. توند هەردوو دەستی نەمامی گرتو لەناو دەستی خۆیدا گوشینی. لەناو گریانو پێکەنینیدا گووتی:نەمام گیان ڕاستیەکانم زوو پێبڵێ، کەی تەلەفۆنت بۆکردن؟. بۆ نەمام هەلێکی باش بوو کە بەڵێن لە نەورۆز وەربگرێت پەیڕەوی ئامۆژگارییەکانی بکاتو قەرزەکانی لێوەربگرێتەوە. بە خەندەی سەرلێوەوە بە نەورۆزی گووت:نەورۆز لە سەلامەتی دایکت دڵنیات دەکەم بەمەرجێك قەرزە کۆنەکانم لێوەربگریتەوەو ئەم ڕۆمانەش بخوێنیتەوە. نەورۆز لە حەیبەتی دایکی بە مەرجەکانی نەمام ڕازی بوو. نەمام تەلەفۆنە بێ وایەرەکەی هەڵگرتو دەفتەرتەلەفۆنەکەی هێشتا هەر لە گیرفانی چاکەتەکەیدا بوو، دەریهێنا.

ژمارەی تەلەفۆنی ماڵی دایكی نەورۆزی لێدا. ئەمجارەش هەر دایكی نەورۆز بوو وەڵامی دایەوە. نەمام گووتی:من نەمامم لە لەندەنەوە، پوریّ گیان ببورە ئەمڕۆ ماندوم كردیت. ئێستا لە ماڵی نەورۆزم. پێم گووت پێش كەمێك قسەم لەگەڵ دایكت كرد، ئەو باوەڕی پێنەكردم گووتی دایكم لەدوێنێوە بەرەو فڕۆكە خانەی هەولێر بەڕێكەوتوون، بۆیە خۆم زەنگم بۆ لێدان. ئەوەش نەورۆزە دەیەوێت قسەت لەگەڵدا بكات. نەورۆز بەتاسەوە قسەی لەگەڵ دایكیدا دەكرد، گەروی پڕبوو لە گریانو چاوەكانی لەخۆشی. نەیدەزانی چۆن دایكی بدوێنێت. تەلەفۆنەكەی داخستەوەو بەگریانەوە باوەشی بە نەمامدا كرد. لەئامێزی نەمامدا وەك منداڵ خۆی بچكۆلە كردەوە كە پیشانی بدات نەمام هاوڕێیەكی دڵسۆزترو گەورەترە، دڵی بە دڵیەوە نوساندبوو تاكو هەستبكات بەئازارەكانو خەمەكانی دڵیو هەر بەدڵی لێببورێت. هێندە خۆی بچكۆلانە كردبووەوە، وەك بەندەیەكی پەیڕەوی ئامۆژگاریەكانی بكات. نەمام لە ناخی نەورۆزی هاوڕێی تێدەگەشت. بەگەرمی لە ئامێزی خۆیدا پێشوازی لێكردو پێیگووت: نەورۆز گیان بۆ كزو بچكۆلانە خۆتم پیشاندەدەیت كە تۆ لەمن گەورەترو دڵسۆزترو دڵفراوانتری. چاوەكانت دەخوێنمەوە، دەزانم بە مەرجەكانم ڕازیت، من سوپاست دەكەم كە ئاسودەم دەكەیتو دڵم ئارام دەكەیتەوە. دوا مەرجیشم قبوڵ بكە ئەم قەرزەم لێوەربگرەوە . ئەم ڕۆمانەم بۆ هێناویت سەرقاڵی خوێندنەوەی ببیت.

نەورۆز زۆر غەمباربوو، ئەو غەمبارییەی زۆر جار دوو دڵیو پەشیمانیو شەرمەزاری دەیخولقێنێت. خۆشحاڵیشبوو لەبەردەم ڕۆژێكی نوێدا ڕاوەستابوو. بەبێدەنگی هەموو بیرەوەریەكانی پێشو لە ساتێكی كەمدا یادكردەوە. لەمێژبوو دڵو دەرونی نەگەشتبوونە سەر لێوەكانی، خەندەیەك لە دڵێكی ئارامەوە چەند وشەیەكی پێدا تێپەڕی: نەمام گیان هەموو داواكانی تۆم قبوڵە، دڵنیام لە دڵسۆزیت، بێگومان ئاسودەیی منیشت دەوێت. ئەوكاتە ئەوەبوو كە نەمام لە پێناویدا ماندو ببوو، ئەو ساتە بوو هەموو ئاواتەكانی خۆی بۆ بەختەوەری ماڵی نەورۆز تیا دەبینی. گووتی: هانێ ڕۆمانەكەم لێوەربگرە، دڕەنگە دەبێت بڕۆم، بەڵام ڕستەیەكی تێدایە كە گەشتیتە سەری بەوردی لێكیبدەرەوە. ئەو ڕستەیەی دەڵێت"خەم لە ماڵدا ئاگرە منداڵیش ئاو، ئاو بكە بە ئاگردا با خەم نەمانسوتێنێت".

نەمام بەدەنگێكی هێمنی ئەفسوناوی كە هێشتا نەورۆز لێینەبیستبوو، گووتی: من دەڕۆم هاوڕێ گیان، خـــــودا حــــــافـیز. . .

نەورۆز سەیری بەرگی ڕۆمانەكەی دەكرد و گوێی لە نەمامیش ڕاگرتبوو. كەس نەیدەزانی سەرسامی ناونیشانی ڕۆمانەكەیە یاخود بیر لە دواین ڕستەی نەمام دەكاتەوە كە لە ناو ڕۆمانەكەدا نوسراوە. هەناسەیەكی قوڵی هەڵكێشا و بەئەسپایی لە ژێر لێوەكانیەوە گووتی: خــــــــودا حـــــــــــافـیز. . .

13

# گـوڵـە نـازنـاز

خەمەكانی لارە دەبوون بەگوڵ. نەورۆز دەمێك بوو هەستی بەو نهێنییە كردبوو، بەڵام لەسەرەتادا هەستی پێنەدەكردن. ئەو ئێوارەیەی بە دڵتەنگی غەمبارییەوە هەنگاوە شكستەكانی بەرەو ڕووباری تایمس جەستەو ڕۆحیان لاشعوری پەلكێشی یەكێك لە باخچە ڕازاوەكانی ئەو كەنارە كرد. یەكەمجار بوو لەدوای خەمی لارەوە بە دڵێكی ئارامو ڕووی گەشەوە بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە. گوڵە بچكۆلانەكەی پیاوە پیرەكە كردی بە سنگییەوە، شێوەی هەمان گوڵی هەبوو كە كڵپە وەك دیارییەك كاتی قبوڵكردنی لە زانكۆوە بۆیان نارد. نهێنی خەمەكان دەبوون بەگوڵ هێدی‌هێدی ئاشكرادەبوون.

ڕۆمانی"خەمەكان دەبن بە گوڵ". ئەو نهێنییەبووكە هەموویانی سەرسام كردبوو. قەدەر، دیاردە، مێژو، ڕوداوەكان، ئەگەر دووبارەش ببنەوە لە زەمەنە جیاوازەكاندا دووبارە دێنەوە. ڕۆمانەكە وابوو لە پێشتر نوسرابوو، بەڵام لەم وەختەدا سەری‌هەڵدا كە هاوكاتی ئاشكرابوونی نهێنیی خەمەكانی لارەبوون كە دەبوون بەگوڵ. ناوەڕۆكی ڕۆمانەكە باسی ڕوداوێكی ئەفسوناوی دایكو منداڵێك دەكات. شەوانە منداڵەكە لە باخەڵی خۆیدا دەنوێنێت. خۆشەویستی ئەو دایكە بۆ منداڵەكەی لە حاڵەتی ئاسایی تێدەپەڕێت، هەموو كەسێكی نزیكیان ئاگاداری چیرۆكی ژیانی ئەمانن. شەوێك وەك هەموو شەوانی تر منداڵەكە لە باخەڵی دایكیدا خەوتووە، بەیانی دایكەكە بە ئاگادێت منداڵەكەی لەناو جێگاكەدا نەماوە. ناو ماڵەكە بەدوایدا دەگەڕێت، بەڵام لە هیچ ژورێكی تر نایدۆزێتەوە. بە پەشۆكاوی دەچێتە دەرەوە، نازانێت ڕوو لە چ لایەك بكات؟ یەك‌یەك لە دەرگی ماڵە دراوسێكانیان دەدات، نە لەهیچ ماڵێكە نە كەس بینیویەتی. دەگری لە خۆی دەدات، قژی دەڕنێتەوە، بەڵام بێسودە منداڵەكەی نادۆزێتەوە. ژنە دراوسێكانی دێن بەهانایەوە، دەستەكانی لەناو قژیدا دەردەهێنن، دڵخۆشی دەدەنەوە: بۆچی لە ئێستاوە خۆت كوشتووە، بە هەموومان دەگەڕێین تاكو دەیدۆزینەوە. دایكەكە هەر لەیەكەم ساتی ونبوونی منداڵەكەیەوە بێ ئومێدە لە دۆزینەوەی، دەڵێت: وازم لێبهێنن با خۆم بكوژم، لەدوای ئەو ژیانم ناوێت، تازە ئیتر نایدۆزمەوە. بەدەم خەوەوە خەبەرم بووەوە. لەخەومدا وەك كۆترێك لەناو دەستمدا

بوو، خۆشم نەمزانی چۆن دەرباز بوو؟لەشەقەی باڵیداو بەرەو ئاسمان هەڵفڕی. چەند بانگمدەکرد ئەو بەرزتر هەڵدەفڕی، دواجار چاوم لێیبوو بوو بە ڕوناکییەكو وەك ئەستێرەیەکی بچکۆلانە بە ئاسمانەوە مایەوەومنیش بە دیاریەوە دەگریام. لەگریانی خۆم خەبەرم بووەوە.
دووبارە دەگریاو دەیقیژاند:دەستم بەردەن باخۆم بخنکێنم، تازە هەرگیز نایەتە خوارەوە، تازە نایبینمەوە. ئەو دایكو منداڵە بەتەنیا دەژیان. خۆشەویستی دایکەکە بۆ منداڵەکەی بەو شێوەیە بوو ڕۆحیان ئاوێتەی یەکتری ببوو. خۆشەویستییەکی زۆر نائاسایی بوو. هەموو کەس هەستیان بە دەرئەنجامێکی خراپ دەکرد لە ناو خێزانەکەیاندا. ئەو دایکە چەند لە منداڵەکەی نزیکدەبووەوە، هێندەش لەخەڵكو کەسوکار دووردەکەوتەوەو دادەبڕا، تاکو کار گەیشتە ئەوەی مێردەکەی سەری هەڵگرتو ماڵو منداڵی بەجێهێشت.
خەڵکی گەڕەك زیاتر لەدەوری کۆبوونەوە، لەناکاو منداڵێك هات گووتی:ئەو ژنە بۆچی دەگری؟ گووتیان کوڕە جوانەکە ئەو ژنە کچە بچکۆلانە قژ زەردەکەی لێوونبووە، ئەوە دایکی "خاتوون"ە. ئەرێ تۆ خاتوونت نەبینیوە؟ کوڕە بچکۆلانەکە بە خێرای گووتی: با. . . لەکۆڵانەکەی ئەو دیوو بینیم. دایکەکە لەناو خەڵکەکەدا ڕاپەڕیو توند کوڕەکەی گرت: بەقوربانتبم لەکام کۆڵانەو کەی بینیت؟ منداڵەکە بێباك بوو لە حاڵی دایکەکە، کەمێك بیریکردەوەو گووتی: دوێنێ بینیم. . . نا نا ئێستا بینیم کە هاتم بۆ ئێرە لە کۆڵانەکەی ئەو دیوو. دایکەکە بە پەشۆکاوی بەناو خەڵکەکەدا بەرەو کۆلانەکەی ئەودیو ڕایکرد، هەندێك لەخەڵكو منداڵانیش بەدوایدا ڕایانکرد.
کۆلانەکەی پشکنی خاتوونی نەبینی. یەكیەك لەدەرگای ماڵەکانی ئەو کۆڵانەشیدا، کەس نەیبینی بوو. گووتیان ژنێکی زل بۆ دوای قسەی منداڵێك دەکەوێت؟گوێی لەو دەنگەبوو، گووتی:ئەگەر دەزانن چ گڕێك لەناخمدایە، ناهەقیمناگرن گەر دوای دڵۆپێك ئاویش بکەوم بۆ دامرکاندنەوەی. ئەگەر "با"یەکی شێتیش هەواڵی "خاتوون"م بۆ بهێنێت، ناچارم شێتانە لە دووی کەوم. دووبارە دەستی بەشینو گریان کردەوە. مام پەموی دۆندرمە فرۆش بەهاوارهاوار کۆلانەکەی هەژاند. هەموو منداڵان لە دەوری کۆبوونەوە. لەناو دەنگەدەنگو هەرای منداڵاندا گوێی لە گریانی دایکی خاتوون بوو، بەسەر سامییەوە پرسی: ئەرێ دایکی خاتوون بۆچی دەگری؟ کچە عەیاری گەڕەك"هەناو" گووتی: ئەی مام پەموو گیان نازانیت پورە"نازناز" خاتوونە قژ زەردی لێونبووە؟ کچێ عەیار وا مەڵێ. . . من ئێستا خاتوونم لە کۆلانەکەی ئەو دیوو بینی. سەرسامیش بووم بەبێ دایکی بۆ یەکەمجار دوور لەماڵی خۆیان بیبینم، . پێشمگووت خاتوونێ خان بەبێ دایە لەم کۆلانە چی دەکەیت؟ وەرە دۆندرمەیەکت بدەمێ. گووتی ناخۆم مام پەموو گیان. پێمگووت، بۆچی ناخۆیت؟

ئەگەر پارەت پێنییە گرنگ نییە، دوای لە دایەی وەردەگرم. گووتی: نانا مام پەموو، من ئیتر دۆندرمە ناخۆم، ئەی باڵەکانم نابینیت؟ دەفرم دەبم بە ئەستێرە. پێمگووت: ئای خاتوونەی قژ زەرد، تۆخۆت ئەستێرەیەکی بچکۆلانەی سەر ئەرزی دایەنازنازیت. ئیتر بۆچی بۆ ئاسمان دەفڕیت؟ یان دەتەوێت وەك "هەناو"عەیار نازمان بەسەردا بکەیت. هەناو عەیار هەر زوو ڕایکردو هەواڵەکەی بۆ دایکی خاتوون برد. نازناز ئۆقرەی نەگرت بەدیار قسەکانی مام پەمۆوە گوێبگرێت. بەپەلە بۆ هەواڵی خاتوون زوو گەشتە کۆڵانەکەی ئەو دیوو. لەهیچ کۆڵانێك نازناز خاتوونی کچی نەدۆزییەوە، بەڵام لە هەر کۆڵانێك توشی کەسێك دەبوو پێیدەگووت" ئێستا لەولاترخاتوونم بینیوە. بەمشێوەیە دایە نازناز تاکو بوو بە شەو زۆربەی کۆڵانەکانی شار بۆ خاتوون گەڕا بەڵام هەر نەیدۆزییەوە. شەویش چاوی بڕییە ئاسمانو لەناو ئەستێرەکان بۆ خاتوون دەگەڕا. ژیانی ئەو دایکە بووبەگەڕان بەدوای کچەکەیدا. دەچووە هەرشوێنێك دەیانگووت: خاتوون ئێستا لێرەبوو، یاخود کەمێك لەمەوپێش لە کۆڵانەکەی ئەو دیوو یاخود لە شوێنێکیتر بینیومانە. نازناز بە پەلە بۆ ئەو شوێنە دەچوو، بەڵام لەوێش نائومێد دەبوو. هەمیشە بە نائومێدی بەرەو سۆراغی کچەکەی دەڕۆشت. نەیشدەتوانی بێئومێد بێت بەو جۆرەی کە دەست لە گەڕان هەڵبگرێت.

نەورۆز بە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە زۆر سەرسام بوو. بەردەوام سەرقاڵی خوێندنەوەی بوو. جاربەجارێك بەتەلەفۆن قسەی لەگەڵ نەمامدا دەکردو سەبارەت بە ڕوداوەکانی ناو ڕۆمانەکە قسەی بۆ دەکرد. نەمام بە ئارام بوونەوەی نەورۆز زۆر خۆشحاڵبوو. بەدڵ گوێی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەی دەگرتوقسەو باسیتریان تێکەڵ بەباسی ڕۆمانەکە دەکرد. ڕۆمانێکی دوورودرێژبوو، ئەو ڕۆمانەبوو کەنەمام بۆ ئەو کاتەی نەورۆز بەگرنگو پێویستی دەزانی. ڕوداوەکانی ناو ڕۆمانەکە خەماویو بە ئازار بوون، هیواکانیش هەردەم زیندووبوونو سەریان هەڵدەدایەوە. هەندێك جار نەورۆز لوشکەلوشك بۆ ئەو دایکە دڵزامدارە دەگریا کە وەك شێت دوای قسەی هەموو کەسێك دەکەوت، بەڵام هەموو بەبێ هیوا دەگەڕایەوە ماڵە چۆڵو ساردو تەنیاکەی. لەماڵیشەوە چەند بۆ خاتوونە دەگریا ئەوەندەش بۆ تەنیاییو بێکەسی خۆی دەگریا. ئەو کاتانەش نەورۆز بە ئافرەتێکی شێتی ناودەبرد کە ماڵەکەی لە هاوسەرەکی کردبوو بە دۆزەخ. بۆ تەنیا شەوێکیش باخەڵی خۆی لە منداڵەکەی چۆڵ نەکرد بۆ مێردەکەی بکاتەوە. تاکو بەناچاری ماڵو منداڵی بەجێهێشت.

نەورۆز کتێبەکەی دادەخستو زەنگی بۆ نەمام لێدەدا.

• نەمام منم، نەورۆز. .

• دەزانم نەورۆز گیان، تۆبڵێی دەنگت نەناسمەوە؟ڕۆژی چەند جار پێکەوە قسە دەکەین.

• ئاگات لەو ژنە شێتەیە چی لەو پیاوە دەکات؟
• تـوخوا نـەورۆز گیان ئـەگەر ئـەوەندە گوێ بـە گرفتـی ئـەو خێزانـە بدەیت. خۆت نازانیت ژنە بەریتانی هەروان؟
• ئەرێ ئەوە باسی چی دەکەیت؟ ئەمڕۆ چیت خواردووە؟
• هێشتا هیچم نـەخـواردووە، بـەڵام بـەنیـازم ترخێنـە لێبنێم. ئـەی بۆ نـانخـواردن بۆچی نایەن بۆ ئێرە؟
• ئـەمڕۆ بارانـە ، ترخێنـە خۆشـە، بـەڵام نـاتوانین بێـین. كڵپـەو چـرا ترخێنـە نـاخۆن، سوارەش خوا دەزانێت کەی دێتەوە؟ئەو باشە هەموو شتێك دەخوات. ئـەم ترخێنـەیـەت لەکوێبوو؟ تاکو ئێستا بۆ باست نـەکردووە؟ نـەمام نـەیوێرا بڵێت " ئینجا بـەناشوکری نەبێت خەم هیچی بیرهێشتینەوە"، بەڵام گووتی
• بەخوا دوو سەڵکی کۆن بوو مابوومەوە. توخوا وەرن با پێکەوە بیخۆین، شتێکیتر بۆ منداڵەکان دەکەین.
• نەمام گیان سوێندم مەدە بەخوا ناتوانین بێین. پێمنەگووتیت نازانم سوارە کەی دێتەوە ترخێنەش بەگەرمیو تازەیی خۆشە. بەنۆشی گیانتان بێت. بڕۆ بـەلای چێشتەکەتـەوە بامنیش ڕۆمانەکەم بخوێنمەوە.

هەردوکیان بەدوا وشەی ماڵئاوایکردن لەیەکتری تەلەفۆنەکانیان داختستەوە.

نەورۆز دووبارە چووەوە سەر خوێندنـەوەی ڕۆمانـەکە. هـەرکات بیری لـەو پیاوە دەکـردەوە بـە ناچـاری مـاڵو منداڵـەکـەی لـەتـاو ژنـەکـەی بـەجێهێشـت، ڕقـی لـەو ژنـە"نازنـاز" دەبـووەوە. لـەبـەر خۆیـەوە دەیگـووت: ژنـی واش هـەیـە؟ مـەگـەر ژنـە بەریتانییەکەی دراوسێمان. نەورۆز بیری تەلەفۆنەکەی نەمامی کەوتەوە. ئـەو ویستی سەبارەت بەو ژنە قسە بۆ نـەمام بکـات، بـەڵام ترخێنـە بیربیردنـەوە. زەنگـی تـەلـەفۆن لێدرا. نەمام بوو
• نەورۆز. . . فەرموو.
• کچێ نەمامم، ئەرێ تۆ بۆچی تەلەفۆنت کردو ئێمە باسی چیمانکرد ؟
• ئێستا منیش بیرم کەوتەوە کە دووبـارە چوومـەوە سـەر ڕۆمانـەکە. ترخێنـەکـەی تـۆ هـەموو شـتێکی لـەبیر بردینـەوە کـە هێشتا نـەمـان خـواردووە. بـا ئـەمجـارەش بیرمـان نەچێتەوە. باسی ئەو ژنە زاڵمەت بۆ بکەم چۆن ئەو پیاوەی دەرپەڕاند. نـەمام دووبـارە قسەکەی بە نەورۆز بڕی.
• ئەرێ ئێستاش پێتنەگووتم باسی کێم بۆ دەکەیت؟
• ئەوە بۆچی ئەمڕۆ خۆتم لێ گێلدەکەیت؟ باسی نازناز دەکەم.
• ناز ناز کێیە؟نازەی پورت؟

• ماڵئاوابێت نەمام. نازە داماوی چی. نازناز. . . دایكی خاتوونەی قژ زەرد. نەمام بێئاگابوو لە نازناز، چەند لاپەڕەیەكی سەرەتای ڕۆمانەكەی خوێندبووەوە، ڕەنگە بیری نەمابێت، یاخود نەگەشتبێتە ئەو بەشانەی كەناوی نازنازو خاتوونی كچی تێدا ئاشكراكراوە. كەمێك بەترسەوە بیری لەنەمام كردەوە. بە هێمنیو لەسەر خۆ پێیگووت

• نەورۆزگیان بیرم نایەت كەسێك بناسم ناوی نازناز بێتو دایكی خاتوونەی قژ زەردبێت. توخوا نەورۆز گیان باسی كێم بۆ دەكەیت، خێرا پێم بناسێنە. نەورۆز هەستیكرد نەمام دایكی خاتوونەی قژ زەرد ناناسێت، گووتی

• نەمام گیان باسی ڕۆمانەكەت بۆ دەكەم. نازناز دایكی خاتوونەیە، ئەو ژنە زۆر داماوە، بەڵام وادیارە خەمەكانی وردەوردە دەگۆڕێن. ئیتر نازانم بەچ ئاراستەیەكدا دەڕوات. ڕۆمانە كە زۆری ماوە كە تەواوبێت. بەڵام ئەو ژنە بەرامبەر بە مێردەكەی زۆر زاڵمو خەم سارد دەبێت. لەجێگای خۆتەوە ڕقت لەڕەفتاری دەبێتەوە. لەدوای لەدایك بوونی خاتوونەی قژ زەرد، لەئەنجامی كەوتنەوەی ڕوداوێك لە كاتی ئیشكردنیدا تووشی نەخۆشی نەزۆكی دەبێت. "بارام چنگ گەورە"ی باوكی خاتوونە لەگەڵ كۆمپانیایەكی دروستكردنی تونێلدا كاری دەكرد. لەكاتی كاركردندا لەناو قوڵای تونێلێكدا كە هێشتا نەگەیشتبوونە ئەو سەری، تاشە بەردە گەورەكانی شاخەكە بەسەریاندا دەڕۆخێتو لەناوەوە گیردەخۆن. كەسیش نازانێت ئەگەر مابن یاخود نەمابن. لە دوای هەوڵدانێكی زۆری دوو شەو ڕۆژ، كەلەبەرێك دەكەنەوە بۆ چوونە ناو تونێلەكە. لەو ڕوداوەدا "بارام چنگ گەورەی" باوكی خاتوونە لە مردن ڕزگاری بووە، بەڵام بێهۆشو بێئاگایە. لەنەخۆشخانەش لەپاش ڕۆژێك هۆشی بەخۆیدا دێتەوە. بەزووی چاكدەبێتەوە. بەڵام لەترسو داخورپانی ڕوخاندنی تونێلەكەوە توشی نەخوشی نەزۆكی دەبێت. دوكتۆرەكان دەڵێن ڕەنگە لە داهاتودا ئەم حاڵەتە بەرەو باشترو چارەسەری هێجگاری بڕوات، لە هەموو شتێك گرنگتر پێویستی بە دڵدانەوەو باروذۆخی ئاراموو هێمن هەیە. نازنازی هاوسەری هەر زوو تاقەتی لەو هەڵسوكەوتانە دەچێت كەدەبێت بۆ بارو دۆخی مێردەكەی بیرەخسێنێت. بێ هیواش دەبێت لەدروستكردنی منداڵی تر. ئەم بێ هیواییە بەرەو دابڕانی دەبات لە هەموو چواردەورو هەموو خۆشەویستی ئاواتو ئارەزوویەك لە نزیكبوونەوەی ڕۆحی كچەكەیدا چڕ دەكاتەوە. بەبێ ئەو بۆ هیچ جێگایەك ناچێت، بێ خۆیشی ڕێگا بەو نادات بۆ هیچ شوێنێك بچێت. شەوانیش لەناو باخەڵی خۆیدا نەبێت ئارام ناگرێت بیخەوێنێت. نەخۆشی مێردەكەی بەو جۆرە نەبوو كە نازناز زوو لێیبێزاربوو، هەر ئەویش نەخۆشییەكەی لێگەورەكرد. تاكو جارێك پێیدەڵێت: بەڵێ خەریكی ئەو كچەبم باشترە لە خزمەتی تۆ، ئەگەر خودا نەكات ئەویشم لەدەست بچێت، لە كوێ منداڵێكی

تر بهێنم؟ لە تۆ. . . . . ترحێو بارام گیان. تازە هەر ئەو کچەیەو بەس. دەبێت لەچاومان زیاتر ئاگادارییین، لەناو ڕۆحماندا بیخەوێنین نەك لە ناو باخەڵیشمان.
بارام چنگ گەورە دەیگووت:نازناز گیان قسەکانت ڕاستن، بەڵام تۆ وابیر ناکەیتەوە کە منیش باوکیم. منیش وەك تۆ سۆزم بۆی هەیە، خۆشمدەوێت. زۆر ژنو مێرد هەن منداڵیشیان نابێت، هەندێکیش هەن یەك منداڵیان هەیە، خۆیان هەر ئەوەندە ئارەزوویانە. ئێمەش با وەك ئەو خێزانانە بیر بکەینەوە، دەبێت بەبەشی خۆمان قایلبین کە ئەو کچە جوانەشمان هەیە. دەزانم ئەمە بۆ تۆ گرفت نییە، بەڵام بوونی یەک منداڵ بەرەو ئاراستەیەکی بردوویت کە هەست بەبوونو پێویستی من ناکەیت، بەڵام من پێویستم بە تۆیە. من جۆرێکیتر بیردەکەمەوە، مادام پێکەوە دەژین بە بێ سۆزی تۆ ناژیم، ئەگەر پێکەوەش نەبین پێویستم بە بۆنو سۆزی تۆ نییە. هەستدەکەم خۆشەویستیت بەشی منی پێنەماوە، بیرناکەیتەوە کەسێك بەناوی بارامەوە لەگەڵتا دەژی.
ئەم جۆرە گفتوگۆو دەمەقاڵێیانە زۆرجاریتر دووبارە بووەوە، بەڵام بێسود بوو. نازناز ڕقی لە بارامی هاوسەری نەبوو، بەڵام توشی نەخۆشییەك ببوو هەموو خۆشەویستیو ئومێدو گرنگییەکی خۆی بە خاتوونە دابوو. بێئاگابوو کە هاوسەرێکی هەیەو پێویستی بە خۆشەویستیو سۆزی ئەو هەیە. هەموو ڕەفتارو بیرکردنەوەی بۆ کچەکەی بوو چۆن بتوانێت بیهێنێتە ناو ڕۆحیەوەو بێخەم بیپارێزێت. بارام ناچار دەبێت بڕواتو بەجێیانبهێڵێت. نازنازیش بە تەنیا لەگەڵ خاتوونەدا لە ماڵێکی چۆڵدا دەمێننەوە کە پێیوایە ئاوەدانترین جێگای ئەم سەر زەمینەیە، چونکە خاتوونە قژ زەردی بچکۆلانەی لەپێش چاودایەو شەوانیش لە باخەڵی خۆیدا دەینوێنێت. دەستیان بە تەلەفۆنەکەوە شل بووە. نەورۆز ڕۆمانەکە وەك چیرۆك خوانێکی سەردەمی ئاگروئاگردان وشەبەوشە بە زمانێکی شیرین بۆ نەمام دەگێڕێتەوە. نەمامیش بە پەرۆشەوە گوێی بۆ ڕاگرتبوو.
• نەمام گیان ئەمڕۆ هێندەت بۆ دەگێڕمەوە، ماندوشم کردیت، درەنگە ئیتیر بچۆ بەلای لێنای ترخێنەکەتەوە.
• ئەی بارام چنگ گەورە ڕوو لە کوێ دەکات؟
• نازانم جارێ. . . نەگەشتومەتە ئەوێ. بۆ جارێکی تر. . . ماڵئاوا نەمام گیان.
• ماڵئاوا گوڵـــی خۆم.
دایە نازناز بە هەموو شاردا دەگەڕا. کەسێك نەمابوو کە نەیناسێتو ناوی خاتوونە قژ زەردی نەبیستبێتو چیرۆکی ژیانیانی گوێ لێنەبووبێت. جگە لەو خەڵکانەی کە خاتوونەی قژ زەردیان بینیبوو، هەموو خەڵکانیتری شارەکەش بە شێوەو ڕوخساری خاتوونە ئاشنابوون. خاتوونە لە دایکی ونبوو، بەڵام ڕۆژ نەبوو لەناو کۆڵانو

شـەقامـەکانـدا نـەبینرێت. تـاکو دایکـی دەگـەشـتە ئـەو شـوێنە خاتوونـە لـەوێ نـەمـابوو. هەندێك جار نازناز لەو خەڵکە تورە دەبوو، دەیگووت: بۆچی گاڵتـەم پێدەکەن؟ کـەی خاتوونەی من لەسەر ئەم عەرزەدا ماوە، هەموو شەوێك ئـەستێرەیـەکی بچکۆلانـە بـە ئاسمانەوە دەبینم لـە هـەموو ئـەستێرەکانـیتر درەوشـاوەترو گـەشترە، ئـەوە ئـەستێرە خاتوونەکەی منە. کاتێکیش بەحەسرەتەوە جارێکیتر بـەرەو ئـەو شوێنە ڕایدەکرد کـە پێیاندەگووت" خاتوونەی قژ زەردمان لێبینیوە". دەیانگووت:دایە نازناز کـە دەزانیت خاتوونە وەك ئەستێرە بە ئاسمانەوەیە، ئیتر بۆچی دوای قسەی خەڵکی دەکەویت؟ دایـە نازناز بـە گریانـەوە دەیگووت: بـەقوربانتبم خاتوونـە لـە چاوی مندا بـە ئاسمانەوەیە، خەڵکیش لـەسـەر عـەرز دەیبینن. من چۆن بـاوەڕ بـە پیـاوێکی میهرەبـانی ڕیش سپی ڕەنگ بەفری وەك مام پـەمۆ نـەکەم لـەو ڕۆژەوەی کـە خاتوونـە ڕۆشتوە دوو جـاری بینیوە.

ڕۆژێـك نازنـاز بـەرەو ئـەو جێگایـەی کـە پێیـان گووتبـوو خاتوونـەمـان بینیـوە، ئەمجارەش بەپەشۆکاویو بە نائومێدی ڕایکرد، بەداخەوە خاتونەی لێنەبوو، بەڵام ئەو گوڵـە بچکۆلانـەیـەی بـە زنجیرەکـەی ملـی خاتوونـەوەبوولـەو شـوێنەدا کـەوتبوو. لـەو ڕۆژەوە نازناز بە دڵی پڕ لە ئومێدەوە بەدوای هەواڵی خاتوونـەدا دەچوو. خـەمـەکـانی لە فڕینو لەناوچوونی خاتوونەوە گۆڕا بۆ دۆزینـەوەی خاتوونـە. ئـەم خـەمانـە ئاسـانتر بوون، دایە نازنازیان بە هیواوە دەهێشتەوە. لەشارەکەدا کەسێك نەبوو کە دایە نازنـاز نەناسێت، منداڵێکیش نەبوو کەئەو نـەیناسێت. هـەموو بـە دایـە نازنـاز بانگیـان دەکـرد. هەندێك لە منداڵەکان پێیاندەگووت: دایە نازناز ئێمەش وەك خاتوونە بکـە بـە ئـەستێرە، شـــەوان دەیبینـــین بـــە ئاســـمانەوە زۆر جـــوان دەدرەوشـــێتەوە، تروســـکەتروســـك چاوشارکێمان لەگەڵدا دەکات. چەند خۆشە ئێمەش هاوڕێی ئەستێرەکـان بین. هـەندێك منداڵیش پێیاندەگووت" دایە نازناز ئێمە گوڵە خاتوونەمان وەرنەگرتووە.

دایـە نازنـاز هـەمـوو منداڵـەکـانی خۆشـدەویشـت، وەك خاتوونـە قژ زەرد سـەیـری دەکردن. خەمەکانی خاتوونە لە دەرونی دایکیدا ڕەویبوونـەوە. بـەبینی منداڵـەکـان دڵـی ئارام دەبووەوە. لەوڕۆژگارەدا منداڵێك نەبوو کـە گوڵـە خاتوونـەیـەکی وەك گوڵـەکـەی ملی خاتوونە پێنەبێت، یاخود لەملیدا نەبێت. نهێنییەکی ئەفسوناوی بوو لـەپاش ڕۆحـی خاتوونـەوە ئاشکرابوو. هەرجێگایەك خاتوونەیان لێبینیایە، گورج بـە دایـە نازنازیـان دەگووت. ئەو لەدۆزینەوەی کچەکەی نائومێد نەبوو، بەدڵێکی پڕ لە هیواوە بـەرەو ئـەو شوێنە دەڕۆشت. هیچ کەڕەتێك دایە نازنـاز خاتوونـەی نـەبینی، بـەڵام هـەمـوو جارێك گوڵـە بچکۆلانـەکـەی خاتوونـەی لـەو شـوێنەدا دەدۆزییـەوە. ئـەم گوڵانـە نهێنییـەکـی ئەفسوناویبوون کە خەمەکانی نازنازی دەڕەواندەوە. منداڵێك نەمابوو کـە گوڵێکی وەك گوڵـەکـەی خاتوونـەی لـەملـدا نـەبێت. بـەبینینـی گوڵـەکـان منداڵـەکـانی لێدەبـوو بـە

خاتوونەکەی خۆی. شەوانیش ڕووی لە ئاسمان دەکردو ئەستێرە گەشە بچکۆلانەکەی دەدواند.
نەورۆز زۆر تامەزرۆی خوێندنەوەی ڕۆمانەکە بوو. لەدوای لارەوە هیچ شتێك هێندە نەببوو بە هاوڕێی هەمیشەی خەمەکانی. نەك هاوبەشی خەمەکانی بوون، هەموو خەمەکەنیان بۆ خۆیان بردبوو. هەر بەشێکی تەواو دەکرد خێرا زەنگی بۆ نەمام لێدەداو بە پەرۆشەوە بۆی دەگێرایەوە. تەلەفۆنەکەی گرت بەدەستیەوە. 123233 ژمارەی ماڵی نەمامی لێدا.
• نەمام. . . ماڵی سەروەر دڵپاك.
• نەمام گیان ئەم کاتەت باش.
• هەموو کاتێکت باش، نەورۆز گیان ئەوەتۆی؟لەگەڵ ڕۆمانەکەدا لە چیدایت؟تەلەفۆنەکەی دوێنێم بۆ سەروەر گێرایەوە، هەر پچڕاوە لەبەر پێکەنین. ژنە هارەکە چی بەسەر هات؟
• نەمام گیان ئەوە چۆن دڵتدێنێت وای پێبڵێیت؟ ئەو داماوە ئەگەر دەزانیت چەند غەمی بۆ خاتوونەی قژ زەرد خواردووە، بەڵام ئێستا شوکور زۆر باشترە. شارەکە پڕبووە لە خاتوونەی کچی.
نەمام هەستیکرد دڵی نەورۆزی بریندار کردبێت، هەرچەندە بەبێ مەبەست گووتی ژنە هارەکە، بۆئەوەی نەورۆز باسی ڕۆمانەکەی بۆ بکات. ویستی قسەکە بە بارێکیتردا بەرێت، گووتی
• نەورۆز گیان من مەبەستم ژنە هارەکەی دراوسێتانە، بەریتانیەکە.
• نانا. . . باسی ئەو ناکەم. چ هەقێکمان بەسەر ئەوەوە هەیە؟بەخوا خەتای مێردەکەشی تێدایە، گێژو وێژ بەم ڕۆژگارە سەگێکی پێیە هەر دەخولێتەوە. ئەو ڕۆژە بینیم شەبقەی ژنەکەی کردبووە سەری سەگەکەی. ئەویش لەسەر دوو شتی واقۆڕ لێدەداو دەریدەکات.
• باشە لێرە لێدان قەدەغەیە، ئەو پیاوە چۆن شکاتی لێناکات؟
• شکاتی چی لێبکات؟ خۆبە تێلا لێنادات، وا دوو چەپۆکی پیاکێشا. ڕەنگە ئەو نەرمە لێیانەشی پێخۆشبێت؟ توخوا واز لەم باسو خواسانە بهێنە، با وەك ترخێنەکەی دوێنێی لێنەیەت.
• ئای چ ترخێنەیەك دەرچوو بێ ئێوە ناخۆش. بەشەکەی تۆم هەرداناوە.
• نەمام گیان بۆچی ئەو ئەرکەت کێشاوە؟ پێویستی نەدەکرد بەقوربان. دەستت خۆشبێت داینێ تاکو دێم بۆ لات
• جا کەی دێیت؟ ئەی بۆچی ئێستا نایەیت. . . چ کارێکت هەیە؟

• هیچ ئیشێکم نییە. . . حەزیش دەکەم بێم بۆلات. ئێستا خۆم ئامادە دەکەمو دێم. بەنیازی دیدار

• چاوەڕوانتم، بەنیازی دیدارێکی خۆش

نەورۆز بەدەم خۆ ئامادەکردنەوە بیری کەوتەوە باسی دایە نازنازی بۆ نەمام نەگێڕایەوە. لەبەر خۆیەوە گووتی:ئەمجارەش هەر خەتای ترخێنەبوو، قەیناکە ئێستا کە چووم بۆ ماڵیان لەوێ بۆیدەگێڕمەوە.

خەمەکانی لارە دەبوون بەگوڵ. لەمێژبوو نەورۆز هەستی بەو نهێنییەکردبوو، لەدوای خوێندنەوەی ڕۆمانی"خەمەکان دەبن بەگوڵ". زیاتر باوەڕی بە خۆ دووبارەکردنەوە هەبوو لە پێناوی بە گژداچوونەوەی خەمو مەرگو دابڕان". گۆڕانێکی سەرانسەری بە بیرکردنەوەو بارودۆخی دەرونیو ژیانی خێزانیاندا هات. خەمەکانی لارە دەبوون بەگوڵ لە گەورەیو خۆشەویستیو دلۆڤانی ڕۆحی لارە خۆیەوەبوو. ئەو گوڵانە لارەیان لەیادی خەڵکدا نەسڕیەوە، بەپێچەوانەوە بیرەوەریەکانی ئەویان لە زەینی دایكوباوكو هەموو کەسێکیتردا بەڕەنگی جوانتروبەتامی شیرینتر بۆ هەمیشە هێشتەوە. نەورۆز دوو ڕۆژ بوو لە نەخۆشخانە بوو، ڕوخساری منداڵەکەی دونیایەکی بەرینیان بۆ خولقاندبوو، بەرینو پڕ لە کامەرانیو خۆشیو پێکەنین. گوڵە نیشانەکەی سەرسنگی منداڵەکە مژدەی هیوایەکی ئەفسوناوی بە ڕۆحی نەورۆزدا دەدا، کەنەیدەتوانی بە ئاسانیو لە خۆڕا پشتگوێی بخاتو بێبەها وەریبگرێت. دووەم ڕۆژ دەچووەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام لەناخەوە غەمباربوو لە دۆستەکانی. دوو ڕۆژ بوو منداڵەکەی ببوو سەردانیان نەکردبوو، جگە لە نەمام. ئێستا نەمام لەماڵی ئەوانە خەریکی ڕێکخستنی ماڵەکەیە بەبۆنەی هاتنەوەی نەورۆز. پاش نیوەڕۆ نەورۆز لە نەخۆشخانە ئیزندرا بۆ ماڵەوە. لەناو ئۆتۆمۆبیلەکەدا بەرەو ماڵەوە دەهاتنەوە. سوارە لە پێشەوە دانیشتبوو، نەورۆزو منداڵەکەش لەپشتەوە. کەمێك دڵی گوشرابوو بە نە هاتنی هاوڕێکانی بۆ نەخۆشخانە، بەڵام بەڕوخساریەوە دیارنەبوو بۆئەوەی سوارە هەستی پێنەکات. ئۆتۆمۆبیلەکە گەیشتە کۆڵانەکەی ئەوان. دڵی ئارامتر بووەوە، لەگەڵ ناخی خۆیدا دەدوا، ڕەنگە کەسیان نەیانزانیبێت، یاخود هەموویان بیانەوێت پێکەوە سەردانم بکەن. نەخۆشخانەش جێگایەك نییە بۆ سەردان گونجاوبێت. لەناکاو ئۆتۆمۆبیلەکە ڕاوەستا، کە نەورۆز سەری هەڵبڕی، بەرماڵی خۆیانبوو، خەڵکێکی زۆر ئەوانەی پێش کەمێك دڵی نەورۆزیان گوشیبوو بەوەی سەردانیان نەکردبوو بۆ نەخۆشخانە، هەموویان بە چەپکە گوڵەوە لەناو باخچە بچکۆلەکەی پێش ماڵەکەیاندا چاوەڕوانی هاتنەوەی نەورۆزو کۆرپەلەکەیان دەکرد. نەورۆز بە بینینی هاوڕێکانی دڵئارام بووەوە، لەڕوخساریدا هەموو ڕەنگە کانی خۆشیو ئاسودەیی دەبینرا. ئارەزوییبوو خۆشیەکانی

ناخی ببن بە فرمێسکی گەش‌و تەڕی کامەرانی‌و بە چاوەکانیدا بێنە خوارەوە، نەکا دڵ بەرگەی ئەو هەموو شادییە نەگرێت کە ئەمڕۆ تێیدا نقوم بووە. لەدەرونی خۆیدا گووتی: ئەم دیدارە کتوپڕو چاوەڕوان نەکراوە هەر ئیشی نەمامە سەر شینە، ئای خودایە گیان نەمام لەمن زیزنەکەیت. سوارە لە نەورۆز خۆشحاڵتربوو، بەخێرای دابەزی‌و دەرگای دواوەی ئۆتۆمۆبیلەکەی بۆ نەورۆزو کردەوە، ئەویش بەمنداڵەکەوە دابەزی‌و بە ڕویەکی گەش‌ودەم بە خەندەوە نیگای ئاسودەیی‌و پێزانینی خستە سەر یەکەیەکەیان. لەناو دەرگاکەدا هەموویان پێکەوە گوڵ بارانیان کرد. گوڵی ڕەنگاوڕەنگ بە ئاسمانی خانووەکەدا بەسەر سەریاندا دادەباری، وەك بەهاری بەهەشت بەسەریاندا ڕوخابێت هەر تاڵێك زوڵفو گوڵێکی گەشی پێوەگیراسبووەوە. هەموو دۆستەکانی بەگوڵ پیرۆزباییان لە هاتنی ئەو ساوایە کرد. میوانەکان زۆر نەمانەوە، هەموویان ڕۆشتن تەنها ماڵی نەمام نەبێت. نەورۆزو منداڵەکە پاڵکەوتبوون، نەمام پەڕەی وەریوی گوڵەکانی لەسەرو چاوی منداڵەکە دەکردەوە. یەکێك لەگوڵەکان، گوڵێکی وردیلەی بچکۆلانە بوو. نەمام بۆ یەکەم جاربوو گوڵێکی بەوشێوەیە ببینێت. بەسەرسوڕمانەوە تەماشای دەکرد. بۆنێکی خۆشی دڵکراوەی هەبوو. گوڵەکەی دایە دەستی نەورۆزو خۆی چووە دەرەوە. پاش قەدەرێك هاتەوە ژورەوە نەورۆز بە سەرنجەوە سەیری گوڵەکەی دەکرد. نەمام گووتی: هیچیترم لەشێوەی ئەو گوڵە نەدۆزییەوە لەناو گوڵەکانی دەرەوە. ئەو گوڵە چۆنە لەبەر دڵی تۆدا؟ من بۆ یەکەم جارە دەیبینم. نەورۆز هێشتا هەر بە سەرسامییەوە تەماشای گوڵەکەی دەکردو گووتی: گوڵێکی نازدارە. . . من جارێکیتریش بینیومە لە باخچەیەکی کەنار ڕوباری" تایمز"، بەڕاستی گوڵێکی ئەفسوناوییە. باوەڕناکەم کەس بینیبێتی.

سوارە لە موبەقەکە خەریکی ئامادەکردنی خواردنێکی سوك بوو، سەروەریشی بەدیار خۆیەوە دانابوو. گوێی لەشتێك بوو، بەڵام باش حاڵینەبوو. هەر لەخۆیەوە گووتی من بینیومە. نەورۆز بە پەلە گووتی: لە کوێ بینیوتە؟ سوارە بەهەمان ڕیتمی خێرای نەورۆز گووتی: لە خەومدا. هەموویان قاقا پێکەنین نەورۆز نەبێت، گووتی:ئەم پیاوە لە بەزمی خۆی ناکەوێت. نەمام گووتی: وازیلێبهێنە با قسەبکات، بەخوا گیانمان بە قسەکانی ئەوە. منداڵەکەی گرتە باوەشی خۆی‌و لەلای نەورۆزەوە دانیشت. نەورۆز لەدەرونی خۆیدا بیری دەکردەوە، بیر لەو نهێنیانەی بۆچی دەبێت نهێنیبن؟ ڕاستە ئەمە گوڵێکەو ئاشکرایە بەڵام نهێنییەك لە ناخی گوڵەکەدا هەیە. هەستی کردبوو خەمەکانی دەبن بەگوڵ، بەڵام توانای دەربڕین‌و گوزارشتکردنی نەبوو لەو دیاردە سارسامو نهێنییە. لەدەرونی خۆیدا دەیگووت: گەورەی ڕۆحی لارەیە بە خۆشەویستی لەناخو دەرونماندا دەمێنێتەوە. نەورۆز بڕیاریدا هەموو

گوڵەكانی خۆشبوویت، هەموو نهێنیو دیاردەكانیش كەبۆنی ڕۆحی لارەیان گرتبوو. نەمام خەریكی منداڵەكە بوو، بەسەرنجەوە تەماشای ڕوخساری وردی دەكرد، ئاگاداری ناخی نەورۆز نەبوو لەگەڵ دەرونی خۆیدا دەدوێت وباسی چی دەكات. نەورۆزیش بەبیرەوەریەكانی لارەوە چووبووەوە ناو ناخی خۆی. ئاگاداری نەمام نەبوو چەند بە وردی سیماو ڕوخساری منداڵەكە لەزەینیدا تێكەڵ یادگارەكانی ڕوخساری لارە دەكات. بەئەسپای كراسەكەی لەلای چەپی سنگییەوە هەڵدایەوە، نیشانە گوڵەكە وەك نەخشی سەر پەڕەیەك لەسەر سنگی نەخشابوو. لەسەرخۆ گووتی: نەورۆز ئەم نیشانەیەت بینیوە؟ نەورۆز پێكەنیو سەری لەقاند. ئەمجارە گووتی: ئەی بەوردی تەماشای ڕوخساریت كردووە؟ گووتی: بەڵێ. نەمام وەك گوڵی بەرەبەیان دەموچاوی گەشابووەوە. نەورۆز گووتی: نەمام لەجاران جوانتربوویت، هەموو دەمووچاوت لە نیگای مندا پێدەكەنێت . نەمام وەك گوێی لەنەورۆز نەبووبێت گرنگی بە قسەكەی نەدا. ئەمجارەش هەر گووتی: بەباشی دیقەتی منداڵەكەت داوە؟ نەورۆز گووتی: ئەی چۆن دیقەتم نەداوە، منداڵی خۆم نییە، دووڕۆژە لە نەخۆشخانە پێكەوە نین، ئەی چۆن بەباشی تەماشام نەكردووە. نەمام گووتی: ئەی باشە بۆچی ناڵێیت ڕێك لە لارە دەچێت؟ نەورۆز خەندەیەكی نەرمو شیرین بەسەر لێوەكانیدا ڕەتبوون. ئەمجارەش هەر سەری بۆ پرسیارەكەی نەمام لەقاند.

نەمام گووتی: منداڵێكی زۆر جوانتان بووە، كتومت دەڵێی لارەیە. نەمام بەدەنگێكی پڕ سۆزو بە ڕوخسارێكی كەساسانەو بە دووچاوی پڕ لە مەكری هاوڕێیانە بە نەورۆزی گووت: نەورۆز با من ئەم گێژۆڵەیە ناو بنێم. نەورۆز گووتی: من داواكەتم قبوڵ كرد، هەردەبێت تۆش ناوینێیت. چ ناوێكت بۆ داناوە ؟ نەمام بەبێدەنگییەكی شەرمنانە خۆیشی نەیدەزانی بۆچی دەبێت لەو كاتەدا ڕوخساری شەرم بگرێت گووتی: ناوی دەنێین" گوڵە لارە". نەورۆز ناوەكەی زۆر پێ جوانو خۆشو شیرینو شیاو بوو. بانگی سوارەی كردو گووتی: سوارە وەرە تەماشای گوڵە لارە بكە لە باوەشی نەمامدا چەند جوان خەوتووە. سوارە زوو حاڵیبوو بە كەوچكێكی گەورەو دەستگرەیەكەوە هاتە ژورەوەو تەماشای منداڵەكەی كردو گووتی: بەخوا ناوێكی خۆشە، شەرتبێت منیش نانێكی خۆشتان بۆ دروست بكەم. نەورۆز گووتی: حەی. . . تازە نانی خۆشمان بۆ دروست دەكەیت؟ ئەی لەو كاتەوە چیدەكەیت؟ وا لەبرسا مردین. سوارە بەدەم قسەكردنەوە كەوچكەكەی دەستی ڕادەوەشاند، دواجار گووتی: لەوساوە خەریكی ئامادەكردنیان بووم گیانەكەم، هەر ئێستاش بەتەواوەتی ئامادە دەبێت.

خۆشەویستی "گوڵەلارە" لە ناو خێزانەکەیاندا بۆنی لارەی گرتبوو، خۆشەویستییەکی ئەفسوناویبوو، هەر بەو ڕۆحەشەوە تەنگی بەخەمەکانیان هەڵچنیبوو. ژیانی نەورۆز ئەو بەهەشتەبوو کە نەمام لە خەوەکانیدا بەگوڵی شادیو درەختی کامەرانیو ئاوازو گۆرانی و هاژەی ڕوبارەکانو گەروی ناسکی باڵندەکان بۆی ڕازاندبووەوە. خەمەکانی لارە بیرچووبوونەوە، بەڵام یادگاریەکانی لەڕۆحی گوڵەلارەی بچکۆلانەدا هەردەم بەزیندویی لەبەر چاودابوون. سیماو ڕوخسارو پێکەنینو گەشەی گوڵەلارە لە هەموو قۆناغەکانی گەورەبوونیدا هاوشێوەی لارەبوو بەبێ هیچ جیاوازییەك. هەندێك جار نەورۆز واهەستی دەکرد زەمەن بەخێرایی لەیەك ساتدا گەڕابێتەوە دواوەو سەرقاڵی گەورەکردنی لارەیەو لەگەڵ ئەودا دەژێتەوە. نەورۆزو هەر هەموویان هەستیان بە پیرۆزی نهێنییەکان کردبوو لەناو ڕۆحی لارەدا خەمەکان گوڵیان دەگرت. زۆرجار نەورۆز لەگەڵ ناخی خۆیدا قسەی دەکرد: تۆبڵێی لارە خۆی لە ئەزەلەوە گوڵنەبووبێت لە ڕۆحی منداڵێکی ئەفسوناویدا؟ دڵنیام هەر گوڵ بووە...هەر گوڵ تەمەنی کورتەو لەناکاو هەڵدەوەرێت، هەرگوڵ یادەشیرینەکانی لە بۆنیدا دەمێنێتەوە. ئێستاش ماڵەکە هەر بۆنی ئەوی لێدێت. ئەگەر گوڵ نەبووبێت چۆن خەمەکان گوڵ دەگرن؟ بۆچی گوڵەکان تایبەتو ئەفسوناوین؟ ئێستا هەستی پێدەکەم ڕوخساریشی وەك گوڵ دەینواند، هەمیشە خەندەیەکی سروشتی گوڵانە لەسەر پەڕەی لێوەکانی بوو، لێوەکانیشی وەك پەڕەی گوڵ تەڕو ناسكبوون. وەكگوڵیش کەس لە بۆنی بێزار نەدەبوو. هەموو ئارەزویان بوو وەك گوڵ لەسەر سنگی خۆیان داینێن. دڵنیام لارە هەر گوڵ بووە، هەر گوڵ وەك شێوەی خۆی دەڕوێتەوە، گوڵەلارەش وەك لارە دەرچووە. دەرکەوتنی نهێنییەکان هیوای زیاتری بە نەورۆز دەدا لە ڕۆحی میهرەبانی لارەوە ئاوێتەی ڕۆحی گوڵە لارە ببێتوبەئومێدەوە لە ڕۆژەکانی داهاتوو بڕوانێت.

خوێندنەوەی ڕۆمانی"خەمەکان دەبن بە گوڵ" کاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەرگۆڕانی بیرکردنەوەی باروذۆخی نەورۆز هەبوو. لەپاش لە دایکبوونی گوڵەلارەشەوە نەورۆز هەردەم بیری لە چارەنوسی خۆی دەکردەوە کەڕۆژگارێك وەك دایە نازناز هەموو منداڵانی دونیا خۆشیان بوویێت. ڕۆژانە بە پەرۆشەوە ڕۆمانەکەی دەخوێندەوە. ڕوداوەکان هاوشێوە نەبوون، بەڵام وەك بۆ خەمەکانی ئەو ڕۆژگارەی نەورۆز نوسرابێت، ئاوێتەی نهێنییەکان ببوو کە خەمەکانی گوڵیان دەگرت. نەورۆز دڵنیا بوو کە نوسەرێکی فەرەنسی پێش چەندین ساڵ لەمەوپێش نوسیبووی. ڕۆژێك لە سوارەی پرسی:ئەگەر ئەم ڕۆمانە فەڕەنسیە بۆچی هەموو کەسەکانی کوردنو ناوەکانیان کوردییە؟ سوارە گووتی: نەورۆز دیاردەیەکی زۆر ئاساییە، وەرگێڕەکە بۆ سەرنج ڕاکێشانی خوێنەری کورد ئەو کارەی کردووە.

نەورۆز هەر بەشێکی دەخوێندەوە بۆ نەمامی دەگێڕایەوە. لە موبەقەکەی ماڵی نەمام دانیشتبوو، تازە گەشتبوو، گووتی: نەمام گیان ترخێنەکەم بۆ گەرم بکەرەوە، ڕۆژی ترخێنە خواردنە، ئەمڕۆ زۆر ساردە، ڕەنگە بەفر بباریێت. نەمام لەپەنجەرەکەی موبەقەوە تەماشای دەرەوەی کردو گووتی: ئەمڕۆ نەچوومەتە دەرەوە، چی ڕەنگە بەفر بباریێت، ئەوە پڕوشەی بەفردەکات. هێواش هێواش پڕوشەی بەفر بەسەر لقی دارە بێگەڵاکانی باخچە بچکۆلەکەیانەوە وەك وردە پەمووی دەم "با"یەکی هێمن نیشتبوونەوە.
هاڵاوی گەرمی ترخێنەکە موبەقەکەی پڕکرد لە بۆنو بەرامەی نیسكو نۆكو گوێزو داو ودەرمانی کوردەواری. نەورۆز خێرا خێرا فوی لە قاپەکەی بەردەمی دەکردو فرسەتی لە کەوچکێ ترخێنە دەهێنا. فەرمووی لە نەمام کرد: نەمام بۆچی نایەیت لەگەڵمدا بخۆیت. نەمام گووتی:بەنۆشی گیانت بێت، بەشی خۆتە. باوەڕت هەبێت دوێنێ ئەوەندەم خوارد مڕببووم. دوێنێ نەهاتیت بەگەرمیو تازەیی بیخۆیت...ئەزانی چەند بە لەزەت بوو؟ . نەورۆز بەدەم فوکردنەوە کەوچکێك ترخێنەی تری هەڵقوڕاندو گووتی: ئێستاش هەر بە لەزەتو بەتامە، فەرقی دوێنێو ئەمڕۆ چییە؟ نابینیت ئێستاش هەر گەرمە. لەدوای نان خواردن بەدیار دوو چای بۆندارەوە لە هۆڵەکە دانیشتبوون. ڕۆژێکی زستانی شاری لەندەن بوو، خاو خاو بەفرێکی سپی بە بێدەنگی بەسەر شەقامو کۆڵانو باخچەو دارو پەلکی درەختەکاندا دەباری. هۆڵەکەش بێدەنگ بوو، بەیانی سەروەر شادو خۆشی بردبوو بۆ باخچەی ساوایانەکەی نزیك ماڵی خۆیان. هەردووکیان لەیەك کاتدا پیاڵە چایەکەی بەردەمیان هەڵگرتو بەدەم فویەکی هێواشەوە سەرو مژێکی بچوکیان چا خواردەوەو بە خەندەوە تەماشای یەکترییان کرد. نەورۆز هەستی بە خەندەکەی سەر لێوی نەمام کرد کە پێیدەڵێت نەورۆز چیت پێیە؟ نەورۆز گووتی: تۆ دەزانیت وەك دوێنێ ئەمڕۆش لەتەلەفۆنەکەدا باسی ڕۆمانەکەمان بەهۆی ژنە بەریتانیەکەو ترخێنەکەوە بیرچووەوە. کەتەلەفۆنەکەم داخستەوە ئینجا بیرم کەوتەوە خۆمن سەبارەت بە باسی ڕۆمانەکە تەلەفۆنم بۆ نەمام کرد، هیچیشم بۆ نەگێڕایەوە. دواتر بیرملێکردەوە خۆم ئەچم بۆ سەردانی، ئەوسا هەمووی بۆ دەگێڕمەوە. نەمام بە ئاسودەیی نەورۆز سەبارەت بە ڕۆمانەکە زۆر خۆشحاڵبوو، هەمیشە لە ڕوخسارو قسەکردنیشدا بەوشێوەیە خۆی پیشاندەدا کە نەورۆز هەستبکات زۆر بە پەرۆشو تامەزرۆوە گوێی بۆ ڕادەگرێت. ئێستاش بە هەمان شێوە لەچاوەکانیدا دیارە بە حەسرەتەوە چاوەڕوانی نەورۆز دەکات. پیاڵەکان بەبێ چایو بەبێ ناز کەوتبوون. نەمام گووتی: نەورۆز گیان با دوو چایتر بهێنم، ئەوسا بە کاوەخۆ چیت خوێندۆتەوە بۆم بگێڕەرەوە. نەورۆز خەندەی ناخێکی میهرەبان بوون بە میوانی لێوەکانی کە گوزارشتی لە هەستێك دەکرد پیشانی

نـەمـامی بـدات نهێنییـەکـانی ناخیـان ئاوێتـەی یـەکترییـە. نـەمـام بـەدوو چـای گـەرمو شیرینوڕەنگ تێر هاتە ژورەوە. نەورۆز هێواش هێواش چایەکەی دەشێواند، وەك لەگەڵ نەمامی نەبێت گووتی: ڕۆژێکی خۆشـە ، هەسـت بـەدڵ ئـارامی دەکـەم، بـەڵام خۆزگـە هـەرسـێکمان بووینایـە. لـەودەمـەیـدا نـەمـام پیاڵـە چایـەکـەی لـە لێـوەکـانی نزیککردبووەوە، بەڵام لە خواردنەوەی پەشیمان بووەوە. بەسەرسامییەکی خەندە ئامێز گووتی: هەرسێکمان...منو تـۆو کێیتر؟

نەورۆز لەناو هەناسەیەکی گەرمدا گووتی: خۆمو تۆو دایە نازناز.

نەمام بەلوشەیەك قومێك چای خوارد. خەندەکەی کرد بە پێکەنین، بـەڵام بـە ئاستەم ددانەکانی دەرکـەوتن. پیاڵـەکـەی لـەسـەر ژێر پیاڵـەکە دانایـەوە. پـەنجـەکـانی هـەردوو دەستی لەناو یەکتریدا ئاڵاندو بەنەرمی تـەقاندنیو گـووتی: نـەورۆزەکـەی خـۆم ! دایـە نازناز ژنـی نـاو ڕۆمانەکەیە، چۆن دەتوانێت لەگەڵماندا بێت؟ لەڕۆژێکی بێدەنگی وەك ئەمڕۆدا، بەتەنها هەردووکمان بەسە کە گوێ لەڕازو نیازی دڵی یەکتری بگرین.

نـەورۆز هێشـتا هـەر لـەنـاخی خۆیـدا بـوو، گـووتی:ئێمـە چـۆن ئـەتـوانین لـەنـاو ڕۆمانەکاندا بژین، ئەوانیش بە هەمان شێوە دەتوانن لەگەڵ ئێمەدا بن. ئـەی تـۆ ئـەوەت نـەزانیـوە دواجـار ئێمـەش دەبـین بـەرابـردو، وەك چیرۆکـی نـاو ڕۆمانـەکـان ژیـانو بیـرەوەریـەکانمکـان دەگێڕدرێتـەوە، مانـای دەبـین بـە ڕۆمـان، بـە هـەمـان شـێوە بەگێڕانەوەی ڕۆمانەکان پاڵەوانەکانی دەتوانن لەگەڵماندابن. ئەگەر وانییە ئەدی بۆ تۆ ڕۆمانێکت بۆمن هێناوە کە سەرقاڵی خوێندنەوەی ببم، هەروایە چونکە وا هەستدەکەم لەناو ڕۆمانەکەدام و هاوڕێی دایە نازنازبم، هەنگاو بەهەنگـاو حـەزدەکـەم شـوێن پێـی هـەڵبگـرم. نـەمـام. . . ! ئێسـتا نازنـاز هـەمـوو منـداڵانی شـارەکـە دەیناسـن، ئـەویـش هــەموویــانی وەك خاتوونــە قــژ زەردی کچــی خۆشــدەوێــت. هــەرمنداڵــەو گوڵــە ملوانکەیەکی داوەتێ. نـەمام لـەقسـەکاندا هـەڵیدایـە: باشـە ئـەو ژنـە ئـەو هـەمـوو گوڵـە ملوانکەیەی لەکوێ بوو؟

نەورۆز زۆری پێخۆشبوو کـە نـەمـام پرسیار لـە بابـەتـەکـانی نـاو ڕۆمانـەکە بکـات. گووتی: نەمام گیان پەلەمەکە هەموو شتێکت بۆ دەگێڕمـەوە. ئـەو ژنـە داماوە ڕوولـە هەر جێگایەك دەکات بۆ سۆراغی منداڵەکەی، بێئومێد دەبێت، بـەڵام لـەو شـوێنەی کـە منداڵـەکـەیـان لێبینیـوە، گوڵـە ملوانکـەیـەك دەدۆزێتـەوە لـە شـێوەی ئـەو گوڵـەی کـە خاتوونەی کچی هەیبووە. دۆزینەوەی ئەوهەموو گوڵە ئەو نهێنییەیە کەمنـی سـەرسـام کـردووەو ڕۆمانـەکـەش بـۆ نـاو ڕۆحـی خۆیـت ڕادەکێشـێت. هـەسـتدەکـەم لێکچونێك لەژیانماندا هەبێت، بەڵام ئێستا نا، لەداهاتودا. من نازانم کۆتایی ڕۆمانەکە بەرەو کوێ دەڕوات، هـەرچۆنێك بێـت واهـەسـتدەکـەم داهـاتوی مـن وەك داهـاتوی نازنـازبێـت لـە کۆتـای ڕۆمانەکەدا. باشە لە تۆ دەپرسم: ئەو نهێنییە چییە عاشقی ناو ڕۆحی ڕۆمانەکە

بووم؟ هەستدەکەم زەمانێك ژیابێتم هاوکات هاوڕێی نازنازیش بووبم. دەزانیت زۆر جار لەدوای خوێندنەوەش لەگەڵ نازنازدا دەژیم، بیرم لە پرۆژەیەك کردەوە کە پێکەوە ئەنجامی بدەین، بەڵام بەداخەوە دەمم ناگاتە دەمی تاکو باسوخواسی خۆمی لەگەڵدا بکەم. هەمیشە بەکۆڵانەکانەوە بەشوێن خاتوونەدا وێڵە. ئێستا ئەو بێهیوایە لە دۆزینەوەی کچەکەی، بەڵام ناشتوانێت بێ هیوابێت، بەڵگەش بۆ ئەوە ، کە دەچێتە ناو کۆڵانەکانەوە ڕوخساری زۆر گەشو کراوەیە، بەهەر منداڵێکیش دەگات وەك خاتوونەکەی کچی سەری بە سنگیەوە دەنێت، دەزانیت تاسەشی پێیدەشکێت. نەمام لەمانە نهێنیتروئەفسوناویتر، منیش خاتوونە دەبینم، وەك جاران قژە زەردو نەرمەکەی بەسەر شانو ملیدا پەخشان کردووە، بەڵام زۆرسەیرە بە هەموو کۆڵانەکاندا دەگەڕێت جگە لە کۆڵانەکەی خۆیان. زۆرکەسیش لۆمەی نازناز دەکەنو دەڵێن:ئەم ژنە بۆچی وا لەخۆی دەکات، ئەوەنییە خاتوونە ماوەو دەسوڕێتەوە.

نەمام وەك نەورۆز نوقم ببوو، نەورۆز نوقمی دەریای ڕۆمانەکە، نەمامیش نوقمی دەریای گوێگرتنونوقمی ناخی نەورۆز. لەناکاو ترسێك دایخوریان نەبا لەم هەموو غەرقەدا بخنکێت. گووتی: نەورۆز چایەکیتر ناخۆیت؟بنی پیاڵەکەی یەك نیوە قومی چای ساردەوەبووی تێدا مابوو، کەمێك ڕایوەشاندوئەویشی هەڵداو گووتی:با چایەکیتریش دەخۆم، ئێستا خۆم ویستم پێتبڵێم.

نەمام لە دەرونی خۆیدا گووتی: وادیارە هەستو ئاگای لەلای خۆی بووە، ویستییەتی داوای چایەکیتر بکات. بەجۆرێك نوقمی ناو ڕۆمانەکە ببوو، واهەستم دەکرد ئاگاداری دونیای دەرەوە نەبێت. دووچای تری لەسەر سینییەکی بچکۆلانەی ستیل هێنا. چایەکی بۆ ئەو داناو ئەوەی تریشیان بۆخۆی. بەنەورۆزی گووت: بۆچی دەمت ناگاتە دەمی نازنازی ناو ڕۆمانەکە؟ خۆتۆ هەمیشە لەناو لاپەڕەکاندایت، زووزوو بەو ژنە دەگەیت. نەورۆز تەقو چەقی کەوچكو پیاڵە چای تێکهەڵدەدا، کەوچکەکەی دەرهێناو دووجار ڕایوەشاند تاکو چا چۆڕبێتو گووتی: واتێنەگەیت لەناو ڕۆمانەکەدا نازناز دەبینم ئیتر هەروا ئاسانبێت کە بتوانمقسەی لەگەڵدا بکەم. گفتوگۆ لەگەڵ کەسەکانی ناو ڕۆمانەکان هەرگیز دووبەدوو ئەنجامنادرێت. دەبێت ئێمە دووانبین سەبارەت بەو ژنە قسەبکەین تاکو ئەویش دێتە قسە. وەك زانستی ئەندزیاری ئەگەر هەزارەها گۆشەش کۆبکەینەوە ناتوانین "سێ" گۆشەیەك دروست بکەین تاکو سێ دانە گۆشە خۆیان سەر بەسەری یەکەوە نەنێن. نازنازی ناو ڕۆمانەکە قسەمان بۆناکات ئەگەر ئێمە خۆمان نەیدوێنین. بۆ نمونە: من دەمەوێت لەگەڵ نازنازدا پرۆژەیەك دابمەزرێنین بۆ تروکاندنی خەمی دایکەکان تاکو ببن بەگوڵ چونکە هەست بە ئایندەیەکی لێکچوو دەکەم. تۆ دەڵێیت چی؟ نەمام نەیدەویست لەخەیاڵی نەورۆز ڕابکات، ئارەزوییوو بچێتە ناو دونیاکەی نەورۆزەوە، گووتی: بە

باوەڕی من کەسێك لەشێوەی نازناز دروست بکە، بەڵام دەبێت کەسێکی دەرەوەی ناوڕۆمانەکە لەبری ئەو قسە بکات.
نەورۆز گووتی: کەواتە بائەوکەسەی شێوەی نازنازە، نازناز هەر خۆیبێت. کەسی دووەمیش تۆبیت.
زۆر چاکە من قبوڵم کرد، بەڵام دەبێت بگەیتە کۆتایی ڕۆمانەکە بۆئەوەی ئاگاداری هەموو ژیانیبیت.
نەمام گیان ئەوەدەزانم، بەڵام هەرلەئێستاوە دیارە خەمەکانی ئەویش دەبن بەگوڵ، من مەبەستم ئەم نهێنییەیە، ڕەنگە ئایندەشمان لێکچووبێت، هەر واش هەستدەکەم. منیش دووبارە دەڵێم" خوێندنەوەی ڕۆمانەکە گرنگە تاکو تەواو بوون.

# 14

## گـولّـە هێـــرۆ

دووەم ڕۆژیـان بـوو لـەماڵی خـەسرەوی بـرای نـەمام . هـەموویـان لـە هۆڵـەكـەدا دانیشتبوون چاوەڕوانـی هـاتنی مامۆستا كـارلۆس بـوون. نـەمام زۆر جـار دەربـارەی بلیمـەتـی كـارلۆس قسـەی بـۆ نـەورۆز كردبـوو. مامۆسـتا كـارلۆس جگـە لـەوەی هونـەرمـەنـدێكی لێهـاتووبوو، مـرۆڤ خۆیشـی لـەروخسـاریدا ئـەو بـە هـرەیـەی دەخوێندەوە. ئەویش ناخی كەسی بەرامبەری هەست پێدەكرد. نـەمام لـەمێژبـوو ئـەو مامۆستا دڵسۆزەی خۆی نەبینیبوو، هاكا پەیدا بوو، بەبینینی یەكتری شادببن.
مامۆستا كارلۆس دەمێكە گەشتووە، ڕازی قسـەیـان دابـەستووە. باسـی كۆنو باسـی ئێستا. گفتوگۆی جـەنگـە لـەنێوانی ڕابـردوو ئێستادا، لـە نێـوانی تـاریكیو ڕۆشـنای. لەنێوان شادیو پێكەنین. ژورەكە پڕ بووە لە پێكەنین، جارجار بە خەندەیەكی گەشو كـراوە، وەك مامۆسـتاو قوتـابی نیگـای سـۆزو وەفـاو دووری چـەنـد سـاڵـەیـان بـە خۆشـەویستییەوە دەگۆڕییـەوە. مامۆستا كـارلۆس وەك لـەمێژبێـت نـەورۆز بناسـێت، بەزمانێكی دۆستانەو ئینگلیزییەكی ڕەوان دەیدواند. پێشیگووت: خانم وەك لەجێگایـەك بەڕێزتانم بینیبێت، بەڕوخسارتان ئاشنام، پێموایە لەیەكێك لە پێشانگا جیهانییەكان؟
نـەورۆز گووتی: نەخێر، بەشداری هیچ لەو جۆرە پێشـانگایانـەم نـەكـردووە، چونكـە هونـەرمەند نیم. منیش یەكەم جارە بەڕێزتان دەبینم.
مامۆستا دوودڵ نەبوو لـە وەڵامـەكـەی نـەورۆز، بـە دڵنیاییـەوە پێیگووت: خـانم مـن هەڵەبووم. بەڵام گومانم نییە لەوەی كە لە ئایندەدا لە بۆنـەیەكی جیهانیدا بەیەك بگەین.
ژیانی نەورۆز ئاوێتەی نهێنییەكان ببوو، لە هەندێكیشیان بەگومان بوو. ئارەزوویبوو لەنهێنی ناخی مامۆستا كارلۆس بزانێت سەبارەت بە خۆی. نـەورۆز دڵنیـابوو كـە ئـەو مامۆستایە ئاگاداری ژیانو بەسەرهاتەكانی نییـە، ئـەم قسـەیـەش لـە خۆڕا ناكرێت كـە هاوكاتی كۆمەڵێك دیاردەی ئەفسوناوییە. چەند ڕۆژێكـی كـەمیـان لـە ئیسپانیادا مـابوو، حەزیاندەكرد هـەموو كاتـەكـان لـەلای مامۆستا كـارلۆس بن، نـەورۆز وەك دۆستێكی دێرینی بەدیداری ڕۆژانەی شـادو بـەختـەوەر بـوو. ناچـار بـوو هـەموو نهێنییـەكـان بـۆ مامۆستا كارلۆس بگێڕێتەوە. لەو سـەردانـەوە پـەیوەندی نـەورۆزو مامۆستا كـارلۆس بەردەوام بوو. هەرچەنـدە نـەورۆز هیچ بـەهرەیـەكـی هونـەری تێدانـەبوو، بـەڵام وەك

مامۆستاكارلۆس گووتی، نەورۆز بوو بەو ئافرەتەی لە جیهاندا ناسرا. مامۆستا كارلۆس هەرلەیەكەم ڕۆژی بینینییەوە وەك كەسایەتییەكی گەورە تەماشایدەكرد، هەندێك جار بە خانمە گەورەكەش بانگیدەكرد. نەورۆز لەدوای بینینی مامۆستاكارلۆس چووەوە ناو چارەنوسی دایە نازنازی ڕۆمانی "خەمەكان دەبن بەگوڵ". هەمیشە بیری لە چارەنوسی ئەو ژنە دەكردەوە، ڕۆژگارێك ئەویش وەك ئەوی لێبێت. هەندێك جار نەورۆز لەقسەكانی مامۆستا كارلۆس بەگومان دەبوو سەبارەت بە ئایندەی خۆی، ناچار دەیپرسی: من كەسێكی بێ بەهرەمو هیچ توانایەكی هونەریم تێدا نییە، ئیتر تۆ چۆنو بە چی لە گەورەییئایندەی من ڕادەبینی؟

مامۆستا كارلۆس جارێكیتر بە دڵنیاییەوە بە نەورۆزی دەگووت: قەدەرەكان دوو دیون، ڕەشوسپی. هەموو جارێك بە دیوە ڕەشەكەدا ناكەوێتەوە. چیرۆكی ئەو ئافرەتە گوڵ فرۆشەی بۆ دەگێڕایەوە كە جگە لەگوڵ فرۆشتن هیچ هونەرێكی نەزانیوە. ڕۆژێك لە گۆڕەپانی شاردا بەخۆیو چەپكە گوڵە ڕەنگاوڕەنگەكانی دەستی لەبەردەم میوانە گەشتیارەكاندا وەك پەیكەری ڤینۆس لەناوەڕاستی گۆڕەپانەكەدا ڕاوەستابوو. یەكێك لە گەشتیارەكان ئەو وێنە كێشەبوو كە هەموو سەرنجی هونەری خۆی خستبووە سەر دیمەنە جوانو ئەفسوناویەكانی كچە گوڵ فرۆشەكە. هونەرمەندە كە تكای لێدەكات كە وێنەیەكی بكێشێت. لەسەر كاغەزێكی وێنە كێشان، لەناو دونیای خەیاڵو بەهرەی خۆیدا وێنەی كیژەكەو چەپكە گوڵە ڕەنگاوڕەنگەكانی دەستی تێكەڵ بە ئەزمونی هونەری دەكاتو تابلۆی گیژێكی پەیكەر ئاسا دەخوڵقێنێت. جوانی تابلۆكە لەئاستی جوانێكان دەرچوو، بوو یەكێك لەو وێنانەی كە دەیانگووت"ڕەنگە ڕۆحێكی ئەفسوناوی بە نهێنی لەناو ڕەنگەكاندا هەبن". هەندێك هونەرمەندی گەورەی جیهانیش دەیانگووت"مۆنالیسایەكیتر لەدایك بوو". بەڕەزامەندی كچە گوڵ فرۆشەكە تابلۆكە بە هەموو شوێنێكدا بڵاوكرایەوە. لەزۆربەی شارەكان بەتەنها پێشانگای بۆ سازكرا، لە هەموو پێشانگاكاندا كچە گوڵ فرۆشەكەش بەجلو بەرگی ناو تابلۆكەوەو بەچەپكە گوڵی ڕەنگاوڕەنگەوە خۆی پیشاندەدا.

كچە گوڵ فرۆشەكە بوو بە خاوەنی پارەیەكی زۆر بەهۆی فرۆشتنی تابلۆكان بە هەموو جیهاندا. ئەو كیژۆڵەیە پارە زۆرەكەی خستە كارەوە بۆ بەردەوام بوونی ئەو ڕێخراوەی دایمەزراند بەناوی( ڕێخراوی گوڵ بۆ پاراستنی منداڵ). لەئەنجامی یارمەتی منداڵانی بێكەسی جیهان. پاداشی میهرەبانترین ئافرەتی هەموو جیهانی پێبەخشرا. ناو ناوبانگی بە هەموو دونیادا بڵابووەوە.

گەشتەكەی ئیسپانیا نهێنییەكی تری لەخۆی گرت كە هەمیشە نەورۆزی هاندەدا بیر لە چارەنوسی خۆی بكاتەوە لەئایندەدا وەك كچە گوڵ فرۆشەكە بە میهرەبانی خۆی لە دونیادا بناسرێت. تێبینیەكانی مامۆستا كارلۆس بۆ ئایندەی نەورۆز

هاوكاتو هاوئاستی سەرهەڵدانی نهێنییەكان بوون. زۆربەی جارە كان لەگەڵ ناخی خۆیدا ئایندەی خۆی لێكدەدایەوە. بیریدەكردەوە چۆن بگات بە ئاستی كچە گوڵ فرۆشەكە. ئەوكاتانەی نائومێد دەبوو لەبێ بەهرەیی خۆی، دەیگووت خۆ ئەویش هیچ بەهرەو هونەرێكی نەبیوو جگە لە گوڵ فرۆشتن. لەخۆی دەپرسی: ئەو كچە گوڵ فرۆشە رێكەوت گەشتیارێكی بۆ نارد، جا من بەچی بگەمە ئەو پلەو ناو نیشانە؟گوڵ فرۆشتن ئاسانە، ئەی هونەرمەندێك لەكوێوە بهێنم؟ ئەوەی رێكەوت شانشو ناوچەوان دەیخوڵقێنێت، بە تەكبیرو بەرنامە قەد پێكنایەت. هەمیشە بیری لە ئایندە دەكردەوە، لە كچە گوڵ فرۆشەكەو لە قسەكانی مامۆستا كارلۆس. ئەو پیاوە بۆیەكەم جار منی بینی چۆن ئەو نهێنییەی لە چاوەكنمدا خوێندۆتەوە؟ ئەگەر راستنەكات ، چی ناچاری كردووە درۆ بكات؟ چاوە وردو بە قوڵا چووەكانی درۆیان تێدا نەنوسرابوو، هەمیشە وادیاربوون كە دوور بڕوانن‌و بیریش لە ئایندە بكەنەوە. نەورۆز هەردەم بە نهێنییەكان سەرسام بوو، لەخۆی دەپرسی: بۆچی هەمووچیرۆكو دیاردەكان دەبێت گوڵ بن؟خەمەكانی لارە گوڵیان گرت. ڕۆمانی خەمەكان بوون بەگوڵ. پێرانەگەیشت بیر لە گوڵەكانی تر بكاتەوە، هەڵوێستەیەك لە مێشكیدا بۆ یادی ڕۆمانی"خەمەكان دەبن بەگوڵ"ی گەڕاندەوە. نازنازی بەبیردا هاتەوە كە سەروەختێك هاوڕێی ناو ڕۆمانەكەی بوو. ئەو ماوەیە نەورۆز زۆر خوی بە خوێندنەوەی ڕۆمانەكەوە گرتبوو. هەركاتێك دەستی لە خوێندنەوە هەڵدە گرت تاكو جارێكی تر دەچووەوە سەری لەناو یادگارەكانو ڕوداوەكانیدا دەژیا. بەش بەش بۆ نەمامیشی باسدەكرد. زۆرجار گفتوگۆی جدیشیان لەسەر دەكرد. ئەو ڕۆژە لەماڵی نەمام گەڕایەوە بەفر تەواوی شۆستەو كۆڵانەكانی بە تەنكی داپۆشی بوو. درەختە چڵولق بەفر گرتووەكان دیمەنێكی جوانتر دەنوێنن لە بەفردا. بەخێرای ڕێیدەكردو لەژێر پاڵتۆ درێژە ڕەشەكەیدا، بیری دەكردەوە. نەمام ڕاستدەكات، دەبێت ڕۆمانەكە هەمووی بەوردی بخوێنمەوە. دونیا لە بەفردا بێ دەنگترو دڵكراوەترە، كزەبایەكی باریكی سەرما ، ڕوخساری سور هەڵدەگەڕان. نیگای لەسەر هەنگاوەكانی خۆیبوو. جێاگا پێیەكان لەسەر بەفرەكە نەخشابوون. دوو شوێن پێی دوو كەس بە تەنیشت یەكەوە لەپێش ئەمەوە ڕێیانكردبوو. چەند خێراتر دەڕۆی ئەو جێگا پێیانە لە پێشیەوە بوون. لەناكاو لە پشت ژن‌و پیاوێكی پیردا كە قۆڵیان بە قۆڵی یەكتریدا كردبوو، جێگا پێیەكان لە سەر بەفرەكە كۆتاییان پێهات. بەفر نهێنییەكی ئەفسوناوی لە ڕۆحی خۆیدا حەشارداوە كە دڵ بە خۆیەوە ئارام دەكات، ڕەنگە ئەو نهێنییە لە ڕەنگیدابێت، یاخود لە كپی‌و هێمنیدای. پیاوێك لەدوورەوە هەر بەمەستێكی زۆر ئاسودە دەچوو كە ڕۆژانی پێشوترەوەك ئەمڕۆ گۆڕانی‌و سەمای ڕۆحێكی ئاسودەی بۆ نەهاتبێت. بوتڵێك شەرابی ڕەشی بەدەستەوەبوو. سەری بۆ ئاسمان هەڵبڕیبوو وەك بەشیعرەوە سوپاسی خودا

بکات لە پاداشی بەرەکەتی بەفردا. چەند تنۆکێك شەراب لەنیوانی لێوەکانیو لێوی شوشەی شەرابەکە بەسەر بەفرەکەدا چۆڕابوون. وەك ڕۆحی گوڵ بەسەر بەفردا ڕژابێت، ڕەنگی بەفرەکە لە خوێنی ئەو پەپولانە دەچوو لە جەنگی عەشقدا شەهیدبوو بێتن. نەورۆز لەتەنیشت پیاوەکەدا ڕەتبوو، کابرا بە زمانێکی خاوخلیچك گووتی: خانم. . . خانم ، پرسیارێك لە بەڕێزتان. . . .

نەورۆز چەند هەنگاوێك ڕەتببوو کە ڕاوەستا. هیچ دەنگی نەکرد، بەڵام لەسیمایدا چاوەڕوانی کابرای دەکرد. کابرا مەستبوو، بەڵام مەستی شەراب بە نهێنییەکانی بەفر، بۆیە هەڵوێستە لە مەستبوونی نەدەکرا، هەرچەندە لە دوورەوە وا دیارنەبوو. قومێکیتر شەرابی هەڵدا. چاوەڕوانی هەناسەی دوای شەرابەکەی نەکردو بە هەناسە سواریەوە گووتی:ئافرەتو بەفر جوانترن یاخود گوڵ؟ نەورۆز وەڵامی نەدایەوە. دووبارە بەخێرای کەوتەوە ڕێ. تاکو دوورکەوتەوە گوێی لەدەنگی پیاوەکەبوو دەیگووت: گوڵ...گوڵڵ... گوڵڵڵ... گوڵڵڵڵڵڵڵڵ.

نەورۆز هەرچەندە گوێی لە پیاوەکە نەگرت، بەڵام لەماڵیشەوە بیری لێدەکردەوە، بۆچی "سێ" شتی هەڵبژاردووە؟ بۆچی هەرخۆشی گوڵی هەڵبژارد؟. لەبەردەم مێزی موبەقەکەدا ڕاوەستابوو، دەستی ڕاستی لەسەر مێزەکەدانابوو، هێواش هێواش بە پەنجەکانی تەپڵی بە مێزەکە لێدەداو بیردەکردەوە ئەمرۆ چ خواردنێکیان بۆ ئامادە بکات. خۆی گرنگ نەبوو ، لەماڵی نەمام قاپێك ترخێنەی گەرمی خواردبوو. نەیدەزانی چیان بۆ ئامادە بکات. لەبەر خۆیەوە دەیگووت: خۆزگە ڕۆژی یەك ژەم نان خواردن هەبوایە. نازانم چیان بۆ دروست بکەم؟ هەرچییەك دروست بکەیت دەڵێن" دوێنێ خواردومانە". سەلاجەکەی کردەوە ماسییەکی لاکسی گەورەی تازەی تێدا بوو. دیاربوو سوارە ماسییەکەی هێناوەتەوەو خۆی ڕۆشتووە، دڵنیابووە لە ماڵی نەمام بووم. ئەو ڕۆژانەی کە تەنیابم ئەویش حەزدەکات سەردانی نەمام بکەم. ئەمرۆ ماسی دەخۆین، ماسیش زوو ئامادە دەبێت. چووە هۆڵەکە دانیشت، ڕۆمانە کەی لەسەر مێزەکە بینی کە بەیانی بەجێیهێشتبوو. پارچەیەك کاغەز لەنێوان پەڕەکانی کتێبەکەدا گۆشەیەکی هاتبووە دەرەوەو سەرنجی نەورۆزی ڕاکێشا. کاغەزەکەی ڕاکێشاو شێوەی خەتی نوسینی سوارەی ناسییەوە. "نەورۆز. . ! ئەم کاتەت باش ، ماسییەکەم کڕیوەو لەناو سەلاجەکەدا دامناوە، ئەمڕۆ ئەو ماسییەمان بۆ ئامادە بکە. " نەورۆز دووبارە ڕۆمانەکەی بەدەستەوە گرت. تاکو ئەو شوێنەی خوێندبوویەوە پەڕەکانی بە خێرای بەرەو دواوە هەڵدایەوە، لەژێر لێوەوە گووتی: هێشتا زۆرم ماوە.

شەوێك دایە نازناز بۆ تەماشای ئەستێرەکان، بەتایبەتی ئەستێرە خاتوونە هاتەدەرەوە. ئاسمان نزمو ڕەنگ خۆڵەمێشی بوو، ئەستێرەکان بە بێزارییەوە لەپشت هەورەکانەوە هاوڕێی شەوێکی دەیجورئامێزبوون. بەڵام دونیای سەر زەوی شارەکە

سپیسپی بوو وەك ڕیشی مام پەموو. نازناز مام پەمووی بیرکەوتەوە. زستانان کەمکەم دەردەکەوت. شانوملی شل بوو ئەستێرە خاتوونەی بەئاسمانەوە هەر نەدۆزییەوە. دڵگران نەبوو، پەستی دڵی بەڕەنگی خامۆشوهێمنی بەفرەکە ئارامو کراوەبوو. سەرتاپای شار لەژێرشەوێکی سپیو بێدەنگوبوو. کەس بەدەرەوە نەبوو هەواڵی بینینی خاتوونەی قژ زەردی بۆ بهێنێت. هێدی هێدی دەچووەوە ناخی خۆی تاکو لەنهێنییەکانی بەفر حاڵیببێت. لە گەڕان بەدوای نهێنییەکانی بەفردا هەستی بە دەرونێکی گەرمو ئارام دەکرد. وەك لە چاوی باڵندەی سەر درەختەکانەوە بۆ بەفر بڕوانێت، نهێنی باڵندەکانیشی دۆزییەوە کە بەشەوە بەفرەکاندا ئارامتر بەسەر لقی ساردو تەزیوی دەرەختەکانەوە هەڵنیشتوون. ناوبەناو سەری بۆ ئاسمان هەڵدەبڕی، پەڵە هەورێك بە خێرای دەڕۆشتو کەلێنێك دەکەوتە نێوان هەورەکانو تروسکەی ڕوناکییەك لە ساتێکی زۆر کەمدا دەردەکەوت، پەڵە هەورێکیتر خێرا جێگای دەگرتەوەو تەمەنی تروسکەکەی دەبڕیەوە. بەهێواشی دەیگووت: ئەم هەورانە لەکوێوە دێنو بۆکوێ دەچن؟ نیگاکانی لەسەر هەورەکان ماندووی دەکردو دەیگووت: من چیمداوە بەسەر هەورەکانەوە هەزاران ساڵە هەروا بووە، هەموو شتەکان دێنو دەڕۆن. ئێمەش هەروا هاتووینو ڕۆشتووین. بەڵام خاتوونە بۆ کوێ چووە؟ هەر ڕۆژەی لە جێگایەك دەیبینینو منیش لە هیچ شوێنێك نایدۆزمەوە. ئەگەر بە ئاسمانەوە بێت خۆ ئەو دەبێت من ببینێت بەم شەوە بەفرانبارە لەشوێنی وێڵم. بەڵام هەورەکان ڕێگرن بەم شەوە من لەم بەفرەدا ببینێت. . خۆ شەوانیتر بەفر نەبوو، نەشیدەبینیم. نازنازی دایکت کوێربێت، چەندە حەزت لە بەفر بوو. نازناز وێنەیەکی خاتوونەی لە هەموو وێنەکانی پێجوانتربوو بە دیواری ژورەکەدا هەڵیواسیبوو. لەوێنەکەدا خاتوونە کراسێکی ڕەشی لەبەردا بوو، گوڵێکی سوری بەدەستەوە بوو چوار دەوری بە فرێکی سپیسپیبوو. یەك دووپەڕەی گوڵە سورەکە وەك لە جەنگی عەشقدا لەگەڵ پەپولە، لە سەربەفرەکە لە بەرپێیدا هەڵوەریبوو.

نەورۆز کتێبەکەی داخستو بە مژێك سییەکانی پڕ لە هەواکردو بەدەم ئاهێکەوە خاڵیکردنەوە. دەستی ڕاستی لەژێر چەناگەیدا داناو خەیاڵ بەرەو لای پیاوە مەستەکەی بردەوەو گوێکانی بەدەنگی گوڵ دەزرنگانەوە. وێنەکەی خاتوونە قژ زەردی ئاوێتەی پرسیاری پیاوە مەستەکە کردو سەرسامی نهێنی پێکهاتەی ئەو ئاوێتە بوونە بوو. زەنگی تەلەفۆنەکە لە دونیا خەیاڵی دابڕی. سوارە بوو.

نەورۆز گەڕایتەوە؟ ماسیەکەت لە سەلاجەکەدا بینی؟

بەڵێ بینیم. . . کاغەزەکەی ناو کتێبەکەشم بینی. لەماڵی نەمام بووم.

هەر زانیم لە ماڵی ئەوان بوویت، ماسیەکەم بۆ ئەمڕۆ ئەوێت. میوانداری نەجیبم کردووە، ڕەنگە زووش بێینەوە بۆ ماڵەوە. هیچمان پێویست نییە؟

نا هیچمان ناوێت، ئەی بۆچی زووتر تەلەفۆنت نەكرد؟ هەر ئێستا خەریكی دەبم.
ئەوە نییە تەلەفۆنم بۆ كردیت، ئێستاش درەنگ نییە، تاكو ئەگەڕێینەوە ماسیەكەش ئامادە دەبێت. بیرت نەچێت بە فڕن بیكەیت.
زۆر چاكە، ئێستاش خەریكی دەبم. با نەرمین خانیش لەگەڵ خۆی بهێنێت. . . ماسیەكە گەورەیە.
نەورۆز ئێمە لەسەر كار دێینەوە، پێراناگەین بچین بەشوێن ئەودا، چونكە ئێوارەش كاری گرنگمان هەیە. ڕەنگە نەجیب هاتنی ئەمڕۆی تایبەتی بێت. ئێستا كەمێك سەرقاڵم ، دەبێت ماڵئاوایت لێبكەم.
باشە بچۆ بەلای ئیشەكەتەوە. ماڵئــــــاوا.
نەورۆز چوو بەلای چاكردنی ماسیەكەوە. بیری نانی كەوتەوە كە نەیانماوە. بە پەلە زەنگی بۆ سوارە لێدا.
بەڵێ... سوارە
سوارە نەورۆزم، بیرم چوو پێتبڵێم كە نانمان نەماوە. لەگەڵ خۆت نەختێك نان بهێنەرەوە.
مالتئاوابێت نەورۆز. خۆت لەدەرەوە بوویت بۆچی نەتكڕی؟ من ئەمڕۆ لە هەموو ڕۆژێك سەرقاڵترم. سەرسام بووم كە گووتت هیچمان ناوێت. بۆیەكەمجار بوو تۆ هیچت پێویست نەبێت.
ئەی خۆت پێش ئەم تەلەفۆنە پرسیارت نەكرد چیمان پێویستە؟ نانمان پێویستە.
نیازیشم بوو بیكڕم، سەگبابێكی سەرخۆش بیریبردمەوە.
باشە ئەیكڕم، بەڵام جنێو بە خەڵك مەدە. ئەبێت نەختێك زووتر دەست لەئیش هەڵبگرم.
نەورۆز خەریكی ئامادەكردنی ماسیەكە بوو. فڕنەكەی هەڵكرد بۆئەوەی گەرمببێت. ماسییەكی پانی قەڵەوی گۆشتن بوو. لەسەر سینی فڕنەكە بە كراوەی تەخت داینا. نەورۆز زۆری حەز لە خواردنی ماسی بوو. بۆیەكەم جاربوو بەرامبەر بە ماسی گووتی: بەداخەوە مرۆڤ دەستی بە ئێوەش ڕادەگات لە قوڵای دەریاكاندا دەرتانبهێنێتو دانیان لە گۆشتان گیربكات. بەداخەوە لەسەر سینی فڕنێكی داخكراو دەتبینم كە ئێوە هەر لەناو دەریادا جوانن. بەئەڵقە پیازو قاشە تەماتەی خڕ سەرسنگی ماسییەكەی داپۆشیو خستییە ناو فڕنەكەوە. دەستەكانی شوشتو بەرامبەر پەنجەرەی موبەقەكە ڕاوەستابوو بە خاولییەك وشكیدەكردنەوە. دووبارە پرۆشەی بەفر بۆشایی بە خاڵی سپی عەجولو ماخۆلان پڕكردەوە. لەبەر خۆیەوە گووتی: بەفرەكە ئەم ساڵ لەندەنی گرتەوە. دەبا ببارێت. . . بەفر دڵ دەكاتەوە. چووەوە هۆڵەكە بۆ خوێندنەوەی كتێبەكە . هێدی هێدی ناو ماڵەكە بۆنی ماسی گرت. گەڕایەوە بۆ

موبەقەکەو گووتی: وەختی خوێندنەوە نییە، تۆزێك سۆسو زەڵاتە ئامادەبکەم باشترە. موبەقەکە زیاتر بۆنی ماسی تێچووبوو. چرا زۆری ڕق لە بۆن ماسییە، ئێستا بە بۆڵە بۆڵ مێشکمان دەبات، کە داشدەنیشێت بەتەنها لەتێك ماسیم بۆ دەخوات، هەر دەخواتو دەڵێت"خۆزگە ئەم بۆنەی نەبوایە". دەرونو سییەکانو مێشکی پڕبوون لە بۆن ماسی، ئیتر بۆنی نەدەکرد. چەند پلەیەك گەرمی فڕنەکەی دابەزاند. مەنجەڵێکی بچکۆلانەی ستیل بە قولابێك لە ڕیزی تاوەو و سوزگێیەکی بچوکی ستیلەوە هەڵواسرابوونودایگرت. بیری لە دروستکردنی سۆسێکی خۆش دەکردەوەوە بۆ ماسییەکە. چەند دانە پەتاتەیەکیشی بۆکوڵاند. دەرەوە هەوایەکی خۆشی بەفراوی لە ئامێز گرتبوو. موبەقەکەش پڕبوو لە هەڵمو هاڵاوی ماسیو سۆسو پەتاتەی کوڵاو. کەمێك دەرگای موبەقەکەی سەر حەوشە بچوکەکەی کردەوە. بەفری قەراغ دەرگاکە بەدیوی موبەقەکەدا کەوتنە ژورەوە. چۆلەکە کز هەڵنیشتووەکانی سەر درەختەکە هەڵفڕینو کەمێك وردە بەفرییان لەسەر لقەکانی تەکاند. هەڵمو هاڵاوی پەستاوی ژورەوە بەخێرای لە دەلاقەی دەرگاکەوە تێکەڵ بە هەوای دەرەوە بوو. شوشەی پەنجەرە بە هەڵم بووەکەش وردەوردە ئارەقەی دەنك بچکۆلانەی دەردا.

سوارەو نەجیبی باخان لەناو پاڵتۆ درێژەکانیاندا ڕێگا بەفراویەکەیان بەرەو ماڵەوە دەبڕی. لەسەر گۆشەی بازاڕێك بۆناوەوە لایان کردەوە. لەوێدا دوکانێکی گوڵ فرۆش هەموو دوکانەکانیتری بەخۆیەوە ڕەنگاوڕەنگ کردبوو. نەجیب بە سوارەی گووت: ڕێکەوتێکی باشبوو لێرەوە ڕەتبووین، چڵێ گوڵ بۆ نەورۆزە خانم بەدیاری ببەم. سوارە نەختێك پەلەی بوو بۆیە گووتی: پێم وایە پێویست ناکات، لێرەوە هاتم تاکو تۆزێك نان بکڕم بۆ ماڵەوە. نەجیب گووتی : کاکەگیان نانەکەش دەکڕین، بەڵام من ئەمڕۆ بەبێ گوڵ بۆ ماڵی ئێوە نایەم. لەناو دوکانەکەدا چاویان بە گوڵەکاندا دەگێڕا. چڵێك گوڵی سوری گەشی هەڵگرتو کابرای دوکاندار لە پارچە کاغەزێکی جوانو بریقەداری پێچایەوە. نەیجیب گووتی: نهێنییەکی سەیرلە ڕۆحی گوڵدا هەیە، دەکرێت پێشکەش بە دڵێکی خەماویو گوشراوی بکەیت، بە پێچەوانەشەوە بە شادو بەختیار. سوارە گووتی: تۆ پێشکەش بە چ دڵێکی دەکەیت؟ نەجیب گووتی: ڕەنگە ئێستا خۆشم نەزانم بۆ چ حاڵەتێکیان، بەڵام هیوادارم گوڵی شادی بێت، دەزانم ئەمڕۆ نەورۆز خان بەهۆی ئێمەوە ماندوو بووە. دوو بە دوو پێ بەپێی خێرایی یەکتری بێدەنگ دەڕۆشتن. دەنگی خرمەخرمی بەفری ژێر پێکانیان بە ئاستەم دەگەشتە گوێیان. لە پێشیانەوە گوێیان لە هاواری کابرایەك بووبە بتڵێك شەرابەوە قسەی بۆ "سێ" ئافرەت دەکرد. هەردووکیان لە ئاستی ئەواندا هەڵوێستەیەکیان کرد. ڕۆژێکی تایبەت بوو، بەگشتی خەڵك بەکەیفو شادمانبوون. پێدەچوو بەفرەکە هەموودڵیخەڵکی شارەکەی بەخۆیەوە کردبێتەوە. پیاوە مەستەکە لە هەموو کەس کەیفی خۆشتر بوو. لە پەنایەکدا

بوتڵێك شەرابی خاڵی بەبێناز نوقمی ناو بەفرەكە ببوو. بەزمانێكی خاو وخلیچك بە وشەی شیرین ئافرەتەكانی دەدواند. پرسیاری لێدەكرد:ئافرەتو بەفر جوانترن یاخود گوڵ ؟سوارەو نەجیب پەلەیان بوو، نەیانتوانی بەدیار قسە شیرینەكانی پیاوە مەستەكەوە بمێننەوە. بەخێرایی ڕۆشتن، بەڵام تاكو دووركەوتنەوە گوێیان لە دەنگی بوو هاواری بۆ ئافرەتەكان دەكرد، گوڵ گوڵڵڵڵڵڵ. سوارە بە نەجیبی گووت: ئەمڕۆ ڕۆژی ئەوانە، نەورۆزیش تەلەفۆنی بۆكردم، دەیگووت كابرایەكی سەگبابی سەرۆخۆش نان كڕینی بیربردوومەتەوە، بەڵكو لەگەڵ خۆت نان بهێنیتەوە.

هەموویان لە موبەقەكە دانیشتبوون خەریكی نانخواردنبوون. نەورۆز سەر مێزەكەی بە خواردنی خۆش ڕازندبووەوە. ماسییەكی گەورەی ڕەنگ ئاڵ بە كراوەیی لە ناوەڕاستدا دانرابوو، چەند سەلكە پەتاتەیەكی كوڵاوی پاكراویش لەسەر قاپێكی شینی فەخفوری كەنارشەرابی بەگوڵی وردی شین ڕازابووەوە. هەڵمی دەرونی پەتاتەكە، لە هەوای موبەقەدا تامو بۆنی خواردنەكانی تێكەڵ بەیەكتری كردبوو. بۆنی ماسی لە تامو چێژیدا وندەبێت. دوو قاپی قوڵی بچكۆلانەش لەمسەروئەو سەری مێزەكە، سۆسێكی ڕەنگ قاوەیی كاڵی بەتام وچێژی تێكرابوو، سۆسەكە گەرچی گەرم بوو، بەڵام بە ئاستەم توێژێكی تەنك قەتماغەی بەستبوو. زەڵاتەكەش لەناو قاپێكی گەورەی ڕەنگ شوسەی ڕووندا بوو، ڕەنگی تەماتەوكاهوو خەیارو بیبەری زەرد، دیمەنێكی ڕەنگاو ڕەنگی بەدەرەوە دابوو. چەند دەنكێك زەیتونی ڕەشیش بەسەر زەڵاتەكەوە بوو. دوو قاپی لەپی بچكۆلانەی تریش زەیتونی ڕەشوسەوزی تێكەڵ بە ڕبە هەنار كرابوو. نەورۆز چڵە گوڵە سورەكەی لەناو گوڵدانێكی باریكوناسكی سپیدا لەسەر پەنجەرەی موبەقەكە دانابوو، ئەو كاتەی كە ئاوی كردبووە ناوگوڵدانەكەوە. چرا گووتی:ئەڵلا لەو گوڵە جوانە. تەماشەیەكی نەجیبی كردو گووتی:كێ هانیوێتی؟ ئەمڕۆ هەمووومان دڵمان زۆر خۆشبوو بەبارینی بەفرەكە. مامۆستاكەمان دەیگووت: بەفردەرونی مرۆڤ دەكاتەوەو دڵیش ئارام دەكات، هەروەها گوڵیش. ڕاستدەكات من یەكسەر دڵم بەو گوڵە كرایەوە. سوارەش گووتی: ئەمڕۆ لە نهێنی گوڵ تێناگەم، شتێكی خۆشتان بۆ بگێڕمەوە" بەرەو ماڵەوە دەهاتینەوە توشی كابرایەكی مەستی قسە خۆش بووین، سێ ئافرەتی ڕاوەستانبوو پرسیاری لێدەكردن. بەفرو ئافرەت جوانترن یاخود گوڵ؟ ئێمە پەلەمان بوو ڕۆشتین، دیاربوو ئافرەتەكانیش هەر ڕۆشتبوون. تاكو دووریش كەوتینەوە گوێمان لە دەنگی بوو هاواریدەكرد: گوڵ گوڵڵڵڵڵ . نەورۆزبە شێوەیەك گوێی لە سوارە گرتبوو، چاوەڕوانبێت تاكو قسەكانی تەواو دەكات. كە ئەو لە قسەكانی بووەوە، نەورۆز گووتی: ئەوە هەر ئەو سەگبابە بوو كە توشی منیش بوو. سوارە گووتی: نا ، باوەڕ ناكەم، چونكە ئەو پیاوەی ئێمە بینیمان سەگباب نەبوو، قسەكانی زۆر خۆشبوون.

ماوەیەك بێدەنگبوون، جگە لەدەنگی تەقەتەقی بەریەككەوتنی چەقۆوچەتاڵو قاپە فەخفورییەكان، دەنگی تر نەدەبیسترا. یەك بەدوای یەكترادا لە نان خواردن تەواو دەبوونو تەقەی كەوچكو جەتاڵەكانیش كەمتر دەبووەوە. ماسییە پانەكەی كە لە بەلەمێكی بچكۆلانە دەچوو، كلكو باڵو پەراسووە باریكەكانی مایەوە. وژەوژەی كوڵانی چایسەر ئاگرەكە وردەوردە تێكەڵ بە دەنگەدەنگو تەقو وڕی كۆكردنەوەی قاپو قاچاغەكان بوو. ڕۆژێكی تایبەت بوو، بەبێ ئەوەی تایبەتمەندی پێوە دیاربێت، تەنها سیمای بەفرەكە بەروخساری گەشی خەڵكەكەوە دیاربوو. لەدوای نان خواردن زۆر نەمانەوە،هیچیشیان لەگەڵ نەورۆز باسنەكرد، دوو چایان بەپەلە خواردوو ڕۆشتن. لەناو دەرگاكەدا سوارە گووتی: نەورۆز بیرم چوو پێتبڵێم"ئێوارە ڕەنگە كەمێك درەنگتر بگەڕێمەوە". نەجیبیش بەگەرمی سوپاسی ماندو بوونەكەی كرد.

دایە نازناز بەناو بەفرەكەدا كۆڵان بەكۆڵان دەگەڕا، بەڵام بیری لە نهێنی ئەو حەزەی خاتوونە دەكردەوە بەرامبەر بەبەفر. ئەویش لە هەموو شەوەكانیتر دڵئارامترو بە هیواتر بوو. لەنهێنی ئارام بوونی ئەمشەوی خۆیشی حاڵینەدەبوو. خۆی بەخۆی دەگووت: بەفر چ مانایەكی هەیە؟ڕەنگە هیچ نهێنییەك لە ڕۆحیدا نەبێت؟ هەرواشە. . . كاتێك لەخەو هەڵدەستین كڵۆ بەفرێك بەسەر زەوییەوە نەماوە، دووبارە هەموو شتەكان بەجوانو پۆخڵەوە دێنەوە بەر چاومان. سەرتاپای شارسپی پۆشبوو، سەرسامی قودرەتی بەفر بوو، وەك ترسێك لەناكاو چووبێتە دەرونیەوە، بە ئەسپای سەیری ئاسمانی كرد. پاكیو پیرۆزی ئاسمانی لە ڕەنگی بەفرەكەدا دەبینی. هەموو جێگایەكیشی بەو شەوە بەڕوونی بەدیدەكرد، دڵو دەرونیشی هەر ڕوناكبوو، بەڵام وەختەبوو بۆ بێكەسی خۆی بگری. لەگەڵ ناخی خۆیدا قسەی دەكرد:چ گوناهێكم كردبێت خودا خاتوونەی لێكردمو تەنیا لە خانویەكدا فڕێیدام. چەندە ئاسودە بووم كە شەوان لەباخەڵی خۆمدا دەمخەواند. لە دونیادا بە هەمووشتێكت شوكوربووم، بەڵام بەرگەی ئەم تەنیاییە ناگرم. لەدوورەوە تارماییەكی ڕەش لەناو بەفرەكەدا دەردەكەوێت. ئەگەر شەوی تاریكو تار بوایە نەمدەبینی، بەفر بارین بۆ پاكردنەوەی گوناهەكانی زەوییە، ئەمشەو منیش ناڕۆمەوە تاكو لە گوناهەكانم پاكدەبمەوە. نازنازو تارماییەكە بەرەو ڕووی یەكتری دەچن. نازناز سوێندی خواردبوو بۆ پاكردنەوەی ڕۆحی لە گوناهەكان ئەمشەو بێباك لە ترسو گومانكردن بەرورووی هەموو قەدەرێك بچێت لە پێناوی دۆزینەوەی خاتونە قژ زەردی كچی. تارماییە كە دێتە پێشەوە پیاوێكە گوڵێكی سوری گەشی بە دەستەوەیە. نەورۆز وشە بە وشە ڕۆمانەكە بۆ نەمام دەگێڕێتەوە، نەمامیش بە سەرسامییەوە گوێی ڕاگرتووە . هەڵوێستەیەك دەكاتو دەڵێت:نەمام تۆ بڵێ ئەوپیاوە كێبێت؟ نەمام لە دونیای خەیاڵدایەو بە ئەسپای

لە ژێر لێوەکانیەوە دەڵێت: سەروەر. نەورۆز قاقا بەدەنگی بەرز پێدەکەنێت. نەمام وەك لەخەو راپەڕیبێت چاو وبرۆی بەسەریەکدا گرژدەکاتو دەڵێت: ئەوەچیبوو؟ بەچی پێکەنیت؟ خۆ دەستیان لێنەوەشاندوویت؟ نەورۆز هێشتا لە پێکەنینی یەکەم جار نەگریساوەتەوە، بەپێکەنینێکی ترەوە دەڵێت: دەستیان لە خۆت وەشاندووە، سەروەری چی؟من ڕۆمانەکەت بۆ باسدەکەم.

لەو کاتەدا نەمام خەیاڵی لەلای سەروەر دەبێت کە تەلەفۆنی بۆ بکات، ڕاسپاردەیەکی گرنگی بیرچووە پێشهاتنی نەورۆز دەبوایە تەلەفۆنی بۆ بکردایە. ئەمجارە نەمامیش قاقا بە خۆی پێکەنی کە چیرۆکەکەی بۆ نەورۆز گێرایەوە. نەمام بەرهەمی ماندوبوونی خۆی لە ڕوخساری گەشو پێکەنیناوی نەورۆزدا دەبینییەوە، بەدڵخۆشی نەورۆز ئاسودەدەبوو.

ئەو کاتەی بارام چنگ گەورەی باوکی خاتوونەی قژ زێرین بە دڵشکاویو ناچاری ماڵو منداڵی بەجێهێشت، ڕویکردە شارێکیتر. چاوی بەو شارەدا هەڵنەهات کە ئیتر تێیدا بمێنێتەوە. ئەودەمە خاتوونە منداڵێکی بچکۆلانەبوو تەمەنی هێشتا ساڵێك نەبوو. بارام لەو شارەی دی غەمبارو پەرێشان سەری بە هەموو شوێنێکدا دەکرد. شتێك نەبوو دڵیئارامبکاتەوە. لە تەقووڕی چایخانەکان زوو بێزاربوو، ئیتر سەری پێدا نەکردەوە. چەند ڕۆژێك ئیشی کرد، بەڵام نەیتوانی بەردەوام بێت، هەمیشە خەیاڵو دڵی لەلای خاتوونە دەبێت. ڕۆژێك بەڕێکەوت بە تەنیشت باخێکدا ڕەتدەبێت، بۆنی گوڵو گوڵای باخەکە دەرونی پەستومەستی ئارام دەکەن، هەست بە خۆشییەکی ئەفسوناوی لە ناکاو دەکات. بارام بە دوودڵیو سەرسامیەوە دەچێتە نا و باخچەکە. باخێکی گەورەی پڕ لە دارو درەختو گوڵی ڕەنگاو ڕەنگە. بەبینی گوڵەکان دڵی غەمبارو پەستی بەڕووی خۆشیوئاوەدانیدا دەکرێتەوە. بە عەشقەوە بۆن بە گوڵەکانەوە دەکات. بۆیەکەمجارە لەم شارەدا هەست بە ئارامی بکات، بۆنو بەرامەیهەندێك لە گوڵەکان، بۆنی هەناسەی خاتوونەی بەبیردەهێنێتەوەو کەمێك پەستی دڵی دەگوشێت. بە غەمباریەوە لەسەر کورسییەك دادەنیشێت.

زەینەب گوڵ ڕوخسارساڵانێکی دورو درێژە لە گەڵ باوکیدا لەم باخچەیەدا خەریکی خزمەتکردنی گوڵەکانە. گەلێك جار توشی گیروگرفت هاتبوو لەگەڵ کوڕاندا بەبیانوی سەردانی باخچەکە نیگای عاشقانەیان دەگرتە چاوەگەشەکانی زەینەب. زەینەب بێباك بوو لە هەمووعەشقێك کە دەهاتنە سەر ڕێگای، وەك قەدەربۆ ئەمڕۆی بارامی کلۆڵو نیگەرانی هەڵگرتبێت، لە دورەوە لەنێوان چڵەگوڵە کاندا نیگای شەرمنانە لە چاوە پڕفرمێسکەکانی دەگرێت. بارام لە نێو گوڵەکاندا گوڵێکی گەشتر دەبینێت بە خەندەیەکی عاشقانەوە تەماشایدەکات. بارام چەند ڕۆژێك بەو نیازەوە کە خەمەکانی دەبوون بە گوڵ سەردانی باخچەکەی دەکرد. ڕۆژێك زەینەب هەموو

عـەشـقی خـۆی بـەسـەرنجێك دەخاتـە ڕۆحـی گـوڵێکی سـوری گـەشـەوەو پێشـکەش بـە بارامی دەکات. بارام لە گەشی گوڵەکەو جوانی زەینەب سەرسام دەبێت. ناتوانێت لـە ئاستی ئـەو عـەشـقە ئـەفوسـوناوییەدا حاڵـەتـی خـۆی ڕابگرێت. لـەگـەڵ زەینـەب گـوڵ ڕوخسـار دەبـن بـە دڵخـوازی یـەکتری. بـاوکی زەینـەب تـەنهـا ئـەو کچـەی هـەیـە، بـە ئاسودەبوونی کچەکەی شادومانە، بڕیاردەدەن ببن بە هاوسەری یەکتری. بۆیەکەمجار زەینەب لێوە ئاڵە پەرەگوڵەیەکانی لـە لێوەکـانی بـارام نزیك دەکاتـەوە، بـارام لـەئاستی ئەو لێوە ناسکانەدا هەڵوێستەیەکی غەمگین سەرتاپای ڕۆحو جەستەی نوقمی شۆكو نیگـەرانـی کـرد. زەینـەب بـە دەنگێکـی زیـز گـووتـی: چـیڕویـداوە ئـەزیـزم؟ بـارام بـە ئـەسپای گـووتـی: زەینـەبـەکـەیخـۆم. . . پـێش مـاچ دەمـەوێت شـتێکت پێبڵـێم. بـارام چیرۆکی ژیانی خۆی بۆ زەینەب گێڕایەوە. زەینەب گووتی: خۆتت خۆشەویستر کرد ئـەزیـزەکـەم، ئـەگـەر ڕازیبیـت خـەمـەکانـت لـەنـاو دڵمـدا دەڕوێـنم تـاکو گـوڵ بگـرن؟ ئەگەربەنیازی گەڕانەوەی بۆ لای نازنازو خاتوونەی کچت، ئیتر ڕوو لەم باخە مەکە بـا عـەشـقت نـەمکوژێـت. . . بچۆرەوە بـۆلای مـاڵو منداڵـەکـەت. بـارام بـە وشـەکـانی زەینـەب عـەشقێکی نـوێ دەرونـی ڕونـاککردەوە، سوێندی بـۆ زەینـەب گـوڵ ڕوخسـار خـوارد کـە عـەشـقی نێوانیـان پیـرۆز ڕابگرێـت، پێشـیگووت، کـە هـەرگیـز ناتوانێـت نازنازو خاتوونە لە بیر بکات، ناشتوانێت بـە ئاسانی بگـەڕێتـەوە بـۆ لایـان کـە نازنـاز لەخۆڕا لە نازیی خۆی کردو لەماڵو منداڵیشی دابڕی. زەینەب دووبارە لێوە ئاڵـەکـانی لە لێوەکانی بارام بۆ یەکەم مـاچ نزیککردەوە.

بـارام چنـگ گـەورە وەك باخـەوانێکـی میهرەبـان بـە سۆزەوە خـەریکـی خزمـەتـی باخچـەکـەبـوو. خـەمـەکـانی هێـدیهێـدی لـە نـاو خۆشـەویسـتیو عـەشـقی زەینـەبدا دەڕەوینەوەو خۆشـەویستی بۆ گوڵـەکـان جێگـای دەگرتنـەوە. ژیـانێکی خـۆشو ئاسودە بـەسـەر دەبـەنو گیژۆڵـەیـەکـی جوانیشـیان دەبێـتو نـاوی دەنـێن "ئـەسـتێرە". بـارام خۆشەویستی خۆی دەکات بەدوو بەشەوە، بەشێك بۆ خاتوونـەو بـەشێك بـۆ ئـەستێرە، هەمیشەش دڵی لـەلای خاتوونـەیـە. خاتوونـەو ئـەستێرە دووسـاڵ جیاوازی تـەمـەنیانـە، دووساڵ ئەستێرە بچوکترە لە خاتوونە. زەینەب هەست بە ماندوبوونی بارام دەکات بۆ خاتوونـەی کچـی نیگـەرانو پـەرێشـانە، ئـەویش توشـی گومـانو نیگـەرانـی دەبێت کـە ڕەنگە ڕۆژێك بارام بە یادی خاتوونـە ئـەمـان بۆ یـەکجاری بـە جێبهێڵێت. زەینـەبیش وردەوردە غەمباری بە ڕوخساریدا دەردەکـەوێتو گـەشـیو تـەڕی چاوەکانی بـەرەو وشـکبوون دەچـن. بـارام سـوێندی بـە چـاوەکـانی زەینـەب خـوارد کـە هـەرگیـز بەجێیاننـاهێڵێت، بەڵام زەینەبـلە خۆشەویستی بۆ بارام باوەڕی کـەمببووەوە، وەزعـی ڕۆژ بە ڕۆژ خراپ دەبوو. ڕۆژێك زەینـەب بـە بـارام دەڵێت: بـارام گیـان مـن دەمـرم، ئەگەر منت خۆشدەوێتو دەتەوێت هەمیشە لـەبـەر چـاوتبم، دەبێت گـوڵێکی سـورم بـۆ

بهێنیتەوە کە هەرگیز وشك نەکات، ئەگەر ئەو گوڵە وشك بکات منیش دەمرم. بارام بە کەساسیەوە دەڵێت: زەینەب گیان بمکوژە چیتر بەرگەی خەم ناگرم، چ گوڵێك هەیە بۆتی بهێنم کەهەرگیز وشکنەکات؟ زەینەب دەڵێت: بارامی خۆشەویستم دڵگران مەبە. . . گوڵ هاودەمی گوڵە، پێش ئەوەی ئەو گوڵە وشكبکات گوڵێکیترم بۆ بهێنە ئیتر من ئەژیمەوە، بەڵام نابێت خافڵبیت کە گوڵەکە وشك بکات، ئەگینا دەمرم ئەزیزەکەم. لەو ڕۆژەوە بارام بەردەوام ئاگای لەو گوڵە دەبێت کە بۆ زەینەبی هێناوەتەوە، هەرکاتێك گوڵەکە ڕەنگی وشکبوونی دەگرت، بارام لە باخچە پڕ لە گوڵەکەی خۆیان گوڵێکی سوری گەشاوەی تازەی بۆ زەینەب دەهێناو لە جێگای گوڵە کۆنەکە دایدەناو زەینەبیش ڕوخساری سەرلەنوێ دەگەشایەوە.

پێنج ساڵە بارام نازنازو خاتوونەی بەجێهێشتووەو هەواڵیان نازانێت. ساڵێکیشە خاتوونە لە دایکی ونبووەو ئەم لێی بێئاگایە. ئەستێرە ئێستا تەمەنی نزیکەی چوار ساڵەنە، هەرلەمنداڵییەوە بارام واهەستدەکات کە شێوەی ئەستێرە چۆتەوە سەر خاتوونە، ئەمە بەڵگەیەکی باشبوو بۆبارام کە پیشانی نازنازیبدات لەپاش ئەو کارەساتە منداڵی بووە، منداڵی خۆشیەتی "تەماشاکەن کتومت لە خاتوونە دەچێت" خاتوونەش شێوەی باوکی زۆر تێدابوو. ئەمڕۆ بارام هەموو خەمەکانی زەینەبو دووری لە نازنازو خاتوونەوە لەناو جوانی و خۆشەویستی ئەستێرەدا توانۆتەوە. خەمەکانی زەینەب بارامی لە خزمەتی گوڵەکان هەراسانکردووە. هەندێك جار لەگەڵ خەمەکانیدا بە ڕوخسارێکی غەمبارەوە لە باخچەکە دێتەدەرەوەو بەناو شارەکەدا قۆڵ لە قۆڵی یادگاریەکانی دەکاتو شەقامو کۆڵانەکان دەگەڕێت. بارام کەم ئۆقرە دەگرێت، بەخێرای دەگەڕێتەوە بۆ باخچەکەو گوڵێکی سور بە چڵەوە بۆ زەینەب دەباتەوە. ڕۆژێك لەکاتی گەڕاندا دۆستێکی دێرینی خۆی دەبینێت بۆ ئەم شارە هاتووە. دۆستەکەی بارام ونبوونی خاتوونە ئاشکرادەکات، چیرۆکی ژیانی نازنازیشی بۆ دەگێڕێتەوە لە دوای خاتوونەوە وەك دێوانە شەوان سەیری ئاسمان دەکاتو ناو ئەستێرەکان بۆ خاتوونە دەگەڕێت. ئەوەشی پێدەڵێت لەو ڕۆژەوەی خاتوونە دیار نەماوە ئەستێرەیەك بە ئاسمانەوە لەناو ئەستێرەکاندا دەدرەوشێتەوە، نازناز دەڵێت" ئەوە خاتوونەکەی منە" ناوی لێناوە" ئەستێرە خاتوون". بارام زۆر نیگەران دەبێت بە بیستنی هەواڵی ونبوونی خاتوونە. بە ناوی ئەستێرە خاتوونەش سەرسام دەبێت. بە پەشۆکاوی لە دۆستەکەی دەپرسێت: ئەی لە هیچ جێگایەك کەسێك خاتوونەی نەبینیوەتەوە؟ دۆستەکەی دەڵێت: با. . . لەزۆر جێگا خاتونەیەیان بینیوو، هەمووجارێك نازناز بە پەلەو پەشۆکاوی خۆی دەگەیەنێتە ئەو جێاگایە، بەڵام خاتوونە لەو شوێنەدا نەماوە، لەبری خاتوونە گوڵە ملوانکەیەك دەدۆزێتەوە. نازناز دەڵێت" ئەو گوڵە هەمان گوڵە کە لەملی خاتوونەدا بووە". ئەوەی خەڵکی سەرسام

کردووە گوڵەکەی خاتوونە یەك دانەبووە، بەڵام دایە نازناز چەندەها گوڵی وەك گوڵەکەی خاتوونەی بینیوەتەوە. کەم منداڵ هەیە گوڵێکی ئەوی لە ملدا نەبێت. بارامو دۆستەکەی لەیەکتری جیادەبنەوە. بەدڵێکی غەمبارەوە دەڵێت" خودایە گیان لە ڕوداوی ناو تونێلەکە بۆ ئەم هەموو کارەساتە ڕزگارت کردم؟ چ گوناهێکم کردبوو، تاوانم چیبوو ئەم هەموو مەرگەئازارە پێش مەرگم بچێژم. ماوەیەك بارام لە خەمی خاتوونە قژ زەردی کچیدا نیگەرانو پەرێشانە. سوێندیشی بۆ زەینەب خواردووە کە هەرگیز بەجێینەهێڵێت، لەم کاتەشدا ناتوانێت هەرگیز دورکەوێتەوە کە هەموو گوڵێك لەدەمی وشکبووندا دەبێت گوڵێکی تازەتری بۆ بهێنێتەوە. ژیانی پێشوی بەناچاری ماڵوخێزانی بەجێهێشت کە خواستی خۆی لەسەر نەبوو. ئەمڕۆش بەدوای هەواڵی خاتوونەدا پەرێشانە، دەیەوێت لەماڵەوە هەڵبێت، بەڵام پەیمانی بە زەینەبداوە کە جێینەهێڵێت جگە لەوەی بارودۆخی زەینەب خراپەو ژیانی بەمانەوەی ئەوەوە بەندە کە دەبێت پێش‌وشکبوونی گوڵەکەی ماڵەوە گوڵێکی تازەی‌گەشی بۆ بهێنێت. بارام چیرۆکی حاڵی خۆی بۆ زەینەب دەگێڕێتەوە. زەینەبیش وەك بارام لەنێوانی مەرگو ژیاندا بڕیارێکی گونجاو نییە تاکو ئاسودەی خێزانەکەیانی پێ بپارێزێت. بەگومانە لەوەی کە بڕواتو نەگەڕێتەوە لە کاتی خۆیداو گوڵەکە وشك دەبێتو زەینەبیش دەمرێت، ئەگەر ڕێگاشی پێنەدات دڵنیایە کە خەم بارام دەکوژێیت لەیەکتری دادەبڕێن. خەمو بێدەنگیوبێچارەی ڕودەکاتە ئەو خێزانە ئاسودەیە. هەرچەندە تەندروستی زەینەب باشنەبوو، بەڵام گوڵە سورەکان خەمو ترسی ژیانیانی ڕەواندبووەوە. ڕۆژێك زەینەب بە بارام دەڵێت: بارام گیان باهێندەیتر خەمی خاتوونە پەرێشانت نەکات، دەتوانیت بۆ هەواڵی سەردانی شارەکەی خۆت بکەیت. بارام بەم قسەیەی زەینەب وەك گوڵی بەهاران دەگەشێتەوە، بەڵام زووش نیگەرانی لەسەر ڕوخساری دەنیشێتەوە. دەڵێت: زەینەبەکەی خۆم چۆن دەتوانم تۆ بەجێبهێڵم کە ژیانی تۆ بەمانەوەی منەوە بەندە؟ نا. . . ناڕۆم، سوێندم بە چاوەگەشەکانت خواردووە کە هەرگیز لێرە نەڕۆم. زەینەب دەڵێت:من ڕێگات پێدەدەم کە بڕۆیت بە مەرجێك زوو بگەڕێیتەوە ، پێش‌وشکبوونی گوڵەکە. بارام ئەم جارەش سوێندی بۆ دەخوات کە بەبێ پشودان ڕێگای بگرێتە بەرو هەر هەمان کاتیش‌بە گوڵێکی گەشەوە بگەڕێتەوە بۆلای.

بارام گوڵێکی تازەی تەڕوگەش لە جێگای گوڵە کۆنەکە بۆ زەینەب دادەنێتو دەڕوات بۆ شارەکەی خۆی. لەڕێگا بیر لە حاڵی خۆی دەکاتەوە. چۆن هەواڵی خاتوونە بزانێتو خێرا بگەڕێتەوە. بڕیاردەدات یەکسەر بچێت بۆ ماڵی خۆیانو هەموو شتێك لەدەمی نازنازەوە وەربگرێت، هەواڵەکان ڕاستردەبیستێتو ماوەشی کەمتر دەوێت. خورپەیەك پەشیمانی دەکاتەوە، ڕەنگە نازناز ڕێگای پێنەدات دوای ئەم هەموو ساڵە کە دیارنەماوە جارێکیتر لە ماڵەکە بچێتەدەرەوە، با نازناز خۆیشی

دەریکردبێت، خۆ لەیەکتری جودانەبوونەتەوە. خۆیشی دەیگووت"نازناز غەمبارو دڵتەنگە چۆن لەم کاتەدا بەجێیبهێڵم". بەخێرای ڕێگای دەبڕیو هەر بە خێرایش بیری لە چارەسەرێك دەکردەوە. مانەوەشی لەلای نازناز جگەلەوەی بەڵێنی گەڕانەوەی بە زەینەب دابوو ، ژیانیشی بەند بوو بە گەڕانەوەی بارامەوە. لەبەر خۆیەوە بەدەمڕۆشتی خێراوەوە دەیگووت: نا، نابێت خۆم لە نازناز ئاشکرام بکەم. ناچم بۆماڵەوە، شەوانیش لەماڵەوە ئارام ناگرێت بەشوێن خاتوونەدا وێڵە، ناو ئەستێرەکانی بۆ دەگەڕێت.

نزیك شارەکەی خۆیان دەبێتەوە . هەورێکی سپی بەرز پڕاوپڕی ئاسمان بەسەر سەری شارەوە ڕاوەستاوەو پڕوشەی بەفر وەك وردە پەپولەی عاشقو عەجول دێنە خوارەوە. ئەستێرەیەك نابینرێت. بارام دەڵێت: هیچ ئەستێرەك بە دەرەوە نییە، ئیتر نازناز بۆکوێ بێتە دەرەوە، چاکترە هەر بچم بۆماڵەوەو ڕوخساری خۆمی لێئاشکرا نەکەم. خێرا خێرا ڕێ دەکاتو بەفریش پەیتا پەیتا بەکڵۆی گەورەو نەرم بەسەر هەموو شوێنێکدا دەبارێت. بارام دەمێك خەیاڵی لای دۆزینەوەی نازنازەو دەمێك خەیاڵی لای گەڕانەوەیە بۆ لای زەینەب. لەقەراغ شار بەتەنیشت باخێکدا ڕەتدەبێت. باخێکی پڕ لە گوڵو گوڵزار. گوڵەکان تازە بەتازە پەڕەکانی خەریکە دەبن بە ژێربەفرەوە. دەڵێت: باشترە گوڵێکم بۆ نازناز بە دیاری پێبێت. گوڵێکی سوری گەشو تەڕ بە چڵەکەوە لێدەکاتەوەو لەبن باخەڵی خۆی دەنێت. تاکو دەگاتە ناو شار سەرتاپای شارەکە بەفر دایدەپۆشێت. ملپێچە ڕەشەکەی لەسەرو دەموچاویەوە دەپێچێت. دونیا سپی وەك ڕۆژی ڕوناك دەدرەوشێتەوە. لەهەر لایەك خاڵێکی ڕەش بەدەرەوەبێت لەدوورەوە دەبینرێت. چووبووەوە ناو دەرونی خۆیو گلەی لە بەختی خۆی دەکرد، چ کارەساتێکی بە خۆڕای بەسەر هات. ناکرێت لەلای نازناز باسی خۆمی بەڕاستو دروستی بۆ بکەم و بڵێم ژنێکیترم هێناوەو منداڵێکیشمان هەیە. نازناز گیان ئەم شەو ڕێگام بدە زوو بگەڕێمەوە لەبەر ئەوەی ژیانی ئەو بە گەڕانەوەی منەوە بەندە. باوەڕناکەم هەرگیز بەو قسەیەی من ڕازیبێت، ڕەنگە پێشم بڵێت: یارەبی تاکو دەگەڕێیتەوە هەزار جار مردبێت. لەوانەشە بڵێت: تۆ کەی پیاویت تاکو منداڵت ببێت؟ ئەیدرۆزنی ساختەچی. باشە من چ تاوانێکم هەبوو نازناز بەو دەردەی بردەو خۆیشی توشی ماڵوێرانی کرد؟ دەبا بخوات، ئەوە پاداشی گێلیو نەفامی خۆیبوو، بەڵام خاتوونەی من بەبێ گوناح تیاچوو.

لەوسەری شەقامە دورودرێژەکەوە تارمایی کەسێکی لەناو بەفرەکەدا بینی، شێوەی بەژنو باڵاو ڕۆشتنی بە ئافرەت دەچوو. گووتی: ئەم نەگبەتی شێتە هەر نازنازە. بەچاوی پڕ لە گریانەو بە دڵێکی غەمگینەوە بەدوای تەکبیرێکی خێرادا دەگەڕا. بەزەی بە حاڵیدا دەهاتەوە. بیری کردەوە لەگەڵ خۆیدا بیبات بۆلای ئەستێرەی کچی.

ئەستێرەو خاتوونە یەك شێوەو ڕوخساریان هەیە،هەر ئەوەندە جیاوازن کە دووساڵ ئەستێرە بچوکترە. ئەگەر ئەستێرەشی بینیو هەستیپێکرد، دەڵێم: هەر خاتوونەیە، بەڵام لەو ڕۆژەوەی لە تۆ بزربووە ، گەورەنەبوو. لەگەڵ تارمایەکەدا لە یەکتری نزیکبوونەوە، بەڵام بارام لە تەکبیرەکەی پەشیمان بووەوە، بڕیاریدا خۆی لێئاشکرانەکاتو بۆلای ئەستێرەی بنێرێتو گوڵەکەش بە زەینەب ڕابگات. ملپێچەکەی لەسەرو ڕوخساری ئاڵاند بەجۆرێك کە نازناز نەیناسێتەوە. دەنگی خۆشی گۆڕی. بارام لە دۆستەکەی خۆی بیستبوو ئێستا هەموو خەڵکی شار دایە نازناز دەناسنو ئەویش شەوانە ئاسمان بەدوای خاتوونەدا دەگەڕێت. بارام بە ئەسپایو بێدەنگ بەلای نازنازدا تێپەڕی. نەیویست بیدوێنێت، مەبەستی بوو کە بزانێت نازناز چی دەڵێت؟ نازانز سەرو ملی بەشوێن هەنگاوە خاوەکانیدا وەرگێڕاو بانگیکرد: ئەرێ کاکەگیان دەڵێی خەڵکی ئەم شارە نیت؟ سڵاوێکامان بۆ لێناکەیت؟نامناسیت؟ بارام بەفیزێکەوە گووتی: نەخێر خەڵکی ئەم شارەنیم بۆیە ناتناسم، زۆر بە پەلەشم هەواڵێکی گرنگم بۆ ئافرەتێك هێناوە. نازناز قەستی بوو پەلاماریبداتو سەد جار ناو دەمی ماچ بکات کە ئەو مژدەیەی پێبوو. بەبێ ئەوەی کە ناوی کەسی بردبێت نازناز گووتی: بەقوربانتبم ئەمشەو لەئاسمانەوە لەگەڵ بەفرەکەدا بۆمن باریویت. ئەو ئافرەتەی بەشوێنیدا دەگەڕێیت منم، من... منی دێوانەو شێت، بزانە کەسیتر بەم شەوە سارده بەدەرەوەیە. من دایە نازنازم منداڵەکەشم ناوی خاتوونەی قژ زەردە. توخوا خێرا قسەم بۆ بکە. . . هەواڵت بۆمن نە هێناوە؟ بارام وەختەبوو بەو سەرمایە دەرونی ئاگری دەگرت، چاوەکانی پڕببوون لە فرمێسكو سینەی لە گریان. قەستی بوو ملپێچەکە لە دەمو چاوی بکاتەوەو تێرتێرلەئامێزی خۆی بگرێتو پێبڵێت: نازناز گیان من بارامم. بەڵام هیچیانی نەکرد. ئارامی گرت تاکو تەکبیرەکەی هەڵنەوەشێت. بە هێمنی بە نازنازی گووت: لەسەرخۆبە...!ڕەنگە هەواڵەکەم بۆ تۆبێت، ڕاستە بە شوێن ئافرەتێکدا دەگەڕێم کە ناوی"نازنازە" بەڵام نازنازەکەی من کچەکەی ناوی"ئەستێرەیە. نازناز نەیهێشت قسەکەی تەواو بکات گووتی: بەقوربانتبم سەر لەمنو خۆشت مەشێوێنە. خاتوونەی من بوو بە هاوڕێی ئەستێرەکان، ئەگەر ئێستا ئاسمان دیاربوایە، خاتوونەم پیشاندەدایت بە ئاسمانەوە چەند جوان دەدرەوشێتەوە، ئیتر خۆم ناوم لێنا"ئەستێرە خاتوونە" بەقوربانتبم هەر خاتوونەکەی منەو تۆ خراپ حاڵیبوویت. قسەم بۆ بکە بزانم چ هەواڵێکت بۆ هێناوم؟

نازناز زۆر شپرزەو پەشۆکابوو، هەرچی زووتربوو ئارەزووی بوو هەواڵێکی دەستبکەوێت. بارام دڵی زۆر تەنگ بوو، بەڵام ئارامیشی گرت کە خۆی ئاشکرا نەکات. بە هێمنی بە نازنازی گووت: خانم ئارامت هەبێت، ڕەنگە قسەی تۆبێت خاتوونەکەی تۆ هەر هەمان ئەوکچەیە کەلەلای من ناوی ئەستێرەیە، بەڵام من

چیرۆكێكی ئەفسوناویم پێیە بۆ تۆ ئەگەر بتوانیت دوای چیرۆكەكەت بكەویت تاكو كۆتایی، دڵنیام ئەوسا دەگەیت بە خاتوونەكەت. نازناز بە هەموو داوایەك قایلبوو، گووتی: لە پێناوی گەشتن بە خاتوونە هەموو سەختییەك دەبڕم. بارام لەناخەوە پەلەی زەینەبیشی بوو پێش وشكبوونی گوڵەكە ، گوڵێكیتری بۆ ببات، بەڵام وەك كەسێكی شپرزەو پەشۆكاو خۆی دەرنەخست. بە نازنازی گووت:ئەم گوڵە سورەم لێوەربگرە. . ! نازناز بە پەرۆشەوە گوڵەكەی لێوەرگورتو گووتی: ئەڵلا گوڵێكی چەند جوانە، ئەم گوڵە سورە تەڕە گوڵی عاشقانە، خۆمن عاشقنیم باوانەكەم، زەمانێك بوو لەڕۆژێكی وەك سبەی بەیانی هاوسەرەكەم گوڵی سوری بەدیاری بۆ دەهێنام. بارام بە سەرسامییەوە گووتی: سبەینێ چ ڕۆژێكە؟ نازنازگووتی: دیارە عاشقنیتو هاوسەرت نییە، ئەگەرنا دەبوایە بتزانیایە كە سبەینێ "ڤالێنتایە" ڕۆژی عاشقان، ڕۆژی خۆشەویستی. بارام بە حەسرەتەوە ئاهێكی گەرمی هەڵكێشا وەختەبوو دەرونی بسوتێنێت. بەغەمباریەوە گووتی: با... هاوسەرم هەیە، بەڵام خەم ڕۆژەكانی ژیانی بیربردوومەتەوە، بۆیە هاوسەرەكەشم بیرچۆتەوە. نازناز گووتی: هاوسەرەكەت چ گوناهێكی كردووە لە گوڵی سور بێبەشی دەكەیت؟ بارام گووتی: دڵنیام لە ڕاستی قسەكەی تۆ، ڕەنگە منیش گوناهم نەبێت كە ژیانو خۆمو هاوسەرم بیرچۆتەوە. ئەكرێ ئەم گوڵە بۆ هاوسەرەكەم ببەیت، هەر ئەو چیرۆكەشە كە تۆ شوێن پێكانی هەڵدەگریت. ئیتر كات دڕەنگە، درەنگتربێت كەسمان بە مورادمان ناگەین. نازناز گووتی: چی باشە با ئەوە ئەنجام بدەین. بارام گووتی: ئەم گوڵە سورە تەڕە پێش ئەوەی وشكبێتەوە دەبێت بگاتە لای خاتوونە، ئەگەر پێڕانەگەیت تۆش بە خاتوونە ناگەیت. منیش هاوسەرەكەم لەدەست دەدەم. نازناز گووتی: چیرۆكەكەمان تەمەنی زۆر كورتە، ئیتر بۆچی ڕاوەستاوین؟ من ئامادەم هەر ئێستا بكەومە ڕێ، بەڵام بۆ كوێ بڕۆمو چی بكەم؟ بارام گووتی: من پێشتدەكەوم تاكو ئەو شارەی كە خاتوونەی لێیە. خاتوونە لە ماڵێكدایە تەمەنی بەندە بە زوو گەیشتنی ئەم گوڵە سورە، لەناو ماڵەكەدا ئافرەتێكیش چاوەڕوانی ئەم گوڵە سورە دەكات، ڕێكەوتێكی باشە. . . هەرچەندە من بیرم نەبوو كە ڕۆژی عاشقانە . دەبێت لە ئێستاوە تاكو بەیانی، لە ڕۆژی "ڤالێنتایا"بەدەستی بگات. پێش وشكبوونەوەی دەبێت گوڵەكەی بگاتە دەست، ئەگینا دڵی خۆی وشكدەبێتەوەو ئیتربەیەكتری ناگەین. دوا بڕیاری خۆتم پێبڵێ. . ! ئەم چیرۆكەت پێ قبوڵە؟ نازناز زۆر بە پەلە گووتی: بەڵێ ، خێراكە بابڕۆینو پێرابگەین.

نەورۆزیش بیری لە ڕۆژی عاشقان كردەوە. ئەویش ڕۆژگاری خۆی بیرچووبووەوە. كتێبەكەی داناو چوو بۆ موبەقەكە تەماشای ڕۆژمێرەكەی كرد كە بەدیواری موبەقەكەوە هەڵواسرابوو. ڕۆژمێرەكە ئینگلیزی بوو. ئەمڕۆ نەورۆز كە

ئـــەم بـــەشـــەی ڕۆمانـــەکـــە دەخوێنێتـــەوە ڕۆژی چـــواردەی مـــانگی دووە، ڕۆژی "ڤالێنتاین"ە. ڕێکەوتێکی ئەفسوناوی بوو، ئەم بەشەی ڕۆمانـەکـەش بـەڕێکـەوت ڕۆژی "ڤالێنتـاین"ە. ڕۆژی عاشـقانی جیهـان. خـەمـەکـانی نـەورۆز وەك بـارام ئـەو ڕۆژە جیهانییەیان لەبیر بردبووەوە. نەفسی غەمگینی چووە سەر قاوەیەکـی عـەرەبی. لـەنـاو دۆلابەکەدا جزووە چکۆلانەکەی دەرهێنا. بەشی دوو کوپی بچوك قـاوەی کولانـد. وەك خەفەت بۆ ئەم ڕۆژە غەمگینەو بەختی خۆی بخوات، گوێت لە فیشـەی هـەناسـەیـەکـی غەمگین دەبوو. لەناخی خۆیدا گووتی" باوەڕناکەم سوارەش وەك جـاران چڵێك گـوڵی سور بهێنێتەوە، ئەویش وەك من بەشەرە، خـەم هـەمـوو شـتێکی بیـردەباتـەوە، بـەوەنییـە خەمەکان بە ڕوخساریەوە دەرناکەوێت، دڵنیام ناخی بووە بە مۆڵگای خەمو لەبەر مـن خـۆی دەرناخـات. بـۆنـی قـاوەی عـەرەبـی تـاکو نـاخی مـرۆڤ دەچێـتو مێشـکیش پـڕ دەکـات. ماڵـەکـە پڕبـوو لـە بـۆن، بـۆنی قـاوە یادگارییـەکـی لـەنـاو بیـرەوەریـەکانیـدا تۆمارکدبوو. بـەحـەسرەتـەوە کوپـەکـەی هێنـا، جزووەکـەی لـەسـەر ئـاگرەکـە داگـرتـو بەئەسپای قاوەیەکی تێکرد. بەکوپە قاوەکەوە هاتەوە هۆڵەکەو قاوەکەی لەسەر مێزەکە دانـا. بـەنیـازی قسـەکـردن لـەگـەڵ نـەمامـدا تـەلـەفۆنـەکـەی گـرت بـەدەستیەوە، خۆیشـی نـەیزانـی بـۆچی پـەشیمان بـووەوە. لـەگـەڵ نـاخی خۆیدا کـەوتـە قسـەکـردنو قـوم قـوم قـاوەکـەشـی دەخـواردەوە. چ ڕێکـەوتێکـە مـن بـەڕودای نـاو ڕۆمانـەکـان دەبـەستێتەوە؟ هەندێك جار مرۆڤ لە خۆشی بەگومانە، ئەم هەموو ڕێکەوتە ئەفسوناویە چین تێکـەڵ بـە ژیـانی مـن دەبـن؟ ژیـانی مـن بـۆچی بـەم ڕوداوانـەدا تێپـەڕی؟ بـۆچی دەبێـت لـە ڕۆمانەکانیشدا هاوڕێی بێ بەختێکی وەك نازنازو زەینەب بم؟ خەمەکانی زەینـەبـی بـۆ ناخی خۆی کێشکرد، بیری لـە چارەنوسـی ئـەو ئـافرەتـە قـەشـەنگـە دەکردەوە ، بۆچی عـەشـق توشـی ئـەم ڕۆژگـارەی کـرد؟ ئایـا خۆشـەویسـتی تاوانـەو ئێسـتا پاداشـەکـەی دەداتەوە. زەینەب گوڵ ڕوخسار لەناو ئەو باخچە پڕ لە گوڵو گوڵزارەدا ئێستا تەمەنی بەندە بەگوڵێکی سوری گەشەوە. چاوە زەردە ماندووبووەکانی لەسەر دەرگاکەیە، پێش وشکبوونی گوڵەکەی ماڵەوە بارام بە خۆی گوڵێکەوە بگەڕێتەوە. ئـازارەکـانی زەینـەب وردەوردە تێکەڵ بە ناخی نەورۆز دەبوون. هەستی بە ماندووبوونو ژانـە سـەر کـرد، هێدیهێدی دڵی دەگوشرا، وەك دوو دەست لەبینی گیربوو‌بێت، هەناسەی بە زەحمـەت بۆ دەدرا. خۆێشی نەیدەزانـی بۆچی توشـی ئـەو حاڵـەتـە کتوپڕە بـوو. بـێ هیوابـوو لـە خۆی، دەیگووت ڕەنگە زەینەب بەو گوڵە سورە ڕانەگـات کە بـە تاسـەوە چاوەڕوانـی دەکـات. چـارەنوسـی منـیش وەك چـارەنوسـی زەینـەب دەبێـت. هـەمـوو ڕوداو و بەسەرهاتەکان وەك یەکن. ئەی خودایە گیان چ پەیوەندییەکە منو ڕۆمانـەکان پێکـەوە دەبەستێتەوە؟چنهێنییـەکـە بـەختـی مـن و بـەختـی زەینـەبـو نازنـاز یـەك ڕەنگن؟ بیـری کردەوە تەلەفۆن بۆ نەمام بکات. چرکە چرکـی کردنـەوەی کێلـونـی دەرگاکـە پـەشیمانی

کردەوە. سوارەبوو هاتەوە. گوڵێکی گەورەی سوری گەشی پێبوو، هێشتا پێڵاوەکانی دانەکەندبوو گووتی: گوڵە نەورۆز خۆ لەماڵەوەیت؟ نەورۆز نیازیبوو هاواری بۆ بکات کە فریای بکەوێت تەلەفۆن بۆ ئەمبولانس بکات. لەناکاو هەموو ئازارەکانی دەروونی لەگەڵ هەناسەیەکی پڕوچڕدا لە ڕۆحو جەستەی هاتەدەرەوە. بەبینی گوڵە سورەکە زۆر شادمان بوو. بەسوارەی گووت: چۆن لەبیرت بوو ئەمڕۆ ڕۆژی"ڤالانتاینە"؟ بۆ دەپرسیت. . ؟ کەمن هیچ ساڵێك ئەم ڕۆژەم لە بیر نەچووە؟ قاوەو کتێبە کە لەسەر مێزەك بوون، گووتی: خەریکی چی بوویت؟ ڕۆمانەکە؟ هێشتا تەواوت نەکردووە؟ نەورۆز گووتی: باوەڕناکەم هەرگیز تەواو بێت، من لە خوێندنەوەی تەواو دەبم، بەڵام ئەو لەژیانی مندا تەواو نابێت. ڕێکەوتو ڕوداوەکان درێژە بەپەیوەنی نێوانمان دەدەن. پێش هاتنەوەی تۆ بەشێکم دەخوێندەوە پەیوەست بوو بەگوڵی سورو ژیانو مەرگو ڕۆژی عاشقان. من هەرگیز بیرم نەبوو کە ئەمڕۆ ڕۆژی "ڤالانتاینە"، نازنازی ناو ڕۆمانەکە بیری بارامی هێنایەوە، بارامیش وەك من خەم ئەو ڕۆژەی لەبیربردبووەوە، منیش وەك بارام نازناز بیری هێنامەوە، وەك زەینەبیش دەرونم پڕبوو لە ئازار کە وەختەبوو بمکوژێت، تۆ بە گوڵێکی سورەوە هاتیتەوە بەتەمەنم ڕاگەشتیت تازەی کەیتەوە... سوارە بەسەر سامیەوە گوێی لە نەورۆز ڕاگرتبوو، بەڵام حاڵینەدەبوو باسی خۆی بۆدەکات یاخود ڕۆمانەکەی بۆ دەگوڕێتەوە. بە ئارامی پێیگووت: نەورۆز..! باش حاڵی نابم، باسی خۆتم بۆدەکەیت یاخود ڕۆامانەکەم بۆ دەگێڕیتەوە؟ ڕۆژی ڤالێنتاینبوو، ئاسایبوو ئەگەر نەورۆز وەك ئافرەتێك ئەمڕۆ بە زمانێکی فەنتازیو ئەفسونای بدوێت، یاخود وەك عاشقێكو خۆشەویستی سوارە، بە نازو خەیاڵەوە قسەی بۆ بکات. گووتی: پێمگووتیت ژیانیمنو ڕۆمانەکە ئاوێتەی یەکتری بووە، ڕەنگە هەرگیز لەگەڵ ڕوداوەکانیدا ئیترجودا نەبمەوە، کەواتە باسی خۆمان دەکەین، منو زەینەبو بارامو نازنازو خاتوونەو ئەستێرەو گوڵی سورو... تۆش. سوارە چاوەکانی لەسەر سامیدا زەق کرابوونەوەو بە ئەسپای وەك لەگەڵ خۆیدا قسەبکات گوتی" منیش؟

نەورۆز لە خەمی زەینەبدا دەژیا، مەراقی بوو کە بزانێت پێڕادەگات پێش ئەوەی گوڵە سورەکەی وشکببێت بە گوڵەگەشەکەی دەستی نازناز دەگات. سوارە لە موبەقەکەبوو، خەریکی بەتاڵکردنی کیسەکانبوو، گوتی: نەورۆز کارچکی تازەم هێناوەتەوە، ئەمڕۆ خۆم خواردنتان بۆ ئامادەدەکەم. نەورۆز خەریکی هەڵدانەوەی پەڕەی ڕۆمانەکە بوو، بەنازەوە بە سوارەی گووت: سوارە گیان دەبێت هەروا بێت، ئەمڕۆ ڕۆژی ڤالانتاینە دەبێت خزمەتمان بکەن. سوارە بە پێکەنینەوە گووتی: بەڵێ باشە بەقوربان، ئینجا هەر ئەمڕۆ خزمەتمانکردون؟ قەیناکە با ساڵ ڕۆژێکی تیا نەبێت بۆ ئێمە.

بارامو نازناز بە خێرای بەناو بەفرەکەدا دەڕۆشتن، وەك "با" ڕێیان دەکردو وەك ئاگریش گڕیان گرتبوو. هەردووکیان پەشۆکاوی کاتەکەیان بوو لە کاتی خۆیدا پێش وشکبوونی گوڵەکە پێرابگەن. نازناز تۆپەڵێك بەفری خەستو چرو ڕەق کردبوو چڵە گوڵەکەی تیا چەقاندبوو تاکو ئاوی بەفرەکە هەڵمژێتو وشكنەبێتەوە. بارام دەیگووت: لەبەختی ئێمە دونیا تەڕوشێدارە، گوڵەکان درەنگتر وشکدەبنەوە، بەڵام هەردەبێت خێراتر بڕۆین، هیچ وەك چارەنوس زاڵمو غەدار نییە، چۆنی ویست خۆی فەرزدەکات. ئێمەش دەبێت بەرەنگاری ببینەوە، ئەگەر چڵی گوڵەکەمان لە خوێنی دڵمان چەقاندووە نابێت بهێڵین وشکبکات تاکو دەگەینە لای ئەوان. دەبێت وەك ئەسپی ئەفسانەکان باڵبگرین تاکو پێرابگەین بۆ ئەوەی خەمەکان ببن بە گوڵ. ناوچە بەفراوێکەیان بڕیبوو، کزەی بایەکی سارد سەر ڕومەتیانی تەزاندبوون. نازناز لەتاو خاتوونە قاچەکانی جارجارە لە عەرز دەبڕی، وەك باڵندەیەکی تازەفڕ هەستی بە خۆشی فڕین دەکرد. بارام لەناو دوییایەك بیرکردنەوەو چارەنوسو دەر ئەنجامدا، هێشتا تینی زیاتری وەبەر خۆی دەناو شانبەشانی نازناز کورتەفڕ غاریدەدا. بارام چەندە بەتەنگ پێراگەیشتنی گوڵەکە بوو بگات بە زەینەب، هێندەش خەمی دەرئەنجامی ئاشکرابوونو کۆتایی چیرۆکەکەی بوو. بارام مرۆڤێکی میهرەبانبوو، لەهیچ چیرۆکێکدا گوناهبار نەبوو، ئێستاش نازنازی خۆشدەویست، وەك بروسکەش ڕێیدەکرد تاکو بەفریای زەینەب بکەوێت. لەپاش نیوەی شەو گەیشتنە ناو شارەکە. بارام بە هەناسەبڕکێ بە نازنازی گووت: من تاکو نزیکی ماڵەکە لەگەڵت دێمو پیشانتەدەم، بە هیچ حاڵەتێکی تایبەت سەرسام نەبیت، خاتوونە لە ژورەوەیە ڕەنگە سەرسامبیت کە دووساڵە نەتبینیوەو ئێستاش هەروەکو خۆیەتی. لەوڕۆژەوەی لە تۆ ونبووە گەورەنەبووە. خۆت دواناخەیت، شپرزەو نیگەرانیش مەبە، گوڵەکە هێشتا ئەوەندە گەشیو تەڕی تێداماوە کە پێرابگەیت، بەڵام دەبێت خەمی ئەو ئافرەتەش لەدڵ بگریت کە ژیانی بەندە بە گەشتنی ئەم گوڵەی دەستی تۆ. بە ئەسپای باوەش بە خاتوونەدا دەکەیت. پێیدەڵێیت ئەستێرەکەم ئەستێرەکەی ئاسمانم... ئا باشبوو بەبیرهاتەوە لەپێش ئەوەی باوەشی پڕ حەسرەت بۆ خاتوونە بکەیتەوە، گوڵە کە دەدەیتە دەست ئافرەتەکە، ئەو ژنە ناوی زەینەبە..."زەینەب گوڵ ڕوخسار"، هاوسەری منە، پێیبڵێ. . ! ئەم گوڵە هاوسەرەکەت بۆی ناردویت بە بۆنەی ڕۆژی ڤالانتاینەوە.

ڕۆمانی "خەمەکان دەبن بەگوڵ" کاریگەری لەسەر ژیانی نەورۆز زۆر بوو بەجۆرێك ئاوێتەی یەکتری ببوون. هەمیشە بە سەرسامییەوە بیری لە نهێنییەکانی ئەو ڕێکەوتانە دەکردەوە کە ڕوداوەکانی ناو ڕۆمانەکە هاوکات بوون لەگەڵ ساتی

خوێندنـەوەیـان بـە ژیـانی ئـەو دەمـەی نـەورۆزەوە. نـاوەڕۆکـی ڕۆمانـەکـەو هـەمـوو ڕێکـەوتـەکانیشـی بـۆ مامۆسـتا کـارلۆس گێڕایـەوە. مامۆسـتا کـارلۆس وەك مرۆڤێکـی ڕۆحیانی و دەرون ناس هەموو نهێنیەکانی دەگەڕانەوە بۆ ئەو نهێنییەی کە لـە ڕۆحـی لارەدا هەبووەو هەرگیز ئاشکراش نابێت، جگە لـەوەی کـە خـەمـەکـانی گوڵ دەگرن، ئەمە ڕەنگە تەنها هاڵاوێکی کاڵ بێت بەسەر دەریای نهێنیەکانی ڕۆحی لارەوە. ڕەنگە بپرسیت من لارەم قەد نەبینیبوو ئێستا چۆن دەتوانم حوکم لـەسـەر بـوونی نهێنیـەکانی ڕۆحی بدەم. من تۆشم نەبینیوە، بەڵام هەستدەکەم لـەئایندەدا وەك کـەسێکی بـەناوبانـگ بناسرێیت. دڵنیام ئەم بـەناوبانگییـە بـەشێکە لـەنهێنیـەکانی ڕۆحـی لارەو ئاشکرا دەبن. سەردانی نەورۆز بۆ ئیسپانیا ئـەو ڕێکـەوتـە بـوو بـەبـاوەڕێکـی بـەتینو ڕەهاوە کـەوتـە شوێن دۆزینەوەی نهێنیەکان. نەورۆز دڵنیاش بوو کە نهێنیەکانی ڕۆحی لارە ئەشێ لە ناو ڕۆحی خۆیدا سەر هەڵبدەن. پەیوەندی نەورۆز لەگەڵ مامۆستا کارلۆسدا لـە دوای گەڕانەوەشیان لە ئیسپانیا هەر بەردەوام بوو. نەورۆز بەشوێن پێشبینیەکانی مامۆستا کارلۆسەوە بوو. هەمیشە بیری لەو ڕۆژە دەکردەوە کە لەبۆنـەیـەکـی جیهـانی گـەورەدا وەك دایکـی لارەو ژنێکـی بـەناوبـانگی جیهـان بناسـرێت. هیـچ بـەرەیـەکـی لـە خۆیـدا نـەدەبینـی تـاکو لـە داهاتودا بناسرێت، جگـەلـەوەی تـەنهـا دایکـی لارەبوو. نهێنیـەکـانی ڕۆحـی ئـەویـش لـە ئاستـی گـەورەیـی کـەسێکی نـاوداردا بـوون. چیرۆکـی کچـە گـوڵ فرۆشەکەش هاندەر بوو بۆ هێنانەدی خەونەکانی نەورۆز. نازنـازی نـاو ڕۆمانـەکـەش هاوڕێی هەمیشەیی ناو خەیاڵو ئەندێشەکـانی نـەورۆز بووکـە ساتێك بـەبـێ یـادی ئـەو نەدەژیا.

دایـە نازنـازبـەڕەنـگـو ڕوخسـاری پـەشێوەوە کـە گـوێی لـە تـەپـەی دڵـی خـۆی بـوو دەچێتــە ژورەوە. لــەپێشــدا ئــەســتێرە دەبینێــت گــوڵێکی ســیسو وشــكو ژاکــاوی بەنیگەرانیـەوە بـەدەستەوەیـە، وەك لـەمێژە بـە تاسـەوە چاوەڕوانـی کـەسێك بکـات، لـە نائومێدیدا چاوەکانی دەنکە دەنکـە فرمێسکی هـەنـاوێکی پـەنـگخواردوویـان تێرژابـوو. نازناز بە بینی ئەستێرە بۆ ساتێك وەك پەیکەرێکی لەگەچ درستکراو لە جوڵەدەکەوێت. لەناکاو وەك چەغماغەی هەورێکی ڕەشو چڕ لـەڕۆحـی بدات بـە خورپـەیـەك دێتـەوە هۆش خـۆی. بـەڵام دانبـەخۆیـدا دەگرێـت ئـەستێرە بـەسـنگیەوە نـەنوسێنێت "هێشتا ئەستێرە هەر بە خاتوونە دەزانێت" بەڵێنیشی بە بارامداوە لە پێشدا گوڵەکە بداتە دەست زەینەب گوڵ ڕوخسار. نازناز نازانێت ئەو پیاوە بارامبوو. بارام هێشتا خۆی لێئاشکرا نـەکردبـوو. نازنـاز وەك نـەناسێك لـە ئـەستێرە دەپرسێت: کچـە جوانـەکـە کـەسیتر لەماڵەوەیە؟ ئەستێرە بە گریانەوە دەڵێت: هەر دایکم لە ژورەوەیە، ئەویش پێش تۆزێك لە چاوەڕوانی باوکمدا مرد. نازناز دەچێتە ژورەوە زەینەب گوڵ ڕوخسار وەك گوڵێك بەدەست عاشقێکەوە وشکبووبێتەوە ڕەنگی سپی بووەوە گیـان لـە جـەستەی دا نـەمـاوە.

دەگەڕێتەوە بۆ لای ئەستێرەو لە ئامێزی خۆی دەگرێت. هەستدەکات ئەستێرە لەباوەشیدا ئارام ناگرێت، پێیدەڵێت: ئەو ژنە چی تۆیە؟ بەهەنسکەوە دەڵێت:دایکـــمە. نازناز توشی سەرسوڕمان دەبێت لەکۆتای چیرۆکەکە، دەڵێت: کچە جوانەکە بۆچی دایکت مرد؟ دەڵێت: من نازانم، هەر چاوەڕوانی باوکمی کرد کە بگەڕێتەوەو گوڵی سوری بۆ بهێنێت، ئەویش هەر نەهاتەوە تاکو دایکم مرد. نازناز گووتی: من دەناسیت؟ تەنها سەری نەخێری بۆ لەقاند. نازناز ئەمجارە پێیگووت: ناوت چییە؟ گووتی: ئەستێرە. گووتی ئەی باوکت ناوی چییە؟ گووتی: بارام . نازناز بەنائارامیەوە گووتی: بارام کێ؟ بارام لەو کاتەدا بە ئەسپای هاتە ژورەوەو گووتی: بارام چنگ گەورە.

نەورۆزوەك ڕوداوێكی واقعی بیری لەبەسەرهاتەکانی ناو ڕۆمانەکە دەکردەوە، ئەوکاتەی باسی مردنی زەینەب گوڵ ڕوخساریشی بۆ نەمام دەگێڕایەوە، نەمامیشی لەگەڵ خۆیدا دەهێنایە قوڵپی گریان. بەنەمامی دەگووت: هەستدەکەم ژیانم ئاوێتەی ژیانیان بووە. بیرەکەمەوە چۆن لەگەڵ زەینەبدا قسەبکەم؟ڕەنگە تۆ وابزانیت شێتبووم. ئەگەر پەیوەندییەکی ڕۆحی لە نێوانماندا نەبێت، ئەم هەموو ڕوداوە لێکچوونە چین؟ ئەگەر ڕێکەوتن . . . ڕێکەوتەکان بۆخۆیان پڕن لەنهێنی. من لەو باوەڕەدانیم کە ڕۆمانەکان بێ ڕۆحبن، ئەگەر بێ ڕۆحبن چۆن گاریگەری لەسەر ژیانمان دەبێت؟ئەگەر کاریگەری لەسەرمان نابێت بۆچی ڕۆمانەکانت وەك باشترین دیاری خۆت پێشکەش کردووم؟ ئەگەر باشترین دیاریشن، کەواتە باوەڕ بە قسەکانم بکە کە دەڵێم ڕۆمانەکان ڕۆحیان لەبەردایە، کەواتە دەبێت بتوانین لەگەڵ پاڵەوانەکانیان قسەبکەین، بەڵام نازانم بەچ شێوازێك یەکتری بدوێنین؟

نەمام گووتی: گەشتیتە کۆتای ڕۆمانە؟ نەورز وەڵامی دایەوە: ئەی بۆم نەگێڕایتەوە هەموو ڕاستیەکان بۆ نازناز ئاشکرابوو، بارامیش لە حەیبەتی مەرگی زەینەب ویستی چڵەگوڵەکە وشکبووەکە لەسەر دڵی خۆی بچەقێنێت بەڵکوبە مژینی خوێنی دڵی گوڵەکە بگەشێتەوە تاکو زەینەبیش زیندوبێتەوە. نازناز تکای زۆر لە بارام کرد ئەو کارە نەکات، خۆیشی لەناو دەچێتو زەینەبیش زیندو نابێتەوەو ئەستێرەش بەبێ دایكو باوك دەمێنێتەوە. نازناز دانی بە گوناهەکانی خۆیدا هێناو داوای لێبوردنی لە بارامی هاوسەری کرد، بەڵێنیشی پێدا وەك جاری جاران بەشادیو ئاسودەی پێکەوە بژینو ئەستێرەش بکات بە کچی خۆی.

نازنازو بارامو ئەستێرە دەگەڕێنەوە شارەکەی خۆیان، وەك جاران بە ئاسودەی ژیان بەسەر دەبەن. بارام ناگەڕێتەوە سەر کاری تونێل دروستکردن، باخچەیەکی گەورە دەکاتەوە بۆ پەروەردەکردنی گوڵ بەیادی ئەو سەردەمەی لەگەڵ زەینەبدا کاری گوڵ بەخێوکردنی دەکرد. بارام خۆیشی عەشقێکی گەورەی لەگەڵ گوڵدا پەیدا

کردبوو. بەپەرۆشەوە لە باخچەکەدا کاری دەکرد. نازنازیش وەك بارام بوو بە عاشقی گوڵەکان، هەمیشە لە باخچەکەدا سەرقاڵی خزمەتکردنو ڕێکخستنی گوڵەکان بوو. ئەستێرەی وەك خاتوونە خۆشدەویشت. پێیدەگووت: منیش کچێکی وەك تۆ جوانم هەبوو، وەك تۆ قژی زەردوو چاوی گەشو ڕووخۆشبوو، دەزانی خوشکی تۆبوو ئەستێرە؟... دەزانم دایە نازناز، ئەی چۆن نازانم. ناویشی خاتوونەیە. دایە نازناز دەڵێت: ئەستێرە گیان ئەمانە چۆن دەزانیت؟ کێ بۆی باسکردویت؟ ئەستێرە دەڵێت: دایە نازناز خاتوونە خۆی بۆم باسدەکات. نازناز لە قسەکانی ئەستێرە سەرسام دەبێت، دەڵێت: کەی بۆی باسکردیتو لەکوێ بۆت باسدەکات؟ دەڵێت نازانم...بەڵام کە دێم بۆ باخچەکە و تەماشای گوڵەکان دەکەم، گوێم لەدەنگی گوڵەکانە قسەم بۆ دەکەن. دەڵێن تۆ ئەستێرەی خوشکی ئێمەیت، ها هەر لەیەکتریش دەچین. من زۆر حەزم لەلای ئەوە، زۆرم خۆشدەوێت، گووتم: خاتوونە گیان بۆچی شەوان نایەیتەوە بۆ ماڵەوە، من بیرت دەکەم؟ گووتی: ئەستێرە گیان من شەوان بە ئاسمانەوەم ناتوانم بێمە خوارەوە، ئەگەر بیرتکردم وەرە دەرەوە تەماشای ئاسمان بکە، منیش بریسکەبریسك چاوشارکێت لەگەڵ دەکەم. بەدایکیشم بڵێ با هەر خەریکی گوڵ بە خێوکردنبێت، چونکە من لەدەمی هەموو گوڵێکدام.

ژیانی نازناز بوو بە ئەفسانە لەناو باخچەکەدا. هەموو گوڵێك هیوایەکی گەورەی پێدەبەخشی تاکو گەورەی دەکردو بەرەبەیانییەك لە دەمی گوڵێکدا خاتوونە ببینێتەوە. گوڵەکان هێندە زۆر بوون ڕۆژانە پێرانەدەگەیشت تەماشای دەمی هەموویان بکات. ڕۆژێك لەناو باخچەکەدا لەناکاو نازناز هاواریکرد: بارام بارام. بارامی هاوسەری بەدەنگ هاوارەکەیەوە چوو. کە گەشتە لای نازناز بینی ڕوخساری گەشوکراوەیە، گووتی: ئەوە چیبوو نازە گیان؟ گووتی: پێمنەگووتیت ڕەنگە سکم هەبێت. نازناز جارێکیتر سکیپڕبوو. زۆر شادمان بوو بە منداڵەکەی لەناو باخچەکەشدا بە ختەوەر بوو. باخچەکەیان پڕبوو لە گوڵی رەنگاو ڕەنگ. لەناو گوڵەکاندا گوڵێکی سوری گەش دڵی نازنازی پێدەکرایەوەو ناویلێنا گوڵە خاتوونە. نازناز هەموو ساڵێك گوڵێکی سورو گەشو جوانی زۆرزۆری بۆ یادی "ڤالانتاینا" ئامادەدەکردو بە دیاری بۆ عاشقانی هەموو شوێنێکی دەنارد. نازنازو بارام بەردەوام لە باخچەکەدا بوون خەریکی بەخێوکردنی گوڵەکانبوون. نازناز هەموو گوڵێکی بەو ئومێدەوە بەخێودەکرد کە خاتوونە لەدەمی گوڵێکدا ببینێت. بەردەوام لەو باخچەیەدا بە هیواو کەیفو خۆشیەوە گوڵەکانی گەورەدەکرد. باخچەکەیان چەندین جار گەورەتر بوولە جاران، بوو بە یەکێك لە باخە مەزنو بەناوبانگەکانی شارەکەو دواتر هە موو وڵاتو ناوچەکەش. نازناز بوو بەو ژنە بە ناوبانگەی لە هەموو جیهاندا بەهۆی گوڵەکانیەوە ناسرا. باخچەکەی بوو بە کۆمپانیایەکی گەورەی بەرهەم هێنانی گوڵ. لە زۆر

جێگای‌تریش باخی گوڵی وەك باخەكەی خۆی كردەوە. هەموو عەشقی نازناز بۆ پەرەپێدانی باخو گوڵەكان بە هیوای لەدەمی گوڵێكدا خاتوونە ببینێتەوە. مژدەی بەخشینی دیاری گەورەشی بەو كەسانەدا كە سەرقاڵی بەخێوكردنی باخچەكانی تریان بوون، هەر كەس خاتوونەی لەدەمی گوڵێكدا دۆزییەوە باخچەكە پێشكەشی ئەو دەكات. بەپەرۆشەوە خەریكی بەخێوكردنی گوڵەكان بوون. گوڵ بایەخو گرنگییەكی‌تری وەرگرت. زۆر كەسیتریش خەریكی ئەو كارە بوون بە هیوای ئەوەی رۆژێك خاتوونە لە دەمی گوڵێكدا بدۆزنەوەو ئەو دیارییەیان بەربكەوێت كە نازناز لە پاداشی دۆزینەوەی خاتوونەدا مژدەی بە خەڵكدابوو.

نازناز بەهۆی باخچەو بەخێوكردنی گوڵەكانەوە بوو بە خاوەنی پارەیەكی زۆرو كەسێكی بەناوبانگ. بەرەبەیانییەك نازناز بەدەم ژانی منداڵبوونەوە خەبەریبووەوەو بارامیشی بە ئاگاهێنا. ئەستێرە لە ژورەكەی خۆی هێشتا هەر خەوتبوو. بە بارامی گووت: بارام ئازاری ژانم هەیە... زووزوو ژانم بۆدێت رەنگە منداڵم ببێت. بارام زۆری پێخۆش‌بوو. هەمیشە بیری لەم رۆژە دەكردەوە كە نازناز منداڵێكی‌تری ببێتو لەو خەیاڵە ئەفسوناوییە رزگاری ببێت. بە روویەكی شادومانیەوە تەماشای نازنازی كرد. بە روخساری نازناز سەرسامی خۆشی بوو. بارام نازنازی وەك گوڵێكی سوری گەورە هاتە بەرچاو. بەئەسپای بۆنی بە نازنازەوە كرد، بۆنی گوڵە سورەكانی باخچەكەی گرتبوو. نازناز بەدەم ژانەوە گووتی: بارام خەریكی چیت؟ بارام بە خەندەو شادیەیەوە گووتی:نازناز گیان شێوەو روخسارت وەك گوڵە سورەكانی باخچەكەمانە، هەر بۆنو بەرامی گوڵەكانیشت گرتووە. مژدەم بدەرێ ئەمرۆ لەدەمی گوڵێكدا خاتوونە دەبینینەوە. نازناز ئەو رۆژە كیژۆڵەیەكی بچكۆلانەی هاو شێوەی خاتوونەی بوو، زۆر شادمان بوون بە هاتنی ئەو كیژۆڵە بچكۆلانەیە. ئەستێرە بەسەر سەریانەوە دەم‌بەپێكەنین راوەستابوو. بەدایكو باوكی گووت: ئەو كچە بچوكە خوشكی منە، خۆشم ناویدەنێم. هەردووكیان بەدەم قسەكانی ئەستێرەوە بە خۆشحاڵیو پێكەنینەوە پەسەندیان كردو گووتیان "ناوی دەنێیت چی؟ ئەستێرە گووتی: ناوی‌دەنێنم "گوڵە خاتوونە". گوڵە خاتوونە شادیو خۆشی‌تری بە خێزانەكە بەخشی. هەمیشە لەناو باخچەكەدا بوو، لەناو گوڵەكاندا گەورەبوو. نازناز گوڵە خاتوونەشی وەك خاتوونە قژ زەرخۆشدەویست. زۆر جار منداڵانی شارەكەی لەناو باخچەكەدا بۆ یاریكردن لەگەڵ گوڵە خاتوونەدا كۆدەكردەوە. لەسەرەتادا هەندێك كەلوپەلی یاریكردنی بۆ ئامادەكردن. نازناز هەمیشە دڵی لەلای منداڵەكان بوو، بەتایبەتی ئەو منداڵانەی كە بێ‌كەس بوون. بیری لە چارەسەركرنی ئەوان كردەوە، رۆژانە ئەو منداڵە بێ‌كەسانەی بۆ باخچەكەی خۆی دەهێناو خزمەتی دەكردنو لەگەڵ گوڵە خاتوونەدا لەناو باخچەكەدا یاریان دەكرد. رۆژێك نازناز بیری لە چارەسەركرنی

یەکجاری هەموو ئەو منداڵانە کردەوە، لەگەڵ بارامدا باسیان لە کردنەوەی جێگایەکی گەورە کردەوە بۆ ئەو منداڵانەی کەبێکەسو جێگابوون. لەڕووی پارەو سامانەوە گرفتێکیان نەبوو. لە جێگایەك باخچەیەکی گەورەیان دروستکرد لەگەڵ بینایەکی گەورە بە هەموو پێویستییەکانیەوە بۆ شوێنی بەخێوکردنو پەروەردەکردنی منداڵەکان. منداڵەکان وەك ماڵی خۆیان بەخێو دەکران، فێری زۆر شتیان دەکردن. کاتی گەورەبوون دەخرانە قوتابخانەکانو فێری بەخێوکردنی گوڵەکانیشیان کردن. نازناز ئەم پرۆژەیەی خۆی ناولێنا" ڕێکخراوی خاتوونە بۆ منداڵە گوڵەکان". نازناز بووبە یەکێك لەئافرەتە بە ناوبانگەکانی جیهان . بەهۆی ئەم کارە پیرۆزەیەوە خزمەت بە منداڵانی بێکەس، پاداشی میهرەبانترین دایکی منداڵانی پێبەخشرا.

15

# گــوڵە وەنــەوشــە

لەپاش گەڕانەوەیان بۆ لەندەن لە ئیسپانیاوە، هەر لـە هـەمـان خـانودا دەژیـان، بـەڵام وەك لە مەملەكەتێكیتردا بژی، سەرتاپای ژیانی گۆڕا، هەمیشە بیری لـە قسـەكـانی مامۆستاكارلۆس دەكردەولەگەڵ ڕوداوی ڕۆمانەكەدا بەراوردی دەكردن تاكو بتوانێت لە حاڵەتێكدا ئاوێتەی یەكتریان بكات. نـەمـام نزیكتـرین كـەس بـوو وەك هاوڕێیـەك لـە نـەورۆزەوە كـە تێكـەڵ بـە ژیـانی یـەكتری ببوون. ئـەو زەمانـە تێپـەڕی كـە لـە خـەمـی یـەكتـرەوە گلابـوونو خۆشیەكـانی ژیانیـان لـەنـاو خـەمـی یـەكتـردا تـوابـووەوە. نـەمـام خۆشـحاڵبوو بـە شـادومانی نـەورۆزو بـە گـەشـەكردنـی "گوڵـە لارەوە". هـەسـتـی بەنەورۆز كردبوو لەپاش گەشتەكەیان بۆ ئیسپانیا لـەنـاو دونیـای بیركردنـەوەدا دەژی، گـەرچـی هـەنـدێك جـار دەیگـووت:نـەورۆزوەك پاڵـەوانـی ئـەفسـانـەكـان بیـردەكاتـەوە ، كـەچـی ئێستا خۆیشـی هـەنـدێك جـار لـەئاستی نهێنـی لێكچـوونی روداوەكـان سـەرسـام دەبێتو بۆ ماوەیەك دەستی دەخاتە ژێر چەنەی بیركردنەوەو بە خۆی دەڵێت: نـەورۆز ڕاستیدەكرد ڕوداوەكان پڕن لە نهێنی. ئەوڕۆژەی نەورۆز دوا بەشی ڕۆمانـەكـەی بۆ نەمام دەگێڕایەوە گووتی: نەمام دەزانیت نازناز كچەكەیتری ناونا چی؟ نـەمـام شـانی هـەڵتـەكانـدو لێـوەكـانی هـەڵقرچانـدو گـووتی: نـەخێـر. . . چـی نـاو نـاوە؟ نـەورۆز بەڕوخسارێكی لەخۆبایانـەوە گووتی: ناوینـاوە"گوڵـەخاتوونـە". نـەمـام برۆكـانی بۆ سەرەوە هەڵتەكاندو گووتی: نـاوێكی خۆشـە. نـەورۆز لـەسـەر ڕیتمێكـی خـاو گـووتی: چیییییی، هەرخۆش؟ ئەی بۆ ناڵێیت نهێنییـەكـی زینـدووە، هـەر هیـچ نـەبێت بڵـێ. . ! نهێنییەكی ئەفسوناوییە. تـــۆ ڕۆمانـەكـەت نـەخوێندۆتـەوە تـاكو كۆتـایی، گوڵـە لارەش خۆت ناوت لێنا، ئەی چی دەڵێیت لە ئاستی ئەو ڕێكەوتەی كەپڕە لـە نهێنـی نازنـازیش كچەكەی خۆی ناوناوە "گوڵە خاتوونە".

ئـەمـڕۆ نـەورۆز دوای خـەونـەكـانی دەكـەوێت. دەیـەوێت ببێت بـە دایكـی هـەمـوو منداڵەكـان. بیر لـە چـارەنوسـی خۆی دەكاتـەوە كـەببێت بـە دەستە خوشكی كچـە گوڵ فرۆشەكەو دایە نازناز. نـەورۆز خولیـای خوێندنـەوەی ڕۆمـانو چیرۆكـەكـانی كـەوتـە سەر. زۆربەی كات خەریكی خوێندنەوە بوو. هەندێك جـار بـەدەم خوێندنـەوەوە بیـری لەدوو ئافرەتە میهرەبانەدەكردەوەولەگەڵ ناخی خۆیشیدا قسـەی دەكـرد بـەچ ڕێگایـەك بگات بەهاوڕێیەتی ئەوان. زۆر ڕێگای تاقیدەكردەوە تاكو لەسـەر ڕێگایـەكیـان خۆی دەبینیەوە بە دڵنیاییەوە دەگاتە ئاستی نازنازو كچە گوڵ فرۆشەكە، ئەویش ڕۆژێك لـە

پاداشـی میهرەبـانترین دایکدا بـۆ منداڵـە بـێکەسـەکـان مـەدالیـای ڕێـزو خۆشـەویستی جیهانی وەربگرێت. لـەسـەر بـاڵی دایکێکی خـەیـاڵ بـۆ لای منداڵـە بـێنـەواکـان چـەند مـەملـەکـەت دەفڕی، هـەمـوو کیشـوەرەکـانی بـەسـەر دەکـردەوەو هـەمـوو منداڵـەکـانی لەدەوری خۆی کۆدەکردەوەو گۆرانی بۆ دەگووتنو مژدەی دەدانـێ کـە لـەگـەڵ خۆیدا بۆ ئەو جێگایەیان دەبات بە شادومانیو ئاسودەیی بژین. لـەبـەردەم هـەزارەهـا منداڵـدا وەك دایکێکی دڵسۆزو میهرەبـان خـۆی لـە ڕۆحێکـی ئـارامو ئاسـودەدا دەبینیـەوەو بـە خۆشحاڵیەوە بەڵێنی شتی باشو خۆشی بـە منداڵـەکـان دەدا. نـەورۆز لـە دەنگـی هـەراو پێکەنینو چەپڵەی خۆشحاڵی منداڵەکان بەئاگادەهاتەوە. هێشتا کتێبەکەی لەناو دەستایەو بەرامبەر بە تەلەفزوێنێکی بێدەنگ دانیشتووە. هۆڵەکەش بێدەنـگـبوو، جگـە لـەدەنگـی پرخەی کەسێکی ماندوو لەسەر قەنەفەکە بەتەنیشت نـەورۆزەوە وەك منداڵێك بـەدیـار خەیاڵەکانی نەورۆزە خەوی لێکەوتبوو. نەورۆز لە ناکاودا گوڵە لارەی بیر کەوتەوە. بەپەلە بە قادرمـەکانـدا سـەرکـەوت. گوڵـەلارە لـەنـاو جێگاکـەی خـۆی وەك پـەپولـەیـەك ڕاکشـابوو، چـراش گڵـۆپی ژوورەکـەی کوژابـووەوە، دڵنیـابوو کـە خـەوتـووە. سـوارە بەتەپەی ڕاکردنی نەورۆز بەسەر قادرمەکاندا خەبەریبووەوە. بـەدەم خـەوەوە بـە بۆڵـە بۆڵ سـەرکـەوتـو گـووتی: دەك ماڵت ئاوابێت بۆخـۆتـوڕاکردنـت، هـەرزانیم تۆیـت بەڵام بەدەبابە تێگەیشتم. لەسەر جێگاکەی خۆی درێژبوو، کتوپڕ خەوی لێکەوتەوە.

نـەورۆز هـەمیشـە هـەوڵـی ئـەوەی دەدا ببێت بـە دەسـتە خوشکی نازنـازو کچـە گوڵ فرۆشەکە. جگـە لـەوەی کـە مامۆستا کـارلۆس مژدەی ئایندەیـەکـی گـەشو ڕوونـی بـە نەورۆزدابوو، خۆیشی زۆر سەرسام بوو بە نهێنیەکانو ڕێکەوتەکانی ناو ڕۆمانەکەو ژیانی خۆیان. نەورۆز دیاردەیەکی تایبەت بە بیرو بـاوەڕی خـۆی هـەر لـە زووەوە لـە ناخیدا سەری هەڵدابوو کە زۆر جار بە بـاوەڕی تـەواوەوە بـەرنـامـەکـانی ژیـانی خـۆی لـەسـەر ڕێکـدەخسـت، یـاخـود ژیـانی خـۆی پێـوە دەبـەسـتەوە. دەیگـووت: ناگونجێت نازنازوکچەگوڵ فرۆشەکە تەنها دوو خوشکبن کـە چـەمکـی ژمـارە"سـێ" هێشـتا هـەر زیندووە. من خولقاوم بۆ بە هاوڕێبوونی ئەوان. لەپێش تەواوکردنی ڕۆمـانـەکـەش ئـەم دیاردەیەی خۆی لەگەڵ نەمامدا خستەڕوو. نەمام ئەو سەردەمە بە هەموو شێوەیەك بـە ئاسودەبوونی نەورۆز شادمان دەبوو، خۆشحاڵبوو کە نەورۆز تاکو ئەو ئاستە تێکـەڵ بە ناو ڕۆمانەکە بووە بۆ لـەبیرکـردنـی خـەمـەکـانی. ڕەنگـە نـەمـام لـە سـەرەتـادا تـەنـها لـەبـەر درێـژەدانـی حـاڵی نـەورۆز گـوێی لـەو بابـەتـەگرتبێت. بـەڵام نـەورۆز زۆر بـە جدییەوە نەمامی بۆ ناو ڕۆمانەکە کێشکرد. نەمام من بەتەنها لەگەڵ نازنازدا هیچم بۆ ناکرێ، دەبێت "سێ" کەس بین. ئێمە باش دەزانین نازناز تەنها لـە ناوڕۆمانـەکـەدایـە، نـەدەتـوانین دەریبهێنـین نـە دەتـوانین خـافڵی بکـەیـن. مـن دەمـەوێت لـەگـەڵ ئـەو ژنـەدا پرۆژەیەك ئەنجام بدەم، لـەبـەر ئـەوە پێویستیم بـە گفتوگۆکردن هـەیـە، ئـەو ناتوانێت

بدوێت تۆ لەبری ئەو خۆتت داناوە، مانای وایە بە هەرسێکمان پرۆژەکە ئەنجام دەدەین.

ئەو جێگایەی قەدەری پیاوە گەوجەکان ڕۆحی لارەی کرد بە هاوڕێی پەپولەوچۆلەکە وردیلەکانی بەهەشت، لەپاش ماوەیەك داخرا. جارێکیش داوایان لە سوارەو نەرۆز کرد بۆ ئەو مەبەستە سەردانی هەرێم بکەنەوە، بەڵام ئەوکاتە نەورۆز بەو سەردانە قایل نەبوو، چاویشی بەو وڵاتەدا هەڵنەدەهات بەتایبەتی ئەو جێگایە. سوارە ئارەزوییبوو سەردانی وڵات بکاتەوەو لە نزیکیشەوە ئاگاداری ڕوداوەکان بێت، بۆ ئەو کارەو بۆ ڕازیبونی نەورۆز داوای لە نەجیب باخانی هاوڕێی کرد لەو بارەیەوە قسە لەگەڵ نەورۆزدا بکات بەڵکو داواکارییەکەی هەرێم قبوڵ بکات. نەجیب باخان پارێزەربوو، لە ڕێخراوێکی مافی منداڵان کاری دەکرد لە شاری لەندەن. سوارە بەباشی زانی داوەتی نەجیب بۆ ماڵی خۆیان بکات، پێشتریش لەگەڵ نەجیبدا لەو بارەیەوە قسەیان کردبوو. ئەوڕۆژەبوو کە بەفرێکی باش بارییبوو. ڕۆژێکی تایبەتی بوو، خەڵکی بەگشتی شادومان بوون، هەروەها نەورۆزیش. لەپاش نانخواردن کاتێکی زۆریان بەدەستەوە نەمابوو. خواردنی ماسی کەمێك زیاتر لەسەر مێزی نان خواردن دەتهێڵێتەوە. هەردوکیشیان پەلەیان بوو. ئەو ڕۆژە نەیانویست شادی دڵی نەورۆز بەیادی ئەو ڕۆژەو ئەو جێگایەوە بە خەمەکانی لارە بگوشنوکامەرانی لێبشێوێنن. لە هۆڵەکە دانیشتبوون، نەورۆز خەریکی "چا"تێکردنبوو لە موبەقەکە. نەجیب بە سوارەی گووت:ئەمڕۆ دڵم ناهێنێت ئەو بابەتە لەگەڵدا نەورۆزدا باس بکەم، گوڵێکی سورم بۆ هێناوە کەمێك لەخەمەکانی کەم بکەمەوە، باجارێکیتر ئەو ڕۆژەی بەبیر نەهێنمەوە. ڕەنگە دواتر باسەکەش درێژە بکێشێت، ئێمەش پەلەمانە نەدەکرێت کارەکەی خۆمان دوابخەین، نەدەکرێت باسەکەبەنیوەی وازلێبهێنینو نەورۆزیش بە غەمباری بەجێبهێڵین. پێمباشە ئەم بابەتە بۆ جارێکیتر هەڵبگرین. سوارەش هەروای پێباش بوو. ئەوڕۆژگارە نەورۆز سەرگەرمی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەبوو، هێدیهێدی خەمەکانی لارە خەریكبوون لەناو نهێنیەکانو گەورەی ڕۆحی لارە خۆیدا کاڵدەبوونەوەو ڕەنگیان دەگۆڕا. ئەو بابەتە جارێکیتر نەهاتەوە ناو باسەکانیان، هیچ نامەیەکی تریشیان سەبارەت بە کارەساتەکەی لارە بەدەست نەگەیشت کە داوایان لێبکرێت سەردانی هەرێم بکەنەوە.

نەورۆز هەمیشە بیری دەکردەوە ببێت بە دەستە خوشکی نازنازو کچە گوڵ فرۆشەکە. ئەو ماوەیە ئارەزوییبوو جارێکیتر خەریکی خوێندنەوەی ڕۆمانی"خەمەکان دەبن بەگوڵ"بوو. مەراقیبوو لەنهێنی ڕێکەوتەکان بگات، ئەوەشی باش دەزانی ڕێکەوتەکان دووبارە بەهەمان ڕەنگو ڕوو نایەنەوە، بەڵام حەزیدەکرد هەمیشە لەگەڵ نازنازدا بێت، خەریکی بەخێوکردنی گوڵو سەرقاڵی پەروەردەکردنی منداڵە

بێکەسەکان بێت. پەشیمان بووەوە لە خوێندنەوەی ئەو ڕۆمانە. شتەکان بە تەمەنی خۆیانەوە جوانن. دەیگووت: من هەرگیز نامەوێت لە زەمەنێکیتردا بژیم کە ئێستا تەمەنی ڕاستی خۆمە، ئەو زەمەنەیە کە هەموو شتەکانم بۆ یەکەمجار تێدا ناسی، بووم بە ئاشنای هاوڕێکانم، لەم زەمەنەدا من بووم بە دایكو بوومبە منداڵو بووم بە هاوسەر. لەدەرەوەی ناخی خۆم بەم شتانەوە دەناسرێمەوە، مەحاڵە لە زەمەنێکیتردا بەم هەمووشتانە ئاشنابېمەوە. چەند کتێبێکیتری خوێندەوە، بەڵام هەر سەرسامبوو بەنهێنیەکانی ڕۆمانەکە. خەیاڵ بەرەو ئەو ڕێگایە کێشیاندەکرد کە بۆلای نازنازی بەرێت. نازنازی وەك کەسێکی دونیای ڕاستی دەناسی، نەیدەتوانی لێی خافڵبێت، هەر ئەوەش بەرەو دونیان خوێندنەوەی ڕاکێشا. لەناو بیرەوەری چیرۆكو ڕۆمانەکاندا دەژیا. سەرەتا بیرۆکەی چەند چیرۆکێك لە هەناوی خەوو ئاواتەکانیدا سەریهەڵدا، زیاتر هەستی بە نهێنی نێوان چیرۆكو ژیانی ڕاستی خۆی دەکرد. هەستی بە گەورەی ئیرادەی ئادەمیزاد دەکرد لەئاستی قەدەرەکاندا. لەناو چیرۆکەکاندا خۆی دەکرد بە پاڵەوانی سەرەکی بۆ ئاوێتەبوونی ژیانو خەیاڵ بۆ گەشتن بە خەونەکان، ئیرادەو قودرەتی خۆی دەکرد بە ڕۆحو دەیکردە جەستەی چیرۆکەکانەوە. یەکەم چیرۆکی بەناوی "ژنە قارەمانەکەوە"نوسی. ناوەڕۆکی چیرۆکەکە دەربارەی ژیانو بەسەر هاتەکانی نەمامی هاوڕێی بوو. دووەم چیرۆك سەبارەت بە ژنە بەرازیلییەکە نوسی بە ناوی" منداڵەکانی کەنار دەریا". ئەم چیرۆکەی بە یارمەتی نەمام بە زمانی ئیسپانی نوسیو بۆ مامۆستا کارلۆسی نارد. مامۆستا کارلۆس بە نامەیەکی ڕازاوە لە وشەی ڕەنگاوڕەنگ دەستخۆشی لەنەورۆز کردو هانیشیدا کە زیاتر لەسەر ئەو بابەتانە بنوسێت ڕەنگدانەوەی سەرکەوتنی پێوە دیارە. نەورۆز زۆر شادمان بووبەو دەستخۆشیانەی بە نامەو تەلەفۆن پێیدەگەیشت.

نەورۆز کەوتە دونیای خوێندنەوەو نوسین. ئارەزوییوو زیاتر بۆ منداڵان بنوسێت. بیری لە نوسینی ڕۆمانێك کردەوە بۆ ئاشنابوونی منداڵانی دونیا بەیەکتری. دوو ئافرەتی میهرەبان بەناوی "نازنازو کچە گوڵفرۆش"پاڵەوانی ناو ڕۆمانەکە دەبن، سامانو پارەکانیان دەخەنە خزمەتی منداڵە بێکەسەکان. ئەو دوو ئافرەتە مەبەستیان ئەوە نییە بەتەنها منداڵەکان بەخوێبکەن، دەیانەوێت چینێك منداڵێش گەورەبکەن لەسەر غەریزە ناوەکیە ئەزەلیەکانی خۆیان دوور لە کاریگەری خەسڵەتە تایبەتیەکانی دەوروبەر کە کارەساتی گەورەی لێکەوتۆتەوە. منداڵەکان تێکەڵبوون لەڕەگەزیجیاوازو ڕەنگی جیاوازو قەومێتی جیاواز. منداڵەکان هەر بەو خەسڵەتانەوە گەورەکران کە لە ئەزەلەوە لە ناخیاندا بوو. کە گەورەشبوون هەر هەمان خۆشەویستی منداڵیان هەبوو. کە گەورەشبوون نهێنیەکانی ڕۆحی منداڵی لە هەستەکانیاندا مابووەوە. منداڵەکانیان لە باخچەکاندا لەناو گوڵو گوڵزاردا گەورە

دەکرد. ئەو شوێنەی منداڵەکانی تێدابوو، وردە وردە بوو بە شارێکی گەورە. نەورۆز لەناو ڕۆمانەکەی خۆیدا هەوڵی دەدا ڕێگای ئەو دوو ژنە میهرەبانە بگرێت تاکو خۆی وەك دایکێکی میهرەبانی هەموو منداڵانی دونیا ببینێت. لەکاتی نوسینی ڕۆمانەکەدا جارێکیتر سەبارەت بە ڕوداوەکەی خۆیان لە هەرێمەوە نامەی بانگێشکردنیان پێگەیشت. سورا گووتی:ناکرێت خۆمان لەو بابەتە دوورە پەرێز بگرین، پێمباشە ئەمجارە سەفەر بکەین. نەورۆز هەرچەندە سەرقاڵی نوسینی ڕۆمانەکەی بوو، داواکەشی قبوڵکرد. بڕیاریاندا بەرنامەی سەفەرەکەیان ڕێکبخەن. ڕۆژانە بەردەوام خەریکی نوسینی ڕۆمانەکەبوو. زۆر هەوڵیدەداو بیردەکردەوە کە ژیانی خۆی تێکەڵ بە ڕۆمانەکەی خۆی بکاتو ببێت بە دەستە خوشکی نازنازو کچەگوڵ فرۆشەکە. پێش ئەنجامدانی سەفەرەکەیان لە وڵاتەوە ناسیاوێکیان تەلەفۆنی بۆکرد. ئەویش داوای لێکردن بەو بۆنەیەوە بگەڕێنەوە، ئەو جێگایەش تاکو ئێستا هەر داخراوە. بووە بەهۆی سەرسامبوونی خەڵك. سەرتاپای شوێنەکە گوڵوگوڵزارە. گوڵەکان زۆر تایبەتن. هەندێك دەڵێن بە ڕۆحی لارە ئاودراون وەك خۆی گەشو جوانو ڕوو کراوەن. نەورۆز بە بیستنی ئەو هەواڵە وەك لەسەر ئاگربێت جێگای بە خۆی نەدەگرت، قەستی بوو ڕۆژێك زووتر بگەڕێتەوە. بەردەوامیش کاری لەسەر نوسینی ڕۆمانەکەی دەکردو بەدوای بیرێکی گونجاودا دەگەڕا کە خۆی بخزێنێتە ناو بابەتەکانی . هیواو ئاواتی نەورۆز ئەنجامدانی پرۆسەیەك بوو بۆ خزمەتکردنی منداڵان. نازنازو کچەگوڵفرۆشەکە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر ژیانو بیرکردنەوەی نەورۆز هەبوو. هەردوو پاڵەوانە ئافرەتەکەی ناو ڕۆمانەکەشی هەر بەناوی ئەوانەوە ناونابوون"نازنازو کچەگوڵفرۆشەکە". بۆ بەهێزڕاگرتنی پرۆسکەی ئەوان، دەیگووت:هەموو شتێك لەسەر "سێ" یا پێتەو تر ڕادەوەستێتو بەپێوە خۆی دەگرێت. ئەو دوو خوشکە دەبێت سیانبن. نەیدەزانی چۆن خۆیبکات بە دەستە خوشکیان. هەندێك جار بیری لە نوسینەکانی دەکردەوە، بەڵکو بەهۆی ڕۆمانەکانیەوە بتوانێت بگات بە ئاستی ئەوان، مەبەستی نەورۆز ئارامکردنەوەی دەرونی بوو بەهۆی خزمەتکردنی بە هەموو منداڵانی دونیا. لای ئەو منداڵ هەر منداڵ بوو، هەربۆیە لەناو ڕۆمانەکەدا هەوڵیدابوو هەموو منداڵە جیاوازەکانی دونیا بە ڕۆحی منداڵی خۆیانەوە بەیەکتری بناسێنێتو هە ر بەو ڕۆحیەتەشەوە گەورەببن. نەورۆز ڕۆمانەکەی ناونا "شاری منداڵان". ئەو شارە دەبێت بە شارێکی نمونەی لە جیهانی ڕۆمانەکەدا. لە دونیای دەرەوەشدا بە شارێکی ئەزمونی بۆ پاراستنو هێشتنەوەی غەریزە ئەزەلیەکانی ڕۆحو ناخی منداڵی تاکو قۆناغی گەورەبوون. هەر منداڵەو وڵاتێکی تایبەتی خۆی نەبوو ڕقو کینەی دڵی لەسەر کەڵەکە بکات بۆ سوتانی هیواکانی کەسی بەرامبەری. کەگەورەبوون کەسکەسی شاربەدەر نەکرد،

خۆشەویستی منداڵی لەگەڵیاندا گەورەبوو. ئەو وشانەی بەدزی ڕۆحەوە دێنە ناخی مرۆڤەوە، ئەوان فێری نەبوون. ڕەنگەکان لەسەر پێست جیاوازیان‌نەبوو، چونکە لە ئەزەلەوە جیوازیان نەبووە. ڕۆحو ناخی ئەوانیش هەر غەریزە ئەزەلەکانیان تێدابوو. نەورۆز دەیویست بنەمای بیرۆکەی ڕۆمانەکەی لەسەر چەمکێکی "سێ"ی دابمەزرێنێت، هەربۆیە ڕەنگەکانی سپی و سورو ڕەشی پەیوەست کردبوو بە ڕەنگی ڕۆحی مرۆڤەکان لەسەر پێستیان. ئەوڕەنگانەشی پیرۆز کردبوو تاکو هەموو مرۆڤەکان پیرۆزبن. بەیانیان سرودی شادومانیان دەخوێندو دەیانگووت: ئێمە مرۆڤی ڕەنگ سپی‌و سورو ڕەشین، وەك شەو ئارامین، وەك ڕۆژیش ڕوناك، وەك گولیش گەشین. نەورۆز دەیویست جێگای گوڵی سورلە ئاستێکی بەرزدا لەناو ڕۆمانەکەدا جێگابکاتەوە. خەڵکی شاری منداڵەکانیش لەسەر "سێ"بنەما مێشك‌ودەرون‌وڕۆحیان پەروەردەکرابوو، ئارامی بۆ مێشک تاکو باش بیربکەنەوە، ڕوناکی بۆ دەرونیان کە هەمیشە بەئومێدبن، ڕۆحیشیان وەك گوڵ گەشبێت، خۆشەویستبن تاکو یەکتریشیان خۆش بوویێت. لەناو ڕۆمانی شاری منداڵاندا نازنازو کچەگوڵ فرۆشەکە بیر لە دوو پرۆژەی تایبەت بە منداڵان دەکەنەوە بۆ پەروەردەکردن‌و بەخێوکردنی منداڵان. ئەو دوو ئافرەتە ژیانیان تەرخان دەکەن بۆ خزمەتکردنی منداڵان. هەردوو پرۆژەکەش ناودەنێن، ڕێکخراوی ڕۆژ بۆ پەروەردەکردنی منداڵان‌و ڕێکخراوی شەو بۆ لەئامێزگرتنی ساواکان. نەورۆز هەمیشە خەریکی نوسینە، لەناو ڕۆمانەکەی خۆشیدا بە هاوڕێیەتی ئەو دووئافرەتە سەرسامە. وردەوردە هەست بە ئاوێتە بوونی ژیانی دەکات لەگەڵ دونیای ڕۆمانەکەدا. هەندێك جار نازانێت لەناو ڕۆمانەکەدایە یاخود لە ژیانی واقعی خۆیدا، یاخود شەوەو خەودەبینێت. بەدەم خەوەوە هاوار دەکات‌و دادەچڵەکێت: منیش... منیش لەبیر مەکەن، منیش دایکی منداڵەکانم. ڕێکخراوەکان دەبێت "سیان"بن. ئێمەش دەبێت "سێ" خوشکبین. سوارە لەدەنگی نەورۆز خەبەری دەبێتەوە، سەرسامدەبێت بەوەی نەورۆز بەدەم خەوەوە دەچێتە سەرڕۆمانەکەی. دەست بەنوسین دەکات بەبێ ئەوەی هەستبکات بەدەم خەوەوە ڕاپەڕیوە، بەبێ ئەوەی بزانێت شەوە یاخود ڕۆژ، بەبێ ئەوەی سوارە بدوێنێت. سەری بەسەر دەفتەری ڕۆمانەکەیدا شۆڕ کردۆتەوە وەك بۆ کەسێك بگەڕێت هیواش هێواش پەڕەکان هەڵدەداتەوە. سوارە هیچ قسەناکات، تەماشای کاتژمێرەکە دەکات‌و لەبەر خۆیەوە دەڵێت: هێشتا سەعات"سێ"یە.

بەدامێنی گردێکی بەردەڵانەوە شارێکی ڕازاوە بۆ مەرگ، بۆمەرگی خەونەکان، بۆمەرگی خەندەو پێکەنین، بۆ مەرگی ناشتنی شادی‌وکەیف، لە مەملەکەتی ژان‌و قەدەردا بەدەم منداڵەکانەوە ئاهەنگی شینی دەگێرا. درەختەکانیش لەبەهاری درۆزنە بەڕق بوون، گوڵەکانیش بە بارانی ژەهراوی غەمبار بوون، گیاو قەرسیلەش بە

شنەبا بێزاربوون. ئەو ئێوارەیە کێ هاوڕێی مەرگ نەبوو؟ تەنها خاوەن قەدەرەکان، تەنهاو تەنها هەر پیاوە گێلەکان. ئەو ئێوارەیە مارەکان لەترسی مەرگ لەکونەکانیاندا پۆپکەیان بەستبوو، پیرێژنە جادوگەرەکان بەدیار ئاگردانە ساردو سڕەکەوە شکوروو متببوون. ئەو ئێوارەیە شەرابەکانیش خەجاڵەتبوون لە ئەرکی خۆیان، لە چێژی خۆیان. بوتڵێك شەراب هاتە زمانو گووتی: من نامەوێت لە ئاهەنگی مەرگا بووخرێمەوە، لەناو پیاڵەی دەستی خەما گوێم لە زرنگەی ڕۆح بێت، گوێم لە وشەی نۆش بێت. گردێکی وشك، وشکەوەبوو لە سۆزو خۆشەویستی. وشك لە بارانو لەگوڵ. زەرد وەك ڕەنگی چاوەکانی دوای نا ئومێدی کە ئیترگوڵیان تیا سەوزنەبێت. ڕۆحێك بوو بە باران، بوو بە شنە، بووبە ئاواز. دامێنی گردە بەردەڵانەکەی بە ڕۆحی خۆی کرد بە گوڵ، بە ڕەنگی خۆی کرد بە گوڵی سور، بە ڕووی خۆی کرد بە گوڵی گەش. ئەم شەو نەورۆز بەناو گوڵەکاندا دەگەڕێت، گوڵبەگوڵ دەمیان دەکاتەوەو بۆ لارە دەگەڕێت. بەو هیوایەی لەدەمی گوڵێکدا لارە بە خەوتوویی بدۆزێتەوە، بەڵام بەگومانە لە هەقیقەت، بەگومانە لە خەو، بە گومانە لە ڕوداوی ناو ڕۆمانەکان. هەندێك جار سەبارەت بە ڕۆمانەکەی لەگەڵ سوارەدا قسەدەکات، بۆچوونەکانی وەردەگرێت، چیرۆکی بەشێکی دادەڕێژن، لەپڕ بە شەڕدێن، نەورۆز لەنەڕەو هاواری سوارە بە خەبەردێت. دەبینێت سوارە بێئاگا لە حوکمەکانی ئەو خەوتووە. بە ناچاری دەفتەری ڕۆمانەکە بە دەستەوە دەگرێت، پێشئەوەی بچێتە خوارەوە بە ئەسپای گوڵە لارە دادەپۆشێت. سەیری کاتژمێرە کە ناکات، ئەو باکی نییە کات چەندە. چایەکی ڕەش سازدەکات. لەبەرخۆیەوە دەڵێت: کێدەڵێت نازنازو کچەگوڵ فرۆشەکە چای ڕەش دەخۆنەوە. دەگەڕێتەوە هۆڵەکە پرسیاریان لێبکات، کەسیان نابینێت. دەفتەرەکە دەکاتەوە، تاوێك قەڵەمەکەی لەناو دەستیدا تاووتوێ دەکات. نازنازلە بیریدا بە ئەسپایدێتە سەر نوکی خامەکەو دەخزێتە سەر دێرەکانی دەفتەری ڕۆمانەکەو دێتەزمان: ...بەبۆنەی دامەزراندنی ڕێکخراوەکەمان"ڕێکخراوی ڕۆژبۆ پەروەردە کردنی منداڵان"بەخێرهاتنتان دەکەم بەو هیوایەی کە پشتو پەنابن بۆ منداڵەکان. نازنازمەدالیایەکی زێڕی بە سنگەوەیە بریسکەی شانازی موچڕوکە بە ڕۆحی هەموو میوانەکاندا دێنێت. نەورۆزیش چاوەکانی خۆی لەبەر تیشکی مەدالیاکەدا لەژێر برژانگەکانیدا دەشارێیتەوە. هێشتا نازناز لەقسەکانی تەواو نەبووە، دەنگی چەپڵە هۆڵەکە پڕدەکات. نازناز دەڵێت: چەپڵە بەسە. . . ماوەیەك بێدەنگ دەبێت. ئەو زەمەنە نەورۆز قەڵەمەکەی لەنێوانی دانەکانیدا بەنەرمی دەکروژێتەو بیردەکاتەوە. . .

خەمەکان گوڵ دەگرن، ئەگەر گوڵ نەگرن ئەو هەمووگوڵە چییە؟ لەدامێنی ئەو گردە بەردەڵانە ترسناکە. گوڵی سورو گەش بە هەموو شوێنێکدا بڵاوبۆتەوە. ئەو

باخچەیەی بە ڕەنگی مەرگ دروستکرابوو، ئێستا هەمووی گوڵی گەشەو بەدەم خەڵکەوە پێدەکەنن. نەورۆز دەمی گوڵەکانی دەکردەوەو بۆ لارە دەگەڕا. بۆنی هاڵاوی گوڵەکان وەك بۆنی هەناسەی دەرونی لارەبوو. تێر تێر ڕۆحی خۆی پڕکرد لە بۆنی گوڵ، بەشادمانیەوە بەسەریاندا دەگەڕاو بە ئەسپای پەڕە پەڕەی گوڵەکانی هەڵدەدایەوە، وەك دەست بە قژی لارەدا بهێنێت. گوڵەکان نەرمنەرم ئەفسوناوی بە دەم نەورۆزەوە پێدەکەنین. قەڵەمەکەی داناو پیاڵە چایەکەی هەڵگرت، هەستی بەتەڕبوونی ناو دەستەکانی کرد، دەستەکانی ئارەقەیەکی تەنکی بۆن عەتریان گرتبوو. بە خێرای قومێکی بچوکی لە چایەکەداو پیاڵەکەی دانایەوە. دەستەکانی لە لووتی نزیککردەوەو بە هێمنی بە هەناسەیەکی ئارامەوە بۆنی کردن. بۆنی عەتری پەڕەی گوڵەکانیان گرتبوو، هەناسەیەکی قوڵتری هەڵکێشا. هەستی بە ئارامی ڕۆحیکرد. وەك پەیامێکی ئەفسوناوی بەڕۆحیدا درابێت، قەڵەمەکەی گرت بەدەستیەوەو شتێك بنوسێت، گوێی لەدەنگێك بوو پێی ئاشنابوو، دەنگی کچەگوڵ فرۆشەکەبوو. هەر لەو هۆڵەدابوو کە پێشتر نازناز دەربارەی پرۆژەکەی خۆی قسەی بۆ میوانەکانیدەکرد.

من دەستە خوشکی نازنازم... نەورۆز وەختەبوو هاوار بکاتو بڵێت: منیش، منیش دەستە خوشکی ئێوەم ، وەرن بۆنی دەستەکانم بکەن، گوێ لەئازارم بگرن، پەڕەکانی ڕۆحم بخوێننەوە چیم بۆ منداڵان نوسیوە. کچەگوڵ فرۆشەکە بەردەوام بوو، نەورۆزیش گووتی: جارێ باچاوەڕوان بکەم تاکو ئەو لە قسەی خۆی دەبێتەوە. لەپاش ئەوەی خۆی بە میوانەکان ناساند گووتی: منیش خاوەنی پرۆژەی شەوم بۆ لە ئامێزگرتنی منداڵان. مەبەستی ئێمە زیادبوونی ئەم جۆرە پرۆژانەیە بۆ بەتەنگهاتنی منداڵە بێکەسەکان. ئێوەش ئەو کەسانەن کەڕۆحتان، کە وژیدانتان، کە بیرو نیگاتان لە ئاستی گوناهەکانتان بێدەنگ نییە. نەورۆز بە خێرای چاوی بە ناو میوانەکاندا گێڕا. ئارەزوییبوو بزانێت ئەو خەڵکانە کێن. پیاوێکی قژلولی ڕەنگ سپی چاو بە قوڵاچووی ڕۆح سوك دانیشتبوو، نەورۆز زوو مامۆستا کارلۆسی ناسیەوە. چەندجارێك دەستی بۆ بەرزکردەوە، بەڵام ئەو نەورۆزی نەبینی. کچە گوڵ فرۆشەکە بەردەوام قسەی دەکرد، هەموو میوانەکان بە پەرۆشەوە گوێیان بۆ گرتبوو. مامۆستا کارلۆسیش دەستی چەپی لە ژێر چەناگەیدا دانابوو بێئاگابوو لە دەست بەرزکردنەوەکەی نەورۆز، چووبووە ناو دونیای گوێگرتنەوە. لەناکاو گوێی لە گریانی گوڵە لارەوە بوو، بە پەلە بە قادرمەکاندا سەرکەوت. گوڵەلارە برسێتی خەبەری کردبووەوە. لەگەڵ خۆیدا هێنایەخوارەوەو شیرێکی بۆ دروستکردوو بەدەم شیر خواردنەوە لە باوەشی دایکیدا خەویلێکەوت.

ژیانی واقعی نەورۆز هێدی هێدی تێکەڵ بە دونیای خەیاڵو خەوو ژیانی ناو ڕۆمانەکە دەبوو. لەدەمێکدا لە هۆڵەکە بوولەگەڵ نازنازو کچەگوڵفرۆشەکە، هەمان کات لەناو ڕۆمانەکەدا بەشوێنیاندا دەگەڕا تاکو ببێت بە دەستە خوشکیان. هەمیشەش بیری لە سەفەرەکەیان دەکردەوە زوو بەو گوڵانەبگات کە بۆنی لارەیان گرتووە. نیگای خستە سەر گوڵە لارە ، لە باوەشیدا وەك پەپولە بەئاستەم هەناسەی دەدا. چاوەکانی بە نەرمی لەسەر یەکتری دانابوو. گوڵە لارەش هەر منداڵی لارەبوو لە زەمەنێکیتردا. یەك بۆنو یەك ڕەنگی هەبوو، هاڵاوی هەناسەکەی بۆنی عەتری گوڵەکانی لێدەهات. نەورۆز ئارامو ئاسودەبوو، وەك زەمەنی ڕابردوو بە هەموو خۆشیو ڕەنگەکانیەوە گەڕابێتنەوە بۆ باوەشی. چەند ڕۆژێکی کەمیان ماوە سەفەر بکەن. لەپێش هەمووشوێنێکدا سەردانی گردە بەردەڵانەکە دەکات بۆ بینی گوڵەکان تاکو لارە لەدەمی گوڵێکدا ببینێت. بە هێواشی دەست بە سەری گوڵەکاندا دێنێت نەکا گوڵێك بەدەستییەوە هەڵوەرێت، نەبا چڵێك لە پەنجەکانیدا بشکێت. گوڵێك لە دەمی پێکەنیندا پرژەی هەناسەکەی بەدەستەکانیدا دەپرژێنێت، نەورۆز وەك بە ڕۆحی لارە شادبووبێت، ئاهێکی ئاسودەی بە حەسرەت لەبۆنی گوڵاوی گوڵەکان هەڵدەمژێت. گوڵێکیتر لەناسکی چڵەکەیدا لەناو پەنجەکانیدا دەشکێت، تنۆکتنۆك عەتری ڕۆحی گوڵەکە بەسەر پەنجەکانیدا دەڕژێت. دەستەکانی پڕدەبن لە گوڵ. بەخەندەوە بەسوارە دەڵێت: سوارە... سوارە تەماشاکە ! دەستم پڕبوون لە گوڵ، ئەم گوڵانە چەند جوانن، بۆنیان چەند خۆشە. گوڵەکان لەناو دەستیدا هەڵدەوەرێنو دەکەونە بەر پێکانیو دەڕوێنەوە. چواردەوری نەورۆز بە گوڵ دەڕوێت. هەموو گوڵەکان وەك منداڵ بەدەم نەورۆزەوە پێدەکەنن. بەچواردەوریخۆیدا دەسوڕێتەوە وەك بۆ کەسێك بگەڕێت. سوارە بەسەرسامیەوە تەماشای دەکاتو پێیدەڵێت: نەورۆز بۆکێ دەگەڕێیت؟ نەورۆز پێدەکەنێتو گوڵ لەهەناسەیەوە دێتەدەرێ، وشەکانی هەموو گوڵ دەگرن، دەڵێت: سوارە. . ! نازنازو کچەگوڵفرۆشەکەت نەبینیوە؟ پێشئەوەی سوارە وەڵام بداتەوە، نەورۆز بەئەسپای گوڵەلارەی باوەشی دەباتەوە سەرێ بۆ ناو جێگاکەی خۆی. سوارە هێشتا هەر خەوتووە. لەبەر خۆیەوە دەڵێت: بابخەوێت ماندووە. . خۆم بچم ناو ڕۆمانەکە بە دوایاندا بگەڕێم نازنازو کچەگوڵفرۆشەکە سەرقاڵی پرۆژەکانیان بوون. نەورۆز هەمیشە هەر بەدوایانەوە بوو. نەورۆز هێشتا هەر بۆنی عەتری گوڵەکانی گردە بەردەڵانەکە لەدەستەکانی دەهات. بەبینی منداڵەکان زۆر شادومان بوو. هەموو منداڵەکانیش وەک دایکی خۆیان نازنازو کچەگوڵ فرۆشەکە کۆببوونەوە. یەکەیەکە منداڵەکانی ماچ دەکردو دەستی بەسەردا دەهێنان. منداڵەکان بۆنی دەستی نەورۆزیان دەگرت. پرچەکانیان بۆنی گوڵەکانی لێدەهات، وەك قژیان بە عەتر شۆرابێت دەنکە شەونمی وردی عەتراوی دەمی گوڵەکانیان بە سەرەوەبوو. نازنازو

کچەگوڵفرۆشەکە بە بۆنی قژی منداڵـەکان سـەرسامبوون. هێشتا بـۆنی گـوڵوگـولاو وعەتری وا خۆشو سەرودڵو کراوەیان نەکردبوو. لەهەموو منداڵەکانیان پرسـی ئـەو بۆن عەترە کێ بەسەر پرچەکانتاندا پرژاندویەتی؟ هەموویان دەیانگووت: دایکم. ئـەو منداڵانـە کـەسیان دایکیـان نـەبوو، بۆیـە بـەوەڵامـەکانیـان سـەرسام بوون. نـەورۆز لـە سـوچێکدا بـە خۆشـی شـادمانیەوە گـوێیلێگرتبـوون. نازنازوکچـەگـوڵفرۆشـەکـە نەورۆزیان نەدەبینی، تەنها منداڵەکان دەیان بینین. نەورۆز جارێکیتر دەستی هێنایەوە بە قژی منداڵەکاندا، بۆنو بەرامەی عەتر مەستیکردن. بەبەردەمی هەردوکیاندا تێپەڕیو کەسیان نەیانبینینی.

هەستی بە ماندووبوو دەکرد، هێشتا هەر بولێڵبوو، کەسیان هەڵنەسابوون. تاقەتی نەبوو بچێتـە سـەرەوە بۆ جێگاکـەی خۆی، لـەسـەر قـەنـەفەی هۆڵـەکە لـەئاستی خۆی ڕاکشاو چاوەکانی سەریەکنا بیری لەسەفەرەکەیان دەکردەوە تاکو چووە دونیای خەوەوە. ڕۆژی سەفەرەکەیانبوو، لە فڕۆکەخانەی هیترۆن، کلێپەو چراش لەگەڵیاندا هاتوون، پاش کەمێکیتر ماڵئاواییان لێدەکەنو بەرەو زێدی خۆیان ڕاستەوخۆ دەفڕن. نـەورۆز بڕیاریداوە بـەکـەلوپـەلـەکانیـەوە لـەپێش هـەمـوو شـوێنێکدا سـەردانـی گـردە بەردینەکە بکات کە ئێستا هەمووی گوڵو گوڵزارە. هەرلەدوورەوە بۆنی گوڵـەکان دەکاتو نـەسیمی خۆشـیو شـادی مـەستیدەکات. وەك ئـەوەی کـە بۆیان باسکردبوو، خۆیشـی لـەبـەر چـاویبـوو، زۆر زیـاتر گـوڵی گرتبوو. گوڵـەکان بـەدەم نـەورۆزەوە پێدەکەنین، نەورۆزیش یەکەیەکە بۆنی دەکردنو لەنێو پەڕەکاندا بۆ لارە دەگەڕا. بۆ لارە دەگەڕاو نەیدەدۆزیەوە، بەڵام زۆر شادومان بوو. دەستەکانی بە شـەونمـی سـەر گوڵەکان عەتراوی ببوو. گوڵەکان تەنها بۆ نەورۆز پێدەکەنین، هەر بەدەستی ئەویشدا عـەتـری ڕۆحو هـەناویـان دەپرژانـد. ئـەوگوڵانـەی لـەدەسـتیدا هـەڵـدەوەریـن، بەچواردەوریدا دەڕوانەوە. نەیدەزانی بەکوێدا ڕێبکات، هەموو شوێنێك ببوو بـە گـوڵو بەدەمیەوە پێدەکەنین. نەورۆز زۆر شادومانبوو بە گوڵەکان، هەر گوڵێك ڕوخساری لارەی تیا دەبینی. دەیوست هەموو منداڵێك بۆنی لارەبگرێت. هەر منداڵێکیشی دەبینی وەك دایك دەستی بەسەردا دەهێنا. نازنازو کچەگوڵفرۆشەکە سەرسامبوون بە بۆنی قژی منداڵـەکان. ئـەو بۆنـەیان لـەهیچ گوڵێکدا هـەستپێنـەکردبوو. نازنـاز سـاڵانێکی دوورودرێـژ بـوو لـەنـاو باخچـەو لـەگـەڵ گوڵـەکانـدا کـاری دەکـرد. ڕۆحـی ببـوو بـە پارچـەیـەك لـە عـەشـق بۆ گـوڵ. زۆر عـەوداڵـی بۆنی قژی منداڵـەکـان دەبێت، بـەڵام منداڵێك نازانێت چۆن قژی بۆنی گرتووە، هەموو هەر دەڵێن دایکمان دەستی بەسـەردا هێناوین.

ژیانی نەورۆز بە جۆرێك لەگەڵ خەو خەیاڵو واقعو ڕۆمانـەکەدا ئاوێتـە دەبێت کـە بۆ خۆیشی نازانێت لەکام دونیایاندا دەژی. لـە هۆڵـەکدا لـەسـەر قـەنـەفەیـەك ڕاکشـاوە،

دەفتەری ڕۆمانەکەی لەسەر مێزەکە لەگەڵ پیاڵەیەکی خاڵی کەمێك چای ڕەش لەبنی پیاڵەکەدا ماوەتەوە دانراوە. سوارە خەبەری بۆتەوەو دێتە خوارەوە. بەئەسپای نەورۆزیش بە ئاگا دێنێتو دەچێتە موبەقەکە. نەورۆز لەئاستی خۆی هەڵدەستێتو دادەنیشێت. بۆنی دەستەکانی دەکات، تەماشای پیاڵەکە دەکات. قومێك چا دەبینێت، بەخەیاڵی گەرمی دەستی بۆ دەبات، بەڵام ڕۆحی گەرمی تێدا نەماوە. سەیری کاتژمێرەکە دەکاتو دەڵێت: باش خەوم لێکەوتەوە. دەست بۆ دەفتەری ڕۆمانەکەی درێژ دەکات، قەڵەمەکەش هەر لەسەر دەفتەرەکە دانراوە. نەورۆز ناونیشانی بەرگی ڕۆمانەکەی بەرچاودەکەوێت بە خەتی خۆی نوسیویەتی" شاری منداڵەکان". بڕیاردەدات لەرێگای خزمەت بە منداڵان ببێت بە دەستە خوشکی نازنازو کچەگوڵفرۆشەکە. هەست بە خەمەکانی لارە دەکات کە گوڵ دەگرن. ئەویش ناونیشانی ڕۆمانەکەی دەگۆڕێت بۆ" خەمەکانی لارە گوڵ دەگرن". نەورۆز بەبینینی منداڵەکان زۆر شادومانە بۆیە هەموو ڕۆژێك سەردانیان دەکاتو دەست بە سەریاندا دێنێت تاکو بۆنی گوڵەکانی لارە بگرن. بە عەشقەوە هەوڵدەدات ببێت بە دەستە خوشکیان لە پێناوی خزمەتی منداڵەکاندا. ڕۆژێك خۆی لە نازنازو کچە گوڵفرۆشەکە ئاشکرادەکات. دەڵێت بۆنی دەستەکانم بکەن. . ! هەردووکیان بۆنی دەستەکانی دەکەن. بۆنی عەتری قژی منداڵەکانی لێدێت، بەسەرسامیەوە تەماشای یەکتری دەکەن، دەڵێن تۆ کێیت؟ ئەویش دەڵێت: من دایکی منداڵەکانم. پێیدەڵێن ئەم وەڵامە لە قسەی ناو ئەفسانەکان دەچێت. نەورۆز بە میهرەبانیەوە کە بۆنی عەتری دونیای پڕ کردووە، دەڵێت: ڕەنگە ژیان هەمووی ئەفسانەبێت، جگە لەو تەمەنەی بۆ منداڵەکان دەژیت. نەورۆز پێیان دەڵێت: دەمەوێت ببم بە دەستە خوشکی ئێوە کە هاوبەشی پرۆژەکانتان بکەم. هەردووکیان زۆریان پێخۆشدەبێت کە هاوکارێکیان بۆ پەیدا بووە، بەتایبەتی ئەو کەسەش کە عەوداڵی بوونو بۆنی پرچی منداڵەکان لە دەستەکانی دەهات. نەورۆز دەستی بەسەر قژی هەر منداڵێکدا بهانیبایە بۆنی لارەی دەگرت، منداڵە بێکەسەکەش نەورۆزی بە دایکی خۆی دەزانی. نەورۆز چیرۆکی ژیانی خۆیی‌و بەسەرهاتی بۆنی دەستەکانی بۆ گێڕانەوە. پێشیگووتن :منداڵ پێویستی بە سۆزی دایکە، من دەتوانم ئەو دایکەبم بۆ هەموو منداڵەکان. نازنازو کچەگوڵفرۆشەکە بە شانازیو خۆشحاڵیەوە نەورۆزیان بە دەستە خوشکی خۆیان قبوڵکرد، پێویستاین بە دایکێکی لەو جۆرە دڵسۆزیشبوو بۆ منداڵەکان. بە دایکە میهرەبانەکەش ناویان برد.

لەدوای خۆ ناساندنو قسەکردنی کچە گوڵ فرۆشەکە، نۆبەی نەورۆز هات. ئەوان هەردووکیان پێشتر بەهۆی پرۆژەکانیانەوە لە پێناوی خزمەتی منداڵە بێکەسەکاندا پاداشی میهرەبانترین ئافرەتیان وەرگرتبوو، ناسرابوون، بەڵام نەورۆز بۆ یەکەم جاربوو لە هۆڵێکی گەورەدا بەرامبەر بە ناودارانی جیهان ڕابوەستێت، نەیاندەناسی.

نازنازو کچەگوڵفرۆشەکە هەردووکیان نەورۆزیان بە میوانەکان وەك دایکێکی میهرەبان بۆ منداڵە بێکەسەکان ناساند. چیرۆکی ژیانو بەسەر هاتەکانیشیان گێڕایەوە. لەناو هەموو میوانەکاندا تەنها مامۆستا کارلۆس نەورۆزی دەناسی. بەبینینی زۆر شادومانبوو. بەگوڵە سورەکەی دەستیەوە چووە بەردەم نەورۆزو بۆ ڕێز لێنانی لەبەردەمیدا نوشتایەوەو گوڵە سورەکەی پێشکەش کرد.
نەورۆز بڕیاریدا ببێت بە دایکی هەموو منداڵە بێکەسەکان، گوڵەکانی ڕۆحی لارەش لە هەموو جێگایەدا بۆ دڵنەوایکردنی منداڵان بڕوێنێت. ئەو ڕۆژەی سەفەریشیان کردەوە هەرێمەکە لە سەردەمی نەهامەتییەکاندابوو، لە قۆناغی سەرهەڵدانی دیاردە عەجاییەکاندا بوو. نەورۆز وەك بڕیاریدابوو، لەپێشەوە چوو بۆ گردە بەردەڵانەکە کە سەرتاپای ببوو بە گوڵ. بەناو گوڵەکاندا بۆ لارە دەگەڕا، لارەی نەدەدۆزیەوە، بەڵام هەستی بە ئاسودەبوونی ڕۆحی دەکرد، وەك هەرئێستا لارە لە دەمی گوڵێکدا دایکی بانگ بکات. بەئەسپای دەستی بەسەر گوڵەکاندا دەهێنا، دەستەکانی بۆنی گوڵیان گرت، ئەو بۆن عەترە تەنها تایبەت بوو بەدەستەکانی نەورۆز، وەك دایکێکی میهرەبان بۆ هەموو منداڵەکان هەستی بە بوونی خۆی دەکرد. بۆنی دەستەکانی خۆی دەکردو ئارامی بە دڵیدا دەهات. بەناو گوڵەکاندا بەگۆرانیوشادمانیەوە دەهاتو دەچوو. بیری لە منداڵە بێدایکەکان کردەوە کە ئیتر ببێت بە دایکیان. لە خۆشیدا لە خەوەکەی خۆی بە ئاگاهات. لەسەر قەنەفەکە ڕاکشابوو. دەفتەری ڕۆمانەکەو قەڵەمەکی گرت بەدەستەوە. دوابەشی ڕۆمانەکەی لەسەر خۆی تەواو کرد، وەك دایکی ڕاستەقینە خزمەتی منداڵەکانی دەکرد لە پڕۆژەکانی نازنازو کچەگوڵ فرۆشەکەدا . دەستەکانی بۆنیگوڵێکی ئەفسوناویان گرتبوو، دەستی بەسەر هەر منالێکدا دەهێنا، ئەو منداڵە هەستیدەکرد گەڕاوەتەوە باوەشی دایکی خۆی . هەموو منداڵەکان بە" دایە نەورۆز" ناویان دەبرد. ئەویش ژیانی خۆی بۆ هەموو منداڵە بێکەسەکان تەرخانکرد. هەر منداڵێك بۆنی دەستی بکردایە، وەك بۆنی مەمکەکانی دایکی بکات، سەبوری بە ڕۆحیدا دەهات. نەورۆز ڕۆمانەکەی تەواو کردوبە خۆشحاڵیەوە بە چاپی گەیاند. ڕۆمانەکەی ناوبانگی باشی بەدەستهێنا کە چەند جارێك چاپکرایەوە، ژمارەیەکی زۆری لێفرۆشرا کە نەورۆزیکرد بە خاوەنی پارەیەکی زۆر. نەورۆز هەمیشە بیری لای نازنازو کچەگوڵ فرۆشەکەو مامۆستا کارلۆسو منداڵە بێکەسەکان بوو. بڕیاریدا ببێت بە دەستە خوشکی هەردووکیانو پارەی کتێبەکان لە پڕۆژەیەکی تایبەت بە یارمەتی منداڵان خەرجبکات. بیری لە کردنەوەی پڕۆژەیەك کردەوە بۆ یارمەتیدانو بە خێوکردنی منداڵەبێکەسەکان. بە پەرۆشەوە هەوڵی بۆ ئەنجامدانی دەدا. پەیوەندی بە چەند کەسێکی شارەزاوە کرد لەو بوارەدا، یەکێك لەوان "نەجیب باخان" بوو.

پارێزەرێکی زیرەكو وریاو چالاك بوو، دۆستێکی نزیکی سوارەش بوو. لەماوەیەکی کەمدا پرۆژەکەیان بە ئەنجام گەیاندو ناوی‌لێنا ڕێکخراوی( من دایکتانم) بۆ لە ئامێز گرتنی هەموو منداڵەکان. لەگەڵ کۆمپانیایەکیشدا ڕێکەوتن کە گوڵەکانی گردە بەردەڵانەکە بە هەموو باخچەکانی جیهاندا بڵاو بکەنەوەو کەڵك لە بۆنی عەتری گوڵەکە وەربگرن، هەموو بەر هەمەکانیش بەناوی لارەوە بڵاو بکرێنەوە.

خەمەکانی لارە بوون بە گوڵو بە هەموو دونیادا بڵاو بوونەوە. نەورۆز هەموو ژیانی بوو بە هیوایەکی گەشو ڕوون کە ڕۆژێك لە دەمی گوڵێکدا لارە دەبینێتەوە، لارەش لە دەمی هەموو گوڵێکدا بوو کە بە دونیدا بڵاوببوونەوە. ناوی ئەو خێزانە بچکۆلانەیەی شاری لەندەن، هێندەی شاری لەندەن گەورەبوو. چەند پرۆژەیەکی‌تریشی لە پێناوی منداڵاندا بە ئەنجامگەیاند. ناوی نەورۆز لەسەر هەموو زارێك بوو، لەدڵی هەموو منداڵێکدابوو. گردە بەردەڵانەکەشی کرد بە شارێکی گەورەی پڕ لە باخچەو یاری منداڵان بۆ منداڵەکان. هەر لەناو شارەکەشدا بۆ منداڵە بێکەسەکانی هەرێمەکە جێگایەکی گەورەی بە هەموو پێویستییەکەوە دروستکرد. ناوبانگی نەورۆز بە هەموو شوێنێك گەشت، وەك دایکێکی میهرەبان ناوی دەبرا. لە ئاهەنگێکی گەورەدا بەبۆنەی ڕێزلێنانەوە بۆیان سازکردبوو خەڵاتی میهرەبانترین دایکیان پێبەخشی. زۆربەی کەسایەتیە گەورەو بە ناوبانگەکانی دونیاو شاری لەندەن بانگێشکرابوون. نەورۆز زۆر شادمان بوو، خۆشترین ڕۆژی ژیانی بوو. ناو هۆڵەکە بە گوڵە گەشەکە ڕازێنرابووەوە. بەوردی سەرنجی گوڵەکانی دەدا، وەك لارە لەدەمی گوڵەکاندا ببینێت، هەزارەها لارەی دەهاتە بەرچاو. ئارامو ئاسودەودڵخۆش، دەم بە پێکەنین چاوی بەناو ئاپۆڕای ئەو هەموو میوانەدا دەگێڕا. پیاوێکی سەر سپی قژ لولی لەناو هەموو خەڵکەکەدا بینیی. زوو مامۆستا کارلۆسی ناسییەوەو ئەو ڕۆژەی ماڵی خەسرەوی برای نەمامی بیرکەوتەوە کە هەموویان لە هۆڵەکەدا دانیشتبوون مامۆستا کارلۆس بە نەورۆزی گووت " منو تۆ ڕۆژێك لە بۆنەیەکی جیهانیدا بەیەکتری دەگەین". مامۆستا کارلۆس لەناو خەڵکەکەدا هەستاو چووە سەر شانۆکە. لەبەردەم نەورۆزدا سەری ڕێزی بۆ چەماندەوەو گوڵێکی سوری پێشکەش کردو گەڕایەوە شوێنی خۆی. نەورۆز بە سوپاسەوە گوڵەکەی لێوەرگرت، هەر گوڵێك بوو لە گوڵەکانی ڕۆحی لارە. بە شادومانیەوە سەرنجی دەمی گوڵەکەیدا. نەورۆز بۆ تاوێك لارەی دەم بە بزەوە لەناو پەڕەی گوڵەکەدا بینی. بە ئەسپای نزیك بە لێوەکانی کردەوە کە ماچی بکات، بەڵام لارە پێدەچوو چووبێتە دەمی گوڵێکی‌ترەوە، بەڵام هەر بۆنی لارەی لێدەهات. بە هێواشی هەناسەیەکی بە نێو پەڕەکانیدا هەڵمژی، هەستی بە ئاسودەبوونی ڕۆحی دەکرد، هەستی دەکرد خەمەکانی ناخی دەبوون بە گوڵ، لە هەر گوڵێکیشدا بە هیواوە بۆ لارە دەگەڕا. لارە بوو بە گوڵ، گوڵەکانیش بە هەموو دونیادا

بڵاوببوونـەوە. نـەورۆزیـش بـوو بـەو دایکـە میهـرەبانـەی هـەمـوو دونیـا بـە ئـافرەتـە پیـرۆزەکـە ناویـان دەهێنـاو هـەمـوو منداڵـە بـێکـەسـەکـانیش بـە دایکـی خۆیـان بانـگیـان دەکرد.

دووبارە بەشی دووەم
زرمەی چەكوشو مەرگ. . . بەرە و گەندەڵی

لەدوای بەشی مورادی ( عاشقو فریشتە)
*هەرێمو دەستەی حوكمڕانی
* شێخبەختەوەر

16

# هەرێم و دەستەی حوکمڕانی

لاسەنگی تایتەرازوی ژیانی کۆمەڵایەتی لە هەموو بوارەکاندا خەتی سوری بەزاندبوو. لەسنوری تەحەمول تێپەڕی بوو، کەچی تەحەمولیشکرا. دەردێکی بێدەرمان بڵاوبووەوە، چارەسەرکردنی زۆر سەختبوو. دەردی لەخۆ ونبوون لە هەموو دەردێكگرانتربوو. لە هەرێمەکەی خۆتدا ، لەناو شاروماڵو منداڵو کەسوکاری خۆتدا، مرۆڤ هەستی بە ونبوونی خۆی دەکرد. جوتیارە بازرگانەکان بە بەبێ زمان بە کۆڵێك پارەوە تاکو حەوت مەملەکەت دەڕۆشتن، لەو سەرەوە دونیایەك تێزابو ئاڵتونو ئەڵمازیان دەهێنایەوە، کەلوپەلی گران بەهای تریان دەهێناو بەبێ گرفت دەگەڕانەوە. دەگەیشتنەوە ناو هەرێمەکەی خۆیان توشی دەردی ونبوون دەبوونەوە.

هەموو شتێك پێچەوانەببووەوە. منداڵێکی چواردە ساڵ لە ناو جەرگەی بازاڕدا لەسەر فەردەیەك دۆلار دانیشتبوو بەدەنگی بەرز گلەیی لە بەختی خۆی دەکردو ئەو ژیانەی بە نەعرەت دەکرد، تفی لە عەرزو ئاسمان دەکرد: چۆن پیاو لەم مەملەکەتە کاولە دەتوانێت ژیان بگوزەرێنێت... ئەم هەموو پارەیە دەدەم تەنها لێرە ڕزگارمبێت. مامۆستا " بابان " لەو بەرەوە، لەبەر دەم دوکانێکدا بەشەرمەوە ئامێری مۆسیقاکانی خۆی دانابوو بۆ فرۆشتن. گوێی بۆ قسەی منداڵە ڕادێرا بوو، سەریشی لە زەمانو لە حوکمی ڕۆژگار ڕادەوەشاند.

هەموو شتەکان پێچەوانە ببوونەوە . " نالە"ی حەسحەسیش لەناو ئەو ئەستێرە بارانەدا کۆمەڵێك ئەستێرەی چاو کوێر لەسەر شانەکانی نیشتنەوەو بوو بە" نەقیب نادر". نەقیب نادریش توشی دەردی ونببون بوو. وەك ئەستێرەکان تەوقبن بەسەر شانەکانیەوە لە ناو ماڵەکەی خۆشیداوەك ماخۆلان بە هەموو لایەکدا هەر سەری بادەداو چاوی دەگێڕا. خەجێ خانی ژنی لەم ڕەفتارەی نادر زۆر بێزاربوو، شەوی سەد جار بە چەپۆك دەیکێشا بەسەریدا، هەتیو دەڵێی ماخۆلانتە. . . ئەوە چ دەردێکە توشت بووە بەم ئاخری عومرەتەوە؟...نەقیب نادر زۆر زەلیلبوو لەبەردەم خەجێخانی خێزانیدا، بە کەساسیەوە دەیگووت: خۆشم نازانم خەجێ گیان ئەم دەردە چییە کە توشی بووم. هەستدەکەم لە خۆم ونبووم بۆیە هەمیشە سەر بە چواردەوری خۆمدا دەسوڕێنم. بەڵام توخوا تۆش ئەوەندە بەسەرما مەکێشە، وەختە سەرم بەربێتەوە. خەجێ زۆر غەداربوو بۆ نالە. چەپۆکێکیتری قورسی بەسەریدا دەکێشاو دەیگووت: دەك یاڕەبی مێشکت بەربێتەوە. خەجێ بەتەواوی لەڕەفتاری مێردەکەی

بێزار ببوو، شەوانیش بەدەم خەوەوە وڕێنەیدەکردو دەیگووت: ونبووم...خۆشم نازانم لەکوێم... بمدۆزنەوە، خەجێ گیان بە جێمەهێڵە...

خەجێ خەویشی لی حەرام ببوو، دەیگووت: ڕەنگە چاوو نفوسبێت؟ لەو ڕۆژەوەی نالە بووە بە نەقیب توشی ئەم دەردە بووە، لەبەیانی زووتر نییە دوعایەکی چاوەزاری بۆ بکەم. خەجێخان بۆ بەیانی دوعایەکی سەوزی گەورەی بۆ نەقیب نادر هێنایەوەو کردی بەشانێکیەوە کە هێندەی هەرسێ ئەستێرەکەی سەر شانی گەورەبوون. نەقیب نادر بوو بە "نەقیب دوعا". خەجێ خان چاوی لە نالەی مێردیشی سور کردەوە کە دەبێت هەمیشە دوعاکە بەسەر شانیەوە بێت ئەگینا دوعاکە کاریگەری خۆی نابێت، چاو و نفوسەکە بەتاڵ نابێتەوەو قبوڵنابێت.

نایەر باش گوێملێبگرە. ! ئەو دوعایەم بۆ چاوونفوسی دەرەوە بۆ کردویت، نەك بۆ ماڵەوە. کەس لە ماڵەکەدا چاوو نفوسی پیسمان پێدا هەڵناهێنێت، خەڵکی دەرەوە بەخیلنو بە خۆشیو شادومانی دەرودراوسێ دڵیان دەگوشرێت، لەبەر ئەوە دەبێت لەدەرەوە دوعاکەت وەك ئەستێرەکان هەمیشە بەسەر شانەوە بێت. ماوەیەك تێپەڕی بەڵام نەقیب نادر ڕەوشی خراپتر بوو. ئێواران بەرامبەر بە تفەنگە کۆنەکەی زەمانی حەسحەسی کە بە دیوارەکەوە هەڵیواسیبوو ڕادەوەستاو لەژێر لێوەکانیەوە دەیگووت: ونبووم... ونبووم...نالە ونبووە...

خەجێ خان بەدەست دەردی مێردەکەیەوە دەیناڵاند. ئافرەتێکی بەسەلیقەو زیرەكو وریابوو، بەڵام دەردی مێردەکەی مێشکی تێکدابوو. هەندێك جار دەیگووت: خوایە تۆبــە وەختە ئیمانم بە شێخو مشایەخیش نامێنێت، ئەو دوعایە بۆ کاری لە چاوپیسان نەکرد؟... جاربەجارێکیش گومانی لە نادری مێردی دەکرد ڕەنگە لە دەرەوە لەبەر قسەی خەڵك دوعاکە نەکات بە شانیەوە. نادری سوێندەدا کە ئاخۆ بە ڕۆژ دوعاکەی بە شانەوەیە؟ نادر بە کەساسیەوە سوێندی بۆ خەجێ دەخوارد کە هەمیشە دوعاکەی پێوەیە. خەجێ سەیری پێدەهات کە دوعاکەی کاریگەری نییە، " ئەوە چەند ساڵە لەلای شێخیشێخان دوعادەکەم، قەد وەك ئەمجارە دووبەختنەبووم". خەجێ گووتی: ڕەنگە چاو نفوسەکەمان شاگردی ئیبلیسبێت، شەرتبێت منیش دوعایەکیتریشت بۆ بکەمو بە شانەکەیتریانەوە بۆت هەڵواسم. نەقیب نادر دوو دوعای سەوزی گەورە بە هەردوو شانیدا هەمیشە هەڵواسرابوون، کەچی دەردی سەرسوڕانو ونبوون هەر لە ئەستۆی نەبووەوە. خەجێ هەر بە گومان بوو لە نالە، دەیگووت: بەخوا سەد سوێندیشم بۆ بخوات هەر باوەڕی پێناکەم، ئەو هەتیوە گەمژەیە بەرۆژ لە ڕووینایەت دوعاکان بە شانیەوە بکات. ئێوارە کە نەقیب نادر گەڕایەوە، خەجێ هەر چوار پۆلیسەکەی کە بۆ پارێزگاری لەگەڵیدا بوون ڕیزیکردنو سوێندیدان کە مێردەکەی کاتی دەوام دوعاکان بە شانیەوەن؟ پۆلیسەکان هەر چواریان پێکەوە

سڵاوی سەربازیان بۆ نەقیب ژنیان کردو گووتیان: بەڵێ قوربان گەورەمان "نەقیب نادر" هەمیشە دوعاکان بەسەر شانەکانیەوە دەدرەوشێتەوە. لەو کاتەدا نەقیب نادر وەك فڕفڕۆکە بە چوار دەوری خۆیدا سەری دەسوڕاندو دەیگووت : ونبووم...ئەرێ کەس نازانێت لەکوێم؟

نەقیب نادر هەموو ئێوارەیەك بەرامبەر بە تفەنگەکەی زەمانی حەسحەسی ڕادەوەستاو دەیگووت: ونبووم... ونبووم... بمدۆزنەوە. شەوانیش بەدەم خەوەوە خەجێی هەراسان دەکرد" خەجێ گیان ونبووم...جێمەهێڵە. . .

بەیانییەك بەرامبەر بە ئاوێنەکە خەریکی خۆگۆڕینە، جلوبەرگی ئەفسەری لەبەردایەو چاوەڕوانی ئۆتۆمۆبیلەکە دەکات. شەو تاکو بەیانی بە وڕێنەکردن نەیهێشتووە خەجێ بخەوێت. تازە بە تازە خەوی لێکەوتووە، ئێستاش نەقیب نادری مێردی بە ورتە ورت خەبەری کردەوە. خەجێ خۆی ژنێکی کەم تەحەمول بوو، ئەو ماوەیەش هێندەیتر بێئارامببوو. لەناو جێگاکەدا لە نادر ڕادەپەڕێتو جلوبەرگە ئەفسەریەکانی لەبەردا شیتاڵشیتاڵ دەکاتو دەیخاتە کیسەیەکەوەو شەقێکیش لە نالە دەداو دەیکاتە دەرەوەو پێیدەڵێت: دەبڕۆ هەر ونبە نەقیب سەگباب. . . ئەمە کەی حاڵە بەدەستتۆوە، لەو ڕۆژەوەی بوویت بە نەقیب نە خەومان ماوە نە خواردن. مێشکی بردم. . . لەپەنامدایە هەر دەڵێت ونبووم. خەجێ سەد جنێو بەو کەسەش دەدات کە ئەستێرەکانی خستە سەر شانی. بە کیسە جلەکانەوە دەچێت بۆ وەزارەتی ناو خۆ. بیریشی دەچێت دوعاکانی لێبکاتەوە. جلە دڕاوەکانیان دەداتەوەو دەڵێت: ئەوە جلەکانو ئەستێرەکانی نالە. نالە خۆی ونبووە...ونبووە... ونبووە.

پاش ماوەیەك خەجێ دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، دڵیشی هەر لەلای نالەی مێردێتی کە بە شەقێك بە قونگی ڕووتی فڕێیدایە دەرەوە. دەڵێت ئاخۆ ئێستا لە چ کێو هەردێك بێت؟ خەجێ بە نیگەرانی وغەمباری دەچێتەوە ماڵەوە. لەژوورەوە توشی شۆكو خوێن وەستان دەبێت کە نالە دەبینێت بە جلە حەسحەسەکانیەوە لە ژوورەوە دانیشتووەو تفەنگە کۆنەکەی قەد دیوارەکەی داگرتووەو لەتەنیشتی خۆیەوە دایناوەو خەریکی دیژلەمە خواردنەوەیە. وەك زەمانی حەسحەسی زۆر ئاساییەو هیچ خوویەکی لەگەڵدانییە، سەر بە هیچ لایەکدا ناسوڕێنێت، وەك خۆی دۆزیبێتەوە بێورتە دانیشتووەو ناڵێت" خەجێ ونببوم". پێناچێت ئاگاداری بەزمی ئەم بەیانییەش بێت، هەواڵی پۆلیسەکانو ئەستێرەکانیش ناپرسێت. ئاسودە دانیشتووە لوشەلوشی خواردنەوەی چای دیژلەمەی دێت. تەماشایەکی خەجێ دەکاتو دەڵێت: خەجێ گیان ئەوە لە کوێ بوویت؟ ئەوە بۆ حەپەساویت؟ وەرە دانیشە چایەکی دیژ بخۆرەوە. خەجێ لە خۆشیدا خوێنی دەمارەکانی دەکەونەوە سوڕاندن. لەلای نالەوە دادەنیشێتو بە ئەسپای بە گوێیدا دەچرپێنێت: نالە گیان شوکور بۆ خودا خۆتت دۆزییەوە؟ نالە

ژێر پیاڵە چایەکە لەسەر لێوەکانیەتی، وەختە مژێك چایتر بۆی بڕوات. بە سەرسامیەوە نیگای چاوەکانی بەلای خەجێدا دەسوڕێنێتو دەڵێت: چەتیو تەواویت ؟ شێتبوویت، یان دەتەوێت من شێتبکەیت؟

ونبوون دەردێکی کۆمەڵایەتی بوو، ڕۆژ بەڕۆژ خەڵکی هەرێمەکەی دەگرتەوە. کەم کەس هەبوو وەك نالەی حەسحەس زوو خۆی بدۆزێتەوە. هەندێك کەس لەناکاو ببوون بە خاوەنی زۆر شت. لەو دونیا فیردەوسەی خۆیاندا هەستیان بە ونبوون دەکرد، دەیانگووت :ئێمە نامۆین. وەك ڕێبوارێکی ونبوو خۆیان دەهاتە پێشچاو کە ڕێگای خۆی ونکردبێت. ونبوونی مرۆڤەکان ئەفسوناویبوو، لە ڕۆحی خۆیان ونببون، بە ناخی خۆیان نامۆبوون. وەك ئەو کەشتییەوانەی بە هەموو پێویستییەکانی ژیانیەوە لە دەریایەکدا ونبووبێت جارێکیتر نەتوانێت بگەڕێتەوە کەناری خۆی، لەناو کەشتیەکەدا نائومێد بوو. مامۆستا "بابان " بەشێوەیەکی تر ونببوو. لەگەڵ فرۆشتنی هەر پارچەیەك لە ئامێرێکی مۆسیقا کە زەمانێك هاوڕێی ڕۆحو دەرونو حەزەکانی بوون، هەستی بە ونبوونی خۆی دەکرد.

زۆر بوون ئەو کەسانەی وەك مامۆستا بابان هاوڕێکانی ڕۆحی خۆیان دەهێنایە سەر شەقامەکانو بە دڵێکی غەمگینەوە مالئاواییان لێدەکردن تاکو بە خۆیانەو لەو ڕۆژگارە پڕ لە قەدەرەدا ونیان نەکەن. بەڵام بە دابڕانیان لە هاوڕێکانی ڕۆحیان هەستیان بە ونبوونی خۆیان دەکرد. من باش بەبیرمدا نایەت تەماشای تابلۆیەکی دوای شەڕێکی خوێناوی درێژخایەنم دەکرد یاخود لەناو واقعی ژیانمدا بەدیمدەکرد، چونکە منیش لەخۆم ونببووم. پیاوێك بە قەد بارستایی خۆی کتێبەکانی هەڵدابووەوە دەیفرۆشتن. کتێبەکان هاوڕێی تەمەنی بوون. هەرکتێبێکی دەفرۆشت وەك دیارییەك دێڕێك وشەی لەسەر دەنوسی، من نەمدەزانی چی لە سەر کتێبەکانی دەنوسێت، ڕەنگە تەنها یەك وشەشی نوسیبێت" ماڵئاوا!!!". لە گۆشەیەکی ئەو وێنە واقیعەوە کە وەك تابلۆیەکی ئەفسوناوی ترسناك دەهاتە بەرچاوم، چەند کوڕێکی گەنج لەناو مەیدانی کرێکارەکاندا بڕوانامەکانیان لە دەستابوو لەتەك کرێکارەکاندا ڕاوەستابوون بە غەمبارییەوە چاوەڕوانبوون. لە گۆشەیەکیتری تابلۆی ئەو سەردەمە کۆمەڵێك پیاوی کامڵ کە بەرگی قوتابیان لەبەردابوو، لەبەردەم دوکانێکی چوارچێوەی وێنەدا نۆبەتیان گرتبوو تاکو بڕوانامەکانیان کە تازە وەریانگرتبوو لە چوارچێوەی شوشەی بگرن، وەك پاش کەمێکیتریش بۆ جەنگ بچن بە تەواوی کەرەستەی جەنگەوە حیمایەکانیان ئامادەبوون. بە هێواشی لێیان نزیك بوومەوەو لە یەکێکیانم پرسی: دکتۆر گیان پیرۆز بێت لە چ بابەتێکدا بڕوانامەکەت وەرگرتووە؟ کابرا بە ڕوخساریدا دیاربوو هەر لە ئەزەلەوە بوونەوەرێکی توڕەبووە، چاو برۆکانی تێکەڵ بە چرچەکانی ناوچەوانیکردو گووتی: چوزانم نەگبەت، ئەوە پرسیارە ئاراستەمی دەکەیت یان

خەنجەر؟ من خۆم دەزانم لەكوێدام تاكو بزانم لەچ تەڕەماشێكدا دكتۆرام وەرگرتووە، من ونبووم... ون.
دەردی ونبون دیاردەیەكی نامۆ بوو. تەنها هەر مرۆڤەكانی نەگرتەوە. باڵندەكانیش خۆیان ونكردو ڕۆشتن، كۆچێكی یەك سەرییان كردو نەگەڕانەوە. هەندێك كەس دەیانگووت" ڕەنگە ئەوانیش خۆیان ونكردبێت؟ دەڕۆن بۆ مەملەكەتێكیتر بە شوێن خۆیاندا دەگەڕێن". بەڵام كۆچی باڵندەكان لەسنوری ونبوونی خۆیان تێپەڕی، ترسو خەمەكانی لە ناو خەڵكدا سەری هەڵدا. لەو ڕۆژگارە پڕ لە كارەساتەدا كۆچی باڵندەكان لە هەموو خەمەكانیتر ترسناكتربوو. خەمی خەڵكی هەرێمەكە هاتنی ئەو ئافاتەبوو كە لە دوای كۆچی باڵندەكانەوە بیریان لێدەكردەوە. هەندێك لە پیاوە پیرو شێخو مەلاكانیش دەیاگووت: ئاخری زەمانە، هێشتا دیاردەی وا ترسناك ڕوینەداوە، ڕەنگە بەڵایەك بە ڕێگاوە بێت ئاخر زەمانی لێبكەوێتەوە. هەر لە ئێوارەیەكی زووەوە دەخزانە ماڵەكانیان ، پێیان وابوو بەڵاكە سەر لە ئێوارەیەك پەیدا دەبێت. سەرتاپای هەرێمەكە یەك مەلی تێدا نەما، هەر هەموویان لە وەرزێكی ناوەختا بەرەو شوێنێكی نادیار كۆچیان كردو نەگەڕانەوە. ئەسەرو سێبەرو پەڕوباڵو ئێسكو پروسكیان لە هیچ سنورێكدا نەبینرا. چیرۆكی سەیرو سەمەرەیان لە سەر دروستكراو دە گێڕدرایەوە، هەتاكو جارێكیتر كابرای درۆزنە چیرۆكەكەی خۆی لەسەر زمانی پیاو مەعقولێكەوە دەبیست.
زەمانێك بوو هەموو شتەكان پێچەوانە ببوونەوە. درۆزنێك وەك پێغەمبەرێك گوێی بۆ ڕادەگیرا، دزێك دەكرا بە سەرۆكی خەزێنەی دەوڵەت، چاوساغێك وەك كوێرێك دەستاین گرتبوو، دەیگووت : ونبووم بەجێممەهێڵن. كوێرێك دەیگووت: خۆم باڵندەكانم بە ئاسمانێكی بەرزو دوورەوە بینیبوو بەرەو هەسارەكیتر كۆچیان دەكرد. دەنگو باس بڵاو بووەوە كە باڵندەكان بەرەو هەسارەی خۆر ڕۆشتبێتن، لە ترسی ئەو قیامەتەی كە خەڵك چاوەڕوانبوون لە هەرێمەكە هەڵبگیرسێت. بارودۆخی هەرێمە كە بەتەواوەتی شێوابوو، ترسی كۆچی باڵندەكانیشی هاتەسەر. پەیتا پەیتا لە كەناڵەكانیشەوە بە شاتەشات خەڵكیان ئارام دەكردەوەو مژدەیان دەدا كە بەم زوانە سۆراخی باڵندەكان دەكەن و دەیاندۆزنەوە، چیتر پێویست ناكات خۆتان بێئارام بكەنودوای چێرۆكی ئەفسانە نەكەون. خۆزگەیان بە زەمانی فەقێی تەیرانو حەزرەتی سلێمان دەخوارد كە زمانی باڵندەكانیان زانیوە. ئەگەر ئەو زەمانە بوایە چارەسەری ئەم دیاردەیە ڕەنگە ئاسانتر بوایە. هەوڵیاندا لە ڕێگای ئەو كۆمپانیایانەی لە هەرێمەكەدا سەرقاڵی ڕێگاو بانی وەختی بوون، بەدوای نەوەكانی فەقێیی تەیراندا بگەڕێن. پاشماوەیەك كابرایەكیان لە (بۆتان) دۆزییەوە كە گوایە نەوەی فەقێی تەیرانەو لە باپیرە گەورەیەوە ئەو بە هرەیەی بۆ ماوەتەوە و زمانی باڵندەكان

دەزانێت. كابرایەكیان لەگەڵ كەلوپەلی كۆمپانیاكەدا بۆ هەرێم نارد بە مەبەستی سۆراغكردنی باڵندەكان بە ناوی( كەربەگی كوڕی گوێ كپی لاڵپاشای كوڕی كوڕی كوڕی. . . فەقێی تەیران). پێش ئەوەی ئەو زاتە بگاتە هەرێمەكە ، پارەی هاتنەكەیان لە ئەنقەرە بە كاشی تەسلیم كردبوو.
ڕەنگە دۆزینەوەی باڵندەكان بۆ كاربەدەستان زۆر گرنگ نەبوو بێت. لەسەرەتادا هەر گوێشیان پێنەدان. باڵندە با هەر نەبێت، ئەویش لە دەرەوەی هەرێم دەهێنین. لەدوای كۆچی باڵندەكان كە مێشولەكان پەیدا بوون ئەوسا هەستیان بەگرنگی بوونی باڵندەكان كرد. كەربەگی تەیران هەفتەیەك بە لورەلور بە هەردو شاخەكانەوە بوو، بەلام سەبارەت بە هەواڵی باڵندەكان هیچی لێئاشكرانەبوو. ئەو نەگبەتە هیچ زانیارییەكی لەسەر زمانی تەیرەكان نەبوو، تەنها هەر دەیلوراند، گورگەكانیش بە لورەلور لە سنورەكانەوە پەیدا بوون، وایاندەزانی گورگەكانی ئامۆزایانن بۆ لەوەڕ داوەتیان دەكەن. ئەو ماوەیە گورگیش پەیدا بوو. لە كەر بەگیان پرسی: كە شارەزاییت لە زمانی باڵندەكاندا نییە بۆچی ئەو هەموو پارەیەت بە ئێمە خەرجكرد؟ كەر بەگ وەلامی نەدانەوە، هیچی نەگووت. چی بڵێت ئەو داماوە كە خۆی كەربێتو زمان نەزانێت. زمانی مرۆڤەكانی نەدەزانی ئینجا زمانی باڵندەكان.
پەیدا بوونی مێشولەكان خەڵكیان هەراسان كردبوو. چاویان دەردەهێنا، دەچوونە ناو گەرووەوە خەڵكیان توشی كۆكە دەكرد تاكو دەخنكان. سەد دەردیتر بە ناوچەوانیانەوە بوو. تاكە چارەسەر بۆلە ناو بردنیان هەر هێنانەوەی باڵندەكان بوو، ئەوانیش لە هیچ شوێنێك ئەسەریان نە دۆزرایەوە. بەرێكەوت لە مامەڵەیەكی بازرگانیدا لەگەڵ وڵاتێكی جیراندا لەبری هێنانی سەوزەو قیمەیوشك باڵندەیان بۆ ناردین. ئەو سەردەمە دەسكێك كەوەر لە هەرێمەدا بەرهەم نەدەهات، هەموو شتەكان پێچەوانە ببوونەوە. بازرگانەكان لەگەڵ سیاسیەكاندا ئاوێتەببوون، جوتیارەكانیش سەرگەرمی بازرگانیبوون. بەگشتی خەڵكیش لەناخی خۆیان دوور دەكەوتنەوەو هەستیان بە ونوونی خۆیان دەكرد.
بارە لۆرییەكانی ئەمجارەی بازرگانی بۆ هەرێم باڵندەی هاوردەبوو، ئەو تەیرانەبوونكە پێیان دەگووتن(فسقلیەكان). لەسەرەتای ئەم ڕۆمانەدا كەمێك لەسەر فسقلیەكان قسەمان كرد، ئەگەر بیرتان مابێت جارێكیتر پێویست بە دووبارە گێڕانەوەیان ناكات. فسقلیەكان ئەو باڵندانە نەبوون كە خەڵكی هەرێمەكە چاوەڕوانیان دەكردن كە جێگای باڵندە كۆچكەریەكانی هەرێمەكە بگرنەوە. فسقلیەكان باڵندەیەكی بەرنامە ڕێژاوبوون. نەدەڕۆیشتنەوە نە بە ئارامی لە هەرێمەكەدا دەژیان. چەند جارێك لەگەڵ دەولەتی دراوسێدا سەبارەت بە ناردنەوەی فسقلیەكان كاربەدەستان گفتوگۆیان ئەنجامدا، بەڵكو بێن فسقلیەكان بەرنەوەو پارەكەش كە لە هەقی ئەواندا

وەریان گرتووە بۆ خۆیان. فسقلیەكان نەك نەڕۆشتنەوە، بەڵكو بوون بە شەریكی خەڵكی هەرێمەكەو بە هاوڕێی مێشولەكان تاكو لەشەڕێكدا بە دۆڕاوی بەرەو باوانیان گەڕانەوە. خەڵكی هەرێمەكە توشی دەردی ونبوونو ترسی كۆچی باڵندەكان ببوون، شەڕی ئەمانیشی هاتە سەر كە هیچ كەسێك نەیدەزانی چیان لە خەڵكی مەملەكەتە دەوێت؟ جارێكیتریش خۆزگەیان بە زەمانی فەقێی تەیران خواستەوە كە زمانی تەیرەكانی زانیوە. بیری كەڕبەگە ساختەچیان كەوتەوە ، وازیان لەو خۆزگەو فكرەیەش هێنا.
شێتەكان لە هەمووكەسێك ونتربوون لە هەرێمەكەدا، ئەوان هەر لە ئەزەلەوە ونبوون. شێت هەبوو بە درێژای ژیانی جگە لە ژێر زەمینی ماڵەكەی خۆیان هیچ جێگایەكیتری نەبینیبوو. ڕۆژێكیش ئەوانیش بە دوای خۆیاندا گەڕان، هەڵهاتنو ڕۆشتن ئیتر نەگەڕانەوە.
سەفەری شێتەكان لە هەموو دیاردەكان زیاتر خەڵكی هەرێمەكەی توشی نیگەرانیو سەرسامی كرد. ئەوان لە گێژاوی خۆیاندا بە كۆچی باڵندەكان توشی ترسو پەشۆكاوی ببوون. سەرهەڵدانی سەفەری شێتەكانیش ئەو دیاردە چاوەڕواننەكراوەبوو كە هەموو خەڵكی هەرێمەكەی خستە گومانەوە.
زەمەن درێژبوونەوەی ساتە هەرە بچكۆلەكانە كە هەرگیز كۆتاییان پێنایەتو بەردەوام یەكتری دەخولقێنن بۆ بەردەوامی تەمەنی زەمەن. مێژو ڕەنگی ساتەكانە لەپاش تێپەڕبوونیان، دیمەنی ڕۆحی كاتە كە هەرگیز نامرێت. زەمەنێك پێش سی ساڵ دێتەوە، ئەوە ڕەنگەكانێتی كە ئێمە دەتوانین دووبارە ببینینەوە، ئەوە ڕۆحی زەمەنە تاكو ئێستا هەر نەمردووەو قەد ناشمرێت. زەمەن كە دەبێت بە مێژو ڕەنگی ساتەكان دەگرێت، بۆنی ڕۆحیان هەڵدەمژێت. پێش "سی" ساڵ لەمەوبەر خەڵكی ئەم دەڤەرە لەتاوی زوڵمو ئاگری قیامەت هەڵهاتن. ئەشكەنجە دەدران، مێخ لەسەر سنگیان دادەكوترا، سووتوی ئێسكانی مردووە سوتاوەكانیان لە جێگا برینەكانیان دەدا تاكو نەمرنو ئەندێشەی زیاتر بچێژن. خەڵكی هەرێمەكە لەناو ئازارو مەرگدا هێدیهێدی وندەبوون، ونبوونی یەكجاری و نەدەهاتنەوە. ئەو مەرگە ڕاستەقینەیەبوو كە ژیانی هەموو كۆمەڵی خستبووە بەر ترسی نەمانو لە ناوچوون. ئەو سەردەمە وەك ئەمڕۆی كۆچی باڵندەكانو سەفەری شێتەكان خەڵكی هەرێمەكە خۆیان بەرەو گوندەكانو چیاكان هەڵهاتن. هەڵهاتنی خەڵك لەزوڵمو ئەشكەنجەدان لەناو شۆڕشێكدا بوو كە ڕوبەڕوی ستەمو ناهەقی بوونەوە. دوو زەمەنی لێكچوو بە هەموو ڕوداوە جیاوازەكانیەوە. زوڵمەتەكانی ئەمڕۆ هێندە گەورەن هەستی هەموو ڕۆحلەبەرێك دەهەژێنێت، هەرێمەكە لەبن دێنێت. باڵندەكان لەترسی ڕوخاندنی ئاسمان كۆچدەكەن.

شێتەکان هەست بە هاتنی تۆفان دەکەن، شاربەجێدێڵن‌و سەفەر دەکەن. بێئاگای حوکڕانی مێشولە دەخولْقێنێت، تەیری فسقلی بە میوان دێنێت.
سەردەمێکی زۆر غەریب بوو، هەموو شتەکان پێچەوانە ببوونەوە. گزنگ تاریک‌و ڕەش بوو، شەوگاریش لە بێئاراميدا خنکابوو. زەعیم هەستیار بە کەسێکی درۆزن‌و فیشاڵکەر ناسرابوو، ئێستا وەك پێغەمبەرێك گوێ لە قسەکانی دەگیرێت. لەو سەردەمە تاڵ‌و مەملەکەتە پڕ نەهامەتی‌و ڕۆژگارە کوێرەدا، مژدەی شارێکی گەورەی بە خەڵك دەدا کە ڕۆژێك وەك دایك هەموویان لە ئامێز دەگرێت‌و لە زوڵمەت ڕزگاریان دەبێت.
لەدوای نوسینی ڕۆمانی( خەمەکانی لارە گوڵ دەگرن) هەستم بە توانای خۆمکرد لە بواری نوسیندا. زیاتر خۆم بە خوێندنەوەو نوسینەوە خەریکرد. لەو سەردەمە دژوارەدا ڕۆمانەکەم بڵاوکردەوە، هاوتای خەمەکانی خەڵك بوو، هەوێنی هیواو خەندەو شادی بوو، گەڕان بوو بە دوای دۆزینەوەی خودی ونبوو. ڕۆمانێکی زیندوی سەردەم بوو.
لە هەندێك کەسی بەخیل‌و خۆپەرست‌و زەین پوتەوە قسەی نابەجێو تانەم بیستەوە، کەی من ڕۆمان نوس بووم، دەبێت لەگەڵ چەکوش‌و دەزگادا زرمەم بێت. خۆشەویستیم بۆ ئاوازی گەروی چەکوشەو سنگی دەزگا بەرەو دونیای نوسینیان بردم. هەر لە منداڵیشەوە هەستم بەناخی خۆم کردبوو لە جەنگێکی نهێنیدام لەگەڵ قەڵەمو کاغەزدا، ئیتر بەرهەمی ئەو شەڕەی من ئێستا دەرکەوت کە هاوتای سەردەمێکی پڕ لە مەرگەساتە کە هەق وایە زۆری وەك من بخولْقێنێت، بەڵام بەداخەوە زۆر کۆنە قەڵەمی شکاند. هەمیشە قسەی ئەو پیاوەشم بەبیردەهاتەوە کە دەڵێت"ڕەنگە هەموو کەسێك بۆخۆی نوسەربێت، بەڵام پرسیارێك دێتەپێش؟ بۆچی ئێمە نوسەر نین؟ چونکە ناتوانن دەربڕینەکان لە وشەکاندا بەر جەستە بکەن. تۆ نوسەریت، شاعیریت، چیرۆك نوس‌و ڕۆمان نوسیت. نەڵێیت نەخێر...! چونکە نوسینەکانت شایەتی دەدەن بە درۆت بخەنەوە".
زۆر کەسیتر دەسخۆشیان لێکردم‌و بۆ بەرهەمیتر هانیاندام. ئەو تاکەتاکەیەش قسەکانیانم بە هیچ وەرگرت، دەمزانی لە چ ئەقڵێکەوە وشەکانیان دێتەدەرێ. زۆرن ئەو کەسانەی وەك مشەخۆر لەسەر بەرهەمی خەڵکیتر دەیانەوێت ناوبانگێك دەربکەن. جاران تەنها ئاوازەکانم لە گەروی چەکوش‌و سنگی دەزگاوە دەبیست، بەڵام ئێستا لەلێوی نوکی خامەو سنگی پەڕە کاغەزەکانیشی دەبیستم. من نوسەر نەبووم، بەڵام چیبکەم کە نوسەرم، نەمدەویست لەخۆم ونبم، نەمدەویست لەئاستی گەندەڵیەکانی پیاوە مل وڕەکاندا بێدەنگبم. دەنگی من ئەو ئاوازانەبوون کە بەنهێنی لە نوکی قەڵەمو سنگی پەڕەوە دەمبیستن.

موراد عاشق پیاوێکی ڕاستگۆو بە وەفابوو. هەر کارێکی لە ئەستۆی خۆی بگرتایە بە پەرۆشەوە ئەنجامی دەدا. تەنها عاشقی فریشتە نەبوو، عاشقی شۆڕش‌و خاك‌و میلەتەکەشی بوو. ماوەیەکی زۆر من سەرقاڵی نوسینی ڕۆمانەکە بووم. موراد لەمن بە پەرۆشتر هەوڵی دۆزینەوەی هاوڕێ ونبووەکانی دەدا. چەند برادەرێکی دێرینی دۆزیبووەوە کە سەبارەت بە بەرنامەکە پەیوەندییان لەگەڵ ئۆقیانوسی هێمندا هەبووە. ڕۆژێك بە پەشۆکاوی کە ناو چاوەکانی مژدەی تێدا دەبینرا خۆی کرد بە دوکانداو گووتی: گوێبگرە...! ئەو کەسانەی ئێمە بۆیان دەگەڕێین زۆرن‌و وردەوردە دەردەکەون‌و ئەوانیش بۆخۆیان هاوڕێیتر دەدۆزنەوە. لەهەمووی گرنگتر، دوێنێ شەو چووم بۆلای هاوڕێیەکم کە یەکێك بوو لەو کەسانەی دەستنیشانمان کردبوون سەبارەت بە پەیوەندی لەگەڵ ئۆقیانوسی هێمندا قسەی لەگەڵدا بکەم. زۆر شادمان بوو بە بابەتەکە، جگە لەوەی کە پەیوەندی لەگەڵدا هەبووە، ئۆقیانوسی هێمن بەرنامەکەی خۆیشی بەو کەسەدا بۆ کوڕی دایە ناردووە. بەڵام دەیگووت کاتێك کەمن ڕۆشتووم بۆ گوندەکانی سەرەوە بۆ لای کوڕی دایە ئەو بە ئیشوکاری شۆڕش بەرەو سنور چووبوو. بەرنامەکانیشی نەدابوو بەکەسیتر، چونکە ئۆقیانوسی هێمن پێیگووتبوو جگە لە کوڕی دایە بە کەسیتر مەدە. دەیگووت لەسەر ڕاسپاردەکەی خۆی هەموو پەڕەکاغەزەکانم هێناوەتەوە. من نەمدەزانی کە کوڕی دایە چەند ڕۆژێتر دەگەڕێتەوە تاکو چاوەڕوانی بکەم. ئێمە بەرەو گوندەکانی خوارەوە ڕۆشتین، هەموو کاغەزەکانیشم هەر پێبوو تاکو لە گوندی (ئاڵچاخ) لەماڵی ناسیاوێك دامنان. ئۆقیانوسی هێمن ئەو گوندەی ناونابوو گوندی(ڕێز). ماوەیەکی پێچوو هەر نەچووینەوە گوندی" ڕێز" تاکو کاغەزەکان بۆ ئۆقیانوسی هێمن ببەمەوە و پێیبڵێم کە کوڕی دایەم نەبینیوەو بەم زووانەش ڕێم ناکەوێتەوە گوندەکانی سەرەوە. بەڵام بەداخەوە ئۆقیانوسی هێمنم نەبینیەوە، شەهیدکرا. لەپاش شەهید بوونی ئۆقیانسی هێمن ڕێمان کەوتەوە گوندی ڕێزو ڕاسپاردەکانم بەبیردا هاتەوە، دەبوایە هەر بۆ کوڕی دایەم ببردنایە، هەواڵم پرسی دڵنیابووم لە گوندەکانی سەرەوەیە کە بنکەی برادەرانی لێبوو.

ئەو ڕۆژەی کە کوڕی دایەم بینی زۆر غەمگین‌و نیگەران‌و پەراوێزکراو دیاربوو. من بە کاغەزەکانەوە چاوەڕوانی ئامێزێکی گەرم‌و گوڕو ڕوخسارێکی پڕلە خەندەو پێکەنینم لێدەکرد، بەڵام زۆر بەپێچەوانەوە، حەزینەکرد هیچ بڵێت. ناچاربوو بە دەنگێکی ساردو کز گووتی: سابیر گیان لێمببورە، زۆر بێتاقەت‌و بێ حەواسم، وەختی هیچ نییە کە باسیبکەین. هەرچییەکیشت بۆ هێناوم دەزانم چین، نە لەلای کەس ئاشکرایان بکە نە با لەلای خۆت بمێننەوە. با نهێنیبن تاکو دەچیتە گوندی

(پڕئـاخ)ودەیدەیتـە دەسـتی (ئـەحمـەد پڕئـاخی). بـە كـاك ئـەحمـەدیش بڵـێ كـوڕی دایـە دەیگووت با ئەم ڕاسپاردانە بە نهێنی هەڵبگرێت تاكو خۆم لێیان وەردەگرم.

مـاوەیـەكـی زۆر كـورت لـەلای كـوڕی دایـە مامـەوە، هـەر ئـەو ڕۆژە گونـدەكـەشـم بەجێهێشت، بەجێهێشتنێك وەك داخ جێگاكەی لەسەر دڵما هەر مـاوە. بـارودۆخی زۆر خراپ دیاربوو، هەرگیز كوڕیدایەم بەو چەشنە دڵ گوشراو نەبینیبوو. پێیخۆشنەبوو لەلای بمێنمەوە، هەستمكرد كە چاودێری لەسەرە، پێیگووتم: سابیر گیـان زوو لـەلای من بڕۆو ئەم گوندەش بـەجێبهێڵـە. وشـەكـانی زۆر بـەتـرسو پـەشـۆكاوییەوە دەگـووت، ئیتر بواری هیچ پرسیارك نەبوو. بە خێرای گوندەكەم بەجێهێشتو بـەرەو گونـدەكـانی خـوارتر ڕۆیشـتم. پـەڕە كاغـەزەكـان كـە تـاكو ئـەو كاتـە بـە ئاسـایی لـەبن بـاڵی خۆمـدا هەڵمگرتبـوون، گومـانم لێكردن، وا هـەستم دەكـرد كـە شـارێكی گـەورەم بـە نهێنـی لـە نـاخی خۆمـدا شـاردبێتەوە. كـوڕی دایـە هێنـدە نیگـەرانو پـەشـۆكاو دیـاربوو كـە ئیتـر كاتێك نەمایەوە بە ئارامی پرسیاری ئامانەتەكەی كۆڵی خۆمی لێبكەم. ئەو ڕۆژەش كە ئۆقیانوسی هێمنم بینی، ئێمە كەمێك بـە پـەلـەبووین، ئـەویش تـەنـها بـە وشـەیـەكیش لـە نهێنی كاغەزەكان ئاگاداری نەكردم، بەڵام پێیگووتم" ڕاسپاردەكـان تـەنـها بدە دەسـت كـوڕی دایـە خـۆی". منیش وەك ئـەو پـەشۆكام، تـەنانـەت بیریشـم نـەبوو پێیبڵێم، كـام ئەحمەد پڕباخی؟ هەردووكمان وەك یەك پەلەمان بوو كە لە یەكتری دووربكـەوینـەوە. ڕەنگە بیست ئەحمەد پڕباخی لـەو گونـدەدا هـەبێت. كـەس نـاوی بـاوكو بـاپیری خـۆی لەبیر نەماوە.

چـەنـد گونـدێك دووركـەوتمـەوە هێشـتا هـەر تـرس پـەشـۆكاوی دەرونو ڕوخسـاری بەرنەدابووم. هەستمدەكرد گونـاهێكی گـەورەم كردبێت، یـاخود تـاوانێكم ئـەنجامدابێت بـەوێنـەی كـوڕی دیكتـاتۆرێكم لـەباخـەڵـی خۆمـدا شـاردبێتەوە. زانیـاریم سـەبـارەت بـە كاغەزەكان نەبوو، بـەڵام دەمزانـی كـە گـرنگن بۆیـە ڕێگـام بـەخۆم نـەدەدا كـە فڕێیـان بدەم. كوڕی دایەش لەگەڵ ئەو هەموو ترسەی لە ڕۆحیدا هەبوو هێشتا هەر بە زاریـدا نـەدەهـات كـە پێمبڵێـت لـەناویانببـەم. ڕاسپاردەكـەش هـی كـەسێكی پیـرۆز بـوو، هـی ئۆقیانوسی هێمن بوو، ئەو دەمە تازە شەهیدیش ببوو. بۆیـە بـە گرنگیشـم دەزانین، كـە فەوتان ئیتر نانوسرێنەوە. چـەند ڕۆژێك كاغـەكـانم گونـداو گونـد پێبـوو بـەبـێ ئـەوەی كەس گومان بكات. بۆ هەلێك دەگەڕام كە ڕێم بكەوێتە گوندی پڕئاخ، بیرم كـردەوە بـە كـارێكی شـۆڕش هـەرنـەبێت خـۆم نزیكـی ئـەو ناوچـەیـە بكـەمـەوە. هـەلێكـی باشـم بـۆ ڕێكەوت، دەمەو ئێوارەیەك گەیشتینە گوندێك كە گروپێك پێشمەرگەی خۆمانی لێبوو. یـەكێك لـە پێشـمەرگـەكـان ( دكتـۆر ئاسـۆی) هـاوڕێم بـوو. خۆیـان ئامـادە كـردبـوو كـە سبەینێ زوو بەرەو ئەو ناوچانە بكەونە ڕێو چەند گونـدێك بـەسـەر بكـەنـەوە. گونـدی پڕئاخ یـەكێك بـوو لـە گونـدەكـان. دكتـۆر ئاسـۆ كـوڕێكی بـە وەفـاودڵسـۆزبوو، جێگـای

باوەڕو متمانە پێکردنبوو. کەمێك لە دوور ئاوایی دووبە دوو بەدەم کورتە پیاسەوە گفتوگۆمان دەکرد. کات وەختی پێگووتنی ڕاسپاردەکە بوو.
- دکتۆر گیان ڕاسپاردەیەکم هەیە بۆ گوندی "پڕئاخ"...ئەگەر بتوانیت بۆم بگەیەنیت؟
دکتۆر نەیپرسی چییەو بیدەمە دەست کێ، گووتی:
- بەدڵنیاییەوە دەتوانم.
- ئەگەر هەرچییەکیش بێت ؟بە زەردەخەنەوە گووتم.
- ڕەنگە بتوانم بەڵێنی هەموو شتێکت پێبدەم، بەمەرجێك شانو شکۆمان لەکەدار نەکات کە ئەم تفەنگەمان پێدا هەڵواسیوە. مافی خۆشمە بپرسم.
- دکتۆر گیان منیش هەر کارێك مایەی ڕیسوابوون بێت پێم قبوڵ نییەو هەرگیز بە تۆشی ناسپێرم. ئەوەی ڕاستی بێت کۆمەڵێك پەرە کاغەزی نوسراوی ئۆقیانوسی هێمنە بۆ کوڕی دایە ، بەڵام بارودۆخی کوڕی دایە هێندە خراپ بوو کە نەیتوانی ڕاسپاردەکانی خۆیم لێوەربگرێت. پێیگووتم کە بۆی بگەیەنمە دەستی ئەحمەد پڕئاخی لە گوندی پڕئاخ. گووتیشی با هیچ کەسێك نەزانێت، ڕاسپاردەکان بەنهێنی بمێننەوە. من گومانم لە تۆ نییە بۆیە ئەو کارە بە تۆ ئەسپێرم، دڵنیاشم گەر کوڕی دایە بیزانیبایە بە تۆ دەگەم هەر هەمان بۆچوونی منی دەبوو بە رامبەر بە تۆ. هەرواش هەستدەکەم نهێنی ڕاسپاردەکەم پاراستووە کاتێك لەلای تۆ دەیدرکێنم. حەزدەکەم تۆش لە ئاستی تواناو خواستی خۆتدا بڕیاری ئەنجامدانی ئەو کارە بدەیت.
دکتۆر ئاسۆ بە چاوەتەڕەکانیدا دیاربوو ڕاسپاردەکەم بۆ دەگەیەنێتو نهێنیەکەشی دەپارێزێت، بەڵام بە پێکەنینەوە گووتی:
- من زۆر چوومەتە گوندی پڕئاخ، ڕەنگە بیست پیاو لەو گوندە ناویان ئەحمەد پڕئاخی بێت. جا نازانم تۆ چماڵێکت مەبەستە؟
- دکتۆر گیان منیش نازانم، ئەو ڕۆژەی لای کوڕی دایە بووم، بارودۆخی هێندە ئاڵۆزو نائارام بوو هەموو شتێکمان بیرچووەوە. ساتێکی کەم لەلای مامەوە. دکتۆر هیوایەکی پێدامو گووتی
- کوڕی دایەم لەو گوندە بینیوە ، لەیادمە بۆ چ ماڵێکیش دەچوو، ڕەنگە هەر مەبەستی ئەو کاك ئەحمەدەش بێت. دڵنیابە ئەو ماڵە دەدۆزمەوە کە کوڕی دایە دەیەوێت ڕاسپاردەکانی بەبێخەم لێدابنێت.
- دکتۆر گیان گەشتنی ڕاسپاردەکان چەندە گرنگە، پاراستنو بە نهێنی هێشتنەوەی زۆر گرنگترە. ئەم ئاماژەیەم بە شەرمەوە گووت، چونکە دکتۆر ئاسۆ کوڕێکی زۆر پاک و خاوەن هەڵوێست بوو. نیگایەکی بە مانای هاویشتو دەجار بەڵێنیدا مەگەر گڵ لێیبیبستێتو پرسی

- ئەو کاغەزانە چین ئەوەندە گرنگو نهێنین؟ بەنەرمی پێکەنیم، ئیتر نازانم لە شەرمەزاریدا بوو یاخود لە گێلیمدا. دکتۆریش چاوەکانی بەبێ تروکاندن لەسەرم بوو، بەجدی چاوەڕوانی وەڵامی دەکرد.
- دکتۆر گیان سەرسام مەبە گەر بڵێم نازانم، باوەڕت هەبێت نازانم چیان تێدا نوسراوە. چۆن پێچراونەتەوە هەروان، هێشتا نەمکردونەتەوە. ڕاسپاردەن لەکەسێکی مەزنەوە بۆ کەسێکی میهرەبانن.
دکتۆر ئاسۆ پەڕە کاغەزەکانی لە باخەڵی خۆینا. سبەی بەیانی پێش هەموو کەسێکیتر ئەو مەفرەزەیە لە ئاوای چوونە دەرەوە. دڵنیابووم کە دکتۆرئاسۆ ڕاسپاردەکە وەك چاوەکانی دەپارێزێت، بەڵام تاکو ئێستا ئەوە چارەکە سەدەیەکە بەسەر ئەو چیرۆکەدا تێپەڕیوە تاکو ئێستا نازانم ئەحمەد پرئاخی کاغەزەکانی بە دەست گەیشتووە، چونکە نە دکتۆرئاسۆم بینییەوە نە کوڕی دایە. بەداخەوە دکتۆر لەو جەولەیەدا شەهیدبوو، کوڕی دایەش کەس نەیزانی چی بەسەر هات. منیش نە ئەحمەد پرئاخیم دەناسی تاکو هەواڵی ڕاسپاردەکە بپرسم نە بارودۆخەکە ئەوەبوو جاری دۆزینەوەی کاغەزەکان بدەم.
مورادعاشق وشەبە وشەی چیرۆکەکەی سابیر کاکلی بۆ وەستا کاوە گێڕایەوە، ئەویش بە بە پەرۆشەوە گوێی بۆ کۆتاییەکەی ڕاگرتبوو. لەسەرەتاوە ڕێگایەکی فراوان بوو لەپێش کردنەوەی گرێکانی بەرنامەکەیان، بەڵام کۆتایی ڕێگاکە داخراوو عاسی بوو. بەباشی زانی لە نزیکەوە چاویان بە دکتۆر ئاسۆ بکەوێت موراد عاشق بە خەمەوە گووتی: بەداخەوە ، سابیر گووتی هەر لەو جەولەیەدا دکتۆر ئاسۆ شەهیدببوو. وەك لەگەڵ ناخی خۆیدا قسەبکات لەژێر لێوەوە گووتی: سابیر کاکل بۆچی خۆت ڕاسپاردەکەت نەبرد بۆ گوندی پرئاخ؟ ئێستا دەتزانی لەچ ماڵێکو لەلای کێیە.
موراد ئەوەندە بە عەشقەوە ئیشی دەکرد ، کەمتربە پرسیار ڕادەگەیشت. بۆ یەکەم جار لە وەستا کاوەی پرسی:گرنگی دۆزینەوەی کاغەزەکان لە چیدایە؟ ئەگەر دۆزیمانەوە چی لێبکەینو چیمان بۆ دەکرێت؟
وەستا کاوە بە موراد گووت: ئەم پرسیارە گرنگە. گرنگی پرسیارەکە لە جەوهەری بابەتەکەدایە، بەڵام بۆتۆگرنگە کە بزانیت دوای چی کەوتویت. گرنگی دۆزینەوەی کاغەزەکانیش بەندە بە گرنگی بابەتەکەوە، بەتایبەتی بۆ من کە بەرنامەکەی لای خۆمی پێتەواو بکەم. بۆ ئەوەی کە ئایا چیمان بۆ دەکرێت. . . چەند بە جدیو بە پەرۆشەوە هەوڵی دۆزینەوەی هاوڕێ دێرینەکانمان بدەین، ئەوسا دەتوانین بڕیاری تەواو بدەین ئاخۆ چیمان بۆ دەکرێت. من دڵنیام بەرنامەکەی بە کەسێکی تریش داوە، بەڵام لە بێدەنگیو ونبوونی ئەو کەسە سەرسامم.

وەستا کاوە سەرگەرمی دوو کاربوو کە هیواو حەزو ئەرکەکانی خۆی تێدا دەدۆزییەوە. زرمەی چەکوشو دەزگا ئەو ئاوازانەبوون کە ڕۆحیان ئاسودەدەکردو بەرەو دونیای وەفاو خۆشەویستیان دەبرد. نوسینی وتارەکانو بابەتەکانیتریش دەنگو سەنگی خۆی هەبوو چونکە ڕەنگدانەوەی ستەمو زوڵمو نەهامەتیەکان بوو، زیندوو بوون، پەیوەست بوون بە ڕوداوەکانو سەرهەڵدانی دیاردەکانی بەرهەمی ئەقڵی پیاوە نەفامەکان. لەو قۆناغەدا بەچەند هاوڕێیەکی دێرینیان ئاشنابوونەوە کە سەبارەت بە بەرنامەکە لەگەڵ ئۆقیانوسی هێمندا پەیوەندییان هەبووە. هەموو ئەو کەسانە بێئاگابوون لەیەکتری، ڕەنگە ئۆقیانوسی هێمن ویستبێتی یەکەم هەنگاو هاوڕێکانی جودا لە ئاگای یەکتری بە نهێنی بە بەرنامەکەی خۆی ئاشنا بکات. بەڵام هەر لە سەرەتای سەرەتاوە لە هەموو شتێك دابڕاو لە ئێوارەیەکی ناوەختا شەهید کرا.
وەستا کاوە جارێکیتر خولیای خوێندنەوەو پێداچوونەوەی بەرنامەکەی کەوتەوە سەر بەنیازی ئەوەی تێکەڵ بە بارودۆخی ئەو ڕۆژگارەو بەپێی ئەزموونی خۆی بەشی کۆتایی تەواو بکات. زۆری مەراق بوو کە ئەحمەد پڕئاخی بدۆزێتەوە، دڵنیابوو بە دۆزینەوەی ئەحمەد پڕباخی هەموو گرێ کوێرەکان دەکرێنەوە. بەڵام چیرۆکی ئەحمەد پڕئاخی زەمانێکی دوورودرێژە ڕەنگە ئێستا هەر لە یادیشی نەمابێت، یاخود خۆی لە ژیاندا نەمابێت، ئەگەر مابێتیش ڕاسپاردەکانی لەلا نەماوە، هەر ئەو سەردەمە لەپاش ونبوونی کوڕی دایە ئەویش هەموو کاغەزەکانی فەوتانووە، چییان لێبکات.
وەستا کاوە بڕیاریدا لەگەڵ موراد عاشقدا بچن بۆ گوندی پڕئاخو ئەو مەراقەشیان لە سەردا نەمێنێت. گوندی پڕئاخ هەر لە جێگا کۆنەکەی خۆیو بە ناوە کۆنەکەی خۆیەوە دروستکرابووەوە. چەند جارێك گوندەکانی هەرێم لە سەردەمە جیاوازەکاندا بەهۆی هێرشی داگیرکەرانەوە ڕوخێنرابوون، بەڵام بەداخەوە چەند بە پەرۆشەوە دروستکرابوونەوە ، بیر لەگۆڕینی ناوەکانیان نەکرابووەوە بۆ ناوە سەرەتاییەکەی خۆی. ئۆقیانوسی هێمن گوڕینی ناوی ئەو گوندانەی بە ئەرکی شۆڕش دەزانی.
وەستاکاوەو موراد عاشق گەیشتنە گوندی پڕئاخ. لەنزیك ئاوایی بە ئافرەتێك گەیشتن منداڵێکی بە کۆڵەوەبوو. گووتیان باشترە لە هەموو کەسێك پرسیار بکەین. ئافرەتەکە کەمێك سەرسام بوو کە ئەوان پرسیاری ئەحمەد پڕئاخییان کرد. سەری بەلای منداڵەکەی کۆڵیدا لار کردەوەو گووتی: ئەحمەد پڕئاخی ئەم منداڵەی کۆڵی منە...منداڵی خۆمە ، کارێکتان هەبوو؟
هەردووکیان بە نیگایەکی سەرسوڕمانەوە تەماشای یەکتریان کردو وەستا کاوە گووتی: نەخێر خوشکم، ئێمە بە شوێن پیاوێکدا وێڵین. لەپاش ئافرەتەکە چەند هەنگاوێك ڕۆیشتن پێویکی زۆر پیریان بینی لە ژێر دارێکی کۆڵەواردا کە کرم سەد

ساڵ لەمەو پێش ناوجەرگی هەڵوەراندبوو، بە كزی دانیشتبوو وەك بیر لە سەدو بییست ساڵ لەمەوبەری خۆی بكاتەوە، چووبووە ناو ناخی بیرەوەریەكانی كە ئاخۆ چەند جار بە منداڵی بەسەر ئەم دارەدا هەڵگەڕاوە؟ سێجار ناوی ئەحمەد پڕئاخیان لێپرسی ئینجا دوا جار گوێی لێبوو. گووتی: ئەدی چۆن نایناسم...ئەحمەد پڕئاخی خودا عافوی بكات بابی من بوو. موراد بە نیگەرانییەوە بە وەستا كاوەی گووت: ڕەنگە من فریشتە بدۆزمەوە، بەڵام ئەو پیاوەی ئێمە بە شوێنیدا دەگەڕێین. . . وەستا قسەكەی بە موراد بڕیو گووتی: موراد گیان ئێمە هەر هاتووین، هیچ نەبێت بابچینە ناو ئاوایی پرسیار لە خەڵكەكە بكەین. لەناو ئاوایی ڕوویان لە مزگەوتەكە كرد، پێش دەمی نیوەڕۆ بوو. چەند خولەكێكی مابوو مەلا ئەحمەدی پڕئاخی ڕووەو قیبلە بانگ بدات. چوار پیاو لەسەر حەوزە لیخنەكە خەریكی دەستنوێژ هەڵگرتن بوون. پیاوێكیتر بە پرتاو بەدەم هەڵكردنی قۆڵی چۆغەكەیەوە بەرەو حەوزەكە خۆی بە حەوشەی مزوگەوتەكەدا كرد. موراد بە خێرای بەرەو ڕووی پیاوەكە ڕۆشت، وەستا واتێگەشت كە ڕەنگە پیاوەكە بناسێت، بەڵام موراد بیری لەوەكردبووەوە كە كەمێكیتر بانگدەداتو نوێژ دەسپێدەكات، ئیتر دەبێت لە حەوشەی مزگەوتەكەدا چاوەڕوانبن تاكو لە نوێژی نیوەڕۆ تەواو دەبن. موراد عاشق هەواڵی ئەحمەد پڕئاخی لە پیاوەكە پرسی. چوار كەسەكەی سەر حەوزەكە كە سەرقاڵی دەستنوێژ هەڵگرتن بوون، لەیەك كاتدا سیانیان پێكەوە بەلای موراددا ئاوڕیاندایەوە، وەك هەواڵی ئەوان بپرسێت. پیاوەكە بە شپرزەییەوە بە مورادی گووت: فەرموو قوربان...! ئەحمەد پڕئاخی خۆمم. موراد بە شەرمەوە گووتی: ئەو كەسەی من لەشوێنی دەگەڕێم تۆنیت بمبوورە. پیاوەكە هەستی بە ناخی موراد كرد كە ڕەنگە خۆیشی نەزانێت بە شوێن كێدا وێڵە. گووتی: ئەو ئەحمەد پڕئاخییەی ئێوە بە شوێنیدا دەگەڕێن دیارە بۆ خۆشتان نایناسن، چونكە ئەو سێ پیاوەش هەر ئەحمەد پڕئاخین. موراد بێدەنگ بوو، بێدەنگییەك كە ڕاستی قسەكانی كابرا بسەلمێنێت، كابرا دواجار گووتی: زاوا تازەكەشم هەر ناوی ئەحمەد پڕئاخییە، هەرچەندە خەڵكی شارەو هەر لەوێش لەدایك بووە، كوڕی ئامۆزای خۆمە.

ئەحمەد پڕئاخی نەدۆزرایەوە، دڵنیام كە هەرگیز ناشیدۆزنەوە، ئەگەر زیاتریش بە شوێنیدا بگەڕێن. ڕۆڵی لە ڕۆمانەكەی ئێمەشدا تەواو بوو، باوەڕناكەم جارێكیتر ناوی بێتەوە ناو ناوان بەو شێوەیەی كە سەرقاڵیبینو سەرمان توشی ژان بكات.

وەستا كاوە زۆر نیگەرانو ماندوو بوو. ئەوەندەی ئەو دیاردە بێبنەمایە ئازاریدا، ئەوەندە خەمی دۆزینەوەی ئەحمەد پڕئاخی لەكۆڵ نەگرت. ئەو دیاردەیە گەڕاندەوە بۆ ئاستی نە خوێندەواری تێنەگەیشتن لە ماناو ناوەڕۆكی هەڵگیرساندنی شۆڕش. دەركەوتنی كەموكوڕیەكانی ئەركی شۆڕش زیاتر بەرنامەكەی ئۆقیانوسی هێمنی لەلا

خۆشەویستر دەکرد کە بە پەرۆشتر هەوڵی زیندوکردنەوەی بدات. نوسینی وتارێکی بە بیردا هات سەبارەت بە چارەسەرکردنی ئەو گرفتە کۆمەڵایەتییە. ئۆقیانوسی هێمن دووبارە هاتەوە ناو یادگارەکانیو تێکەڵ بە ڕوداو دیاردەکانی سەردەم بوون. ئەو لە مێژبوو هەستی بەبوونی ئەو گرفتە کۆمەڵایەتیە کرد. چارەسەرکردنیشی خستە ئەستۆی شۆڕشو ویستی لەناو بەرنامەکانی شۆڕشدا جێگای بکاتەوە. زۆر لەناوی گوندەکانیشی گۆڕیبوو. ئەو باش دەیزانی بەچ مەبەستێك لەسەردەمەکانی پێشودا ناوی گوندەکان گوڕاون. وەستا کاوە دەیویست بەدوای سەرچاوەیەکی مێژویدا بگەڕێت لەپێش نوسینی وتارەکەی، بەڵام لە دۆزینەوەی سەرچاوەیەك سەبارەت بەو بابەتە زانیاری دەستبکەوێت، نائومێد بوو.

دەردی ونبوون وەکە پەتا بەناو هەرێمەکەدا بڵاو بووەوەو هەموو کەسێکی گرتەوە. وەك لەناو تەمو بوغاری قیامەتدا ژیان بگوزەرێت کەس خۆی نەدەبینی. بەهەرکەسێك دەگەیشتیت دەتگووت: ونبووم . . . ون. کابرا لەو پەشۆکاوتر دیاربوو پێیدەگووت: بابەگیان تۆ کوا ونبوویت؟ ئەوەتای تەتبینم. . . لەپێش چاوی مندایت، تۆ ونەبوویت من ونبووم. . . من ونبووم. . من. . .

بەردەوامیش لە کەناڵە ڕاگەیاندنەکانەوە هاواریان دەکرد: هـۆ خەڵکینە..! خەڵکە خۆشەویستەکەی هەرێمە ئازیزەکە. کەس ونەبووە. لێرەوە چاومان لە هەر هەمووتانە، چاوی مراقەبەنا، چاوی ئاگالێبوونو پارێزگاری. چاومان لە هەردووکتانە، نازانین بۆچی لە بوونی خۆتان بەگومانن، دڵنیابن کەستان ونەبوون. لێرەوە ئێمە باش دەتانبینین، هەردووکتان لەناوەڕاستی شەقامی شەهید (فڵان) ڕاوەستاون کە پار پەیکەرەکەی بوو بە ژێر ئوتێلی(فڵان) کەسەوە. تکاتان لێدەکەین زەینو هۆش بێننەوە بەر خۆتان کەکەستان ونەبوون، ئەی ئەوەنییە لەگەڵ یەکتردا گفتوگۆ دەکەن، یەکتری دەبینن و یەکتری دەدوێنن. بەو تەموو مژە گومان لە خۆتان نەکەن، ئەوە تەمومژی ئازادیە بە چاوەکانتان نامۆیە. دەستان لەسەر دڵتان دابنێن هەست بەبوونی خۆتان دەکەن، چۆن تەپ تەپ دڵتان لێدەدات، ئەوە مانای تۆیت، مانای وایە ونەبوویت. مرۆڤی ونبوو دڵی لێنادات، ڕوخساری گەشو پێکەنیناوی نییە. ئێوە هەمووتان دەم بە خەندەن، دڵخۆشو ڕووگەشن. بەکامەرانیو ئاسودەیی دێنو دەچن.هەرکەسێکیش باوەڕ بە ئێمە ناکاتو لە بوونی خۆی بە گومانە و دڵنیایە کە ونبووە، با سبەی بەیانی زوو لەگەڵ قوقەی کەڵەشێردا بچێت بۆ مەیدانی کرێکارەکان. ئێمە بۆ دڵنیایکردنی کە ونەبووە دەیبەین بۆ کار، بۆ تەواوکردنی ئەو شەقامانەی کە هەرگیز تەواو نابێت، شەقامی خانووە کۆنە قوڕینەکان.

زەعیم هەستیارئەو کەسە بوو کە ونەبوو، بە ئومێدەوە مژدەی شارێکی ونبووی بە خەڵکەکە دەدا، ڕۆژێك لەو شارەدا هەمووومان خۆمان دەدۆزینەوە. هەرچەندە

خەڵکی هەرێمەکە لەنا شارو کەسوکاری خۆیاندا بوون، بەڵام لە واقعی بوونی خۆیاندا ونببوون. دەزگای ڕاگەیاندی حیزبەکانیش هەروایان بە خەڵکەکە دەگووت کە " هیچ کەسێك ونـەبووە، هەمووتان لە هەرێمەکەی خۆتاندان". بەڵام ئەم بانگەوازە تەنها چەواشەکردن بوو، ئەگەرنا بۆچی فەرمانبەرە جگەرە فرۆشەکان ئێواران بەدەم هاواری جگەرە فرۆشتنەوە دەیانگووت: ونبووین، ئێمە لە خۆمان ونبووین. خەڵکینە لە شوێنێکداین هەرگیز نەمانبینیوە. پیاوێکیتر دەچووە بەرزترین شوێنی کۆشکەکەیو زرمەو وڕ دەستی بە تفەنگ تەقاندن دەکردو دەیگووت: ونبووم. . . خەڵکینە لۆمەم مەکەن ونبوومو بەم تەوقو وڕە خۆم دەدۆزمەوە. فەرمانی بە پاسەوانەکانیشی دەدا هەموویان لولەی تفەنگەکانیان ڕووەو چیاکان ڕابگرنو تەقە بکەن، بەڵکو لەو چیاو هەردە خۆمان بدۆزینەوە. ئێمە لەم کۆشکەدا ونبووین.

دەردی ونبوون وەك پەتا بڵاببووەوە. هەموو کەسێكو هەموو شتێك لە ڕۆحی خۆی وندەبوو. جوتیارەکان لەناومامەڵەی بازرگانیدا لەخۆیان ونببون، بازرگانەکان سەریان بە کونی سیاسەتدا دەکردو هێدیهێدی لەخۆیان وندەبوون. سیاسیەکان زۆر چستو چالاك بوون، جگە لەکاری فەرمانڕەوایی بە قۆنتەراتی گەورەگەورەش ڕادەگەیشتن، کەچی هێشتا شوکور نەبوون، دەیانگووت ئەمە کەی حاڵە. . . گوو بەو ژیانەی کە پیاو لە خۆی ونببێت. بەچیدەچێت ئەگەر دونیاشت هەبێت. عەریفو بارچاوەشەکانیش لەناو ئەستێرە باراندا لە خۆیان ونببوون . هەرێمەکش لەناوکوشكو تەلارو شەقامی وێراندا ونببوو. ئەخلاقوبنەما مرۆییەکانیش لەناو دۆلارونایەکسانی کۆمەڵو سەردەمدا ونببوو.

پیاوە عاشقە ددان کەوتووەکان سەعاتی سەد نوکەیان بۆ ژنە نەناسراوەکان دەکرد. ئەگەر نێرە زەلامێك وەڵامی بدایەتەوە، بە ئەدەبەوە دەیانگووت" بمانبوورن، بە هەڵە ژمارەی ئێوەمان وەرگرتووە". خۆیان بە خۆیان دەگووت" چیبکەین لەناو دەردی ونبووندا، شەڕ لە بەتاڵی باشترە. . . بەس نییە خوا ئەم مۆبایلەشی داوە، ئەی ئەگەر ئەمە نەبوایە چیمان بکردایە . زەروریەتو گرنگی مۆبایلیش لەناو ئەقڵی خاڵیدا ونببوو. کەچی زۆر کەسی ونبووش بەهۆی مۆبایلەکانیانەوە خۆیان دەدۆزییەوە. ئەو کەسانەی خاوەن دوو مۆبایل بوون، نوکەیەکیان بۆمۆبایلەکەی تری خۆیان دەکرد. خۆی بە خۆی دەگووت" ئەریّ لەکوێیت، ئەریّ لەکوێم. . . نەڕۆیت تاکو دێم، بالەیەکتری ون نەبین.

زۆر جار مێشولەکانیش وندەبوون، بەڵام ئەمان لە خۆیان ون نەدەبوون، لەڕۆژ وندەبوون دەمەو ئێواران بۆگیانی خەڵکەکە دەهاتنەوە. چزەیان لەسەر لووتی خەڵکە ونببووەکە هەڵدەستانو بۆ ماوەیەك هۆشیان بەبەردا دەهاتەوەو دووبارە وندەبوونەوە.

لەناو هاڵاوی دەردی ونبووندا، لەو سەردەمە پڕ مەرگەساتەدا " بەرهەمی مام برایمی کۆڵکێش" لەناکاو پەیدا بووەوە. بە دونیایەك ئومێدەوە گەڕایەوە بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەکەی. هەر کەبینیم هەستم بە شادومانی کرد لە ڕوخساریدا، بە دووچاوی گەش و تەڕو پڕ لە هیواوە تەماشای دەکردم. چاوەڕوان بوو بە وشەیەك ڕۆحی ئاسودە بکەم، بەڵام بە داخەوە ئەو وشەیە لە ناخی مندا نەبوو. لەو ڕۆژگارەدا بۆ من زۆر سەختبوو کە بتوانم دوور لەبەرژەوەندی حاکمێکی دەسەڵاتدار زەوییەکی گەورەو فروان بۆ کارگەکەو بۆ چاندنی بەرهەم هێنانی تۆوی گوڵەکان دابین بکەم. ئەو هەر لەسەرەتای چاوپێکەوتنمان مژدەی هێنانی تۆوی گوڵەکانی لە ماوەیەکی نزیکدا پێدام. ئەو سەردەمە باوی جەنگی کوشتنی ئەخلاقبوولەسەر پارچەیەك زەوی، دوو شتی پیرۆزمان لەجەنگی تەماعدا بە گژ یەکتردا دەکرد. پێوانەی گەورەیی کەسایەتیو ئاستی کۆمەڵایەتی بە خاوەنبوونی زەویو زاری زۆر دەکرا. سنگی خاکیان شەقار شەقار کردبوو، ڕۆحیان دەرهێنابوو. ئەو ماوەیە هەوڵم زۆردا، بەڵام بێسود بوو. دواین جار چووم بۆلای( زۆراب حەمرینی). سەردەمانێك بوو زۆراب دەیگووت: هەرچیم هەیە بە ڕۆحیشمەوە بە فیدای بستێك خاکی ئەم نیشتیمانەبێت، ئەو بستە خاکەش با لەسەر چیای حەمرین بێت لەپاڵ مەزاری پیرۆزی( برایم خانی دەلۆ)، ئیتر هەموو نیشتیمان لەمن حەرام بێت. ئەمڕۆ زۆراب بە سەردانیش ڕێی ناکەوێتە چیای حەمرین. ئەویش دەستی بە ڕووەوە نامو هیچی بۆ نەکردم. قسەکەی خۆیم بە بیرهێنایەوەو گووتم: ئەو هەموو زەویو زارەی کە داگیرت کردووە پێت حەرامبووە، خۆ تۆ بستێکت بەس بوو ئیتر ئەم هەموو دۆنمەت بۆ چییە؟ خۆ پرۆژەکەی ئێمە چارەکی زەویەکانی تۆی پێویست نییە. گووتی: ئێوە توخمێکی بەخیلوبێوەفان، وادەزانن ئێمە بەشەرنینو خوا هەر بۆ کوشتن خەڵقی کردووین. کاکە گیان ئەو زەمانە وام گووتووە ئێستاش نکۆڵی لێناکەم، بەڵام ئێستا کە ماوەو خوا نەیکوشتووم دەتانەوێت لە حەمرین چاڵێك هەڵکەنەو بە زیندویی خۆمی تێکەم؟. . . گووتم زۆراب گیان کەس ئەوەی ناوێت، منیش وام پێم نەگووتوویت، بەڵام دەڵێم قسەو کردارتان یەك ناگرێتەوە، نە لە حەمرین چاڵ هەڵکەنەو بچۆ ناوی، نە ئەو هەموو زەویو زارە داگیر بکەن. کەمێك خۆی تورە کردو گووتی: بۆچی داگیرمان کردووە؟ خۆ ئاودیومان نەکردووەو ئیتر نەگەڕێتەوە بەم دیودا. خاك خاکی خۆمانەو بۆ خۆمان باشە، شەڕمان لە پێناویدا کردووە.

ئەو شەڕەی زەمانێك دژ بە ڕژێمێك کردیان، ئەوە چەند ساڵێکە تێپەڕیوە ئێمە باجەکەی دەدەین، خۆشمان نازانین باجی چی دەدەینو بۆچی دەبێت ئێمە باجەکەی بدەین؟ من دەمزانی ئەمانە هیچم بۆ ناکەن، داواکاریەکەشم نە بۆخۆم بوو، نە تایبەت بووبە بەرژەوەندی تاکێ کەس، داوای ماڵی کەسیشم نەدەکرد، پێویستیمان بە

زەوی‌وزاری خاکەکەمان بوو بۆ کارێك لە پێناوی بەرژەوەندی خەڵکی هەرێمەکەدا. بۆکاری تایبەتی خۆم لە دەرگای کەسیانم نەدەدا. ئەم جۆرە سەردانانەش بەڵگەبوون بە دەستمەوە لە داهاتوودا. بە زۆرابم گووت: بە پێی ئەو قسەی تۆبێیت کە شەرتان لە پێناویدا کردووە، کەواتە ئەگەر شەرێکی‌تر ئێخەی هەرێمەکەی گرتەوە بەشداربووی شەرەکە یاخود ئەوانەی کە دەبێت پارێزگاری لە خاکی هەرێمە کە بکەن دەبێت لەسەر ئاستی موڵك‌ومالْو زەوی‌وزاربێت. ئێوە کە لە هەموو کەسێك زیاترخاوەن زەوی ئەم خاکەن، دەبێت لە پێشەوەی بەرەی شەرەکاندابن.

هەستم بە ناخی بەرهەم کرد کە دەریایەك فرمێسکی بێزاری‌و بێ هیوایم بەسەردا رژان. خۆشم غەمبار بووم، هەستم بە پەشیمان بوونەوە دەکرد، چاریشم نەبوو جگە لە گێرانەوەی ڕاستییەکان. خۆشی‌و شادی ڕوخسارو چاوە گەشەکانیان بەجێهێشت. بە نیگەرانیەوە پرسی: چی بکەین باشە، نە ئامێرەکان هەڵدەوشێتەوە، نەمن و تۆوی گوڵەکان دەگەرێینەوە. من تێناگەم بۆ یارمەتیمان نادەن؟ چ کارێکی خراپمان کردووە؟بە ئارامیەوە پێمگووت، نیگەران مەبە. ! ئینجا بزانە کارێکی باشت کردووە، ڕەنگە کەسێك نەتوانێت بە کارێکی خراپ بگاتە ئاستی ئەوان، بەڵام هەمیشە بە گومانن لەو کەسانەی لەم بارودۆخەدا جێگای ئەوان بگرێتەوە. هەرچەندە تۆ بەومەبەستە ئێشناکەیت. ئەمە ئەو گرفتەیە کە بەبێ بەرنامەیەکی پەروەردەی شۆرش هەڵگیرساو ئەمرۆی پر کارەساتی خوڵقاند. ئەگەر باش پەروەردە بکرانایە ، تێدەگەشتن کە مرۆڤی تاك هەر کەسێك بێت لە ئاستی گەورەی کۆمەڵگاو پیرۆزی خاکدا زۆر بچکۆلەیە.

ئامێرەکان ماوەیەك بوو تەواوببوون، ئەوانیش لەژێر تەپو تۆزدا خۆیان لێونببوو. بەرهەم بە نیگەرانیەوە نیگایەکی خەماوی گرتە ڕۆحی بێنازو جەستەی تۆز لێنیشتوویان. سەرسام بوو لە بێخەمی بەرپرسەکان بەرامبەر بە نەهامەتیەکانو بەو کارانەش کە خەڵکانی خاوەن هەڵوێست ئەنجامیان دەدا. ناهەقی نەبوو، وەك خۆی دەیگووت، بە سەد شەونوخونی‌و هەوڵو ماندو بوونی زۆر ئەوسا توانی ئەو پرۆژە بچکۆلانەیە ئەنجام بدات. ڕاستیکرد کە دەیگووت، من دەمەوێت جارێکی‌تر ئەو بۆشاییە پربکەوە کە بێخەمەکان مرۆڤی بە ڕەوشتیان تێدا بەندکردوئەخلاقی چەندین ساڵەیان بەسەر ڕوخسارو مەرگیدا ڕوخاند، بۆ شاردنەوەی دزییە گەورەکانو سرینەوەی ڕەفتاری بەد ڕەوشتی. من چاوەڕوان بووم بە چەپکە گوڵەوە پێشوازیم لێبکرێت، کەچی بەرد دەخنە سەر ڕێگام. کاری چەپکە گوڵێك زۆر ئاسانترە لە دانانی تلە بەردەکان، بەڵام گوڵ دەرونی پاكو میهرەبانی دەوێت کە دەستی بداتێت، لە هەقی کاری چاکەدا پێشکەش بە بەرامبەرەکەی بکەیت، بەردیش سەری ڕەقی دەوێت.

من هەموو قسەکانی بەرهەمم پەسەند کرد. هاو بیرو بۆچوون بووین. سەرنجی ئەویشم بۆ بەرنامەیەك ڕاکێشا کە پێش سی ساڵ لەمەو پێش بۆ لەبارابردنی نەهامەتیەکانی ئەم ڕۆژگارە بیری لێدەکرایەوە. ڕستەکەی ئۆقیانوسی هێمنم بۆ گووت" ئەگەر هەمیشە خۆمان بە کوڕی شۆڕش بزانین ، هەمیشە لە خزمەتی خەڵکو نیشتیماندا دەبین". پێشمگووت: نیگەران مەبە. . ! بەڵێن بێت تاکو کۆتایی تواناى خۆم پشتگیریت بکەم. بەرهەم بە هیوای دوا قۆناغی پرۆژەکەی گەڕایەوە، بەڵام ئەم سەفەرەش هیچی بۆ ئەنجام نەدراو هیچی بۆ نەکرا. تۆوە گوڵەکانیش گەیشتنو بە بێناز ئەوانیش لە ژوری ماڵێکدا لەسەر یەك وەك خەمەکانی خەڵکی هەرێمە کە کەڵەکەبوون.

ڕۆژگارێکی زۆر نامۆ بوو، لە ڕوناکیدا لە خۆت وندەبوویتو لە تاریکیدا وەك جنۆکە ورتەورت لەگەڵ ناخی خۆتدا قسەت دەکرد. بەدەگمەن جورتیارێك سەرقاڵی کشتوکاڵ بوو. تەنانەت پەڵپینەو گەڵا مێوو کنریش لە دەرەوەی هەرێم دەهات. زەویە کشتوکاڵیەکانیش لەناو پارکو سەیرانگەوکابینەو کوخدا ونبون، ئەوانیش لە تاریکیو بێخزمەتیو قوڕو چڵپاودا ونببون. بەرهەم دەیگووت: ئەم تۆوانە تایبەتن، لەگەڵ ئاوو هەوای هەرێمکەدا زۆر گونجاون کە بەباشی گەورە ببنو گوڵ بگرن. هەموو خۆزگەو ئاواتی ئەم تۆ وانەیە زوو ببن بە گوڵو بازاڕەکانی هەرێم پڕکەن لە ڕۆن، چیتر قەدەری گەندەڵیو حوکمی خۆپەرستی، مرۆڤە نەدارەکان نەکات بە پەردە بۆ داپۆشینی دزییە گەورەکان.

بەرهەم بە نیگەرانی بۆ هەندەران گەڕایەوەو هەرێمی پڕ کارەساتوهیوای کوژراو و ئامێرو تۆوی گوڵی بە جێهێشت. چیرۆکی ئەو بوو بە سەرچاوەی بابەتێك گرنگ کە وتارێکی لەسەر بنوسمودرێژە بە بەرنامەکەی ئۆقیانوسی هێمن بدەم. من چەند جارێك پێمگوتوون "وتارەکانم بەرهەمی نەهامەتیەکانی سەردەمن".

موراد عاشق زۆر بە پەرۆشەوە بەشوێن ئەو کەسانەدا دەگەڕا کە پەیوەندییان لەگەڵ ئۆقیانوسی هێمندا هەبووە. هەڵبەت دۆزینەوەی ئەو کەسانە کارێکی هەروا ئاسان نەبوو، دەستنیشانکردنی کەسەکان لەڕوانگەی ئێمەوە لەسەر بنەمای ڕەفتارو هەڵوێستی خودی کەسەکە خۆیبوو لەسەردەمی خەباتیدا تاکو ئەو سەردەمەی بە دوایاندا دەگەڕاین. ئەوە بیرکردنەوەیەکی زۆر گونجاو بوو، کە کاری دۆزینەوەی کەسەکانی بۆ ئاسان کردبووین. بەڵام بەداخەوە زۆریشیان شەهید ببوون. نازانم بۆچی ئەو کەسانە زۆربەیان شەهید بوون؟ زۆریشیان خەڵکی دەشتی گەرمیان بوون کە دۆزینەوەیان زۆر زەحمەتبوو. گوندەکانی دەشتی گەرمیان وەك تەختەی دامە بە داشەکانەوە هەڵگەڕابێتەوە، داشێك لەجێگای خۆیدا نەمابوو، گوندێك لەسەر پێی خۆی

نەمابوو، هیچیان ئاوەدان نەکرابوونەوە تاکو خەڵکەکەی گەڕابێتنەوەو ئێمەش بە ئاسانی بیاندۆزینەوە.
موراد عاشق هەر دۆستێکی دێرینی دەدۆزیەوە، بەمنیشی دەناساند، ئەگەر من پێشتر نەمناسیبایە. تاکو ڕادەیەکی باش زانیاری بەسودم لەو خەڵکانە دەستکەوت تاکو بتوانم بەرنامەکە هەڵبسەنگێنم کە ئاخۆ بۆم تەواو دەکرێت؟ بەرنامەکەی ئۆقیانوسی هێمن ئەگەر سودێکیش نەبێت بۆ ئەو ڕۆژگارە، من وەك نوسەرێك بەهۆی بڵاوبوونەوەی وتارەکانمەوە ناسرام. ئیتر نەدانم بەخۆمدا دەگرت لە ئاستی تاوانەکان بێدەنگ ببم، نە دە متوانی دەست لە نوسین هەڵبگرم. وتارەکانم بەر هەمی کارەساتو گەندەڵیو حوکرانی پەرتو بڵاوو نایەکسانی بوو. سەرهەڵدانی دیاردە غەریبەکانیش وەك "با" کورەی مێشکیان جۆشدەدام کە مرۆڤیان لە بێئارامیدا نوقمی ترسو پەشۆکاویو هەراسانی دەکرد. نوسینی ڕۆمانی( خەمەکانی لارە گوڵ دەگرن)، گرکترین بابەت بووکە خۆی لەواقعی ئەو ڕۆژگارە دەدوا، ڕۆمانێکی زیندوو بوو، چونکە ڕوداوەکان زیندووبوونو هاوتەمەنی خەڵکی هەرێمەکەبوون. لەلایەن خەڵکەوە دەستخۆشی زۆرم لێکرا. هەر لەو سەردەمەدا هاوڕێی خۆشەویستم( میرانی ڕۆمان نووس) بە گەرمی دەستەکانی گووشیم کە بۆمن بایی هەموو هاندانێك بوو. من بە ڕوخسارێکی سەرسامیو چاوەڕواننەکراو پێشوازیم لە وشەکانی میران کرد. ئەو زوو هەستو ناخی خوێندمەوە، بە زەردەخەنەیەکی میهرەبانانەی دوور لە خەندەی ئەفسوناوی شاعیرو نوسەرەکان گووتی:بۆچی سەرسامی؟ من دەپرسمو وەڵامەکەشی لەلای خۆم هەیە. ئەمجارەش سەد جار دەستەکانت خۆشبێتو بیرت فراوانو قەڵەمت بە پێزبێت. ڕەنگە ڕوخسارمان خۆشەویستی لێببارێت، بەڵام ناخمان پڕە لە ڕقو کینە بەرامبەر بەیەکتری. من بە هەموو ئەوکەسانە دەڵێم " هۆ شاعیرە ڕقلەدڵو لوت بەرزو دەرون پڕ لە فیزەکە، بەیانیان پێش ئەوەی بەرگی ڕقو فیز بپۆشیت، چاوێك بە شیعرەکانتا بخشێنە، گوڵی سەر چڵی وشەکانیان بە ڕقی دڵتو فیزی دەرونت وشکبوونەتەوە. پێیشیدەڵێم، تۆ دەزانیت. ! هیچ شیعرێك ناگاتە ئەو ئاستەی پەیامێکی ڕۆحی بە تۆبدات کە بە فیزەوە بڕوانیت، هەنگاو بنێیت، یاخود بدوێیت "
میرانی ڕۆمان نووس وتارەکانیشی خوێندبوومەوە، ئەوانیشی زۆرپێ پەسەند بوو. بەپەرۆشەوە خەریکی نوسین بووم. هەوڵم دەدا بەشی کۆتایی بەرنامەکەی ئۆقیانسی هێمن بنوسمەوە. هەڵبەت کارێکی ئاسان نەبوو کە بەشی کۆتای لەگەڵ بەشەکانیتردا کە خۆی بۆی ناردبووم گونجاوبنو وەك درێژکراوەی یەك بیرو قەڵەم پێکەوە پەیوەستبن. من کەڵکم لە بیرەوەی زۆر لەوکەسانە وەرگرت کە پەیوەندیان لەگەڵ ئۆقیانوسی هێمندا هەبووەو سەبارەت بە بەرنامەکەی قسەی بۆکردوون، تاکو ئێستا ناوەڕۆکی بابەتەکانیان لە یاد مابوو. ئەوەی بۆمن گرفت بوو بیری ئۆقیانوسی هێمن

بوو، وەك ویستبووی لە سەر بنەمای "سێ" تەوەری گشتی ئیشبکات. وەك خۆی دەیگووت: دەبێت پەیوەستبین بەهەر "سێ" قۆناغە ئەزەلیەکەوە، قۆناغی"ڕابردو، ئێستا، داهاتو"، کە بوونی خۆشمان هەر لەو سێ قۆناغە جیاوازانەدا دەبینینەوە. گرکترین قۆناغ زەمەنی ئێستایە کە هەمیشە ئەرکەکانی زیاتر لەسەر شانە بۆ بەردەوام بوون. ئێمە دەبێت بەرنامەکانی ژیان بە ئەرکی شۆڕشیشەوە لەسەر ئەم "سێ" بنەمایە دابمەزرێنین، ئەگینا لەزەمەنی خۆماندا کەمتەرخەم دەبینو بەرامبەر بە ئەرکەکانی داهاتووش شەرمەزارو قەرزداربار دەبین. هەر سێ قۆناغەکە بە جۆرێك ئاوێتەی یەکتری بوون کە ناتوانرێت ئیتر لەیەکتری جودا بکرێنەوە. هەر سێ قۆناغەکەش بە رهەمی یەك زەمەنن کە بچوکترین سات دەیخولقێنێت، لێرەوە گرنگی بچوکترین تاکی کۆمەڵ هەست پێدەکرێتو گەورەترین کەسی کۆمەڵیش لەبەر نیگای ئەو تیوێرەدا وەك بچوکترین ساتەکانن کە گەورەترین زەمە پێکدەهێنن.

من لە نوسینەکانی حاڵیدەبووم، بەڵام پێویستم بە خوێندنەوەو لێکدانەوەی زیاتریان بوو. دەمویست زیاتر لە چەمکی "سێ" تێبگەم بۆچی ئۆقیانوسی هێمن لە نوسینی بەرنامەکەیدا گرنگی زۆری بەو چەمکە داوە؟ هەرچەندە من کەسێکی زۆر نزیك بووم لە ئۆقیانوسی هێمنەوە، بەڵام بەداخەوە زوو شاری بە جێهێشتو زووش لەیەکتری دابڕاین کە کەسمان چاوەڕوانی ئەو دابڕانە ناوەختەو یەکجارییەمان نەدەکرد. دواین سەردان کەبڕیاربوو لەگەڵ کەسی سێیەمدا بە یەکتریمان بناسێنێت، بێگومان بابەتەکانی بەرنامەکەی بۆ ڕوندەکردینەوە. گرنگی بنەماکانیشی بۆ لێکدەداینەوە. ئەوەی کە ڕویدا بۆ ژیانی سیاسی ئێمە کارەسات بوو، بیرکردنەوەش چ سودێکی نییە، بۆیە دۆزینەوەی کەسی سێیەم بۆمن زۆر گرنگ بوو، ئەویش ئەوە عەیامێکە لە هیچ شوێنێکەوە دەنگو ڕەنگو ئەسەری نییە. بێ ئومێدم لە دۆزینەوەو پەیدا بوونی ئەویش. تاکە چارەسەر گەڕانە بەدوای دۆستە دێرینەکاندا کە پەیوەنیان لە گەڵ ئۆقیانوسی هێمندا هەبووبێت. هەندێك لەو هاوڕێیانەش ئەو پەیوەندییەیان هەبووە، بەڵام ئەوانیش لەئاستی خواستی مندا نین. وەك موراد عاشق گووتی، گەڕانی بەردەوام پێویستە، ڕەنگە کەسانێك هەبن چاوەڕوانبن کەسێکی وەك ئێمە سەبارەت بە بەرنامەکەی ئۆقیانوسی هێمن لەشوێنیان بگەڕێن. بیرم لە ڕێگایەك دەکردەوە بە نهێنی بانگێشەی ئەو کەسانە بکەم کە لەیەکتری ونبووین. بڵاو کردنەوەی چەند بەشێك لە بەرنامەکە چاکترین ئەو بانگێشەیە بوو کە ئەو خەڵکانە بە دەنگمانەوە بێن، بەڵام ئەویش گرفتی خۆی هەبوو، دڵنیابووم کە حاکمە دەسەڵاتدارەکان ئەو بۆنە دەناسنەوە کە سەردەمێك بوو لوتیانی دەکزانەوەو مێشکیانی شێواندبوو. یەکەم بەش کە بڵاوم کردەوە بەناوی گەڕانەوە بۆ سەرەتا. بابەتێکی ئاسای بوو سەبارەت بە دووبارە گۆڕینی ناوی گوندەکان بۆ ناوەکانی خۆیان. لەم

بەشەدا ناوی ئۆقیانوسی هێمنم نەبردبوو، وەك ئەزمونێكی سەرەتا بۆ ئامانجی كارەكەمو گومان نەكردن لە وتارێكی نهێنی. دڵنیابووم ئەو كەسانەی كە چاوەڕوانبوون ڕۆژێك كەسێك سەبارەت بە بەرنامەكەی ئۆقیانوسی هێمن بە شوێنیاندا بگەڕێت، بۆنی ئەو گەرانە لە وتارەكەدا دەناسنەوە. لە وتارەكەشدا ئاماژەم بە شێوازی نوسینی ئۆقیانوسی هێمن كردبوو بۆ ناسینەوە. گۆڕینی ناوی گوندەكانم پەیوەستكردبوو بە گرنگی سەرەتای دیاردەو بنەما ئەزەلیەكان. دڵنیابووم كە گرنگی ئەو بابەتەی لەلای هەندێك لەو كەسانە باسكردبوو. بڵاوبوونەوەی وتارەكە ئامانجی خۆی پێكا، بەچەند وتارێك پشگیری لە بۆچوونەكانم كرا، بەنهێنی بە هەندێك لەو برادەرانەم دەگووت: بیرۆكەی ئەو وتارە هی ئۆقیانوسی هێمنە. شێخ بەختەوەر پیاوێكی ناو ئەو بازنەیە بوو كە پیاوانی ناو حوكمڕانی تێدا كۆببووەوە. بەڵام شێخ بەختەوەر كەسێكی جیاوازتربوو لە ڕوی تێگەیشتن لەسەردەمو لە حوكمی سەردەمەكە. كەسێكی خاوەن هەڵوێست بوو، یەكێك بوو لەو كەسانەش بە پاكی مەبدەئی خۆی پاراستبوو كە ڕوخساری ئەوەی هەبێیت لەناو كۆمەڵدا باس لە گیروگرفتەكانیان بكات. شێخ بەختەوەیش بە وتراێكی بە پێز پشتگیری كردم. نوسینەكەی ئەو بۆمن زۆر بایەخدار بوو، هەرچەندە ئاشنای خۆم بوو، بەڵام بە بیرمدا نەهاتبوو سەبارەت بە بەرنامەكەی ئۆقیانوسی هێمن قسەی لەگەڵدا بكەم. هەلێكی باشبوو بۆم ڕەخسابوو. لەگەڵ موراد عاشقدا باسم كرد كە دەمەوێت سەردانی شێخ بەختەوەر بكەم و سەبارەت بە بەرنامەكەی ئۆقیانوسی هێمن قسەی لەگەڵدا بكەم. مورادیش پێشنیارەكەی بە گونجاو زانیو قبوڵیكرد.

بڵاو بوونەوەی ئەو وتارە وەك هەمووشتێكتیری ئەو سەردەمە سەرنجو لێكدانەوەی خراپی بۆ كرا. بە وتارێكی هەڕەشە ئامێز وەڵام درامەوە لە ژێر ناوی" برینە كۆنەكانمان مەكولێننەوە".

تەیرە فسقلیەكان لەناو هەرێمەكەدا لە كولاندنەوەی برینە كۆنەكان بە ئازارتر بوون، كەچی نوسەرە گەوجەگانی خۆیان بە دێرێكیش وتارێكیان لەسەر نەدەنوسین، ڕەنگە بەڵای فسقلیەكان سەروشانی پیاوانی حوكمڕانی نەگرێتەوە. هەر بۆیە نە وتارێك لە دژیان دەنوسرا، نە خەمی لە ناو بردنیان دەخورا، نە بە ڕەنگاریان دەبوونەوە. سەردەمی سەرهەڵدانی دیاردە غەریبو عەجیبەكان بوو، كە هەریەكە بۆخۆیان بەڵایەك بوون بۆ هەرێمەكە، كەچی هێشتا خەڵك هەر چاوەڕوانی هاتنی بەڵا گەورەكە بوون دەرئەنجامی پەیدا بوونو سەر هەڵدانی دیاردەكان. دەردی ونبوون ئەو بەڵایە بوو كە هەموو كەسێكی گرتبووەوە. كەس خۆی نەدەبینی لەچ سات‌و جێگایەكدا، ڕۆحەكان غەریب بوون بە پێگەكانی خۆیان. لەناو هۆڵێكی پڕ لە چلچرادا خۆتت نەدەبینیو هەستت بە ونبوون دەكرد، هەمیشە دەروون تاریكو بەر

چاوڕەش بوو. كرێكارێك بە كۆڵ بلۆكی بۆ بینایەكی شەش نهۆمی بە كوێرە كوێر سەردەخست. مامۆستا كان بە كوێرە كوێر وانەیان دەگووتەوە، هەروەها دكتۆرەكانیش هەر بەكوێری لە هۆڵە تاریكەكانی نەشتەگەریدا كاریان دەكرد. بێژەری كەناڵەكان لە هەمووو كەسێك كوێرتربوون. شەووڕۆژ شاتەیان دەهاتو هەموو شتێكیان بە پێچەوانەوە دەخوێندەوە: هۆ خەڵكینە هێندە بەر چاوتان تارێك نەبێت. . ! سەرێك هەڵبڕنو تەماشای دیمەنی جوانو شیرینی وڵات بكەن. هەرێمەكە لە مەملەكەتی زبڵ دەچوو، وەرزەكانیش بۆنی خەمو ڕەنگی كەڕوویان گرتبوو.

لەناو ئەو زۆڵمەتو بەڵا بارینو دەردی ونبوونەدا پیاوە دەسەڵاتدارەكان لە هەموو كەس زیاتر ونببوون. ئەوان هەموو شتێكیشیان لێونببوو، ویژدان، هەڵوێست، ڕابردو، وەفای ژنە كۆنەكان، هەست، مردن، بەرپرسیارێتی. كەچی هەستیان بە ونبوونی خۆیان نەدەكرد، دەیانگووت: بۆ بەر چاوتان تاریكەو خۆتان لێوونبووە؟ بۆچی ئێمە خۆمان لێوون نەبووە؟ نەك خۆمان دوور دووریش دەبینین. ئەوان ڕاستیان دەكرد كەدەیانگووت: دووریش دەبینین. حەوت ڕێگا ڕۆژ زەوییە سوتاوەكانیان بەدیدەكردو بەسەر خۆیاندا دابەشیان دەكرد.

هەموو شتێك پێچەوانەو هەموو شتێك تێكەڵ ببوو. "با"یەك خۆڵو خاشاكی شاری ڕادەماڵی، "با"یەك پۆخڵەواتی قەراغ شاری بۆ ناو شار دەهێنا. شەكر لەبری ژەهر بە دەرمان دەكرا، دەرمانە سركەرەكان ژەهرێكی كوشندەبوونو لەبری شەربەت دەخورایەوە. تەنانەت پێچەوانەش پێچەوانە ببووەوە.

لەناو تومتومانی بۆگەنی ئەو ڕۆژگارەدا، لەناكاو بۆنی هەنگوینێكی ساغ هەرێمەكەی پڕكرد. زەعیم هەستیار پێش هەموو كەس هەستی بەبۆنی هەنگوین كرد لە ڕۆحی مەستی دەهات. جارێكیتر لەگەڵ مەستیدا چاویان بەیەكتری كەوتەوە، بە غەمبارییەوە بە مەستی گووت: مەستی گیان ئاگاداری خۆتبە. . ! بۆنی هەنگوینێكی ترسناك لە ڕۆحت دێت، ئەمانە وەك گورك چاویان تیژەو وەك سەگیش هەستی بۆنیان بۆلاشەی خۆمان بە هێزە. زەعیم هەستیار بە خەمەوە نەهامەتیەكانی بۆ مەستی باسدەكرد، مەستی گووتی: هەموو شتێك ئاگادارم، دڵی خۆت تەنگ مەكە كە تۆ خۆت مژدەی شارێك بە خەڵك دەدەیت ڕۆژێك لەم زوڵمەتە ڕزگاریان بكات. ئەو بۆنەی تۆ بەترسناكی دەزانیت ، نازانم بۆچی دەبێت ترسناك بێت؟ خۆ بۆنی ژەهر نییە ترسناك بێت. مەستی گووتی: ڕۆژگارێكی غەریب بەسەر دەبەین، هەموو شتێك پێچەوانە بووەتەوە، كەواتە سەرسام مەبە ئەگەر بۆنی هەنگوین ترسناك بێت، ڕەنگە ترسەكە لە بۆنی هەنگیونەكەشدا نەبێت، ڕۆحی تۆ ترسناكبێت، هەنگوینەكە بۆنی ڕۆحی تۆی گرتووە. مەستی گووتی: ڕۆحی من لە ترسی ئەوقیامەتە هەڵهات كە ئەوان هەڵیانگیرساندووە. ترسەكە لێرەدا ئەوەیە كە بە جێگامان نازانن، نایانەوێت

شوێنێكی ئارامتر وەك پەنایەك دوور لە حوكمی ئەوان هەبێت. مێشولەكان ترسێكی گەورەبوون لەسەر ژیانی خەڵكی شارەكە بەڵام بێخەم بوون لە بوونی ئەوان، بێخەمبوون لە چارەسەركردنیان، خەمی ئەوان ئەقڵبوو كە بیری لە هۆكارەكانی هەڵگیرساندنی ئەو قیامەتە دەكردەوە.

ماوەیەك زەعیم هەستیار مەستی لەناو شاردا نەبینی، ئەو ماوەیەبوو كە مێشولەكان بە قڕ چوون، تاكیان لە هەرێمەكەدا نەما. كەس نەیدەزانی بە چ دەردێك لەناو چوون. بەڵام هەندێك كەس لەنیوە شەوێكداگورزەیەك باڵندەی بچوكو توڕەیان بینیبوو، وەك ڕەشابایەكی بە ڕەحمەتی دوای جەنگێكی وێرانكاری بەسەر هەرێمەكەدا هەڵبكاتو هەرچی خۆڵو خاشاكی پاشماوەی جەنگەكەیە لە گەڵ خۆیدا ڕایبماڵێت. ئەوانیش تاكە مێشولەیەكیان لە هەرێمەكەدا نەهێشت، هەموویان ڕامالین، بەڵام كەس نەیدەزانی بۆ كوێ چوون. پاسەوانێك بەدەم وەنەوزەوە لە بەر دەرگای ماڵی ئاغاكەیدا بایەكی خێراو توورە چاوە خەوالوەكانی بەدەوری خۆیدا سوڕانبوو، بەترسو پەشۆكاوییەوە بە بەئاغاكەی دەیگووت: قوربان وەختەبوو چاوەكانم كوێردەبوون بۆ خەو، لەناكاو گیڤەی بایەكی تیژوساردو ترسناك بە بەر چاومدا ڕەتبوو كە وەختەبوو ڕۆحم لەگەڵ خۆیدا بەرێت. گورزەیەك باڵندەی بچوكی توڕەبوون، وەك مێش هەنگ گیزەیان دەهاتو سەریان بە هەموو شونێكدا دەكرد.

ئەو بەیانییە پاسەوانەكە چەند جارێك ئەم چیرۆكەی بۆ ئاغاكەی گێڕایەوە، ئەویش بە سەرسامیەوە دەمی داچەقاندبوو، تەنها گوێی گرتبوو، وەختەبوو لە ترسا قریوەیبێتو لە خۆشیاندا بگری. ئەو بەیانییە هەرزوو بێژەرە دەنگ گڕەكان كردیان بە ڕۆژی خۆیان. خەبەری قەلاچۆكردنی مێشولەكانیان بیستبوو، كردیان بە دەسكەوتێكی گەورە بۆخۆیانو بە منەتیش بەسەر خەڵكی هەرێمەكەوە.

زۆر كەس هەبوون هەمیشە چاوەكانیان زەق كرابوونەوە، دڵیان وەك تەپڵ لێیدەدا، سەرقاڵی مامەڵەوەو بازرگانی گەورە گەورەبوون، وەك ماخۆلان دەهاتەو دەچوون، بەڵام خەوتبوون، لەئاستی ڕوداوەكان بێئاگابوون. هەنگەكانیان بەو نیوە شەوە نەبینی بوو، بە پەرۆشەوە گوێیان بۆ بێژەرە دەنگ گڕەكان دەگرتو چەپڵەیان بۆ "كاك حوكمەت" لێدەدا. بەدەنگی بەرز دەیگووت: بژی حوكمەت، بژی كاك حوكمەت. . . مردن بۆ مێشولەكان.

كاك حوكمەت پیاوی یەكەمی حوكمەت بوو بۆ پڕوپاگەندەكان لە ناو بازاڕدا، هەموو كونو كەلێنێكی شارەكە شارەزابوو. عەیامێك پێش ئێستا ڕیكلامچی سینەماكان بوو بۆناساندنی فیلمە نوێیەكان كۆلان بە كۆڵانو شەقام بە شەقام وێنەی فیلمەكانی دەگێڕا. ئەمڕۆ ئەو پیاوە لە ناو خەڵكدا بە كاك حوكمەت بانگدەكرێت، لە هەرشوێنێك دەركەوت خەڵكی لێكۆدەبێتەوە چاوەڕوانی بانگەوازەكەی دەكەن. كاك

حوکمەت ماوەیەکە دەر ناکەوێت، ئەو کاتانەش کە خۆی دەردە خات پشتێنە حەوت گەزەکەی نابەستێت، بەڵام لەدوای قڕتێکەوتنی مێشولەکان هەمیشە لەناو بازاڕدایەو پشتێنە گوڵگوڵێکەی تاکو سەرسنگە توکنەکەی دەبەستێت. بە فیزو لە خۆباییبوونەوە هەموو شوێنێکی شاری بەسەر دەکردەوە. بەوشەی قەڵەو قەڵەو باسی قەڵاچۆکردنی مێشولەکانی دەکرد. چیرۆکەکانی لە خۆیەوە ڕێکدەخست، چونکە بنەمایەکی ڕاستیان نەبوو نەیدەزانی چی بڵێت؟ هەندێك جار کە ڕادەوەستا دواتر نەیدەزانی باسی چی کردووە، نە دەچووەوە سەر باسەکەی خۆی. گوێی لە دەنگی کەسێكبوو کە پشتگیری قسەکەنی کاك حوکمەتی دەکردو دەیگووت: دەستان خۆشبێت قەڵاچۆیان کەن. کاك حوکمەت بە بیستنی وشەی قەڵاچۆ شتێکی بە بیردا هاتەوە، دووبارە دەیویست درێژە بە باسەکەی بداتەوەو دەیگووت: بەڵێ حوکمەت بە پەرۆشەوە هەمیشە لە هەوڵی قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواریدا بوو، قسەکەیان پێبڕی :قوربان باسی قەڵاچۆکردنی مێشولەکان بوو نەك نەخوێندەواری. کاك حوکمەت خۆی تەریق نەدەکردەوە، بەردەوام قسەیدەکرد. من خۆم دەزانم چۆن بابەتەکان پێکەوە گرێ دەدەم، جیاوازی نێوان قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری و قەڵاچۆکردنی مێشولە نییە، دوو دەردی کوشندەن لەناو کۆمەڵدا. هەموویان نەوەی یەك بەرە بابن، بەیەك پرۆسەی قەڵاچۆکردنیش لەناو دەچن بە قەڵاچۆکرندی بەشەریشەوە. دەمەوێت بە خۆشحاڵییەوە پێتانڕابگەیەنم کە مێشولەیەك لە هەرێمەکەدا نەماوە، ئیتر شەوان بەبێ خەم سەرو قونگتان ڕووتبکەنو بخەون.

بەبۆنەوەی لەناوچوونی مێشولەکانەوە سێڕۆژوسێشەو ئاهەنگی خۆشی لە هەموو هەرێمەکەدا سازکرا. تەقەی خۆشی چەندین کەسیتری کوشت. سوێندیان خوارد ئافرەتێك سنگی کرابوو بە بێژنگ، جێگای هەر سی گولەکە بە سنگیەوە دیاربوو. دەنگی دەهۆڵو هۆڕنی ئۆتۆمۆبیلە شەقوشڕو دزراوەکان قیامەتیان هەڵگیرساندبوو. هەموو دەنگەکان پێکەوە بەرەو ئاسمان هەڵدەچوونو گەردونیان هەژاندبوو. زەوی لە ژێر پێی هەڵپەڕکێ کەراندا ناڵەی دەهات. تەپو تۆز ئاسمانی تەنیبوو، دووبارە خۆڵ دادەبارىو کەس کەسی لە تۆزدا نەدەناسیەوە. هەزارەها دەستی ڕەشو سپی تێکەڵ بەیەکتری ببوون. گۆرانی بێژە تایبەتەکان لەبەردەم سەکۆی حیزبەکاندا تاکو بەرە بەیان شاتەیان دەهات، سەد جنێوو قسەی قۆڕیان بە گۆرانیەوە دەگووت، کەس بە کەس نەبوو، بە هەموو دەهۆڵێك هەڵپەرکێ گەرمبوو. مەجە لۆتی گۆرانی بێژ قەد ئەوەندە شاباش نەکرابوو، سەد دوعای خێری بۆ مێشولەکان دەکرد. ئەوسێڕۆژو شەوە هەرێمەکە بێ کارەبا نەبوو. بەنزیخانەکان هەمیشە کرابوونەوە. وێنەی چەند کەسێك بەدەستی سەماکەرانەوە وەك مەخلوقێکی گێژی ناو دەریایەکی تورە ساتی هەزارجار سەریان بەرزدەکردەوەو نوقمی ژێر پێی

خەڵكە سەماكەرەكە دەبوونەوە. هێشتا زرمەی ئاخر دەهۆڵ لەگوێی خەڵكدا دەزرنگایەوە، دونیای هەرێمەكە بوو بە تاریكستان، تروسكەی كارەبا لە شوێنێكدا بەدی نەدەكرا. چۆرێك بەنزین بۆ نمونەش دەستنەدەكەوت. ئاو لە هەرێمە كە برا، بەلوعەی ماڵەكان وەك منداڵی خەتەنەكراو تكتك ئاویان پێادا دەهات. كرمی ناو تەنكی سەربانەكان لە تینوێتیدا خنكابوون.

زەعیم هەستیار ئەو سێ ڕۆژە كەس نەیبینی، لەماڵەوە نەهاتە دەرەوە. زۆر كەسیتریش هەر لەماڵەو بوون. دەنگی دەهۆڵ خەڵكی ماڵەوەو دەرەوەشی هەراسانوكاس كردبوو. دەنگی دەهۆڵ تاكو چیا دوورەكان دەڕۆشتو سەریان بە دیواری چیاكاندا دەدا، دووبارە دەگەڕانەوە بۆ ناو شارەكانو لەناو گوێو مێشكی خەڵكدا دەنگی دەدایەوە. لەدوای دوو ڕۆژ تەپو تۆزی هەڵپەڕكێ كەران بە هێواشی لەئاسمانەوە دەهاتەوە بۆ سەر عەرزەكە. بۆنی فیشەكو باروت هێشتا كاریگەری لەسەر كزانەوەی لوتو قوڕك هەبوو. وەستا كاوەش بە غەمگینییەوە دوای ئەو دەهۆڵ كواتانە بەرەو دوكانە بێ نازەكەی هەنگاوی سستی دەناو بە نیگەرانیو دڵگوشراوی سەرنجی دیوارە گڵینەكانو كاریتە پیرەكانی دەدا كە گوللەی خۆشی ئەو چەند ڕۆژە سەرو گوێلاكی سمی بوون. بە دیوارەكەی ئەو بەرەوە نەخشی دوو دەستی خوێناوی بە ئازارەوە تاكو دەرگای ماڵێك خشابوو، دەسكی دەرگاكەش بە خوێنی بریندارەكە سوربوو. وەستا كاوە هێڵنجی بەو قیامەتە دەهات كە ئەو سێ ڕۆژە خوڵقاندبوویان. هەرێمەكە كشو ماتبێدەنگ وەك چاوەڕوانی بەلایەك بكرێت كەم كەس بەدەرەوەبوو. حوكمەت زوو هەستی بە ماندووبوونی خەڵك كرد، بەبۆنەی تەفروتوونا كردنی مێشولەكان دوو ڕۆژ پشوی فەرمی ڕاگەیاندرا، سێ ڕۆژی پێشتریش دەوام نەبوو، خەڵكی سەرقاڵی هەڵپەڕكێ بوون. یەكەم ڕۆژی كاریش دوای دوو ڕۆژ پشودانەكە ڕێكەوتی ڕۆژی پێنجشەمەبوو، خۆشبەختانە پێنجشەمەو هەینیشی كرا بە پشو.

مێشولەكان قڕیان تێكەوت، تاكیان لە هەرێمەكەدا نەما، بەڵام كەس نەیدەزانی چۆن لەناو چوون، جگە لەو زانیاریانەی لە كاك حوكمەتیان دەبیست، كاك حوكمەتیش هیچ زانیارییەكی لەلانەبوو دەربارەی لەناوچوونی مێشولەكان، جگە لەو هەرایەی لەناو خەڵكدا نابویەوەو بە شانازیەوە باسی لەناو بردنی مێشولەكانی دەكرد. پشتێنەكەی تاكو سەر سنگی دەبەستو كلاوێكی بەفیزەوە بە لاری لەسەر دەكرد، ئیتر هیچ زانیارییەكی لەسەر لەناوچوونی مێشولەكان نەبوو تاكو بۆ خەڵكی هەرێمەكەی ڕونبكاتەوە.

17

# شێخبەختەوەر

هاتنی مێشولەكان بۆ هەرێمەكە بەلایەكی دەرداوی بوو، خەڵكیان توشی نیگەرانیو هەراسانی كردبوو، هەرێمەكەشیان بەرەو بەدبەختی بردبوو. كەچی كە قڕیان تێكەوت بارودۆخی هەرێمەكەی نەگۆڕی. فسقلیەكانیش ڕۆشتن نەهامەتیەكانی سەر خەڵك هەر وەك خۆیان مانەوە. خولقاندنی بەلاكان بەر هەمەی پاشاگەردانیبوو، بۆیە نەمانی ئەوان هیچی لەسەرژیانی خەڵك نەگۆڕی، تەنها سیستەمی حوكمڕانی ناوبازنە نەگۆڕەكە بەلایەكی دەرداوی بوون بەگەردنو شانو دەروونی خەڵكەوە. ژیان لەسەر نەهامەتیەكانی خۆی بەردەام بوو، وەك لەسەر لیتەبێت وردەوردە بە ناخی عەرزا دەچوو. نە هەرێمەكە توشی جەنگێكی خوێناوی بوو، نە سێدارەیەك لە هیچ گۆڕەپانێك دامەزرابوو، كەچی تەمێك بەری ئاسمانی گرتبوو پێتوابوو هەموو ترسو خەمو نەهامەتیەكان لە پشتیەوە خۆیان مەلاسداوەو چاوەڕوانی مەرگت لێدەكەن، سەد خۆزگەت بە هەڵواسین دەخواست، یاخود بەو جەنگەی كە هیچ نەبێت بە ئومێدەوە چاوەڕوانی ڕۆژێك ڕاوەستانی بوویت.

بەیانییەك زەعیم هەستیار بە مەستی گەشت، مەستی لەگەڵ دوو كەسیتردا بوو، بە ئاشكرا بارە هەنگوینەكانیان پێبوو. بەرەو مەیدانی شار دەڕۆشتن. زەعیم نیگەران بوو، بە بینینی مەستی ڕووی گەشو دڵی كرایەوە. مەستی هەستی بە غەمباری زەعیم كرد، پێیگووت: زەعیم بۆچی غەمباریت؟ زەعیم چاوی لەسەر بارە هەنگوینەكان ڕامابوو، بە سەرسامیەوە بە مەستی گووت: ئەو بارانە چین؟ بارە هەنگوینەكان هێشتا دانەدانە مێش هەنگیان پێوەبوو. مەستی گووتی: زەعیم گیان بۆچی دەپرسیت كەخۆت باش دەزانیت هەنگوینمان پێیە؟ كاتێكیش كە دەزانیت بۆچی سەرسامیت بە هەنگوینەكان؟ زەعیم بە بێدەنگی گووتی: كێ هەیە كە نیگەران نەبێت؟ كێ هەیە بەبینینی تۆ سەرسام نەبێت كە بارە هەنگوینت پێیەو بۆنی هەنگوینی چیاكان لە ڕۆحت دێت. مەستی گووتی: چ كێشەیەكە گەر من بۆنی هەنگوینم گرتبێت، ئەو هەنگوینەش موڵكی كەس نییە. . . كێ دەیەوێت دەتوانێت بیهێنێت، بەلام گرنگ ئەوەیە بەو جێگایە بگەیت. زەعیم بە میهرەبانیەوە بە مەستی گووت:

مەستی گیان دەم خۆش، منیش مەبەستم ئەوەیە. تكات لێدەكەم خۆت ئاشكرا مەكە، گرفتەكە لێرەدایە كە ئەوان ناتوانن بگەن بەو جێگایە، هەموو شوێنیكیش بە موڵكی خۆیان دەزانن. دەتگرنو بە بیانوی شێتێكی هار، ئازارت دەدەن تاكو جێگای خۆت ئاشكرا دەكەیت. من نازانم تۆ بۆچی دێیتەوە بۆ ئەم قیامەتە؟

مەستی وەك شتێكی بیر چووی بیركەوتبێتەوە، بە پێكەنینەوە گووتی: قیامەت... یاخود دەنگی دەهۆڵو ئاهەنگ؟ دەنگی دەهۆڵ كوتین هەراسانی كردین. من تێناگەم لەناو قیامەتدا، ئاهەنگو هەڵپەڕكێی چی؟ بەڕاست ئەوە چ گێل خانەیەك بوو زەعیم گیان؟

زەعیم خۆی لە پرسیارەكەی مەستی دزییەوە، گووتی: مەستی ئەو دوو پیاوە كێبوون؟

مەستی گووتی: چ كارت بەوانەوە هەیە، ئەوان ڕۆشتن بە لای ئیشو كاری خۆیانەوە. قسەم بۆ بكە. . ! ئەو دەهۆڵ كوتانە چیبوو؟ هەرێمەكە چۆنە لە پاش قڕی مێشولەكان؟

زەعیم هەستیار نەیدەزانی چی بڵێت سەبارەت بەو دەهۆڵ كوتانەو ئەو مەخلوقە خافڵە، بەڵام بە ڕوویەكی خۆشەوە گووتی: چۆنت زانی مێشولەكان لەناو چوون؟ خۆ ماوەیەكە نەها توویت بۆ ناو شار. زەعیم دووبارە نیگەران بووەوە، بەردەوام بوو لە قسە كردنو گووتی: مێشولەكانیش قڕیان تێكەوت بەڵام نەهامەتیەكانی سەر خەڵك وەك خۆی ماونەتەوە، بەد بەختی هێشتا بەرۆكی بەرنەداوین. سێ ڕۆژو سێ شەو بەو بۆنەیەوە ئاهەنگیان بۆ گێڕاین. من زوو زانیم تورەهاتە ئەو ماوەیە لە ماڵەوە نەهاتمە دەرەوە، دڵم بەو ئاهەنگە چاو بەستە خۆش نەبوو، هەر زوو زانیم هیچ لە گرفتە سەرەكیەكانی ئێمە ناگۆڕێت.

مەستی گووتی: كەواتە ئەو دەهۆڵ كوتانە بۆ لەناو چوونی مێشولەكان بوو؟

زەعیم هیچی نەگووت تەنها سەری بەڵێی بۆ لەقاند.

مەستی هەستی بەناخی زەعیم كرد پڕە لەخەمو بێزاری، گووتی: زەعیم گیان نیگەران مەبە، خۆت بێتاقەتو غەمگین مەكە. هەموو نەهامەتیەكان كۆتاییان دێت.

زەعیم گووتی: ناتوانم نیگەران نەبم كە لەناو قیامەتدا دەژیم، توشی ڕۆژگارێك بووین بەڵا دەبارێت. منیش دەزانم نەهامەتیەكان كۆتاییان پێدێت، بەڵام تاكو كۆتای پێدێت زۆر كەسیش كۆتاییان پێدێت. بەبێ ئەوەی پەتی سێدارەیەك هەڵخرابێت هەمیشە هەناسەسوارین، هەستدەكەین دەست لەبینمان نرابێت كە وەختە بخنكێین. فیشەك بە سنگی كەسەوە نەنراوە، بەڵام خوێن لە دڵمان دەچۆڕێت. لەناو شارو ماڵو هەرێمەكەی خۆماندا هەست بە ون بوون دەكەین. منیش دەزانم كۆتای ئەم قیامەتە

دێت ، بەڵام کەی؟ منیش دەزانم شارێکی شاراوە هەیە کە ڕۆژێك وەك دایك هەموومان لە ئامێز دەگرێتو لەم زوڵمەتە ڕزگارمان دەبێت.
مەستی بە وردی سەرنجی لێوەکانی زەعیم هەستیاری دەدا، وەك باڵندەیەکی بچوکی بەر بارانی زستان هەڵدەلەرزین. لەناکاو تەمێکی سەرسامی ڕوخساری داپۆشی، پرسی: زەعیم گیان هەست بە چ شارێك دەکەیت؟ ئایا شوێنێکی شارەوە هەست پێدەکەیت لە هەرێمەکدا کە ڕۆژێك خەڵکی هەرێمەکە هانای بۆ بەرن؟
زەعیم گووتی:ناتوانم بێدەنگ بم ، چونکە بێدەنگبوون لە توانای ئیرادەی مندا نیە، هەراوش نازانم چۆن بۆتی ڕونبکەمەوە، چونکە لە توانای ئیرادەی مندا نییە، تەنها هەست بە شارێك دەکەم کە ڕۆژێك وەك دایك هەموومان لە ئامێز دەگرێتو لەم زوڵمەتە ڕزگارمان دەبێت. زەعیم بە نیگەرانیەوە کەمێك ڕاوەستاو گووتی: ئەرێ ئێوە بۆکوێ چوون، ئەسەرتان لە هیچ شوێنێك نەما، ڕووتان لەکوێی ئەم مەملەکەتە کرد؟
مەستی گووتی: ڕستەیەکی جوانو ڕەنگاوڕەنگو خەم ڕەوەوێنو هیوا بەخشە. گووتی، هەر وشەیەك لە دەرەوەی ئیرادەی مرۆڤەوە بێت، بێگوان هەر لە ناخی خۆیدایە، هەستێکی شاراوە لە تۆداهەیە، هیچ شتێکیش تاکو ئەبەد بە شاراوەی نامێنێتەوە، ڕۆژێك دێت کە ئاشکرابێت، لەبەر ئەوە لە ناخی خۆت نە بە گومان بە نە بێ هیوابە. پرسیارێکیش وەڵام نەدرایتەوە خۆت شوێنی کەوە تاکو وەڵامت دەست دەکەوێ.
زەعیم هەستیار گووتی: مانای وایە شوێن تۆ بکەوم تاکو بزانم بۆکوێ دەچیتو وەڵامم دەست بکەوێت؟
مەستی گووتی: شوێن پێی من مەکەوە، بیر بکەرەوە، سەرنج بدە، بۆنی ڕۆحم بکە...!
مەستی بەڵێنی بە زەعیم دا بەم زووانە بینبینێتەوە، بەڵام ئەوە دواین دیداریان بوو. نە سێدارە لە ئارادابوو، نە جەنگ بەر پابوو، نە پرۆسەی ئەنفال بە ڕێوەبوو، بەڵام لەناکاو مرۆڤێکی ساغ دڵی شەقی دەبرد، دڵی دەتەقی. لەدەنگی ناڵەی تەقینی دڵ ناخۆشتر نییە، مەگەر هەواڵی مەرگی زەعیم هەستیار. ژیان سەیرە سەیرێکی بێمانا، بەتایبەتی ژیانی زەعیم هەستیار، وەك کەسێك بە بیابانێکدا بەرەو ئاسۆ هەنگاوبنێت، جێگا پێیەکانی لە دوای خۆیەوە بسڕنەوەو شوێنەواریان نەمێنێت، گومانبکرێت کە کەسێك بەوێدا تێپەڕبووبێت.
مەستی ڕۆشتو لە زەعیم دوورکەوتەوە، لەناکاو وەستاوئاوڕێکی بۆ دواوە دایەوە، زەعیم هێشتا لە جێگای خۆی ڕاوەستابوو وەك دارێکی وشکی بێجوڵە. مەستی

گووتی: ڕەنگە زەعیم بە بۆنی هەنگوینەکە بزانێت ئێمە لە کوێین، ئەم ڕەق ڕاوەستانەی بەبێ مەرام نیە، بیر لە شتێك دەکاتەوە.
لەو ڕۆژگارە پڕ لە مەرگەساتەدا تەمێکی ڕەش بە سەر ئاسمانی هەرێمەکەوە تروسکای لە دڵو دەرونی خەڵك بڕیبوو، کەچی دیاردەیەکی سەیر لە ناخی خەڵکدا هەبوو، بەهەموو زرمەیەك هەڵدەپەڕین. تاکە تروسکەیەکی ڕوناکی کە ئومێدی بە خەڵك دەدا قسەکانی زەعیم هەستیار بوو کە لەو زەمانەدا وەك پێغەمبەرێك گوێیان بۆ ڕادەگرت. بەدەم پیاسەو قسەکردنەوە تاکو گوزەری ئاسنگەرەکان ڕۆشتو دەیگووت: ڕۆژێك دێت هەموو شتێك ئاشکرادەبێت، بۆنی هەنگوین هەموو کونو کەلەبەرێکی ئەم هەرێمە دەگرێتەوە، هەموو مێشکە ماندووەکان ئاسودە دەکات. ئەو ڕۆژە هەموو ڕاستییەکان ئاشکرادەبن، قەدەری مێشولەکانو درۆی تەپڵ کوتەکانیش. زەعیم هەستیار بێئاگابوو لە چ کۆڵانو گوزەرێکو لەبەردەم کام دوکاندایە، بەڵام دەنگی وەستا کاوەی ناسیەوە کەبانگی کرد : زەعیم گیان دیارە بۆلای من هاتویت؟ وەرە ژوورەوە بزانم ئەوە چی دەڵێیت؟
زەعیم هەستیار گووتی:وەستا گیان ئەوە تۆیت هەر لە ئێستاوە بۆنی هەنگوینت گرتووە.
وەستا کاوە بە سەرسامیەوە پرسی: بۆنی چیم گرتووە؟
بۆنی ئەو هەنگوینەی کە ڕۆژێك هەموو ئەم هەرێمە پڕدەکات.
وەستا کاوە ئەم سەر لەبەیانییەی بیرکەوتەوە کە لە مەیدانی هەنگوین فرۆشان خەریکی هەنگوین کڕین بوو. گووتی: زەعیم...! ڕەنگە منت لەوێ بینیبێت، بەڵام باوەڕت هەبێت من تۆم نەبینیوە.
زەعیم بە وەستا کاوەی گووت: منیش تۆم نەبینیوە، دڕەنگە دەبێت بڕۆم، ئەم جارەش پێتدەڵێم بۆنی هەنگوینت گرتووە ئاگاداری خۆتبە...!من دەبێت بڕۆم، بەرەو گوزەری دارتاشەکانو خوم چییەکان دەڕۆم، بەرەو مەیدانی کۆتربازەکان دەڕۆم کەکۆترێکی تێدا نەماوە. ئەم هەرێمە بەبێ باڵندە دەڵێی سەرابێکی ساردو سامناکە. پێیان دەڵێم، سەرسام مەبن ئەگەر بەیانییەك تەمێکی کاڵ لە بۆنی هەنگوین هەرێمەکەی داپۆشی. مژدەیان دەدەمێ لەم قیامەتە ڕزگارمان دەبێت، نیگەران مەبن هەست بەبوونی شارێك دەکەم وەك دایك ئامێزی گرتۆتەوە ڕۆژێك هەموومان لەم زوڵمەتە ڕزگاردەکات.
زەعیم ڕۆشت، وەستا کاوەش لەناو دوکانەکەی خۆیدا نیگا سەرسامەکانی لەشوێن هەنگاوە سستەکانی دەنارد. غەرقی وتەکانی زەعیم بوو. لەبەر خۆیەوە دەیگووت:ڕەنگی هەنگوینم گرتووە...نانا بۆنی هەنگوینم گرتووە.

زەعیم هەستیار لەسەر ڕیتمی خۆی بەناو بازاڕدا، بەرەو گوزەری دارتاشەکان گلۆر بووەوە.هەر هەنگاوێكو وتەیەکی دەگووت. ئەو سەردەمە خەڵك بە پەرۆشەوە گوێیان لە قسەکانی زەعیم دەگرت.
سەردەمی سەرهەڵدانی دیاردە غەریبەکان بوو. لە هەرێمەکەدا "سێ" دیاردەی سەرسوڕهێنەر سەریان هەڵدا، لەناو هەر دیاردەیەکدا چەند ڕودای سەیرتر دەکەوتنەوە. لە سەرەتادا باڵندەکان کۆچیان کردوو نەهاتنەوە. ئەم دیاردەیە خەڵکی هەرێمەکەی توشی پەشۆکاویکرد، بەبیری هیچ مێژو نوسێکدا نەدەهات دیاردەیەکی لەو جۆرە لە هەرێمەکەدا ڕویدابێت. دوا بەدوای کۆچی باڵندەکان سەفەری شێتەکانیش سەریهەڵدا کە دڵی هەموو کەسێکی خستە بەردەم بەڵایەکی ترسناکی ئیلاهی. خەمی کۆچی باڵندەکان لەناو مەرگەساتی سەفەری شێتەکاندا ونبوو. سێیەم دیاردە کە لە هەموو نەهامەتیەکان سەختر بوو، مەرگی منداڵەکانبوو، ئازارێکی بە سویبووکە سارێژکردنی زۆر ئاستەم بوو. هەموو دەرئەنجامە خراپەکانی دیاردەکانی تر لەسەر ژیانی منداڵەکان تەواو دەبوو کەهەندێك جار لەمەرگیان بە ژانترو بە خەمتربوو. هەموو دیاردەکانیش بەرهەمی حوکمی گەندەڵیو پاشا گەردانیو خۆپەرستی بوو. خەڵکی هەرێمەکەش بێبەش نەبوون لە کەوکوڕیو چەکەرەکردنی دیاردەکان. چەند غەمگینو نیگەران بوون، لەناکاو ڕیزی هەڵپەڕکێ دەگیراو ئاهەنگ ساز دەکرا. "بە هەموو دەهۆڵێك هەڵدەپەڕین". ڕۆحی یارمەتیو ڕێز گرتن لە دەرونیاندا نەبوو، چەند بەهۆی گەندەڵی حوکمڕانیەوە زەلیل بوون، هێندەش بەدەست بوغزو قینی دەرونی یەکتریەوە گیریان خواردبوو. بریکاری گشتی سوتمەنی هەرێم سکاڵای هەڵدەڕشت بەدەست کاربەستە گەورەکانەوە، وەختەبوو دەگریا، دەیگووت: خودا قبوڵی ناکات ئەم زوڵمەی لەمن دەکرێت، هەفتەیەکە بەسەر ماوەکەی خۆمدا تێپەڕیوە هێشتا دڵۆپێك نەوتم وەرنەگرتووە. بریکاری بەنزیخانەکانیش لەوەکیلی گشتی زیاتر داخیان دەخوارد، ئەوان هەفتەیەکیتریش لەدوای وەرگرتنی سوتەمەنی وەکیلی گشتی هەرێم، چاوەڕوان دەبوون. سکاڵاو شینی ئەمان دەگەیشتە ئاسمان. سەد جار گوویان دەکردە حاڵی خۆیان. دەیانگووت: کەی ئەمە کاسپییە کە ئێمە دەیکەین، لەبەردەم تیاترۆخانەیەکدا خاولییەك بەدەستەوە بگرین باشترە، باش دەزانین یەك هەفتەیە سوتەمەنی گەیشتووەو دابەشی ناکەن بەسەرماندا. خاوەن بەنزیخانەکان هەموو ڕۆژێك لەبەر بەنزیخانەکاندا هاوبەشی خەمی هاوڵاتیان بوون تاکو تەنکییەکان خاڵیبوون. دواجار بەشە سوتەمەنی خۆیان وەردەگرت، ئیتر کەس نەیدەبینینەوە، ئەوانیش داخی دڵی خۆیان لە هاوڵاتی دەکردەوە، چەند جار ڕیزی درێژیان پێدەبەستن، چەند کاتژمێرێك چاوەڕوان دەبوون بەبێ ئەوەی دڵۆپێك بەنزین دابەشبکرێت. هەرکاتێکیش سوتەمەنی دابەشبکرایە دەبوو

بە قیامەت، کەس گوێی بەسەرەی کەسیتر نەدەدا، سەد دەستی پۆخڵ بۆ دڵۆپێك بەنزین ماچ دەکرا. ئەودەمە کەس حسابی بۆ هاوگرفتوهاو خەمی خۆی نەدەکرد. چینەکانی خوارەوە لە هەموو توێژەکانی تر زیاتر بەدەستی یەکتریەوە گیریان خواردبوو.هاولاتی بەدەست فەراشو فەرمانبەرەوە، ئەوانیش بەدەست موراجیعی ڕۆژانەوە. بەڕێوەبەری گشتییش بەدەست هەموویانەوە بەدوو چەپۆك دەیدا بەسەری خۆیدا. خەڵکیش سەد جنێوی پیسیان بە بەڕێوەبەرەکان دەدا. ئەمانە کە ئیشوکاری خەڵکی ڕاناپەڕێنن، بۆچی لەسەر ئەو کورسییە دانیستوونو ئەو جێگایەیان داگیر کردووە. هەر هەموو هەرێمەکەش تێکڕا سکاڵایان لەدەست ئەو حوکمەتە دەکرد کە حوکڕانی هەرێمەکەی دەکرد. بەرپرسەکانیش گلەییان لە حوکمی ئەو ڕۆژگارە دەکرد، چەندین بەرنامەی تەلەفزوێنیان لەسەر حوکمی ئەو ڕۆژگارە بۆ شاردنەوەی گەندەڵیەکانیان لە سیستەمێکی دیموکراسی ئەفسوناویدا بۆ زاخاوی مێشكو قاقای پێکەنین پیشاندەدا. دیاردەیەکی تری خەڵکی هەرێمەکە کە تەمەنی نەهامەتیەکانی درێژ دەکردەوە. ڕاهاتنیان بوو لەگەڵ کێشەو دەردو بەلاکاندا. ئەو ڕەفتارو خووە دەردێکی ترسناك بوو کە بەلاو نەهامەتیەکانی دەکرد بە هاوڕێی هەمیشەیو تێکەڵ بە ژیانی کۆمەلایەتی دەبوو، لەسەر دەرونو باری کۆمەلایەتیو پێشکەوتنی ژیانی خەڵکی هەرێمەکە دەژیا. لەبری ئەوەی هەوڵی چارەسەرکردن بدرێت، لەگەڵ بەلاو نەهامەتیو کێشەکاندا زوو خۆیان ڕادەهێنا و دەبوون بە دۆستو ئاشنایان، ئەوانیش بە دوژمنی هەمیشەیی.

سەردەمی سەرهەڵدانی دیاردە غەریبەکان بوو، دیاردە کۆنەکان زوو لەبیر دەچوونەوە، یاخود دەبوون بە هاوڕێو لەناخی خەڵکەکەدا خۆیان حەشاردەداو لەسەر ڕۆحیان دەژیان. مێشولەکان قڕیان تێکەوتو نەمان، بەلام فسقلیەکان بەسەر دارو سەربانو ئاسمانی هەرێمەکەدا هەر فڕکەیان دێت. زەعیم هەستیار بەناو بازاڕدا دەخولایەوەو دەیگووت: مێشولەکان ڕۆشتن بەلام دەهۆڵ کوتەکان لەناویان نەبرد. مێشولەکان ڕۆشتنو لەبەرۆکی خەڵکی هەرێمەکە بوونەوە، بەلام ئاسایشەکان جێگایان گرتنەوە. زەعیم هەستیار ڕاستیگووت، ژمارەیەکی زۆر لە پیاوانی ئاسایش لەناکاو پەیدا بوون. بە ڕێگادا دەڕۆشتو دەیگووت: هەر مەملەکەتێك ئاسایشی زۆر بوو نیشانەی نائارامییەو ڕۆڵەکانیشی بەرەو لەنا چوون دەچن. زەعیم هەستیار ڕاستیکرد. هێدیهێدی خەڵك لەناو دەچوون، مردووەکان کە دەدۆزرانەوە نە جێگای پەتو خنکاندن بە ملیانەوەبوو، نە شوێن فیشەك بە جەستەیانەوە دیاربوو. زەعیم هەستیار خۆی یەکێك بوو لەو کەسانەی لاشەکەی بە مردووی دۆزرایەوە. ئەو پیاوە میهرەبانە بە زیندوویی لە منداڵێکی بەریئی پاك دەچوو. کە لاشەکەشیان

دۆزییەوە، وەك ئاژەڵێكی درندەی حەوت سەریان بەردەستكەوتبێت پێستەكەیان گروبوو، وەك مووی تازە لەسەرپێستی برووێنن، جەستەیان شەقارشەقار كردبوو.
خوم چییەکان هەرگیز ئەو ڕۆژەیان لە یاد نەدەچووکە زەعیم هەستیار لە گوزەری دارتاشەكانەوە بەرەو لای ئەوان چوو، پێیگووتن، هەرێمەكە بۆنی هەنگوینی دەگرێت، ئێوەش بۆنی هەنگوین دەگرن. ئارام بگرن تاكو ڕۆحتان پڕدەبێت لە بۆنی هەنگوینو بەرەو ئەو شارە دەچن تاكو لە زوڵمەتی ئەم هەرێمە ڕزگارتان بێت.
هەرێمەكە وردەوردە پڕ بوو لە بەشەری عەجایبو پێیان دەگووتن(ئاسایش). ڕۆژ بە ڕۆژ نائارمی باڵی بەسەردا دەكیشا وەك زەعیم هەستیار گووتی، هەر مەملەكەتێك ئاسایشی زۆر بێت نائارام دەبێت. ئاسایشەكان لە هەموو شوێنێكدا هەبوون، بەرامبەر بە ماڵی (شەوكەت بێوەیی حەمامچی) دوو ڕۆژ بوو دوو ئاسایش چاودێریان دەكردن، هەردوو ئاسایشەكەس دوو كوڕی بەتاڵی دراوسێی خۆیان بوون. شەوكەت لەلای بەرپرسێكی ناسیاوی خۆی گلەیی و گازندەی بەدەست ئەو حاڵەوە كردبوو. ئەویش پێیگووتبوو: وەستا شەوكەت گیان، گلەیی چی دەكەیت؟ هەر تۆ نیت. . . هەرچی حەمامی شارەكەو ماڵە حەمامچی هەیە چاودێری ئاسایشی لەسەرە. گوایە لەم ڕۆژانەدا لاشەیەكی فڕێدراو بەبێ پرسی ئاسایش لە یەكێك لە حەمامەكاندا شۆردراوە. شەوكەت بێوەی حەمامچی بە دۆستە بەرپرسەكەی دەڵێت: هەی گێلە ئەگەر كەسێك مردو شۆردرا، تەواو بووە، ئیتر ئاسایش بۆچی بە شوێنیدا دەگەڕێتو بەر ماڵی ئێمە بەرنادات؟
كابرا بە شەوكەت دەڵێت، ئێوەی حەمامچی فەرقی هیچ ناكەنو لە هیچ حاڵینابن. جیاوازی كەسێك ناكەن بە چڵكنی دێتە ژورەوە بۆ حەمامەكەتانو بە پاكی دەڕواتە دەرەوە. ئەوانیش دەزانن كە كەسێك مرد ئیتر تەواو، خۆ ئەوان بەشوێن مردووەكەدا ناگەڕێن، مردووەكە پێشتر بە زیندویی لەلای خۆیان بووە. مردووەكانی ئەم هەرێمە بۆنی هەنگوینیان لێدێت كە كاربەدەستان هێڵنجی مەرگی پێدەدەن. دەڵێن ئەو حەمامچییەش بۆنی هەنگوینی گرتووە. لەبەر ئەوە بە دوای حەمامچییەكەدا دەگەڕێن. شەوكەت بە سەرسامیەوە لوتی بەدەوری خۆیدا سوڕاندو بۆنی خۆیدەكرد، جگە لەبۆنی هاڵاوی گەرمی حەمام بۆنی هیچیتری لێنەدەهات. زەردەخەنەیەكی شادومانی ڕوخساری گرتەوەو ڕۆشت.
ژمارەی ئاسایشەكان هێندەی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمەكە دەبوون. وەك فسقلیەكان بە هەموو شوێنێكەوەبوون، تاكو بن چپەچپی خەڵكەكە ڕۆشتبوون، هەتاكو كونە لوتی وەستا كاوەو هاوڕێكانی هاتبوون. وتارەكانی وەستا كاوە لە ڕژنامەكانیشدا بۆنی هەنگوینیان لێوەدەهات. بە هەركەسێك دەگەیشت دەیگووت: وەستا بۆنی هەنگوین لە ڕۆحت دێی ئاگاداری خۆت بە. وەستا كاوە خۆی لەبری هەنگوین بۆنی

مەرگی دەکرد، بەتایبەتی ڕۆژانی دوای کە سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی بەرنامەکەی ئۆقیانوسی هێمن بوو. وتارەکان هاوکات بوون لەگەڵ هەڵگیرساندنی ئەو قیامەتەی مرۆڤەکانی بە زیندویی دەسوتان. ژمارەی ئاسایشەکان هەر لە زیاد بووندا بوون. هەر ئاسایشێك دوو ئاسایشی وەك چاودێر بەردەکەوەت. ژمارەیان لە ژمارەی شۆفێری تەکسییەکان‌وکوڕە گەنجە بێکارو بێهیواکان زیاتر بوو.

نیوەشەوێك شێخ بەختەوەر بە بەردەم ئاسایشە خەوتووەکاندا خۆی دەگەێنێتە ماڵی وەستا کاوە. تەق تەق لە دەرگا دەدات، وەستا کاوە لە خەو ڕاناچڵەکێت، هێشتا هەر نەخەوتووە، بەسەر پەرەکاغەزەکاندا وەنەوزی خەوێکی ئارام بە حەسرەت دەخوازێت بۆ ساتێك لە ئامێزی بگرێتو ئاسودە بخەوێت. وەستا کاوە بە ئەسپای دەرگا لە موراد عاشق دەکاتەوە، بەڵام سەرسام دەبێت کە لە پشت دەرگاکەوە شێخ بەختەوەر دەبینێت بە دوو چاوی پڕ لە گومانەوە لە وەستا کاوە دەڕوانێت، بۆنی هەنگوین لە هەناسەی وەستا کاوەوە دێت. بە ئەسپای دەرگای حەوشەکە دادەخەن. شێخ بەختەوەر چاوە کزە خەواڵووەکانی بە حەوشەکەدا دەگێڕێتو سەرنجی وەستا کاوە دەدات. بە شێخ بەختەوەر دەڵێت: چاو بۆچی دەگێڕیت؟ هیچ ڕویداوە بەم شەوە گەشتیتە ئێرە؟ بۆ بێدەنگیت و قسە ناکەیت؟

هەردووکیان لە ژورەوەن، شێخ بەختەوەر دەڵێت: قسەی چی بکەم. . . بۆنی هەنگوین هەناسەی لێبڕیووم، منیش هەر بۆ ئەوە هاتووم کە ئاگاداری خۆتبیت. ئێستاش دووبارە پێتدەڵێم نابێت خۆت دەربخەیت، بۆنی هەنگوین لەگەڵ هەناسەدا لە دەرونت دێتە دەرەوە. هەر لە دورەوە دەتناسنەوە، پیاوەکانی ئاسایش وەك گورگ خەڵك دەناسنەوە. بۆیە بەم نیوە شەوە هاتووم کە خۆت ئاشکرا نەکەیت... هەر چۆنێك بێت دەبێت ماوەیەك خۆت ونبکەیت.

پەستیو نیگەرانی سەرودڵی وەستا کاوەی گرت، بەڵام بە هەڵوێستی شێخ بەختەوەر خۆشحاڵبوو، سەرسامیش بووکە بەشداری ئەو حوکمڕانییە ئیفلیجەیە کە هەموو هەرێمەکەی بەخۆیەوە ئیفلیج کردبوو. ئەو دەمە وەختی هەندێك پرسیار نەبوو، بەڵام خەمی‌تری بەسەر دڵیەوە زیاد نەکردولێیپرسی: هەموو کەس تۆ باش دەناسن، هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە تاکو ئێستا، ئەوەی کە خەڵکی سەرسام کردووە، چۆن هاوبەشی ئەو حوکمڕانییەی کە هەزارەها گەندەڵی بەرهەم هێناوە ؟ ڕەنگە من بەشی خۆم لەنهێنی ئەو حاڵەتە حاڵیبم، بەڵام هەندێك پرسیار هەرگیز غوباری گومان لەسەریان ناڕەوێتەوە، چەند دڵنیابیت لە وەڵامەکی هێشتا هەر ئارەزوتە پرسیارەکە ئاراستەی کەسەکە بکەیت.

شێخ بەختەوەر پاش کەمێك وەڵامی دایەوە، وەک بیر لە خەمێك بکاتەوە، هەناسەکانی گەرمبوون کە وشەکانیان دروست دەکرد. ماندوو بوون‌و خەوهاتن بە

باوێشکێك لە هەناوی هاتنەدەرەوە، خێرا دەمی گرتو گووتی:زۆرجار ویستومە وازبهێنمو پاڵیلێبدەمەوە، بەڵام ڕەنگە هەروا ئاسان نەبێت وەك ئەوەی کە بیری لێدەکەیتەوە. لەو جارانەش زیاتر هەستێکیترلە وازهێنان بە هێزتر هانیداوم لەناو شۆڕشەکەی خۆمدا بەردەوام بم، ڕەنگە هاتنی من بەم نیوەشەوە کەس ئاگادار نەبێت، لەبەر ئەوە ناخرێتە چوارچێوەی هیچ ئەرکو هەڵوێستێك، بەڵام تۆ دەبێت لە هەمو کەس باشتر لە هاتنی من حاڵیبیت. هیچ کاتێکیش نەمویستووە کە جێگای خۆم لەناو شۆڕشەکەمدا بۆ کەسێکیتر چۆڵبکەم. پێشەوایە هەمیشە لەنێوان دواندا کەسی سێیەم پێویستە، لەنیوان دوبەرەدا جێگایەکی خاڵی هەیە بۆ بەرەی سێیەم کە لە ئەزەلدا کەسی سێیەم کەسی دووەمە بەڵام لەبەر غایببونی کەسی سێیەم لەجێی کەسی دووەمدایە. دەبێت جێگایەك بە خاڵی نەهێڵینەوە لەنێوان دووبەرەدا کە بەرەی سێیەم لە جێگای بەرەی دووەم بێت، ئەم کارە ڕووبەڕوبوونەوەی نزیكو ترسناکی لێدەکەوێتەوە، چونکە دوورە لە بنەما ئەزەلیەکانەوە کە بەندە بە گرنگی بوونی چەمکی ژمارە "سێ".

وەستا کاوە وردەوردە بەرەو دونیای سەرسامی ڕۆشت، بابەتەکەیان ڕەوتێکیتری وەرگرت. ئەم باسە پێش چەندین ساڵ لەمەوبەر لەسەرزمانی ئۆقیانوسی هێمنەوە گوێ بیستیببوو. گووتی: وەك لەزەمەنێکیتردا هەمان باسم گوێ لێبوبێت گرنگە بە یادەوەریەکاندا بچمەوە، ئەم کارە ئێستاش بیری تەنیووم پێداچوونەوەی یادەوەریەکانە بەنیازی تەواو کردنی کەموکوڕیەکان. ڕەنگە بابەتەکانیش پەیوەندیان پێکەوە هەبێت تاکو ئەو ئاستەی یەك بەیەکی وشەکان لەسەر زارێکەوە پژابن. ئەو بەرنامەیەش من هەوڵی بڵاوکردنەوەی دەدەم. لەسەرگرنگی بنەماکانی چەمکی"سێ" دامەزراوە.

ئەو شەوە درەنگ بوو، هێندە بواریان نەبوو لەسەر ئەو بابەتە قسەبکەن، شێخ بەختەوەر هەر بۆئەوەندە هاتبوو کە وەستا کاوە لە مەترسییەکانی ئەو ڕۆژگارەی ژیانی ئاگادار بکاتەوە. وەستاکاوەش دوای ئەو شەوە زۆر نەمایەوە کە جارێکیتر بە شێخ بەختەوەر بگاتلەسەر بەرنامەکەو بابەتەکان گفتوگۆ بکەن. بۆنی هەنگوین وردەوردە هەرێمەکەی پڕدەکرد. زەعیم هەستیار وەك ماخۆلانێك دوای مەرگی خۆی بکەوێت، هەمیشە بەناو بازاڕدا دەسوڕایەوەو مژدەی شارێکی ئارامی بە خەڵك دەدا کە وەك دایك خەڵکی هەرێمەکە لە ئامێزدەگرێتو لە زوڵمەت ڕزگاریان دەبێت.

شەڕ نەبوو بەڵام بە ساڵی جەنگ دەچوو، جەنگێکی شومی بێ بۆمبا. هەندێك جار بۆمبای دوژمن میللەت وریا دەکاتەوە بەرەو یەکگرتنو زانستو خوێندەواری بچن، وەك ئەو بۆمبایەی کە ژاپۆنی نوقمی مەرگ کرد. وریابوونەوەکە لە خودی بۆمباکەدا نییە، لە خودی بە خۆداچوونەوەی ئەقڵێتی خەڵکەکەدایە بەرامبەربە وێرانکاریو

نەهامەتیەکانی بۆمباکە. جەنگی بێبۆمبای هەرێکەی ئێمە زۆر ترسناکتر بوو، دەنگی نەبوو بەخۆماندا بچینەوە، ڕەنگی نەبوو تابیبینینو خۆمانی لێبپارێزین، مەرگی پێبوو، مەرگی بە زیندویی ناشتن. لەناو فەردە دۆلاردا دەردی برسێتی بڵاببووەوە، پروپاگەندەی عەولەمە تاکو بنەقاقای هەموو کەسێك هاتبوو، کەچی نەخوێندەواری وەك تۆزی دوای" ناپاڵم" بەسەر هەموو ماڵێکدا دەباری. هەموومان وڕبووین، وەك هاکا کارەساتیکی جەرگبڕ ڕوویدات. شەوان کەس گوێی لەدەنگی ساچمەزەنێك نەبوو، بەیانی لاشەیەکی شەڵتان لە خوێندا دەدۆزرایەوە. ساڵێکی پڕ لە مەرگە سات باڵی بەسەر هەرێمەکەدا کێشابوو، بە ساڵی قاتوقڕی دەچوو، کەچی هەموو شتێك لە سنورەکانەوە بە ئاسانی دەگەیشتە هەرێم. شەکرو ژەهرو دەرمانو تلیاك... چی پێویست بوایە بە خێرای دەگەیشت.
بۆنی هەنگوین وەك هەور بەسەر ئاسمانی هەرێمەکەدا پەنگی خواردبووەوە، هەنگوینیش وەك روبارێکی یەك ڕێچکە بەردەوام دەڕژایە ناو شارەکان. ئەوەی جێگای سەرسوڕمانو نیگەرانی بوو، دەستەی حوکڕانی بە چاوی پڕ لە نهێنیو گومانەوە تەماشای هەنگوینەکەیان دەکرد. هەموو سەر سنورەکانیان قایم گرت کەچی هەنگوین هەر بە لێشاو دەڕژایە ناو شارەکانەوە. زەعیم هەستیاریش لەسەر ئاوازەکەی خۆی بەردەوام بوو. بەیانییەك وەك ڕۆژانی پێشوتر لە ماڵەوە هاتەدەرەوە، لە کۆلانەکانەوە بەرەو ناو بازاڕ بە ورتە ورت گلۆر بووەوە. هەستی بەبۆنی هەنگوێنێکی شیرین کرد، بۆنی هەنگوین وردە وردە سنگی پڕکرد. ویستی مژدەی ئەو بۆن هەنگوینە بە خەڵك بدا، بەدەم ڕۆشتنەوە گووتی: بۆنی هەنگوین... قغ... قغ... قغ لەدواوە قورتمیان گرت. ئەوە دوا وتەو دوا بەیانی زەعیم هەستیاربوو، ئیتر کەس بەزیندوویی نەیبینییەوە. بەمردویش کە دۆزییانەوە هەموو لاشەکەی شەقار شەقار کرابوو.
فسقلیەکان ماوەیەك بوو بێدەنگ بوون، لەڕاستیدا ئەوان بێدەنگ نەبوون هەمیشە سەرقاڵی پلانی خۆیان بوون، بەڵام لە هزری خەڵکدا لەناوتەمو مژی نەهامەتیەکاندا شکڵیان لە بەر چاوی خەڵکدا کاڵببوونەوە. چەند ڕۆژێكبوو بەسەر درەختە بەرزو بورجەکانەوە ڕووەو خوارەوە ڕامابوون، تەنها خواو خاوەنەکانیان دەیانزانی چییان لە ژور سەردایە، ئەوانیش بۆنی هەنگوینیان کردبوو. بۆنی هەنگوین نەك ناو شارەکان سنوری هەرێمەکەشیان بەزاندبوو تاکو گەشتە بنگوێی مێژووی دراوسێکان. مەملەکەتەکانی دراوسێمان لە ئێمە زۆر وریاتربوون، لەمێژبوو ئاگاداربوون هەگبەی هەرێم چیتێدایە، لەخۆمان شارەزاتربوون کونا وکونی هەرێم. بۆنی هەنگوینیش جارێکیتر مەستی کردن، پەڕە پەڕە دەفتەرە خوێناوییە کۆنەکەی مێژویان هەڵدایەوە

تاکو گەشتنە سەر زەمانی حەوت باپیرەگەورەی لەمەو پێشیان کە پاش شەڕی چاڵدێران هەرێمە گەورەکەیان بەسەر خۆیاندا دابەشکردبوو.
بەرەبەیانیەك زوو پێش ئەوەی خەو هەناوی خەڵکەکە بەربدات، وەفدێکی سەربازی لەسنورەوە بە پێشوازییەکی گەرم گەشتنە ناو هەرێم. وەفدەکە زۆر نەمانەوە، چەند کاتژمێرێك لەگەڵ فسقلیەکاندا کۆبوونەوەو دواتر هەرێمەکەیان بەجێهێشتو بەرەو مەملەکەتی خۆیان گەڕانەوە. پێش ئەوەی بڕۆنەوە داوای لێبوردنیان لە دەسەڵاتدارانی هەرێم کرد بەهۆی فسقلیەکانەوە توشی دەردی سیلو گولی هاتبوون. ئەوەشیان پێڕاگەیاندبوون کە سبەینێ بەیانی زوو هەر هەموویان کۆچدەکەنو هەرێمەکە بە جێدەهێڵن.
ڕۆژی دواتر فسقلیەکان ڕۆشتن، بەڵام بۆ مەملەکەتی خۆیان نەگەڕانەوە، لەشێوەی سوپایەکی نیزامیدا ڕیز بەند ڕاوەستابوون. وەك خۆیان بۆ هێرشێکی خوێناوی ئامادەکردبێت، چاوەکانیان خوێنی تێزابوو، تەپەی دڵیان دەگەشتە دەرەوەی هەناویان. ئەوانەی ئەو بەیانییە فسقلیەکانیان بینیبوو، گووتیان:بەرەو باوانیان نەگەڕابوونەوە، ڕووەو چیا هەزار بەهەزارەکان هەڵفڕیبوون. دەمەو ئێوارەی هەمان ڕۆژ قاچاغچییەکانی مەرزەکانی سەر سنور فسقلیەکانیان بەسەر ئاسمانی هەرێمەکەوە بینیبوو، وەك لەشکرێکی شکاو بە پەڕوباڵی هەڵپڕوسکاوەوە بە ڕیتمێکی شێواو دەفڕینوبەرەو مەملەکەتی خۆیان دەگەڕانەوە. هەر قاچاغچییەکان بوون بە نیگەرانیەوە گووتیان، بە ئاسمانەوە ڕیقنەی شلو ڕەنگ سپیان فڕێدا بووکە نیشانەی مەلی نەخۆشو سکچووی پێوەدیار بوو. ترسو گومانی خەڵکی هەرێمەکە لەو ڕیقنە بارانە بەو جۆرە نەبوو کە لێکدانەوەیان بۆی هەبوو، تەنها کاریگەری چزوی هەنگە تورەکان بوو کە فسقلیەکانی بەو دەردە بردبوو.
کوژرانی زەعیم هەستیار دوا تاوان نەبوو، بەبێ ئەوەی گوێ بە نیگەرانیو بێزاری خەڵك بدرێت ڕۆژانە لاشەی هاوشێوەی زەعیم هەستیار بەشێواویو زەلیلی دەدۆزرایەوە. سەرهەڵدانی دیاردەکان لەبیر خەڵك چوونەوە، مێشولەو فسقلیەکانیش ڕۆیشتنو قڕیان تێکەوت، بەڵام نەهامەتیەکان وەك خۆیان بەسەر ئەستۆی خەڵکی هەرێمەکەوە مانەوە. تاکە ڕوناکییەك لە هەرێمەکدا کە ڕۆشنای بە دەرونی خەڵك دەدا بۆنی هەنگوین بوون وەك شنەیەکی فێنکی هاوین جەستەی ماندوی ڕێبواران ئاسودە بکات، هەنگوینیش ڕۆحی خەڵکی هەرێمەکەی ئاسودە دەکرد.
وەستا کاوە ئیتر کەمتر دەرکەوت. خۆێشی هەستی مەترسی دەکرد. بە کۆمەڵێك هاوڕێی دێرینیان شادبوونەوە کە هەر هەموویان مەیلیان لەسەر بەرنامەکەی ئۆقیانوسی هێمن هەبوو بۆ چارەسەرکردنی بارو دۆخی هەرێمەکە. بڵاوکردنەوەی بەرنامەکەی بە بەربەست گەشت، سەردانی چەند ڕۆژنامەیەکی کرد، بەڵام لە هەر

هەموویان بێئومێد بوو، کەسیان ئامادەنەبوون بەرنامەکەی بۆ بڵاوبکەنەوە. دواین کەس سمکۆی ڕۆژنامەنوسی برادەری بوو. سمکۆ هەموو ڕاستیەکانی لە وەستا کاوە گەیاند کە بۆچی ناتوانێت بەرنامەکەی بۆ بڵاوبکاتەوە. ئەو ئێوارەیە وەستا کاوە بە دڵێکی گوشراوو نیگەرانیەوە گەڕایەوە بۆماڵەوەو لە ڕێگادا بە بەر پەنجەرەکەی ماڵی زەعیم هەستیاردا تێپەڕی. گوێی لە ورتەورتی زەعیم بوو لەژورەوە قسەی بۆخۆی دەکرد. وەستا کاوە ئیتر نەیتوانی لەناو شاردا بمێنێتەوە.

موراد عاشق وەك خەبەرێکی کتوپڕی بیستبێت بە پەلە خۆی گەیاندە ماڵی وەستا کاوە. وەستا کاوەی قەد وەك ئەمجارە نیگەران‌و پەشۆکاو نەبینیبوو، وەك بەنێو بازاڕی هەنگوین فرۆشانیشدا ڕەتببیت، بۆنی هەنگوین لە ڕۆح‌و هەناسەی دەهاتە دەرەوە. موراد بەودوو حاڵەتەی وەستا کاوە زۆر سەرسامبوو، خۆی بیرچووەوە، هەر لە یادیشیدا نەما کە بۆچی هاتووە. بەئەسپای بۆنی بە هەناسەی وەستا کاوەوە دەکردو سەرجی چاوە پڕ لە خەمەکانیشی دەدا. بە بێدەنگی بە وەستا کاوەی گووت:ئای چ بۆنێکی خۆشت گرتووە...ئەی بۆچی وا غەمباریت؟ وەستاکاوە هاتنی دوێنێی شێخبەختەوەری بۆ گێڕایەوە. گوتیشی دەبێت ئەم مەملەکەتە بەجێبهێڵم کە بۆنی خوێنی گرتووە، بەمن چی کەخۆم بۆنی هەنگوین لە هەناسەم دێت، کەخۆم بۆنی مەرگ کاسی کردووم. من نیگەرانی ئەوەم کاتی هەڵهاتن نییە، دەمویست بەرنامەکە بەشوێن‌و کاتی خۆی بگات.

جارێکیتریش کەناڵەکان بەهۆی دەپەڕاندنی فسقلیەکان کردیانەوە بە شاتە شات. هەرچی برسی‌و بێکارو ئاوارەودایکی کوڕ ونبوو هەبوو داچڵەکین. هەر کەسێك شادومانی خۆزگەی خۆی بوو، بەڵام بە داخەوە شاتەشاتەکە ئاواتی کەسی نەهێنایەدی، ئەوەی کە ئەوان گووتیان خەڵکەکە پێشتر خۆیان بیستبوویان.

نەمانی فسقلیەکان لە هەرێمەکەدا هاوکات بوو لەگەڵ وەرگرتنی پۆستی وەزارەتی عیلم بۆبەڕێز( بەندەر ئەربیلی). بەو دووبۆنە گرنگو مێژوییەوە ئاهەنگ لە سەرتاپای هەرێمدا سازکرا بە بەشداری مەجە دۆمو فەرمەجە قۆڕ. شەو تاکو بەیانی هەردووکیان یەك بینە گۆرانیان دەگووت، دەهۆڵ کوتەکانیش زرمەیان دەهات. پیاوانی ئاسایشیش سەرقاڵی کلك بادان بوون تاکو بەندەر ئەربیلی لێیان ڕازیبێت. دوو وەزارەت لەبەر بێجێگای بوون بەیەك. وەزارەتی فەلەك‌و وەزارەتی ئاهەنگ سازی. بەندەر ئەربیلی بوو بە وەزیری نوێی هەردوو وەزارەتەکەو ناونرا( وەزارەتی عیلم). گووتیان مەسەلەکە نەبوونی جێگانەبووە کە هەردوو وەزارەتەکەیان کرد بوو بەیەك وەزارەت. لەوکاتەدا کە وەزارەتەکانیان دابەشکردبوو، بەندەر ئەربیلی بە ئیشوکاری بازرگانی تایبەت بەخۆی لە دەرەوەی هەرێم دەبێت. لەدابەشکردنەکەدا ئەویان لەبیر دەچێت، "ڕەنگە بە مەبەستیش بیریان

چووبێت". كاتێك بەندەر ئەربیلی دەگەڕێتەوە زۆر پەستو نیگەران دەبێت. پۆستە بەرزەكانیش جێگای گیراوە، كەس جێگای خۆی بە كەسیتر نابەخشێت. تەنها وەزارەتی فەلەكو وەزارەتی ئاهەنگسازی جێگاكەیان بە بێ خاوەن ماوەتەوە، هەرچەدە خۆی پێشتر وەزیری فەلەك بوو. ئەویش بە هیچ كامیان قایلنابێتو دەڵێیت: ئەو دوو وەزارەتە لە ئاستی شانو شەوكەتی مندا نین، دەبێت هەردوو وەزارەتەكەم بۆ بكەن بەیەك. هەردوو وەزارەتەكەیان بۆ دەمجكردو بوو بە وەزیری نوێی وەزارەتی عیلم.

من بەندەر ئەربیلیم نەدەناسی، بەڵام گووتیان پەنجا دەر سەد ئەو پۆستە نوێیە قابیلی بەڕێزیانە. پیاوێكی بەزەوقو خۆشئاهەنگە، سەرچۆپی هەر لەخۆیدێت، زۆر بە سەلیقەیە بۆ سازدانی ئاهەنگ، زۆربەی شایەرەكانیش دەناسێت. بەڵام بۆ بابەتی دووەم كە وەزارەتی فەلەكبوو، دەڵێن تاكو ئێستاش باوەڕ ناكات كە زەوی خڕبێت. گووتبووی، ئەگەر زەوی خڕبێت ئەوانەی ژێرەوە چۆن ناكەونە خوارەوە؟ دەڵێن زۆر قۆشمەچیو قسەخۆشو نوكتەزانیشە. لەدوای هەر ڕستەیەك قسەیەكی خۆش دەكات. كەس وەڵامی ناداتەوە. بە پێكەنینەوە دەڵێت: ئەوە بۆچی بێدەنگن گەوادینە؟ دیارە قسەی منە...خڕیچیوتڕی چیو تەڕەماشی چی. یەكێك لە دارودەستەكەی بە قەشمەری پێیدەڵێت: قوربان گیان ئەوانەی كەتۆ باستكردن لەبەشی سەرەوەی گۆی زەوین بۆیە ناكەونە خوارە، ئێمەین كەوتوینەتە بەشی خوارووو. وەزیر دەڵێت: قسەی قۆڕ...! ئەی ئێمە چۆن ڕاوەستاوین ئەگەر لەبەشی خوارەوەبین؟ ئەگەر وابێت دەبێت سەرەو خواربین، ئەگەر سەرەو خواریش بین چۆن كڵاوەكەی سەری باوكت ناكەوێتو بەسەریەوە ڕاوەستاوە؟

دەهۆڵ لێدان گەرمبوو، دەنگی دەهۆڵو زوڕنا تاكو حەوت مەملەكەت دەڕۆیشت. مەجە دۆمو فەرەجە قۆڕ یەك بینە گۆرانیان دەگووت. مەجە وەك ئاهەنگی پێشوتر بۆی نەلوابوو لەناو ژاوەژاوی خەڵكدا قسەی سوكو جنێویش بكات بە گۆرانی، جاربەجارێك پشویدەدا. بەڵام فەرەجە قۆڕ وەك بە كارەبا ئیشبكات ڕاوەستانی بۆ نەبوو، خەمی قۆڕبوونیشی نەبوو، خۆی قۆڕ بوو. ئەم ئاهەنگەیان چۆڵ بوو، كەسنەهات. چەندە گەرمیان كرد بێسود بوو، كەس بەدەنگی دەهۆڵیان هەڵنەپەڕی. جگە لە پیاوەكانی ئاسایشو چەند پۆلیسێك، كەسیتر ئامادەی ئاهەنگەكەیان نەبوو.

ئاسایشێك گووتی: سەیرە كەس تاكو ئێستا نەهاتووە؟ خۆ ئاهەنگەكە گەرمو گوڕە، دیارە ڕۆشتنی فسقلیەكانیان پێخۆشنەبووە.

ئاسایشەكەی برادەری گووتی: باوەڕناكەم كەسێك لەم هەرێمەدا ڕۆشتنی فسقلیەكانی پێناخۆشبووبێت. ڕەنگە بەڕێز وەزیر بەندەر ئەربیلیان خۆشنەوێت؟ هەرئەوەیە پۆستە تازەكەی پێڕەوا نابینن.

ئاسایشــی یــەكــەم جــار، زووزووو وەك مــاخۆلان دەجولآیــەوە، وەك گیــانی توشــی ئالۆشان بووبێت. پاشەڵی شەڕواڵە شاڵەكەی لەنیوان هەردوو سمتیدا دەرهێنایەوەو گووتی: بەخوا ئەم قوماشە زبرو ناخۆشە، هەموو گیانی خستوومەتە خوراندن.
برادەرەكەی پێیدەڵێت: ناشێ لە ژێرەوە شتێكی‌ترت لەبەر نەكردبێت، هەی كەرە من وام بیستووە لەژێر شەرواڵی شاڵەوە دەبێت دەرپێیەكی خامی درێژ لەبەربكەیت. لەسەر دوانی وەك تۆوە قسە بەئێمەش دەڵێن، كوێرا پارەی ئەم مانگەت دا بە ڕانكو چۆغە؟ ئەرێ بۆ خۆت لە باسەكە دزیەوە.
خۆم نەدزیەوە، ئەم ئالۆشەی گیانم بیری بردمەوە. نازانم باسی چیمانكرد...ئا بیرمكەوتەوە. بۆچی پێی‌ڕەوانابینن؟ خۆ چەندو ئەوەنە ساڵ لە دەرەوە بووە.
پۆلیسێك لە نزیكیانەوە گوێرایەڵی قسەكانیان بوو. سمێڵە تازە گوگرەكانی بەدەستە بێ‌تفەنگەكەی بادەدات. لەئێستاوە خۆی ئامادەدەكرد كە لە داهاتوودا پێبڵێن " عەریفە سمێڵ قنجەكە"
بەبزەیەكی گاڵتەجاڕی گووتی: زەحمەت نەبێت خوێندەواریتان هەیە؟ هەردووكیان پێكەوە گووتیان" بەڵێ". ئاسایشێكیان بەتەنیا گووتی: بەڵام قەڵەمان پێنییە. ئەویتریان خێرا قەڵەمێكی لە گیرفانیدا دەرهێناوگووتی:فەرموو...! دوور لە حزورت ئەو گوی خوارد. پۆلیسەكە قەڵەمەكەی وەرنەگرت، گووتی: سوپاس داوای قەڵەمم نەكرد، پێویستم پێینییە. ئاسایشەكەی‌تر بەتوڕەییەوە بە برادەرەكەی گووت: كوڕی كەرێ پێش تۆزێك‌لەمەو پێش داوای قەڵەمم لێكردیت بۆچی گووتت پێم نییە؟ ئەویش گووتی: بەڵێ پێم نییە، ئێستاش دەڵێم پێم نییە..پێم ناڵێیت تۆ قەڵەمت بۆچییە؟
پۆلیسەكە ئارامی كردنەوە. ئەوانیش هاتنەوە سەر خۆیان، بەپۆلیسەكەیان گووت: كە قەڵەمت پێویست نییە بۆچی لە خوێندەواری ئێمە دەپرسیت؟ یان دەتەوێت ناكۆكی بخەیتە نێوانمانو بەشەڕمان بدەیت.
پۆلیسەكە بە هێمنی پێیگووتن، ئەقڵتان هەبێت كە ئێوە خۆتان بە خوێندەوار دەزانن...! دەڵێی لە گوێی گادا نوستوون، ئاهەنگی چی‌و گۆرانی چی،كێ بەمقیامەت بارانە حەوسەڵەی ئاهەنگو هەڵپەڕكێی هەیە؟ لەو منداڵە دەست گێرانە چاوڕوانی كەسیتر نەكەن بۆ ئاهەنگ بێت. ئەم بەیانییەش دوو لەشەی تریان دۆزیوەتەوە، ڕەنگە ئەوان یەكەم كەسبن بەبەرگی خوێناویەوە بۆ ئەم ئاهەنگە بێن.
هێشتا هەر كەس نەهاتبوو پەیتا پەیتا ماشێنەكان دەگەیشتنو ئاسایشی تریان دادەبەزاند. ژمارەی ئاسایشەكان لە ژمارەی دانیشتوانی هەرێمەكە زیاتر بوو، كەس نەیدەزانی ئەم هەموو ئاسایشە بۆچی بەرهەم دەهێنن.
بەندەر ئەربیلی لەناو ئاهەنگی خۆیدا پیشی خواردبووەوە. ناوبەناو لەگەڵ دەوروپشتیەكەیدا بە چرپە قسەی دەكرد، بەڵام ئەوەی گومانو جێی پرسیارە، ئاخۆ

چی گووتبێت؟ لەبەر دەنگی دەهۆڵو زوڕنا كەس گوێی لە وشەی كەسیتر نەبوو. ڕەنگە جنێو بەخەڵكی هەرێمەكە بدات كە ئاهەنگی سازكردووەو كەس نەهاتووە. جگە لەم ئاسایشە خوێڕیانە كەسیتر نەهاتووە، ئەوانیش دەبێت هەمیشە پارو بكرێت بە قورگیاندا، چاوچاو لەو هەموو منداڵە بەڕەڵاو هیچو پوچانە، منداڵوكاسپییان گوتووە؟

وەزیر بەندەر ئەمجارەش چرپاندیەوە. ڕەنگە پێیوابێت خەڵك لە دوورەوە بە دەنگی دەهۆڵ زوڕنای ئاهەنگەكە ڕیزی هەڵپەركیان بەستبێت، وەك دەڵێن :"دەنگی دەهۆڵ لەدوور خۆشە"

منداڵە دەسگێڕەكانیش بێزار بوون. تفیان لە بەختی خۆیانو ئاهەنگەكەی بەندەر ئەربیلی دەكرد، هێشتا بایی فلسە سورێك شتیان نەفرۆشتبوو. بەندەر یەكبینە پیشی خواردبووەوە، لێوەكانی هەڵدەلەرزین وەك لەژێرەوە جنێو بە زاڵمێك بدات. هەورێكی ڕەشو چڵكنی چڕ لەناوەختا بووبە چەتری شارەكە. سەری بەرەو ئاسمان هەڵبڕی، هیچی نەگووت، بەڵام نیازی بوو كە بڵێت، تۆش شەڕی خۆڕایمان پێدەفرۆشیت. لە دووریشەوە تارمایی حەشاماتێكی گەورە بەرەو لای ئەمان بە ڕێگاوەبوون، لە كۆمەڵە مەخلۆقێكی بێدەنگو توڕەدەچوون. بەندەر ئەربیلی سەری لە ئاسمان داگرتو دووراودوور تەماشای خەڵكەكەی دەكرد، شانی كەوتە جوڵە بۆ هەڵپەركێ. مەجە دۆمو فەرەجە قۆڕو دەهۆڵو كوتو زوڕنا ژەن لە هەوای گەرمی خۆیاندا بوون. منداڵە دەسگێڕەكانیش هاوارهاواریان بوو، كەس نەیدەزانی كە چی دەڵێن، بەڵام ڕوویان لە جەنابی وەزیر بوو.

جەنابی وەزیر كەوتە گومانو دوو دڵی لە خەڵكەكەی كە بەرەو لای ئەمان دەهاتن. دەستی ڕاستی كرد بەچەتر بۆ چاوەكانیو لەدوورەوە بە تێرامانەوە دەیڕوانی، دەیویست شتێك حاڵیببێت. شیرەی مەجەو فەرەجو منداڵەكان دەگەیشتە كەشكەلانی فەلەك. دیاربوو جەنابی وەزیر حەوسەڵەی لێبڕابوو، ترسو نیگەرانی بە ڕوخساری ڕەشیەوە دیار بوو، هەستایە سەرپێ، شەقێكی لەبن هەنگڵی مەجە هەڵدا. مەجە كەوتە بۆڕەبۆڕ، " ئای باوكە گیان منیش قۆڕ بووم". دەنگی دەهۆڵو زوڕناو فەرەجە قۆڕ پێكەوە لەیەك كاتدا كپبوو، تەنها دەنگی ئەو منداڵە بیسترا كە هاواریدەكردو دەیگووت: پارەی ئەو ئاهەنگە بۆچی نادەن بە منداڵەكان، ئەی وەزیری مل پان. منداڵەكە لەو باوەڕەدا نەبوو لەپڕ هەموو دەنگەكان كپكرێت بە تەنها دەنگی ئەو ببیسترێت، پێشتر لەناو دەنگی دەهۆڵدا هەزارەها جنێویان بە گۆرانیەوە بە جەنابی وەزیر دابوو. كەمێك پەشۆكاو وەك تیسكەی تفەنگ بۆی دەرچوو، بەڵام زوو گرتیانەوە، ئاسایشەكان ئەوەندە زۆر بوون تفت هەڵبدایە ناوچەوانی ئەوانی دەگرتەوە.

جەنابی وەزیر وەختەبوو شەق بەرێت، لەبەر خۆیەوە گووتی: گووی ئێوەش بەسەرمان. چاویشی هەر لەدوور بوو لەسەر خەڵكە زۆرەكە. ئەوان نزیك ببوونەوە، كۆمەڵێك خەڵكی هێمنبوون كە ناو چاوەكانیان تورەیی پێوە دیاربوو. دوو لاشە بەسەر شانی چەند كەسێكەوە لە پێش خەڵكە كەوە دەڕۆشتن.

بەندەر ئەربیلی پۆستی تازەی بەختی باشی نەهێنا. مەجە دۆم لەسوچێكدا هەڵتروشكابوو، دەستی توند بە گونیەوە گرتبوو نوزەی دەهات. فەرمەجە قۆڕی برادەدەری دزەنیگایەكی قەشمەری بە بزەوە تێگرتو بە ئەسپای پێیگووت: پێم وایە تۆش قۆڕبوویت؟

بەندەر ئەربیلی هەمیشە چاوەكانی بەبێتروكاندن لەسەر كۆمەڵە خەڵكەكەبوو، زۆر شپرزەو پەشۆكاو دیاربوو. ئاماژەی كرد كە مەجە دۆمو فەرمەجە قۆڕو دەهۆڵ ژەنو زوڕنا لێدەرەكە دوور بخەنەوە. دەهۆڵەكە لەسەر لا لەلایەوە كەوتبوو. جەنابی وەزیر هەمووقینو داخی دڵی بە دەهۆڵەكە ڕشت، وەك پاڵەوانێكی مەیدان بە هەموو هێزو توانای خۆی شەقێكی پڕی لە دەهۆڵەكە سرەواند. دەهۆڵی داماو بێئاگابوو لە بارودۆخی شێواوی بەندەر ئەربیلی، وایدەزانی خاوەنەكەیەتی دومبگی تێدەسرەوێنێت، دەهۆڵ ناڵاندی، دەنگی حەوت مەملەكەت ڕۆشت، بێدەنگی ئەو ساتەی ئەو ناوچەیەی شكاند، چی ئاسایش هەبوو وەك دەرزی بە بندا گوێیاندا بكرێت ڕایچڵەكاندن. جەنابی وەزیر هێندەیتر پەشۆكا، هۆشی لای خۆی نەما، نەیدەزانی لە كوێدایە، تەواو لە خۆی ونببوو. چاوی بەدەورو پشتی خۆیدا دەگێرا، ڕقی لە هەموو كەسێك دەبووەوە. لەپەنا مایكرۆفۆنەكەدا ڕاوەستابوو كە لەبەر خۆیەوە گووتی" گەوادینە". مایكرۆفۆن لە بەختی وەزیر كرابووەوە. وشەی گەوادینە گوێی هەموویانی پڕكرد.

ئەو كۆمەڵە خەڵكەی دوو لاشەكەیان بەسەر شانەوەبوو نزیكبوونەوە. ئەوانیش لەترسی گیانی خۆیان لەدەوری یەكتری خڕبوونەوە، كەس نەیدەزانی بۆچی دەترسن؟ خۆ هیچیان نەكردبوو، بەڵام دوولاشەكە زۆر نەهامەتیو خەموو ئازاری بەبیر خەڵك دەهێنایەوە. دەهۆڵو زوڕناكەیان لابردو لە جێگای ئەوان ڕەشاشەكانیان دانا. هەر هەموویان لەدەوری وەزیرەكەیان كۆبوونەوە، پیاوەكانی ئاسایش لە ڕیزی پێشەوە وەك دیوارێك ڕاوەستابوون، دەمانچەكانیان بە ڕووتی بە دەستەوە بوو وەك شوڵكە بیش هەڵدەرەزین. كۆمەڵە خەڵكەكە بە لاشەكانی سەرشانیانەوە گەیشتنە گۆڕەپانەكە. لاشەكان هێشتا دڵۆپ دڵۆپ خوێنیان لێدەتكایە سەر زەوییە خۆلاویەكەو دەنكۆكەی قوڕی خڕی ڕەنگ سوریان لێدروستدەبوو.

جەنابی وەزیر لە دوای دواوە بە ئاستەم سەرە تۆخە قەترانییەكەی دەبینرا، هەموویان ڕەنگ پەشۆكابوون. خەڵكەكە وەك ئەوان نەبینن هەر تەماشاشیان نەكرد.

لەگۆڕەپانەكەی كە ئاهەنگەكەیان لێ سازكردبوو ڕانەوەستان، لەسەر ڕۆشتنی خۆیان بەردەوام بوون تاكو ڕەتبوونو لەبەر چاو ونبوون.
جەنابی وەزیرو برادەرەكانی سەرسامبوون، پێكەنینیان بە حاڵی خۆیان دەهات، هەموویان پێكەوە ئاهێكی ئاسودەیان هەڵكێشا. خۆر بەرەو ئاوابوون دەچوو، ڕەنگی زەردو كزو ماتبوو، لەوسەری ئاسمانیشەوە وردەوردە تاریكی سەری هەڵدا. پەڵە هەورە ڕەشەكانیش ئاسمنیان بە جێهێشتو ئاسمانو ئەستێرەكان خەریك بوو دەردەكەوتن. جەنابی وەزیر كە پۆستی دوو وەزارەتی فەلەكو ئاهەنگسازی پێكەوە وەرگرتبوو، بە خۆشحاڵیەوە كە لە نەهامەتییەك ڕزگاری ببوو، بە چاوی فەلەك ناسێكەوە بە ڕامانەوە تەماشای ئاسمانی دەكرد. ویستی شتێك بڵێت، بەڵام بێدەنگبوو، نەیدەزانی چی بێژێت. هەموو خەڵكەكەی دەورو پشتیو ئاسایشەكانیش بە نیگای ئەو ڕووەو ئاسمان ڕامابوون، چاوەڕوان بوون جەنابی بەپێی عیلمی فەلەك دەربارەی ئاسمان شتێكی تازەو نەبیستراو بڵێت، بەڵام هەر هیچی نەگووت. ئارامیان لەبەر هەڵگیرا، ملیان شل بوو كە وەختەبوو سەریان بكەوێتە خوارەوە، جەنابی وەزیر حاڵی لە هەموویان خراپتر بوو. ملی تەواو شلببوو چونكە سەری لە هەموویان زلتربوو. دەیویست شتێك بڵێت، بەڵام نەیدەزای چی بڵێت؟هیچی نەدەزانی سەبارەت بە عیلمی فەلەك. كارگەیشتە ئەوەی هەموویان سەریا شۆڕبكەنەوەو لەو میحنەتە ڕزگاریان ببێت. وەزیریش هەستی بە نائارامیو ماندووبوونی ئەوان كرد بوو، خۆیشی نەیدەویست لەوەزیاتر چاوەڕوانبن. دواجار لەسەر ڕیتمێكی خاو گووتی: ئاخۆ ئەو ئەستێرانە چەند دووربن؟
ئەستێرەیەك لە دەمی دەركەوتندا بەرەو دۆڵەكانی گەردوون تاكو حوكمی چاو بڕیكرد كشا. جەنابی وەزیر ڕەنگی گۆڕا، چاوەكانی زەق وەك چاوی تازە مردوو تروكەیان نەدەهات، خوێن لە دەمارەكانیدا لە جوڵەو سوڕان كەوت، دەدگووت پەیكەرە ڕووەو ئاسمان ڕاوەستاوە. هەموویان هەستیان بەو حاڵەتە كتوپڕەی وەزیرەكەیان كرد، سەرسامبوون ئاخۆ چی ڕویدابێت؟ جەنابی وەزیر بە ئاستەم جوڵەی تێكەوت، لێوەكانی دەلەرزین، لەناخیدا ترسێكی گەورە هەبوو، هەر بەو دەروونە پڕ لە ترسەوە گووتی: بینیتان؟ گووتیان: چی قوربان؟ گووتی: ئەو ئەسترەیەی بەرەو فەنابوون كشا.
گووتیان: بەڵێ بینیمان...ئەی چۆن ئەو ئەستێرە گەورەیەمان نەبینی تاكو ونیشبوو ئاسمانی ڕۆشنكردەوە. بەڵام ئەوە مانای چییە؟ تۆ بۆچی بەو جۆرە پەشۆكاویت، چ پەیوەندییەكی بە تۆوە هەیە؟
وەزیر وەك لە قسەكانیان نیگەرانبێت بە غەمباریەوە گووتی: چۆن پەیوەندی بە منەوە نییە، ماوەیەك پۆستی وەزارەتی فەلەك لە ئەستۆی منداوە، زۆرجارم

بیستووه ئەگەر ئەستێرەیەك بكشێت پیاوێكی گەوره دەمرێت. ئەمڕۆ بەختم باشناهێنێت، ئەم پۆستە نوێیەم پێوەنەهات" مانگە شەو سەر لە ئێواره دیاره". چۆن پەیوەندی بە منەوە نییە، قسەی قۆڕ دەکەن. ئەی پەیوەندی بە كێوه هەیە؟ قابیلە پەیوەندی بە مەجە دۆمو فەرەجە قۆڕەوە هەبێت.

جەنابی وەزیر ئەژنۆكانی شكابوون، لەپێکەوتبوو. دووكەس چوونە ژێر قۆڵەكانی، تاكو خستیانە ناو ئۆتۆمۆبیلەكەیەوه هەر دەیگووت: دەمرم... دەمرم...دەمرم. . . .

بێزاری خەڵكی هەرێمەكە بە هۆی گەندەڵی حوكڕانیەوه ترسی لەناو دڵی دەستەی حوكڕانی ناو بازنە داخراوەكەوه دروستكردبوو. ئەوان لەسەر ئەقڵێتێك كاریان دەكرد كە هەرگیز بیر لە چارەسەری گرفتەكان نەكەوەو قبوڵی گۆڕانكاری نەكەن لەناو بازنەی حوكمڕانیدا. بۆ پاراستنی دەستەڵاتو گیانی خۆیان بیریان لە دروستكردنی شارێكی گەورەو قایم كردەوه. بۆ چاوبەستنو دامركاندنەوەی ڕقو ناڕەزای خەڵكی هەرێمەكە شارەكەیان ناونا (شاری سەردەم).

لەدووری شار شورایەكی بازنەی گەورەی توندو تۆڵ دروستكرا. چەندین كۆشكو تەلاری بەرزو گەورەی تێدا دامەزرا. پرۆژەكە بە ئاشكرا ڕاگەیاندرا، بەڵام لەناوەوه بە نهێنی كاری تێدا دەكرا. ئەو ئەندازیارو وەستاو كرێكارانەش كە كاریان تێدا دەكرد سەرسام بوون، لەنهێنی پرۆژەكە حاڵی نەدەبوون. ڕۆژ تاكو ئێواره عەرزەكە كونكون دەكەنو بەرد لەسەر بەرد دادەنێنو دیواری گەورەو قایم دروستدەكەن، هیچیشیان لێ ئاشكرا نەدەبوو. شاری سەردەم كە تەواوبوو شێوەی سەربازخانەیەكی گەورەی وەرگرت. بووبە شاری ئەو كەسانەی كە چەندین ساڵبوو كورسی دەسەڵات بە قونگیانەوه نوسابوو. حوكمڕانی لە هەرێمەكەدا لەناو بازنەیەكی داخراودابوو، نەكەس دەچووە دەرەوه نە كەسیش بۆی هەبوو بێتە ناوەوه بەشدار بێت. هەندێك جار لەناو خۆیاندا ئاڵوگۆڕی پێدەكرا. ڕازیش نەبوون كەسێك ئەو كلتوره بشكێنێت، ببێت بە سەرقافڵەو ڕچەشكێنی ئەو ڕێبازو ڕەفتارو ئەفكارەی كە دەسەڵاتی حوكمڕانییان لەسەر دامەزراندبوو. حاكمێكی دەسەڵاتداری بەتەمەن لەئەنجامی گۆڕانكاریەكانی ناو بازنەی حوكمڕانیدا لەناو خۆیاندا، پۆستە تازەكەی خۆی بەدڵ نەبوو، بەبیانوی خانەنشینییەوه داوای دەست لەكار كێشانەوەی خۆیكرد، بەڵام لێیان قبوڵنەكرد. كابرای برادەریان بە پۆستە تازەكەی ڕازیكرد، هەستیشیان بە نیگەرانیو ناڕەزایی خەڵكیش كرد. بۆ دامركاندنەوەی نیگەرانی خەڵكەكە بەرامبەر بەو ڕەفتارەی خۆیان لە گۆنگرەیەكی ڕۆژنامەوانیدا لەیەكێك لە كەناڵەكانی تەلەفزوێن بەرپرسێكی گەورەی ئەو دەسەڵاتە بەشانازییەوه هەڵوێستی ئەو دۆستە پیرەی خۆیانی بەرز نرخاند.

ئێمە هەستمان بە نیگەرانیتان کردووە، بەڵام نیگەرانی ئێوە بێ بنەمایە، ئێمە سەرسامبووین بە هەستو هەڵوێستی ئێوە بەرامبەر بەهەڵوێستی پیرۆزی بەڕێز ئەمیر ڕەزاق، پیاوێکی تێکۆشەرو نیشتیمان پەروەرە، بەوەنییە دەمویل خاوە، مێشکی پڕە... پڕ لە خۆشەویستی بۆ خەڵکو نیشتیمانەکەی، خاوەن خەباتێکی درێژ خایەنە، ئێوەش دەبێت بە ویژدانەوە تەماشای ئەو هەموو ساڵەی خەباتو تێکۆشانی بکەن. واتێنەگەن خەمی دەسەلاتو کورسییەکەی ژێر خۆیەتی، بە زۆری تکای ئێمە وەرگرتنی پۆستە تازەکەی قبوڵکرد.

یەکێك لە ڕۆژنامەنوسەکان گووتی: بەداخەوە کە ئێوەش بە هەڵە لە گلەیی‌و داواکانی خەڵکی هەرێمەکەی خۆتان دەگەن. گرفتەکان لەناو پرۆسەیەکی گۆڕانکاری جدی لەسەر ئاستی تواناکان چارەسەر دەبێت، یاخود لە هەڵبژاردنێکی دیموکراسیدا. ئەوەی کە خەڵکی نیگەران کردووە ئەوەیە کە حوکمڕانی بووە بە موڵكو لەسەرخۆتان تاپۆ کردووە. ئێمە لەوە نیگەرانین بۆچی کەسێك دەست لەکار هەڵبگرێت بەزۆر لەسەر پۆستەکەی دەیهێڵنەوە، چپێویست دەکات کەسێکی خاوەن هەڵوێستو خاوەن خەباتی درێژ خایەن بخنە ژێر حوکمی گلەیی‌و ڕەخنەوە. مانەوەی هەر مرۆڤێکی تێکۆشەرو خاوەن ڕابردوی پاكو پیرۆز لە ناو حوکمی پاشاگەردانیدا، بێگومان ڕۆژ بەڕۆژی حوکمڕانییەکەی لە ڕۆاژانی خەباتی دەسڕێتەوە. ئێمە نیگەرانین ڕۆژگاری سپی ڕابردوی خۆتان بە ڕۆژانی داهاتو ڕەش دەکەن. ئێوە ناتانەوێت کەسانی دەرەوەی پرۆسەی حوکمڕانی بێتە ناو بازنە داخراوەکەی حوکمەتەوە، لەکەسیشی قبوڵناکەن دەست لەکار بکێشێتەوە، دەڵێن ئەو دەستلەکار کێشانەوەیە نەبا ببێت بەنەریتو هەموومان بگرێتەوە . ئێمە نازانین چ حیکمەتێك تێدایە کەسێکی بەتەمەنو ماندوو، لەبری ئەوەی بەڕێزەوە خانەنشین بکرێت تاکو هەلوێستو ڕۆژگارەسپییەکانی بە گەشاوەیی بمێنێتەوە، تکای مانەوەو بەردەوام بوونی لە حوکمڕانیدا لێبکرێت.

سڕینەوەی ڕۆژانی پڕ لەسەروەری‌و هەڵوێستی بەرزو پیرۆزی نەتەوەی‌و نیشتیمانی لەو دەمەدا دەسپێدەکات کە لە لوتکەدایتو ئیتر ناتوانیت زیاتر سەرکەویتو هەر تەکانیش بەخۆت دەدەیت. ئەوەی کە کردوتە لە تەمەنی خەباتی خۆتدا، هەر ئەوەندە توانای تۆیە، تەمەنیش هەر بەوەندەدا ڕادەگات. قەبارەی ئەوتێکۆشانەی تۆ هەرچەندێك بێت زۆرە، گرنگ ئەوەیە تۆ لە لوتکەدایت، بەڵام هەموو هەڵزنانێك لەدوای پەککەوتنی تواناوە بەرەو هەورازتر، جارێکی‌تر بەرەوە هەڵدێرت دەبات، لەودیو لوتکەی سەروەری‌و تواناو تەمەنەوە گلۆر بوونەوەیە بەرەو دامێن، بەرەو دۆڵە تاریکەکانی مێژو، بەرەو سڕینەوەی ڕۆژگاری پێشو.

دوو ڕۆژ دواتـر لاشـەیـەکـی تریـان دۆزییـەوە، دوو قـەڵـەم لـە نـاو چـاوەکـانی هەڵچەقیبوون، دەمیشی بە سیمی تەل دورابووەوە.
شەوانی هەرێمەکە بە قەبرێکی گەورەی تاریکی بێ تروسکە دەچوو، تەنها پەڵەیەك ڕوناکی بریقەدار لەدوورەوە بەدیدەکرا، ئاسمانی ئەو ناوچەیەی کردبوو بە ڕۆژی ڕوناك. ئەو شوێنە شاری سەردەم بوو، لە شاری مەملەکەتێکیتر دەچووکە بەسەردان یاخود بەهەڵە ڕووی لەم هەرێمەی ئێمەکردبێت. شـارێکی قـەشـەنـگـو قـایمو دڵگیر بـوو، شـەوی لـەڕۆژ ڕونـاکتربوو، هـەزارەهـا چـلچـرا بـە کـۆلانو شـەقـامو تـەلارەکانـەوەبـوو. هەر چلچرایەك چل گڵۆپی ڕەنگاوڕەنگی پێوە هەڵواسرابوو. بـەڕاستی لـەشـارێکی ئـەم سـەردەمـە دەچـوو، دەتگـووت واشـنتۆنە بـە بچـوکی، بـە ڕۆژیـش لولـەی ڕەشاشـەکـان لـەکـونی شـورای چـواردەوری شـارەکـەوە بـە ئاشـکرا دیاربوو، وەك بنکـەیـەکـی سـەربـازی گـەورەی ترسـناك دەهاتـە بـەرچـاو. بە درێژای ڕێگاکە لە دەمی شارەکەوە تاکو دەزگا حوکمییە گرنگەکان کە جێگای کاربەدەستە گەورەکان بوو قایمو توندو تۆڵ بوو. بەدرێژای ڕێگاکە پیاوانی ئاسایش وەك نەمامی زڕو بێبەر بە ڕیز ڕاوەستابوون.
سەردەمێکی ئـاڵۆزو تێکەڵاو بـوو کـە هـەمـوو شێکی پێچـەوانـە کردبووەوە. شـاری سـەردەم لـە خزمـەتو بـەشـی شـارەکـانی تـری بـۆ خـۆی بردبـوو. زۆربـەی پـڕۆژە گرنـگـو خزمـەتگوزاریـەکـان لـە پێنـاوی خزمـەتـی شـاری سـەردەمدا ڕاگیرابـوون. بێکاری ڕووی لە زیاتر کرد. خەڵکی لەبەر بێکاری ڕویان لەمەڵبەندەکانی ئـاسـایش دەکـرد، ژمـارەی ئاسـایش هێنـدەی ژمـارەی دارو بـەردی هـەرێمـەکـە دەبـوو. چـەنـد دەزگایەکیتری هاوشێوەی ئاسایشیان کردەوە. بـارودۆخـی هـەرێمـە کـە هێدیهێدی نائـارامتـر دەبـوو، وەك زەعیم هـەسـتیار گـووتـی" هـەر مـەملـەکـەتێك پیـاوی ئاسایشـی زۆربێت، مانـای هـەرێمـە کـە نائارامـە". زۆر کـەس لـە ڕۆشـنبیرانو مرۆڤـی خـاوەن هـەڵوێسـتو نوسـەرو ڕۆژنامـەنوسـان ڕووبـەڕوی ئـازاردانو ئـەشکەنجـەو هـەڕەشـە بوونەوە. لاشەی زۆر کەسیشیان بەدەم بەستراوی دۆزییەوە . وەستا کـاوە بـەردەوام بوو لە نوسینو بڵاوکردنەوەی وتارەکانی. بە بڵاوکردنەوەی بەرنامەکەی ئۆقیانوسـی هێمن ویستی گەندەڵی ئەمڕۆو دەرئەنجامی هۆکارەکانی بخاتە ڕوو کە پێش سـی سـاڵ لـەمـەوپێش ئۆقیانوسـی هێمن پـەیڕەوکردنـی بـەرنامـەیـەکـی پـەروەردەیـی لـە قۆنـاغی سـەرەتاییی شۆڕشدا بە بنەمایەکی گرنگـو سـەرەکـی دانـا بۆپـەروەردەکردنـی ئـەندامی دروستو خاوەن هـەڵوێستی هـەمیشـەیـی تـاکو میللـەت لـە ئایندەدا توشـی نـەهامـەتـیو دەردو ئازار نەبێت بەدەست ئەقڵی ئەو کەسانەی خۆیان بـە خـاوەنـی شۆڕش دەزانـنو میللـەتـیش بـە قـەرزاری خۆیـان. وەستا کـاوە تـەنهـا یـەك بـەشـی لـە بـەرنامـەکـەی ئۆقیانوسـی هـێمن بـڵاو کـردەوە، بـەتونـدی بـەرەنگـاری بوونـەوە، زۆربـەی دەزگـا

ڕۆژنامەیەکان ئاگادار کرانەوە ئەگەر ئەو جۆرە نوسینانە بڵاوبکەنەوە توشی لێپرسینەوەی توند دەبن. وەستا کاوەش کەوتە ژێر چاودێری ئاسایشەکانەوە، ژیانی پڕبوو لە مەترسی کوشندە کەئیتر وەك کەسێکی ئازاد نەمایەوە. دڵنیابوو بە ئاسانی لەناو دەبرێت، بەردەوام بوونیش لەسەر بەرنامەکە لە مەرگی نزیکدەکاتەوە، دەست هەڵگرتنیشی مەحاڵبوو. باشدەیزانی ڕۆژنامەکان ڕێگای بڵاوکردنەوەی پێنادەن، لەگەڵ ئەوەشدا پەیمانی بەخۆیدا کە چیتر بێدەنگ نەبێتو بەرامبەر بە خەڵكو نیشتیمان بە هەڵوێست بێتولەئاستی ویژدانیشدا ناخی خۆی زەلیل ڕانەگرێتو لەناو مێژوشدا تاوانبار نەبێت.

ئێوارەیەك دوور لە چاوی ئاسایشەکان هەنگاوی نیگەرانی لەدەست زوڵمەت بەرەو دواین هیوای هەڵدەهێنا. لەبەر دەرگای ماڵی سمکۆی ڕۆژنامەوانی برادەریدا بە دوودڵیەوە ڕاوەستا، هەر بەودەرونە غەمناکەو دڵە گوشراوەیەوە تەقتەق لە دەرگایدا. سمکۆ خۆی دەرگاکەی کردەوە، قەدەرێك لە ڕوخساری وەستا کاوە ڕاماو بە خێرای پەلی ڕاکێشایە ژورەوە. سمکۆ بە دەنگێکی نزم کە وشەکانی بۆنی هەناوێکی ترساویان گرتبوو گووتی: بەم ئاگر بارانە چۆن گەیشتیتە ئێرە؟ وەستا کاوە بەڕوخساری نائومێدییەوە تەماشایەکی ئاسمانی کردو گووتی: ئاگری چی؟ بۆچی من ئاگر نابینم کە ببارێت؟ سمکۆ گووتی: وەرە بچینە ژورەوە...ئەم حەوشەیە جێگای قسەکردن نییە.

لە ژوریشەوە سمکۆ بە چرپە قسەی دەکرد، هەناوی وەستا کاوەی پڕکردبوو لە ترس. چاوە وردەکانی لە ژێر چاویلکەکەیدا لەترساندا پرتەپرتیان دەکرد. گووتی: وەستا گیان ماڵت ئاوەدان بێت کە تەماشای ئاسمان دەکەیت، ئاگر لە هەناومان بەربووە، دەرونمان ئاگر باران کراوە، جەرگمان دەبرژێت تۆنازانیت هەر هەمووومان چاودێریمان لەسەرە. من دەمزانی لەم هەرێمەشدا نەماویتو ڕۆشتوویت.

وەستاکاوە هەرگیز سمکۆی بەو جۆرە پەشۆکاوو ترساو نەبینیبوو، قەڵەمە چەقیوەکانی چاوی لاشە دۆزراوەکان زندۆقی ئەویشی بردبوو. وەستا کاوە لەسەر خۆگووتی: ئێباشە چیبکەین ئەو ئاگرەی لە هەناومان بەربووە دایبمرکێنینەوە؟ من پێم باشە ڕاپەڕین، یاخود شۆڕشێکیتر هەڵبگیرسێنین، یان بڕۆینو ئێرە بە جێبهێڵین. وەستاکاوە تەنها دەیویست سمکۆ بدوێنێت، پێشیگووت: تۆ دەزانیت بۆچی هاتووم؟

سمکۆ گووتی: ڕەحمەتت لێبێت وەستا کاوە، ئەی چۆن نازانم بۆچی هاتوویت. پێم نەگووتیت هەموومان چاودێریمان لەسەرە، مەبەستم لە هەموو ڕۆژنامەکان بوو. باسی ڕاپەڕینت کرد، پێم ناڵێیت کێ ڕاپەڕێت؟ نیوەی ئەم هەرێمە زیاتر پیاوانی ئاسایشن، مەگەر بە ئاسایشەکان بڵێین: دەی بەقوربانە ڕاپەڕن، بەگژ ئاغاکانتاندا بچنەوە، ئەوانەی عەرزی ژێر پێشتان لەسەر خۆیان تاپۆ دەکەن. ئەی پێم ناڵێیت بۆ

كوێ بڕۆین، بۆچی كونێك ماوە ئارامبێتو وەك كەروێشكی ترساو سەری كزی خۆمانی تێدابشارینەوە ؟
وەستا گووتی: ئەگەر جێگایەكی ئارام نەماوە ئەی من ڕوولەكوێ بكەم؟ بۆچی پێم دەڵێیت وامەزانی لەم شارەش نەماویت"من هەرچییەكم گووت بە گاڵتەوە پێم گووتیت، هەر ویستم بدوێنمو ڕەنگو ڕوخساری پەڕیووت بهێنمەوە سەرخۆت. من هاتووم كۆمەڵێك نوسرام بۆ بڵاوبكەیتەوە.
سمكۆ گووتی:وەستاكاوە دەمەوێت پێتبڵێم. . . دەبێت ئاگاداری خۆت بیت، ئەگینا ئەوقەڵەمانەی كە وتارەكانی پێدەنوسیت دەیچەقێنن بە چاوەكانتا، دەمبەستراو بە مردویی فڕێتدەدەن.
وەستاكاوە هەر لە سەرەتادا لە قسەكانی سمكۆی ڕۆژنامەوان تێگەیشت، نیگەرانو نائومێد بوو. گووتی: منیش دەانم ئەگەر بمگرن قەڵەمەكان دەكەن بە چاومدا، دەڵێم ئەگەر قەڵەمێكیش لەترسان توانای نوسینی نەما، هەق وایە بكرێت بە چاوی خاوەنەكەیدا.
سمكۆ بە حاڵێكی خراپەوە گووتی: بۆچی كاكەگیان، بۆچی؟ لەپێناوی چ تاوانێكدا؟
وەستا كاوە گووتی: لەبەر ئەوەی ئێمەش خاوەنی ئەم هەرێمەین، ئیتر بۆچی بێدەنگببین؟ لەسەر هەقی خۆمان بێدەنگبین، گۆڕ وایە قەڵەم بكرێت بە چاوماندا، بەدەم بەستروای فڕێبدرێین. ژیان هیچ مانایەكی نامانێت كە لەناو زوڵمەتدا بژین، هەرێمەكەمان بۆبكەن بە قیامەت. لەناو دوكەڵی قیامەتدا هەموومان ونین، لەبێئارامیدا، لەبێ گوزەرانیدا زۆربەی گەنجی هەرێمەكە بوو بەئاسایش.
سمكۆی ڕۆژنامەوان ئەوەندە پەشۆكاوو شپرزەو ترس لەدڵدابوو تاكو ئەو دەمە بۆنی هیچی نەكردبوو، لەناكاو پەڕەی لوتی كەوتە جوڵەجوڵ، مشەمش چەند جارێك بە خێرای هەوای هەڵدەمژی. تاكێك پەنجەرەی ژورەكەی كرابووەوە، بەپەلە ئەویشی داخست. لوتی لەسنگی وەستاكاوە هێنایە پێشەوەو گوتی: چ بۆن هەنگوینێكت گرتووە؟ تكات لێدەكەم ئاگاداری خۆتبە، لەدوورەوە بەبۆنی هەنگوین دەتناسنەوە.
وەستا كاوە لەماڵی سمكۆی ڕۆژنامەنوس بەنیگەرانیو دڵشكاوی نائومێدی هاتەدەرەوە. بەكۆلانە كاندا بەبن دیوارە گڵەكاندا هەنگاوەكانی دەرونو ڕۆحی تاساویان بەرەو جێگایەكی نادیاری ترسناك پەلكێش دەكرد. كۆلانەكانیش پڕبوون لە ترس، لە گۆڕستانێكی زۆر كۆن دەچوو. بەبەر پەنجەرەی ماڵێكدا ڕەتبوو، گوێی لە دەنگێك بوو كە پێشتر گوێبیستیببوو. زوو دەنگی زەعیم هەستیاری ناسیەوە لەگەڵ ناخی خۆیدا قسەی دەكردو دەیگووت: شارێكی شارەوە هەیە وەك دایك ئامێزی گرتۆتەوە ڕۆژێك هەموومان لەباوەش دەگرێتو لەم زوڵمەتە ڕزگارمان دەبێت.
وەستا كاوەو زەعیم هەستیار قەدەرێك بەغەمباری پێكەوە بوون.

زەعیم هەستیار مژدەی شارێکی ئارامی بەخەڵکی هەرێمەکە دەدا، بەڵام بەداخەوە خۆی پێڕانەگەیشت. چەند ڕۆژێك دواتر وەك فریشتەیەك بەناو شاردا دەسوڕایەوە، هەموو گوزەرەکانی بەسەر کردەوە. لەناو گوزەری ئاسنگەرەکاندا لەدوکانێکەوە کەسێك زەعیم هەستیاری بانگرد، وەستاکاوەبوو. ئەوە دواین دیداریان بوو، دواین جار بوو یەکتری ببینن. زەعیم هەستیار لەناکاو دیار نەماو لەدوای چەند ڕۆژێك لاشەکەی دۆزرایەوە کە پێستی شەقار شەقار کرابوو. وەستا کاوەش ماوەیەکی کەم توانی لەناو شاردا بمێنێتەوە، بە ناچاری شاری بەجێهێشت. بەرەبەیانییەك نوسراوەکانی پێچایەوەو چارۆکەیەك نانی لەکۆڵینا. بەدزیەوە دوورلەچاوەکانی ئاسایش بەرەو چیا هەزار بەزارەکان ڕێگای بێ چارەنوسی گرتە بەر.

## بەشی چوارەم

## مەملەکەتی مـێش هەنــگ

* چیاهەزار بەهەزارەکان
* کوڕی دایە
* فریشتەی عاشق
* شێتە میهرەبانەکان
* شاری سەردەم
* حاکم پاشا
* زەعیم هەستیار
* هاوڕێ دێرینەکان
* میرانی ڕۆمان نوس

18

# چیا هەزار بەهەزارەكان

یەكەم بەیانی بوو لە مەملەكەتی مێش هەنگ لەسەر كانیو كارێزێكی سازگار دەستو دەموچاوی دەشوشت. بەسەرسامیەوە شوێن پێیەكان لەسەر ڕێگا خۆڵاویەكە سەرنجیان ڕاكێشا. شوێن پێیەكان هێشتا ئاورنگی تەڕیان پێوە دیاربوو. ئەو دیمەنە بۆ وەستا كاوە تازەو سەرسوڕهێنەر بوو، پڕبوون لە نهێنیو گومان كردن لە خۆیو لە مەملەكەتی مێش هەنگ . دڵی ترساندی لەم ژیانە نوێیەش سەرگەردانو پاش مووردەبێت. جێگاپێیەكان تازەبوون، وەك دەمەو گزنگ كەسانێك بۆسەر ئەم كانیو ئاوە هاتبێتن.

وەستا كاوە بە تێرامانو بیركردنەوە گەڕایەوە جێگاكەی خۆی كە شەو لێیخەوتبوو. كوڕی دایە كەمێك لەدووری وەستا كاوە وە دانیشتبوو، تۆپەڵێك مێش هەنگ بەسەر سەریەوە لەئاسماندا ڕاوەستابوونو كیزەكیزیان بوو، وەك قسە لەگەڵ كوڕی دایەدا بكەن، وەستا كاوە بەو جۆرە هەستی دەكرد.

مەملەكەتی مێش هەنگ ئەو ناوچە چڕو پڕ لە چیایەبوو كە لە ئەزەلەوە كەس پێی تێنەخستبوو. هەزارەها چیای بەرزبەرز بە ئاسماندا هەڵچووبوون . لوتكەی چیاكان لە هەموو هەرێمەكەوە دیاربوو، بەڵام دامێنو بن چیاكان هێشتا ڕووبەڕووی چاوی كەس نەبیبوونەوە، ڕەنگە واش نەبێت، چونكە كوڕی دایە پێش وەستا كاوە بە بیستوپێنج ساڵ لەناو ئەم چیایانەدا ژیان بەسەر دەبات. هەر چیایەك بە هەزارها پورە هەنگی پێوە بوو. بەبالاو دامێنی چیاكاندا شیلەی هەنگوینێكی ڕەنگ ئاڵتونی وەك بریسكەی گڵۆپ تاكو بن چیاكانو كەناری ڕوبارە بچكۆلانەكان چۆڕابوونەوە. بەیانییەكی زۆر ڕۆحیانی بوو، دەیزانی كەبەهەشت نییە، بەڵام وەك بەهەشتی سەر زەمینی دەهاتە بەرچاو . لەناكاو پۆلێك باڵندەی بچكۆلانە بەلایدا بە خێرای ڕەتبوون، دەمێك بوو باڵندەی نەبینی بوو. بیری باڵندە كۆچكەرەكانی هەرێمەكەی كەوتەوە. لەجێگای خۆی هەستا، چەند هەنگاوێك چووە ئەو شوێنەی كەبەری ئاسمانی لێوە دیاربوو سەری بۆ بەرزایی چیاكانو ئاسمان هەڵبڕی ، وەك چاوەكانی ڕێشكەو پێشكە بكەن لە دووڕا باڵندەی دەبینیو نەیدەبینی. هەوا سافو بێگەرد بوو، بەڵام خوڕەی قەڵبەزەی شەپۆلە وردیلەكان بواریان پێنەدەدا كە گوێبیستی دەنگێكیتربێت، ئەو دەنگو چریكانەی تێكەڵ بەنەرمە هاژەی ڕوبارە بچكۆلەكان دەبوون، دڵنیابوو ئەو ئاوازانەی دەگەیشتن بە هەستی گوێكانی بەبێ چریكەو دەنگی باڵندەكان ناخوڵقێت.

لەناکاو دەنگی جریوەجریوی چۆلەکەی بیستو هەر هەمان کات کۆمەڵێك چۆلەکەی عەجولیش بە خێرای لەپێش چاویدا هەڵفڕین. خۆشییەکی نەزانراو جەستەو ڕۆحی داگیرکرد، لەبەر خۆشیەوە گووتی" خۆ چۆلەکەکان ناناسرێنەوە"
کوڕی دایە لەولایەوە ڕاوەستابوو، بەئاراميیەوە پێیگووت: سەرنجی چی دەدەیت؟ وەرە پێکەوە نانی ئەم بەیانییە بخۆین.
ئەو بەیانییە باشترین جۆری هەنگوینیان خوارد. وەستا کاوە بە هەموو دیمەنەکان سەرسام بوو. کوڕی دایە هەستی پێکرد لەناو ڕاماندا دەژیو سەرسامی تكتك بە ڕوخساریەوە دیارە بەسەر دیمەنەکاندا دەڕژێن. کوڕی دایە پێیگووت: دەزانم زۆر سەرسامیت، هەرواش دەمێنیتەوە تاکو کەمێك حاڵیدەبیت. باشتروایە بچینە ناو باسو چیرۆكو بەسەرهاتی خۆمانەوە.
وەستا کاوە گووتی: تۆش بەسەراهاتو چیرۆکی تایبەت بەخۆت هەیە لەم چیایانەدا؟ ئەمەشی هەر بە سەرسامیە بە کوڕی دایە گووت.
کوڕی دایە گووتی:دوێنێ ئێوارە لەناو دەروازەی ئەم مەملەکەتەوە لە دوڕا تۆم بینی، ڕاستە کە تۆ بوویت، بەڵام شێوەی خۆمم لەدوورەوە بینی کە پێش بیستو پێنج ساڵ بەناچاری بە چارۆکەیەك نانو کۆمەڵێك پەڕەو کاغەزەوە ڕووم لەم دەڤەرە کرد .
چیرۆکی من زۆر لە مێژە، بەسەرهاتی تۆش تازە. دەمەوێت تێبگەم لە نهێنی دوو ئێوارەی لەیەك چوو؟
وەستا کاوە گووتی: چیرۆكو بەسەرهاتی من پەیوەستە بە هەرێمێکی پڕ لە مەخلوق. لەسەر ئەم زەمینەین کەچی قیامەتی ئەو دونیامان بۆ هەڵگیرساوە. من نازانم چیت بۆ باسبکەم سەبارەت بە هەرێمێك کە تۆ بیستو پێنج ساڵە لێی دووریت؟ بەسەر هاتی ئێمە هێندە تاڵە ئەم مەملەکەتە پڕ لە هەنگوینە بە خۆیەوە تاڵدەکات .
ئێمە کوژراوی دەستی خەمین، هەر خۆشمان دەرونو ناخی خۆمان کردووە بە پەنا بۆ خەمەکان، خەمەکانیش بێباکانە هێدیهێدی هەناومان دەخۆن، دڵمان دەخۆن. جەرگمان دەخۆن. ئێستا هیچی زیاتیرم بۆ ناگووترێت، سڕو سەرسامم بەهەموو دیمەنەکان ، تۆش بە کۆڵێکی قورسەوە فڕێوداومەتە ناو دەریایەك نهێنی. لەم سەرسامییە ڕزگارمبکە...! نهێنی ئەو دووئێوارەیەم بۆ بگێڕەوە کە دوو ڕێبواری هاو شێوە، چارۆکە لەپشتو پەڕەو کاغەز بەدەست بە ناچاری بەرەو ئێرە هاتوون.
دوو کۆتری پەری پەڕسپی خاڵ بە گەردن بە تاوێری شاخێك نیشتنەوە، وەستاکاوە لەدونیای سەرسامی دابڕا. کۆترەکان بە نەغمەیەکی عاشقانە بەدەوری یەکتریدا دەسوڕانەوە، وەك دیمەنێکی ئەفسوناوی تێکەڵ بە نیگاو خەیاڵو هەستەکانی وەستاکاوە بوون. کوڕی دایە هەستی بەوەستا کاوە کرد لەگەڵ ناخی خۆیدا سەبارەت بەکۆترەکان بە خەیاڵ دەدوێت. بە ئەسپایی پێیگووت: بۆچی لەباسەکە دابڕایت کە پڕ

بوو لەنهێنیو ئارەزووت بوو دەرگای نهێنیەکان بکرێتەوە؟وابێدەچێت کۆترت نەدیبێت. وەستا کاوە نیگای لەسەر کۆترەکان گواستەوە بۆ ناو چاوەکانی کوڕی دایە.
بەئاستەم بە پەنجەی ناوەڕاستی دەستی ڕاستی سەری هەڵکڕانو هەناسەیەکی ساردی هەڵمژیو دووبارە بەگەرمیو خێرای هەناسەی دایەوەو گووتی: ڕەنگە هێشتا کۆترم نەدیبێت، یاخود ئەگەر هەر لە ئەزەلەوە باڵندەم نەدیبایە، پێموابوو هێندەی ئێستا سەرسام نەدەبووم بە بینینیان.
کوڕی دایەگووتی: ئەم مەملەکەتی هەنگووینە پڕە لە باڵندەی جۆراوجۆر، ئەو دوو کۆترە پەرییەش دوو کۆتری عاشقن لە کۆترەکانی (فریشتەی عاشق).
ناوی فریشتەی عاشق خوڕپەی بە ڕۆحیدا هێنا، نهێنی کۆترەکانی لە هزریدا هەڵفڕان. گووتی: فریشتەی عاشق کێیە؟ بۆچی کەسێکیتر لەم مەملەکەتە دەژی؟
کوڕی دایە تەنها گووتی:" بەڵێ"
وەستا کاوە چووەوە ناو خۆییو بیری لە جێگا پێکانی ئەم بەیانییە دەکردەوە. جێگا پێیەکان تازەبوون، هێشتا هەر تەڕی ئاویان پێوەبوو. دڵنیابوو کە جێگا پێی خەڵکیترن جگە لە کوڕی دایە. ئارەزوویبوو پرسیاری ئەو جێگا پێیانە لە کوڕی دایە بکات.
کوڕی دایە گووتی: دوێنێ ئێوارە لەدەروازەی چیاکانەوە لە دوورەوە خۆمم بینی، دڵنیاشبووم کە خۆم نیم، چونکە تۆ بوویت. من دوێنێ ئێوارە نەهاتم، پێش بیستو پێنج ساڵ لەمەوبەر ڕێمکەوتە ئەم مەملەکەتە. بەناچاری بەکۆڵێك ترسو نیگەرانیو چارۆکەیەك نانو کۆمەڵێك پەڕەو کاغەز کە بەرنامەیەکی پیرۆز بوو، هەرچەندە ژیانی منی خستە مەترسییەوە، بەڵام دەبوایە لەپێش ڕۆحیشمەوە ئەوانم لە چنگی فەوتاندن بپارستایە. کوڕی دایە بەردەوام بوو لە سەر قسەکردنو گووتی: هەردووکمان بە پەرۆشین چی زووترە بچینە ناو دونیای یەکترییەوە تاکو لەنهێنیەکان حاڵیببین، دەزانم لە دوێنێوە سەرسامیت بە هەموو دیمەنەکانو بە هەموو بابەتەکان، ئیتر با ئەو سەرسامیە ڕوخسارو ڕۆحت بەر بدات. بۆیەکەمجار بە وەستا کاوەی گووت من ناوم( کوڕی دایە)یە، ئەگەر ڕۆژگارێك ناوی منت بیستبێت.
وەستا کاوە هەموو دیمەنو بابەتەکان هێندەی ئاشکرابوونی کوڕی دایە سەرسامی نەکرد لە خۆشیدا وەختە بوو باوەڕ نەکات، دواجار خەریكبوو پڕ بە چیاکان هاوار بکات. تاڵە مووەکانی سەری ڕەپ ڕاوەستان، چاوەکانی فرمێسکی شادییان دەردا، لێوەکانی پڕبوون لەخەندە. کونە لوتەکانی فشکردنەوەو دەستەکانیشی دەلەرزین.
وەك بەدەم خەوەوە لەناکاو هاتبێتە قسەو گووتی: تۆ... تۆ کوڕیدایەی؟ دەبوایە هەر زوو خۆم بمزانییایە. باوەشی پێدا کردوو توند وەك هاوڕێیەکی دێرین بەسنگی خۆیەوە نوساندی. وەستا کاوە لە هەموو شتێك حاڵیبوو، بەڵام کوڕی دایە دەربارەی

ئەو هیچی نەدەزانی. کەمێك بەساردییەوە باوەشی بۆ گرتەوە کە لە هەستێکی کەمێك بێئاگایو بێ زانیاری بوو سەبارەت بە وەستا کاوە، بەڵام هەستی بەگەرمی هەناسەی کرد کە دڵنیای بکات وەك هاوڕێیەکی هاو خەمو هاو حاڵو هاو گرفتی خۆی لەدوای بیستو پێنج ساڵ تەنیای لەسەرسنگی دەرونو جەستەی پڕ لەئازارو ئەندێشەی بۆ تاوێك ئارام بگرێت.

جووتە کۆترە پەرییە پەڕ سپییە خاڵ بە گەردنەکان هەر بەسەر تاوێرە بەردەکەوە بوون، پێدەچوو دڵە بچکۆلانەکەیان تێر عەشقی یەکتری نەبوو بێت. سنگو باڵەکانیان بە ئاسودەیی لەیەکتری دەخشاند. دەنوکە خڕوئاڵەکانیان لە یەکتری دەسو. جاربەجارێك بۆ قەدەرێك دەنوکیان لەنێو دەنوکی یەکتری دەنا، وەك لەگەڵ ماچێکدا بۆنی هەناسەی سینەی یەکتری بکەن. " هەر باڵندەکان لەمانای عەشق بازی تێدەگەن" باڵندەیەکی تر نەبوو ئیرەیی بە عەشقی ئەوان بەرێتو ئاسودەییان پشێوێنێت. دەنگی باڵندەی تریش لە دوڕا دەبیسترا، بەڵام وەستا کاوە نە نیگای لەسە ردوو کۆترەکەبوو، نە گوێکانی بۆ دەنگی باڵندە دوورەکان هەڵخستبوو. لە گێژاوی خەیاڵوبیرەوەریەکاندا نقومببوو.

کوڕی دایە گووتی: پەڕە کاغەزەکانی منیش بە قەوارە هەر هێندەی ئەو کورزە کاغەزانە دەبوو کە لە ژێر سەرینەکەتدا داوناون.

وەستا کاوە گووتی: قەوارە گرنگ نییە، ناوەڕۆکی نوسراوەکان بایەخی زیاترە، ئایا کۆمەڵە کاگەزەکەی تۆش هێندەی ئەمانەی کە لەلای منن گرنگ بوون؟

کوڕی دایە گووتی: لە سەرەتادا پێمگووتی" ئەو کاغەزانە ژیانی منیان خستە مەترسییەوە، بەڵام دەبوایە لەپێش ڕۆحیشمەوە ئەوانم دەرباز بکردایە". پێشم گووتی مـن کـوڕی دایـەم. ئەگـەر سەبارەت بە ژیانی مـن شـتێك بزانیـت، گرنگی کاغەزەکانیش دەزانی. هەڵبەت ئەو کۆمەڵە کاغەزەی لەلای تۆش هەیە گرنگن بۆیە بەناخی پڕ لە ترسو نیگەرانی خۆتەوە گرێتداونو بە پەرۆشەوە لەگەڵ خۆتدا لەترسی چنگی فەوتان ڕزگارت کردوون.

وەستا کاوە گووتی: وایە...منیش لەڕۆحی خۆم بە پەرۆشتر بووم بۆ پاراستنی ئەوان، لە ژیانی خۆم گرنگترن، چونکە بەرهەمی کەسێکی مەزنن، کەسێك پێش بیستوپێنج ساڵ لەمەو پێش بە خوێنی خۆی نوسیویێتیوە. ئەو کەسە مەزنەش " ئۆقیانوسی هێمن" بوو.

ناوی ئۆقیانوسی هێمن وەك هەورە گرمە لەناو دەرونو مێشکی کوڕیدایەدا دەنگی دایەوە. بەشێوەیەك ناخی هەڵتەکاند کە پێیوابوو ئەو وشەیە لەناو چیاکانیشدا بە هەمان ناڵەو گرمە دەنگی داوەتەوە. وەك پەیکەرێکی وشکی لێهات کە تەنها هەناسە بدات. ناڵەکە ناڵە نەبوو، هەرچی جوڵە لە جەستەیدا هەبوو خاڵیکردەوە. وردەوردە

لەرەلەر کەوتە سەر لێوەکانی، بە دەرونێکی ئاوێتەبوو لە خۆشیو پەشۆکاویو رامانو گومانەوە گووتی: تۆ...تۆ وەستا کاوەیت؟ قسەم بۆبکە..! تۆکێیت ؟

وەستا کاوە نەیدەزانی بە چ شێوەیەك هەستەکانی ناخی خۆی پیشان بدات، ئەو ساتەبوو کە لە مێژبوو چاوەڕوانی دەکردو هەرگیز باوەڕیشی نەدەکرد کە بەو ساتە بگات. زۆر خۆشحاڵ بوو، وەك ئەو منداڵە برسیانەی بە تاسەوە چاوروانی دایکیان دەکەنو لەناکاویش دایکیان پەیدا دەبێت. وەك ئەو عاشقەی کە بۆ مەعشوقە کوژراوەکەی دەگرییو لەناکاو بەبەرگی سپی بوکێنییەوە زیندودەبێتەوە. کوڕی دایە هێشتا هەر حەپەسابوو، دەرونو ناخی بێگەردی ڕژایە سەر روخساری، هێندەیتر میهرەبانی لە چاوەکانیدا دەگەشایەوە. ئەمجارەش باوەشی سۆزی پێداکردەوەو بە گوێیدا چرپاندو گووتی: بەڵێ من ئەوم، وەستا کاوەی چەکوش پەرستم. ئارامو ئاسودە دەستیان لە ملو گەردنی یەککتریدا بوو. هەردووکیان چاوەکانیان پڕ ببوو لە فرمێسکی ڕەنگاو ڕەگ. دەنگی گریان نەدەهات، بەڵام ناخی هەردووکیان دەریایەكو بورکانێك گریانی بێدەنگی تێدابوو.

دوو کۆترە عاشقەکە لە شەقەی باڵیاندا و هەڵفرین. مەملەکەتێکی پاكو بێگەردو دڵگیرە، ژیان لێرە بە فیرۆ ناڕوات. وەستا کاوە بە کوڕی دایە گووت: ڕەنگە ژیانێکی خۆشت بەسەر بردبێت، بەڵام دەبێت لە مانای پرسیارەکەم حاڵیبیت.

کوڕی دایە گووتی: منیش دەڵێم ڕەنگە، چونکە لە مەبەستی پرسیارەکە تێدەگەم، دەبێت تۆش هێندە بزانیت ژیانی تەنیایی هەروا ئاسان نییە، چونکە ئادەمیزاد بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، جائەگەر ئەو تەنیاییە بەخواستی خۆشت نەبێت زیاتر دەردی دووری دەتکوژێت. چەند ئالودەی ناو کۆمەڵین هەر کۆمەڵیشە ئەو مرۆڤانە بەرهەم دەهێنێت کە ئێمە بە ناچاری لە چنگیان هەڵبێین. بەرامبەر بەوەش لەناخی مرۆڤدا خەسڵەتێکی شاراوە هەیە کە بتوانێت لە هەلومەرجی تایبەتیدا خۆی بگونجێنێت. ناچاریش هاندەرێکیترە بۆ هەڵکردن لەگەڵ بارودۆخە تایبەتیەکاندا. لەو حاڵەتەدا مرۆڤەکە لەگەڵ خۆیدا دەدوێتو دەڵێت: چیبکەم کە ئیتر نەتوانم لەناو کۆمەڵگای خۆمدا ژیان بگوزەرێنم. هەموو ئەو هۆکارانەش دەڤەرێك ئەگەرعاسیشبێت لەلامان ئاوەدانو شیرین دەبێت، چونکە دواجار ئارامترین جێگا دەبێت کە بە ئاسودەیی ژیانی تێدا بەسەر بەریت. لەواقعیشدا هەموو گیانلەبەرەکانی ئەم مەملەکەتە لە ئەزەلەوە لە ڕۆحێکی پاكو بێگەرد خوڵقاون.

کوڕی دایە نمونەی فریشتەی عاشقی گێڕایەوە. گووتی: فریشتەی عاشق ئارەزوویبوو لەناو کۆمەڵگای خۆیداو لەمەملەکەتی خۆیدا بمێنێتەوە، بەڵام کە ڕێزی لێنەگرنو عەشقو هیواکانی بکوژنو ڕۆحی پڕکەن لە قینو دڵی بە خەم بچننو ناوی بزڕێنن، ناچار دەبێت کە هەڵبێت، هەڵهاتن لە کۆمەڵگا لە مەملەکەت لە

ئارەزووەکانی. ئەوە خەسڵەتە شاراوەکانی فریشتەبوو کەلەم مەملەکەتە چۆڵو ترسناکەدا بە ئاسودەییەوە هێشتیانەوە.
کۆترەکان لەبەر دیدەدا نەمابوون، بەڵام شەقەی باڵیان لەناو چیاکاندا دەنگی دەدایەوە کە دووبارە وەستا کاوەیان لەگەڵ ناو هێنانی فریشتەدا خستە بەردەم کۆمەڵێك پرسیارو گومان.
وەستا کاوە لەگەڵ ئەوەشدا کە سەرسامبوو، ئاسایی پرسی: فریشتەی عاشق کێیە؟مرۆڤی ڕاستەقینەیە یاخود عاشقی ناو ئەفسانەکانە؟
کوڕی دایەگووتی: بەداخەوە دواجار هەمووومان دەبین بە ئادەمیزادی ناو چیرۆکەکان، ئەگەر هەر کەسێك لە ئێمە ژیانی باپیرە گەورەی باسبکات، وەك ئەوە وایە چێرۆکێك بگێڕێتەوە. ژیانی ڕاستەقینە لەپاشاندا دەبێت لەشێوەی چیرۆکدا بگێڕدرێتەوە، ڕەنگە چیرۆکەکانیش کە عەیامێکی دوورو درێژە بیستومانن، ڕۆژێك لە ڕۆژان ڕۆحیان لەبەردا بووبێتو خاوەنی ژیانی ڕاستەقینەبووبێتن. فریشتەش دەشێت ئێستا مرۆڤی ناو ئەفسانەکان بێت، بەڵام دڵنیابە کە عاشقێکی ڕاستەقینەبوو. پێش بیستو پێنج ساڵ کەمن ڕووم لەم چیایانە کرد، فریشتە لێرە بوو. ئەو دەمە من وامدەزانی ئەفسانەیەك دەخوێنمەوەو بە خەیاڵەوە کەوتوومەتە ناوی، بەڵام نەمن ئەفسانەم دەخوێندەوە، نە فریشتە کچی ناو ئەفسانەکانبوو، فریشتە عاشقێکی ڕاستەقینەو کچێکی پاكو میهرەبان بوو. من زۆر سەرسامبووم بەبینینی کچێکی وا گەنجو جوان لەو مەملەکەتە ترسناکەدا. زیاتر لە سەرسام بوون لەترساندا دەلەرزیم. ئەو زەمانە بەگژ هەموودڕندەییو ناهەقیەکدا چووبوومەوە، ترس لەڕۆحمدا نەبوو، کەچی بەرامبەر بەفریشتە نوقمی ئارەقی ترسی خۆ ببووم.
فریشتە پێی گوتم: سەرسام مەبە. . . ! منیش مرۆڤێکی هەڵهاتووم. لە دەروازەی چیاکاندا لە دوورەوە تارمایی کەسێکم بەدیکرد. گووتم ڕەنگە موراد بێت بە شوێن مندا وێڵە، بە پەلە کۆترە پەرییەکانم نارد بۆلای. بەڵام لەبەختی من موراد نەبوو...تۆبوویت. تۆی بەد بەخت. گووتم بۆچی بەدبەختم؟ گووتی: هەموو عاشقەکانی ئەم هەرێمەی ئێمە هەموویان بەد بەختن، لەپاداشی عەشقی پیرۆزیان ڕیسوا دەکرێن. گووتم: خۆ من عاشق نیم. گووتی: هەر بێبەختی بە ڕوخسارتا دیارە هەڵهاتوویت، بێگومان عاشقی، جا چ عاشقێك و عەشقی چیت؟ ئەمەیان نازانم. گرنگ کە تۆ عەشقی شتێکیت. بەڵام بەختت هەبوو لەو ئێوارەیەدا هاتیت کە من چاوەڕوانی مورادم دەکرد، ئەگەر لە هاتنی تۆ بێئاگابوومایە مێش هەنگەکان شیتاڵ شیتاڵیان دەکردیت.
مەملەکەتی مێش هەنگ بە هەرێمی ناو ئەفسانەکان دەچوو، کەچی وەستا کاوە وردە وردە خۆییو هەموو شتە ونبووەکانی دەرویشتی لەو مەملەکەتەدا دەدۆزیەوە.

ئەو شارە ڕاستەقینەیەبوو كە مرۆڤە ونبووەكان خۆیان تێدا دەدۆزیەوە. وەستا كاوە نەیدەویست چیرۆكەكان بە پچڕ پچڕی ببیستێت. قسەكانی بە كوڕی دایە بڕیو گووتی: بەبۆچوونی من مرۆڤە ونەكان ڕێگایان دەكەوێت ئەم مەملەكەتە، دواجار لێرە خۆیان دەدۆزنەوە. منیش هەستدەكەم خەریكە خۆمو كەسە ونبوەكانی دەورو پشتم دەدۆزمەوە، بەڵام هەر هەمان كات واهەستدەكەم كە جارێكیتر لە گێژاوی سەرسامیدا خەریكە خۆمم لێوندەبێتەوە. لەبەر ئەوە تكات لێدەكەم جاریَ با موراد بناسمو بزانم كێیە كە فریشتەی عاشق چاوەڕوانی دەكات.

كوڕی دایە گووتی: منیش نامەوێت چیرۆكەكان ئاڵۆزبن، دەمەوێت چی زوترە بچینە ناو باسەكانی خۆمانەوە، با لەوە زیاتر توشی سەرسامی نەبین، ڕەنگە بۆمن موراد كەسێكی گرنگ نەبێت، بەڵام وادیارە بۆ تۆ گرنگە كە هەواڵی بزانیت، لێرەوەیە كە بابەتەكان ئاڵۆز دەبن، ڕەنگە گوناهی كەسیشمانی تێدا نەبێت، باسەكان خۆیان دەبێت بەو جۆرە بێنە پێشەوە. ئەو بابەتەی كە پەیوەندی بە هەردووكمانەوە هەیە ئەو كاغەزانەن لەژێر ئەو سەرینەدا. بۆمن ناوەڕۆكی ئەو بەرنامەیە گرنگە...تاكو بزانم ئۆقیانوسی هێمن چی نوسیوە؟

وەستا كاوە گووتی زۆر باشە، كەواتە گوێم لێبگرە. . !

بیستوپێنج ساڵ زیاتر پێش ئێستا كوڕو كچێك بە ناوی( فریشتەو موراد) عاشقی یەكتری دەبن. یەكتریان زۆر خۆشدەوێت. لەگەرمەی عەشق بازیاندا، ئەو قۆناغەی كە ڕۆحیان ئاوێتەی یەكتری دەبێتو بە هەناسەی هەناوی یەكتری دەژین، لەناكاو فریشتە دیار نامێنێت. فریشتە وندەبێت لە مورادو لە دایكو باوكیو لە شارەكەش. موراد زۆر پەرێشان دەبێت بۆ فریشتە، ئەو ڕوداوەی كە چاوەڕوانی نەدەكرد لە ژیانی ئەویندارياندا، ونبونی لە ناكاوی فریشتە بوو. جێگایەك لە هەرێمەكەدا نامێنێتەوە كە فریشتەی بۆ نەگەڕێت، بەڵام هەموو هەوڵەكانی بێسود دەبێت، فریشتە لە هیچ جێگایەك نادۆزێتەوە. كەسێك نامێنێتەوە كە موراد هەواڵی فریشتەی لێنەپرسێت. هەموو خەڵكی هەرێمەكە بە موراد ئاشنا دەبن كەچەند عاشقی فریشتە بووە. ناوی دەنێن" موراد عاشق". ئەو ماوەیەی موراد گوند بە گوند بۆ فریشتە دەگەڕێت، ئیتر ناگەڕێتەوە ناو شارو دەبێت بە پێشمەرگە. پێشمەرگەیەكی قارەمانو خاوەن هەڵوێست تاكو ڕۆژانی ڕاپەڕینو ئەم سەردەمەش. ئەوەی گرنگە پێتبڵێم ، موراد عاشق یەكێك بووە لەو كەسانەی سەبارەت بە بەرنامەكە پەیوەندی لەگەڵ ئۆقیانوسی هێمندا هەبووە.

كوڕی دایە بەپەرۆشەوە گوێی بۆ وەستا كاوە ڕاگرتبوو. چاوەڕوان بوو لەو بارەیەوە بەردەوام قسەی بۆ بكات. گووتی: ئێ دوایی. . لەپاشاندا چی بەسەرهاتو كەوتە كوێوە؟

وەستا کاوە گووتی: هەرچەندە موراد باسێکی گرنگی ئێمەنییە، ئێستاش هەر لەناو شاردایە. سەرقاڵی دۆزینەوەی هاوڕێ دێرینەکانمانە کە سەبارەت بە بەرنامەکە لەگەڵ ئۆقیانوسی هێمندا پەیوەندییان هەبووە.
کوڕی دایە بە حەماسەوە گووتی: چۆن موراد بابەتی ئێمەنییە؟ چیرۆکەکەم بۆ تەواو بکە..!
وەستا کاوە بەباسەکانو بە پەرۆشی گوێگرتنی کوڕی دایە لە چیرۆکە ڕاستەقینەکانیان زۆر خۆشحاڵبوو، شادی بەڕوخساریو بزە لەسەر لێوەکانی وەك بریسکەبریسکی ئەستێرەکانی شەوێکی ساماڵی ئاسمان دەدرەوشایەوە. هەریەکەیان بابەتێکی نهێنیو چیرۆکی کەسێکی ونبووی لەلا بوو کە درکاندنو ئاشکراکردنی بۆ ئەویتریان گرنگ بوو . باسو گفتوگۆکانیان لەیەکتری نەدەشاردەوە، ئەوان تەواکەری داستانی یەکتری بوون، بەڵام وتووێژەکانیان لە خۆشەویستی یەکتریو دۆزینەوەی نهێنیەکانی ناخیان، شێوەی تێکستێکی سیناروێی وەرگرتبوو. ئەو کاتەی یەکێکیان بە بیستنی بابەتێکی تازە سەرسام دەبوو، کەسی دووەم بە پێچەوانەوە. لەناکاویش ئەم حاڵەتە پێچەوانە دەبووەوە، وەك ئێستای کوڕی دایە کە بە چیرۆکی موراد عاشق سەرسامە،ڕەنگە پێشتریش مورادی لە دوورەوە ناسیبێت. بەڵام لەناکاو دەنگی تەپەی پێی ئەو کەسانەی لەپشت ئەو چیپایەی کە ئەمان هەواریان لێهەڵداوە، وەستا کاوە دەخاتە حاڵەتی گومانکردنو سەرسام بوون. برۆو چاوەکانی بەگرژی تێکەڵ بەیەکتری کرد، وەك لە شەوێکی تاریکی زستانی گۆڕستانێکدا گوێ لە ئازاری مردووەکان بگرێت. پرسی ئەو تەپەی پێیانە چین؟ بەڵام بە قسەنا، هەر بەسەرلەقاندن، دواتر گووتی: بەشەرن یاخود گیاندار؟
کوڕی دایە حاڵیبوو، گووتی: دەرونی خۆت ئارام ڕابگرە...! ئادەمیزادن، خەڵکی ئەم مەملەکەتەن. دەچن بۆ شار.
وەستا کاوە بە هەمان ڕوخساری پەشۆکاوەوە گووتی: بۆچی کەسیتر لێرە دەژین جگە لەتۆو فریشتە؟
کوڕی دایە بە نەرمی پێکەنیو گووتی: ئەدی چۆن، بۆچی نازانیت؟
وەستا کاوە برۆکانی لەسەر چاوەکانی هەڵبڕیوتێکەڵ بە ناوچەوانی کرد، ئەمجارەش هەر سەری لەقاند. نیشانەی نەخێری پیشاندا.
کوڕی دایە بەو شێوازە دڵسۆزیو هاوڕێیەتی ناخی خۆی پیشانی وەستا کاوە دا. بە پێکەنینەوە گووتی: جگە لەمنو فریشتەی عاشق، وەستا کاوەی چەکوش پەرستیش لەم مەملەکەتە دەژی. توند باوەشی پێدا کردو لەئامێزی خۆی گرتو گووتی: خۆ تازە بەجێمان ناهێڵیت، تۆش بوویت بە کوڕی ئەم مەملەکەتە.

هەتاو لەکەلێنی چیا بەرزەکانەوە تاڵەتاڵە پرشنگی قژی خۆی بەدامێندا پەخش دەکرد. مێش هەنگە بچکۆلەکان بە هەموو لایەکدا بڵاو ببوونەوە، بەشوێن خونچەی دەمی گوڵەکاندا وێڵ بوون. جاربەجارێ دەنگی گیزەی هەنگێك بە لا گوێیاندا ڕەتدەبوو. شنەی بایەك هەڵیکرد، بەبۆنی هەناسەی گوڵو هەنگوین خۆی شوشتبوو. هەناسەی ئەمانیش پڕبوو لەبۆنی هەنگوینو گوڵ. دەرونو هەناو مێشکیان ئاسودەبوو، هەستەکانیان زیاتر کرایەوە. دەنگی کۆترە شینکەکانو کوکوختییە ڕەنگ خۆڵەمێشەکان لەبەرزایەکانەوە دەبیسترا. چۆلەکە باوکەیەك پەڕوباڵی خۆی گیف کردبووەوە، بەعەشقەوە بە جریوە جریو بەدەوری مەعشوقەکەیدا دەخولایەوە. ڕەنگە ماچێکی سەر لەبەیانیانی لێداواکات، ئەی بۆ ماچی ناکات، جارێ دەیەوێت عەشقی پڕی هەناوی بۆ بەیان کات، با ئەوەتا ماچی یەکتریان کرد، چەند خۆش دەجریوێنن. ڕەنگە خۆشیو سازگاری ئاوازو دەنگەکانی عاشق لە گەرودا نەبێت، لە هەناو هەناسەدا بێت. ئەی ئەوە نییە ئەگەر لێبگەڕێن هەموو عاشقەکان بەدڵ گوێ لەئاوازو چریکەی یەکتری دەگرن. بەیانییەکی زۆر زیندوو بوو. وەستا کاوە هەستی بە تایبەتمەندیو جیاوازی ئەم بەیانییە دەکرد لەگەڵ بەیانیانی شارەکانی هەرێم. ئەم بەیانییە ڕۆحی لەبەردابوو، وەك بەیانییەکانی هەرێم نەکوژرابوو، بێڕۆحیان نەکردبوو. بەئاسمانێکی زۆر بەرزەوە دوو خاڵی بچوك سەمایان دەکرد. دوو خاڵەکە وردە وردە دابەزینو گەورەبوون. دوو قومری نازدارو جوان بوون، بە خێرایی سنگیان بەرەو خوار داکوتاو لەسەر کانییە بچوکەکە نیشتنەوە. قەدەرێك بە هەناسە بڕکێ چاویان لەنێو چاوی یەکتریناو دەنوکە ئاڵەکانیان بە خێرایو پچرپچر بە ئاوی کانیلەکە تەڕکرد. بەئەسپای دەنوکە ئاڵەکانیان لەیەکتری خشاندو دووبارە بەرەو بەرزای چیاکان هەڵفڕینەوە.

وەستا کاوەو کوڕی دایە ماوەیەك بێدەنگ بوون، هەردووکیان لە حاڵەتی ڕامان وبیرکردنەوەدا بوون. پێدەچوو هەر یەکەشیان چاوەڕوانی ئەویتریان بێت کە باس لەنهێنییەکیتر بکات، یاخود چیرۆکی کەسێکیتر بە سەرسامییەوە بگێڕێتەوە. وەستا کاوە گووتی: حەزدەکەم بزانم چۆن من دەناسی؟

گوڕیدایە گووتی: ڕەنگە وەڵامەکەی لای خۆت هەبێت؟ ئۆقیانوسی هێمن باسی تۆی بۆکردووم. ئەو پێیگووتم کە بەرنامەکەی لەلای برادەرێکی ڕێکخستنەکانی ناو شار بە ئاشکرا باسکردووە. لەپێش شەهید بوونیشی بڕیاربوو منو تۆ بەیەکتری بناسێنێت. لەیەکێك لەو چاوپێکەوتنانەی کۆتایدا ناوی تۆی لەلا ئاشکرا کردم. دڵنیابووم لەلای زۆر کەسیتر" ئەو ئەندامانەکەی خۆی هەڵیبژاردبوون" بە نهێنی کەمێك لەبەرنامەکەی خۆی بۆ باسکردبوون، ئەوە وەك سەرەتایەك تاکو بیروبۆچوونی ئەو کەسانە سەبارەت بە بەرنامەکەی بزانێت تاکو لە هەلومەرجێکی گونجاودابە ئاشکرا

بڵاوی بکاتـەوە، بـەڵام بـە داخـەوە پێرانـەگـەیشـت. چـەند جارێك گوێبیستـی بـووم کـە دەیگـووت" زۆر گرنـگـە لـەسـەرەتـادا ئێمـە سـێ کـەس بـین ئاگـاداری هـەموولایـەنـە جەوهەریەکانی بەرنامەکە بین، لەوەش گرنگتر کەسی سێیەم لەناو شاردا بێت. کاتێك ئەم قسانەی بۆمن دەکرد، نازانم هەر هەمان کات پەیوەندی لەگەڵ تۆشدا هـەبوو‌بێت؟ ئـەوکاتـەش کـە زانـیم بـەرنامـەکـەی لـەلای بـرادەرێکـی نـاو شـار ئاشکراکردووە بـەو مەبەستەی ئەویش لەناو شاردا ئیشیلەسەر بکات، هەر کاتێك بڕیـاری بڵاوکردنـەوەی درا ئامادەبێت. لە پاشماوەیەك، پێش شـەهید بـوونـی لـە سـەردانێکدا نـاوی تـۆی لـەلا ئاشکرا کردم. ئۆقیانوسی هێمن پەیوەندییەکی ڕۆحی لەگەڵ بنەما ئەزەلیەکاندا هەبـوو، کـە بوونیـانـی دەبـەسـتـەوە بـە ئاوێتـەبـوونـی "سـێ" پێکهاتـەی ئـەزەلـی، بـەرنامـەکـەشـی لەسەر بنەمای ئەو فکرە دادەڕشت. ئەو پەوەندییە ڕۆحییەی ئۆقیانوسی هێمن لـەگـەڵ چـەمکـی "سـێ"دا، لـە بنـەڕەتدا پـەیـوەنیدییـەکـی زانسـتو فـەلسـەفی بـوو، بـەڵام ئـەو دەیویست بیبەستێتەوە بە پرەنسیپەکانی شۆڕشو ڕەفتارو هەڵسوکەوتو بیرکردنەوەی ئەندامەکـانی. ئـەو مـاوەیـە هـەمیشـە چاوەڕوان بـووم کـە ڕۆژێك هـەرسێکمان پێکـەوە دانبنیشـینو لـە نزیکـەوە بـەیـەکتـری ئاشـنـابین، بـەڵام بـە داخـەوە پێرانـەگـەیشـتین، دڵنیاشبووم لەوەی کەبەرنامەکەی بۆ تۆ ناردووە. تاکو ئێستا ناوی تۆم هەر لەیاد ماوە. من هەرئەوەندە تۆ دەناسم.

وەستا کـاوە گـووتـی: چیرۆکـی ژیانمـان بـە خـەتێك نوسـراوە، بـەڵام هـەرچیرۆکێکیـان بەدەنگێکی جیاواز دەخوێندرێتەوە. من ئـەگـەر بمـەوێت سـەرەتـات بـۆ باسبکەم. هـەر ئەو وشانەن کە تۆ چیرۆکـی ژیـانـی خۆتـت بـۆمن پێگێڕانـەوە. منیش دەڵێم بـەداخـەوە جـارێکیتر بـە ئۆقیانوسـی هێمن نـەگـەیشتم تـاکو لـە نزیکـەوە بـە تۆ ئاشنـابم. منـیش دڵنیابووم لـە نێوانـی منو ئـەودا کـەسـی سێیەم هـەیـە، هـەر خۆیشـی بـەڵێنـی پێدام کـە سەردانی ئایندە هەر سێکمان پێکەوە دابنیشین سەبارەت بە بەرنامـەکە گفتوگۆبکـەین ، بەڵام پێرانەگەیشتین کە بەیەکتری ئاشـنـابین. لـەدوای شـەهید بـوونـی ئـەویش مـن زۆر هەوڵمدا کەسی سێیەم کە تۆبوویت، بدۆزمەوە، هەموو هەوڵەکانم بێسود بوو. تۆم لـە هیچ شوێنێکدا نەبینییـەوە. کـەس لـەو بـاوەڕەدا نـەبـوو کـە تۆ مابیت. دونیـات لـەشـوێن گەڕان، بن بەرد نەما بۆ دۆزینەوەی تۆ هـەڵینـەدەنـەوە، بـەڵام تۆ هـەرنـەدۆزرایتـەوە. ئێستا ماویتو دەژیت، یاخود زیندوبوویتەتەوە. گرنگی لـە چارەنوسـی ئـەم مانـەوەیـە ڕەنگە تاکو ڕادەیەك ئەفسوناوییبێت، یاخود جـارێ نهێنـی بێت، بـەڵام دەبێت خۆشـمان بزانین بـۆچی تـاکو ئێستا ماویتـو لـە پاش چارەکـە سـەدەیـەك ئینجـا ئێمـە بـەیـەکتـری گەیشتین. دەبێت لەم قەدەرە خافڵنەبین. کەسیتر لەنێوانی منو تۆدا نەبوو تاکو بتوانین بە ئاسـانی یـەکتـری بدۆزینـەوە. چـارەنوسـی تۆ بـەو جۆرەبـوو کـە نـەوتوانیوە خۆت پیشـانبدەیـتو بـۆمن بگـەڕێیت. منـیش بێئاگـابووم کـەئۆقیانوسـی هێمن لـەگـەڵ تـۆدا

پەیوەندی هەبوو، ئەوەی جێگای گومان بوو تۆ لەناکاودا لە گۆڕەپانی شۆڕشدا ونبوویتو ناوت سڕایەوە، هەڵبەت من تۆم لەنزیکەوەوە نەناسیوە، بەڵام کەسێکی ناوداری ناو شۆڕشەکەبوویت. لە پاش نەمانی ئۆقیاموسی هێمن سەردانی برادەرانم کرد، بۆلای مامۆستا شادمان چووم. ئەودەمە هەواڵی تۆم لە مامۆستا شادمان پرسی. ڕوخساری وایپیشاندا کە نایەوێت لەو بارەیەوە هیچ بڵێت.

ئۆقیانوسی هێمن بەرنامەکەی بە تەواوی بۆ نەناردم، من نەمدەزانی بۆچی؟ ڕەنگە لەبەر زۆری پەڕەکان بووبێت لەو زەمانەدا گەیشتنیان بۆ ناو شار کارێکی زەحمەت بوو، بەڵام ئەوەشی بۆ نوسیبووم کە سەردانم کرد بەشی کۆتایی بەرنامەکەم بە دەستی دەداتێ. ئەو مەبەستی دواین سەردان بووکە بەڵێنی پێدابووم لەگەڵ کەسی سێیەم کە تۆ بوویت بەیەکتریمان بناسێنێت. بە داخەوە نەئێمە بەیەکتری گەیشتین نە ئەو بە بەرنامەکی ڕاگەیشت. قەدەر ئەوەی پێخۆشبوو بەرەو ئەو قیامەتە پەلکێشمان بکات کە ئۆقیانوسی هێمن چەندین ساڵ، لەسەرەتای شۆڕشدا وێنەی ئازەرەکانو ڕەنگەکانی چارەسەرکردنی بۆ کێشاین.

کوڕی دایە گووتی: ڕەنگە ئەو پەڕە کاغەزانە بەرنامەکەی ئۆقیانوسی هێمن بێت؟

وەستا کاوە سەری بەڵێی بۆ لەقاندو گووتیشی: بەشەکانی کۆتایی خۆم نوسیومەتەوە.

ئۆقیانوسی هێمن بەرنامەکەی بە خەتی خۆی نوسیبووەوەو بۆ هەردووکیانی ناردبوو، بەڵام ئەوەی وەستا کاوە بەشی کۆتایی بەرنامەکەی بۆ نەناردبوو. کوڕی دایە وەستاکاوەی بۆ چەند هەناسەیەك بەجێهێشت، زوو بە کۆمەڵێك پەڕە کاغەزەوە گەڕایەوە. بەرنامەکەی ئۆقیانوسی هێمنی بەتەواوی لەلابوو. بە ڕاوردی هەردوو نوسراوەکەیان کرد، هیچ جیاوازییەك نەبوو لەنیوان نوسراوەکاندا، وشەبەوشەی کۆپی یەکتری بوون. حاڵەتێکی ئەفسوناوی خۆش بە ڕۆحیاندا هات، وەك هەردووکیان تازە بە سکێك لەدایك بووبێتن. جارێکیتریش باوەشیان بەیەکدا کردوو لەناو بۆنی هەناسەی یەکتریدا ئاسودەبوون.

وەستا گووتی: من بەسەرهاتی دەسکەوتنی بەرنامەکەم بۆ گێڕایتەوە. بزانم تۆ چۆن لە دوای هەڵهاتنت بە کۆڵێك ترسو نیگەرانی پەژارەوە گەیشتیتە گوندی " پڕئاخ"؟

کوڕی دایە گەرچی سەرسام بوو، بەڵام بە خەندەوە گووتی: ئەی تۆ چۆن دەزانیت بەرنامەکەم بۆ گوندی پڕئاخ ناردووە؟

وەستا کاوە گووتی: ئیتر نابێت بە ڕوداوەکان سەرسام بین...! کە هەردووکمان پاڵەوانی یەك داستانبین. (سابیر کاکل) چیرۆکی پەڕەکاغەزەکانی بۆ موراد عاشق باسکردبوو، ئەویش هەمووی بۆمن گێڕایەوە.

وەستاکاوە بەسەرهاتەکانی خۆی بۆ کوڕی دایە گێڕایەوە تاکو ئەو ڕۆژەی بەناچاری شاری بەجێهێشتو ڕووی کردە چیا هەزار بەهەزارەکان.

کوڕی دایە چووە دونیای موراد عاشقەوە، گووتی: پێتوایە موراد فریشتەی لە یاد مابێت؟
وەستا کاوە گووتی: موراد مرۆڤێکی زۆر جدییە بۆ کارەکانی، بەعیشقەوە هەموو کارێك دەکات. عیشقی بۆ هەموو شتێك هەیە، هەموو عیشقەکانیش لە چاوی مەعشوقەکەی وەرگرتووە. موراد لەو باوەڕەدا نییە کە فریشتە مابێت، بەڵام هەرگیز لەبیری ناچێتەوە، هەمیشە لەناو یادەکانی ئەودا دەژی.
هەرکەسێك فریشتەی ناسیبێت لەوباوەڕەدا نییە کە تاکو ئێستا مابێت . ئەو کەسەش هەواڵی مانی تۆ ڕابگەیەنێت بە شێتی دەزانن. تۆ هەر ئەوەندە باشتکرد کە لەدەسەستیان هەڵهاتیت، بەڵام فریشتە چاکینەکرد کە موورادی بەجێهێشت، موراد تاکو ئێستا بە دیار ڕۆحیەوە دانیشتووە.
کوڕی دایە گووتی: وانەزانیت فریشتە بۆ خۆشیوکەیفی خۆی هاتبێت. کچێکی نازدارو جوانبوو، عاشقێکی پاکو میهرەبانبوو بۆ ئەم مەملەکەتە چۆڵە هەڵهات لەبەر ئەوەی تاکو مردن بە عاشقی بمێنێتەوە. زۆر ئێوارە لەبەردەم دەروازەی مەملەکەتی مێش هەنگدا چاوەڕوانی موراد عاشقی دەسگیرانی بوو لەناکاو دەربکەوێت، بەڵام موراد هیچ ئێوارەیەك دەرنەکەوت، جگە لەو تارماییەی لەدەمی ئێوارەیەکدا دێتە بەر نیگا خەماویەکانی فریشتە. فریشتە نوقمی شادی دەبێت، دڵی تەنگی بەڕوی خۆشیدا دەکرێتەوە. دەڵێت، ئەوە مورادەو شوێن پێی منی هەڵگرتووە ، بەبۆنی هەناسەمدا گەیشتووەتە ئێرە.
فریشتەی داماوئەو ئێوارەیەش نائومێد بوو، چونکە ئەو تارماییەش موورادی دەسگیرانی نەبوو. هەر ئەو ئێوارەیە بوو کەمن بە ترسو نیگەرانیەوە لە چیاکان نزیك دەبوومەوە، تارماییەکەش من بووم. زۆر شەکەتو ماندو وغەمباربووم. لەو نیوە شەوە درەنگەوە کەلە تەویلە کە دەربازبووم بەڕێگاوەبووم، هەڵبەت لە سەرەتادا بەرەو گوندی پرئاخ چووم. شەوێکی سامناكبوو، بەڵام بۆمن شەوی خۆ دەربازبوونو سەرکەوتنبوو. ئەو شەوەبوو کەمەستی پیلانی سەرکەوتنبوون بەسەر حیزبە بچکۆلەکاندا. ئەو پاسەوانەی بۆ چاودێری من دانرابوو، من بیرم نەداهات کە بیناسم، یاخود لەجێگایەك بینیبێتم، بەڵام ئەو بەباشی منی دەناسی. کوڕێکی زۆر بەجەرگو بە وەفاو خاوەن هەڵوێست بوو. بەچرپە پێیگووتم" ئەم شەو لەم زیندانە پۆخڵە پێکەوە هەڵدێین، سەد مخابن کەتۆ زیندانی بیت". من لەسەرەتادا باوەڕم پێی نەکرد، بەناخی خۆم گووت" پێشمەرگەیەکی ئاسایی کەناییناسم چ مەجبوورە بە ئازاد کردنی منو تاوانبار کردنی خۆی. نیوەی شەو دەرگاکەی بە ئەسپایی شکاندو قۆڵی ڕاکێشام بۆ دەرەوە. تاکو گەیشتینە خوار ئاوایی کەمێك بە گومان بووم. بەو شەوە تاریکە یەك بینە دەڕۆشتین، هەردووکمان بە باشی ناوچەکە

بەڵەد بووین. زۆر ڕۆشتین تاکو لەدوورەوە گڵۆپەکانی جێگایەکمان لێدەرکەوت. من دڵنیابووم کە بنکەیەکی سەربازی ڕژێمە، بەڵام بێدەنگ بووم. ئەو گووتی: من لێرەوە جیادەبمەوە، ئەگەر پێتخۆشە پێکەوە دەبین، چ ڕێگایەکیتریش دەگریتە بەر ئارەزووی خۆتە. جگە لەوەی کە زۆر سوپاسم کرد، پێشمگووت" ئەگەر بە گوندێك گەیشتیت تفەنگەکەت لەلای ناسیاوێك دابنێ، چونکە ماڵی خۆت نییە..! بەو شەوە تاریکە دڵۆپە فرمێسکە گەشەکانیم دەبینی، ویستی دڵ تەنگیو فرمێسکەکانی بشارێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەو دەریا فرمێسکەی هەناویدا هیچی بۆ نەکرا. لەناکاو پرمەی گریان لەناخی هاتە دەرەوەو توند باوەشی پێدا کردم. پێش ئەوەی لەیەکتری جودابببینەوە گووتم: ئەم شەو پلانەکەت سەرکەوتووبوو، هەوڵبدە هەمیشە هەرسەرکەوتووبیت، ئێستاش برۆ، بەڵام هەموو ڕوناکییەك ئاوەدانی نییە. ئەو ڕۆشت بە ڕێگای خۆیداو منیش بەرەو گوندی پرئاخ کەوتمە ڕێ. شەوێکی تاریك بوو زوو لەچاوی یەکتری ونبووین. بێ ڕاوەستان بەردەوام دەڕۆشتم. ڕێگای تەختو هەورازو وشكوتەڕم هاتە ڕێ. باڵندە خەوتووەکانی کەناری تولە ڕێگاکانم لە خەو دادەچڵەکاند. بەو شەوە پەرەوازەی ئاسمانێکی تاریك دەبوون. چەندین جار تارماییەکان بەرەو ڕووم دەهاتن، تارمەییەکان هەر ئەو دارو درەختوتاوێرە بەردانەبوون کە ڕۆژانی پێشوتر بە خزمەتیان گەیشتبووم. لەبەر دیدەی ماندو وخەوالومدا دەبوون بەدێو و زەلامی زلەو جنۆکە. من هەر زوو بڕیاری خۆمم دابوو بەرەو گوندی پرئاخ بۆ ماڵی ئەحمەد پرئاخی بچم. ئەوێ باشترین ماڵێك بوو بۆمن لەو تەنگەژەیەدا پەنای بۆ ببەمو هەموو ئەو کاغەزانەشی لێوەربگرم کە بە سابیر کاکلدا ناردبووم. ئەو ڕۆژەی سابیر کاکل هات بۆلام. بارودۆخی ژیانی من باش نەبوو. حەزمنەکرد سابیر لەلام بمێنێتەوە، گووتم" سابیر گیان زوو ئەم گوندە بەجێبهێڵەو برۆ، هەرچییەکیشت پێیە ئاشکرای مەکەو بۆم بگەیەنەرە ماڵی ئەحمەد پرئاخی لە گوندی پرئاخ. ئەو ڕۆژەم باش لەبیردێت کە سابیریشم بە خۆمەوە شپرزەو غەمبارکرد. دڵنیابووم کە سابیر گوندەکەی بەجێهێشتووە. بۆ بەیانی لە ژورەکەی خۆمدا بووم کە هەڵیانکوتایە سەرمو لە تەویلەکەدا بەندیان کردم .
لەتەویلەکدا بیرم لەبەر نامەکەی ئۆقیانوسی هێمن دەکردەوە کەباشمکرد لە سابیرم وەرنەگرت، من خەمی فەوتاننیانم بوو. ئیر بێخەم بووم، چونکە دڵنیابووم کە سابیر دەیگەیەنێتە شوێنی مەبەست، ئەحمەد پرئاخی ماڵی ئامانەت، بەتایبەتی شتی من وەك چاوەکانی دەپارێزێت. دواتر ئەوەی کە خەمی لەدڵدا دروستکردم، هیچ ڕونکردنەوەیەك بە سابیر نەدا، چونکە گوندەکە زۆر ئەحمەد پرئاخی تێدا بوو، جا سابیر ورياو ژیربەو ئەحمەد پرئاخییەکەی من بدۆزەرەوە.

لەگوندی پڕئاخ خەڵکم زۆر دەناسی، بەڵام من هەر دەچوومە ماڵی ئەو ئەحمەد پڕئاخییەی کە پەڕە کاغەزەکانیشم بۆ نارد. دونیا هێشتا هەر تاریك بوو کە گەیشتمە ناو گوندەکە. دڵنیابووم کە کەس نەیبینیووم، منیش بە کەس نەگەیشتم. چوومەناو حەوشەکەوەو بە ئەسپایی لەدەرگاکەم دا. کاك ئەحمەد خۆی دەرگاکەکەی لێکردمەوە. ڕوخساری پەشێوو هەناسەی ماندوی زوو خوێندمەوە. برسێتی ئەو چەند ڕۆژەی تەویلەکەم پێوە دیاربوو. کاك ئەحمەد واتێگەیشتبوو لە شەڕێکی دوژراو شکاو بەبێ تفەنگ گەڕاوینەتەوە. بە پەشۆکاوی هەواڵی هاوڕێکانی پرسیم. گووتم :وەرە لە ژوورەوە قسەت بۆ بکەم. لە ژوورەوە بەسەرهاتی خۆمم بۆ گێڕایەوە. زۆر پێی نیگەران بوو، بەدڵ باوەشی بۆ خەمو ئازارەکانم کردەوە، لە پشتیوانی خۆی دڵنیای کردم. کەمێك خۆشحاڵو ئاسودەبووم. گووتی: خۆ دکتۆر ئاسۆ پێش چەند ڕۆژێك لێرەبوو، هیچی نەگووت، تەنها هەندێك پەڕە کاغەزی پێچراوەی تۆی پێبوو پێیگووتم : ئەمانە ئامانەتی کوڕی دایەن، لەلای خۆت هەڵیانبگرە تاکو خۆی دێتەوە بۆیان نە باسیبکەن، نە بیدەرە دەست کەس. گووتم: ئەی خۆی بۆ نەهات؟ کەی بۆ ئێرەوە دێن؟ دکتۆر ئاسۆ گووتی: من هیچی نازانم. ئەم کاغەزە پێچراوانەش برادەرێکی خۆمان پێدام، لە گوندەکانی سەرەوە بەیەکتری گەشتین. گووتی"ئامانەتی کوڕی دایەن بۆ ئەحمەد پڕئاخی". ئەو برادەرە تۆشی نەدەناسی، گووتم: ئەگەر ئەو کەسە بڵێیت کە کوڕی دایە هاتوچۆیان دەکات، ئەوە من دەزانم کام کاك ئەحمەدە دەڵێیت. پەڕە کاغەزەکانم لێوەرگرتو لەگەڵ خۆم هێنامن بۆ تۆ.

لە گوندی پڕئاخ مامەوە بەبێ ئەوەی کەس ئاگادار بێت. هەواڵم زانی کە گونداو گوند بە شوێنمدا دەگەڕێن. مەترسیم بۆ ماڵی ئەوانیش هەبوو. دڵنیابووم کەبێنە ئەم گوندە ماڵی کەك ئەحمەدیش دەگەڕێن، زۆر کەس دەیزانی کە سەردانی ماڵی ئەوان دەکەم، هەر کاتێك بۆ ئەم ناوچەیە هاتبێتم. بەرەبەیانییەکی زوو کە هێشتا دونیا تاریك بوو. پەڕە کاغەزەکانم لە کاك ئەحمەد وەرگرتو لەبن باخەڵم بەستن، چارۆکەیەکیش نانم بەکۆڵمەوە گرێدا. بەخێرای لەگوندەکە دوور کەوتمەوە. بە هیچ گوندێکی تردا تێپەڕ نەدەبووم، خۆم لە چاوی خەڵك دەپاراست بە قەراغ گوندەکاندا ڕەتدەبووم. بەبێ ئەوەی بزانم بۆ کوێ دەڕۆم هەنگاوەکانم گەورەو خێرا هەڵدەهێنا. بەقەد پاڵی چیایەکەوە ئەشکەوتێکی بچکوم بینی، بیرم کردەوە لەناو ئەو ئەشکەوتەدا خۆم بشارمەوە، بەڵام نازانم بۆچی پەشیمان بوومەوە، ئابیرم کردەوە بۆ هەردەبێت کاتی تەنگانە پەنا بۆ ئەشکەوتەکان بەرین؟ ناو ئەشکەوت دەستو بیری مرۆڤ دەبەستێت. دەڕۆشتمو نەمدەزانی بەرەوکوێ دەڕۆم. گوێم لەدەنگی کەس نەبوو، ئەی ئەوە کێبوو چرپاندی بە گوێمدا،گووتی" ڕووبکەرە چیا هەزار بەهەزارەکان". بەدەم ڕێگاوە وەك کەسێك لەناکاو هاوارم لێبکات داخورپام. دڵنیابووم کەکەس نەبوو، تەنها خۆم بووم

بیری ئەو چیایانەم کەوتەوە. بەخۆم گووت: ناچم. چیبکەم لە وچیا ترسناکانە؟ مەگەر خۆم دەرخواردی مێش هەنگەکان بدەم. دەڕۆشتم جگە لەماندووبوون هیچم بە هیچ نەدەکرد. ئەو هەرێمە گەورەیەم لێببوو بە ژورێکو نەمدەزانی ڕوولەکوێ بکەم خۆم لە چنگی دڕندەکان بپارێزم. ئەشکەوتە تاریکەکانم پێباش نەبوو، لە چیا هەزار بە هەزارەکانیش نزیك ببوومەوە. چیاکان ئەو شوێنەبوو کە کەس شکی پێنەدەبرد، چونکە هیچ کەسێك زاتی چوونە ناوەوەی نەبوو. چیرۆکەکانی سەبارەت بە ترسناکی چیاکان بیستبوومان، جگە لە ترسو توقین هیچی تری بە ڕۆح نەدەدا. بیرم لە زۆر جێگا کردەوە، بەڵام هیچیان جێگای دڵنیای نەبوون، بەئاسانی دەدۆزرامەوە. دەمتوانی بگەڕێمەوە ناو شار، بە هەر مەبەستێك بووبێت ڕژێم پێشوازی گەرمی لێدەکردم، بەڵام هەرگیز ئەو پێشوازییە بەمن قبوڵ نەدەکرا، بۆیە بە خێرای بڕیارمدا ڕوو لە چیا هەزار بە هەزارەکان بکەم، مێش هەنگ بمخوات باشترە، نەك ڕژێم هەنگوین بەدەمەوە بکات.

دەمەو ئێوارەبوو لە دوورەوە چیا ڕەشو زەبەلاحەکانم بینی.هەستم بە هەنگاوەکان کرد خاوببوونەوە. قەدەرێك ڕاوەستام وەك لەدڵمدا پەشیمان ببمەوە. نیگاکانیشم بۆ چیاکان دەهاویشتو ترسو پەشۆکاویان بە پەردەی مێشکمدا دەدا. ئەو دەمە دوژمنە شوێنکەوتووەکانم لە بیر نەبوو، ئاوڕم بۆ پشتی خۆم نەدەدایەوە، چاوەکانم هەر لەسەر چیاکان بوو. کەمێکیتر بەرەو پێش چووم، بەبێ ئەوەی هیچ بەدیبکەم هەستم بە لەرزینی ئەژنۆکانم دەکرد. دونیا کشو ماتو بێدەنگ بوو. مرۆڤ لەبێدەنگیدا هەست بە ئارامی دەکات، کەچیمن زۆر بێئارام بووم. لەدڵە غەمبارەکەمدا دەمگووت: ئاوەدانیو دەنگە دەنگیان گووتووە. ئارەزووم بوو کەسێك لەپاڵ تاشە بەردێکدا بە هاوارێك دڵم داخورپێنێتو ببێت بە هاوڕێی تەنیایم، بەڵام کەس نەبوو. وەك بە ناو گۆڕستاندا تێپەڕببم، بۆنی مەرگم دەکرد. قاچم لە دارێکی وشکی چەقیوی ناو خۆڵەکە هەڵنووت، دارنەبوو ئێسقانی ڕانو قاچ بوو. تەماشای زەویەکەمکرد ئەو ناوچەیەبوو کە ئێسكو پروسکی لێکەوتبوو، ئێسکوپروسکی ئەو خەڵکانەی چیرۆکەکانمان دەربارەیان بیستبوو. ئەژنۆکانم تەقەتەقیان دەهات. هەناوی خۆمم نەدەبینی، بەڵام ڕۆحم قەستی بوو بە چرکەیەكماڵئاوایم لێبکاتو لەو قەیرانە خۆفەو مەرگەساتە خۆی دەرباز بکات. لەجێگای خۆم ڕاوەستام کەمێك دەرونی خۆم ئارام بکەمەوە، بەڵام کۆنترۆڵی خۆمم لەدەست دابوو. بیری ئەو ڕۆژانەم دەکەوتەوە کە بەرەو ڕووی مەرگ دەبووینەوە، ئەو شەوانەی بەسەر ڕێگا مین ڕێژکراوەکاندا دەڕۆشتینو بێباك بووین لە مردنو ژیان. ترسە نیگایەکیترم هاویشتەوە سەر چیاکان، دەرروازەکەم بە باشی دەبینی، چیاکانیش هەر لە جێگای خۆیاندا ڕاوەستا بوون. لەخۆم دەپرسی: ئەدی ئەم هەموو ترسە چییە سەرتاپای جەستەو ڕۆحی

داگیرکردووم؟ خۆ چیاکان بەردێکی گەورەی ڕەق ڕاوەستاون، هەزاران ساڵیشە لەو حاڵەتەدان. چەند هەنگاوێکیتر چوومە پێشەوە، کەڵـلە سەرو ئێسکو پروسکی ترم بینی، پارچەی ئاسنو شیرو تیری کۆن لەناو خۆڵەکەدا ژەنگیان گرتبوو، ڕزیبوون. چەندین قەڵغان وەك بێژنگ ژەنگو زەمان هەزار کونی بۆ ڕیسوابوون تێکردبوون. لەناخی خۆمدا گووتم" ئەم سوپایە چ تاوانو گوناهێکیان کردبێت بەم دەردەچوون؟" پرسیارە ترسناکەکان جارێکیتر قوتبوونەوە، ئەم هەموو لاشەیە خۆراکی چ گیانلەبەرێك بووبێتن، تۆبڵێیت ئەو هەنگە بچکۆلانانە ئەم هەموو مرۆڤانەیان خواردبێت؟کەسێك نەبوو وەڵامم بداتەوە و ترسم برەوێنێتەوە.

چیاکان هێدیهێدی خەریك بوو لەناو بولێڵدا ڕەنگیان کاڵدەبووەوە. من دەترسامو هیچیش لە ئارادا نەبوو، ڕوداوێکی تۆقێنەرم نەبینی. لەناو تارێکیدا ڕوخساری چیاکان جوانتر و گەشاوەتر بوو. سەرلوتکەکان بەڕەنگی ئاگرو ئاڵتون دە بریسکایەوە. ناوبەناو شنەی بایەکی پڕ لەبۆنی هەنگوین لە ڕوخساری زەردو پەشۆکاوی دەدام.هەستم بە ئارامی دەکرد، وەك ئارەقی ترس لەسەر ڕووم وشکبووبێتەوە کەمێك ئاسودەبووم. ئاسودەیەکی ئەفسوناوی وەك لەباوەشی خەوێکی ئارامدا بم. چێرۆکی چیاکان وەك چیرۆکی ناو ئەفسانەکان دووبارە بە ناو یادەوەریەکانمدا بەهێمنی گوزەریان دەکرد، دەیانویست بین بە هاوڕێی تەنیایم. بەدەم خەیاڵەوە چووبوومە پێشتر، بەناو ئێسکەو پروسکەکاندا تێپەڕیبووم. بە دیقەتەوە سەرنجی دەروازەی چیاکانم دەدا. پەڵەیەك تارمایم بە سەر ئاسمانی دەروازەکەوە بەدیکرد، تارماییەکە لەسێبەری باڵندەیەکی گەورەی شێوە گۆڕاو دەچوو، هەرساتەو بە ئاسمانەوە شێوەیەکی جیاوازی لەبەرچاومدا دەنواند. ترسو پەشێوی لەناو ڕۆحمدا سەریان هەڵدایەوە، لە جێگای خۆم ڕاوەستامو نیگا چەواشەکانیشم لەسەر پەڵە تارماییەکە بوو، هەستمدەکرد بەرەولای من دێن. هەموو وزەو تواناکانم دا بە حوکمی چاوەکانم، پەڵە تارماییەکە نزیکتر بوووەو، شێوەشیان گۆڕا بۆ کۆمەڵێك باڵندەی بچکۆلانەی لەناو یەکتری ئاڵۆزکاو کە بە ئاستەم لەیەکتری جیادەکرانەوە. ترسوپەشۆکاوی لاشەکانی بەبیر هێنامەوە. گووتم، بێشك ئەم لاشانە بەم جۆرە هێرشانە لەناو چوون، شەڕی تیرو شیرو تفەنگو دەبابە لەگەڵ ئەمانەدا هیچ سودێکی نییە. چەندین لولە تفەنگ تاکو قونگی خاوەنەکەی چەمابوو. لەسەر قەڵغانەکان سەری خاوەنەکانیان نەخشابوو، هێندە بەهێز قەڵغانەکانیان بە سەردا کێشابوون، تاکو حەوت عەیام دەنگی هاواریان لەگوێی دەڤەرەکەدا دەزرنگایەوە. هەندێك ڕم هێشتا چاوە دەرپۆقیوەکانی بەسەرەوەبوو.

تاریکای وردەوردە بۆ ناو خۆی لوشی دەدام، من بۆخۆشم لەناو ترسا نقوم ببووم. دونیا چەندی تاریکتر بوایە. پەڵە تارماییەکە ڕوناکتر دەینواندو دەگەشایەوە. ئەوەی

جێگای خەمو ترسو سەرسامیبوو هەنگەکان بوون، پەڵە تارماییەکەش بە مێش‌هەنگ تێدەگەیشتم بەناو یەکدا چووبوون. باڵەکانیان هێندەبە خێرای بەیەکدا دەدا، هەمیشە بریسکەی ڕوناکیان پەخش دەکرد. لەناو خۆشحاڵی خۆمدا سەرسام ببووم، لەناکاو دەروونم لەترس‌ونیگەرانی‌وپەشۆکاوی خاڵیببووەوە. بە هاتنی مێش هەنگەکان شادو ئاسودەبووم. خۆشم نەمدەزانی ئەو گۆڕانە گەورەو پێچەوانەیە چیبوو بەسەر دەرونمدا هات‌و ترسی دڵی ڕەواندمەوە. نهێنیەکە لە ناخمدا بوو، خۆم هەستم پێنەدەکرد. ئەمجارە هەموو چیرۆکە ئەفسانەیەکانم لە هزردا سڕینەوە، بەڵام لە ڕاستی ئێسك‌و پروسکە کەوتووەکان خۆم گێڵ‌وخافڵ نەکرد، هەناوو ڕۆحیشم نەکردبە هەواری ترس‌و خەمەکانیان. چیرۆکەکانی سەبارەت بە چیاکان گوێبیستیببووین، ڕقی لەدڵماندا بەرامبەر بە مێش هەنگ دروست کردبوو. ئەو باڵدارە میهرەبانە خنجیلانەیەمان وەك دڕندەیەکی گەورە دەهاتە بەرچاو،هەربۆیە نزیك بە دەروازەکە هەمیشە خەیاڵم لەلای مێش هەنگەکان بوو لەناکاو هێرشم بۆ دێنن. تاکو هاتنە نزیکم من هەروام دەزانی مێش هەنگن، هێندە بە چاوی ترسی مێش هەنگ دەمڕوانی هەموو شتێکم لێببوو بە مێش هەنگ. ئەوباڵندە وردیلانانە مێش هەنگ نەبوون. کە هاتنە پێشەوە پۆلێك کۆتری پەری پەڕ سپیبوون. لە دەنوك‌وچاوە چکۆلانەکەیاندا ڕوخساری دۆست و کەس و ئاشناکانی خۆمم دەبینی، وامدەزانی ئەوانن هاتوون بە دەنگمەوەو لەو شەوە ترسناکەدا دەبن بە هاوڕێیم. کۆترەکان گەیشتنە سەرم، بەسەر سەرمەوە وەك فریشتە دەخولانەوە. هەستم بەئارامی زیاتر کرد، وەك لەشوێنی من هاتبێتن. بەرەو ناو چیاکان دووبارە بە هێواشی فڕینەوە. بای باڵەکانیان لە ڕوخساری دەدام، هێندە نزیك بەسەر ئاسمانی سەرمەوە هەڵدەفڕین. جگە لە دیمەنە جوانەکانی ڕۆحی کۆترەکان کە دەرونی ڕۆشنکردبوومەوە هیچیترم هەست پێنەدەکرد. ئیتر کاتی دوودڵی‌و پەشۆکاوی نەبوو، دیاردەیەکی ترسناکیشم نەدەبینی. پێبەپێی خێرای کۆترەکان بەرەو دەروازەکە هەنگاوم دەنا. هەستم بە سوکی لەشم دەکرد، وەك بەناو هەوادا غاردەم.

لەبەردەم دەروازەکەدا زۆر ئارامتر بووم، وەك هەرگیز ترس بە ڕۆحمدا گوزەری نەکردبێت. دونیا تەواو تاریك ببوو، بەڵام ناو چیاکان ڕوناکییەکی ئەفسونای لە خۆ گرتبوو. تریسك تریسك بەدامێن‌و قەدپاڵ‌و لوتکەی چیاکانەوە پڕیشکی ئەفسوناویان لە سۆمای چاودەگرت.

کوڕی دایە بەردەوام قسەی بۆ وەستا کاوە دەکرد...

دەروازەی چیاکان هەر ئەو دوو چیایە بوو کە خۆت بینیت‌وپێیدا هاتیتە ناوەوە. دوو چیا بەرامبەر بە یەکتری ڕاوەستابوون. لەپشت ئەو دوو چیایەوە چیا بەرزەکان بەریزو پشتاوپشتی یەکتری بە ئاسماندا هەڵچووبوون. هەندێك چیا هێندە بەرزبوو،

مرۆڤ پێیوابوو شەڕ لەگەڵ هەورا دەكەن، لوتیان لە باڵی ئەستێرەكان دەژەنی. حەزتدەكرد بچیتە سەر چیاكانو دەست لە ئەستێرەكان بدەیت.
كۆترەكان چوونە ناوەوەو منیش بەدوایاندا ڕۆشتم. لە دیوی ناوەوە قەدەرێك كۆترەكان بەسەر سەرمەوە بە فڕەفڕ ڕاوەستانو پاشان بە خێرای ڕۆشتنو لەبەر چاوم دیار نەمان. ڕۆشتنی كۆترەكان منی تەنیا كردەوە. تەنیایش لەناو چیاكاندا ترسو دڵەڕاوكێ دەكات بە هاوڕێت. ناچار بووم بەرەو ناوەوە بڕۆم.
وەستا كاوە زۆر ماندوبوو، وەنەوزی خەو لەشی خاو كردبووەوە. كوڕی دایە هەستی بە ماندوبوونی كرد، نەیویست ئیتر درێژە بە چیرۆكەكەی بدات. ڕستەكانی كورتكردنەوە تاكو كەمێك زووتر كۆتای بە چیرۆكی هاتنی خۆی بۆ چیا هەزار بە هەزارەكان بهێنێت.
بەرەو ناوەوە چووم، لەو دیو دەروازەكەوە ئەشكەوتێك هەبوو. " ئەو ئەشكەوتەی كە خۆت بینیت". وەستا كاوە بەدەم باوێشكێكی درێژەوە گووتی:ئـــــاااااا بینیوومە.
لەبەردەم ئەشكەوتەكەدا ڕاوەستام. دەمی ئەشكەوتەكە كونێكی گەورەبوو، هەموو دەعبایەكی پێوەدەچوو. سەرەتا بە ترسەوە سەرنجی ئەشكەوتەكەمدا. وەك كەسێك بانگم بكات بەدەم دەنگەكەوە چەند هەنگاوێك چوومە پێشەوە بۆ ناو دەمی ئەشكەوتەكە. ئەو سەری ئەشكەوتەكە كونێك وەك شەبەقێك ڕوناكی دیاربوو. ڕوناكییەكە دەرونی ڕوناككردمەوە كە زیاتر بچمە ناوەوە. ئەمجارە گوێم لەكەسێك بوو لەو دیوەوە بانگی دەكردم. هەستم دەكرد كەئەو دەمبینێت، بەڵام من ئەوم نەدەبینی. چەندە پەشێو و بە گومان بووم، هێشتا حەزم بە هاورێیەتی كەسێك بوو لە تەنیایی ڕزگارم بكات. وردەوردە چوومە پێشتر، ڕوناكی ناو ئەشكەوتەكە زۆر سیحراوی بوو، بەو شەوە تاریكستانە نەمدەزانی ئەو ڕوناكییە لە كوێوە دەگاتە ناو ئەشكەوتەكە. بەناو ئەشكەوتەكەدا ڕۆشتم تاكو لەدەروازەكەی ئەو سەری نزیك بوومەوە. لەدەمی كونەكەدا بە ڕامانەوە نیگای چاوەكانم لەسەرخۆ بۆ ئەو دیو نارد. سەرسام بووم، چونكە هەرگیز باوەڕم نەدەكرد لە ناو ئەو چیایانەدا ئەو جێگا فراوانو ڕوناكە هەبێت. چاوەكانم دەگێڕا بە دوای ئەو دەنگەدا كە بانگی دەكردم. لە گۆشەیەكدا كچێكی قەشەنگو نازدارلەسەر بەردێكی گەورەی سەر تەخت دانیشتبوو، بە چواردەوریدا كۆتری پەری پەڕ سپی دەوریان لێدا بوو. ئەزانی ئەو كچە كێبوو ؟ وەستا كاوە. . !
وەستا كاوە وەڵامی نەدایەوە، بە ئاستەم دەنگی هەناسەی دەهات، كەس نەیدەزانی لە كام دێڕی چێرۆكەكەدا خەوی لێكەوتبوو. ؟

19

# کوڕی دایە

هەڵهاتنی وەستا کاوە هاو شێوەی دەربازبوونی کوڕی دایەبوو، بەڵام لە دووزەمەنی دوورو جیاوازدا. چەند لە شوێن وەستا کاوەش گەڕان هەر نەیاندۆزیەوە. ماوەیەکی زۆر دوو ئاسایش بە هەمیشەیی چاودێری ماڵەکەیان دەکرد، بەڵام نەیانبینی کە بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە. دوکانەکەشی کڵۆم درا، ئیتر زرمەی چەکوش‌و دەزگا لەو مینبەرەوە قڕو قەپی لێکرا. هەندێك کەس دەیانگووت: ڕەنگە ئەویش خنکێنرابێت، بەڵام جارێ لاشەکەی نەدۆزراوەتەوە"سەد ئاخیان بۆ هەڵدەکێشا. ڕۆژێك دەنگوباسی کوشتنی وەستا کاوە بە بازاڕدا بڵاو بووەوە. خەڵك بە پەلەو نیگەرانیەوە چوون بۆ سەیری لاشەکە، بەڵام کەس نەیدەناسییەوە، چونکە سەری پێوەنەمابوو. مەنافە سیسی ناتر لەناو خەڵکەکەدا بە دەنگێکی نوساو هاواریکرد: ئەرێ بۆچی ئەوەندە گێلن؟ ئەڵێی قەد وەستا کاوەتان نەبینیوە؟ ئەو لاشەیە کەی لاشەی وەستا کاوەیە... دەست‌و مەچەك‌و بازوی وەستاکاوە، وەك مەچەك‌و بازوی ڕۆستەمی کوڕی زۆراب بوو.

گرفتەکانی هەرێمەکە ڕوولەزیاد بوون بوو. کێشەی نێوان خەڵك‌و دەسەڵاتداران لەسەر ڕق‌و خوێن بەردەوام بوو. حوکمەتی خزمخزمێنەبوو، دەسەڵاتدارانیش هەر ئەو گروپەبوون کە لەسەرەتاوە لەسەر کورسیەکان دانیشتن. گۆڕانکاری بەسەرپیاوانی حوکومڕانیدا نەدەهات. وەك تابلۆکەی "مەسیح"، چەندین ساڵ بوو هەر مەسیح‌و هاوڕێکانی بوون. ئەوکەسانەی خاوەن هەڵوێستیش بوون لەبەرەوە تڕۆ دەکران‌و وەلا دەنران .

شاری سەردەم مێخێکی تربوو لەسەر دڵی خەڵکی هەرێمەکە چەقی، هەرچەندە پروپاگەندەی نوێترین شارێکی ئەم سەردەمەی دونیای بۆکرا، بەڵام ناوەڕۆکی مەبەستی دروستکردنی شارەکە لای هەموو کەسێك ئاشکرابوو. هەموو دەستەی ناو بازنەی حوکمڕانی لەناو ئەو شارە تازەیەدا خڕبوونەوە. شورا بەرزو قایم‌و توندو تۆڵەکەی هەرزوو گومانی لەلای خەڵك دروست کرد. نەمانی مێشولەکان‌و ڕۆشتنی فسقلیەکان هیچی لەنەهامەتیەکامی سەر خەڵکی هەرێمەکەی کەمنەکردەوە. دروستکردنی شاری سەردەم هێندەی هەموو دیاردەکان نەهامەتی بۆ هەرێمەکە هێنابوو، بۆیە بارودۆخی هەرێمەکە بەرەو قوڵای شەوێکی ترسناك دەچوو کە هەرگیز خۆری تێدا هەڵنەیەت.

دیاردە غەریبەکان ڕۆشتنو لەیادی خەڵکدا سڕانەوەو ونبوون، کەسیش بیری لە هاتنی بەڵایەکی تر نەدەکردەوە، چونکە خەڵك خۆی لەناو قیامەتدا ژیانی دەگوزەران کە پڕبوو لە بەڵای ئاگراویو بەسەر خەڵکدا دادەباری. دیاردەی ونبوون بوو بە لەنگیو شورەیی بەسەر خەڵکەوە، ئیتر کەس لەڕووی نەدەهات خۆی بە وونبوون دابنێت. ونبوون لە خودی خۆت مانای بێئاگای بوو لەباروودۆخەکە، بێئاگایش گەندەڵی و فەرزی حوکمڕانی بەسەر خەڵکەوە لێدەکەوتەوە.
هێدیهێدی ئەو کەسانەی کە خۆیان لێونببوو لەگەڕاندا بە شوێن خۆیاندا کۆشکەکانیان دەبینی، باخو باخاتی ڕازاوەیان بەر چاودەکەوت، کۆڵانە قوڕو بەردەڵانەکانیان هەست پێدەکرد، بەخانووە داڕوخاوەکان دەگەیشتن ئازارەکانیان لە دڵیان هەڵدەچیقین. لەبەردەم قەسابخانەو نەخۆشخانەکاندا بۆنی گەندەڵی بۆنی خوێن سینەیانی پڕدەکرد . ئێواران بە غەمبارییەوە گوێیان لە زوڕنای ئاهەنگی حاکمەکان دەگرت. بەترسو گومانەوە لە شاری سەردەمیان دەڕوانی، لولەی ڕەشاشەکان دڵی دەگوشینو ئازاری دەدان. شەوان تاکو بەرەبەیان بیریان لە چارەسەرکردنی باروودۆخی هەرێمەکە دەکردەوە.
موراد عاشق بەردەوام بوو بە دوای گەڕانو دۆزینەوەی هاوڕێ دێرینەکانیان کە پەیوەندیان بە ئۆقیانوسی هێمنەوە هەبوو سەبارەت بە بەرنامەکەی. بەونبوونی وەستاکاوەش لەکارو چالاکی خۆی ڕانەوەستا، بەڵام زۆر نیگەران بووکە هاوڕێیەکیتریشی لەناکاو دیارنەما. هەندێك جار ژیانی مرۆڤێك هێندەی دوو کارەسات گورو هێزی لەبەردایە، بەڵام موراد عاشق بە ئارامییەوە کارەکانی جێبەجێ دەکرد. نیگەرانی بۆ وەستا کاوە زیاتر هانیدا بەشوێن هاوڕێ ونبووەکانیدا بگەڕێت، هێشتا دووکەڵی ئەو ئاگرەلەهەناوی هەڵدەسا کە ڕۆشتنی فریشتە گڕی تێبەردابوو، بورکانی ونبوونی وەستا کاوەش بەسەریدا ڕژا، بەڵام نائومێد نەبوو، دڵنیابوو لە زەمەنێکیتردا سەر هەڵدەداتەوە.
شەوێکی درەنگ لە دەرگای ماڵی موراد عاشق درا، موراد بە بۆڵە بۆڵ هەڵسا. گووتی: دیسان هەر ئاسایشە. بەبێزاریەوە دەراگاکەکەی کردەوە. ئاسایش نەبوو. ئەو پیاوەبوو لەم شەوەدا هەرگیز موراد عاشق چاوەڕوانی نەدەکرد. وەستا کاوەی چەکوش پەرست بوو. هیچیان نەگووت، بەخێرای چوونە ژورەوە. بە بزەوخەندەوە چاویان لەناو چاوی یەکتری بڕیبوو. موراد گووتی: ئەوە تۆ لەکوێیت؟ منت بە تەنها هێشتەوە. لەخەڵکی ئەم شارە وایە لەلای ئاسایشەکان دەستبەسەریت، نازانم منیش هەروا بیربکەمەوە؟ ئەگەر خۆیان نەیانگرتوویت، کەواتە ئاگاداری خۆتبە..! بتگرن قەڵەم بە هەردوو چاوتا دەکەن. پێناچێت لە زینداندا بووبێتیت... ئەی باشە ئەم ماوەیە لە کوێبوویت؟

وەستا کاوە کەمێك خۆی نیگەران دەرخستو گووتی: موراد گیان هەموو شتێك دەزانم، تاکو ئاستێکیش شادمانم قەڵەم بکەن بە چاوەکانمدا.هەڵبەت قەڵەمەکەم کاریگەری خۆی هەبووە، منیش دەڵێم دەبێت ئاگاداری خۆمبم، هەر ئەو ئاگاداربوونەش بوو کە نەکەوتمە بەر چنگیانو هەڵهاتم. داوای لێبوردنیش دەکەم کە سەردانم نەکردیت، زۆر پەشۆکاو و بە پەلەبووم. ئێستاش بەناو ئاگردا هاتووم، لەبەر تۆ هاتووم لەم تەنیاییە ڕزگات بکەم، دەتبەم بۆ شارێکی زۆر دوور، بۆ ئەو شارەی وەك دایك ئامێزی گرتوتەوە لەم زوڵمەتە ڕزگارتبکات.

دووەم بەیانی بوو لەمەملەکەتی مێش هەنگ بەئاگاهات بەرەو سەر کانیو کارێزەکە بە دەستو دەمو چاوشوشتتن چوو. جێگا پێیەکانی سەرڕێگاکەی دوێنێ وەستا کاوەیان خستە گومانو ڕامانەوە. دوو کۆرتری عاشق لەسەر تاشە بەردێك لە سەر کانییەکە بە شڵپەشڵپی دەمو چاوشوشتنی وەستا کاوە بە جووتە بەرەو ئاسمان هەڵفڕین. وەستا کاوە سەری بۆ ئاسمان هەڵبڕی جووتە کۆترەکە بە تەقڵە بەرەو ئاسمان هەڵکشان. وەستا کاوە چۆڵەکەو کوکوختیو باڵندە کێویەکانی نەدەناسیەوە، بەڵام دڵنیابوو ئەو دوو کۆترە ڕۆژگارێك لە ئاوەدانیدا لەگەڵ مرۆڤدا ژیاون، کۆتری کەسێك بوون. دیمەنەکانیئەم بەیانییەش وەك دوێنێ سەرسامیان کرد. وەك دوێنێ لەگەڵ کوڕی دایەدا پێکەوە دانیشتبوون نانیان دەخوارد. وەستا کاوە چارۆکە نانەکەی خۆی دەرهێنا، چەند نانێکی تێدابوو. بیری لە کوڕی دایە دەکردەوە، چۆن نان پەیدا دەکات؟ ویستی پرسیاری لێبکات...وەك دوێنێ شەو لەپشت چیاکانەوە دەنگی ڕۆشتنی خەڵك لە هەموو بیرەوەری و پرسیارێکی دابڕی. لە کوڕی دایەی پرسی: ئەوانە کێن؟ جگە لەمنو تۆو فریشتە کەسیتر لێرە دەژی؟

کوڕیدایە پاروویەك نانی لەدەمدا بوو، بەکورتی گووتی: بەڵێ...خۆ چۆڵەوانی نییە.

وەستا کاوە دەنگە دەنگەکەی دوێنێی بیرکەوتەوە، بەڵام وەڵامێکی دەستنەکەوت ، بەسەرهاتو باسەکانیتر زۆربوون. تاکو شەوگارێکی درەنگ، تاکو ئەو دەمەی وەستا کاوە خەویلێکەوت بە ڕوداوەکانی یەکتری سەرسام بوون. دوێنێ کەسی نەبیی بگەڕێتەوە، ئێستاش وادیارە خەڵکیتر دەچنەدەرەوە. لەکوڕی دایەی پرسی: ئەمانە کە دەڕۆن دەگەڕێنەوە؟ کوڕی دایە نانو هەنگوینی دەخوارد. گووتی: ئەی چۆن ناگەڕێنەوە...خۆ عەرز لوشیان نادات. ئەوانەی دوێنێ بەیانی ڕۆشتن شەو گەڕانەوە، بەڵام تۆ ئەو کاتە لە پرخەی خەودابوویت.

وەستا کاوە گووتی: وابوو دوێنێ شەو زۆر ماندوو بووم. ئێمە هەر لەبەیانیەوە تاکو شەو هەزار چیرۆکی سەیرو سەرسوڕهێنەرمان بۆ یەکتری گێڕایەوە. باسەکانی دوێنێ شەو دەنگی تەپەی پێکانی ئەمڕۆی لەبیر بردەوە. وەستا کاوە بەردەوام بوو. گووتی: دوێنێ شەو ئاگاداری قسەکانت بووم تاکو ئەو کاتەی لەدەروازەی چیاکانەوە

هاتیته ژورەوە. گووتم دووسێ هەنگاوت ماوە، دەچیتە ژورەوەو چیرۆکەکە کۆتایی پێدێت. منیش وەك تۆ بەهەمان دەروازەو ئەشکەوتدا ڕەتبوومو هاتمە ژورەوە، بەڵام من لەم دیوەوە، ئالەم جێگایەدا تۆ چاوەڕوانت دەکردم، ئەی تۆکێ چاوەڕوانتبوو؟ ئەو زەمانە کەسێك لێرەبوو چاوەڕوانت بێت؟ یاخود لەسەر ماندوبوون تەخت لێیخەوتوویت.

کوڕی دایە بە پێکەنینەوە گووتی: ئەو دوو هەنگاوەی کۆتایی چیرۆکەکە خۆش بوو، بەڵام تۆخەوت لێکەوت، هەرچەندە تاکو دوا وشە قسەم بۆکردیت، نەمزانی خەوتویت. منیش وەك تۆ کەسێك چاوەڕوانی دەکردم... فریشتەی عاشق چاوەڕوانی دەکردم، ئەی پێمنەگووتیت" فریشتەی عاشق لێرەیە". ئەو زەمانە فریشتە زۆر گەنجو قەشەنگو نازدار بوو. لە شێوەی پەریدا بوو، بەڵام بەجنۆکە تێدەگەشتم. دەمگووت پەری ئاسمان لەم چیا ترسناکانەدا چۆن ژیانی تەنیای بەسەردەبات؟ جوانیو نازداریو میهرەبانی ئارامی بە دڵو دەرونم بەخشی، دەنا ناخم پڕبوو لە ترس. من لە شوێنی خۆم ڕاوەستابوو، وەك تاشەبەردەکان جوڵەم لە خۆم بڕی بوو. بەخۆم دەگووت لەم حاڵەتانەدا تەنها ڕەق ڕاوەستانو دووری بەکەڵی مرۆڤی ترساو دێت. بە چاوەگەشەکانی نەرم دەیڕوانی. کوڵمەکانی هێشتا هەر سوور پەمەیی بوون، لێوەکانی تەڕو ئاڵبوون. بە نیگایەك دەیڕوانی پڕبوو لە بەرائەت، لێوان لێو بوو لە میهرەبانیو پاکیو نەزائەت. تیشکی چاوەکانی ترسی دڵی ڕەواندمەوە، پەشیمان بوومەوە ئەو کچە نازدارەم کرد بە جنۆکە. باوەڕم نەکرد مرۆڤی ئاسایش بێت، گووتم ، بێگومان پەری فریشتەی بە هەشتە. ئیتر دوو دڵ نەمام، بە دڵنیاییەوە گووتم: تۆفریشتەی بە هەشتیتو لەبەر تەنیایی من لە ئاسمانەوە دابەزیوویت.

گووتی: بەڵێ من فریشتەم، بەڵام فریشتەی عاشقم نەك فریشتەی بەهەشت، لە ئاسمانییشەوە نەهاتووم لە شارێکی ئەم هەرێمەوە هاتووم، لەبەر تۆش نەهاتووم، لەبەر مورادی خۆشەویستم هاتووم بۆئەوەی تاکو ئەبەد بە عاشقی بمێنینەوە. من فریشتەی عاشقم ئەم ئێوارەیە چاوەڕوانی هاتنی موراد بووم لە دوورەوە تارماییی کەسێکم بەدیکرد گووتم ڕەنگە موراد بێت، ڕۆشتنو جوڵانەوەی لە عاشقێکی دێوانەی دەشتو کێوەکان نەدەچوو کە بەدوای مەعشوقەکەیدا وێڵ بێت. ڕاوەستانو هەنگاوە تێکشکاوەکانی لەکەسێکی نیگەرانو غەمبارو هەڵهاتوو دەچوو. بڕیارمدا کۆترەکان بەشوێنیدا بنێرم بۆ ئەم مەملەکەتەی بهێنن، . کەگەشتیتە ئێرە تۆ بوویت...پێمبڵێ کوڕێك دەناسیت ناوی موراد بێت، گەنجێکی عاشقە.

بە شپرزەییەوە وەك کەسێك کە حەزبکات بیدوێنن، گووتم: بەڵێ... بەڵێ خانمی بەڕێز موراد باش دەناسم، موراد عاشق هەموو کەسێك دەیناسێت. ئێستا ئەو پێشمەرگەیە، ئای چەندە عاشقی تۆ بوو...دونیا لەدووت گەڕا، شوێن نەما بۆ سۆراغی تۆ نەچێت.

فریشتە بە غەمباریەوە گووتی: نا... نا دونیا لەدووم نەگەڕا. ئەی بۆچی ئێوارەیەك لەدووریشەوە نەمبینی نزیکی ئەم چیایانە بێتەوە؟ خۆ ئەم چیایانەش بەشێکن لەم دونیایە، خۆ عاشق نابێت بترسێت.
گووتم: ڕەنگە تاکو ئێرەش هاتبێت..لەناو ئە هەموو ئێسكو پروسکانەدا ئەسەری تۆی نەدۆزیوەتە، ئیتر باوەڕی نەکردووە بەرەو ناو چیا ترسناکەکان هاتبیت. موراد عاشق وەك دێوانە هەردو چیاو هەموو گوندەکانی ئەم هەرێمەت بۆ گەڕاوە. بە هەر کەسێك دەگەیشت هەواڵی تۆی لێدەپرسی، پێوابوو هەموو خەڵکی هەرێمەکە تۆ دەناسن. هێندە گەڕان بە شوێن تۆدا ئیتر کەسێك نەما کە موراد هەواڵی تۆی لێنەپرسێت. ئێستا هەموو خەڵکی ئەم هەرێمە دەزانن کە کچێکی عاشق هەبووە ناویفریشتەبووە. ئەوانەی کە تۆیان نەدیبوو وەك فریشتەو پەری ناو ئەفسانەکان تۆیان لەبەر چاو بوو، بۆیە موراد بەو جۆرە دێوانە بووە. ئەو کەسانەش کە تۆیان بینیبوو دەیانگووت: موراد ناهەقی نییە، فریشتە ئەوەندە دەهێنێت کە موراد لەپاشی شێتو دێوانەببێت. موراد دەیگووت: لەشوێن دڵی خۆم کەوتووم، دوای ڕوخساری نەکەوتووم، دڵی بردووم. بەبێ هەناسەی ئەو هەڵناکەم.
فریشتە گووتی: ئەی بوو بە پێشمەرگەو بەبێ من هەڵیکرد؟
کوڕی دایە گووتی: موراد ماوەیەکی زۆر بە گوندەکانەوە بوو، چاوی بەرایی نەدەهات بەبێ تۆ بگەڕێتەوە شارەکەی. ئەو کەسانەش چاویان بە عەشقی ئێوە هەڵنەدەهات وتوشی دابڕانیان کردن، هەر ئەوانیش مورادیان بە کوشتنی تۆ تاوانبار کرد. دەیانگووت" موراد فریشتەی پارچە پارچە کردووەو هەرپارچەی داوە بە سەگێکی برسی". لەو ڕۆژەوە موراد عاشقی شۆڕشو نیشتیمانەکەی بوو، دەیگووت لە ڕێگای ئەم عەشقە تازەیە بەڵکو عاشقەکەی خۆم بدۆزمەوە.
وەستا کاوە بە پەرۆشەوە گوێی بۆ قسەکانی کوڕی دایە گرتبوو. گووتی : ئێستا فریشتە لە کوێیە؟
گووتی: فریشتە لێرەیە، هەرسێکمان لە مەملەکەتی مێش هەنگین.
وەستاکاوە بە سەرسامیەوە پرسی: ئەو هەموو ساڵە چۆن لێرە ژیاوە؟ زۆر گرنگە کە ببینم. نازانم چۆن مورادی بە تەنیا بەجێهێشتووە؟ توشی دەردو ئازاری تەنیایی کرد کە تاکو ئێستا خەم لە برینەکانی دەچۆڕێت. موراد تاکە هاوڕێی ئەم دونیایەمە کە توانی زۆر لە کارەکانم بۆ ئاسان بکات.
کوڕی دایە گووتی: لە هەموو شتێك گرنگتر بابەتەکەی خۆمانە، بابچینەوە سەر باسی بەرنامەکەی ئۆقیانوسی هێمن. وەستاکاوە گووتی: موراد چالاکترینو گرنگترین کەسە بۆ زیندوکردنەوەی بەرنامەکەی ئۆقیانوسی هێمن. ناکرێت ئێمە پەیوەندی لەگەڵ موراد دا ببەستین فریشتە ئاگادار نەبێت.

وەستاکاوە بەردەوام بوو. گووتی: تۆ لەمێژە لەم مەملەکەتەدا دەژیت، بەڵام من دوو ڕۆژە، ئەم دوو ڕۆژە لە سەرسامی ڕوداوەکان وەختە ئیتر ژیانو خەو وراستیو خەیاڵم هەمووی تێکەڵ بەیەکتری ببێت. دەمەوێت ترسو گومانەکانی ناخم بڕەوێنەوە، ناتوانم لەناو سەرسامیدا بیر لەپرۆژەیەکی گرنگ بکەمەوە. دەبێت زانیاریم دەربارەی ئەم مەملەکەتە هەبێت. دەمەوێت فریشتەی عاشق ببینم.

کوڕیدایە گووتی: دەبێت ئارامبگریت، ئێستا فریشتەی عاشق سەرقاڵی وانە گوتنەوەیە. دەمەو ئێوارە دەچێت بۆ بەردەم پەیکەرەکەی موراد، ئەوکات دەتوانین بچینو ببینین.

وەستا کاوەی چەکوش پەرست لەمەملەکەتی مێش هەنگ سیمایەکی تر و ڕۆحێکتری هەبوو، وەك کەسێکی کەم ئەزموونو لاواز بیریدەکردەوە. ڕوداو بەسەرهاتەکان نوقمی سەرسامیو بێئاگاییان کردبوو. هەستایە سەر پێ، بەتوندی سەری خۆی گوشیو بەرەوە وئاسمان بەدەم هەناسەیەکی گەرمی سینەیەکی گڕگرتو سەری هەڵبڕی. بەخەمو پەستییەوە گووتی: دەتەوێت تاکو کەی من لەم مەملەکەتە بێ ئاگابم؟ پێم بڵێ...! وانەی چی دەڵێتەوە؟

کوڕی دایە گووتی: دەمەوێت هەر لە ئێستاوە ئاگاداربیت، ئەی چۆن ئەم مەملەکەتە کەسی تری تێدا نییە. ئەم بەیانییە گوێت لەدەنگی پێیان نەبوو کە لێرەوە ڕۆشتن؟ دوێنێ شەویش کە گەڕانەوە تۆ خەوبوویت. ئەگەر ئەم شەو گەڕانە دەتوانیت بیانبینیت.

کوڕی دایە بە ئەسپای گووتی: ئەوانە کێبوون کە ڕۆشتن؟ ئەی گەڕانەوە کێ دەبینیم؟

کوڕی دایە زۆر بەئاسای گووتی: مەستی. . مەستیو دوو کوڕی تر بوون.

وەستا کاوە وەك لە تاریکیدا بە نهێنی قسە بکات گووتی: مەستی. . .مەستیو دوو کوڕی تر.

کوڕی دایە ئەم جارە بە غەمباریەوە گووتی: مەستی ، ئەو مەستییەی بە دەست ئەقڵی مرۆڤە ژیرەکانەوە سەرشێت ببوو. ئەو مەستییە شێتەی لە پێش ئەقڵی مرۆڤە هوشیارەکاندا هەستیان بە هەڵگیرساندنی قیامەت دەکردو ئارامیان نەگرت لە ژێر حوکمی پیاوە بێ هەستەکاندا بمێننەوە. هەرێمەکەی خۆیان بە جێهێشتو ڕوویان لەم مەملەکەتە کرد.

وەستا کاوە گووتی: باشە ئەمانە بۆکوێ دەڕۆن؟

کوڕیدایە گووتی: دەڕۆن هەرێمەکە پڕکەن لە بۆنی هەنگوین.

وەستا کاوە لەبەر خۆیەوە گوتی: کەواتە بۆ ئێرە سەفەریان کرد؟ ئێستا هەموویان لێرەن.

کوڕی‌دایە گووتی: بەڵێ هەموویان لێرەن، سەرقاڵی خوێندنی وانەی عەشقن لەلای فریشتەی عاشــق. خەریکی بڕینی پورە هەنگەکانن بۆ ئەو مەملەکەتەی کە بۆنی قیامەتی گرتووە، بۆ ئەو مەخلوقەی ڕۆژگارێك بوو ئەمانیان شاربەدەر کردو ڕۆژانە شێتە شێتە بەناو بازارەکاندا بە شوێنیانەوەبوون. ئەمانە مەخلوقێکی زۆر سادەو میهرەبانن. مرۆڤیان خۆشدەوێت، سروشتیان خۆشدەوێت.
وەستا کاوە شادی لە رووی دەباری. هەستیدەکرد لەبەهەشتدا لە دایکبووەتەوە. ئارەزوی بوو وەك پەپولەکانی بەهەشت بە نەرمی بەناو چیاکاندا هەڵفڕێتو ببێت بە هاوڕێی مێش هەنگەکان. خۆی بە خۆی دەگووت، لەو قیامەتە چیم دەکرد کە مەملەکەتێك هەبێت وەك دایك ئامێزی گرتبێتەوەو لە زوڵمەت ڕزگارمان بکات.
پەرە کاغەزەکان بەبێ ناز کەوتبوون، نیگایەکی خێرای خستە سەریانو گووتی: لەسەر ئێوە شاربەدەرکرام، بەهۆی ئێوەش توشی ئەم مەملەکەتە ڕەنگاو ڕەنگە بووم کە خەمەکانم بەرەو سارێژبوون دەبەنودەرونو ڕۆحم ئاسودەدەکەن. بەڵێن بێت لە پاش سی ساڵ ، لەدوای وشکبوون بتانژێنمەوە.
کوڕی دایە گووتی: نیگەرانو سەرسام مەبە، ئێرە مەملەکەتی مێش هەنگە، وەك دایك ئامێزی گرتۆتەوە تاکو لە زوڵمەت ڕزگارمان بکات.
وەستاکاوە نەیدەوێست ئیتر بەڕوداو نهێنییەکان سەرسام بێت، زوو چووە ناو بابەتەکەوە. بە کوڕی دایەی گووت: تۆ زەعیم هەستیارت دەناسیت؟
کوڕی دایە گووتی: نەخێر. . . بیرم نایەت کەسێکم بەو ناوەوە ناسیبێت. خۆت باش دەزانیت ساڵانێکی دوورو درێژە لە هەموو کەسێکو لە هەموو شتێك دابڕاوم. تەنیاییو دووورە پەرێزی زۆر شتی بیربردوومەتەوە. ئەو بەیانییەی لە گوندی پڕئاخەوە بەرەو جێگایەکی نادیار هەڵهاتم، ڕێگای سەختو دژوارم زۆر هاتە ڕێ، هیوام بە ژیان نەمابوو. دەمویست بەرەو سنور بڕۆم بەڵام نازانم بۆچی پەشیمان بوومەوە، ئا... ڕەنگە تاکو دەگەمە سەر سنورەکان ئاشکرابیم، چونکە زۆر کەس منیان دەناسی، هەرچەندە کەسێکی خۆشەویست بووم، بەڵام بە تاوانێك گوناهباریان کردبووم، وەك پەڵەیەکی ڕەش بەسەر دڵی زۆر کەسەوەبووم. بەبێ ئەوەی ئێرە دواین ویستگەی سەفەری ترسو پەشێویو ئامانجم بێت، قەدەر بەرەو دەروازەکانی ئەم مەملەکەتەی هێنام. لە دوورەوە لە دەروازەی چیاکان دەمڕوانی. هەڵبەت من دەروازەی چیاکانم بەباشی بەدینەدەکرد، بەڵام چیابەرزە ڕەشە بە ئاسماندا هەڵچووەکانم باش دەبینی کە ترسو نیگەرانیان لە دڵمدا دروستکردبوو. کۆترەکانی فریشتەی عاشق منیان بۆ ئەم چیایانە هێنا. ئەو چیایانەی کە چەندین سەدەیە ترسی مەرگی لە ڕۆحماندا چاندووە. چیا ترسناکەکان ئەم هەرێمەیە ئارامەیە.

وەستا کاوە گووتی: ئەوانەی شێت بوون لە هزری ئێمەدا زۆر بوون، ئایا هەر هەموویان ڕوویان کردە ئێرە؟ چۆن گەشتنە ئەم چیایانە؟
کوڕی دایە گووتی: هەموویان لێرەن. ئەوەندە ئاسانو بێخەم وبێ گرفتیش گەیشتن وەك لە ئەزەلەوە لێرە ژیابێتنو مەملەکەتی خۆیان بێت. هەموو باڵندەکانیش کە پێشتر بۆ ئێرە کۆچیان کرد بەرەو پیریان چوون. کۆچی باڵندەکان پێش هاتنی ئەوان بوو. پۆل پۆل لەبەرزایی ئاسمانەوە بە خێرای تیشك بۆ ناو دامێنی چیاکان داگەڕان. دیاردەیەکی سەر سوڕهێنەر بوو. چەندین ساڵ لەم مەملەکەتەدا دەژیانم دیاردەی بەم جۆرەم نەبینی بوو. لە دوورەوە دەنگی جریوەو قاژوقیریانم دەبیست، هەندێك جاریش بەسەر ئاسمانی چیاکانەوە لەبە رزاییەکەی دوورەوە لەنگەریان دەگرتو بە چاوە ئەفسوناوەکانیان تەماشای چیاکانیان دەکردو قەدەرێك بە ڕامانەوە دەسوڕانەوەو پاشان دەڕۆشتن. ئەم مەملەکەت تەنها کۆترە پەرییە پەڕ سپیە خاڵ لە گەردنەکانی فریشتەی عاشقی لێبوو. هەر ئەو دەمە هەستم بە هەڵگیرساندنی قیامەتێك دەکرد لە هەرێمەکەدا. باڵندەکان بەبێ هۆ کۆچناکەن، ترسی مەرگیان نەبێت مەملەکەتی خۆیان بەجێناهێڵن. ئەو هەرێمە بۆ ئەوانیش بوو بە قیامەت، بۆ ئەوانیش گوزەرانی تێدا نەمابوو، ئیتر بە هەرێمی خۆیان نەدەزانی. باڵندەکان هەستیان لە هەستەکانی مرۆڤ بەهێزترە.
مەستی لە هەموو ڕوداوەکان ئاگاداری کردم. دەیگووت: پەیوەندی نێوان ئێمەو باڵندەکان پەیوەندییەکی ڕۆحییە، ئەوان پێش کۆچکردنیان ئێمەیان ئاگادار کردەوە. ڕۆژێك قەلەباچکەیەك بە قیڕەقیڕ بەسەر لێواری سەربانەکەمانەوە نیشتەوە ، من سەرسام نەبووم کە لە قیپرەی ئەو تێدەگەیشتم، خەویش نەبوو. ڕاستیبوو ڕاستی، بەڵام باوکم بە قیرەی ئەو بێزاربوو، بەدارێك هەڵیفڕاندو لەو خەوە ڕاستەقینەیە بە ئاگای هێنام. من زۆرگریام. ، گووتم:وازیلێبهێنە با قسەم بۆ بکات، با لەگەڵ خۆی بمباتو لەم قیامەتە ڕزرگارم بێت. باوکم نەڕاندی بەسەرمداو گووتی: هەتیوە شێتە بۆکوێت بەرێت؟ ئەوە قەلەباچکەیە، شومە... شوم. من دەڵێم تۆ لەشێتەکان شێتتری. من هەردەگریامو دەمگووت: من دەڕۆم، لەگەڵ قەلەباچکەکە دەڕۆم، بەڵام ئەو دەمێك بوو لە ترسی باوکم هەڵفڕی بوو. باوکم دواجار گووتی: کوا بتباتو لە کۆڵی منت بکاتەوە، بتباتو چاوەکانت هەڵکۆڵێت.
باڵندەکان هەموومانیان بە ئاگا هێنایەوە لە هەڵگیرساندنی ئەو قیامەتە. وەك هەمووومان یەك ڕۆحمان هەبێت لەناخی یەکتریدابووین، ئێمە لە هاوارو قیڕەو جریوەو نەغمەکانیان تێدەگەیشتین. تەنانەت ئەوانەش کە چەندین ساڵ بوو لە ژێر زەمینی ماڵەکاندا بەسترابوونەوە، ئاگادار بوون لە کۆچی باڵندەکانو سەفەری خۆشیان.

مەستی دەیگووت: پەیوەندی نێوان ئێمەو باڵندەکان خەیاڵ نەبوو، زۆر ئاسای بوو کەپێی سەرسام نەبین، بەڵام ئێستا هەستەکانی جارانم نییە، لەدەنگی هیچ باڵدارێك حاڵینابم، ئەگەر باڵدارێك لەگەڵ ناخمدا قسەبکاتو حاڵیبیم، لەسەرساميدا وەك ئەو چیایانە ڕەق دەبم. ئێستا هەستەکانی جارانم نەماوە، ئەگەر لەم مەملەکەتە سادەو بێفڕوفێڵەدا نەبم، هەرگیز لە هەرێمەکەی پێشوتر ئارام ناگرم. خەڵکی ئەو هەرێمە زۆر سەیربوون. هەر بەڵاو نەهامەتییەکیان بەسەر بهاتایە داخی خۆیان بەئێمە دەڕشت، خۆ ئێمە هیچ گوناهێکمان نەکردبوو. ژیان لەلای ئێمە زۆر لەوە پیرۆزتر بوو کە خەڵك بڕەنجێنین، ئازاریان بدەین، بە هاوار هاوار شوێنیان بکەوینیو سەر شێتیان بکەین. لەناوخەمەکانیاندا ئێمە ئەو ڕۆحانەبووین کە ئازارەکانیان، توڕەبوونیانمان دادەمرکاندەوە. خۆ ئەگەر ڕۆژگار لەبەختی خەڵکی هەرێمەکەدا بوایە، ئێمە لە هەموو خۆشیو ئاهەنگێك بێبەشبووین. کێ شێتێکی بینی لە ئاهەنگێکدا؟ کێ دەستێ جلو بەرگی جوانی لەبەری شێتێکدا بینی؟برسی برسی دەسوڕاینەوە، کەسێك تەنها جارێك فەرمووی لێنەکردین، پاشماوەی فڕێدراوی چێشتخانەکانمان دەخوارد، کەدەیانبینین بە بەردو دار ڕاویاندەناین، میزیان بە پاشماوەی خواردنەکاندا دەکرد بۆ ئەوەی ئێمە نەیخۆین، نازانم بۆچی وایان لێدەکردین، خۆ هیچمان نەکردبوو، خۆ کەسوکاری خۆیان بووین کەچی بە شێتە شێت دوامان دەکەوتن. ڕۆژێك پێش سەفەرکردنمان لە ناو بازاڕ " زەمان"یان بە شێتە شێت لە سوچێکتدا بە گیر هێنابوو. زەمان لە تاو ئازارەکانی هاواری بە سەردا کردبوونو گووتبووی: ئەگەردەزانن شێتم ئیتر بۆچی بەرۆکم بەرنادەن ، خۆ ئێوە ئاقڵو ژیرن. لەسەر ئەو قسەیە زۆریان لە زەمان دابوو، پێیانگووتبوو: سەگباب ئەوە بەدرۆ خۆت لە ئێمە شێت کردووە. زۆریان لە زەمان دابوو. تازە ئەوان بەشیان لێدان بوو لەناو کۆمەڵدا، ئەگەر ساغبنو ئەگەر شێتبن. شێتەکان وەك کوڕی کەس نەبن، زۆر بێکەسن بوون.

گووتم: مەستی بەڕاستیتە کە باڵندەکان قسەیان لە گەڵدا دەکردن؟

مەستی زۆر بە دڵنیایەوە گووتی:بەڵێ، بەڵێ زۆر بەڕاستیمە، خۆ ئێمە درۆ نازانین، بەڵام نازانم چۆنبوو، وەك لە دونیاو زەمانێکی تردا ژیابم ڕوداو و پەیوەندییەکانم بەکاڵی بە بیردا دێتەوە، هەستەکانی ئەو کاتەم ونبون، ڕەنگە تێکبچم ئەگەر ئێستا لە دەنگی باڵندەیەك حاڵیبیم. دەڵێن خەڵکانێك هەبوون زمانی باڵندەکانیان زانیوە، مانای وایە باڵندەکانیش زمانی خۆیان هەبووە. ئەگەر کەسانێك زمانی باڵندەکان بزانن، زۆر ئاساییە باڵندەکانیش لە حاڵەتی تایبەتیدا زمانی مرۆڤەکان بزانن.

دوو ڕۆژ بوو وەستاکاوە لە چیاکان بوو، لەگەڵ کوڕیدایەدا باسی ڕوداو بەسەر هاتەکانیان دەکرد. ئێوارەی ڕۆژی دووەم پێکەوە بە ناو چیاکاندا گەشتێکی کورتیان

كرد. وەستا نەیتەتوانی كۆنترۆڵی سەرسامی خۆی ڕابگرێتو ئارام بێت. بە چاوی پڕ لە سەر سوڕمانەوە لە دیمەنەكانی دەڕوانی، پێشتر بڕوای نەدەكرد كە جێگایەك بەم چەشنە لە هەرێمەكەدا هەبێت. وەك خەو و دونیای ناوئەفسانەكان سروشتی مەملەكەتی مێش هەنگی دەبینی. سەرتاپای چیاكان وەك لەبەرگی ئاوریشمێكی ڕەنگ ئاگرین گیرابێت، هەنگوین تاكو بەر پێی چیاكانو كەناری ڕوبارە باریكەكانی خوار چیاكان چۆڕابووەوە. هەنگوینی چەند عەیامێك بەسەر یەكتریدا ڕژابوون. لەزۆر جێگادا تێكەڵ بە ئاوو كانی وكارێزەكان ببوون. لەو مەملەكەتەدا هەمیشە شاژنی تازە دەبینرا ، بەجارێك هەزارەها مێش هەنگی تازە پێگەشتوی ماخۆلانی بە حەسرتی شاژن بە فڕەفڕ لەناو یەكتریدا تێكئاڵابوون. نیوەیان هەر بە ئاسمانەوە لە پێناوی شاژندا ڕۆحیان لە دەستادابوو. هەموو ئەو باڵندانەی ماوەیەك بوو لە هەرێمەكەدا بەر چاو نەكەوتبوون، لەسەر درەختو بەسەر تاشەبەردو سەر كانیو كەناری ڕوبارەكانەوە بینی. بەبینین باڵندە شادی خۆشی بە دڵیدا هات، وەك بە دیداری هاوڕێكانی شاد بووبێت، لێوەكانی پڕبوون لە پێكەنین. لەناكاو لەبەردەم پەیكەرێكدا وەك پەیكەرەكە ڕەق ڕاوەستا، چاوەكانی بەبێ تروكاندن لەناو چاوەكانی پەیكەرەكە بڕیبوو، وەختەبوو بڵێ" موراد، موراد"، بەڵام بانگی نەكرد، لە كوڕی دایەی پرسی: موراد چی دەكات لێرە؟ كوڕی دایە وەڵامی نە دایەوە، چاوەكانی هەڵگڵۆفی وەك ببیەوێت دونیای واقع لە خەیاڵو ئەندێشە جیابكاتەوە. ئەمجارە پرسی: ئەوە پەیكەری مورادە. . . ئەی فریشتە لەكوێیە؟

كوڕی دایە گوتی: ڕەنگە لە پشت ئەم گردەوەبێت.

نێوان چیاكان تەختایو دۆڵو ڕوبار بوو، گوڵی ڕەنگاو ڕەنگ سەرتاپایدەشتەكانی نێوان چیاكانی گرتبووەوە، مێش هەنگەكان وەك پەپولە بە هەموو لایەكدا بڵاو ببوونەوە. دەمی هەموو گوڵێك هەنگێكی میهرەبان بە ئەسپای شیلەی ڕۆحی دەمژی. لەسەر تەختایی بەردێكی گەورە پەیكەرێكی تری موراد دروستكرابوو. موراد عاشق لەو پەیكەرەدا ڕوخساری سەردەمی لاوێتی بوو، پێدەچوو فریشتە لەسەرەتای هاتنی بۆناو چیاكان دروستی كردبێت، لەتاشەبەردێك دایتاشیبوو. دوو كۆتری عاشق لەسەرسەری پەیكەرەكەی موراد بەرامبەر بەیەكتری دەنوكیان بە دەنوكی یەكترییەوە بوو. وەستا كاوە هێندەی بینینی پێشانگایەكی جیهانی پڕ لە پەیكەرو وێنەی جۆراو جۆر بە بینی پەیكەرەكەی موراد عاشق سەرسام بوو. ئافرەتێك لەسەر بەردێك دانیشتبوو. سیمای لە گەنجێكی كوژراو دەچوو. تاڵتاڵێك زوڵفی بەخەمی دڵی ڕەشی سپی ببوو، وەك تریفە سپییەكانی مانگ بەسەر ڕووی دەریایەكی هێمن لە شەودا. چواردەوری كۆتری پەری پەڕ سپی خاڵ لەگەردن لەحاڵەتی عەشقدا بڵاوببوونەوە. دەستو پەنجەكانی نەرمو ناسك بوون، كە بە

ڕێزەوە دەستی بۆتەوقە تێکەڵ بە دەستم کرد. لەدەستەکانی پەیکەر تاشێك نە دەچوو، هەر بەدەستی کچێك دەچوو تەنها گوڵی ناسیبێت. بەڵام ساردبوون وەك جێگا ژوانێکی وێرانەی شەوی زستان. چاوەکانی پڕبوون لە فرمێسکی چاوەڕوانی، هەناسەشی بۆنی بەهارێکی پیری لێدەهات لە سینەی پاکیزێکدا. بە ئاوازێکی خەیاڵی کە هەڵقوڵاوی ڕوخساری بوو. گووتم: ئەم پاکیزە نازدارە... بێشك فریشتەی عاشقە؟
بەدەنگێکی غەمبار گووتی: ئەم مەملەکەتە سیمای ئەو دونیای گرتووە، لە کۆتایدا هەموو لێرە زنیدودەبنەوە. بێدەنگبوو، بەڵام قەدەرێکی کەم. ئەمجارەش بە نیگەرانیەوە گووتی: تۆ بە تاوانی چ عەشقێك کوشتیانیت؟
گووتم خانم هێشتا ماوم... نەکوژراوم.
گووتی: ئەم دیمەنە گومانی زیندوبوونەوەی ئەو دونیا دەرەوێنێتەوە کە لەم دونیا هێشتا لە کوژرانی خۆمان بە گومانین. تازەترین کوژراو تۆیت کە بۆنی مەرگت لێدێت، ڕەنگی پایز لەسەر تەمەنت نیشتووە، کەچی دەڵێیت من ماومو نەکوژراوم.
گووتم: کوژرابووم، بەڵام ئێرە مەملەکەتی زیندوبوونەوەی عاشقە کوژراوەکانە. ڕاستە من کوژرابووم، بەڵام لێرە زیندو بوومەتەوە. من بە تۆمەتی عەشقی دروستکردنی مەملەکەتێکی پاك، دوورلە گەردی گەندەڵیو پاشاگەردانی کوژرام. بە تۆمەتی گەڕان بە دوای هاوڕێیەکی ونبوومدا کە زیاتر لە بیستو پێنج ساڵ لەمەو پێش هیواکانیان کوشت. تاوانباریان کردم بەوەی بۆنی هەنگوینی ژەهراوی لە هەناسەو ڕۆحم دەهات.
گووتی: هەنگوینێك هەیە ژەهراویبێت؟ ئەگەر ژەهراویبێت ئەوە هەنگوین نییە، خۆی ژەرێکی ڕووتە.
گووتم: گرفتەکە لە وەدایە خۆیان لە ڕاستییە ئەزەلیەکان گێل دەکەن. هەنگوینێك نییە لە ئەزەلەوە ژەهراویبێت. ئەوەی ژەهراویبوو ئەو دەردە بوو کە سیستەمی حوکمڕانی بەرهەمی دەهێناو دەرخواردی کۆمەڵگای دەدا. من هاوڕێ ونبووەکەی خۆم نەدۆزییەوە، بەڵام لە گەڕاندا بە زۆر هاوڕێی دێرینیتر شادبوومەوە. گووتیان ئەو کەسەی تۆ بە شوێنیدا وێڵیت دەردی بۆ کۆمەڵ پێوەیە، خۆت دوورە پەرێز بگرە. . !
گووتی: هاوڕێکەت دەرداوی بوو؟
گووتم: نەخێر ئەی فریشتەی عاشق، ئەی پاکیزە میهرەبانە کە.
گووتی: چۆن دەزانیت من پاکیزەیەکی میهرەبانم؟
گووتم: ڕوخسارت دەدوێت. . . عەشقی مورادیش بۆ تۆ ئەوە ئیسپات دەکات.
گووتی: چۆن موراد دەناسیت؟

گووتم: پێم نەگووتیت بە دوای هاوڕێیەکمدا وێڵ بووم، بە زۆر هاوڕێی ترم شادبوومەوە، یەکەم هاوڕێم موراد بوو...موراد عاشق.
گووتی: عاشقی چییە؟
گووتم: عاشقی هەموو شتێکە کە بۆنی عەشقی تۆی گرتبێت. وەك بیر لە نهێنییەك بکاتەوە هیچیتری نەگووت. لەبێدەنگیدا هەستم بە گفتوگۆی نێوانمان کرد وەك دووپەیکەر بۆ ماوەیەك ڕۆح بەبەریاندا کرابێت تاکو چەند وشەیەك پێکەوە بدرکێنن.
ڕوخساری موراد لە پەیکەرەکەدا سیمایەکی عاشقانەی هەبوو، بە ئومێدەوە دەیڕوانی وەك هەمیشە لەبەردەم مەعشوقەکەیدا بێت. دەم بە خەندەوەبوو، گوڵەباخێکی گەشی بە چڵێکی درێژەوە بە دەستەوە بۆ پێشی خۆی ڕاگرتبوو. ئێواران فریشتەی عاشق بەرامبەر بە پەیکەرەکەی موراد قەدەرێك بەبێ جوڵە ڕادەوەستا. پێش ئەوەی بەجێیبهێڵێتو بڕوات، دەیگووت" موراد گیان لێمببورە ئەو گوڵە باخەت لێوەر ناگرم، با هەمیشە لە عەشقی تۆدا بژیم. فریشتە دەچوو بۆ کوخەکەی خۆی، کۆترەکانیش بە فڕە فڕ بە شوێنیدا دەڕۆشتن.
وەستا کاوەو کوڕی دایە ئەو ئێوارەیە هەرئەوەندە بەناو چیاکاندا گەڕان. وەستا کاوە هەواڵی ئەو هەموو خەڵکەی پرسی لەدوای کۆچی باڵندەکان بۆ ئەم چیایانە سەفەریانکرد. کوڕی دایە گووتی: ئەوان لە ناو قوڵای چیاکاندا دەژین. لە نێو چیاکاندا دەشتاییو تەختانییە. سەرقاڵی باخەکانو بڕینی پورەی مێش هەنگەکانن. هەندێکیان هەنگوین بۆ ناو شارەکانی هەرێم دەبەنو شەوگارێکی درەنگ دەگەڕێنەوە.
کوڕی دایە لە وەستاکاوەی پرسی: چۆن بیرۆکەی زیندوکردنەوەی بەرنامەکەی ئۆقیانوسی هێمن لە پاش تێپەڕبوونی ئەو هەموو ساڵە بە بیرتاندا هات؟
وەستا کاوە گووتی:ڕەنگە گرنگی بەرنامەکە وەك بابەتێکی هەمیشە زیندووخۆی لەناو حوکمڕانی گەندەڵیدا فەرز بکات. ئەو سەردەمەی ئۆقیانوسی هێمن شەهید بوو، بۆمن زۆر سەخت بوو لەناو شاردا ئیش لەسەر بەرنامەکەی بکەم. جگە لەوەی بە رنامەکە کەمو کوڕی هەبوو ئاکامەکەشی بێسود دەبوو، بەڵام هەمیشە بیرم لەڕۆژگارێك دەکردەوە کە بتوانم زیندوویان بکەمەوە، تاکو ئەو سەردەمەی کە سیستەمی حوکمڕانی منیان وەك نوسەرێك بەرهەم هێنا بۆ بەگژداچوونەوەی گەندەڵیو خستنەڕووی دیاردەکان. دۆزینەوەی هاوڕێ دێرینەکانی کە پەیوەندیان لەگەڵ ئۆقیانوسی هێمندا هەبوو، یارمەتیدەر بوون بۆ تەواوکردنی بەرنامەکە. ئەو سەردەمە زۆر گرنگ بوو ئێمە یەکتری بناسین، بڕیاربوو هەرسێکمان "منو تۆو ئەو" یەکەم دانیشتن پێکەوە ساز بدەین، بەڵام پێڕانەگەیشتین. من لە گرنگی و زەروریەتی بەرنامەکە حاڵی بووم، بەڵام بۆچی دەبوایە بە نهێنی بڵاوی بکاتەوە؟

کوڕی دایە گووتی: بێگومان پێویستییەکی گرنگی ئەو سەردەمە بوو، بارودۆخی خراپی ئێستا ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن. ڕەنگە من زیاتر لە تۆ سەبارەت بە بەرنامەکەی لەگەڵ ئۆقیانوسی هێمن گفتوگۆمان ئەنجامدابێت. پێیتوانەبووبێت هەموو کەسێکی شۆڕشگێڕ لەو سەردەمەدا وەك منو تۆوئەو بیری بکردبێتەوە. بەرنامەکە وەك خۆت دەزانیت ئاستی بەرپرسیاریەتی دەگەیاندە مانا ڕاستییەکەی خۆی کە هەمیشە کەسەکان بەرامبەر بە گەورەیی میللەتو ئەرکەکانی بچوك دەکاتەوە. لەڕاستیدا کەسەکان بچوك نەدەبوونەوە، لەناخدا گەورەتر دەبوون بەڵام ئەوان پێیان قبوڵ نەبوو. ئۆقیانوسی هێمن هەر لە سەرەتادا هەوڵیدا ئیش بەبەرنامەکەی بکات، بەڵام بە توندی دژایەتی کرا. کەسانێك هەبوون ئەقڵێتی خۆفەرزکردنو قبوڵنەکردنی بەرامبەرەکانیان لە بوونیاندا بووە، ڕەنگە هەرئەو خەسڵەتانەش بەرەو ئاراستەی کەسێکی شۆڕشگێڕی هانیدابێتن. ئەگەرنا بۆچی بەرنامەیەك لە ئاستی پتەو کردنی هەستی بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بە ئەرکی نەتەوەیو نیستیمانی دژایەتی بکرێت؟ ئێستاش هەرکەسێکیان لە هەڵەیەك ئاگادار بکەیتەوە، نیگەران دەبێت، چونکە بەو ئەقڵە پەروەردە بووە کە خۆی لەسەرو هەموو ئیرادەیەکەوە ببینێت. گەورەی لەناخی مرۆڤدایە، بەبێ ئەوەی پیشانی کەسی بدەیت، نیاگا هەستیارەکان بەدیدەکەن، ئەو هێزەش لەدەرەوەی ئەقڵدایە بۆ خۆ فەرزکردن، دەبێت بە بەرنامەیەك پەروەردەبکرێت، ئەگەرنا ڕیسوادەکرێت. ئەو سەردەمەش هەروابوو، لەناو هەستوبیری شارەکاندا، لەدەرەوەی چەقی شۆڕش، گرو تینی شۆڕشگێڕایەتی بەهێز تربوو. ئەم حاڵەتە شاراوەبوو، هەستپێنەدەکرا تاکو تێکەڵ بە ناو جەرگەی کورەی شۆڕش دەبوویت. سەیربوو، گڕوتینی نەتەوەی لە دەرەوەی کورەی شۆڕش بەهێزتربوو. لەناو کورەکەدا گڕوتین سارتربوو. توشی شۆکو سەرسامی دەبوویت. زۆر لەبرادەران ئەو هەڵوێستو ڕەفتارەیان پێقبوڵنەبوو، هەر زوو لە ڕیزی خەبات کشانەوە. ئۆقیانوسی هێمن لەو سەردەمو کاتەوە هەستی بە زەروریەتی بەرنامەیەکی پتەو کرد بۆ پەروەردەکردنی هەموو ئەندامەکانی. ئەوانەی قبوڵیان نەبوو، ئەوانە بوون خۆیان سەرو هەموو ئەقڵێتێك دادەنا. ئۆقیانوسی هێمن دەیگووت:ناکرێ بەرنامەیەك بەسەر قوتابیەکاندا پەیڕەو بکرێت مامۆستاکان بێئاگابن. ئەوان هەرگیز قبوڵیان نەدەکرد سەرو ئیرادەیان کە سێك بە بەرنامەیەکەوە بۆ پەروەردەکردنیان ڕاوەستابێت. بەوشەوە نەوەستان، گووتیان" ئەگەر بەرنامەیەك لەو جۆرە پیادە بکرێت، دژی بنەما فکرییەکانی ئێمەیە کە ڕەنگە پەرتو بڵاوی ڕیزەکانی ئەم شۆڕشە سەرەتاییەی لێبکەوێتەوە. لەبەر ئەوە ڕێگا بەکەس نادەین ئاژاوەو دوو بەرەکی بخاتە ناومانەوە، هەرکەسێکیش بەو کارە هەستێت ڕووبەڕووی لێپرسینەوەو سزای شۆڕش دەبێتەوە".

ئۆقیانوسی هێمن دەستبەرداری بەرنامەکەی نەبوو، بەنهێنیو بە پەرۆشەوە کاری بۆدەکرد. دەیتوانی ڕوبەڕووی هەموو تاقمو هەرەشەیەك بێتەوە، بەڵام پەرۆشی بۆ شۆڕشو بەرزی هەستکردن بە ئەرکی بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بە میللەتو شۆڕش ڕێگای بە خۆی نەدەدا لەو سەردەمە ناسکەدا ئاراستەی تێکۆشان بە لایەکی تردا وەرچەرخێنێت. پێی دەگووتم، ئەمانە تازە لەناو شۆڕشدا ناوبانگێکیان هەیە، دۆستایەتی کردنیان باشترە لە دوژمنایەتی، مەبەستم ئەوەنییە کە چاوپۆشی لە هەڵوێستیان بکەم، بەڵکو دەبێت هەوڵی جدیتر بدەم تاکو دەبن بە کوری شۆڕش. هەرکاتێك مرۆڤ هەستیکرد کوری شۆڕشە، لەبەردەم ئەرکەکانی میللەتدا خۆی بە بچوکتر دەزانێت. ڕاستە دەبێت پەیرەوکردنی بەرنامەکە لە کەسانی سەرەوە دەست پێبکات ، بەڵام ئەقڵێتی ئەوان جاریٚ ئەوە قبوڵناکات. تۆ دەزانیت لە ئێستاوە چ هەرەشەو بوختانێك دەکەن کە هێشتا هیچ نەبووە. پێویستە من لەم ناوچانە دوور بکەومەوەو بەرەو ناوچەکانی تر بڕۆم ، لەوێوە ئەو کەسانە دەنیشان بکەم کە بەرنامەیەکی لەم جۆرەیان پێقبوڵەو پشتگیریم دەکەن. ئەوکاتە بە پێی ڕەچاوکردنی بارودۆخەکە هەوڵی بڵاوکردنەوەو پەیرەوکردنی دەدەین.

وەستا کاوە گووتی: لە هەموو شتێك حاڵیبووم. . ! باسی ڕابردو با ڕابگرین، کەی پێویستیکرد دێینەوە سەر بابەتەکانی ڕابردوومان. مەبەستم ئەوەیە ئیتر بێدەنگ نەبین لە ئاستی هەڵەکانو چاوپۆشی لە تاوانەکان نەکەین. بە هێمنیش ئیش لەسەر بەرنامەکەی ئۆقیانوسی هێمن بکەین. هەرێمەکە توشی قەیرانگەلێك بووە دەیان دیاردەیغەریبی لێکەوتەوە. شاری سەردەمیش سەرباری هەموو نەهامەتییەکان بوو پڕبوو لە خەموئەندێشە بۆ هەرێمەکە. داهاتی هەرێم لەبنی خەزێنەکەدا بوو، ئەویش بۆ پێویستیەکانی شاری سەردەم خەرج دەکرا. مەملەکەتێکی وەك مەملەکەتی مێش هەنگ دەتوانێت پاڵپشتی ئێمەبێت.

کوری دایەگووتی: بزانم چۆن ئەم مەملەکەتە دەتوانێت پاڵپشتبێت؟

وەستا کاوە گووتی: لێرەوە دەستنیشانی ئەو کەسانە دەکەین کە پەیوەندییان پێوەبکەین بۆ ئێرەیان بهێنین تاکو لە نزیکەوە ئاگاداری بەرنامەکەبن. ئێرە جێگایەکی ئازادە کە بتوانین بە ئازادی ئیش لەسەر بەرنامەکە بکەین. زۆر لە هاوڕیٚ دێرینەکانمان دۆزیوەتەوە، ئەوان ئێستاش بە پەرۆشن بۆ پەیرەوکردنی بەرنامەکە، ئەو کەسانەن هەمیشە خۆیان بە کوری شۆڕش دادەنێنو لە ئاستی میللەتو ئەرکەکانیان خۆیان دەبەخشن نەك بەشی میللەتیش بەسەر خۆیاندا ببەخشنەوە. ئیشکردن لەناو شاردا دەبێت بە نهێنی بێت، ڕەنگە زۆرجاریش مەترسی ڕووبەڕووبوونەوەی لێبکەوێتەوە کە ئازادی ناخی مرۆڤەکان بکوژێت. ئەمەش ئەو کارەساتە دەخوڵقێنێت کە لە سەرەتاوە هەوڵی بنبڕکردنی دەدەین. هێنانی موراد عاشق بۆ ئێرە زۆر گرنگە کە هەرسێکمان

پێکەوە سەبارەت بە پەیڕەوکردنی بەرنامەکە قسە بکەین. وەك گووتم ئێرە مەملەکەتێکی ئازادە، هەموو پرۆژەیەك لە ئاو وهەوای ئازاددا باشتر گەشەدەکات. موراد هەر دەبێی بۆ ئێرە بێتو بە فریشتە شاد ببێتەوە. مەملەکەتی مێشهەنگ ئەومەملەکەتەیە کە عاشقەکان بەیەکتری شاد دەبنەوە، باڵندەکان کۆچی بۆ دەکەن، شێتەکان لە داخی ئاقڵەکان سەفەری بۆ دەکەن. ئەو شارەی وەك دایك ئامێزی گرتۆتەوە لەزوڵمەت ڕزگارمان دەکات. زەعیم هەستیار زوو هەستی بە بوونی شارێکی وەك ئەم مەملەکەتە کرد. بەناو بازاڕو کۆلانەکاندا دەسوڕایەوە مژدەی بە خەڵك دەدا.

کوڕی دایە گووتی: زەعیم هەستیار کێیە؟ جارێکیتریش باستکرد. . . چۆن هەستی بەبوونی ئەم مەملەکەتە کردووە؟

وەستاکاوە گووتی: زەعیم هەستیار پیاوێکی میهرەبانبوو، ڕۆحی لێوان لێو بوو لە پاکیو لە بەرائەت. ئەو هیچ ئاگادارییەکی سەبارەت بەم مەملەکەتە نەبوو. وەك خۆی دەیگووت" هەستکردنم بە نهێنیەکان دوور لە ئیرادەی خۆمن". زەعیم هەستیار لەناو نەهامەتیەکاندا بە پەرۆشەوە مژدەی بە خەڵك دەدا. ئەویش ڕۆژێك دیار نەما، دواتر لاشەکەیان دۆزیەوە پێستی شەقار شەقار کرابوو.

ئەو شەوەی وەستا کاوە گەیشتە ماڵی موراد عاشق تاکو شەوگارێکی درەنگ پێکەوە قسەیان دەکرد. وەستا کاوە بە خۆشحاڵیەوە بە مورادی دەگووت: بۆ شوێنێکی زۆر دوورت دەبەم، بۆ ئەو جێگایەی سی ساڵە دەڕۆیتو نایگەیتێ.

موراد ترسو خەمی وەستا کاوەی بیر چووبووەوە، بە پەنجەیەك سەری خۆی دەخوراند وەك بیر لە شتێك بکاتەوە. گوتی: ئەگەر مەبەستت هەندەرانە من هەرگیز ئەم هەرێمە بەجێناهێڵم. . . جا چیمان بە چی کرد؟ لەلای ئەو برادەرانەش متمانەمان نەما.

وەستا کاوە گووتی: وادیارە هیچ نەڵێم باشترە تاکو بەیانی، بەلام هەندەران لە بیر خۆت بەرەوە.

کوڕی دایە گووتی: ئەم شەو لە بەختی تۆ شێخ بەختەوەر بۆ ئێرە دێت. ، ئایا بێتە ژورەوە؟ یاخود هەر لەناو دەرگاکەوە. . .نەیهێشت موراد قسەکەی تەواو بکات، پێگووت: ناو دەرگای چی؟ پەلی بگرە بۆ ژورەوە، ڕێکەوتێکی چاکە، بەلام هەر خۆی نەك پاسەوانەکانی .

دونیا تاریك بوو کە لە خەو هەستان. نانیا خواردو خۆیان کۆکردەوە. موراد گووتی: نازانم ئەم بۆن هەنگوینە چییە لە تۆ نابڕێت؟ هەرچەندە بۆنێکی زۆر خۆشە. . . دڵ دەکاتەوە. وەستا کاوە گۆرەوییەکانی لە پێدەکرد، گووتی: لەشەوێوە دەجارت پێگووتم. . . تۆش بۆنی هەنگوین دەگریت. ئەی شێخ بەختەوەر بۆچی بۆنی هیچی

نەکرد؟ شەو کە هات خۆ نزیکی یەکتری بووین. موراد گووتی: بۆچی ئەو لەبەر بۆنی ویسکی دەمی خۆی بۆنی هیچیتری دەکرد؟
بە ئەسپای لەماڵەوە هاتنە دەرەوە، وەك دوو تارمایی لە ناو تاریکی شەوێکی بە تەمەندا ونببوون. تاکەتاکە تیشکی چرا ماندووەکان بە ئاگابوون، لەپەنجەرەی ماڵەکانەوە سەریان لە تاریکی شەقامو کۆڵانەکان دەدا. گومانی تێدانەبوو لە ناکاو بە گروپێکی ئاسایش بگەن، رەنگە بەیەکتریش نەگەن، یاخود پرسیاریشیان لێنەکەن، ئەرێ ئێوە کێنو بۆ کوێ دەچن؟ زۆر شەویش تاکو بەرەبەیان خومارن، لەوانەیە لە بەر بۆنی دەمیان ئەوان خۆیان لەچاوی خەڵك بپارێزن. ئەمان لەخۆیان بە گومان بوون، دەنا زۆر کەس بەدەرەبوون بەرەو حەمامو سەروپێخانەکان دەچوون. بە خێراییەکی بێ ورتەو تەپە دەڕۆشتن. وەستا کاوە گووتی: تاکو زووتر دەربازبین چاکترە، ئێرە مەملەکەتی قەدەرە رێکەوتی قوری لێدەکەوێتەوە.
لەو دیو سنوری شارەکە موراد عاشق سەردەمی پێشمەرگایەتی بەبیر دەهاتەوە. لەدەمی ئێوارانـدا نزیکی شارەکان دەبوونەوەو پێش روناکی کەوتن دەگەڕانەوە بۆ گوندەکان. بە وەستا کاوەی گووت: کتومت وەك ئەو سەردەمە دێتە پێش چاوم، بەڵام ئێستا نازانم بۆکوێ دەچمو بێتفەنگم، راڕاو نیگەرانیشم.
وەستا کاوە گووتی: موراد گیان وایە، دیمەنەکان هەمیشە دووبارە دەبنەوە، ئیتر بەپێی رۆژگارەکە دەگۆڕێن. شۆڕشی ئەمجارەشمان تفەنگی گەرەك نییە، چونکە دەمانەوێت هەنگوین ببەخشینەوە. دووکەسین، گرنگە ئەوەیە یەکێکمان دەزانێت بۆ کوێ دەچین. . . ئەو کەسەش منم، ئیتر تۆش کەیفی خۆتە، قسەمەکەو دوام کەوە..! نیگەرانو راڕاش مەبە، بەختت لەم سەفەرەدایە.
موراد گووتی: دەترسم وەك سەفەری شێتەکان بێت، ئیتر نەگەڕێمەوە؟ ئەو شارە نهێنییەش نەبینم کە زەعیم هەستیار مژدەی پێدەداین. لەدوای رۆشتنی فریشتە دەرگای بەختم داخراوەو کلیلەکانیش لە چاوەکانی ئەودایە، کە چاوم بە چاوەکانی کەوت دەرگای بەختیشم ئەو ساتەدەکرێتەوە، ئەو ساتەش تێپەڕیو نایەتەوە کە منو ئەو چاومان بە چاوی یەکتری بکەوێت.
وەستا کاوە هەستی بە نهێنییەك دەکرد لە قسەکانی مورادا. لە جێاگای خۆی بە گومانەوە رەق راوەستا. مورادیش وەك بە قەدی ئەوەوە بەسترابێت هاوسات ئەویش راوەستا. قەدەرێك لەبەرەبەیانییەکی کاڵدا تەماشای یەکتریان کرد. وەستا کاوە گووتی: موردا پێدەچێت شتێکت بیستبێت؟ کۆمەڵێك وشەت گووت سەرنجیان راکێشام. چیت بیستووە پێم بڵێ..!بەم زوانە مەستیت نەدیوە؟
موراد عاشق بێئاگایی بە روخساریەوە دیاربوو، هەرواش خۆی پیشاندا. بە سەرسامیەوە گووتی: مەستی کێیە؟ کەسم نەبینیوەو زۆر کەسیشم بینیوە، بەڵام ئەوەی

گرنگ بێت هیچ كەس بابەتێكی تایبەتی بۆ باسنەكردووم، ئەگەر وشەكانیشم سەرسامیان كردوویت؟ من لاشعوری هەستو ناخی خۆمم دەربڕی. گلەیم لە بەختی خۆم كرد لەدوای ڕۆشتنی فریشتەوە.
دووبارە بەهەمان ڕیتمی پێشوتر كەوتنەوە ڕێگا. ماوەیەك بە بێدەنگی دەڕۆشتن، وەك هەردووكیان لەیەك كاتدا بیر لە بابەتێك بكەنەوە، بەڵام موراد غەمگینتر دیاربوو، هەناسەكانی قوڵتر هەڵدەمژی‌و خێراتریش دەریدەدایە. وەستا كاوە هەستیكرد كە بیرەوەریەكان ئازاریاندابێت. بەدەم خێرا ڕۆشتنەوە گووتی: موراد گیان دەزانم ئازارم بە دڵت گەیاند، بەڵام بەڵێنت پێدەدەم خەمەكانی دڵو هەناوت دەڕەوێنەوە. من قسەت بۆ دەكەمو تۆش هێواش گوێم بۆ ڕادێرە، دەزانم با وەڕیشم پێناكەیت، بەڵام لە هەموو حاڵەتێكدا دەرونی خۆت ئارام ڕابگرە. موراد هیچی نەگووت، تەنها ڕووی بەلای وەستا كاوەدا لاركردەوە، وەك پێیبڵێت گوێم لێتە، چیت پێیە بیڵێ...!
وەستا كاوە بە مرخەمرخ گەروی پاكردەوەو گووتی: موراد ئەم ماوەیە من لە چیا هەزار بە هەزارەكان بووم. موراد هەنگاوەكانی خاوكردەوەو بە سارسامیەوە تەماشای قەدو بالای وەسات كاوەی كردوو گووتی: ئەی چۆن ماویتو مێش هەنگەكان نەیان خواردوویت؟ وەستا گووتی: موراد گیان تەنها گوێم لێبگرە..! ئەی ئەوە نییە ماوم، مێش هەنگ بۆچی دەمخوات؟ ئەی بۆنی هەناسەم ناكەیت بۆنی هەنگوینی گرتووە. موراد بەبۆنی هەنگوینەكە بڕوابوونی خۆی پیشانداو بە ئەسپای سەری دەلەقاند. وەستا كاوە دووبارە قسەی بۆ موراد كرد: وەك ئەم بەیانییە زوو لەماڵەوە هاتمە دەرەوە، بڕیارمدا بەرەو شاری مەرگ بچم بەڵام خۆم نەخەمە بەر دەستی هیچ دڕندەیەك. منیش كە ڕووم لە چیا هەزار بەهەزرەكان كرد بەرەو ڕووی مەرگ چووم تاكو مێش هەنگەكان بمخۆن، بەڵام بەداخەوە لە دڕندەیی خۆمانەوە لە ڕۆحی میهرەبانی ئەوانیش دەڕوانین. دەمەوێت بە كورتی چیرۆكەكەت بۆ بگێڕمەوە، دەزانم ئارام ناگریت. چەندین گوندم بە نهێنی بەجێهێشت تاكو گەشتمە نزیك چیاكان، ئەو جێگایەی كە ئێسك وپروسكە ترسناكەكان تێكەڵ بە چیرۆكەكانی ناو خەیاڵی مرۆڤ دەبوونو ئەژنۆیان وەك دەنوكی لەق لەق بە تەقە تەق دەهێنا.
كۆمەڵێك كۆتری پەری پەڕ سپی خاڵ بە گەردن لە دەروازەی چیاكانەوە دەركەوتنو بەرەو لای من هاتن. وەك باڵندەی ناو ئەفسانەكان منیان بە زیرەكی خۆیان تاكو ناو چیاكان برد. ئەو چەند ڕۆژە من لەناو ئەو چیایانە ژیانم بەسەر برد. موراد نەیتوانی ئارام بگرێتو بێدەنگ بێت، بە ئاوازێكی پەشۆكاو گووتی: ئەی چۆن تاكو ئێستا ماویت؟ چیت دەكرد بە تەنها لەو چیا ترسناكانە؟ خۆ دەڵێن پڕە لە دێو ودرنج. موراد ڕوخساری بە وێنەی ئەو كەسانەی جنۆكە دەستیان لێدەوەشێنێت زەردو پەشۆكابوو،

نیگای چاوەکانی لە ناو چاوی وەستا کاوە بڕیبوو، چاوەڕوانی وەڵامێکی سەیرو نەبیستراو بوو. وەستا کاوە بە پێکەنینەوە گووتی: کەسێك نییە لە نزیکی چیاکان لە ترساندا ئەژنۆی نەشکێت، پیاو لە ترساندا وەك منداڵی لێدێتەوە، شتی سەیرو سەمەرە بە مێشکیدا دێت، وشەکانیش لە گەرویدا گیردەخۆن. دواتر لە مەملەکەتی هەنگوین پێکەنینی بەو حاڵەی خۆی دێت. موراد گیان ناو چیاکان نە جنۆکەی لێیە نە دڕندەی پیاو خۆر. وەستا کاوە ویستی ڕاستەو خۆ پێیبڵێت فریشتەش لەوێیە، بەڵام پەشیمان بووەوە. لەپاش چارەکە سەدەیەك زیاتر ونبوونی خۆشەویستەکەی هەروا ئاسان نییە لەناکاو هەواڵێکی لەو جۆرە ببیستێت. بیریکردەوە بەشێوەیەکی ناڕاستەو خۆ لە هەواڵی فریشتە ئاگاداری بکات. گووتی: موراد هەرچی ونبووی ئەم هەرێمەیە لەناو چیاکاندا دەژین، ئەگەر ئێستا پێتبڵێم کێی لێیە هەرگیز باوەڕ ناکەیت. موراد بە پەشێوییەوە گووتی: کاکەگیان بۆ دەمکوژیت بەدەم کاتەوە، دەپێم بڵێ کێی لێیە؟ دەزانم . . . . لەوە دەترسیت کە شێتبم، کاکە گیان بۆ شێت دەبم، ئەگەر سەبارەت بە من کەسێکی گرنگ بێت، ئەوا خۆشحاڵ دەبم، ئەگەر بە پێچەوانەشەوە بێت منیش ئاسایی دەبم، دەی بڵێ بزانم کێی لێبووە؟

وەستا کاوە لەقسەکانی موراد ڕامامو، لەناخی خۆیدا گووتی:" قسەکانی موراد مە عقولە، ئەو ڕاستدەکات، خۆ ئەگەر بزانێت فریشتە لەوێیە دەبێت لە خۆشیدا تاکو ناو چیاکان لەکۆڵی خۆیم بنێت. ڕووی لە موراد کردو گووتی: ئەو کەسەی ئێمە لەشوێنی وێڵین لەوێیە، ئەگەر بڵێم کوڕی دایەی لێبوو هەرگیز باوەڕ بەو ڕێکەوتە ئەفسوناوییە ناکەیت کە لەناخی ڕاستیدا هەڵقوڵاوە. موراد هەموو توانا ناوەکییەکانی دەروون وڕۆحی خستە کار تاکو خۆی وا پیشانبدات کە باری دەرونی ئاراموو ئاساییە، بەڵام سیمای چاوەکانی شایەتی سەرسام بوونو پەشۆکاوییان دەدا. وەستا کاوە هەستی بەو حاڵەتەی موراد کرد، بەڵام خۆی ئاشکرا نەکرد. وەستا کاوە گووتی: زۆر کەسیتریشی لێیە بە نیسبەت تۆوە گرنگن. من هەموو ناو چیاکانیش نەگەڕام، ڕەنگە خەڵکی تریش لەناوەندو بەشەکانی سەروتریش هەبن. وەستا کاوە هەڵوێستەیەکی کردو گووتی: موراد..! موراد بێدەنگ بوو. جارێکیتریش بە هێواشی لە ناخەوە بانگیکردەوە: موراد ئەمجارە بە پەرۆشەوە گووتی: بەڵێ وەستا کاوە. وەستاکاوە هەوڵیدەدا کتوپڕ بە موارد نەڵێت فریشتەم بینیوە. گووتی: کێناڵێت فریشتەش لەوێ نییە. . . خۆفریشتەش تاکو ئێستا هەر ونە، کەس ئەسەری لە هیچ شوێنێك نەبینیوە. من دەڵێم ئەویش لەوێیە. موراد بەنیگەرانیو بە دەم ئاخەوە گووتی: وەستا گیان ئەوە تۆ چی دەڵێیت، هەستدەکەم هەموو قسەکانمان مناڵانە بوونەتەوە، دیارە وەك منداڵێك بیردەکەینەوە. ئەم هەموو ساڵە فریشتە بەتەنها چی دەکات لەناو ئەو چیا هەزار بە هەزارانە؟ فریشتە تەنها لە دڵی مندا ماوەتەوە.

وەستا کاوە گووتی: چۆن تەنها لە دڵی تۆدا ماوەتەوە، ئەی ئەو ئافرەتە میهرەبانە کێ بوو کەمن لەناو چیاکاندا بینیم؟ ئەو گووتی" من فریشتەم. . . . فریشتەی موراد". پرسیاریشی لێکردم، ئایا موراد دەناسم؟ من پێم گووت" موراد یەکەم هاوڕێی منە ، ئەی چۆن ناینناسم. موراد گیان..! مژدەم بدەرێ فریشتەش لەوێیە، فریشتە ڕاستە لە دڵی تۆدایە، بەڵام لەناو مەملەکەتی مێش هەنگ ژیان بەسەر دەبات. ئەی بۆچی من تۆم بۆ ئێرە هێناوە. ڕا وەستا، بۆ دڵنیایکردنی باوەشی بە مورادا کردو توند بەسنگی خۆیەوە گوشی. موراد لە ئامێزی وەستا کاوەدا هەستی بەئارامی کرد. ترپەی دڵی وەستا کاوە ڕاستییەکانی بە گوێی مورادا دەچرپاند. موراد قەدەرێك لەسەر سنگی وەستاکاوە بە بێدەنگی گریا، کە سەریشی هەڵبڕی چاوەکانی تەڕبوون بەدەنکە فرمێسکی ڕەنگاو ڕەنگ. هەردڵۆپێك زوخاوی چەندین یادگاری ڕۆژگاری تاڵی پێوەبوو. نەیدەزانی چی بکاتو چی بڵێت. دڵنیابوو لە ڕاستی قسەکانی وەستا کاوە، بەڵام هێشتا لەناخەوە نائارام بوو. بەدەنگێکی کەساسی عاشقانە گووتی: زۆرمان ماوە بگەینە چیاکان؟ ئایا خۆت فریشتەت بینی؟ من سەرسامم کە ئەم هەمووساڵە بەتەنیا لەناو ئەو چیا عاسیانەدا ژیانی بەسەر بردووە . ئەی نەتپرسی بۆچی منی بەتەنها بەجێهێشت؟ دەزانم پرسیارت کردووە. . . ئەویش گوتوویەتی بۆ ئەوەی لەناو عەشقدا بیکوژم. . . نا نا بۆ ئەوەی دەردی تەنیایی بیکوژێت. تەنیایی کوشتمی، بەڵام عەشق هێشتمیەوە. موراد بەدەم قسەکردنەوە چەند هەنگاوێك پێش وەستاکاوە کەوتبوو، لەسەر ئەو خێراییە بەردەوام بوایە پاش ماوەیەکی کورت لە چاوی وەستا کاوە وندەبوو. لاشعوری هەنگاوی قەڵەو بەپەلەی هەڵدەهێنا. وەستا کاوە لەجێگای خۆی ڕاوەستا بوو، وەك لە ناخی ئەودا بێت، هەستی بەبارودۆخی دەرونی دەکرد. بە قاقاو پێکەنینەوە هاواری لێکرد: ئەرێ کاکە بۆکوێ ملی ڕێگات گرتووە؟ ئەڵێی منیشت هەر لەگەڵدا نیم.

دووبە دوو بە ڕێگا بەردەلانو کەناری گردو چیاکاندا کەوتنەوە ڕێگا. وەستا کاوە گوتی:موراد گیان ئارام بگرە تاکو دەگەینە مەملەکەتی مێش هەنگ. ئەو مەملەکەتە بە چاوی خۆت دەبینی، ئەوسا دەزانی چیاکان عاسی نین، هەر هەموو مەملەکەتەکەی ئێمە جێگایان دەبێتەوە. لەوێ فریشتە دەبینی، کوڕی دایە دەبینی، مەستیو هەموو هاوڕێکانی دەبینی. باڵندە دڵ تۆراوو سەر هەڵگرتووەکان دەبینی. پەیکەرەکانی موراد عاشق دەبینی. بەڕاستی هونەرمەندە. وەك خۆت بەردی چیاکانی داتاشیوە. هەر دەڵێی خۆتیتو هەناسەت لە خۆت بڕیوە. وەستا کاوە لە مورادی پرسی: پێش ئەوەی فریشتە هەرێمەکە بەجێبهێڵێت پەیکەرتاش بوو یاخود عەشقی تۆ فێری ئەو هونەرەی کرد. موراد بە غەمباریەوە گووتی: قوتابی پەیمانگای هونەرە جوانەکان بوو، بەشی هونەری پەیکەرتاشی. خوێنداکارێکی زیرەكو بە

توانابوو، کە ڕۆشت عەشقی منو هونەرەکەی خۆشی کوشت، تازە پەیکەر بە من چی؟ خۆم بووم بە پەیکەر. مرۆڤێکی بێجوڵەو بێ عەشقو بێ ڕۆح بووم. ڕاستە لەناو عەشقی ئەودا بووم، بەڵام عاشقێکی تەنیا بووم وەك چۆن خۆم تەنیا بووم.

وەستا کاوە وەك نەیەوێت موراد لەناو یادگارە غەمگینەکانیدا بێتو ئازار بچێژێت، قسەکانی پێبڕی. گووتی: ئەوە چیتە موراد؟فریشتە تۆی بە عاشقی هێشتەوە. ژیانی تۆ لەپاش ئەو پڕە لە جوانیو لە عەشقو لە خۆشەویستیو لە سەروەری. ئەگەر پەیکەرەکە ببینیت وەفا خۆشەویستی فریشتەت بۆ دەردەکەوێت، ئەوسا دەڵێیت" ئەو عەشقی خۆی لەدڵیدا بە پەیکەرێك بەیان کرد، بەڵام من هیچم بۆ ئەو نەکرد". پەیکەرێك لە تاشە بەردی شاخێك لەسەر شێوەی بتاشرێت، دەبێت گرنگیو مانای پەیکەرەکە لەلای تۆ لە هەموو کەس زیاتر بێت. پەیکەرەکە بەردێکی بێ نمونەبوو، فریشتە ڕۆحی بەبەردا کرد. ڕۆحی بەردەکە هونەری پەیکەرسازییەکەیە، ئەو هونەری پەیکەر تاشیەکەش لە عەشقی تۆوە ڕژایە سەر دەستو پەنجەکانی. لەپەیکەرەکەدا چڵێ گوڵە باخت بەدەستەوە بۆ فریشتە ڕاگرتووە. فریشتە شەرمەزارە، گوڵە باخەکەت لێوەرناگرێت، داوای لێبوردن لە ڕۆحت دەکات. دەڵێت موراد با هەمیشە لەو حاڵەتەدا بێت، بەخەندەوە گوڵێکی لەدەستدابێتو چاوەڕوانی من بکات، بەڵام من مردوم ، ئەوە مورادە بە عەشقی خۆیەوە منیشی هێشتۆتەوە.

موراد بە نیگەرانیەوە هاتە زمانو گووتی: ئای شیعرو شانامە چەند پەستم دەکەن کاتێك هەستدەکەم هیچ لە واقیع ناگۆڕێت. ڕاستە من عاشقم، بەڵام عاشقێکی بێ ڕۆح، عاشقێکی بێ مەعشوق. عاشقێك وەك پەیکەرەکان بێ هەناسە، عاشقێك لە ئێوارەکی پایزدا، عاشقێکی بێ بەخت. . .

وەستا کاوە هەستی بە دڵتەنگی موراد کرد، ئەوەشی دەزانی ڕەنگە لە خۆشیو شادییە شاراوەکانی ناخیدا بێت کە هەستدەکات لە فریشتە نزیك بۆتەوە، بەڵام هەر ئارەزوییوو لە سەر ڕیتمی ئەو ئاوازە خەماوییە وشە پەنگ خواردووەکانی ناخی بۆ ئاوازێکی تەڕو گەشتر بگۆڕێت، گووتی: خۆزگەم بەخۆت بەو ڕۆحە پڕ لە عەشقەوە بە فریشتە میهرەبانەکەی خۆت دەگەیت.

موراد بە دەنگێکی مات، بەڵام ڕوخسارێکی ڕوونتر گووتی: گرنگ ئەوە، هەر عاشقبێت؟

وەستا کاوە بە پەرۆشو شادییەوە گووتی: دڵنیابە موراد گیان. . . دڵنیابە.

20

# فریشتەی عاشق

شاری سەردەم بوو بە چقڵ ، چقڵێك کەهەرکەس پێیوابوو کەمێکیتردەچەقێت بە هەردوو چاویدا. زۆر کەسیش بە ئاشکرا تفیان لە سەبەبکارانی نەهامەتییەکانی ئەو ڕۆژگارە دەکرد. لەناوجەرگەی بازاڕدا، لەبنکە حیزبییەکاندا. لەمەیدانی ئاسایشەکانو لە هۆڵی ساردی حەمامەکانی دەرەوەش بە دەنگی بەرز هاواریان دەکرد" خەڵکینە کوێربووم...ئەو چقڵانە لە چاومدا دەربهێنن". کە بەهانایانەوە دەچوون، چاوەکانیان وەك چاوەکانی قرژانگ ڕوونو بێگەرد هیچیان تێدا نەبوو. پێیان دەگووت: ئەرێ کابرا تێکچوویت؟ چاوەکانت وەك چاوەکانی گوێ درێژ ڕەشو مەستو گەشن، نە چقڵیان تێدایە نە پوشونە مووی برژانگ. کابرا لە حەیبەتا دەیکێشا بەسەری خۆیدا، هاواریدەکرد ئەم کەرانە تاکو کەی تێناگەن؟ دەستی بۆ شاری سەردەم درێژ دەکردو دەیگووت: من مەبەستم ئەو چقڵەیە. . . کەدەیبینم وەختە هەردوو چاوم کوێر ببێت، بەڵای گەورەی بەسەرماندا هێناوە. هەرێمەکەی خستۆتە سەر ساجی عەلی، گرانیو برسێتی بڵاوبۆتەوە. هەر دەڵێی دەعبا زلەکانی سەرەتای گەردونە بەهیچ تێرنابێت، چەند بکەن بە دەمیدا هێشتا لورەی دێت بۆ هیتر. قڕی خستۆتە بازاڕاوە.
کابرا یەکبینە هاواریدەکرد تاکو دوو ئاسایش لە دواوە خڕ مەچەکیان گرت. بەرەو بنکەی ئاسایش بۆ لێپرسینەوە ڕاپێچیان کرد. گووتیان ئەم هاتو هاوارەت لە چییە لەناو جەرگەی بازاڕ؟
گووتی: هاواری تەماتەم بوو.
بەسەرسامیەوە گووتیان: تەماتەی چی:؟ شێت بوویت؟
گووتی: ئێوە گلەیتان بوو کە گوندنیشنەکان ناگەڕێنەوە بۆ گوندەکان، جوتیارەکان ناچنەوە سەر زەویو زاری خۆیان. من شەش مانگە لەسەر داوای حوکمەت گەڕاومەتەوەو سەرقاڵی کشتوکاڵم. بەرهەمی ئەم ماوەیەم لەبازاڕدا نرخی زۆر کەمترە لە ئەرکی ماندو بوونو پارەی خەرجی خۆی کە تێیچووە. ئەو هاتوهاوارەم بۆ ئەوە بوو کورە شیرینەکانم.
گووتیان: کابرا خۆتمان لێ گێل مەکە. دەزانین هاتو هاواری چیت، بوو ئیتر بۆچی ڕاستی ناڵێیت. دەتەوێت چەواشەمان بکەیتو پێمان ڕابوێریت. یاخود شێتبوویت؟

گووتی: توخوا ئەم جلو بەرگە هی پیاوی قۆشمە چییە؟ شێتیش نەبووم. ئەگەر شێتبوومایە یەکەم جێگا ئێوەم بەردە باران دەکرد.
ئافرەتێك هاتە ژورەوە، ژورەکەی پڕکرد لە تریقەو قریوەو بۆنی عەتری خۆش. لێپرسینەوە لەگەڵ کابرادا کۆتایی پێهاتو کردیانە دەرەوە. بیرتان نەچێت...! "دەریدەرەوە نا".
ڕۆژگارێکی پڕ لە کێشەو ئاڵۆزو لێڵو تۆزاویبوو. خۆری هەرێمەکە بە پەردەیەکی ڕەشی کونکون بەری گیرابوو. تیشك لەکونە وردە کانەوە تێپەڕدەبوون، هەر ڕۆژەی کونێکی ئەو پەردە ڕەشە بەتۆزو گەردی نەهامەتیەکان دەگیرا، هەرکون گیرانێکیش ڕوخساری تاریکی فراوانتر دەبوو. سەردەمێکی تاریكو داخراوبوو. بێکاریو گرانی هاوشانی یەکتری بەرەو قیامەت خەڵکی هەرێمەکەیان بارکردبوو. شەو تاکو بەیانی و ڕۆژیش تاکو ئێوارە شاری سەردەمیش بێباك لە خەمەکانی هەرێمەکە لورەی برسێتی دەهات، بە هیچ تێر نەدەبوو، هەر دەیگووت" بێنە، بێنە، بێنە". ئەو تۆزقاڵەش دەگەیشتە هەرێم دەکرا بە قورگی شاری سەردەمدا. هێدی هێدی ڕەزای گرانتر دەبوو. خەڵکی هەرێم ئارەزوی کوێر بوونیان بوو تاکو ئەو شارە نەبینن. شاری سەردەمیش ببوو بە نمونەی هەرێمەکە، هەر وەفدو تاقمو گروپێك لە دەرەوەی هەرێم بۆ سەردان بهاتنایە چاویان دەبەستنەوە تاکو دەکران بە شاری سەردەمدا. لەنێو کۆشكو تەلارو شەقامە فراوانەکانی شاری سەردەمدا چاویان دەکردنەوە. لەناکاوچەندین دیمەنی تەلارسازی قەشەنگیان دەهاتە پێش چاو، سەرسام دەبوون بە بینینی شاری سەردەم. ئەو میوانانە جگە لە شاری سەردەم جێگایەکیتریان نەدەبینی، بێئاگابوون لە ومەملەکەتەی لەپشت شاری سەردەمەوە نوقمی تاریکیو تەپوتۆزی نەهامەتی ببوو.
دروستکردنی شاری سەردەم ئەو بەڵا گەورەیەبوو لەبری ئەو بەڵایە هات کە خەڵکی هەرێمەکە چاوەڕوان بوون دەمەو ئێوارەیەك پەیدا ببێت. بەڵای ناو خەیاڵی خەڵك تەنها وەهم بوو، بەڵام پەیدا بوونی شاری سەردەم لە سەرو هەموو بەڵاو دیاردە غەریبەکانەوە بوو. هەموو هاتنێك ڕۆشتنی بە دواوەبوو، بەڵام شاری سەردەم لەناو جەرگەی هەرێمەکەدا پەیدا بوو، هیوایەك لەدڵی کەسدا نەبوو کە بڕواتو لە کۆڵ هەرمەکە بێتەوە. بووبە خاوەن ماڵ لە هەموو ماڵێکدا، پرۆژەیەکی قەبەی بێ بەرهەم بوو. بەرهەمی هەرێمو داهاتی خەڵکیش لە پێناوی ورگی ئەودا خەرج دەکرا. کەس وا تێنەگات شاری سەردەم دەمو دانو ورگی هەبێت، ڕۆژانە هەر خەریکی خواردن بێت، کەسیش خۆی لەو ڕاستییە گێڵ نەکات کە هەرێمەکە وڵاتی بەر پرسو پاسەوانەکانیان بوو. بە هەزارەها بەرپرس هەبوو کە هەریەکێکیان چەندین پیاوی چەکداری موچە خۆر بۆ پاراستنی لە دەوری کۆببوونەوە. زۆر لە سەردەستەی

پاسەوانەکان، ئەویش پاسەوانی تایبەتی خۆی هەبوو. شاری سەردەم هێندەی تر پیاوی بۆ پارێزگاریکردن پێویست بوو. نیگەرانیو بێزاری خەڵك بە ئاشکرا سەریهەڵدا تاکو گەشتە پەنا گوێی ئەوانەی لە دەردی میلەت خافڵ بوون. لەمینبەری کەناڵەکانەوە دووبارە شاتە شات بیسترایەوە.

مــژدە مژدە...ئەی هاوڵاتیانی بەڕێزو ستەم دیدە. دەزانین نیگەرانن، نیگەرانیتان مافی خۆتانە. ئێوە شایستەی هەموو خزمەتگوزارییەکن، ئێوە. . . لێردەدا دەنگی بێژەر لە شاتە شات دەکەوت. ئەوەندە بەزۆر دەنگی خۆی گڕدەکرد لە کۆتایدا وشەکان دەبوون بە قرخەقرخ. هیچ حیکمەتێك لە وشێوە خوێندنەوەیەدانەبوو، خەڵکەکەش بەو جۆرە ڕاهاتبوون ئەگەر بێژەرەکە دەنگی هاوتای دەنگی شێر نەبێت، بابەتەکە پڕوپووچو بێمانایە. گەروی پاکدەکردەوەو دەیگووت" ببوورن". دووبارە درێژەی بە خوێندنەوە دەدا. ئێوە ڕۆڵەی ئەم خاکەن. ئێمە حوکمەت نین، ئێمە خزمەتکاری ئێوەینو بۆ خزمەتی ئێوە خوڵقاوین. مژدەتان پێدەدەین گۆڕانکارییەکی گەورە لەناو بازنەی حوکڕانیدا ئەنجام دەدرێت کە هەموو هیواکانی ئێوەی تێدا ڕەنگ بداتەوەو هەموو کێشەکان چارەسەر بکرێت.

ئەو ڕۆژگارە هەرچییەك کە بەشی خەڵك بوو لەناو بازاڕدا هەبوو، بۆ شاری سەردەم کێشدەکرا. ڕاستبوو لەبری هەموو ڕزقو پێویستییەك پارە دەدرا، بەڵام هەمووخەرجییەکانی شاری سەردەم بەشی خەڵكو هەرێمەکە بوو، لەدەمی ئەوان گل دەدرایەوە، بە قوڕکی شاری سەردەمدا دەکرا. ئەو بەڵێنانەی بە خەڵکیاندا نیگەرانی کەم کردەوە، هاواری خەڵکیان بڕیو بێدەنگ بوون، ئەوانیش گوێی خۆیان لە بەڵێنەکانیان کەڕکرد. هەرێمەکە لە ساڵی گرانیو بێ بارانی دەچوو. وەك سەردەمی ئیمپراتۆرەکان هەموو شتێك لە پێناوی بە هێزکردنی سوپادا بوو. سوپای هەرێمەکەش شاری سەردەم بوو کە هەموو تواناو هەموو داهاتێکی هەرێم لە خزمەتی بە هێز کردنی ئەودا بوو. هەموو پێشکەوتنو زانستوشارستانییەکی جیهانی لەگرنگی بوونی شاری سەردەمدا دەیانبینیەوە. پاشاو سەرۆکو کاربەدەستەکانی ناو بازنەی حوکمڕانی دەیانگووت: بوونی شارێکی وەك شاری سەردەم لە هەموو مەملەکەتێکدا نیشانەی پێشکەوتنوبەر قەراربوونی ئارامیو ئاسودەیو خۆشگوزەرانییە.

شاری سەردەم ساوابوو، هێدیهێدی گەورە دەبوو. چەند گەورتر دەبوو خەرجی زیاتری دەویست. پڕۆژە خزمەتگوزاریەکان خرانە خزمەتی شاری سەردەم. داهاتی بەشی خەڵکی هەرێمەکەش کەمکرایەوە بۆ بەدیهێنانی هیواو خواستەکانی شاری سەردەم. هیچ گرنگیو حیکمەتێکیش لە دروستکردنی شارەکەدا نەبوو جگە لەو قەیرانە ئابورییەی کە خوڵقاندبووی. بەیانییەك خەڵکی هەرێمەکە لەبری ئەوەی رووبکەنە شوێنی کارەکانیان، ڕوویان کردە بەردەم دەروازەی شاری سەردەم.

ئەوانەی ناو کۆشکەکان هێشتا هەرخەوتبوون کە پاسەوانەکان هەواڵی میلەتیان بێراگەیاندن لەبەردەم شاری سەردەم کۆبوونەتەوە وەختە دەرگاکان لەبن دەربهێنن. هێشتا هیچیان نەکردبوو لولەی ڕەشاسەکانیان تێکردن. پیاوێك هاواری لێکردن: کاکە گیان ئێمە بۆ شەڕ نەهاتوین، لولەی تفەنگەکان بکەنە ئاسمان، بیرتان نەچێت هەموومان کەسو کاری یەکترین، بە قوربانتانبم بەڵکو پاشا خەبەربکەنەوە کە میلەت لە دەرەوە چاوەڕوانتانن.

پاسەوانێکی درێژی ڕەقەڵەی دەنگ گڕ وەك قاژو لەسەر شورای شارەکە ڕاوەستابوو، بە جۆرێك هاواریکرد پێتوابوو دوا وزەو توانای دواین وشەیە لە گەرویدا.

هەر ئێستا جەنابی پاشا تەشریفی دێنێت. ڕێكوپێك بێ ورتە ڕابووەستن . خەڵکەکەی دەرەوە ناو شارەکەیان نەدەبینی، ماوەیەك چاوەڕوان بوون، بەڵام پاشا هەر نەهات. ئارامیان لێبڕا، ورتەو بۆڵە لەناویاندا پەیدا بوو، لەناکاو دەنگی مۆسیقایەکی سەربازی ورتەو بۆڵەی بڕین. پاسەوانەکان هەستانە سەرپێو خۆیان لە تەپو تۆزی سەر شوراکە تەکاند. ڕوخساری پاشا لەناو پاسەوانەکاندا دەرکەوت. دەمی داپچڕیو خێرا دەستی پێوە گرت. خەڵکەکە وایاندەزانی سڵاویان لێدەکات، هەموویان دەستیان بۆ بەرزکردەوە. پاشا بەدەم باوێشکەوە بەیانی باشی لێکردن، ئەوانیش بەیانی باشیان لەپاشا کردەوە، بەڵام بە یەك دەنگ نا، بوو بە ژاوە ژاو، هەر کەس لە ئاستی خۆیەوە.

پاشا نەیهێشت میللەت خواستو داواکاریەکانی خۆیان بڵێن، گووتی: ئەرکتان کێشا هاتوون، من بە ماندوبوونی ئێوە گەورە دەبم.

میللەت تێکڕا گووتیان: خۆت گەورەی پاشاگیان، بەڵام بەیەك دەنگ نا، بوو بە ژاوە ژاو.

پاشا زیرەك بوو، دووبارە دەستی بە قسەکردن کردەوە. دەزانم بۆچی هاتوون. ئێستا خۆمان سەرقاڵی گۆڕانکارین لە دەستەی حوکمڕانیدا بە نیازی چارەسەر کردنی کێشەکان، ئەم ئێوارەیەش بۆ ئەو مەبەستە کۆدەبینەوە. سەرۆك پرسی: توخوا بۆ ئەوە نەهاتبوون؟

ئەمجارەش میللەت کردیانەوە بە ژاوە ژاو، گووتیان: بەڵێ قوربان. . . قسەی جەنابتە، ئێمەش هەر بۆ ئەوە هاتبووین کە بەڕێزتان فەرمووتان. سەروسیمای پاشا وردە وردە دیار نەما، خەڵکەکەش گەڕانەوە بۆ سەر کارو کاسپی خۆیان. پاسەوانەکانیش شانیان داياو لێی پاڵکەوتنەوە.

پێش ئەوەی بچن بۆ شاری سەردەم، مقۆ مقۆی ئەوەیان بوو ڕەنگە لەناو شاری سەردەمدا هۆڵێکی هێندە گەورە نەبێت کە جێگای هەموویان بێتەوە، هەندێکیش

گووتیـان: شـاری سـەردەم بـەو گرنگـی و گـەورەییـە، هـەردەبێـت هـۆڵێکی زۆر گەورەتریشـی تێدابێت کە جێگای لە ئێمە زیاتریش بێتـەوە. هەمووەمان دەمانـەوێت بچینو ناو شارەکەش ببینین. هەموویان چوون، بەڵام کەسیان ناو شاریان نەبینی .
موراد عاشق لەناکاو بە دڵێکی شادو ڕوخسارێکی گەشەوە دەرکەوت. لـەمەملـەکەتـی مێش هەنگ گەڕابووەوە. سەرقاڵی پەیوەندی کردنبوو لە گەڵ هاوڕێ دێرینـەکانی. هـەوڵـی پـەیـوەنـدی کردنیـان بـوو لـە گـەڵ ئـەو کـەسـانـەی کـە بتـوانن گۆڕانکـاری لـە حوکمڕانیـدا بکـەن. شـێخ بـەختـەوەر کـەسێکی نـاو حـوکمڕانی بـوو کـە پـەیـوەندیشـی لـەگـەڵیانـدا بـەهێزبـوو. ئـەو شـەوەی وەسـتا کـاوە لـەلای مـوراد عاشـق بـوو، شـێخ بەختەوەریش هەمان شەو سەردانی مورادی کرد. بۆ وەستا کاوە ڕێکەوتێکی دانسقە بوو. وەك لە ئاسمانەوە هاتبێتە خوارەوە توند باوەشی بۆ گرتەوە. شێخ بـەختـەوەریش بەهـەمـان شـێوە خۆشـحاڵبوو، بـە وەستا کـاوەی گـووت: ئـەوە خـۆت لێرەیـت؟ مـن بـۆ هەواڵی تۆ هاتم بۆلای موراد. گووتیان یاخیبوویتو خۆت شـاردۆتەوە، کـەچـی وەك ئەستێرە بە ئاشکرا دەدرەوشێیتەوە.
وەسـتا کـاوە وشـەی یـاخیبوون سـڕی کـرد. بـە پـەسـتیو نیگـەرانیـەوە گـوتـی: چۆنـت بیستووە کە یاخیبووم؟
شێخ بەختـەوەر هـاتنی خـۆی بـۆ وەسـتا کـاوە ڕونکـردەوەو گـووتـی: ئـەم شـەوم هـاتووم هەواڵی تۆ لە موراد بپرسم، بـەڵام خـۆت لێرەیت. ڕەنگە بـەبـۆنـی ویسکی گومـان لـە قسەکانم بکەن، بەڵام دڵنیام هەموو شتەکان بە باشی بەڕێوە دەچن کە هەردووکمـان بـە ڕێکـەوت لێـرە یـەکتـری دەبینـین. بیسـتم کـە یاخیبوویـت. . . لـەوانـەیـە تـەنهـا پڕوپاگـەندەبێت کـە حـەزبکـەن یاخیبیت بـۆ ئـەوەی مـاف بـە خۆیـان بـدەن بـە هـەمـوو شێوەیەك ڕووبەڕووت ببنەوە.
وەستا کاوە بە غەمباریەوە گووتی: ئەو زەمانەم هەر بەبیرماوە لەسەر مافە ڕەواکـانی خۆمـان بـەناچـاری پـەنامـان بـۆ گونـدو چیاکـان دەبـرد، بـەڵام ڕژێـم بـە یـاخیبوو نـاوی دەبـردین. ئێسـتاش هـەمـان مێـژو بـە هـەمـوو ڕەنـگـو دەنـگـو ڕوخسـاریەوە لـە زەمەنێکیتردا لە سەر ئەقڵی کۆمەڵێك دووبارە دەنوسرێتەوە. من پرسیاریان لێدەکەم: لە مەرگی دەستی ئەوان هەڵهاتووم یاخود یاخیبووم؟
شێخ بەختەوەر هەرچەندە مەست بـوو، بـەڵام زۆر لـەسـەر خۆبـوو. بـە وەستاکاوەی گووت: وەستا گیان ئارامبە...! گوێم لێبگرە بزانە چیت بۆ باسدەکەم. ئـەوان دەترسـن بە هوشیاری یاخیبیت، دەڵێن لـەدوای ئـەو هـەزارەها کـەسێتر هـەڵدێت. تۆ پێتوایـە کەسیان وەك سەردەمی شاخیان پێبکرێت؟ کێ تازە ڕۆحی خۆیو ئەو هەموو موڵكو سامانە دەکات بـە قوربـانی؟ هـەموویـان ڕاستییەکـان بـاش دەزانـن، چ ئـەو بارودۆخـە

سەختەی بە سەر هەرێمەکەدا هاتووە، چ هۆکارەکان ئەو قەیرانە ئابوورییەی بەرهەم هێناوە. لەم کێشەو گرفتانەش گەورەتر ئەو ئەقڵێتە نوقسانەیە کە ئیشی پێدەکەن.
وەستا کاوە لەناو ئازارێکی دەروونیدابوو، نیگەرانیش لە چاوە خەماویەکانی دەباری.
گووتی: هەر لەسەرەتای شۆڕشەوە ئۆقیانوسی هێمن هەستی بە و مەترسیانە کرد کە ئەمڕۆ توشی هەرێمە کە هاتوون، هەر ئەو کاتەش بە پەیڕەوکردنی بەرنامەیەکی پەروەردەیی شۆڕشگێرانە هەوڵی سڕینەوەی ئەو ئەقڵانەیدا، بەڵامدژایەتی کراو لەباریان برد. ئەو سەردەمە دەیتوانی بەرگری لە بەرنامەکەی بکات، بەڵام لەبری هەموو بەرپەرچدانەوەیەك خۆی دوور خستەوە. دەیگووت" هەمووومان هاوڕێی یەك ڕێگاین، دۆستایەتی لە دوژمنایەتیو ناکۆکی باشترە.
وەستا کاوە بەردەوابوو. ڕویکردە مورادو گووتی: ئەم پیاوە دەزانێت کەمن یاخی نەبووم، منیش لەبری دژایەتی خۆمم دورخستۆتەوە، ڕەنگە لە ترسی مەرگیش بێت. دەمەوێت پێشتبڵێم کە موراد پێیگووتم ئەمشەو تۆ بۆ ئێرە دێیت. من بەهاتنی تۆ زۆر خۆشاڵبووم، گووتم موراد هەر کە لە دەرگایدا خێرا بابێتە ژوورەوە. ئەمشەو بۆمنوتۆ ڕێکەوتێکی زۆر باش بوو.
شێخ بەختەوەر گووتی: دەکرێت بپرسم لە کوێیتو چی دەکەیت؟
وەستا کاوە بە پێکەنینەوە گووتی: بۆچی نا. . . چ بایەخێکی هەیە کە ئێمە هەر نهێنیبین. سبەی بەیانی منو موراد زوو دەڕۆین، تاکو ئێستاش بە مورادم نەگوتووە بەرەو کوێ دەڕۆین، بەڵام کە گەڕایەوە بەنامەیەك لە هەمووشتێك ئاگادارت دەکەم.
وەستا کاوە هەواڵی مامۆستا شادمانیشی پرسی.
شێخ بەختەوەر گووتی: چ کارێکت پێی هەبوو؟
وەساتاکاوە گووتی: بەشێکی نامەکە ڕەنگە پەیوەندی بەویشەوە هەبێت.

لەمەملەکەتی مێش هەنگ موراد ئارەزوییبوو تاکو مردن بمێنێتەوە. بە پێچەوانەی ئەو کەسانەی کە بەترسو لەرزەوە لە چیاکان نزیکدەبوونەوە. هەر کە لە دەمی وەستا کاوەی بیست فریشتە لە چیاکانا، وەختە بوو تاکو لای فریشتە بفڕێت. بێخەم بوو لەو هەموو چیرۆکە ترسناکانەی دەربارەی چیاکان بیستبوونی. یادی ئەو ڕۆژانەی دەکردەوە کە لەشوێن فریشتەدا وێڵبوو، چەند جارێك تاکو ناو ئێسكو پروسکەکان هاتبوو، بەڵام فریشتەی نە بە زیندویی دۆزیبووەوە نە بەمردویی. بە وەستا کاوەی دەگووت: پێم ناڵێیت چۆن وێراویەتی بەناو ئەم هەموو ئێسكو پروسكو کەللە سەرانەدا تێپەڕێت؟ بۆ کوێش. . . بەرەو چیا هەزار بە هەزارەکان، بەرەو ڕووی مەرگ. ئەم هەموو کەللە سەرانە زەمانێك بوون پاڵەوانی مەملەکەتو سەردەمەی خۆیان بوون، کەچی بەم دەردە چوون. سەیرە کچێکی گەنجی نازداری وەك فریشتە

بەم ڕێگا مەرگاوییەدا ڕزگاری بووە، چەندین ساڵیشە لەناو ئەو چیا ترسناكانەدا ژیانی تەنیایی بەسەر دەبات.
وەستا كاوە گووتی: مەرج نییە بۆچوونەكانی تۆ سەبارەت بە ترسناكی ناو چیاكان دروستبن. دەمەوێت ئەوشت پێبڵێم كە ئێمەی پیاو بە هەڵە لە بەهێزی خۆمان گەیشتووین، هیچ هێزێكی دەرەكی پیاو" ئەوەی لە قۆڵو بازودایە" ناگات بە توانا ناوەكییە شاراوەكانی ئافرەت. ئەو هەموو ئێسكو پروسكو كەللە سەرانە ڕاستە پاڵەوانی مەملەكەتی خۆیان بوون لە سەردەمێكدا، بەڵام دڵنیابە لەبەرامبەر هێزی ناوەكی ئافرەتدا هیچیان بۆ نەكراوە، وەك ئەو هەموو مێش هەنگەی خزمەتی شاژنەكەیان دەكەن، ئیتر چۆن مێش هەنگەكان دەتوانن ئافرەتێك لەتلەت بكەن. ڕقو توڕەیی هاندەری كاری دڕندەین، كێ ڕقی لە ئافرەت دەبێتەوە، بەتایبەتی ڕۆحلەبەرە میهرەبانەكان. هەزارەها دڕك بەپێ دەشێلین، بەڵام دڵمان نایەت گوڵێك هەڵوەرێنین. باوەڕناكەم ئەوەندەی ئێمە نزیك بە چیاكان ترسابووین، فریشتە ئەودەمە هێندە ترسابێت.
كاتێك نزیك بوونەوە، پۆلێك كۆتری پەری پەڕ سپی بە خێرای بەرەو ڕویان هاتنو بەسەرئاسمانی سەریانەوە لەنگەریان گرت. موراد دەمێك بوو باڵندەی نەبینیبوو، بە بینینی كۆترەكان زۆر شادمانبوو. گووتی ئەم كۆترانە لێرە چی دەكەن؟ ناشێ باڵندەكانیش لێرەبن؟
وەستا كاوە گووتی: هەموو باڵندەكانیش لێرەن، بۆ ئەم مەملەكەتە كۆچیان كردووە. بەڵام ئەم كۆترانە لە مێژە لەناو ئەم چیایانە دەژین. كۆترەكانی فریشتەی عاشقن.
كۆترەكان بەسەر سەریانەوە لە پێشو پشتیانەوە بەرەو دەروازەی چیاكان بە هێمنی هەڵدەفڕینو ئەوا نیش پێبەپێی هەڵفڕینی ئەوان دەڕۆشتن. موراد ئاسودەو شادومان بوو، دڵنیابوو كەمێكیتر دەگات بە سارێژبوونی خەمەكانی كەئەو هەموو ساڵە لە چاوەڕوانیدا بوو. بە دیقەتەوە تەماشای كۆترەكانی دەكرد، وەك عەیامێك لەمەو بەر لەگەڵ كۆتردا هاوڕێی خەوێك بووبێتن، بیرەوەرییەكی كاڵ بەناو یادەكانیدا گوزەریكرد، بەڵام هۆشو خەیاڵی هەرلەلای فریشتەبوو، زوو لەناو یادگارەكاندا دەهاتە دەرەوە. موردا بە پێچەوانەی هەموو ئەو كەسانەی بۆ یەكەمجار ڕوویان لە ناو چیاكان دەكرد، لەسەرەتادا زۆر شادومانو لەسەر خۆ و ئارام بوو، بەڵام كە چووە ناو دەروازەكەوە، بە پێچەوانەی ئەوانیترەوە كە ترسو خەمو پەشۆكاوی دەرونی بەردەدان. موراد توشی پەشێویو نائارامی بوو. هەستی دەكرد هەنگاوەكانی خاوبوونەتەوە وەك بیانەوێت مانبگرنو نەڕۆن. چاوەكانیشی پڕ بوون لە فرمێسكی سۆزو خەمو تەنیایی. وەك منداڵێكی بچوكی بە جێماو لەجێگای خۆی ڕاوەستا، بەڵام بێدەنگ دەگریا. وەك چۆلەكەیەكی نەخۆشی بەر بارانیش

هەڵدەلەرزی. وەستا کاوەش بە بینینی موراد توشی جۆرێك لە پەشۆکاوی بوو، وایدەزانی موراد لە ناکاو توشی ئیفلیجی بووە، گووتی: موراد ئەوە چیتە؟ بۆچی ناڕۆیت؟ ئەوە دەبینم دەگریت، چ گریانێکە لەم کاتەدا؟
موراد فرمێسکی قەتیسماوی چەند ساڵ لەمەو پێش لە سینەیدا پەنگی خوادبووەوە لەناکاو وەك کانییەکی دەمی بەهار تەقیەوە. موراد بە کوڵ دەگریا، لەناو گریانی خۆیدا چنگێکی مابووەوە. سەری خستبووەوە نێوان ئەژنۆکانی تاکو وەستا کاوە فرمێسکەکانی نەبینێت. دەیویست بەدەم گریانەوە وشەکانی هەناویشی هەڵبرێژێت، بەڵام هیچی بۆ نەدەگوترا هەر دەگریا. وەستا کاوە هەوڵیدا کە بزانێت ئەم گریانە لە ناکاوە چییە؟ بەڵام موراد هیچی بۆ نەدەگووترا. ئەوەندە گریا فرمێسکی لە سینەیدا نەما. وەستا کاوە وا هەستیدەکرد ئیتر خوێنی دڵو دەمارەکانی لە بری فرمێسك بە چاوەکانیدا دێنە خوارەوە، ئەو واهەستیدەکرد هەر کە گەیشتنە ناو چیاکان موراد وەك پەپولە باڵدەگرێت وچیابە چیاو بن بەربە بن بەرد بە شوێن فریشتەدا دەگەڕێت.
وەك منداڵێکی بچکۆلانە دەستی بەسەریدا دەهێناو دەیگووت: موراد گیان هێمنبەرەوە، قسەبکە...! بزانم بۆچی دەگریت؟ دەبوایە لەبری گریان گۆرانیت بگووتایە. هەستە لەو کانیو ئاوە دەم و چاوت بشۆ، ڕەنگە فریشتە لەودیو چیاکانەوە چاوەڕوانت بکات.
موراد دەموچاوی شوشتو فرمێسکەکانی وشکبوونەوە. لەسەر بەردێك دانیشتو پاڵی بە درەختێك دایەوە، بەڵام هەر نیگەرانی بە ڕوخساریەوە دیاربوو، چاوەکانیشی وەك خوێنیان پێدا ڕۆشتبێت، سور هەڵگەڕابوون. بە غەمباریەوە لە ژێر لێوەکانیەوە گووتی: ئێستا دەزانم کە شەرمەزاری لای فریشتەم، من عاشق نەبووم، ئەو عاشقی ڕاستەقینەبوو. دەبوایە ئێستا ڕۆحی منیش بەقەد پاڵی چیاکانەوە بوایەو لاشەو ئێسکو پروسکەکەشم تێکەڵ بەو هەموو ئێسکو پروسکانە ببوایە کە بە سەریاندا تێپەڕین. ئەگەر من عاشقی فریشتە بوومایە ئەو بەتەنیا ژیانی لەم چیایانەدا بەسەر نەدەبرد. چەند جارێکیش تاکو ناو ئێسکو پروسکەکان هاتم، بەڵام هیچم نەبینی، ئیتر چۆن بزانم ئەو گەشتۆتە ناو چیاکان کە هەزارەها ساڵە نەمانبیستووە کەسێك نزیك دەروازەکەش بووبێتەوە. وەستا کاوە هیچی نەدەگووت، تەنها هەر گوێی لێگرتبوو. دەیویست موراد هەموو خەمو زوخاوی دەرونی خاڵی بکاتەوە.
تەپەی هەنگاوەکانی کەسێك لەو دیوەوە هاتە گوێیان. وەستا کاوە گووتی: ڕەنگە ئەوە فریشتە بێت بۆ ئێرە بێت؟خۆت وەك ئاشقێکی غەمبار پیشان مەدە. موراد هەستیکرد کە فریشتە نییە، بەڵام خورپەیەکیش ناخی لەرزاند. . . گووتی: ئەو ڕۆشتە فریشتە نییە، دەنگی هەنگاوەکانی فریشتە هەستپێدەکەم، هاوتای ترپەی دڵمن. ئەگەر

فریشتەش بێت، ناتوانم وەك عاشقێك خۆمی پیشانبدەم، چونکە من عەشقی خۆم دۆراند.
وەستا کاوە لە گریانە بەکوڵەکەی موراد حاڵیبوو، کە بۆ فریشتەو بۆ عەشقی لە دەست چووی دەگری. گووتی: کەس هێندەی تۆ عاشق نییە. لەپێناوی عەشقدا بەتەنیایی مایتەوە، عەشقیش تۆی هێشتۆتەوە. ئەوە نیشانەی عاشق بوونتە.
لە پێچی چیایەکدا کوری دایە دەرکەوت، لەجێگای خۆی ڕاوەستا کە ئەوانی لەسەر کانیو ئاوەکە بینی. موراد هەستایە سەر پێو بەرامبەر بە کوری دایە نیاگاکانی چرکردنەوەو تێکەڵ بە یادەوەریەکانی کردن. بە ئەسپای بە وەستاکاوەی گوت: ئەوە کوری دایەیە؟ چاوەڕوانی وەلام نەبوو، گووتی: چەند پیر بووە. جارێکیتر بیرەوەریەکان هەناویان هەڵتەکاندو فرمێسکەکانیان ڕەوانەی چاوە ماندوبووەکانی کرد. کوری دایە گووتی: بۆ سۆراخی ئێوە هاتم، کۆترەکانیش گەڕانەوە ئێوە هەر دەرنەکەوتن. فریشتە پڕ بە چیاکان دەگریو ئێوەش لێرە دانیشتوون.
کوری دایە بەدەم قسەکردنەوە گەیشتە لای ئەوان، لەگەڵ موورادا باوەشیان بەیەکتریدا کرد. پێش بیستو پێنج ساڵ لە ژیانی پێشمەرگایەتی یەکتریان بینی بوو، ئەگەر لە جێگایەکی تر بەیەکتری بگەشتنایە هەرگیز یەکتریان نەدەناسیەوە. موراد پێیگووت: بەداخەوە زەمەن هەموو شتێك پیر دەکات. کوری دایە گووتی: باجارێ بڕۆین، فریشتە چاوەڕوانە، دواتر قسە لەسەر زەمەنو پیری دەکەین. بەلام زەمەن دوو شت پیر ناکات. . . . . عەشقو بەرنامەکەی ئۆقیانوسی هێمن. تۆ بەهەمان عەشقی جارانەوە بۆ لای فریشتە هاتوویت، فریشتەش بەو عەشقەوە چاوەڕوانتە. عەشقی ئێوە وەك خۆی ماوەتەوە، پیر نەبووە. ئێمەش دووبارە بە بەرنامەکەی ئۆقیانوسی هێمندا دەچینەوە، وەك خۆی ماوەتەوە، هێشتا زەمەن ئەویشی پیرنەکردووە.
وشەکانی کوری دایە لەناخیدا دەنگی دەدایەوە، گوژمێکی سەردەمی لاوی لە عەشقو خۆسەویستی دەرونو هەناوی هەڵتەکاند. بە ئومێدەوە هەنگاوەکانی بەناو بەردو دارو هەڵدێرا دەنا. بەخێرایی دەڕۆشتنو موراد بەسەرنجەوە تەماشای دیمەنی چیاکانی دەکرد. لە هەندێك جێگادا بەرزی چیاکان ناچاریان دەکرد هەڵوێستەیەك بکاتو نیاگا سەرسامەکانی بەرەو لوتکە هەڵزنێت. بەرزی چیاکان لەئاستی ئاسۆی بینینی چاودا نەبوون، بۆ بینینی لوتکە هێندە سەری بەرەو بەرزی هەڵدەبڕی بڕبڕەکانی ملی ژانیدەکرد. چاوەکانی هەڵدەگلۆفی وەك باوەڕ بە دیمەکان نەکات. هەنگوین بە لێشاو لەسەر لوتکەوە تاکو کەناری ڕوبارە بچکۆلەو باریکەکانی دەم چیاکان چۆڕابووەوە. بەپۆل چۆلەلەکەو باڵندەکەکانیتر بە جریوە جریو بە سەریاندا دەفڕین. دیمەنەکان بۆ موراد غەریبوون کە توشی سەرسامیان کردبوو، بەدەم

تەماشاكردنەوە چەند هەنگاوێك لە وەستا كاوەو كوڕی دایە بەجێمابوو، كە دەبوایە لە پێش ئەوانەوە بەرەو لای فریشتە بچوایە. هەنگاوەكانی گەورەو خێرا كردەوە تاكو بەوان گەیشتەوە.

هەرسێكیان بە ئاگاداریەوە دەڕۆشتن، جاربەجارێك كوڕی دایە بەردە خڕەكانی سەر ڕێ ڕۆشتنیانی بە نوكە پێ بەرەو خوارتر گلۆردەكردەوە. چەند شوێن‌و پێچاوپێچی چیاكانیان بڕی، لەناكاو موراد لەبەردەم پەیكەرێكدا خۆی بینیەوە. وەك گومان بكات كە ئاخۆ هەر خۆیەتی بەرامبەر بە ئاوێنەیەك ڕاوەستاوە، دەستی ڕادەوەشاند، سەری دەجولاند، چاوەكانی دادەگرت، بەلام پەیكەرەكە هەر وەك خۆی ڕەق ڕاوەستابوو، بەبێ جولەو بەبێ هەناسە. لەبەردەم گەورەی هونەرەكەدا هەستی بەگوناهەكانی دەكرد. لەناو چاوەكانیدا عەشقی فریشتەی دەبینی وەك مۆم بۆ ڕۆحی پەیكەرەكە دادەگیرسا. دەنگی گریانێكی حەزین هاتە گوێی، وەك كچێك بە دیار سێبەری عاشقەكەیەوە گۆرانی غەمگین بڵێت تاكو ڕۆحی لە گوناح پاكبكاتەوە. موراد وەك زەمانێك بەو دەنگە ژیابێت ئێستاش دووبارە بە یادو ڕۆحیدا گوزەر بكەن، توشی شۆك بوو. هێشتا چاوەكانی هەر تەڕ بوون، پربوونەوە لە فرمێسكی عەشق‌و تەنیای‌و سۆزو بەزەیی. وەك بەسەر چلێكی باریكەوە بێت خۆی بۆڕانەدەگیرا بە پێوە ڕابوەستێت. لەبەردەم پەیكەرەكەی خۆیدا تلیسایەوە. دەنگی گریانی مورادیش تێكەڵ بەو هەزار دەنگو ئاوازو هاژەیە بوو. كوڕی دایە بە وەستا كاوەی گووت: با ئێمە بڕۆین، ئیتر ئەوان بە تەنیا بە جێبهێڵین. بەدەم ڕێگا ڕۆشتنەوە وەستا كاوە باسی شێخ بەختەوەری بۆدەكرد كە لەگەڕانەوەدا لەماڵی موراد بینیویەتی. ئەوەشی پێگووت بە مورادا نامەیەكی بۆ دەنێرێت سەبارەت بە هەندێك بابەت ئاگاداری بكات.

كوڕی‌دایە بە غەمبارییەوە گووتی: لەمێژە لە هەموو كەسێك دوورم، ئەوانە مرۆڤی باش بوون هەرچەندە بەرامبەر بە گرتنی من هەڵوێستاین نەبوو، بەهەرحاڵ خۆت باشتر ئاگاداریانیت‌و ئاشنایانیت، ڕەنگە بتوانین كەڵكیان لێوەربگرین.

وەستا كاوە: چی بكەین باشە؟ چۆن بەرنامەی كارەكانمان دابڕێژین؟

كوڕی‌دایەگووتی: هەرچییەك باسبكەین تەنها وەك پێشنیار دەبێت تاكو مورادیش ئاگادار دەبێت. وەك خۆت دەڵێیت" كارەكانمان زیاتر بەو ئەنجامدەدرێت".

كوڕی‌دایەو وەستاكاوە گەڕانەوە جێگای خۆیان. موراد لەبەردەم پەیكەرەكەی خۆیدا هەستی بە گوناح‌و شەرمەزاری دەكرد. پەیكەرەكە سەرتاپا پڕبوو لەجوانی‌و هونەركە لەعیشقی فریشتەوە ڕژابوونە ناخی پەیكەرەكەو ڕۆحیان بەبەردا كردبوو. پۆلێك كۆتر لەلای فریشتەوە بە چەند باڵ بەیەكدادانێك گەیشتنە لای موراد. شەقەی باڵی كۆترەكان وەك دەنگێكی ئەفسوناوی بەگوێی موراد ئاشنابوو، كۆترەكان هەموویان یەك شێوەبوون، كۆتری پەری پەڕ سپی خاڵ بەگەردن بوون. كۆترەكان

بۆنی فریشتەیان گرتبوو، لەبەر چاوی موراد ڕوخساری فریشتەشیان وەرگرتبوو. یادگاریەکان هێدی هێدی بە مێشکیدا بەرەو دواوەی دەگەڕانەوە تاکو گەیشتە ئەو ڕۆژگارەی لەمەیدانی باڵندەکان بە خۆشی جوانیو خاڵەکەی لاملی فریشتە موراد عاشقی دوو کۆتری پەری پەڕ سپی بوو. موراد دوو کۆترەکەی کڕیو لەگەڵ خۆیدا بۆماڵەوەی هێنانەوە. موراد چەند عاشقی جوانی کۆترەکان بوو، ئەوەندەش بە عاشقبوونیان سەرسام بوو. لەناو قەفەزێکی تەنگە بەردا، لەناو عەشقی یەکتردا دونیای خۆیان فراوان کردبوو. دەنوکیان لەدەنوکی یەکتری دەسو، سنگو باڵیان لەهی یەکتری دەخشاند. یەکێك لە کۆترەکان خاڵێکی ڕەنگ قاوەیی بە ملیەوە بوو، موراد خاڵەکەی گەردنی فریشتەی هاتە خەیاڵ. بڕیاریدا لەو قەفەزە تەنگە بەرە دەریان بهێنێت. هەمیشە کۆترەکان بە حەوشەو سەربانەوە بوو. لەخۆشەویستی فریشتە هەرگیز لەناو قەفەزدا بەندی نەدەکردن. ئەوکاتەنەی لە ماڵەوە بوایە سەرقاڵی کۆترەکان بوو، هۆگریان ببوو.

یەکەم ڕۆژ کە فریشتە شارو ماڵو مورادی بە جێهێشت، هەر ئەو ڕۆژە موراد هەمووجێگایەك بۆ فریشتە گەڕا. یەکەم جار بۆ پەیمانگا چوو، دواتر لەو جێگایانەی بەیەکتری دەگەیشتن چاوەڕوان بوو، بەڵام فریشتە هەر نەهات. موراد ئارامی لەسەردا نەما، چوو بۆ ماڵی فریشتە. دایکی فریشتە گووتی: لەگەڵ تاریکو ڕووندا لەماڵ چۆتە دەرەوەو نەگەڕاوەتەوە، دەبێت تۆ ئاگاداربیت ڕووی لەکوێ کردووە؟ موراد ڕەوشی فریشتەی دەزانی کەمێك باش نەبوو. ئەم ماوەیە هەندێك کەس ئازاری دەرونیان دابوو، هەستیان بریندار کردبوو، بێتاقەتیان کردبوو. ڕەنگە دڵی تەنگو گوشرابێت، ماوەیەك خۆی وندەکاتو دەگەڕێتەوە. دورە پەرێزیو خۆ شاردنەوە پیشەی عاشقی غەمبارە. ئەو ڕۆژە موراد بەدڵ تەنگیو نائومێدی گەڕایەوە بۆ ماڵەوە. وەك ڕۆژاتیتر چوو بەلای کۆترەکانەوە، کۆترەکان لە حەوشەکە نەبوون، تەماشای سەربانی کرد ، لەسەر قەراغی گوێسوانەی سەربانەکەش هیچی نەبینی. بەپەستی بەسەر قادرمەکاندا سەرکەوت بۆ سەربان. کۆترەکان لەسەربانیش نەبوون. خەمی فریشتە هێندە لەبەر دڵی مورادا گەورەبوو، هەر زوو کۆترەکانی بیر چووەوە. ڕۆژانە بەدوای فریشتەدا وێڵ بوو، نە فریشتەی دۆزیەوە، نە کۆترەکان گەڕانەوە بۆ لای موراد.

موراد بە وردی سەرنجی لە کۆترەکان دەدا. وەك وێنەیەکی کۆنی کاڵبووەوەی ژێرساتەکانی ڕۆژگاردیمەنەکانی بۆ ساتێك دەهاتنە زەینییەوەو بەخێرای وندەبوون. بیری لەزەمەنێك دەکردەوە کە هاوتای ئێستا لەبەرامبەر دووکۆتری پەری پەڕ سپییدا بێت. بەناو بیرەوەریەکانی ژیانیدا تێپەڕی تاکو سەردەمی لاوێتی، ئەو ڕۆژەی بە خۆشەویستی عەشقی فریشتەوە ئەو دوو کۆترە عاشقەی کڕی. کۆترەکان زۆر زۆر

ببوون، هەندێکیان خاڵێکی جوانی ڕەنگ قاوەیی بە ملیانەوە بووکە مورادیان بۆناو دونیای پڕ لە نهێنی خۆیان ڕادەکێشا. موراد جگە لە سەرسامی هیچ حوکمێکی تری پێنەدەدرا.
موراد لەبەردەم پەیکەرەکەی خۆیو لەناو کۆترەکاندا بە رامبەر بە عەشقی فریشتە وەك تازە لاوێکی عاشق هەستی بە شەرمو پەشۆکاوی دەکرد. لەگەڵ فریشتەدا یەکتریان نەدەبینی، فریشتە لەو دیو پەیکەرەکەوە بووبەڵام بۆنی هەناسەی یەکترییان دەکردو گوێیان لە ترپەی دڵی بێئارامی یەکتریش بوو. موراد حاڵینەدەبوو بۆچی ئەژنۆکانی شکاونو توانای هەستانو هەنگاونانی بەرەو لای فریشتەی نییە؟ سەردەمێکیش وەك دێوانە هەموو دەشتو هەردو کێوی هەرێمە کە بە شوێن فریشتەدا وێڵ بوو. تەماشای چواردەوری خۆی کرد، وەستا کاوەو کوڕی دایەش ڕۆشتبوون تاکو بە دوو دەستە تا لای فریشتە هەڵیبگرن. ناو بەناویش گوێی بۆ تەپەی پێی فریشتە هەڵدەخست.
وەستا کاوەو کوڕی دایە لە جێگاکەی خۆیان. دوای قەدەرێك بێدەنگی وەستا کاوە گووتی: وەك خەو ژیانم دێتە بەرچاو، هەرچەندە ژیانیش بەشێکە لە خەو، ڕەنگە خەو درێژترین بەشی ژیان بێت. ژیانی من هەر خەو بووەو لەم مەملەکەتەدا بە ئاگاهاتوومەتەوە، نازانم ئەمە ناو بنێم ڕێکەوت یاخود بەرهەمی مێژو؟
کوڕی دایە گووتی: ژیانی پێشو بە هەموو ڕوداوەکانیەوە واقعێکی ڕەهابووە ئێستا وەك خەو دێتە بەر چاو، ڕەنگە زەروریەتی دوبارەبوونەوەی مێژوی ڕوداوەکان وابکات کە ژیانی وەك لە خەودا بێت بە ئاگامان بێنێتەوە. بەرهەمی مێژوە ئەمرۆ ئاوێتەی خۆزگەو هیواکانی مرۆڤ دەکات. من بە ڕێکەوت نە گەیشتمە ناو ئەم چیایانە، فریشتەی عاشقیش ڕێکەوت بۆ منی نەخستە سەر کەڵکەڵەی ڕۆشتن تاکو لێرە پێش هاتنی من ئامادەبێت. تۆو مورادیش بە ڕێکەوت ڕێگای ئێرەتان نەگرتە بەر. مێژوش کە دووبارە دەبێتەوە مەرج نییە هەر هەمان بەرهەمی ڕابوردوی هەبێت، چونکە مێژو دارێکی بەردار نییە هەموو ساڵێك هەمان بەری پێشو بگرێت. فریشتەو موراد دووبارە عەشقی یەکتری بوونەوە، ڕەنگە ئەمجارە بەرهەمێکی تری هەبێت. کەواتە لەدووبارەبوونەوەی مێژودا گرنگ بەرهەم هێنانە.
وەستا کاوە گووتی: کەواتە دووبارە بەیەکتری گەیشتنەوەی ئێمە ئەگەر ڕێکەوتیش بێت هەلێکی گونجاوە لەگەڵ بارودۆخی هەرێمەکەدا. لەبەرئەوە دەبێت خوێندنەوەی ورد بۆڕوداوەکان بکەینو بەوردیش بیر لە کارەکانمان بکەینەوە. خۆشمان دورەپەرێز بگرین لە کاری توندو تیژی.
کوڕیدایە گووتی:بارودۆخەکە مێژو دووبارە دەکەنەوە، ئەگەر سەردەمی ڕابردو ئەمرۆی بەم جۆرە نە خولْقاندایە، بارودۆخی ئێستای هەرێم پێویستی بە دوبارە

بوونەوە نەبوو، تۆ ناچار نەبووی کە شارو ماڵو منداڵی خۆت بەجێبهێڵیت، کەواتە دووبارە بوونەوەی مێژو تەواو نەکردنو تێپەڕاندنی ڕۆژگارێکی بەسەر چووە بە ناتەواوی و کەمو کوڕی. هەموو جارێکیش ئەم تێپەڕبوونە ناتەواوەی ڕۆژگار لەدووبارەبوونەوەدا بە هەمان کەمو کوڕی زیان بەخشتر دەبێت. وەك تۆ گووتت" دەبێت خوێندنەوەی ورد بۆ ڕوداوەکان بکەین". ئێمە هەر لەسەرەتاشەوە پەیڕەوی بنەماکانی ئاشتیخوازیمان کردووە. ئۆقیانوسی هێمن مەترسی لەدووبەرەکیو کوشتار هەبوو بۆیە خۆی دوور خستەوە. ئێمە داوای گۆڕانکاری بە شێوەکی ئاشتی دەکەین کە هەرێمێکی نمونەیی سەردەمیانە دابمەزرێنین. لەبەر ئەوە دەبێت لەسەر هەموو ڕێگاو پەیڕەو پڕۆگامێك دەربچین کەبەرەو درندەیو تاك ڕەوی‌و ترساندنو تۆقاندنمان دەبات. ئێمە خاوەنی مەملەکەتێکی جوانو شیرینین، تاکو هەنگوین هەبێت شەڕ بە هیچیتر ناکەین.

وەستاکاوە بە چوار دەوری خۆیدا تەماشای چیاکانی دەکرد. هەنگوین بەهەموو لایەکدا بەلێشاو هاتبووە خوارەوە. لەبەر خۆیەوە گووتی: تاکو کەی ئەم هەنگوینە بە خۆڕای بڕوات؟ ئەگەر ئێستا پێیان دەڵێیت ، پیاوی چاکبن لەکەلی شەیتان وەرنە خوارەوە، بەزەیەکتان بە حاڵی ئەو خەڵکەدا بێتەوە، دڵتان بە هەرێمەکەی خۆتان بسوتێت. هەرێمەکەمان هێندە دەوڵەمەندە بەشی هەمووومان دەکات، بەردەکانیشمان بەنرخن، چیاکانیش پڕ لە هەنگوینن، بەڵام مرۆڤ بەگومانە لە هەڵوێستیان، لە ڕەفتارو لە تەماعیان. گرفت ئەوەیە کە تێر خواردنیان نییە، هەرگیز ناڵێن بەسە، هەموو هەرێم بە موڵکی خۆیان دەزانن. لەو بڕوایەدام ئەگەر مەملەکەتی مێش هەنگیان لێ ئاگادار بکەین، پورە هەنگە کانیش بەسەر خۆیاندا دابەش دەکەن. هەر باشە مەزاری مردووەکانیش هەڵنادەنەوەو ئێسكو پروسکەکان فڕێبدەنو زەوی گۆڕستانەکان بەسەر خۆیاندا دابەش بکەن. وەستا کاوە هەر خۆیشی وەڵامی خۆی دەدایەوە، نا. . . زۆر زەحمەتە ئەقڵێتی خۆیان بگۆڕن، نایەنە ژێر باری یەکسانی بەرامبەر قبوڵ بکەن، چونکە هەر لەسەرەتاوە خۆیان بە باوکی میلەتو شۆڕش زانیوە. تاکو ئێستاش هەر بەو ئەقڵێتە بییر دەکەنەوە.

کوڕی دایە بەخەمەوە گووتی: ئەگەر هەنگوینیش نەبێت هەر دەوڵەمەندین، بەردی وڵاتەکەشمان بە نرخە، بەڵام ئەوەی لە سامان بەنرخترە ئەقڵی حوکمڕانییە کە هەموو شتەکان بە خۆیەوە بەنرخو بێ نرخ دەکات، بەداخەوە ئێمە لەو سامانە بێبەشو هەژارین. ئەو بڕە هەنگوینەی کە مەستی دەبیات بۆ ناو شار، پارەکەی بای پێویستییەکانی هەموو ئەو خەڵکانەن کە لەم مەملەکەتە دەژین. من هەر لە سەرەتای هاتنم بۆ ئێرە بیرم لە فرۆشتنی هەنگوین کردەوە. یەکەمجار بڕێك هەنگوینم بەرەو گوندێکی بچوك برد. گوندێکی زۆر عاسیو تەنیا بوو، لەسەر ڕێگای هیچ گوندێکی

تر نەبوو. بەدەگمەن گروپەکانی پێشمەرگەش ڕێگایان تێیدەکەوت. پێش ماوەیەك بە کارێك بەرەو سنور ڕۆشتین، ئەو گوندەمان هاتە ڕێگاو تێیدا نەماینەوە. من دڵنیابووم کەنامناسن. چەند ماڵێکی کەم بوون هەمووشیان خزموکەسی یەکتری بوونو سەرقاڵی بە خێوکردنی مەڕوماڵات بوون. بە گومانەوە لە گوندەکە نزیك بوومەوە، شوانێك کە کوڕێکی گەنج بوو بە قەد پاڵی گردێکەوە ئاژەڵەکانی دەڵەوەڕاند. هەڵسوکەوتی شوانەکە بە بۆچوونی من ئەوەی پیشاندا کە بەدەگمەن خەڵکی غەریبە ڕوو لە گوندەکەیان دەکەن. پێش ئەوەی بگەمە لای بە چەند هەنگاوێك بەرەو پیرم هاتو پرسی: لەکوێوە هاتویت؟ خۆ ڕێگات هەڵە نەکردووە؟ لەپاش سڵاو کردن پێم گووت: بەتایبەتی بۆ ئەم گوندەی ئێوە هاتووم، تۆ خەڵکی ئەم گوندەیت؟

بەگەرمی بەخێرهاتنی کردم. گووتی: بەڵێ، بەڵێ خەڵکی ئەم گوندەم، بفەرموو بۆ ماڵی کێ هاتوویت؟ گووتم:بۆ ماڵی کەسێکی تایبەت نەهاتووم، بۆلای هەمووتان هاتوو. من میوانم . . . میوان.

دووبارە بەخێرهاتنی کردمەوە. بان سەری ئێمە هاتیت، هەر کوێت پێخۆش‌بوو ماڵی خۆتە.

کوڕە شوانەکە بە خۆشحاڵیەوە لەلای خۆی تاکو دەمی ئێوارە هێشتمیەوە، لە قسەکانی دڵنیابووم کە مەترسیم تووش نابێت. لەگەڵ وردەوردە ئاوابوونی خۆردا ئێمەش پێ‌بەپێی مەڕوماڵاتەکە بەرەو ئاوایی بووینەوە. ئێوارەیەکی زۆر بێدەنگ بوو، جگە لە فڕە فڕی باڵندەکان کە ئەوانیش بەرەو ئاواییەکە بۆ ناو هێلانەکانیان دەگەڕانەوە، هیچ ڕۆحلەبەرێکی تر نەدەبینرا. گوندێکی بچوکی خنجیلانەبوو،لە چەند ماڵێك پێکهاتبوو، زۆر دڵگیرو ڕازاوەوە بوو، پێتوابوو هیچ کارەساتێکی سروشتیش بەدڵیدا نایەت بیخاتە ژێر زەبری خۆیەوەو وێرانی بکات. هەموو زوڵم زاڵمێك لە ئاستی جوانیو دڵگیریدا مل کەچ بوو. دیمەنەکانی ئەو ئێوارەیە زۆر شتی بەیاد هێنامەوە. پیاوێکی گوندنشینی ڕەسەن لە ماڵەکەی هاتە دەرەوە، وەك باوکی هاتبێتەوە بەگەرمی فەرمووی ماڵی خۆیانی لێکردم. هێشتا من هیچ وشەیەك لە زارم نەهاتبووەوە دەرەوە، پێش خۆیدام بۆماڵەکەی.

ئەو شەوە لەماڵی ئەوان بووم، هەموو پیاوەکانی تریش لەماڵی ئەوان کۆبوونەوە، جا نازانم بۆلای من هاتبوون یاخود پیشەی شەوانیان بوو لەماڵێك کۆببنەوە، ئەوەی بۆمن گرنگ بوو وەك کەسێکی خۆشەویستی خۆیان ڕێزیان لێگرتم. لەلای ئەوانیش هەر گووتم کە خەڵکی گوندێکی دووری سەر سنورم، سەرقاڵی بەخێوکردنی مێش هەنگین. بۆ ئەوە هاتووم لەم گوندانە کەسێك بدۆزمەوە ئەو هەنگوینەی من دەیهێنم بۆم بگەیەنێتە شارەکان وبۆم ساغ بکاتەوە. هەنگوینی باشیشم بەدیاری بۆ خۆیان بردبوو.

هەر ئەو شەوە لەگەڵ دوو کەسی گوندەکەدا ڕێکەوتین کەمن هەنگوینەکە بگەیەنمە گوندەکە، ئەوانیش لە شارو شارۆچکەکان ساغی بکەنەوە. هەرشتێکیشم پێویست بوو بۆم بهێنن. پەیوەنی من لەگەڵ ئەو گوندەدا زۆر بەهێز بوو، ولاخێکیشیان بۆ هاتوچۆکردن بۆ پەیدا کردم. منو فریشتەی عاشق بەهۆی ئەو گوندەوە پێویستییەکانی خۆمان دابین دەکرد تاکو ئەو سەردەمەی شاڵاوی ئەنفال دەستی پێکردو هەموو گوندەکانی هەرێمەکەی گرتەوەو بەدەردی وێرانکردنو تەفروتونابوون چوون. ئەو گوندەی پەنای ئێمەبوو بارو بنەو مەڕوماڵاتیان پێچایەوەو بەرەو سنورەکان بەڕێکەوتن.

ڕۆژ بەرەو ئاوابوون دەچوو، خۆر بەسەر مەملەکەتی مێش هەنگدا تێپەڕی بوو. تەنها لوتکەی چیابەرزەکان دەیتوانی دواین تیشکەکانی خۆر لە ئامێز بگرێت. لوتکەی چیاکانیش قەدەرێکیتر تێکەڵ بە تاریکی شەو دەبوو. ئیتر نۆرەی چاو شارکێی بوو لەپشت پەڵە هەورەکانەوە لەگەڵ ئەو ئەستێرانەی وردەوردە دەردەکەوتن. مورادو فریشتە هێشتا ڕووبەڕووی یەکتری نەببوونەوە، هەریەکەیان لەجێگای خۆیەوە چاوەڕوانی ئەویدی بوو، فریشتە نازی عەشق گرتبووی، موراديش شەرمەزاری. زوو زووش لەبەر خۆیەوە بە کرۆزانەوە دەیگووت" ئاخر گوناهم چیبوو بەتەنیان بەجێتهێشتمو شەرمەزاریشت کردم؟" لەناو تاریکی چیاکاندا هەستی بەتەنیایی دەکرد. کۆترەکانیش هەڵفڕینو جێیانهێشت. شەوێکی زۆر بێدەنگوخەیاڵی بوو، تەنها دەنگی هاژەی ڕووبارە بچوکەکان دەهات. هەردووکیان بەهەستە ئەفسوناویەکانی عاشق گوێیان لە هەناسەو ترپەی دڵی یەکتری بوو. لەبێدەنگیدا ترپەی دڵیان زیادی کرد وەك لەلێواری قەدەرێکی ترسناك چاوەڕوانی ڕوداوێك بن. خۆشیان نەیاندەزانی چاوەڕوانی چی دەکەن. لەیەك چرکەدا پێکەوە یەکتریان بانگکرد. هەردووکیان گوێیان لە ناوی خۆیان بوو بە زاری یەکتری، وەك ڕۆحیان چووبێتە جەستەی یەکتریەوە زۆر ئاسودە بوون.

موراد بە ئاوازێکی غەمبار گووتی: فریشتە گیان تاکو کەی خۆتم لێدەشاریتەوە؟

فریشتە بە نازەوە گووتی: موراد گیان خۆم نەشاردۆتە. . . ونبووم، بمدۆزەرەوە.

موراد لە شادومانیدا وەك منداڵ قسەی دەکرد. گووتی: فریشتە گیان زۆر تاریکە، چۆن بتدۆزمەوە؟ چاوم ڕوناکی تێدا نییە.

فریشتە گووتی:جا عاشق چاوی بۆ چییە. . . عاشقی ڕاست بە دڵ دەبینێت. بۆنی هەناسەم ناتگاتێ؟

موراد لە خۆشیدا پەشۆکابوو، گووتی: با... با بۆنی هەناسەی عاشقێکی دڵ ڕەنجاو دەکەم، چەند ساڵیشە بەو بۆنە دەژیمو ماوم.

فریشتە بە گومانەوە گووتی: موراد گیان هەر عاشقیت؟

موراد بە ئەسپای بە ناو تاریکی چیاکاندا بەرەو لای فریشتە هەنگاوی دەناو گووتی: ئەی چۆن، هەر عاشقم، عاشقی تۆم. ئێستاش بەرەو لای عاشقەکەم دێم...تۆ لەکوێیت؟ خۆتم پیشانبدە...!

فریشتە بەرامبەر بە موراد هەردوو دەستی بۆ باوەشی ئەو گرتەوەو گووتی: دەبێت بمدۆزیتەوە، من ونبووم. موراد گیان ونبوومو لە ئامێزی تۆدا هەست بە دۆزینەوەی خۆم دەکەم.

موراد چەند هەنگاوێکیتر بە ناو تاریکیدا چووە پێشەوە. هەستی بە بۆنی هەناسەو رۆحی فریشتە دەکردکە ناخی ساردو سڕو تەنیای گەرم دەکردەوە. موراد هەستیکرد کە فریشتە لەبەردەمیدایە. بە ئەسپایی دەستەکانی گرتو بۆ خوارەوە دایگرتنو عاشقانە توند لەئامێزی خۆی گرتو گووتی:ئێستا فریشتەکەی خۆم دەدۆزمەوەو دڵنیای دەکەم کە وننەبووە.

شەو درەنگو بێدەنگ بوو. تەنانەت باڵدارێكو مێش هەنگێکیش بە ئاگانەبوون. پێدەچوو ڕوبارە وردیلەکانو ئاوی دەم کانیو کارێزەکانیش نوستبن. خوڕەی شەپۆلێك، هاژەی قەڵبەزەیەکی بچوکیش نەدەهات. لەناو تاریکیو ترسناکی چیاکاندا هەستی بە گەورەیی عەشقی فریشتە دەکرد. لەگەڵ ناخی خۆیدا دەیگووت: بەس نییە تاریکستانەو چاوی لە چاوم نییە، ڕەنگە شەرمەزاری تكتك لەناو چاوەکانم ببارێت. فریشتە بە ئەسپایی بە موڕادی گووت: موراد هەست بە ساردی ڕۆحت دەکەم، بۆچی غەمباریت؟ زیاتر وەرە ناو رۆحو ناخمەوە با هەست بەتەنیای نەکەیت. موراد وەختەبوو بۆ سۆزی فریشتە پرمەی گریانی دەهات، بەڵام خۆی قایم ڕاگرتو دەرونی خۆی ئارام کردەوەو جارێکیتریش فریشتەی توند بە سنگی خۆیەوە نوساند.

ئەو شەوە وەستا کاوەو کوڕی دایە تاکو درەنگ سەبارەت بە ئیشوکاری خۆیان گفتوگۆیان کرد. مورادو فریشتەش لەناو ئارامیو بێدەنگی شەوی مەملەکەتی مێش هەنگدا بە هەناسەی یەکتری عەشقی وشکبووی خۆیان ئاودەدا.

بەرەبەیان زوو وەستا کاوە بەدەنگی پێی ڕۆشتنی پێی خەڵك بەئاگا هات. دونیا تاریكو لێڵ بوو، دانەدانە باڵندەکانی ناو مەملەکەتی مێش هەنگ بە دەرەوە بوون. وەستا کاوە بە ئەسپایی لەناو جێگاکەی هاتە دەرەوەو هێواش هێواش بە پەنا تاشە بەردەکاندا بەرەو ڕووی دەنگی پێیەکان چوو. لەپێچێکدا ڕوبەڕووی مەستیو چەند کەسێکیتر بوو. وەستا کاوە توشی شۆكو سەرسوڕمان بوو، بەڵام ئەوان ئاسایی بوون. وەستا کاوە مەستی دەناسی، زۆر جار لەناو شاردا بینیبووی، ئەوانیتریش ڕوخساریان نامۆ نەبوو. مەستیش کابرایەکی گەڕۆك بوو، زۆر جار ڕێیدەکەوتە گوزەری ئاسنگەرەکانو لەلای وەستا کاوە دەمایەوە. بەبینینی وەستا کاوە شادومان بوو. گووتی: وەستا گیان بیستم بۆ ئێرە هاتوویت، دوو شەویش لە گەڕانەوەمدا

سەردانم کردیت، بەڵام خەوتبوویت. هیوادارم لێرە ئاسودەبیت. ئێستاش بۆ ناو شار دەچین ئەگەر کارێکت هەبێت ئامادەم.
وەستا کاوە زاری بەسترا بوو، بەڵام هەرچۆنێك بوو دەمی کردەوەو گووتی: هیچ کارێکم نییە زۆر سوپاست دەکەم. هیوادارم جارێکیتر بتبینم.
وەستا کاوە بە پەشۆکاوی گەڕایەوە جێگاکەی خۆی، هەستی بە شادومانییەکی شاراوەش دەکرد لە ناخیدا. کوڕی دایە هێشتا هەرخەوتبوو. بیری لەژیانی ئەو خەڵکە دەکردەوە کە بۆ مەملەکەتی مێش هەنگ سەفەریان کردبوو. خەیاڵی گەشتێك بەناو چیاکاندا کەوتە کەڵکەڵەی. بە هێواشی هەستاو بەلای کوڕی دایەدا ڕەتبوو. بەکەناری ڕووبارەکەدا هاوڕێ لەگەڵ شەپۆلە وردەکانو دەنگو هاژەی قەڵبەزەکان بە ئەسپایی بەسەر بەردەکانی قەراغ چیاکان هەنگاوی دەنا. مەملەکەتی مێش هەنگ کشو مات بوو. تاکە تاکەی باڵندەکان هاوڕێی تەنیایی بوون. جگە لە دەنگی سروشتی بەرەبەیان دەنگی تری نەدەبیست. لەبەردەم پەیکەرەکەی موردا هەڵوێستەیەکی کرد. پەیکەرێکی ڕەنگ بەردین لەناو تاریکو لێڵی ئەم بەرە بەیانەدا وەك عاشقێکی تۆراو ودڵ ڕەنجاو کەناری پەراوێزو خۆ شاردنەوەی بە ئارابوونی ڕۆحی دەزانی. پەیکەرێکی بێ گیان وەك هەموو تاشە بەردەکانیتر، بەڵام دونیایەك جوانیو نهێنیو هونەر لەدەستو پەنجەی فریشتەوە ڕژابوون بەسەریداو ڕۆحیان بەبەریدا کردبوو کە تاکو هەتا هەتایە بە زیندووی بیهێڵێتەوە. فریشتە کوژرانی ڕۆحی خۆی لە پەیکەرەکەی مورادا زیندوکردبووەوە. وەستا کاوە بۆ تەماشاکردنی ئەم پەیکەرە نەهاتبوو، دەیویست بەم بەیانییە بە بێدەنگی گەشتێکی کورت بەناو چیاکاندا بکات، دەنا زۆری ئارەزوبوو بەو بەیانییە لێڵە نیگا کۆرپەلەکانی لە گەورەیی دەستو پەنجەی پڕ لە هونەرو عەشقی فریشتەدا بکوژێت. چەند هەنگاوێك لە پەیکەرەکە دوور کەوتبووەوە، بە ئاستەم گوێی لە دەنگی دوو هەناسەی تێکەڵی دوو ڕۆحی شەیدا بوو. پێدەچوو لەخەونی خۆیاندا بن لەژێر ئاسمانێکی شیندا بە باڵە عەشقاوێکانیان لەنگەری ئاسودەبوونیان گرتبێتو لە دوڕا بۆ کەناری دەریایەکی ئارامو بێدەنگ بڕوانن. وەستا کاوە دڵنیابوو کە ئەو دوو هەناسەیە، ئەو دوو ڕۆحە ، ئەو دوو عاشقە فریشتەو مورادن. وەستا کاوە هەنگاوەکانی هێواشتر کرد. لەناو کوخێکی ڕازاوەدا فریشتەو موراد بە ئاسودەی خەوتبوون. بەچواردەوریاندا خانووە بچکۆلانەکانی کۆترە سپییەکان بوون. هەندێ لە کۆترەکان بە ئاگابوون، لەبەردەم هێلانەکانیان بەدەوری خانمەکانیان بە نەغمەی عاشقانەی بەری بەیانیان دەسوڕانەوە. مێش هەنگەکانیش وردە وردە دەردەکەوتنو دەبوونەوە بە میوانی ڕۆژێکی نوێی گوڵە گەشو بۆن خۆشەکانی مەملەکەتە شیرینەکەیان. گوڵەکان بەنازو مەکرەوە خونچەی لێویان بۆ مژینی لێوی هەنگەکان کردبوەوە. وەستا کاوە بە سەرنجی لێڵی بەرەبەیان

تەماشای دیمەنەکانی دەکردو تاسەو خەمو تەنیای خۆی لەناو سەرسامیاندا خاڵی دەکرد. بریسکەی ڕوناکییەکی زەرد بەئاسمانەوە نیگای چاوەکانی ئەمیان بەلای خۆیدا ڕادەکێشا. یەکەم تیشکی گزنگی ئەم بەیانییەبوو لوتکەی بەرزترین چیای ئەم مەملەکەتەی ڕاموسی. لوتکەی چیاکانیتر بە حەسرەتەوە چاوەڕوانی ماچێکی گەرمی تاڵەکانی پڕشنگی خۆربوون . هێدیهێدی لوتکەی ئەوانیش بە ئامانجی خۆیان دەگەشتن. ڕوناکی لە لوتکەوە بەرەو قەدپاڵو دامێنی چیاکان بە هێمنو لەسەرخۆ پەخشان دەبوو. مەملەکەتی مێش هەنگ وردە وردە بە تیشکی خۆری ڕۆژێکی تازە گەرم دادەهات. باڵندەکان لە شادومانیدا بەنێو چیاو درەختو گوڵەکاندا فڕە فڕکیان دەسپێکرد. دونیای ڕوناك دیمەکانی ڕازاوەتر کرد. بە دامێنی پێچی گردێکدا لەگەڵ سەرنجی دیمەنەکان چووە ئەو دیو. پانتاییەك پڕ لەدارو درەختو کەپری بینی. کەمێك بە تێڕامانەوە ڕاوەستا. دڵنیابوو کە جێگای ئەو کەسانەیە کە سەفەریان بۆ ئەم چیایانە کردبوو. نزیکترین کەپرکەپێیگەیشت خانمێك لەناویدا بە غەمباری دانیشتبوو. نیگەرانو ماندوو دیار بوو. وەستا کاوە بەئەسپایی نزیکبووەوە کە خانمەکە گوێی لە دەنگی هەنگاوەکانی بێت، بەڵام ئەو بێباك لەوەی کەسێك نزیکی دەبێتەوە. گوێی لەدەنگی بوو، وەك سکاڵای دڵی خۆی بۆ کەسێکیتر هەڵبڕێژێت هۆن هۆن فرمێسکی هەڵدەڕشت. وەستاکاوە خانمەکەی ناسیەوە. سوبحییە شێتی جاران بوو. سەرسام بوو لە مەملەکەتی مێش هەنگدا کەسێك غەمباربێت. بە هێواشی پێیگووت: خانمی بەڕێز تۆ سوبحی نیت؟ سوبحی وەلامی نەدایەوە، بەردەوام دەگریا. وەستا کاوە ئەمجارەش پرسی: سوبحی گیان بزانم بۆچی دەگریت؟ سوبحی بەدەم لوشکە لوشکی گریانەوە گووتی: ئەم شەویش بە خەنجەرێك شوێنم کەوتبوون ورگم هەڵدڕنو منداڵەکە دەربهێنن. من کەی منداڵ لە سمکدایە، منداڵ لە پشتی ئەواندایە، بۆ ناچن پشتی پیاوەکان هەڵدڕن. وشەکانی سوبحی لەناخێکی گڕگرتووەوە دەهاتنە دەرەوە کە هەناوی وەستا کاوەشیان دەسوتان. وەستا کاوە سوبحی بەجێهێشت، هەستی بە ئازارە نهێنییەکانی ناخی سوبحی کرد کە ڕۆژگارێك گەورەترین گوناحو تاوان بە رامبەر بە ڕۆحی پاکی ئەو خانمە میهرەبانە دەکرا.

کەپرەکان لە جێگای عاشقەکانی بەهەشت دەچوو، بەبێ خەمو تانەو بەردهاویشتن بەڕوی یەکتردا والابوون. بەتەنیشت کەپرەکان بە ئەسپایی ڕەتدەبوو، بەڵام لای تەماشاکردنی لە هیچ کەپرێك نەدەکردەوە. دڵنیابوو لە ژێر هەر کەپرێکدا دوو ڕۆحی میهرەبان، دوو عاشقی ئاسودە، یاخود هەرنەبێت دوو کەسی دوور لە پەژارەو خەموئازار لە ئامێزی سروشتدا خەوتووە. بە خێرای ئەو شوێنەی بەجێهێشت کە شەرمو خەیاڵ دەرونی داگیر کردبوو.

لەسەرخۆ بە تولە ڕێگاكاندا دەڕۆشت، هەستیدەكرد ڕێگاكان ساواو كۆرپەن. پێیوابوو یەكەم كەسە بە وێدا ڕەتببێت. وەك بە دوای نهێنییەكدا وێڵبێت، لە ساتێكدا هەزارەها نیگای خێرای بۆ دوورو نزیك دەهاویشت. لەناو قوڵایی چیاكان، زیاتر دەچووە ناو دونیاوی ئەفسانەكان. بەرزی چیاكانو هاوتای چیاكانی ناو چیرۆكە دێرینەكان بووكەمرۆڤ پێیوابوو دونیاو زەمانێكی تر هەبوویێتو لە ناو كتێبەكاندا نوسراونەتەوە. پورە مێش هەنگەكان لێرە زۆر زیاتر بوون. هەنگوین وەك ڕوبارێك ئاگری هێمن بە باڵای چیاكاندا تاكو دامێنی خواری خوارەوە چۆڕابوو. وەك ڕەنگی ئاڵتون دەبریسكایەوە. وەستا كاوە بە هەموو دیمەكان سەرسام بوو، هەرگیز پێوانەبوو جێگایەكی وەك ئێرە لەسەر زەمین هەبێت. زۆر گەڕا كە ئیتر ترسی ونبوونو نەگەڕانەوەی هەبێت، دڵنیابوو كە چیاكان تەواو نابن، یاخود ڕەنگە لە كۆتایدا بە ڕیزێك چیای بەرزترو عاسی كۆتایی بێت كە مرۆڤ نەتوانێت لەو ئاستە زیاتر بڕوات.

وەستا كاوە نەیدەویست بەهەمان ڕێگادا بەناو كەپرەكاندا بگەڕێتەوە، ڕێگای تریشی پێنەدەزانی. هەستی بە ماندوبوونیش نەدەكرد، هەرچەندە ماوەیەكی زۆریشی بڕیبوو. وەك لەخەوێكی خۆشدابێت زۆر ئاسودە بوو، هەستی بە فڕینی ڕۆحی دەكرد وەك پەپولەیەكی ئێسك سوك بەناو گوڵەكاندا هەڵفڕێت. لەگەڕانەوەدا بەناو درەختە سەرتاپا بەر گرتووەكاندا تێپەڕی، گەشتەوە نزیكی كەپرەكان، خۆر شاقوڵی بەسەر سەری هەموو جێگایەكەوە ڕاوەستابوو. كەمێكیتر خۆر بە پێچەوانەی هاتنی بەدامێنی چیاكاندا بەرەو لوتكە هەڵدەگەڕێت تاكو دوا سات بە ماچێكی كاڵ ماڵئاوایی لە بەرزترین لوتكە دەكات. هەندێك لەخەڵكی بن كەپرەكان لە چنینەوەی میوەی بن درەختەكانو لقە شۆڕبووەكان گەڕابوونەوە. لە ژێر كەپرێكدا گوێی لە ورتەی دوو كەسی عاشق بوو كە وشەكانیان بۆنی گوڵی ڕەناگو ڕەنگی لێدەهات. وەستا كاوە بەتەنیشتیاندا تێپەڕیو بە ئەسپایی سڵاوی لێكردن، وەك نەیەوێت لەكاتوحاڵی ئەوینیان بگرێت. غەیبی میرزا بەگی خەنجەر تیژ بوو، بەگەرمی سڵاوی لە وەستا كاوە كرد. غەیبی ئارەزوییبوو كە وەستا كاوە قەدەرێك لەلایان دابنیشێت. وەستا گیان بە هاتنت شادومان بووین كە بیستمان لە قیامەتەوە بۆئێرە هاتوون.

وەستا كاوە بە خۆشحاڵیەوە لەلایان دانیشت. غەیبی گووتی: من غەیبی میرزا بەگی خەنجەر تیژم، لە ڕاستیدا غەیبی نەبووم... ئەگەر ژێر زەمینە تاریكەكەی ماڵەوە بگەڕانایە، منداڵێكی بچوكی دەستو قاچ بەستراوتان بێبەش لە دیمەنەكانی سروشت دەبینی كە لە دونیادا غەیبیان كردبووم. ئەم شۆخەش (نەویستی مەلا ئیمانی ڕووسوورە). غەیبی ویستی دەربارەی ژیانی نەویست قسە بۆ وەستاكاوە بكات. نەویست خۆی بەدەنگێكی هێمنی پڕ لە ئاواز كە وەستا كاوە تاكو ئەو كاتە گوێبیستی

دەنگێکی لەو جۆرە ئەویندارو میهرەبان نەببوو. گووتی: خۆم حەزدەکەم قسەبکەم. منداڵێکی ساوابووم، تەمەنم چەند ڕۆژێك بووە، هەڵبەت خۆم بەبیرم نایەت، بەڵام چەند جارێك لەزمانی دایکمەوە بە هەستو هۆشێکی سڕەوە بیستوومە کە بە هەنسکەوە باسی منی بۆ ناسیاو دراوسێکانو هاوخەمەکانی کردووە. باوکم چاوی سۆزو ئیمانی بە بوونی کچدا هەڵنەهاتووە، من چوارەم کچی دایكو باوکم بووم. کاتێك دەبیستێت کچیان بووە دوو ڕۆژ ناگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە. دواجار ناچار دەبێت بێتەوە بۆ ماڵەوە ، بەڵام بە دەرونێکی توڕەو ڕەشو تاریكو شەڕان گێزەوە. دایکم دەیگووت لەترسی حیرسو غەزەبی ناو چاوەکانی لە گۆشەیەکدا منداڵە بەد بەختەکەم داناو خۆم لەژورێکیتر قایم کردو دەرگاکەم کلۆمدا. من ترسام داخی دڵی خۆی بەمن بڕێژێت، نەمزانی ئەو لەخودا بە ترسە ڕقو کینەی خۆی لە منداڵێکی ساواشدا خاڵی دەکاتەوە. پڕ بە ماڵەکە دەینەڕاند، لەناو ترسو هەڕەشەی ئەودا هێندە بچوك ببوومەوە پێم وابوو جێگای ڕۆح لە جەستەمدا نابێتەوە. نەڕەو هاواری ژورەکەی منیشی پڕکردبوو کە نەتوانم زیاتر گوێکانم کراوەبن. دووپەنجەی دەستم ئاخنییە ناو کونی گویچکەکانم. لەناکاو تەپەیەك کوێبیستی نەبووم ، بەڵام دڵی داخوڕپانم. تەپەی جەرگم بوو کە ئازاری بە هەموو هەستەکانم گەیاند. گووتم ئەو ناپیاوی بێئیمانە منداڵەکەی بە عەرزدا داوە. زۆر پەشۆکام کە گوێشم لەدەنگی گریانی کچەکانی تربوو. بەپەلە لە ژورەکە هاتمە دەرەوە. منداڵەکە لاشەیەکی ساردو سڕبوو، شێرزەببووم نەمدەزانی هاوار بۆکوێ ببەم، ئەویش لە دوای ئەو گوناهە گەورەیە ماڵی بە جێهێشتبوو. بۆ بەختی منو بەختی خۆشی نەمردبوو، تاسابوو، چاوەکانی خێلو خوار ببوون، ئیتر لەو ڕۆژەوە کلۆڵی من دەستی پێکردو نیشانەکانی کەموکوڕی ژیری ئەویش سەریان هەڵدا. ڕۆژبەڕۆژبارودۆخی دەرونیو ئەقڵی خراپتر دەبوو، ئەوەتا کە دەیبینن. . . داماو وبێدەنگو بێجوڵە. سەرەڕای ئەو گوناهە گەورەیە کە کردی، سوێندیشی خواردووە هەر لە کونی ژورەوە بێت تاکو کەس پێنەزانێتو ئابڕومان بچێت. من گوێ بە سوێندی ئەو نادەم، هەندێك جار ئەو لەماڵەوە نەبێت دەیهێنمە دەرەوە، هەستدەکەم ڕوخساری گەش دەبێت، پێدەکەنێت، هەوڵدەدات قسەبکات.

زۆر جاریش دایکم بێزاردەبوو، بەدڵێکی غەمبارو ماندو دوعای دەکردو لە خودا دەپاڕایەوە. خوایە گیان بۆ خاتری ئەو پێغەمبەرە نازدارە بیبەیتەوە بۆ خۆتو لەکۆڵ منی کەیتەوە تاکو ئەوەندەیتر کەفتەکار نەبووە . من خەمی ئەوەبووم کە بمرم، ئیتیر کێ هەیە کە خزمەتی ئەو داماوە بکات. من ئەو دەمە گوێم لە هەموو گریانو سکاڵاو چیرۆکەکان بوولە زاری دایکمەوە، بەڵام توانای هیچم نەبوو، نە وشەیەکم بۆ دەگوترا، نە هەستێکی ئەفسوناویم هەبوو ئازارەکانی ناخم بدرکێنم. بەو حاڵە

گەورەبووم. هەستم بەفراوانی دەرەوەی ماڵی خۆمان دەکرد، بەڵام نەمدەزانی بۆچی دەبێت هەر لە کونجی ژورەوەبووم، تاکو ئەو ڕۆژەی غەیبی بە پرتاو خۆی بەماڵەوەدا کردو هەواڵی منی پرسی. باوکم وەك پیشەی هەمیشەیی بە تووڕەیی‌و نەڕەنەر گووتی: هەتیوە سەر ڕوتەیە، تۆکێیت هەواڵی نەویست دەپرسیت؟ هەر ئێستا ملت بشکێنەو بچۆ دەرەوە. غەیبی خۆی ئەمانەی بۆ گێرامەوە. غەیبی بڕیاریدا بوو هاتووە من لە گەڵ خۆیدا ببات. بەپاڵێك باوکمی فڕێدا بوو، بە مستێکیش ئەو دەرگایەی شکاندبوو کەمنیان تێدا زیندانی کردبوو. کوڕێکی جوانی میهرەبان هاتە ژورەوە. گووتی: هەستە بابڕۆین، بەڵام من جوڵەو ورتەم نەبوو. بەدەستێك پەلی گرتم‌و بەرزیکردمەوە، هەر ئەودەمە هەستم بە ئارام بوون کرد، وەک ڕۆح‌و جەستەم تازە ئاوێتەی یەکتری بووبێت زۆر شادومان‌و ئاسودەبووم، هەستەکانم بوژانەوە، زەین‌و هۆشم بە دونیایەکی تریان ئاشناکردم. گڕوتین چووە ناو جەستەو ڕۆحم دەستم لەناو دەستیدا نەرموشل کردو لەماڵەوە هاتینە دەرەوە. وەك با سوك‌و بێ خەم بە کۆڵانەکاندا ڕاماندەکرد. دیمەنەکان زۆر جوان‌و ڕازاوەو دڵگیر بوون، ئارەزووم بوو لە هەموو شوێنێك بمێنمەوە، لەناخیشمدا نهێنییەك قودرەتی زیاتری دەخستە هەنگاوەکانم وەك بەڵایەکی گەورە بە شوێنمانەوە بێت بە خێرای هەڵدەهاتین تاکو ساتێك زووتر لەدەستی قوتار بین. لە هیچ جێگایەك ڕانەوەستاین بەرەو ئەم مەملەکەتە ڕێگامان گرتە بەر. بەو پەڕی شادمانیەوە دەڕۆشتم. دیمەنی دایکم زیاتر هانیدەدام کە بە ڕوخسارێکی گەشەوە لە حەوشەکەی خۆماندا دوا نیگای بەخەندەو شادییەوە تێگرتم. ئەویش حەزیدەکرد لەو ژیانە پڕ مەرگەساتە ڕزگارم ببێت. هەستم بە ڕەوابوونی ڕزگاربوونم لەماڵەوە لەناو چاوەکانی دایکمدا بینی. ئێستا هەستدەکەم ژیانمان پارچەیەك لەئازارو ئەندێشەومەرگی نەبڕاوەبوو. نازانم من چی ترت بۆ باسبکەم ؟ خۆت ئاگاداری هەموو نەهامەتیەکانیت، ڕەنگە لەناو سوتانی ئاگری ئەو قیامەتەش هەڵهاتبێتیت؟

وەستا کاوە گووتی: هیچیترم بۆ باسمەکە...! ئەوەندە بەسە گەر بمەوێت حاڵیبم. چەندیتریش لەژیانی پڕ ئەندێشەو ئازاری خۆت بگێڕیتەوە، هێشتا هەر لەسەرەتای ڕۆژانی ژیانتایت. گرنگ ئەوەیە هەڵهاتن وژیانی مەرگو ئازارتان قبوڵ نەکرد. هیوادارم لێرەش ئاسودەبن؟

غەیبی گووتی: کەسێك نییە لەم مەملەکەتە ئاسودە نەبێت، چونکە سروشتی ژیانی مێش هەنگ ئاوێتە بوونە لەگەڵ گوڵدا. تەمەنی ئەوانیش تەنها بەخشین‌و بەرهەمهێنانی هەنگوینە، ئەو شیلەیەی لەدەمی هەموو کەسێکدا شیرینەو ئەو گوڵەی لای هەموو عاشقێك پیرۆزە.

وەستا كاوە گووتی: منیش بۆ ئێرە هەڵهاتم، لەناخەوە ئاسودەم بە ئاشنابوونی ئەم مەملەكەتە هێمنە، دڵنیام دواجار هەموو خەڵكی هەرێمەكە وەك باوەشی دایكیان بۆ ئارامبوونەوەی باری دەرونی شێواویانو دڵنیابوونەوەی رۆحی ترساو پەشۆكاویان بە تاسەوە رووی تێدەكەن تاكو لە زوڵمەتی ئەو قیامەتە رزگاریان ببێت.
وەستا كاوە بەخۆشحاڵیەوە غەیبیو نەویستی بە جێهێشت. بەدەم خەیاڵو بیركردنەوە بەرەو جێگاكەی خۆی گەڕایەوە. خەڵكی ناو كەپرەكان وردە وردە دەهاتنەدەرەوە، ئەوانەش لەناو باخەكان بوون گەڕانەوە. هەر هەموویان وەك ئێوارانی تركۆبوونەوەو رێگای لای فریشتەی عاشقیان گرتە بەر. وەستا كاوە كە گەیشتە لای پەیكەرەكەی موراد، فریشتە هەر خۆیبوو راوەستابوو، چاوەڕوانی ئەوانی دەكرد. دڵنیابوو كە موراد گەڕاوەتەوە لای كوڕی دایە، بۆیە پرسیاری موڕادی لە فریشتە نەكرد. بە بێدەنگی بە كەناری چیاكاند ابە دڵی پڕ لە ئومێدو شادییەوە بەرەو لای كوڕی دایەو موراد گەڕایەوە.

21

# شێتە میهرەبانەکان

گرانی وەك پەڵە هەورێکی ڕەش‌و زەبەلاح باڵی شومی خۆی بەسەر هەرێمەکەدا کێشابوو کە هیچ بایەك بەرەو هیچ ئاراستەیەك بۆ ئەودیو سنوری هەرێم ڕاپێچینەدەکرد. نەهامەتیەکان بە هەموو پێکهاتەکانیەوە لە گرانی‌و سەرهەڵدانی دیاردە غەریبەکان بەرهەمی یەك منداڵان بوون کە گەندەڵی شەهوەتی خولقاندنیان بوو لەمۆخی پشتی ئەقڵی دەسەڵاتدارانەوە چۆڕ چۆڕ بە زەوقەوە دەرژایە ناو ڕەحمی کۆمەڵگا. کۆمەڵگا ئەو دایکە بوو بەناچاری کۆرپەلەی نەهامەتیەکان دەکەوتە باوەشی‌و ئازارو خەمەکانی لە ئەستۆ دەگرت. نەهامەتی‌و گرانی‌و دیاردە غەریبەکان بوون بە وەچەی یەك دایك لە باوکێکی حەرام زادە ، بۆیە سەریان بە سەری یەکەوە نابوو، ئاوێتەی یەکتری ببوون‌و یەکبینە مەمکدانی کۆمەڵگایان دەمژی تاکو چۆڕبڕی خوێنی دەمارەکانیان دەکرد. گرانی وەك بوومەلەرزە گیرفانی هەڵدەتەکاند. دەستەی حوکمڕانی بە شانازیەوە باسیان لە موچەی فەرمانبەران دەکرد، وەك دەسکەوتێکی مەزن. موچەش لەشەرموحەیایی خۆی ڕووی بازاڕی نەبوو. بازاڕیش لەبەردەم شاری سەردەمدا هێندەی سەبەتەیەك ڕزقی تێدا بوو. داهاتی هەرێم پارویەکی نەرمە قووتبوو بۆ گەروی شاری سەردەم. شاری سەردەم هەم لەخەرجی خەڵکی هەرێمەکەی دەبرد، هەم لە ڕزقی ناوبازاڕیان.

لەناو ڕۆحی شاری سەردەمدا بەڵایەکی ترسناکتر لە دەردی گرانی سامناکتر خۆی مەڵاسدابوو. تیشکێکی ڕەش بوو گەرای هەموو نەهامەتییەکانی تری دەتروکاند. دەستەی حوکمڕانی لەسەر کورسی حوکم هەستانیان نەبوو، ژێر قونگیان پڕبوو لەگەرای دەعبای ترسناك. هەر دەعبایەك لەو بەڵایە گەورەترو پڕکارەساتربوو کە خەڵکی هەرێمەکە هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی دیاردە غەریبەکان چاوەڕوانی هاتنی بوون. گەرا هەمیشە لەژێر گەرمایی دانیشتنی هەمیشەیدا دەتروکێت. ئەو هێڵە سورەی بازنەی دەوری دەستەی حوکمڕانی کێشابوو، هێڵێکی خەیاڵی بوو. هێڵی ڕاستەقینە ئەو شورا قایمە بوو بەدەوری شاری سەردەمدا کێشرا بۆ پتەو کردن‌و تەمەن درێژی دەسەڵات. شاری سەردەم ئەو بەڵایەی سڕیەوە کە لە زەینی خەڵکی هەرێمەکدابوو، خۆی سیمای ئەو بەڵا خەیاڵ‌و ئەفسوناوییەی لە زەین‌و چاوی خەڵکدا وەرگرت. پڕۆژەیەکی گەورەی بێ بەرهەمی موسریف بوو. پێویستییەکانی ڕۆژانەی، ئەزمەی خستبووە ناو بازاڕەوە. بەقاڵە بازرگانەکان بە لۆریە بارەکانەوە یەکسەر بۆناو شاری سەردەم دەچوون. قەسابەکان گۆشتەکانیان بەپاکی‌و نەرمو نیانی

بە پارەیەکی باش لەوێ ساغ دەکردەوە. چەندین چێشتخانەو کافتریای ئەوروپیو ئوتێلی بەرزو نازدارو بازاڕی عەنتیکە لەنزیك شاری سەردەم کرایەوە. زۆر لە بەرپرسە خنجیلانەکانو دەوڵەمەندە ئێسکسوکەکانو بازرگانە خاوەن هەڵوێستەکان لە نزیك شاری سەردەم باروبنەیان هەڵدا. لەماوەیەکی کەمدا دەوروپشتی شاری سەردەم ئاوەدانکرایەوە. زەویو زاری ئەو ناوچەیە هەر زوو بوو بەموڵکی دەستەی حوکمڕانی. پارچەیەك زەوی لەو ناوچە دوورە دەستە، نرخی گەیشتە ڕەنجی ئیشکردنو ماندووبوونی پەنجا ساڵی کرێکاروحەماڵو موچە خۆرێك .

ناوبازاڕو مەیدانی دێرینەی کاسبکاران وەك پیاوی پیری نەخۆشو پەکەوتە لەبەر بێ خزمەتی بۆگەنی کەلاکی تۆپیوی لێدەهات. ئەو خواردنو میوەو سەوزەیەی لەبەر خراپی لەشاری سەردەم ساغ نەدەبووەوە، دەگەڕایەوە بۆ ناو بازاڕ. بازاڕی بۆگەنو بێکار، زۆر لە کاسبکارانی ناچارکرد ڕوولە ڕیزەکانی ئاسایشو پاراستن بکەن. چەند ژمارەی پاسەوانانی پاراستنی شاری سەردەم ڕووی لەزیادبوو بکردایەو بێکارەکانی بازاڕی کەم کردایەوەتەوە، لەسەر خەرجی شاری سەردەم بوو کەلەداهاتی خەڵکی هەرێمەکە دابین دەکرا.

بێزاری خاڵێکی ڕەشی گەورە بوو بە ناوچەوانی هەموو کەسێکەوە دیاربوو. لەو ڕۆژگارەدا موراد عاشق لە هەموو کەسێك دڵخۆشترو دەم بە خەندەتر بوو. وەك سەرەتای لاوێتی بە عەشقەوە دەڕۆشت، بە عەشقەوە خۆی دەگۆڕیو خەڵکی دەدواند. زۆر کەس چیرۆکی ژیانی مورادیان بیستبوو، پێیان دەگووت" ناشێ دووبارە عاشقبوبێتەوە"

موراد عاشق دەربارەی چوونی بۆ مەملەکەتی هەنگوین هیچی نەدرکاند ، بەڵام نامەیەکی وەستا کاوەی بۆ شێخ بەختەوەر هێنابوو. شێخ بەختەوەر هەرچەندە لەشاری سەردەم ژیانی بەسەر دەبرد، بەڵام دۆستێکی دێرینی هەموو ئەو کەسانەبووکە پەرۆشی گۆڕانکاری بوون لە سیستەمی حوکمڕانیدا. موراد سەردانی شێخ بەختەوەری کرد لە شوێنی کارەکەی خۆی. نامەکەی وەستا کاوەی پێدا. بە مورادی گووت: وەستا کاوە لە کوێ خۆی شاردۆتەوە؟

موراد گووتی: تۆ ڕاستدەکەیت خۆیشاردۆتەوە، بەڵام خۆیشی لەم زوڵمەتە ڕزگار کرد.

گووتی: سەرقاڵی چییە؟

موراد گووتی: ڕەنگە لە نامەکەدا باسیکردبێت؟

شێخ بەختەوەر نامەکەی کردەوەو دەستی بە خوێندنەوەی کرد. لەکۆتایدا گووتی: ئەو جێگایە چەند دوورە لێرەوە جێگایەکی چۆنە؟

موراد گووتی: دوورو نزیکی بابەتێك نییە کە گرفت بێت، ڕەنگە هەموو شتێکیش بزانم، بەڵام چاکتر وایە خۆت سەردانی بکەیت، چونکە هیچ چاوێك ڕاستی دیمەنەکان وەك چاوی خۆت بۆمێشك ناگوێزێتەوە. دەزانم بە گومانەوە بیر دەکەیتەوە، دڵنیام لەویّ بە جۆرێکیتر حوکمدەدەیت، ڕەنگە ئارەزوی مانەوە بکەیت؟

مەملەکەتی مێش هەنگ بۆ موراد عاشق ئەو باخچەیەبوو کە هەموو خەونە وشکەکانی تیا سەوزبوونەوە. ئارەزویبوو بۆ هەمیشە لەکن فریشتە بمێنێتەوەو جێینەهێڵێت. بەڵام عەشقی موراد تەنها بۆ فریشتە لە لوتکەدا نەبوو، موراد عاشقی هەموو جوانیو پیرۆزییەك بوو. هەر بەو عەشقەشەوە گەڕایەوە بۆ ناو شار تاکو ڕاسپاردەکان جێبەجێبکات. زۆر بە پەرۆشەوە پەیوەندی بە هاوڕێکانیەوە دەکرد. پێیڕاگەیاندن کە ئامادەبن بۆ ئەرکێکی پیرۆز کە چەندین ساڵە ویژدانیان ئازار دەدات، ڕەنگە دواین فرستەتیش بێت بۆ زیندوبوونەوەی ویژدانی مردوویان. موراد چەندە پەرۆشی ڕاپەڕاندنی کارەکانی بوو، ئەوەندەش مەراقی گەڕانەوەی بوو بۆ مەملەکەتی مێش هەنگ.

یەکەم شەو لە مەملەکەتی مێش هەنگ موراد لە باخەڵی فریشتەدا لەسەر سینەی گەرمی پڕ لەعەشقی گوێی بۆ چیرۆکەکانی ژیانی فریشتە ڕاگرتبوو. بەدەم هەناسەی فریشتەوە چاوە ماندووەکانی لێکنان، بە درێژای ئەو شەوەش لە خەویدا هەر لەسەر سنگی فریشتە بە ئارامی خەوتبوو. سبەی بەیانی کە بەئاگاهاتەوە زۆر ئارامو ئاسودەبوو، هەرگیز هێندەی ئەم بەیانییە شادو دڵخۆش خۆی نەبینیبوو. ناو کوخەکە سیخناخ بوولە بۆنی عەتری عاشقانە. چاوەکانی فریشتە هەمان عیشوەی دەنواند کە چەندین ساڵ بەر لەم بەیانییە موورادیان خستبووە داوی ئەوینو خۆشەویستی خۆیانەوە. موراد بەشەرمەوە تەماشای چاوەتەڕو گەشەکانی فریشتەی دەکرد، خۆیشی نەیدەزانی ئەم شەرمە بۆچی؟ ویستی بە ڕستەیەك هەستی ئەم چەند ساڵە تەنیاییەی خۆی پیشانبدات، بەڵام هیچ ڕستەیەکی نەدۆزییەوە کە گوزارشت لە ناخی خۆی بکات بەرامبەر بە عەشقی فریشتە، ئاهێکی هەڵکێشا بەڵام بە خەندەیەك پیشانی فریشتەیدا کە ئاواتە خوازبوو هەر لەوخەوەدا بوایە، ئەم شەویش زۆر ئاسودە بووە. گووتی: ئای چەند لە شوێنت گەڕام، هێندە گەڕام ژیانم بوو بە مێژو، بووبە داستان. بووم بە عاشقەکانی ناو داستانەکان، بەڵام من بەختم باشی هێنا فریشتەکەی خۆمم دۆزییەوەو بە یەکتری شاد بووین.

فریشتە بە نازو عیشوەی زەمانی گەنجێتیو سەرەتای عاشقبوونیو بەدەم قسەکردنەوە نەرمەی گوێی مورادی گرت گووتی: هیچت نەهێشتۆتەوە. . . چەند زوو عاشقەکەی خۆت دۆزییەوە.

موراد بە ڕوخساریدا دیار بوو دڵشادبوو فریشتە تاكو مردن بەودەستو پەنجە نەرمانەی گوێی بگرێت، بەڵام فریشتە زوو دەستی لەگوێی بەردا. ئەویش بە ئاستەم كوڵمی فریشتەی گرتو بە سۆزەوە گووتی: ئەی چەتیوە نازدارە من چۆن بزانم ڕووت لەم دەڤەرە ترسناكە كردووە؟ تەنها ناو ئەم چیایانە نەهاتم ئەگەرنا هەموو جێگایەكت بۆ گەڕام. بووم بە هاوڕێو دێوانەی دەشتو هەردو كێوەكان. بەردو دارو خەڵكێكی ئەم هەرێمە نەما كە من پرسیاری تۆم لێنەكردبێت. لە عەشقی تۆوە فێربووم هەموو شتێكم خۆشبووێیت. چارەكە سەدەیەك منت بەتەنیای سپارد. بەبێ تۆ هەست بەتەنیای خۆم دەكەم. نازانم بۆچی جێتهێشتم؟ هەر ڕۆشتی بۆچی لەگەڵ خۆتت نەبردم؟
فریشتە هەستی بەئازاری تەنیایی موراد كرد تاكو ئێستاش خەم لە دڵی دەچۆڕێو بە نیگەرانیو پەژارەوە یادگاریەكانی ڕۆژانی پێشو دەگێڕێتەوە. بە ئەسپای دەستو پەنجە تووكنەكەی مورادی لەناو دەستە نەرموشلەكانی خۆی گرتو نەرم نەرم دەیشێلا . موراد سۆزو ئەوینو خۆشەویستی فریشتە لەدەستو پەنجەكانیەوە چووە ناو ڕۆحیەوە ئەو هەموو ساڵەی تەنیای بیرچووەوە. فریشتە هەستی بە ئارامی ڕۆحی موراد كردو گووتی: ها...موراد گیان ئێستا چۆنی؟ دڵت گەرمە یاخود سارد؟ موراد هیچی نەگووت، بەڵام بزەیەكی پڕ لەمانای خۆشەویستی كەوتە سەر لێوەكانیو بە هێواشی وەك بۆ ناخی خۆی قسەبكات گووتی: عاشق دەبێت وابێت.
فریشتە هێشتا خەریكی شێلانی دەستو پەنجەی موراد بوو، موراديش وەك منداڵێك لەوساتەی دەمی لە گۆی مەمكی دایكیدایە، بێدەنگ متببوو. بەهێواشی پەنجەی مواردی لە دەستی خۆیدا گوشیو گووتی: ئاوایە ڕێگای عاشقان.
موراد بەو پەنجە گوشینە هێندە ئاسودە بوو وەك هەمانەكەی توند بۆ بگوشێت، وەختە بوو لە خۆشیدا خۆی پیسبكات. زاری تەنها ئەوەندە بۆ كرایەوە گووتی: فریشتە گیان ئیتر با تەنیا نەبم.
فریشتە وەك هەموو ئافرەتە زۆرزانەكان لەوكاتەدا كە دەماری پیاو دەگرن تاكو دێتە سەرچۆك، كەمێكیتر پەنجەی فریشتەی لەناو دەستی خۆیدا گوشی. موراد لاشعوری هاواریكرد: ئای ڕۆحم دەرهات. فریشتە بە پێكەنینەوە گووتی: موراد گیان بێرەوە سەرخۆت، كەی ئەوە ڕۆحتە..ئەوە پەنجەنتە. موراد بەدەم ئاهێكی ئاسودەوە گووتی: فریشتە گیان دەزانم ئەوە پەنچەم بوو، بەڵام خۆشیەكەی گەشت بە ڕۆحم وەختەبوو لەخۆشیدا ڕۆحم دەرچێت. فریشتە گیان بۆچی ئەم هەموو ساڵە تەنیات كردم؟
فریشتە گووتی: موراد گیان من بووم ڕووم لەم مەملەكەتە چۆڵە كردوو چەندین ساڵ دوور لە تۆ تەنیا بووم.

موراد بە کەساسیەوە گووتی: فریشتە گیان خۆت تەنیایت هەڵبژاردو ڕووت لەم چۆڵەوانییە کرد، لە شارێکی ئاوەداندابوویت، پڕ بوو لە مەخلوقو دۆستو ئاشنا.
فریشتە گووتی: وانەزانیت هەموو مەخلوقێك تەنیایی مرۆڤ دەکوژێت. ئەو کەسانە تەنها بە ژمارە ئاوەدانی دەخەنە شارێکەوە، ئەوەی لە ناخەوە تەنیات دەکات نەبوونی خۆشەوستییە لەناو مرۆڤەکاندا. من چیبکەم لەناو مەخلوقێك کە جێگای عەشقمی تێدا نەبێتەوە. خۆم کوشت تاکو تۆ بە عاشقی بمێنیتەوە، تۆش عاشقێکی ڕاستەقینەبووی بەرامبەر عەشقی من...موراد گیان"ئاوایە ڕێگای عاشقان".
موراد گووتی: منت تەنیا کردو بە مەخلوقێکت سپاردم کە خۆشەویستی نەزانن. . . ئەی نەدەبوو بیر لەمنیش بکەیتەوە؟ هەر وەکو ڕۆشتیت، بۆچی لەگەڵ خۆت نەتبردم؟
فریشتە دەستی لە دەستی موراد بەردا. هەردوو دەستی خۆییە دەموچاویەوە گرتو چاوەکانی نوقاند وەك فیلمێکی کۆن بە خاباڵی خۆیدا بێنێت. کە دەستی لە دەمو چاوی بەردا چاوەکانی تەڕبوون. گووتی: ئەو ڕۆژەی کە هەموو شتێکم بە جێهێشت کەسێکی بێگیانو مردوو بووم، تەنها لەناو عەشقی تۆدا زیندوبوومو دەژیام. بڕیارمدابوو پێکەوە هەرێمەکە بە جێبهێڵینو لەو شارە عەشق کوژە ڕزگارمان بێت.
موراد گیان من چیبکەم ئەو بەیانییە تۆ لەماڵەوە نەبوویت. لەبەختی من بەو بەرەبەیانە بۆکوێ چووبوویت؟ لەسەر گوێسوانەی سەربانەکە هەردوو کۆترەکەم بینی، ئاهێکی خۆشی بە دڵمدا هات، گووتم" موراد لەماڵەوەیە، ڕەنگە ئێستا هەرلە سەربان بێت، تازە کۆترەکانی بەرداوە".
موراد بە دەنگێکی کزومات گووتی: فریشتە گیان کەی من دڵمهاتبوو کۆترەکان دیل بکەم، بەخۆشی ڕۆحی تۆوە هەمیشە ئازادبوون بەسەربانو حەوشەو گوێسوانەوەی ماڵەکەوە. بەداخەوە ئەو ڕۆژەی تۆ بەجێتهێشتم، کۆترەکانیش ماڵەکەیان جێهێشتو ڕۆشتن.
فریشتە گووتی: هەرمنیش بووم کۆترەکانم لێکردیت. بەسەر گوێسوانەی سەربانەکەوە دوو کۆتری عاشق بەدەوری یەکتریدا دەخولانەوە. چەند جارێك لە دەرگاکەمدا کەس بەدەنگمەوە نەهات. گووتم ڕەنگە لەسەربانبیت، بە ئەسپای بانگم کرد:موراد، موارد، موراد، بەڵام کەس وەڵامی نەدامەوە. بەیانییەکی زۆر خەماویبوو، هەموو شتەکانم بە تەڵخی دەبینی، زۆر پەرێشانو نیگەران بووم، قەستم بوو ساتێك زووتر شارەکە بەجێبهێڵم. لەڕاستیدا شارەکە هیچ گوناهێکی نەبوو، خەڵکەکە بێزاریان کردبووم. من نەمدەویست بەتەنیا بڕۆم، زیاتریش ئۆقرەم نەگرت چاوەڕوانبم، هەستم بەبۆنی مەرگ دەکرد لە هەموو لایەکەوە، لەدیواری ماڵەکانەوە، لەسەربانو ناو درەختو نێوان گەڵاکان. بۆنی مەرگ لە هەموو شتێك دەهات. من پێم وابوو هەر لەناو سەربانەکەدایت بە دیار کۆترەکانتەوە. بەردێکی بچوکم هەڵگرتو فڕێمدایە ناو

سەر بانەکە، بەڵام لەبەختی کڵۆڵی من تۆ لەسەر ئەم عەرزە بڕابوویت و ئیتر لەیەکتری دابڕاین. ئای چەندم ئازار چەشت. . . هەموو دیمەنەکانی ئەو بەیانییە وەك درك لەچاوم هەڵدەچەقین. یادە تاڵەکانی ڕۆژانی پێشوتر دڵو دەرونیان گوشیبووم، ئارەزوم بوولەو تەنگەژە ڕۆحیو دەرونییە ڕزگارم بێت. هەنگاوەکان خێرا و گەورە کرد، پێموابوو هەموو شارەکە بە هاوارونەعرەتە لە شوێنم دێن. هەستم بە شەرمەزاری دەکرد، بەڵام تێنەدەگەیشتم بۆچی دەبێت ڕیسوا بکرێم؟ لە وشەی زۆڵیش حاڵینەدەبووم، بەڵام ئەوەندەم دەزانی میهرەبانترین بونەوەر منداڵە ئیتر لەهەر داوێنێك بکەوێتە خوارەوە. من هەموو جوانییەکم لەناو عەشقو خۆشەویستیدا دەبینی، ئیتر بۆچی گوناهە، بۆچی تاوانە دایکم کەسێکی خۆشویستبێت؟بەوەندەش دڵی وشکیان ئاوی نەدەخواردەوە، ئازاریان دەدام. هەوڵیاندا ڕیسواو شەرمەزاری ناو کۆمەڵم بکەن. وشە وجنێوەکانیان لە گوێمدا دەنگیدەدایەوە، هانیاندەدام خێراتر بڕۆم بەبێ ئەوەی بزانم بەرەو کوێ دەڕۆم. وەك دەعبایەکی زلە بەشوێنمەوە بێت، گوێم بە هیچ نەدەدا کە بەجێیان دەهێڵم، تەنانەت دایكو باوکیشم، ڕقم لەوانیش دەبووەوە، بۆچی ڕاستیان لێ شاردبوومەوە. بەڵام موراد گیان نەمویست بەبێ تۆ بڕۆم، ڕقم لەتۆ نەدەبووەوە.

بەیانییەکی زۆر سامناكو غەمگین بوو، خۆم ئەم چارەنوسەم هەڵبژاردبوو تاکولەو حاڵەتە دەرونیو گرفتە کۆمەڵایەتییە ڕزگارم بێت، کەچی نەمدەزانی بۆچی غەمگینو نیگەرانم، بۆچی بەبێ هیوا هەنگاوم دەنا. موراد ئەگەر تۆ لەماڵەوە بوویتایەو لەگەڵمدا بهاتیتایە ڕەنگە نیگەرانو بێ هیوا نەبومایە. بەرەبەیانییەکی زۆر غەمگین بوو، بێبەختو بێ هیوا دەڕۆشتم. دەگەشتمە ئاستی دارەکان، گەڵاکانیش هەڵدەوەرین، مەلەکانیش بەپرتاو هەڵدەفڕین. بەنیگەرانیەوە شارم بەجێهێشت. لەدەرەوەی شار هەستم بەماندوبوون دەکرد. وەك هەنگاوەکانم لەدووم نەیەن پەشۆکابووم. یەکەم جاربوو بەتەنیا لەماڵەوە دووربکەومەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر بڕیارەکەی خۆم بەردەوام بووم. باوەڕم بە عەشقبوو. لە عەشقی خۆشمدڵنیابووم، چیرۆکی عاشقە بەدبەختەکانم زۆر خوێندبووەوە. هەندێك جاریش خورپەیەکی خۆشی دەرونی ڕوناكدەکردمەوە، ڕەنگە لەناکاودا لەبن بەردێك، دەوەنێك، پشت درەختێك موراد پەیدا ببێت. ئای موراد تۆ هەر پەیدا نەبوویت. لەناو دۆڵو چاڵەکاندا وندەبووم جگە لە ئاسمان هیچ جێگایەکیترم لێوە دیار نەبوو. ترسو پەشۆکاوی ڕۆحی داگیر کردبووم، شتێك نەبوو هیوا بەدڵم بداتو دەرونم ئارام بکاتەوە، ناچار بووم پەنا بۆ ڕۆحی تۆ ببەم، هەمیشە لە خەیاڵی تۆدابووم ئێستانا تۆزێکیتر پەیدا دەبێت. تۆ هەر دیارنەبوویت، داخی دڵو ترسی دەرونم بە تۆ دەڕشت. ئەی هەتیوە

سـەگبابـە بـەم بـەرەبـەیانـە بۆکـوێ چوویت؟ئـەگـەر لـەماڵـەوە بوویتایـە بـۆچی مـن لـەم چۆڵەوانییە تەنیا دەبووم.
موراد جنێوەکانی فریشتەشی پێخۆشبوو، خەندەو شادی تێکەڵ بە فرمێسکەکانی ببوو.
فریشـتە لـە گێرانـەوەی چیرۆکـەکـەی بـەردەوام بـوو. لـە دۆڵو پـەنـاو چاڵـەکانـدا سەردەکەوتم، بەهەر چوارلادا تەماشام دەکرد، کەسم نەدەبینی. لەتاوانی خەڵکی بەد هەڵهاتم، کەچی وەك ماخۆلان چاوم دەگێڕا کـەسێك ببینمو ببێت بـە هـاوڕێی تـەنیـایم. دڵنیـابووم لـە هـەمـوو کـەسێکیش سڵەمدەکـردەوە. ئـەو زەمانـەی شـانازیم بـە هـەسـتە ناسـکەکـانی خـۆم دەکـرد، لـەعـەشـقی کچانـەی خۆمـدا کامـەران بـوومَ، ئێسـتاش لـەم تەنیاییەدا چەندە ئارەزوی بینینی کەسێکم ئـەوەندەش خۆم دوورە پـەرێز دەگرم. ئـەو ترسـانە چین ڕۆحـی کچبوونمی داگیرکـردووە، ڕەنگـە بـە میهرەبـانترین پیـاو بگـەم، بەڵام خەیاڵێك ئەمترسێنێت، نایەڵێت ببم بە هاوڕێی کەس، دەبێت خۆمی لێبشارمەوە. ئـەی خوایـە گیـان بمخـە سـەر ڕێگایـەك بـەرەو جێگایـەکـی ئـارامم ببـات. خوایـە گیـان توشی هیچ پیاوێك نەبم. . . ئـەو کچانـەم بـەبیر هاتـەوە کردیـانم بـە پـەنـگ، عـەشقیان کوشـتم، ئـەوانـەی دەرونو حاڵیـان تێکشـکاندم. پرسـیارم لـەنـاخی خـۆمکـرد" بـۆچی هەندێك بە مۆرڤ خەڵق بوون؟"بۆچی موورادم بـەجێهێشـت؟ ڕەنگـە ڕۆژێك تـەنیـایی بیخنکێنێت. وەك چۆن هیواکانی خۆمم خنکاند، پەیمانگام بە جێهێشت. قوتابخانـەکـەم بیرکـەوتـەوە، ئێسـتا هـەمـوو هاوڕێکـانم سـەرقـاڵی وانـەکانیـانن، خـەریکـی پـەیکـەرە بچکۆلەکانی بەردەستیانن. پەیکەرە بچوکەکەی مورادم بەبیر هاتەوە کە ڕۆژانە کارم تێدا دەکرد. پەیکەرەکە تەواو نەببوو، ڕەنگە ئەویش وەك موراد ئێستا چاوەڕوانم بێت بـە چـەکوشو قـەڵـەمێکـی بچـووك نـەرم نـەرم ڕۆحـی بـەبـەردا بکـەم. بـەڵام بێسـودە چاوەڕوانـی. مـن حـەوت ڕۆژە ڕێ لێوەی دوورمو تـازە ناشـگەڕێمـەوە. چاوەڕوانـی ئارامی لێهەڵدەگرێت، ئیتر کـەسێك لـەیادیدا نامێنێت بـەنـاوی فریشـتەوە بـە عـەشقەوە لـەنێو دەسـتەکـانی خـۆی بنێـتو ئیشـی تێدا بکـات. ڕۆژێك هاوڕێیـەکم دەیدۆزێتـەوە، هەرچەندە تەواو نەبووە بەڵام ڕوخساری موورادی تێدا دیـارەو جێگا پـەنجـەکـانی مـن دەناسـێتەوە. مـاوەیـەك ڕادەمێنێـت نازانێـت چـێ لێبکـات، دەیـەوێـت لـە پـەنـایـەکـدا بیشارێتەوە، بەڵام پەشیمان دەبێتەوە.
بـەتـەنیـا دەڕۆشـتم، یادگاریـەکـانی ڕۆژانـی زوو ببـوون بـە هـاوڕێم، هـەرسـاتێكو هەزارخەیاڵم دەکردەوە. تەماشای هەرچواردەوری خۆم دەکـرد، تـەنیـای وەك مۆتـەکـە بەسەرمـەوەبـوو، نـازانم بـۆ هێنـدە دەترسـام، خـەمـی هـاتنی شـەویشم بـوو، هـەرچـەنـدە ڕۆژگار زۆری بەدەمەوە مابوو. لەبەختـی من هاکـا خۆر ماڵئـاوایی کـردو شـەوهـات. لەبـەر خۆمـەوە دەمگـووت: ئـای مـوورادە سـەرقـوڕاوی ئـاخۆ ئێسـتا لـەکوێبیت؟ خۆشـم نەمدەزانی لەکوێی ئەم گەردوونەم، زۆر دوور کەوتبوومـەوە. لـەناکـاو دوو باڵنـدە بـە

خێرای بەلامدا فڕكەیان كرد، هەوای باڵیان بە سەرو ڕووم گەیشت. باڵندەكان نزیك سەرم ڕەتبوونو لە پێشمەوە نیشتنەوە.
دوو كۆترە پەرییە پەڕ سپییەكەی موورادبوون. دەرونیان ڕوناكو ئاوەدان كردمەوە، خۆشییەكی سیحراوی بە دڵمدا هات، پێموابوو مووراديش لەدوای ئەوانەوە بە ئاسمانەوەیە، سەرم بۆ ئاسمان هەڵبڕی، تاكو هەورەكان نیگاكانم بڕیان كرد، بەڵام موورادم بە ئاسمانەوە نەبینی. تەماشای پشتیشەوەم كرد، ئەوەی لەشێوەی ڕۆحلەبەردابوو نەمبینی. نزیكی كۆترەكان بوومەوە، چاوەكانی ئەوانیش زەردو غەمگین دیاربوو. وەك بەیانی بەبەردێك نەمترساندن، خۆیان هەڵفڕین، بەلام باشبوو لەبەختی من لەولاترەوە نیشتنەوە. ئەو دوو كۆترە بچكۆلانەیە بۆ تەنیایی من ئاوەدانی بوون . زۆر دڵم پێیانخۆشبوو. ئەمجارەش كە لێیان نزیكبوومەوە هەڵفڕینەوە. ماوەیەك ڕۆشتن و دووبارە نیشتنەوە. چەند جارێك ئەم سیناریۆیە دووبارە بووەوە، ئەگەر كۆترەكانم پێشتر نەناسیبایە كە كۆتری مووڕادن، خەیاڵم بۆ پەرییەكانی ئاسمان دەچووخوا بۆ هاوڕێیەتی من ناردوونی.
من دڵنیابووم كۆترەكانی تۆ بوون، ئەی چۆن ڕێگای منیان دۆزییەوە؟ چ سیحرێك لە ڕۆحی ئەواندا بۆ عەشقی ئێمە هەیە؟ بۆیە هەندێك جار وەك دوو كۆتری ئەفسونای تەماشام دەكردن. ئەم بەیانییە هەر دوو كۆترەكەم لەسەر گوێسوانەكە بینی، گومانم لەموراد بوو ڕەنگە خۆی كۆترەكانی ناردبێتو دووراو دووریش چاودێریم بكات. دڵی خۆم بەم خەیاڵە خۆشدەكرد، هەندێك جاریش ڕقم لێیدەبووەوە، چ گەمەیەكی تاڵو ترسناكم لەگەڵدا دەكات.
فریشتە چاوەكانی لەسەر یەكتری نابوون، بەردەوام بوو لەگێڕانەوەی هاتنی خۆی مەملەكەتی مێش هەنگ، بەڵام وەك بۆ كەسێكی نادیار قسەبكات، وشەكانی بە ئاوازێكی خەیاڵی دەردەبڕی، تێكەڵ لە خەمو ژان. پێدەچوو ئاگای لە موراديش نەبێت، وەك بۆ كەسێكیتر چیرۆكی هەڵهاتنی خۆی بگێڕێتەوە.
چەند جارێكیتر كۆترەكان بەم شێوەیە بوون بە هاوڕێمو ماوەیەكی زۆر ڕێگامان بڕی. ئومێدیشم هەر بە موراد بوو لەناكاو لەبن بەردێك یاخود پەنا دارێك دەردەكەوێتو لەترسو دڵەكوتێو تەنیایی ڕزگارم دەبێت. كە نەمدەبینی ئازاری تەنیایی زاری قسەو جنێوی دەكردمەوە، ئەی هەتیوە سەرەڕۆی بەڕەڵایە، بەم بەو بەیانییە لەماڵەوە نەبوویت، ئەی لەكوێبوویت؟ ئەگەر ئێستا لەبەر دەستمدا دەبوویت، بەنینۆكو گاز هەموو لەشتم ونجڕونجڕ دەكرد.
موراد كەیفی بە قسەو هەڕەشەكانی دەهات، دڵی دەكرایەوە بەو جنێوانەی كە حەوت عەیام لەمەو پێش پێیدابوو. بە پێكەنینێك كە لەناخێكی گریاناوییەوە دەهاتە دەرەوە، وەك منداڵێك لەنێوانی گریانو ژیربوونەوەدا قسەبكات، فریشتەی بە

ئاگاهێنایـەوەو گـووتی: فریشـتە گیـان ئـەوەتـام. . . ئێسـتا لـەبـەردەسـتدام. مـوراد پێیخۆشبوو فریشتە بەنینۆك لەشی خرۆشاوی دابمرکێنێتەوە، قەستی بوو سەد گازی لێبگرێت تاکو ماچێکی دەسکەوێت. فریشتە چاوەکانی عاشقانە بە ئەسپایو مەستی هەڵدەبڕی، بەئاستەم بزەی دەخستە سەر لێوەکانیو بەنازەوە دەیگووت: دەك سەرت شینکەیت وەك خۆتت لێشاردمەوە، من ئێستا ناڵێم. . . ئەو کاتەی لە دەشتو هەردو چیاکان تەنیابووم. بەخوا ئەگەر لەبەر دەستمدا دەبوویت، خوا دەزانێت چیم لێدەکردیت؟ داخی دڵی خۆمم تێرتێر پێدەڕشتیت.

موراد پێدەکەنیو دەیگووت: خۆم زانیم بەو دەردەت دەبردم، بۆیە خۆمم لێشاردیتەوە. نا. . نا گاڵتەدەکەم، بەڵام تێناگەم ئەگەر لەبەر دەستابوومایە، مانای تەنیا نەدەبوویتو لەگەڵتا دەبووم، ئیتر بۆچی داخی دڵت پێدەڕشتمو بەنینۆکو گاز ونجڕونجڕت دەکردم؟

فریشتە بە ئەسپایو بە نازەوە چرنوکێکی لەقۆڵی موراد گرتو گووتی: من ئەوکاتەم دەگووت کە بەقەد ئەم دونیایە پەستو غەمبارببووم. فریشتە دەیزانی چۆن خوێنی موراد بهێنێتە خرۆشان. موراد وەك منداڵێك خۆی بۆ باوەشی شلکردبوو، تەزوویەکی گەرم بە ڕۆحیدا تێپەڕی هەرگیزخۆشی بەوجۆرە بەدڵی نەگەشتبوو. وەك لە خەودا لەگەڵ شەیتاندا جووت بووبێت، قاچەکانی ڕەپ بۆ پێشەوە درێژ کرد بەدەم هەناسەیەکی گەرمەوە گووتی:فریشتە گیان چرنوکەکاند زۆر بەتامو چێژن، توخوا هەقی ئەو کاتەشم لێبکەرەوە.

فریشتە دەیزانی چ دەمارێکی مورادی گرتووە، ڕەنگە ئەویش گەرمییەکی ئەفسوناوی هەناوی هێنابێتە کوڵ، بەڵام ئەوان هەمیشە لەناخەوە بەهێزترن، بۆیە عەشقی پیاو بەرامبەر بە عەشقی ئافرەت دێتە سەر چۆك. فریشتە چەندە مورادی خۆشدەویست، بەڵام خەریزەکەی ناخی وەك ئافرەتێك فریشتەی پاراست. بە پێکەنینێکی پڕ لە مانەوە بە مورادی گووت: موراد گیان ئەوە چیتە؟ قاچەکاند بۆ دەلەرزن؟ دەڵێی بەدەم خەوەوە میز بە خۆتا دەکەیت.

موراد بە کەساسییەوە وەك منداڵێکی بێدەسەڵات گووتی: چەند ساڵ بەتەنیای کوشتمت، ئێستاش بەهاڵاوی گەرمی هەناسەت دەم سوتێنیت. من سنورێك لەنێوانماندا نابینم، ئیتر ئەو نهێنییە ئەفسوناوییە چیە ناتوانم بێمە ئامێزتەوەو ئارام بگرم.

فریشتە بەحاڵی موراد پێکەنینی دەهات، باش دەیزانی خۆشترین حاڵەتە کە عاشق بە شادی تێیدا دەمێنێتەوە، بەڵام ئەودەمە وەك لەسەر ئاگر بیت زۆر بێئارام دەبیت. گووتی: موراد گیان سنوری چیو نهێنی چی؟ ئەو شەو تاکو بەیانی لەسەر سنگم نەنوستیت.

موراد وەك منداڵێکی تۆراو سەری داخستبوو. فریشتە دوگمەیەکی کراسەکەی ترازاند، هەردوو لای مەمکۆڵە توندو تۆڵەکەی دەرخست، نازانم قەستی بوو موراد شێتبکات یاخود بەبۆنی بەهێکانی مەستی بکات. بەنەرمیو ناسکی گووتی: ئەوە چیتە موراد؟ دەڵێی لێم تۆراوی وا سەرت داخستووە؟فریشتە بە مەکرونازەوە پرسی: بۆنی هیچ ناکەیت؟

موراد بە ئاستەم بە لوت مشەمشی بۆکرد، وەك بییەوێت بۆنی شتێك بکات. لەژێر لێوەکانیەوە گووتی: با. . . بۆنی بەهێ دێت.

فریشتە گووتی: ئەی بۆچی سەر هەڵنابڕیت؟ بزانە بەهێی لێیە...!

موراد بە هێواشی سەری هەڵبڕی، سینەی پڕبوو لە بۆن بەهێی مەمکەکانی. چاوەکانی بەرامبەر بە سنگی فریشتە هاتنەوە یەكو خێڵو خوار بوون. فریشتە خەندەیەکی پڕ لەناز لەسەر لێوەکانی بوو. کەمێك سنگی هێنایە پێشەوە، موراد وشكو سەرسام ببوو. فریشتە پێیوابوو هەر ئێستاش خوێنی دەوەستێتو بەلادا دەکەوێت. بە ئەسپایی دوگمەیەکی تریشی ترازاند، ئیتر وەختەبوو وەك دوو بەهێی زەردو بۆندار لەکراسەکەیەوە دەکەوتنە خوارەوە. بە هێواشی سەری مورادی لەناو دەستی خۆیدا هەڵدەگڵۆفیو لە سنگی خۆی نزیككردەوە.

موراد سەرسامی ئەو خەوەبوو چەندینساڵبوو تیا نوستبوو ئێستا هاتەدی، زیاد لە ناسکی بەهێکان نەوسنو برسی بوو. پڕاوپڕی حەزو ئارەزووەکانی فریشتە بۆنی بە بەهێکانەوە کردو ئاوێتەی یەکتری بوون تاکو ئەو کاتەی قاچەکانیان تێکەڵ بەیەکتری درێژو ڕەپ ڕاکێشاو ڕۆحیان ئاسودەبوو.

موراد لە مەملەکەتی مێش هەنگ گەڕابووەوە. شەو تەنیا بەدیار چراکەیەوە دانیشتبوو لە فکری فریشتەدابوو، قەستی بوو بەو شەوە تاریکستانە بەبێ باڵ تاکو مەملەکەتی مێش هەنگ هەڵفڕێت. عەشقی سەردەمی لاوێتی تازەببووەوە. سەرسام بوو بەو هەموو ساڵە بەبێ فریشتە چۆن ژیاوە؟ هەرخۆشی دەیگووت:" گوو بەو ژیانو حاڵە بەبێ ئەو بەسەرمبرد". سەردەمی پێشمەرگایەتی بیردەکەوە، لە قسەکانی خۆی پەشیمان بووەوە. موراد بەهەمان عەشقەوە عاشقی پێشمەرگایەتیشبوو. لەدوای فریشتەوە بە عەشقی خاكو خەڵكو گوندو شاخو دەشتەکانەوە دەژیا. موراد زۆر جار دەیگووت: تەنیای فریشتە کوشتمی، بەڵام ئازادی لە گیانی پێشمەرگایەتیدا زیندوی کردمەوە. بە ئاخو پەژارەوە یادی ڕۆژگاری زووی دەکردەوە، بیرەوەری هاوڕێ شەهیدەکانی دایاندەچڵەکاند ، بەئاگایان دەهێنایەوە بەوردی لەڕۆژگاری پڕ کارەساتی ئەمڕۆ بڕوانێت. بەپەرۆشەوە کاری بۆ بەرنامەکە دەکردو بەدوای هاوڕێ دێرینە خاوەن هەڵوێستەکاندا دەگەڕا. بەڵام لەدوای هاتنەوەی لە مەملەکەتی مێش هەنگ دووبارە عەشقی فریشتە وەك ڕۆح جەستەی دەبزواندو بەبێ ئەو ئارامی نەبوو.

ئەمشەو هەستی بەتەنیای تەواو دەکرد لەدوای ئاوێتەبوونی لەگەڵ ڕۆحی فریشتەدا. موراد ترسێکی قەبە دەرون‌و بیرکردنەوەی داگیر کردبووکە هەمیشە وێنەی داپرانێکی‌تری بە بەر چاوی مورادا دەهێنا. موراد لە ژورە تاك‌و تەنیاکەی خۆیدا لەژێر لێوەکانیەوە بۆدڵی دەدوا دەیگووت" ئەمجارە بگەمەوە بەفریشتە لە مەملەکەتی مێش هەنگ، هەرگیز بەجێیناهێڵم، یاخود بەبێ ئەو سەر بەم هەرێمەدا نەکەم".

کزەی بایەکی پایزە ساوا لە دەشت‌و چیاکانەوە کوێرانە خۆیان دەئاخنییە ناوکۆلانە تاریك‌و ساردو سڕەکانی ناو شار. خشەی تاکە گەڵا وەریوەکانی دەم"با" شادەنگی ئەمشەوە ترسناکە بوو. شەوانی هەرێمەکە لەگەڵ زۆری ئاسایش‌و پیاوەکانی پاراستنی هەرێم، نائارام‌وتۆقێنەر بوو.

شەو پڕە لە جوانی‌و لە پڕشنگ، ئەستێرەکان لەمیهرەبانی شەودا بەڕۆژ خۆیان وندەکەن‌و ڕوخساریان بەشەو دەسپێرن. شەو درێژکراوەی ڕۆژەو بەرگێکی‌تری پۆشیوە. ترسناکی شەو ترسەکانی دەرونی خۆمانە دەیکەین بەبەری ئەویشدا. ئەم سەردەمەی شەوانی هەرێم وەك هاتنی دەعبایەکی درندە ترسناك بوو، ترسەکە لەخودی میهرەبانی شەودانەبوو. درندەی حوکمڕانی سەردەم بوولەسەر جەستەی شەوەتاریکەکان ڕەنگیدابووەوە. موراد قەد وەك ئەمشەو بێئارام نەبوو. ترسێکی ئەفسوناوی بە نهێنی چووبووە ناخییەوە. جاربەجارێك لەپەنجەرەی ژورەکەوە تەماشای حەوشەکەی دەکرد، جگە لەدرەختە بێ باڵندەکان بەدەم نەرمەبای پایزەوە سەر چڵەکانیان سەمایان دەکرد هیچیتری نەدەبینی. وەك چاوەڕوانی کەسێك بکات بەتەقەی بای پێکدادانی دەرگاکان دادەچڵەکی‌و جارێکیتر لە پەنجەرەکەوە تەماشای حەوشەکەی دەکرد. لەبەر خۆیەوە دەیگووت"تەنیایی هەر بۆ خوا باشە". نازانم چەند ڕۆژیتر لێرە دەمێنمەوە؟ تاکو دەگەڕێمەوە فریشتەم لێ نیگەران دەبێت. هەر لەدوورەوە بە چاوە گەشەکانی هەڕەشەم لێدەکات، ئەو دەمەیە من لەخۆشی‌و ناخۆشیدا وەك لەکەنارێکی بەرز ڕاوەسابم چاوەڕوانی کەوتنبمو نەشکەوم. دڵم دەڵەرزێت بەنازی چاوی، بە شەڕو هەڕەشەی چاوی. بە غەمباری پێیدەڵێم: فریشتە گیان... فریشتە چاوەڕوان‌ناکات کە چی دەڵێم.

دەڵێت: دەرد...!

دەڵێم: فریشتەگیان... بەدەنگێکی کەساستر.

ئەمجارە توڕەتر دەنگی هەڵدەبڕێت‌و دەڵێت: دەردی دڵ. .

دەڵێم: ئارام بەرەوە عەزیزم... هەقی خۆتە.

دەڵێت: جا بۆچی ناهەقیم لەگەڵ دەکەیت؟ بۆچی بێئارامم دەکەیت؟

هەستدەکەم لە عەشق‌و خۆشەویستییەوە بۆمن ئاگری گرتووە. نزیکتر دەبمەوە. دەمەوێت دەست بە زوڵفیدا بێنم. ئەمجارە هەر زۆر توڕە دەبێت، پیامدا هەڵدەشاخێت‌و

دەڵێت: دەستت لابەرە هەتیوە سیحربازە...چەند ڕۆژە لەکوێیت؟ بۆچی زوو نەگەڕایتەوە؟
لێوەکانم وشکتر دەبن، تف لەگەرومدا نەماوە بەسەری زمان لێوەکانمی پێتەڕبکەم. پێڵوی چاوەکانم شۆڕبوونو داکەوتوون. هەست بە لەرزینی ڕۆحم دەکەم. پێش ئەوەی هیچ بڵێم، لەناخی خۆمدا دەڵێم بۆچی فریشتەم لەخۆم توڕەو نیگەران کرد؟ هەق وایە خراپتریشم پێبکات. ئێوەش ناهەقی من نەگرن کە زەلیلو کەساسم لەبەر دەمیدا، هەر لەخۆتان دەپرسم: ئیتر چیم ماوە پێی بژیم، جگە لە سۆزو عەشقی فریشتە؟ وا ئەویشم لەدەست چوو. ناچارم دڵی بهێنمەوە، پێیدەڵێم، فریشتە گیان مۆڵەتم پێبدە ڕاستیو تێبگەیەنم.
دەڵێت: گوێ لە عاشقی درۆزن ناگرم.
دڵی زۆر خراپ ڕەنجاوە. بە خۆشیو خەندەوە پێیدەڵێم: گوڵەکەم. . ! تەماشاکە دیاریم بۆ هێناویت.
دەڵێت: من گوڵ نیم . ئافرەتێکی بێبەختم... لەبەرت مرم، چەند ساڵە بە دیاری دەستی تۆ ماوم. دیارییەکە بەرەوە بۆخۆت، ملت بشکێنەوە بڕۆ.
ڕەنگم وەك سێوی گەنیو زەرد بووە، چاوەکانم پرتەپرتی پەشۆکاویان گرتووە، ناخم پڕ بووە لەخەمو ڕۆحیشم ئارامی لێ هەڵگیراوە. بە دڵ دەڵێم" خۆ ئەوە بەڕاستییەتی، دەرم دەکات". لەتاو ئازاری دەرونم پڕ بە ژورەکە هاوارم کرد: چیمکردووە؟ بۆکوێ بڕۆم دەرم دەکەیت؟
لە هاواری خۆم داچڵەکیم، ئاهێکم هەڵکێشاو گووتم: ئۆخەی خەیاڵ بوو. هێشتا تەواو نەهاتبوومەوە سەرخۆم، بەتوندی لەدەرگا درا، ئەمجارە دانەچڵەکیم، توشی دڵەکوتێیەکی بە هێز بووم، گووتیشم ڕەنگە دراوسێکانبن بەتەنگ هاوارەکەمەوە هاتبێتن، دەنا کێ بەم شەوە ترسناکە بۆ لای من دێت؟ چونکە چاوەڕوانی هیچ کەسێك نەبووم سەردانم بکات. تاکو گەیشتمە حەوشەکە جارێکیتریش لە دەرگا درایەوە. بەدەم ڕۆشتنەوە بۆ لای دەرگاکە هاوارمکرد: بەڵێ بەڵێ وا هاتم. دەرگام کردەوە شێخ بەختەوەر بوو، هاتە ژورەوەو گووتی: ئەوە لەکوێیت ماڵئاوابێت؟ چەند جارم لەدەرگا دا، ڕوناکی چراکەم بینی زانیم لەماڵەوەیت بۆیە نەگەڕامەوە. خۆ نەخەوتبوویت؟
نانا نەنوستبووم، بەجەستە لێرەبوومو بە خەیاڵیش حەوت مەملەکەت لێرەوە دوور بووم. فەرموو باپچینە ژورەوە. بەدەم قسەکردنەوە لەدەرگای ژورەکە نزیکبووینەوە.
پێشتر چایەکەم لەسەر ئاگرەکە دانابوو، هێواش هێواش دەمی دەکیشا. شێخبەختەوەریش ئارەزووی چا خواردنەوەی زۆر بوو، گووتم: شانسی خۆت

چایەكە ئامادەیە. گووتی: كەواتە چایەكی خەستم بۆ تێكە...! بەڵام بە داخەوە پارچەیەك شیرینی، كێكێك، شتێكم لەگەڵ خۆمدا نەهێنا.
گووتم: چای درەنگ وەخت شەكرو شیرینی ناوێت، ڕەنگە تەنا كلۆیەك شەكریش بەسبێت. دوو پیاڵە چای یەك ڕەنگم تێكرد، هەردووكمان سەرقاڵی چا خواردنەوە بووین، بێدەنگو بێورتەبووین. پێدەچوو هەردووكمان چاوەڕوانی یەكتربین. من پێم مەعقوڵنەبوو بڵێم: یاشێخ خێربوو بەم شەوە هاتوویت؟ یەك دوو مژی لە چاكەداو خۆی كەوتە قسەكردنو گووتی:
ئەم ئێوارەیە بواری ئەوەم گونجاند بۆ چەند ڕۆژێك بە سەردان دەچم بۆماڵی باوكم، لەبەر ئەوە دەمەوێت بە خێرای سەردانی وەستا كاوە بكەم.
بۆمن مژدەیەكی زۆر خۆش بوو. من لەسەر وەڵامی شێخ بەختەوەر مابوومەوە، ئێستا ئەو پەلەیەتی بچین بۆلای وەستا كاوە، من لەو بە پەلەترم بۆ بینینی فریشتە. بە ئاوازێكی هێمنو لەسەرخۆ گووتم: چ كاتێك دەڵێیت دەڕۆین؟ مادام تۆش پەلەتە من ئامادەم.
گووتی: سبەی بەیانی زوو.
گووتم: كەواتە دەبێت خۆمان ئامادەبكەین، پێویستە تۆش ئەمشەو لێرە بمێنیتەوە. . !
گووتی: نانا، پێویست بە مانەوە ناكات، چ كاتێك دەڵێیت سبەی بەیانی دەتوانم ئامادەبم.
شێخ بەختەوەر بە خێرای لای منی جێهێشتو ڕۆشت، لەسەر سبەی بەیانی زوو پێكهاتین. بەدەم خەیاڵی بەیانییەوە چایەكی ترم تێكرد. دونیا كەمێك ساردتری كردبوو، بیرم لە سبەی بەیانی كردەوە، ڕەنگە ئەوكاتەی ئێمە بەڕێ دەكەوین هەوایەكی ساردی هەبێت، بلوسێكی گەرم لەگەڵ خۆم ببەم. دیارییەكانی فریشتەشم پێچایەوە. فریشتە هیچی نەگووتبوو، كەچی وشەی بڕۆ دەرەوە لە گوێمدا دەزرنگایەوەو ناخیشی هەڵدەتەكاندم. ویستم لەو خەیاڵە خۆم دەربازبكەمو فریشتەش تاوانبار نەكەم. فریشتەی داماو ئاگاداری هیچ نەبوو وەك عاشقێكی دڵ ڕەق خستمە ناو چێرۆكە تووڕەهاتەكانی خەیاڵم. ئەگەر فریشتە لەسەر چەند ڕۆژێك لەمن برەنجێت، ئەو هەموو ساڵە عەشقو خۆشەویستی منی لەبیر دەكرد. یەكەم ڕۆژ لەناو چیاكان ڕووی خۆشی خۆی پێدامەوەو شەوتاكو بەیانیش بە ئارامی لەسەر سنگی ڕۆژم كردەوە. ئەو بەرەبەیانەم بەبیر هاتەوە كە ڕۆحمان ئاوێتەی یەكتری ببوو تاكو هەموو ئەندامەكانی جەستەمان ئاسودەبوو. فریشتە بەسەرهاتی هاتنی خۆی بۆ چیاكان بۆ دەگێڕامەوە. من بیرمنایەت بۆچی لەو باسە دابڕاین؟پێموابوو ئەوكاتەبووپاش كەمێكیتر چووینە ناو دونیایەكی ترەوە، دونیایەك پڕ لە كامەرانی، ئەودونیا شیرینەی لەناو باخی بەهێكانیداپێیگەشتم. نازانم چۆن بەو بەیانییە كەوتمە ناو باخی سنگو گەردنی؟ڕەنگە فریشتە خۆی بەرنامەكەی وا داڕشتبێت؟ ئەی بۆچی

بەدرێژای ئەو شەوگارە بێدەنگە تووشی داوی خۆی نەکردم؟بۆچی بۆناو باخی سینەو مـەمـەی نـەبـردم؟ دڵنیـام هـەسـتیکردووە مانـدووم، ئیتـر شـەوی بۆحـەسـانەوەی مـن تەرخانکردبوو.
دووبارە چیرۆکـی هـاتنی خۆیم بۆ مـەملـەکـەتـی مێش هـەنـگ بـەبیر هێنایـەوە، من زۆرمـەراقـم بـوو لـە نهێنـی هـاتنی ئـەو حـاڵیبیم. دیـاربوو فریشـتە یادگـارەکـانی ئـەو رۆژگارە ئازاریان دەدا، بابەتێکیش بوو من چەند ئارەزووم بوو بزانم، ئەویش هێندە بـە پێویسـتی دەزانـی. بـە غـەمباریـەوە گـووتـی: بیـرم نـەمـاوە...لـەکوێی چیرۆکـەکـەدا بووم؟
موراد گووتی: چەند جارێك دەگـەیشـتیتە لای کۆترەکـان، ئـەوان دووبـارە بـەرەو پێش هەڵدەفڕینەوە.
فریشتە کەوتەوە گێڕانەوەی چیرۆکەکەی. کۆترەکان منیان گەیاندە ئەم مەملەکەتـە. ئەو هەموو کۆترەی بەدەوری مندا دەیانبینیت، وەچەی ئەو دوو کۆترە میهرەبانەبوون لە تەنیایدا بوون بە هاوڕێم. لەم مەملەکەتـەش وەك ڕۆحـی تویـان بـەبـەردا کرابێت بـە بینیان زۆر شادومان دەبووم. لەو کاتەوە لەگەڵ ئەم کۆترانە ژیان بەسەر دەبـەم. بۆنی ڕۆحـی تۆیـان گرتبـوو، هـەر بـەو بۆنـەش دەژیـام. مـوراد دڵـی پڕببـوو لـە گریـان، چاوەکانی وەك گۆمێکی پێش بەستراو، دەمدەم فرمێسکی تێێدەڕژا، هاکا هاژەی کردو تەقییەوە. فریشتە سەرباری ژیانی تەنیای خۆی بەزەیی بە مورادا دەهاتـەوە، هـەستی کرد زەمانو تەنیایی دڵیان ناسك کردبووەوە. سەری بەسنگی خۆیە نوساند دڵنـەوایـی دەکرد. دەیگووت: موراد گیان گوێ بە ئازارەکـانی ڕۆژانـی ڕابـردوو مـەدە، گرنـگ ئەوەیە ئێستا پێکەوەین، هـەرچـەنـدە مـاوەیـەکـی زۆرزۆر لـەیـەکتری دابڕاین، دەبێت ئەوەش باشبزانیت. . ! "ئاوایە ڕێگای عاشقان".
موراد وەك منداڵ لوشکەلوشك لەسەر سنگی فریشتە دەگریا. پیاوێکی قارەمان بـوو، بـەڵام هـەمـوو عاشـقێك دڵـی ناسکە. ئـەو دەمـەی لـەعـەشـقو بـاوەشو نـازی فریشـتەدا دەبوو، مورادێکیتربوو، لێوان لێو بوو لە خۆشەویشتیولە ناسکی. دڵـی بـەرگـەی هیچ خەمو ئازارێکی ڕابردوی فریشتەی نـەدەگرت. هـەنسكو فرمێسك لـەگـەرویدا تێکـەڵ بـەو وشـانە دەبـوون کـە لـەسـنگیدا پـەنگیـان خواردبـووەوە. بـەدەم هـەنسـکەوە دەیگووت:فریشتە گیان منیش بۆ ئـەو عـەشقە دەگریم، بۆ ئـەو ڕۆحـە پاکـەت دەگریم. منـیش هـەمیشـە واهـەسـتم کـردووە کـەتـۆ تـەنیـا نـەبیت، خـۆم بـەبـێ ڕۆح دەزانـی، هەستمدەکرد ڕۆحم بەجێهێشتوومو بە شوێن تۆدا وێڵە. هـەندێك جـار خۆشـم نـازانم بۆ خۆم دەگریم یان بۆ تۆ هەناوم پڕ لە گریانە، ئێمە هەر لەیەکەم ڕۆژی ئەویندارییمانەوە ئاوێتەی ڕۆحی یەکتری ببووین. فریشتە گیان باسـی ژیـانی خـۆتم بۆ بکـە ئـەم هـەمـوو ساڵە لەم مەملەکەتە چۆڵەوانییەدا.

وەك بەسەر باڵی كۆترەكانەوە بم شان بەشانی ئەوان دەفڕیم، هەستم بە ماندووبوون نەدەكرد، ترسو گومانو پەشۆكاویشم بیرچووبووەوە. هەستم بە نهێنیەك لە ڕۆحی كۆترەكاندا دەكرد، بەڵام هیچم بۆ ئاشكرانەدەبوو. گرنگ ئەوەبوو ئاسودەبووم، بەبینیان زۆر شادومان بووم وەك لەگەڵ تۆدابم. دڵنیابووم كە كۆترەكان بۆ جێگایەكی ئارامو بێخەمم دەبەن. بەناو ئێسكوپروسكو لاشەكاندا بەبێ خەمو ترسو پەژارە بە خێرای دەڕۆشتین. قەناعەتی من بە كۆترەكان دوور لەئیرادەی خۆمەوە بوون. نەمدەزانی ئەو قودرەتە چییە هانم دەدات دڵم بە ئاشنابوونیان خۆشبێت، بۆیە هەندێكجار هەر چاوم دەگێڕاو دەمگووت"ڕەنگە موراد دووراودوور ئاگادارم بێت". نزیكی چیاكان بووینەوە چیرۆكە ترسناكەكانم بیردەكەتەوە، بەڵام وەك ئەوزەمانە ترس لەشی دانەگرتم كەگوێبیستیان دەبووم. چیاكان لەدوورەوە سەختو ترسناك بوون، هەستت بەبوونی دەروازەیەك نەدەكرد ، هەموویان شانبەشانی یەكتری بە ئاسماندا هەڵچووبوون. لەدەروازەكەی كە خۆت بینیوتەو پێیدا هاتوویەتە ژورەوە لەگەڵ كۆترەكان هاتینە ناو چیاكانەوە. چیاكان سامێكی تایبەت بە خۆیان هەبوو، لەپەنا هەموو تاشەبەردێكدا چاوەڕوانی هێرشی دڕندەیەك بووم، لەناخیشەوە وەك كۆترەكان لەهەموو ترسێك بیخەمبووم، جاربەجارێك بەخۆم سەرسام دەبووم، گومانم لەبوونی خۆم بوو وەك مرۆڤ. دەمگووت ڕەنگە منیش بووبێتم بەكۆترو خۆم هەست بەخۆم نەكەم. دیمەنی چیاكانو ئەو هەموو هەنگوینو شارە هەنگانە بە جۆرێك سەرسامیان كردبووم كە ئیتر بیرو هۆشم لەلای هیچیتر نەبێت. موراد گیان نازانم چیترت بۆ باسبكەم دەربارەی چیاكان، ڕەنگە خۆت زۆر دیمەنی پڕ لە نهێنیو سەرسوڕهێنەرت بینیبێت. ژیانی منیش لەگەڵ سەرقاڵ بوونم بە كۆترەكانەوە بەردەوام بوو، هەندێك جاریش دەچووم بۆ ناو باخی دار میوەكان. كۆترەكان وردەوردە زیادیان كردو خۆشیو شادیان بەدڵم دەبەخشی. هێدیهێدی لەگەڵ تەنیایو چۆڵیدا ڕاهاتم، هەر بەهیوای هاتنی تۆش بووم. هەموو ئێوارەیەك لەدەمی دەروازەكەدا ڕادەوەستامو نیگاكانم بەبێ تروكاندن بۆ دوور دەهاویشت بەڵكو لە ناكاو موراد دەركەوێت، تۆش هەر دەرنەكەوتیت. ئێوارەیەك تارمای كەسێكم بینی، گووتم ئەوە مورادەو شوێن بۆنو پێی منی هەڵگرتووە، كەسێكی شكستو مانوو دیاربوو، بەڵام زوو لێم ئاشكرابوو كە تۆ نیت، لەو تارماییەش بێ ئومێد بووم. لەدوورەوە هەستم بە حاڵی شێواو دەرونی پەشۆكاوی دەكرد، نەمتوانی خۆمی لێ بێدەنگ بكەم. دڵنیابووم بەرەو چیاكان دێتو مێش هەنگەكانیش هەموو جەستەی كونكون دەكەن. كەسێكی ناچارو هەڵهاتوو دیاربوو، ئەگەرنا كەس بەرەو پیری مەرگ ناچێت، كەس ڕووبەڕووی مێش هەنگەكان نابێتەوە. كەسێكیش نەبووچیرۆكی ترسناكی دەربارەی چیا هەزار بەهەزارەكان نەبیستبێت. یەكەم ڕۆژی خۆم بیرهاتەوە بە ناچاری

هەڵهاتم، ئەگەر مەرگیشم توشببوایە بەرەو چیاكان دەهاتم. كۆترەكانم نارد تاكو دڵنیابێت ئاوەدانییەو دەروونی كەمێك ئارام بێتەوەو لە هێرشی مێش هەنگەكان پارێزراو بێت. من تاكو ئێستا لەنهێنی نێوان كۆترەكانو مێش هەنگەكان تێناگەم، بۆچی مێش هەنگەكان لەئاستی كۆترەكان هێمنو میهرەبانبوون؟ چ پەیوەندییەكی رۆحی لەنێوانیاندا هەیە؟ ئەو ئێوارەیە كۆترەكان ئەو كەسە شكستو ماندو و پەشۆكاو وهەڵهاتووەیان هێنا، كوری دایە بوو، ئەویش لەو سەردەمەوە لێرە دەژی.
ئەو شەوە تاكو شەوگارێكی درەنگ موراد لەخەیاڵی فریشتەدابوو، زۆر دڵشاد بووكە بەیانی دەگەڕێتەوە بۆلای فریشتە لە مەملەكەتی مێش هەنگ. بەرەبەیان كە هەستا دونیا هێشتا هەر تاریك بوو. لەناو جێگاكەی هاتە دەرەوە. چراكەی داگیرساندو تەماشای كاتژمێرەكەی كرد چوارو نیوی بەرەبەیان بوو. لەدڵی خۆیدا گووتی" كاتێكی زۆر باشە، بەچایەك رادەگەم". لایتە دەستییەكەی هەڵگرتو چوو بۆ موبەقەكە. بەشی دوو چا ئاوی كردە ناو قۆرییەكەو لەسەر تەباخە غازەكە داینا. شەو پێشی خەوتن هەموو پێویستییەكانی ئامادەكرد. ئێستا تەنها نانو چایەك دەخواتو چاوەڕوانی هاتنی شێخ بەختەوەر دەكات. شێخ بەختەوەر بەڵێنی ئەوەی پێدا تاكو ئەو جێگایەی ئۆتۆمۆبێل دەتوانێت بڕاوت بە ماشێنەكەی خۆیان لەگەڵ شۆفێرێكی باوەڕ پێكراوی خزمی خۆیدا بڕۆنو دواتر ئەو بگەڕێتەوە. بەرەبەیانییەكی زۆر گەشاوەبوو لەبەر دڵی مورادا، لەبەر پەنجەرەكەدا بە پیاڵەیەك چاوە راوەستابوو چاوەڕوانی دەنگی ماشێنەكەی دەكرد. ناو بەناویش بە فیكە لێدان ئاوازی خۆش خۆشی دەردەكرد كە گوزارشتیان لە شادومانی موراد دەكرد. شێخ بەختەوەر بریارە كاتژمێر پێنج بگاتە لای موراد، كات پێنجی ئەوێت بۆ پێنج، هاكا دەنگی ماشێن پەیدا بوو. ماشێنەكە هاتو كەوتنە رێ.
ماوەیەك بوو لە ماشێنەكە هاتبوونە خوارەوەو بەپێ دەڕۆشتن. تەنها هەردووكیان بوون. بەڕێگا سەختو بەردەڵانەكاندا دووبەدوو رێیان دەكرد، وەك زەمانی شاخ گورجو لەش سوك نەبوون، شێخ بەختەوەر ویسكی خواردنەوە كەمێك ورگی پێ شۆڕكردبوو، جاربەجارێك پانتۆڵەكەی بەرزدەكردەوەو دەیگووت: بە خوا پانتۆڵو ئەم شاخو داخەیان نەگوتووە. بایەكی كەمێك ساردی هەبوو، بەڵام لەشیان گەرم داهاتبوو. زوو گەشتنە ناو ئێسكو پروسكەكان، شێخیش وەك هەموو ئەوانیتر بۆیەكەم جار لەناو كەڵلە سەرەكاندا هەستی بە ئارەق كردنەوەی ترسو خۆفی دەروونی كرد. ئەوەندەی لەناو چیاكانو مێش هەنگەكان دەترسا، ترسی لە ئێسكو پروسكەكان نەبوو. خەمی بوو خۆشیان بەدەردی ئەوان بچن. وەختەبوو گومانی لە موراد دەكرد. بەكزیو كەساسی گووتی: موراد بۆ كوێم دەبەیت؟ خۆ وا نزیكی ناو

چیا ترسناکەکان بووینەوە. ئەوە ئەوپەڕی گەردوونە، کێ لەو جێگا عاسییە دەتوانێت بژی؟ وەستا کاوە ئەگەر یاخی نەبێت چی دەکات لەو بەردەڵانستانە؟
لە دەروازەی چیاکانەوە پۆلێك کۆتر بەرەو لای ئەمان هاتن، بۆ موراد ئاسایی بوو، بەڵام شێخ بەختەوەریان خستە تەختی بێئارامیو سەرسامی. بە شپرزەیو زمانێکی تەتەڵەوە گووتی:موررررراد... خۆ ئەوانە کۆترن، هەرێمەکە باڵندەی تیانەمانەوە، ئەمانە چی دەکەن لێرە؟
موراد بە زمانێکی سادەو ڕوخسارێکی ئاسایی گووتی: بەڵێ ئەوانە کۆترەکانی فریشتەن، بۆلای ئێمەهاتوون. هەموو باڵندە کۆچکردووەکان لێرەن. . . ئێستا دڵنیابوویت کە چیاکان ناوچەیەکی ئاوەدانەو عاسی نییە؟
شێخ بەختەوەر هیچی نەگووت، کۆترەکان نزیکببوونەوە، بەرامانێکی وردو قوڵەوە سەرنجی دەدان.
قسەو ڕەفتارو ترسو پەشۆکاوی شێخبەختەوەربەلای مورادەوە ئاسایی بوو، گوێی پێنەدەدا وەکو گلەیی گاڵتەو تانەو شورەیی. خۆیشی بەو قۆناغەدا تێپەڕی بوو. تەنها فریشتەی کیژە ناسكو میهرەبانو جوانکیلەکە نەبێت بەبێ ترسو پەشۆکاوی بۆ یەکەم جار گەیشتە ناو چیاکان. بەهەر شێوەیەك بوو گەیشتنە بەردەم دەروازەکە، موراد کەمێك دڵنەوای شێخبەختەوەری کرد بە جۆرێك کە ئەم هەستی پێنەکردووە دەترسێتو پەشۆکاوە. چیا بەرزو بە ئاسماندا هەڵچووەکان شێخبەختەوەریشیان سەرسام کرد. مێش هەنگ بە ئاسماندا وەك پولەکەی زەردو ڕەنگ ئاڵتونی دەدرەوشانەوە.
لەناو چیاکان ڕەوشی شێخ بەختەوەر ئارام ببووەوە، بەشادیو خۆشحاڵییەوە تەماشای دیمەنە سەرسوڕهێنەرەکانی دەکرد. بۆنی گوڵو هەنگوین مەستی کردبوو. ڕوخساری وا پیشانیان دەدا لەخەیاڵی کەسدا نەبێت، جگە لە نهێنییەکانو دیمەنە ڕازاوەو سەرسوڕهێنەرەکانی مەملەکەتی مێش هەنگ. ماوەیەك بوو بەدەم ڕامانو سەرنجەوە دەڕۆشتنو چەند پێچێکی چیاکانیان بڕیبوو. لەناکاو وەستا کاوەی بە بیرهاتەوە، لە مورادی پرسی: ئەرێ وەستا کاوە لە کوێیە؟ زۆرمان ماوە بگەینە لای ئەو؟
موراد وەك گوێی لە پرسیارەکانی شێخبەختەوەر نەبووبێت، نەبە بەڵێ نە بە نەخێر وەڵامی نەدایەوە. لەپشت تاوێرێکی گەورەی لەشاخ بەربووەوە وەستا کاوە دانیشتبوو، پێدەچوو چاوەڕوانی ئەوان بکات. ئەوەندە نزیکی یەکتری ببوونەوە کە گوێی لەدەنگیان بوو. لەبری موراد وەڵامی دایەوەو گووتی: نا، نا زۆرت نەماوە...وا گەیشتیت. وەستا کاوە خۆیپیشانداو باوەشیان بەیەکتریدا کرد.

22

# شـــاری سەردەم

خەمو نیگەرانیو پەژارەی خەڵکی هەرێمەکە لەدەست پیرە حوکمی ئەو ڕۆژگارە سنوری هێمنیو بێ دەنگیان وردە وردە دەشکاند. شاری سەردەم پێچەوانەی سیماو ڕوخساری بوو کە سەرەتا پیشانی خەڵکیان دا، لەبوکێکی ڕەزا قورسی جامبازی ورگ شۆڕی زۆر خۆر دەچوو. نە تێر دەبوو، نە فێر دەبووخۆی لەگەڵ باروئۆخی هەرێمدا ڕابهێنێت.

ئەو بەیانییەی خەڵکی هەرێم لە چینە جیاوازەکان لەبەردەم دەروازەی شاری سەردەم کۆبوونەوەو چاویان بە پاشا کەوت. پاشا شەیتان بوو، زوو چاوپێکەوتنەکەی برانەوە، بەڵێنی پێدان هەرئەو ئێوارەیە کۆدەبنەوەو سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەکانو گۆڕانکاریو چاکسازی گفتوگۆ دەکەن. پاشا شەیتان بوو، دەیزانی چۆن ئەوخەڵکە تورەیە لەکۆڵ خۆی بکاتەوە، بەڵام وەك پیشەی‌هەمیشە خافڵبوو لەزەمەن ، وەك ئێوارە داهاتوویەکی زۆر دوور بێت. خافڵبوون لەو زەمەنەی کە وردەوردە دەگاتە تەوقی سەریان تاکو تەمەنیان بە ئازارەوە دەبڕێتەوە.

بەبەیانێکی فەرمی خەڵکی هەرێمەکەیان لە گۆڕانکاریەکان ئاگادار کردەوە. بەپێی بەیانەکە تەنها جێگا گۆڕکێ لەنێوان ئەندامەکاندا کرابوو، ناوی سێ کەسیشیان بۆ ڕێزلێنان هێنابوو کەدەنگیان لەسەردرابوو لەبەر زۆری تەمەنو ماندووبوون لەسەر کارەکان لابرابوونو پۆستەکانیان لێوەرگیرابووەوە، بەڵام هەرسێکیان بەیەك دەنگ ئەو بڕیارەیان ڕەتکردبووەوە، گوتبوویان تاکو ڕۆح لە جەستەمەندا مابێتو خوێن لە دەمارەکانمان بسوڕێتەوە لە کاروخزمەت بەردەوام دەبین. دەستەی حوکمڕانی بڕیارەکەیان هەڵوەشاندبووەوەو داواکاریەکانی هەر سێکیان بە لوتفو حورمەتەوە قبوڵکردبوونو پاداشیش کرابوون لەموڵکی میلەت یەکی سێ دۆنم زەویان دابوونێ بە هەموو خەرجییەکەوە بۆ پشودانی خۆیان بیکەن بە باخچە. بەبۆنەی هەڵوێستی پیرۆزی ئەو سێ تێکۆشەرەوە، سێ ڕۆژ پشوی فەرمی لە دامو دەزگای هەرێم ڕاگەیاندرا.

خۆ فەرزکردن بەسەر دەسەڵاتو پۆستەکانی دامو دەزگا حکومییەکانو خۆ فەرزکردنو بەزۆربەحاکمبوون بەسەر خەڵکی هەرێم، چووە خانەی هەڵوێستی بەرزو دڵسۆزی میللەتونیشتیمان پەروەری.

ئەم گۆڕانكاری‌وچاكسازییە گاڵتەجاڕییە قەناعەتی بە خەڵك نەكرد، وەك فیلمێكی كۆمیدی دەهاتە بەرچاویان كە دواجار پێكەنینەكان دەبن بە گریان، گریانی مەرگی حاكمەكان. دووبارە خەڵكەكە كۆبوونەوەو بەرەو شاری سەردەم بەڕێكەوتن. بەر دەمی دەروازەی شارو سەر شوراكان لە پێشوتر بە پیاوی چەكدار مەحكەمتر بوو. لولەی ڕەشاشەكان دووگەز زیاترلە كونەكانەوە هاتبوونە دەرەوە. ئەو ڕۆژە كەس بە دەنگیانەوە نەهات، ڕێگەیان بەكەسیش نەدا بچێتە ژورەوە. ناوی هەر كەسێكیان دەهێنا كە دەیانەوێت چاویان پێیان‌بكەوێت، پێیان دەگووتن: بەداخەوە بەڕێزی سەفەری كردووە. گووتیان بەڵكو چاومان بە "حاكم‌پاشا" بكەوێت. گووتیان، هەفتەیەك دەبێت پاشا لەم هەرێمە نییە. گووتیان : باشە ڕێگامان بدەن تاكو لای سوڵتان دەچین. بە تورەییەوە پێیان گووتن: خۆتان گێل دەكەن لە دەنگو باسی سوڵتان؟ گوایە نازانن بەرۆژ لە زانكۆ دەخوێنێت؟ گووتیان: نارۆین تاكو سەرۆك نەبینین. گووتیان: ئێوە دەڵێی خەڵكی ئەم هەرێمە نین؟ كۆشكی سەرۆك لەناو شاری سەردەم نییە، ئەو لێرە دانانیشێت، لەپایتەختی گەورەیە. بەنیگەرانی‌و نائومێدی گەڕانەوە سەر ئیش‌و كارەكانیان.

شێخ‌بەختەوەر بەوردی باسی ڕوداوەكانی هەرێم‌و بەرنامەو پلان‌و ئەقڵێتی دەستەی حوكمڕانی بۆ وەستاكاوەو كوڕی دایە دەكرد. ئەویش پێیوانەبوو بە ئاسانی گۆڕانكاری‌و چاكسازی جدی ئەنجام‌بدرێت. سەرسامیش مەبن كەمن یەكێكم لەو دەستەو تاقمی حوكمڕانی‌و گلەی‌و گازندەش لە بەڕێوەبردن‌و سیستێمی حوكمڕانی دەگرم، ڕەنگە زۆری هاوشێوەی من هەبن؟ كە دڵنیاشم هەن، خەڵكی خاوەن هەڵوێست‌و دڵسۆز بنەبڕ نەكراون.

وەستاكوە گووتی: كەواتە بەختمان لەگەڵ هاوڕێیەتی تۆدا باشی هێناوە.

شێخ‌بەختەوەر گووتی:دەمەوێت لەهەموو شتێك حاڵیبیم، دەتانەوێت لێرەوە چیبكەن؟

وەستاكاوەگووتی:بەناچاری ڕومان لێرەكرد، لێرەوە هیچ ناكەین، دەمانەوێت بەیارمەتی تۆو هەموو ئەو كەسانەی خاوەن هەڵوێستن بیرێك لەبارودۆخی هەرێمەكە بكەینەوە كە چیتر ئەو خەڵكە توشی نەهامەتی نەبن‌و ئەو خاكەش لەوە زیاتر بەتاڵان نەبرێت. چارەسەری گرفتەكانیش بە ئەنجامدانی پرۆسەیەكی گۆڕانكاری لەدەستەی حوكمڕانیدا دەبینین. چونكە ئەوانەی ئێستا حاكمی هەرێمەكەن، حوكمڕانی تەنها بەهەقی خۆیان دەزانن كە وەك میراتی بۆ خۆیان ماوەتەوە.

شێخ‌بەختەوەرگووتی:كارێكی سەختە، سەختی لە بێ توانای ئێمەدا نییە، ئەوان نایەنە ژێربار، لەوەش خراپتر هەموو بەرنامەیەك لە پێناوی چارەسەركردن‌و گۆڕانكاری بە دوژمنایەتی كردن دەزانن. وەك تۆ گووتت" دەسەڵات وەك میراتی بەجێماو تەنیها بە هەقی خۆیانی دەزانن". بەڵام هەرنابێت بێدەنگ دابنیشین. ئەركی حوكمەت لەم

سەردەمەدا بووە بە خۆپاراستنو بە گژداچوونەوەی خەڵكی دڵسۆزو خاوەن هەڵوێست. ماوەیەك پێش ئێستا خەڵكی هەرێمەكە بۆ بینینی بەرپرسێكی گەورەی حوكمەت سەردانی شاری سەردەمیان كرد، بەڵام كەس بە ڕوویانەوە نەهاتو هاتنەكەی ئەوانیشیان بە هێرشو پەلاماردان لێكدایەوە. بارودۆخی هەرێم زۆر خراپە هەموو پلانو بیركردنەوەیەك ئیشكردنە لەسەر دەوڵەمەند بوونو خۆپاراستنو مانەوە لەسەر كورسی دەسەڵات. ئەركو مەسرەفی شاری سەردەمیش لەئاستی هەموو نە هامەتیەكانی تردایە. لەدوای ئەو ڕۆژەوە كۆمەڵێك هێزی چەكداری تریان بۆ پاراستنی شاری سەردەم دامەزراند. ئەو خەڵكە زۆر بە هێمنیو ئارامی هاتبوون، كەچی پێیان گوتبوون"ئێوە بۆ شەڕ هاتوون". ئەوانیش بە هەمان شێوە چۆن هاتبوون، هەرواش گەڕانەوە.

لەپاشئەو هاتنە جارێكیتریش بە هەمان مەبەست هاتبوونەوە بەردەم شاری سەردەم. ئەم جارە بەبەرگی سپییەوە هاتبوون، تەنها پێڵاوەكانی پێیان پێبوو. هەندێك لە پیاوە پیرەكان ددانە تاقمەكەی دەمیشیان دەرهێنابوونو لەماڵەوە دایانابوون. حەماڵەكانیش قولاپی بار هەڵگرتن كە هەمیشە بەبەر پشتێنەكانیانەوە بوو، لەگەڵ خۆیان نەیاهێنابوون، نەكو بە چەك تێبگەن، پێیان بڵێن ئێوە بۆ شەڕ هاتوون . جاری سێیەمیشچاویان بەكەس نەكەوت. بە سەرۆكی پاسەوانەكانیان گووتبوو، بەڵكو سەرۆك، یان پاشا یاخو سوڵتان، هەركەسێك قسەی بڕوات ڕابگەیەنن كە ئێمە هاتووین سەبارەت بە بەڵاو نەهامەتیو كێشەكانی هەرێمەكە گفتوگۆیان لەگەڵدا دەكەین. پاسەوانەكە بە تووڕەییەوە بە گژیاندا چووبووەوە" ئەو قسانەی ئێوە دەیكەن هەمووی بوختانو درۆیە. چ بەڵاو نەهامەتییەك لەم هەرێمەدا هەیە تاكو گفتوگۆی لەسەر بكەن؟ بڵاوەی لێدەكەن باشە، ئەگەرنا فەرمانی ئەوەندەمان پێیە بە كارو ئەركی خۆمان هەستین. پیاوێكی پیر بە هێمنی پێیگووتبوون: كاكەگیان خۆ ئێمە بۆ شەڕ نەهاتووین، خەڵكی هەرێمەكەینو بۆ لای براكانی خۆمان هاتووین، ئێمە هەموو براو كەسو كاری یەكترین، چ پێویست بە تووڕەبوونو نارەحەتی دەكات؟پیاوپیرەكەیان لەپێش هەموو ئەوانیترەوە بە پاڵ دوور خستبووەوە.

كوڕی دایە گووتی: هەرچییەك باسبكرێت ڕاستەو ڕویداوە، گرنگ چارەسەر كردنی كێشەكانە نەك دووبارە گێڕانەوەی وەك چیرۆكەكان. ڕەنگە وەستا كاوە لەنامەكەیدا لەبەرنامەیەك ئاگاداری كردبێتیەوە؟ ئەگەر زانیاریشت نییە بازوو بچینە ناو باسو بابەتەكانەوە. بەبیرو بۆچوونی ئێمە دووبارە پەیڕەو كردنی بەرنامەكەی ئۆقیانوسی هێمن ڕەنگە گونجاوترین چارەسەرەبێت كە بنەبڕی گرفتەكان بكات. گرنگی ناوەڕۆكی بەرنامەكە بچوك بوونەوەی خودی تاكە لەناخی خۆیدا بەمەبەستی كوشتنی خەریزە شەڕانگێزەكانی مرۆڤ، هەمان كات بەهێزكردنو چڕكردنەوەی هەستەكانی

لە هەڵوێستێکی پیرۆزدا بەرامبەر بە ئەرکەکانی کە هەمیشە وەك کوڕی شۆڕش‌و میللەت بیر بکاتەوە لەهەر پلەو ئاستو دەسەڵاتێکدابێت کە دووبارە تاك هەست بەگەورەیی خۆی دەکات، بەڵام خاڵی لە خەریزە شەیتانی‌و شەڕانگێزەکان‌و پڕو کامڵ‌و ژیرلە هزرو ئەقڵدا. ئۆقیانوسی هێمن لەسەر بنەمایەکی فکری‌و فەلسەفی بەرنامەکەی دارشتووە کە ڕەنگە لەم کاتەدا بۆ ئێمە سەخت بێت، ئەگەرپەیڕەوی هەموو خاڵەکانیشی نەکرێت، ڕەنگە ئەوساش تووشی کێشەو گرفتبین. لەبەر ئەوە دەبێت خوێندنەوەو لێکدانەوەی وردی بۆبکەین. کوڕی‌دایە بەردەوام بوو ، گووتی: ئێمە هەمان ئەو بەرنامەیە بەر جەستە دەکەین کە ئۆقیانوسی هێمن خۆی ویستی دەست بەبڵاوکردنەوەی بکات. هەمووشمان ئەزانین دەر ئەنجامەکەی چۆن کەوتەوە، تەنانەت شێخ بەختەوەریش کەسێکی ئاگادار بوو لەو سەردەمەدا. من مەبەستبم بوو کەبڵێم لەو جێگایەوە دەست بەکاربین کە ئۆقیانوسی هێمن ئیتر پێرانەگەیشت.
شێخ‌بەختەوەر گووتی: ئەو هەر لەسەرەتای ڕاگەیاندنی بە نهێنی لەناو هاوڕێکانیدا شەهید بوو.
کوڕی‌دایە زۆر بە جدی قسەی دەکردو گووتی: زۆر چاکە کە ئاگادارن، منیش مەبەستم هەر ئەوەیە بەناو هاوڕێکانماندا بەرنامەکە ڕابگەیەنین وەك ئەوەی کە وەستا کاوەو موراد پێشتر پێی هەستاون‌و چەند هاوڕێیەکی دێرینیشیان دۆزیوەتەوە. لەوە گرنگتر لەناو دەستەی حوکمڕانیدا دۆستو ئاشناکانمان بدۆزینەوە، وەك خۆت گووتت"ڕەنگە زۆر کەس لەسەر هەڵوێستی دێرینی خۆیان مابێتنەوە". ئێمە دەتوانین لە ڕێگای کارو پێگەی تووە ئەو هاوڕێیانە بدۆزینەوە، هەڵبژاردنیشیان ئاسانە چونکە ڕوخساری مرۆڤ لەناخی دەدوێت. هەموو ئەو برادەرانەش ناسراون، دۆستو ئاشنای خۆمان‌بوون.
وەستاکاوە تاکو ئەو دەمە بێ‌دەنگ بوو، گوێی‌گرتبوو، بیریشیدەکردەوە. هەر لەسەر ڕیتمی ئەو بێدەنگییە گووتی: هەر چییەك بکەین دەبێت بەهێمنی‌و بێدەنگی بێت، دوور لەئاژاوەو توندو تیژی‌و دووبەرکی. پێم‌وابوو ئۆقیانوسی هێمن لەو سەردەمەدا هەرهەمان بۆچوون‌و هەڵوێستو بیرکردنەوەی هەبووە. بەڕستەیەکی ناوازەو بەنرخ گوزارشتی لەناخ‌و هەڵوێستی خۆی کردووە بەرامبەر بەو کەسانەی ڕووبەڕووی بوونەوەو دژایەتییان کرد. گوتبووی" ئەوان هاوڕێمانن، دۆستایەتیان باشترە لە دوژمنایەتی". ئێمەش دەبێت وەك ئەو بیر بکەینەوە، دەبێت هەرواش بێت چونکە هەر بەرنامەکەی ئەوە پەیڕەوی دەکەین. منیش دەڵێم دۆستایەتیان باشترە لە دوژمنایەتی...!
شێخ‌بەختەوەر گووتی: هەر دۆستایەتی ئاسانترە، ڕەنگە دوژمنایەتی زۆر سەخت بێت لەگەڵ دەسەڵاتێکی گەورەو بەهێزدا؟

وەستا کاوەگووتی:من بەپێچەوانەوە ئەو دیمەنە دەبینم. ڕەنگە بێ‌هێزترین کەس بتوانێت دوژمنایەتی هێزێکی گەورەبکات. لێرەدا گرنگ دوژمنیایەتی کردنەکەیە نەك دەرئەنجام، بەڵام دۆستایەتی کارێکی سەختە بە هەموو کەس‌و ئەقڵێك ئەنجام نادرێت، دەرئەنجامەکەی شایەتی ئەو ڕاستییە دەدەن، چونکە دەسکەوتی پیرۆزی مرۆڤانەی لێدەکەوێتەوە. ئەم دەسکەوتانە بەهایەکی گەورەو بەنرخیان هەیە، لەبەر ئەوە پەیدا کردن‌و بەدەست هێنانیان هەروا ئاسان نییە. لێرەوەیە دۆستایەتی کارێکی سەختترە وەك لە دوژمنایەتی، بەڵام پرەنسیپەکانی لەناخی مرۆڤدا خۆش ئاسودەن چونکە هەنگاوەکان بەسەر دڕکدا نین.

کوڕی‌دایە بە ڕووی گەشەوە گووتی: من دڵنیام بەرنامەکەی ئۆقیانوسی هێمن خواستەکانی ئێمەی لەباوەش گرتووە، چارەسەری هەموو قەیرانەکانە کە ڕوویان لە هەرێمەکە کردووەو هەموو ئەو نەهامەتیانەش کە بەرهەمی خودی هەرێمەکە لەدەستی حوکمڕانییەوە بەریۆتەوە بەسەر خەڵکدا. دواکاری ئێمە ، داواکاری هەموو خەڵکی هەرێمەکەیە، قبوڵکردنیشی ئاسانە...هەر کارێك لەپێناوی چارەسەرکرنی کێشەکانی خەڵکی هەرێمەکەو بەرژەوەندییان بێت، دەبێت ئەوانیش پێیان باشبێت‌و بە خۆشحاڵییەوە قبوڵی بکەن. ئەگەر ئەم شێوە چارەسەرە بێسود بوو؟ بیر لە ڕێگایەکی تر دەکەینەوە.

شێخ‌بەختەوەر گووتی:هەر هەمان بەرنامەو داواکاری بوو کە لە سەرەتاوە دژایەتیان کرد، ئەو سەردەمە وەك ئێستاش خۆیان خۆش‌نەدەویشت، ئیتر ئێستا چۆن بە ئاسانی داواکارییەکان قبوڵدەکەن؟ چۆن دەچنە ژێر کاریگەری بەرنامەیەك کە پێشتر دژایەتیان کردووە.

کوڕی دایە گووتی: گومان لە دوو حاڵەت دەکرێت، ڕەنگە تێنەگەشتن بێت لەناوەڕۆکی بەرنامەکە وەك ئەوەی مەبەست‌و خواستە، یاخود هەر نایانەوێت سەروئەقڵێتیان ئیرادەیەکی هوشیارتر هەبێت، ئەم خاڵەیان گومانی زیاتر هەڵدەگرێت، چونکە باش لەیادم ماوە ئۆقیانوسی هێمن ڕووبەڕووی هەموویان گووتی: ئەگەربمانەوێت هاوڕێی زەمەنێکی درێژ بین لە هەموو سەردەمە جیاوازەکاندا، دەبێت ڕۆحی زەمەنەشی بپۆشین بە بەری ژیری‌و بیرکردنەوەماندا. دەبێت بچوك ببینەوە وەك ساتیلە بچوکەکان کە درێژترین زەمەن دەکێشن. دەمەوێت ڕوونترو ئاشکراتر قسەبکەم. دەمەوێت بڵێم کەس‌لەبیر خۆی نەباتەوە ئەگەر بەندی درێژترین زەمەن بپچڕێت، لەبچوکترین ساتدا دەپچڕێت‌و دابەش دەبێتەوە بۆ ساتە وردیلەکانی کە پێکیان هێنابوو، کەواتە زەمەنیش دەبێت پێکهاتەی خۆی لەبیر خۆی نەباتەوە، دەبێت ئەوەش بزانێت بەدرێژترین تەمەنی خۆیەوە لە هەموو هەنوکە ساتێکدا، لە کۆتایترین سات‌و تەمەنی خۆیدا، بۆ بەردەوام بوون‌و درێژبوونەوەو نەکوشتنی خۆی،

دەبێت خۆی بە یەکەمو بچوکترین کاتی داهاتوی خۆی بسپێرێت، ئەگەر ئەم لوتفە لەناخی زەمەن خۆیدا نەبێت، خۆی گوناهبارە بە کوشتنو برانەوەی تەمەنی خۆی. کەواتە گەورەیی زەمەن لەوەدایە ساتە بچکۆلەکانی بەردەمی قبوڵ بکات، بەم هەڵوێستە خۆی گەورەدەکاتو تەمەنی خۆی درێژ دەکات.
ئەو ڕۆژەم وەك ئێستا لەیادە. وشەکانی وەك باڵندەیەکی سیحراوی بە ژورەکەدا دەهاتوو دەچوو. ڕوخساری ئەندامانی ناو ژورەکە ڕەنگی باڵندەیەکی سیحراوی بە وشەکاندا بوو. هەموو سەرسام بوون، سەرسام بوونێك تێکەڵ بە ڕقو بوغزو پیش خواردنەوە، ئۆقیانوسی هێمن هەموو ڕوخسارەکانی دەخوێندەوە، بەڵام بێدەنگ نەبوو، زیاتر هانیدا درێژە بەباسەکەی بدات، چونکە هەر لەوێدا بۆچوونو لێکدانەوەکەی خۆی سەبارەت بە بیرکردنەوەیانو گاریگەری لەسەر بارودۆخی هەرێمەکە لە داهاتوودا لە گومانەوە بوو بە دڵنیابوونی ڕەها. بەدەنگە نەرمەکەی خۆی گووتی:
ئێمەش دەبێت وەك زەمەن درێژ بینەوە بە ئەقڵێتو بیرکردنەوەی زەمەنیش، ئەگەر ڕۆژگارێك گەشتینە پلەو پایەیەکی گەورە، بۆ بەردەوام بوونمان وەك زەمەن چۆن خۆی بە بچوکترین ساتی داهاتوی دەسپێرێت، ئێمەش دەبێت بچوکترین بەرامبەر حسابی بۆ بکەینو خۆمانو دەسەڵاتمان بە خەڵکانی تر بسپێرین، ئەو دەمە ئێمە گەورەتر دەبین. زۆر جار مرۆڤ لەگەورەی خۆیدا بچوكو سادە دەبێتەوە. ئەوە گەورەییە کە خاوەن دەسەڵاتێك، حاکمێك، لەبەر بەرژەوەندی گشتی، دەسەڵات بە کەسانی تر دەسپێرێت. بە پێچەوانەشەوە، هەندێك جاریش مرۆڤ لە بچوکی خۆیدا گەورەدەبێت. وەك ئەو سەرکردەیەی گەورەییو پیرۆزی خۆی دەپارێزێت، لە ئاستێکدا واز لە کورسی دەسەڵات دەهێنێت . بۆ بەرژەوەندی گشتیحوکمڕانی، خۆی بچوكدەکاتەوە، ئیتر وەك کەسێکی ئاسایی دەبێت، بەڵام لەو کاتەدا لە بچوکی خواستو تەماعو فیزی خۆیدا هەمیشە لەناخی خەڵکدا بە گەورەیی دەمێنێتەوە.
هەر لەسەرەتاوە هەندێك جیاوازی بیروڕا لەنێوان ئەندامە بەرزەکاندا هەبوو. جیاوازیەکان بنەمایەکی فکری بەهێزیان نەبوو. لەسەر ئاستی ڕق دروستببوو. خەڵکی دەرەوەی دەستەی سەرۆکایەتی، بێئاگابوون لە کێشەکانو لە مەعنا پوچەڵەکانیان. زۆر بنکەی سەربازی ڕژێم کە لە گردو تەپۆڵکەکان دامەزرابوون، لەشەوێکدا، لەساتێکی کەمدا وەك شارە مێرولە کۆنترۆڵ دەکراو بەئاسانی دەستیان بەسەردا دەگرت. زۆر کەسیش ڕۆحی خۆی هێندەی ڕۆحی پەپولەیەك لەلاگرنگ بوو. لەسەرسوێندو پەیمانو وەفای ئێمە شەوی سەد جار ڕۆحی لەجەستەی هەڵدەفڕیو دەگەڕایەوە.

سەرەتای شۆڕش زۆر بابەتی گرنگ هەبوو کرا بە قوربانی بە بیانوی هێمنیو پاراستنی شۆڕش. یەکێك لەو بابەتانە بەرنامەکەی ئۆقیانوسی هێمن بوو. بەبیانوی ئەوەی شۆڕش لەسەرەتای تەمەنیدایەو بارودۆخی ناسکە، بەتوندی بەگژیدا چوونەوە. ئۆقیانوسی هێمن ئەو کاتە هەستی بە تەنیای کرد، بەرەیەك ڕوبەڕووی وەستان، کۆمەڵێکیش بێدەنگ بوون. هەندێك جار بێدەنگی لە ناخەوە کۆمەڵێك وشەی قورسوزبرو جنێودارن. ئەوانە ئاشکرابوون قسەکانییان پێقبوڵ نەبوو. یەکەیەکە تەماشای ناوچاوی ئەوانەی تری کرد کە بێدەنگ بوون. لەدوای ئەوەی کەمن گووتم" داهێنانێکی تازەو لەخۆبردو گرنگە لە مێژوی شۆڕشی ئێمەدا، من لەئێستەوە مژدەی سەرکەوتن ڕادەگەیەنم، چی لەوە هیوا بەخشترە پێش هاتنی ڕوداوەکان ڕێگا لە هۆکارەکانی بگرینو چارەسەری بۆبدۆزینەوە؟ ئەمە ئەو فەلسەفەیەیە کە ئەقڵ بەدوای خۆیدا دەگەڕێت بەژێری خۆی. لێرەدا ژیری هەمیشە وێڵە بەدوای ژیرتردا، چونکە نابێت خافڵبین کە هەڵە لە ئەقڵی بەرد ناکەوێتەوە. . ئەقڵلە بەردا نییە، کەواتە بەرد بێهەڵەیە. چاوەڕوانی هەڵەکان لەچی دەکەن؟ هێندەی چاوەڕوان بین. . . بۆچی ئەو ماوەیە لەشوێن هەڵەکان نەگەڕێین. کەواتە پەسەند کردنی بەرنامەکەی ئۆقیانوسی هێمن ئەو هەنگاوانەن ئەقڵی شۆڕش بەرەو ژیرتر دەبەن.

حاکم پاشا بەتەوسەوە گووتی: نەمانزانی لەبری هەڵگیرساندنی شۆڕش قوتابخانەیەك بکەینەوە، مامۆستای باشمان لەلا دەسدەکەوێت. سەیرە ئەقڵێك هەڵە لە ژیری بگرێت، بەڵام تەفروتونا بوونی شۆڕشێکی تازەی پێپەسەند بێت. منیش لەئێستاوە مژدەی سەرکەوتن ڕادەگەیەنم، بەڵام سەدمخابن مژدەی سەرکەوتن بۆ دوژمن نەك بۆخۆمان، چونکە لە ئێستاوە بۆنی داهاتوویەکی دۆڕاو دەکەم ئەگەر بەتوندی بەگژ ئەو فکرانەدا نەچینەوە.

ئۆقیانوسی هێمن وەك چاوەڕوانی ئەو ساتە غەمبارە نەبووبێت، بە نیگەرانییەوە، بەڵام بە هەستێکی قوڵەوە گووتی: هەر بیرو بۆچوونێك لەلایەن هەر کەسێکەوە پێشنیار کرا، لەبری ئەوەی بیگەیەنینە بڕیاری کۆتای وحوکمی ناڕەوا بدەین، باشترە بابەتەکە تاووتوێ بکەین. مەرج نییە بابەتێك یەکەم باس بەقەد باڵای خۆی تێگەشتن بدات بەدەستەوە. بەدڵنیایشەوە دەڵێم ئەم بابەتەی من باسی دەکەم بە باڵای مێژودا دەئاڵێت، ئێستاش نەبێت ڕۆژگارێك دێت بەقەد پێویستیو گرنگی خۆی تێگەشتنو سود بدات بەدەستەوە.

شێخبەختەوەر ڕوخساری غەریبو ماندو دەینواند، ڕەنگە ئارەزوی یادکردنەوەی ئەو سەردەمەشی نەبێت بە ئاوازێکی شکستو غەمگین گووتی: ئەوەندە باسی ڕابردوو بکەین کە بۆئێستامان کەڵکی هەبێت، ئەگەرنا ڕەنگە تەنها ماندومان بکاتو بێهودەیشمان پێببەخشێت.

شێخبەختەوەر دوو ڕۆژ لەمەملەكەتی مێش هەنگ مایەوە. لەسەر كارە پێویستەكان قسەیان كرد. بەڵێنیشی پێدان بەپەرۆشەوە كاربكات لەپێناوی هەر گۆڕانكارییەك كە بە توانای ئەو ئەنجامبدرێت.

ئەودوو ڕۆژە موراد زۆربەی كاتەكان لەلای فریشتەبوو. یەكەم ئێوارە كەگەیشتنە ناو مەملەكەتی مێش هەنگ، موراد ئارامی نەبوو لەلای ئەوان دابنیشێت، زۆر ماندوو بوو، بەڵام هەستی بەماندوو بوون نەدەكرد. ئەو دەمە فریشتە سەرقاڵی وانە گووتنەوەو گێڕانەوەی چیرۆكی عاشقەكان بوو بۆ ئەو مرۆڤە میهرەبانانەی لەتاو زوڵمی كەسو كارو خەڵكی هەرێمەكەو هەستكردن بە هەڵگیرساندی قیامەت بەرەو چیا هەزار بەهەزارەكان هەڵهاتن. موراد بەئەسپای نزیكبووەوە، كاتێك گوێی لەدەنگی فریشتەبوو. خەڵكێكی زۆر لەدەوری فریشتە كۆببوونەوەو چووبوونە دونیای گوێگرێتنەوە، وەك عاشقێكی حەزینو بێدەنگ چاوەڕوانی كۆتایی چیرۆكەكان بوون. موراد لە پاڵ لا شاخێكدا گوێیگرتبوو، بە دیقەتەوە تەماشای خەڵكەكەی دەكرد، ڕوخساری هەندێكیان بەچاوەكانی نامۆ نەبوون، سەردەمێك بینیبونی. سوبحی لە پێشەوە دانیشتبوو، وەك هەمیشە غەمبار بوو، بەڵام بە عەشقەوە گوێیگرتبوو. سوبحی چاوەكانی هێندەگەش بوون ڕوخساری غەمباری پڕكردبوو لە بەرائەتو میهرەبانی. موراد قەدەرێك بەڕامانەوە چووە ناو دونیای یادگارەكان. لەبەر خۆیەوە گوتی منیش تاوانبارم، منیش گوناهم كردووە. ئێمە تەنها حوكمی گەندەڵیو حاكمی هەلپەرست بەڵاو نەهامەتی بەسەردا نەهێناوین، خۆشمان گێرۆدەی دەستی گێڕوئیفلیجو ئەقڵی پوچین. تاوانەكانمان دەرهەق بەم ڕۆحە میهرەبانانە لە قورسای ئەم چیایانە گەورەترە، بەڵام زەمانێك بوو ڕژێمێك حوكمی دەكرد مەبەستی بوو جوانو ناشیرین، باشو خراپی ئەم كۆمەڵگایە تێكەڵی یەكتری بكات. ئێستا ئەو سەردەمو حوكمە نییە، كەچی هەر گیرۆدەی چەند دیاردەیەكی دەستی یەكترین.

فریشتە وەك مامۆستایەكی دڵسۆز چیرۆكەكانی بۆ دەگێڕانەوە. ئەوان مورادیان نەدەبینی. موراد لەپاڵ تاشە بەردێك بە پاڵ چیایەكەوە ڕاوەستابوو هەموویانی دەبینی. وەك گوێگرێكی دوورە پەرێز گوێی بۆ فریشتەكەی ڕاگرتبوو. فریشتە گووتی: ئەم ئێوارەیە چیرۆكی دوو عاشقتان بۆ دەگێڕمەوە بە ناو نیشانی "ئاوایە ڕێگای عاشقان".

فریشتە لەسەرەتادا گووتی: ڕێگای عاشقان ئەفسوناوییە، ئەگەر عاشق بەسەر گوڵدا هەنگاو بنێت، هێندەش سەختو بە ئازارە وەك پێی عەشق بەسەر دڕكدا بنێت. بەپێچەوانەشەوە ئەگەر بەناو دڕكدا بە رەو قیبلەی عەشق بڕوات، بەڕۆحی ئاسانە، وەك بەناو باخچەیەكی پڕ لە گوڵدا هەنگاوبنێت، هەناسەی بۆنی عەتری گوڵی لێدێتو هەمیشەش ڕۆحی ئاسودەیە. دەگێڕنەوە كچو كوڕێك عاشقی یەكتری دەبن، بەڵێندەدەن یان بۆیەكتریبن یاخود بۆ گڵ. حەزناكەن خۆشەویتییەكەیان ئاوێتەی گڵبێت. لەبەرئەوە

پەیمانی واغەمگین بە یەکتری دەدەن، چونکە کەسوکاری کچەکە ڕێگای عەشقو بەیەکە گەیشتنیان لێدەگرن. یەكجار دەڵێن بۆیەك نەبین، دەبێت بۆ گڵبین، بەڵام هەزار پەیمان دەدەن کە بۆ یەکتربین. پاش چەند مانگێیك بۆنو بەرامەی ئاوێتە بوونی ڕۆحیان دەگات بە لوتی کەسوکاری کچەکەو ئاشکرادەبن. کچەعاشقە دووگیانە بەدبەختەکە لەترسی مەرگ بەدەستی کەسوکاری خۆی بەرەودەشتو کێوەکان هەڵهات. "بەسییە دان شکاو" لەناو هەموویاندا بەدەنگێکی نەرم هاتەقسەو گووتی:
فریشتە خانم بۆچی هەمیشە عاشقە ڕەنجاوەکان ڕوو لەدەشتو کێوەکان دەکەن؟
فریشتە گووتی: دەشتو کێوەکان ئارامترین شوێنن بۆ عاشقەکانن کە پەنای بۆ ببەن. ئەوان زمانیان نییە بوختان بکەنو قسە بگێڕنەوە. چنگو چەپۆکیشیان نییە شاڵاو بەرن، چاویشیان نییە ئیرەی بە عاشقەکان ببەن. بەڵام ئامێزێکی گەرمو ئارامیان هەیە کە عاشقەکان بە دڵنیاییەوە عەشقی خۆیانی تیا بپارێزن. ئەگەر مرۆڤ لەم دونیایە دابڕین، هەموو زوڵمو چەوسانەوەیەکیش بەدوای ئەواندا باردەکەنو زەمینێکی هێمن وەك بوونی هەوەڵی دێتە کایەوە. فریشتە لەسەر گێڕانەوەی چیرۆکەکە بەردەوام دەبێت.
کچە عاشقەکە شەوێك لەبن شاخێکدا منداڵەکەی دەبێت، بەخەمو ئازارو پەشۆکاوییەوە ڕوو لەشارێك دەکات. لەکۆڵانێکی ئەوشارەدا بەدڵی گوشارو و سکی خاڵیودەرونی شێواوەوە چاویفرمێسکاوییو نیگا گزەڵەکانی یەك بەیەکی دەرگاکان بەترسو گومانەوە دەپێکێت. ئەو بەیانییە پیاوێکی میهرەبان لەماڵەکەی خۆی دێتەرەوە بۆ سەر کار بچێت، بۆیەکەمجار دایکێکی غەمبارو پەشۆکاو دەبینێت کۆرپەلەکەی توند لەئامێز گرتووە. دەیانباتەوە بۆ ماڵی خۆیان، ئیتر لەو ماڵەدا دەمێننەوە. پاش چەند مانگێك دایکەکە بۆ هەواڵی دایکی خۆی دوور لەچاوی کەسوکارەکەی سەردانی ناوچەکەی خۆیان دەکات، بەڵام بەداخەوە پێدەزانن، دەیگرنو دەیکوژن. بە بیستنی وشەی کوشتن موچڕکە بە ڕۆحیاندا دێت. لەیەك کاتدا پێکەوە ئاخێکی قوڵ هەڵدەکێشن کە چیاکان بلەرێتەوە.
بیرتان نەچێت منداڵەکە "کچ" دەبێت. ئەو منداڵە دەبێت بە کچی ئەو ماڵە . دەبێت بە کچی وەستا خەیامو مرواری خان. کچەکە گەورەدەبێت، گەورەدەبێت تاکو ئێوارەیەك کوڕێکی لاو لە دەرگای ماڵەکەیان دەدات.
تەق. . تەق. بەڵێ واهاتین. دەنگێکی ناسکو پڕ لەئاواز لەو دیو دەرگاکەوە هەناوی کوڕەکە دەهێنێتە هەژاندن، کچەکەی مرواری خان دەرگاکەکە دەکاتەوە. کوڕێکی گەنجی باڵابەرزی چاو ڕەش، شەرواڵو کراسێکی تۆزاوی کرێکاری لەبەردایە. تاسێکی کرێکاری گەورەی بەدەستەوە بوو. لەناو تاسەکەدا چەکوشێکی سەرپلاستیكو چەمچەیەكو شاوڵێکی تێدابوو. کچەکە زوو کەلوپەلەکانی دەستی کوڕەکە دەناسێتەوە.

زۆر جار باوكی لەپاش كاركردن كەلوپەلەكانی بە شاگردەكەیدا دەناردەوەو خۆی دەچوو بۆ سەرگەرم كردن. ئەم ئێوارەیە كوڕێكی ترە، بۆ یەكەم جارە ئەو كچە دەیبینێت. قەدەرێك چاولەچاوی یەكتری دەكەن. هیچیان نەگووت بەزار، بەڵام دڵیان بەئەسپایی گۆڕییەوەو عاشقی یەكتری بوون. كوڕەكە تاسەكەی بە تاسەوە دایە دەستی، كچەكەش كەلوپەلەكانی لێوەرگرت. ئەو شەوە تاكو بەیانی كەسیان لە عەشقی یەكتری نەخەوتن. پاش ماوەیەك چیرۆكی یەكەم ئێوارەیان بۆ یەكتری دەگێڕایەوە.

قەدەر، قەدەری بەر هەمەی ئەقڵی مرۆڤە گەوجەكان ئەو دوو عاشقە لەیەكتری دادەبڕێت. بەرەبەیانییەك كچەكە بەرەو دەشتو كێوەكان هەڵدێت، نایەوێت ئاشقەكەی بەجێبهێڵێت، بەڵام لەبەختی ئەو عاشقەكەی لەماڵەوە نابێت تاكو لەگەڵ خۆیدا بیبات، ئەویش زۆر بەپەلەیە، ئارامی نەماوە كە چاوەڕوانی بكات، ڕێگای كێوەكان بە تەنیایی دەگرێتە بەر. كاتێك كوڕەكە بە ڕۆشتنی كچەكە دەزانێت، هەموو هەرێمەكەی بۆ دەگەڕێت نایدۆزێتەوە، ئیتر بێئومێد دەبێت، بەڵام بڕیاردەدا تاكو مردن هەر لە عەشقی ئەودا بمێنێتەوە. فریشتە دەڵێت" لەپاش بیستو حەوت ساڵ فریشتە دەدۆزێتەوە. هەموویان بە سەرسامییەوە دەڵێن: بۆچی كچەكە ناوی فریشتە بوو؟

فریشتە وەك لە كۆلانێكی داخراو و عاسیدا گیری خواردبێتو بواری هەڵهاتنی نەبێت، تەسلیمی وەلامێكی ڕاست بوو. بەڵام خۆی بێدەنگ كردو هیچی نەگووت. وەك هەمیشە زەردە خەنەی سەر لێوەكانی پڕ بوون لە وەڵام. كەس ئاگاداری موراد نەبوو كە لە پشت تاوێرەكەوە گوێی بۆ چیرۆكەكەی فریشتە ڕاگرتبوو. بێشك موراد دەگریا. لە ئاستی عەشقی فریشتەدا دڵی ناسكبوو، هەمیشە فرمێسكەكانی حازر بوون. فریشتە هەستی بە گریانی كەسێك كرد، بەئاستەم گوێی لە هەنسكی كەسێكی عاشق بوو. بە وردی چاوی بە هەموویاندا گێڕا، فرمێسكو غەمباریش بە ڕوخساری كەسەوە نەبوو، تەنانەت سوبحیش لە دونیای گوێگرتندا بوو، فرمێسكی لەچاوی ئەویشدا نەبینی. فریشتە نەیتوانی لەدەنگی ئەو گریانە خافڵبێت، هەنسكی موراد ناخی دەبرژاند. هەستی كرد ئەو هەنسكانە مورادن. هەرچەندە ئاگاداری گەڕانەوەی موراد نەبوو، بەڵام دڵنیابوو كە موراد لەنزیك ئەمانەوەیەو بەبێدەنگی دەگری، فریشتە خۆی ئاشكرانەكرد، بۆ دڵنەوایكردنی موراد دووبارە دەستی بە گێڕانەوەی چیرۆكەكەی كرد.

ناچار بوو وەڵامی ئەوان بداتەوەوە، هاوكات چیرۆكەكەشی ئاشكرادەكرد ، ڕەنگە مورادیش دەرونی ئارام بێتەوە، گووتی: بەڵێ كچەكە ناوی فریشتەبوو، هەموو شتێكی بەجێهێشت و ڕوویكردە ئەم چیایانە، بیستو حەوت ساڵ ژیانی تەنیایی بەسەربرد لەپێناوی مانەوە عەشقیدا. ئەوەی فریشتەی لەتەنیایدا هێشتەوە، عاشقەكەی بوو، كۆترەكانی عاشقەكەی بوون، پەیكەری ئاشقەكەی بوو كە هەموو ئێوارەیەك بە

رامبەری رادەوەستاو داوای لێبوردنی لێدەکرد کە بەتەنیا بەجێهێشتووە، جارێکیتریش بەو لێبوردنە ورەی عەشقو مانەوەی بەخۆی دەدا. عاشقەکەی ناوی موراد بوو، مورادی میهرەبانوخۆشەویشت کە رەنگە ئێستا گوێی لە قسەکانم بێت.
هەمووبەسەرسامیەوە؛گووتیان چۆن ئەو هەموو ساڵە بەتەنیا دوور لە یەکتری توانیوتانە بژینوبە هەمان عەشقی پێشووش بەیەکتری گەیشتنەوە؟
فریشتە بە روخسارێك کە پڕ بوو لە شادمانی و بە بێدەنگی گووتی: "ئاوایە رێگای عاشـــــقان".

چەند رۆژێك بوو شێخ بەختەوەر لە مەملەکەتی مێش هەنگ گەڕابووەوە. وەك جاران نەبوو، هەمیشە لە حاڵەتی بیرکردنەوەدابوو، نیگەران دەبینرا. خۆێشی زۆر بێزار بوو لەدەست حوکمی ئەو رۆژگارە. رۆژگاری هەرێمەکەش بەرەو خراپترو خراپتر دەچوو. شاری سەردەم ببوو بەو درندەیەی دوژمنی هەموو کەسێك بوو، چووە بری ئەو بەڵایەی کە چاوەڕوانیان دەکرد. لەچەند جێگایەك دەعبای سەیریان بە قوڕ دروستدەکردو ناوی شاری سەردەمیان لێدەناو داریان دەکرد بەچاویدا، بەردیان بەسەریدا دەکێشا، ئاویان پێدا دەکرد تاکو دەخوسایەوەوە ولەبەرچاودا ئەسەری نەدەما. نارەزایی خەڵك دەگەشتە شاری سەردەم، جاربەجارێك دەنگی تۆڵەو رقو قینە دەبیسترا، هاواریاندەکرد" کۆشکەکانیان بەسەردا دەرِوخێنین، خانووەکانیان لێدەکەین بە گۆرستان". ئەم جۆرە وتارو هەرەشەو دەست راوەشاندنانە لەناو بەرنامەو پلانەکانی ئەواندا جێگای نەدەبووەوە. ترسی تەقینەوەی ئەو ستەمو زوڵمو ناعەدالەتەیان بوو کەلەناخیاندا پەنگی خواردبووەوە، بەتایبەتی لەو رۆژگارەدا کە شاری سەردەمیان ناونا 'شاری مەرگ". شاری مەرگ وتەی زاری خەڵکی ناو بازاڕبوو، بەڵام ترسو نیگەرانی لە دڵی دەستەی حوکمڕانیدا دروستکردبوو. دەیانزانی کە کارلەکار ترازا ئیتر هیچ قەڵایەك بەرگەی لەرزینی تەقینەوەو بورکانی خەڵك ناگرێت.
بەداخەوە مێژو وانەیەکی بێکەڵکو پەراوێز کراوبوو، پەرەکانی تۆز لێنیشتو زەمانێك بوو هەڵنەدرابوونەوە. لەبری ئەوەی بە حوکمی خۆیانو داواکانی خەڵکدا بچنەوە، هەوڵی قایمکردنی شاری سەردەمیاندا. شێخبەختەوەر بڕیاریدا بوو باردۆخێکی ئارام بگونجێنێت لەرێگای ئەو هاورِێیانەیەوە کە دڵنیابوو پشتگیری لێدەکەن. بەڵام باردۆخەکە بە پێچەوانەی خواستی ئەو کەوتەوە. لە نێوان تورەبوونیو ئاڵۆزی نێوان خەڵكو حاکمەکانی شاری سەردەمدا ئەویش بێئارامبوو، نەیدەزانی بەچ شێوازێك دەست بەکار بێت. بیری لە مامۆستا شادمان کردەوە کەبتوانێت راستەوخۆ قسەیلەگەڵ بکاتو بیرو بۆچوونو هەڵوێستی ئەو تاقیبکاتەوە،

هەندێك جاریش خۆی بێئومێد نەدەكرد، لەگەڵ خۆی دەدواو دەیگووت" ڕەنگە ئەم بارودۆخە لەبارتربێت كەبتوانم پێشنیارێك سەبارەت بە چاكردنی بارودۆخەكە بخەمەڕوو. لەو ماوەیەدا ئێوارەیەك مامۆستا شادمان سەردانی كرد، هەرچەندە هەموویان لەژێر یەك چەتری حوكمدا لەشاری سەردەم كۆببوونەوە، بەڵام ئاسان نەبوو سەردانی یەكتری بكەن، بەڕوخسار هەر هەموویان بە دیمەنێك پێدەكنین‌و دەگریان، بەڵام لەناخدا زۆر جیاواز بوون. شێخبەختەوەر دەیویست كەڵك لەو هەلومەرجە وەربگرێت‌و ئەو هەلە بقۆزێتەوە. مامۆستا شادمان پێیگووت:ماوەیەكە غەمبارو دورەپەرێز دەدبینم، سەفەرەكەت چۆنبوو، كەسوكار چۆنبوو؟ شێخبەختەوەر وەك بیەوێت ڕاستەوخۆ نیازی دڵی خۆی پێبڵێت گووتی: نازانم چیت پێبڵێم؟ بڵێم باشن یان خراپ...هەرچییەك بڵێم لەخۆمەوە قسە دەكەم، چونكە لەوێ نەبووم.

مامۆستا شادمان ئەوەی چاوەڕوان نەبوو، ئەو وەڵامەبوو. بە پێكەنینەوە گووتی: ئەی لەكوێ بوویت؟ سەفەری ئەملاولاش دەكەیت بەبێ ئێمە.

شێخ بەختەوەر گووتی: خەمت نەبێت...! ئەگەر ئەمجارە حەزكەیت تۆش لەگەڵ خۆم دەبەم. بەڵام سەفەری من بۆ ناو دەریایە، كەتێیكەوتیت زەحمەت دێیتەدەرەوە، دڵنیاشت دەكەم دەریایەكی هێمنە مرۆڤ لە گوناهەكانی دەسڕێتەوە.

مامۆستا شادمان گووتی: ئەو سەفەرە شمولی من ناكات. . . من كە بێگوناهبم ئیتر لەچی پاكببمەوە؟

شێخبەختەوەر گووتی: باوەڕناكەم كەسێك لەشاری سەردەم بژیت بێگوناح بێت، ڕەنگە خۆت ناخی خۆت نەبینیت، سیخناخە لە تاوان، لە غەدر، لەناعەدالی، لەبێدەنگی كە تكتك گوناهی لێدەتكێت.

مامۆستا شادمان بەدەنگێكی دۆستانە گووتی: تۆش بوویت بە وەستا كاوە، هەموو بابەتەكان دەبەیتەوە یەك مەیدان. ئاوازی وشەكانی گۆڕی‌و گووتی: بەڕاست ئێستا لەكوێ بێت؟

باسی وەستا كاوە دەروازەیەكیتربوو بۆ شێخ بەختەوەر كە لێوەی بچێتە ناوباس‌وبابەتەكەی خۆی. بەگومانەوە گووتی: لەو جێگایەبووم كە سەفەرم بۆی كرد.

مامۆستا شادمان بە سەرسامیەوە گووتی: مانای لە زێدی باب‌و باپیرت بوویت؟

شێخبەختەوەر بەجدی گووتی: ئیتر با خۆمان لەبابەتێكی گرنگ گێل نەكەین...! پێمنەگووتیت لەوێ نەبووم، بۆ بیرت چووەوە؟

مامۆستا شادمان ویستی خۆی لەو حاڵەتە بپارێزێت: بە ڕوخسارێكی پەشێوەوە گووتی:بەڕاستە...! وامدەزانی گاڵتەم لەگەڵتا دەكەیت. .

شێخبەختەوەر گووتی: شادمان ئیتر با بەجدی قسەبکەین، من بەڕاستمبوو. دەمەوێت لەو سەفەرەی خۆم ئاگادارت بکەم. پێش ئەوەی قسەبکات دەرگای هۆڵەکە کرایەوەو دوو پەرداخ شەربەتیان هێنا، قسەکانی خۆی ڕاگرت. مامۆستا شادمان بە ماناوە گووتی: جەژنە ؟

شێخبەختەوەر گووتی: ئێستا دەیکەین بە جەژن. دەزانم چی دەڵێیت. لەسەر مێزێکی بچکۆلانەی سوچێکی ژورەکە بوتڵێك ویسکیو دوو پەرداخ دانرابوو. بە ئەسپایی دوو پێك ویسکی تێکرد. پێکەوە سەرو قومیان نۆش کرد.

شێخبەختەوەر گووتی: ڕەنگە نەتوانم بەدڵنیاییی لەلای هەموو کەسێك قسەبکەم، تۆ بۆمن جیاوازتریت. ئەو دوو سێ ڕۆژ لەلای وەستا کاوە بووم، خۆی ناردبووی بەدوامدا، ڕەنگە پەلەت بێت کەبزانیت لەکوێیە، بەڵام ئەوە مەکە مەراق، گرنگ نییە ئەو لە هەرکوێیەك بێت، ئەوەی گرنگە باسی لێوەبکەین بارودۆخی ئێستای هەرێمەکەیە بە هەردوو بەرەکەوە.

مامۆستا شادمان بە سەرسامیەوە پرسی: کامانەن ئەو دوو بەرەیە؟

شێخبەختەوەر گووتی: ئەو خەڵکە لەگەڵ ئێمە، ئێمە بەرەی حوکمڕانین کە هەموو ئەرکەکانمان بە ئامانەتەوە لەسەر شانە. ئێمە نوقمی گوناهێکی گەورەبووینو هەستی پێناکەین. بۆ هەستکردن بە گوناهەکانمان دەتوانین بەراوردی کەسێکی دەرەوەی شاری سەردەم لەگەڵ ژیانی خۆماندا بکەین. جیاوازیەکان زۆرن، زۆر زیاتر لەوەی کە ئەو خەڵکە تاکو ئێستا دانیان بە خۆیاندا گرتووە، هەموو دان بەخۆداگرتنو ئارامییەکیش سنوری خۆی هەیە، دەبا کارێك بکەین لەسنور تێنەپەڕێت، ئەگەرنا بەسەر لاشەی گوناهبارماندا ڕەتدەبن بەرەو هیواکانیان. ڕەنگە توانای خەڵك بە گرنگ وەرنەگرینو پەرۆشی داواکانیان نەبین؟ دەبێت خۆمان بیرنەچێتەوە هەر لەم هەرێمەدا لە شەڕواڵێك زیاتر هیچمان نەبوو کەچی بەگژ ڕژێمێکی گەورەو دڕندەو داموو دەزگا سەربازییەکانیدا دەچووینەوەو سەرکەوتووش بووین. نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت ئێمە خێزانێکی گەورەین، هەموو خەڵکی ئەم هەرێمە وەك ئەندامی یەك خێزانین، کەچی بارودۆخێکی زۆر خراپمان خوڵقاندووە کە هەڕەشە لە بوونی نەتەوەیمان دەکات، ئەو خەڵکە خەریکە دەبن بە دوژمنی یەکتری. چارەسەرکردنی ئەو ڕەوشە لە ئەستۆی ئێمەدایە، چونکە خۆمان هۆکاری خوڵقاندنی بووین. مامۆستا شادمان بێدەنگبوو، هیچی نەدەگووت. شێخبەختەوەر گووتی: تۆ لەم شێوە حوکمڕانییە ڕازیت؟

مامۆستا شادمان وەك کەسێکی خەفەتبار بە گڕی گووتی: پرسیارێك مەکە خۆت وەڵامەکەی بزانیت.

گوتی: زۆر باشە، ڕەنگە بمەوێت بیرو بۆچوونی تۆتاقیبکەمەوە. ئێستا حاڵیبووم. بەڵام دەستنیشان کردنی خاڵە جیاوازیەکانو هۆکارەکان گرنگن.
مامۆستا شادمان گووتی: باشە ئێمە چیمان بۆدەکرێتو چی بکەین؟
گووتی: هەرچییەك بكرێت بە ئێمە دەكرێت. وەك پێم گووتیت دەستنیشانكردنی هۆكارەكان گرنگن، بابیر لە هۆكارەكانی سەرهەڵدانی هەموو ئەو نەهامەتیانە بكەینەوە كە بەرۆكی هەرێمەكەی گرتووە. ئەم حوكمەتە وەك ماشێنی شكاوی لێهاتووە، هەرئەوەندە بردەكات، ڕەنگە هێزو توانای لە ئاستی حەزو تواناكانی ئەم سەردەمەدا نەبێت، پێراناگات لەكاتی خۆیدا میلەت بگەیەنێتە ویستگەی ئاواتەكانیان. كاكەگیان ئەگەر ماشێنیش بێت پێویستی بە چاكسازیو گۆڕین هەیە، پێوسیتە گۆڕانكاری لە دەستەی حوكمڕانیدا ئەنجام بدرێت، زۆرمان كەڵكی ئەم ڕۆژگارەمان پێوەنەماوە، ئێستا ئەو ڕستانە دەڵێینەوەوە كە پێش چارەكە سەدەیەك لەبەرمان كردبوو. من گەشبینم كە هەموو شتێكمان بۆ دەكرێت، بەڵام دەبێت پشتگیری بكرێین، دەبێت دۆستو هاوڕێ بۆ خۆمان پەیدا بكەین. فرسەتێكی گەورەشمان لە پێشدایە، ماوەیەكیتر بەهۆی گۆڕانكاری لە حوكمدا كۆنگرەیەك ساز دەكرێت، ئێمە دەتوانین پێشنیارەكانی خۆمان ئاشكرابكەین بەبێ ئەوەی كەس گومانمان لەسەر بكات.
مامۆستا شادومان گووتی: ئەی ئەگەر كەس گوێی لێنەگرتینو ئێمەش ئاشكرابووین؟ ئەوسا چارەنوسمان چی دەبێت، چیبكەین؟
شێخبەختەوەرگووتی: ئەوسا منیش زۆر شتیتر لەلای تۆ دەدركێنم، بەرنامەی تریشمان بۆ ئەو حاڵەتە داناوە.
ئەو ئێوارەیە مامۆستا شادمان بە كۆڵێك پرسیارو گومانەوە شێخبەختەوەری بەجێهێشت. كاتی ئەوە نەبوو هەموو پرسیارەكان بە ڕووی شێخبەختەوەردا بدات. شەو تاكو درەنگ بیری كردەوە. بارودۆخی هەرێمەكەی بەجۆرێكیتر دەبینی. چەند جارێك ویستی بخەوێت، بەڵام مێشكی هێندە جەنجاڵبوو تەنها پێكە ویسكییەكان بە هانای ئەم شەوی دەهاتن، لەماڵی خۆشی هێندەی خواردەوە تاكو خەپ خەوی لێكەوەت.
موڕادیش لەگەڵ شێخبەختەوەرگەڕایەوە، دووبارە فریشتەی تەنیاكردەوە، بەڵام چاری نەبوو دەبوایە بگەڕایەتەوەو فریشتەی بەجێبهێشتایە، ئەم سەفەرەی بەدڵ نەبوو، تكای زۆر لە فریشتە كرد كەلەگەڵیدا بگەڕێتەوە، بەڵام فریشتە قبوڵینەكرد. پێیگووت: چاوەكەم خۆ تۆ هیچ تاوانێكت نەكردووە، ئیتر بۆچی سەردانێكی شارەكەت ناكەیتەوە؟
فریشتە گووتی: منپێموایە زۆربەی ئەو كەسانەی تاوانیان لەگەڵدا دەكرێت لەدەست زوڵمی تاوانباران هەڵدێن. بیر لەئێمە بكەرەوە...! من ، كوڕی دایە ئەو هەموو كەسە

میهرەبانە، وەستا کاوە، هەموو ئەمانە تاوانیان بەرامبەر کراوە، چیانکردوو؟ تاوانکارێکم نەبینی هەڵبێت. ئێستا ئێرە مەملەکەتی منە، من لێرە ئاسودەم.
موراد بە بەبەزەییەوە فریشتەی دەدواند: فریشتە گیان خۆ هەردەبێت ڕۆژێك بگەڕێیتەوە... کێ دەڵێت ئەوانەی سوکایەتیان پێکردیت ئێستا تۆیان لەبیر ماوە، ئیتر بۆ لەگەڵمدا ناگەڕێیتەوە؟
فریشتە گووتی: موراد گیان پێم سەیرە بەم جۆرە قسەدەکەیتو بیر دەکەیتەوە؟ من چ کارم بەسەر ئەو خەڵکەوە هەیە. ڕەنگە لەپاش من هەر هەموویان بە دەردی من چووبن ، چونکە ئەوە خەڵکەکە نییە کە وامان پێدەکات، ئەو کلوتورە سەقەتەیە کە چۆتە ناوخۆمانو یەکتری پێدەڕزێنین، ئەو کلتورەی هەر هەموومان پیردەکات، بەڵام خۆشی هەرگیز پیرنابێتو لەناو ناچێت. ئەو کلتورەی کەس ناوێرێت دارێکی لێهەڵبرێت، زمانی لێهەڵبهێنێتەوە. کەمن دەڵێم ئەو خەڵکەنییە مەبەستم ئەوە نییە کە خەڵك بێگوناح بکەم، نەخێر خۆشمان تاوانبارین، چونکە هەمیشە لەزیندوکردنەوەودرێژ کردنەوەی تەمەنی ئەو دیاردە سەقەتانەین کە بووە بە کلتورمان، کلتوری ڕەسەنو پیرۆزیشی تێکداوین. تازە من بۆکوێ دەبەیتەوە؟ بۆلای دایكو باوکم کە نەماون، یاخود بۆلای ئەو کەسوکارەم کە نەبوون. موراد گیان تۆ بڕۆ، بەڵام بگەڕێیتەوە، تازە ئێرە مەملەکەتی ئێمەیە، ئێرە مەملەکەتی هەموو عاشقەکانە ، هەموو پەپولەکانە. ئێرە ئەو مەملەکەتەیە وەك دایك ئامێزبۆ هەموو خەڵك دەگرێتەوە تاکو لە زوڵمەت ڕزگاریان بێت.
موراد بەکەساسیەوە گووتی: فریشتە گیان تۆ لەبەر من دێیتەوە، چارم نییە دەبێت بڕۆم، ئەگەرنا بەتەنیا بەجێمنەدەهێشتیت. خۆمن ناڵێم لەوێ دەمێنینەوە، دوایش هەر پێکەوە دەگەڕێینەوە، با ئەوەندە لەیەکتری دانەبڕێین. خۆ هەردەبێت ڕۆژێکیش بە ئێجگاری بگەڕێینەوە، تاکو کەی لەم ناو چیایانەدا بژین؟ موراد بەسەر سامیەو گووتی: من لەنهێنی ئەم ڕستەیە تێناگەم، لە هەموو بابەتێکدا دوا قسە یەکێك دەڵێت" ئەم مەملەکەتە وەك دایك ئامێزی گرتوتەوە، ڕۆژێك هەموومان لەزوڵمەت ڕزگار دەکات. سەردەمانێك قسەی زەعیم هەستیار بوو، مژدەی ئایندەیەکی ئاسودەی بە خەڵك دەدا، بەداخەوە خۆی پێرانەگەیشت.
فریشتە گووتی: من بەتەنیایی ڕاهاتووم، هەرچییەکیش لەسەر ڕێگامان بێت، چارەنوسمان وایە، چونکە "ئاوایە ڕێگای عاشقان". فریشتە گووتی: من زەعیم هەستیار ناناسم، هەمیشە وا هەستم کردووە ئەم مەملەکەتە ڕۆژێك وەك دایك ئامێز دەگرێتەوە و خەڵکی لە زوڵمەت ڕزگار دەکات.

موراد لەمەبەستی فریشتە حاڵیبوو کە بۆ چەند ڕۆژێکیش ناگەڕێتەوە لەگەڵیدا. خەمیبوو دواجار تاکو ئەبەد لەو مەملەکەتە بیهێڵێتەوە. بەغەمبارییەوە گووتی:فریشتە...فریشتە گووتی: چییە موراد، بۆچی تاساویت، بیر لەچی دەکەیتەوە؟
موراد گووتی: من دەڕۆمو دەگەڕێمەوە، جارێکیتریش دەڕۆم، ڕەنگە زۆر جار ئەم هاتۆ چۆیە ڕووبدات. دواجار لە شارەکەی خۆمان دەمێنینەوە، من دڵنیام کە داهاتوو وادەبێت. . . ئەوسا چۆن بڕیار دەدەیت؟ چۆن ئێرە بەجێدەهێڵیت؟ چۆن دەبێت هەر لێرە بیت؟
موراد بەڕوخساری گەشو ئومێد بەخشەوە گووتی: موراد گیان بۆچی هێندە قوڵ بیردەکەیتەوە، منیش دڵنیام دواین جار دەگەڕێینەوە. دەزانم دەپرسیت کەی؟ منیش دەڵێم ئەوکاتەی هەموو شتەکان گەڕانەوە سەرەتای خۆیان.
موراد گووتی: سەیرە، ئەوسا منتۆش دەگەڕێینەوە بۆ سەرەتا، بۆ ئەو سەردەمەی یەکترمان نەدەناسی.
فریشتە گووتی: سەرەتای منو تۆ ئەو ڕۆژەبوو یەکتریمان ناسی. من مەبەستم بوو هەموو سەرەتا جوانەکان. ئەو دەمەی کە دیمەنە جوانەکانیان لێڵکرد، هەموو شتێك پیرۆزی خۆی بۆ بگەڕێتەوە، پیرۆزی منو تۆ بە عەشقمانەوەیە نەك پێش عاشقبوونمان.
موراد گووتی: وشەکانت لە قسەی ناو چیرۆکەکان دەچن.
فریشتە گووتی: ژیان خۆی چیرۆکێکی ڕاستەقینەیە، لە داهاتوشدا دەبێت بە ڕابردو، ئەو دەمە ئیتر بۆخۆی دەبێت بەچیرۆك کە کاتی خۆی ژیانی ڕاستەقینە بووە.
موراد بایی ئەوەندە حاڵی نەبوو کە قەناعەت بکات. کات دڕەنگ بوو ، دەبوایە بگەڕایەتەوە بۆلای برادەران، قەدەرێك بێدەنگ لەناو چاوی یەکتریان ڕوانی. بەهێمنی یەکتریان لەباوەش گرت. موراد لەناو مەمکە گەرمو نەرمەکانی فریشتەدا ڕۆحو جەستەی هاتە خرۆشان. ئارەزوییبوو دونیا لەو دەمەدا کۆتای پێبێت بۆ هەتاهەتایە لەسەر سنگو مەمکی فریشتە بێت. دەمیان خستە ناو دەمی یەکترو ماوەیەك لەناو دەستو پەنجەی یەکتردا بە ئەسپای یەکتریان گوشی.
موراد کە گەڕایەوە لای ئەوان، گوتیان باشبوو هاتیتەوە. موراد هەستی بە دواکەوتنی خۆی کرد. گووتی: ببوورن کە دواکەوتم، دیارە چاوەڕوانی من بوون. شێخبەختەوەر گووتی: مەبەستمان دواکەوتن نەبوو، دەمەوێت بزانم ئایا سبەینێ تۆش لەگەڵمدا دەگەڕێیتەوە؟
موراد حەزینەدەکرد فریشتە بەجێبهێڵێت، ئەگەر لەبەر شێخبەختەوەریش نەبوایە، هەندێك کاریان پێسپاردبوو هەر دەبوایە بگەڕایەتەوە ناو شار. بەنا بەدڵی گووتی:

ئەی بیرتان چۆتەوە لەو بارەیەوە قسەمان كرد، دەبێت پەیوەندی بە برادەرانەوە بكەم. بە نیگەرانییەوە لە ژێر لێوەكانیەوە گووتی: تاكوكەی ئەم هاتوچۆو لەیەك دابرانە؟
كوڕی دایە گووتی: هەتاكو تۆ بە عەشقەوە كارەكانت بكەیت، تاكو ئەو ڕۆژەی ئەم مەملەكەتە وەك دایك هەموو خەڵكی هەرێمەكە لە ئامێزی خۆی دەگرێت.
موراد عاشق سەردەمێك وەك هەموو خەڵكی شارەكە گوێبیستی ئەو ڕستەیەبوو لە زاری زەعیم هەستیارەوە. لەپاش مردنی زەعیم هەستیار ڕستەكەشی مردو لەكەسیتری نەبیست، كەچی ئەمڕۆ لەماوەیەكی زۆر كەمدا لە دووكەس هەمان ڕستەی بیست. موراد دڵنیابوو كە فریشتەو كوڕی دایە كەسیان زەعیم هەستیار ناناسن، سەرسام بوو چۆن ئەم ڕستەیە گەیشتە مەملەكەتی مێش هەنگ؟ دەیگووت: تۆ بڵێی باڵندەكان لەگەڵ خۆیاندا ئەم ڕستەیەی زەعیم هەستیاریان بۆ ئەم مەملەكە نە گواستبێتەوە؟ نانا باڵندەی چی...خۆ ئەوان زمان نازانن. ڕستەیەكی سیحراوی بوو، پڕ لە نهێنی بوو لە نێوان ئەو سێ كەسەدا.
ئەو ماوەیە موراد بە بێدەنگی بیری لەنهێنی ئەو ڕستەیە دەكردەوە. هەموویان هەستیان بە نائاسایی موراد كرد كە لەگەڵ ناخی خۆیدا دەدوێتو بیر لە شتێك دەكاتەوە. پرسیاری ئەو حاڵەتەیان لێكرد. موراد نهێنی و گرێی دڵی بۆ باسكردن. گووتی: من هەست بەنهێنییەك دەكەم، چونكە كەستان زەعیم هەستیار ناناسن، ئەویش ئێوەی نەناسیوە، ئیتر چۆن لە ڕستەیەكدا یەكتان گرتووە؟
كوڕی دایە گووتی: تۆ دووەم كەسی كە ناوی زەعیم هەستیارت لێدەبیستم، زەعیم هەستیار كێیە؟
چیرۆكی زەعیم هەستیاریان بۆ گێرایەوە. شێخبەختەوەر بەدرێژای چیرۆكەكە بە شەرمەزارییەوە گوێی گرتبوو. لەگەڵ ئاخێكدا گووتی: سەد مخابن بۆ ئەو پیاوە میهرەبانە. من دەمەوێت ڕاستییەكیشتان پێبڵێم: مەرج نییە هەر كەسێك دیارنەما یاخود كوژرا ئیتردەستی حوكمەتی تێدا بێت، یان هەموو ئەندامانی حوكمڕانی ئاگاداربن، ئەم قسەیەشم بۆ بەرگریكردن نییە لە حوكمەتو لەخۆم، چونكە ئێستا ئەندامێكم وەك ئێوە بە گژ ئەو حوكمڕانییەدا دەچمەوە. دژمنمان زۆرە لە هەلومەرجە تایبەتیەكان كەڵك وەردەگرن، دەبێت زۆر ئاگاداری ئەو خاڵەبین كە كەلێنێكی گەورەیە.
وەستا كاوە گووتی: هەموو تێبینییەكانت تەواون، بەڵام دواجار هەر هەموو تاوانو نەهامەتیەكان بۆ گەندەڵی حوكمڕانی دەگەڕێتەوە. ئەگەر پرسیار بكەیت بۆچی؟ دەڵێم ئەگەر حوكمەت وەك پێویست، وەك ئەركی حوكمەتبوون مامەڵە بكاتو ئەركی خۆی ببینێت، چۆن ئاگاداری ڕووداو وتاوانەكان نابێت كە دەستی خۆی تێدا نییە، بێئاگایی مانای بێخەمیو بێ هەڵوێستییە، یاخود بۆچی دەستەی بەڕێوەبردنی حوكمڕانی

ئاگاداری تاوانێك نین ئەگەر لەسەر دەستی چەند كەسێكیان ئەنجام درابێت؟ بۆچی هەلومەرجێك دەرەخسێنێت كە دوژمن كەڵكی لێوەربگرێت؟

كوری دایە قسەكانی بە وەستا كاوە بڕیو گووتی:لەسەر گەندەڵیو زوڵمو پاشاگەردانی زۆر دەزانین، خۆمان گیرۆدەی بەرهەمی زوڵمی ئەوانین. گرنگ چارەسەر كردنی كێشەكانو پەیرەو كردنی بەرنامەكەی خۆمانە. دەمەوێت ئەوەشت پێبڵێم كە سەرسام نەبیت بەلێكچوونی بابەتەكان، ڕوداوەكان، وشەكان، بە هەر شتێكیتر. ڕەنگە نهێنییەك لە ئارادا نەبێت ئەوەندەی بابەتە لێكچووەكان پەیوەستن بە كاتو شوێنوبارودۆخەكەوە. كەواتە هەموویان بەرهەمی ئەو سێ چەمكەن. ئەگەر بمەوێت ئاسانتر قسەت بۆ بكەم، بەیانیان بەكەسێك دەگەیت پێیدەڵێیت" بەیانت باش" ئەویش وەڵامت دەداتەوەو دەڵێت" بەیانیت باش". پاش كەمێكی تر بە دۆستێكیتر دەگەیەتو سڵاوی لێدەكەیت، كات بەیانییە، شوێن ئەو جێگایەیە هەموو بە زمانێك سڵاو دەكەن، بارودۆخە كۆمەڵایەتییەكەش فێری كردون بەیانیان سڵاو لەیەكتری بكەن. ئەم دۆستەش كە وەڵامی سڵاوەكەت دەداتەوە، ئەویش هەر دەڵێت" بەیانیت باش". ئیتر لێكچوونی سڵاو و وەڵامەكان دەبێت لێكچووبن، چونكە بەرهەمی یەك ئاوێتەن. نوسینەكانی من كە لە ئۆقیانوسی هێمنم وەرگرتووە لەگەڵ بەشی كۆتایی بەرنامەكەی لای وەستا كاوە كە خۆی نوسیویەتی وەك یەكن، من ئەگەر سەرسامیشبم بەم لێكچوونە؟ دەبێت ئەوەندەش تێبگەم هەردووكیان بەرهەمی یەك ڕوداون، بابەتێكن یەك ناوەڕۆكیان هەیە، دەبێت لەیەك بچن ئەگەرنا جیاوازییەكی بێ مانایان دەبێت. وەك دوو شێوەكار دیمەنێكی سروشتی وێنە بكێشن، بێگومان دەبێت هەردوو تابلۆكە لەیەك بچن، لە دیمەنە سروشتییە واقعییەكە بچن، ئەگەر وانەبێت جیاوازی وێنە كێشراوەكان بێمانادەبێت، چونكە شێوەی دیمەنە ڕاستییەكە لەزەینی بینەردا دەشێوێنێت. نوسینەكانیش دەبێت بچنەوە سەریەك ئەگەر لەسەر بابەتێك بنوسن، وەك چۆن وێنەكان لەیەك دەچن ئەگەر وێنەی دیمەنێك بكێشن.

منو فریشتەی عاشق زەعیم هەستیار ناناسین، ئێمە خۆشمان ئاگاداری ئەوەنین كە هەممەمان ڕستە دووبارەدەكەینەوە، من ئێستا لە تۆی دەبیستم كە فریشە ڕستەیەكی لەو جۆرەی منی گووتبێت، ڕەنگە ئەمەیان نهێنییەك لە خۆی بگرێت كە پەیوەستە بە ناخی مرۆڤەكانەوە دوور لە شعورو ئیرادەی خۆیان. هەمیشە وا هەستم كردووە ئەم مەملەكەتە دواجار وەك دایك ئامێزی دەگرێتەوە تاكو ئەو خەڵكە لە زوڵمەت ڕزگاریان بێت. ئەم هەستە لەناخمەوە سەر هەڵدەدات، چونكە ڕۆژگارێك بوو ناخم لەباوەشی ئەم مەملەكەتەدا ئارامی گرت، ئەم چیایانەبوون بە ترسو سامناكی خۆیان ترسوپەشۆكاوی ناخمی منیان ڕەواندەوە، هەروەها فریشتەی عاشقیش. ڕەنگە زەعیم هەستیار هەستێكی قوڵترو ناسكتری هەبووبێت، هەرچەندە دوور لەم مەملەكەتە

ژیاوە، بەڵام ئەو هەستانەی سەرو ئیرادەی خۆیبوون زمانی ئەویان هێناوەتە گۆ، وەك هەستی باڵندەو شێتەکان کە بۆ ئێرە کۆچیان کردو سەفەریان کرد.
قەدەرێك هەموویان بێدەنگ بوون، وەك لەناخی خۆیاندا هەستەکانیان بدوێنن، بەڵام کەس هیچیتری نەگووت. خۆر دەمێك بوو ماڵئاوایی کردبوو، بریسکەی هەنگوین لەچاویاندا دەبریسکایەوە. کزیەکی سارد لە چیاکانەوە دەبوو بە میوانی جەستەو هەناویان. کەمێك خۆیان لەناو چاکەتەکانیاندا بچوك کردەوە تاکو گەرم دابێن. ماندوو بوونو هیلاکی خەو بە ڕوخساریانەوە دیاربوو. باوێشکێك ڕیزێك باوێشکی تری بەدوادا دەهات. شێخبەختەوەرو موراد سبەی بەیانی زوو دەبێت هەستنو بەرەو شار بەڕێبکەون. موراد خەیاڵی هەر لەلای فریشتەبوو، ڕوخساری پەشیامنی پێوەدیاربوو کە فریشتەی جێهێشتبوو. بەخۆی دەگووت" خۆ دەکرا ئەمشەو لەلای ئەو بوومایە تاکو بەیانی ، سبەی بەیانی زوو لێرەوە دەچووم بۆلایانو لەگەڵ شێخ بەختەور دەڕۆشتینەوە بۆ ناو شار". دووبارە کەوتەوە دواندنی خۆی: ئێستا دەکرێت بگەڕێمەوە لای فریشتە، بۆچی نا، خۆ ڕێگایەکی هێندە دوور نییە، شەرمیشی ناوێ، هەرئێستا مۆڵەتیان لێدەخوازموەدەڵێم بەیارمەتی خۆتان من دەچمەوە بۆ لای فریشتە، ئەگەر بە پێکەنینیشەوە مۆڵەتیان دام؟ دەڵێم بۆچی پێمپێدەکەنن" ئاوایە ڕێگای عاشقان".
موراد لای کردەوە بەلای هاوڕێکانی، ئەوان دیاربوو دەمێك بوو لەخەودابوون. هەستی بەشەرمەزاریکرد، گووتی: ڕەنگە شەوشادیشیان لێکردبێتم؟بەڵام من ئەودەمە لێرە نەبووم، لەخەیاڵی فریشتەدا بووم. ئیتر بیری لە هیچیتر نەکردەوە، بەئەسپایی هەستا، بە ڕێگا پێچاوپێچو تاریكو ڕوونەکاندا چوو بۆ لای فریشتە.

23

# حـاکم پاشـــا

دووەم ڕۆژ لــەدەمــی ئێــوارەدا مامۆسـتا شــادمان بــە پرتــاو خــۆی گــەیانــدە لای شێخبەختەوەر. لە سەردانەکەی دوێنێوە زۆر بێئارامبوو. بۆ شێخبەختەوەریشی گێڕایەوە تاکو نیوەشەو نەیتوانی وە بخەوێت، کاری ویسکی ڕاستبێت دواجار خەوی لێخستم.

شـێخبـەختـەوەر وەك هیچـی لای مامۆسـتا شـادومان بـاسنـەکردبێـت، زۆر ئاسـایی گووتی: بۆچی؟ هیچ ڕویداوە؟

مامۆستا شادمان گووتی: نۆبەی ئەم بەزمەیە، ئەوە بۆچی خۆتم لێگێلدەکەیت؟دوێنێ نەتگووتت زۆر شت هەیە دواتر لەلات بیدرکێنم، بۆ چی ئێستا هەموو شتێکم بۆ باسناکەیت؟ تاکو باشترلەکاتو شوێنو ئەرکی خۆم حاڵیبم.

شێخبەختەوەر گووتی: ڕەنگە جارێ زوو بێت، پێمنەگوتی دواتر، ئیتر بۆچی ئارامت لە خۆت هەڵگرتووە؟

ژورەکەی شێخبەختەوە پڕبوو لەبۆنی عەتری گوڵی نێرگز. مامۆستا شادمان گووتی: بەم پایزە چۆن بەهارت هێناوەتەوە، ئەم بۆن گوڵە نێرگزەت لە کوێ بوو؟خۆ چەپکێ نێرگیز لە هەموو هەرێمەکەدا نەماوە.

ئاسـای گـووتی؟ عـەتـری گوڵـە نێرگـزە، شـوشـەکـەی لـەسـەر مێـزەکـە بـوو. ئـەوە شوشەکەیە، پرژەیەك بە دەستا پکە باتۆش بۆن نێرگز بگریت.

مامۆستا شادمان شوشە عەترەکەی بەدەستەوە بوو گووتی؟ دوێنێ بۆنی هەنگوینت لێدەهات، ئـەمڕۆ بـۆنی نێرگیـز، ئـەڵێـی لـە هندسـتان بوویـت؟ هـەر ڕۆژەی بۆنێك دەگریت.

شێخبەختەوەر نائاسای گووتی: بەڕاست دوێنێ بۆنی هەنگوینت کرد؟

مامۆستا شادومان گووتی: ئائا بەڕاستمە، نائاسای دەپرسیت. بۆچی پێت سەیرە؟

شێخبەختەوەر خۆی ئارام کردەوە گووتی: هەروا پرسیم.

بیریلەسەردانەکەی دەکردەوە چۆن لەلای مامۆستا شادمان ئاشکرای بکات. خۆ ناکرێـت هـەروا بـە نهێنـی بمێنێتـەوە، مانـای وایـە دەبێـت لـەلای کـەس باسـینەکـات، ئـەوساش هیچی بـەهیچ نـەکردووە. مامۆستا شادمان دۆستێکی نزیکیشیەتـی کـە لێـی دڵنیایە کارێکی نهێنی لەلا بدرکێنێت. ئەو دوێنێ ناوەڕۆکی سەردانـەکـەو کـارەکـەیـانی بۆ باسکرد، ئەمڕۆش خۆی بۆ باقی چیرۆکەکە هاتووە. هەر لە ئێستاوە هەموو شتێکی

پێبڵێم باشترە، ئەگەر پەشیمانیش بێتەوە باهەر لەیەکەم هەنگاوەوە هاورێیەتیمان نەکات لەو ڕێگایەدا. ڕەنگە پەرۆشتریش بێت. مامۆستا شادمان وریا بوو، خۆی مت کردبوو بێدەنگ تەماشای ناو چاوی شێخبەختەوەری دەکر. دەیزانی بیر لە شتێکی گرنگ دەکاتەوە.
گووتی: منیش دەمەوێت باسی سەفەرەکەمت بەوردی بۆ بکەم، بەڵام توشی شۆکو سەرسامی نەبیت، سبەینێش نەیەیتەوە بڵێی ئەمشەویش تاکو بەیانی خەوم لێنەکەوتووە. تۆ دەزانیت من لای وەستا کاوە بووم؟ مامۆستا شادمان بە بێزاریەوە گووتی: ئائا دەزانم ، ئەی خۆت بێت نەگووتم.
گووتی : ئەی دەزانی وەستا کاوە لەلای کێبوو؟
گووتی: یاشێخ گیان مەتەڵم لێدامەهێنە، من چوزانم لەلای کێبووە.
گووتی: لەلای دۆستێکی دێرینی خۆمان بوو، لەلای کوڕی دایە بوو... ئەوە چییە شادمان؟ پێم نەگووتی توشی شۆکو سەرسامی نەبیت.
مامۆستا شادومان کتوپڕ ڕوخساری گۆڕا، وەختەبوو لە هۆش خۆی دەچوو. لێوەکانی هەڵدەرەزین کە گووتی: بۆچی وەستا کاوە مردووە؟
شێخبەختەوەر بە پێکەنینەوە تاکو دەرونی مامۆستا شادمان ئارام کاتەوە گووتی: ماڵت ئاوابێت مامۆستا شادمان، کەی من باسی مردنم کردووە. ئەڵێم لە لای کوڕی دایەبوو. مانەوەی کوڕی دایە تاکو ئێستا وەك مردنی وەستا کاوە مامۆستا شادمانی توشی لەرزو تا کرد، کەمێك دەرونی ئارام ببووەوە، بەڵام توشی هەمان حاڵەت هاتەوە. ئەمجارەش بە لێو لەرزینەوە گووتی: بۆچی کوڕی دایە ماوە؟ تاکو ئێستا لە کوێبووە؟
شێخبەختەوەر لەسەرخۆ گووتی: ئائا ماوە، تاکو ئێستا هەر زیندووە، بەڵام دەبێت ئەم هەواڵە بە نهێنی بمێنێتەوە. جارێك سەردانی دەکەین تاکو تۆش بۆن هەنگوین بگریت.
مامۆستا شادومان گووتی: زۆر حەزدەکەم هەموو نهێنیەکان بە خێرای ببیستموئاگاداری هەموو شتێکبم، بەڵام پێویستم بە وچانێك هەیە. لەو دەمەیدا لە دەرگای ژورەکە دراو دوو چای بۆنداریان لە دوو پیاڵەی زەرڵی پشتێن ڕەنگ ئاڵتونیان بۆ هێنان. مامۆستا شادومان کەیفی بە چایەکان هات، گووتی: دەستەکانتان خۆشبێت ئەم چایانە لە کاتی خۆیدا هات. دەنگی تێکدانی چایەکان ئاوازێکی بێڕیتمبوو، بەڵام زۆر خۆشبووبەگوێ کاتێك مرۆڤ لەبێدەنگیدا تامەزرۆی خواردنەوەی چایە. مامۆستا شادومان چەندە حەزی لە چایەکەبوو بیخواتەوە، کەچی تێکدانی چیایەکەی درێژکردەوە، وەك ئەویش ئارەزوی لەدەنگی کەوچکو پیاڵەکە بێت، بەڵام لەوە دەچوو لەگەڵ ناخی خۆیدا قسەبکات یاخود بیر لە شتێك بکاتەوە. بێگومان بیری لە کوڕی دایە دەکردەوە. پیاڵە چایەکەی بەدەستەوە بوو، وەك

ماوەیەك بێت چای نەخواردبێتەوە خۆش خۆش مژی لە چایەکە دەدا تاکو تەواوی کرد، تەق پیاڵەکەی دانایەوە.
گووتی: هەواڵێکی زۆی سەیرە، ناهەقمە ئەگەر توشی شۆکو سەرسامی ببم؟ تۆ کەبینیت ئاسای بوویت؟ئەو هەموو ساڵە لەکوێ بووە؟
شێخبەختەوەر گووتی: هەر لەو جێگایەبووە کەمن چووم، ئەوەی کەدەبێت بە گرنگ وەریبگرین یەکانگیری ڕێکەوتەکانە لە پاش ئەو هەموو ساڵە، لەوەش گرگتر ئەمجارەش نابێت لە ئاستی تاوەنەکاندا خۆمان گێلو بێبەدەنگ بکەین. لەیادت ماوە لەناو تەویلەکەدا بێگوناحو تاوان بەندیان کرد، ئێمەش هەمووەمان بێدەنگ بووین؟ هەر ئەو کاتە هەڵهات بۆ ئەوەی نەیکوژن. ئیتر بۆ جێگایەك هەڵهات هەرگیز نەیدۆزنەوە. شادمان چیرۆکی زۆر سەرسامترم لەلایە. . . باوەڕت هەبێت لەم شارەدا دەبین بە پەنگ. ئێمە بەخۆمان نەزانیوە، ڕژێممان نەڕوخانووە، جێگایمان گرتۆتەوە، ئەمجارە ئێمەین کە دەڕوخێین، ئێمەین دەکرێین بە پەنگ بۆ مێژو. ئەم کۆشكو تەلارە بەرزانە دەبینیت؟ مامۆستا شادمان بە نیگەرانیەوە گووت:ئەی چۆن نایانابینم. . . بۆچی دەپرسیت؟ شێخبەختەوەر بە خەمو پەژارەوە گووتی: هەر هەموو دارو بەردی ئەم کۆشكو تەلارانە بەسەر ئێمەدا دەڕوخێنن. مامۆستا شادمان گووتی: بۆچی کاکەگیان، چیڕویداوە، چیت بیستووە، چیمان کردووە؟
شێخبەختەوەر بە تێڕامانەوە سەیری ناو چاوەکانی مامۆستا شادمانی دەکردو گووتی: چای تر ناخۆیتەوە؟
مامۆستا شادمان گووتی: سەیرە...تۆ بەردو داری ئەم شارەت بەسەردا ڕوخانم، چای چیو ژەهری چی.
گووتی: کاکە گیان من بۆدەیڕوخێنم بەسەرسەرتا، ئەوانەی لە ژێرئازاردا دەنانێڵن، نەك بەسەر تۆ، بەسەر منیشدا، بەسەر هەمووماندا. ئێمە قیامەتمان هەڵگیرساندووە، ئەگەر فریا نەکەوین خۆشمان دەسوتێین. گرنگ سوتانی خۆمان نییە، گرنگ ڕاستکردنەوەی چەوتیەکانەو ئاسایکردنەوەی بارودۆخەکەیە. زەمانی زوو نییە مێژو بە هەڵە بنوسرێتەوە، ڕوو ڕەشی ناو مێژو دەبین، لە ژیانیشدا شەرمەزار دەبین. من دڵنیام منو تۆو زۆر کەسیتریش لە شێوازی حوکمڕانیو ڕازی نینو خۆمان کپکردووە، کاکەگیان بۆ بێدەنگ بین، بۆ بێڕەنگبین؟ ئێمەش خاوەنی بوونی خۆمانین، کە خاوەن هەڵوێستیش بین دەبێت ئێستا لە هەموو کات بە هەڵوێستر بین. خۆ شەڕ ناکەین، خۆ کەس ناکوژین، ئیتر لەچی بترسین؟ داوای چاکردنی بارودۆخی هەرێمەکە دەکەین تاکو ژیانو گوزەرانی خەڵکەکە باشبکەین. هەموو کەسوکاری خۆمانن. ئێمەش بەشدارین لە تاوانەکان، ئێمەش هۆکارین لە سەرهەڵدانی دیاردەکانو نەهامەتیەکان، دەبێت بەو چەشنەش دەنگی خۆمان هەبێت.

بـارودۆخی هـەرێمـەکـە ڕۆژبـەڕۆژ ڕوو لـە خراپـیو وێرانـی دەچـوو. دەسـتەی حوکمڕانی بێخەمبوون لە داواکاریو چارەسـەرکردنی کێشـەکان. وەك حوکمڕانی مەملەکەتێکیتربن هیچ دەربەستی خەمەکانی خەڵکی ئەم هەرێمە نەبوون. وەرزەکـان دەهـاتنو دەچـوون گرفتـەکانیـان بـەیـەکتری دەسپارد، سـاڵ تێدەپـەڕی کێشـەکـان وەك خۆیان دەمانـەوەوە. هەر وەرزێکیش کۆمەڵێك نەهامەتـی بۆ خـەڵکـەکە پێبوو. زسـتان خەمی نەبوونی سوتەمەنی، هاوین لەبەر بێئاوی مرۆڤ گولدەبوو.
بـەیانییـەك نانـەواکـانیش لـە کـارکردن ڕاوەسـتان، داوای دابینکردنـی سـوتەمـەنیـان دەکرد، ئەگەرنا تا هەتایە ئیشناکەن. کێشەی نانەواکان چارەسـەر نـەکرابوو، شۆفێری پاسەکانیش مانیان لە ئیشکردن گرت.
هۆکـارەکـانی ئـەو قـەیرانگـەلـە ئاشـکرابوون، خـەڵـك بـێخـەمـی دەسـەڵاتدارانیان دەزانـی، شـاری سـەردەمیش ئاوێنـەیـەکـی گـەورەبـوو بـۆ بینینـی ناخیـان کـە چیتێدایـە. تووڕەیو ناڕەزایی خەڵك گەشتە ناو شاری سەردەم بەردەم گوێی سوڵتانو حـاکمپاشـاو سەرۆكو هـەمـوو ئـەوانیتریش. بڕیاراینـدا ئـەو کۆبوونـەوەیـەی کـە بـەڵێنیانـدا بـوو بـە خەڵکی هەرێمەکە سەبارەت بە گۆڕانکاریو چاکسازی ئەنجامبدرێت چەند ڕۆژێك پێشـی بخـەن. شـێخبـەختـەوەر بڕیاریـدابوو لـەنـاو کۆبوونـەوەکـەدا کـەمو کـوڕی هۆکـارەکـانو چـارەسـەرکردنیشـی وەك پێشـنیارێك بخاتـە ڕوو. مـوراد سـەرقـاڵی کۆکردنـەوەی هـاوڕێ دێرینـەکانیـان بـوو لـە بـارودۆخی نائاسـای شـێخبـەختـەوەردا دەنگیان بخنە پاڵ دەنگیو پشتگیری لێبکەن.
دەنگوباس بڵاوبووەوە بەم نزیکانە کۆبوونەوەی دەستەی سەرۆکایەتی دەبەسترێت، بـەڵام خـەڵـك بـێهیوابـوون، بـە ئومێدەوە چـاوەڕوانـی هـاتنی ئـەو ڕۆژە نـەبـوون. ڕوخسـاریان تـوڕەو بێـزاری هـەر پێـوەدیـاربوو، دڵنیـابوون ئـەمجـارەش تـەنهـا بـۆ چـەواشـەکردنـی خـەڵکـەکـە کۆدەبنـەوە. داواکـاری خـەڵك نـاڕەزایـیو گلـەیـی بـوو لـە دەسـتەی حـوکمڕانی کـە لـەنـاو بازنـەیـەکدا دەخولایـەوەو هـەر جـارەی کورسـییەکـی دەسەڵاتیان بەردەکەوت لەسەری دابنیشن. هیچ کەسێکیان شایستەی ئەو جێگەو پێگەو کورسـییە نـەبـوون. کـەسـانی سـادەو دڵسـۆزو خـەمخـۆرو پسـپۆڕیان دەویسـت. شێخبەختەوەر بڕیاردابوو لە پاش پێشنیارەکانی جێگاکەی خۆی بە کەسێکی پسپۆڕی نا حیزبی ببـەخشێت. لـە کۆبوونـەوەکـەشدا زۆر دلێرانـە لـەبـەردەم هەموویانـدا باسـی کشانەوەی خۆی کرد لە دەسەڵاتو پلەو پایەی.
هەرچەندە خەڵکی هەرێمەکە هیوایان بە دەرئەنجامەکانی کۆبوونـەوەکـە نـەبوو، بـەڵام ناچـاریش بـوون لـە بـارودۆخێکی ئارامـدا چـاوەڕوانـبن. کۆبوونــەوەکـە بـەسـتراو تەواویش بوو، هەرچەندە ئەنجامـەکـەی وانـەبوو کـە خـەڵکـەکـە دەیانویسـت، بـەڵام بـە جۆرێکیتر کەڵکی هەبوو کە سەر لەبن بارودۆخی هەرێمەکەی هەڵگەڕانەوە.

موراد عاشق سەرقاڵی پەیوەندیکردنبوو بەهاوڕێکانیەوە بەنیازی پشتگیریکردن بۆ شێخبەختەوەر. دڵنیابوو تووشی کێشەدەبێت. مەرجنەبوو بەهۆی خستەڕووی پێشنیارەکانی، ڕەنگە بوختانی گێرەشێوێنی بخەنە پاڵو تاوانباری بکەن.
شاریسەردەم لەو سەردەمە ئاڵۆزو دژوارەدا لەبەزمی مەسرەفی بێسەروبەری خۆی نەدەکەوەت، دەستەی حوکمڕانیش بەخۆیاندا نەچووبوونەوە. بێئیشو گرانی نەبوونی پێویستیەکانی خەڵك وەك هەورێکی چڵکن بەسەر هەرێمەکەوە بوو، نە دەباری نە هیچ بایەك بەرەو خوار ڕایدەماڵی. شاری سەردەم ببوو بە دەعبایەکی زلەی تێر نەخۆر، شەوانیش لەناو تاریکستانی هەرێمەکەدا بە تەنها وەك یاقوت دەدرەوشایەوە. بەر دەرگاو سەربانو سەر دیوارەکانیش لەبەر موچەیەکی مانگانە پیاوانی ئاسایش وەك ڕیشۆڵەی زستان ڕیزیان بەستبوو.
دووو ڕۆژ پێش بەستنی کۆبوونەوەکە موراد شێخبەختەوەری بینی، بە نیگەرانیەوە گووتی: هاوڕێیەکمان نەدۆزییەوە لە کۆبوونەوەکەدا ئامادەبێت لە حاڵەتێکی نائاسایدا پشتگیریت لێبکات.
شێخبەختەوەر سیمای پیاوێکی جوامێری وەرگرتبوو، وەك زەمانی چیاکان بە مورادی گووت: من پێویستیم بە کەس نییە، ڕەنگە تۆ وا حەزبکەیت؟ئەگەر کەسێکیش هەبێت لەو حاڵەتەدا خۆی دەبێت بێدەنگ نەبێتو خۆی ئاشکرا بکات. من دڵنیام مامۆستا شادمان هاوبیرمانە، سەبارەت بەو بابەتە قسەمان زۆر کردووە. کەسانیتریش هەن، ڕەنگە پێویست بە ناو هێنانیان نەکات. ئەو ئێستا شەرمەزاری لای کوڕی دایەیە کە کاتی خۆی بەرامبەر بە تاوانەکەی بێدەنگو بێهەڵوێستبوو. بەڵام ئەوەی لەلای من کێشەیە هەردووکمان خەڵکی یەك شارین، ئەمەش تەنها بە ڕێکەوت دروست ببووە، ئەگەرنا هیچ ڕۆڵو کاریگەرییەکی لەسەر ژیانی تێکۆشانمان نەبووە.
موراد گووتی: زۆرم پێسەیرە، کەی ئەوە گرفتە کە تۆ بیری لێدەکەیتەوە؟ خۆ هەریەکەو لە شارێکی تایبەتییەوە نەهاتوون، یاخود هەموویان خەڵکی یەك شارین. هەر دووانو سیان خەڵکی شارو ناوچەیەکی جیاوازن.
شێخبەختەوەر بە مورادی گووت: ڕەنگە من بەجۆرێکیتر بیر بکەمەوە، من خەمی ئەوەمە بابەتەکە بچوك بکەنەوە، بیکەن بە مەسەلەی ناوچەگەرێتیو بەو شێوەیە ڕیساوی ناو خەڵکمان بکەن.
چەند ڕۆژێك پێش بەستنی کۆبوونەوەکە بۆ هێمنکردنەوەی خەڵك لە کەناڵەکانەوە وەك نورێکی ئیلاهی لە ئاسمانەوە دابەزێتو بارو دۆخەکە لەناکاو چاکبکات، مژدەیان بە خەڵکی هەرێمەکە دەدا. کۆبوونەوەکە لە یەکێك لە کۆشکەکانی شاری سەردەمدا سازدەکرا. هەموو پێویستییەکیان بە زیادەوە بۆ شاری سەردەم ئامادەکرد. بە ماوەی

چەند کیلۆمەترێکیش بە هەموو لایەکدا هێزی سەربازیان بڵاو کردەوەو لە نزیکی شاری سەردەمیش بە کەرەستەی سەربازی چەندین زومرەی چەکدار لە حاڵەتی ئامادە باشیدا بوون. خەڵکی هەرێم ئاراموو بێدەنگ بوون، هیچ بەرنامەیەکی هەڵچوونو تورەبوونیان ئامادەنەکردبوو، بەڵام دەستەی حوکمڕانی لە ڕەفتاری خۆیان بە شك بوون، ترسو دوودڵی لە ناخیاندا بوو. لەناو کۆبوونەوەکەشدا ئەوەیان باسکرد، شێخبەختەوەر گووتی: ئەو ترسە پەشێوییە لەناو ناخی خۆماندایە نەك لە بیرو مێشکی خەڵکدا بەرامبەر بە ئێمە. کەس خۆی گێڵ نەکات هەر کەس خۆی باش دەناسێت، هەمووشمان یەکتری باش دەناسین . کێشەکانو نەهامەتیەکانی هەرێمەکە ئێمە دروستمان کردوون دەتوانین بە ئاسانی چارەسەریشیان بکەین.

ڕۆژێکی زۆر ئاسایی بوو، وەك هەموو بەیانییەکیتر خۆر لە ڕۆژهەڵاتەوە دەرکەوت، وەك ناوەڕاستی هەموو پایزێك ڕەشەبا بە لورەلوور هەڕەشەی خۆی لە دارو گەڵاو گوڵەکان دەکرد. تەقو وڕی تەنەکەو لەوحی سەربانەکان وەك هەمیشە خەوتووەکانی بە ئاگا دەهێناو ڕێبوارەکانی دادە خورپاند. چەند خۆر بەرەو ئاسمان هەڵدەزنا ئەوەندە هەوا گەرم دەبوو. هەموو شتێك ئاسای بوو، ڕوخساری خەڵکیش ئاسایی بوو. مەیدانی کرێکاران وەك ڕوژانی پێشوتر جمەی دەهات لە کرێکاری بێکار. دوکاندارەکانیش ئاسایی وەك جاران دەرابەکانیان لە کەلوپەلە بەسەر چووەکان هەڵدایەوە. نانەواکان هەر داخرابوون. هەندێك ئافرەت بەتەنەکە نەوتی بەتاڵ بە بۆڵە بۆڵ گەڕانەوە، هێشتا تەنەکەکانیان دانەنابوو خرەخری بتڵە غاز پەیدابوو، گووتیان لە کۆڵانەکەی ئەودیو لۆرییە غازەکە هاتووە. بەیەك جار هەزارەها بتڵە غاز گلۆر دەکرایەوە، وەك ڕۆژی حەشر کەس بەکەس نەبوو، ئەم هەرایەش هەر ئاسایی بوو. هەموو شتێك ئاساییبوو، تەنانەت ئاوو کارەباش لەکاتی خۆیدا بڕا، ئەو دەمەی کە مرۆڤ لە هەموو کاتەکان زیاتر ئیشی پێیبوو. ئەوەی ئاسایی نەبوو ئەو ماشێنە نوێیە سەربازیانە بوو بۆ یەکەم جار بەناو شاردا دەسوڕانەوە.

لەپاش بەستنی کۆبوونەوەکە هیچ ئەنجامێك ڕانەگەیەنرا. شاری سەردەمیش وەك کڵۆم درابێت لە هاتوچۆ کەوت، نەکەس دەچووە ناوەوە نەکەس دەهاتە دەرەوە. دووەم ڕۆژ بێژەرەکە وەك نەخۆشێکی ناو جێگا بە دەنگێکی کز ڕایگەیاند" کۆبوونەوەکان بەردەوامە، دڵنیابن ئەنجامی باشی دەبێت". بوو بەسێ ڕۆژو کۆبوونەوەکە تەواو نەبوو. شێخبەختەوەریش دیار نەبوو، کەسیش چاوەڕوانی ئەو نەبووتاکو بزربوونەکەی ئاشکرابێت، تەنها موراد عاشقبوو. مراد زۆر بێئارام بوو بۆ شێخبەختەوەر، نەیدەزانی هەواڵی لە کێ بپرسێت، نەشەوی لێدەڕۆشت نە ڕۆژ. دڵنیابوو لەکۆبوونەوەکەدا قسەی کردووەوە توشی کێشە هاتووە. مەراقی بوو بزانێت

كەس بەدەنگ هاتووە؟كەسیان پشتگیریان كردووە؟بیری لە مامۆستا شادمان كردەوە ئاخۆ هەڵوێستی چۆن بوو بێت؟ بڕیاریدا بوو هاودەنگ بێت، بەڵام موراد ئاگادار نەبوو كە ڕۆژێك پێش بەستنی كۆبوونەوەكە برای خێزانەكەی مامۆستا شادمان بەهۆی كارەساتێك گیانی لەدەست دابوو، هەر ئەو ڕۆژە مامۆستا شادومان مۆڵەتی وەرگرتبوو، بەناچاری نەیتوانی بەشداری كۆبوونەوەكە ببێت. لەگەڵ خێزانەكەیدا بە پەلەو شپرزەیی گەڕانەوە شارەكەی خۆیان. مامۆستا شادمان پێڕانەگەشتبوو شێخبەختەوەریش ببینێت. برادەرەكانی موراد بۆ هەواڵی شێخبەختەوەر دەهاتن بۆلای موراد ئەویش وەك ئەوان لە هەواڵی شێخبەختەوەر بێئاگابوو

سەرلەبەیانی ڕۆژی چوارەم لەكەناڵەكانەوە هەواڵێكی سەیرو چاوەڕوان نەكراو بڵاو كرایەوە. بەهۆی كەسانی ئاژاوەگێڕو كوتەدا چی هەوڵەكانمان شكستی هێناو كۆبوونەوەكە بە بن بەست گەشت، بەڵام ئێمە پەیمانی وەفاداریتان پێدەدەین كە هەوڵەكانمان بۆ چارەسەركردنی كێشەكان بەردەوام دەبێت. ئەو كەسە گێرەشێوێنە كە دەستی لەگەڵ یاخیبووەكاندا تێكەڵكردووە ئەمشەو ڕاستەو خۆ لەكەناڵی تەفزیۆنی خانمخانەوە بەزاری خۆی دان بەتاوانەكانیدا دەنێت. تكایە ئەمشەو ئاگاداربن...!

موراد لەماڵەوە دانیشتبوو نوقمی ڕوداوەكان بوو، پەستو نیگەرانی بێئاگایو بێ هەواڵی شێخبەختەوەر بوو. وەك دەرزی بەبن گوێیدا بكەیت هەواڵەكە دایچڵەكاند. پڕ بە ژورەكە هاواریكرد: نابێت... شتیوا قەد نابێت، ئەمەش فڕوفێڵو تاوانێكی ترە.

ئەو ڕۆژە موراد زۆر پەشۆكاو و غەمبار بوو، وەك لەم دونیایەدا نەبێت هۆشو زەینی لەلای خۆی نەبوو. دڵی هەر لەلای شێخبەختەوەر بوو، دڵنیابوو ئەو كەسەی باسیان كردو بە تاوانبار ناویان برد هەر شێخبەختەوەرە لە كۆبوونەوەكەدا توشی كێشەو گرفت هاتووە. بەو حاڵە شپرزەو پەشۆكاوەوە هاتە دەرەوە پەیوەندی بە برادەرەكانیەوە بكات، یاخود هەواڵێكی شێخبەختەوەر بزانێت. لەپەستیو مەراقی خۆی بیری نەبوو دەرگای ماڵەكەی كلیل بدات. دەرگای حەوشەو ژوری بە كراوەیی بە جێهێشت، خۆیشی نەیدەزانی ڕوو لە كوێ دەكات، هەر كەس موورادی ببینیایە هەستی بە پەشۆكاویو شپرزەیی دەكرد.

بەدەم ڕێگاوە بیری لە سابیر كاكل كردەوە، بڕیاریدا سەردانی سابیر بكات، بەڵام سابیریش لەسەر كارەكەی نەبوو، دڵنیابوو ئەویش بەبیستنی هەواڵەكە توانای ئیشو كاری نەبووە ئێستا لە ماڵەوەیە. سابیریش وەك موراد هەواڵەكە چوار پەلی شكاندبوو، لەماڵەبوو. سابیریش كۆكردنەوەی هەموو برادەرەكانی بە پێویست زانی، بە موورادیش گووت لەماڵەوە بیت چاكترە، ڕەنگە برادەران بۆ هەواڵی شێخبەختەوەر سەردانی تۆ بكەن. خۆشم دەمەو ئێوارە دێم بۆ ماڵەوە. بێگومان هەر هەموویان هەواڵەكەیان بیستووە.

موراد بە نیگەرانیەوە لەماڵی سابیر هاتە دەرەوە. چەند هاوڕێیەکی تری بیرکەوتەوە، سەردانی ئەوانیشی کرد، لەلای هەر یەکێکیان قەدەرێکی خەماوی مایەوە. بێئاگابوو کە دەرگای ماڵەوەی کلیل نەدابوو. لەگەڵ ئەوانیشدا لەسەر ئەوە ڕێکەوتن کە ئێوارە لە ماڵی خۆیان کۆببنەوە. موراد بەدەم خەمو خەیاڵەوە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە. بەپێش قوتابخانەیەکی ئامادەیدا تێپەڕبوو، لەو کاتەدا قوتابیە کوڕو کچەکان هاتنە دەرەوە. دوو قوتابی هەر یەکەیان لایەکی لافیتەیەکیان هەڵگرتبوو لەپێش هەموویانەوە دەڕۆشتن. موراد ویستی لافیتەکە بخوێنێتەوە، بەڵام پێڕانەگەیشت. لەناخی خۆیدا گووتی ئەمان داوای چی دەکەن؟ خۆ نەوتو ئاوو کارەبا پەیوەندی بەمانەوە نییە. . . ڕەنگە داوای گۆڕینی بەرنامەی خوێندن بکەن، هەزار جار بەڵێنیان پیدانو جێبەجێیان نەکرد. لە دڵی خۆیدا گووتی: گۆڕین...زۆر زەحمەتە. ئەوەی وشەی گۆڕین بێت ئەمان سڵی لێدەکەنەوەو دڵیان دادەخورپێنێت. قوتابیەکان هێمنانە بەسەر شەقامەکەدا دەڕۆشتن. موراد چاوی هەر لە دوایانەوە بوو تاکو ونبوونو دیار نەمان.

بەرەو ماڵەوە هەنگاوی قورسو گرانی دەنا. وەك درەختێکی بێگەڵای پایز وشكو بێشەوقودەرونتاریكبوو. خەمو نیگەرانی سەرتاپای ڕۆحو جەستەی داگیر کردبوو. هەندیجار وەك بییەوێت خەمەکان لەشانو کۆڵی بکاتەوە، هەنگاوەکانی خێراتر دەکرد. لەسەر ئەو ڕیتمە ماوەیەك ڕۆشت تاکو نزیکی ماڵەوە بوو. موراد لاشعوری وا ڕاهاتبوو لە نزیکی ماڵەوە دەستی لەگیرفانی دەناو بۆ کلیلەکان دەگەڕا. کلیلەکانی بەردەست نەکەوت، بە شپرزەی گیرفانەکانی تریش گەڕا، بەڵام کلیلەکانی هەر نەدۆزییەوە. هیچی بەخەیاڵدا نەدەهات لە جێگایەك کلیلەکانی دەرهێنابێتو بیری چووبێت. بەم حاڵەوە گەیشتە بەردەم دەرگای خانووەکە، سەرسام بوو کە دەرگاکەی بە کراوەی بینی، بە خێرای بەبیریدا هات ڕەنگە کلیلەکان لە ژورەوەبن، کاتێك بە شپرزەی لەماڵەوە دەرچووە، بیری دەرگا داخستنی نەبووە. دەرگای حەوشەکەی ئاسایی پاڵ پێوەناو چووە ناو حەوشەکە، بەڵام دەرگای سەرەکی بۆناو ژورەکان داخرابوو، گووتی" تەنها جووت کراوە، ئێستا بە ئەسپای دەرگاکە دەکەمەوەو دەچمە ژورەوە"، بەڵام دەراگاکە داخرابوو. هێشتا دەستی هەر بە دەسکی دەرگاکەوە بوو دووبارە شپرزەبووەوە. بەپەلە دەستی ئاخنییەوە ناو گیرفانەکانی بە نائومێدییەوە بۆ کلیلەکان گەڕا، ئەمجارەش هیچی نەدۆزییەوە. دەرگاکەی بەتوندی ڕاوەشاند، دەرگاکە بە کلیل داخرابوو هەر نەکرایەوە. موراد بە پەشۆکاوییەوە بیری لە کلیلەکان دەکردەوە، لەدڵی خۆیدا گووتی" ڕەنگە لەماڵی سابیر بیرم چووبێت". دەنگی چرکەی دەرگاکە هات بەئەسپای کەسێك لەناوەوە دەرگاکەی کردەوە، شێخبەختەوەر بوو، بەبێدەنگی گووتی: موراد منم من...وەرە ژورەوە. هەردووکیان وەك بە چیایەکی

بڵندا سەركەوتبێتن هەناسە بڕكێیان پێكەوتبوو. موراد بە زۆر خۆی هێنایە قسەو گووتی: من ئەوسەری دونیا بە شوێنتا دەگەڕێم، كەچی لەپەنا خۆمدایت. چۆن گەیشتیتە ئێرە؟

ڕوخساری شێخبەختەوەر خەمو پەشۆكاوی پێوەدیاربوو، بە موورادی گووت: ئەوە تۆ لەكوێیت؟ دەرگای حەوشەو ژورت بە كراوەیی بەجێهێشتبوو.

موراد گووتی: واز لەدەرگاو ماڵ بێنە، بۆم بگێڕەوە چی ڕویداوە؟

شێخبەختەوەر گووتی؟: چیت بۆ بگێڕمەوە؟ حیكایەتی مێش. . . بۆچی هیچت نەبیستووە؟

موارد گووتی: چی ببیستم؟ لەدەمی كێوە شت ببیستم؟ بۆچی ئەمانە كەس هیچیان لێدەبیستێت. هەر ئەوەندەمان بیست ئەمشەو كەسێكی ئاژاوە گێڕ بەزمانی خۆی دان بەتاوانەكانیدا دەنێت.

شێخبەختەوەر گووتی: ئێستا وەختی گێرانەوەی هیچ شتێك نییە، خێراكە با بڕۆین‌و لێرە دووركەوینەوە. تاكو بۆ ئێرەش نەهاتوون.

موراد بە سەرسامیەوە گووتی: بۆكوێ بڕۆین؟

گووتی: بۆ هەر جێگایەك...گرنگ ئەوەیە دوور كەوینەوە.

موراد چیتر پرسیاری نەكرد. حاڵیبوو دەبێت بڕۆن‌و دوور بكەونەوە، بەڵام نەیپرسی "بۆچی منیش". ڕەنگە نەیویستبێت خۆی لە شێخبەختەوەر جیابكاتەوە. موراد گووتی: باشە بۆكوێ بچین؟خۆ دەبێت بیر لە جێگایەك بكەینەوە.

شێخبەختەوەر گووتی: بۆ هەر شوێنێك بچین، دواجار دەبێت ڕوو لە مەملەكەتی مێش هەنگ بكەین.

موراد دوور لە ئیرادەی خۆی گووتی: هەر ئەو مەملەكەتەیە وەك دایك ئامێزمان بۆ دەكاتەوەو لە زوڵمەت ڕزگارمان دەكات. شێخبەختەوەر بەسەرسامییەوە تەماشای موورادی كردوگووتی: چیت گووت؟

موراد گووتی: هیچ...لاشعوری ڕستەیەك هات بە مێشكمدا. نازانم چیم گووت، زوو بیرم چووەوە.

شێخبەختەوەر گووتی: زۆر گرنگە ڕاستیم پێبڵێیت، ئێستا ڕستەیەكت گووت، دووبارەی كەرەوە...! ڕەنگە بۆ تۆ ئاسایی بێت، بەڵام بۆمن ڕستەیەكی زۆر ئەفسوناوییە.

موراد هەستی كرد شێخبەختەوەر بە جدی قسەی لەگەڵدا دەكات‌و مەبەستی گرنگی هەیە، گووتی: یاشێخ گیان كەی من گاڵتەم لەگەڵ تۆدا كردووە، بڕوام پێبكە نازانم چیم گووتووە، ڕەنگە هیچم نەگووتبێت. ئەگەر شتێكم گووتووە تۆ بیرت ماوە، بۆم بڵێرەوە تاكو بیرمكەوێتەوە.

شێخبەختەوەر بە ماناوە گووتی: بیڵێمەوە...!ئەم بابەتەش بۆ كاتی خۆی هەڵدەگرین.
موراد گووتی: ئێستا من ئامادەم، دەمەوێت بزانم بۆ كوێ بڕۆین؟ ڕەنگە برادەرانیش پەیدا ببن. بڕیارە ئەم ئێوارەیە لێرە كۆببینەوە. لەو كاتەدا لە دەرگا درا. هیوا چاوگەورەبوو، دۆستێكی دێرینی خۆیان بوو. ئەویش بە بینی شێخبەختەوەر سەرسام بوو. ڕوویكردە مورادو گووتی: چەند ڕۆژە ئێمەت نیگەرانو شپرزە كردووە شێخیش لێرەیە، ئەم كۆبوونەوەیە بۆ ئەمە بوو؟
موراد بە بێدەنگی گووتی: برادەرگیان وانییە، ئێستا ئێمە زۆر بە پەلەین دەبێت لێرە بڕۆینو سبەی بەیانیش زوو لە شار دەربچین. دوایی خۆت هەموو شتێكت بۆ دەردەكەوێت.
هیوا زوو لە قسەكانی موراد حاڵیبوو، گووتی: زۆر باشە، ئەگەر جێگایەكیشتان دیاری نەكردووە، دەتوانن ئێستا بە ئۆتۆمۆبیلەكەی خۆم بچین بۆ ماڵی خۆمان. چەند ئارەزوتان بوو لەوێ بمێننەوە.
هەردووكیان ڕازیبوون شەو لەماڵی هیوا چاو گەورە بمێننەوە تاكو سبەی بەیانی. موراد لەسەر پارچە كاغەزێك بۆ برادەكانی نوسی كە لە ماڵەوەنابێت، بەدەرگای حەوشەكەدا هەڵیواسی.
ئەو ڕۆژەی شێخبەختەوەر هەڵهات خۆی گەیاندە ماڵی موراد، لەبەختی ئەو موراد دەرگای حەوشەو ژورەكانی بە كراوەیی بەجێهێشتبوو. هەڵهاتنی شێخبەختەوەریان ئاشكرانەكرد لەبەر ناسكی بارودۆخەكە، دڵنیاشبوو هەر دەیدۆزنەوە، بەڵام نەیان دۆزییەوە، . كاتێكیش هەڵهاتنی شێخبەختەوەر ئاشكرابوو، ئەو دوو ڕۆژ بوو لە مەملەكەتی مێش هەنگ بوو.
شەو لەماڵی هیوا مانەوە. بەیانی زووش بە ماشێنەكەی خۆی لەناو شار دەریكردنو تاكو ئەو شوێنەی كە ماشێنی بۆ دەچوو گەیاندنی. ئەوشەوە هەموو ڕوداوەكانی بۆ گێڕانەوە تاكو ئەو كاتەی هەڵهاتو ڕووی لەماڵی موراد كردبوو.
هەڵهاتنی شێخبەختەوەر ئاسایی نەبوو، بەرەی ژێر پێی دەستەی حوكڕانی هەڵتەكاندو هەموو نهێنیەكان دەركەوتن. خۆشیان نەیاندەزانی چۆن باس لە هەڵهاتنی بكەن. لە هەندێك حاڵەتدا پەشیمان بوون لە وەی كە ڕویدا، دەربازبونیشی بوو بە پەڵەیەكی شەرمەزاری بە تەوێڵیانەوە. ناچار بوون بە كەسێكی خیانەتكارو كودەتا چی ناوی بهێنن. سەریان لە ڕۆشتنی سوڕمابوو. ئەم ماوەیە دووكەسی بەناوبانگی هەرێمەكە لە دەستیان هەڵهات. دەیانگووت: ئەمانە جنۆكەن، مەعقول نییە كەس نازانێت بۆ كوێ چوون.
كاتێك مورادو شێخبەختەوەر گەشتنە مەملەكەتی مێش هەنگ، كوڕی دایەو وەستا كاوە چاوەڕوانی هاتنی ئەوان نەبوون. سەردانێكی كتوپڕ بوو. شێخبەختەوە زۆر

شكستوماندوو دیاربوو، پێدەچوو ئەو چەند ڕۆژەی پێشو نەخەوتبێت. شانی دایاو دەستبەجێ خەوی لێكەوت.ئەوانیش هیچیان لێنەپرسی، هەستیان بە ماندوبوونی دەكرد. ئەو شەوە موراد هەرچییەكی سەبارەت بە شێخبەختەوەر لەزاریخۆیەوەبیستبوو، بە پەلە بۆ كوڕیدایەو وەستا كاوەی گێڕایەوە.
مواردیش ماوندوبوو، لەماندوبوون زیاتر پەرێشانی لای فریشەبوو. لایتە بچكۆلانەكەی گیرفانی دەرهێنا، داوای مۆڵەتی لێكردن كە بەجێیاندەهێڵێت. بەرەو لای فریشت بە قەد پاڵی چیاو گردەكاندا كەوتە ڕێ. لە نزیك كەپرەكە فریشتە موڕادی ناسیەوە بە تیشكی لایتەكەدا. بە ئەسپای بانگیلێكرد كە لایتەكە بكوژێنێتەوە نەبا كۆترەكان لەخەو ڕاپەڕن.
موراد گووتی: فریشتە گیان جا گوێم لە دەنگی تۆ بێت ، ئیتر ڕوناكیم بۆچییە.
فریشتە بە نازەوە گووتی: ئای موراد چەندم بیر دەكردیت، ئەوە چۆن بەم شەوە گەیشتیتە ئێرە؟
موارد گووتی: فریشتەكەم...! ئاوایە ڕێگای عاشقان، شەو ڕۆژی بۆ نییە، ئەشێ لە بەختی تۆ هاتبم.
فریشتە هیچیتری نەگووت، ئەو كاتە بەیەكتری گەشتبوون، لەناو ئامێزی یەكتریدا دەم لەناو دەم هەناسەی یەكتریان هەڵدەمژی.
فریشتە لە پشت كەپرەكەوە كوخێكی بچكۆلانەی هەبوو، لەو ڕۆژەوەی كە بە موراد ئاشنابیوەوە، هەمیشە دوو جێگای نەرمونیانی ڕاخستبوو. كەلوپەلەكانی فریشتە هی ئەو كاتەبوون كە كوڕیدایە پەیوەندی لەگەڵ خەڵكی ئەو گوندە بچوكەدا پەیدا كردبوو كە هەنگوینی بۆ دەبردن. هەرچییەكیان پێویست بوایە ئەوان بۆیان پەیدا دەكردن. فریشتە كوخێكی جوانو دڵگیری هەبوو. هەندێك هەنگوینی تایبەتی خواردنی شاژنی هەنگەكانی دانابوو. بریسكە بریسكی ئاگرێكی بچوك لە سوچێكدا هێندەی بڵێت هەمونیم، بە نەرمی دەسوتاو تیشكی كاڵو نەرمو هێمنی بە كوخەكەدا بە ئارامی پەخشدەكرد. وەرز وەرزی عاشقانبوو، لەناو چیاكان بایەكی كەمێك سارد بە هێواشی خۆی دەخزانە پێچو پەناو ناو كەپرو كوخەكان، بەئاستەم لەسەر كوڵەو ڕوخسارسەر قۆڵی ڕووت مێرولەی دەكرد. بالیفێكی گوڵگوڵی نەرمو شل خۆزگەكانیانی لەژێردا بە ئارامی متببوو. موراد زۆر ماندووە، ماندوویەكی خۆش بەختە، بەختی پیاو لە باوەشی ئافرەتی عاشقدایە. كێ وەك فریشتە عاشقە؟ فریشەی عاشقی موراد. ئەمڕۆی موراد وەك دوو لەتی بەهێیەك كە لەیەكتری جودابینەوە. لەتێكیان لەدارەكە بەربووەوەو كەوتە ناو دەستی پایزێكو ئەویش بە ڕزیوی دای بە زستانێكی توڕە. كەرتەكەیتر بە دارەكەوە ماوەتەوە، لەبەردەم بەهارێكی تازەدا هەوای نوێبوونەوەی تەمەن هەڵدەمژێت. موراد ڕاكشاوە بەبێ جوڵە وەك بییەوێت پڕ

بە چیاکان بگری، فریشتە دەڵێت: موراد گیان بۆ غەمباری؟ چۆن دەبێت ئێستا نیگەرانو چاو بە فرمێسك بیت؟ موراد دەڵێت: فریشتە گیان بمبورە، غەمبار نیم مەرج نییە چاوەکانم فرمێسکی نیگەرانیو خەمیان تێدابێت، دەبێت لەشەودا وەك خۆی ئارامبین، هێمنو بێدەنگ بیر لە جەنجاڵی ڕۆژ بکەینەوە، ئای لەو ڕۆژانەی وەك ئەمڕۆ. . . ژیان چەند بە سەختی تێپەڕدەبێت، حەزدەکەیت هەموو ڕۆژگارەکە بە چرکەیەك ببڕێتەوە، حەزناکەم ئەمشەویش هەرگیز کۆتایی پێبێت. فریشتە گیان گەر بشگریم لەخۆشی عەشقی تۆ دەگریم، گەر نیگەرانو چاو بە فرمێسکیشبم، بۆ ئەوڕۆژگارە جوانانە دەگریم کە بە خۆیانەوە ناشیرینیان کرد. من بۆ ئەو لەتە بەهێیەیتر دەگریم کە کەوتە دەستی پایزەوە، ڕەنگە ئێستا لە خۆشیدا بگریم، بەڵام خۆشییەك نابێت خافڵبین لە خەمەکانیلە ئازارەکانی. تۆ نازانیت ئێمە ئەمڕۆ چەندە پەشۆکاوو پەرێشان بووین، کەچی ئێستا زۆر بە پێچەوانەی ئەمڕۆوەبوو، خۆ دووشەو و ڕۆژی بیستو چوار سەعات بوون، دووڕەنگی تابلۆیەكبوون، دوو دیوی دیوارێك بوون، بۆچی هێندە پێچەوانەی یەکتربوون، ئای ئەوانەی نەهامەتی بەرهەم دەهێنن، چەندە خافڵن لە خەمو ئازاری خۆشیەکانتان، ڕەنگە ئێستا زەمەنی ئێوە دیوە ڕوناکەکەی بێت، لە دوای هەموو ڕۆژێك شەودێت، بەڵام شەوی ئێوە ئارامو بێدەنگ نییە وەك ئەم شەوی من. فریشتە گیان زۆر ئاسودەم کە لەگەڵ تۆم.
فریشتە پەنجە بچکۆلانەکەی دەستی لە شیلەی هەنگوینەکە هەڵدەکێشێتو بە موراد دەڵێت: چاوەکانت دابخەو دەمت بکەرەوە. موراد چاوەکانی سەر یەك دەنێتو بە ئاستەم دەمی دەکاتەوە. فریشتە پەنجە بە هەنگوینەکەی دەخاتە دەمی مورادەوە. موراد لە فریشتە دەبێتەوە بە منداڵ، بە دەم پەنجە مژینەوەوە وەختە خەوی لێبکەوێت. فریشتە بە ئەسپای زڵلەیەکی لێدەداو دەڵێت: هەتیوە گەمژەیە مڵچە مڵچی چیتە؟ لێم بوویت بە منداڵی ساوا، ئیتر بەسە چاو نوقاندن...!دەمت دابخەو چاوەکانت بکەرەوە.
موراد وەك لە دونیایەکی تر بێت ئاگای لە فریشتە نەماوە. چاوەکانی ناکاتەوە، یەکەیەکە پەنجەکانی فریشتە وەك گۆی مەمکەکانی دەمژێت. فریشتە دڵی نایەت زڵلەیەکی تری لێبدا، دیارە لەزەتی مژینی پەنجەکانی گەشتووە بە ڕۆحی. کەمێکیتر خۆی لە موراد نزیك دەکاتەوە، سنگی پڕو نەرمی بەسەر دەموچاوی مورادا دەخشێنێت، وەك لەناو باخێکی ئاشنا دابێت بۆنی بە هێکان دەناسێتەوە. بە ئەسپایی پەنجەکانی فریشتە لە دەمی دەردەهێنێتو دەستی دادەگرێت. چاوەکانی هەر ناکاتەوە، وەك بێچوویەکی تازەی چاو نەتروکاو، لێوەکانی دەکات بە چاوو بۆ سەرگوڵی بەهێکان دەگەڕێت. موراد وەك سڵبکاتەوە یاخود شەرم لە شتێك بکات بەدڵیدا نایەت مەمکۆڵە ناسکەکانی فریشتە بژاکێنێت، ماندووەو ناشخەوێت، عاشقەو شەرم دایگرتووە.

موراد سەری لەناو دەستو پەنجە ناسکەکانی فریشتەدا وەختە ئاگر بگرن، ئاگرێك هەموو گیانی هێناوەتە خروشان. موراد هێشتا هەر چاوەکانی نەکردوونەتەوە، وەك یەکەمجاربێت، بەو شەوە پایزە گیانی نیشتۆتە سەر ئارەق. فریشتە دەڵێت: موراد گیان کوخەکەمان زۆر گەرمە، هەموو لە شت ئارەقە تۆش وەك من کراسەکەت فڕێدە. موراد بە ئەسپایی درزێك دەکاتە چاوەکانی، سنگو بەرۆکی فریشتە وەك گڵۆپ داگیرساون، وەختە لەهۆش خۆی بچێت، بۆ ئەوەی ڕۆحی بەیەك جار دەرنەچێت دەچێتە ژێر لێفەکەوە. لەژێر لێفەکەدا گێژەگێژ خەریکی کردنەوەی دوگمەی کراسەکەیەتی. فریشتە دەمێکە جلی لەبەر خۆیدا نەهێشتووە، ئەویش بە پەلە خۆی بە ژێر لێفەکەدا دەکات.
شەوێکی زۆر بێدەنگو ئارامو ئاساییە. کۆترەکان لە خەوێکی شیریندا، ئاسایی وەك شەوانیتر لە هێلانەکانیاندا هەڵنیشتوون. کزەیەکی سارد وەك شەوانیتر ئاسایی لە چیاکانەوە بەرەو خوار دادەگەڕێت. ئەستێرەکان بە جریوەجریو ئاسایی یەکتری دەدوێنن. فریشتەو مورادیش ئاسایی وەك هەموو دوو عاشقێکیتر لەیەکتری ئاڵابوون. ئیتر ئەو دەمەبوو کە هەموو جوانیو خۆشیەکان لەوێدا چڕببوونەوە.

24

## زەعیم هەستیار

مانگرتنی نانەواکان درێژەی کێشا، دوکانەکانیان تەنها دەمەو ئێواران بۆ تاوڵەو دۆمینەکردن دەیانکردەوە. کەس نەیدەگووت ئەو دوکانانە ڕۆژگارێك نانیان تێدا دروستکراوە، نەبۆنی نانێکی برژاو دەهات، نە تۆزی ئاردیش دەبینرا. مشکەکانیش باریان کردبوو. کێشەی نانەواکان چارەسەر نەکرابوو. لەدەزگایەکی حوکمی پەیوەندیدار بە نانەواکانیان گووتبوو" ئیشدەکەن باشە، نایکەن قیروسیا خۆتان زەرەر دەکەن". نانەواکان ناهەقیان نەبوو کە ئیشیان نەدەکرد، ڕەنجو ماندوبوونیان بە خۆڕایی دەڕۆشت. ئەوەی کە دەستیان دەکەوەت بای خەرجی کرێنی سوتەمەنی بوو بۆ کارەکەیان. بەڵام بەداخەوە کێشەکان بەئاستی خۆی خەمی بۆ نەدەخورا، وەك دەستەی حوکمڕانی دەربەست نەبوون، خەڵكو خاوەنهاوپیشەکانیش نە ڕێزی داواکاریو مانگرتنەکەی خۆیان دەگرت، نە خۆشەویستیان بۆ یەکتریو بۆ ژیانو بۆ کارەکەشیان هەبوو. زۆر نانەوخانە بە پارەی زیاد ئیشیان بۆ ماڵە دەوڵەمەندەکان دەکرد. خۆشەویستی بەو مانا گەورەیەوە نرخی نەبوو، ئیشی پێنەدەکرا. کەس کەسی خۆشنەدەویست، کەس کارەکەی خۆی خۆشنەدەویست، کەس نیشتیمانەکەی خۆشنەدەویست. هەندێك کەس داخی دڵیان دەکرد بە تفێكو بەرەوڕووی ئاسمان هەڵیاندەدا، دەیانگووت" کەی ئەمە مەملەکەتە، چۆڕێك ئاوی تیا نییە، بەسەردانیش بەحرێك گوزەری پێدا ناکات". ئەوانە خۆشەویستیان بۆ نیشتیمانەکەیان نەبوو، تفیان لە ئاسمانی سافو پڕ ئەستێرەکانی دەکرد، نەیاندەزانی ئەو وڵاتانەی کە پڕن لە دەریای زەبەلاح ئاسمانیان نییە، ئاسمانیان وەك ئاسمانەکەی ئێمە شینو سافو هێمنو پڕ لە ئەستێرە نییە. بەهاریان نییە، گوڵەکان تەنها ڕەنگن، وەك ڕەنگی گوڵی سەر تابلۆکان بەبێ بۆنن. زۆر کەس ئەو ڕۆژگارە پڕ مەرگەساتەیان دەکرد بە پەتو لە ملی سەبەبکارانیان دەئاڵاند، کەچی بەردەم دەرگای شاری سەردەمو سەرشوراکانی بەڕیز زومرەی چەکدار لە خەڵکی هەرێمە کە بۆ پاسەوانانی دەستەی حوکمڕانی لە حاڵەتی ئامادەباشیدا ڕاوەستابوون. هەندێك لە نانەواکانیش خۆیان گەیاندە چێشتخانەو نانەواخانەکانی ناو شاری سەردەم بۆ ئیشکردن. نانەواکانی ناو شاریش وردە وردە لەگەڵ بارودۆخە ئاڵۆزەکەدا خۆیان گونجانو دەستیان بە ئیشو کار کردەوە، بەڵام نرخی نانێك دوو هێندەی نرخی جارانی بوو، ئیشو کارەکانی تریش بەو جۆرە، ئیتر گرانی ڵانسی خۆی وەرگرتبوو، ڕۆژی هەزارەها دەستکورتو نەداری دەشێلا. تاکە پەنا لەو ڕۆژگارە سامناکەدا لەژێر شێلانی ڕەوڕەوەی نەسرەوتی گرانی خەڵکی

دەپاراست، خزمەتکردنی شاری سەردەمبوو، پاراستنی شاری سەردەم بوو. لەسەر دەرگا گەورەکەی شاری سەردەم بەرەنگێکی تایبەت کە ئاوێتەی رەنگی زەردو سەوز بوو، نوسرابوو" بمپارێزە، تاکو منیش بتپارێزم"
لەو سەردەمە قاتو قڕییەدا ئاسایش پلەیەکی تایبەت بە خۆی هەبوو، هەر لە پاڵەوە موچەکەی دوو ئەوەندەی دەسکەوتی کرێکارێکی بەرد کێش بوو، دەسکەوتی شۆفێرێکی نەگبەت بوو. ناوی شۆفێرمان برد، پاسەکانمان بەبیر هاتەوە. شۆفێری پاسەکانیش دەستیان لەکار هەڵگرت، پاسە ماندووەکانیان لەبەردەم خانووە قوڕەکانیان ڕاگرت. تۆفیق پۆلۆنی لەبەردەم ماڵەکەی خۆیدا قسەی بۆ دراوسێکانی دەکرد. تۆفیق هەمیشە جگەرەیەکی بەلێوەوە بووقسەشی دەکرد. دەیگووت: تاکو من مابم بەم شێوەیە ئیش ناکەم. ددانەکانی پێشەوەی بە دوکەڵی جگەرە ڕەش داگەڕابوو، ناو پەنجەکانی زەرد ببوون. هەر کەسێکیش لەناو پاسەکەی ئەودابوایە دوکەڵی جگەرە هەناسەی لێدەبڕی. چەند جار پێیان گووتبوو" تۆفیق دان بەخۆتدا بگرە، تاکو ئێمە دادەبەزین جگەرە مەکێشە، پاسەکە خۆی لە خۆیدا نییە، خڕو بچوکو تەسکو تەنگ". تۆفیق بە هیچ پەست نەدەبوو ئەوەندەی تانە لە پاسەکەی بدەن. دەیگووت: لەم پاسەی من باشترت دەسدەکەوێت فەرموو دابەزە ، دەستم نەگرتوویت، چیم دەدەیتێ؟ لە دینارێکی قەڵب زیاتر هەیە؟
تۆفیق پۆلۆنی قسەی بۆ دراوسێکانی دەکردو دەیگووت: ئەم حوکمەتەی ئێمە زۆر عەجاییبە، چاك دەزانێت پارەی بەنزینەکە دەرناهێنینەوە کەچی چارەیەکمان بۆ نادۆزێتەوە. کاکە گیان بەنزین ئەوەندە گرانە بەو پارەیەیە مایەکەی خۆیشی دەرناهێنێتەوە. ئەو ڕۆژە بە نەفەرەکانم گووت، سەرو دوودینار کۆبکەنەوە بەنزین گران بووە ناچارین ئێمەش کرێ گران بکەین. من نەمزانی ئاسایشێك لە ناو نەفەرەکاندا بوو، وەك سەگ لە قاچم ئاڵا، تاکو نەیبردم بۆ ئاسایش وازی لێنەهێنام، ویستیان پاسەکەم وەك بارمتە گل بدەوەنەوە، کوڕێکی لێبوو گووتی: چی لەو پاسە شڕە دەکەن، پاسەکە بابڕوا خۆی گلبدەنەوە. من وامدەزانی پشگیریم دەکات، خۆزگە جنێوی بەخۆم بدایە بە خراپە باسی پاسەکەی نەکردایە، ئێستاش دڵم دێشێت بە قسەی ئەو هەتیوە خوێرییە. لەبەختی من کوڕێك هاتە ژورەوە بە گەرمی سڵاوی لێکردم، ئەو دەیناسیم گووتی: کاك تۆفیق خێرە لێرەیت؟ بەسەرهاتی خۆم بۆ گێڕایەوە، باش بوو بە هۆی ئەو کوڕەوە ئازادیان کردم، بەڵام کاغەزێکیان پێ ئیمزا کردم کە جارێکیتر شتی وانەکەم، وەك جاسوسیم کردبێت. لەدوایدا سوپاسی کوڕەکەم کردو گووتم: من ناتناسم، تۆ کێیت؟ گووتی: من کوڕی غەریبی دارتاشم، لەکۆلانەکەی ئەودیو خۆتانین. کوڕی غەریبە قونگ بۆگەن بوو، من نەمناسیەوە.

تۆفیق بەردەوام بوو لە قسەکردن‌و گووتی: لەو ڕۆژەوە پاسەکەم لەسەر ئەو چوار بلۆکە داناوە، بڕیارمداوە تاکو مابم ئیش ناکەم بەو پارەیە. شەفیقی خێزانی لە ناو حەوشەکەدا گوێی لە قسەکانی تۆفیقی مێردی بوو. بەدەم پانکردنەوە گووتی: هەی نەگبەت...! ئیش ناکەیت خۆت زەرەر دەکەیت، حاڵی ماڵ‌و منداڵت جوانە. لەو ڕۆژەوە تۆ ئیش‌ناکەیەت دەڵێن" حاکم پاشا پەکیکەوتووە".

تۆفیق جگەرەکەی لا لێوی تەنها فلتەرەکەی پێوەمابوو، بەفوویەك فڕێیداو خێرا جگەرەیەکی تری بە لێوەوە گرت‌و ئاوڕێکی بۆ ناو حەوشەکە دایەوەو گووتی: ژنەکە نازانم بۆچی تێناگەیت؟ سەد جارم پێگووتیت بەو پارەیە دەری ناهێنێت‌و زەرەرمانە، ئیتر خۆم بۆکێ ماندوو بکەم؟ یان هەر دەتەوێت لەبەر چاوت نەبم.

تۆفیق ئەو ڕۆژە قسەی هاتبوو، بواری کەسی نەدەدا، دڵی پڕبوو. گووتی: بەخوا خەڵکێکی سەیرو عەجایبین. هەموومان کوڕی یەك میلەتین، کەچی بەدەست پیاوانی ئاسایشەوە گیرمان خواردووە. لەم دیمەنە سەیرتر ئەوانیش سەردەمێك بوو بەدەست ئاسایشی تروە زەلیل‌و داماو بوون، ئەرێ ئەم خەڵکە کەی دەرس وەردەگرن‌و ئاقڵ‌دەبن؟ تۆفیق فیشەی لە جگەرەکە دەداو دەیگووت: بەخوا لەم نهێنییە تێناگەم، پێویستمان بە شۆڕشێکی تر هەیە.

لەدووڕا دەنگی هەراو هوریا پەیدا بوو، دەنگی هاواری خەڵك دەگەیشتە ناو کۆلانەکان. منداڵەکان پێش هەموویان بەرەو ئاراستەی هاوار هاوارەکە ڕایانکرد. تۆفیق گووتی: ئەرە بەخوا. . . دیسان خۆپیشاندانە.

تیشکی هەتاو بە ئاستەم لێوی بۆ ماچ گەیاندبووە لوتکەی چیاکان کە شێخ‌بەختەوەر لەخەو ڕاپەڕی. وەستا کاوە لەسەر جێگاکەی خۆی دانیشتبوو، پێش ئەوان بەئاگا هاتبوو. هەستی بە داچڵەکاندنی شێخ‌بەختەوەر کرد. بە ئەسپایی بەیانی باشی لێکردو گووتی: بێگومان خەوت دەبینی؟

شێخ‌بەختەوەربەدەم باوێشکەوە گووتی: دوێنێ ئێوارە باش خەوتم، شەو درەنگ خەبەرم بووەوە ماوەیەك لەناو جێگاکەدا بووم، خەوم لێنەدەکەوتەوە. ئێستاش ڕاستبوو خەوم دەبینی، بەڵام خەوێکی زۆر ترسناك نەبوو، خەوێکی ئەفسوناوی بوو. کابرایەك بە دارێکەوە بەسەر سەرمەوە ڕاوەستابوو، دەیگووت: چیت گووت پێم بڵێ؟ ئەو جێگایە کوێیە وەك دایك ئامێزی گرتۆتەوە؟منێش بیرمنەدەهات شتێکم گووتبێت، دەمگووت: نازانم هیچم نەگووتووە. دارەکەی لەسەرم توند کردبوو، لە ئازاری دارەکە داچڵەکیم.

پێش ئەوەی بۆ ئێرەش بێین موراد لەماڵی خۆیان هەمان ڕستەی گووت، هەر ئەو ڕستەیەش بوو لە کۆبوونەوەکە منیان پێ تاوانبار کرد. موارد دەیگووت: ئاگادار نیم

هیچم گووتبێت. لەسەرەتادا وام دەزانی موراد گاڵتەم لەگەڵدا دەکات، بەڵام بە دیقەت تەماشای ناو چاوەکانیم کرد، جگە لە ڕاستی هیچیترم تێدا نەبینی.
وەستا کاوە بەسەرهاتی زەعیم هەستیاری بۆ شێخبەختەوەر گێڕایەوە.
شێخبەختەوەر گووتی: ئەوە دەزانین کە ئەو پیاوە هەستێکی قوڵترو بە هێزتری هەبووە کە دوور لە توانای ئیرادەی خۆیبوون. ئەو هەستی بە بوونی شارێك کردووە، بەڵام نەیبینیبوو. ڕۆژانەش ئەو ڕستەیەی بە ئاشکرا گوتووە. بەڵام ئێمە شارێکی لەو جۆرەمان بینیوە، لاشعوری باسی دەکەین کە خۆمان هەستی پێناکەین، بیرمان ناکەوێتەوە کە ڕستەیەکی وامان گووتبێت. ئەمەیە کە دەڵێم ڕستەیەکی ئەفسوناوییە، هەست بە نهێنییەکی گەورە دەکەم.
تیشکی خۆر وردە وردە لە لوتکەوە بەرەو دامێن داکشابوو. کاتێك موراد هات بۆلایان ئەمان لەنان خواردنی بەیانی تەواو ببوون. شێخبەختەوەر هێشتا کوپێك چا لەناو دەستەکانیدا بوو، پێدەچوو دەستەکانی سەرمایان بێتو بە کوپەکە گەرمیان کاتەوە. هەموویان بێدەنگ بوون، وەك چاوەڕوانی شێخبەختەوەربن چاکەی بخواتەوەو سەبارەت بە بەسەرهاتی خۆی قسەیان بۆ بکات، ئەویش هەستی بە نهێنی ئەو بێدەنگییە کرد. گووتی: کوڕینە ڕەنگە چاوەڕوانی من بکەن؟پێش هەموو شتێك دەڵێم بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەبێت، چونکە کۆبوونەوەکان بە ئاراستەی چارەسەرکردندا ناڕوات ئەوەندەی باس لە مانەوەی خۆیان دەکەن. پرۆسەی گۆڕانکاری زۆر زەحمەتە ئەنجامبدرێت. پێیانوایە تەنها خۆیان شت دەزانن. کەسیشیان دان بە ڕاستی ڕوداوەکاندا نانێن. کاتێك باس لە چارەسەرکردنی کێشەیەك دەکرێت، هەرکەسێك لە بەرژەوەنی خۆی پێشنیارێك دەخاتە ڕوو. حاکم پاشاش یەك ڕستەی دەگووت؛ ئێمە دەبێت بە وەفابین بەرامبەر بە هاوڕێکانی خۆمان". ڕستەیەکی زۆر بێمانابوو، هەر خۆیان هاوڕێی خۆیان بوون، مانای خۆیان بەوەفابن بۆ یەکتری، چاوپۆشی لە هەڵەی یەکتری بکەن. قسەکانی حاکم پاشا زۆر گەرمو گوڕ بوو، وزەی پێدەبەخشین. لەسەر کورسییەکان دەکەوتنە جوڵەجوڵ وەك خۆشی بە ڕۆحیاندا تێپەڕێت. گرانی هەرێمیان دەگەڕانەوە بۆ ئەو قەیرانە ئابورییەی کە جیهانی تێکەوتووە. شاری سەردەم وەك چقڵ وابوو لە چاوی خەڵکی هەرێمەکەدا ، ئەوان بە دەسکەوتێکی مەزنو پیرۆز باسیان لێوەدەکرد. کۆبوونەوەیەکی توڕەهات بوو. هەرچی باسی چارەسەرو گۆڕانکاریو چاکسازییە نەدەکرا. زۆر بێئارام ببووم، ئیتر نەمتوانی زیاتر چاوەڕوان بکەمو بێدەنگ ببم. بەدەنگێکی بەرز سەرنجی هەموویانم بۆلای خۆم ڕاکێشاو گووتم:برادەرینە ئێمە بۆ چارەسەرکردنی کێشەو گیروگرفتەکان کۆبووینەتەوە، دەبێت لەدوای کۆبوونەوەکە وەڵامێکی دڵخۆشکەرمان پێبێت. گەر ئاراستەی قسەو باسو بیرو بۆچوونمان بەم شێوەیە بڕوات بڵاوەی

لێبکەین باشترە لەوەی نە خۆمانو نە ئەو خەڵکەش چەواشەبکەین. ئەوەش بزانن ڕەزاو ڕوخسارمان ڕەشو گران بووەو خۆمان هەستی پێناکەین، با هەوڵبدەین لەوە زیاتر خۆمان ناشیرین نەکەین، هەر نەبێت وەفامان بۆ ڕۆژانی ڕابردوی خۆمان هەبێت.
زۆربەی کات نیگام لەسەر حاکم پاشا بوو، هێدیهێدی ڕوخساری تووڕەیی دەنواندو ناوچەوانی گرژدەبوو، دیاربوو پەلەیبوو زوو قسەکانم تەواو بکەم.
گووتی: باشە چی بکەین ڕەزامان سوك بێت؟ بەبێزاریو تەوسەوە ئەم قسەیەی کرد.
گووتم:هەموو کێشەو گرفتو نەهامەتیەکان بخەینە بەر لێکدانەوەیەکی وردو زانستی، ئەگەر دانمان بە ڕاستی هەڵەکاندا هێنا، دڵنیام چارەسەر کردنیان زۆر ئاسان دەبێت، بەڵام خۆمان لە ڕاستییەکان بشارینەوە هەرگیز ناگەین بە چارەسەرکردنیان. دەبێت ڕاستگۆ بین، هەر نەبێت لەگەڵ خۆماندا، ئێستا هەموومان هەر خۆمانیین"دەستەی حوکمڕان". نەهامەتیەکان لەداوێنی ئێمەوە بەسەر خەڵکی هەرێمەکەدا دادەبارێت. دەبێت دان بەم ڕاستییەدا بنێین، ئەگەرنا زۆر سەختە چارەسەرکردنی کێشەکان. ئێمە ئەگەر ئەم ڕاستییە پشت گوێ بخەین، ئیتر چۆن چارەسەری نەهامەتیەکان دەکەین؟ ئەوسا سەرقاڵی هەندێك بابەتی تر دەبین کە تەنها کات بە فیڕۆدەبەینو خەڵکی هەرێمەکەش لە خۆمان دەکەین. دۆزینەوەی کێشەکان بەتەنها بەس نییە، لەو گرنگتر دۆزینەوەی هۆکارەکانە. ئەگەر نەهامەتی سەر ئەوخەڵکە لە داوێنی ئێمەوە بتکێت، کەواتە ئێمەین کە نەهامەتیەکان دەخولقێنین. شاری سەردەم نمونەی گەورەترین نەهامەتیەکانی خەڵکی ئەم هەرێمەیە، وەك هەژدیهای حەوت سەر وایە، بەهیچ تێر ناخوات. کەی ئەمە ئەو شارەیە کە ئێمە مژدەی دروستکردنیمان بە خەڵکەکەدا. ئەمە دەعبایەکە بەشی هەموو هەرێمەکە دەخوات. ئەمە ڕستییەکە دەبێت بگووترێت. دەبێت لەوە باشحاڵیبین ئیتر ئێمە گونجاوی شوێنەکانمانینین، ڕۆژگاری حوکمڕانیمان ئیسپاتی ئەو ڕاستییە دەکات، ڕەگە سەردەمێك زۆرمان پێبووبێت، بەڵام ئێستا زەمانێکیترە کە ئێمە خاڵین لە بابەتە نوێکان، ئەمڕۆ جۆرێکیتر ژیان گوزەردەکات حوکمی ئێمەی پێقبوڵنییە، ئەمە ڕاستییە ئیتر دەتوانین چی لە ڕاستی بکەین، جگە لەوەی دەبێت مل کەچی بین، خۆناکرێت ڕاستییەکان چەوت کەین وەك ئەوەی تاکو ئێستا کردوومانە. چاکتر وایە لە پرۆسەیەکی زانستی سەردەمیانەدا هێدیهێدی کورسیەکانی خۆمان جێبهێڵین، دەنا بە پاڵێك فڕێمان دەدەنە دەرەوە. با حورمەتی ڕابردوی خۆمان بگرین.
حاکم پاشا دوو جار چەکوشەکەی بە ئەسپای بە مێزەکەدا کێشا. مانای وایە ئیتر بێدەنگبم. بوغزو توڕەیی لەناو چاوەکانی دەهاتنە دەرەوە. پێش ئەوەی هیچ بڵێت، لێوەکانی دەگەست. شەبقەکەی بە هێواشی داگرتو بە هێواشی دەستی بە سەریدا

هێناو گووتی: ئێمە بۆکێ دەگەڕێینو کێ خۆیمان پیشاندەدات... ئەم بەزمەیان خۆشە. ئەوە چەند وەختە لەکوێیت؟ دۆستی ئازیز.
گووتم: هەر لێرە بووم، قوربان
گووتی: خۆت گێل مەکە...! دەزانم لێرە بوویت، خۆت نالێم ڕۆحت دەڵێم، مێشکت دەڵێم.
گووتم: قوربان ڕۆحیشم هەر لێرەبوو، مێشکیشم لەلای خەمی ئەو خەڵکەو ئابڕوی خۆمان. ئێمە دەبێت ئەم کورسیانە چۆڵ بکەین، نابایێت هەروا بێبەها لەم کورسیانە بڕوانین، ئەو قاچانە تەختەنین، ئێسکی شەهیدەکانن بوون بە قاچی کورسییەکانو ئێمە لەسەری دانیشتووینو حوکم دەکەین. کەسیان بۆخۆشی ئێمە شەهید نەبوون، کەسیان خوێنی خۆیان لە بەر خاتری حوکمڕانی ئێمە نەڕشت. لەپێناوی بەرژەوەندیو ڕزگارکردنی خەڵکی هەرێمەکە لە زوڵمەت گیانی خۆیان بەخشکرد. خۆ دەبێت ڕێگا بەخەڵکیتریش بدەین بەشداری لە حوکمڕانی هەرێمەکەدا بکەن، لەوەش خراپتر وەك میراتی بۆ منداڵەکانی بە جێدەهێڵین.
هۆڵەکە زۆر بێدەنگ بوو، جگە لە شاتەشاتی من دەنگیتر نەدەهات. من خۆم هەستم بەشاتەشاتی خۆم نەدەکرد، حاکم پاشا بە نەڕەیەك گووتی" شاتە شات، ئیتر بیبڕەرەوە". جا بۆچی ناچیتە ناو بازاڕو هەرچیو پەرچی دوای خۆت بخەیتو بیانکەیت بە گژماندا.
من چاوەڕوانی ئەو هەڵچوونەم نەدەکرد، ئاڕستەی کۆبوونەوەکە گۆڕا، گۆڕانێکی زۆر پێچەوانە، وەك پێشتر هەرگیز دۆستو ئاشنای یەکتری نەبوو‌بێتین، ڕقو بوغزو هەڕەشە دادەباری.
گووتم: من کەس بەگژی ئێوەدا ناکەم. دیارە ناتانەوێت حاڵیبن، ئەگەرنا من هەوڵی یەکخستنی تەبایی خەڵكو حوکمەت دەدەم. من دەمەوێت ئەو خەڵکەمان لێنەڕەنجێت نەك خەڵکی هەرێمەکەیخۆمان بە گژ ئێوەدا بکەم. ئەگەر ئێمە خۆمان بە خزمەتکارو کوڕی میلەت بزانین، دەبێت ئەم کورسیانەش بۆ خەڵکیتر چۆڵبکەین. دەبێت واز لەوە بهێنین کە باوکی میلەتین، دەبێت هەمیشە خۆمان بە کوڕی میلەت بزانین.
زۆربەیان بە قسەکانم بێزارو سەغلەتبوون، بەتایبەتی کە گووتم" دەبێت خۆمان بە کوڕی میلەت بزانین". لە مێژوە ئەم وشەیە گوتنی ترسناك بوو. زۆرسەرسام بووم کە هیچ کەسێك بە وشەیەکیش پشتگیری لێنەکردم، بە پێچەوانەوە، گووتیان: ئێمە سنگو هەناومان قەڵغانی ڕۆحمان بووکەماوینەتەوە، ئێستاش بە ئاسانی ئەو کورسیانە چوڵناکەین، داموو دەزگای حوکمەت بە ڕەلا ناکەین. ئەوانەی باش حاڵیش نابن لوتکەی چیاکان بەبەرزی ماوەتەوە، بابچن چیاکانمان لێبگرن.

من زۆر نیگەران بووم كە ڕەوشی كۆبوونەوەكە تێكچوو، چونكە لە بەرژەوەندی پرۆسەكەی ئێمە نەبوو. هەوڵمدا بارودۆخی كۆبوونەوەكە ئاسایی بكەمەوە، بە ئارامی گووتم:ئەم كۆبوونەوەیە نەبوونی باشتربوو، چونكە جارێكتیتریش دەكەوینەوە بەردیدەی نارەزایونائومێدی خەڵك. ئێستاشكاتمان زۆر بەدەستەوە ماوە كە هەوڵی چارەسەر كردن بدەین نەك كێشەكان زیاتر ئاڵۆز بكەین. لەناكاو هەستم بە حاڵەتێكی نائاسایكرد، گوێم لە قسەكانی خۆم بوو كە گووتم، فەخر بە پێگەو دەسەڵاتی خۆتانەوە مەكەن، خەڵك مەنێرن بۆ چیا دوورو بەرزەكان، ئەم میلەتە ماندووە، بە ناچاری توشی شۆڕشێكیتری مەكەن. هەستم بەبەردەوامی قسەكانی خۆم دەكرد، بەڵام لە كۆتایدا گوێم لە هیچ نەبوو، وەك بەدەم خەوەوە قسەم كردبێت، بیری هیچ لە وشەكانی كۆتایم نەمابوو.

هۆڵی كۆبونەوەكە تێكچوو، بووبە دەنگەدەنگو هەرا، بەڕاستی من حاڵینەبووم، ئەوە چیبوو لە پڕ ڕویدا؟ حاكم پاشا بە توندی چەكوشە تەختەكەی لەمێزەكە سرەواند. هۆڵ وەك ماستی مەیوی بەسەردا بكرێت، ورتە لەكەسەوە نەهات. لەسەرو چاویلكەكانی بە بزەیەكی مانادارەوە تەماشای كردمو گووتی:ئەوە چیت گووت؟ ئادەی ئادەی قسەكەت تەواو بكە...! بزانین ئەو شارە كوێیە ڕووی لە خەڵكو پشتی لە ئێمەیە؟ تۆ شت زۆر دەزانیتو كەمی دەردەخەیت.

من هیچم بەبیردا نەدەهات كە نهێنی بێت، ئەوانیش پرسیاری جۆراو جۆریان دەكرد كەمێك باریدەرونم نائارام بوو. ئەم حاڵەتە بۆمن باشنەبوو، واتیگەشتبوون لە قسەكانی خۆم پەشیمان بوومەتەوە. ئاراستەی كۆبوونەوەكە گۆڕا بۆ هۆڵی مەحكەمەو لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەكردم. ئەو ڕۆژە كۆبوونەوەكە كۆتایی پێهات. هەر كەس چووەوە بۆماڵی خۆی . هەموومان لە شاری سەردەم دەژیاین. من هەستم بە دیلكردنی خۆم كرد لە ماڵەكەی خۆمدا. بەڵام هەواڵم زانی ڕۆژانی دواتر ئەوان بەردەوام بوون.

سێ ڕۆژ بەو حاڵە مامەوە تاكو مامۆستا شادمان گەڕایەوە. ئەو ڕۆژێك پێش كۆبوونەوەكە بە هۆی ڕوداوێكەوە نەیتوانی ئامادەبێت. كە هات بۆلای من دیاربوو سەبارەت بە ڕوداوی كۆبوونەوەكە ئاگادار كرابووەوە. هەر ئەوانیش ڕایان سپاردبوو كە قسەم لەگەڵدا بكات، بەڵكو نهێنی ئەو ڕستەیە بدركێنم. بە مامۆستا شادمانیشم گووت، هیچم بەبیردا نایەت ، نازانم چیم گووتووە.

مامۆستا شادمان بە ئەسپای گووتی: تۆ بەمنت دەگووت نهێنیەكان بپارێزە، ئێستا خۆت شارێكی نهێنیت دركاندووە. دەزانیت گوتووتە"فەخر بە خۆتانەوە مەكەن، كەس مەنێرن بۆ شاخە دوورەكان. ئەو خەڵكەش بێپەنا نییە، شارێكی شاراوە هەیە وەك دایك ئامێزی گرتۆتەوە ڕۆژێك هەمووومان لەزوڵمەت ڕزگار بكات". ئەوان

دڵنیانین لە بوونی شارێك وەك ئێمە ئاگادارین، بەڵام تۆ شتێکت بە گوێیاندا داوە کە بەئاسانی پشت گوێی نەخەن، ڕەنگە ترسی هەڵگیرساندنی شۆڕشێکی جەماهیری بکەن، ڕۆشتنی وەستا کاوەش بە گرنگ وەردەگرن. ئێستا وای بۆ دەچن کە تۆ پەیوەندیت بە وەستاکاوەوە هەیە، گومانی خراپ لەمن نەکەیت، خۆت نهێنییەکەت درکاندووە، من ئەو کاتە لێرەش نەبوو.
گووتم: زۆرم پێ سەیرە لەسەر قسەیەك وادەکەن. من هەست بە نهێنیەکی تر دەکەم. هەرکەس لە ئێمە بەشداری بەڕێوەبردنی حوکمڕانی ئەم هەرێمەین، کەباس لەکێشەو بابەتەکان دەکەین کە پەیوەستن بە حوکمەتەوە خۆمان دوورە پەرێز دەگرین، وەك بەشداری حوکمڕانیو کێشەکانی نەبین، هەمووومان هەر دەڵێین"ئەوان". نازنم دواجار ئەوان کێنو مەبەستمان لەوانە کێن؟ ئەمە کێشەیەکی گەورەیە دەلالەت لەوە دەکات کەس لەئێمەش ئازاد نییە، ناتوانین بۆچوونی خۆمان دەربڕین، وەك ئەوەی بەسەر من هات.
مامۆستا شادمان گووتی:بۆچوونو لێکدانەوەکانی تۆ ڕاستن، بەڵام ئێستا کاتی ئەم گفتوگۆیە نییە. تۆ دەزانیت من بۆچی هاتووم؟ منیان ناردووە کە چی دەزانیت دەبێت ئاشکرای بکەیت، یاخود هۆکاری سەرنەکەوتنی کۆبوونەوەکان بخەیتە ئەستۆی خۆت. لەسەر تەلەفزوێن قسە بۆ خەڵکی هەرێمەکە بکەیتو دان بە تاوانەکانی خۆتا بنێیت. با ئەوەشت پێبڵێم ئێستا زۆر پەشیمانن ئەوە ڕویدا. دەڵێن ئەگەر ئازادی بکەینو گوێ بە قسەکانی نەدەین دونیامان لێهاندەدات، ئەگەر دەیگرین، خۆمان دەبین بە پەنگ، سەد ڕۆژنامە لەسەرمان دەنوسێت. چەند دەمیان دابخەین ئەوەندەیتر بابەتیان بۆ پەیدا دەکەین. دەیکوژیت، ئەوە هەر نابێت، لە هەموو شتێك خراپترە لەم کاتەدا. نازانین چی لێبکەین؟ بەڵام دوا بڕیاریشیان هەر ئەوەیە لەسەر تەلەفزوێنەکان بە زاری خۆت دان بە هەڵەکانتا بنێیت، یاخود ئەو نهێنییە ئاشکرا بکەیت.
شێخبەختەوەر زۆر نیگەرانبوو، کەچی پێکەنینی بەو بڕیارە دەهات. گووتی: مانای وایە بەزاری خۆم لەلای خەڵکی خۆم ڕیسوابکەم ، بۆچی کەس تاکو ئێستا شتی وای کردووە؟ ئەگەر لە ئایندەدا لەبەرەیەکی دژدا خۆمم بینییەوە، بڵێن ئەوە کابرا درۆزنو دووڕووەکەیە. من هەرگیز بەو بڕیارە قایل نابم.
بە نیگایەکی قوڵو ڕامانەوە تەماشای مامۆستا شادمانی کردو گووتی: لە تۆ تێنەگەشتم، تۆ هەڵوێستت چییە؟ لەگەڵ منداییت یان لەگەڵ ئەوان؟
گووتی: لەگەڵ کەستان، لەگەڵ خۆمدام.
شێخبەختەوەر گووتی:لەگەڵ خۆشت خراپ نییە. کەواتە تۆ پێم بڵێ کە چی بکەم؟

مامۆستا شادمان گووتی: ئەگەر بەگوێی ئەوان بکەیت وەك خۆت گووتت" ڕیسوا دەبیت". بەگوێی خۆشت بکەیت، ڕەنگە زۆر ئاسان ڕزگارت نەبێت، توشی ئازارو زەحمەت دەبیت. کەواتە ڕێگاکەی من هەڵبژێرە.
شێخ گووتی: کام ڕێگا؟
مامۆستا شادمان گووتی: ڕێگای چوون بۆ کەناڵی تەلەفزوێنەکە.
شێخبەبێزاریەوە گووتی: ماڵت ئاوابێت، ناڵێم ئەو بڕیارە مەحاڵە، چۆن خۆم ڕیسوا دەکەم، هەرگیز شتی واناکەم، مەگەربە خواستی خۆم قسەبکەم، هەموو ڕاستییەکان ئاشکرادەکەم ئەگەر چاوپێکەوتنەکە ڕاستەوخۆبوو.
مامۆستاشادمان گووتی: بیر لەوە مەکەرەوە، هەرگیز ڕاستەوخۆ تۆ پیشانادەن، پێشتر قسەت پێدەکەن‌و دواتر پیشاندەدرێت.
شێخبەختەوەر بە نیگەرانیەوە گووتی: کەواتە مەتەڵم لێدامەهێنە، کاتم بە فیڕۆمەدە. چی بکەین؟
مامۆستا شادمان بە جدیتر قسەی کردو گووتی: گوێم باش لێبگرە، ڕێگاکەی من پێمگووتیت ڕزگارت دەکات. تۆ بە بڕیارەکەیان قایل‌ببە، ئیتر پلانی دەرباز بوونت لەسەر من. لەلای حاکم پاشاش دەڵێم، هیچ نهێنییەکی لەلا نییە، تەنها لاشعوری قسەی کردووە ئەگەر شتێکیشی وتبێت. بۆدڵنیایکردنیش ئامادەیە لەکەناڵێکی تەلەفزوێنیشەوە بە پێی فەرمایشتی ئێوە باس لەدەسکەوتەکانی حوکمەت‌و زەروریەتی بوونی شاری سەردەم بکات.بۆ کەناڵەکان بڕۆیت چاکترە تاکو خۆیان تاقمی کامێراو کەلوپەلەکانیان نەهێناوە. شێخبەختەوەر پیلانەکەی مامۆستا شادمانی پەسەند کرد.
شێخبەختەوەر زۆر بەوردی‌و خۆشحاڵیەوە لە مەملەکەتی مێش هەنگ بەسەرهاتی خۆی بۆ کوڕی دایەو وەستا کاوە دەگێڕایەوە. ئەوانیش بێدەنگ گوێیان گرتبوو. موراد هەمیشە لێوی بەبزەبوو تاکو کۆتایی چیرۆکەکە. شێخ لەسەر گێڕانەوەکەی خۆی بەردەوام بوو.
بە ئۆتۆمۆبێلێك بەرەو ناو شار ڕۆشتین بۆ کەناڵی تەلەفزوێن. لەدڵی خۆمدا گووتم ئەگەر هەلومەرجی دەربازبوونم بۆ ڕەخسا دەچم بۆماڵی موراد. دوو کەسی چەکداریان لەگەڵدا ناردم، شۆفێرەکەش هەر چەکدار بوو. من ئاگادار نەبووم کە ئاخۆ مامۆستا شادمان پیلانەکەی خۆی داڕشتووە یاخود هیچی بۆ نەکراوە. تاکو ئێستاش زانیاریم نییە. یەکێك لە کوڕەکان گووتی: توشی ڕۆژگارێکی سەیر بووین، وەك بە پێچەوانەوە بگەڕێینەوە. ئەوەی جاران لەدەستی هەڵدەهاتین ئێستا خۆمان جێگایمانگرتۆتەوە. ئەویتریان گووتی: سەد خۆزگەم بە دکتۆر ئاسۆ و هەموو شەهیدەکانی تریش ئەم ڕۆژگارەیان بە چاوی خۆیان نەبینی. ئەوان منیان دەناسی، منیش ئەوانم بینیبوون‌و نەمبینیبوون.

بۆمن هەلێکی باش بوو قسەی خۆم بکەم، گووتم: هەڵوێست وادەکات کە مرۆڤ خاوەنی بڕیاری خۆی بێت. ئەگەر کەسێك خاوەن هەڵوێستی خۆی نەبێت وەك ئالەتێك وایە کە بەخواستی کەسانیتر کاربکات، لێرەوە کێشەو گرفتەکان سەرهەڵدەدەن کە کاتێك مرۆڤ خۆی قبوڵیکرد کەسێکیتر لە ناخیدا هەبێت بە ئارەزوی خۆی بیجوڵێنێت، کەسێك لە مێشکیدا هەبێت یاری بە ئەقڵی بکات. ئێمە خۆمان قبوڵمانە یاری بە ئەقڵمان بکرێتو دەستی کەسێکیتر بخەینە ناخی خۆمانەوە بمانجوڵێنێت، ئەگەرنا زۆر سەختە دوور لە خواستی مرۆڤ خۆی کەسێکیتر بتوانێت بچێتە هەناو و مێشکی.
هەرسێکیان قسەکانی منیان بە خۆشحاڵیەوە پەسەند کرد. گووتم کەواتە دەزانن بۆکوێ دەچین؟ گووتیان ئەی چۆن یاشخ گیان، بۆ ئیزاعەی تەلەفزیۆنی شۆڕش دەچین.
گووتم: ئەی ئێستا هەڵوێستی ئێوە چییە؟
شۆفێرەکە گووتی: یاشێخ گیان هەڵوێستی چی؟ سەبارەت بە بارودۆخی هەرێم، یاخود تۆش تاقیمان دەکەیتەوە. وازمان لێبهێنە.
هەستمکرد ئەمان ئاگاداری بەسەرهاتی من نین، ئەی ئەو قسانەی پێشوتر چیبوون؟ ئەی مامۆستا شادمان چ پیلانێکی ڕێکخستبێت؟ هەوڵمدا زیاتر حاڵیبم. کوڕێکیان لەپشتەوە لەگەڵمندا دانیشتبوو. پێمگووت: تۆم بینیوە ، بەڵام نازانم لەکوێ. لەلای کێیت؟
گووتی: یاشێخ گیان بۆچی ناماناسیتەوە؟ زوو لەگەڵ مامۆستا شادماندا بووین. گووتی ئوتومبیلەکانی خۆی لێرەنین تاکو ئیزاعە بیگەیەنن، بەڵام دەبێت زۆر ئاگاداری بن، کەس زەفەرتان پێنەبات، دوایی لەسەر من دەکەوێت. وریابن وریا.
بیرم لە پیلانەکەی مامۆستا شادمان کردەوە، ڕەنگە هەڵی دەربازبوونی خستبێتە بەختو توانای خۆمەوە. کەسێکی وریا بوو، خۆی دەزیزانی چی دەکات. دیاربوو ویستبووی "نەشیش بسوتێت نە کەباب". بەجۆرێك پیلانەکەی داڕشتووە لە حاڵەتی ئاشکرابووندا گومان لەو نەکرێتو ئەو سێکەسەش وەك بێئاگا لەو بابەتە پیشانبدات. هەرسێکیشیان بە جۆرێك نەرم بوون وەك لە ژێر فەرمانی مندا بن.
شێخبەختەوەر بیری لە دەرباز بوون دەکردەوە، خۆ هەردەبێت هەوڵێك بدات، شتێك تاقیبکاتەوە، ئەگەرنا کەمێکیتر دەگەنە جێگای مەبەستو کار لەکار دەترازێت.
لەجێگایەك نزیك بە ماڵی موراد گووتم: من لێرەدا دادەبەزم، کارێکی گرنگم بیرکەوتەوە. شۆفێرەکە ماشێنەکەی هێواش کردەوەو لە کەنارێك ڕاوەستا، ئارامی بە دڵمدا هات. یەکێکیان گووتی: بۆکوێ دەچیت لەگەڵت بێین، ناکرێت بەجێتبهێڵین. مامۆستا شادمان ئابڕومان دەبات. بە هێمنیو لەسەر خۆ گووتم: دەمەوێت تەنیا بڕۆم،

ڕەنگە وایپێویست بکات کە تەنیابم. مامۆستا شادمانیش لەسەر من، خەمی گلەیی ئەوتان نەبێت. هەرئێستا بچنەوە بۆلای ئەو و پێیبڵێن خۆی بەتەنیا ڕۆشت.
بەخێرای بەرەو ماڵی موراد ڕۆشتم، ڕێگای ماڵی مورادم لێنەدەبڕایەوە هەرچەندە نزیك ماڵی موراد لە ماشێنەکە دابەزیم . نزیکی خانووەکەی بروسکەیەك بە دڵمداهات ڕەنگە موراد لە ماڵەوە نەبێت، بەڵام لە بەختی من دەرگای حەو شەکەی کرابووەوە.
ئاهێکی خۆشی بە دڵمدا هات کە موراد لە ماڵەوەیە. چەند جارێك لە دەرگامدا ، موراد دەنگی نەبوو. ناچاربووم چوومە ناو حەوشەکە، دەرگای سەرەکی چوونە ناو ژورەکانیش کەمێك کرابووەوە. دڵنیابووم لە ژورەوەیەو گوێی لە دەنگی دەرگادانەکە نەبووە .
کاتێك شێخبەختەوەر ئەم چیرۆکەی دەگێڕایەوە، موراد ڕوخساری گەشابووەوە هەمیشە لە حاڵەتی بزەو پێکەنیدا بوو. کوڕی دایە ڕویکردە مورادو گووتی: باشە موراد لە ژورەوە خەریکی چی بوویت دەرگات لە شێخبەختەوەر نەدەکردەوە ؟
موراد گووتی: پەلەمەکە باخۆی بیگێڕێتەوە... بەسەرو زمانی خۆی خۆشترە .
شێخبەختەوەر لە نیوان کوڕی دایەو مورادا چاوەکانی دەگێڕا. نیگای لە سەر چاوەکانی کوڕی دایە گیرسانەوەو گووتی: دەرگای چیم لێبکاتەوە ؟ لەماڵەوە نەبوو. ئەو ڕۆژە بەختی من باشی هێنابوو، فکری مورادیش خراپ. دەرگای ژورو حەوشەی بەکراوەیی بەجێهێشتبوو.
موراد بە پێکەنینەوە گووتی: خۆمزانی میوانێك لەناکاو ڕوو لە ماڵەکەم دەکات .

25

# هـاوڕێ دێرینەکان

ڕۆشتنی شـێخبـەختـەوەر هاوکـاتبـوو لـەگـەڵ پـەرەسـەنـدنی ئـاڵۆزیو نـاڕەزایو توڕەبوونی خەڵكی هەرێمەكەو گرانیو توندو تیژیو بێخـەمـی دەستەی حوكمڕانی سەبارەت بە چارەسەركردنی خەمو ئازارو نەهامەتیەكـان. بزربوونی شێخبـەختـەوەر تـەنها هـەنگاوێك نـەبوو وەك پشتگیریلـە داواكـانی خـەڵكی هـەرێمـەكـە، كـەلێنێكـی گـەورەش بـوو كـەوتـە نـاو مـاڵی دەوڵـەتـەوە. نیگـەرانـی دەوڵـەت لـەدەربـازبوونی شێخبەختەوەرترسی سەرهەڵدانی شۆڕشێكی جەماوەری لێكەوتـەوە. لـەو سـەردەمـەدا شورشـێكی چـەكداری جـەمـاوەری بـە ئاسـانی بـەرهـەم دەهـات، بـەڵام كـوڕیدایـەو وەستاكاوە بـە تونـدی دژایـەتـی ئـەو جـۆرە بیـری بۆچوونـەیـان دەكـرد. ویستیان بـە پەیڕەوكردنی بەرنامەكەی ئۆقیانوسی هێمن ئەو كلتورە سیاسییە ڕابگرن كە شۆڕشە بێبەرنامە پەروەردەییەكان شۆڕشیتر لە دژی خۆیـان دەخوڵقێنن. هـەرگیز بیریـان لـە هەڵگیرساندنی شۆڕشیش نەدەكردەوە.

ئەو بارودۆخەی بەهۆی بـەستنی كۆبوونـەكـەوە دروست بـوو، پاشـانیش هـەڵهـاتنی شـێخبـەختـەوەری لێكـەوتـەوە، بـە بیروبۆچـوونی ئـەوان زۆر زووبـوو. كـوڕی دایـە گووتی:ڕەنگە لە بەرژەوەنی ئێمە نەبێت، مانەوەی تۆ لـە حوكمدا زۆر پێویست بـوو، هاوڕێیـەتـیكردنیـان بـەمـەبـەستی گۆڕینی بیرو بۆچوونیان بـەكـەسانی نزیك خۆیـان ئـەنجـام دەدرێـت، بـەڵام تـازە بێسـودە هـەرچییـەك بڵێـین، باشـتروایە بـەپێـی هـاتنی ڕوداوەكان ئێمەش بیر بكەینەوەو پلانـی داهـاتو دابڕێژین. شێخبـەختـەوەر بـە وردی ئـەقڵێتـی زۆربـەیـانی بـۆ باسـكردن. گـووتی: منـیش دەڵـێم زووبـوو، حـەزم نـەكـرد ڕوداوەكـان بـەم جۆرە كـەوتـەوە، منیش مـەبـەستم بـوو لـەناویانـدابم تـاكو خۆیـان بـە قەناعەتەوە باوەڕیان بە گۆڕانكاریەكانی سەردەم دەهێنا، بەڵام دڵنیابن هەوڵەكان چەند درێژەی بكێشایە، كۆتایی هەر بە ئەنجامی ئێستا دەگەیشت.

خۆپیشاندانی خەڵك بەردەوام بوو، قوتابیان بۆ داواكانی خۆیان، نانەواو شۆفێرەكـان بۆ نەوتو بەنزین. خەڵكی گشتی هـەرێمـەكـەش بۆ زۆر لـە پێویستییەكـانی ڕۆژانـەو بابەتە خزمەت گوزاریەكان.

داواكانی خەڵك زۆربەی بە داهاتی هەرێم چارەسەر دەكرا، بـەڵام خـەرجـی شـاری سـەردەم سـەرو دەرامـەتـی هـەرێم بـوو. دەزگـاو دامـەزراوە چـەكدارەكـانو ژمـارەی پاسـەوانـەكـانی شـاری سـەردەمو پاسـەوانـی پیـاوە گـەورەكـان، هێنـدەی ژمـارەی

دانیشتوانی هەرێمەکە دەبوو.خۆشیان ئەم دیاردە غەریبو نامەعقولەیان هەستپێدەکرد، بەڵام بەبێ حیمایەکردن گیانیان دەکەوتە بەر مەترسی، وابیریان دەکردەوە بە ڕۆژی نیوەڕۆ فتیان دەکەن، ڕەنگە واشنەبێت، بەڵام بۆچی باجەکەی خەڵکی هەرێمەکە بیدات، ڕەنگە کەسیش پیلانی کوشتنیان دانەڕێژێت. نەبوونی پرۆسەیەکی دیموکراتیو بارودۆخێکی نائارام ئەم هەموو بۆچوونو ترسو ئەگەرە دەخاتەوە. فەرزندەی شیوی قازی گووتبووی" ئەگەر هیچ دەسەڵاتێکی دەوڵەتیشمان نەبێت، تازە بەبێ حیمایە کردن ئیدارە ناکەین". حاکم پاشاش گووتبووی" ئێمە بە وەفاین بۆ ئەندامەکانی خۆمان، هەرکەسێکیش لەکاری حوکومی لابرا، بێخەمبێت لەناو شاری سەردەم دەمێنێتەوە، جگە لەوانەی لەسەر خیانەت ترۆ دەکرێن .

بڕیاریاندا کە موراد عاشق بگەڕێتەوە بۆئەوەی پەیوەندی بە هەموو هاوڕێکانیەوە بکات سەبارەت بە قەیرانەکانی هەرێم بەنامەیە حوکمەت ئاگادار بکەنەوە تاکو ڕەوشەکە ئاڵۆزترنەبووە. موراد گووتی: من بۆ هەمووکارێك ئامادەم، بەڵام پێم باشترە وەستاکاوەشم لەگەڵدا بێت، کاریگەری ئەو زیاترە لەسەر هاوڕێکانمان، هەرچەندە هاتنەوەی ئەو بۆ ناو هەرێم جێگای مەترسییە. پێشنیارێکی تریشم هەیە، ئێمە پێویستمان بە جێگایەکی ئارامهەیە لە نێوان هەرێمو مەملەکەتی مێش هەنگدا، کارەکانمان ئاسانتر دەکات.

لەناو تاریکستانی ئەو سەردەمەدا ئاڵۆزەدا تروسکاییەك بەرچاوی تورەی خەڵکی هێمن کردەوە. مژدەی پرۆسەی هەڵبژاردنیان بە خەڵکدا، ئیتر ئەوە دوا هەنگاوی گۆڕانکاریەکانە کە خواستەکانی خەڵکی لەخۆی دەگرێت. کەفو کوڵی تورەی و بێزاری خەڵك دامرکایەوە. لەمێژبوو چاوەڕوانی پرۆسەیەکی دیموکراسی ڕوونو ئاشکرابوون، بەڵام ئەمیش وەك حیکایەتی مێش تەنها وەختی کوشتن. هەڵبژاردنەکە لەخوار دەستەی یەکەمی حوکمڕانیەوە بوو. دووبارە نارەزای خەڵك لە حوکمەت سەریهەڵدایەوە. گووتیان ئەم پرۆسەیە ئەزمونێکی نوێیە، تەنها بۆ تاقیکردنەوەو میکانیزمی کارکردن ئەنجاماندا، هەڵبژاردنی داهاتوو سەرتاسەریو گشتی دەبێت. ئارامبگرن هەموو کێشەکان بە خواستی ئێوە چارەسەر دەکرێت.

وەستا کاوە گەڕایەوە ناو هەرێم، پەیوەندی بە هاوڕێکانیانەوە کرد. ئەوانیش کۆکبوون لەسەر بەرنامەو پێشنیارەکانی ئەوان، بەڵام بە چارەسەرێکی گونجاویان نەزانی، لەو باوەڕەدا نەبوون بەئاسانی بێنە ژێر باری گۆڕانکارییە بنچینەییەکان. نارەزای خەڵك هەر لە ڕوخسارو دەرونیاندا نەمایەوە، بوو بە کارێکی پراکتیکیو ڕۆژانە لەناو هەموو چینو توێژەکاندا خۆپیشاندانی هێمنانە سازدەکرا.

ڕوداوەکانی ناو کۆبوونەوەکە وردەوردە بۆ خەڵك ئاشکرابوو. گرگترین بابەتی ناو کۆبوونەوەکە هەڵهاتنی شێخبەختەوەر بوو. خەڵکی بە سەرسامیەوە باسی ئەو شارە

نهێنییەیان دەکرد کە شێخبەختەوەر لاشعوری درکاندبووی. ئەو سەردەمە زۆر لە خەڵکی هەرێمەکە لەتاوی زوڵمەتەکان بەرەو سنورەکان بە ناچاری هەڵدەهاتن، دەیانگووت؛ ئەگەر شارێکی بەوجۆرە ئارام لە هەرێمەکەی خۆمان هەبێتو لە زوڵمەت ڕزگارمان بکات، ئیتر بۆچی ڕۆحی خۆمان بەو هەموو قەدەرە ترسناکەی سنورەکان دەسپێرین. ئەو شارە بوو بە شارێکی واقعی لە خەیاڵی خەڵکدا.
شارەکە لەڕستە ئەفسوناویەکانو لە خەیاڵو هەستەکانی زەعیم هەستیاردا بوو بە شارێکی ڕاستی. ئەو ڕۆژەی هەموو هاوڕێکانیان بە ناچاری بەرەو مەملەکەتی مێش هەنگ هەڵهاتن، گووتیان" ئێرە ئەو شارەیە وەك باوەشی دایك دەمانپارێزێت". وەستا کاوەو کوڕی دایە نەیاندەویست مەملەکەتی مێش هەنگ ببێت بە پەنایەك بۆ خۆشاردنەوە. بڕیاریاندا دەست بە ئیشکردن بکەن لەسەر بەرنامەکەی ئۆقیانوسی هێمن.
مامۆستا شادمان ماوەیەك بوو دەنگو ڕەنگی نەبوو، ئەو بەکارێکی گرنگو ترسناك هەستا کە شێخبەختەوەری ڕزگار کرد. ڕەنگە ئەم بێدەنگییە گومان لەسەر خۆی دووربخاتەوە، یاخود پەشیمان بووبێتەوە، یان وەك زۆر کەس لەسەر دوو تەناف یاری بکات. تەنافێك بۆ کاتی ئێستاییو تەنافێك بۆ ئایندە. بەڵام لەم بارودۆخەدا گرنگ بوو کە خۆی ئاشکرابکات تاکو برادەران لە ڕوانگەی بیرو بۆچوونیەوە بەرنامەکانی خۆیان تایبەت بە ئاگاداری لەدەستەی حوکمڕانی دابڕێژن.
ئەو ڕۆژەی موراد عاشق سەردانی کرد، پێیڕاگەیاند کە برادەران دەیانەوێت بتبینن، یەك دوو ڕۆژیتر دەبێت سەردانیان بکەیت. مامۆستا شادمان بە شپرزەی گووتی: موراد هیچ بووە؟ شتێك ڕویداوە؟
موراد گووتی: هیچ ڕوینەداوە، پێویشتە بەرنامەکان زیاتر دوانەکەون، بۆئەوەی شتی سەرسامتر ڕوونەدات.
موراد ڕۆشت، بەڵام مامۆستا شادمان هیچ بەڵێنێکی پێنەدا کە بەم یەکدوو ڕۆژە دەتوانێت ئامادەی ڕۆشتنبێت. بەموارادی گووت" ئەگەر بوارێکم بۆ گونجا خۆم ئاگادارت دەکەمەوە. مامۆستا شادمان لە نێوان دوو تەوەردا خۆی بینییەوە کە بیرکردنەوەی زۆر وردی پێویست بوو تاکو بە قەناعەتی تەواوەوە لایەنگری لایەکیان بکات. خۆیشی تاکو ئاستێك ئەو حاڵەتەی پێخۆش بوو، نەیدەویست دەستبەرداری هیچ کامیان ببێت، نە شاری سەردەم نە مەملەکەتی مێش هەنگ. نەدەسەڵاتی بەرزی حوکمڕانی، نە بیروبۆچوونی برادەرە دێرینەکانی کە ڕەنگە دواینجار ئەوان گرەوی خۆیان ببەنەوە. هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکەش هەر لە ئێستاوە کارێکی ئاسان نەبوو تاکو بڕیاری کۆتایی بدات. مامۆستا شادمان خۆی بەشداری بەڕێوەبرنی حوکمڕانی بوو، باشدەیزانی کەسیان شان ناخەنە ژێر بارێك

کەنەزانن چیان بارکردووە، یاخود بە ئاسانی لێبگەڕێن کەسانیتر باریان بکەن‌و لە ژێر فەرمانەکانیان هەڵسوکەوت بکەن. لەڕاستیدا هیچ کەسێکیش نەیدەویست ئەوان بە ئارەزوی خۆیان بار لێنێن، یاخود توشی کێشەو جۆرێك لە خەم وئازاریان بکەن، خۆیان بەو شێوەیە بیریاندەکردنەوە.

خۆپیشاندانەکان بەردەوام بوون، هەندێك ڕۆژ لەبری وانە خوێندن قوتابییەکان دەرژانە سەرشەقامەکان‌و بە هێمنی داواکانی خۆیان دەخستە ڕوو. هەندێ‌جاریش توندو تیژی لێرەو لەوێ دەبیسترا. ئەو بەنزینخانەیەی چەند ڕۆژبوو شۆفێرەکان بە خۆیان‌و ماشێنەکانیانەوە بەڕیز سەرەیان بۆ بەنزین وەرگرتن بەستبوو، لە هەڵمەتێکی تورەبووندا سوتێنرا. شۆفێرەکان لەپاشاندا بە نیگەرانییەوە گووتیان: ئێمە مەبەستمان لە سوتاندنی نەبوو، لە پاش چەند ڕۆژ ڕاوەستان بۆ بەنزین، ئەوسا بێخەم پێیان گووتین" کەس ڕانەوەستێت...! تەنکی بەنزینەکان خاڵین، بێ‌هودە لێرە چاوەڕوانن، ئیتر ئێرە چۆڵبکەن". کەس نەیزانی کێبوون ئەوانەی ئاگریان لە تەنکییەکان بەردا، پێدەچوو نیوەی بەنزینی هەرێمەکە لەناو تەنکییەکانی ئەو بەنزیخانەیەدا کۆکرابێتەوەو حەشاردرابێت، کڵپەو ناڵەی ئاگری بەنزین هەموو شارەکەی لەرزاندو تاکو نزیك ئەستێرەکان بڵێسەی سەند.

سوتاندنی بەنزیخانەکە بە بەرنامەیەکی دارێژراو نەبوو. دەنگو باس وابڵاوبووەوە، تەنکییەکان خاڵین لە بەنزین، بەنزیخانەیەك قەد بەنزینی نەبێت هەر بۆ سوتاندن باشە. چەند جارییتریش شۆفێرەکان لە هەمان بە نزیخانە سەرەی دوو ڕۆژیان بۆ بەنزین گرتبوو، پاشان پێیان گوتبوون" بڕۆن بەنزیمان نییە".

سوتاندنی بەنزیخانەکە هەرچەندە بەرنامەی تایبەتی بۆ دانەڕێژرابوو، بەڵام کێشەو دەنگە دەنگیشی خستە ناو دەستەی حوکمڕانییەوە. ئەوانەی بەشیان لە بەنزیخانەکەدا هەبوو، تورەو غەمبارو نائارام بوون، ئەقڵیان لەلای خۆیان نەبوو، هەڕەشەی تۆڵەسەندنەوەیان دەکرد. ئەوانەش کە توشی زەرەر نەهاتبوون، بەبێخەمو بە زمانێکی هێمن‌و شیرین دڵخۆشی هاوڕێ زەرەر لێکەوتووەکانیان دەدایەوە. پێیان دەگووتن" هاوڕێ ئازیزەکان ئارام بگرن. . . لەسەر تورەبوون هیچ بڕیارو کارێك ئەنجام مەدەن، بارودۆخەکە زۆر ناسك‌و ئاڵۆزە، دەبێت ژیرانە بیربکەنەوە. بە هەمووەمان داوا لە حاکم پاشا دەکەین لە پڕۆژەیەکی تردا قەرەبووی ئەم زەرەرو زیانەتان بۆ بکرێتەوە. ئەوانەش کە دڵنەوایی هاوڕێ زیان لێکەوتەکەیان دەکرد، خۆشیان بارستای شاخێك خەم لەسەر دڵیان بوو بۆ داموو دەزگاو کۆمپانیاو بازاڕەکانی خۆیان. توشی ترس‌و دڵەڕاوکێ ببوون، ڕەنگە خۆشیان بەدەردی هاوڕێ زەرەر لێکەوتووەکانیان بچن، موڵکەکانیان بسوتێنن. بارودۆخی هەرێمو تورەبوونی جەماوەرلەو ئاستو پلەیەدا نەبوو کە هەرێمەکە وێران بکرێت. لەبەرنامەو خواست‌و

ئارەزوی کەسیشدا نەبوو خۆپیشاندانەکان بەرەو ئەو ئاراستەیە بڕوات. چەند ڕۆژێك دواتر شۆفێرەکان لە ڕێپێوانێکدا نیاز پاکی خۆیان پیشاندا، داوای لێبوردنیشیان لە هەموو لایەك کرد.
ئەم ڕوداوە ڕەوشی هەرێمەکەی بە هیچ بارێکدا نەگۆڕی. نە خەڵکی هەرێمەکە چاویان لە گەندەڵیەکانی حوکمەت نوقاند، نە دەستەی حوکمڕانی بە ئەقڵێتو بیرو بۆچوونو شێوەی بەڕێوەبردنو ئیرادەی خۆیاندا چوونەوە. جاربەجارێك گۆڕانکارییەکی بچکۆلانە دەبوو، ئەویش لە ئاستی چارەسەری کێشەکاندا نەبوو. یان کەسێکی دڵسۆزو خاوەن هەڵوێست تڕۆ دەکرا، یاخود ئەندامێکی نەخۆشو پەکەوتە بە حوزنو ڕەوای خۆی دەستی لە کارو دەسەڵات دەکێشایەوە . ئەوکەسانەش بەویستی خۆیان دەستیان لە کار دەکێشایەوە، ئەوەنەبێت ئەرکو گرفتی هەرێمەکە کەم بکاتەوە، لەپاش وازهێنانیشی لە دەسەڵات هێندەی جاران ئەرك بوو بەسەر حوکمەتەوە، مانای هێشتا هەر لەسەر دەرامەتی خەڵکی هەرێمەکە دەژیا، ژیانی تایبەتو پڕ لە خەرجیوپارێزگاریکردن.
مامۆستا شادمان بارودۆخی هەرێمەکەی ئاڵۆزتر دەبینی، بە پێویستی زانی لابەلا پەیوەندی لەگەڵ وەستا کاوەو کوڕی دایەدا هەبێت. لەگەڵ شێخبەختەوەر زۆر شتیان باسکردبوو. لە جێگایەکی زۆر هێمن چاوی بە موراد عاشق کەوت، هەرچەندە موراد هیچ گومانێکی لەسەر نەبوو. سەبارەت بە سەردانەکەی بۆ لای برادەران گفتوگۆیان کردو کاتێکیان بۆ ڕۆشتن دیاریکرد. مامۆستا شادمان دڵنیابوو کە شێخبەختەوەر لە جێگایەکدایە ئەم دەتوانێت ئەو سێ کەسەش لەگەڵ خۆیدا ببات کە یارمەتی دەربازبوونی شێخبەختەوەریاندا. ئەو سێکەسە بۆ مامۆستا شادمان کێشەوگرفت بوون، هەرچەندە لە شوێنێکی نهێنی دانابوون، بەڵام تاکو کەی دەتوانێت بیانشارێتەوە. مامۆستا شادمان پروپاگەندەی بۆ کردبوون گوایە لەگەڵ شێخبەختەوەر هەڵهاتوون.
بەڵاو نە هامەتیەکانی هەرێم وەك مێشی هاوینێکی گەرمو چڵکن ڕوو لە زیاد بوون بوو. هاوکات هەرێمەکە بۆنی هەنگوینی دەگرت کە هەستە داخراو و بێهیواکانی خەڵکی دەکردەوە. پیاوە گەورەکانی دەوڵەت بە بۆنی هەنگوینەکە نیگەران دەبوون کە خەڵکی خستبووە سەر هەوای خۆشیو پڕ هیوا. حوکمەت وەك خۆی هیچ خۆشیو خزمەتگوزەرانییەکی بۆ ئاسودەبوونی خەڵکی هەرێمەکە نەدەکرد، بە هەموو کارێکیتر سەغڵەتونیگەران دەبوو کە دوور لە تواناو ئیرادەو ئاگاداری خۆیان بۆ ئاسودەبوونی خەڵك ئەنجامدەدرا. هەوڵی بنەبڕکردنی ئەو بۆن هەنگوینەیان دەدا کە خۆشیو ئاسودەیو هیوای بە خەڵك دەبەخشی، بەڵام هەموو هەوڵەکانیان بە چەشنی"

دەردانی ئاوی دەریا بـە بێژنـگ، یـاخود گرتنـی تیشکەکـانی خـۆر بـە چنـگ"بـێ ئاکـام دەبوو.
بەرەبەیانیەك ماموستا شادمانو هەرسێ کەسەکەی شێخبـەختەوەریـان دەربـاز کـرد لەگەڵ موراد عاشقدا بەرەو مەملەکەتی مێش هەنـگ بـەڕێکـەوتن. ئـەوانیش بـەدەردی سـەرسـامی چـوون تـاکو گـەیشـتنە مـەملـەکـەتـی مـێش هـەنـگ. مامۆستا شـادمان بـە شانازیەوە قسەی بۆ دەکردن کاتێك شێخبـەختـەوەر بـە بینینـی ئـەو سـێکـەسـە سـەرسام بوو. مامۆستا شادمان بە وردی پیلانەکەی خۆی بۆ شێخبەختەوەر گێڕایەوە.
شێخبەختەوەر بە گەرمی سوپاسی هەڵوێستی مامۆستا شادمانو هەر سێ برادەکـەی تریکرد. وەستا کاوەش گووتی: ئێمە نە خاوەنی ئەم مەملەکەتەین، نە دەمانەوێت پشت بەم مەملەکەتە کارەکانمان ئـەنجـام بـدەین. مـەبـەستم ئـەوەیـە نابێت ئێرە تـەنهـا بنکـەی خۆحەشاردانمان بێت، دەبێت بە ئازادی بیری تێدا بکـەنیـەوە، تـاکو لێرەوە بـەرنـامـەی گۆڕانکـاری بنـەڕەتـیو گشـتی دابڕێـژین. مامۆسـتا شـادومان بـە دەنگێکـی نزمتـرو بێئاوازتر گووتی: زۆر باشە، بیرێکی جوانە. ئێمەش هەوڵێکی جدیتر دەدەین تاکو لە کارەکانماندا سەرکەوتووبین. هەواڵی کوڕی دایەی پرسی؟
گووتیان لە پشت ئەم چیایەوەیە، ڕەنگە کەمێکیتر بگەڕێتەوە.
مامۆستا شـادومان گـووتی: پێش ئـەوەی ئـەو بێـت خۆم بۆلای دەچم. بـە کـەنـاری چیاکاندا بە ئەسپایی ڕۆشت. کوڕی دایە زۆر دوور نـەکـەوتبووەوە. لـەسـەر بـەردێك بـەرامبـەر بـە پـەڵـەیـەك گـوڵی ڕەنگـاو ڕەگ کـە پشـتی لـە مامۆسـتا شـادمان بـوو، دانیشتبوو. پیاوێکی بچکۆلە ئەگەر لە جێگایەکیتر ببینیایە نـەیدەناسیەوە. هـەستی بـە شەرمەزاری کرد، وەك لە ڕووینـەیـەت سـەیری چاوەکانی بکـات لـە جێگـای خۆی ڕاوەستا، ڕەنگە بیر لە یەکەم ڕستەش بکاتەوە چۆن لەگەڵیدا بدوێت. گوێی لـە دەنگی ویـزە ویـزی مـێش هـەنگـەکـان بـوو بـەسـەر سـەری کـوڕی دایـەوە دەخولانـەوەو هەڵدەفرین. گوێی لەدەنگی کوڕی دایەش بوو بە ئـەسپایی مێش هەنگەکانی دەدواند. ماموستا شادمان بە سەرسامیەوە گوێی هەڵخستبوو، دڵنیابوو پێکەوە قسەدەکەن، بـەڵام هیچ حاڵینەدەبوو. لەدڵی خۆیدا گووتی" بە ساغی ناگەڕێمەوە، لەم مەملەکـەتـە هێمنـەدا تێکدەچم". مێش هـەنگـەکـان بـەرەو بـەرزایـی چیاکـان هـەڵفرین، کـوڕی دایـە هـەر دانیشتبوو. مامۆستا شادمان لە سەرسامیو شەرمەزاریدا چەندین جار ڕەنگـو شێوەی ڕوخساری دەگۆڕا. دەیویست شتێك بڵێت، بەڵام زوو پـەشیمان دەبووەوە. بڕیاریدا لـە پشتەوە بـانگی بکـات، هـەستی بـە لـەرزینـی لێوەکانی کـرد، زاری بـۆ هـەڵنـەدەهات. کـوڕی دایـە هـەردانیشـتبوو، وەك بزانێـت کـەسێك لـە پشـتییەوە ڕاوەسـتاوە. مامۆسـتا شـادمان گـووتی" ڕەنگـە چـاوەڕوانـی مـن بکـات". بـە ئـەسـپایی گـەروی پـاکردەوەو گووتی: دەزانیت کێ لە پشتەوە ڕاوەستاوە؟ ئەی هاوڕێی دێرینم.

کوڕی دایە هێشتا ڕووی بۆ پشتەوە وەرنەگێرابوو، گووتی: ڕەنگە ڕوخسارت نەناسمەوە، بەڵام ڕیتمی ئەم ئاوازە ئاشنایە بە گوێم. ئەو دەنگەش تاکو ئێستا هەر لە گوێمدا دەزرنگێتەوە کە پێش چەندین ساڵ لەمەوبەر پەیمانی پێدام پشتگیریم بکات، بەڵام بێدەنگو بێهەڵوێستبوو.

مامۆستا شادمان بە قسەبوو، وەك هەمیشە بە ئاسانی لەوحاڵەتانەدا خۆی قوتار دەکرد. بە خەندەوە گووتی: لە سەر پەیمانی خۆم ماوم، ئەی ئێستا پێتوایە بۆچی هاتووم؟ زەمەن تەمەنی بەڵێنەکانی بە خۆیەوە درێژ کرد.

کوڕیدیە گووتی: ئەی بۆچی نایەیتە پێشەوە؟ وەك جاران دوورە پەرێز وەستاویتەو کەنارت لێگرتووین.

مامۆستا شادمان گووتی: ئێوە هەمیشە بڕیاری بەپەلە دەدەن، نە کەنارم گرتووە، نە دورە پەرێز ڕاوەستاوم. سەرسامبووم بە ورتەورتی تۆو مێش هەنگەکان. بۆیەکەمجارە ببیستم مرۆڤو مێش هەنگ پێکەوە قسەبکەن. ئەم زمانە کەی فێربوویت؟

کوڕی دایەش بەم قسەیەی مامۆستا شادمان سەرسام بوو، چونکە دووەم جارە کە پێیبڵێن :بینیمان لەگەڵ مێش هەنگەکان قسەتان دەکرد". بەڵام سەرسامی خۆی ئاشکرانەکرد. ئاسایی گووتی:ئەم هەموو ساڵە لەگەڵ هەر جانەوەرێکدا بژیت لە زمانی یەکتری حاڵی دەبیت. بەتەنها ئێوەن ناتانەوێت لەیەکتری حاڵیبین.

ماوەیەك پێکەوە دانیشتن. مامۆستا شادمان گووتی: وشەی ئێوە مانا زۆر دەبەخشێت کە ناخی من دەهەژێنێت. ئێستاش لەناو ئەم چیایانەدام، لەگەڵ ئێوەدام، کەچی لە قسەکانتاندا وشەی "ئێوە" ئاماژە بەوە دەدەن کە پەیوەستم  بە بەرەیەکی ترەوە. تۆ پێت ئاسان نەبێت بڕیارێکی سەختو چارەنوساز بە پەلە بدرێت.  ئەو سەردەمەش کە باسی دەکەیت لە ئێستا ئاڵۆزتر بوو.  چیمان بۆ دەکرا؟

کوڕیدایە قسەکانی پێبڕیو گووتی: دواتر باسی ڕابردو دەکەین، ئێستا بابڕۆین نەکو برادەران چاوەڕوانی ئێمەبن.

مامۆستا شادمان سەرسام بوو بە مەملەکەتی مێش هەنگ. بە شارێکی گەورەی سیحراوی ناو چیرۆکە ئەفسانەییەکانی تێدەگەشت. ژیانی کوڕی دایە بۆخۆی ژیانێکی ئەفسوناوی بوومامۆستا شادمانی خستبووەوە ناو گێژاوی خەیاڵەوە. لەنێوان مەملەکەتی مێش هەنگو شاری سەردەمدا بیرکردنەوەی ڕاوەستابوو. نەیدەزانی بۆ ئەمڕۆ بژی یاخود بۆ داهاتوو.  دواڕۆژی باش نەدەبینی، دیمەنەکان تەڵخولێڵبوون لەبەر چاوی. هەستی بە مەترسییەکانی شاری سەردەمیش دەکرد بەهۆی خراپی بارودۆخی هەرێمو گەندەڵی حوکمڕانی. سەرهەڵدانی ئەم ڕۆژگارە نوێیەو مانەوەی کوڕیدایەو دووبارە یەکگرتنەوەی برادە دێرینەکان لە زەمانێکی تردا، ڕەنگە

لێکدانــەوەکــان قــەناعــەتــی پێبپکــات. دەســتبەرداریــش لــەو هــەمــوو دەســەڵاتو بەرژەوەندیو سامانەش بڕیارێکی ئاسان نەبوو. هەر خۆیشی دەیگووت" موڵکو ماڵی چی، کە ڕوخاندیان بەسەرماندا کونێك نامێنێتەوە خۆمانی تێدا بشارینەوە، کام ڕۆژ؟ ڕەنگە ئەو ڕۆژە تەنها وەهم بێت لە خەیاڵی ئێمەدا، وەهم. . . وەهمی چی؟ دوێنێو پێرێ بەنزینخاکەی "هەڵۆ چاو نەترسی شارباژێریان " بە هەزارەها لیتر بە نزینەوە سوتان. ئەو ڕۆژە وەهم نییە، ڕاستییە کە سەرەی هەموومان بێت، کە هەموومان پێکەوە بسوتێنن، بەڵام نازنم چ ڕۆژێکە، ئەوەندە هەیە تاکو نەهامەتی لەسەر ژیانی خەڵك زیاد بێتو گەندەڵی ئێمە بەردەوام بێتو خەرجی شاری سەردەم فراوانبکرێت، ئەو ڕۆژە نزیكو نزیکتر دەبێتەوە. پۆلێك چۆلەکە بە خێرای بەسەر سەریاندا فڕینو لە خەیاڵیان بچڕاند. دەمێك بوو باڵندەی نەدیبوو. گووتی: ئەمانیش لە ئێمە تۆرانو هەرێمەکەیان چۆڵکرد. ئەو شارەی وەك دایك خەڵکی هەرێمە لە زوڵمەت ڕزگار دەکات، دیارە لەمێژە باڵندەکان هەستیان بە بوونی کردووەو کۆچی یەکجارییان بۆکرد. ئێمە قەرزاری ئەوانین، باڵندەکانیشمان لە خۆمان ڕەنجاند. ئەگەر وابڕوات ڕۆژێك بەردو دارەکانیش قاچ دەگرنو هەڵدێن. نازانم ئەو خەڵکە بەدیار چی ئێمەوە دانیشتوون کە شارێك هەبێت وەك دایك ئامێزی گرتوتەوە ڕۆژێك هەموویان لە زوڵمەت ڕزگار بکات. مامۆستا شادمان ئەم ڕستەیەی بە دەنگەوە گووت، کوڕی دایە گوێی لێبوو. گووتی: مامۆستا ئێمە نامانەوێت ئەم مەملەکەتە ببێت بە حەشارگایەکی گەورە. ئێرە دەبێت ببێت بە نمونەی هەرێمێکی ڕازاوەو پێشکەوتوو. ئەگەر وەك جێگایەکی ئارام بێت بۆ ئەو کەسانەی بە ناچاری هەڵدێن، دەبێت لێرە فێری وانەکانی ژیان بن، دەبێت بەرنامەیەکی پتەوی پەروەردەیی پیادەبکرێت. ەوەی ئێستاش گووتت با هەر نهێنی بێت، کە گەڕایتەوە لەناو خەڵکدا با بڵاونەبێتەوە، ئەوسا بەرنامەکەمان ئاڵۆزدەکات. ڕەنگە زۆر کەسانیتریش بەبێ هۆیەك ڕومان تێبکەن، ئێمە نامانەوێت هەرێمەکە چۆڵبکەینو کەسی تێدا نەمێنێت. ئەو ڕستەیە باهەر نهێنیبێت.

مامۆستا شادمان سەرسام بوو، گووتی: تۆ باسی چی دەکەیت، ڕستەی چیو شتی چی؟ خۆمن هیچم نەگووتووە .

گووتی: ئەی تۆ نەبوویت ئێستا گووت" ئەم مەملەکەتە وەك دایك ئامێزی گرتۆتەوە ڕۆژێك هەموویان لە زوڵمەت ڕزگار بکات، ئیتر ئەو خەڵکە بەدیار چی ئێمەوە دانیشتوون.

مامۆستا شادمان بە سەرسامییەوە گووتی: دڵنیامکە بەڕاستیتە... یاخود گاڵتەم لەگەڵ دەکەیت؟ ڕەنگە بە خەیاڵ شتێکی وام گووتبێت، بەڵام هەرگیز بەبیرمدا نایەت ئەو ڕستەیە بە زارمدا هاتبێت.

کوڕیدایە دڵنیایکرد کە گوێی لەو ڕستەیە بووە لەزاریئەوەوە، گووتیشی: خۆ کەسیترمان لەگەڵدا نەبووە، هەر هەردووکمان بووین. ئەودەمە گەشتنەوە لای برادەران، ئەو بابەتەشیان کۆتایی پێهێنا.

شاری سەردەم ئارامترین جێگای هەرێم بوو. لەشاری ناو ئەم هەرێمە نەدەچوو. شەوانیش ڕوناكترین شوێنی هەرێمبوو، پڕیشكی گڵۆپە گەورەو رەنگاو ڕەنگو بریقەدارەكان تاكو كەناری شارەكانیتر دەچوو. هەموو پێویستییەكانی ژیانی ڕۆژانە بە ئاسانی لەناو شاری سەردەمدا دەستدەكەوت. كۆڵانەكانی شارەكانی هەرێم وشكو خۆڵای بوو.كەژی شاری سەردەم هەمیشە بەهار بوو. كۆڵانو باخچەكان سەوزو تەڕو گەشاوەبوون. گوڵەكان هەمیشە پڕلەبۆنو كراوەبوون . درەختوگژو گیای ناو شارەكانیش دەمێك بوو تەمەنی خۆیان بە بێ ئاوی سپاردبوو. درەختەكان كوێراییان بۆ قومێك ئاو داهاتبوو، وەك دایكەكانی دوای ئەنفال قژبەسەریانەوە نەمابوو، ئەوەندە قژی خۆیان ڕنیبووەوە. گەڵایەكیش بە دارێكەوە نەمابوو. زۆر درەختی ڕەقەڵەو شكستو داماویش ببوون بە خۆراكی بێسوتەمەنی، وەك كەلاكی دەم گورگی برسی ئێسكەكانیشان نەمابوو. . بۆنی كۆلێرەیەكی گەرم لە هیچ نانەوخایەك نەدەهات. گرانی وەك بۆنبڕە بۆنو بەرامی خواردنە خۆشەكانی نەهێشتبوو. نانێك بە پارەی سێ نان بكڕدرێت، ئیتر كەی ئەو بۆنەی جاران دەبەخشێت. شاری سەردەم لە شاری ناو خەوی پیاوێك دەچوو كە هەزار ساڵ سەرقاڵی نەخشە كێشانی بێت، بەڵام شاری سەردەم لەو شارەش سەرسوڕهێنەتر بوو، چونكە شارێكی ڕاستەقینەی پاشا ڕاستە قینەكان بوو كە هەزارەها ئەندازیاری بیانی نەخشەیان كێشابوو، كاریان تێدا كردبوو.

ئەو بەرنامەیەی دایانابوو مامۆستا شادمان پێی قایلنەبوو، نەچووە ژێر بارێكی گەورەوە كە توانای باركردنی نەبوو. بەوردی ئەقڵێتو بەرنامەی دەوڵەتی بۆ باسكردن. گووتی:ڕاستە من یەكێكم لە ئەندامانی دەستەی حوكمڕانی، بەڵام بەو مانایە نایەت كە ئازادم بەوشێوەیەی كە ئێوە بیرتان لێكردۆتەوە. شێخبەختەوەر ئەم ڕاستییە باشدەزانێت. ئەگەر بڵێم هەر لەو زەمانەی تۆ دیارنەمایت ئێمە هەر ئەوەندە ئازاد بووینو دەسەڵاتمان هەبووە كە شوێن قسەی حاكم پاشا كەوتووین، ئێستا سەردەمێكە زۆر خراپتر، جاران هیچمان نەبوو تاكو لە پاش خۆمان خەمی بۆ بخۆین، هەر بۆیە مرۆڤە هەژارەكان بە هەڵوێسترو ئازادترو چاونەترس ترن. ئێستا كەسێك نەماوە لە حاڵەتێكی ناسكدا پشتگیریت بكات، نەك ئەمە ڕەنگە هەر خۆیان دژایەتیت بكەن. من هەرگیز باوەڕم بە بۆچوونی ئێوە نییە لەڕێگەی بەرنامەیەكەوە ئەوان بە ئاسانی دەستبەرداری دەسەڵاتببن. ڕەنگە من بتوانم لەگەڵ سێ كەسدا باس لە گرنگی گۆڕانكاریەكانی ناو دەسەڵات بكەم، بەڵام گرنگ ئەوەیە قەناعەتی تەواویان بە پرۆسەكە هەبێت، چونكە هەروا ئاسان نییە مرۆڤ لەناكاو هەموو ڕەنجو هیواو پلەو

پایەو دەسەڵاتی خۆی ببەخشێت، چونکە هێشتا تێگەیشتنمان بۆ پرەنسیپەکانی گرنگی بەرپرسیاریەتیو حوکمڕانی نییە. سەبارەت بەم بابەتەش لەگەڵ هەرکەسێکدا قسە بکەیت، ئەو بەگومان دەبێت، یەکسەر بیر لەوە دەکاتەوە ڕەنگە تاقیبکەنەوە. من دەمەوێت ڕاستر بدوێم. ئێمە تەنها داموو دەزگاکانی ڕژێمی پێشومان داگیر نەکرد، تەنها دەسڵاتیمان بۆخۆمان وەرنەگرت. ئەقڵێتو بیرکردنەوەو پەیڕەوو بەرنامەکانی ئەوانیشمان بۆ خۆمان هەڵگرتەوە. گرفتەکە ئەمەیە، کێشەی ئێمە نەبوونی ئازادییە، ناتوانین بیروبۆچوونمان سەبارەت بە بابەتێك بخەینە ڕوو. کێ دەنگی خۆی خستە پاڵ دەنگی شێخبەختەوەر؟... کەس. کێ وەك هاوڕێیەکی دێرین لەپاش ئەو ڕوداوە وەفای بۆی هەبوو؟... کەس.

مامۆستا شادمان سەبارەت بە کێشەکانی ناو ئەندامانی دەسەڵات زۆری باسکرد. دواجار گووتی: ئەمجارەش دەڵێم ئەوەی ئێوە بیرتان لێکردۆتەوە من ناتوانم ئەنجامی بدەم لەبەر ئەوەی خۆم قەناعەتم بە دەرئەنجامێکی سەرکەوتووی نییە. بەڵگەم بۆ قسەکانیشم چارەنوسی شێخبەختەوەرە.

وەستاکاوە گووتی: زۆر باشە... ئێمە تێگەشتین، بەڵام دەمانەوێت بیروبۆچوونی تۆ بزانین، چی بکەین باشە؟ لەکوێوە دەست بەکارەکانمان بکەین؟ لەمانەش گرگتر کە دەمانەوێت دڵنیابین سەبارەت بە خۆتە . بۆ ئێمە ئاشکرا نییە مەیلت بەلای ئێمەدایە یاخود پلەو پایەکەت؟

مامۆستا شادمان گووتی: ڕزگار کردنی شێخبەختەوەر تەنها وەفای هاوڕێیەتی پێینەکردم، هاتنیشم بۆ ئێرە بۆ پاداشی ئەو کارە نەهاتووم. ئەگەر بڵێم کەسێکی ماندوشم ڕەنگە بڵێن هەڵوێستی نەماوە. تەمەن زۆر کورتە بەهەموو شتێك ڕاناگات. لەبەرئەوە دەبێت زۆر دڵنیاو مسۆگەر بین لەسەرکەوتنمان.

کوڕیدایە گووتی: سەرکەوتن تەنها لە پەیڕەوکردنی بەرنامەکەی ئۆقیانوسی هێمندایە. ئەوە باش بزانن چەند دەسەڵات بەدوای یەکتریدا بێن، بەبێ بەرنامەیەکی پەروەردەیی کە ئیترمرۆڤ باش لەوە بگات بۆچی شۆڕش دەکاتو بۆچی بەرپرسیارێتی دەگرێتە دەست، توشی هەمان ڕۆژگار دەبێت وەک ئێستای هەرێمەکە . ئەمەیان سەختە کە تەمەنی مرۆڤ بەم هەموو خەباتە ڕاناگات.

مامۆستا شادمان گەڕایەوە بۆ شاری سەردەم . ئاو و هەوای شاری سەردەم هێندە سازگار بوو کە مرۆڤ نەیدەتوانی بە ئاسانی فەرامۆشی بکات. مامۆستا شادمانیش بۆنی هەنگوینی گرتبوو. بۆنێیکی ئەفسوناوی بوو، هەموو کوچەو کۆڵانێکی هەرێمەکەی گرتەوە، هەنگوینێکی زۆر کەوتە بازاڕەوە کە دەسەڵتدارانی سەرسام کردبوو. ئەو بۆنە ئەفسوناوی بوو تێکەڵ بە ڕۆحی مرۆڤەکان دەبوو. ئەو کەسەی بۆن هەنگوینی دەگرت بە زەحمەت دەیتوانی مەملەکەتی مێش هەنگ فەرامۆش

بکات. مامۆستا شادمانیش هەمیشە شوشەیەك عەتری گوڵەباخی پیاوانەی پێبوو کە ناو بەناو دەیپرژاند بە خۆیدا تاکو بۆن هەنگوینەکە بنەبڕ بکات. هەرچەندە ئەمڕۆ ناوبازاڕ پڕ لە هەنگوین بووە، بەئاسانی دەتوانی پاساو بۆخۆی بهێنێتەوە، بەڵام لە بۆنی هەنگوین ئەفسوناویتر ئەو عەشقەبوو کە بۆ مەملەکەتی مێش هەنگ لە ڕۆحیدا دروست ببوو. زۆر جار دەکەوتە سەر هەوای ڕۆشتن. بەناخی خۆی دەگووت" مەگەر مرۆڤ لەوێندەرێ هەست بە بوونی ئازادی بکات". هێدی هێدی هەستی بە بێزاری دەکرد. شاری سەردەم هەرچەندە پڕبوو لە هیواو خۆشیو بەختیاری کە مرۆڤ هەمیشە خەویان پێوە دەبینێت. بەڵام ئێستا باخەکانی شاری سەردەم لەو باخانە دەچن کە مرۆڤ لەپاش خەوبینین یادیان دەکاتەوە، ئەودەمە جگە لەخەم هیچ خۆشییەکیان پێوە نەماوە. یادگاریەکانی شاری سەردەمیش وردەوردە ڕەنگیان کاڵو تامیان تاڵ دەبوو. ژیانی شاری سەردەمی لێبوو بەو قەفەزە ئاڵتوونەی کەدەستی دەدایە هەرشتێك ئەویش بە دەستیەوە دەبوو بە ئاڵتوون. ئیتر خواردن ئاڵتون بوو، ئاو ئاڵتون بوو، منداڵەکانیشی بوون بە ئاڵتوون. ئاڵتوون بوو بەو کەرەستەیەی کە ژیانی لێتێکدابوو. ئەو چیرۆکە ئەفسانەییەی بەبیردەهاتەوە کەپاشاکە لەناو ئاڵتوندا ژیانی ئاسایی لێحەرام بوو تاکو مەراقی ئاڵتون کوشتی.
ڕۆشناییەك لە هەرێمەکەدا نەمابوو کە دیدەی خەڵکی پێڕوناکبێتەوە. قەیرانی ئابوری سەرو هەموو گرفتەکان بوو کەلەناخەوە مرۆڤی دادەرزاند لەئەقڵیشدا بە هیچ ڕانەدەگەیشت بەباشی بیری لێبکاتەوە. جیاوازی شێوەی ژیانو بژێوی‌و کامەرانی نێوان چینەکان لەئاستی بەراورد کردندا نەبوو. وەك دوو خەڵکی دوو هەرێمی زۆر جیاواز، وەك دوو وڵاتی دوو کیشوەری جیاواز، وەك دوو فەسڵی زۆر جیاواز. شاری سەردەم هەمیشە سەرەتای بەهارێکی تەڕ بوو. ناو شارەکانی هەرێمیش خاکێکی سوتاو بوو، ژیانێکی پڕ لە قەیرانی بێچارەسەرو هەڵپەستراو بوو. بێزاری خەڵك لەدەست حوکمڕانی هەرێم هەمیشە لە حاڵەتی تەقینەوەدا بوو، بەڵام هەموو هەڵچوونێکی بێبەرنامە کە بەر هەمی توڕەی‌و نیگەرانی بێت، تەمەنی کورتو بێئاکام دەبێت. پیرۆزی لە خاك سەندرابووەوە بە ڕۆحی حاکمپاشاو کەسانی تر درابوو. بستێك لەو هەرێمە نەمابوو کەپێی‌بوترێت خاکی نیشتیمان کە پەیوەندییەکی ڕۆحی پیرۆزی لەگەڵ خەڵکەکەیدا هەبێت. گردۆڵکەیەك بە ئازادی خۆی نەمابووەوە کەموڵکی خۆی بێت، کەموڵکی نیشتیمان بێت. قودسییەتی خاك درابوو بە خاوەن زەوی‌و شاخو گردۆڵکەو ڕوبارەکان. بۆ سەلامەتی سەری حاکمپاشا چەندین دۆنم زەوی بە خەڵك دەدرا. ئەم بەرنامانە لەگەرمەی توڕەیی خەڵکدا جار بەجارێك پێشکەش دەکرا، بەڵام کەس پێڕانەدەگەیشت پرسیار بکات" ئەم هەرێمە موڵکی کێیە تاکو لەسای سەلامەتی هەندێك کەس وەك خێر پێشکەش بکرێت". پارچەزەوییەکان

لەلایەن ئەو کۆمپانیایانەوە دەکران بە خانو کە تایبەت بە خۆیان بوون. ئەم پرۆسانە وەرگرتنەوەی پیرۆزی خاك بوو بۆ سەرکردە. ئیتر ناوچەکان دەبوون بەناوی فلان کەسەوە. گردێك لەسەرەتای دونیاوە موڵکی خۆی بوو، ئیتر دەبوو بەناوی کەسێکیترەوە. بەرنامەکەی ئۆقیانوسی هێمن تەواو پێچەوانەی ئەم ڕەفتارو بنەمایانەبوو کە ئەمان بۆ مانەوەو پیرۆزی خۆیان پیادەیان دەکرد.

پێش سی ساڵ لەمەوبەر ئۆقیانوسی هێمن گووتی: هەمووان دەبێت لەهەموو ساتو قۆناغو پلەیەکدا خۆمان بە کوڕی میلەتو شۆڕشو نیشتیمان بزانین. ئۆقیانوسی هێمن ئەو سەردەمە بۆ ئەمڕۆ قسەی دەکرد. دەیگووت: ئێمە کە کوڕی نیشتیمان بین، نابێت خاوەنی خاکی نیشتیمان بین، چونکە ناگونجێت منداڵ خاوەنی باوکی بێت. دەیگووت: ئێمە کە کوڕی میلەت بین، نابێت لەکاتی دەسەڵتدا زاڵم بین، چونکە ناگونجێت منداڵبەسەر باوکەوە زۆردار بێت. دەیگووت: ئێمە کەکوڕی شۆڕش بین، نابێت خۆمان بەسەر ئەندامەکانی شۆڕشدا فەرزبکەین، چونکە ناگونجێت منداڵ خۆی بەسەر باوکدا فەرزبکات. ئەمڕۆش کوڕیدایە هەرئەو بەرنامەیەی ئۆقیانوسی هێمنە جارێکیتر دەیهێنێتەوە بەردەم ئەو کەسانەی بەتوندی دژایەتیان کرد. ڕەنگە سەردەمەکە زۆر گونجاوتر بێت، چونکە جیاوازیەکان زۆرن. کێ ئەو سەردەمە بە گومان بوو لە ئەقڵێتی ئەمانە، بەڵام ئەمڕۆ هەموو خەڵکیان لێپڕە. ئەمان ئێستا لە جێگای ئەوانە کە ئەو زەمانە خەڵکی هەرێمەکە زەلیلی ئەفکارو ڕەفتاریان بوو. هەڵوێستی خەڵك ئاشکرابوو، لە هەرشوێنێك نەفەسێکی چارەسەرکرنی قەیرانەکان بهاتایە ڕوویان تێدەکرد، لە هەر گەرەوویەك دەنگی نارەزایی ببیسترایە دەنگی خۆیان دەخستە پاڵ دەنگی، لە هەر دەرونێك هەناسەیەکی ئازادیان بۆنبکردایە دەبوون بە هاوڕێی خەمەکانی. مەملەکەتی مێش هەنگ لەلای خەڵك هەر نهێنی بوو، بەڵام ئاواتیان بە بوونی ئەو شارە خەیاڵاویو ئەفسوناوییەی زەعیم هەستیار دەخواست. ئەو هەموو هەنگوینەی کەوتە ناو شارەکانەوە هیوایەکی ئەفسوناوی بە خەڵك دەبەخشی بەبێ ئەوەی زانیاریان هەبێت یاخود دەرکیان بە نهێنییەك کردبێت. بەڵام دەوڵەتو کاربەدەستەکانی نیگەران بوون بە دەسکەوتەکان بۆ خەڵکی هەرێمەکە دوور لە تواناو ئیرادەی خۆیان . لەبەرئەوە بە نهێنی چاودێریان کرد. ئێوارەیەك لەکاتی گەڕانەوەیاندا سێ کەسیان لەوانە دەسگیرکرد کە هەنگوینیان لە مەملەکەتی مێش هەنگەوە بۆ ناو هەرێم دەهێنا. یەکێك لەوان جومعەی لەقە وەشێن بوو. زۆر کەس جومعەیان دەناسی، کوڕێك لەئاسایش ناسییەوە. گووتی" خۆ ئەوە جومعە شێتی لەقە وەشێنە" پێیانگووت: جومعە ئەوە چەند وەختە لەکوێیت؟ شێتە ئەم کارەشت لەدەست دێت قسەشت نەکردووە. جومعە بە هێمنی گووتی: ئینجا قسەی بۆچییە، چیم

کردووە تاکو قسەبکەم. ئێوە ئەگەر خۆتان بە دڵسۆزی خەڵك دەزانن، بۆچی سۆراغێکتان نەکردین؟ ئێمە هەر لەم مەملەکەتەین، ئەی نابینن شارەکەمان بۆ پڕکردوون لە هەنگوین. ئێوە قسەمان پێبڵێن، ئێمەش هەنگوینتان بۆ دێنین .
مەملەکەتی مێش هەنگ ئاشکرابوو، بەڵام هیچیان بۆ نەکرا. زۆرجار خۆیان تاقیکردبووەوە، جگە لە قونگی دڕاو و دەستی بەتاڵ دەسکەوتی تریان نەببوو. لەو تومتومانی گرانییەدا، هەنگوین لە هەموو خواردنێکی تر هەرزانتر بوو. حاکمە دەسەڵاتدارەکان چاوی تەماعیشیان لەهەنگوینیش بڕی. ویستیان لە ڕێگای بازرگانی بۆ بەرژەوەندی خۆیان کۆمپانیایەك سەبارەت بە کۆکردنەوەو هێنانی هەنگوینەکە دابمەزرێنن، بەڵام جومعەو هاوڕێکانی هیچ زانیارییەکی تریان بە دەستەوە نەدا. ئەو شارە نهێنیو ئەفسوناوییە هێدیهێدی لەناو خەڵکدا ئاشکرا دەبوو.
وەستا کاوە لەگەڵ مورادا ماوەیەك بوو لەناو شاردا بوون، دەستە دەستە هەموو هاوڕێکانیان بینین. وەستا کاوە بۆ ئەوە هاتبووەوە سەبارەت بە ئیشکردن لەسەر بەرنامەکەی ئۆقیانوسی هێمن بیرو بۆچوونیان وەربگرێت. هەموویان قایلبوون بە وەرگرتنی وانەکانی بەرنامەکە. پێشنیاری ئەوەشیان کرد بە ناوی هاوڕێ دێرینەکانەوە لەدوای ئەو پرۆسەی هەڵبژاردنە کە تەنها کەسانی خوار دەسەڵاتی یەکەمی دەگرتەوە، ئەمجارە هەڵبژاردنێکی گشتی سەرتاسەری ئەنجامبدرێت بە مەرجێك شێوازی هەڵبژاردنی ئەندامەکان بە خواستی جەماوەر بێت. وەستاکاوە ئەو پێشنیارەی پێپەسەند بوو، بەکارێکی گرنگو پێشتری دانا. خۆیشی بەشداری نوسینەوەی پێشنیارەکە بوو کە بیخەنە بەردەم پیاوانی دەوڵەت. چەند برادەرێکی تازەشیان لە ڕێگای ئەوانی ترەوە پێناساندن. یەکێك لەوان" میرانی ڕۆمان نوسبوو" دۆستی دێرینی وەستا کاوە. هەردووکیان بە یەکتری شادبوونەوە. میرانیش لەدوای وەستا کاوە بە هۆی بڵاوکردنەوەی ڕۆمانێکی تازە تاوانبار کراو فەرمانی گرتنی دەرچووبوو، بەڵام میران خۆی بەدەستەوە نادات. بە وەستا کاوەی گووت"تاکو ئێستا خۆم شاردۆتەوە، ناوێرم دەرکەوم، ئەم سەردانەش گرنگ بوو بۆیە هاتم".
وەستاکاوە گووتی: ئەی ئێستا لەکوێ دەژیت؟ بێگومان لەماڵی خۆتدا نیت.
میران گووتی: ماڵی خۆمی چی... بۆچی ئەوێرم دەرکەوم. لەوەستا کاوەی پرسی: بۆچی تۆ لەماڵی خۆتیت؟ یان هەر شەوێكو لە جێگایەك.
وەستا کاوە ئاگاداری حاڵی میران نەبوو. گووتی: من لە جێگایەکی زۆر دوورم، بەڵام زۆریش هێمنو دڵنیایە ، ئەگەر دەزانیت لەناو شاردا مانەوەت سەختە، دەتوانم لەگەڵ خۆم بتبەم ئەگەر خۆت پێتخۆشبێت.
میران پێشنیارەکەی وەستا کاوەی پەسەند بوو. گووتی: تاکو چەند ڕۆژیتر لێرە دەبیت؟

وەستا كاوە ڕوویكردە مورادو گووتی: سێ ڕۆژیتر.
میران گووتی: من سبەینێ وەڵامت لێدەگێڕمەوە.
لە مەملەكەتی مێش هەنگ میران دانیشتبوو، سەرقاڵی نوسینی ڕۆمانەكەبوو. ماوەیەكی زۆر بوو خەریكی نوسینەوەی ڕوداوەكان بوو. زۆر لەبەسەرهاتە مێژوییەكان لە زاری وەستا كاوەی وەرگرتبوو. هەندێك جاریش پرسیاری لە كوڕی دایەو هاوڕێكانیتری دەكرد. ڕۆمانی "خەمەكانی لارە گوڵدەگرن" لە نوسینی وەستا كاوە بوو. وەستا كاوە داوای لێكردبوو تێكەڵ بە ڕۆمانەكەی بكات چونكە بابەتەكان هەڵقوڵاوی یەك شوێنو كاتنو پەیوەندیان پێكەوە هەیە. میران وەستای ڕۆمان بوو. زیرەكانە بابەتەكانی ڕۆمانەكە ی نوسییەوەو ڕوداوەكانی پێكەوە گرێدا. هەردوو ڕۆمانەكەشی ئاوێتەی یەكتری كرد بە شێوەیەك كە جوداكردنەوەشیان بۆ خوێنەر ئاسانبێت وەك دوو ڕۆمانی سەربەخۆ.
میران سەری بەسەر دەفتەرەكەدا شۆڕكردبووەوە. وەستا كاوە لە تەنیشتییەوە دانیشتو گووتی: زۆرت ماوە لە نوسینی تەواو بیت؟
میران سەری هەڵبڕی، كەمێك سەری بە هەردوولادا ڕاوەشاند، پێدەچوو بڕبڕەكانی ملی سڕبووبن. گووتی: لە بەشەكانی كۆتایدام. من دەمەوێت ڕۆمانەكە لەم مەملەكەتەدا تەواو بكەم. بەڵام كاتێك ئێمە لەناو ڕۆمانەكەدا دەگەڕێینەوە بۆ ناو هەرێم، هێشتا خۆمان هەر لە مەملەكەتی مێش هەنگین. من دڵنیام سەركەوتنمان مسۆگەرەو گەڕانەوەشمان بۆ ناو هەرێم نزیكبۆتەوە. لەبەر ئەوە ناگونجێت باس لە داهاتوو بكەم كە هێشتا نەهاتووە. ڕەنگە كۆتای ڕۆمانەكە پێش كۆتایی واقعی ڕوداوەكە تەواو بكەم. یان دەبێت لاپەڕەكانی كۆتایی تەرخانبكەم بۆ كۆتایی ڕوداوەكانو لەناو هەرێمدا بیاننوسمەوە. ئەو ڕۆژانەی دوای كە هەموومان بە خۆشحاڵییەوە دەگەڕێینەوە، یاخود دوای هەمووتان بگەڕێمەوە.
وەستا كاوە گووتی: میران گیان تۆبڵێیت كۆتایمان وەك كۆتایی ڕۆمانەكەی تۆبێت.
میران گووتی: دەبێت تۆ لە هەموو كەس دڵنیاتر بیت، من پێشم وایە زۆر دڵنیایت، ڕەنگە پرسیارەكەت هەروا بە ئاسایی كردبێت، یاخود ویستبێتت بیرو زاری من تاقیبكەیتەوە، بەڵام بامن پێتبڵێم: ئێستا زۆر پەشیمانن كە داواكاریەكانی خەڵكیان جێبەجێ نەكرد، ئێستا ئاوات بە ئێمە دەخوازن، ئێستا ڕەنگە بە هەموو مەرجێك قایلبن، بەڵام كارلەكار ترازاوە بۆ بەختی ئەوان، كێی تێداماوە هەرێمەكە؟ئەوانیتریش كە هاتن ئیتر بە دیار كێوە حوكمڕانی دەكەن؟هەر خۆیان ناچار دەبن بە جێیبهێڵن.
وەستا كاوە گووتی: كەواتە بینوسە...!
میران بە سەرسامییەوە گووتی: چی بنوسم؟

وەستا کاوە بە خەندەوە گووتی: منیش لە کۆتایی سەرکەوتنمان دڵنیام. کەواتە دەتوانیت هەر لەم هەرێمە دوا لاپەڕەکانی ڕۆمانەکە بنوسیتەوە بەو کاتەشەوە کە بەخۆشحاڵییەوە گەڕاوینەتەوە .

26

# میرانی ڕۆمان نوس

مەملەکەتی مێش هەنگ بە ناچاری بووبە ناوچە ئازادکراوەکان، بوو بەو گوندانەی کە عەیامێك پێش ئێستا بەناچاری خەڵکە خاوەن هەڵوێستو شۆڕشگێڕەکان وەك ناوچەیەکی ئازادو دوورەدەست ڕوویان تێکرد. هەرچەندە لەسەرەتادا وەستا کاوەو کوڕیدایە حەزیان بەو چارەنوسە نەدەکرد، بەڵام کێشەکان بەجۆرێکیتر کەوتنەوە ئەمانیش هەلومەرجی مەملەکەتی مێش هەنگیان قۆستەوە بەتایبەتی لە دوای هەڵهاتنی هاوڕێکانیان کە لەناو شارەکاندابوون. مەملەکەتی مێش هەنگ هێدیهێدی قەرەباڵەغ دەبوو، جگە لەو سێ کەسەی کە شێخبەختەوەریان ڕزگار کرد، میرانی ڕۆمانهوسیش ناچار بوو لەو سەفەرە لەگەڵ وەستا کاوەدا شارەکەی خۆی بەجێبهێڵێتو لە مەملەکەتی مێش هەنگ نیشتەجێ ببێت.

هەرکەسێك هەڵدەهات ئیتر حوکمەت وەك کوێری لێدەهات، بە هیچ هەوڵێك بۆی نەدەدۆزرایەوە. هەڵهاتنی شێخبەختەوەر جگە لەوەی کەلێنی خستە توانای حوکمڕانیەوە، وەستا کاوەشیان لەبیر چووەوە. ئەو سێ چەکدارەشیان نەدۆزیەوە لەگەڵ شێخبەختەوەر بوون. سەرسام بوون بە ونبوونی ئەمانە تاکو جومعەی لەقە وەشێنو هاوڕێکانیان گرتن کە تاکو سەر ئێسکانیان بۆنی هەنگونیان لێدەهات، ڕۆحو هەناسەشیان هەر بۆن هەنگوینی گرتبوو. مەملەکەتی مێش هەنگ ئاشکرابوو کە خەڵکی تێدایە، بەڵام نهێنی چوونە ناوەوەیان نەدەزانی، ئەوانیش هیچیان نەدرکاند. گووتیان ڕەنگە ئەوانیش هەر بۆ ئەو چیایانە هەڵهاتبن؟ ئەگەرنا لەکوێن، خۆ بن بەردیش نەما لەدوایان نەگەڕێین. ئەی چۆن گەشتوونەتە ئەو چیا سامناکانە کە هەزارەها ساڵە کەس زاتی نەبووە نزیك دەروازەکەشی بێتەوە. نانا لەوێ نین، هەر لەناو شارەکاندانو خۆیان شاردۆتەوە.

ئەو چەند ڕۆژەی وەستا کاوە لەناو شاردا بوو لەماڵی موراد مایەوە، هەر لەوێش چاویان بە هاوڕێکانیان دەکەوت. ئیشوکارەکانیان پەرتو بڵاو بوو، ویستیان خۆیان وەك ڕێکخراوێك کۆبکەنەوە بە ناوی ڕێکخراوی وەفای هاوڕێ دێرینەکان. هەندێك بڕیاریان خستە سەرکاغەز لەگەڵ ناوی هەموو هاوڕێکان. وەستا کاوەش یەکێك بوو لە ئەندامەکان کە ناوی لە لیستەکەدابوو. ماڵی موراد لە هەموو جێگایەك ئارامتر بوو لەبەرئەوە ئیشوکارەکانیان لەوێ ئەنجامدەدا. بڕیاریشیاندا کە وەستا کاوە بەرنامەکەی ئۆقیانوسی هێمن هەر لەماڵی موراد لەگەڵ هاوڕێکانیدا ئیشی لەسەر

بكەن‌و بەپێی بۆچوونی هەموویان‌و گونجاندنی لەگەڵ سەردەم‌و بارو دۆخی هەرێمەكەدا گفتوگۆی لەسەر بكەن.
وەستاكاوە چاوەڕوانی وەڵامی میرانی ڕۆمان نوس بوو. بە مورادی گووت: ئەگەر تۆش لێرە دەمێنیتەوە ئارەزی خۆتە، من سبەینێ بە هاتن‌و نەهاتنی میران دەبێت بگەڕێمەوە بۆ مەملەكەتی مێش هەنگ. ئەم ئێوارەیە بچۆ بۆلای هیوا چاو گەورە كە سبەینێ بە یانی بە ئۆتۆمۆبیلەكەی خۆی لەناو شار دوورمان بخاتەوە. ئەم ئەوراقانەش با هەر لێرەبن، لەمەملەكەتی مێش هەنگ هیچ كارێكمان بەمانە نییە.
موراد گووتی: ئەگەر ئیشوكارەكانی ئێرە ناچارم نەكەن، هەرگیز فریشتە بەجێناهێڵم. كاكەگیان منیش دێمەوە. لێرە بەتەنیا پێم ناڵێیت چیبكەم؟
وەستا كاوە گووتی: موراد گیان ئارەزوی خۆتە، ئەگەر پرسیاریش لەمن دەكەیت؟ ڕەنگە ئەم ماوەیە لێرە ئیش‌و كارو گرنگی تۆ زۆر زیاتر بێت. جێگایەكی‌تر نییە وەك ماڵەكەی تۆ ئارام ئەو خەڵكەی لێكۆببێتەوە. تۆش تاكو ئێستا هیچ گومانێكت لەسەر نییە تاكو ترسی گرتن‌و چاودێری كردنت لەسەر بێت، پێشنیارە نوسراوەكەش لێرەیە، لەوانەیە لەناكاو هاوڕێیان پێویستیان پێیبێت كە بیخەنە بەردەم دەوڵەت، باوەڕناكەم منیش زۆر بمێنمەوە، ئەمجارە زوو دەگەڕێمەوە. بیری منداڵەكانیش دەكەم، ڕەنگە سەردانیان بكەم، یاخود ئەوان بهێنیت بۆئێرە چاوم پێیان بكەوێت. لەبەر ئەوە دڵنیابە زوو دێمەوە .
موراد قسەكانی وەستا كاوەی بەگرنگ وەرگرت، بڕیاریدا بمێنێتەوە. بەنیگەرانی‌و غەمباری گووتی: باشە وەستا گیان، من لێرە دەمێنمەوە، بەڵام بە فریشتە بڵێ‌و. . . لەدەرگا درا
میرانی ڕۆمان نوس بوو. بەكەلوپەلی تەواوەوە هاتبوو، بڕیاریدابوو لەگەڵ وەستاكاوە بڕواتو نەگەڕێتەوە.
بارودۆخی هەرێمەكە بەرەوە خراپتر دەچوو. نێوان جەماوەرو حوكمەت كەلێنێكی گەورەی تێكەوتبوو، پەیوەندییەكانیان هەرگیز لەیەك پڕۆژەو بەرنامەدا یەكی نەدەگرتەوە. شاری سەردەم گەورەترین چقڵبوو لەناو چاوی خەڵكدا، چاویان بە بینینی هەڵنەدەهات. بەڵام بۆ دەستەی یەكەمی حوكمڕانی ئەو شەوقە پڕشنگدارە بوو كەبەر چاویانی ڕوناككردبوونەوە، هیواو خۆزگەو ئاوەتە تایبەتیەكانی خۆیان لەناو ئەو شارەدا دەبینی. شاری سەردەم ئەو ماگنێتە ڕاستییەبوو كە هەموو خۆشی‌و دەسكەوتەكانی هەرێمی بۆخۆی ڕادەكێشا. شاری سەردەم هێدی‌هێدی لەبەردەم قینی جەماوەردا پایەو قاچو دیوارەكانی دەلەرزین. دەستەی حوكمڕانی هەستیان بە قرچەقرچی داڕوخانی شورای شاری سەردەم دەكرد، بڕیاریاندا شورایەكی بەرزترو پتەوتر بەدەوری شاری سەردەمدا لەپشت دیوارە كۆنەكەوە دروست بكەن.

دروستكردنی ئەو دیوارە جگە لەوەی كە پارەیەكی زۆری لە داهاتی خەڵكی هەرێمەكە بۆ خەرجدەكرا، بەردەوامبوونیشیان بۆ جەماوەر دەرخست لەسەر هەمان ئەقڵ كاربكەنو تاكو ئەبەدیش تەختی حوكمڕانی بۆ خۆیان بمێنێتەوە. زۆر كەس هەرێمەكەی بەجێهێشت، دەیانگووت" لەبرسا بمرین كار لەو شورایەدا ناكەین، دەڕۆین سەری خۆمان هەڵدەگرین، یاخود بە خواستی خۆمان دەگەین، یان لەسەر سنورەكان دەمرین. زۆركەسیش ناچار بوون. دروستكردنی ئەو شورایە پڕۆژەیەكی گەورە بوو، پێویستی بەكاری زۆرو هەزارەها كرێكار بوو كە ڕۆژانە كاری تێدا بكەن. پسپۆرێكی ئابوری بڕی ئەو پارەیەی بۆ دروستكردنی ئەو شورایە پێویست بوو خەرجبكرێت، بەپێی بەرنامەیەكی زانستی ئابوری لێكدانەوەی خۆی بۆكرد و داوتر لە وتارێكدا بڵاوی كردوەوە. ئەگەر ئەو پارەیە بۆ پێویستییەكانی خەڵكی هەرێمە كە خەرجبكرێت، بە هێنانی سوتەمەنیشەوە بە گرانترین نرخ، هەرێمەكە تاكو سەدساڵیتر پێویستی بە هیچ نەدەبوو.

هەرێمەكە لەمێژبوو شێتی تێدا نەمابوو. ئەو پسپۆرە لە دوای هەڵهاتنی شێتەكان یەكەم شێتی ڕاستی بوو كەوتە ناو بازاڕەوە. ئەوەندەیان بەسەریدا كێشابوو، لە دوای شێتبوونیشی لەناو بازاڕ هەمیشە دەستی بەسەریەوە دەگرت .

ئەو كەسانەی ناچاربوون ئیش لەشورای سەردەمدا بكەن، لەئاستی ڕاپەڕاندنو تەواوكردنی ئەو پڕۆژە گەورەیەدا نەبوون. دەستەی حوكمڕانیش زۆر پەلەی تەواوكردنیان بوو، بە ناچاری لە هەرێمەكانی ترەوە كرێكاریان دەهێنا. هەرێمەكە پڕبوو لە جۆرەها كەس بە بۆنەی كرێكارییەوە هاتبوون. زۆر جاریش ئاسایشەكانیشیان بۆ كرێكاری دەبرد، هەندێكیش لەوان لە ژێر باری بەرد ڕاكێشاندا قونگیان هاتە دەرەوەو هەڵهاتن ، لە ئاسایشی فیراریان دەكرد.

شارەكان شڵەقابوون وەك جامولكە ماستی سەر پشتی كەرێكی شەلی ڕێگایەكی بەردەلانی چاڵو چۆڵ . لەلایەك بە شوێن ئاسایشە هەڵهاتووەكاندا وێڵبوون، لەلایەكیتر سەرقاڵی چاودێری شارەكان بوون لەو ڕەوشەی هاتبووە پێشەوە. نیوەڕۆیەك لەو كاتەدا كە وەستا كاوە گەڕابووەوە بۆ مەملەكەتی مێش هەنگ، زرمەیەك شاری شڵەژاند. دەمێك بوو ئەو ناڵەیە لە هەرێمدا ڕووینەدابوو. ئەمجارە خەڵكو حوكمەتیش پێكەوە شڵەژان، نەك هەر شڵەژاندن، بەڵكو چامولكە ماستەكەی سەر پشتی كەرە شەلەكە بەربووەوە، ئیتر ماست لەبری موویەك هەزار مووی تێكەوت. دەوڵەت هەستی بە كاریگەری كەمبوونەوی ئاسایشەكانو هێنانی ئەو هەموو خەڵكە كرد، لە ڕاستیدا زۆری ئاسایش پێویست نەبوو، ڕێگایتر هەبوو زۆر گرگتربوو بیگرنە بەرو بیری لێبكەنەوە ، پەیڕەوی بكەن .

حاکم پاشاو سوڵتانو سەرۆکوئەوانیتریش کۆبوونەوەو گووتیان هەر دەبێت ئەو کەسانە دەسگیر بکەین بەو کارە هەستاون. ژمارەیەکی زۆر لە هەموو زومرە چەکدارە جیاوازەکان بە ناو شارو کۆلانەکاندا بلاوبونەوە. بە وردی هەموو جێگاو ماڵێکیان دەپشکنی. خەڵکێکی زۆریان گرت کە گومانیان لێدەکردن. ئەو ماڵانەش کە دەرگایان کڵۆم درابوو، دەرگاکەیان دەشکاند ناو ماڵەکەیان کون بە کون دەپشکنی. گومانیان لە هەرکەسێكو لە هەر شتێك بکردایە لەگەڵ خۆیانیان دەبردن . زۆر کەس ئەم کارە جدییەی ئەوانی پێخۆش بوو. زۆری تریش دەیانگووت" هەمووی گەندەڵی خۆتانە، ئەگەرنا کێ ئەتوانێت لەم هەرێمەدا بە کاری تێکدەرانەو تیرۆرستی هەڵبستێت؟ ماڵەکەی مورادیش کڵۆمدرابوو. موراد خۆی لەماڵەوە نەبوو، لەدەرەوە هێشتا نەگەڕابووەوە. دەرگای ماڵەکەی ئەویشیان شکاند. پەرەو کاغەزەکانیان لەگەڵ خۆیاندا برد . ئەو رۆژە زۆر گەران کەسیان نەدۆزییەوە کە دڵنیابن بەو کارە هەستاوە. لەزۆر جێگاو گەرەکدا پێیان گووتن" ئیتر بەس ماڵی خەڵك وێران بکەنو دەرگا ی داخراو بشکێنن.

دەمەو ئێوارە لەکۆلانێك نزیك تەقینەوەکە کوڕانی ئەو گەرەکە لە زێرابێکدا دوو کابرای ریشنەی چڵکنیان دەرهێنابوو. وەك مشکی ناو زێرابەکان هەڵدەلەرزین. زۆرپاڕابوونەوە کە هیچیان لێنەکەن خۆیان دان بە تاوانەکاندا دەنێن. ئەوانیش پێیانگوتبوون" دەمتان داخەن...! ئێمە لەو فلقەفلقە تێناگەین . ئێستا بۆشوێنێکی خۆشتان دەبەین". هەردوو ریشنە چڵکنەکەیان خستبووە ناو دوو تەشتی لەوحی گەورەو بەڕاکێشان تاکو بەردەم دەزگای ئاسایش بردبوونیان. تەسلیمی دەزگای ئاسایشیان کردبوون، گووتبوویان "ئەوانەی ئێوە بۆیان دەگەڕێنو ئەمشارەتان بەسەر یەکدادا بۆیان، ئەم دوو قارەمانە چڵکنەن". بەڕێوەبەری ئاسایش زۆر مەمنونیان ببوون، گوتبووی" ئێوە قارەمانن، بەڵام نەك چڵکن، قارەمانێکی ڕاستەقینە". بە بەڕێوەبەری ئاسایشیان گوتبوو" قارەمانی چی بابە گیان؟ ئەرکی سەرشانمانە".

شەو بوو بەهەرا لە تەلەفزوێندا. هەرچی گەندەڵیو نەهامەتی هەرێمەکە هەبوو ویستیان لە چالاکی دەسگیرکردنی ئەو دوو ڕیشنە چڵکنەدا بیشارنەوە. باسی کوڕانی گەرەکی خوار قەلا هەر نەکرا کە هەردوو ڕیشنەکەیان لە یەکێك لە زێرابەکاندا دەرهێنابوو .

موراد شپرزەیو پەشۆکاوی شاری بینی، هێندەی هەموو شار پەشۆکا. دڵنیابوو کە ماڵەکەی ئەویشیان پشکنیوەو هەموو کاغەزەکانیشیان بردووە. کاغەزەکان بریتی بوون لە ناوی هاوڕێکانیان بە وەستا کاوەشەوە لەگەڵ ئەو پێشنیارەی کە نوسیبوویانەوە. موراد وەك با ڕێی دەکرد. لەبری باڵندە کۆچکردووەکان دەفڕی. ڕایدەکرد، دەفڕی، قەڵەمبازی گەورەی دەدا، هەرنەدەگەیشتە ماڵەوە. لەبیریشی نەبوو

تەکسییەك ڕابگرێت، تەکسی چی؟ کێ لەو ڕۆژەدا ئیشی دەکرد، ئینجا تەکسییە بێ بەنزینەکان. دەرگای خانووەکەی لە دوورەوە بینی دوو منداڵی کۆلانەکە وەك عەرەبانە سواری ببوون. هێدەیتر پەشۆکا. بە پرتاو خۆی بە ژوردا کرد، هەرچی وەرقە هەبوو بردبوویان. موراد ئیتر کاتی نەمابوو بیر لەشتێکیتر بکاتەوە. دەبێت بە خێرای پەیوەندی بە هاوڕێکانیەوە بکات. موراد یەکەمجار چوو بۆلای نەوزادی حەڵواچی. نەوزاد لە دوکانەکەی خۆی بوو. موراد بەسەرهاتەکەی تێگەیاند. نەوزاد گووتی: کاکەگیان بۆ وات لەخۆت کردووە؟ نەختێ هێمن بەرەوە. خۆ ئێمە کارێکمان نەکردووە تۆ ئەوەندە شپرزەبوویت. موراد بە پەشۆکاوییەوە گووتی: کاکەگیان من باش دەزانم، بەڵام لیستەی ناوەکان ناوی وەستا کاوەشی تێدایە. هەموو شێك ئاشکرادەبێتو بە پێچەوانەشەوە لێمان حاڵیدەبن.

نەوزاد گووتی: ئینجا چی بکەین باشە؟ خۆتازە هەموو کاغەزو نامەکانیان بردووە.

موراد گووتی: دەبێت خۆمان ونبکەین تاکو شتێکمان لێئاشکرادەبێت. بۆ ئەوەی زوو بە هەموو هاوڕێکانیش ڕابگەین، ئێستا هەریەکێکمان پەیوەندی بە هاوڕێیەکەوە دەکەین. هەر کەسێکمان لەو بابەتە ئاگادار کردەوە ئەویش پەیوەندی بە هاوڕێیەکی ترەوە بکات، ئێمەش دووبارە برادەرێکی ترمان ئاگادار دەکەینەوە. بەم شێوەیە لە ماوەیەکی زۆر کورتدا هەموو ئاگادار دەکرێنەوە. من ئێستا دەچم بۆلای هیوا چاو گەورە. تۆش بچۆ بۆلای. . .

نەوزاد قسەکەی بە موراد بڕیو گووتی: من بۆ ماڵی زرار گەردی دەچم، میرانیش لەوێیە. بابەتیرێك دوو نیشانە بشکێنم. میران لەماڵی ئەوان خۆیشاردۆتەوە، ئەمجارە بۆکوێ دەچێت؟

موراد گووتی: جێگایەك هەردەبێت ڕووی تێبکات وەك باوەشی دایکی لەم زوڵمەتە ڕزگاری بکات. میران چەند ڕۆژێشە لەم شارەدا نەماوە، ئەویش ڕۆشت، لەبەر ئەوە مەچۆ بۆ ماڵی زرار، ئێستا زراریش باوەڕناکەم لە ماڵەوەبێت .

نەوزاد ئیشەکەی خۆی بیرچووەوە، بە سەرسامیەوە گووتی: میران کەی ڕۆشت؟ بۆکوێ چوو، ئەو شوێنە کوێیە با ئێمەش بۆ ئەوێ بچین.

موراد گووتی: نەوزاد دەبێت دەستو برد بکەین، وەختی ئەم پرسیارانە نییە، ئەو بابەتە بۆ کاتێکیتر هەڵبگرە. میران بۆ شوێنێکی زۆر دوور ڕۆشتووە، ئێمە بەم پەلەپەلە جاری نایگەینێ.

نەوزاد گووتی: زۆر باشە بابڕۆین، کەواتە بچم شەماڵی ئامۆزام ئاگادارکەم .

بەهۆی هەڵمەتی گەڕانو پشکنین لەدوای ڕودواوەکە زۆر شتیان دەسگیرکردبوو، بەڵام هیچیان هێندەی بەیانەکانی ماڵی موراد بەلای دەسەڵاتدارانەوە گرنگ نەبوو کە بەدوادا چوونیان بۆ بکات. لەو جارەوە ناوبەناو ئەو هەڵمەتی پشکنینە لەهەندێك

ناوچەو گەڕەك بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان ئەمجامدەدرا. کاتێکیش خەڵکی هەرێمەکە گلەیو نارەزاییان دەردەبڕی... دەیانگووت: ئەمە کاری ئێمەیەو پەیوەندی بە ئارامیو ئاسایشی ئێوەوە هەیە. شتیان زۆر گرتبوو کە کاتی پشکنینین کە گومانیان لێکردبوو. هەندێك لەو شتە گومانلێکراوانە خاوەنەکانیان لەماڵەوە بوون، لەگەڵ کەلوپەلەکانیان خاوەنەکانیشیان بردبوون، دوای لێکۆڵینەوە ئازاد کرابوون. لەپاش دۆزینەوەی دوو کەسە ڕیشنە چڵکنەکە ئەو کەسانەی تەنها بە گومانلێکردن گیرابوون، ئەوانیش ئازاد کران. نۆبە...نۆبەی چاوپێداخشاندنو لێکۆڵینەوەی کاغەزەکانی ماڵی موراده. ئەمەندە شتیان کۆکردبووەوە تاکو سەرەی کاغەزەکانی موراد هات، شەوێکی زۆر دڕەنگ بوو. مورادو هاوڕێکانی دەمێكبوو ئاگاداری هەموو شتێکبوون. هەموویان خۆیان ونکردبوو تاکو بزانن چی ڕوودەدات؟ تەنها دوو لە هاوڕێکانیان بەردەست کەوتبوون. ئەو دۆستانەش کە ناویان لە لیستەی ناوەکاندا نەبوو دوراو دوور چاودێری بارو دۆخەکەیان دەکرد .

ژیان ئاڵۆزو سەختو گرانببوو. خەڵکی هەرێمەکە ڕۆحیان پڕبوو لە بێزاری، چاویان لەدیمەنی غەدرو ناعەدالەت. شاری سەردەم بەو هەموو ئێسك قورسییەوە پشتێنێکیتریشی بەکەمەری خۆیەوە بەستەوە. پشتێن پشتێن نەبوو، بووبە ئاخرڕۆژی زەمان، هەرنەهاتو تەواو بێت. زۆر کەس دووبارە سەری خۆیان هەڵگرتەوەو ڕۆشتن، زۆریتر ئاواتیان بەوان دەخواست. هیوایەك کە خەڵکی هەرێمەکە چاوەڕوانیان دەکرد ئەو شارە ئەفسوناوییەبوو لێرەو لەوێ لە سەر زاری هەندێك کەس دەبیسترا، لەگەڵ ئەو هەنگوینە کە بۆنەکەی هەموو هەرێمی پڕکردبوو. بۆنێکی ئەفسوناوی کە مرۆڤ نەیدەتوانی بە ئاسانی خۆی لێخافڵبکات.

دەوڵەت بەدەستکەوتنی ئەو بەڵگانەی ماڵی موراد ئارامی لێهەڵگیرا، بەتایبەتی سەرهەڵدانی دووبارە ناوی وەستا کاوە. هەر ئەو شەوە چوون بۆ دەسگیرکردنی موراد، بەڵام موراد لەماڵەوە نەبوو. لەپاش ماڵی موراد ماڵی چەند کەسێکیتریش چوون ، ئەوانیش لەماڵەوە نەبوو. حوکمەت ئەگەر سەری هەبوایە ئەوشەوە لەداخی دڵی خۆی هەزار جار سەری بەدیوارەکانی شاری سەردەمدا دەدا، بەڵام دەوڵەت سەری نەبوو، چونکە لە هەرجێگایەك گلەیو گازندە بەرامبەر بە دەسەڵاتدارێك لە حوکمەت بکرایە، هیچ بەرپرسێکی گەورە بەسەر خۆی نەدەهێنا، وەك ئەوئاگاداری هیچ نەبێت یاخود لە هەموویان پاکتربێت. بۆ هەرکەسێك گەڕابێتن وەك زەوی لوشیدابێت ئیتر نەدۆزراوەتەوە. دواین کەس میرانی ڕۆژنامە نوس بوو، ئەویشیان بەردەست نەکەوت، کەچی ئێستا لەناو لیستەکەی ماڵی مورادا بە ئاشکرا ناوی لەناو ئامادەبوونەکاندا نوسراوە" میرانی ڕۆمان نوس".

مورادو هاوڕێكانی زانیان بە شوێنیاندا دەگەڕێن ئیتر خۆیان ئاشكرانەكرد، هەر دوانسیانیان لە جێگایەك خۆیان شاردەوە. موراد لەگەڵ دوو هاوڕێیدا پێكەوە لەماڵی كەسێكی گومان لێنەكراوبوون. موراد بەباشی زانی زوو بگەڕێتەوە بۆ مەملەكەتی مێش هەنگ تاكو برادەرانی ئەوێ ئاگادار بكات، بەرەبەیانییەك لەگەڵ هەردوو برادەرەكەیدا بەڕێكەوتن. ئەوانەی هەنگوینیان بۆ هەرێمەكە دەهێنا ئاگاداری ئەو كارەساتەی ئەو ڕۆژەبوون، بەڵام ئەوان هیچ پەیوەندییەكیان بە مورادو هاوڕێكانیانەوە نەبوو. ئەو دووكەسەی لەگەڵ مورادا بوون هاوڕێی خۆیان بوون، وەستا كاوە دەیناسین، زەمانێكیش بوو دوراودور هاوڕێ خەباتی كوڕی دایەش بوون.
وەستا كاوە بە مورادی گووت: زۆر چاكتكرد كە هاتی، من نیازمبوو بگەڕێمەوەو سەردانی ماڵیشەوە بكەم. دەربارەی ماڵی خۆیان پرسیاری لە موراد كرد، بەڵام موراد ئەم چەند ڕۆژە هەواڵی ماڵو منداڵی وەستا كاوەی نەدەزانی. موراد گووتی: وەستا گیان بەڕاستی من بۆ ئەوە هاتم بیرێك لە بارودۆخی ئەو هاوڕێیانەمان بكەینەوە. ڕەوشی ناو شارەكانیش لەجاران زۆر خراپترە. گرفتەكە لەوەدایە هەمووومان ناسراوین .
وەستا كاوە قەدەرێك بەخەمەوە بێدەنگ بوو. بیری لەشتێكی گونجاو دەكردەوە، بەڵام ئەو دەمە هیچی بەبیردا نەهات. بەنیگەرانیەوە بە مورادی گووت: دەبێت هەمووان پێكەوە بڕیار لە چارەنوسی ئەو هاوڕێیانە بدەین. ڕەنگە بەرنامەكەمان بەو جۆرە نەیەتە پێش كە ئارەزوومان بوو.
وەستا كاوە دڵی لەلای ماڵو منداڵەكەی بوو، دڵنیابوو كە هەڵیانكوتاوەتە سەریان. خەمی ئەوانیش لەئەستۆی ئەودابوو. ئەوان یەكێكبوو لە كۆمەڵگاكەو ماڵو منداڵی ئەویشبوون، لەخەڵكیتریش زیاتر ژیانیان لە مەترسیدا بوو. دەبوو سەردانی شار بكاتو هەواڵێكیان بزانێت. دڵی بۆ ئەوە لێیدەدا كە لەگەڵ خۆیدا بۆ ئێرەیان بهێنێت. لەگەڵ ناخی خۆیدا دەیگووت: كە شارێ هەبێت وەك دایك لە ئامێزیان بگرێتو لەو زوڵمەتە ڕزگاریان بكات، ئیتر بۆچی لەگەڵ ترسو خەمو تەنیایدا بژین. ئەو بابەتەشی لەگەڵ مورادا باسكرد. مورادیش گووتی: من جاران دەمویست فریشتە قایل بكەم كە بگەڕێینەوە بۆ ناو شارو ئیتر لەوێ ژیان بەسەر بەرین، بەڵام ئەو هیوایەم لەبار چوو، توخوا بۆكوێ بچینەوە هەرچەندە تازە ژیانی من لەوێ مەحاڵە؟ ئێرەش هەر ناوچەیەكە لە هەرێمەكەی خۆمان، چ جیاوازییەكی هەیە؟ژیان لێرە دڵنیاترو ئارامتریشە، هەرنەبێت ئەم مەملەكە وەك دایك بەسۆزەوە ئامێزی بۆ كردوینەتەوە لەزوڵمەتەكانی ئەوێ ڕزگارمان بكات.
مەملەكەتی مێش هەنگ شارێكی نهێنیو ئەفسونایی بوو لەلای خەڵكی هەرێمەكە، كەچی هێدیهێدی لەناو دڵی خەڵكدا ئومێدی پەیدا كرد، بووبەو شارەی كە ماوەیەك

بوو زەعیم هەستیار وەك مژدەیەکی هیوا بەخش بەگوێی خەلکیدادەدا، بەتایبەتیش لە دوای ئاشکرابوونی هەڵهاتنی هاوڕێ دێرینەکان. زۆر لە خەڵکی بێزارلەدەست حوکمی ئەو ڕۆژگارە خۆیان دەدایە دەم چارەنوسێکی نادیار. بەرەو دەشتو کێوەکان دەڕۆشتن تاکو ئەو شارە بدۆزنەوە کە زەعیم هەستیار مژدەی پێدەدان. زۆریان هەبوون بە ڕێکەوت نزیکی چیا هەزار بەهەزارەکان دەبوونەوە، بەڵام ترسوپەشۆکاوی لەناوچەی ئێسکو پروسك لێکەوتووەکان بەرەو ناو شارەکان یاخود بەرەو جێگایەکی تر دەگەڕانەوە. هەندێك کەس لە بەختی خۆیان توشی وەستا کاوە یان موراد عاشق یاخود کەسانیتر دەبوون، ئەوانیش لەگەڵ خۆیاندا بۆ مەملەکەتی مێش هەنگ دەیانبردن.

سیمای ئەو شارە خەیاڵییەی زەعیم هەستیار باسیدەکرد لەبەرچاوی خەڵکدا تارمایی دەرکەوتو ئومێدی شادمانی بە خەڵك دەدا کە هاوکات بوو لەگەڵ سەختترین ژیان لە هەرێمەکەدا. شاری سەردەمیش تەنها وە چقڵ بە چاوی خەڵکدا نەچەقی بوو، وەك پیاوێکی قومارچیش داهاتی هەرێمەکەی لەبن هێنابوو، بەڵام لەناوەوە ئەو شارە بوو شایشتەی پێشوازیکردنبوو لە میوانە گەورەکانی جیهان. هەر بەرێزك بهاتەیە بەبوونی ئەو شارە سەرسام دەبوو، سەرسامی میوانەکان شانازیوگەورەیی بوو بۆ دەستەی حوکمرانی، لێرەوە گرفتەکان زیادیان دەکرد کاتێك ئەوان بە گەورەیی خۆیان دەبینی. گەورەیی لەئەقڵێتو بیرکردنەوەیاندا بەمانای گەورەیی خودیخۆیان بوو بە سەر جەماوەردا کەوەك باوك خۆیان دەبینی، بەڵام باوکێکی توندو تیژکە پەیڕەوکردنی کلتوری باوك سالاریان پێقبوڵبوو. ئەم نەفسێتو بیرکردنەوەش بوو کە دژایەتی بەرنامەکەی ئۆقیانوسیانی هێمنیان پێدەکردو هەرگیز خۆیان بە کوڕی میلەتو نیشتیمانو شۆڕش نەدەزانی.

شاری سەردەم بوو بە هەرێمێکی قایمو ئاوەدانو دلڕفێن کە هاوتای شارە گەورەو پێشکەوتووەکانی جیهان بوو لەڕووی جوانیو ئاوەدانیو بیناسازی، بەڵام وەك منداڵێکی پێنەگەیشتوو کە پێش وادەی خۆی لەدایك بێت، ئەویش پێش وەختی خۆی هاتە دونیاوە، هەربۆیە هەمیشە ترسی بەرگەنەگرتنی ژیانە تازەکەی بوو، خەمیان بوو لەناو بچێت. لەبەر ئەوە جیاوازتر بوو لە شارە بەناوبانگە پێشکەوتووەکانی تری جیهان کە لەوادەی خۆیاندا لە دایك ببوونو بەپێی مێژوی سوری ژیانی تایبەتی خۆیان گەشەیان کردبوو. شاری سەردەم وەك منداڵە پێش وەخت بووەکان لەبەر تایبەتمەنی ژیانیان لە ترسی مەرگو لەناو چوون لە ناو ژوری شوشەی تایبەتدا ژیانیان دەپارێزن. شاری سەردەمیش لەبەر هەلومەرجی تایبەتیو بارودۆخی ناسکی، بەشورای بەردینو قایم پارێزراو بوو. بەپێی چاودێری فکرێکی کۆن کە خافڵ بوو لە مێژوی پێش خۆی، بێئاگابوو لەو زانیاریانەی چۆن شارێك دەتوانیت بپارێزیت لە

مردن ئەگەر پێش تەمەنی خۆی لەدایك بووبێت . شاری سەردەم بەبێ کەمو کوڕی بوو، بەڵام دابینکردنی پێویستییەکانی لەهەناوی خۆیو ڕەنجی ئارەقی ناو چەوانی خۆی پەیدا نەدەبوو. شارەکانی تر ببوون بە مەیدانێکی پیشەسازی بەرهەمێنان بۆ قوڕگو ورگی شاری سەردەم. شاری سەردەم هەرچەندە پێشکەوتو جوانو ڕازاوەبوو، بەڵام لەو منداڵەش دەچوو لەپڕ ببێت بە پیاوێکی گەورەو ڕێکو پێکو پڕو باڵا بەرز، بەڵام هەر عەقلی منداڵی لە کەللـەیدا بێت. کارەسات لە کامڵنەبوونی عەقڵی منداڵدا نییە، ئەوە کارەساتە منداڵێك هێندەی پیاوێك بەخەرجیو بە شانو شەوکەتو باڵابێت، ئەوە کارەساتە منداڵێك هێندەی پیاوێکی گەورە زیاتر قوماشی بۆدەستێك جلو بەرگ بوویێت، ئەوە کارەساتە منداڵێك وەك پیاوێك هەڵسوکەوت بکات بەڵام هەمان عەقڵی منداڵی هەبێت، زەرەیەك مێشکی پیاوبوون لە سەریدا نەبێت. شاری سەردەم ئەو منداڵە بەقەدو قیافە بێ‌ئەقڵەبوو کە لافی پیاوێکی گەورەی لێدەدا، جلوبەرگی بازرگانێکی دەوڵەمەنی دەپۆشی. کۆڕوکۆبوونەوە گەورەکان دەچوو. لەگەڵ پیاوانی دونیادا ئاشنابوو، بۆ دەعوەتیان دەچوو، ئەمیش دەعوەتی گەورەتری دەکردنەوە، بەڵام توانای فلسە سورێکی نەبوو پەیدای بکات. بێئاگابوو پارە چۆن پەیدا دەکرێت. بێئاگابوو دونیای هەرێمو دەوڵەتەکان زانستی ئابوری لە پێش هەموو زانستەکانیترەوە ڕایگرتووە. بێئاگابوو پەیوەندی میلەتەکانو وڵاتو هەرێمەکان لە سەر ئابوری بەندە. کارەساتەکان لەپشت ئەقڵەوە ڕوودەدەن، ئەم شارە پێشڕەوەی هەرێم ئەقڵیشی نەبوو، ئیتر هەرێمەکە نوقمی نەهامەتیەکان ببوو. بێشك خۆیشی توانای ڕاگرتنی خۆی نابێت. یان دەبێت بمرێت، یاخود منداڵبێتەوەو بە پێی سروشتی گەشەکردن، بەپێی پەیڕەوی زانست سوڕی منداڵبوون تەواو بکاتو گەورە ببێت.

شارەکانی هەرێم بوون بەو شارانەی کە مرۆڤ لەخەویشدا حەزی بەژیان نەدەکرد تیایاندا، ئیتر چۆن بە واقیع توانای مانەوەیان هەبوو. ڕۆژانە هەزارەها کەس سەری خۆیان بەرەو دۆزینەوەی شارێك هەڵدەگرت بەو هیوایەی وەك دایکیان لە ئامێزیان بگرێتو لە زوڵمەتی ئەو سەردەمە ڕزگاریان بکات. مەملەکەتی مێش هەنگ هێدی‌هێدی پڕ دەبوو لە خەڵکی هەرێمەکە بەتایبەتی دوای ڕۆشتنی هەموو هاوڕێکانیانو هەندێك لە خێزانەکانیان، بەڵام کەس نەیدەتوانی ڕاستەوخۆ بچێت، هەروەك جاران مەترسیداربوو، مێش‌هەنگەکان دڕو چاو نەترس‌بوون. دەوڵەت هەموو شتێکی بۆ ئاشکرابوو، پیلانی هێرشێکیشی ڕێکخست، بەڵام وەك هەموو جارێك بە سەری شکاو و قونگی دڕاوەوە هاتبوونەوە. ئاگاداری هەموو شتێك بوو، بەڵام لە نهێنی چوونی ئەو خەڵکە تێنەدەگەیشت، چۆن بەئاسانی وبەبێ ترس خۆیان بەناو چیاکاندا دەکەن؟ چۆن مێش هەنگەکان ئەوانە ونجڕونجڕ ناکەن؟

وەستا كاوە بەنهێنی لەگەڵ مورادا هاتنەوە بۆ ناو شار، بەڵام لە ڕۆژگارێكی زۆر ترسناكدا بوو. وەستا كاوە بڕاریدا بوو خێزانەكەی لەگەڵ خۆی ببات. موراديش پەیوەندی بە هەموو هاوڕێكانیانەوە بكات كە خۆیان شاردبووەوە. هەندێك هاوڕێیان گومانیان لەسەر نەبوو، لەبەر ئەوەی ناویان لەو لیستەیەدا نەبوو كە بەردەستی دەوڵەت كەوتبوو. ئێوارەیەكی درەنگ خۆیان بە ناو شاردا كرد. وەستاكاوە گووتی: من تەنها ئەمشەو لێرە دەمێنمەوە. ئەگەر منداڵەكانم لە ماڵەوە بوون سبەی بەیانی زوو دەڕۆین. موراد گووتی: تۆ ئیشوكاری خۆت جێبەجێ بكەو بگەڕێرەوە، چاوەڕوانی من مەكە ڕەنگە من بەشەوێك كارەكانم تەواو نەبێت، چونكە برادەران زۆرن پەیوەندیان پێوە بكەم، بەڵام بۆ زانیاریت ئەمشەو دەچم بۆ ماڵی " جەباری فەتاحی زەماوەند". ڕەنگە هەر ئەمشەو لەگەڵ ئەودا چەند برادەرێكمان ببینم. جەبار ئۆتۆمۆبیلی پێیەو گومانیشی لەسەر نییە. ئەو شەوە هەریەكەیان چوون بەلای كاری خۆیانەوەو لەیەكتری جودا بوونەوە.

ئەو نوسینانەی لە ماڵی موراد دەست دەوڵەت كەوت، ئەوەندە ترسناكو نهێنێندار نەبووجگە لەوەی كە ناوی وەستا كاوەو میرانی ڕۆمانوس تێدا نوسرابوو كە هەردووكیان هەڵهاتووی دەستی دەوڵەت بوون. ترسو گومانی دەستەی حوكمڕانی لەناوی ئەو دوو كەسەبوو كە پەیوەندیان لەگەڵ ئەو كۆمەڵە هاوڕێیەدا هەبوو كە گومانی ڕێكخراوێكی نهێنیان لێدەكرا . یەكەم كۆبوونەوەی دەستەی حوكمڕانی سەبارەت بەو بابەتە حاكم پاشا بەئاشكرا باسی ئەو ترسەی كرد كە سەرو دڵی گرتبوو. غەزەبو توڕەبوون لە ناوچاوەكانی دادەباری ڕووی دەمی لە هەموویان بوو، هەرچییەكیشی دەگووت سەرۆكو سوڵتان لە هەردوولایەوە دانیشتبوون قسەكانیان بە سەرلە قاندن پەسەند دەكرد. گووتی: من هەرلەسەرەتادا هەستم بە كارێكی نهێنی مەتریسدار دەكرد، بەڵام ناوێریت دارێك لە كەسێك هەڵبڕیت شریتی عومری ڕابردوت سەد جار بۆ لێدەدەنەوە، ئەگەر دان بەخۆتدا دەگریت، وەك ئێستا كاتێك بەخۆمان دەزانین كار لەكار ترازاوە، ڕەنگە ئێستا دەیان گروپی چەكداری دروست بووبێت كە ئێمە بێئاگایان لێیان. هەموو ڕوداوەكانیش كە دێنە پێش پێتان وانەبێت هەڵەی خۆمانی تێدا نییە، ببوورن هەڵەی خۆتان. . بەڵێ ڕوداوەكان بێئاگایی ئێوە دەیخولقێنێت . كەس نازانێت خەریكی چین. ئەم شارەمان تەنها بۆ پاڵدانەوە دروست نەكرد بێخەم بخۆنو بخەوەن. لەیەك پرۆسەی گۆڕانكاریدا هەمووتان لەدەست دەچێت. ئەگەر كار وابڕوات ئەو پرۆسەیە پێش وەخت ئەنجام دەدەم.

كێشەكان لەنێوان ئەوان و خەڵكدا لەسەر كورسی دەسەڵات بوو كە بە قونكیانەوە نوسابوو، نەهامەتیەكانیش لەوەوە خولقابوون. داواكاریەكانی وەستاكاوەو

هاوڕێکانیو زۆربەی کەسانی تریش ئەنجامدانی گۆڕانکارییەکی سەرتاسەری بوو بە بەرنامەیەکی گونجاوی سەردەمیانەی ڕێکوپێك. کێشەی شێخبەختەوەریش هەر ئەوەبوو، کەچی ئێستا حاکم پاشا خۆی پرۆسەی کۆڕانکاری پێش وەخت ئەنجام دەداد. هەموویان سەرسام بوون. مامۆستا شادمان ڕوخساری کرابووەوە، وەك بییەوێت قسە بکات یاخود پێشنیارێکی هەبێت، بەڵام پێش ئەو خەسرەو دەشتی هەولێر دەستی بەرزکردەوە. خەسرەویش یەکێك بوو لە دەستەی حوکومڕانی، ئەویش پیاوێکی بەجەرگو قارەمان بوو. ئێستا شەهر خاوەن هەڵوێستی خۆی بوو، لەبەر ئەوە لەناو خەڵکدا هەر خۆشەویشت بوو، بەڵام کێشەکانی خەڵك لەم ڕۆژگارەدا زۆر لەوە گەورەتربوون ڕەفتاری ئەمڕۆ لە پێناوی هەڵوێستی ڕابردوو بکوژێت، چاو لەبێدەنگی ئەندامێکی دەستەی حوکومڕانی بپۆشرێت. چونکە هەر هەموویان سودمەند بوون بەو ئاستەی سنوری مافی ڕەوای بەزاندبوو، بەڵام کەسێکی وەك شێخبەختەوەر ئیسپاتی کرد دووبارە وەك ڕابردوو خاوەن هەڵوێستەو لە خەمی چارەسەرکردنی ئازارەکانی خەڵکدایە. هەموو موڵكو سامانەکانیش کرد بە قوربانی هەڵوێستی. لەپاش ڕۆشتنی هەرچییەکی هەبوو گەڕایەوە بۆ دەوڵەت. موڵکی دەوڵەتیش موڵکی ئەو چەند کەسەبوو. یەکێك لەو کەسانەی کە مامۆستا شادمان لە مەملەکەتی مێش هەنگ بە برادەرانی گووت. " من تەنها لەگەڵ دوو کەسدا دەتوانم ئەو بابەتە باسبکەم". یەکێك لەو دوو کەسە خەسرەوی دەشتی هەولێر بوو، ئەویتریان کاروان جەزراوی بوو. شێخبەختەوەریش دڵنیابوو لە هەڵوێستی هەردووکیان. بەڵام ئەو کاتە کە خۆیان لە خەسرەو دوور خستەوەو ناویان نەدەهێنا، هەندێك کێشەیهەبوو کە توشی ڕوداوێکی تایبەت بەخۆی ببوو، بارودۆخی گونجاو نەبوو کە بابەتێکی گرنگی لەو کاتەدا پێبسپێریت. حاکم پاشا ڕووی لە خەسرەو کردو بەسەر ئاماژەی بۆکرد کە قسەکەی خۆی بکات.

خەسرەو گووتی: گەورەم کێشەکانیش لەنەبوونی ئەو کۆڕانکارییەوە سەریان هەڵداوە، ئێمەش پشتگیری ئەو پێشنیارەی بەرێزتان دەکەین. مامۆستا شادمان بەبێ ئەوەی مۆڵەتی قسەکردن وەربگرێت، ئەوەندە بێئارام بوو لەجێگای خۆیەوە گووتی: پێشنیارێکی دڵخۆشکەرو گونجاوە.

حاکم پاشا بە زەردەخەنەیەکی ئازاراوییەوە گووتی: ئینجا ئێوە دڵنیان من مەبەستم چ گۆڕانکارییەکی پێش وەختە؟ بێگومان کەس قسەی نەکرد، چونکە پرسیارەکەی پڕ مانابوو. پاش قەدەرێك بێدەنگی کوشندە گووتی: من مەبەستم ئەو گۆڕانکارییەیە کە سەرلەبن هەمووتان قلپدەکەمەوە. کەڵکی چی دەگرن کە خەریکی کودەتانو ئێوەش بێئاگان. ئەو دووکەسەی لەو کۆمەڵەیەدا گیراون دەبێت هەموو شتێك ئاشکرا بکەن،

دان بە هەموو ڕاستییەكاندا بنێن. لەڕێگای ئەوانەوە دەستمان لە شتێك گیردەبێتو زانیاریمان دەستدەكەوێت.
مامۆستا شادمان گووتی: ڕەنگە كێشەكان بەو شێوەیە نەبن كە بەڕێزتان دەیبینن، دەكرێت كەمێك ڕوونتر بڕوانین. . هەموو چاوەكان بكەین بەیەك تاكو باشتر ببینین.
كاروان جەزراویش بۆچوونی خۆی خستە پاڵ قسەكانی مامۆستا شادمان، هەروەها خەسرەوی دەشتی هەولێریش گووتی: گرنگە هەموو بیروبۆچونەكان بخوێنینەوە و بەزمانێكی تر بدوێین.
حاكم پاشاو زۆربەی ئەندامەكانی تر خەموترسونیگەرانی هەڵگیرساندنی شۆڕشێكی جەماوەریان بوو. بڕیاری لێبوردنییان بۆ هەموویان دەركرد، بە شێخبەختەوەرو وەستاكاوەشەوە. بەڵام بڕیارێكی نهێنی بوو. لەڕێگای كەسوكاریانەوە ئاگادار بكرێنەوە. ئەم بڕیارە هەڵێكی باشبوو بۆ مامۆستا شادمان كە بتوانێی بە ئارەزی خۆی چاوی پێیان بكەوێت. ئەو دەیزانی كە موراد ماڵەكەی بەجێهێشتووە، دڵنیابوو هەموویان لە مەملەكەتی مێش هەنگن. جێگای هیچ كام لەو هاوڕێیانەشی نەدەزانی كە خۆیان لە ماڵەكاندا شاردبووەوە. ئەو هاوڕێیەشیان كە گیرا بوون، هیچیان نەدركاندبوو، هیچیشیان نەدەزانی سەبارەت بە مەملەكەتی مێشهەنگ. هەرئەوەندەیان باسكردبوو كە هەوڵیانداوە دەنگی خۆیان بكەن بەیەك پێشنیارێك بخەنە بەردەم دەستەی حوكمڕانی. گووتبوویان وەستا كاوەشمان بینیوە، بەڵام حاكم پاشا ئاگاداری كوڕی دایەنەبوو كە تاكو ئێستا ماوە.
مامۆستا شادمان گووتی: من خێزانەكەی وەستا كاوە ئاگادار دەكەمەوە.
وەستا كاوەو موراد عاشق لە یەكتری جودا بوونەوە. موراد چوو بۆماڵی جەباری فەتاحی زەماوەند، وەستا كاوەش بە پەنا دیوارەكاندا خۆیگەیاندە ماڵی خۆیان. بەدەم دزەدزی ڕێگاوە، بیری دەكردەوە ئەگەر لەماڵ نەبن بۆكوێ بچێت؟ خۆی لەو نائومێدیە دور خستەوە، لە دڵی خۆیدا گووتی" ئەم شارە ماڵێكی تێدا ماوە ڕووی تێبكەم، خەیاڵی كلیلەكانی نەبوو هەر لەیەكەم ڕۆژەوە كە ماڵەوەی بەجێهێشتبوو پێیبوون. نزیك ماڵی خۆیان بووەوە، گڕی زەردی چرا كزەكانی ژورەوە ئومێدیان بەدڵە پەشۆكاوەكەیدا. كلیلەكانی دەرهێناو بەئەسپای دەرگاكەی كردەوە.
وەستا كاوە تازەگەیشتبووە ماڵەوە لەدەرگا درا. دەنگی لێدانی دەرگا لەشەوە ترسناكەكاندا دڵ دادەخورپێنێت. هەموویان دڵیان داخورپا. وەستا كاوە بە كەژاڵی خێزانی گووت خۆت دەرگاكە بكرەوە، منیش دەچم بۆ سەربان، ئەگەر بەهاتنی منیان زانیبوو بۆ گرتنم هاتبوون، من لەسەربانەوە دەرباز دەبم ودەڕۆم. هیچ خەمی منتان نەبێت. حاشا لە هاتنەوەی منیش بكە، بڵێ ئەومان نەبینیوەو ئێوەیان بە هەڵە ئاگادار كردووە. وەستا كاوە لەسەربانەوە بە نیگایەكی دزەوە لە خوارەوەی دەڕوانی.

لەناوتاریکی شەودا مامۆستا شادمانی ناسییەوە. بە ئەسپای هاواری لە کەژاڵ کرد کە بیهێنێتە ژورەوە. کەژاڵی خێزانی وەستا کاوە دەرگاکەی کردەوە مامۆستا شادمان بوو. مامۆستا شادمان لە پاش سڵاوکردن گووتی: بۆ پرسیارێك هاتووم. . . . . .
کەژاڵ گووتی: مامۆستا وەستا ش خۆی لەماڵەوەیە ئەگەر دەتەوێت بێیتە ژورەوە؟
مامۆستا شادمان بە سەرسوڕمانەوە گووتی: لەماڵەوەیە ؟ چۆنو کەی هاتەوە ؟
مامۆستا شاومان زۆر خۆشحاڵبوو بە هاتنەوەی وەستا کاوە. لەدڵی خۆیدا گووتی" بۆچی هاتبێتەوە لەم ساتە ترسناکەدا؟ ئەم کابرایە لە ڕۆحی خۆی بێزارە".
هەردووکیان بەتەنها لە ژورێك دانیشتبوون. مامۆستا شادمان گووتی: هەرگیز باوەڕم نەدەکرد لێرەبیت، بەڵام ئەوە ئێستا لێرەیت، پێمبڵێ کەی هاتیتەوەو بە چ مەبەستێك لێرەیت؟
وەستا کاوە گووتی: قەدەرێکی کەم پێش هاتنی تۆ هاتمەوە، هاتووم ئەمانیش لەگەڵ خۆمدا ببەم بۆ مەملەکەتی مێش هەنگ. ئەم دوورو تەنیاییە ناکرێت. وەستا کاوە چاوەڕوان بوو کە مامۆستا شادمان خۆی قسەبکات بەم شەوە چۆن ڕێگای کەوتۆتە ماڵی ئەوان. مامۆستا شادمان گووتی: دەزانیت بۆچی هاتووم؟ هاتم هەواڵێکی موراد بزانم، هەرچەندە لەو بڕوایەدا بووم لەم شارەدا نەماوە.
وەستا کاوە گووتی: مورادت بۆچی بوو؟
گووتی: ڕەنگە کاری زیاترم بە ئێوە هەبوایە، دڵنیابووم کەستان لێرە نین، بیرم لەموراد کردەوە لەڕێگای ئەوەوە سەردانتان بکەم.
وەستا کاوە بە خەندەوە گووتی: سەردانی ئێجگاری یاخود. . . .
مامۆستا شادمان گووتی: بەڵێ بە ئێجگاری بگەڕێنەوە، لێبردونی نهێنی بۆ هەر هەمووتان دەرکراوە کە بگەڕێنەوە. بەدڵنیایشەوە ژیانی هەمووتان پارێزراو دەبێت. من تەنها وەك کەسێك هاتووم ئەو بڕیارەتان پێڕابگەیەنم. ئەوەش دەزانم کە کێشەکان زۆر لەسەرو ئەم بڕیارەوەن.
وەستا کاوە بە نیگەرانیەو گووتی: سەیرە، هەموو نەهامەتیو کێشەو ئازارەکانی خەڵكو گەندەڵی خۆیان لە بڕیارێکی بچوکدا دەشارنەوە. گرنگ نییە ئەگەر ئێمە بەو بڕیارە بگەڕێینەوە، ئایا کێشەکان چارەسەر دەبن؟ ڕەنگە لەپاش ئێمە چەندین کەسیتر توشی هەڵهاتنو ڕاونان بێن، یاخود ئەوان مەترسی هەڵگیرساندی شۆڕشیانە لە کەسانی وەك ئێمە؟ دڵنیابە هەرگیز ئێمە بەو کارە هەڵناستین. هاتنەوەی ئێمە چ پەیوەندییەکی بە چارەسەرکردنی خەمو نەهامەتیەکانەوە هەیە. وەستا کاوە پرسی: ئایا ئەوان دەزانن کە کوڕی دایە تاکو ئێستا ماوە؟ مامۆستا شادمان گووتی: نەخێر. . . جگە لەمن کەسیتر ئاگادار نییە، لەبەر ئەوە بڕیارەکە ئەو ناگرێتەوە.

مامۆستا شادمان بە کامەرانیەوە گووتی: بڕیار لەدەست خۆتاندایە، هەرچییەکیش بەمن بکرێت ئامادەم.
وەستا کاوە گووتی: ئەگەرشارێك وەك دایك لە ئامێزمان بگرێت لە زوڵمەتی ئەم هەرێمە ڕزگارمان بکات، ئیتر بۆ کوێ بگەڕێینەوە. گەڕانەوەمان مانای تەسلیمبوونو بێدەنگی. بڕیارمانداوە بەیانی زوو هەمووومان بڕۆین. تەنها ئۆتۆمۆبیلێکمان بۆ ئامادە بکە تاکو لێرە دوور بکەوینەوە.
مامۆستا شادمان گووتی: ئەوە زۆر ئاسانە، سبەی بەیانی ئامادەبن.
مەملەکەتی مێش هەنگ هێدیهێدی خەڵکی بۆ دەچوو بەتایبەتی لەدوای چوونی هەموو هاوڕێ دێرینەکانیان. وەستا کاوە ماڵو منداڵەکەی برد، بەڵام موراد چەند ڕۆژێك مایەوە تاکو پەیوەندی بە هەموو هاوڕێکانیەوەکرد، پیلانو بەرنامەی ڕۆشتنیشیان بە وردی جێبەجێکرد. کەسیش لەهاوڕێکانیان نەچوونە ژێر کاریگەری بڕیاری لێبوردنەکە. لێبوردنێکی نهێنی بێ مانابوو، کەس نەیدەزانی لەسەر چ بنەمایەك؟ هەموویان باشدەیانزانی بەگەڕانەوەو تەسلیم بوونی ئەوانیش کێشەکان چارەسەر ناکرێن، بەپێچەوانەوە دەسەڵاتی حوکمڕانی بەسەر خەڵکدا بەهێزتر دەکات. جگە لەوەی قبوڵکردنو بەدەم چوونی بڕیارەکە مانای تاوانبار بوونو دانیان بە تاوانەکانی خۆیان هێناوەو بە لێبوردن گەڕاونەتەوە.
ئەو شارە نهێنییەی زەعیم هەستیار زەمانێك بە گوێی خەڵکدا دەیچرپاند، وردەوردە ئاشکرا دەبوو. خەڵکی هەرێمەکە بۆنی شارێکیان کردبوو وەك بۆنی باوەشی دایکیان ئامێزی کردبووەوە لە زوڵمەت ڕزگاریان بکات. ڕۆژانە خەڵکێکی غەمبارو بێزار دەکەوتنە دەشتو کێو هەردەکان بەمەبەستی دۆزینەوەی ئەو شارەی بۆنو بەرامەی هەناوی پڕکردبوون. زۆرکەس لە ڕێگای هەردو کێوەکان سەریان تێداچوو. هەندێکیش دەکەوتنە سەر ڕێگای ئەوانەی لە مەملەکەتی مێش هەنگدا دەژیانو جاربەجارێك هاتوچۆیان دەکرد، لەگەڵ خۆیان بۆ مەملەکەتی مێش هەنگیان دەبردن
.
شاری سەردەم پارچەیەك بوولە هەرێمەکە، بەڵام هەموو هەرێمەکەی بەخۆیەوە ناشرین کردبوو، خەڵك لەشارو هەرێمی خۆیان کە هەزارەها پشت تێیدا لەوێدا ژیابوون ، بەناچاریو بێزاری بەجێیاندەهێشت. ڕوویان لەو شارە دەکرد ئەگەر قەدەر بیانخاتە سەر ڕێگای، دەنا لەناو چیاو سەر سنورەکان دەبوون بە میوانی مەرگ. لەو ڕۆژگارەدا مەرگ لەناو نەهامەتیەکانی بەر هەمی حوکمڕانیدا بەسەر شانو ملی خەڵکەوە، ترس سامی نەمابوو. ئەوەندەی خەڵکە ئاوارەکە ڕێیان دەکەوتە مەملەکەتی مەرگ، تاکە تاکە توشی مەملەکەتی هەنگوین دەبوون، ئەویش ئەگەر بەخت یاوەریان بوایە توشی کەسێکی ئەو مەملەکەتە ببوونایە.

مەملەكەتی مێش هەنگ ئیتر پێویستی بە بەرنامەیەك هەبوو بۆ ڕێكخستنی ژیانی ئاسایی، بۆ پەیڕەوكردنی سیستەمێكی كۆمەڵایەتی لەسەر بنەمایەكی زانستی كە ژیان ئاڵۆزو بەربڵاو نەبێت. هەموویان هەستیان بەو لێشاوە كردبوو لە شارەكانەوە خەڵك ڕوو لە دەشتو چیاكان دەكەن بە مەبەستی دۆزینەوەی ئەو شارەی زەعیم هەستیار مژدەی پێدابوون، تاكو ئێستا لە گوێیاندا دەزرنگایەوە. هەواڵی ئەو كەسانەشیان بیستبوو لە پێناوی دۆزینەوەی ئەو شارەدا گیانیان لەدەست دابوو، یاخود بێسەرو شوێنبوون. دڵنیابوو ڕۆژێك مەملەكەتی مێش هەنگ ئاشكرا دەبێتو هەموو هەرێمەكە ڕووی تێدەكەن تاكو لە زوڵمەتی ئەو ڕۆژگارە ڕزگاریان بێت.
كوڕی دایە گووتی: ئەركی ئێمە لە ئێستاوە دەست پێدەكات، من دڵنیام ئەگەر هەموو هەرێمەكەش ڕوو لێرە بكەن، ئێرە نابێت بە جێگای هەتا هەتاییان، دواین جار هەردەبێت بگەڕێنەوە. خوێندنەوەی وردی ئێمە بۆ ئەو ڕۆژگارەی كە خەڵكەكە لێرەوە دەگەڕێنەوە، یەكێكە لە ئەركە مەیدانییەكانی ئێستا بۆ داهاتوو، تاكو نەكەوینە هەڵەیەكیتری مێژوویی.
شێخبەختەوەر گووتی: چۆن بزانین هەموو خەڵكی هەرێم ڕوو لێرە دەكەن؟ بۆچوونێكی دوور لە ڕاستییە، ئیتر بۆچی ئێش لەسەر گومان بكەین؟
كوڕی دایە گووتی: ئەگەر لەخۆمانەوە، بەبێ ڕەچاوكردنی بارو دۆخەكە بڕیار بدەین، یاخود قسە لەسەر ئایندە بكەین، بۆچوونەكانمان دوور دەبن لە ڕاستی. بەڵام بۆنی ئەو ڕۆژگارە دەگاتە ناو ئەم مەملەكەتە. ڕۆژانە چەندین كەس بەرەو دەشتو چیاكان هەڵدێن تاكو جێگایەكی ئارام بدۆزنەوەو لە زوڵمەتی ناو شارەكانی خۆیان ڕزگاریان بێت. ئەگەر لە ئێستاوە بیر لە ڕوداوە پێش وەختەكان نەكەینەوە، لێشاوی خەڵك وەك لافاوی بەهار بە هیچ بەری ناگیرێت. ئێستا هیچ كارێكمان نییە، ئیتر ڕۆژانە بۆچی سەرقاڵی بەرنامەكەی ئۆقیانوسی هێمن نەبین؟ ئەوانەی ئێستا لێرەن، هەموو ئەو هاوڕێیانەن كە ڕۆژگارێك بوو هاوڕێی بەرنامەكە بوونو ئێستاش بە هەمان بیرو ڕۆحو خۆشەویستییەوە پەسەندی دەكەن.
وەستا كاوە بۆچوونەكانی كوڕی دایەی بە گونجاو زانی ، ئەو كەسانەیتریش كە لەوێدا ئامادەبوون هەموویان قبوڵیانبوو بە شێخبەختەوەریشەوە.
ئۆقیانوسی هێمن هەوڵی سێ بنەمای سەرەكی دەدا لە ناخی ئەندامەكانی شۆڕشدا بۆ هەتاهەتایە بیچەسپێنێت. وەك خۆشەویستیو وەفاو دڵسۆزی. كوڕی دایەش دەیویست هەر لەمەملەكەتی مێش هەنگ هەمان بەرنامە پەیڕەو بكات تاكو ئەو خەڵكەی لە مەملەكەتی مێش هەنگن خۆشەویستیان بۆچیاكانو هەنگەكانو گوڵوكانیو ڕوبارو هەموو شتەكانی ناو مەمەلەكەتەكە هەبێت. ئەو جۆرە خۆشەویستییەی كە ئۆقیانوسی هێمن دەیویست لەناخی ئەندامەكانی شۆڕشدا وەك

خەریزە ڕۆحیەکان بوونی هەبێت تاکو هەست بە پیرۆزیو خۆشەویستی بکات. لێرەوە مرۆڤ لەئاستیدا خۆی بچوك دەبینێت تاکو ئاستی قوربانیدانو تەسلیم بوون. کوڕی دایە گووتی؟ من قسەکانی ئۆقیانوسی هێمن دەڵێمەوە: ئەگەر مرۆڤەکان ئەم جۆرە خۆشەویستییە لەناخیاندا نەبێت، ئەودەمە خۆیان بەگەورەو خۆشەویستەکەیان بچوکدەکەنەوە. هەموو بچوکردنەوەیەکیش پیروزی خۆی لەدەست دەدات، بەڵام پیرۆزییە ئەزەلییەکە لە خودی خۆشەویتییەکەدا بەشاراوەیی هەر ماوە. ئەمڕۆ لە هەرێمەکەدا ئەو وێنانە بەرچاو دەکەون. نەبوونی ئەو خەریزە پیرۆزەیە کەس خۆشەویستی بۆ نیشتیمانەکەی نییە. نەبوونی ئەو خەریزەیەیە لە ڕۆحی ئەندامو بەرپرسەکاندا کە پیرۆزیان لە خاکی نیشتیمانەکە سەندۆتەوە بەوەی پارچەپارچە جەستەی خاکیان کردووە بە موڵکی خۆیان. دەبێت ناخو ڕۆحی خۆمان خاڵیبکەینەوە لەو هیواو حەزانەی کەچێژ لە بە خاوەنبوونی خاکی نیشتیمانەکە وەردەگرن. لەسەرەتادا بەرنامەکەی بەم جۆرە داڕشتبوو کە کەس ناتوانێت خاوەنی زەویو زارێکی زۆر بێت. تەنانەت ئەو خۆشەویستییەش کە لەناخی مرۆڤدایە ڕێگا بەخۆی نادات خاوەنی ئەو شتانەبێت کە موڵکی گشتین. ئۆقیانوسی هێمن پێوابوو مرۆڤ یاخود "تاك" نابێت خاوەنی بوونە گشتییەکان بێت کە کۆمەڵگای لەسەر بەندە، وەك نیشتیمانو دەسەڵاتو میللەت.

ئۆقیانوسی هێمن پەیڕەوکردنو کارپێکردنی دەسەڵاتی بەستبوو بە وەفای سەرکردەکەوە، یاخود کەسەکەوە بەپێی ئاستو پێگەی دەسەڵاتی. دەسەڵات ئەو قەوارەیەبووتوانای هەموو جەماوەری تێدا کۆکرابووەوە، کەواتە موڵکی گشتییە، لەبەرئەوە مافی بە سەرکردە نەدەدا ئەو دەسەڵاتە بکات بە موڵکی خۆی، دڵنیابوو کە کارەساتی گەورەی لێدەکەوتەوە. وەفا ئەو خەریزە پیرۆزەبووکە تاك ڕێگای بە خودی خۆینەدەدا لە هیچ ئاستو کاتو شوێنێکدا توانای گشتی کە لە دەسەڵاتدا کۆکرابووەوە بکات بە موڵکی تایبەتی خۆی. هەر بۆیە ئۆقیانوسی هێمن هەوڵیدەدا وەك ئەندامە گرنگەکانی جەستە، لەناخی هەموو ئەندامەکانی شۆڕشدا چەمکی وەفای ڕاستەقینە بچێنێت. وەفای سەرکردە هەمیشە لەئاستی شۆڕشدا خود بچوكو بەهێزدەکات. بچوك بەو چەشنەی خۆی بە کوڕی شۆڕشەکەی خۆی بزانێت، بەڵام ئیرادەیەکی بەهێزیش کە باوەڕی بەگەورەییو پیرۆزی شۆڕشەکە هەیە . هەر وەفایە لە ناخی کەسەکەدا وادەکات بەرامبەر بە شۆڕشەکەی خۆی بە بچوك بزانێت. لێرەوە ئەو کەسە لە هەر پلەو پێگەیەکی کۆمەڵایەتیو دەسەڵاتدابێت، خۆی بە کوڕی شۆڕش دادەنێت ، هەمیشەش لە خزمەتیدا دەبێت. ئەوانەی دەسەڵات بۆ خۆیان دەبەن، ئەو سەرکردانەن کە کارەساتە ترسناکەکان دەخوڵقێنن . " لە ناو ڕۆحێکدا وەفای تێدا نەبوو تەمەنی هەڵوێست کورت خایەنە. "

میللـەت كـۆی گشـتی تاكـەكانـە، كـەواتـە میللـەت تـەنهـا خـۆی مـوڵكی خۆیـەتـی، موڵكێكی گشتییە نەك موڵكی تاك. بەكار هێنانیشی دەبێت لەپێناوی بەرژەوەنی گشتیدا بێت. میللـەت بۆ بـەرژەوەنـی تایبـەت، وەك هیـوا شـەڕانگێزەكـان یـاخود جـەنـگ بۆ پاراستنی دەسەڵاتی تاك، یان بردنو بـە فیڕۆدانـی داهاتی میللـەت، بـەرهـەمـی فكرو دەروونێكی خاڵیە لەدڵسۆزی بەرامبەر بە هیواو بەرژەوەندی گشتی كە لەكۆی هـەموو خەڵكدا بەناوی میللەتەوە كۆبۆتەوە. سەركردەكان دەبێت لە هەموو كـەس دڵسۆزترین بەرامبەر بە میللەت. ئەگەر سەركردەیەك دڵسۆزی ڕاستەقینە لەناخیدا نەبێت، گـوێ بە خۆشیو مافـوئاسودەیی كۆمەڵ نادات . ئەی چۆن خۆمـان لـەم جۆرە سـەركردانـە بپارێزین ؟ بەدروستكردنی سۆزو دڵسۆزی لەدڵی هەموو ئەندامێكی شۆڕشدا لـەسـەر بنەماكـانی بـەهێزكردنـی نـەفسێت لـەنـاخی كـەسـەكانداو بچوكردنـەوەی هـەستی خۆ بەگەورە زانین بەپێی بەرنامەیەكی پەروەردەیی شۆڕشگێڕانە .

كوڕیودایە و وەستاكاوە دەیانویست هەموو ئەو خەڵكانەی ڕوو لە مەملەكەتی مێش هـەنـگ دەكـەن بـەو چـەمكانـەیـان ئاشـنـابكەن كـە ئۆقیانوسـی هێمن لـەبـەرنامـەكـەیدا بەرژەوەندی گشتی پێ لەبەر چاو گرتووە. ڕۆژانە لەگەڵ هـەموو ئـەو كـەسـانەی كـە نیشتەجێی مـەملـەكـەتـی مێش هەنـگبوون، وانـەكـانی نـاو بـەرنـامـەكـەیـان تـاووتوێ دەكرد. بچوكردنەوەی تاك لـە ئاسـتی هـەرسـێ بنـەمـا سـەرەكییـەكە كـە موڵكی گشـتی بوو، بڕگەیەكی گرنگی بەرنامەكەبوو كەدەبوایـە هـەمـوو ئـەندامێك لـەئاسـتی لوتكـەی تێگەیشتنو قەناعەتیدابوایە. هیچ كەسێك وەك تاك لەناو كۆمەڵدا نابێت بە خاوەنی هیچ كـام لـەم سـێ موڵكـە گشـتییە، چونكـە هـەرسێكیان كـە "دەسـەڵاتو خـاكی نیشـتیمانو میللەتە "موڵكی كۆی هەموو خەڵكەكانە. بۆ گەورەیو پیرۆزی ڕاگرتنی هەرسێكیان لە ناخی تاكدا كە خۆی بە بچوكتر بزانێت لـەئاسـتی موڵكـە گشتییەكانـدا لـە هـەر پلـەو پایەیەكدابێت پێویستمان بە دروستكردنی پـەیوەندییـەكـی ڕۆحـی هـەیـە لـە نێـوان تـاكو موڵكـە گشـتییەكانـدا بـەبـوونی سـێ چـەمكـی گرنـگ وەك غـەریـزەیـەكـی ئـەزەلـی لـە ڕۆحیاندا دروستببێت، وەك" خۆشەویشتیو وەفاو دڵسۆزی" .

بابەتێكی گرنـگ لـە پـەیڕەوكردنـی بـەرنامـەكـە، شێوەی قـەناعـەتكردنبوو، یـاخود بڕواهێنانی تاك بە گرنگی چەمكەكان كە دڵنیابێت مافـو هیواو حەزو دەسكەوتـەكـانی لـەو پرۆسـەیـەدا دابین دەبـن . ڕونكردنـەوەی بابـەتو بڕگـەكـانی نـاو بـەرنامـەكـە و شیكردنەوەی چـەمكـەكـان ئـەركـی ئـەو بڕوایـەی لـە ئـەستۆدا بـوو. كـوڕی دایـە وەك پێشنیارێك گووتی: لەسەرەتادا دەبێت چەند كـەسێك بـەتایبـەتـی ئـەوانـەی توانایان لـەو بوارەدا هـەیـە خوێندنـەوەی ورد لـەسـەر بـەرنامـەكـە بكـەین تـاكو بتـوانین كاریگـەری بەرنامەكە بەشێوەیەكی بەهێزتر لەسەر خەڵك دابنێین.

مێژوی شۆڕشەکان لەدوای وەرگرتنی دەسەڵاتو گۆڕینی ئاراستەی بیروباوەڕی شۆڕشگێڕایەتی لەسەر خواستوبەرژەوەندییەکانی سەرکردەکاندا بە داگیرکردنی موڵکە گشتییەکان نمونەیەکی زیندو و ڕاستەقینەبوون کە جارێکیتر ئەو خەڵکە لە موڵکە گشتییەکانی خۆی بێبەش دەبوون. ئەم سیستەمی حوکمڕانییەش دووبارە نەهامەتی بۆ خەڵکە کە دەهێنا.
گرنگی تاكو هەستکردن بەبوونی خۆیو پاراستنی دەسکەوتەکانی لەناو پیرۆزیو گەورەیی هەرسێ موڵکە گشتییەکەدا بەرجەستەدەبێت، کە ئەوانیش هەمیشە لە خزمەتی یەکتریدان بۆ پاراستنی گەورەیی خۆیان کە مافو دەسکەوتی تاکیش لەناو گەورەیی ئەواندا دەمێنێتەوە. ئەوە خاڵێکی جەوهەری ناو بەرنامەکەبوو کە دەبوایە بە ئاسانترین شێواز تاك لەمەترسییەکانو لە گرنگی موڵکییە گشتییەکانی ئاگادار بکەیتەوە تاکو بە قەناعەتی تەواوەوە باوەڕی بە گەورەیو پاراستنی موڵکە گشتیکان هەبێت کە مافەکانی خۆی وەك تاك لەناو پیرۆزی ئەواندا پارێزراو دەبێت.
شیکردنەوەی بارودۆخی ئێستای سیستەمی حوکمڕانیو کێشەکانو قەیرانە گشتییەکانو سەرهەڵدانو هۆکاریەکانی بەپێی ڕەچاوکردنی بەرنامەکەو یەکان گرتنەوەی لەگەڵ پرەنسیپەکانی ناوەرکی بەرنامەکەدا خاڵێکی گرنگو جەوهەریتربوو، بۆ چەسپاندنی چەمکەکانو بوونی وەك غەریزە سەرەتایەکانی مرۆڤ لەناخی هەموو تاکێکدا.
بەرنامەکەی ئۆڤیانوسی هێمن لە پاش چەندین ساڵ جارێکیتر وەك پێویستییەکی ئەم سەردەمەش دەرکەوتەوە. مەملەکەتی مێش هەنگ بوو بە قوتابخانە بۆ وانە سەرەتاییەکانی بەرنامەکەیان. ڕۆژ بەڕۆژ ئاوەدانتر دەبوو. ئاوەدان بوونی پەیوەست بوو بە گەشەکردنی نەهامەتیەکانی ناو هەرێم بە دەست حوکمڕانی ئەو ڕۆژگارە.
هەرێمەکە لەنێوان شاری سەردەمو مەملەکەتی مێش هەنگدا بە قۆناغێکی تازەداتێدەپەڕی، قۆناغێکی سەختو ترسناك بۆ هەر سێ دەڤەرەکە، سەرەتای قۆناغێکی تازەشی بە شاری سەردەمو مەملەکەتی مێش هەنگ دا. خەرجیو پێویستییەکانی شاری سەردەم لە ئاستی خۆڕاگرتنی خەڵکی هەرێمەکەدا نەبوو. گرانی ترسناکترین دیاردەبوو وەك بایەکی شوم لەناو شاریسەردەمەوە بەردەوام بەرەو هەرێمەکە هەڵیدەکرد وهەڕەشەی لە ژیانی خەڵك دەکرد. دروستکردنی شورایەکیترو قایمکردنی، هەموو هیوا تاساوەکانی خەڵکی هەرێمەکەی بە ئێجگاری کوشت .
ئەو بایەی لە ناو شاریساردەمەوە هەڵیدەکرد، تەنها ڕەتنەدەبوو بە بێخەم بڕواتو نەگەڕێتەوە، وەك شێت سەری بە دیواری هەموو ماڵێکدا دەکێشاو دووبارە بە خەمو ترسێکی ترەوە بۆنا شاری سەردەم دەگەڕایەوە. ئەم جارە هەواڵە خوێناویەکانی ناو

هەرێمەكەی بە ئاوازێكی تورەوە بۆ ناو شاری سەردەم وەك نارەحەترین دیاری بۆ دەستەی حوكمڕانی دەهێنا. ڕۆژانە خەڵكێكی زۆر سەری بێچارەی خۆیان بۆ دەشتەو كێو و سنورەكان هەڵدەگرت. لەسەرەتای ئەم كۆچە تورەوخەماوییەدا، پیاوە حوكمڕانەكانی دەوڵەوتەو حاكم پاشا زۆر خەمسارد بوون، دەیانگووت " نەكەس ڕاوینـاون، نەكەسیش بەدوایاندا دەچێت. خۆیان پەشیمان دەبنەوە، یان دەبن بە خۆراكی گورگ لەدەشتەو چیاو سەر سنورەكان ".

حاكم پاشا ڕۆژێك بە چرپە گوتبووی : ئەگەر بەم شێوەیە بڕوات. . . هەرێمەكە كەسی تێدا نامێنێت، ئەوسا ئەم قەڵاو شورا بەرزانە كەڵكی چی دەگرن؟. لەپاش قسەی حاكم پاشا خەمی كۆچی خەڵكەكە بوو بە گرفتی ناو شاری سەردەم. دەیانزانی بەبێ ئەو خەڵكە دەسەڵاتی خۆشیان مایە پوچ دەبێت. لە ڕەفتارو وتەكانی خۆیان بە نهێنی پەشیمان بوونەوە، ئەمجارە بەخەمو نیگەرانییەوە باسیان لەكۆچی بێچارەنوسی خەڵكە دەكردەوە، وەك دڵسۆزو خەمخواری خەڵكە خۆیان پیشاندەدا، چەندین لاشەی شێواویان لە كەناڵەكانەوە بۆ ترساندنی خەڵك پیشاندەدا كاتی گەڕانو سۆراغكردنیان لە چیاو هەردەكان دۆزرابوونەوە. بەبیانوی ڕێگرتن لە سەرهەڵگرتنی خەڵكی شارەكان، بیریان لەبەرنامەو پیلانێك كردەوە هێڵێكی سەربازی فراوان دروست بكرێت، چیتر كەس بواری دەرباز بوونی نەبێت. بەتایبەتی لە دوای هەڵهاتنی خەسرەوی دەشتی هەولێرو كاروان جەزراوی بەرنامەكەیان بە پەرۆشەوە جێبەجێكرد. گووتیان ڕۆشتنی ئەو هەموو خەڵكە توشتی گرفتو كێشەمان دەكات لەگەڵ دراوسێكانماندا.

خەسرەوی دەشتی هەولێر پیاوێكی خۆشەویستی ناو خەڵك بوو، خاوەنی ڕابردویەكی پاكبوو، ئێستاش بەهەمان هەڵوێستەوە یەكێك بوو لە دەستەی حوكمڕانی، هەروەها كاروان جەزراویش. خاوەنی قەبارەو پێگەی خۆیان بوون، ئەم كەسایەتیانە جێگای ترسو گومانبوون، هەڵهاتنیشیان نیگەرانی زیاتری لە ناخو ڕوخساری حوكمەت دروستكرد .

لەدوای هەڵبژاردنێكی پێشوەختی كتوپڕ، هەردوكیان پلەی حیزبیو دەسەڵاتی حوكمڕانییان لێسەندرایەوە. خەسرەوی دەشتی هەولێر لەمەملەكەتی مێش هەنگ بە هاوڕێكانی گووت: بۆمن گرنگ نەبوو ئەو پۆستانە، بەڵام ڕاستییەكان بەو جۆرەنەبوون كە پڕوپاگەندەیان بۆكردین. چەند ساڵیشە خۆشەویستی خەڵك منیان لە دەسەڵتدا هێشتبووەوە، هەمیشە خۆشم بە كوڕی شۆڕش دەزانی، بەڵام چیبكەم شۆڕشیش باوكی هەبوو، ئیتر كەسانی وەك ئێمەو شۆڕش ببووین بە برا، ببووین بە كوڕی پیاوێكی توندو تیژ، دەبوایە تەنها لەخزمەتو بەرژەوەندی ئەودا ئیشمان بكردایە، دواتر خۆشمان سودمەند دەبووین.

لەپاش ڕۆشتنی ئەوان سنوری شارەكانی هەرێم بۆ ڕێگاگرتن لەدەربازبوونی خەڵك بە بەرنامەیەكی سەربازی تەوق درا. خەمی دەوڵەت سەری خەڵكە سەر هەڵگرتووەكە نەبوو، خڕبوونەوەیان بوو لە جێگایەكی سەربەستو ئازادكراو، چەند كەسێكی ناوداریش لەو دیو ئەو سنورانەوەبوون بە ئاسانی خەڵكیان لە دەور كۆدەبووەوە.
هەرێمەكە بوو بە مەملەكەتێكی سەربازی ئیمپراتۆریەتە گەورەكانی زەمانی زوو. بارودۆخەكە پێویستی بەو هەموو پیلانە سەربازییە نەبوو. بە چاو بەخۆدا پیاچوونەوەیەك بە سیستەمی حوكمڕانیو خەرجی شاری سەردەم، زۆربەی كێشەكان چارەسەر دەكرا، نەكەس ئاوارەو دەربەدەر دەبوو، نە خۆشیان ترسیان لە توڕەبوونی خەڵك دەبوو.
حاكم پاشا گوتبووی، لەبەردەم هەڵبژاردندا هیچمان بۆ ناكرێت جگە لەوەی بە ئومێدەوە دەبێت چاوەڕوانی دەرئەنجامەكەی بین. ئەو ئەندامانەش كە هەڵنابژێردرێن بێهیوانەبن، چونكە هەمیشە بەوەفابووین بەرامبەر بە هاوڕێكانی خۆمان. ئەم شارەش شاری هەموومانە.
كاروان جەزراوی گووتی: هێشتنەوەی ئێمە لەناو شاری سەردەمدا، پەیوەندی بە ڕێزو وەفاوە نەبوو، زیندانیكردنێكی بە حورمەتبوو هێدی هێدی ئازادییەكانی زەوتدەكردین و بێحورمەتی لای كۆمەڵی دەكردین. مرۆڤ ئەو كاتە زەلیلە كە بەرامبەر بەردو دیواری كۆشكەكان ئەقڵی دادەچوڕێت تاكو لە كڵاوەی ئەژنۆیدا كۆدەبێتەوە. هەركاتێكیش مرۆڤ ئەقڵی هاتە ئەژنۆی بە ئاسانی چۆك دادەیات، چونكە دار سرەواندن هەمیشە ئاراستەی ئەژنۆیە.
ئەو ڕۆژەی خەسرەوی دەشتی هەولێرو كاروان جەزراوی بڕیاریاندا لە شاری سەردەم بێنەدەرەوە، بارودۆخی شاری سەردەم بەرەو ئاڵۆزبوون دەچوو. كۆچی خەڵك بۆ دەشتو شاخو سنورەكان دیاردەیەكی ئاسایی نەبوو، وەك سەرەتا دەستەی حوكمڕانی لێی بێخەمبن. لەپاش دروستكردنی شوار سەربازییەكە بە دەوری شارەكاندا، هێشتا خەڵك هەر لەشەوە تاریكەكاندا بەرەو جێگا نادیارەكان سەری خۆیان هەڵدەگرت، مەملەكەتی مێش هەنگ جێگایەكی ئاسان نەبوو، دەنا هێرشێكی گەورەو فراوانیان بۆ دەكرد. حاكم پاشا دەیویست لەڕێگای وەفاو خۆشەویستی خەسرەوی دەشتی هەولێرو كاروان جەزراوی لەناو شاری سەردەمدا بهێڵێتەوە، هێشتنەوەی ئەوان لەو شارەدا بەشێوەیەك دەست بەسەرا گرتنبوو، چونكە هەمیشە ئەو كەسانە گومانیان لێدەكرا لە بارودۆخی ئێستادا جێگای مەترسیبنو خەڵكیان لەدەور كۆببێتەوە. خەسرەو دەشتی هەولێر چووەوە گوندەكەی خۆیان نیشتەجێبوو. كاروان چەزراویش گەڕایەوە دەڤەرەكەی خۆی.

هەرێمەکە وەك مرۆڤێکی نەخۆشو پەکەوتەی لێبەسەرهاتبوو کە ڕۆح قەستی بوو ساتێك زووتر لەدەستی ڕزگاری بێت، ئیتر دەچووە ناو لاشەی هەر گیانلەبەرێکی ترەوە، گرنگ نەبوو. خەڵکی هەرێمەکەش لە ژیانی خۆیان بێزاربوون، بەدەست حوکمی ئەو ڕۆژگارەوە ڕقیان لە ماڵو حاڵو کۆلانەکانی خۆشیان دەبوەوە هیچ کەسێك ئارەزوی مانەوە وگوزەرانکردنی تێیدا نەمابوو، وەك کوێر ڕێگای چۆڵو هەردەکانیان دەگرتە بەر بە ئومێدی دۆزینەوەی ئەو شارەی کە هەستیان پێکردبوو. تەوقکردنی شارەکان بە سەرباز هێندەتر هەرێمەکەی تەنگ و بچکۆلە کردبووەوە. بارودۆخی خراپی هەرێمەکە ئەرکی برادەرەکانی مەملەکەتی مێش هەنگی قوڵترو سەختترکرد. تەنانەت ئەو بارە هەنگوینانەی کە دەگەیشتنە ناو شارەکانو کوچەو کۆلانەکانی پرکردبوو لە بۆنی هەنگوین وردەوردە بەرەو کەمبوونەوەو کۆتایی هات. هەواڵی ڕۆشتنی خەسرەو کاروان لە ناو شاری سەردەم ئاشکرابوو، تەنانەت گەیشتە مەملەکەتی مێش هەنگیش. بۆئەوان زۆر گرنگ بوو کە بەرنامەو پلانی دەستەی حوکمڕانی بە وردی ئاگاداربن، دەیانزانی کە خەسرەی دەشتی هەولێر گەڕاوەتەوە گوندەکەی خۆی. بڕیاریاندا بە نهێنی سەردانی بکەن تاکو کەمێك زانیاریان سەبارەت بە بەرنامەکانی دەوڵەت دەست بکەوێت لەم بارودۆخە ئاڵۆزەی هەرێمەکەی پێدا دەڕوات. خەسرەو لە گوندەکەی خۆی تەنیا نەبوو، خەڵکێکی زۆری لەدەوروپشت کۆببووەوە کە جێگای ترسو گومانی حوکمەت بوو، هەرچەندە خۆی ئەو ڕەوشەی پێخۆش نەبوو، بڕیاریشدابوو کە هێدی هێدی دەوروپشتی خۆی چۆڵبکات.

شەوێك حاکم پاشا بە جەڵتەی دەماخ هەناسەی لەبەر دەبڕێتو بۆ هەتاهەتایە موڵكو ماڵو پۆستو تەختی دەسەلات بەجێدەهێڵێت. گوتیان لەنێوانی سەرۆکو سوڵتاندا ببوو بە دەنگەدەنگ لەسەر کورسی دەسەلات، بەلام ئەو لە مێژبوو کوڕەکەی لەنزیك خۆیەوە دادەنیشاند. هەر کوڕەکەی خۆی نزیك کورسییەکەی باوکی بوو، لەدوای تەواو بوونی پرسەی باوکی بە دەستەسڕێك کورسییەکەی پاکردبووەوە ڕێكو پێك لەسەری دانیشتبوو وەك هەزار ساڵە پاشابێت. فەوزی کوڕی حاکم پاشا ئەوەندەی پەلەی کورسییەکەی بوو، یەك ڕۆژ پرسەیان بۆ باوکیان گرت. وەك سەرکردەیەکی دڵسۆزو بەخەم خۆی پیشاندا کە بارودۆخی هەرێم لەبار نییە کە ڕۆژێك زیاتر بەبێ سەرکردە بێت. ئەو هۆڵەی کە دەستەی حوکمڕانی جار بەجارێك تیا کۆدەبوونەوە ژمارەی کورسییەکانی بوو بە دوو ئەوەندە. هەر دەسەلاتدارێکی گەورە کورسییەکیشی لەتەنیشت خۆیەوە بۆ کوڕەکەی دانا. یەکەم کۆبوونەوە بە سەرۆکایەتی حاکم فەوزی دوو ڕۆژ پاش مردنی حاکمپاشای باوکی بوو. هەرهەموویان دووبارە خەم پەژارەی خۆیان بە بۆنەی مردنی حاکمپاشا وە بۆ

حاکمفەوزی دەربڕیو پیرۆزبای گەرمیشیان لە خۆی کرد بۆ وەرگرتنی دەسەڵاتی یەکەمی دەوڵەت.
حاکم فەوزی گووتی: هەرچەندە هەمووومان دەبێت بمرین، بەڵام هەموو مردنێکیش هۆی تایبەتی خۆی هەیە. باوکم ساغو سەلامەت بوو، کەواتە دەپرسین بۆچی لەناکو مرد؟ بە پێی بەڵگە نامەکانی دکتۆرەکان، لەئەنجامی خەمو مەراقی زۆردا کە لەناخی خۆیدا هێشتوویەتیەوە توشی کوشتنی کتوپڕی کرد. ئێمەش کەسمان بێخەم نین، ڕەنگە وەك ئەویش لەناکاو شەوێك ، ڕۆژێك، دەمەو ئێوارەك بمرین. نەیارو دوژمنەکانیشمان زۆرنو دیارن کە خۆیان میللەت هەڵینەبژاردوونو چاویان بە ئێمەدا هەڵنایەت، ڕەنگە ماوەیەکی تر سەنگەریشمان لێبگرن، ئێمەش دەبێت ڕێگایان لێبگرین، هەناسەیان لێببڕین.
مامۆستا شادمان بەنامەیەك خەسرەوی دەشتی هەولێر لە هەموو مەترسییەك ئاگادار دەکاتەوە. بە کەسێکی باوەڕ پێکراودا نامەکەی بۆ دەنێرێت. هەر ئەو ڕۆژە ئەویش دەنێرێت بە داوی کاروان جەزراویدا بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لە نامەکەی مامۆستا شادمان ئاگاداری بکات. ئەو ڕۆژەی کاراوان دەگاتە لای خەسرەو، وەستا کاوەو شێخبەختەوەریش ئێوارە دەگەنە ماڵی خەسرەوی دەشتی هەولێر لە گوندەکەی خۆیان. خەسرەو بە هاتنی ئەوان زۆر دڵخۆشدەبێت کە هاوکاتە لەگەڵ نامەکەی مامۆستا شادماندا. هەردووکیان بۆ دەنگو باسی ناو شاری سەردەم هاتوون، بۆ زانیاری وەرگرتن دەربارەی بەرنامەی حوکمەت بۆ ئایندە.
خەسرەو دەڵێت: من نامەوێت بارودۆخەکە بە ڕەوشی خۆمەوە ببەستمو لەلای ئێوە ئاڵۆزتری بکەم، نامەکەی مامۆستا شادمان باشترین بەڵگەیە هەموو ڕاستییەکانی لەخۆی گرتووە، گرنگترین تابلۆیە بۆ زانیاری ئێوە کە هەموو دیمەنەکانی دەستەی حوکمڕانی وەك خۆی وێنە کردووە. چاوەڕوانی چی تربکەین کە ڕۆژانە چەندەها کەس دەبن بە خۆراکی چیاکان لەچۆڵەوانیدا وندەبن، لەسەر سنورەکان دەبن بە گاڵتەچیو بە پەنگ، هێشتا ئەو حاڵەتەیان پێخۆشترە لەمانەوەیان لە ناو هەرێمەکە، چونکە دڵنیان هێدیهێدی دەبن بە خۆراکی شاری سەردەمو حاکمەکانی. هەرکەسێکیش چاوەڕوانی گۆڕانکارییە لە حوکمڕانیدا بە پێی بەرنامەیەك کە خواستی خەڵكو سودی هەرێمەکەی تێدا بێتو کێشەکان بەرەو چارەسەرکردن بچن، چاوەڕوانیەکان بێئاکامدەبن. لەپاش مردنی حاکم پاشا وەك میراتی فەوزی کوڕی جێگای گرتەوە، ئیترگۆڕانکاری لەوەندە زیاتر ڕونادات، چونکە خۆیان بە خاوەنی هەرێمەکە دەزانن بە هەموو شتەکانی ناوییەوە، بە خەڵکەکەشەوە. ئیتر ئەم جێگا گرتنەوەیە دەبێت بە نەریت. منیش وەك ئەو خەڵکە بێچارەیە ئیتر دەبێت زێدی خۆم بەجێبهێڵم، مەترسی لەسەر ژیانم دەبێت مانەوەم لێرە. دەڕۆم بۆ سنورە دورەکان،

دەڕۆین وەك باڵندەو شێتەکان تاکو جێگایەکی ئارامتر دەدۆزینەوە، دەڕۆین بەدوای ئەواندا دەگەڕێین بە لێبوردنەوە داوایان لێدەکەین دووبارە ببینەوە بە هاوڕێیان. جێگایەك هەردەبێت لە باوەشی ئارامی خۆیمان بگرێت و لە زوڵمەت ڕزگارمان بکات. ڕوودەکەینە شوێنێك تاکو وەك ئێوە بۆنی هەنگوین بگرین .

خەسرەوی دەشتی هەولێر دەیزانی ئەوان لە چ جێگایەکن، بۆنی هەنگوینێکی شیرینو خۆش لە هەناسەیان دەهات، وەك دووکەسی هەڵهاتوو پەشۆکاوی‌و ماندو بوون بە ڕوخساریانەوە دیارنەبوو. ڕوویان گەش‌و چاوەکانیان پڕبوون لە هیوا.

وەستا کاوە گووتی: ئێمە بە چارەسەرێکی گونجاوی نازانین هەڵهاتنی ئەو هەموو خەڵکە، لە پاش ئەوە ڕوو دەکەنە کوێ؟ ڕوو لە هەردو چیا چۆڵەکان بڕیارێکی ئاسان نییە مرۆڤ بە دوای مەرگی خۆیدا بگەڕێت، ئینجا ئێمە هەر بمرین، با لەڕێگایەکی پیرۆزدا بمرین، با بەسەروەری بمرین.

شێخبەختەوەر بە خەسروەو کاروان جەزراوی گووت: ئەگەر هەر دەڕۆن لەگەڵ ئێمەدا وەرن.

خەسرەو گووتی: ڕەنگە زۆریشمان پێخۆشبێت، بەڵام من کۆمەڵێك کەسی خۆشەویست‌و خاوەن هەڵوێست لەدەورم کۆبوونەتەوە، ناتوانم دەستبەرداریان ببم، ڕوولەهەر جێگایەکیش بکەین ڕەنگە زۆربین‌و کێشەو گرفت دروست بکەین.

لەدوای ڕۆشتنی خەسرەوو کاروان لە شاری سەردەم‌و دواتر ئاشکرابوونیان کە بەرەو چیا هەزار بە هەزارەکان هەڵهاتوون، بارودۆخی هەرێمەکە ڕۆژبەڕۆژ وێرانتر دەبوو، سیستەمی حوکمڕانیش توندو تیژتر. شاری سەردەمی لەلایەن دەوڵەتەوە بوو بە مەڵبەندێکی گرنگی حوکمڕانی کە هەموو خزمەتێکی هەرێمەکە لە پێناوی هێشتنەوەی ئەودا بێت، بوو بە پایتەختی تایبەتی دەستەی حوکمڕانی، بە جۆرێك گرنگی پێدەدرا شەرعێتی بە ناوبانگترین شاری هەرێمەکەی وەرگرت. بەشی هەموو هەرێمەکەی بۆخۆی دەبرد، لەبەر ئەوە شارەکان وەك پیاوێکی نەخۆش ڕۆژبەڕۆژ لاواز دەبوون، لاوازی شارەکان بە ڕوخساری خەڵکەکەوە دیاربوو. گرانی سەد دەردی پێوەبوو. چەندەها کەس لەنەبوونیدا کوێردەبوون، توشی نەخۆشیەکانی ئیفلیجبوون دەبوون. گرانی دەردی نەخوێندەواری بڵاوکردبووەوە، بازەڕەکان پڕببوو لە کوڕی گەنجی بێکار. هەزارەها ماڵ کەلوپەلەکانیان لەبەردەم هەراجێکی بێحورمەتدا بێنازو زەلیل کەوتبوون. کەلوپەلەکانیش وەك ڕوخساری خاوەنەکانیان ڕەنگ زەردو شکست‌و پەکەوتەبوون لەژێر حوکمی ئەو ڕۆژگارەدا. هەندێك کەس خۆزگەیان بە سەردەمی بەردین دەخواست کە هیچ دەسەڵاتێك حوکمی مرۆڤی نەکردووە، هەندێکی تر دەیان گووت" حوکمەتی خراپ وەك منداڵی سەرەڕۆو بەڕەڵاو موسریف وایە، نەبوونی باشترە لە بوونی".

ڕۆژانە چەندەها كەس وەك بۆ كنرو هەڵاڵۆك چوبێتن بە دەشت وكێوەكانەوەبوون. بۆنی هەنگوین لە دوورا دەهات ، بەڵام گەیشتن بەو شوێنە ئاسان نەبوو، هەموو هەستیان بە بوونی شارێك دەكرد كە ڕۆژێك وەك دایك ئامێزیان بۆ دەگرێتەوەو لە زوڵمەت ڕزگاریان دەكات. ئەو تەوقە سەربازییەش بە دەوری شارەكاندا بەربەستێكیتربوو كە خەڵكی بێهیواو نائومێد كردبوو. لەو ڕۆژگارەدا هەندێك كەسیش لە ئەركی سەربازی خۆیان لەگەڵ ئەو خەڵكانەدا بەرەو كێوەكان هەڵدەهاتن.
سیمای مەملەكەتی مێش هەنگ وردەوردە ئاشكرادەبوو وەك ئەو شارەی كە زەعیم هەستیار مژدەی بە خەڵكەكە دەدا. خەسرەوەی دەشتی هەولێرو كاروان جەزراوی چەند ڕۆژێك بوو لەگەڵ كۆمەڵێك كەسدا لە مەملەكەتی مێش هەنگ بوون. بەپێی ئەو ئاگاداریو زانیاریانەی لەلای ئەوان هەبوو، خوێندنەوەیان بۆ شاری سەردەمو حوكمی بەڕێوەبردنی ئەو ڕۆژگارەو ئایندەی هەرێمەكە دەكرد. گۆڕانكاری بە پێی هەڵبژاردنێك لە خواستەكانی میللەتی تێدا بێتە دی مەحاڵبوو ئەنجام بدرێت. كێشەو نەهامەتیەكانی خەڵكیش ڕوو لە زیادبوون بوون. كوڕی دایەو هەموو برادەرەكانی لە مەملەكەتی مێش هەنگ سەرقاڵی بەرنامەكەی ئۆقیانوسی هێمن بوون، هەموویان یەك بیرو بۆچوونیان سەبارەت بە بەرنامەكە هەبوو. گومانیان لەسەر پرەنسیپەكانی بەرنامەكە نەبوو كە كەسایەتی گونجاو بۆ ئایندەی میللەتوهەرێمەكە بەرهەم دەهێنێت. چارەسەركردنی هەڵهاتنی بەناچاری خەڵك پەیوەست بوو بە چارەسەركردنی كێشەكانی هەرێمەكە لە ڕێگای گۆڕانكارییەكی سەرتاسەری بەپێی بەرنامەیەكی پتەو كە هاوتای سەردەم بێت، بەڵام لە تواناو دەسەڵاتی ئەواندا نەبوو، هەوڵەكانیش هەموویان بێسود بوون . چونكە هەموو ئەو كەسانەی كە ئیدارەی هەرێمەكەیان لە ژێر دەستدا بوو، سەرو هەموو ئەقڵو بەرنامەو ئیرادەیەكیتر خۆیان دەبینی.
خەسرەوی دەشتی هەولێرگوتی: من پێموایە دواجار هەموو ڕوولەم مەملەكەتە دەكەن، هەق هەرواشە كە شارێك وەك دایك ئامێزی خۆی بكاتەوە بۆخەڵك تاكو لە زوڵمەت ڕزگاریان بكات، ئیتر ئەو خەڵكە بە دیار چییەوە دابنیشن؟
وەستا كاوە گووتی: لەم قۆناغەدا باشترە بیر لە هەڵهاتنی خەڵك بكەینەوە كە چیتر پەرەوازەی دەشتو كێوەكان نەبن، یان ڕوو لێرەبكەن یاخود هەر لەشارەكانی خۆیاندا بمێننەوە بە جۆرێك نارەزایی خۆیان دەرببڕن كە كاریگەری لەسەر دەوڵەت هەبێت تاكو دەستەی حوكمرانی چاوێك بە خۆیانو بەرنامەكانیاندا بخشێنن.
شێخبەختەوەر گووتی: ڕەنگە بیرمان چووبێتەوە، ئەگەرنا چەند جارێك بە شێوازی جۆراوجۆر نارەزایو بێزاری خۆیان دەربڕیوە لە دەست حوكمی ڕۆژگار، بەڵام بێسودبووە، كێشەكان وەك خۆیانو بە زیادیشەوە ماونەتەوە. سەبارەت بە

مانەوەشیان، ئێستا خۆیان لە شارەکانی خۆیاندان، لەناو ماڵو حاڵی خۆیاندانو بەجێیدەهێڵن، هەڵبەت ناچارن کە هەڵبێن، بۆیە ڕۆحی خۆیان لەلا دەربەست نییە تەنها لەو زوڵمەتە ڕزگاریان بێت. ئەوەی جێگای ترسو نیگەرانییە، گیانی ئەو خەڵکەیە کە ڕۆژانە چەندین کەس دەبنە قوربانی و لەدەشتو کێوەکان ڕووبەڕوی مەرگێکی خۆڕایو خەماوی دەبنەوە. بۆ ئێمە زۆر گرنگە پەیڕەوی ئەو هەڵهاتنە پڕ مەرگە ساتە بگۆڕین بە کۆچێکی سەرتاسەری، ڕەنگە جارێکیتر مێژو لە بەختی ئێمە دووبارە بێتەوە.
وەستا کاوە گووتی: ئەو کۆچەی تۆ باسی دەکەیت، بە ئێمە بەرهەم نایەت. کۆچو ڕەوی سەرتاسەری دەبێت بەرهەمی ڕۆژگار خۆی بێت، وەك ڕەوە سەرتاسەریەکەی دوای ڕاپەڕین. بەرهەمی سەردەمێکی پڕ لەمەرگەساتو حوکمێکی توندو تیژو زاڵمبوو، دواجار لەبەختی ئێمە دەرئەنجامەکەی کەوتەوە، بەڵام بەداخەوە جارێکیتر ڕووبەڕوی هەمان ڕۆژگارو ڕوداو بووینەتەوە.
کوڕی دایە گووتی: کەواتە هەڵەکانی ڕابردو جارێکیتر ڕوبەڕوی بەرنامەکەی ئۆقیانوسی هێمنمان دەکاتەوە کە بەگرنگی وەربگرین بۆ ئایندە. کەس لە خۆی دڵنیانەبێت لە ئایندەدا بەبێ بەرنامەیەکی پەروەردەی کەسێکی دروستو گونجاو دەبێت لە هەموو پۆستو پێگەیەکدا، چونکە هەندێك لە خەریزە شارەوەکانی ناخی مرۆڤ لە کەشو هەوای تایبەت بە گەشە کردنی خۆیان دەردەکەون. ڕەنگە دووبارە کۆچو ڕەوی کۆمەڵ لە دەست حوکمی ڕۆژگار لەبەختی هەموومان بێت، بەڵام تەنها ئەوە بەس نییە کە مێژو بۆمان بەرهەم دەهێنێت، چونکە مێژو بەردەوامە لەسەر ڕەوتی خۆی، ڕەنگە لەو بەردەوام بوونەدا بەرەو جێگایەکی هەڵدێر بڕواتو ئێمەش لەگەڵ خۆیدا گلۆر دەکاتەوە، ئەو گلۆر بوونەوەیە بۆ مێژو وەك خەو وایە، کەی بە ئاگاهاتەوە هەموو نەهامەتیەکانی بیردەچێتەوە، بەڵام بۆ ئێمە خەوێکی ڕاستەقینەیە کاریگەری لەسەر ژیانمان دەبێت، گرنگ ئەوەیە پێش گلۆربوونەوە ڕەوتی بەپێی بەرژەوەندیو خواستی خۆمان بگۆڕین. منیش دەڵێم...ڕەنگە حوکمی ئەم ڕۆژگار کۆچی سەرتاسەری لێبکەوێتەوە، بەڵام دەبێت بەباشی بیر لە دەرئەنجامەکانی بکەینەوە. . . .
خەسرەوی دەشتی هەولێر قسەکانی بەکوڕی دایە بڕی گووتی: ئێمە گووتمان ئەو خەڵکە ڕۆژانە لە شارو ماڵی خۆیان هەڵدێن بەبێ ئەوەی کەڵکی هیچ بگرن، جگە لەوەی دەبنە قوربانی ئەو ڕێگایە، قوربانییەکی بێمانا و بێکەڵك. کۆچو ڕەوی سەرتاسەری هەرنەبێت دەبێتە مایەی ڕیسوابوونی حوکمڕانی سەردەمەکەی خۆی. بابزانین ئەوانەی خۆیان بە گەورەتر لە میللەت دادەنێن بەتەنها چییان پێدەکرێت. ئەو کۆچەی کە ئێمە قسەی لەسەر دەکەین، لەمێژە لەناو ناخی خەڵکدا سەری هەڵداوە.

زەمانێك بەر لەئێستا زەعیم هەستیار بەگوێی خەڵکدا دەیچرپاند " هەست بەبوونی شارێکی شاراوەدەکەم وەك دایك باوەشی گرتۆتەوە ڕۆژێك ئەم خەڵکە لە زوڵمەت ڕزگار دەکات".
وشەکانی زەعیم هەستیار هەمیشە لە سەر زاری خەڵك بوو، بە ئومێدەوە دەگوترایەوە وەك ئاسۆیەکی ڕوونو گەش لە ئایندەیان دەڕوانیو هەر بەو هیوایەوە ڕۆژانە چەندەها کەس بۆ دۆزینەوەی ئەو شارە ڕوویان لە دەشتو کێوەکان دەکرد. مەملەکەتی مێش هەنگ هێدیهێدی ئاشکرادەبوو، بەتایبەتی لەدوای ڕۆشتنی هاوڕێ دێرینەکانو خەسرەو دەشتی هەولێرو کاروان جەزراوی، ئەو تەوقە سەربازییەی بەدەوری شارەکاندا بەستیان، وەك پێویستو خواستی دەستەی حوکمڕانی نەبوو، چەندین زومرەی سەربازیش هەڵدەهاتن کە دەوڵەتی نیگەران کردبوو. لە دوای مردنی حاکم پاشاو هاتنی فەوزی کوڕی بۆ سەر تەختی دەسەڵات بارو دۆخی هەرێمەکە ئاڵۆزتر بوو، ژیانی خەڵك سەختر بوو، خۆزگەیان بە سەردەمی پێشوتر دەخواست. ڕۆشتنی خەڵك مەترسی گومانو نیگەرانی دروست کرد کە ڕەنگدانەوەی ڕاستەو خۆی لەسەر شاری سەردەم و حوکمڕانی هەرێمەکە هەبوو. تەوقکردنی شارەکان بۆڕێگاگرتن لە دەربازبوونی خەڵك پێویستی بە ئەرکی سەربازی زیاتر بوو. پرۆژەی شواری دووەمی دەوری شاری سەردەم هێشتا تەواو نەببوو بیریان لە بەرنامەیەکی تر کردەوە بۆ هێشتنەوەی خەڵك لە هەرێمەکەی خۆیان. هەستیان بە گرنگی خەڵك کردبوو لەژێر فەرمانو حوکمی خۆیاندا درێژە بە دەسەڵاتو بەرژەوەندییەکانین دەدات، لەو ڕاستییە گەشتبوون بەبێ ئەو خەڵکە هیچیان بۆ ناکرێت، مەگەر بەتەنها حوکمڕانی کۆشكو تەلارەکانی خۆیان بکەن. ڕودانی کۆچێکی سەرتاسەری نیگەرانی کردبوون، هەستیان بەبوونی جێگایەکیش کردبوو کە ڕەنگە لەکاتێکی تایبەتدا پەنای خەڵکەکە بێت. دەوڵەت سەرگەرمی پیلانێکی نوێ بوو بۆ ڕێگرتن لە هەڵهاتنی خەڵكو تەوقکردنی ئەو شارەی کە لە زەینی خەڵکدا بوو. بیریان لە بنکەیەکی سەربازی گەورە کردەوە لە نزیك چیاهەزار بەهەزارەکان تاکو هیچ هیواو پەنایەك لە دڵی خەڵکدا نەمێنێت و لە شارەکانی خۆیان لەژێرفەرمانوحوکمی خۆیاندا بمێننەوە. ئەوانەشی کە ڕۆاژنە هەڵدێن بۆ دەشتو کێوەکان دواجار ناچار ببن بگەڕێنەوە جێگای خۆیان.
گەڕانەوەش بۆ هەمان بارودۆخ ، بۆ هەمان هەرێم کە پڕبوولەکێشەوگرفتو نەهامەتی، ڕوبەڕوی بارودۆخێکی ترسناکتر دەبوونەوە. بیریان لە دامەزراندنی چەند پڕۆژەیەك کردەوە تاکو خەڵکی پێوە سەرقاڵبکەنو کەمێك لە ئازارو خەمو گرفتەکانیان چارەسەر بکات، بەڵامچارەسەرکردنی نەهامەتیەکانی سەر خەڵکی

هەرێمەکە لە پرۆسەیەکی گۆڕانکاری سەرتاسەریدا بەدیدەهات بە نەمانی شاری سەردەمیشەوە یاخود گۆڕینی نەخشەی سیاسی شاری سەردەم.
بنکەیەکی گەورەی سەربازی لە نزیك مەملەکەتی مێش هەنگ پێویستی بە دامەزراندنی چەندین سەرباز بوو. بۆ دابینکردنو دامەزراندنی خەڵك لە ریزەکانی بنکە سەربازییە جۆراو جۆرەکاندا ، بە پەرۆشەوە پروپاگەندەی چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاریو پیشەسازی لەشارەکاندا کرا، لە پیناوی باشکردنی بارودۆخو ژیانی خەڵکی هەرێمەکە، بە گەرمی پێشوازیش لەو کەسانە دەکرا کە خۆیان ناونوس دەکرد. ئەم بەزمە خەڵکی نیگەرانو سەرسام کرد. هیچ هیوایەکی گەشی لە دڵی خەڵکی هەرێمەکەدا دروست نەکرد، بەپێچەوانەوە خەڵکەکە لە ڕۆژانی پێشوتر لە حوکمی ئەو ڕۆژگارە بەگومانبوون، بە ناچاری بەدوای چارەنوسی نادیاری خۆیان دەکەوتن .
ئیوارەیەك لە پاش خۆر ئاوابوونو تاریك داهاتن، لە ئاسمانێکی دوورەوە دەنگی جۆراوجۆری باڵندەکان ئاسمانی پڕکرد. بۆنی پەڕو هەناسەی باڵندەکان دەگەیشتە هەموو ماڵێكو هەموو سینەیەکی مەستی سەرسام بوون دەکرد. لەمێژبوو خەڵکی هەرێمەکە باڵندەیان نەبینیبوو، لەدووریشەوە گوێیان لەدەنگی باڵندەیەك نەببوو. باڵندەکان ئەو کۆچەی کردیان ئیتر نەگەڕانەوە. دەنگی باڵندە هەموو هەرێمەکەی گرتەوە. پێدەچوو هەر هەموو باڵندە کۆچکردووەکان ئەمشەو بگەڕێنەوە هەرێمەکە. دەنگو بۆنی باڵندەکان چەندە هیوای خۆشی بەدڵی خەڵك دەدا ، هێندەش گومانو ترسیان دروستکردبوو. دەنگی هەزارەها جۆر باڵندە لە ئاسماندا وەك هەورە گرمە عەرزی دەلەراندەوە. ئەو بەلایەی کە چاوەڕوان بوون دەمەو ئێوارەیەك پەیدا ببێت، زۆر کەس بەو بەلایە تێگەیشتن ئەمشەو ڕووی لە هەرێمەکە کردووە. کەس نەیدەوێرا لەماڵەوە بێتەدەرەوە، هەموو لەژوورەکاندا خۆیان مەلاس دابوو، تەنانەت پیاوە چەکدارەکانی پاراستنی شەوانی شارەکانیش خزانە بنکەکانی خۆیان.
باڵندەکان کە نزیکبوونەوە وردەوردە بۆنی هەنگوین بڵاوبووەوە. لەسەرەتادا هەموو باڵندەکان بەسەر ئاسمانی شارەکاندا دەخولانەوە، وەك هەر باڵندەیەك بۆ هێلانەو هەواری بگەڕێت، هەزارەها باڵندە بەنزمی بەسەر سەربانەکاندا هەڵدەفڕین. ئەو باڵندانەی کە سەردەمێك هێلانەکانیان بەسەر درەختی حەوشەو کۆلانەکانەوە بوو، لەجێگا کۆنەکانی خۆیان نیشتنەوە. هەموویان بۆنی هەنگوین لە هەناسەیان دەهات. هەرێمەکە وەك نوقمی هەنگوین بووبێت، بۆن هەنگوین سەرتاپای هەموو شوێنو ماڵێکی گرتەوە. بۆنی هەنگوین لە پەنجەرەو دەرگاکانەوە سینەی تەنگو غەمگینی خەڵکی ناو ژوورەکانی پڕکردو دڵیان کرایەوەو ڕەنگیان گەشایەوە. بۆنی هەنگوین

وەك بۆنی گوڵێكی ئەفسوناوی دەرونی پەشۆكاوی ئارامدەكردەوەو خەڵكی ناو ژورە تاریكەكانی دەهێنایە دەرەوە.
هاتنەوەی باڵندەكان ڕوخسارێكی‌تری بە هەرێمەكە بەخشی. هەموو شارەكان وەك تازە ئاوەدانكرابێتنەوە شەوی هەرێمەكە زۆر پرشنگدار بوو، جگە لەشاری سەردەم كە هیچ باڵندەیەك ڕووی تێنەكرد. شاری سەردەم بۆ باڵندەكان جێگایەكی نامۆبۆ، هیچ باڵندەیەك نەیادگاری لەو شارەدا هەبوو، نە هەوارو هێلانەی بەجێهێشتبوو. ئەو شەوە حاكمەكانی شاری سەردەم بێئاگابوون لە هاتنەوەی باڵندەكان. خەڵك بە بینی باڵندەكان لەسەربانو هێلانەی ناو درەختەكان دڵخۆش‌و ئاسودەبوون. زۆر كەس باڵندە ماڵییەكانی خۆیان دەناسییەوە كە كۆچیان كردبوو. كەس لەگەڵ كەس توانای قسەو مقۆمقۆی نەبوو. بەچاوی پڕلەسەرسامی‌و خۆشحاڵیەوە تەماشای باڵندەكانیان دەكردو بۆنی هەناسەیانیان پڕ بە سییەكانیان هەڵدەمژی. هەرێمەكە سیخناخببوو لە بۆنی هەنگوینێكی شادو شیرین كە هیواو ئومێدی پێدەبەخشین كە هیچ كەسێك لەم هەرێمەدا نائومێد نەبێت چونكە شارێكی شاراوە هەیە وە دایك ئامێزی بۆ گرتونەتەوە لە زوڵمەت ڕزگاریان بكات.
هاتنەوەی باڵندەكان بۆ ناو شارەكان ئێجگاری نەبوو، هەر ئەو شەوەبوو، ماوەیەكی كەم مانەوەو دووبارە هەڵفرینەوە. هەڵفرینێكی ئەفسوناوی بوو، چەند جارێك بەسەر ئاسمانی شارەكاندا سوڕانەوە، تاكو هەموو خەڵكەكانیان لەكەگەڵ خۆیاندا نەبرد ئاسمانی شارەكانیان بەجێنەهێشت. هەرئەوشەوە هەموو خەڵكی هەرێمەكە مەستی بۆنی هەناسەی باڵندەكان بوون، وەك عاشقێكی دێوانە شوێن باڵندەكان كەوتن. دونیای هەرێمەكە بە ڕۆژی حەشر دەچوو ، بەوشەوە دەچوو كە چەند ساڵێك لەوەو پێش دەرئەنجامی زوڵمو ستەمو چەوساندنەوە لەسەر دەستی حوكمی دیكتاتۆری خەڵكی هەرێمەكە بە ناچاری ڕێگای دەشت‌و كێوو سنورەكانیان گرتەبەر. وەك ڕەوڕەوەی مێژو بەرەو دواوە تاكو ئەو شەوە گەڕابێتەوە، خەڵك هەستیان بە دووبارە بوونەوەی مێژو كرد ، بەڵام بە پێچەوانەی ئەو سەردەمەوە ڕووخۆش‌و دڵكراوەبوون وەك بەرەو جێگایەكی ئارام بڕۆن بە دوای باڵندەكاندا هەستیان بە ئاسودەبوونی ڕۆحیان دەكرد. وەك لەخەوێكی شیریندا بە ئاسمانێكی ساف‌و شیندا بفڕن، پۆڵپۆل خەڵك بەو شەوە بەدەشت‌و كێوەكاندا بەرەو شارێكی شارەوە دەڕۆشتن. لە هەموو شارو شارۆچكەكانەوە خەڵكی هەرێمەكە ماڵ‌و حاڵی خۆیان بەجێهێشتبو بەدەشت‌و كێوەكانەوەبوون. ئەو گوندانەش كە دەهاتنە سەرڕێگایان، ئەوانیش بە هەمان هەواو زەوقی ئەوان بەشوێن باڵندەكاندا بەرەو چیاكان دەڕۆشتن. ئەو بنكە سەربازیانەی لە دەوری شارەكان بوون، ئەوانیش لولەی تفەنگەكانیان لە عەرزەكە دەچەقاند، هەموو شتێكیان بەجێدەهێشت‌و دوای خەڵكەكە دەكەوتن. دونیا

ئەو شەوەی هەرێمەکە لە خەوێك دەچوو کە هەرگیز مرۆڤەکان بە ئاگانەیەن، ئیتر ببێت بە ژیانی ڕاستەقینەیان. وەك کۆچو ڕەوی پێشو کەس خەمی ماڵو حاڵی نەبوو، کەس نیگەرانی دەرگای حەوشە نەبوو کە بەناچاری بە کراوەی بەجێهێشتبوو. کەس دڵی لای منداڵو پیرو نەخۆشوپەکەوتەکان نەبوو. کەس دەستی بەدەستی کەسەوەو کەس لەکۆڵی کەسیتردا نەبوو. وەك هەر هەموویان دووباڵی ئەفسوناویان گرتبێت لەشو سوكو دڵخۆش وەك ڕوخساری شەو بە هێمنی دەڕۆشتن.

شاری سەردەم نوقمی ڕوناکی گڵۆپەکانو بێئاگاییی خۆی ببوو. ڕەنگە سبەی بەیانی حاکم فەوزی سەبارەت بە بارودۆخی هەرێمەکە لە گەڵ دەستەی حوکمڕانیدا کۆبوونەوەی تایبەتی هەبێت تاکو پیلانێکی نوێ دابڕێژن بۆ ڕێگاگرتن لە هەڵهاتنی خەڵك. ئەوان بێئاگان ئەم شەو هەرێمەکە کەسی تێدانەماوە. کەس لە بیری ئەوەدا نەبوو لەناکاو شەوێك کەسی تێدا نامێنێت، تەنانەت ئەوانەی لە مەملەکەتی مێش هەنگیش نیشتەجێ بوون سەرسام بوون بە ڕۆشتنی باڵندەکان، ئەوانیش نەیاندەزانی بۆچی بەو ئێوارە درەنگە مەملەکەتی مێش هەنگیان بەجێهێشتو ڕۆشتن.

باڵندەکان تازە چووبوونەوە ناو کونی ژێر تاشەبەردەکانو هێلانەکانیان لەناو چیاکانی مەملەکەتی مێش هەنگ. ئەوەندە نەمانەوە پشوبدەن تاکو ماندوبوونی فڕەفڕی ڕۆژتا ئێوارەی ئەمبەرو ئەوبەری چیاکان لە جەستە بچکۆلەکانیان دەربچێت. دیاردەیەکی نامۆ بوو کە هەموویانی سەرسام کردبوو. وەك سەرەتای کۆچکردنیان بۆ مەملەکەتی مێش هەنگ. لەناکاو بە یەك جار دەنگی شەقەی باڵیانو قاوقڕیان وەك تاوێرە گەورەو بەرزەکان بەرەو خوار هەرەسیان هانیبێت، هەموو مەملەکەتی مێش هەنگی هەژاندو دەنگی دەدایەوە. بەڵام کۆترەکانی فریشتەی عاشق بە چوار دەوری کوخەکەی فریشتەو موررادا هەڵنیشتبوونو مابوونەوە. ئەو شەوە تاکو درەنگ کەسیان نەیانتوانی بخەون، هەرکەس بەجۆرێك گوزارشتی لەکۆچی ناوەختی باڵندەکان دەکرد. هەندێك دەیاگووت "ڕەنگە هەستیان بە قەرەباڵەغی ئێرە کردبێت، ئیتر بێزار بوونو دەڕۆن". کەسێکیتر دەیگووت "هەستیان بەڕوودانی کارەساتێك کردووە کە ئێمە جارێ هەستی پێناکەین، باڵندەکان پێش وەخت هەست بەڕوودانی کارەساتەکان دەکەن. تاکو شەوگارێکی درەنگ لە خەیاڵی کۆچی باڵندەکاندا بوون.

شارەکانی هەرێمەکە لەماوەیەکی زۆر کورتدا کەسی تێدا نەما، بەشوێن باڵندەکاندا بەرەو جێگایەکی نادیار دەڕۆشتن، بەڵام لەڕۆحی هەرکەسێکدا هیوایەکی گەش هەبوو وەك بەرەو باوەشی دایکێکی ئارام بڕۆن ئاسودەبوون. شەوێکی زۆر تایبەت بوو، لەشەوی دوو عاشق دەچوو تەنها بەبۆنی ڕۆحی یەکتری بژین. کەس لەتاشەبەردێك هەڵنەدەنووت، منداڵێك برسی نەبوو، پیرێك نەبوو بکۆکێت. وەك باڵندەکان بەنەرمی بەسەر زەویدا هەڵدەفڕین. هەستیان بەئازادی دەکرد، بەردەوام

بەبێ ڕاوەستان‌و پشودان بەپێی خێرایی فڕینی باڵندەكان دەڕۆشتن. ئەو شاوانەی كۆڕەویان بەبیردەهاتەوە لە ترسی مەرگ ڕووبەڕووی چەندین مەرگی تر دەبوونەوە، بەڵام ئەم‌شەو نەترس لەدەرونی كەسدایە، نەمەرگ میوانی ڕۆحی كەسە. هێمن‌و بێ‌دەنگ دەڕۆن شاری سەردەمیش لە پرخەی خەوێكی قورسی بێئاگادایە. ئەم شەو ڕەنگە داوین شەوی ئاسودەو ئارامی شاری سەردەم بێت.

بەرەبەیانەو بە ئومێدی پیلانێكی نوێ حاكمەكانی شاری سەردەم لە خەو هەڵدەستن. ئەم‌جارە مەگەر بەرنامە بۆ خانووە خاڵییەكان دابنێن، بەڵێن‌و پەیمان بە درەختە بێ گەڵاو بێ باڵندەكان بدەن. سبەی بەیانی كەس لەهەرێمەكەدا نەماوە چاوی لێ سوركەنەوە، مەگەر وێنەی سەر دیواری ژوری ماڵەكان دابگرن‌و بە عەرزەكەیدا بكێشن. سەرۆكی پاسەوانەكانی شاری سەردەم بە ترس‌و نیگەرانییەوە هەواڵی بێدەنگی‌و كپی ناو شار بە حاكم فەوزی ڕادەگەیەنێت. حاكم فەوزی وەك فیشەكە شێتە بەئاسماندا هەڵدەچێت‌و پڕ بە گەورەیی شاری سەردەم دەقیڕێنێت بەسەر شێرەی سەرۆك پاسەوان. شێرە وەك ڕێوی لەبەردەم نەڕەی حاكم فەوزیدا خۆی بچكۆلانە دەكاتەوە، چاوەڕاونی دواین فەرمانی حاكم فەوزییە. حاكم فەوزی بەشێرە دەڵێت " هێزێكی گەورە لەگەڵ خۆتدا ببەو هەواڵی ڕۆشتنی ئەو خەڵكەم بە خێرای بۆ بهێنەرەوە، بەڵام نەگەڕێیتەوە بەبێ هەواڵ". شێرە لە شار دوور دەكەوێتەوە، بەڵام بەكەس ناگات تاكو هەواڵی ئەو خەڵكە بپرسێت. خەڵكی شارەكان هەر بەرەبەیان گەیشتنە مەملەكەتی مێش هەنگ، گەشتن بەو شارەی وەك دایك ئامێزی بۆ گرتبوونەوە لەدەست زوڵمەتی ئەو ڕۆژگارە ڕزگاریان بكات.

بەرەبەیانییەكی دڕەنگ بوو باڵندەكان لەمەملەكەتی مێش هەنگ بە قاووقیژو جۆرەها ئاوازو نەغمەو خوێندن پەیدا بوونەوە. تازە بەتازە دانیشتوانی مەملەكەتی مێش هەنگ چاویان چووبووە خەو بەو دەنگەدەنگە بە ئاگاهاتن. هاتنەوەی باڵندەكان خۆشی‌و هیاوایەكتری بەدڵیان بەخشی، بەڵام هێشتا هەر بەگومان‌بوون لەو كۆچە كتوپڕە كە تەنها شەوێكیشیان پێچوو. باڵندەكان دانەبەزینە ناو چیاكان‌و بچنەوە ناو هێلانەكانیان بەسەر ئاسمانی چیاكاندا بەبازنەیی گەورەو بچوك دەسوڕانەوە، وەك ئەو داڵە گۆشت خۆرانەوەی لەبەرزاییەكی دوورەوە كەلاكێكی كەوتوو یاخود نێچیرێك دەبینن‌و وردەوردە بە شێوەیەكی بازنەیی دەخولێنەوە تاكو دەدەبەزن. هەندێك لە باڵندەكان بە سەر ئاسمانێكی بەرزەوە دەسوڕانەوە. هەندێك لەباڵندە وردەكانیش بەناو چیاكاندا نائاسایی بە خێرایی دەهاتن‌و دەچوون بە جریوەجریو خەڵكی ناو چیاكانیان لە شتێك ئاگادار دەكردەوە. هەندێك باڵندەیتر لەچیاكان دووور دەكەوتنەوەو قەدەرێك بەئاسمانەوە دوراودوور چاودێریان دەكرد. بەرەبەیانییەكی پڕ لە گومان‌و پرسیار بوو، هێشتا هیچ حاڵێینەببوون لەو دیاردە نامۆیەی ڕۆحی

باڵندەکان کە چیاکانی وردەوردە لەبنەوە دەلەراندەوە. دەنگی هەزارەها پێ لە دەشتە دوورەکانەوە دەگەیشتە ناو چیاکان . بە ناڵەناڵی هێرشی لەشکرێکی بەرفراوان دەچوو. دانیشتوانی مەملەکەتی مێش هەنگ سەرسامیو نیگەرانی ڕەنگو ڕووی لەڕوخساریان بڕیبوو. چیتر نەیانتوانی لەو بێدەنگو سەرسامییەدا بمێننەوە. کوڕی دایە لەمێژبوو لە مەملەکەتی مێش هەنگدا دەژیا، هەرچەندە هێشتا دیاردەی لەو جۆرەی نەدیبوو، بەڵام خاوەنی ئەزموونێکی دوورو درێژبوو لەناو چیاکان. بە هێواشی بەرەو لای دەروازەکە چوو، ئەوانیتریش بەدوایدا ڕۆشتن. ناو چیاکان هێشتا تاریکو ڕوونبوو، بەڵام دەمی دەروازەکە لەناو پێچی چیاکان ڕوونتربوو، دەرەوە هەر زۆر ڕوناکتربوو کە مرۆڤ بە ئاسانی لەدوورەوە تارماییەکانی بەدیدەکرد. هەموویان بەبێدەنگیو ڕامانەوە لەبەردەم دەروازەی چیاکاندا لەدوریان دەڕوانی. بە درێژاییو پانتایی مەودای بینینی چاو لەدوڕا وەك سێبەری هەورێکی ڕەش لەسەر زەوی تارمایی ڕەشی خەڵکێکی زۆریان بەدیدەکرد کە شەپۆلی ڕێڕەوی ڕۆشتنیان بەرەو لای ئەمان بۆ ناو مەملەکەتی مێش هەنگ بوو. بە فراوانی پانتایی ئاسمانیش باڵندەکان دەسوڕانەوە. کۆمەڵێك باڵندە بە سەر ئاسمانی خەڵکەکەوە وەك چاوساغ بەرەو مەملەکەتی مێش هەنگ پێشڕەویان دەکردن. دیمەنەکان وردەوردە ڕوونتر ئاشکراتر دەهاتنە بەرچاو کە ئیبتر هەموویان لە هەموو شتێك حاڵیبوون. وەستا کاوە گووتی :ئەو شارەی زەعیم هەستیار باسی دەکرد، واپێدەچێت خەڵك بە شوێنیدا وێڵبن؟ خەسرەوی دەشتی هەولێر بە ڕوخسارێکی گەشەوە گووتی: من دڵنیام کەمێکیتر بە شارەکەی خۆیان دەگەن، ئەوسا گرنگی میللەت لە هەرێمیکی چۆڵدا بۆ حاکمەکان ئاشکرا دەبێت. کوڕی دایە وەك هەمیشە ئەو کارەساتە کتوپڕەی پێخۆشنەبوو، بە نیگەرانیەوە گووتی: ڕەنگە دواجار کەڵك لە چارەنوسی کۆچێکی بێچارەی کتوپڕ وەربگرین، ئەگەر ژیرانە ڕووبەڕوی هەلومەرجی بارودۆخەکە ببینەوە.

کۆچو ڕەوی خەڵك بۆ دەشتو چیاکان لە هەموو سەردەمێکدا بە ناچاری بووە کە دەرئەنجامی سەرهەڵدانی کێشەو نەهامەتیەکانی سەر خەڵکی ئەو هەرێمەیە. نەهامەتیەکان لەدەمی کارەساتەکان دەکەونەوە، کارەساتەکان سروشتیبن یاخود مرۆیی ژیانی خەڵك لەو هەرێمەدا بەرەو سەختیو ئاستەنگ دەبەن کە ئیتر مرۆڤ توانای ژیانو هەڵکردنی لە زێدی خۆیدا نامێنێت. نەهامەتیەکانی سەرخەڵکی هەرێمەکە سروشتی نین بەرهەمی پاشاگەردانیو شەڕی مانەوەیە لەسەر کورسی دەسالآت کە هەموو دیاردە خراپەکانی نەهامەتی لێکەوتۆتەوە. گرانی بازاڕەکان لە سەردەمی جەنگو ساڵی وشکی بێبارانی خراپتر بوو. هەرێمەکە لە مەملەکەتێکی سەردەمی زوو دەچوو، تروسکاییو پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی دەوڵەت دەرگایان

لەسەر داخرابوو، ڕۆحیان لەبەردا نەمابوو، وەك لاشەیەكی مردوی لەش قورسیش بەسەر شانو ملی خەڵكەوەبوو. ئەو بەلایانەی لە گەردنی حاكمەكانەوە بە سەر خەڵكدا دەباری، زۆر لە كارەساتە سروشتییەكان ئازارەكانی كاریگەرتبوو. خەڵكی هەرێمەكە لەمێژبوو بە هۆی حوكمی ئەو ڕۆژگارەوە لە زێدی خۆیان بێزارببوون، تەنانەت لە ژیانی خۆشیان وەڕسبوون. ڕۆژانە چەندین كەس بە هیوای دۆزینەوەی پەنایەكی هێمن ڕوویان لەدەشت و كێوەكان دەكرد . هەر هەمووشیان دڵنیابوون كە شارێك هەیە وەك دایك ئامێزی بۆ گرتوونەتەوە لەزوڵمەتی ئەو ڕۆژگارە ڕزگاریان بكات.

كۆچی تێكڕای خەڵكی هەرێمەكە سەرسامو نامۆ نییە. هەموو كەسێك چاوەڕوانی ئەم ڕوداوەی دەكرد، بەڵام ئەوەی جێگای سەرسامییە گەڕانەوەی باڵندەكان بوو بۆ ناو شارەكانو هێنای ئەو عەشاماتە زۆرەی خەڵك بەرەو چیاكان كە خۆیان ڕۆژگارێكی پێشوتر كۆچیان بۆ كردبوو.

شێخبەختەوەر گووتی: كۆچو ڕەوی خەڵك هاوكاتە لەگەڵ گەشەكردنی نەهامەتیەكانو سەختی ژیان لە شارەكاندا، ئەم كۆچە دوورو نزیك هەردەبوایە ڕوویبدایە، بەڵام من سەرسامی باڵندەكانم، چ هەستێك لەناخو ڕۆحیاندا پەیوەست بە دژواری ژیانی خەڵكی هەرێمەكە هەیە؟

فریشتە لەناو خەڵكەكەدا بەشێوەیەكی عاشقانە پاڵی بەشانی مورادەوە دابوو، كۆترەكانی بەدەورو پشتیدا بڵاوببوونەوە. گووتی: مرۆڤ هەمیشە سەرسامە بەدیاردەیەك كە بۆیەكەم جار پێی ئاشنادەبێت ، ئەویش ڕەنگە لەو ئەقڵێتەوە هاتبێت كە پێمانوایە هەموو شتەكان لەناو هەستی ئێمەدایە، بەڵام ئێمەبێئاگاین لە هەستی گیانلەبەرەكانیتر وەك دیاردەی كۆچی باڵندەكان كە هەموومانی سەرسام كردووە. ئەوە تەنها باڵندەكانن كە هەست بە نەهامەتی خەڵكی دەڤەرەكەی خۆیان دەكەنو بە هانایانەوە دەچن. من پێش سی ساڵ ئەم دیاردەیەم لەباڵندەكاندا هەست پێكرد، ئەم كۆترانە ئەو دەمە منیان لەتەنیایی ڕزگاركردو لەترسو خەمی هەنگەكان پاراستیانم.

باڵندەكان بە ئاسمانی دەڤەرەكەدا دەسوڕانەوە، وەك جەژنیان بێتو ئاهەنگ بگێڕن بە ئاسمانەوە سەمایان دەكردو بە چەندین ئاوازی جۆراوجۆر گۆرانیان دەگووت. تاكە باڵندەیەك نەنیشتەوە بۆ پشودان تاكو هەموو خەڵكەكەیان لەناو چیاكان نزیكردەوە. وەك ڕۆژی حەشر هەموو خەڵكی هەرێمەكە لە دەوروبەری نزیك چیاكان بڵاوبوونەوە. بە ڕوخساریانەوە خۆشیو بەختەوەری پێوەدیاربوو، وەك بەئاواتی لەمێژینەی خۆیان گەیشتبن. هەر كەس لەبەر خۆیەوە دەیگووت " ئێرەئەو شارەیە وەك دایك ئامێزی بۆ گرتووینەتەوە تاكو لەزوڵمەت ڕزگارمان بكات.

شێرەی سەرۆکی پاسەوانەکانی شاری سەردەم بۆدۆزینەوەی ئەو خەڵکە بەدەشتو کێوەکانەوە بوو. لە هیچ شوێنێك کەسێکی نەبینی پرسیاری لێبکاتو هەواڵ بۆ حاکمفەوزی بهێنێتەوە. حاکم پێیگوتبوو تاکو هەواڵم بۆ نەهێنیتەوە نەگەڕێیتەوە. شێرەوگروپە چەکدارەکەی لە شارەکان دوورکەوتبوونەوە، لەلایەك خەمی لای حاکم پاشای بوو بەبێ هەواڵ دەگەڕێتەوە، ڕەنگە ئیتر ئەو ڕێزو باوەڕەی جارانی نەمێنێت، چەندە دووردەکەوتنەوەو دەچوونە ناو قوڵایی دەشتو چیاکان ، هەستیان بە ئازادی زیاتر دەکرد. شێرە وردەوردە وەك لە هۆش خۆی بچێت ئاگای لە ئەرکو فەرمانی نەما. لەناو تاریکی ئەو ئێوارەیەدا بەبۆنی ئەو هەنگوینەی کە "با"ی پایزە لەچیاکانەوە بە دەشتو دەردا بڵاویدەکردەوە هەموو خەمەکانی ونکرد. لە پاڵ تاوێرێکی گەورەی لە شاخ بەربووەوە هەموو پیاوە چەکدارەکانی خۆی ڕاگرت. لەپیش ئەواندا تفنگەکەی لە شانی خۆی داگرتو لەنێوان دوو بەرددا داینا و بەردێکی قورسی پێدا کێشا. تفنگەکە وەك دارێکی وشکی کۆن کرتەی کردو شکا. بەم کردارە هەموو گروپەکە سەرسام بوون. کەسیشیان نەیاندەوێرا پرسیاری لێبکەن. شێرە وەك بەڵا وابوو، کە توڕەدەبوو بێدەنگی لە ئاستیدا تاکە چارەسەرو خۆ گونجاندنو خۆ پاراستنبوو، بەڵام ئەمجارە بوغزو توڕەبوون بە ڕوخساریەوە دیارنەبوو، بە هێمنی بە هەموویانی گووت: من بەرەوبۆنی ئەو هەنگوینە دەچم کە لە ئێستاوە دەرونو ڕۆحمی نوقمی ناوئارامی کردووە، هەرکەسێکیش ئارەزوو دەکات لەگەڵ من بێت. . باوەك من تفنگەکەی دابنێتو بەدەردی ئەوی منی بەرێت. هەرکەسێکیش دەگەڕێتەوە بۆ شاری سەردەم چیرۆکو بەسەرهاتمان وەك خۆی بۆ حاکم پاشا بگێڕێتەوە. لە چرکەیەکی کەمدا هەرچی تفەنگوتەقەمەنی بوو وردوخاشیان کرد و بەدەم بۆنی هەنگوینەوە بەرەو مەملەکەتی مێش هەنگ بەڕێکەوتن.

شاری سەردەم وەك گوڵێکی بێئاوی پایزێکی دڕەنگ ڕەنگی گەشی پێوەنەمابوو. لە دوێنێوە کە شێرەو گروپەکەی ڕۆشتوون، حاکم فەوزیو دەستەو تاقمەکەی لە بێ ئارامیدا چاوەڕوانن. بەدرێژایی شەو نەخەوتبوون، تاکو بەرەبەیان چاوەڕوانبوون ، بەڵام ئەسەری کەسیان دیارنەبوو. ئەوە دووشەو و دووڕۆژە ڕۆشتوونو نەگەڕاونەتەوە. دەیانگووت، ڕەنگە بەر هێرشی توڕەی خەڵك کەتبوونو ئازارو خەم وبێزاری هەموو دەستەی حوکمڕانییان بە جەستەی ئەوان ڕشتبێتو ڕۆحیانیان بە زیندویی بەبەر چاوی یەکتریەوە دەرهێنابێت. شاری سەردەم هێدیهێدی ڕەونەقو شەوقی لێبڕا. شەوان گڵۆپە پڕ تیشکەکان لەناوتاریکی شەودا وەنەوزی خەو دەیبردنەوە. مولیدەکان لە فڕەفڕ کەوتن، کەسێك نەبوو کە بتوانێت بیانخاتە گەڕ. هەرێمەکە بە شاری سەردەمیشەوە کەسێکی تێدانەمابوو کە شارەزایی لە هەڵگیرساندنی مولیدەکان هەبێت. تەنها چەند پاسەوانێکی گەمژەی سەر شواری

شاری سەردەم مابوونەوە لەگەڵ چەند زومرەیەك لە ئاسایشو چەکداری‌تر، ئەوانیش بە هەموویان کەسێکی سودمەندیان تێدانەبوو. شەوێك فەیسەڵی کەوسەر کە جێگری شێرەبوو بۆ پاراستنی شاری سەردەم، چی پاسەوانو ئاسایشی مابوو لەگەڵ خۆیدا بردنی، ئەوانیش شاری سەردەمو هەرێمەکەیان بەجێهێشتو بەرەو دەشتو کێوەکان ڕۆشتن. فەیسەڵ وەك کارمامزی یەکەم بەهار بەدەشتو کێوەکاندا هەڵدەبەزییەوەو غاریدەداو دەیگووت: کوڕینە وا هەستدەکەم ئەمڕۆ لەدایك بووم، تف لەژیانو حاڵی پێشو. هەموویان بەدوای فەیسەڵدا دەیانگووتەوە" هەزار جار تف لەو ژیانەی پێشو".

دەستەی حوکمڕانی وەك منداڵێکی بێدایكو باوك لە شاری سەردەم تەنها هەتیو کەو تبوون، بە مەملەکەتێکی کۆنی دۆزراوەی ژێرگڵ دەچوو کە هەزاران ساڵ بێت ئاوەدانی لێبڕابێت. گەرمو گوڕی ڕۆژانی پێشوی پێوەنەمابوو، دەروازەگەورەکەی شار بە پێچەوانەی جارانەوە هەمیشە کرابووەوە، بەڵام کەسێك نەبوو پێیدا تێپەڕێت. ژیانی ڕۆژانی پێشوی شاری سەردەم کە پڕ بوو لە بەدیهێنانی خەو خەیاڵ وردە وردە بەرەو پوکانەوە دەڕۆشت کە ئیتر ژیان تێدا زۆر سەختبوو. خۆشیان نەیاندەزانی پەنا بۆچیو بۆ کوێ ببەن، وەك مێشی گیرۆدەی ناو پەرداخێکی شوشەی داخراو بەدەوری کۆشكو تەلارەکاندا هەر گیزەیان دەهاتو هیوایان بە ڕابردوی خۆیان دەخواست، بەو ڕۆژگارەی لەژێر تواناو ئیرادەی خەڵکی هەرێمەکەدا فەرمانی حاکمێتی خۆیان دەدا، ئێستا بە خۆیاندا دەچنەوەو تێدەگەن بەبێ خەڵکی هەرێمەکە پاشایەکی بێتاجن، سەرکردەیەکی دۆڕاو و فێڵبازن، بەردێکی بێکەڵكو بێ گیانن ڕەنگە کەڵکی هیچ نەگرن. شاری سەردەم هێدی‌هێدی لە بێ خزمەتیدا وەك نەخۆشێکی پەکەوتە بەرەوە گولی دەچوو، لەمێژبوو ڕوناکی شەویان لەبیر خۆیان بیربردبووەوە، بەڵام گرفتی بێ ئاوی ڕێگای پێگرتن. هەموو تانکییە گەورەکانی شارەکە خاڵیبوو، کەس نەبوو لەو حاکمە جەسورانە تواناو شارەزایی سەبارەت بە چۆنیەتی پڕکردنەوەی ئاوی تانکیەکانی هەبێت. دوایین ڕۆژ یەکێك لە کۆشکە ڕازاوەکانی ناو شاری سەردەم بەرمیلێك ئاوی خواردنەوەی نەدەکرد. کەسێکیان نانێکیان بۆ پەیدا نەدەکرا. خەمو ئازارەکانی ئەو چەند ڕۆژە فێریکردن کە کورسی دەسەڵاتو موڵكو سامانو بازاڕو حوکمڕانی هەموو شتێك نییە. شورابەرزەکانی دەوری شارەکەیان لێببوو بە دیواری ئەو زیندانەی بۆ هەتاهەتایە تێیدا زیندانی کرابوون، لەخۆیان دەپرسی ئەم شوارایە کەڵکی چی بۆگرتین؟ بە درێژایی‌و قورسای خۆیان تەنەکەیەك ئاویان بۆ پەیدا ناکرێت، کولێرەك ناهێنن. جگە لە بێئاوی برسێتیش ڕووی تێکردن. نانێك بە هەموو پارەکانیان دەسنەدەکەوت، ناچاربوون کە ناو شاری سەردەم بەجێبهێڵنو ڕوو لە ناو شارەکان بکەن. بۆنی ئەو

خواردنانەیان کردبوو کە لەناو ماڵەکاندا بەجێمابوون. لە گەڕەکێکی ناو شاردا نیشتەجێبوون، ڕۆژانە هەموو پێویستییەکانیان لەماڵە چۆڵەکاندا دەستدەکەوت. ماڵەکان زۆر زۆر بوون، کەلوپەلی بەجێماوی خاوەنەکانیان بەشی چەندین ساڵیانی دەکرد، بەڵام لەناخدا هەستیان بە شورەی دەکرد بەرامبەر بەو بارودۆخەو بە دیاردەی کۆچی تێکڕای خەڵکی هەرێمەکە. دانیان بە خۆیاندا گرت کە بە ژیانی ئاسای قایلببن، دڵنیابوون کە خەڵکەکە لەبەر برسێتیو نەبوونی ناچار دەبن بگەڕێنەوەو جێگای خۆیان، ئەوسا سەنگو پێگەی ئەمان قورستر دەبێت، بەڵام کەس نەگەڕایەوە. شەوێك پایزە ڕەشەبا شاری بەدەردی دەواری شڕبرد. ئەو شەوەبووکە هەرگیز بیریان لێنەدەکردەوە، بەڵام ئێستا لەپێش هەموو ترسەکانەوە نیگەرانی کردونو دەرونی پەشۆکاندوون. بەو شەوە تاریکە بیریان لە هەڵکردنی فانیلە سپییەکانیان کردەوە کە تەسلیمی دوژمن ببن نەکو بیانکوژن. پێیانوابوو هێرشی لەشکری دوژمنانە بە سەر هەرێمەکە کاتێك زانیویانە هەرێمەکە بەبێ سوپاو بەبێ خەڵك ماوەتەوە. ئەوشەوە تاکو بەیانی لەناو ماڵەکاندا بە بەیداخی سپی بەدەستەوە ڕاوەستابوون چاوەڕوانی هاتنە ژورەوەی دوژمنە هێرشبەرەکان بوون.
دەمەو بەیان کە خۆر هەڵهاتو ڕەشەباکەش هێواش بووەوە هەستیان کرد هێرشی لەشکری دوژمن نەبووە بۆ سەر هەرێمەکە، بەڵام خەمو نیگەرانی زیاتر سەرو دڵی گرتن. سەرباری هەموو خەمەکانیان خەمی هێرشی دوژمنیشی هاتەسەر. هەستیان بە گەورەترین مەترسی کرد لەسەر هەرێمەکە بەگشتیو بۆ سەر ژیانی خۆیان بەتایبەتی .

مەملەکەتی مێش هەنگ بوو بە ئاوەدانترین جێگای هەرێمەکە کە هەزاران ساڵبوو بە ترسناکترین دەڤەری هەرێمەکە دادەنرا. بە هەموو شوێنکیدا خەڵك بڵاوببوونەوەو هەواری خۆیان تێدا هەڵدابوو. بەرد بەبەردی چیاکانیان ماچدەکرد، بن دارەکانیان لە گەڵاو گیای کۆنو ڕزیو بژاردەکرد. ئاوی ڕووبارەکانیان وەك شیری دایکیان پیرۆزکردبوو، دڵۆپێکیان بە فیڕۆنەدەدا. دەستیان بەو هەموو هەنگوینە وە دەگرت کە هەزاران ساڵبوو لە بە دامێنی چیاکانەوە چۆڕابوونەوە. بەرامبەر بە چیا بەرزەکان ڕادەوەستانو یادی وتەکانی زەعیم هەستیاریان دەکردەوەو بە مرۆڤێکی ڕۆحیانی پاکی سەردەمی خۆیان دادەنا کە لە ڕۆژگارە سەختو نەهامەتیەکاندا مژدەی ئەم شارە پیرۆزەی بە گوێیاندا چرپاندووە.
گرنگی چیاکان بۆ خەڵك تەنها وەك پەنایەكبوو، ئەم گرنگییەش هەمیشە لەو ئاستەدا بوو بە بێ گۆڕان. کۆبوونەوەی خەڵکێکی زۆر لە جێگایەك ڕەنگە لەگرنگی و بەهای کەمبکاتەوە ئەگەربە بەرنامەیەك ڕۆحی خەڵکەکەو گرنگی جێگاکەکە

ئاوێتەی یەکتری نەکرێن. کوڕی دایەوە هاوڕێکانی سەرقاڵی ئیشکردنبوون لەسەر بەرنامەکەی ئۆقیانوسی هێمن. خاڵە گرنگەکانی بەرنامەکە گونجاو بوو بۆ پیرۆزکردنی گرنگی چیاکان لە ڕۆحی خەڵکەکەدا کە هیوای ئایندەیەکی گەش‌و بەختەوەر لە دەرونیاندا دروستبکات. کوڕیدایەوە هاوڕێکانی دڵنیابوو کە ئەو خەڵکە کۆچکردووە ڕۆژێك دەبێت بگەڕێنەوە ناو شارو ماڵ‌و حاڵی خۆیان، بەڵام خۆیان دەیانگووت هەرگیز ناگەڕێینەوە کە شارێك وەك دایك هەست بە ئارامی و دڵنیایی بکەین لە باوەشیدا، یان تا ئەو کاتەی ئەوانە ڕیسواو شەرمەزار دەبن کە نەهامەتیەکانی سەرئێمەیان خوڵقاند و دەستبەرداری هەموو موڵکییە گشتییەکان دەبن. ئەو کاتە هەست بەبوونی شارو ماڵ‌و حاڵی خۆمان دەکەین‌و لە ڕۆژێکی نوێدا دەگەڕێینەوە.

کێشەی خەڵك‌و دەسەڵات زەوتکردنی موڵکییە گشتییکان بوو کە حاکمەکان خۆیان بە خاوەن‌و میراتگریان دانابوو، نەهامەتیەکانیش دەرئەنجامی ئەو پرۆسەیەبوو کە لەگەڵ یاسا سروشتی‌و کۆمەڵایەتیەکانی مرۆڤ‌و کۆمەڵگادا یەکینەدەگرتەوە. خەڵکیش وەك تاك‌و کۆ بوونی ڕاستەقینەی خۆیان لە گەڕانەوەی ئەو موڵکانەدا دەبینی بۆخاوەنە ئەزەلییەکەی کە کۆی گشتی خەڵکی هەرێمەکەبوو. ئەم بابەتە ناوەڕۆکی بەرنامەکەی ئۆقیانوسی هێمنیش بووکە لە هەمووسەردەمێکدا گونجاو بوو بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی خەڵك‌و دەسەڵات لەسەر موڵکە گشتییەکانی کۆمەڵگا.

مەملەکەتی مێش هەنگ وەك وڵاتێکی تەمەن هەزار ساڵە سەرقاڵ‌و قەرەباڵەغبوو. هەرکەس خەریکی کارێك بوو. بە دڵێکی فراوان‌و ڕۆحێکی دڵسۆزەوە خۆشەویستیان بۆ بەردو دارو ڕوبارو باڵندەو مێش هەنگەکان هەبوو. بە پەرۆشەوە گوێیان لەبەندو خاڵی بەرنامەکەی ئۆقیانوسی هێمن دەگرت. هەستیان دەکرد کەبوون بە خاوەنی هەموو مافە لەدەست چووەکانیان. کەس بەتەنها خاوەنی مەملەکەتی مێش هەنگ نەبوو، بەڵام هەموو کەسێکیش خۆی بەخاوەنی دەزانی. ئەم هەستە لە ڕۆحیاندا ئەو ڕوبارە ئەفسوناوییەبوو کە چەندین ساڵ بوو چاوەڕوان بوون بڕژێتە دەرونیانەوە تاکو هیوا وشکبووەکانیان سەوز بێتەوە. ژیان لەناو مەملەکەتی مێش هەنگ هێدی‌هێدی سەوزدەبوو، لەناو شارەکانی هەرێمیش ژیان کوێرببووەوە، بەتایبەتی شاری سەردەم بۆنی مەرگی لێدەهات.

ماڵەحاکمەکان هەموویان لە چەند کۆڵانێکی نزیك بەیەکتری کۆببوونەوە، ڕەنگی ترس‌و بێکەسییان گرتبوو، هانایان بۆ سێبەرە بەجێماوەکانی خەڵکی هەرێمەکە دەبرد، وێنەی سەردیوارەکانیان ماچ دەکرد و لێیاندەپاڕانەوە کە بگەڕێنەوە بۆلایان. سەتڵی ئاوهێنانیان بە بێ پرسی خاوەنەکانیان دەبردو لە کارێزە غەمگینەکان بۆ پێویستی ژەمێك ئاویان دەهێنا. کارێزەکانیش بێزاربوون، خۆزگەیان بە دوو قاچ

دەخواست کە پێی هەڵبێن، تاکولە تاوانی شکاندنی تینوێتی گەروی وشکی ئەوان بەشدار نەبن.
ماوەیەك تێپەڕی بەسەر کۆچو ڕەوی خەڵکەکە، بەڵامهیچ هەواڵێکی یەکتریان نەزانی. خەڵکی کۆچکردوی هەرێم بۆمەملەکەتی مێش هەنگ ژیانی پێشوی ژێر دەسەڵاتی حاکمەکانیان بیر چووبووەوە، بەڵام دەستەی حوکمڕانی ئاواتیان بە ڕۆژگاری ڕابردوو دەخواست، هەستیانکرد بەبێ خەڵك تواناو دەسەڵاتیان بەسەر دابینکردنی پێویستییەکانی ڕۆژانەی خۆشیاندا نییە. وەك باڵندەی بەر شەوارەکەوتو بە کۆ ڵانە خەماویەکانی شارەکەدا دەسوڕانەوەو یادگاریەکانی شاری سەردەمیان لەگەڵ ئەم شارە ئازاراویانەدا بەراورد دەکردو پەشیمانی خۆیان لەدەسستی حوکمی خۆیان دەردەبڕی. بیریان لەچارەسەرێکی گونجاو دەکردەوە. ژیان بەو شێوەیە بەڕێوەنەدەچوو، گومانیان لە هەموو کەسێك دەکرد کە هەلومەرجی ئێستای هەرێمەکە بقۆزنەوەو بە هێرشێکی ناوەخت دەست بەسەر هەرێمەکەدا بگرن. ئەگەر هەر هێرشێکی داگیرکەرانەش بە سەر هەرێمەکە بهاتایە، دەبوایە خۆیان لە هەموو کەسێك زیاتر ڕووبەڕووی دوژمن ڕابوەستنو بەرگری لە خاكودامو دەزگاکانی دەوڵەت بکەن، چونکە هەمووی ببوو بە موڵکی خۆیان. بڕیاریاندا بگەڕێن بەدوای خەڵکەکەدا و داوای لێبردونیان لێبکەن لەسەر هیواو داواکاری ئەوان درێژە بە ژیانو حوکمڕانییەکی تازەبدەن، بەڵام ئەم پیلانو بەرنامەیە لەلای خەڵك قبوڵنەبوو. بڕیارو خواستو داوای خەڵك لە دەستەی حوکمڕانی گەڕانەوەی هەموو موڵکە گشتییەکان و دەست لەکار کێشانەوەی هەموویان بوو.
میرانی ڕۆمان نوس لەمەملەکەتی مێش هەنگ سەرقاڵی نوسینی ڕۆمانەکەبوو. لەکۆتایدا ڕۆمانەکەی لەسەر واقعی ڕۆژانەی هەرێمەکە دەنوسیەوە بە هاوکاری من. هەندێك جار پرسیاری لە ئایندەو دواین ڕۆژی ڕوداوەکان دەکرد بەرەو کوێ دەچن. میران بڕیاریدا بوو ڕۆمانەکە لەمەملەکەتی مێش هەنگ تەواو بکات. ئەو ڕۆژانەی منو کوڕیدایەو هاوڕێکانیتر سەرقاڵی داڕستنی بەرنامەیەك بووین بۆ گەڕانەوەی خەڵك بەرەو شارەکانیانو دامەزراندنەوەی ژیانێکی نوێ. میران هاوبەشی گفتوگۆکانی دەکردو بە وردی ئاگاداری ڕوداوەکان بوو. لەڕوانگەی بەرنامەکانی ئێمەوە نوسینی ڕۆمانەکەی خۆی دادەڕشت تاکو بتوانێت بەشێوەیەکی ڕاستو گونجاو دیمەکان وەك خۆی بنوسێتەوە.
کوڕی دایەگووتی: ڕەنگە ئەم خەڵکە لێرە ئاسودەبن، بەڵام ژیان دووبارە دەبێت بگەڕێتەوە ناو شارەکان. ئەم کۆچو ڕەوەش گرنگییەکی مێژویی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ ئایندەی هەرێمەکە ئەگەر بە پێی بەرنامەیەك کار بکەین کە هاوتای پرەنسیپەکانی حوکمڕانیی سەردەم بێت. گرنگی ئەم کۆچەش پەیوەستە بە زەمەنێکی

دیاریکراوەوە، لەپاش سنوری زەمەنی خۆی گرنگییەکان لەدەست دەدات، ڕەنگە ئێستا هەرێمەکە دوور لە ئاگای ئێمە لەژێر مەترسی هێرشێکدا بێت بە حوکمی نەبوونی دەسەڵاتێکی حوکمڕانی، لەبەر ئەوە گەڕانەوەمان بۆ ناو شارەکان دواین ئەرکی کارەکانمانە لە مەملەکەتی مێش هەنگ. ئەوەی خواستو ئاواتی خەڵکبوو لە ئەنجامدانی ئەم کۆچو ڕەوە هاتەدی، دڵنیام ئێستا پەشیمانن لە حوکمی ڕابردوی خۆیان، لەتواناى خەڵکیش تێگەیشتوون بەبێ ئەوان تەختو تاجیان ڕۆحی تێدا نییە، بەبێ ئەوان مەملەکەت وێرانەیە. کوڕی دایە گووتی: پێمباشە چەند کەسێك بەنهێنی بچنەوەوە ناو شارەکان تاکو هەواڵی بارودۆخی دەستەی حوکمڕانی بزانرێت، هەرچەندە دڵنیام وەك کەسێکی نامۆی بێجێگاو بێماڵو بێئیرادە بەکۆڵانەکانەوە دەخولێنەوە، ئێستا ئەوان سیمای کەسێکی حوکمڕانییان پێوەنەماوە، ئێستا ئەوان ئیتر ئەو دەسەڵاتە نین کە خەڵك لەژێر فەرمانیاندا بێت.

وەستا گووتی: بەرهەمی کۆچو ڕەو پەیوەستە بە گەڕانەوەمان بۆ هەرێم، منیش دڵنیام ئێستا ئەوان هیچ مافێکیان بەسەر حوکمڕانی هەرێمەوە نەماوە، جگە لەوەی دەبێت بە خۆشحاڵیەوە چاوەڕوانی لێبووردن بکەن وەك باشترین دیاری میللەت، لەگەڵ گەڕانەوەی هەموو موڵکە گشتییەکانی کە زەوتیان کردبوو. یەکێك لەموڵك گشتییەکان دەسەڵات بوو کە هەر لە ئێستاوە بۆ کۆی گشتی خەڵکی هەرێمەکە گەڕاوەتەوەو لەدەست ئەواندا نەمابوو.

ئەو چەند کەسەی بۆ هەواڵی بارودۆخی دەستەی حوکمڕانی گەڕابوونەوە بۆ ناو هەرێم، بەنهێنی چاودێرییان ئەکردن. هەرچەندە چاوەڕوانی هەموو حاڵەتێکی نامۆیان دەکرد، بەڵام هێشتا هەر سەرسامیش بوون بە دیمەنی ئەو خەڵکەی کە ماوەیەك پێشتر دونیایەکی گەشو جوانو ڕازاوەیان بە هەناسەی ماندوی خەڵکەکە بۆ خۆیان خوڵقاندبوو. هەموویان چڵکو ڕیش هاتووبوون. بۆنی پیسی تێکەڵ بە ڕۆحی تاوانباریان ببوو مرۆڤ هێڵنجی بە دیمەنیان دەدا . وەك پشیلەی گوندێکی چۆڵو وێران هەمیشە بە کۆڵانەکانەوەبوونوسەریان بە ماڵەچۆڵەکاندا دەکردو بە پارچەیەك نانەوە دەهاتنەدەرەوە . ئەوانەی لە مەملەکەتی مێش هەنگ بۆ هەواڵی کۆنە حاکمەکانی هەرێمەکە هاتبوونەوە ، لەپەناو پاسارەکاندا بەنهێنی چاودێریان دەکردنو خۆیان لە چاوی ئەوان شاردبووەوە، بەڵام بۆنی ئەو هەنگوینەی لە ڕۆحو هەناسەیان دەهات شارەکەی پڕکردبوو تاکو ئەو ئاستەی کە هەستیان کرد لە خەڵکە کۆچکردووەکە کۆمەڵێك گەڕاونەتەوە. کوناو وکن بە شوێن بۆن هەنگوینەکەدا ڕۆشتن تاکو لە باڵەخانەیەکی بەرزی ماڵێکدا حاکم فەوزیو سەرۆکی شاری سەردەم دووکەسیان لە خەڵکە گەڕاوە کە بینی. سەرەتا حاکمفەوزییان نەناسیەوە، لەپیاوێکی چڵکنی گەڕۆکی دوور لە ئاوایی دەچوو، وشەی ڕێزو سەرۆکو حاکم لەناویاندا

بوونی نەمابوو، سەرۆکی شاریسەردەم هەر بەفەوزی ناوینەدەبرد، ئەوانیش بە ناوەکەیدا ناسیانەوە. زۆر زەلیلو کەساس بوون، وەك مندالی بەجێماو لەخێل هانایان بۆ دەبردنو باوەشیان پێدا دەکردن کە لەگەل خۆیاندا بیانبەنو لە تەنیاو چۆلی هەرێمەکە رزگاریان بکەن. ئەوانیش دەستیان بەسەردا دەهێنانو پێیان گووتن ئارام بگرن ماوەیەکی تر هەمووومان دەگەڕێینەوە.

لەمەملەکەتی مێش هەنگ دەنگوباس بلاوبووەوە کە دەبێت هەموو بگەڕێنەوە شارەکانی هەرێم. گەڕانەوەی خەلك ئاسان بوو، هەرکەس دەچووەوە سەر مالو حالی خۆی، بەلام میللەت روبەڕووی هەرێمێکی بێخاوەن دەبووەوە لەڕووی حوکمڕانییەوە کە ڕەنگە کێشەو گرفتی گەورەی لێبکەوێتەوە. دەنگی تورەی زۆر کەس دەکەوتە بەرگوێ هەر بەگەڕانەوەیان هێرش ببەن بۆ شاریسەردەم وتەختو تاجو کۆشكو تەلاری بروخێنن. هەندێك کەسیتر خۆیان ئامادەکردبوو بە نینۆك چاوی یەکەبەیەکەی دەستەی حوکمڕانی هەلبکۆلن. پیاوە چەکدارەکانی کە لە ریزی سەربازیدا بوون، قێزیان لە رابردوی خۆیان دەکردەوە، دەیانگووت" هەر کەگەڕاینەوە هەرچی جبەخانەیە دەیسوتێنین، لولەی تۆپو رەشەشاکان دەکەینە رووی خاوەنەکانیان تاکو دواین فیشەك وگوللە بەسەریاندا دەبارێنین.

مەترسییەکانی گەڕانەوەی خەلك بەبێ بەرنامەیەکی هوشیاری هێدیهێدی دەردەکەوتن. بەلام ئەو حاکمانەی کە خەلك لێیان بەقینبوون، ئێستا بە ئازارەکانی حالی خۆیان دەتلێنەوە. ئەو شارەی وەك چقل لەناو چاویاندا چەقیبوو، بە خوێنو ئێسكو ئارەقو ماندبوونی خەلکی هەرێمەکە دروستکرابوو. جبەخانەوە تۆپو هەموو پێویستییەکانی سەربازی کە بۆ پاراستنی هەرێم کەلکیان لێوەردەگیرا مولکی دەولەتو میللەت بوون. مولکی گشتیبوون.

بۆ ئارامکردنەوەی خەلكو دورخستنەوەیان لە کاری توندو تیژی لە کاتی گەڕانەوەدا ، پێویستیان بە هوشیار کردنەوەی خەلك بوو تاکو بارودۆخەکە لە هەموو رویەکەوە بپارێزن، بەجۆرێکیش خەلك فێربکەن بیر لە تۆلە سەندنەوەو کاری توندو تیژیو وێرانکاری نەکەنەوە. بۆرێگرتن لە هەموو رەفتارێك کە کاریگەری خراپی لەسەر دەولەتودامودەزگاکانیهەبێت، یاخود بارودۆخی ژیانی کۆمەلایەتی خەلکی هەرێمەکە بەرەو هەلدێر بەرێت. مژدەیان بە خەلکی هەرێمەکەدا بە مولکە گشتییەکانیان شاد دەبنەوە کە هەموو تاکێك بەتێکڕای مافەکانی خۆی دەگات لەڕێگای هەلبژاردنێکی ئازادانە بۆ دەستەی حوکمڕانی هەرێم بە خواستی خەلك خۆیان. هەر لە مەملەکەتی مێش هەنگ بڕیاردرا کە شاری سەردەم بکەن بە مەلبەندێکی زانستی، ناوەکەشیان گۆڕی بۆ شاری زانکۆ. ئەم بڕیارە لەمەملەکەتی مێش هەنگەوە بۆ شاری سەردەم بۆ خۆشەویستی دامودەزگاکان بوو لەدلی خەلکدا بە مەبەستی پاراستنی.

خەڵکی کۆچکردوی هەرێمەکەش هەستیان بە بوونی خۆیان دەکرد کە بڕیارو بۆچوونەکانیان وەردەگیرێت، بە پەرۆشەوە گوێیان لە بەندو ڕینماییەکانیان دەگرتن، کە وردە وردە دەبنەوە بە خاوەنی موڵکە گشتییەکان.
کوڕیدایەو هاوڕێکانی لە ڕۆژانی کۆتایدا سەرقاڵی بەرنامەیەکی بە پەلەی خۆ ئامادەکردنی گەڕانەوەیان بوون بۆ شارەکانی هەرێم. مانەوەی خەڵك لە ناو مەملەکەتی مێش هەنگدا ئیتر کەڵکی نەبوو جگە لە زیان بە خشین بە خەڵكو بە هەرێمەکە. ئەو بەرەبەیانەی کە هەر هەموویان ئامادەبوون بۆ گەڕانەوە، باڵندەیەك لە ناو مەملەکەتی مێش هەنگدا نەمابوو، هەر هەموویان لەگەڵ ئەو کەسانەی زەمانێك شێتی ناو شارەکان بوون لە نیوە شەوی ئەو شەوەدا مەملەکەتی مێش هەنگیان بەجێهێشتبوو. ئەم دیاردەیە خەڵکی سەرسام دەکرد، بەڵام سەرسامی لە هەرێمکی پڕ لە ڕوداوو نەهامەتیو قەدەر ئیتر مانای گەوجیو نەفامی خەڵك بوو. ئەو بەرەبەیانە کەس بە کۆچی باڵندەکان سەرسام نەبوو، هەرکەس خەریکی خۆئامادەکردنی گەڕانەوە بوو بۆ شارو ماڵو حاڵی خۆیان. بەرەبەیانییەکی پایزبوو، کزەی بایەکی سارد دەهات، بەڵام دەرونی خەڵك گەرمبوو، گەرم بە هیوای گەڕانەوەو سەرکەوتن، ڕۆحی خەڵك شاد بوو، شاد بە ژیانێکی نوێ. لەبەردەم دەروازەی مەملەکەتی مێش هەنگدا بە هەزاران خەڵك ئامادەی گەڕانەوەبوون. ، لە پێش هەر هەموویانەوە فریشتەی عاشقو مورادی عاشق ڕاوەستابوون، سەر قافڵەی ئەو کۆچە دووبارەیەبوون بەرەو زێدو شارەکانی خۆیان. کۆترەکان بەدەورو پشتەو ئاسمانی سەریانەوە ڕاوەستابوونو چاوەڕوانی ڕۆشتنبوون. کۆترەکانی فریشتە لەگەڵ باڵندەکانی تری مەملەکەتی مێش هەنگ نەگەڕابوونەوە بۆ ناو شارەکانی هەرێم. کۆمەڵ کۆمەڵ خەڵك ئامادەی گەڕانەوەبوون بۆ شارەکانی خۆیان، بۆ ئەو شارانەی سەرلەنوێ بەجۆرێکیتر بەردەوامی بە ژیان بدەن کە هەست بەبوونی خۆیان بکەن خاوەنی مافو موڵکە گشتییەکانی خۆیانن. بەزمانێکی شیرینو ڕۆحێکی پڕ لە خۆشەویستی ماڵئاواییان لە مەملەکەتی مێش هەنگو هەنگەکان کرد. مەملەکەتی مێش هەنگ بووەوە بە چیا هەزار بەهەزارەکانی جاران، هەنگەکان بە هەموو لایەکدا بڵاوببوونەوە. خۆر لەبەیانییەکی تری پایزدا لێوی گەرمی بۆ کوڵمی ساردی لوتکەی چیاکان برد، چیاکان کەمێك بە لێوی عاشقەکەیان گەرم بوونەوە، هەنگەکانیش زیاتر بە رەو لوتکە هەڵدەکشان بریسکەکە بریسکی هەنگوین وەك هەزار ساڵ لەمەو پێشی نیگای بۆ دوور دەهاویشت. کۆچی دووبارەی خەڵك بەرەو شارەکان ماوەیەك بوو وەك شەپۆلە نەرمەکانی دەریایەك لە بەریبەیاندا بەرەو کەناری ئارامی هەنگاویان بە سەرخۆڵو بەردو دارە بێنازەکاندا دەنا. شارەکان لە چاوەڕوانیدابوون کە دووبارە دەبوونەوە بە ئاشنای ئاوەدانی، مەملەکەتی مێش

هـەنگـیش بــە هـاوڕێی چۆڵـەوانــی. دوایـن کــەس مـن بـووم ، منــی ڕۆمـان نـوس ، بڕیارمدابوو ڕۆمانەکە لێرە تەواو بکەم، لە نێو دەروازەی مەملـەکـەتـی مێش هـەنگدا دەفتەرو قەڵەمەکەم لەدەستدا بوو دوا دێڕی ڕۆمانـەکـەم دەنوسیەوە. هـەموو خـەڵکـی هـەرێم بـە ڕوخسـاریگـەشو دڵێکـی فراوانـەوە لـە کـۆچێکی سـەرکـەوتـودا گـەڕانـەوە بۆسەر ماڵو حاڵو زێدی خۆیان بە ئومێدی دووبارە ژیانێکی نوێ کە هەموو کـەسێك خـۆی بــە خــاوەنــی مولّکـە گشـتییەکـان بزانێـتو ئاوێتــەی ڕۆحمـان ببێـت تـاکو بــە خۆشەویستیو وەفاو دڵسۆزی پارێزگاری لێبکەین .

تارمایی دواین کەسی ناو کۆچەکە لەبەر چاومدا ونبوو، منیش دوا وشـەی ڕۆمانـەکـەم نوسییەوەو قـەڵـەمـەکـەم کـرد بـە پـەنـا گوێمداو دەفتـەرەکـەشم داخست. ماڵئـاوایم لـە مەملەکەتی مێش هەنگو هەموو مێش هـەنگە میهرەبانـەکان کردو بـە دڵێکـی پڕ لـە هیواو ئومێدی ژیانێکی جوانو ڕەنگاو ڕەنگ بەخێرایی بە دوای خەڵکەکەدا ڕۆشتم.